ناپلیۆن

لە کتێبێکی بیۆگرافیدا

یۆگنی ڤیکتۆرۆڤیچ تارلی

وەرگێران: ڕەسوول سولتانی

ناپلیۆن

نووسین: ی. ڤ. تارلێ
وەرگێڕان بۆ فارسی: محەممەد قازی
وەرگێڕان بۆ کوردی: ڕەسوواڵ سوڵتانی (ڕاسان)
چاپخانەی ڕۆژهەڵات

بۆچی دیسان ناپلیۆن؟

رەنگە لە کتێبخانەی کوردیدا زۆر کتێبتان دیتبێ کە ناوی ناپلیۆنیان بەسەرەوەیە و هەر کام نووسەر یان لێکۆڵەر یان مێژوونووسێک نووسیونی. هیچ پێتان سەیر نەبێ کە بەپێی هەندێک سەرچاوە ناپلیۆن زیاتر لە دووسەد هەزار کتێب و نامیلکەی لەبارەوە نووسراوە. بەو پێیە، هیچ گەورە پیاوێکی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەندەی لەسەر نەنووسراوە من دەمێک بوو ئەم کتێبەم خوێندبۆوە و ئارەزووم دەکرد رۆژێک دەرفەتم بێ بیکەمە کوردی، بەشکم هۆگرانی کتێب و مێژوو سوودی لێ وەرگرن. ئەم کتێبە چەندی بۆ مێژوونووس و قوتابیانی بەشی مێژوو و هۆگرانی ئەو بوارە گرینگە، سەد هێندە پێویستە دەسەلاتدارانی کورد و پێش ئەوانیش فەرماندە سەربازییەکانی کوردستان بە وردی بیخوێننەوە. چونکە هێشتا بەشێک زۆر لەو تاکتیک و تەکنیکانەی ناپلیۆن دایهێناون کۆن نەبوون و جێی مشتومڕی پسپۆڕانی بواری سەربازین. ئەگەرچی پێم وانییە دەسەلاتداران کاتی زێڕینی خۆیان بۆ خوێندنەوەی کتێب بەفیڕۆ بدەن

وەرگێڕانی کتێبەکە:

کتێبەکە راستەوخۆ لە فەرەنسیەوە کراوەتە فارسی. بەڵام وەرگێڕەکە، گەورە وەرگێڕی کوردزمان محەمەدی قازیە. ئیتر ئەوە من نایڵێم و قسەی هەموو وەرگێڕ و نووسەرانی فارس و ئێرانە کە وەرگێڕانی قازی، جێی متمانەیە جگە لەوەی زمانێکی تۆکمە و بێوێنەی هەیە. ئەو زمانە تۆکمەیەی قازی بۆ وەرگێڕی کورد زۆر جاران کێشەخوڵقێن بووە. چونکە دەریای بێ بواری زمانی محەمەدی قازی مەلەوانی شارەزا

و بەگوڕی گەرەکە. هەرچۆنێک بێ من خۆم لێ داوە، ئیتر هەڵسەنگاندن و داوەریکردنەکەی بە ئێوەی ئازیز دەسپێرم.

چۆن دەستم پێ کرد؟

ساڵێک بوو خەریکی وەرگێڕانی کۆبەرهەمەکەی چیخۆف بووم. کاتێک لە وەرگێڕانی چوار بەرگی یەکەمی بەرهەمەکانی چیخۆف بوومەوە، کە سەرلەبەری چیرۆکەکانیەتی، کەشوهەوای چیخۆف وای داگیر کردبووم بەری نەدەدام. هەرچی کردم دەستم نەچووە بەرگی پێنجەم و پێویستم بە حەسانەوە و پشوویەک هەبوو. بەڵام وەک لە کۆنەوە گوتوویانە "دۆم بە دانیشتن ماڵی وێرانە"، پێم حەیف بوو پشوودانەکەم ببێتە کات بەفیڕۆدان و دانیشتن بە دیار فەیسبووکەوە بۆ شەڕەچەقە و خوێندنەوەی شەڕەفڕ و شەڕەجنێوی ئەندامانی حیزبەکانی رۆژهەڵات کە هەموو جارێ ئەوەندە سەرقاڵی یەکترن، داگیرکەر و دوژمنیان هەر لەبیریش نامێنێ و ئەوەی دوژمن دەبێ بە خۆماندووکردنێکی زۆر رایپەڕێنێ، ئەوان بەبێ هەق و مز بۆی جێبەجێ دەکەن. سەرتان نەیەشێنم، لەو حەیس و بەیسانەدا بووم، رۆژێک برای بەڕێز، کاک مەتین دڵۆقان بارزانی کە خۆی کەسێکی ئاشقە کتێب و خوێندەوارە، پێشنیاری کرد ئەم ناپلیۆنە بکەمە کوردی و گوتیشی خۆی هەموو ئەرکێکی چاپ و کاروبارەکانی دەگرێتە ئەستۆ. ئیتر بیانوو لەوە باشتر و پشتیوان لەوە بەهێزتر دەست نەدەکەوت. بۆیە لە 15ی 8ی 2017ـدا ناوی خوام لێ هێنا و قۆڵی هیممەتم لێ هەڵماڵی. ئەگەرچی رووداوە تاڵ و وەرەشکێنەکەی 16ی ئۆکتۆبەر ماوەی پازدە بیست رۆژێک هەنگاوی پێ شل کردم و لەو ماوەیەدا دەستم بۆ کار نەدەچوو و دواتریش بوومەلەرزە کارەساتبارەکەی کرماشان کە گیانی زیاتر لەهەزار خوشک و برای هاوزمانی منی ئەستاند دیسان دایبڕیمەوە، سەرەنجام ئەمڕۆ 23ی 11ی 2017 لەو وەرگێڕانەش بوومەوە و ئیدی دەست بە بەرگی پێنجەمی چیخۆفەکە دەکەمەوە. وەرگێڕ

1

گەنجێتیی ناپلیۆن

لە پانزەیەمی ئۆگۆستی ساڵی 1769دا لە شاری ئاژاکسیۆی هەڵکەوتوو لە دوورگەی کۆرس، خاتوو لێتیسیا بۆناپارت، ژنە نۆزدە ساڵانەکەی یەکێک لە خانەدانەکانی ئەو ویلایەتە کە پیشەکەی پارێزەری بوو، لە دەرەوەی ماڵێ کتوپڕ یەکەمین بەرەژانی منداڵبوونی پێدا هات، دەسبەجێ گەڕاوە ماڵێ و منداڵەکەی بوو. لەو دەمەدا کەسی لا نەبوو و ساواکە لە زگی دایکییەوە بەربۆوە سەر عەرزی. بەو شێوەیە منداڵێک لە خێزانی شارل بۆناپارت، پارێزەری هەژاری شارە بچکۆلانەکەی ئاژاکسیۆ زیاد بوو. شارل بۆناپارت بڕیاری دا ڕۆڵەکەی خۆی نەک بە دابونەریتی کۆرسییەکان، بەڵکو بە شێوازی فەرەنسییەکان پەروەردە بکا. وەختێک کوڕەکە تۆزێک باوخۆش بوو، باوکی توانیی بە خەرجی حوکمەت لە قوتابخانەی لەشکریی فەرەنسادا وەبەر خوێندنی بنێ. چونکە ئەو بنەماڵە خێزاندارە، خەرج و تێچووی خوێندنی کوڕەکەیانیان پێ دابین نەدەبوو.

دوورگەی کۆرس، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر ملکی جێنۆڤاییەکان بوو، ئاخری ملکداریکی خۆجێیی بە ناوی پایۆلی لێیان ڕاپەڕیبوو و ساڵی 1755 لە دوورگەکەی دەرکردبوون. ئەو ڕاپەڕینە لە ڕاستیدا خانەدانە بچووکە دێهاتییەکان و جووتیارەکان بەرپایان کرد و ئیتر ڕاوچی و شوانەوێڵەی چیایی و هەژار و دەستکورتەکانی چەند شارێکیش پشتیوانییان لێ کرد و کورتی ببڕینەوە، ڕاپەڕینی میللەتێک بوو، کە بە ئاواتەوە بوون خۆیان لەو جینۆڤاییە بێشەرمە چەوسێنەرانە ڕزگار بکەن ـ واتە دەوڵەتێکی تەواو بێگانە ـ و لە نیر و کۆت و بەندی ئابووری و ئیدارییەکەی ڕزگار بن. ڕاپەڕینەکە سەرکەوت و دوورگەی کۆرس لە ساڵی 1755ـەوە بە سەرۆکایەتیی پایۆلی وەک وڵاتێکی سەربەخۆ دەژیا. پاشماوەکانی خانەدانی پادشایەتی (پاتریارکاڵ) ـ بەتایبەتی لە نێو دوورگەکەدا ـ هێشتا بەهێز بوون. بنەماڵە مەزنەکان زوو زوو شەڕی خوێناوییان هەڵداییساند. تۆڵەکردنەوە کە زۆر باو بوو، جاری وابوو شەڕی گەلێ سامناکی لێ دەکەوتەوە.

ساڵی 1768 کۆماری جێنۆڤا، پشک و بەشی خۆی لە دوورگەی کۆرس کە لێشی هەڵوەشێنرابۆوە، بە لۆیسی پانزەیەمی پادشای فەرەنسا فرۆشت و لە بەهاری ساڵی 1769دا هێزە فەرەنسییەکان سەربازانی پایۆلییان تێک شکاند.

ئەو ڕووداوە لە مانگی مای 1769دا واتە سێ مانگ پێش لە دایکبوونی ناپلیۆن قەوما. ئیتر لەو کاتەوە دوورگەی کۆرس یەکسەر بوو بە ملکی فەرەنسا.

کەوابوو منداڵیی ناپلیۆن لە قۆناغێکدا بوو، کە حەژمەت و ئارەزووی ئەو سەربەخۆییە سیاسییەی وا لەپڕ لەکیس چووبوو هێشتا زیندوو بوو، کەچی هەندێ لە ملکدارەکان و بۆرژواکانی شاری لە دڵی خۆیاندا

دەیانگوت: ئەرێ وا باشتر نییە لەبری ئەوەی بە زۆرەملی و بێگاری بکرێنە نۆکەری فەرەنسییەکان، خۆیان بە دڵخواز و خۆبەخشانە ببنە ڕەعیەتێکی وەفاداری فەرەنسا؟ شارل بۆناپارتی باوکی ناپلیۆن یەکێک بوو لە لایەنگرەکانی فەرەنسا، بەڵام ناپلیۆنی بچکۆلانە خەفەتی پایۆلی، بەرگریکەرە دوورخراوەکەی کۆرسی دەخوارد و ڕقی لە فەرەنسییە داگیرکەرەکان بوو.

ناپلیۆن هەر لە منداڵییەوە منداڵێکی لاسار و نەحاملاو بوو. دواتر وەختێک بیرەوەرییەکانی منداڵیی خۆی بیر دەهاتنەوە، دەیگوت، بە منداڵی سەری لەبەر کەس دانەدەنواند، شەڕانی و بەدفەڕ بوو و لە کەس نەدەترسا. لە منداڵانی دەدا و دەموچاویانی دەڕنی و، هەمووان لێی دەترسان. بەتایبەتی ژۆزێفی برای لەچنگی وەئامان هاتبوو، چونکە ناپلیۆن لێی دەدا و دەیگەزت. جا هەموو جارێکیش لە ژۆزێف تووڕە دەبوون چونکە بەر لەوەی لەترسان وەهۆش خۆی بێتەوە، ناپلیۆن زووتر دەچووە لای دایکی و شکایەتی لێ دەکرد. بەو جۆرە دیسان خۆی وتەنی، گزیکەر و فێڵبازی بە قازانجی تەواو دەبوو، ئەگینا لتیسیای دایکی لەسەر ئەو شەڕانشۆییە تەمبێی دەکرد و لەو بزێوی و بەدفەڕییانەی خۆش نەدەبوو.

ناپلیۆن منداڵێکی گرژ و تووڕە بوو، دایکی خۆشی دەویست و بەو حاڵەشەوە ئەوی وەک خوشک و براکانی توندوتیژ پەروەردە کرد. خێزانەکە بە قەناعەتەوە دەژیان، بەبێ ئەوەی بکەونە زەحمەت و دەستکورتییەوە. باوکە بە ڕواڵەت کەسێکی میهرەبان و بێ ورە بوو. گەورە ڕاستەقینەکەی ماڵێ لێتیسیا بوو، کە ژنێکی شێلگیر و لێبڕاو و بە ورە و بەکار بوو و پەروەردەی منداڵەکانی گرتبووە ئەستۆ. ناپلیۆن

حەزی کارکردن و ڕێکوپێکی و دسیپلینەکەی لە دایکییەوە بە میرات بۆ مابۆوە.
هەڵکەوتەی ئەم دوورگە لە دنیا دابڕاوە، بەو خەڵکە کێوییەی کە لە شاخ و دڕووەڵانەکانیدا دەژیان و بەو شەڕ و هەرا بێبڕانەوانەی نێوان بنەماڵە گەورەکان و بەو تۆڵەئەستاندنەوە و دوژمنایەتییە شاراوە ئەستەم و شێلگیرانەوە و بە داگیرکەرە فەرەنسییەکانییەوە، وێکڕا بە توندی کاریان کردە سەر بنەمای هەستەکانی ناپلیۆنە چکۆل.
ساڵی 1779 باوکی پاش هەوڵ و تێکۆشانێکی زۆر توانیی دوو منداڵە گەورەکەی واتە ژۆزێف و ناپلیۆن بنێرێتە فەرەنسا و لە قوتابخانەی ئوتون وەبەر خوێندنیان بنێ. هەر بەهاری ئەو ساڵەش کە ناپلیۆن دە ساڵان بوو، بە بۆرس(ئیمتیاز)ێکی دەوڵەتی نێردرایە قوتابخانەی بریەنێ لە ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا.
ناپلیۆن لە بریەنێ هەر منداڵە لاسار و گۆشەگیرەکەی جاران بوو و، جا چونکە دڵناسک بوو و ڕقیشی زوو دانەدەمرکاوە، لە کەس نزیک نەدەبۆوە، کەسی بەلاوە گرینگ نەبوو، لەگەڵ کەس نەدەبووە هاوڕێ و سۆزی بۆ کەس نەبوو و سەرەڕای ئەوەی کورتەباڵا و تەمەنیشی زۆر کەم بوو، لە ڕادەبەدەر متمانەی بەخۆی بوو.
هاوتەمەنەکانی وێستیان سووکایەتیی پێ بکەن، ئازاری بدەن و گاڵتە بە زاراوە کۆرسییەکەی بکەن، بەڵام ناپلیۆنی بچکۆلانە چەند جارێک لەگژیان ڕۆچوو و لێی دان، کە دیارە ئەویش لێدانی وێدەکەوت، ئیتر تێی گەیاندن کە ئەم جۆرە شەڕانە بێ مەترسی نین. لە قوتابخانە زۆر باش دەرسی دەخوێند، وای لێ هات هەموو مێژووی یۆنان و ڕۆم فێر بوو و لە ڕادەبەدەر حەزیشی لە بیرکاری و جوگرافیا بوو.
مامۆستاکانی ئەو قوتابخانە لەشکرییە خۆجێییە، بۆخۆشیان زۆر

شارەزای ئەو زانستانە نەبوون کە دەیانگوتنەوە و ناپلیۆنی بچکۆلانە بە خوێندنەوەی کتێبی دی زانیارییەکانی خۆی دەوڵەمەند و کامڵ دەکرد. هەر لە منداڵییەوە کتێبی دەخوێندەوە و دواتریش زۆر خێرا و بەربڵاو هەر لەسەری بەردەوام بوو. هەستی نیشتمانپەروەرییەکەی هێندە خەست بوو و کۆرسی ئەوەندە خۆش دەویست، هاوڕێ فەرەنسییەکانی سەریان لێی سووڕ مابوو و لێی دەپرینگانەوە. ئەو کات بە ڕای ئەو فەرەنسییەکان هێشتا خەڵکێکی نامۆ و بێگانە و داگیرکەری دوورگەی زێدەکەی بوون. لە لایەکیشەوە ئەگەر نامەی خزم و کەسەکانی نەبوایە، هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ماڵەوەیان نەبوو و بنەماڵەکەشی ئەوەندەیان دەست نەدەڕۆیشت کە بۆ پشووی هاوینە بیبەنەوە لای خۆیان.

ساڵی 1784 لە تەمەنی پانزە ساڵیدا، سەرکەوتووانە خوێندنی قوتابخانەی تەواو کرد و نێردرایە کۆلێژی سەربازیی پاریس کە ئەوکات ئەفسەری بۆ سوپا پەروەردە دەکرد. لێژنەیەک لە مامۆستا پلە یەکەکان لەو زانکۆیەدا کۆ ببوونەوە. ئەوەندە بەسە کە بڵێین: مۆنژێ، بیرکاریزانی بەناوبانگ و لاپلاسی زانای زانستی ئەستێرەناسی یەکێک بوون لە مامۆستاکانی ئەو کۆلێژە. ناپلیۆن تاسەبارانە هەموو وانەکانی کۆلێژ فێر دەبوو و کتێبی دەخوێندەوە و لەوێ هەموو جۆرە مامۆستایەک و هەمە چەشنە کەرەستە و ئامرازێکی بۆ فێربوون لەبەر دەستدا بوو. بەڵام لە یەکەم ساڵی خوێندنیدا نەگبەتییەکی گەورە بەرۆکی گرت: لە کۆتایی ئۆکتۆبەری 1784دا چووبووە کۆلێژی سەربازی و لە مانگی فێبریوەری 1785دا باوکی بە شێرپەنجەی گەدە، یانی هەر ئەو نەخۆشییەی کە دواتر خۆیشی پێی چوو، مرد. ئیتر کەس نەبوو خێزانەکەیان بژێنێ. ژۆزێفی براگەورەشی کە گەنجێکی تەمبەڵ و دەستەوستان بوو، ئی ئەوەی نەبوو هیوات پێی بێ. قوتابییە شانزە

سالاّنەکەی کۆلێژی سەربازی ئەرکی بەخێوکردنی دایک و خوشک و براکانی گرتە ئەستۆ. پاش سالێک لە خولی کولێژی سەربازیی پاریس، لە ڕێکەوتی 30ی ئۆکتۆبەری 1785دا بە دەرەجەی ملازمی چووە نێو سوپاوە و گەیشتەوە تیپەکەی خۆی لە سەربازگەی ڤالێنسێ.
ئەفسەرە گەنجەکە لەو شارەدا بە کۆڵەمەرگی دەژیا، جا چونکە بەشی هەرە زۆری مووچەکەی بۆ دایکی دەناردەوە، هەر ئەوەندەی بەشی خۆی دەهێشتەوە کە خواردنێکی مەمرە و مەژیی پێ دابین بکا و هیچ خۆشی و ڕابواردنێکی بەخۆیەوە ڕەوا نەدەدی. لە تەنیشت ئەو ماڵەوە کە ژوورێکی لێ بە کرێ گرتبوون، کۆشکەڵەیەکی بچووکی کتێبفرۆشتن هەبوو و ناپلیۆن هەموو کاتە بەتاڵەکانی خۆی بە خوێندنەوەی ئەو کتێبانە پڕ دەکردەوە کە کتێبفرۆشەکە بە ئەمانەت پێی دەدا.
دووڕەڕێز و گۆشەگیر بوو، جگە لەوەش جلوبەرگەکانی ئەوەندە شڕ و کۆن بوون، کە حەزی نەدەکرد بۆ تاوێکیش بێ لەگەڵ خەڵکی تێکەڵ بێ. تاسەبارانە و بە حەژمەتێکی بێوێنەوە کتێبی دەخوێندەوە و کتێبەکەکانی بە لێکدانەوە و یادداشت ڕەش ڕەش دەکرد.
پێش هەموو شتێک، لە ڕادەبەدەر حەزی لە کتێبی مێژووی سەربازی و بیرکاری و جۆگرافیا و سەفەرنامە بوو. بەرهەمی فەیلەسووفەکانیشی دەخوێندەوە و لەو سەردەمەدا بوو، کە کەوتە گوڵوەچنی و یاددشتهەڵگرتنەوە لە بەرهەمی نووسەرە کلاسیکەکانی سەدەی خۆی و فەیلەسوفگەلی وەک ڤۆلتێر و ڕۆسۆ و دالامبێر و مابلێی و ڕینالّ.
ئەستەمە بڵێی یەکەم نیشانەکانی بێزاربوونی ناپلیۆن لە بیرمەندان و زاناکانی شۆڕشی بۆرژوازی و فەلسەفەکەی کە وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە زەقەکانی ناپلیۆن لەقەڵەم دەدرێ، کەی تێیدا گوورا و دەرکەوت. هەرچۆنێک بێ، ئەم ملازمە شانزە سالاّنەیە ئەو کات کە

خەریکی خوێندنەوە بوو، زۆر ڕەخنەی نەدەگرت. ئەوەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دەروونی ئەو. لە بەهاری ژیانیدا هەر کتێبێکی دەست بکەوتایە دەیخوێندەوە و تووشی هەر کەسێکی نامۆش بووایە، بەبێ ئۆقرەیی و تاسەبارییەوە هەوڵی دەدا چەندی بۆی دەلوێ و بەخێرایی ئەو شتانەی لێ فێر بێ کە هێشتا نەیدەزانین و لەوانە بوو بۆ بەهێزکردنی فکر و دەوڵەمەندکردنی دەروونی کاریگەر و بەسوود بن.

کتێبی شیعر و پەخشانی ئەدەبییشی دەخوێندەوە. وێرتێر و هەندێکی دیکە لە بەرهەمەکانی گۆتێی زۆر زۆر پێخۆش بوو. بەرهەمەکانی ڕاسین و کۆرنێ و مۆلیر و ئەو شێعرانەی بەناوی ئۆسیانی شاعیر حەماسەنووسی سکۆتلەندیی سەدەکانی نێوەڕاست دەخوێندەوە کە ئەو کات هەرایەکی دروست کردبوو و لە ڕاستیشدا هەر کۆمەڵە خەیاڵێکی ئەدەبی بوون و هیچی دی. کە لە خوێندنەوەی ئەم شتانە دەبووەوە، دەچووە سەر خوێندنەوەی نامیلکەکانی بیرکاری و ئەو کتێبانەی پێوەندییان بە تەکنیک و هونەرەکانی سەربازی بەتایبەتی تۆپخانەوە هەبوو.

لە سێپتەمبەری 1786دا داوای پشوویەکی درێژخایەنی کرد و چۆوە شاری ئاژاکسیۆ، بۆ ئەوەی تۆزێک بە ژیان و حاڵ و باڵی خێزانەکەیان ڕابگا. باوکی پاش مردنی، ملکێکی بچکۆلانە و هەندێ کاری ئاڵۆز و ناڕێکی بەمیرات بۆ بەجێ هێشتبوون. ناپلیۆن شێلگیرانە و سەرکەوتووانە هەموو ئەو کاروبارەی ڕێک خست. لەگەڵ ئەوەشدا پشووەکەی خۆی هەتا نێوەڕاستی ساڵی 1788 بەبێ مووچە درێژ کردەوە. دیارە بەرهەمی چالاکییەکانی ئەو بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری ماڵەوەیان هەموو ئەو شتانەی قەرەبوو کردەوە.

وەختێک لە مانگی جوونی 1788دا گەڕاوە فەرەنسا، زۆر زوو بە تیپەکەیەوە نێردرایە لەشکرگەی ئۆکسۆننێ و لەوێ ئەمجارە ژووری بەکرێ نەگرت، بەڵکوو هەر لە نێو سەربازگەکەدا مایەوە و دیسان هەر بەو تاسە و ئارەزووەی جارانەوە هەرشتێکی دەست بکەوتایە بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی باسی تەکنیک و تاکتیکە سەربازییەکان بوون و پسپۆڕانی سەدەی هەژدەیەم حەزیان زۆر لەو شتانە بوو، دەیخوێندنەوە. جارێکیان لەو شوێنەی کە ناچار بوو لێی بمێنێتەوە، کۆنە گۆڤارێکی دەست کەوت کە کۆمەڵە یاساکانی ژۆستینینی تێدا بوو. ئەو نەک ئەو کۆمەڵە یاسایەی ورد ورد خوێندەوە بەڵکوو 15 ساڵ دواتر، لە کاتی نووسینەوەی یاسا مەدەنییەکاندا، هەمووانی تاساند وەختێک دێژێستێی(ئەو کۆمەڵە یاسایەی بە فەرمانی ژۆستینین، ئیمپراتۆری ڕۆمی خۆرهەڵات نووسرابوون)، لەبەر خوێندەوە. ناپلیۆن یادگە و مێشکێکی بێوێنەی هەبوو.

بەهرە و توانای ئەو بۆ چالاکیی قورسی هزری و بیرکردنەوەی بەردەوام، هەر لەو سەردەمەدا دەپشکووتن. ئەو زۆرجاران دەیگوت، ئەگەر خەڵک پێم دەڵێن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەموو ڕووداوێک لەسەرپێ و ئامادە بووم، لەبەر ئەوە بووە، کە بەر لە ئەنجامی هەر کارێک، ماوەیەکی زۆر بیرم لێ کردووەتەوە و هەموو ئەو شت و لایەنانەم پشێبینی کردووە کە ئەگەری ڕووداندیان هەبووە. لەو بوارانەدا کە بە ڕای خەڵک چاوەڕوانەکراو دیار بوون، ئەوە بلیمەتی و پیتۆڵی نەبوو کە لەناکاو ئیلهامی پێ دەبەخشی چ بڵێ و چ بکا، بەڵکوو لەو سۆنگەیەوە بوو، کە چونکە بەردەوام بیری دەکردەوە، هەمیشە زەینی ئامادە بوو و شتەکانی ورد دەقۆزتەوە. دیسان دەیگوت: "من لە شانۆ، لەسەر سفرەی شیوخواردن و تەنانەت لە جێوبانیشدا هەر کار دەکەم..."

هەر جارێکی باسی پیتۆڵی(نبوغ) و بلیمەتییەکەی دەکرا، تەوس و توانجێک دەکەوتە قسەکانییەوە و شێلگیرتر لە جاران لەسەر کارکردنی خۆی پێی دادەگرتەوە. ئەوەندە بە توانای لەڕادەبەدەری خۆی لەکارکردندا دەنازی، ئەوەندەی شانازیی بە هیچ کام لەو نیعمەتانەوە نەدەکرد کە سروشت پێی بەخشیبوو.
لە ئۆسۆن دەست دەداتە قەڵەم و نامیلکەیەک لەبارەی بالیستیک (هاویشتنی گوللەی تۆپ)ـەوە دەنووسێ. لەو دەمەدایە کە تۆپخانە تەواو دەبێتە پسپۆڕی و کاری ئەو. لە نێو ئەو کاغەزانەیدا کە ماونەتەوە و ئی ئەو سەردەمەن، چەند نووسینێکی ئەدەبی و کۆمەڵێک یادداشت لەبارەی بابەتگەلی فەلسەفی و سیاسی و شتی دیکەوە دۆزراوەتەوە. دەبینین زۆربەی کات هزر و بۆچوونی ئەو تا ڕادەیەک ڕەنگ و بۆی لیبڕالیزم "ئازادیخوازانە"ی بەخۆوە گرتووە و جاروبارەش ڕاستەوخۆ هەندێ لە بۆچوون و هزرەکانی ڕۆسۆ دەخاتەوە ڕوو. ئەگەرچی ناتوانین بە گشتی بە یەکێک لە شوێنکەوتووانی ڕێبازی "پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان" ناوی بێنین. لەو سالانەدا، هێڵێکی زەق لە تایبەتمەندییە دەروونییەکانی ناپلیۆندا بەدی دەکرد، ئەویش زاڵبوونی بەتەواو مانای ئەقڵ و ویستی ئەوە بەسەر حەز و ئارەزووەکانیدا. هەرگیز تێرتێری زگی نان ناخوات، خۆی لە خەڵک و ژنان دەدزێتەوە. خۆی لە هەر چەشنە خۆشڕابواردنێک دەبوێرێ، ماندووبینەناسانە کار دەکا و هەموو ئەو کاتانەی بێ ئیشە بۆ خوێندنەوەی کتێب تەرخان دەکا. ئاخۆ ئەو تەواو ملی بۆ چارەنووس و قسمەت و نسیبی خۆی وەک ئەفسەرێکی هەژاری نەوەی نەجیبزادە هەژارەکانی کۆرس ڕاکێشاوە، کە هەڤاڵە دەوڵەمەند و باڵادەستە خانەدان سیفەتەکانی بەردەوام بە چاوی ژێردەستەیەک لێیان دەڕوانی؟

بەر لەوەی دەرفەتی بۆ بڕەخسێ وەڵامێکی ڕوونی ئەم پرسیارە بداتەوە یان هەندێ گەڵاڵە بۆ داهاتووی دابڕێژێ، ئەو دیمەنەی ئەو لەسەری خەریک بوو خۆی ئامادە دەکرد، لەرزی و ئاخرییەکەی تێک شکا: شۆڕشەکەی فەرەنسا هەڵگیرسا.

2

ئەو هەمووە خاوەن کەشکۆڵ و مێژوونووسەی سەربردەی ناپلیۆنیان نووسیوەتەوە، پێداگرانە دەڵێن، ناپلیۆن ئەقڵ و ئاوەزێکی سەروومرۆڤ و کەرامەتێکی پەیامبەرانە و ئیمانێکی پتەوی هەبووە کە ئەستێرەی بەختی هەڵاتووە. بەو شێوەیە دەیانەوێ بڵێن ئەم ملازمە بیست ساڵانەی تۆپخانە لە تیپی ئۆسۆندا، پێشتر بەدڵیدا هاتووە کە شۆڕشە هەوساڕپچڕاوەکەی 1789 کاریگەرییەکی قوولّی لەسەر بارودۆخی شەخسیی ئەو دەبێ.
لە ڕاستیدا هەموو ڕەوت و ڕووداوەکان، زۆر سادەتر و ئاساییتر لەوە ڕوویان دا. چونکە ناپلیۆن لەبەر پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، هیچ دەسکەوتێکی لە سەرکەوتنی بۆرژوازی بەسەر ڕژیمێکی فیۆدالی و تاکبڕیار(سەرەڕۆ)دا نەبوو، مەگەر سوودێکی شەخسی. لە دوورگەی کۆرس، نەجیبزادەکان (بەتایبەتی نەجیبزادە وردەمالیکەکان)، تەنانەت لەسەردەمی دەسەڵاتداریّتیی جێنۆڤاشدا، ماف و ئیمتیازەکانیان هەرگیز ئەوەندە نەبوو، کە بەلای نەجیبزادە فەرەنسییەکانەوە گرینگ بێ. ئەو نەجیبزادەیەی خەڵکی دوورگەیەکی کێویی ئیتالیایی کە تازە فەرەنسییەکان داگیریان کردبوو، هەرگیز نەیدەتوانی هیوادار و بەتەمای ئەوە بێ لە سوپادا سەرکەوتنی درەوشاوە و خێرای پێ ببڕێ. شۆڕشی 1789 لە ڕوانگەی ئەوەوە تاقە لایەنێکی باشی هەیبوو، هەر ئەوە بوو

که ئیتر لەمەودوا تەنیا بەهرە و توانایی کەسی، دەیتوانی ببێتە هاندەر و هانەی سەرکەوتن لە پەیژە کۆمەڵایەتییەکان و بۆناپارتی ئەفسەری تۆپخانەش بۆ هاتنە نێو گۆڕەپانەکە، لەوە زیاتر پێویستیی بە هیچ شتێک نەبوو.

زەینی ئەو بەلای کۆمەڵێک بابەتدا چوو، کە دەبوو بە کردەوە بکرێن. باشترین سوودێک کە ئەو دەیتوانی لە شۆڕشی وەرگرێ، چ بوو؟ لەبارترین هەلومەرج و دەرفەتەکانی ئەو سوودوەرگرتنە لە کوێ بوون؟ ئەم پرسیارە دوو وەڵامی هەبوو: یەکەم لە دوورگەی کۆرس، دووەم لە فەرەنسا. بە هیچ شێوەیەک دروست نییە بڵێین بە زێدەبێژییەوە باسی تەوژم و کەفوکوڵی لەڕادەبەدەری هەستی نیشتمانپەروەریی ئەو لەم قۆناغەدا بکەین. ملازم بۆناپارت، ساڵی 1789 ئیتر ئەو بێچووە گورگە دە ساڵانەیە نەبوو کە لە حەوشەی قوتابخانەی بێریننێ، وەختێک هاواڵەکانی گاڵتەیان بە زاراوە کۆرسییەکەی دەکرد، دەیکردە شەڕ. ئەو ئێستا دەیزانی فەرەنسا چییە و کۆرس کوێیە، دەیتوانی پانتایی و گەورەیی ئەو دوو شوێنە پێک بگرێ و هەڵیانسەنگێنێ و دیارە باشیش دەیزانی کە هەر ماقوڵ نییە ئەو دوو وڵاتە وەک یەک سەیر بکەی.

بەڵام مەسەلە ئەوە بوو کە تەنانەت لە ساڵی 1789ـشدا ناپلیۆن هێشا هیوای ئەوەی لەدڵدا نەبوو، کە ئەو کارەی لە کۆرس دەستی دەکەوێ، بتوانێ لە فەرەنساش کە تازە شۆڕشەکە تێیدا بەرپا ببوو و بارودۆخەکەش بۆ وی زۆر لەبار نەبوو، وەها کارێک پەیدا بکا. دوو مانگ و نیو پاش گرتنی باستیل، ناپلیۆن داوای پشوویەکی کرد و چۆوە کۆرس.

یەکێک لەو دەگمەن کارە ئەدەبییانەی ناپلیۆن کردی، لە ساڵی 1789ـدا بوو، کە توانیی نامیلکەیەک لەبارەی مێژووی دوورگەی کۆرسەوە

بنووسێ و دەستخەتەکەشی دا بە ڕینارْ تا ڕای خۆی لەسەر بڵێ و بە دەستخۆشانە و پەسنی ئەو نووسەرە کە ئەوکات ڕوخساریکی نیشتمانیی هەبوو، دڵی شاد بوو. هەر بابەتی ئەم نامیلکەیە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە بەسە، کە ناپلیۆن تەنانەت پێش ئەوەی لە دوورگەی زێدەکەیدا بتوانێ بیتە نێو چالاکییە سیاسییەکانیشەوە، ئەویی زۆر خۆش ویستووە. کاتێک گەڕانەوە نێو کوانووی خێزانەکەیان واتە لای دایکی، دەسبەجێ گوتی من لایەنگری پایۆلیم، کە لە دوورخرانەوەیەکی درێژخایەنەوە گەڕابۆوە، بەڵام پایۆلی بە ساردوسڕییەوە پێشوازی لە ملازمە گەنجەکە کرد و زۆری نەبرد ڕوون بۆوە کە ڕێگەیان لێک جوێیە. پایۆلی هەر بەو ئاواتەوە بوو کە سەرانسەری دوورگەکە لە نیر و کۆت و بەندی فەرەنسییەکان ڕزگار بکا، کەچی بە ڕای بۆناپارت، شۆڕش ڕێگەی تازەی بۆ پێشکەوتنی دوورگەی کۆرس و لەوانەیە بۆ پێشکەوتنی خۆیشی کە مەسەلەیەکی بنەڕەتیتر بوو، دەکردەوە.

ناپلیۆن پاش چەند مانگ مانەوەی بێ ئاکام لە کۆرس، گەڕایەوە تیپەکەی خۆی لە فەرەنسا و لۆییسی برا چکۆلەیشی لەگەڵ خۆی هێنا بۆ ئەوەی تۆزێک باری سەرشانی دایکی سووک بکا. دوو براکە، لە ڤالانس کە دیسان تیپەکەی ناپلیۆن بەڕێی سەربازگەکەی ئەوێ کرابوو، گیرسانەوە. لەوەودوا ملازم بۆناپارت دەبوو بەو مووچە کەمەوە، براکەشی بەخێو بکا و خەرجی خوێندنەکەشی دابین بکا. جاروبار ناچار دەبوون نیوەڕۆیان تەنیا پارووێەک نانی وشک بخۆن. ناپلیۆن هەروا شێلگیرانە لەسەر خزمەتەکەی خۆی بوو و، بەوپەڕی حەز و هۆگرییەوە بەرهەمە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی کتێبەکانی میژووی لەشکر و سەربازیی دەخوێندەوە.

لە سێپتەمبەری 1791دا ناپلیۆن دیسان لە کۆرس ـ کە توانیبووی خۆی بۆ ئەوێ ڕاگوێزێ ـ دەبینرێ. ئەمجارە تەواو پێوەندیی خۆی لەگەڵ پایۆلی دەپسێنێ. چونکە ئەو کابرایە بە ئاشکرا هەوڵی دەدا دوورگەی کۆرس لە فەرەنسا جیا بکاتەوە و، ناپلیۆنیش بەهیچ شێوەیەک ئەوەی نەدەویست. کاتێک لە ئەپریلی 1791دا کێشە کەوتە نێوان نوێنەرانی سەرکردە شۆڕشگێڕەکان و قەشە دژەشۆڕشگێڕەکان کە لە دڵدا لایەنگری پایۆلیی جودابیخواز بوون، بۆناپارت تەنانەت تەقەی لەو جەماوەرە ڕاپەڕیوەش کرد کە پەلاماری سەربازەکانی ئەویان دابوو. ئیتر چونکە بەبێ فەرمانوەرگرتن لە سەرووی خۆیەوە قەڵایەکی گرتبوو، بەرپرسەکان لێی کەوتنە گومان و دیسان گوێزرایەوە بۆ فەرەنسا و دەبوایە دەسبەجێ بچێ خۆی بە وەزارەتی جەنگ بناسێنێ و هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی خۆی لە کۆرس ـ ئەگەر تۆزێکیش گومانخوڵقێن بووبێتن ـ بۆ ئەوان ڕوون بکاتەوە. کاتێک لە کۆتایی مانگی مای ساڵی 1792دا گەیشتە پایتەخت، بەسەر کۆمەڵێک ڕووداوی پڕ لە هەرای شۆڕشگێڕیی ئەو ساڵەدا کەوت.

ئێمە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرمان زۆرن کە لە ڕووی ئەوانەوە دەتوانین بڵێی ئەو ئەفسەرە 23 ساڵانە لە دوو ڕووداوە زۆر گرینگەکەی ئەو مانگانەدا بۆچی ئاوا هەڵسوکەوتی کرد: یەکێکیان پەلاماری جەماوەر بوو بۆ سەر کۆشکی تۆیلەری لە بیستەمی جوون و ئەوی دیکەش تێکەوەپێچان و ڕووخاندنی تەخت و بەختی دەسەڵاتە سەرەڕۆیەکە لە دەیەمی ئۆگۆستی 1792دا. ئەو بەبێ ئەوەی لەو دوو ڕووداوەدا تەنیا وەک شایەتحاڵێکی بێلایەن و ڕێبواریک بەشدار بێ، هەر دوو جارەکە هەلی بۆ ڕەخسا بیروباوەڕی خۆی لە نێو کۆمەڵێک خەڵکی ڕازپارێزدا کە دەیتوانی بە ئازادی هەست و بۆچوونی ڕاستەقینەی خۆی دەربڕێ

و جڵەوی وارسکە و غەریزەکانی شل بکا، دەربڕێ. جا قسەکانی ئەو لەوپەڕی ڕوونی و بێ پێچوپەنایی دان و هیچ شک و گومانێک ناهێڵنەوە. ئەو ڕۆژی بیستەمی مانگی جوون، لەو کاتەدا کە لەگەڵ بۆرینێ بە کۆڵانداندا دەگەڕا، کە چاوی بەو جەماوەرە کەوت وا بەرەو کۆشکی پادشا دەجمین، بە هاوڕێکەی خۆی گوت: "وەرە با بە شوێن ئەم هەرچی و پەرچی و شەلاتیانەدا بڕۆین." کاتێک لۆیسی شانزەیەم، کە لەو خۆپێشاندانە پڕ هەڕەشەیە تۆقیبوو، بە شەوکڵاوە سوورەکەیەوە هاتە بەر هەیوانی کۆشکەکەی بۆ ئەوەی سڵاویان لێ بکا، ناپلیۆن بە ڕاوێژێکی پڕ لە سووکایەتیەیوە گوتی: "پەکوو لەو بێغیرەتە. باشە چۆن هێشتوویەتی ئەم لات و بەڕەڵایانە بێنە نێو کۆشکەوە. دەبوایە چوارسەد پێنسەد کەسێکیان بە تۆپ لێ ڕامااڵێ، جا ئەو کات ئەوانی دی هەموو تێیان دەقووچاند." هەڵبەت من ئەو جنێوەی ناپلیۆنم نەرمتر کردووەتەوە کە بە لۆیسی شانزەیەمی دا، چونکە قسەکەی ئەو شیاوی چاپکردن نەبوو. ڕۆژی دەی ئۆگۆست، ڕۆژی هێرشبردنە سەر کۆشکی تیلری و ڕووخانی لۆیسی شانزیەم دیسان ناپلیۆن لە کۆڵانەکاندا دەردەکەوێتەوە و دیسان ئەو جنێوە بە پادشا دەداتەوە و پەالماردەرەکانیش بە "چەپەڵترین شەلاتی" ناو دەبا.
دیارە نە بۆناپارت کە ڕۆژی دەی ئۆگۆستی 1792 لە نێو جەماوەرەکە و پەالماردەرانی کۆشکی تۆیلری دابوو دەیتوانی مەزەندەی ئەوە بکا کە بەو کارە تەخت و تاجی پادشایەتیی فەرەنسا ـ کە لەو دەمەدا لۆیسی شانزەیەمیان لێ دێنایە خوارێ ـ بە سوودی ئەو ئازاد دەبێ و نە ئەو جەماوەرەش کە لە دەوروبەری بوون و بە قریوەی خۆشی بە پێشوازی لەدایکبوونی کۆمارییەوە دەچوون دەیانتوانی سۆسەی ئەوە بکەن کە ئەم ئەفسەرە گەنجە کورتەبنە ڕەقەڵە ناشیرینە نەناسراوە بەو

کۆنە چاکەتە فەرمی و کاڵەوەبووەیەوە ڕۆژێک دێ کۆمارەکە دەخنکێنێ و خۆی دەبێتە ئیمپڕاتۆرێکی بێجڵەو.
بەڵام ئەم وارسکە(غەریزە)یەی ناپلیۆن شیاوی لێوردبوونەوەیە کە هەر لە ئێستاوە قایلی دەکا، کە تۆپ باشترین ئامرازە بۆ وەڵامدانەوەی سەربزێوی و سەرچڵیی ڕەشایی.
ناپلیۆن جارێکی دیکەش بۆ ژیان چۆوە دوورگەی کۆرس و ئەو ڕۆژە گەیشتەوە دوورگەکە، کە پایۆلیی جودابیخواز خۆی ڕادەستی ئینگلیزەکان کردبوو. پاش ئەوەی کۆمەڵێک گێچەڵ و گۆنگەڵ و مەترسیی تووش بوو، تۆزێک پێش ئەوەی ئینگلیزەکان بتوانن دوورگەکە داگیر بکەن، توانیی لەوێ ڕا بکا و دایکی و ئەندامانی دیکەی بنەماڵەکەشی لەگەڵ خۆی بێنێ. ئەو ڕووداوە لە جوونی 1793دا قەوما. هێشتا خێزانەکەی بۆناپارت لە کۆرس ڕایان نەکردبوو، کە ماڵەکەیان بە دەستی جودابیخوازانی لایەنگری پایۆلی تاڵان کرا.
ئەوجار سااڵنی کوێرەوەری و تاڵی بەسەردا هاتن: ئەو بنەماڵە خێزاندارە هەژار کەوتبۆوە و دارونەداری لەکیس چووبوو و، ملازمی گەنج ـ ناپلیۆن کە لەمێژ نەبوو دەرەجەی ملازمیی پێ درابوو ـ خەرجی دایکی و حەوت برا و خوشکەکەیانی گرتبووە ئەستۆ. ئەو بە موچەیەکی مەمرەومەژی لە پێشدا لە شاری تۆلۆن و دواتر لە مارسی ئەوانەی ئاکنجی کرد. ژیانیان مانگ بە مانگ ئەستەمتر و هەژارانەتر دەگوزەرا و لە هیچ لایەکەوە ڕۆچنەی هیوایەک بەدی نەدەکرا، هەتا لەناکاو وەزعی خزمەت، بە شێوەیەکی زۆر چاوەڕوانەکراو گۆڕدرا: لە باشووری فەرەنسا ڕاپەڕینێکی دژی شۆڕشگێڕی بەرپا ببوو. شاپەرستەکانی تۆلۆن لە سااڵی 1793دا کاربەدەستانی دەوڵەتە شۆڕشگێڕەکەیان دەرکردبوو یان کوشتبوویانن و داوای یارمەتیشیان

لەو کەرەستە جەنگیانەی ئینگلیز کردبوو کە لە باکووری ڕۆژئاوای دەریای سپیی نێوەڕاستدا دەگەڕان. سوپای شۆڕشگێڕ، تۆڵۆنی لە ڕێگەی وشکانییەوە گەمارۆ دا.
گەمارۆیەکە زۆر بە شێنەیی و بەبێ هیچ ئاکامێک بە سەرکردایەتیی کەسێک بەناوی کارتیۆکس بەردەوام بوو. کۆمیسێری سەربازیی هێزەکانی شۆڕش، کە ڕاپەڕینی شاپەرستەکانی لە باشوور سەرکوت کردبوو، یەکێک لە ئاشناکانی بۆناپارت و خەڵکی کۆرس بوو و ناوی سالیچێتی بوو، هەر ئەویش بوو کە لە کۆرس وێڕای ناپلیۆن بەرەنگاری پایۆلی ببۆوە. بۆناپارت لە لەشکرگەکەی بەرانبەر تۆڵۆن چاوی بە هاونیشتمانییەکەی کەوت و تاقە ڕێگەی گرتنی شارەکە و دوورخستنەوەی ئامراز و کەرەستەکانی ئینگلیزی بۆ ڕوون کردەوە. سالیچتی، ملازمە گەنجەکەی کردە جێگری فەرماندەی تۆپخانەی هێزی گەمارۆدەر.
ئەو هێرشەی لە یەکەم ڕۆژەکانی نۆڤەمبەردا کرا، تێک شکێنرا، چونکە دۆننێت کە ئەو ڕۆژە فەرماندەی هێرشەکەی پێ ئەسپێردرابوو، بەپێچەوانەی ویست و حەزی بۆناپارت لە ساتە هەرە هەستیارەکەدا فەرمانی پاشەکشێی دا. بۆناپارت دڵنیا بوو ئەگەر ئەم هەڵە زەقە نەکرابایە، سەرکەوتنی فەرەنسییەکان مسۆگەر بوو. ئەو خۆی لە پێشەوەی تابوورەکە بریندار بوو. پاش بەرهەڵستییەکی زۆر و خۆبواردن و خۆگنخاندنی بەرپرسە باڵاکان، کە متمانەیەکی ئەوتۆیان بەو ئەفسەرە گەنجە نەبوو، چونکە کتوپڕ لە نێو لەشکرەکەیان قوت ببۆوە، ئاخری، دۆگۆممیر، فەرماندە تازەکە ڕێگەی دا نەخشەکەی خۆی جێبەجێ بکا. بۆناپارت پاش دابەستنی تۆپەکانی خۆی بەو شێوازەی دەمێک بوو بیری لێ کردبۆوە و پاش تۆپبارانێکی سامناک و

خستنەمەترسیی گیانی خۆی، گردی ئیگیولێتێی گرت کە بەسەر کەنداوەکەدا زاڵ بوو و، ئینجا ئاگری لەسەر پشتی ئینگلیزەکان کردەوە. پاش دوو ڕۆژ تۆپبارانێکی خەست، کۆماریخوازەکان کە 7000 کەس بوون، لە ڕۆژی حەڤدەیەمی دیسەمبەردا، پەلاماری قەڵا و سەنگەرەکانی شاریان دا و پاش شەڕێکی خوێناوی پاشەکشەیان پێ کرا، بەڵام بۆناپارت بە تابووریێکی یەدەکەوە فریایان کەوت و ئەم پشتیوانییە سەرکەوتنەکەیانی مسۆگەر کرد. بۆ سبەینێ، شاپەرستەکان پۆل پۆل فیزمالێکیان دایە و لە شار ڕایان کرد و ئینگلیزەکان لە پاپۆڕەکانیاندا دالّدەیان دان. تۆلۆن کەوتە دەست پاڵەوانی سەرکەوتوو. لەشکری کۆماری هاتە نێو شار و ئامراز و داموودەزگاکانی ئینگلیز تواناییان ڕا بکەن و بچنە نێوەندی دەریا.

لە سۆنگەی ئەو سەرکەوتنە درەوشاوەیەوە، ژەنەراڵ دۆتیل ڕاپۆرتێکی نارد وەزارەتی جەنگ لە پاریس و تێیدا باسی ئەوەی کرد کە زمانی بە پەسنی لێهاتوویی و بەهرەی بۆناپارت کۆڵ و کۆڵەوارە. ئەو وێڕای ئاماژە بەو خاڵە، کە ئەو ئەفسەرە گەنجە هێندەی زیرەکی و وشیاریییەکەی، خاوەنی زانستیشە و کەسایەتییەکەیشی لە تاریف نایە، گوتی: "ئەم کورتە پەسنە، لە ئەفسەرێک کە بەدەگمەن لە وێنەی پەیدا دەبێ، یەک بە هەزاریش نییە". ئینجا پێداگرانە بە وەزیری جەنگی گوت، لە پێناو بەرژەوەندیی کۆماریدا بۆناپارت بپارێزێ. لە لەشکرەکەی تۆلۆندا، ئەو ڕۆڵە مەزنەی ناپلیۆن گێڕای، هەر لە دامەزراندنی تۆپەکانەوە تا لێوەشاوەیی لە بەڕێوەبردنی گەمارۆ و تەقەکردنی تۆپخانەدا و ئینجا هێرشکردن لە دەموساتە هەستیارەکەدا، ئەو شتانە لەبەر چاوی هەمووان ڕوون و دیار بوون.

ئەم لێوەشاوەییە سەربازییەی کە یەکەم شەڕی ناپلیۆن بوو و سەرکەوتنی لێ بەرهەم هاتبوو، لە 17ی دیسەمبەری 1793دا ڕووی دا. لە گرتنی تۆلۆنەوە تا 18ی جوونی 1815 یانی ئەو ڕۆژەی کە ئیمپراتۆری بەزیو لە گۆڕەپانە پڕ لە تەرمەکەی واتێرلۆ دوور خرایەوە، ئەم پیشە جەنگییە درێژخایەن و خوێناوییە بیست و دوو ساڵی بێ بڕانەوە بەردەوام بوو و لە سەرانسەری جەنگەکانی ڕزگاریی نیشتمانیدا لە ئەوروپا دەخوێنرایەوە و وانەکانی ئەو هونەری جەنگە تا ئێستاش بەشێکە لە بەرنامەی خوێندنی بنەمایی لەو بوارەدا.

ناپلیۆن لە ژیانی خۆیدا شێست جەنگی گەورە و بچووکی کرد. زۆر زیاتر لە کۆی ئەو جەنگانەی ئەسکەندەری ماکدۆنی و ئانیپاڵ و قەیسەر و سۆفڕووف کردوویانە و لەو جەنگانەشدا خەڵکێکی زۆر زیاتر لە هێزەکانی سەردارەکانی پێش خۆی بەشدار بوون.

بەڵام وێڕای ئەو جەنگە گەورانەی پسپۆڕیی جەنگیی ناپلیۆنیان دەرخستووە، گرتنی تۆلۆن ئەگەرچی هەندێ کەمبایەخیش بووبێ، بەڵام لە حەماسەی ناپلیۆنیدا هەمیشە پێگە و شوێنێکی تایبەتی دەبێ. ئەو سەرکەوتنە بۆ یەکەم جار سەرنجی هەمووانی بۆ لای ئەو ڕاکێشا و یەکەم جار لە پاریس هەستیان بە بوونی کرد. کۆمیتەی ڕزگاریی نیشتمانی لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوو لەوەی کە خیانەتکارانی تۆلۆن سەرکوت کرابوون و ئینگلیزەکانیش لە کەنارەکان دەرپەڕێنرابوون.

سووڕی ڕووداوەکان مزگێنیی ئەوەی دەدا، کە ئیتر شاپەرستە دژی شۆڕشگێڕەکان لە سەرانسەری باشوور بە خێرایی تێکەوە دەپێچرێن. تۆلۆن بە قەڵایەکی لەشکاننەهاتووی ئەوتۆ دادەنرا، کە زۆر کەس نە ئامادە بوون بڕوا بە هەواڵی گیران و کەوتنەکەی بکەن، نە ئەوەش قبووڵ بکەن کە غەوارەیەک بەناوی بۆناپارت توانیوێتی ئەو سەرکەوتنە

دەستەبەر بکا. لە بەخت و شانسی سەرکەوتوو، کەسێک لە لەشکری گەمارۆدەرەکاندا هەبوو کە لە سالیچتی زۆر دەسترۆیشتووتر بوو. ئەو کەسەش ئۆگوستین ڕۆبسپیری برا گچکەی ماکزیمیلیەن [1] بوو، کە لە گرتنی شارەکەدا بەشدار ببوو و ڕاپۆرتی ڕووداوەکەی ناردبۆوە بۆ پاریس. ئاکامی ڕاپۆرتەکە دەمودەست بوو.

بە پێی بڕیاری ڕێکەوتی 14ی جانیوەری 1794 ناپلیۆن بۆناپارت پلەی فەرماندەیی تیپ(سەرتیپ)ی پێ بەخشرا. لەو دەمەدا ئەو تەمەنی بیست و چوار ساڵان بوو. هەنگاوی یەکەم بەرەو پێشەوە نرابوو.

3

گرتنی تۆلۆن بە دەستی بۆناپارت لە سەردەمێکدا بوو، کە تاقمی مۆنتانیار(باڵی چەپی کۆنڤانسیۆن) تەواو دەستیان بەسەر کۆڕی کۆنڤانسیۆندا گرتبوو، کاتێک بوو کە یانەی ژاکۆبنەکان لە پاریس و شارەکاندا زۆر بەدەسەڵات بوون و دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕی بێجڵەویش لە شەڕی دوژمنە دەرەکی و خیانەتکارە نێوخۆییەکان و خەبات دژی ڕاپەڕینی شاپەرستەکان و ژیرۆندنەکان و قەشە سەربزێو و نافەرمانەکاندا سەرکەوتوو بوو.

لەو شەڕە تونده نێوخۆییەدا، ناپلیۆن بۆناپارت ناچار بوو چاوی خۆی بکاتەوە و لە نێوان کۆماری و پادشایەتیی سەرەڕۆدا کە یەکەمیان

---

[1] ماکزیمیلیەن ڕۆبسپیر، شۆڕشگێڕە بەناوبانگەکەی فەڕەنسا، پارێزەر و ئەندامی کۆنڤانسیۆن بوو، کە بە دەستی کۆمیتەی ڕزگاریی نیشتمانی ترس و تۆقاندنی کردە باو و، خەنیمەکانی یەک بە یەک لە مەیدانەکە دەرپەڕاند. ئەو لەلای خەڵکی پاریس ناوبانگی وا ڕۆیشتبوو کە گەندەڵی کاری تێناکا. لە نۆیەمی ترمیدۆر ساڵی دووەم ـ 27ی جولای 1794 سەری ئەویشیان لە گیوتین دا.

دەیتوانی هەموو شتێکی بداتێ و دووەمیان لەوانەبوو هەموو شتێکی لێ بستێنێ، یەکێکیان هەڵبژێرێ. بەتایبەتی کە دەسەڵاتی سەررۆ، نە لە تاوانی گرتنی تۆلۆنی خۆش دەبوو و نە لە هەڵەی بڵاوکردنەوەی ئەو نامیلکەیەی بە ناوی ئێوارەخوانی بیوکەر ڕێک لەو دەمەدا بڵاوی کردبۆوە و تێیدا بۆ شارە ڕاپەڕیو و سەربزێوەکانی باشووری سەلماندبوو، کە هیچ هیوایەکیان بە بەرگرییەکەیان نەبێ. لە بەهار و سەرەتای هاوینێدا، کۆمیسێرەکانی کۆنڤانسیۆن لە باشوور و بەتایبەتی ڕۆبسپیری گەنج لەژێر کاریگەری و لەگوێخوێندنە بەردەوامەکانی ناپلیۆندا، ئامادەکارییان دەکرد هێرش بکەنە سەر پیەمۆنت و باکووری ئیتالیا، بۆ ئەوەی لەوێڕا هەڕەشە لە نەمسا بکەن. کۆمیتەی ڕزگاریی نیشتمانی دڕدۆنگ و دوودڵ بوو و کارنۆ لەوکاتدا بەرهەڵستی ئەو نەخشەیە بۆوە. بۆناپارت بەهیوا بوو بە نێوبژیوانیی ئۆگوستین ڕۆبسپیر بتوانێ ئارەزووەکەی خۆی واتە بەشداربوون لە گرتنی ئیتالیادا وەدی بێنێ. حکومەتی فەرەنسا ئەوکات هێشتا لەگەڵ وەها فکر و بیرێکدا ئاشنا نەببوو، یانی بیرکردنەوە لە بەرگری لە هەمبەر دەستێوەردانەکانی ئەوروپای دژەشۆڕش و شۆڕشگێڕی، ئەویش نەک بە بەرگریکردن، بەڵکوو بە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئەوروپا، وەک سەرچڵی و چاوقامییەکی گەورە دەهاتە پێش چاو. چارەنووس وا بوو کە ناپلیۆن نەخشەکانی خۆی لە 1794دا جێبەجێ بکا. ڕووداوێکی سیاسی کە ئەو پێشبینیی نەکردبوو، لەناکاو وەزعەکەی تەواو بەراوەژوو کردەوە.

ڕۆبسپیری گەنج چووبووە پاریس بۆ ئەوەی لەلای براکەی و لەبەردەم کۆمیتەی ڕزگاریی نیشتمانی بەرگری لە نەخشەی هێرش بۆ سەر ئیتالیا بکا. هاوین بوو و دەبوایە ئەم بابەتە یەکلا بکەنەوە. بۆناپارت کە بۆ

ئەرکێکی نهێنیی پێوەندیدار بەو سەفەرە جەنگییە چووبووە جێنۆڤا، گەڕابۆوە و لە نیس دەژیا. لەناکاو هەواڵێک لە پاریسەوە هات کە نەک بۆ ئەم شارۆچکە دوورەدەستەی باشوور بگرە بۆ پایتەختیش چاوەڕوانەکراو بوو. ئەو هەواڵە سەرسووڕهێنەرە، قۆڵبەستکرانی ماکزیمیلیەن ڕۆبسپیر لە نۆیەمی مانگی "ترمیدۆر" و لە نێوەڕاستی کۆبوونەوەی کۆڕی کۆنڤانسیۆن و دەسبەسەرکرانی ئۆگوستینی برای و سەن ژۆست و کۆسۆن و بڕێک دواتریش لایەنگرەکانیان بوو، کە بۆ سبەینێ هەموویانیان بەبێ دادگاییکردن ناردیانەنە بەر گیوتین، چونکە بێ پێچوپەنا پێیان ڕاگەیاندبوون ئێوە لە دەرەوەی پشتیوانیی یاسان(هیچ یاسایەک نییە بەرگریتان لێ بکا). دەسبەجێ لەسەرانسەری فەرەنسادا کەوتنە قۆڵبەستکردنی ئەو کەسانەی کە یان هەر بەڕاستی لە دەسەڵاتدارەکانی پێشوو زۆر نزیک بوون، یان وەها گومانێکیان لەسەر بوو. پاش سەرپەڕاندنی ئۆگوستین ڕۆبسپیر، ژەنەراڵ بۆناپارت زانیی هەڕەشەی لەسەرە. دوو حەفتەیەک پاش ڕووداوەکەی نۆیەمی ترمیدۆر (بیست و حەوتی جوولای) ئەویشیان گرت (دەی ئۆگۆستی 1794) و لەژێر چاودێریدا بردیانە قەڵای ئانتیپ. بۆناپارت پاش چاردە ڕۆژان لە زیندان بەر درا، چونکە بەڵگەیەکیان دەست نەکەوت کە ڕێگە بدا سزا بدرێ.

لە ترس و تۆقاندنەکەی مانگی ترمیدۆردا، زۆربەی ئەوانەی کەم و زۆر پێوەندییەکیان بە ڕۆبسپیرەوە هەبوو، یان بەناو ڕۆبسپیریست بوون، کوژران. بۆیە ناپلیۆن دەبوو خۆی بە بەختەوەر بزانێ کە لە گیوتین ڕزگاری ببوو. با ئەوەش بڵێین کە بۆناپارت هەر لە زیندان بەردرا، دەسبەجێ زانیی قۆناغەکە گۆڕاوە و ئەو ڕێگەیەی وا بەباشی بۆ پێشکەوتنی ئەو کرابۆوە، گەیوەتە بنبەست.

دەسەڵاتداراە تازەکان لێی دڕدۆنگ بوون، جگە لەوەش هێشتا باشیان نەدەناسی. گەمارۆکەی تۆلۆن هێشتا ناوبانگێکی زۆری سەربازیی بۆ دەستەبەر نەکردبوو. وەختێک ملازم ژۆنۆ باوکی خۆی ئاگادار کردەوە کە ژەنەرااڵ بۆناپارت دەیەوێ بیکاتە ئاجودانی خۆی، باوکی بەسەرسووڕمانەوە پرسیی: "بۆناپارت؟ بۆناپارت کێیە؟ لەکوێ خزمەتی کردووە؟ کەس نازانێ." ئیتر گرتنی تۆلۆن لەبیر کرابوو و هەرچۆنێک بێ بایەخەکەی یەکەم ڕۆژی نەمابوو.

بێهیواییەکی دیکەش بەرۆکی گرت. کۆمیتەی ڕزگاریی نیشتمانیی ترمیدۆری لەناکاو فەرمانی پێ کرد بۆ سەرکوتی سەربزێوەکانی ویلایەتی واندێ، دەسبەجێ بچێتە ئەو شارە. ژەنەرااڵ بۆناپارت کە گەیشتە پاریس، پێیان ڕاگەیاند، کردوویانەتە فەرماندەی تیپێکی پیادە، لە حاڵێکدا ئەو ئەفسەری تۆپخانە بوو و نەیدەویست لە بەشی لەشکری پیادەدا خزمەت بکا. بۆناپارت پاش چەلەحانێیەکی ناڕەزامەندانە لەگەڵ ئوبری، یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتە، دەستی لەکار کێشاوە.

ناپلیۆن، سەردەمێکی تازەی کوێرەوەری و ئەستەمی بەسەردا هات. ئەو ژەنەراڵە دەستلەکارکێشاوە بیست و پێنج ساڵانەیە، کە لەگەڵ بەرپرسەکانی خۆی بەینی تێک دابوو، بە بێ هیچ سەرچاوەیەکی داهات، زستانە تاڵ و نەگبەتبارەکەی 1794ـ 1795 و بەهاری قاتوقڕ و لەویش مەینەتبارتری پاش ئەو و زستانەکەشی لە پاریس هەر بە هەژاری و پەڕێشانی تێپەڕاند. دەتگوت کەس ئەوی لەبیر نەماوە. ئاخری لە مانگی ئۆگۆستی 1795دا وەک ژەنەراڵی تۆپخانە، نێردرایە ئۆفیسی نەخشەکێشانی کۆمیتەی ڕزگاریی نیشتمان، کە ناوەندی سەرەکیی ئەرکانی سوپا بوو و لە ڕاستیدا فەرماندەیی گشتیی سوپاکانی کۆماریی لەئەستۆ بوو و کارنۆ ئەو ئۆفیسەی دامەزراندبوو. ناپلیۆن لەو

ئۆفیسەدا ڕێوشوێن و ڕێسای بۆ سوپای ئیتالیا دەنووسی کە ئەوکات لە پیەمۆن خەریکی عەمەلیات بوو. هاوکات لە خوێندنەوە و فێربوونیش خافڵ نەدەبوو و بەردەوام سەردانی باخی بەناوبانگی گژوگیای پاریسی دەکرد و دەچووە "ڕەسەدخانە"کەی ئەو شارە و شێلگیرانە وانەکانی لالاندی ئەستێرەناسی دەخوێند.

پاداشتی خزمەتەکانی بەگوێرەی پێویست پێ نەدەدرا و زۆربەی کات ناچار بوو بچێتە مااڵی پێرنۆت، کە لەو ماڵە زۆریان خۆش دەویست. بەاڵم لەو مانگە ئەستەم و دژوارانەدا، ناپلیۆن تاقە جارێکیش چییە لە دەستلەکارکێشانەوەکەی خۆی پەشیمان نەبۆوە و حەزی نەکرد بچێتەوە خزمەتی لەشکری پیادە. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بووبێ کە ئیتر گەڕانەوە بۆ سەر خزمەت مەحاڵ بوو، مەگەر بە خۆسووککردن و پاڕانەوە. ئیتر چارەنووس جارێکی دیکەش بە ڕوویدا پێکەنی: کۆماری، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنگەلێکی وەک ئەوانی تۆلۆن، پێویستی پێی بوو .

ساڵی 1795، یەکێک لە ساڵە پڕ لە گۆڕانکارییەکانی مێژووی شۆڕشی فەرەنسا بوو. شۆڕشی بۆرژوا کە سیستەمی دیکتاتۆری و عەشیرەتگەرایی ڕووخاندبوو، لە نۆیەمی ترمیدۆردا خۆی لە تیژترین و بەکارترین چەک یانی دیکتاتۆریی ژاکۆبن بێبەش کردبوو و، بۆرژوازی کە ئێستا بەدەسەاڵت گەیشتبوو و خەریک بوو بەرەو کۆنەپەرستی هەنگاوی دەنا، نەیدەزانی کام کەرەستە و شێوازی نوێ بۆ دابینکردنی دەسەاڵت و زاڵبوونی ئەو لەبار و باشن. لە زستانی 1794 و بەهاری 1795دا، کۆنڤانسیۆنی ترمیدۆری بەردەوام بەالی ڕاستدا ـ بە واتا سیاسییەکە ـ دەشکایەوە. گەڕانەوەی بۆرژوایی لە کۆتایی زستانی 1794دا یانی دەمودەست پاش تێکەوەپێچرانی دیکتاتۆریی ژاکۆبنەکان،

هەرگیز هێندەی کۆتایی ئەو ساڵە بەهێز و چاوقایم نەبوو و لە پاییزی ساڵی 1794یشدا هێشتا زۆری مابوو باڵی ڕاستی کۆنفانسیۆن بتوانێ وەک بەهاری 1795 چاوقایم و ئازا بێ و ئازادانە و ڕاشکاوانە قسە بکا و بجوواڵێتەوە. ئینجا لەو ساڵە سامناکەی قاتوقڕیدا، ناتەبایی نێوان گوندە کرێکارنشینەکانی دەوروبەر کە لەوێ بەڕاستی خەڵک لە برسان دەمردن و دایکان پاش خنکاندن یان سەربڕینی هەموو جگەرگۆشەکانیان خۆشیان دەکوشت، لەگەڵ ژیانی پڕ لە بەزم و ئاهەنگی دەوڵەمەندانی پڕ لە زێدەڕۆیی بەردەوام لە خۆشی و ڕابواردنی خەڵکی بەشەکانی ناوەندی شار _ کە کۆمەڵێک دەوڵەمەند و بانکدار و چەکباز و بۆرسەباز و دز و تاڵانچیی سامانی گشتیی، باش مەرگی ڕۆبسپیر سەرکەوتووانە قوت دەبوونەوە _ قووڵتر دەبۆوە.
دوو ڕاپەڕین لە گوندەکرێکارنشینەکانی دەوروبەرەوە دژی کۆنفانسیۆنی ترمیدۆری لەگەڵ خۆپێشاندانی پڕ هەڕەشەی چەکدارانە یەکێکیان لە 12ی ژێرمینالّ ـ یەکەمی ئاپریل ـ و ئەویش دیکەیان لە پرێریال ـ بیستەمی مانگی مای 1795دا، بەرپا ببوو و ڕاستەوخۆ هەڵیانکوتابووە سەر کۆنفانسیۆن و تێک شکێنرابوون. سەرکوتە تۆقێنەرەکەی مانگی پرێریاڵ کە پاش چەککردنی بەزۆرەملێی گوندی کرێکارنشینی سەنت ئانتوان هاتە گۆڕێ، تا ماوەیەکی زۆر هەرچەشنە چالاکییەکی بەکۆمەڵی ڕەشایی و جەماوەری چینی سێیەمی پاریسی مەحاڵ کردبوو.
وا دیار بوو هەوسارپساویی سەردەمی ترس و تۆقاندنی سپی، بەناچار هیوا لەدەستچووەکانی نێو دڵی بۆرژوازیی کۆنی لایەنگری دیکتاتۆری و نەجیبزادەکانی بووژاندووەتەوە. شاپەرستەکان پێیان وابوو ئیتر نۆرەی ئەوانە، بەڵام لە هەڵسەنگاندنەکەیاندا هەڵەیان

دەکرد، چونکە بۆرژوازی پاش تێکشکانی جەماوەری چینی سێیەم، گوندە کرێکارنشینەکانی بۆ ئەوە چەک نەکردبوو، تا کۆنت دۆپرۆزانسی برای لۆیسی شانزەیەم بێنێتەوە سەر تەختی پادشایەتی، کە پاش سەرپەڕاندنی لۆیس، خۆی بە میراتگر و خاوەنداری تەخت و تاجی فەرەنسا دەزانی. هەڵبەت پێتان وانەبێ چینی دەوڵەمەندی فەرەنسا سیستەمی کۆماریی هیچ بەلاوە بەنرخ بووبێ، بەڵکوو ئەو تەنیا هۆگر و تاسەباری ئەو دەسەڵات و سامانە بوو کە شۆڕشی بۆرژوازی پێی بەخشیبوو. شاپەرستەکان نە دەیانویست و نە تێشدەگەیشتن کە لە سالانی 1789- 1795دا، چ ڕووی داوە و چ کراوە و چۆن سیستەمی فیۆدالیزم تێکەوە پێچراوە و ئیتر ببڕای ببڕ ناگەڕێتەوە و ئێستا قۆناغی سەرمایەداری دەستی پێ کردووە و شۆڕشی بۆرژوازی خەرەندێکی لە نێوان قۆناغی کۆن و نوێی مێژووی فەرەنسا لێ دابوو کە هەر بەزەینی ئەواندا نەدەهات و ئیتر بیرکردنەوە لە گەڕانەوەیان بۆ دەسەڵات بەلای بەشی هەرە زۆری بۆرژوازیی شار و دێهاتەوە سەیروسەمەرە دیار بوو .

لە لەندەن و کۆبلنس و میتۆ و هامبۆرگ و ڕۆما، یانی لە هەموو ناوەندەکانی کۆبوونەوەی پەنابەرە دەستڕۆیشتووەکاندا، بەردەوام هاوار دەکرا، کە دەبێ هەموو ئەو کەسانەی بەشداری شۆڕش بوون، بەتوندترین شێوە سزا بدرێن.

پاش پشێوییەکەی مانگی پرێریاڵ و کوشتارە دڕندانەکەی قۆناغی "تۆقاندنی سپی" لە هەموو جێیەک بە دڵخۆشییەکی دوژمنکارانەوە دووپاتیان دەکردەوە، کە بەختەوەرانە "چەتەکان"ی پاریس تێک بەربوون و ئێستا کاتی ئەوەیە شاپەرستەکان هەڵکوتنە سەریان و بەبێ بەفیڕۆدانی کات هەردوو لایەن یانی ترمیدۆریەکان و پاشماوەی حیزبی

مۆنتانیار سەرجەم لە سێدارە بدەن. فکر و خەیاڵی گەمژانەی گێڕانەوەی مێژوو بەرەو دواوە، هەموو ئارەزووەکانی ئەوانی دەکردە بڵقی سەر ئاو و هەوڵەکانیانی مایەپووچ دەکردەوە. دەکرا بە کەسانێکی وەک تالین و فریژۆن و بۆیسسی دانگڵاس و باراس کە لە ڕێکەوتی نۆی ترمیدۆردا کۆتاییان بە دیکتاتۆریی ژاکۆبن هێنابوو و لە چوار ڕۆژی یەکەمی مانگی پریریاڵدا پشێوی و ئاژاوە سامناکەکانی سانکۆلۆت(قوونڕووت)ـەکانیان دامرکاندبۆوە، پێیان بڵێی دز و چەتە و درندە و خوێنمژ، بەڵام ئیدی نەدەکرا لە هەمبەر شاپەرستەکاندا تۆمەتی ترسنۆکی و بێغیرەتییان بدەیتە پاڵ. جا کاتێک شاپەرستەکان بەوپەڕی پەلەپەل و هەڵپەوە بە پشتیوانیی ویلیام پیتی سەرک وەزیرانی ئینگلتەرا، خەریک بوون کۆمەڵێک پەنابەریان لە شێوەدوورگەی کیبرۆن دادەمەزراند، سەرکردەکانی کۆنڤانسیۆنی ترمیدۆری، دەسبەجێ ژەنەرااڵ هۆشێ"یان بە لەشکرێکەوە ناردە سەریان و پاش تێکشکاندنی هێزە دابەزیوەکە، دەمودەست 750 کەس لە دیلەکانیان گوللەباران کردن.

شاپەرستەکان تەنانەت پاش ئەم شکستەش خۆیان بە دۆڕاو و تێشکاو نەدەزانی، بۆیە هێشتا دوو مانگ بەسەر ئەم ڕووداوەدا نەهاتبوو کە ئەمجارەیان لە نێو پاریسدا دەستیان دایە چەک. ئەم ڕووداوە لە کۆتایی سێپتەمبەر و سەرەتای ئۆکتۆبەری ساڵی 1795 یان بەپێی ڕۆژژمێری شۆڕشگێڕی، لە نیوەی یەکەمی مانگی "واندەمیر" ساڵی چوارەمدا بوو. لەوکاتدا وەزعەکە ئاوا بوو: کۆنڤانسیۆن، دەستوورێکی تازەی دانابوو، کە بەپێی ئەو دەستوورە پێنج بەڕێوەبەر سەرۆکایەتیی دەزگای ڕاپەڕاندنیان لە ئەستۆ بوو، کەچی دەزگای یاسادانان دوو مەجلیسی هەبوو: یەکێکیان مەجلیسی پێنجسەد کەسی و ئەوی دیکە مەجلیسی

پیران. کۆنڤانسیۆن خەریک بوو ئەم یاسایە جێبەجێ بکا و بۆخۆی بکشێتەوە، کەچی وەختێک دیتیان لەنێو توێژەکانی بۆرژوازیی کۆندا، ڕۆژ بە ڕۆژ لایەنگری پادشایەتی پەرە دەگرن، جا لە ترسی ئەوەی نەکا شاپەرستەکان بە لێوەشاوەیی و دەربڕینی هەست و کەفوکوڵی زیاتر ئەم دۆخە بقۆزنەوە و خەڵکی زیاتری ئەوان بە هەڵبژادن ببنە ئەندامی پەرلمانی پێنسەد کەسی، ئیتر لیژنەی سەرۆکایەتیی کۆنڤانسیۆنی ترمیۆری کە باراس سەرۆکایەتیی دەکردن، لە دوا ڕۆژەکانی تەمەنی کۆنڤانسیۆندا گەڵاڵەیەکی یاسایی پەسند کرد. بەپێی ئەو گەڵاڵەیە دوو لەسەر سێی نوێنەرانی پەرلەمانی پێنسەدکەسی و دوو لەسەر سێی نوێنەرانی پەڕلەمانی پیران دەبوو لە نێو ئەندامانی ئێستای کۆنڤانسیۆندا هەڵبژێردرێن و دەنگدەران تەنیا یەک لەسەر سێیەکەی دیکەی لە نێو خەڵکی دیکەدا هەڵبژێرن.

بەڵام ئەمجارە شاپەرستەکان لە پاریس بەهیچ شێوەیەک تەنیا نەبوون و ئیتر نە لە پشێوینانەوەدا کرچوکاڵ بوون و نە لە جێبەجێکردنیدا. هەر بۆیە کۆنڤانسیۆن بەتایبەتی لە مانگی واندەمیردا، لە دۆخێکی زۆر مەترسیداردا بوو. خەڵکێکی زۆر لە خانەدانە دەوڵەمەندەکان و چینی باڵای بۆرژوازی ئەو بەشانەی بە دەوڵەمەندەکانی پاریس بەناوبانگ بوون، واتە گەڕەکەکانی ناوەندی شار، دژی ئەو یاسا ستەمکارانەیە ناڕەزایەتییان دەربڕی کە بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە و بە مەبەستی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی زۆرینەی کۆنڤانسیۆن بۆ ماوەیەکی نادیار دانرابوون. ئەو گرووپە ناڕازییەش قۆڵیان هەڵماڵی بۆ خۆڕزگارکردن لە چنگی ئەو دەستە ترمیدۆرییەی کە ئیتر لەگەڵ فکر و هزری مەیلەوڕاستی کۆڕ و کۆمەڵی دەوڵەمەندی شار و گوندەکان ناتەبا و ناکۆک بوون.

لە بەشەکانی ناوەندی پاریس کە لەناکاو لە ئۆکتۆبەری 1795دا دژی کۆنقانسیۆن ڕاپەڕین، دیارە ژمارەی شاپەرستە گیانلەسەردەستەکان و شاخۆشەویستە ڕاستەقینەکان کە خەونی زێڕینی گەڕانەوەی دەسبەجێی بنەماڵەی پادشایەتیی بۆربۆنیان دەدی، زۆر نەبوون. ئەو خەڵکە لە خۆشیی ئەو ئاراستەیەی ڕاپەڕینەکە گرتبوویە بەر، خەنی و شاگەشکە ببوون و بەوپەڕی جۆش و شادییەوە پێشبینیی گەڕانەوەی دۆخەکەیان دەکرد. بۆرژوا کۆماریخوازە کۆنەپارێزەکانی پاریسیش کە ئێستا کۆنقانسیۆنی ترمیدۆرییان لە ڕادەبەدەر پێ شۆڕشگێڕ بوو، خەریک بوو بەلای گەڕانەوەی پادشایەتیدا بایان دەداوە. هەر بەڕاستی کۆنقانسیۆن لەو ململانێ تازەیەدا کە بۆ پاراستنی دەسەڵات هاتبووە گۆڕێ، دەیتوانی پشت بە چ بسپێرێ؟ دەی ڕوونە کە پاش تێپەڕینی چوار مانگ بەسەر سەرکوتی دڕندانەی گوندە کرێکارنشینەکان و مانگێک بەسەر کوشتاری ژاکۆبنە شۆڕشگێڕەکان و چەکداماڵینی بەزەبروزەنگی گوندە کرێکارنشینەکان، ئیتر کۆنقانسیۆن نەیدەتوانی هیوایەکی بە جەماوەر و ڕەشایی بێ کە یارمەتیی بدەن و بەهانایەوە بێن.

کرێکارەکانی پاریس لەودەمەدا، بێبەزەییترین دوژمنی خۆیان لە کۆمیتەکانی کۆنقانسیۆن و لە نێو خودی کۆنقانسیۆندا دەدی و هەرگیز پێیان وانەبوو لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆنقانسیۆن لە ئەنجومەنی پێنسەدکەسیی داهاتوودا بجەنگن.

کۆنقانسیۆن خۆیشی پێی وانەبوو بتوانێ داوای یارمەتی لە جەماوەری چینی سێی پایتەخت بکا کە نەفرەتیان لێی هەبوو و ئەویش لێیان دەترسا. تەنیا دەمێنێتەوە سوپا، بەڵام لەم لایەشەوە دۆخەکە زۆر لەبار نەبوو. ڕاستە سەربازەکان هەمیشە و لە هەموو جێیەک بەبێ دوودڵی و

لە هەموو جێیەک بەرەنگاری پەنابەران، ئەو خیانەتکارە بێزراوانە و دەستە و تاقمە پادشایەتیخوازەکان دەبوونەوە، هەر لە مێشەڵانەکانی نۆرماندییەوە بگرە تا کەپک و گردە لمینەکانی واندێ و شێوەدوورگەی کیبرۆن و لە بەلژیکا و سنووری ئاڵمان، لە کوێ تووشیان بوایەن تەقەیان لێ دەکردن، بەڵام یەکەم: بزووتنەوەکەی مانگی واندەمیر بۆ گێڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن دروشمی نەدەدا، بەڵکوو داوای لە خەڵک دەکرد لە پێناوی بنەمای دەسەڵاتی نیشتمانیدا کە لە سۆنگەی دانانی یاساکانی کۆنفانسیۆنەوە پێشێل کرابوو خەبات بکەن و داوای لێ دەکردن بۆ دابینکردنی مافی هەڵبژاردنی ئازادیی نوێنەرانی ڕاستەقینەی میللەت بێنە مەیدان. دووەم: ئەگەر سەربازەکانیش بەگیان و دڵ کۆماریخواز بن و تەنیا لەوانەبوو بە دروشمی خاپێنەرانەی واندەمیر کە زۆر زیرەکانە هەڵبژێردرابوون بخەڵەتێن، ئەی چ لە فەرماندەکانیان بکەن؟ هەر بۆ نموونەی باسی ژەنەراڵ مێنۆی فەرماندەی یەکەی پاریس بکەین، کە سەردەمانێک بە پەلامارێک گوندی سەنت ئانتوانی گرتبوو، شاری پڕ کردبوو لە خێوەتی سەربازی و کرێکارەکانی پۆل پۆل بەڕێی بەر گیوتین کردبوو. هەر ئەو ژەنەڕاڵە دیسان دەیتوانی کارێکی وا بکا، وەک پێشتر کردبووی و، کاتێک یەکەکانی ئەو لەکاتی زەردەپەڕی ڕۆژی چوارەمی پرێریاڵدا پاش تێکشکاندنی کرێکارەکان، بە دەستەی مۆزیک لە پێشەوە بە نێو گەڕەکانی نێوەڕاستی پایتەختدا دەگەڕان و خەڵکی دەوڵەمەند و خواپێداو شەقامەکانیان داگرتبوو و بە قریوەی خۆشی هوراڵیان بۆ مێنۆ و سەربازەکانی دەکێشا، ئیتر دیاربوو پێوەندییەکی قوواڵی هەست و هزر و بۆچوون لە نێوان هاندەران و هاندراواندا هەیە. مێنۆ دەیتوانی ئێوارەی ئەو ڕۆژی چوارەمەی پرێریاڵ خۆی بە نوێنەری چینە دەوڵەمەندەکان و تێکشکێنەر و سەرکوتکەری

جەماوەری بێبەش و سەرکردەی تێروپڕەکان لە هەمبەر برسییەکاندا بزانێ. ئەو هەستە بۆ ئەو بە دڵنیاییەوە شتێکی بەچێژ بوو و خۆی دەیزانی چۆنە. بەڵام ئێستا لە مانگی واندەمیردا، بە چ ناو و بیانوویەکەوە تەقە لەو خەڵکە تێروپڕ و تەڕپۆشە بکا، کە پێشتر لە پێشوازیی ئەودا بە قریوەی شادییەوە هوڕایان کێشابوو و لە گۆشت و خوێنی خۆیشی بوون؟ ئەگەر وای دانێین جیاوازییەکیش لە نێوان مێنۆ و کۆنڤانسیۆنی ترمیدۆریدا هەبووبێ، تەنیا لەوەدابوو کە ئەو ژەنەرااڵە لە کۆنەپەرستترین ئەندامی کۆنڤانسیۆنی ترمیدۆریش پتر مەیلەو ڕاست و کۆنەپارێزتر بوو. بەشەکانی ناوەند، خوازیاری مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی ئەنجومەنێک بوون، زۆر کۆنەپارێزتر لە کۆنڤانسیۆن و ژەنەرااڵ مێنۆ ئامادە نەبوو تەنیا لەسەر ئەوە سێرەیان لێ بگرێ و تەقەیان لێ بکا.

ئیتر لە شەوی 12ی واندەمیر ـ چوارەمی ئۆکتۆبەر ـ دا سەرۆکەکانی کۆنڤانسیۆنی ترمیدۆری لە هەموو لایەکەوە گوێیان لە قریوەی شادی دەبێ: خۆپێشاندەران بە جۆش و خرۆش و هوڕا و قریوە بە شاریدا دەیکەنە هەرا کە بەڵێ کۆنڤانسیۆن وازی لە خەبات هێناوە و لەوانەیە خۆی لە جەنگی نێو شەقامەکان ببوێرێ و یاسا تازەکانیش هەڵوەشێنراونەوە و هەڵبژاردن ئازادانە دەبێ. تاقە بەڵگەشیان کە بۆ سەلماندنی ئەم قسانە دەیانهێناوە، نەک بۆ وەدرۆخستنەوە نەدەبوو، بگرە زۆریش لە ڕاست دەچوو: دەیانگوت فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی یەکێک لە مەڵبەندەکانی ناوەند "مەڵبەندی لۆپلۆتیەر" بەناوی دێلالۆت چووەتە لای ژەنەرااڵ مێنۆ و مێنۆ قایل بووە بەرەنگاری کۆنەپارێزەکان نەبێتەوە، دەیانگوت سەرباز گەڕاونەتەوە سەربازگەکانی خۆیان و شار بە دەست ڕاپەڕیوەکانەوەیە.

بەڵام ئەم دڵخۆشییانە زۆری نەخایاندن چونکە کۆنگانسیۆن بڕیاری جەنگی دا. لە شەوی 13ی واندەمیردا مێنۆ لە پۆستەکەی لادرا و دەسبەجێ قۆڵبەست کرا. ئینجا کۆنگانسیۆن، "باراس"ی، کە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانگی ترمیدۆر بوو، کردە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی پاریس. دەبوایە دەسبەجێ و تەنانەت هەر ئەو شەوە دەسبەکار بن، چونکە ئەو مەڵبەندانەی ڕاپەڕیبوون، هەر لە لادران و قۆڵبەستکرانی مێنۆ ئاگادار بوونەوە، دەسبەجێ تێگەیشتن کۆنگانسیۆن دەیەوێ بەگژیاندا بچێتەوە، بۆیە بەدڵنیایی و هەڵپەوە لە کۆڵانەکانی دەوروبەری کۆنگانسیۆندا کۆ بوونەوە، بۆ ئەوەی سەرلەبەیانی جەنگەکە هەڵایسێنن. سەربزێوەکان و ڕیچێردێ سێریزیی سەردەستەیان و تەنانەت هەندێ لە ئەندامانی کۆنگانسیۆنیش لە سەرکەوتنی خۆیان دڵنیا بوون، هەر بۆیە لە گوێی گادا نوستبوون. هاوچەرخەکانی باراس، وەک نوێنگەی چەپەڵترین حەز و ئارەزووەکان و سەرچاوەی هەموو پیسی و خراپەیەک لەو کابرایەیان دەڕوانی. ئەو پیاوێکی خۆشگوزەران و بەرتیلخۆر بوو کە لە هیچ خراپە و داوێنپیسییەک نەدەپرینگاوە و، کەسێکی هەلپەرستی بێ ویژدان و بێ پەرەنسیپ بوو، کە لە پارەپەرستیدا دەستی هەموو ئەندامانی کۆنگانسیۆنی لە دواوە بەستبوو، هەڵبەت ئەوەش شتێکی سادە و ئاسایی نەبوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەک پیاوێکی ترسنۆک و بێغیرەت نەبوو. ئەو پیاوە کە زۆر زیرەک و وردبین بوو، هەر لە سەرەتای ڕووداوەکانی مانگی واندەمیرەوە لێی ڕوون بوو، ئەو ڕاپەڕینەی بەرپا بووە، لەوانەیە فەرەنسا بخاتە بەردەم مەترسیی گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن و ئەوەش ڕێک بە مانای هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ سەر ئەو. ئەو خانەدانانەی وەک خۆی وابەستەی شۆڕش بوون، زۆر باش

دەیانزانی شاپەرستەکان چ قین و ڕقێکی خەستیان بەرانبەر خیانەتکارەکانی چینی خۆیان لەدڵدایە.
هەر بۆیە دەبوو دەسبەجێ و تا چەند سەعاتێکی دیکە جەنگەکە بەرپا بکرێ. بەڵام باراس دەبوو دەسبەجێ یەکێک بکاتە فەرماندە، جا بە ڕێکەوت و کتوپڕ ئەو پیاوە گەنجەی بیر کەوتەوە کە بە کۆنەچاکەتێکی فەرمیی خۆڵەمێشییەوە بەو دواییانە چەند جارێک هاتبووە لای کاری پێی ببوو. باراس هەر ئەوەندەی لەبارەی ئەو کابرایەوە دەزانی کە ئەو ژەنەڕاڵێکی بێکارە و لە گەمارۆکەی تۆلۆندا خۆی سەلماندبوو، بەڵام دواتر نەگبەتی شانی گرتووە و ئێستا بە مووچەیەکی کەم لە پایتەختدا ژیانێکی تاڵ و ئەستەمی هەیە. باراس ئەمری کرد زوو بیدۆزنەوە و بیهێننە لای. بۆناپارت هات و دەسبەجێ مەسەلەکەیان لەگەڵ باس کرد. جارێ پرسیار ئەوە بوو ئاخۆ ئەو ئامادەیە شۆڕشەکە دامرکێنێتەوە یان نا؟ بۆناپارت داوای کرد چەند چرکەیەک دەرفەتی بیرکردنەوەی بدەنێ. بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئاخۆ کێشەی لەگەڵ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی کۆنڤانسیۆن هەیە یان نا، دەسبەجێ لێی ڕوون بۆوە کە پشتیوانیکردن لە باراس کۆمەڵێک دەسکەوتی دەبێ، بۆیە قایل بوو، تەنیا بەو مەرجەش کە هیچ کەس قسە لە بڕیارەکانی ئەو نەکا و، گوتی: "جا ئەو دەمەی من پڕ دەدەمە شمشێر، تا بە هەر نرخێک بووە ئاگرەکە دانەمرکێنمەوە، نایخەمەوە نێو کالان."
دەمودەست کردیانە جێگری باراس. پاش ئەوەی تێیان گەیاند چ باسە، دەسبەجێ ژمارەی هێزی سەربزێوەکان و ئەو مەترسییە سامناکەی بۆ دەرکەوت کە هەڕەشەی لە کۆنڤانسیۆن دەکرد. بۆیە ئیتر تەواو ڕوون بوو کە دەیەوێ پەنا بۆ ئاگری بێ ئامانی تۆپخانە بەرێ. دواتر کە وەزعەکە ئەهوەن بۆوە، ناپلیۆن قسەیەکی بە ژۆنۆ "دووک دابرانتێس"ی

برادەری گوت، کە مانای وابوو، هۆکاری سەرکەوتنەکەی ئەو، ناشارەزایی ڕاپەڕیوەکان لە هونەری سەربازی دایە. گوتبووی: "ئەگەر ئەوان منیان کردبایەتە فەرماندەی خۆیان، من کۆنفانسیۆنم دەکردە تۆزی بانان." ئیتر لە کاتی بەرەبەیاندا بۆناپارت تۆپەکانی هێنایە دەوری کۆشکی تۆیلەری.

بەو جۆرە ڕۆژە مێژوویییەکەی 13ی واندەمیر، کە زۆر لە خۆسەلماندنە جەنگیەکەی گرتنی تۆلۆن پتر کاریگەریی لەسەر ژیانی ناپلیۆن دانا، دەستی پێ کرد. ڕاپەڕیوەکان هەڵیانکوتایە سەر کۆنفانسیۆن و، تۆپخانەکەی ناپلیۆن ئاگری بێ ئامانی بەسەردا باراندن. کوشتارەکە بەتایبەتی لە گۆڕەپانەکەی بەردەمی کلێسای "سەن ڕۆش"، کە هێزی پشتیوانی پەلامارەران لەوێدا کۆ ببووەوە، کارەساتبار بوو. هێرشبەران دەیانتوانی شەوێ، دەست بەسەر تۆپەکاندا بگرن، بەڵام ئەو هەلەیان لەدەست دابوو. ئەوان بە تفەنگ دەستیان کردەوە. بەرەبەری نیوەڕۆ هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو. هێرشبەران وێڕای ئەوەی سەدان کوژراویان لە گۆڕەپانەکەدا لێ بەجێ ما و بریندارەکانیان لەگەڵ خۆیان برد، لە هەموو لایەکەوە تێیان تەقاند و پەنایان بردەوە بەر ماڵەکانی خۆیان. ئەوانەی دەیانتوانی، دەسبەجێ پاریسیان بەجێ هێشت. شەوێ، باراس پیرۆزبایی لە ژەنەڕاڵە گەنجەکە کرد و پێداگر بوو لەسەر ئەوەی بۆناپارت بکرێتە فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی نێوخۆ (باراس پاش تێکشکانی شۆڕشەکە، وازی لەو پۆستەی هێنابوو.)

ئەو شتەی لەو گەنجە گرژ و مرچومۆنەدا سەرنجی باراس و باقی سەرکردەکانی کۆنفانسیۆنی ڕاکێشابوو، ئەوە بوو کە بەبێ ئەوەی بشڵەژێ و شلوێ بێ بڕیاری دا لەو نێوەڕاستی شارەدا بە تۆپ لە ئاپۆرای خەڵکەکە بدا، کە پێشتر شتی وا هەر نەکرابوو. لەو شێوازەدا،

یانی داپڵۆسینی ڕاپەڕینەکانی نێو شار، ناپلیۆن دەسبەجێ بوو بە پێشەنگ و سەرباشقەی نیکۆلای یەکەم، کە لە ڕۆژی چواردەیەمی دیسەمبەری 1825دا ئەویش وای کرد. تەنیا بەو جیاوازییەوە کە قەیسەری ڕووس بەوپەڕی دووڕوویییەکەی خۆیەوە دەیگوت، خۆی ڕقی لەوەها کردەوەیەکی قێزەون بووە و تەنیا پاڕانەوەی پرێنس ڤاسیلچیکۆڤ کاری کردووەتە سەر هەستی ناسک و لە ڕادەبەدەر مرۆڤانەی وی. کەچی ناپلیۆن هەرگیز بیری لەوە نەکردەوە بەرپرسیارەتییەکەی لە ئەستۆی خۆی دارنێ و بیخاتە ملی یەکی دی. ڕاپەڕیوەکان زیاتر لە 24هەزار چەکداریان هەبوو، کەچی چەکدارەکانی ناپلیۆن 6 هەزار کەس یانی چارەگێکی ئەوانیش نەدەبوون. جگە لە تۆپخانە هیوای دیکی نەمابوو، بۆیەش بۆناپارت پەنای بردە بەر تۆپان. لەو کاتەوە کە ئیتر دیار بوو شەڕ قوونی لە دەرکێ ناوە، ئیتر دەبوو بە هەر نرخێک بووە، دوژمنەکەی بشکێنێ. جا ناپلیۆن بێ ئەملا و ئەولا ئەم بنەمایەی ڕەچاو دەکرد. ئەو حەزی لێ نەبوو گوللەکانی لەخۆوە بتەقێنێ و بەفیڕۆیان بدا، بەڵام وەختێک سوودێکی لێ کەوتبایەتەوە، ئیتر قرچۆکیی نەدەکرد، وەک چۆن لە ڕۆژی سێزدەی واندەمیردا قڕنیس"ڕەزیل"یی نەکرد: گۆڕەپانی بەردەم کلێسای سەن ڕۆش هەموو گۆشت و خوێن بوو.

ئەوپەڕی بێبەزەیی لە جەنگدا، یەکێک بوو لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ناپلیۆن. دوو پیاو لە ناخی ئەودا هەبوون، یەکێکیان بە ئەمری مێشک و ئەویش دی بە ئەمری دڵ. نابێ پێمان وابێ ئەویش وەک باقی پیاوەکان دڵێکی هەستیار و ناسکی نەبووە: ئەو بە باوەڕی خۆی تەنانەت زۆریش دڵناسک بووە، بەڵام خۆی وتەنی، لە یەکێک لە دەموساتە دەگمەنەکانی پاکی و بێخەوشیدا، بەرانبەر پیاوێک بەناوی ڕۆدێریژ، کە زۆری خۆش

ویستووە، هەر لە سەرەتای گەنجێتیدا هەوڵی دابوو ئەم ژێیە لە ناخی خۆیدا بپسێنێ هەر بۆیەش ئیتر ئیستا هیچ دەنگ و لەرەیەکی لێ هەڵنەدەستا.

هەرچۆنێک بێ، هەر جارێکی باسی لەنێوبردنی دوژمنێک دەهاتە گۆڕێ کە وێراوێتی بە ئاشکرایی بێتە شەڕی ناپلیۆن، ئیتر ئەو ژێیە نەک هەر زرینگەی لێوە نەدەهات، بگرە هیچ شتێکیش کاری تێ نەدەکرد.

رۆژی سێزدەی واندەمیر، ڕۆڵێکی مەزنی لە پاڵەوانێتیی ناپلیۆنیانەدا گێڕا.

گرینگیی مێژوویی تێکشکاندنی شۆڕشەکەی واندەمیر لەوە دایە کە:

1. هیوای شاپەرستەکان بە سەرکەوتنێکی دەمودەست و گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن تووشی شکستێک هات، زۆر لە شکستەکەی کیبرۆن قورستر.

2. بۆرژواکانی شار هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە بۆ بەدەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵات بە زەبری چەک و بەبێ نێوبژیوان، پەلەیان کردووە، جگە لەوەش، ئەوان حیسابیان بۆ ئەو بۆرژوایانەی شار و دێهات هەر نەکردبوو، کە لاگری کۆماری بوون و لە هاتنەوەی خێرا و بێ پرینگانەوەی کۆنەپەرستی تۆقیبوون. باشە ئەم ڕیچێ دێسریزییەی سەرکردەی ڕاپەڕیوەکان کێ بوو؟ کابرایەکی شاپەرست. کەوابوو جوان دیارە جووتیارە خاوەن زەوییەکان، یانی جەماوەری بەربڵاوی وردە بۆرژوای گوند، کە دەیانزانی بە هاتنەوەی بنەماڵەی بۆربۆن، فیۆدالیزم دەبووژێتەوە و لێشیان سوور بوو سیستەمی پادشایەتی هەموو ئەو پارچە زەویانەیان لێ دەستێنێتەوە کە لە ملک و ماڵە دەسبەسەرداگیراوەکانی کلێسا و خانەدانە ڕاکردووەکان کڕیویانە، ئیتر بە چ چاوێک سەیری ئەم شۆڕشەیان دەکرد.

3. ئیتر جارێکی دیکەش سەلمێنرا، کە ئەو شەڕانەی دژی هاتنەوەی پادشایەتی کراون، چەندە کاری کردووەتە سەر وڕەی سوپا و باقی سەربازان و، تا ئەو جێیەی شەڕەکە لەگەڵ ئەو کەسانەیە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هاوپەیمانی بۆربۆنەکانن، دەکرێ متمانە بەوان واتە بە سەربازەکان بکرێ.

ئیتر ئەوە بوو مانای مێژوویی ڕووداوەکەی 13ی واندەمیر.

بەڵام سەبارەت بە بۆناپارت خۆی، پێویستە ئەوە بڵێین کە ئەو ڕۆژە مێژوونووسە بۆ یەکەم جار ناوی ئەوی نەک هەر لە کۆڕ و کۆبوونەوە سەربازییەکاندا کە پاش گرتنی تۆلۆن تێیاندا ناوی دەرکردبوو، بەڵکو لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ و تەنانەت لەو شوێنانەش کە هەر قەت ناویشیان نەبیستبوو، خستە سەر زار و زمانان. لەمەودوا وەک پیاوێکی زۆر لێوەشاوە و لێهاتوو و بە وڕە و بڕیاردەر سەیریان دەکرد. ئەو سیاسەتمەدارانەی لە یەکەم ساتەکانی پێکهێنانی دیرکتوارەوە یانی لە واندەمیری سالّی 4ەوە دەسەلاتیان گرتبووە دەست و پێش هەموویشیان باراس، ئاوڕی بەخێریان لەو سەردارە گەنجە دایەوە و ئیتر لێیان ڕوون بۆوە لە داهاتووشدا هەر کاتێک پێویست بێ بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینە چەکدارییەکان پەنا بۆ هێزی چەکدار بەرن، دەتوانن پشت بەو ببەستن.

بەڵام بۆناپارت هەوایەکی دیکەی لە کەللەیدا بوو. ئەو شێت و شەیدای دیمەنە جەنگیەکانی دەرەوەی وڵات بوو و بە ئاواتەوە بوو فەرماندەیی یەکێک لە سوپاکانی کۆماری فەرەنسای پێ بسپێرن. ئێستا بەپێی ئەو بەینە خۆشەی لەگەڵ باراس هەیبوو، ئیتر بە پێچەوانەی ڕۆژانی پێش واندەمیر ـ یانی ئەو ڕۆژانەی کە ژەنەڕالێکی 26 ساڵانەی بێکاری نێو پارس بوو و بە شوێن مووچەیەکدا ڕای دەکرد ــ زۆر ئەستەم نەبوو

بەو ئارەزووەی بگا. لە ماوەی ڕۆژێکدا، هەموو شتێک گۆڕدرابوو، ئەو ئێستا فەرماندەی لەشکرگەی پاریس و جێی سەرنجی باراس، بەڕێوەبەرە بەهێزەکەی دیرکتوار و پاڵێوراوی پۆستێکی سەربەخۆ لە یەکێک لەو سوپایانە بوو کە لەسەرپێ بوون.
پاش ئەو سەرکەوتنە لەناکاوە، زۆری نەبرد بۆناپارت لەگەڵ بێوەژنەکەی ژەنەڕاڵ کۆنت دێ بۆهارنێی کە لەسەردەمی ترس و تۆقاندندا لەسێدارە درابوو، ئاشنا بوو و دڵی کەوتە سەری. ژۆزفین شەش ساڵان لەو گەورەتر بوو و لە ژیانی خۆیدا گەلێ ڕووداوی بەکەفوکوڵی بەسەرهاتبوو و ئەو ئاشقی بۆناپارت نەبوو. بە دڵنیاییەوە لەبەر پێگە و بواری مادی بوو، چونکە ئیتر بۆناپارت لە سێزدەیەمی واندەمیرەوە، بەناوبانگ ببوو و ئێستاش پۆستێکی زۆر گرینگی هەبوو. بەڵام ناپلیۆن بە فەرمانی حەز و ئارەزوویەکی کتوپڕ، دەسبەجێ خوازبێنیی لە ژۆزفین کرد و مارەی کرد. ژۆزفین پێشتر بەینی لەگەڵ باراس زۆر خۆش بوو و ئەو زەماوەندەش بووە هۆی ئەوەی دەرگای بەهێزترین کەسایەتییەکان بۆ ناپلیۆن بکەوێتە سەر پشت.
لەو دووسەت هەزار و شتێک کتێبەی لەبارەی ناپلیۆنەوە نووسراوە و کتێبناسی بەناوبانگ کیرشایزن و باقی پسپۆڕان ژمارەکانیان کۆ کردوونەتەوە، زۆربەیان تایبەتن بە پێوەندیی ناپلیۆن لەگەڵ ژۆزفین و بەگشتی ژنان. بۆ ئەوەی ئیتر ئەم مەسەلەیە ببڕێتەوە من لێرەوە دەڵێم، نە ژۆزفین و نە ماری لۆیزی نەمسایی کە ژنی دووەمی ناپلیۆن بوو و نە مادام ڕمۆزا و نە مادموازڵ ژۆرژ و نە کۆنتس والۆسکا و نە هیچ کام لەو ژنانەی پێوەندیی نزیکیان لەگەڵ ناپلیۆندا هەبوو، نەیانتوانی و نەشیانگوت کە تۆزێکیش چییە کاریگەرییان لەسەری هەبووە و لە گەوهەر و ناخی سەرکەش و خۆپەرست و هەستیار و دڕدۆنگی

تێگەیشتوون. ناپلیۆن نەیتوانی لە مادام دۆستالّی بەناوبانگ، تەنانەت بەر لەوەی بەرهەڵستکارییە سیاسییەکانی ئەو ژنە تووڕەیشی بکا، تێ بگا و، تەنیا لەبەر ئەوەی کە پێی وابوو دەمتێوەردانی ژنان لە سیاسەتدا شتێکی زیادە و بێسوودە و جا چونکە ئەو ژنەش زۆری حەز لە سیاسەت بوو و خۆی بە زانا دەزانی، ناپلیۆن ڕقی لێی بوو. گوێڕایەڵی و گوێلەمستیی بێ ئەملاو ئەولا لە هەمبەر ویست و ئەمری ئەودا، خەسڵەتێکی پێویست بوو، کە هەر ژنێکی ئەوەی تێدا نەبوایە ئەو ئاوڕیشی لێ نەدەداوە. جگە لەوەش، چونکە لە ڕادەبەدەر سەرقاڵ بوو، ئیتر نەدەپەڕژایە سەر ئەوەی بیر لە هەستی دڵ بکاتەوە و خۆ بداتە دەست کەفوکوڵ و هەژانەکانی دڵ.

ئەمجارەش هەر وا دەرچوو: زەماوەندەکەیان لە نۆی مارسی 1796دا بوو و، دوو ڕۆژ دواتر یانی لە یازدەی مارسدا، بۆناپارت مالاّوایی لە ژنەکەی کرد و بەرەو گۆڕەپانی جەنگ کەوتە ڕێ.

وەرزێکی نوێ، دوورودرێژ و خوێناوی لە میژووی ئەوروووپادا دەستی پێ کرد.

جەنگەکانی ئیتالیا 1796 ـ 1797

1

لەو کاتەوە کە بۆناپارت پاش شکاندنی شۆڕشی شاپەرستەکان لە 13ی واندەمیردا، کەوتە بەر سێبەری ڕەحمەتی باراس و باقی سەرکردەکانی حوکمەت، شێلگیرانە هەوڵی دەدا قایلیان بکا کە پێش بە هێرشی هاوپەیمانیە نوێیەکەی دەوڵەتان دژی فەرەنسا بگرن و جەنگێکی پەلاماردەرانە دژی نەمسا و هاوپەیمانە ئیتالیاییەکەی بخەنە ڕێ و بۆ ئەم مەبەستەش باکووری ئیتالیا داگیر بکەن. خۆی لە ڕاستیدا هیچ یەکیەتییەکی نوێ دژی فەرەنسا پێک نەهاتبوو، بەڵکوو هەر یەکیەتییەکەی جاران بوو کە ساڵی 1792 پێک هێنرابوو و ساڵی 1795 پرۆس بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی ئاشتەوایی جیا لەگەڵ فەرەنسا لە شاری باڵ لێی هاتبووە دەرێ. بەڵام هێشتا نەمسا و ئینگلتەرا و ڕووسیا و وڵاتانی ساردنیا و پادشایەتیی دوو سیسیل و هەندێ وردە دەسەڵاتی ناوچەیی ئەڵمانیا وەک ڤۆرتمبێرگ و باویر و باد تێیدا مابوونەوە. دیرکتواریش وەک هەموو ئەوروپا کە دوژمنی

ئەو بوو، لەبەر ئەو باوەڕە بوو کە گۆڕەپانی سەرەکیی جەنگەکانی ئایندە لە بەهار و هاوینی 1796دا دەبێ ئەڵمانی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوا بێ و فەرەنسییەکان هەوڵ بدەن بە سەر ئەو ناوچانەدا خۆیان بگەیەننە خاکی بندەستی نەمسا. دیرکتوار بۆ ئەم عەمەلیاتە باشترین لەشکردەکانی خۆی بە فەرماندەیی لێوەشاوەترین سەردارە جەنگییەکانی و لەسەرووی هەمووشیانەوە سەرلەشکر مۆروا کۆ کردبۆوە. هەموو شتێکیان بۆ ئەو سوپایە دابین کردبوو و چەکوچۆل و تفاقیشی تەواو ڕێکوپێک بوو و حوکمەتی فەرەنسا لە هەموو شتێک زیاتر، هیوای بەو سوپایە بوو.

دیرکتوار هیچ حەزی لە پێشنیاری پێداگرانەی ژەنەڕاڵ بۆناپارت نەبوو بۆ هێرشکردنە سەر باکووری ئیتالا ئەویش لە ڕێگەی شارۆچکە سنوورییەکانی باشووری فەرەنساوە. هەڵبەت پێویست بوو لەو ڕاستییە ورد ببنەوە کە لەوانەبوو وەها کارێک، ببێتە هۆی ئەوەی دەرباری ڤیەننا سەری لێ بشێوێ و ناچاری بکا هێزەکانی خۆی دابەش بکا و ئیدی لەو لایە خافڵ بێ کە هێرشی دەکرێتە سەر و دەگیردرێ. وا دانرا بۆ سەرلێشێواندنی نەمساییەکان و هاوپەیمانەکانیان واتە شای ساردنیا، ئەو سی چل هەزار سەربازەی لە باشوور جێگیر کرابوو، بێننە مەیدانەوە. کە پرسیار کرا ئاخۆ کێ فەرماندەیی ئەو هێزە لاوەکە دەگرێتە ئەستۆ، کارنۆ بۆناپارتی پێشنیار کرد، بە پێچەوانەی ئەوەی زۆر دەمێک بوو دەیانگوت باراس وای کردووە. باقی بەڕێوەبەرەکانی دی بەبێ هیچ تێبینییەک ڕازی بوون، چونکە هیچ کام لەو سەردارانەی ناسراوتر و بەناوبانگتر بوون، ئامادە نەبوون ئەو پۆستە وەرگرن.

بڕیاری دانانی ناپلیۆن بە فەرماندەیی لەشکری ئیتالیا لە ڕێکەوتی 23ی

فێبریوەری 1796دا واژوو کرا و فەرماندە تازەکە لە ڕێکەوتی 11ی مارسدا وەڕێ کەوت بۆ ئەوەی بگاتە لەشکرەکەی خۆی.
ئەو یەکەم جەنگەی بە فەرماندەیی ناپلیۆن کرا، بۆ هەتاهەتایە لە میژووی ئەو پیاوەدا بە خەرمانەیەکی شانازییەوە تۆمار دەکرێ. ئەو ساڵە (1796)، ناوبانگی وی بە سەرانسەری ئەوروپادا بڵاو بووەوە و ئیتر لە لاپەڕەی میژوو نەسڕدرایەوە. ئەمانە قسەی سۆورۆف، سەرداڕە بەناوبانگەکەی ڕووسن، کە لە جەنگەی جەنگەکانی بۆناپارتدا لە ئیتالیا درکاندبوونی: "زۆر تیژ و خێرا دەڕوا، کاتی ئەوەیە پێشی ئەم پیاوە بگرین." سۆورۆف لەو یەکەم کەسانە بوو کە ئەم هەورە تۆفانهەستێنەی پێشانی هەمووان دا، هەورێک کە دەبوو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە بڕووسکە و گرمەی خۆی ئەوروپا کاول بکا.
بۆناپارت هەر گەیشتە لەشکرەکەی خۆی و چاوێکی بەسەر بارودۆخەکەیاندا خشاند، لێی ڕوون بۆوە کە بۆچی سەرداڕەکانی کۆماری فەرەنسا بەهیچ شێوەیەک حەزیان لێ نەبووە فەرماندەیی ئەوێ بگرنە ئەستۆ. لەشکرەکە لە وەزعێکی وەها شپرز و خراپدا بوو، زیاتر لە خێڵێکی چڵکن و ڕەشووڕووت دەچوو. دزی و تاڵان و گیرفانبڕی بە هەموو شێوەیەک و بەبێ پرینگانەوە لەوێدا ببووە باو، وەهای لێ هاتبوو لە دوا ساڵەکانی حکوومەتی کۆنقانسیۆنی ترمیدۆری و لە سەردەمی دیرکتواریشدا شتی وا نەببوو. ڕاستە پاریس تۆزە گوژمەیەکی بۆ ئەو لەشکرە تەرخان کردبوو، بەڵام هەر ئەو تۆزە گوژمەیەش دەسبەجێ و زۆر بێشەرمانە تاڵان و حەپەلووش دەکرا. چل و سێ هەزار سەرباز لە لەشکرگەکانی شاری نیس یان لە دەوروبەرەکەی بوون و هیچ دیار نەبوو چ دەخۆن و چ لەبەر دەکەن. بۆناپارت هەر گەیشتە ئەوێ ئاگادار کرایەوە کە شەوی ڕابردوو،

لیوایەک فەرمانی پێ کراوە بچێتە شوێنی دیاریکراوی خۆی، بەڵام بە پاساوی ئەوەی هیچ کام لە سەربازەکانی پێڵاویان لەپێدا نییە، سەرپێچیی کردووە و نەچووە. شپرزەیی باری دارایی ئەو لەشکرە تەریک و لەبیرکراوە، بێ دسیپلینی و بەڕەڵاییشی هاتبووە سەر. سەرباز تۆزە گومانێکیش چییە نەیانمابوو، چونکە بە چاوی خۆیان ئەو دزی و تاڵان و گیرفانبڕینانەیان دەدی کە ئەو هەمووە ئازارەیان بەدەستییەوە دەچێشت.

ناپلیۆن ئەستەمترین ئەرکی لەبەردەمدا بوو. ئەو ئەرکە بۆ ئەو نەک تەنیا جلوبەرگ و پێڵاو و ڕێکخستن و دسیپلین بوو، بەڵکو دەبوایە بەدەم ڕێگەوە و پاش ئەوەی دەگاتە شەڕگە و لە مەودای نێوان شەڕەکاندا، ئەو کەمایەسیانە چارەسەر بکا. ئەو نەیدەویست جەنگەکە وەدرەنگی بخا و خۆی بگنخێنێ. باری ناپلیۆن زۆر نالەبار بوو، چونکە لەوانەبوو لەگەڵ فەرماندەی یەکەکانی ئەو لەشکرە، یانی لەگەڵ بندەستەکانی خۆی وەک ئۆژێرۆ و ماسنا و سێروریەر تووشی کێشە و گرفت بێ. ئەو ئەفسەرانە، بە ڕەزامەندییەوە فەرمانیان لە فەرماندەیەکی بەتەمەنتر و خاوەن پێشینەیەکی درەوشاوەتری وەک مۆرۆی سەرفەرماندەی سوپای فەرەنسا لە بەرەی ئەڵمانی ڕۆژئاوا وەردەگرت، بەڵام پێیان سووکایەتی بوو بچنە ژێر فەرمانی ئەفسەرێکی باڵاسەری 27 ساڵانەی وەک بۆناپارت. لەوانەبوو مشتومڕێکی لێ بکەوێتەوە و لەو بوارەوە هەندێ دەنگۆ لە سەربازخانەکاندا زار بە زار دەگەڕا و چەواشە دەکرا و گەورە دەکرانەوە و زێدەیان دەخرایە سەر. بۆ وێنە دەنگۆیەک کە کەس نازانێ کێ بڵاوی کردەوە، دەیگوت، ئەو بۆناپارتە بستەباڵایە لەگەڵ ئۆژێرۆی کەڵەگەت و باڵابەرزدا لێی بووەتە مشتومڕ و لە بەری پێیەوە تا تەپڵی سەری لەو ئەفسەرە ئازایەی ڕوانیوە و پێی

گوتووە: "تۆ قسەی زۆر تێکدەرانەت کردووە. کارێکی وا مەکە من ئەرکی سەرشانم ڕاپەڕێنم. ئەو بەژن و باڵایەت کە دەڵێی پەیژەیە، نابێتە لەمپەر لەبەردەممدا کە دەسبەجێ گوللەباران بکرێی." هەر لە ڕاستیدا ناپلیۆن لە یەکەم ساتەکانەوە هەمووانی تێگەیاند، لە نێو لەشکردا بەرهەڵستی لە هیچ کەس قبوولّ ناکا و هەر کەس بیەوێ بەرەنگاری بێتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگە و پایەکەی وردی دەکا. لەو ڕاپۆرتانەدا کە بۆ دیرکتواری پاریسی دەناردن، بەبێ پێچوپەنا و هیچ ڕوونکردنەوەیەک دەینووسی:

"لێرە دەبێ هەر ئاگر بدەی و گوللەباران بکەی."

بۆناپارت دەسبەجێ بە گژ پشێوی و دزی و فزییەکاندا چۆوە. سەربازەکان دەمودەست تێگەیشتن و ئەوەش زۆر لە دەستەی گوللەباران پتر بۆ سەقامگیرکردنەوە و ئەهوەنکردنەوەی وەزعەکە یارمەتیدەر بوو. بەڵام لەو بارودۆخەی ئەودا، گنخاندن و وەدرەنگێ خستنی عەمەلیاتی سەربازی تا دابینکردنی تفاق و پێداویستییەکانی لەشکر، ڕێک بە مانای وازهێنان لە شەڕەکەی 1796 بوو. بۆیە بڕیارێکی دا کە لە یەکەم وتاریدا بۆ سەربازەکانی تەواو ڕەنگی داوەتەوە.

لە سەر ئەوەی ئاخۆ ئەم قسانە دەقاودەق بەوشێوەیەی لە کتێبەکانی مێژوودا نووسراوەتەو و ئاخۆ کەی و کێ نووسیونیەتەوە، زۆر گوتراوە و ئەمڕۆ ئەوانەی بەسەرهاتی ناپلیۆنیان نووسیوەتەوە لەوە دڵنیان کە چەند ڕستەی سەرەتای ئەم وتارە باوەڕپێکراوە و، باقی قسەکان ئیتر پەخشانێکی ئەدەبییە و دواتر لێی زیاد کراوە. لەبارەی ئەو چەند ڕستەیەی یەکەمیشەوە من پێداگرانە دەڵێم دەتوانین هەر نێوەرۆکەکەی پشتڕاست بکەینەوە نەک دەقاودەق ڕستەکە:

"سەربازەکان، ئێوە ڕووت و قووت و برسین. من دەتانبەمە بەخێروبێرترین دەشتەکانی جیهان."
هەر لە یەکەم هەنگاوەکانیدا، ناپلیۆن باوەڕی وابوو، کە هەر جەنگێک دەبێ تێچووی جەنگەکانی دواتری دابین بکا و هەموو سەربازێک دەبێ لە دڵەوە حەزی لەو جەنگە بێ کە لە باکووری ئیتالیا تێیدا بەشدار دەبێ. دەبێ بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بێ تا هەموو پێداویستییەکانی لەشکرەکەی دابین دەکرێ، خۆی بۆ لەشکرەکەی بسەلمێنێ، کە دەبێ بەشی پێویستی خۆیان و بگرە زیاتریش لە دوژمن بستێنن. سەردارە گەنجەکە وێڕای ڕوونکردنەوەی بۆچوونەکانی خۆی بەتایبەتی لەسەر ئەم خاڵە پێی داگرتەوە. ئەو هەمیشە دەیتوانی لە نێو سەربازەکانیدا پێگە و دەسەڵاتێکی هەبێ و ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتری بکا و بەهێزتری بکا و ڕێز و دەسڕۆیشتوویی خۆی لە دەروونی سەربازەکانیدا بگوورێنێ. ئەو قسە و چیرۆکانەی دەڵێن ناپلیۆن ئاشقی سەربازەکانی بووە و خۆشی ویستوون، هەڵبەستراو و بێ بنەمان، چونکە ئەو جارێکیان ڕاشکاوانە گوتبووی "سەرباز، گۆشتی بەردەم تۆپن" و هیچی دی. ئەوەی ئەشق بێ، لەگۆڕێدا نەبووە بەڵام زۆر باش چاوی بەسەریانەوە بووە و سەربازی خۆی باش پاراستووە. ناپلیۆن لێی ڕوون بوو ئەم ئاگالێبوونە، لە چاوی سەربازەکاندا، دڵسۆزیی فەرماندەیەکە بۆ ژێردەستەکانی خۆی. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو هەموو فکر و خەیاڵی ئەوە بوو، ئامرازێکی زۆر باش و بەهرەمەندی بۆ جەنگ بە دەستەوە بێ. بۆناپارت لە 1796دا یانی لە سەرەتای یەکەم سەفەرە جەنگییەکەیدا، لەبەرچاوی سەربازەکانی خۆی تەنیا ئەفسەرێکی لێهاتووی تۆپخانە بوو، کە دوو ساڵ و بڕێک پێشتر لە گەمارۆی تۆلۆندا ئازایەتی و لێوەشاوەیی خۆی سەلماندبوو و ژەنەڕاڵێک بوو، کە لە مانگی

واندەمیردا ئەو ڕاپەڕیوانەی دابووە بەر تۆپ کە پەلاماری کۆنفانسیۆنیان دابوو. هەر ئەوەندە و هیچی دی. بۆناپارت هێشتا ئەو کەسایەتییە پێویستە و ئەو دەسەڵاتە بێجڵەوەی بەسەر سەربازەکانیدا نەبوو. بۆیە بڕیاری دا بە پێدانی ڕاستەوخۆی ئەو دەسکەوت و خێروبێرانەی لە ئیتالیا چاوەڕێی دەکرد، کار بکاتە دڵی سەربازەکانییەوە.

ڕۆژی نۆی ئەپریلی 1976، بۆناپارت لەگەڵ لەشکرەکەی لە ئاڵپ پەڕییەوە.

ژەنەڕاڵ ژۆمینی بە ڕەچەڵەک سویسری و مامۆستای هونەری لەشکرکێشی و تاکتیکی سەربازی و نووسەرە بەناوبانگەکەی "مێژووی تێروتەسەلی جەنگە ناپلیۆنییەکان" کە سەرەتا لەخزمەت ناپلیۆندا بوو و دواتر بوو بە سەربازی ڕووسیا، دەڵێ: بۆناپارت هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی فەرماندەییەکەیدا، ئازایەتییەکەی گەیشتە ئاستی چاوقایمی و نەترسان و گوێنەدان بەو مەترسییانەی لەسەری بوون: لەگەڵ لەشکرەکەی خۆی، مەترسیدارترین بەڵام کورتترین ڕێگەی کوێستانیی گرتە بەر کە بە درێژایی زنجیرە چیاکانی ئاڵپ بەلای دەریادا و بە زینوێی "کۆرنێش"دا تێدەپەڕی. لە حاڵێکدا لەشکرەکەی ئەو بەردەوام لەبەردەم مەترسیی ئاگری تۆپخانەی ئەو پاپۆرە ئینگلیزیانەدا بوون کە لە کەنارەکە هاموشۆیان دەکرد. بەو جۆرە بۆ یەکەم جار یەکێک لە لایەنە تایبەتییەکانی ناپلیۆن دەرکەوت. لەلایەکیشەوە، هەرگیز لە چاونەترسی و ئازایەتیی لەڕادەبەدەر و سەرچڵانەدا، وەک سەردارە هاوچەرخەکانی خۆی وەک لان و و مۆرا و نێی و ژەنەڕاڵ میلۆرادۆیچ و فەرماندە تازەترەکانی وەک سکۆبلۆفی خۆی نەنواند. چونکە ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە فەرماندەی لەشکر لە کاتی جەنگدا، تا ئەو

دەمەی هەر بەڕاستی لە ڕادەبەدەر پێویست نەبێ، نابێ گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە مەرگی ئەو ببێتە هۆی لێکترازان و پەرشوبڵاوبوونی لەشکرەکەی و بڵاوبوونەوەی ترس لە نێو سەربازەکان و دۆڕاندنی شەڕەکە و ئینجا شکست و بەزینێکی حەیابەرانەی لێ بکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەگەر پێویست بێ، فەرماندە ببێتە سەرباشقە و نموونەی ئەوانی دی، بەبێ ئەوەی تۆزە گومانێکیشی بەدڵدا بێ، دەبێ خۆی بەنێو ئاگری دوژمنیدا بکا.

بەختەوەرانە ناپلیۆن توانیی لە پێنجەم تا نۆیەمی ئەپریلی 1796 لە ملەی کۆرنیش بپەڕێتەوە و، هەر گەیشتە ئیتالیا دەسبەجێ بڕیارەکەی خۆی دا. لە بەرانبەریدا لەشکری نەمسایی و پیەمۆنی ڕاوەستابوون کە وێکڕا و لە سێ دەستەی گەورەدا، ڕێگەکانی پیەمۆن و جێنۆڤایان بەدەستەوە بوو. یەکەم جەنگ لەگەڵ یەکەی نەمسایی ئارژانتۆ لە شەڕگەیەک بەناوی مۆنتێنۆت ڕووی دا. بۆناپارت هەموو هێزەکانی خۆی وەک ئاپۆرایەک چڕ کردەوە و بولیۆی فەرماندەی نەمسایی کە بەشی هەرە زۆری لای باشووری داگرتبوو و ئاگای لە جادەی جێنۆڤا بوو، خافڵگر کرد و یەکجێ بەسەریدا دا. لە چەند سەعاتێکدا نەمساییەکانی بەزین. بەڵام ئەو یەکەیە تەنیا بەشێکی بچووکی لەشکری نەمسا بوو و بۆناپارت پاش ئەوەی پشوویەکی کورتی بە سەربازەکانی دا، لە پێشڕەوییەکەی نەوەستا. دوو ڕۆژ دواتر، یەکەکانی پیەمۆنی لە نزیک ملزیمۆ تەواو تێک شکێنران. بەجێهێشتنی شەڕگەیەکی پڕ لە کوژراو و بریندار و لەدەستدانی پێنج لیوا سەرباز و بەجێهێشتنی چەک و 13 عارەبانە تۆپ و ڕاکردنی باقی لەشکرەکە، ئاکامی جەنگی ئەو

ڕۆژەی هاوپەیمانەکان بوو. بۆناپارت بەبێ ئەوەی دەرفەتی بەخۆداهاتنەوە بە دوژمنەکەی بدا، دەسبەجێ سەری لە دوو نان. بە ڕای مێژوونووسە سەربازییەکان، یەکەم جەنگەکانی بۆناپارت ـ شەش سەرکەوتن لە شەش ڕۆژدا ـ لە ڕاستیدا جەنگێکی زۆر زۆر گەورەیە. بنەمای تاکتیکەکانی ناپلیۆن لەو چەند ڕۆژەدا زۆر جوان دەرکەوتن": بەو شێوەیە، کە دەسبەجێ هێزەکانی خۆی وەک ئاپۆرایەک چڕ دەکردەوە و بە ئامانجێکی ستراتژیی دیاریکراودا خۆی دەگەیاندە ئامانجێکی دیکە و لەوێیش بەبێ ئەوەی خۆی بە مانۆڕ و خۆڕانانی جۆراوجۆرەوە بخافڵێنێ، ڕکێفکوت هەر جارە و خۆی بە دەستەیەکی دوژمنەکەیدا دەدا.

یەکێکی دیکە لە لایەنە دیارەکانی ناپلیۆن کە لەم جەنگەدا دەرکەوت، بەهرەی ئەو بوو لە تێکەڵکردنی تەکنیکی سیاسەت لەگەڵ ستراتیژی سەربازی وەک یەک هونەر و تەکنیکی لێکدانەبڕاو. ئەو کە لە یەک حەفتەی ئەپریلی 1796دا لە سەرکەوتنێکەوە بەرەو سەرکەوتنێکی دی هەنگاوی دەنا، هەرگیز ئەوەی فەرامۆش نەکرد کە دەبێ پیەمۆن، یانی دەوڵەتی پادشایەتیی ساردنیا ناچار بکا زۆر خێرا و یەکلایەنە پەیمانێکی ئاشتیی لەگەڵ ببەستێ بۆ ئەوەی جگە لە نەمساییەکان هیچ کۆسپێکی لەبەردەم نەمێنێ. پاش ئەو سەرکەوتنە تازەیەی لە جەنگی پیەمۆنییەکاندا لە مۆندۆڤی بە نەسیبی فەرەنسییەکان بوو و پاش ئەوەی ئەو شارە خۆی ڕادەستی ناپلیۆن کرد، ئیتر سەرداری پیەمۆنی ناسراو بە کۆلی، دانوستانەکانی ئاشتیی دەست پێ کرد و پەیمانی تەقەوەستاندن لە ڕێکەوتی 28ی ئەپریلدا لەگەڵ پیەمۆن ئیمزا کرا. مەرجەکانی ئەو ئاگربەستە بۆ وڵاتی بەزیو زۆر قورس و گران بوو. ڤیکتۆر ئامێدێیەی پادشای پیەمۆن دوو قەڵای لە قەڵا هەرە

باشەکانی خۆی و چەند شوێنی دیکەی ڕاەستی ناپلیۆن کرد.
پەیمانی لێبڕاوانەی ئاشتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتە لە ڕێکەوتی 15ی مای 1796دا لە پاریس واژوو کرا. دەوڵەتی پیەمۆن بە فەرمی دەربەست بوو کە جگە لە هێزی فەرەنسییەکان، نەهێڵێ هیچ هێزێکی دیکە بە خاکی وڵاتەکەیدا تێپەڕن و لەمەودواش لەگەڵ هیچ وڵاتێکدا نەبێتە هاوپەیمان، بەتایبەتی کۆنت نشینی نیس و هەموو خاکی ساڤۆیی دەدایە فەرەنسا و بەو جۆرە سنووری نێوان فەرەنسا و پیەمۆن تەواو بە قازانجی فەرەنسا "چاک" کرا. پیەمۆن دابینکردنی تفاق و پێداویستیی سوپای فەرەنساشی گرتە ئەستۆ .
ئیتر یەکەم خزمەتی ناپلیۆن بەو جۆرە گەیشتە ئەنجام. جا ئێستا نۆرەی نەمساییەکان بوو. بۆناپارت پاش دەستەبەرکردنی سەرکەوتنە تازەکان، ئەوانیشی بەرەو ڕووباری پۆ کشاندەوە و ناچاری کردن بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئەو یەکاوە پاشەکشێ بکەن و خۆیشی لە ڕووبارەکە پەڕییەوە و کەوتە ڕاونانیان. ترس باڵی بەسەر هەموو دەربارەکانی ئیتالیادا کێشا. دووک پارمێ، کە لە ڕاستیدا هیچ بەتەمای جەنگ لەگەڵ فەرەنسیەکاندا نەبوو، بوو بە یەکەم قوربانیی ئەو پێشڕەوییە. بۆناپارت چونکە بڕوای بەو دڵنیاییانە نەکرد وا دووک پێی دەدا، بڕوای بە بێلایەنبوونەکەی نەکرد و پیتاکێکی سالانەی بە بڕی دوو ملیۆن فرانک زێڕ خستە سەر شانی پارمێ و ناچاری کرد 1700 سەر ئەسپیشی بۆ دابین بکا. بۆناپارت کە هەروا بەرەو پێشەوە دەچوو، گەیشتە گوندە بچووکەکەی لۆدی و لەوێ دەبوایە لە چۆمی ئاددا بپەڕێتەوە. ئەم شوێنە گرینگەش، یەکەیەکی نەمسایی کە دوو هەزار شەڕکەر بوون، دەیانپاراست.

لە ڕۆژی دەیەمی مانگی مایدا، شەڕە بەناوبانگەکەی لۆدی هەڵاییسا. لەو شوێنەش بۆناپارت وەک ئەوکاتەی بە یاڵی کۆرنیشدا دەپەڕییەوە، بەپێویستی زانی گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە: لەو کاتەدا کە جەنگێکی خوێناوی لە پێش پردەکە بەرپا ببوو، فەرماندەی گشتیی هێزەچەکدارەکان لە ژێر ئاگربارانی چەکی دوژمندا بە سەرکردایەتیی لیوایەکی نارنجۆکهاوێژ هێرشی برد. بیست تۆپی نەمسایی پردەکە و دەوروبەریان ئاگرباران کرد و ڕایانماڵی. نارنجۆکهاوێژەکان کە بۆناپارت لە پێشیانەوە بوو، پردکەکەیان گرت و نەمساییەکانیان کە 2000 کوژراو و بریندار و 15 تۆپیان بەجێ هێشتبوو، لەوێ دەرپەڕاند. بۆناپارت دەسبەجێ کەوتە ڕاونانی دوژمنە ڕاکردووەکەی و لە 15ی مانگی مایدا چووە نێو میلان. ڕۆژی پێشتر یانی لە چواردەی مانگی مایدا ـ بیستوشەشەمی فلۆریاڵ ـ بۆ دیرکتواری نووسیبوو، ئیتر ئەیالەتی لۆمباردی لەمەودوا ئی کۆماری فەرەنسایە.

لە مانگی جووندا، لیوایەکی دیکەی فەرەنسا کە مۆروا فەرماندەی بوو، بە ئەمری ناپلیۆن شاری لیۆڤرونێی داگیر کرد و ڕێک لەو کاتەدا ژەنەراڵ ئۆژۆ خەریکی گرتنی بۆلۆنی بوو. بۆناپارت لە نیوەی مانگی جووندا خۆی مۆدۆنی گرت و ئینجا نۆرەی تۆسکان هات، ئەگەرچی دووکی ئەو ویلایەتە لە جەنگی نەمسا و فەرەنسادا، بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاندبوو. ناپلیۆن کە هیچ گوێی بە بێلایەنیی ئەو دەوڵەتە ئیتالیاییانە نەدەبزووت، دەچووە سەر شار و گوندەکانیان و هەر شتێکی بۆ لەشکرەکەی پێویست بوایە لێی دەستاندن و بە گشتی هەر شتێکی بەنرخیشی دەست کەوتبایە، وەک تۆپ و تفەنگ و باروت تا دەگاتە تابلۆی شێوەکاریی مامۆستاکانی سەردەمی ڕێنسانس، بە زۆر لێی دەستاندن و دەیبرد.

بۆناپارت چاوپۆشیی لەو ڕابواردنانە دەکرد، کە شەڕکەرەکانی ئەوکات زۆریان حەز لێ بوو، هەتا وای لێ هات لە هەندێ شوێن خەڵک لێیان ڕاپەڕین. لە پاڤیە، خەڵک لە سەربازە فەرەنسیەکان وەدەنگ هاتن. لە لوگۆی نزیک فێڕارایش خەڵک پێنج سەربازی سوارەیان کوشت و فەرمان درا خەڵکی شارەکە کۆمەڵکوژ بکرێن: سەربازە فەرەنسیەکان چەند سەد کەسیان دایە بەر دوخی شمشێر و دەستیان کرد بە تاڵان و بڕۆ و هەموو ئەو کەسانەیان کوشت کە گومانی دوژمنایەتیان لێ دەکرا. هەڵبەت پەندی ئاوا درێندانە بە ناوچەکانی دیکەش درا.

بۆناپارت هەر تۆپخانەکەی خۆی بەو تۆپ و تەقەمەنیانە بەهێز و پتەو کرد، کە لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا لە نەمساییەکانی گرتبوو یان لە ولاتانی بێلایەنی ئیتالیای ئەستاندبوون، ئینجا هێرشی کردە سەر قەڵا لەشکانناهاتووەکەی مانتۆ، کە هەم لە ڕووی هەڵکەوتەی سروشتی و هەمیش لە ڕووی بنەماکانی سەنگەرلێدانەوە یەکێک بوو لە پتەوترین قەڵاکانی ئەوروپا.

بۆناپارت تازە لە گەمارۆی ڕێکوپێکی قەڵاکە ببۆوە، کە بیستی، لەشکرێکی نەمسایی بە 30000 کەسەوە بە فەرماندەیی ڤۆرمسێر، کە سەرداریکی زۆر لێوەشاوە و کۆڵنەدەر بوو، لە تیرۆڵەوە بەتایبەتی بۆ پشتیوانیی گەمارۆدراوانی نێو قەڵاکە کەوتووەتە ڕێ. ئەو هەواڵە دوژمنانی فەرەنسای لە ڕادەبەدەر دڵگەرم کرد. لە لایەکەوە لە بەهار و هاوینی ساڵی 1796دا هەزاران دێهاتی و خەڵکی شار کە لە چنگ تاڵان و بڕۆی سوپاکەی ژەنەڕاڵ بۆناپارت وەزاڵە هاتبوون، هاتنە ڕێزی پیاوانی ئایینی کاسۆلیک و ئەو خانەدانە نیوە فیۆدالانەی باکووری ئیتالیا کە لە بنەماکانی ئەو شۆڕشە بۆرژوایەی وا سوپای فەڕەنسا بەدیاریی هێنابووی بێزار بوون. پیەمۆنی بەزیو، کە بە ناچار پەیمانی

ئاشتیی ئیمزا کردبوو، دەیتوانی لە پشتەوەی بۆناپارتەوە ڕاپەڕێ و هێڵی پێوەندیی نێوان ئەو و فەرەنسا بپسێنێ.
پاش ئەوەی بۆناپارت 16000 کەسی بۆ گەمارۆکەی قەڵای مانتۆ تەرخان کرد، تەنیا 29000 کەسی وەک یەدەگ بۆ مایەوە، بۆیە چاوەڕێ بوو لە فەرەنساوە هێزی پشتیوانی بگاتێ. ئەو یەکێک لە باشترین سەردارەکانی خۆی بە ناوی ماسنا نارد بەرەنگاری ڤۆرمسێر بێتەوە، بەڵام ڤۆرمسێر شکاندی. ناچار بۆناپارت یەکێکی دیکەی لە بندەستەکانی خۆی بەناوی ئۆژرۆ کە زۆر لێوەشاوە بوو و پێش خۆی دەرەجەی ژەنەڕاڵیی وەرگرتبوو، نارده شەڕی ڤۆرمسێرز، ئۆژرۆش پاشەکشێی پێ کرا. باری فەرەنسییەکان خەریک بوو نالەبار دەبوو و ئیتر ناپلیۆن شێوازێکی جەنگیی تایبەتی بەکار هێنا، کە بە ڕای مامۆستا دێرینەکانی بواری ستراتیژی سوپایی و تەنانەت مامۆستا نوێیەکانیش، هەر ئەو هونەرە بەتەنێ بەس بوو بۆ ئەوەی وەک ژۆمینی گوتبووی: شانازییەکی ئەبەدیی بە نەسیبی کردبایە، تەنانەت ئەگەر لەو کاتەدا کە لە کازیوەی ژیانی سەربازیی دورودرێژی خۆیدا بوو، بشکۆژرابایە.
ڤۆرمسێر کە بە خەیاڵپڵاوی سەرکەوتنێکی نزیک بەسەر خەنیمە مەترسیدارەکەیدا هاتبووە قەڵا گەمارۆدراوەکەی مانتۆ و گەمارۆکەی لەسەر هەڵگرتبوو، بەڵام کتوپڕ ئاگادار کرایەوە کە بۆناپارت بە هەموو هێزەکەی خۆیەوە هەڵیکوتاوەتە سەر ئەو تابووره نەمساییەی وا ڕاسپێردرابوو پێوەندیی ئەو و میلان بپسێنێ و لە سێ تێکهەڵچووندا لە لاناتۆ و سالۆ و بریسچیا تێکی شکاندووە. ڤۆرمسێر هەر ئەو هەواڵەی بیست، دەسبەجێ بە هەموو هێزەکەیەوە قەڵای مانتۆی بەجێ هێشت و پاش لێکبڵاوکردنی ئەو هێزە بەرگریکەرەی فەرەنسیەکان بە فەرماندەیی ڤالێتێ لەپێشیان دانابوو، و پاش دەرپەڕاندنی چەند تاقم و دەستەیەکی

دیکەی فەرەنسی لە هەندێ وردە تێکهەڵچووندا، ئاخری لە نزیک کاستیلیۆنێ تووشی ناپلیۆن بوو و، لە ئەنجامی مانۆڕێکی درەوشاوەدا کە تێیدا بەشێک لە هێزەکانی فەرەنسا لە پشتەوەڕا هەڵیانکوتایە سەر نەمساییەکان، زۆر بە توندی هێزەکەی ڤۆرمسێریان تێک شکاند. پاش کۆمەڵێک شەڕی دیکەش، ڤۆرمسێر لەگەڵ باقی لەشکرەکە بەزیوەکەی خۆی لە پێشدا بە دەوری زینوێ بەرزەکەی ئادیژێدا دەوریێکی لێ دا و ئاخرییەکەی هاتەوە قەڵای مانتۆ و خۆی مات دا. بۆناپارت گەمارۆکەی دەست پێ کردەوە. ئەمجارە نەمسا نەک بۆ یارمەتیی قەڵای مانتۆ، بەڵکو بۆ یارمەتیی ڤۆرمسێر بە پەلە لەشکرێکی نوێی بە فەرماندەیی ئالڤێنزی ـ کە وەک ڤۆرمسێر و ئارشیدۆک شارڵ، یەکێک بوو لە سەرداراە هەرەباشەکانی ئیمپراتۆری ـ ساز کرد. بۆناپارت بە 28500 شەڕکەرەوە ڕکێفکوت بەرەنگاری ئالڤێنزی بۆوە و 8300 کەسی بۆ گەمارۆدانی مانتۆ هێشتەوە. هێزی یەدەگ و پشتیوانی ئەو هەر هیچ نەبوو، 4000 کەسیش نەدەبوون. بۆناپارت زۆربەی کات پاتەی دەکردەوە: "ئەو سەردارانەی کە هێزی حەساوەی خۆیان بۆ شەڕی سبەینێ ڕادەگرن، هەر هەموویان دەبەزن و دەشکێن." ئەگەرچی ئەو خۆی حاشای لەوە نەدەکرد کە هێزی پشتیوان لە جەنگێکی دوورودرێژدا چەندە گرینگە. لەشکرەکەی ئالڤێنزی زۆر لە لەشکرەکەی فەرەنسا زیاتر و تۆکمەتر بوو و لە کۆمەڵێک شەڕدا، چەند لیوایەکی فەرەنسییەکانی تێک شکاند. بۆناپارت فەرمانی دا ڤینچێ و چەند شوێنێکی دیکەش چۆل بکەن و هەموو هێزەکانی لەخۆی کۆ کردەوە بۆ ئەوەی زەبری گورچوبڕ بوەشێنێ.

لە پانزەیەمی نۆڤەمبەری 1796دا لە نزیک ئارکۆڵ شەڕێکی قورس و سامناک و خوێناوی قەوما و تا ئێوارەی ڕۆژی حەڤدەی نۆڤەمبەری

خایاند. ئاخری ئالّڤینزی و ناپلیۆن تووشی یەکتر ببوون. نەمساییەکان کە ژمارەیان زۆر زیاتر بوو، شێلگیرانە شەڕیان دەکرد. ئیمپراتۆریی هابسبۆرگ بەوەجترین لیواکانی خۆی ناردبوو. یەکێک لە خاڵە لەڕادەبەدەر گرینگەکان، پردە بەناوبانگەکەی ئارکۆڵ بوو. سێ جار فەرەنسیەکان هێرشیان بردە سەری و پردەکەیان گرت و هەر سێ جارەکە بە زیانێکی قورسەوە پاشەکشێیان پێ کرا. بۆناپارت بە دووبارەکردنەوەی ئەو تاکتیکەی چەند مانگ لەوەپێش لە لۆدی بەکاری هێنابوو، پڕی دایە ئالّایەک و وەپێش کەوت. زۆربەی سەربازەکان و هەندێ لە ئاجودانەکانی لە دەوروبەری کوژران. ئەو جەنگە لەگەڵ ئەوەی جاروبارە تۆزێک ڕادەوەستا، سێ ڕۆژی خایاند. ئالّڤینزی بەزی و پاشەکشەی پێ کرا.

مانگ و نیوێک زیاتری خایاند تا نەمساییەکان توانییان لەو شکستەی ئارکۆڵ وەخۆ بێنەوە و بۆ تۆڵەستاندنەوە خۆیان ڕێک بخەنەوە. جەنگی یەکلاکەرەوە لە نێوەڕاستی مانگی جانیوەری ساڵی 1796دا قەوما. ژەنەڕاڵ بۆناپارت لە جەنگێکی خوێناویی سێ ڕۆژەدا لە نزیک بیڤۆلی، یانی لە ڕۆژانی 14 و 15 و 16ی جانیوەریی ساڵی 1797دا هەموو هێزە نەمساییەکانی کە ئەمجارە لەسەر شێوازی سەرداڕە فەرەنسییە گەنجەکە وەک ئاپۆرایەک چڕ ببوونەوە، تەواو تێک شکاند. ئالّڤینزی کە لەگەڵ باقی سەربازەکانی توانیبووی ڕا بکا، ئیتر نەیدەتوانی خەم لە ڕزگارکردنی قەڵای مانتۆ و سوپا گەمارۆدراوەکەی ڤۆرمسێر بخوا. حەفتەونیوێک پاش جەنگی ڕیڤۆلی مانتۆ خۆی بەدەستەوە دا و بۆناپارت بەوپەڕی نەرمونیانییەوە لەگەڵ ڤۆرمسێری بەزیودا هەڵسوکەوتی کرد.

پاش گرتنی قەڵای مانتۆ بۆناپارت بەرەو باکوور ئەسپی لینگ دا و ڕاشکاوانە هەڕەشەی لە ملّکە میراتییەکانی بنەماڵەی هابسبۆرگ کرد. هەر لەگەڵ ئەوەی ئاشیدۆک شارڵ ــ کە سەرەتای بەهاری 1797 بە هەڵپە و پەلەپەل بانگ کرابۆوە شەڕگەی ئیتالیا ــ لە زنجیرەیەک تێکهەڵچووندا لەبەر بۆناپارت بەزی و تا کەناری چۆمی بڕێننێر ڕاو نرا و لەوێشەوە بە زیانێکی زۆر قورسەوە پاشەکشەی کرد، ترس بەسەر ڤیەننا و پێش هەموویشیان بەسەر دەرباری ئیمپراتۆردا زاڵ بوو. لە شاردا دەنگۆ داکەوت کە خەریکن بە پەلە زێڕ و جەواهێراتی پادشایەتی دەپێچنەوە بۆ ئەوەی لە شوێنێکی ئەمین تاقەتی بکەن. پایتەختی نەمسا کەوتبووە بەر هەڕەشەی هێرشی سوپای فەرەنسا. ئانیبالّ گەیوەتە بەر دەروازەکان. بۆناپارت لە تیرۆڵە و سبەی دەگاتە ڤیەننا". دەنگۆ و داستان و قسەی لەو چەشنە لە یادگە و زەینی ئەو خەڵکەدا کە ئەوکات لە کۆنە پایتەختە پڕ ناز و نیعمەتەکەی ئیمپراتۆریی هابسبۆرگدا دەژیان، مایەوە. لەنێوچوونی باشترین سوپاکانی نەمسا، تێکشکان و بەزینە حەیابەرەکان کە لێوەشاوەترین و بەئەزموونترین سەردارەکانی ئەو وڵاتە تووشی ببوون، لەکیسچوونی سەرانسەری باکووری ئیتالیا و ئەو هەڕەشە ڕاستەوخۆیەی باڵی بەسەر نەمسادا کێشابوو، دەسکەوتی جەنگێکی یەک ساڵە بوو، کە لە کۆتایی مارسی 1796ـەوە یانی لەو کاتەوە کە بۆناپارت بۆ یەکەم جار فەرماندەیی لەشکرێکی فەرەنسیی گرتە ئەستۆ، دەستی پێ کردبوو. ئەوروپا پڕ ببوو لە ناو و ناوبانگی وی.

لەشکرەکەی ئارشیدۆک شارڵ پاش ئەوەی شانی دایە بەر شکستە تازەکان و پاشەکشەی گشتی، ئیتر دەرباری ڤیەننا هەستی بە مەترسیی جەنگەکە کرد. لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەپریلی 1797دا ژەنەڕاڵ بۆناپارت بە فەرمی ئاگادار کرایەوە کە فرانسیوا، ئیمپراتۆری نەمسا داوای دانوستانی ئاشتیی کردووە. شیاوی لێوردبوونەوەیە کە بۆناپارتیش بە نۆرەی خۆی چەندی لە دەستی هات هەوڵی دا لەم کاتە لەبارەدا کۆتایی بە جەنگ لەگەڵ نەمساییەکان بێنێ و هاوکات بە هەموو هێزەکەیەوە زۆری بۆ ئارشیدۆک شارڵ ـ کە لەبەری هەڵدەهات ـ هێنابوو کە بەڵێ بۆ سازان ئامادەیە. هەمووان ئاگاداری ئەو نامە سەیروسەمەرەیەن کە بۆناپارت وێڕای پاراستنی شکۆی تێکشکاوەکان، دەنووسێ، ئەگەر بێت و بتوانێ پەیمانێکی ئاشتەوایی مۆر بکا، زۆر زیاتر شانازی بەخۆیەوە دەکا لەچاو ئەو "شانازییە بێفەڕانەی لەوانەیە لە سۆنگەی سەرکەوتنی سەربازییەوە دەستەبەر بن." ئەو بە شارڵی دەگوت: "چما کەممان بنیادەم کوشتووە؟ کەممان ئازار و ژان بە مرۆڤایەتیی چارەڕەش چێشتووە؟"

دیرکتوار بۆ ڕێککەوتن و ئاشتی ڕازی بوو، تەنیا بیری لەوە دەکردەوە کێ وەک نوێنەر بنێرێ بۆ دانوستانەکان. هەڵبەت لەوکاتەدا کە ئەو لەو بیر و خەیاڵەدا بوو و کەسی هەڵبژێردراو بۆ ئەو مەبەستە یانی کلارکێ، بۆ لای بۆناپارت بەڕێگەوە بوو، ئەو سەرداڕە جیهانگیرە پێشتر پەیمانی تەقەوەستاندنی لیۆبێنی واژوو کردبوو.

هەر لە سەرەتای دانوستانەکانی ئاشتیی لیۆبۆندا، بۆناپارت پاکانەحیسابی لەگەڵ ڕۆماش کرد. پاپا پیوسی شەشەم، دوژمنە قەستەسەرەکەی فەرەنسا پاش ئەوەی ژەنەڕاڵ واندەمیری لە پاداشتی

سەرکوتی شاپەرستە ئیمانداڕەکان لە ڕۆژی سێزدەیەمی مانگی گوڕیندا پلەی فەرماندەیی وەرگرتبوو، ئەوی بە "مولحیدی دۆزەخی" دەزانی و لەو شەڕە گران و تاقەتبڕەشدا کە نەمسا لەپێشی بوو، چەندی پێی کرا یارمەتیی ئەو دەوڵەتەی دەکرد. هەر ڤۆرمسێر قەڵای مانتۆی بە سەربازگە 13000 کەسییەکەی و سەدان تۆپەوە ڕادەستی فەرەنسییەکان کرد و بۆناپارت توانیی کەلک لەو هێزانە وەرگرێ کە بۆ گەمارۆدانی دابنابوو، ئیتر بەرەو ملکەکانی دەرباری پاپا لەشکری جووڵاند.

هێزەکانی پاپا لە یەکەم تێکهەڵچووندا لێک بڵاو بوون و وەها تێژ تێیان تەقاند، کە دوو سەعاتی خایاند تا ژۆنۆ کە ناپلیۆن ڕایسپاردبوو ڕاویان بنێ، بیانگرێتەوە. ئەو شمشێری لێ ڕاکێشان و ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن و ئەوانی دیکەی بە دیل گرت. ئینجا شارەکان یەک لە دوای یەک بەبێ بەرگری خۆیان ڕادەستی بۆناپارت کرد. ئەویش هەر شتێکی تۆزە بایەخ و بەهایەکی هەبوو، هەر لە زیو و خشڵی ئەڵماس و پەردە و تابلۆی شێوەکاریەوە تا دەگاتە قاپ و قاچاخی گرانبایی هەمووی تاڵان کرد. لە تاڵانی شار و دێر و خەزێنەی کۆنەکلێساکاندا وەک ئەوەی لە ئیتالیا بە نەسیبی ببوو، دەریایەک خەنیمەت و دەسکەوتی پێ بڕا. دەوڵەمەند و پیاوە پلەبەرزەکانی ئایین کە هەر زراویان چووبوو، بەکۆمەڵ لە ڕۆماوە بەرەو ناپڵ ڕایان کرد.

"پیوس"ی شەشەم، ترس لێنیشتوو، نامەیەکی پڕ لە پاڕانەوەی بۆ بۆناپارت نووسی و بە کاردینالٌ ماتێی برازایدا لەگەڵ وەفدێک بۆی نارد و داوای ئاشتەوایی لێ کرد. ژەنەڕاڵ بۆناپارت ئەم داوایەی بە دڵفرەوانییەوە وەرگرت و لەگەڵ ئەوەشدا دەسبەجێ نوێنەرانی پاپای تێگەیاند کە مەرجی ئاشتی تەنیا ئەوەیە بەبێ مەرج خۆ بەدەستەوە

بدەن. لە ڕێکەوتی 19ی فێبریوەری 1797دا، ڕێککەوتنی ئاشتی لە تۆلنتینۆ ئیمزا کرا، کە بەپێی ئەو سازانە، پاپا بەشێکی زۆری بەپیت و بەرەکەتترین ویلایەتەکانی خۆی بە فەرەنسا دەسپارد و غەرامەتێکی بەبڕی 30 ملیۆن فرانک زێڕیشی دەدانێ و جوانترین تابلۆ و پەردەی شێوەکاری و گرانبایيترین پەیکەرەکانی نێو مۆزەخانەکەی خۆیشی ڕادەست دەکردن. ئەو کەلوپەلە هونەرییە لەگەڵ ئەو شتانەی پێشتر لە شارەکانی میلان و بۆلۆنی و مۆدۆن و پارم و پێڵزانس و دواتر لە ڤێنێسیا تاڵان کرابوون، لە لایەن بۆناپارتەوە نێردرانەوە پاریس. پاپا پیوسی شەشەم وەها ترسا بوو کە هەموو مەرجەکانی ئەو ڕێککەوتنەی قبووڵ کرد بەتایبەتی ئەم کارە بۆیەش بە ئاسانی تەواو بوو، چونکە بۆناپارت هیچ پێویستیی بە ڕەزامەندیی پاپا نەبوو.

بۆچی ناپلیۆن هەر ئەو کاتە ئەم کارەی نەکرد، کە چەند ساڵ دواتر ناچار بوو بیکا؟ بۆچی ڕۆمای نەگرت و پاپای قۆڵبەست نەکرد؟ پێش هەموو شتێک لەبەر ئەوەی هێشتا خەریکی دانوستان بوو لەگەڵ نەمسا و ئەگەر لەوە زیاتر خراپ لەگەڵ پاپا جووڵابایەتەوە، مەترسیی ئەوە هەبوو کاسۆلیکەکانی ئیتاڵیای ناوەندی و باکووری دنە بدا و تووڕەیان بکا و لە ئاکامدا لە پشتەوەی خۆیەوە مەترسی بۆ لەشکرەکەی دروست بکا. جگە لەوەش ئێمە دەزانین لەو یەکەم جەنگە درەوشاوەیەی ئیتالیادا، بە سەرکەوتنە پەیتاپەیتاکانی بەسەر لەشکری لە هەژمارنەهاتوو و بەهێزی ئیمپراتۆریی نەمسادا کە ئەو کات خەنیمێکی لە ڕادەبەدەر مەترسیدار بوو، ژەنەراڵە گەنجەکە، شەوێک تا بەیانی لەبەر تریفەی مانگ لەبەردەم خێوەتەکەی هەر پیاسەی کرد و بۆ یەکەم جار پرسیارێکی لەخۆی کرد، کە تا ئەو کات قەت بە زەینیدا نەهاتبوو: ئاخۆ

دەبێ هەروا لە پێناوی دیرکتوار یانی بەخاتری پۆلێک مفتەخۆر، خەریکی تێکشکاندن و گرتنی وڵاتانی تازە بێ؟
دەبوایە چەند ساڵانی بەسەردا بێ و ئاوی چۆم و ڕووباران بە بن پرداندا ڕابرن و دەریایەک خوێن بڕژێ، جا ناپلیۆن ئەو فکر و هزرانە لەقاو بدا کە ئەوێ شەوێ بە مێشکیدا هاتبوون. بەڵام ئیتر ڕوون و ئاشکرایە کە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی "نەخێر" بوو. ساڵی 1797، ئەو جیهانگیرە 28 ساڵانەیە ئیتر وەک پیرەپیاوێکی پیر و زورهان و کەنف لە ترسان و لەرزۆک سەیری پیوسی شەشەمی نەدەکرد کە گەمەی دەستی خۆی بێ، بەڵکوو پیوس بۆ ناپلیۆن پێشەوای ئایینی ملیۆنان خەڵک لە فەرەنساش بوو و هەر کەس خەیاڵی سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو خەڵکەی لە مێشکدا بێ، ناچار دەبوو حیسابێک بۆ خوڕافات و خەیاڵی پڕوپووچیان بکا.
ناپلیۆن کلێسای ڕێک وەکوو ئامرازێکی مەعنەویی پۆلیسی سەیر دەکرد، کە بەکارهێنانەکەی بۆ هەڵسووڕاندنی جەماوەر و ڕەشایی شتێکی ئاسان و ئاسوودە بوو و، بە ڕای ئەو بەتایبەتی کلێسای کاسۆلیک هەر بۆیە زۆر بەکەلک بوو. ئەگەرچی مخابن ئەو کلێسایە بەردەوام بانگەشەی ئەوەی کردبوو و دیسانیش هەر بانگەشەی دەکردەوە کە ڕۆڵێکی سیاسیی سەربەخۆیانە دەگێڕێ و، ئەو بانگەشەیەش لەوەڕا سەرچاوەی دەگرت کە داموددەزگایەکی تۆکمە و ڕێکوپێک و تەواو ملکەچی پێشەوای ئایینەکەی هەبوو، بەڵام سەبارەت بە پلەوپایەی پاپایەتی، ناپلیۆن ڕای وابوو، کە ئەو پێگەیە، تەنیا و تەنیا بەرهەمی فرتوفێڵ و دەسخەرۆیی و کۆمەڵێک چاوبەستن و گزیکارییە، کە لە درێژایی دوو هەزار ساڵدا جێگیر کراوە و ئۆسقۆفەکانی ڕۆما لەسەردەمی خۆیاندا بەکەلکوەرگرتنی شارەزایانە لە هەلومەرجە

ناوچەیی و مێژوونووسەکانی ژیانی سەدەکانی نێوەڕاست، ئەوەیان داهێناوە. بەڵام ئەوەی کە ئاخۆ ئەم خوانی فرتوفێڵ و گزیکارییە چۆن توانیویەتی ببێتە هێزێکی سیاسیی زۆر جیددی، بابەتێک بوو، کە ناپلیۆن زۆر بە باشی لێی تێدەگەیشت.
پاپا، ملکەچ و گوێڕایەڵ، لە حاڵێکدا ئاوەدانترین ملکی خۆی لەدەست دابوو، تا ماوەیەکی بەدەم ترس و لەرەزەوە لە کۆشکەکەی خۆی لە ڤاتیکان هەر پارێزراو بوو، چونکە ناپلیۆن پێی نەنایە ڕۆماوە. ئەو هەر کاری پاپای یەکلا کردەوە، بەپەلە گەڕایەوە باکووری ئیتالیا بۆ ئەوەی دڕێژە بە دانوستان و ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ نەمسای بەچۆکداهاتوو بدا. پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێین کە بۆناپارت خۆی ڕاستەوخۆ کاروباری پێوەندیدار بە ڕێککەوتنی لیۆبۆن و دواتریش دابودەستوور و ڕێوشوێنەکانی پێوەندیدار بە ئاشتیی کامپۆفرمیۆی ڕایی کرد و بە گشتی لە هەموو دانوستانە سیاسییەکانیشدا بەو دەسەڵات و وڕەیەوە جووڵایەوە و بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ڕا و بۆچوونی هیچ کەسێک، مەرجەکانی بەدەستی خۆی نووسییەوە. باشە شتی وا چۆن دەکرا؟ بۆچی ئەو وەها سادە ئەم کارانەی پێ ڕادەپەڕێنرا؟ یەکەم لەسەر ئەو بنەما قەدیمییەی کە گوتوویانە: "سەرکەوتووەکان دادگایی ناکرێن"، سەردارەکانی کۆماری و هەرە باشەکەیان بۆ وێنە مۆرۆ، هەر ئەو ساڵە (1796)، چەند جاران لە کەناری ڕووباری ڕاین شکستی خواردبوو و سوپای ڕاین، سەرەڕای ئەوەی هەر لەسەرەتاوە تەیار و کۆک و پۆشتە کرابوو، بۆ مانەوەی خۆی داوای پارەی لە پاریس دەکرد، لە حاڵێکدا بۆناپارت کە ئاپۆرایەکی شڕ و ڕووت و قووت و بێ دسیپلینی کردبووە سوپایەکی تۆقێنەر و گیانلەسەر دەست، نەک فلسێکی لە پایتەخت نەدەویست، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ملیۆنان دراوی ئاڵتوون و شاکاری

هونەرییشی دەناردەوە پاریس و جگە لەوانەش ئیتالیای گرتبوو و سوپاکانی نەمسای یەک لە دوای یەک لە جەنگی بێ پسانەوەدا شکاندبوو و دەوڵەتی نەمسای ناچار کردبوو داوای ئاشتەوایی و ڕێککەوتن بکا. جەنگەکەی ڕیڤۆلی و گرتنی قەڵای مانتۆ و گرتنی ملک و داراییەکانی پاپا، یانی ئەو سەرکەوتنانەی دوایی، تەواو دەسەڵاتەکەی ئەویان چەسپاندبوو.

3

لیۆبۆن، یەکێک لە شارەکانی ئەیالەتی ستیریی نەمسایە، کە 250 کیلۆمەتر لە ڤیەننەوە دوورە. بۆناپارت بۆ ئەوە بە فەرمی و لێبڕاوانە هەموو ئەو ملکانەی لە ئیتالیا چاوی لێیان بوو بیانکاتە ئی فەرەنسا، یانی ئەوەندەی تا ئەو کات گرتبووی و ئەوەی دواتریش دەیویست لە باشوور بیخاتە بن دەسەڵاتی خۆیەوە، جگە لەوەش بۆ ئەوەی نەمساییەکان ڕازی بکا کە بە ڕاستی خۆیان لە شەڕگەی ڕۆژئاوای ئەڵمان هەڵنەقورتێنن کە تێیدا فەرەنسیەکان لە بارودۆخێکی باشا نەبوون، پێش هەموو شتێک دەبوایە نەمسا هێندێ قەرەبوو بکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێک لەو کاتەدا پێشەنگی لەشکرەکەی ئەو گەیشتبووە لیۆبۆن، بەڵام ناپلیۆن باش دەیزانی کە نەمسا بێت و چەقۆی بگاتە ئێسقانی، دەتوانێ شەڕی مان و نەمان بکا، جا بۆیە کاتی ئەوە بوو مەسەلەکە ببڕێنێتەوە و یەکلای بکاتەوە. بەڵام ئەوەی لە کۆێوە قەرەبوو کردبایەتەوە؟ لە ڤێنیسیا. ڕاستە کۆماری ڤێنیسیا تەواو بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاندبوو و بەردەوامیش هەوڵی دەدا هیچ بیانوویەک بەدەستەوە نەدا کە هێرش بکرێتە سەر وڵاتەکەی، بەڵام بۆناپارت لەو جۆرە دۆخانەدا، هەرگیز خۆی تێک نەدەدا.

بۆیەش هەر یەکەم بیانووی دەست کەوت، تیپێک سەربازی نارده سەر کەوشەنی ڤێنیسیا. تەنانەت پێش ئەو کاره، له لیۆبۆن پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ نەمسا بەو مەرجانەوە مۆر کردبوو: نەمساییەکان بەری چەپی چۆمی ڕاین و هەموو ئەو خاکەی ئیتالیایان که بەدەستەوە بوو و ئێستا ناپلیۆن گرتبوویەتی، دەدایە فەرەنسییەکان و لەبری ئەوە ئەوانیش بەڵێنیان دەدانێ ڤێنیسیایان پێ بدەن.

له ڕاستیدا بۆناپارت بڕیاری دابوو ڤێنیسیا دابەش بکا. ئەو شاره که خۆی لەسەر کۆمەڵێک دوورگەی بچووک بنیات نرابوو، دەبووە ملکی نەمسا و خاکی ڤێنیسیایش له بەژ و وشکانی لەگەڵ هەموو ئەو شوێنانەی جیهانگیر(ناپلیۆن) له ئیتالیای داگیر کردبوون، به بڕیاری وی دەدرایە کۆماره تازه دامەزراوەکەی سیزالپین. دیاره ئەو کۆماره نوێیە، جگه له ملکێکی فەرەنسی هیچی دی نەبوو. تەنیا هەندێ ڕێوشوێن دەمایەوە و ئەویش ئەوە بوو که سەرکۆماری ڤێنیسیا و ئەنجومەنی سەنای ئەو وڵاته ئاگادار بکەنەوە لەوەی مەملەکەتەکەیان که له سەرەتای دامەزرانەوە یانی له نیوەی سەدەی پێنجەمەوە تا ئێستا سەربەخۆ بووە، ئیتر نەماوە، چونکه ژەنەڕاڵ بۆناپارت وای ویستووە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئاکامێکی دڵخواز له سات و سەوداکانی وەرگرێ.

تەنانەت بۆناپارت تا نەخشەکەشی جێبەجێ نەکرد، دەوڵەتە گوێڕایەڵەکەی خۆی هەر لێ ئاگادار نەکردەوە. ئەو له نامەیەکدا به ناوی سەرکۆماری ڤێنێسیا که داوای ئەمان و پارێزرانی کردبوو، نووسیی: "پێتان وایە لژیۆنەکانی ئیتالیا لەو کوشتارانە خۆش دەبن که ئێوە دنەدەر و پاڵنەریانن؟ تۆڵەی خوێنی برا سەربازەکانی من دەستێنرێتەوە." ئەو تەوس و توانجانە ئاماژە به کوژرانی ملازمێکی فەرەنسی بوون له کەنداوی لیدۆ، بەڵام خۆ پێویست به گڕنە و بیانوو

هەر نەبوو و شتەکە ڕوون و ئاشکرا دیار بوو. بۆناپارت فەرمانی بە ژەنەڕاڵ باراگێ کرد ڤێنیسیا داگیر بکا. لە جوونی 1797دا کارەکە یەکسەرە کرابوو، یانی ئەو کۆمارە بازرگانە پاش سێزدە سەدە سەربەخۆیی و وێڕای مێژوویەکی پڕ لە ڕووداو، ئیتر نەما.
بەو جۆرە ئەم پاروویە نەرم و چەورە کەوتە دەستی بۆناپارت بۆ ئەوەی دابەشی بکا و ئەوە تاقە شتێک بوو کە بۆ بەستنی پەیمانێکی لێبڕاوانە و پڕتێچووی گەڵ نەمساییەکان لێی کەم بوو، بەڵام چارەنووس وابوو کە گرتنی ڤێنیسیا خزمەتێکی چاوەڕوانەکراوی دی بە ناپلیۆن بکا:
شەوێک لە شەوانی مانگی مای 1797، پەیکێک، پەیامێکی بەپەلەی لە ژەنەڕاڵ بێرنادۆتەوە کە بەو دواییانە بە فەرمانی سەرووی خۆی تێریستێی داگیر کردبوو، گەیشتە نووسینگەی ئەرکانی گشتیی سوپای فەرەنسا یانی بۆناپارت، کە ئەو کات لە میلان بوو. پەیامەکە باسی جانتایەک بوو کە بە دەست پیاوێکەوە بە ناوی کۆنت دێئانتراگیوس گیرابوو. ئەو کابرایە شاپەرست و مۆرەیەکی بنەماڵەی بۆربۆن بوو و بۆ ئەوەی لە چنگی فەرەنسیەکان دەرباز بێ، هاتبووە شار و گیرابوو. ئەو جانتایە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی سەیروسەمەرەی تێدا بوو، کە بۆ ئەوەی بزانین ئەو دۆزینەوەیە چەندە گرینگ بووە، دەبێ ئەو ڕووداوانە بیر بخەینەوە کە لەو کاتەدا لە پاریس دەقەومان:
کۆڕ و کۆمەڵی سەرمایەداری گەورەی بۆرژوای بازرگان و دەرەبەگە خاوەن زەوییەکان کە بەناو "شۆربای پەروەردەی میکرۆب"ی ڕاپەڕینەکەی واندەمیری سااڵی 1795 بوون، بە هیچ شێوەیەک بە تۆپەکانی ناپلیۆن لەنێو نەچووبوون و مەحاڵیش بوو لەنێو بچن. تۆپەکانی بۆناپارت تەنیا توانیبووی ناوەندی فەرماندەیی ڕاپەڕیوەکان

واته هۆکارەکانی سەرکردایەتیی دەستە و گرووپەکان کە ئەو ڕۆژە شان بە شانی شاپەرستە چالاکەکان هێرشیان هێنابوو، لەناو بەرێ. بەڵام ئەو بەشەی بۆرژوازی تەنانەت پاش واندەمیریش دەستی لە دژایەتیکردنی دیرکتوار هەر هەڵنەگرتبوو. کاتێک لە بەهاری ساڵی 1796دا پیلانگێڕییەکانی بابیۆف ئاشکرا بوون و تارمایی ڕاپەڕینێکی تازە لە مەڵبەندی کرێکارەکانەوە و مەترسیی دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکانی مانگی پرێریاڵ وردە وردە دڵەڕاوکێیەکی توندی خستە نێو توێژی دەوڵەمەندی شار و گوندەکانەوە، شاپەرستە شکستخواردووەکانی مانگی واندەمیر دیسان غیرەتیان وەبەر هاتبۆوە و سەریان هەڵدابۆوە. بەڵام ئەمجارەش وەک هاوینی ساڵی 1795 لە کیبرۆن و وەک مانگی واندەمیر لە پاریس بە سەهوو چوونەوە.

ئەمجارەش سەرنجیان نەدایە ئەو ڕاستییە کە ئەگەر خاوەن زەوییە تازەپێگەیشتووەکان بۆ پارێزرانی ملکەکانیان حەزیان لە دروستبوونی دەسەڵاتێکی پۆلیسیی بەهێز بوو، ئەگەر بۆرژوازی نوێ کە لە سۆنگەی فرۆشتنی ملک و سامانی نیشتمانییەوە دەوڵەمەند ببوو و حکوومەتی بێجڵەوی قبووڵ بوو و تەنانەت حەزی دەکرد دیکتاتۆرێکی زاڵمیش بێتە سەر کار، لەوانەبوو تەنیا بەشێکی کەمی بۆرژوازیی شارەگەورەکان و دێهاتەکان لایەنگری گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن بن، چونکە پادشای بۆربۆن تەنیا دەبووە پادشای خانەدانەکان، نەک پادشای بۆرژواکان و، لەگەڵ ئەودا فیۆدالیزمیش دەگەڕایەوە و پەنابەرەکان داوای زەوی و زارەکانی خۆیانیان دەکردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چونکە شاپەرستەکان لە هەموو گرووپ و تاقمە دژە شۆڕشگێڕەکان تۆکمەتر و یەکگرتووتر بوون و یارمەتی و پشتیوانیی دەرەکییشیان لە پشت بوو و پیاوانی ئایینیش لایەنگریان بوون، دیسان

لە بەهار و هاوینی 1797دا بەمەبەستی ڕووخاندنی دیرکتوار سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەکیان گرتەوە ئەستۆ و هەر ئەوەش دەبێ هۆکار بێ بۆ ئەوەی دیسان ڕاپەڕینەکە تووشی شکان بێتەوە. لە ڕاستیدا لە هەر کام لە هەڵبژاردنە لاوەکییەکانی ئەنجومەنی پێنسەد کەسیدا، ئیمتیازێکی ئاشکرا دەدرایە ئەوانەی کۆنەپارێز و جاروبارەش ڕاشکاوانە شادۆست بوون. تەنانەت لە نێو دیرکتواریش کە هەڕەشەی دژەشۆڕشگێڕەکانیان لەسەر بوو، گومان و دڕدۆنگی هەبوو. بارتێلمی و کارنۆ دوو کەس لە بەڕێوەبەران، دژی هەرچەشنە زەبروزەنگ و کردەیەکی توندوتیژانە وەستانەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر لایەنەوە یەکەمین لایەنگرەکانی ئەو بزووتنەوەیە بوون کە پێی دەبوونە خاوەن زەوی و زار. سێ بەڕێوەبەرەکەی دی، یانی باراس و ڕێوبێڵ و لاریڤێلیر لێپۆس، بەردەوام تەگبیر و ڕایان دەکرد، بەڵام بۆ پێشگرتن لەو زەبرەی ئامادە دەکرا لێیان بدرێ، هیچ مشووڕێکیان نەدەخوارد. یەکێک لەو شتانەی بەتایبەتی باراس و دوو هاوکارەکەی ئەویان تووشی دڵەڕاوکێ و شڵەژان کردبوو ـ یانی ئەو بەڕێوەبەرانەی کە چونکە نەیاندەویست بەبێ جەنگ دەست لە دەسەڵات و لەوانەشە لە ژیانی خۆیان هەڵگرن و سوور بوون لەسەر ئەوەی بە هەموو شێوازێک بەربەرەکانێ بکەن ـ ئەوە بوو کە ژەنەراڵ پێشێگرۆی بەناوبانگ کە لە 1795دا هۆڵەندای گرتبوو، لە نێو دژبەرەکاندا بوو. ئەو کە وەک سەرۆکی ئەنجومەنی پێنسەد کەسی هەڵبژێردرابوو و کەوابوو یەکێک بوو لە سەرۆکەکانی دەزگای یاسادانانی وڵات، بۆ سەرکردایەتیی هێرشێک پاڵێورابوو، کە دژی "سێکوچکەی بەڕێوەبەری"ی کۆماری ڕێک دەخرا. سێکوچکەی بەڕێوەبەری ناوێک

بوو که له سێ بەڕێوەبەرەکەی دیرکتوار یانی باراس و لاریۆشێلیر و ڕێوبێلیان نابوو.
هاوینی ساڵی 1797 بارودۆخەکە ئاوا بوو. بۆناپارت وێڕای شەڕکردن لە ئیتالیا بە نیگایەکی مووئەنگێوانەوە چاوی بەسەر ئەو ڕووداوانەوە بوو کە لە پاریس دەقەومان و دەیدی کە کۆمار تەواو لەبەردەم هەڕەشە دایە. بۆناپارت خۆی کەیفی بە کۆمارەکە نەدەهات، هەر وەک چۆن زۆری نەبرد و خۆی خنکاندی، بەڵام هەرگیز بەو خەیاڵەش نەبوو کە لێگەڕێ ئەم کارە پێشوەختە و ئینجا بە سوودی کەسێکی دیکە تەواو بێ. پێشتر، لەو شەوەی ئیتالیادا کە تا بەیانی نەخەوت وەڵامی خۆی دابۆوە کە ناچار نییە هەمیشە بە سوودی کۆمەڵێک مفتەخۆر خەریکی جیهانگیری بێ. بەڵام خۆ ئەوەی لەبەر خاتری بۆربۆنەکانیش هەر نەدەکرد. ئەویش وەک بەڕێوەبەرانی دیرکتوار، ترسی ئەوەی لە دڵدابوو، کە سەرداریکی نیشتمانیی وەک پێشگرۆ سەرکردەی پیلانگێڕەکانە، ئەو ناوە لەوانەبوو لە دەموساتی بڕیاردانا سەربازەکان چەواشە بکا و سەرباز چونکە لە نیازپاکی و دڵپاکییەکەی ئەو بەرانبەر کۆمار دڵنیابوون وەشوێنی دەکەوتن، بەبێ ئەوەی بزانێ بەرەو کوێیان دەبا.
جا ئێستا بە ئاسانی لێمان ڕوون بۆتەوە کە وەختێک ئەو جانتا گەورەیەی لە تریستێ بە کۆنت دئانتراگیۆیان گرتبوو و بە پەلە ناردیان بۆ ناپلیۆن و ئەویش کۆمەڵێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگری لەسەر خیانەتی پێشگرۆ و دانوستانە نهێنییەکانی ئەو لەگەڵ یەکێک لە مۆرەکانی شازادە بەناوی فۆشێ بۆرێل دۆزییەوە، دەبێ چ هەستێک دایگرتبێ. بە پێی ئەو بەڵگانە، پێشگرۆ کە سەردەمانێک مەزنی ناپلیۆن بوو، دەمێکە خەریکی گزیکاری و خیانەتە لە کۆمار. تۆزێک لە دڵی گران هات، بۆیە ئەم

بەڵگانەی هەندێ بە درەنگییەوە بۆ باراس ناردەوە پاریس. لە یەکێک لە بەڵگەکاندا، ئەوەی ئیتر بەڵگەی تاوانێکی گەورە بوو لەسەر پێشگرۆ، مۆرەیەکی دیکەی بۆربۆنەکان بە ناوی مۆنگایار وێڕای گێڕانەوەی کۆمەڵێک قسەی جۆراوجۆر گوتبووی چوومەتە فەرماندەیی لەشکری ژەنەڕاڵ بۆناپارت لە ئیتالیا و هەوڵم داوە لەگەڵی بکەومە دانوستانەوە. ئەگەرچی ئەو بەڵگەیە جگە لەو چەند دێڕە بێ مانایە هیچی دیکەی تێدا نەنووسرابوو و لەوانەش بوو هەر بەڕاستی مۆنگایار بە ناوێکی خوازراو و بە بیانوویەکەوە توانیبێتی چاوی بە بۆناپارت بکەوێ، بەڵام ژەنەڕاڵ وای بە باش زانی ئەو چەند دێڕەی پێوەندیی بەخۆیەوە هەبوو لەناو بەرێ، بۆ ئەوەی کاریگەریی ئەو بەڵگانە کەم نەبێتەوە کە پێوەندییان بە پێشگرۆوە هەبوو. هەر بۆیە ئەمری کرد دێئانتراگیۆی بێننە لای و ئەمری پێ کرد دەسبەجێ ئەو بەڵگەنامەیە سەر لەنوێ بنووسێتەوە و ئیمزای بکاتەوە بەڵام ئەو بەشەی لێ دەربهاوێ، ئەگینا ئیعدام دەکرێ. دێئانتراگ دەسبەجێ فەرمانەکەی بەجێ هێنا و تاوێک دواتر ئازاد کرا. دیارە وەک بڵێی ڕای کردووە. ئینجا بەڵگەکان نێردرانەوە پاریس و درانە دەست باراس. ئەو بەڵگانە دەستی "سێکوچکەی بەڕێوەبەر"یان ئاوەڵا کرد. بەبێ ئەوەی لە پێشدا ئەو بەڵگە ترسناکانەی بۆناپارت بۆی ناردبوونەوە بڵاو بکەنەوە، لە پێشدا چەند لەشکرێکی متمانەپێکراویان بانگ کردەوە پاریس و ئینجا چاوەڕوانی ئۆژرۆ بوون کە ناپلیۆن بەپەلە لە ئیتالیاوە ناردبوویەوە پاریس بۆ ئەوەی فریای بەڕێوەبەرەکان بکەوێ. جگە لەوەش بۆناپارت بەڵێنی دابوو بۆ پڕکردنەوەی خەزێنەی دیرکتوار لەم دەموساتە قەیراناوییەدا سێ ملیۆن فرانک زێڕیش کە لە داگیرکردنەکاندا وەک خەنیمەت ئەستاندبوونی بنێرێتەوە.

سەعات 3ی بەیانیی ڕۆژی هەژدەی "فرۆکتیدۆر"، بەرانبەر 4ی سێپتەمبەری 1797 باراس ئەمری کرد دوو بەڕێوەبەرەکەی دی بە تۆمەتی نەرمینواندن لەگەڵ دژبەران قۆڵبەست بکرێن. بارتێلمی گیرا بەڵام کارنۆ توانیی ڕا بکا. کۆمەڵێک لە شاپەرستەکان قۆڵبەست کران و لە ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی و ئەنجومەنی پیرانیشدا دەست کرا بە پاکسازی. پاش گرتنی خەڵکەکە، بەبێ دادگاییکردن دەستیان کرد بە دوورخستنەوەیان بۆ گیویان "لە ئەمریکای لاتین"، چونکە لەوێوە تەنیا خەڵکێکی دەگمەنیان دەیانتوانی هیوای گەڕانەوەیان هەبێ. ئەو ڕۆژنامانەی گومانی شادۆستییان لێ دەکرا، ڕاگیران و دیسان تاقمێکی زۆریان لە پاریس و شارەکاندا گرت. لە بەرەبەیانی هەژدەی فرۆکتیدۆردا، کۆمەڵێک ئاگاداریی گەورەگەورە بە دارودیوارەکانی پاریسەوە دران: ئاگادارییەکان نێوەرۆکی ئەو بەڵگەنامانەیان لەقاو دەدا کە ناپلیۆن لە کات و ساتێکی لەباردا بۆ باراسی ناردبوونەوە.
پێشگرۆی، سەرۆکی ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی قۆڵبەست کرا و دەسبەجێ دووریان خستەوە بۆ گیویان. کودەتاکەی هەژدەی فرۆکتیدۆر هیچ بەرگرییەکی پێ نەکرا. جەماوەری چینی سێیەم کە لە شاپەرستەکانیش پتر ڕقیان لە دیرکتوار بوو، دڵخۆشی و شادیی خۆیانیان نەدەشاردەوە لەو زەبرە گورچووبڕەی کۆنەلایەنگرەکانی بنەماڵەی بۆربۆنی بۆ ماوەیەکی زۆر تێک شکاندبوو. ئەمجارە خەڵکی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان نەهاتنە نێو کۆڵانەکان، چونکە ئەو پەندە سامناکەیان لەبیر نەچووبۆوە، کە بۆناپارت لە مانگی واندەمیری سااڵی چوارەمدا بە تۆپخانە پێی دابوون.
دیرکتوار سەرکەوتبوو و کۆمار ڕزگار بوو و بۆناپارت ژەنەرااڵی جیهانگیر، لە شەڕگە دوورەدەستەکەی خۆیەوە لە ئیتالیا لە قوواڵیی

دڵەوە پیرۆزبایی لە دیرکتوار ـ کە دوو ساڵ دواتر خۆی لەناوی برد ـ کرد، چونکە ئەو کۆمارەی ڕزگار کردبوو کە حەوت ساڵ دواتر خۆی(ناپلیۆن) تێکیەوەپێچا و ڕووخاندی.

4

بۆناپارت لە زۆر لایەنی دیکەشەوە لە ڕووداوەکەی هەژدەی فرۆکتیدۆر ڕازی بوو. پەیمانی ئاشتیی لیۆبۆن کە لە مانگی مای 1797دا لەگەڵ نەمساییەکان مۆر کرا، هێشتا هەر ڕێککەوتنێکی ئاگربەست بوو و هیچی دی. لە دریژایی هاویندا، دەوڵەتی نەمسا لەناکاو هەندێ غیرەت و ئازایەتیی نواندەوە و کەوتبۆوە هەڕەشەکردن و، بۆناپارت لێی ڕوون بوو ئەو گۆڕانکارییە لە کوێوە ئاو دەخواتەوە: نەمساش وەک هەموو وڵاتە زاڵم و سەرەڕۆکانی ئەوروپا لە چاوەڕوان ێی ئاکامی ئەو پیلانانەدا کە لە پاریس بەڕێوە بوون، هەناسەی لە سینگیدا قەتیس کردبوو. لە ئیتالیا ڕۆژ بە ڕۆژ پتر چاوەڕوانی ڕووخانی دیرکتوار و کۆتایی کۆمار و گەڕانەوەی بۆربۆنەکان و چارەسەربوونی هەموو ئەو کێشانە بوون کە لە ئاکامی داگیرکەریی فەرەنسیەکاندا هاتبووە پێشێ. هەژدەی فرۆکتیدۆر بە تێکشکاندنی شاپەرستەکان و ڕاگەیاندنی خیانەتی پێشگرۆ کۆتایی بە تەواوی ئەو چاوەڕوانیانە هات.
لەمەودوا ژەنەڕاڵ بۆناپارت زۆر پێداگربوو بۆ پەیمانێکی خێرای ئاشتەوایی. حوکمەتی نەمسا کۆبێنزڵ، سیاسەتمەدارە بەوەجەکەیانی بۆ کردنەوەی دەرگاکانی دانوستان نارده لای ناپلیۆن. بەڵام سەیری کرد خەنیمەکەی لە خۆی بە ئەزموونترە. لە دریژەی دانوستانە دووردرێژ و ئاڵۆزەکاندا، کۆبێنزڵ بە سکاڵاوە بۆ دەوڵەتەکەی خۆی نووسی، بە دەگمەن تووشی پیاوی وەک ژەنەڕاڵ بۆناپارت دەغەڵ و فێڵباز و

بێویژدان بووە. لەو بوارانەشدا مرخ و بەهرەی بۆناپارت لە جاران پتر پشکووت و بە ڕای زۆربەی شایەتحاڵانی ئەو کات، لەو بوارەشدا هیچی لە بواڕە سەربازییەکەی کەمتر نەبوو. ئەو تەنیا جارێک وەک شیر هەڵچوو، کە دواتریش پاش ئەوەی هەستی کرد بووەتە فەرمانڕەوای بێجڵەوی ئەوروپا ئەو حاڵەتەی بەسەردا هاتەوە، بەڵام لەو وەختەدا ئەو حاڵەتە شتێکی تەواو نوێ بوو. ئەو بە تووڕەییەوە نەڕاندی:
"ئیمپراتۆرییەکەی ئێوە، پیرە قەحپەیەکی کەنفتە، کە وا ڕاهاتووە بۆ هەموان بخەوێ.... وا دیارە لەبیرتان چووەتەوە کە فەرەنسا سەرکەوتووە و ئێوە بەزیون... لەبیرتان چووەتەوە کە لێرە لەگەڵ کەسێک دانیشتوون کە نارنجۆکهاوێژەکانی لە دەوری کۆ بوونەتەوە..."
و ئینجا مێزەخڕە سێ پێچکەکەی، کە دەستێک قاوەخۆرێی زۆر گرانبایی لەسەر بوو و کاتی خۆی شازادە کاترینی ڕووسیا بە دیاری بۆ سیاسەتمەدارەکەی نەمسای ناردبوو و ئێستایش ئەو بۆ ژەنەراڵ بۆناپارتی کردبووە دیاری، بەعەرزدا دا. دەستە قاوەخۆرییەکە وردوخاش بوون. کۆبێنزڵ لە ڕاپۆرتەکەیدا نووسیی: "وەک شێتان هەڵسوکەوتی کرد." ئاخری پەیمانەکە لە 17ی ئۆکتۆبەری 1797دا لە شارە بچکۆلەکەی کامپۆفرمیۆ لە نێوان کۆماری فەرەنسا و ئیمپراتۆرێی نەمسادا مۆر کرا.
تەقریبەن هەموو ئەو شتانەی بۆناپارت داوای دەکردن، هەر لەو شوێنانەوە بگرە کە لە ئیتالیا و ئەڵمانی گرتبوون و لەوێدا بەهیچ شێوەیەک نەمساییەکان لەبەر فەرەنسیەکان نەبەزیبوون و نەشکابوون، هەمووی دەستەبەر کرد. کۆماری ڤێنیسیاش وەک بۆناپارت دەیویست، لەبری ئەو خاکەی نەمسا لە کەناری ڕاین لەدەستی دەدا، درایە ئەو وڵاتە.

هەواڵی پەیمانی ئاشتییەکە لە پاریس قریوەی شادی و کەرنەڤاڵی لێ کەوتەوە. وڵاتەکە چاوەڕوانی ئەوە بوو لە سایەی ئەو سەرکەوتنانەوە دیسان بازرگانی و پیشەسازییەکەی ببووژێتەوە. ناوی سەرداڕە بلیمەت و پیتۆڵەکە کەوتبووە سەر زار و زمانان. هەمووان لێیان ڕوون بۆوە، کە ئەو جەنگەی سەرداڕەکانی دی لە بەرەی ڕاین دۆڕاندبوویان، ئەمجارە بۆناپارت بەتەنیایی لە ئیتالیا بردبوویەوە و لە ئاکامدا بەرەی ڕاینیش ڕزگار بووە. زنجیرەیەک پەسن و دەسخۆشی بە فەرمی و نافەرمی و تایبەتی، لە ڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە و بە زارەکییش لە سەرداڕە سەرکەوتووەکە واتە داگیرکەرەکەی ئیتالیا کرا. لاریڤۆلیر، بەڕێوەبەری دیرکتوار، لە یەکێک لە وتارەکانیدا دەینەڕاند، کە تەنیا ڕۆحی بەهێزی ئازادی توانیوێتی گیان وەبەر لەشکرەکەی ئیتالیا بنێتەوە و بۆناپارت هان بدا. ئەو بەختەوەریی فەرەنسای دابین و دەستەبەر کردووە.

لەو جەنگەیەدا، ناپلیۆن بەپەلە خەریکی کاملکردنی ئەو کۆمارە نوێیە بوو کە خۆی دایمەزراندبوو. کۆماری سێزاڵپین. ئەو بەشێک لەو شوێنانەی گرتبوونی وەک لۆمباردی، خستە سەر ئەو کۆمارە. بەشێکی دیکەش ڕاستەوخۆ خرانە سەر فەرەنسا. باقیەکەشی یەک لەوان ڕۆما، جارێ هەر بەدەست فەرمانڕەواکانی پێشوویانەوە بوون کە بە کردەوە ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرەنسا بوون. بۆناپارت کۆماری سێزاڵپینی بە شێوەیەک ڕێک خست کە بە ڕواڵەت کۆڕێکی ڕاوێژکاریی پێکهاتوو لە نوێنەرانی چینە دەوڵەمەندەکان دەسەڵاتدار بوون، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو شتێک بە دەست بەرپرسە داگیرکەرە فەرەنسیەکان و کۆمیسێرێکەوە بوو، کە لە پاریسەوە دەنێردرا.

دەستەواژەگەلی وەک "ڕزگارکردنی میللەتان" و "کۆمارەکانی برامان" و ئەو شتانە جگە لە هەستی سووکایەتی ئەویش سووکایەتییەکی ڕاستەوخۆ، هیچ هەستێکی دیکەی لەودوا نەدەگووراند. ئەو تەنانەت ساتێکیش بڕوای بەوە نەبوو کە لەوانەیە لە ئیتالیا تاقمێکی تەنانەت بچووکیش هەبن، کە تاسەباری ئەو ئازادییە بن وا ئەو لە وتارەکانیدا بۆ ولاتانی بەزیو و تێکشکاوی باس دەکرد.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی فەرمی کە لە ئەوروپادا بڵاو ببۆوە، ئێستا نەتەوەی مەزنی ئیتالیا، کۆت و نیری چەندسەد ساڵەی خۆڕافات و زوڵم و زۆریی لە ئەستۆی خۆی دادەڕنی و پڕی دەدایە چەک بۆ ئەوەی پشتیوانی لە ڕزگارکەرەکانی بکا، کەچی لە ڕاستیدا بۆناپارت لە ڕاپۆرتە نهێنییەکانی خۆیدا بۆ بەڕێوەبەرانی دیرکتواری دەنووسی، ئەگەر پێیان وایە ئازادی دەتوانێ نەتەوەیەکی بڕست لێبڕاو و خۆرافەپەرست و تەمبەڵ و بێغیرەت پێ بگەیەنێتەوە، بە سەهوو چوون. لەشکرەکەی ئەو تاقە یەک ئیتالیاییشی تێدا نییە، مەگەر ئەو هەزار و پێنجسەد بێکارە و بەڕەڵڵایەی لە کۆڵانەکاندا کۆ کراونەتەوە و لە دزی و تاڵان و بڕۆ بەو لاوە هیچ کارێکیان نییە و بەکاری هیچ نایەن. ئینجا دەنووس ێ: تەنیا بە هەڵسوکەوتی لێزانانە و تەمبێکردنی بەزەبر و توندوتیژانە دەتوانی ئیتالیا ڕاگری. ئیتالیاییەکانیش پێشتر ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسابوو کە بزانن مەبەست لە تەمبێکردنی بەزەبر و توندوتیژانە چییە. چونکە بۆناپارت خەڵکی شارەکانی بیناسکۆ و پاڤیێ و خەڵکی چەند گوندیشی کە تێیاندا تەرمی سەربازی فەرەنسی دۆزرابوونەوە، بێبەزەییانە تەمبێ کردبوو.

کردەوە و هەڵسوکەوتی ناپلیۆن لە تەواوی ئەو بوارانەدا لە سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکراوە سەرچاوەی دەگرت، کە هەرگیز لێی پاشگەز نەبۆوە.

هەرگیز لە خۆوە دڵڕەق و بێبەزەیی نەدەبوو، بەڵام ئەگەر بۆ گوێڕاگرتنی وڵاتە بەزیوەکان ناچار بوایە، ئەوا ترسێکی قوواڵ و بێبەزەییانەی بڵاو دەکردەوە. ئەو لە ئیتالیا گەیشتە هەر جێیەک، ئاسەواری دەرەبەگایەتیی تێکەوە پێچا و مافی وەرگرتنی پیتاک و ماڵیاتی لە کلێسا و ناوەندە ئایینییەکان ئەستاندەوە و لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا کە لە ئیتالیا بوو، لە بەهاری 1796ـەوە تا کۆتایی پاییزی 1797 توانیی کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەک دابنێ، کە باکووری ئیتالیاش یاسا و ڕێساکانی لەو یاسا و ڕێسایانە بچن وا شۆڕشی بۆرژوازی لە فەڕەنسا بەرهەمی هێنابوون. بەڵام ئیتر پێی نایە هەر شوێنێکی ئیتالیا، بەرهەمی زەوی و زارەکەی هەڵگرت و ملیۆنان فرانک زێڕ و سەدان شاکاری هونەریی مۆزەخانە و تەلاری شارەکانی ئیتالیای بۆ دیرکتوار ناردەوە پاریس. ئەو خۆی و سەردارەکانیشی لەبیر نەکرد، بە شێوەیەک هەمووان بە گیرفانی پڕەوە لەم جەنگە گەڕانەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەو هەمووە قورساییەی خستە سەر شانی ئیتالیا، بۆناپارت ئەوەشی لەبیر نەکرد، کە ئەگەرچی ئیتالیاییەکان لە ڕوانگەی ئەوەوە خەڵکێکی گەمژە بوون، بەڵام ئاسایی بوو کە فەرەنسییەکانیان خۆش نەوێ کە لەشکرەکەیان بەوان بەخێو دەکرد و ئاخری لەوانەبوو ڕۆژێک چەقۆ بگاتە ئێسقانیان. هەر بۆیە بۆناپارت پێی خۆش و باش بوو بە هەڕەشەی داپڵۆسینی سەربازی ترسیان وەبەر بنێ و ئەوەشی بە باشترین و کاریگەرترین ڕێگە دەزانی.

ئەو هێشتا نەیدەویست ئیتالیا بەجێ بهێڵێ، بەڵام پاش پەیمانی کامپۆفۆمیۆ، دیرکتوار پێداگرانە و بە لەبزێکی نەرمونیان بانگی کردەوە پاریس و کردییە فەرماندەی سوپایەک کە دەبوو دژی ئینگلتەرا خۆی ڕێک بخا. بۆناپارت لەمێژ بوو هەستی کردبوو کە دیرکتوار خەریکە

وردە وردە لێی دەترسێ و لە نێو گفتوگۆ نهێنییەکانیشیدا لەبارەی هەواڵی دانرانی بە فەرماندەیی سوپای ئینگلتەرا، بەو لەبزەوە دەیگوت: "ئەوان ئەگەرچی مەراییم لەبەر دەکەن، بەڵام دەزانم ئێرەییم پێ دەبەن، کەچی ناتوانن بمخەڵەتێنن و خافڵگرم بکەن. ئەوان بەپەلە منیان کردووەتە فەرماندەی لەشکری ئینگلتەرا، بۆ ئەوەی لە ئیتالیا کە نەک هەر سەرداریک بەڵکوو پادشایەکی بێجڵەوم، بمهێننە دەرێ."

بۆناپارت لە حەڤدەی دیسەمبەری 1797دا گەیشتەوە پاریس و دیرکتوار لە ڕۆژی دەیەمدا ڕێوڕەسم و میوانییەکی بەشکۆ و سەرکەوتووانەی لە کۆشکی لۆکزامبۆرکدا بە خۆشیی ئەو ڕێک خست. ئەو جەماوەرەی لە دەوری کۆشک کۆ ببوونەوە، بە قریوەی تۆفان ئاسای هوراکێشان و چەپڵەلێدانەکانیان پێشوازییان لە ناپلیۆن کرد. ئەو وتارانەی باراس بەڕێوەبەری یەکەمی دیرکتوار و هاوکارەکانی و تالیرانی وەزیری دەرەوە _ کە پیاوێکی زیرەک بەڵام گەندەڵ بوو و لە هەمووان پتر دەیتوانی پێشبینیی داهاتوو بکا_ و باقی کەسایەتییە فەرمیەکانی دی پێشکەشیان کرد لەگەڵ قریوە و هەلهەلەی خەڵکی گۆڕەپانەکە، لەلایەن ئەو سەردارە 28 ساڵانەیەوە بە جۆرێک پێشوازیی لێ کرا، کە وەک بڵێی ئەرکی سەرشانیان بەجێ هێنابێ و هیچ خۆی شلوێ نەکرد. ئەو لە ناخی دڵەوە، هەرگیز هێندەی بایەخ بە خۆپێشاندانی جەماوەری خەڵک نەدابوو، وەک ئەوەی پاش خۆپێشاندانەکەی ئەو ڕۆژە گوتی: (هەڵبەت بە نهێنی و تایبەتی): "ئەی! خۆ ئەگەر بردبامیانە بەر گیوتینیش، خەڵک هەر ئاوا بەکەفوکوڵ و جۆشوخرۆش لەسەر ڕێگاکەم کۆ دەبوونەوە."

ئیتر بۆناپارت هەر گەیشتە پاریس، هەموو هەوڵی خۆی تەرخان کرد بۆ ئەوەی گەڵاڵەی جەنگێکی دیکە بەسەر دیرکتواردا بسەپێنێ. ئەو وەک

فەرماندەی هەڵسووڕێنەری عەمەلیاتەکان دژی ئینگلتەرا گوتی: ئەگەر لە میسر هەڕەشە لە ئینگلتەرا بکرێ، دەسکەوتی زیاترە لەوەی لە دەریای مانشدا هەڕەشەی لێ بکەین. چونکە هێزە دەریاییەکەی ئینگلتەرا لە دەریای مانشدا زۆر لە هێزی دەریایی فەڕەنسا بەهێزترە. کەوابوو پێشنیاری کرد بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی نزیک و پێگەی لەبارتر بەمەبەستی مەترسی دروستکردن بۆ دەسەڵاتی ئینگلتەرا بەسەر هیندوستاندا، دەبێ میسر بگرن.

وەختێک لە هاوینی ساڵی 1798دا مەسەلەکە ئاشکرا بوو، زۆر کەس لە ئەوروپا پرسیاریان لەخۆیان کرد، کە نەکا بۆناپارت شێت بووبێ، چونکە تا ئەوکات گەڵاڵە تازەکەی ئەو و دانوستانەکانی بەهاری ئەوێ ساڵێی لەگەڵ دیرکتوار هەر بە نهێنی مابوونەوە.

بەڵام ئەوەی لە دووڕەوە لەبەر چاوی خەڵکی ساویلکە وەک سەرچڵییەکی خەیاڵی خۆی دەنواند، خۆی لە ڕاستیدا لەگەڵ ئارەزووی بۆرژوازیی شۆڕشگێڕانەی فەرەنسا کە لەمێژ بوو گووراوو و تەنانەت لەگەڵ ئارەزووی فەرەنسای پێش شۆڕشیش زۆر تەبا و کۆک بوو: گەڵاڵەکەی بۆناپارت پەسند کرا.

گرتنی میسر و لەشکرکێشان بۆ سەر سووریا 1799ـ 1798

1

لەشکرکێشان بۆ سەر میسر، واتە دووەم جەنگی گەورەی ناپلیۆن، لە ژیانە مێژوویییەکەی ئەودا دەورێکی تایبەت دەگێڕێ و لە مێژووی داگیرکەرییەکانی فەرەنساشدا پێگەیەکی تەواو ناوازەی گرتووە.
بۆرژوازیی شاری مارسی و هەموو باشووری فەرەنسا، پێوەندییەکی زۆر بەربڵاو و بەسوودی لەگەڵ بەندەرەکانی شێوە دوورگەی بەلکان و سووریا و میسر و دوورگەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی نێوەڕاست و کۆمەڵە دوورگەی یۆناندا هەبوو. ئەو توێژە بۆرژوایانەی فەرەنسا لە مێژ بوو بە ئاواتەوە بوون لەو وڵاتانەدا کە پێوەندییەکی باشیان لەگەڵیاندا هەبوو پێگەی فەرەنسا پتەو بکەن. چونکە پشێوی و ئاڵۆزیی ئیداریی ئەو وڵاتانە وای دەخواست هەمیشە بازرگانی پێویستی بە پشتیوانی و دەسەڵاتێک هەبێ و بازرگان بتوانێ لە کاتی پێویستدا داوای یارمەتی لەو هێز و دەسەڵاتە بکا. لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا

ناوبانگی سامانه سرووشتیەکانی سووریا و میسر دوو ئەوەندەی دیکەش تەماحبزوێن بوو و وا بە قازانج بوو، کە لەو شوێنانەدا کۆمپانیای بازرگانی و شوێنی کۆچەرنشین دامەزرێنرێن.
دیپلۆماسیی فەرەنسا لە کۆن کۆنەوە چاوی تەماحی بڕیبووە ئەو ولاتانەی ڕۆژهەڵاتی جیهان کە چونکە بەشێک بوون لە ملکی سوڵتانی عوسمانی و ملکی تایبەتی دەرباری قوستەنتەنیە یان بە زمانی ئەوکات "بابی عالی"، بە ڕواڵەت دەوڵەتی عوسمانی لەوێدا دەسەڵاتێکی لاوازی هەبوو. ئینجا چونکە میسر ڕێگەی هەم بۆ دەریای سپیی نێوەڕاست و هەمیش بۆ دەریای سوور هەبوو، بۆیە دەستەی بەڕێوەبەریی فەرەنساش دەمێک بوو وەک پاڵپشتێکی لەبار چاوی بڕیبووە میسر چونکە لەوێوە دەیتوانی هەڕەشە لە خەنیمە بازرگانی و سیاسییەکانی خۆی لە هیندوستان و ئەندۆنسیا بکا. لایب نیتس، فەیلەسووفە بەناوبانگەکە، کاتی خۆی ڕاپۆرتێکی دابووە لۆیسی چواردەیەم و تێیدا پێشنیاری کردبوو میسر بگرێ، بۆ ئەوەی لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی جیهاندا پێگەی هۆڵەندییەکان تێک بدا. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەمدا ئیتر هۆڵەندییەکان لەوێ نەمابوون، بەڵکو ئینگلیزەکان بوون کە بە دوژمنی قەستەسەریش دادەنران. ئیتر بەو شتانەڕا کە باس کران، جوان دەردەکەوێ هەڵسووڕێنەران و سیاسەتدارێژانی فەرەنسا کە ناپلیۆن پێشنیاری هێرشکردنە سەر میسری خستنە بەردەم، بەهیچ شێوەیەک بە شێتیان لەقەڵەم نەدا و هیچ پێشیان سەیر نەبوو کە دیتیان تالیرانی، وەزیری دەرەوەی ئەوکات، یانی ئەو وەزیرە بەپارێز و درێدۆنگەی بەهیچ شلوێ نەدەبوو، بەوپەڕی لیبڕاوی و ڕاشکاوانە پشتیوانیی لەو نەخشەیە کرد.

بۆناپارت هەر بەسەر ڤێنسیادا زاڵ بوو، فەرمانی بە یەکێک لە سەردارەکانی خۆی کردبوو کە دوورگەکانی ئیۆنینێس بگرێ و، ئەو لەو کاتەدا داگیرکردنی ئەو دوورگانەی وەک هەنگاوێک بۆ تەدارەک و ئامادەکاریی هێرش بۆ سەر میسر سەیر دەکرد.
ئێمە زۆر بەڵگەی بەهێزمان لەبەر دەستە، کە بۆناپارت لە یەکەم شەڕی خۆیدا لە ئیتالیا، یەک چرکەش لە خەیاڵی گرتنی میسر دانەبڕاوە. لە ئۆگۆستی 1797دا لە لەشکرگەکەی خۆیەوە بۆ پاریسی نووسی: "ئەو وەختە دوور مەبینن کە هەست بکەین بۆ لەنێوبردنی بێ ئەملاوئەولای ئینگلتەرا، دەبێ میسر بگرین."
لە درێژایی جەنگی ئیتالیاشدا بێ پسانەوە لەکاتی دەست بەتاڵیدا هەر کتێبی خوێندەوە و وەک دەزانین ئەمری کرد کتێبەکەی ڤۆڵنێی، نووسەر و ئاکادیمیستی فەرەنسیی بۆ بێنن کە لەبارەی میسرەوە نووسراوە و چەند کتێبێکی دیکەشی هەر داوا کرد و هەمووانی خوێندەوە. ئەو گرتنی دوورگەکانی ئیۆنینێسی ئەوەندە بەلاوە بەنرخ و گرینگ بوو، کە بۆ دیرکتواری نووسی: "ئەگەر دوو هەڵبژاردەمان لە بەردەم دابنێن، باشتر وایە واز لە ئیتالیا بێنین و ئەم دوورگانە بپارێزین" و، ئینجا تەنانەت پێش ئەوەی پەیمانی ئاشتییەکە لەگەڵ نەمساییەکان مۆر بکا، پێداگرانە دەیگوت، با دوورگەی مالْت بگرین. هەموو ئەو بنکە دەریاییانەی نێو دەریای سپیی ناوەڕاست بۆ تەدارەک و ئامادەکاریی هێرشەکەی ئەو بۆ سەر میسر پێویست بوون.
پاش پەیمانی کامپۆفرمیۆ، وەختێک کاروباری پێوەندیدار بە نەمسا بە شێوەی کاتی یەکلا کرانەوە، تاقە یەک دوژمنی قەستەسەر کە دەمایەوە ئینگلتەرا بوو. بۆناپارت هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی دیرکتوار قایل بکا، کە چەند پاپۆڕ و لەشکرێکی بۆ گرتنی میسر بخاتە

بەر دەستی. ڕۆژهەڵاتی جیهان لەوەتەی هەبوو فکر و خەیاڵی ئەوی ڕەوگیر کردبوو و لەو قۆناغەی ژیانیدا، هێندەی بیری لە ئەسکەندەری ماکدۆنی دەکردەوە، ئەوەندەی بیر لە شارلمانی یان قەیسەر یان پاڵەوانانی دیکەی مێژوو نەدەکردەوە. زۆری نەبرد لە بەردەڵێن و چەوەڵێنەکانی میسردا، بە ڕاوێژێکی مەیلەوسوعبەت بە هاوسەنگەرەکانی خۆی گوت: " بەداخم لەوەی کە "درەنگ لە دایک بووم" و ئەی خۆزگە ئەو کاتە ژیابام کە ئەسکەندەری ماکدوونی پاش گرتنی ئاسیا بە خەڵکەکەی گوت من کوڕی ژۆپیتەر (خوای خواوەندەکان)م و هەموو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی جیهانیش بانگەشەکەی ئەویان قبوڵ کرد." و ئینجا بە ڕاوێژێک کە لەوە شێلگیرانەتر بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات، گوتی: "ئەوروپا هێلانەی کوێرەمشکانە و ئیمپراتۆری و شۆڕشە مەزنەکان، لە ڕۆژهەڵاتی جیهاندا نەبێ، هەرگیز دروست نابن."

ئارەزووە دەروونییەکانی ئەو وێڕای ئەوەی لەگەڵ سەردەم یەکیان دەگرتەوە، بە قازانجی خۆیشی بوون. لە ڕاستیدا، لەو شەوە بێخەوییەی ئیتالیادا کە گوتبووی ئیتر ئامادە نییە تەنیا لەبەر خاتری دیرکتوار وڵاتان بگرێ، بیری لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتێکی بێجلەو کردبۆوە. ئەو لەو کاتەدا کە بۆ بەستنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ نەمساییەکاندا دانوستانی دەکرد، کاتێک لە پاریسەوە فەرمانی وەهای بۆ دەهات کە پێی دەهری دەبوو، بە لەشکرەکەی خۆی دەگوت: "من ئیتر نازانم ملکەچ بم." بەڵام لێخستنی دەسبەجێی دیرکتوار لە زستانی 1798ـ 1797دا یان لە بەهاری 1708دا هێشتا کردەنی نەبوو. هێشتا میوەکە نەگەیبوو و ئەگەر ناپلیۆن ملکەچبوونی لەبیر چووبۆوە، دەیزانی کە دەبێ بە هیوای هەلی لەبار چاوەڕوان بێ. دیرکتوار هێشتا پێگەی لەرزۆک

نەببوو و لە ئیعتبار نەکەوتبوو و، ئەو یانی بۆناپارت ئەگەرچی هێشتا لە پشتیوانیی بێ ئەملا و ئەولای یەکەکانی ژێر فەرمانی خۆی لە ئیتالیا دڵنیا بوو، بەڵام مابووی ببێتە پیاوێکی تەواو خۆشەویست و بتێک بۆ هەموو سوپاکە.

بەڵام ئەو ماوە زەمەنییەی کە دەبوایە چاوەڕوان بێ، ئەگەر بۆ گرتنی وڵات و جیهانگیرییە تازەکانی لە پێگەڕی فەرعوونەکاندا واتە وڵاتی ئەهرامەکان تەرخان نەکردبوایە و پێی لە شوێنی پێی ئەسکەندەری ماکدۆنی دانەنابایە و ئینگلتەرای بێزراوی لە نێو کۆلۆنییەکانی خۆیدا لە هیندوستان تەنگاو نەکردبایە، ئەی باشە ئەو کاتەی چۆناوچۆن بە باشترین شێوە تێپەڕاندبایە؟

لەوەیاندا، پشتیوانیی تالیران بۆ وی لە هەموو شتێک پێویستتر بوو. بە گشتی ناکرێ باسی بیروباوەڕی تالیران بکەین، بەڵام بە ڕای ئەو دروستکردنی کۆلۆنییەکی دەوڵەمەند و ئاوەدانی فەرەنسی لە میسر کە لە ڕووی ئابووریییەوە زۆر بەسوود بوو، شتێکی مسۆگەر بوو. ئەو تەنانەت پێش ئەوەی ئاگای لە نەخشە و پلانەکانی بۆناپارتیش بێ، ڕاپۆرتێکی لەو بوارەوە بۆ فەرهەنگستانی زانست ناردبوو. ئەو بەگزادەیە، کە لە سۆنگەی دنەی هەستی پلەپەرستییەکەیەوە ببووە مۆرەیەکی کۆمار، لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆی دەرەخسا، جگە لە حەز و ئارەزووی ئەو تویژە بازرگانەی فەرەنسییەکان کە بەتایبەتی حەزیان لە بازرگانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوو، باسی هیچی دیکەی نەدەکرد. جگە لەوە، هەر تالیران حەزیشی لێ بوو لەبەر چاوی بۆناپارت وا بنوێنێ کە لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی وی هاوڕایە. چونکە ئەو سیاسەتمەدارە زیرەکە مەزەندەی ئەوەی کردبوو، کە ئەو(بۆناپارت)

دەبێتە فەرمانڕەوای داهاتووی فەرەنسا و بە دڵنیاییەوە هەر ئەویشە کە دەبێ ژاکۆبنەکان کپ و بێدەنگ بکا.
بەڵام بۆناپارت و تالیران بۆ قایلکردنی دیرکتوار لەسەر ئەوەی سەرباز و پارە و کەشتی بۆ ئەو لەشکرکێشییە دوورەدەست و پڕ مەترسی و زەحمەتە دابین بکا، خۆیان زۆر زەحمەت نەدا، چونکە یەکەم و لە هەموو شتێکیش گرینگتر، دیرکتواریش لە بنێڕا، لەبەر ئەو هۆکارە ئابووری و سیاسی و سەربازییانەی باسمان کردن، قازانج و مانایەکی لەو کارەدا بەدی دەکرد. دووەم؛ کە گرینگییەکەی کەمتر بوو، ئەوە بوو هەندێ لە بەڕێوەبەران بۆ وێنە باراس بە مسۆگەری لێیان ڕوون بوو کە ئەم لەشکرکێشیە دوورەدەست و پڕ مەترسییە هەر نەبێ ئەو لایەنە باشەی تێدایە کە زۆر دوورە و زۆریش مەترسیدارە... ئەو سیما نیشتمانییە مەزن و پڕشنگدارەی کە بۆناپارت لەپڕ بەدەستی هێنابوو، ماوەیەک بوو ئەوی نیگەران کردبوو و دیرکتوار لە هەموو کەس باشتر دەیزانی کە "بۆناپارت گوێڕایەڵبوونی لەبیر خۆی بردووەتەوە."
چما ناپلیۆن هەر خۆی بەتەنێ، پەیمانی ئاشتیی کامپۆفرمیۆی بە دڵی خۆی و بەبێ بەهەندگرتنی بۆچوونی ڕوونی دیرکتوار نەبەستبوو؟ لەو ڕێوڕەسم و ئاهەنگەدا کە بە خۆشیی ئەو لە دەی دیسەمبەردا ساز درا، هەڵسوکەوتی ئەو هەڵسوکەوتی جەنگاوەرانەی گەنجێک نەبوو کە بەدڵێکی پڕ لە کەفوکوڵ و ئەمەگداریەوە گوێی لە پەسن و ستایشی دایکی نیشتمان دەبوو، بەڵکو هەڵسوکەوتی ئیمپراتۆرێکی ڕۆمی بوو، کە سەنا(ئەنجومەن)ی گوێڕایەڵ، پیرۆزبایی جەنگێکی پڕ لە شانازیی پێ دەڵێ، چونکە ئەو ڕۆژە بۆناپارت بەبێ ئەوەی خۆی شلوێ بکا و تۆزێکیش بە مرچومۆنی، پێشوازیی لەو هەمووە پەسن و پێداهەڵدانە کردبوو، وەک بڵێی ئەوان ئەرکی سەر شانیان ڕاپەڕاندبێ. بە کورتی،

هەڵسوکەوتی ئەو، نیگەرانیی دەخستەوە، بۆیە هەر وا باشتر بوو بچێتە میسر، چونکە ئەگەر لەوێ سەرکەوتووانە گەڕابایەتەوە، ئەوە دەسکەوتێک بوو، ئەگینا باراس و هاوکارەکانی ئەو، هەر لەوەپێش خۆیان بۆ وەها زیانێک ئامادە کردبوو. جا بۆیە بڕیاری ئەو لەشکرکێشیە پەسند کرا و بۆناپارت لە پێنجی مارسی 1789دا کرا بە سەرلەشکری ئەو سوپا گەورەیە.

ئەو بە هەوڵێکی ماندوویی نەناسانە دەسبەجێ پێداویستییەکانی ئەو سەفەرەی ئامادە کرد و کەوتە سەرانسۆی کەشتییەکان و هەڵبژاردنی سەربازان. ئەمجارەش، ئەو بەهرەیەی پێش لەشکرکێشانە سەر ئیتالیا لە ناپلیۆندا دەرکەوتبوو، سەری هەڵێنایەوە، چونکە ئەو وێڕای ئەنجامی عەمەلیاتێکی لەڕادەبەدەر گەورە و مەترسیدار، بەسەر بچووکترین و وردترین شتەکانیش ڕادەگەیشت، بەبێ ئەوەی تێیاندا نوقم بێ. یانی بۆ وێنە هاوکات هەم مشووری جەنگەڵی دەخوارد و هەمیش ئاگای لە یەک بە یەکی درەختەکان بوو. بەجۆرێکی دیکەی بڵێین، تەنانەت یەک بە یەک لک و پۆی درەختەکانیشی بەسەر دەکردەوە. بۆناپارت وێڕای ئەوەی سەردانی کەنار و ئامراز و کەلوپەلە جەنگییەکانی دەکرد و هێزە جەنگییەکانی خۆی ڕێک دەخستەوە، ئاگای لە هەڵکشان و داکشانی سیاسەتە جیهانییەکان و ئەو دەنگۆیانەش بوو کە پێوەندییان بە هێنان و ڕاگوێزتنی کەرەستە جەنگییەکانی نێلسۆنەوە هەبوو، ـ ئەو کەلوپەل و ئامرازانەی دەیانتوانی لەکاتی پەڕینەوەی بە دەریادا هەموو هێزەکەی نوقم بکەن و هەر بەو نیازەشەوە لە کەناراوەکانی فەرەنسا چاوەڕوان بوون و ئەوەندەی لەبەرچاوان بوون دەجوواڵان و دەهاتن و دەچوون ـ هاوکات لە نێو ئەو سەربازانەشدا کە لەئیتالیا بە فەرمانی ئەو شەڕیان کردبوو کەوتە هەڵبژاردن. ئەو بەشێکی زۆریانی یەک بە یەک دەناسی.

زەینی بێوێنەی ئەو لەو کاتەوە بەردەوام دەوروبەرییەکانی تووشی سەرسوڕمان دەکرد: بۆ وێنە دەیزانی فلانە سەرباز لەسەرخۆ و ئازایە بەڵام زۆر دەخواتەوە و فیساریان زۆر زیرەک و گورجوگۆڵە بەڵام چونکە فتقی هەیە، زوو ماندوو دەبێ. ئینجا بەختەوەرانە توانی سەردارەکانیشی هەڵبژێرێ، هەر وەک چۆن هەرکاتێک پێویست بوایە سەردەستە و تەنانەت سەربازە سادەکانیشی هەڵدەبژارد. قسەی تێدا نییە کە بۆ گرتنی میسر، بۆ جەنگ لەبەر تاوی بەتین و سووتێنەری 50 پلەدا و بگرە زیاتریش، بۆ بڕینی بیابانە سووتێنەرە کاکی بە کاکی و لمەکان، کە نە ئاویان تێدایە و نە سێبەر، دەبێ سەربازەکانی، شێلگیر و پتەو و خۆڕاگر و لە هەموو بوارێکەوە لێوەشاوە بن.

رۆژی 19ی مانگی مای 1798 هەموو شتێک ئامادە بوو. کەشتییە جەنگییەکانی بۆناپارت لە بەندەری تۆلۆنەوە چارۆکەیان هەڵدا. 350 کەشتیی گەورە و بچووک و بەلەم کە 30000 شەڕکەریان بە تۆپخانەکانیانەوە هەڵگرتبوو. دەبوایە بە پاناوکی دەریای سپیی ناوەڕاستدا بپەڕنەوە و خۆیان بپارێزن لەوەی تووشی چەکوچۆڵە جەنگییەکانی نێلسۆن بن، کە بە دڵنیاییەوە تۆپبارانی دەکردن و هەمووانی لە زەریاکەدا نوقم دەکرد.

هەموو ئەوروپا دەیزانی، لەشکرکێشییەکی دەریایی ڕێک دەخرێ. ئینگلتەرا زۆر باش دەیزانی لە هەموو بەندەرەکانی باکووری فەرەنسادا جموجۆڵێکی بێوێنە هەیە و بێ پسانەوە دەستە دەستە سەرباز لەوێدا دێن و دەچن و جموجۆڵیانە و ژەنەڕاڵ بۆناپارت کراوەتە فەرماندەی ئەو لەشکرکێشییە و، ئەوەش نیشانەی گرینگیی مەسەلەکە بوو. بەڵام ئەو لەشکرە بەرەو کوێ دەچوو؟ بۆناپارت بەوپەڕی لێزانییەوە وای بڵاو کردبۆوە کە دەیەوێ بە تەنگەڵانی جەبەلوتاریقدا بپەڕێتەوە و بە

دەوری ئیسپانیادا بسووڕێتەوە و لە ئیرلەندا هێز دابەزێنێ. ئەو هەواڵە نێلسۆنی بە سەهوو برد، ناچار لە دەوروبەری تەنگەڵانەکەی جەبەلوتاریقدا بۆسەی بۆ ناپلیۆن داخست و چاوەڕوان بوو، کەچی ڕێک لەو دەمەدا کەلوپەلە جەنگیەکانی فەرەنسا کە لە بەندەرەوە کەوتبوونە ڕێ، یەکەوڕاست بەرەو ماڵت دەڕۆیشتن.

دوورگەی ماڵت لە سەدەی شانزەیەمەوە بەدەست تیرەیەک سوارچاکی شەڕکەرەوە بوو، کە هەر بەو ناوەشەوە دەناسران. هەر ژەنەڕاڵ بۆناپارت گەیشتە دەوری دوورگەکە، داوای لە بەرگریکەرەکان کرد خۆیان بەدەستەوە بدەن و پاش ئەوەی خۆیان ڕادەست کرد، بۆناپارت ڕایگەیاند ئەو دوورگەیە ملکی فەرەنسایە و پاش چەند ڕۆژێک دیسان بەرەو میسر چارۆکەی کەشتیی هەڵدایەوە. ماڵت تەقریبەن لە نێوەڕاستی ڕێیەکە هەڵکەوتبوو. ناپلیۆن لە دەی جووندا گەیشتە ئەوێ و ڕۆژی نۆزدە ئەوێ بەجێ هێشت. بۆناپارت و لەشکرەکەی، بە یارمەتیی بای خۆش ئاراستە، ڕۆژی سیی جوون گەیشتنە کەناراوەکانی میسر لە نزیک ئەسکەندەریە. ئەو دەسبەجێ هێزەکانی دابەزاند.

دۆخەکە مەترسیدار بوو. بۆناپارت هەر گەیشتە ئەسکەندەریە، ئاگادار کرایەوە کە ڕێک چل و هەشت سەعات پێش ئەوەی بگاتێ، دەستەیەک گەلەکەشتیی ئینگلیز سەردانی ئەو بەندەرەیان کردووە و پرسیاری بۆناپارتیان کردووە و ئیتر دیارە لەوێ کەس بە سۆراغی ئەوی نەزانیوە. لە لایەکیشەوە نێلسۆن هەر ئاگادار بۆوە کە بۆناپارت دوورگەی ماڵتی گرتووە و زانیی بۆناپارت بە سەهووی بردووە، بەرەو میسر چارۆگەی هەڵدا بۆ ئەوەی نەهێڵێ فەرەنسیەکان دابەزن و هەموویان بەدەم دەریادا بدا، بەڵام پەلەکردن و خێراییەکەی بە زیانی شکایەوە: نێلسۆن پاش ئەوەی دڵنیا بۆوە کە بۆناپارت لە ماڵتەوە بەرەو

میسر کەوتووەتە ڕێ، دیسان تووشی هەڵە بۆوە، چونکە وەختێک لە ئەسکەندەرییە پێیان گوت هەرگیز گوێیان لە ناوی بۆناپارت نەبووە، پێی وابوو بۆناپارت بەرەو قوستەنتەنیە کەوتووەتە ڕێ و زۆر خێرا و بەپەلە بەرەو ئەوێ چارۆگەی هەڵدایەوە.
ئەم ڕێکەوتە پەیتاپەیتایانە و ئەو هەڵانەی نێلسۆن کردنی، لەشکری فەرەنسیەکانی لە مەترسی پاراست، جا چونکە ئێستا نا ئێستا لەوانە بوو نێلسۆن بگەڕێتەوە، سەربازەکان دەسبەجێ پیادە کران، بە شێوەیەک کە لە شەوی دووی جوولایدا هەموو یەکەکان دابەزیبوون.

2

بۆناپارت کە جارێکی دیکەش سەیری کرد ئەوە لەگەڵ سەربازە وەفادارەکانیدا لە شوێنێکی لەبار و گونجاوە بۆ چالاکی، ئیتر لە هیچ شتێک نەدەترسا. دەسبەجێ لەشکرەکەی خۆی بەرەو ئەسکەندەرییە خستە ڕێ. ئەو لە مارابۆ، کە گوندێکی ماسیگرتنە و چەند کیلۆمەترێک لەولای شارەکەوە هەڵگەوتووە، دابەزیبوو.
میسر ئەوکات یەکێک بوو لە ملکەکانی بابی عالی، هەر بۆیە بەدەست سەرۆک هۆزەکان واتە "بی"یەکان و سوپایەکی سوراچاکی پارتیزانییەوە بوو، کە سەرکردەکانیان، خاوەنی بەپیتترین زەوی و زارەکانی میسر بوون. ئەو دەرەبەگە فیۆدالانە و ئەو سوپایەی پیتاکیان بە سولتانی قوستەنتەنیە دەدا و ملکەچی فەرمانی ئەو بوون، بەڵام بە کردەوە هیچ گوێڕایەڵی نەبوون.
عەرەب، دانیشتووە سەرەکییەکەی ئەو ناوچانە بوون، خەریکی بازرگانی و ـ دیارە بازرگانی دەسڕۆیشتوو و زۆر دەوڵەمەندیشیان هەبوو ـ و پیشەسازی و پیشەی دەستی و تەنانەت هێنان و ڕاگواستنی

کالا به کاروان و هەروەها کشتوکاڵیش بوون. قیبتیەکان یانی پاشماوەکانی هۆزە خۆجێییەکان کە لە پێش ئەو کاتەوە وا عەرەبە ئاکنجیەکانی ئەو وڵاتە بەسەریاندا زاڵ بوون و داگیریان کردن، هەر خەڵکێکی لێقەوماو و زوڵملێکراو بوون. پێیان دەگوتن فەلاح، یانی جووتیار. هەڵبەت بە جووتیارە عەرەبەکانیشیان کە بە هەژاری و نەداری دەژیان، هەر دەگوت فەلاح. ئەو تاقمە پاڵە و سەپان و کرێکاری سەر کەشتی و هەندێکیشیان چەرچی بوون.
ئەگەرچی وڵاتی میسر بە ڕواڵەت کەوشەنی سوڵتانی عوسمانی بوو، بەڵام بۆناپارت کە هاتبوو بیگرێ بەردەوام دەیگوت هیچ کێشەیەکی لەگەڵ سوڵتانی عوسمانی نیە، بەڵکو ئاشتی و دۆستایەتییەکی پتەویان لەنێواندا هەیە و ئەو تەنیا بۆ ڕزگارکردنی عەرەبەکان لە زوڵمی "مەمالیک*" هاتووە، کە بە زوڵم و زۆر و دڵڕەقیی خۆیان خەڵکیان وەزاڵە هێناوە. هیچ ناوی قیبتیەکانی نەدێنا. کە هێرشیشی کردە سەر ئەسکەندەریە و ئەو شارە گەورەی کە ئەو کات ئاوەدان و پڕ ناز و نیعمەت بوو، بە چەند سەعاتێک شەڕکردن گرت و چووە نێو شارەکە. وێڕای ئەوەی وازی لە خۆنواندن نەهێنا و هەموو جارێ پاتەی دەکردەوە کە جگە لە ڕزگارکردنی خەڵک لە کۆت و نیری مەمالیک هیچ مەبەستێکی نییە، دەسەڵاتی فەرەنساشی بەسەر ئەو شارەدا دەسەپاند. ئەو عەرەبەکانی بە شێوازی جۆراوجۆر دڵنیا دەکردەوە لەوەی کە ڕێز لە قورئان و ئایینی ئیسلام دەگرێ، بەڵام پێشنیاریشی دەکرد تەواو گوێڕایەڵ بن و هەڕەشەی ئەوەشی دەکرد بێت و لاقیان خوار دابنێن، ناچارە زەبروزەنگ بنوێنێ.

*مەمالیک: ئەو غوڵام و بەندە و نۆکەرانەی ببوونە خاوەن پێگە و پلە و دەستیان دەڕۆیشت.

بۆناپارت پاش ئەوەی چەند ڕۆژێک لە ئەسکەندەریەدا ماوەوە، بەرەو باشوور کەوتە ڕێ و گەیشتە چەقی بیابان. یەکەکانی ئەو لە بێ ئاوی سیوشکەیان گرتبوو. خەڵکی گوندەکان کە زەندەقیان چووبوو، لە ماڵەکانیان ڕایان دەکرد و لەسەر ڕێی خۆیان بیرەکانیان ژەهراوی دەکرد یان پڕیان دەکردنەوە. مەمالیک وردە وردە پاشەکشەیان دەکرد و جاروبارەش بە هێرش و پەلامارەکانیان، تەنگیان بە سوپای فەرەنسا هەڵدەچنی، ئینجا بە سواری ئەسپی خۆشبەز ڕایان دەکردەوە.
ئاخری لە ڕۆژی بیستەمی جوولای 1798دا، لە نزیک ئەهرامی میسر، بۆناپارت تووشی هێزە گەورەکەی مەمالیک هات. ناپلیۆن پێش تێکهەڵچوون بە لەشکرەکەی خۆی گوت: "سەربازەکان، چل سەدە مێژوو، لەسەر ئەم ئەهرامانەوە نیگەرانی ئێوەن."
شەڕەکە لە نێوان گوندی ئێنبابا و ئەهرامدا قەوما. مەمالیک تەواو تێک شکا، وایان لێ هات بەشێکی تۆپخانەکەیان بەجێ هێشت ـ چل تۆپ ـ و بەرەو باشوور تێیان تەقاند. چەند هەزار کوژراویان لە شەڕگەکەدا کەوتبوو.
ناپلیۆن پاش ئەم سەرکەوتنە دەسبەجێ چووە نێو قاهیرە، دووەمین شار لە دوو شارە هەرەگەورەکەی میسر. خەڵکی تۆقیوی شار بە بێدەنگی پێشوازییان لە داگیرکەر کرد: ئەو خەڵکە هەرگیز ناوی بۆناپارتیان نەبیستبوو و تەنانەت لەو دەمەدا هەر نەشیاندەزانی بۆناپارت کێیە و بۆچی هاتووە و شەڕی لەگەڵ کێیە.
لە قاهیرە کە لە ئەسکەندەریە دەوڵەمەندتر بوو، بۆناپارت بەسەر خۆراک و بژیوێکی زۆردا کەوت. لەشکرەکەی حەساوە. لە ڕاستیدا ناخۆش بوو کە دەیاندی خەڵک وەها تۆقیون، بۆ ئەوە ناپلیۆن لە ڕاگەیەنراوێکی تایبەتدا کە بە زمانی ئەوێ تەرجومە کرابوو، داوای لە

خەڵکەکە کرد ئاسوودە و بێخەم بن. بەڵام چونکە هاوکات لەگەڵ ئەو ڕاگەیەنراوەدا بە گومانی ئەوەی خەڵکی گوندی عەلقەمی نزیک قاهیرە چەند سەربازێکی فەرەنسیان کوشتووە، فەرمانی دا بۆ چاوترسێنکردنی ئەوانی دی گوندەکە تاڵان بکرێ و بسووتێنرێ، ئەوەندەی دیکەش عەرەبەکانی تۆقاند.

ناپلیۆن لەو شتانەدا لە ئیتالیا و لە میسر و لە تەواوی ئەو شوێنانەش کە دواتر شەڕی تێدا کردن، بەبێ دوودڵی فەرمانی لەو چەشنەی دەرکرد و ئەو سیاسەتەی ئەو بە وردبینیەوە بوو: یەکەکانی ئەو دەبوایە بەچاوی خۆیان ببینن کە هەر کەس دەستیان لێ بوەشێنێ، سەردارەکەیان لێی خۆش نابێ و بە تووندترین شێوە سزای دەداتەوە. ئەو هەر لە قاهیرە گیرسایەوە، دامودەزگایەکی ئیداریی ڕێک خست. من بەبێ ئەوەی وردەکارییەکان کە سوودێکیان نییە باس بکەم و زۆری لەسەر بڕۆم، بەرچاوترین لایەنە دیارەکانی سیستەمی ناپلیۆنیتان لە میسر بۆ باس دەکەم: یەکەم؛ لە هەموو شار و گوندێک دەبوایە دەسەڵات بە دەست فەرماندەی لیوای فەرەنسیەوە بێ. دووەم؛ شان بە شانی لیوای فەرەنسی، "ئەنجومەن"ێکی ڕاوێژکارییش دامەزرێ، کە بەناوبانگترین و دەوڵەمەندترین و باوەڕپێکراوترین خەڵکی ئەو شوێنەی تێدا بن و ئەوانیش خۆی هەڵیبژاردبن. سێ؛ دەبێ ئەوپەڕی ڕێز لە ئایینی ئیسلام و مزگەوت و مەلاکان بگیردرێ و پارێزبەندییان لەسەر بێ. چوار؛ لە قاهیرەش دەبێ ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری لە نوێنەرانی شارەکە و نوێنەری شارەکانی دیکە و لە ژێر چاودێریی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکاندا دامەزرێ. دانی پیتاک و مالیات دەبێ ڕێک بخرێتەوە و وەرگرتنی مالیاتی کالا بە شێوەیەک بێ، کە خەرجی لەشکری فەرەنسی بکەوێتە ئەستۆی ئەو وڵاتە. سەرۆک و کوێخا

خۆوڵاتییەکان دەبێ بە یارمەتیی ڕێکخراوە ڕاوێژکارییەکانیان سەقامگیری و تەناهی وەدی بێن و پشتیوانی لە بازرگانی و خاوەندارێتیی تایبەت بکەن. هەموو ئەو ماڵیات و پیتاکەی زەوی و زار کە مەمالیک لە ڕەعیەتەکانیان دەستاند، هەڵوەشێنرانەوە. ملکی "بی"یە یاخی و سەربزێوەکان کە هێشتا هەر شەڕیان دەکرد و ڕایان کردبووە باشوور، بە قازانجی خەزێنەی دەوڵەتی فەرەنسا زەوت کران. بۆناپارت دەیویست لە میسریش وەک ئیتالیا سیستەمی دەرەبەگایەتی هەڵوەشێنێتەوە، ئەو کارەش زۆر بەجێ بوو، چونکە هەر ئەو مەمالیکە بوون کە بەرگریی چەکدارانەیان دەکرد و، دەشیویست پشت بە چینی بۆرژوا و خاوەن زەویە عەرەبەکان ببەستێ. بەڵام سەبارەت بە چینی "جووتیار" و سەپان کە چینی بۆرژوای عەرەب دەیانچەوساندنەوە و کاریان پێ دەکردن، ناپلیۆن بە هیچ شێوەیەک بەتەما نەبوو بیانخاتە بن باڵی خۆیەوە.

هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ پتەوکردنی دیکتاتۆریی سەربازی بوو، کە جڵەوەکەی بەدەست خۆیەوە بوو و، کردبووی بە دەستەبەر(زامن)ی سیستەمی بۆرژوایی و خۆیشی پێکهێنەرەکەی بوو. لە کۆتاییدا با ئەو خاڵەش بیر بخەینەوە کە چاوپۆشیی ناپلیۆن لە ئایینی ئیسلام و ئەو ڕێزەی بە ڕواڵەت لە قورئانی دەنا و بەردەوامیش پێی لەسەر دادەگرتەوە، داهێنانێکی هێندە سەیر بوو، کە ئەنجومەنی "پیرۆز"ی قەشەکانی ڕووس وەک هەمووان ئاگادارن، وەختێک لە بەهاری1807دا ڕاگەیەنراوی چاوقایمانەی خۆی بڵاو کردەوە، تێیدا ناپلیۆنی وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی دژی مەسیح ناو هێنا و وەک بەڵگەی بانگەوازەکەشی ئاماژەی بە هەڵسوکەوتی ناپلیۆن لە میسر و پشتیوانییەکەی لە ئیسلام و قورئان کرد.

بۆناپارت پاش ئەوەی سیستەمێکی سیاسیی نوێی بەسەر وڵاتە بەزیوەکەدا سەپاند، خۆی بۆ شەڕێکی تازە ئامادە کرد کە ئەویش گرتنی سووریا بوو لە ڕێی میسرەوە. بڕیاری دا ئەو زانایانەی لە فەرەنساوە لەگەڵ خۆی هێنابوونیە میسر، لەوێ بەجێیان بهێڵێ. ئەو هەرگیز ڕێزێکی زۆری لە دۆزینەوە زانستی و نوێیەکانی زانایانی هاوچەرخی خۆی نەگرت، بەڵام باش دەیزانی زانایەک لە پێگە و هەڵکەوتەی سیاسی و سەربازی و ئابووریدا، دەتوانێ چەندە خزمەتی مەزن و پڕبایەخ پێشکەش بکا. هەر بۆیەش زۆر لەگەڵ ئەو زانایانە باش بووە و گرینگییەکی بێوێنەی پێ داون، کە لەگەڵ خۆی هێنابوونی. تەنانەت لەو فەرمانە بەناوبانگەشدا کە دراوەتە پاڵ وی و لەسەرەتای یەکێک لەشەڕەکانیدا لەگەڵ مەمالیک پێشکەشی کردووە، ئەم گرینگیدانە ڕەنگی داوەتەوە: "گوێدرێژ و زاناکان لە نێوەڕاستەوە بن" و، بەو جۆرە بۆناپارت پاراستنی گیانی بیرمەند و زاناکانیشی وەک یەک سم و بارگینەکان کە لە جەنگدا بایەخێکی بێوێنەیان هەبووە، وەک یەک بە پێویست زانیوە. هەڵبەت ئەو هاوشانکردنەی گوێدرێژ و زاناکان تەنیا بەرهەمی کورتبێژیی وتەی لەشکرییەکان و کورتبوونی پێویستیی فەرمانە سەربازییەکانە. دەبێ ئەوەشی لێ زیاد بکەین کە شەڕەکەی بۆناپارت ڕۆڵێکی مەزنی لە مێژووی میسرناسیدا گێڕاوە و دەکرێ بڵێین ئەو زانایانەی لەگەڵی هاتنە میسر، یەکەم کەس بوون کە دەرگاکانی ئەو وڵاتە کەونارایی و ئەم بێشکەیەی شارستانییەتی مرۆییان بە ڕووی زانستدا خستە سەر پشت.

3

تەنانەت پێش ئەوەی لەشکر بەرێتە سەر سووریا، زۆر جاران بۆناپارت لەوە دڵنیا بۆوە کە عەرەب بە هیچ شێوەیەک دڵیان بەو دروشمەی ناپلیۆن خۆش نەکردووە کە بەردەوام لە ڕاگەیەنراوەکانیدا بە تام و خوێوە دەڵێ: "ڕزگاری لە کۆت و نیری مەمالیک". فەرەنسیەکان لە سایەی ئەو ڕێککارییە زۆر کاریگەرەی کە باریکی قورسیش بوو بەسەر خەڵکی سووریاوە و هەمیش لە سۆنگەی ئەو ماڵیاتانەوە کە خۆیان دایاننابوون، خۆراک و تفاقێکی زۆریان دابین کردبوو؛ بەڵام پارەی وشکە، ئاوا ئاسان بەدەست نەدەهات و ناچار بۆ بەدەستهێنانەکەی دەستیان بۆ شتی دیکە دەبرد.

ژەنەراڵ کلێبێر، کە بۆناپارت وەک فەرماندەی گشتی لە ئەسکەندەریە بەجێی هێشتبوو، ئەمری کرد سەید محەممەدئەلکەریم موفتیەکەی پێشووی شار کە لە ڕادەبەدەر دەوڵەمەند بوو و بەبێ هیچ بەڵگەیەک تۆمەتی خیانەت لە وڵاتی بەسەردا سەپێنرابوو، دەسبەسەر بکەن.

محەممەد ئەلکەریم لە ژێر چاودێریدا نێردرایە قاهیرە و لەوێ پێیان گوت ئەگەر گیانی خۆتت خۆش دەوێ دەبێ 300 هەزار فرانک زێڕمان بدەیتێ. بۆ نەگبەتی محەممەد ئەلکەریم باوەڕی بە قەدەر و چارەنووس هەبوو، هەر بۆیە گوتی: "ئەگەر چارەنووسی من وا دیاری کراوە کە ئێستا بمرم، کەوابوو هیچ هێزێک ناتوانێ ڕزگارم بکا و ئیتر منیش پووڵەکەمم لەخۆڕا لەکیس دەچێ. ئەگەر چارەنووسیش وایە زیندوو بم، دەی پارەی خۆم بۆچی بدەم؟" ئیتر بە ئەمری بۆناپارت لە سەریان دا و تەرمەکەیان بەم تابلۆیەوە بەنێو کووچە و شەقامی قاهیرەدا گێڕا: "ئەوەیە سزای ناپاک و پەیمانشکێنان." چەندی گەڕان و وڵاتیان سەنگ و سووژن دا، سامانی شاراوەی شێخی کوژراویان پێ نەدۆزرایەوە،

بۆیە لەبری ئەوە، کۆمەڵێک لە دەوڵەمەندانی عەرەب هەر شتێکیان لێ داوا کرا، هەڵیانڕشت و لە ماوەی چەند ڕۆژێکی پاش ئیعدامی شێخ محەممەد ئەلکەریمدا، نزیک بە چوار ملیۆن فرانک زێڕ بەو شێوەیە کۆ کرایەوە و لە سندووقی سوپای فەرەنسایان کرد. بۆ تالانی خەڵکی ئاسایی لە پێشدا ڕێوشوێنی سادەتریان دەگرتە بەر.

لە کۆتایی ئۆکتۆبەری 1798دا لە قاهیرە خۆپێشاندانێک ڕێک خرا. تەقە لە چەند سەربازێکی هێزی داگیرکەر کرا و کوژران و ڕاپەڕیوەکان تا سێ ڕۆژان لە هەندێ گەڕەکی شار بەرگرییان کرد. سزاکە تا بڵێی بێبەزەییانە بوو. جگە لە عەرەب و ئەو جووتیارانەی لە سەرکوتەکەدا کوژران، تا چەند ڕۆژان ئیعدامی دەستەی 12 تا 30 کەسی هەروا بەردەوام بوو.

ڕاپەڕینەکەی قاهیرە، لە شار و گوندەکانی دەوروبەردا دەنگی دایەوە. هەر خەبەری یەکەمین ڕاپەڕین بڵاو بۆوە، بۆناپارت فەرمانی بە کرۆیزیەری سەردەستە(ئاجودان) کرد دەسبەجێ بگاتە شوێنی ڕاپەڕیوەکان، هەموو هۆزەکە گەمارۆ بدا و بێ پرینگانەوە هەموو پیاوەکان بکوژێ، ژن و منداڵەکان بەدیل بگرێ و بیانهێنێتە قاهیرە و ماڵەکانیشیان بسووتێنێ. ئەمرەکە دەقاودەق جێبەجێ کرا. زۆربەی ئەو ژن و منداڵانەی ناچار کرابوون ئەو ڕێگە دوورودرێژە بەپێیان ببڕن، لە ڕێگە مردن و چەند سەعات پاش ئەو لەشکرکێشیە سەرکوتکەرە، کەرەگەلێک بە تێڕ و بارەوە گەیشتنە گۆڕەپانە گەورەکەی شاری قاهیرە. تێڕ و تووڕەکەیان هەڵڕشت و سەلکەسەری پیاوانی هۆز و عەشیرەتە سەربزێوەکان بڵاو بوونەوە.

یەکێک لەوانەی ئەم ڕووداوەی بەچاوی خۆی دیتووە، دەیگوت، تا ماوەیەکی زۆر خەڵک لەو کردەوە دڕندانە و بێبەزەییانە هەر تۆقیبوون.

لەو جەنگەیەدا، بۆناپارت دەبوایە دوو ڕووداو بەوردی تاوتوێ بکا، کە بۆ ئەو زۆر مەترسیدار بوون:
_ یەکەم ئەوەی کە ماوەیەک لەوە پێش یانی ڕێک مانگێک پاش دابەزینی لە میسر، دەریاسالار نێلسۆن کە ئاخریەکەی کەرەستە و داموددەزگا جەنگییەکانی فەرەنسای لە کەنداوە بچووکەکەی ئەبوقیر دۆزیبۆوە، پەلاماری دابوون و نوقمی کردبوون و دەریاسالارە فەرەنسییەکە بەناوی "برۆیس" لەو شەڕەدا کوژرابوو. بەو وەزعەوە، پێوەندیی ئەو سوپایەی لە میسر شەڕی دەکرد، بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ فەرەنسا دەپچڕا.
_ ڕووداوەکەی دیکە ئەوە بوو کە دەوڵەتی عوسمانی، بڕوای بە دروشمی گزیکەرانە و خەڵەتێنەرانەی بۆناپارت نەکردبوو، کە دەیگوت، بە هیچ شێوەیەک نایەوێ شەڕ لەگەڵ بابی عالی بکا و تەنیا دەیەوێ مەمالیک لەسەر هەڵسوکەوتە نەشیاوەکەیان لەگەڵ بازرگانە فەرەنسیەکان سزا بدا و تەمبێیان بکا، بۆیە لەشکرێکی تورکی بەرەو سووریا ناردبوو.
بۆناپارت بۆ بەرپەرچدانەوەی تورکەکان بە پەلە بەرەو سووریا کەوتە ڕێ. ئەو بۆ قایمکردنی پشتەسەری خۆی لەو جەنگە دوورودرێژەدا، دڵڕەقی و بێبەزەییبوونی بە باشترین شێواز دەزانی.
جەنگەکەی سووریا بەتایبەتی بێئاوی، تا بڵێی ئەستەم و دژوار بوو. شارەکان یەک لە دوای یەک خۆیان ڕادەستی بۆناپارت دەکرد و یەکەم شارێکیش کە گیرا، ئەلعوڕەیش بوو. بۆناپارت بە شێوە دوورگەی سویزدا تێپەڕی و هەڵیکوتایە سەر یافا و لە چوارەمی مارسی 1799دا گەمارۆی دا. جا چونکە شارەکە خۆی بە دەستەوە نەدەدا، بۆناپارت بە خەڵکەکەی گوت بێت و شارەکە بە هێرش و شەڕ بگیردرێ، خەڵکەکە

کۆمەڵکوژ دەکرێن و ئیتر حیسابی دیل بۆ کەس ناکرێ. یافا خۆی بەدەستەوە نەدا. لە ڕۆژی شەشەمی مارسدا فەرمانی هێرش درا و سەربازەکان هەر گەیشتنە نێو شار، هەر کەسیان وەچنگ کەوت، دایانە بە شمشێر. ماڵ و دوکان تاڵان کران. ماوەیەک دواتر، وەختێک کوشتار و تاڵانی شارەکە بڕایەوە، ژەنەڕاڵ بۆناپارتیان ئاگادار کردەوە: "کە 4000 سەربازی تورک کە لە کوشتارەکەی شار دەرباز بوونە و زۆربەشیان ئەڵمانین، لە شوێنێکی ئەستەم کە لە هەموو لایەکەوە سەنگەری لێ درابوو، بەرگرییان دەکرد و لە وەڵامی ئەفسەرە فەرەنسیەکاندا کە داوایان لێ کرابوو خۆ بەدەستەوە بدەن، ئەوان گوتبوویان بە مەرجێک خۆیان بەدەستەوە دەدەن گیانیان بپارێزرێ ئەگینا تا دوا دڵۆپی خوێنیان شەڕ دەکەن. ئیتر بەڵێنی پاراستنی گیانیان پێ دراوە و چەکدارەکانیش پاش ئەوەی لە سەنگەرەکانیان هاتنە دەرێ چەکەکانیان داناوە و ئێستا لە عەمبارێکدا بە دیلی ڕاگیراون." بۆناپارت بەو ڕووداوە زۆر تووڕە بوو. بە باوەڕی ئەو بەڵێنی پاراستنی گیانی ئەو کۆمەڵە تورکە، ئەوپەڕی شێتی و کەرێتی بووە و لەو بارەیەوە گوتی: "باشە من چیتان پێ بڵێم؟ باشە من تفاق و خۆراکم هەیە ئەوانە بەخێو بکەم؟ کەشتیم هەیە بیانئێرمە میسر یان فەرەنسا؟ ئەو چەپکە گوڵە چییە بە ئاوتان داداوە؟" جا بە ڕاستی نە گەشتی هەبوو کە ئەو چوار هەزار سەربازە بەوەج و ئازایەی لە ژێر چاودێریدا پێ بەڕێ بکا و نە ئەوەندەشی سەربازی زیادە هەبوو کە لە ژێرچاودێریدا و بە بیابانەکانی میسر و سووریادا بیانگەیەنێتە ئەسکەندەریە یان قاهیرە. ناپلیۆن یەکەم جار بڕیارە سامناکەکەی نەدا... سێ ڕۆژی ڕێک نوقمی بیر و خەیاڵ و درِدۆنگ هەر بیری کردەوە و هێنای و بردی، ئاخری ڕۆژی چوارەم ئەمری کرد بیانکوژن. چوار هەزار دیلەکەیان هێنایە دەم

دەریا و هەر گەیشتنە ئەوێ تا دوایین کەسیان گوللەبارانیان کردن و جووقەواریان بڕینەوە. یەکێک لە ئەفسەرە فەرەنسیەکان دەیگوت: "ئەو کارەساتەی ئێمە بەچاوی خۆمان دیتمان، خوایە کەس نەیبینێ."
زۆری نەبرد ناپلیۆن هەڵیکوتایە سەر قەڵا لەشکاننەهاتۆکەی ئاکرێ، یان وەک فەرەنسیەکان دەڵێن "سێن ژان داکێر."تورکان، ناویان نابوو عەکا. نەدەبوو خۆی بگنخێنێ، چونکە لاڕەشە(تاعوون) کەوتبووە لەشکرەکەی فەرەنسا و هەڕەشەی لێ دەکرد و مانەوە لە یافا کە لە ماڵ و کۆڵان و سەربان و ژێرزەمین و نێو باغ و باخچە و سەوزەڵانیەکانیدا هەر تەرم بوو دەڕزی و بۆگەنی دەکرد، لە ڕووی تەندروستییەوە مەترسییەکی گەورە بوو.
گەمارۆی عەکا ڕێک دوو مانگی خایاند و شکستی هێنا. بۆناپارت تۆپی قەڵاشکێنی نەبوو. کەسێکی ئینگلیزی بەناوی سیدنی سمیس فەرماندەی بەرگریکەران بوو. ئینگلیزیەکان لە ڕێگەی دەریاوە خۆراک و تفاق و چەکوچۆلیان دەگەیاندە قەڵاکە. چەکدارە تورکەکانیشی زۆر زۆر بوون. پاش چەند پەلاماری بێ سوود، فەرەنسیەکان ناچار بوون لە بیستی مانگی مای 1799دا دەست لەو گەمارۆیە هەڵگرن کە تێیدا 3000 کوژراویان دابوو. ئاشکرایە کە گەمارۆدراوان لەوە زیاتر زیانیان بەر کەوتووە. لەمەودوا فەرەنسیەکان ڕێگەی میسریان گرتەوە بەر.
لێرەدا پێویستە ئەوەش باس بکەین کە ناپلیۆن تا کۆتایی ژیانیشی، هەمیشە پێی وابوو ئەم شکستە مانایەکی خراپ و بێفەڕی هەیە. عەکا، دوا خاڵی ڕۆژهەڵاتی جیهان بوو کە چارەنووس بۆی ڕەخساندبوو بیگاتێ. ئەو چونکە بەتەما بوو ماوەیەکی زۆر لە میسر بمێنێتەوە، فەرمانی بە ئەندازیارەکانی خۆی کرد لەو کەنداوە بکۆڵنەوە کە لە چاخی کەنارادا هەوڵیان دابوو لە شێوەدوورگەی سویزدا لێی بدەن و،

گەڵاڵەی عەمەلیاتێک کە دواتر دەبوو بەوێدا بیکات، داڕێژن. ئێمە ئاگادارین کە ئەو نامەیەکی بۆ سوڵتانی میسۆر (لە باشووری هیندستان) نووسی، کە ئەوکات لەگەڵ ئینگلیزەکان لەشەڕدا بوو و، بەڵێنی یارمەتیی پێ دا. ئینجا دەشیویست کە لەگەڵ پادشای ئێران (فەتحەلی شای قەجەر)دا پەیمانێک ببەستێ. دەستکردنەوە و بەرگریی عەکا، و دەنگۆی دڵەڕاوکێخوڵقێنی ڕاپەڕینی گوندەکانی سوریا لە پشتەسەریەوە لە نێوان ئەلعەریش و عەکا و بەتایبەتی مەحاڵبوونی پەرەپێدانی زیاتر بە هێڵی پێوەندییەکانی نێوان هێزی حەساوە کە بە شێوەیەکی مەترسیدار دوورودرێژ ببۆوە، لەسەر یەک وایان کرد ناپلیۆن واز لە ئارەزووی گرتنی سووریا بێنێ.
پاشەکشە، لە پێشڕەوییش ئەستەمتر بوو، چونکە کۆتاییەکانی مانگی مای بوو و مانگی جوون خەریک بوو بەسەردا دەهات و گەرمای ئەو مانگە تاقەتپڕووکێنە. بۆناپارت وەک هەمیشە لە سەرکوت و تەمبێی بێبەزەییانەی خەڵکی گوندەکانی سووریا کە بەپێویستی دەزانی دایانپلۆسێ، هیچ دوودڵ نەبوو.
ئەم خاڵەش پێویستە بیر بخەینەوە، کە فەرماندەی گشتی لەم پاشەکشەیەدا وێڕای سەربازەکانی خۆی لە کوێرەوەری و تاڵی و سوێرییەکان بەشدار بوو، بەبێ ئەوەی خۆی یان سەردارەکانی تەنانەت لە بەرزترین پلەوپایەشدا، خۆیان لە سەربازەکان جوێ بکەنەوە.
تاعوون حەشری دەکرد. تاعوون لێدراوەکانیان بەجێ دەهێشت، تەنیا بریندار و نەخۆشەکانی دیکەیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. بۆناپارت ئەمری بە هەموو سەربازەکانی کرد تا لە ئەسپەکانیان دابەزن و چارەوێی خۆیان بدەن بە بریندار و نەخۆشەکان. پاش دەرکردنی ئەم فەرمانە، مەیتەرەکەی ئەو، کە پێی وابوو ئەم فەرمانە فەرماندەی گشتی

ناگرێتەوە، لێی پرسی: گەورەم کامە ئەسپ بۆ جەنابت تەرخان بکەین؟ بۆناپارت تووڕە بوو و گرم قەمچییەکی تێ سرەواند و نەڕاندی: "هەی کەر، من گوتم هەمووان دەبێ بە پێیان بڕۆن. لەپێشدا خۆم. چما گوێت لە فەرمانەکەم نەبووە؟ لەبەر چاوم ون بە."
سەرباز، لەبەر ئەو زەبروزەنگانەی زۆریان خۆش دەویست و بەسەری پیریش کە یادی ناپلیۆنیان دەکرد، هێندەی باسی ئەو خووخدە و تایبەتمەندیانەی ئەویان دەکرد، ئەوەندەیان باسی سەرکەوتنەکانی نەدەکرد. ئەو خۆی بەوەی دەزانی و لەو شتانەدا هیچ دوودڵ نەدەبوو و هیچ کام لەوانەی ئەم دیمەنانەیان بەچاو دیتبوو، دواتر نەیاندەتوانی لێکی بکەنەوە ئاخۆ ئەو گۆڕانانە چەندە سەرچاوەیان لە هەڵچوون و کەفوکوڵی کتوپڕدا بووە و چەندەشیان هەر خۆنواندن بووە؟ وە لەوانەشە وەک ئەکتەرە گەورەکان هەردوو فاکتەرەکە پێکەوە هۆکار بووبن. جا ناپلیۆن هەر لە دەسپێکی چالاکییەکانیەوە لە تۆلۆن و ئیتالیا و میسر لێزانانە ئەو هونەرەی نواندبوو، بەڵام جگە لە کۆمەڵێک کەسی هەرە وردبین و مووئەنگێوی نزیک خۆی، هیچ کەس ئاگای لەو بەهرەیەی ئەو نەبوو، جا سەیر ئەوەیە ئەوکات لە نێو هاوڕێ نزیکەکانی خۆیدا کەم کەسیان هێندە مووئەنگێو و وردبین بوون.
رۆژی 14ی جوونی 1799، لەشکرەکەی بۆناپارت گەڕایەوە قاهیرە، بەڵام ئیتر ئەو سەردەمە بەسەرچووبوو کە ئەگەر هەموو لەشکرەکەش ناچار نەبوون، لانیکەم فەرماندەی گشتی خۆی دەبوایە هێشتا لەو ولاتەدا بمێنێتەوە کە گرتبووی و ملکەچی کردبوون.
بۆناپارت هێشتا لە قاهیرە تۆزێک نەحەسابۆوە کە لەناکاو هەواڵیان هێنا لەشکرێکی تورک لە نزیک ئەبوقیر، یانی لەو شوێنەی سااڵێک لەوەپێش نێلسۆن پاپۆڕە سەربازهەڵگرەکانی فەرەنسای لەنێو بردبوو، دابەزیون

تا میسر له چنگی فەرەنسیەکان ڕزگار بکەن. هەر بۆیە بۆناپارت دەسبەجێ بە لەشکرەکەی خۆیەوە قاهیرەی بەجێ هێشت و بەرەو باکوور یانی بەرەو سێگۆشەی نیل هەوساری ئەسپەکەی وەرسووڕاند. لە بیست و پێنجەمی جانیوەریدا، هەڵیکوتایە سەر لەشکرەکەی تورکان و لەناوی بردن. نزیک 15000 تورک کوژران، چونکە ناپلیۆن ئەمری کردبوو کەس بە دیل نەگرن و بێبەزەییانە هەموویان بکوژن. ئەو لەمبارەیەوە لەخۆباییانە نووسیی: "ئەوە خۆی یەکێک بوو لە جوانترینی ئەو شەڕانەی بەچاوی خۆم دیتوومە. لە چل هەزار سەربازی دوژمن تاقە یەک نەفەریشیان ڕزگاری نەبوو" وێدەچوو سەرکەوتنی فەرەنسیەکان بۆ سااڵنی داهاتووش مسۆگەر بووبێ. ژمارەیەکی کەمی سەربازە تورکەکان پەنایان بردبووە بەر کەشتییەکانی ئینگلیز. دەریا هێشتا بە دەست ئینگلیزەکانەوە بوو، بەاڵم میسر جار بە جار پتر کەوتە بەر ڕکێف و جڵەوی ناپلیۆن بۆناپارتەوە.

لەو دەمەدا، ڕووداوێکی لەناکاو قەوما، کە هیچ کەس پێشبینیی نەکردبوو. بۆناپارت کە لە مانگەکانی ڕابردوودا پێوەندیی لەگەڵ ئەورووپادا پچڕابوو، لە ڕۆژنامەیەکدا کە بە ڕێکەوت کەوتە دەستی، بۆی ڕوون بۆوە، لەو ماوەیەدا کە وا ئەو خەریکی گرتنی میسر بووە، نەمسا و ئینگلتەرا و ڕووسیا و وڵاتی پادشایەتیی ناپێڵ یەکیان گرتووە و دژی فەرەنسا شەڕێکیان هەاڵیساندووە و سۆقڕۆڤ "سەرداره ڕووسی"یەکە، هاتووەتە ئیتالیا و فەرەنسیەکانی تێک شکاندووە و کۆماری سێزاڵپینی تێکەوە پێچاوە و ئێستا ئەوە دەگاتە چیاکانی ئاڵپ و هەڕەشە لە فەرەنسا دەکا. دزی و فزی و چەتەیی و پێشێوییەکی بەربااڵویش بەرۆکی فەرەنسای گرتووە و، دیرکتوار کە زۆرینەی خەڵک لێی بێزارن، الوازە و لێک هەڵوەشاوەتەوە. ئەو پاش خوێندنەوەی ئەو

خەبەرانە دەسبەجێ گوتی: "ئەی داوەشێن، ئیتالیاتان لە دەست دا. بەرهەمی هەموو سەرکەوتنەکانی ئێمە لەکیس چوو. من دەبێ دەسبەجێ بڕۆم."

بڕیارەکەی دەمودەست بوو. فەرماندەیی گشتیی لەشکرەکەی بە ژەنەڕاڵ کلێبێر ئەسپارد و ئەمری کرد بەپەلە و بەشێوەیەکی زۆر نهێنی چوار کەشتیی بۆ تەیار و ئامادە بکەن، ئینجا پێنجسەد شەڕکەریشی لە نێو سەربازەکانیدا هەڵبژارد و لەگەڵ خۆی بردنی و لە بیست و سێی ئۆگۆستی 1799 بەرەو فەرەنسا چارۆکەی هەڵدا. لە حاڵێکدا لەشکرێکی ئازا و بەجەرگ و ڕێکوپێک و پۆشتە و داموودەزگایەکی ئیداری و ماڵیی ڕێکوپێک ـ کە خۆی دروستی کردبوو و بە باشترین شێوە کاری دەکرد ـ و، خەڵکە بێدەنگ و گوێڕایەڵ و تۆقیوەکەی ئەو وڵاتە داگیرکراوە پانوبەرینەی بۆ کلێبێر بەجێ دەهێشت.

18

ی برۆمێری 1799

1

ناپلیۆن بە بڕیاری لێبڕاوانە و شێلگیرانەوە بۆ لێخستنی دیرکتوار و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵات لە میسرەوە گەڕایەوە. ئەوە خۆی هەنگاوێکی زۆر چاوقایمانە بوو. چونکە پەلاماردانی کۆماری و کۆتاییهێنان بەو شۆڕشەی دە ساڵ لەمەوبەر بە گرتنی باستیل دەستی پێ کردبوو، تەنانەت سەرەڕای پێشینەی پڕشنگداری وەک تۆلۆن و واندەمیر و گرتنی ئیتالیا و میسریش هێشتا دنیایەک مەترسیی سامناکی بەدووەوە بوو و ئەو مەترسیانەش هەر لەو کاتەوە دەرکەوتن کە ناپلیۆن کەناراوەکانی میسری بەجێ هێشت. لە ماوەی 47 ڕۆژ بڕینی دەریادا تا گەیشتەوە فەرەنسا، سات بە سات مەترسیی ئەوەی لەسەر بوو تووشی کەرەستە جەنگییەکانی ئینگلیز بێ. وەباڵ بەستۆی ئەوانەی بینەری ڕووداوەکە بوون، بۆناپارت تاقە کەسێک بوو کە هیچ خۆی شلوێ نەکرد و هەر بە هێز و دەسەڵاتەکەی جارانیەوە فەرمانی

پێویستی دەردەکردن. سەرلەبەیانیی هەشتەمی ئۆکتۆبەر کەشتییەکانی ناپلیۆن لە کەنداوی فریژوس گیرسانەوە، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی ئەو سی ڕۆژە نێوان هەشتەمی ئۆکتۆبەری 1799 کە بۆناپارت گەیشتەوە خاکی فەرەنسا تا 9ی نۆڤەمبەری ئەو ساڵە کە ئەو بوو بە فەرمانڕەوای بێلەمپەر و جڵەوی فەرەنسا، دەبێ بە کورتی باسی بارودۆخی وڵات بکەین لەو کاتەوە کە داگیرکەرەکەی میسر گەڕاوە: پاش کودەتاکەی 18ی فرۆکتیدۆری ساڵی پێنجەم 1797 و قۆڵبەستکردنی پێشگرۆ، وا دیار بوو باراس و هاوکارەکانی ئەو دەتوانن پشت بە پشتیوانیی ئەو هێزانە ببەستن کە ئەوێ ڕۆژێ لایەنی ئەوانیان گرتبوو. ئەو هێزانە بریتی بوون لە: یەکەم؛ توێژە نوێیەکەی ملکدارانی شار و گوند کە بە فرۆشتنی ملک و مالی نیشتمانی و ملکەکانی کلێسا و پەنابەران دەوڵەمەند ببوون و سەرەڕای ئەوەی زۆرینە بوون لە گەڕانەوەی بۆربۆنەکان دەترسان، بەڵام خەونیان بە سەقامگیری و تەناهییەکی پۆلیسی و دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێزەوە دەدی کە بەردەوام بێ. دووەم؛ سوپا، یانی جەماوەری ئەو سەربازانەی کە خزمایەتیان لەگەڵ جووتیارە زەحمەتکێشەکاندا هەبوو و هەر ئەوەندەیان بەس بوو پێیان بڵێی دەسەڵاتە تاکبڕیار و سەرەڕۆیەکەی لایەنگری دەربەگایەتی دێتەوە، ئیتر ڕادەپەڕین.

بەڵام لەو دوو ساڵەی نێوان کودەتاکەی فرۆکتیدۆر و پاییزی 1799دا، دەرکەوت دیرکتوار هیچ کام لەو توێژانەی بەپشتەوە نەماوە و بێ پشتیوان کەوتووەتەوە. بۆرژوای گەورە، خەونی بە دیکتاتۆرێکەوە دەدی کە بتوانێ بازرگانی ببووژێنێتەوە، پیاوێک کە دەستەبەری پەرەگرتنی پیشەسازی بێ. ئاشتییەکی سەرکەوتووانە بۆ فەرەنسا بەدی بێنێ و لە نێو خۆی وڵاتیش سەقامگیری و تەناهییەکی بەهێز دروست

بکا. وردەبۆرژوا و چینی مامناوەند و پێش هەمووشیان جووتیاران کە زەوی و زارێکیان وەدەست کەوتبوو و دەوڵەمەند ببوون، هەر ئەم خەون و خەیاڵانەیان لەسەردا بوو. زۆریان بەلاوە گرینگ نەبوو کە دیکتاتۆرەکە کێ دەبێ، تەنیا گرینگ بوو لە بۆربۆنەکان نەبێ. بەڵام کرێکارانی پاریس پاش چەککرانی بەکۆمەڵ و تۆقاندنی بێبەزەییانەیان لە مانگی پرێریاڵی 1795دا، پاش قۆڵبەستکران و لە سێدارەدرانی بابۆف لە 1976دا، پاش دوورخرانەوەی لایەنگرانی بابۆف لە 1797دا و پاش بەدیکردنی هەموو لایەنەکانی سیاسەتی دیرکتوار کە تەنیا بەرگریی لە بەرژەوەندیی بۆرژوازیی گەورە و سفتەباز و سەرِاف و بەتایبەتی ناپاکەکان دەکرد، ئیتر ئەم کرێکارانە کە هەر وا لە برسان دەمردن و لەبن باری قورس و بێکاری و گرانیدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەی دەگرت، پشتیان چەمابۆوە و بەردەوام تووکیان لە قۆڕخکەری مااڵوەشێر(محتکر) و سفتەبازان دەکرد، جوان دیاربوو لە هەمبەر هیچ کەسێکدا حەز ناکەن پشتی دیرکتوار بگرن و لەسەری بکەنەوە. بەڵام کرێکارە وەرزی و ڕۆژمزەکان * کە لە گوندەکانەوە دەهاتن و لە ڕاستیدا زۆریش نەبوون، دەیانگوت: "ئێمە حوکمەتێکمان دەوێ نانمان بداتێ." کاربەدەستانی پۆلیسی دیرکتوار لە گوندەکانی دەوری پاریسدا بەردەوام گوێیان لەم قسەیە دەبوو و بەرپرسە شڵەژاو و تۆقیوەکانی خۆیانیان لێ ئاگادار دەکردنەوە.

دیرکتوار لەو کاتەوە کە بەدەسەاڵت گەیشتبوو، سەلماندبووی لەتوانایدا نییە سەقامگیری و سیستەمێکی بۆرژوایی ئەوتۆ و بەردەوام بنیات بنێ، کە بکرێ بیخەیتە چوارچێوەی یاسایەکەوە و تەواو جێبەجێیش بکرێ.

* ڕۆژمز: ئەو کرێکارەی مز و هەقدەستی خۆی هەموو ڕۆژێک وەردەگرێ/ کرێکاری ڕۆژانە .

دیرکتوار لەو دواییانەدا لە بوارەکانی دیکەشدا خاڵی لاوازی خۆی دەرخستبوو. وەختێک سۆڤڕۆف پاش ڕۆیشتنی ناپلیۆن کە لە 1799دا ئیتالیای گرتبوو، هاتەوە و ئیتالیای لە فەرەنسیەکان ئەستاندەوە، ئیتر ئەو کەفوکوڵ و شادی و خۆشییەی لە سۆنگەی گیرانی ئیتالیاوە بەدەستی ناپلیۆن کەوتبووە نێو پیشەسازانی ئاوریشمی لیۆن ـ چونکە ئیتالیا دەستکەوتی بێ ئەندازەی ئاوریشمی خاو یانی کەرەستە و مادەی سەرەتایی پیشەکەی ئەوانی بەبێ مەرج دەخستە بەر دەستیان ـ بوو بە بێهیوایی و دڵساردبوونەوە. هەر ئەم بێهیوایی و دڵساردییە باقی چینەکانی بۆرژوازیشی گرتەوە، کاتێک دیتیان فەرەنسا لە خەبات دژی یەکیەتییە بەهێزە ئەوروپاییەکەدا ڕۆژ ڕۆژ زیاتر تووشی کێشە دەبێ و بەشێکی هەرە زۆری ئەو ملیۆنان فرانک ئاڵتوونەی بۆناپارت لە ساڵانی 1797 ـ 1796دا لە ئیتالیاوە ناردبوویەوە پاریس، بەدەستی کاربەدەستانی دەوڵەت و سفتەبازان بەفیڕۆ دراوە و بە دەسکیسیی دیرکتوار خەزێنەی گشتی تاڵان دەکرا. شکستی کارەساتباری فەرەنسیەکان لە هەمبەر سۆڤڕۆف لە نۆڤی، کە ژوبێرتی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی فەرەنسا لەوێ کوژرابوو، هەڵگەڕانەوەی هەموو هاوپەیمانە ئیتالییەکانی فەرەنسا و هەڕەشە لە سنووورەکانی وڵات، هەر هەموویان هۆکار بوون بۆ ئەوەی توێژە بۆرژواکانی شار و گوندیش لێبڕاوانە پشت بکەنە دیرکتوار.

بەڵام سەبارەت بە سوپا، هەر قسەیەک بکرێ، خۆڕاییە. لەوێ، بیرەوەریی بۆناپارت کە چووبووە میسر هەر زیندوو بوو، سەربازەکان بە دەنگی بەرز کەوتبوونە سکاڵا لەو دزی و فزییەی پەرەی گرتبوو و لەو برسێتییەی بەرۆکیانی گرتبوو و بەردەوام دەیانگوت بەبێ هیچ مووچەیەک بەردەوام دەیاننێرنە کوشتارگە. بزووتنەوەی شاپەرستەکان

که هەر هەروا سکڵی بن خۆڵەمێش بوو، کتوپڕ لە ڤاندێ سەری هەڵدابۆوە و سەرکردەکانی گرووپی شۆوانێر یانی گیورگیس کادۆدالّ و فرۆتێ و لارۆش ژاکلّین دیسان ویلایەتەکانی بریتانی و نۆرماندییان ڕاپەڕاندبووەوە. لە هەندێ شوێن، شاپەرستەکان وەها چاوقایم ببوون و غیرەتیان وەبەر هاتبوو، کە لە کووچە و کۆڵانەندا هاواریان دەکرد: "بژی سۆڤڕۆف"..."مەرگ و نەمان بۆ کۆمار". هەزاران گەنج کە بۆ ڕاکردن لە سەربازی ناچار ببوون زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن لە سەرانسەری وڵاتدا سەرگەردان بوون. ژیان لە سۆنگەی باری خراپی ئابووریی وڵات بە گشتی و داڕمانی بازرگانی و پیشەسازییش بەهۆی دەستبەسەرداگرتنی پەیتاپەیتا و بەپێچەوانەی سەقامگیری بوو و ببووە سەرچاوەیەکی باش و پڕداهات بۆ سفتەباز و مالّوەشێران، ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر دەبوو. تەنانەت پاش ئەوەی ماسنا لە پاییزی سالّی 1799دا لە نزیک زووریخ لەشکرەکەی ڕووسیای کە کۆرساکۆڤیی سەرکردە بوو تێک شکاند و لەشکرێکی دیکەی ڕووسیا لە لایەن ئیمپراتۆر پاوڵی ڕووسیاوە بانگ کرا، ئەو سەرکەوتنانە تۆزێک نەبێ بۆ دیرکتوار هیچ یارمەتییەک نەبوون و حەیا تکاوەکەیان بۆ نەگێڕاوە.

بۆ ئەوەی بزانین لەو قۆناغەدا یانی لە نێوەڕاستەکانی سالّی 1799دا بارودۆخی فەرەنسا چۆن بووە، دەبێ لە چەند ڕستەیەکدا کورتی بکەینەوە و دەتوانین ئاماژە بەم دەرەنجامە بکەین: دیرکتوار لەبەر چاوی زۆرینەی هەرە زۆری دەوڵەمەندەکان، ڕێکخراوێکی بێسوود و دەستەوستان و ناکارامە بوو و تەنانەت زۆربەی خەڵک هەر پێیان شتێکی بەزەڕ و زیان بوو. بۆ جەماوەری بێبەشی شار و دێهاتەکان، دیرکتوار نوێنگەی حکوومەتی دزە ورگنەکان و سفتەبازان بوو، ڕێژیمی خۆشگوزەرانی و هەوەسبازیی تالّانچی و دزەکانی خەزێنەی گشتی

بوو، ڕێژیمی قاتی و قڕی و چەوساندنەوەی کرێکاران و ڕۆژمزەکان و بەکاربەرە هەژارەکان بوو و، بە کورتی لە ڕوانگەی سەربازانەوە دیرکتوار مەکۆی کۆمەڵێک گەندەڵ و گومانلێکراو بوو، کە ئەوانی بێ نان و پێڵاو دەکرد و لە ماوەی چەند مانگدا هەموو ئەو شوێنانەی بۆناپارت لە دە _ دوازدە شەڕی سەرکەوتوانەدا گرتبوونی، دابۆوە دەست دوژمن.
بەوشێوەیە، بوار بۆ دیکتاتۆر لەبار بوو.

2

ڕۆژی 13ی ئۆکتۆبەر ـ 21ی واندەمیر ی 1799، دیرکتوار لە نامەیەکدا کە تێیدا نووسرابوو "بەوپەڕی خۆشحاڵی"یەوە، ئەنجومەنی پێنجسەد کەسیی ئاگادار کردەوە کە ژەنەڕاڵ بۆناپارت گەڕاوەتەوە فەرەنسا و لە فریژۆس دابەزیوە. لە نێو تۆفانی چەپڵەڕێزان و قریوەی خۆشی و هوراکێشانی بەکەفوکوڵدا، هەموو نوێنەرانی میللەت کە بەپێوە وەستابوون، پیرۆزبایی ئەم گەڕانەوەیەیان کرد. کۆبوونەوەی ئەنجومەن ڕاگیرا. نوێنەران، کە هاتبوونە شەقام، هەر ئەم هەواڵەیان بڵاو کردەوە، وەک شایەتحاڵەکان دەڵێن، کتوپڕ پایتەخت لە خۆشیان شێت بوو. لە تیاترخانە و هۆڵەکانی شانۆ و شەقامەکانی ناوەندی شار جگە لە بۆناپارت ناوی کەس نەدەبیسرا. هەواڵی ئەو پێشوازییە بێوێنەیەی خەڵکی باشوور و ناوەندی وڵات لە هەموو شارەکانی سەر ڕێگا تا پایتەخت لە سەردارەکەی خۆیانیان کردبوو، یەک لە دوای یەک دەگەیشتنەوە پاریس. جووتیار گوندەکانیان بەجێ دەهێشت و وەفدی نوێنەرانی شارەکان پەیتاپەیتا دەچوونە حزووری ناپلیۆن و وەک باشترین سەرداری کۆمار پیرۆزباییان پێ دەگوت.

هیچ کەس تەنانەت خۆیشی بڕوای نەدەکرد وەها کەرنەڤاڵێکی کتوپڕ و ئەوەندە بەشکۆ و بەربڵاو وەڕێ بکەوێ. جا خۆش ئەوەیە لە پاریس کە هەواڵی دابەزینی بۆناپارت بڵاو بۆوە، یەکەکانی بەتالیۆنی شار لە سەربازخانەکانیان هاتنە دەرێ و بە مارش و مۆسیقا لە شەقامەکانی پایتەختدا خۆیان ڕانا (سانیان دی)، بەبێ ئەوەی ڕوون بێ کێ ئەم فەرمانەی پێ کردوون یان ئاخۆ وەها فەرمانێک دراوە یا هەر خۆڕسکانە کراوە.

ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبەر - 24ی واندەمیر - ژەنەراڵ بۆناپارت گەیشتە پاریس. دیرکتوار لە سێ حەفتەی پتر تەمەن نەمابوو، بەڵام نە باراس کە مەحکووم بە مەرگی سیاسی بوو و نە بەڕێوەبەرەکانی دی کە دواتر بۆ گۆڕبەگۆڕکردنی ڕێژیمەکەی خۆیان یارمەتیی بۆناپارتیان دا، ئەو کات هەستیان دەکرد کە خەریکە تەخت و بەختی دەسەڵاتیان تێکەوە دەپێچرێ. مەسەلەی دامەزراندنی دیکتاتۆریی سەربازییش نەک بڵێی ببووە کاری حەفتە و ڕۆژانی داهاتوو، بەڵکو ببووە ئێستا نا سەعاتێکی دی.

سەفەری بۆناپارت لە نێو فەرەنسادا، لە فرێژۆسەوە تا پاریس، ڕوون و ئاشکرا دەریخستبوو کە هەموان وەک ڕزگاریدەر لێی دەڕوانن. لە هەموو لاوە، میوانیی بەشکۆ وەڕێ دەخرا و وتاری هەژێنەر و بەکەفوکوڵ پێشکەش دەکرا و ولّات چراخان دەکرا و خۆپێشاندان وەڕێ دەخرا و وەفدی نوێنەران دەهاتن و دەڕۆیشتنەوە. ئەفسەر و سەرباز، سەرشێتانە پێشوازییان لە سەردارەکەیان کردبوو. سەرەڕای هەموو ئەو خۆڕانان و جەماوەرەش، کە دەتگوت لە دووربینێکی شاری فەرەنگدا و وێکڕا بە بەردەم بۆناپارتدا کە بەرەو پاریس بەڕێوە بوو خۆیان ڕانابوو، هێشتا بۆ سەرکەوتنی دەسبەجێی ئەو ئەوەندە بەس

نەبوو. پێش هەموو شتێک گرینگ بوو بزانێ پایتەخت دەڵێ چی. بەتالیۆنی پاریس، بە گەرموگوڕی پێشوازیی لەو سەردارەی کرد کە بە چەپکەگوڵی تازەی سەرکەوتن و شانازییەوە لە گرتنی میسرەوە دەگەڕاوە، یانی بەیدەستکەری مەمالیک و تێکشکێنەری قۆشەن(قشون)ی تورک و لە ئاکامدا ئەو سەردارەی کە پێش ئەوەی لێوارەکانی نیل بەجێ بهێڵێ دوا زەبری گورچوبڕی خۆی لە دوژمنانی وەشاندبوو. بۆناپارت دەسبەجێ هەستی کرد لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە باڵاکانی کۆمەڵگەدا پاڵپشتێکی بەهێزی هەیە. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە دەرکەوت کە زۆرینەی هەرە زۆری چینەکانی بۆرژوا و بەتایبەتی تویژی ملکدارە تازەپێگەیشتووەکان ڕاشکاوانە دوژمنایەتیی دیرکتوار دەکەن، چونکە پێیان وابوو شیاوی هەڵسوڕاندن و ئیدارەدانی نێوخۆ و سیاسەتی دەرەوە نییە و لە چالاکیی شاپەرستەکانیش تۆقیبوون، زەندەقیان لەوەش چووبوو کە دەیاندی گوندە کرێکارنشینەکان وا خەریکن یەک دەگرن ئەگەرچی دیرکتوار جارێکی دیکەش لەوێ زەبرێکی لە گورچووی جەماوەری کرێکار دابوو: پێویستە ئەوەش ڕوون بکرێتەوە کە لە 13ی ئۆگۆستدا، سیەییس Sieyes ی قەشە و سیاسەتمەداری فەرەنسی، بە پاڵپشتیی داخوازیی بانکدارەکان، دوا سەنگەری لایەنگرانی ژاکۆبنەکان واتە "کۆڕی خوازیارانی ئازادی و یەکسانی"ی کە نزیک 5000 ئەندامی هەبوو و لە هەر دوو ئەنجومەنەکەشدا لەسەر یەک 250 کورسیی هەبوو، هەڵوەشاندەوە. چینی بۆرژوا و پێشەنگەکانیان لەوە دڵنیا بوون کە بۆناپارت لێوەشاوەترین پیاوێک بوو کە دەیتوانی پێشی مەترسیی ڕاست و چەپ بەتایبەتی مەترسیی چەپ بگرێ. جگە لەوەش بە شێوەیەکی تەواو چاوەڕوانەکراو ئاشکرا بوو کە لە پێنج ئەندامەکەی بەڕێوەبەربی

دیرکتوار تەنانەت تاقە کەسێکیشیان توانای ئەوەی نەبوو ئەگەر ناپلیۆن دەمودەست کودەتای کردبایە، بەرەنگاری بێتەوە. کەسایەتیگەلێکی بێنرخی وەک گۆهیەر و مۆلین و ڕۆژێردیوکۆس هەر حیسابیشیان بۆ نەدەکرا. ئەوانەیان تەنیا لەبەر ئەوە کردبووە بەڕێوەبەری دیرکتوار چونکە کەس پێی وانەبوو تۆزێک لێوەشاوەیی یان هزر و بۆچوونێکیان بۆخۆیان هەبێ، یان تەنانەت بوێرن لە هەمبەر سیەیس و باراسدا متەقیان لێوە بێ.

کەوابوو تەنیا دەمایەوە سیەیس و باراس. سیەیس کە لەسەرەتای شۆڕشدا لە سۆنگەی ناملیکە بەناوبانگەکەیەوە لەبارەی چۆنیەتیی چینی سێیەم ناوبانگێکی دەرکردبوو، لە ڕاستیدا ببووە نوێنەر و بیرمەندی چینی بۆرژوای مەزنی فەرەنسا و هێشتا ئەو ڕۆڵەی هەر مابوو. ئەو لەگەڵ چینی بۆرژوا، دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕیی ژاکۆبنەکانی بەنابەدڵی قبوڵ کردبوو و هەر لەگەڵ ئەو چینەش لە 9ی ترمیدۆردا بە شادمانیەوە چەپڵەی بۆ ڕووخانی ئەو سیستەمە دیکتاتۆرە لێ دابوو و، لە ترسوەبەرنان و تۆقاندنەکەی مانگی پرێریاڵیشدا کە جەماوەرە ڕاپەڕیوەکەی چینی سێیەم سەرکوت کرابوو، بەشدار ببوو، هەر لەگەڵ ئەو چینەشدا هەوڵی پتەوکردنی بنەماکانی سیستەمی بۆرژوایی دەدا، ئەگەرچی خۆی یەکێک بوو لە پێنج بەڕێوەبەرەکە، بەڵام سیستەمی مودیرەکانی بۆ ئەو مەبەستە زۆر بە نەگونجاو و نەشیاو دەزانی و هەموو هیوای بە بۆناپارت بوو، بەڵام لە بارەی بۆناپارتەوە بەسەهوو چووبوو. دەیگوت: "ئێمە شمشێرێکمان پێویستە" و، ساویلکانە پێی وابوو بۆناپارت تا هەتایە هەر شمشێری ئەوان دەبێ و ئەویش یانی سیەیس دەبێتە بنیاتنەری ڕێژیمە تازەکە. ئیتر دەبینین کە ئەو هەڵە تاڵە لانیکەم بۆ سیەیس چ ئاکامێکی خراپی بەدواوە بوو.

بەڵام باراس، ئەو پیاوێک بوو لە جسناتێکی دیکە و کەسایەتییەکی دی بوو بە هزر و بۆچوونێکی دیکەوە کە زۆر لە سیەیس جیاواز بوو. ئەو بە دڵنیاییەوە لە سیەیس زیرەکتر بوو، چونکە وەک سیەیس خۆی بە سیاسییەکی بیرمەند و بەبەڵگە نەدەزانی، کەچی دەکرێ بڵێین سیەیس نەک هەر خۆپەرست و لەخۆبایی بوو، بەڵکوو ئەگەر ئەم تەعبیرە ڕاست دەبێ دەبێ بڵێین زۆر شێت و شەیدای خۆی بوو. باراس، ئەو ڤیکۆنتەی جاران و ئەفسەرەی پێش شۆڕش و ئەندامەی حیزبی منتانیاری سەردەمی شۆڕش، پیاوێکی ئازا و داوێنپیس و ڕاڕایی بوو، کە بۆ خۆشڕابواردن و هەرزەیی و سەرسەرێتی و تەنانەت تاوان و کەوتنکەرییش هیچ سنوورێکی بۆخۆی دانەنابوو. ئەو یەکێک بوو لە مۆرەکانی پیلانگێڕانی پەرلەمانی و یەکێک بوو لە خولقێنەرانی ڕووداوەکانی 9ی ترمیدۆر (27ی جانیوەری 1794) و ئەندامی پایەبەرزی حکوومەتی کۆنەپارێزی ترمیدۆری و بەرپرسیاری ڕووداوەکەی 18ی فرۆکتیدۆر بوو. هەمیشە لەگەڵ ئەو لایەنە بوو کە زۆر و دەسەلاتی هەبوو و لەوانەبوو دەسەلات و دەسکەوتە مادییەکانی تێدا دابەش بکەن. بەڵام بە پێچەوانەی ئەوانی دی، بۆ وێنە تالیران، دەیزانی چۆن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی تەنانەت لە نێزەوەشاندنیش نەپرینگێتەوە، هەر وەک پێش 9ی ترمیدۆر بە ڕێکخستنی پەلامار دژی ڕۆبسپیر وای کردبوو. دەیزانی کە لە دەموساتی هەستیاردا چۆن ڕاستەوخۆ هەڵکوتێتە سەر دوژمن، هەر وەک لە مانگی واندەمیر یان دوو ساڵ دواتر لە مانگی فرۆکتیدۆردا هێرشی کردبووە سەر شاپەرستەکان. ئەو لە سەردەمی ڕۆبسپیردا بیر و بۆچوونی خۆی نەشاردەوە و فیزمالێکی نەدایە، بەپێچەوانەی سیەیس، کە تەنیا ئەو کاتەی لێیان دەپرسی تۆ لە سەردەمی ترس و تۆقاندندا چیت دەکرد؟ لە

وەڵامدا دەیگوت: "من تەنیا دەژیام." باراس زۆر لە مێژ بوو پردەکانی پشتەسەری خۆی ڕووخاندبوو. ئەو زۆر باش دەیزانی شاپەرستەکان لەلایەک و ژاکۆبنەکانیش لەلایەکی دیکەوە چ ڕقێکیان لێیەتی، هەر بۆیە بە هیچ شێوەیەک بەزەیی بەو دووانەدا نەدەهاتەوە، چونکە دەیزانی هەرکامەیان سەرکەون، بەسەریەوە ناچن. بە هیچ شێوەیەک پێی ناخۆش نەبوو یارمەتیی بۆناپارت بدا، چونکە ئەو بۆ نەگبەتی، قیت و قنج لە میسرەوە گەڕابۆوە. تەنانەت لە ڕۆژە قەیراناوییەکانی پێش کودەتای "برۆمەر"یشدا چووە لای بۆناپارت و هەندێ نێردەی نارد لای بۆ ئەوەی دانوستانی لەگەڵ بکەن و تاسەبار بوو لە حوکمەتی داهاتوودا پێگەیەکی بەرزتر و بێ کێشەتر بۆ خۆی دەستەبەر بکا.
زۆری نەخایاند کە بۆناپارت لێی ڕوون بۆوە مەحاڵە بتوانێ هاوکاریی باراس بکا. دیارە نەک لەو ڕووەوە کە پیاوێکی بەکەلک نەبووبێ، چونکە ئەوکات زۆر نەبوون ئەو سیاسەتمەدارانەی هێندەی ئەو زیرەک و ئازا و چاونەترس و وردبین بوون، بۆیە پشتکردنە وەها کەسێک حەیفیش بوو، بەڵام باراس خۆی کارێکی وای کردبوو کەس وەخۆی نەگرێ. ئەو پیاوە کارێکی وای کردبوو کە نەک هەر ڕقیان لێی بوو، بگرە سووکایەتیشیان پێ دەکرد. دزی و تاڵانی بێشەرمانە و گەندەڵیی بە ئاشکرا و ساتوسەودای گزیکەرانەی لەگەڵ بازرگان و سفتەبازان و زوڵم و داوێنتەڕیی بەردەوام و بێجڵەوی ئەو لەبەرچاوی خەڵکی برسی و هەژار وای کردبوو ناوی باراس ببێتە نوێنگەی گەندەڵی و داوێنتەڕی و هەوەڵی ڕێژیمەکەی دیرکتوار.
بە پێچەوانەوە، بۆناپارت هەر لە سەرەتاوە، سیەیسی خستە بن باڵی خۆی. سیەیس ناوبانگی زیاتر بە چاکە ڕۆیبوو و چونکە بەڕێوەبەری دیرکتواریش بوو، دەیتوانی بە ئەسپاردنی دەسەڵات بە بۆناپارت کارەکە

بکاتە هەوڵێکی یاسایی. ناپلیۆن بۆ ماوەیەک نەیهێشت سیەیسیش بزانێ کە لەبارەی ناپلیۆنەوە بەسەهوو چووە و بەتایبەتی لەو ڕووەوە جامینی دەگرت کە سەیس دەبوایە ماوەیەک پاش کودەتاکەش هەر بەکار بهێنرێ.

لەو دەمەدا دوو پیاو، کە داهاتوو دەبێ ناوی ئەوان بە چارەنووسی بۆناپارتەوە ببەستێتەوە، هاتنە لای. ئەو دوو پیاوە، تالیران و فۆشێ بوون. بۆناپارت دەمێک بوو تالیرانی وەک مۆرەیەکی دز و پەیمانشکێن و پلەوپایەپەرست و بێ دیسیپلین بەڵام زیرەکترین سیاسمەتمەدار دەناسی. بۆناپارت تۆزێکیش چییە گومانی لەوەدا نەبوو کە تالیران بەو مەرجەی کڕیاری دەست بکەوێ، ئامادە بوو هەموو کەسێک بفرۆشێ و ناپلیۆن ئەوەی لێ ڕوون بوو و ئیتر ئەوە ئەو نەبوو کە تالیران لەگەڵ بەڕێوەبەرانی دیرکتواردا سەودای پێ دەکرد، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئەوە دیرکتوار بوو کە تالیران بەو دواییانە ببوو بە وەزیری دەرەوەی و ئێستا سەروەرەکەی خۆی بە بۆناپارت دەفرۆشت. ڕێنوێنییەکانی تالیران بۆ ناپلیۆن زۆر بەنرخ بوون و کارەکانی زۆر خێرا پێش دەخست. ژەنەڕاڵ تەواو متمانەی بە زیرەکی و وردبینییەکەی تالیران هەبوو، کە دەیدی تالیران لە خزمەتیدا شێلگیر و لێبڕاوە، ئەوەی بە فەڕ و شانسێکی باش دەزانی. تالیران ئەمجارە ڕاشکاوانە و بێ پێچوپەنا خۆی خستە خزمەت و ئیختیاری بۆناپارتەوە و فۆشێش هەر وای کرد. فۆشێ کە لەسەردەمی دیرکتواردا وەزیری پۆلیس بوو، دەیویست لە سەردەمی ناپلیۆنیشدا ئەو پۆستەی هەر هەبێ. وەک ژەنەڕاڵ دەیزای، ئەو پیاوە هەر ئەوەی باش بوو کە لە گەڕانەوەی بۆربۆنەکان تۆقیبوو. فۆشێ یەکێک بوو لە ژاکۆبنەکانی جاران و پیاوکوژێک بوو، کە دەنگی بە سەرپەڕاندنی لۆییسی شانزەیەم دابوو، هەر ئەوش خۆی زامنێک

بوو که له پێناو بۆربۆنەکاندا خیانەت لە سەروەرە تازەکەی خۆی نەکا. فۆشێ وەرگیرا. دەوڵەمەندە گەورەکان و بازرگانان گوتیان ژەنەڕاڵ چەندی پارە دەوێ دەیدەنێ. کۆلۆ، یەکێک لە بانکدارەکان یەک جێ پێنجسەد هەزار فرانکی بۆ هێنا، جا چونکە فەرمانڕەواکەی داهاتووی فەرەنسا هیچ لەمپەرێکی بۆو وەرگرتنە نەبوو، بە دڵ و گیان لێی قبووڵ کردن لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا زۆریش بەسوود و پێویست بوو.
بۆناپارت لە ڕۆژانی کەفوکوڵ و هەژانی سێ حەفتەونیوەکەی نێوان هاتنەوەی بۆ پاریس تا کودەتاکە، ڕێگەی دا خەڵکێکی زۆر چاویان پێی بکەوێ و لە هەر کامەیان کۆمەڵێک خاڵی زۆر بەهێز بۆ داهاتووی فێر بوو. بەڵام تالیران نەبێ، هەموویان پێیان وابوو ئەو سەربازە سادەیە، ئەم شیروەشێنە بەزەبرەی کە لە سی سالاندا ئەو هەمووە وڵاتەی گرتووە و ئەو هەمووە قەڵا قایمەی شکاندووە و هەموو سەردارەکانی دیکەی خستووەتە بەر سێبەری خۆیەوە، هیچ لە سیاسەت و فەرمانڕەوایی نازانێ و ئەستەم نییە جڵەوی بگریتە دەستت. تا سەردان و چاوپێکەوتنەکان نەبڕانەوە، کەس لە بۆناپارت تێنەگەیشت و گەوهەرەکەی دەرنەکەوت. بەتایبەتی بۆخۆی چەندی بۆی دەلوا لەو حەفتە پڕ مەترسیانەدا هەمووانی لەسەر گەوهەری ڕاستەقینەی خۆی بەهەڵەدا دەبرد. شێرەکە نەیدەویست چنگ و چنجڕووکی بنوێنێ. خۆساویلکە نیشاندان و بێ پێچوپەنایی و قسەلەڕوویی و ڕاستگۆیی و تەنانەت ساویلکەییەکی تێکەڵ بە تەسکبینی، تاکتیکێکی زۆر لێهاتووانە بوو کە ئەو دەیتوانی لە نیوەی یەکەمی برۆمێری 1797دا سەرکەوتوانە و چەند جارانیش بینوێنێ. کۆیلەکانی سبەینێ، وەک ئامرازێکی خۆشدەست سەیری سەروەرەکەی داهاتووی خۆیانیان دەکرد، کە چارەنووس خستوویەتە بەر دەستیان و ئەو ڕوانینەشیان

نەدەشاردەوە. بەڵام ناپلیۆن لێی سوور بوو کە ئەو ڕۆژانە تێدەپەڕن وا ئەم کەسانە دەتوانن وەک یەکێکی هاوشانی خۆیان بیدوێنن و، دەشیزانی شاراوەبوونی ئەم خاڵە چەندە گرینگە.
بەڵام ئەو هێشتا هەر فەرماندە بوو و هەر خۆی فەرمانی پێویستی بۆ جێبەجێکردنی ئەو عەمەلیاتە دەردەکرد کە دەستی پێکرابوو. ئەو لە یەکەم حەفتەکاندا ئەوەندە شارەزایانە و لێهاتووانە هەڵسوکەوتی کرد، کە نەک هەر سوپا، بەڵکوو کرێکاری گوندەکانی دەوروبەریش کارەکەی ئەویان وەک کودتایەکی چەپەکان سەیر کرد کە کۆمار لە شەڕ و بەڵای شاپەرستەکان ڕزگار دەکا. هەموویان چ پێش کودەتا و چ دواتریش هەر دەیانگوت: "ئەوە هەر ژەنەڕاڵەکەی واندەمیرە، کە بۆ ڕزگارکردنی کۆمار گەڕاوەتەوە." و، بۆناپارتیش هەوڵی دەدا وەها ئەفسانەیەک بخوڵقێنێ.
ئەو کودەتایەی کە دەسەڵاتی بێجڵەوی بۆ ناپلیۆن دەستەبەر کرد، بەکورتی ناوی نراوە " 18ی برۆمەر" (9ی نۆڤەمبەر)، ئەگەرچی 18ی برۆمەر دەستی پێ کردبوو و بۆ سبەینێکەی واتە لە 19ی برۆمەردا (10ی نۆڤەمبەر) بە ڕاستی کارەکە ڕاپەڕێنرا.
کارەکە تەواو دەراوی بۆ خۆش کرا، چونکە لەلایەکەوە دوو کەس لە بەڕێوەبەرەکان "سیەیس" و "ڕۆژێ دۆکۆ" لە پیلانەکەدا بوون و هەمیش لەو لایەنەوە کە بەڕێوەبەری سێیەم واتە "گۆهیە" و بەڕێوەبەری چوارەم یانی "مۆلێن" فریوی پیاوێکی لەڕادەبەدەر فێڵبازی لەبنەوەبڕی وەک فۆشێیان خوارد، کە لێبڕابوو لە سایەی کودەتاکەوە وەزارەتی پۆلیس دەستەبەر بکا، فێڵێک کە لەوێنەی نەبوو. هەر باراس مابۆوە و ئەو هێشتا دڵی خۆی دەداوە کە بەبێ ئەو هیچ شتێک سەر ناگرێ، بۆیە زۆر چاوەڕوانییشی هەبوو. لە ئەنجومەنی پێنجسەدکەسی و ئەنجومەنی پیراندا، کۆمەڵێک لە نوێنەرەکان هەستیان بە پیلانەکە کردبوو و تەنانەت

هەندێکیان تەواو لێیشی ئاگادار بوون. زۆر کەسی دی کە هیچ لێیان ڕوون نەبوو، پێیان وابوو لەسەر یەک چەند کەسێک دەگۆڕدرێن، بۆیە کێشەیان لەگەڵ ڕووداوەکە نەبوو.

3

هەتا شەوی هەژدەی برۆمەر، ڕۆڵ و ئەرکەکان بەتەواوی دابەش نەکران. ئەو ڕۆژە، سەعات شەشی بەیانی ماڵەکەی بۆناپارت و دەوروبەرەکەی پڕ بوو لە سەردار و پلەدارەکان. بەتالیۆنی پاریس لەو کاتەدا 7000 سەربازی هەبوو کە بۆناپارت دەیتوانی تەواو متمانەیان پێ بکا و 1500 سەربازی پاراستنی دیرکتوار و دوو ئەنجومەنەکەی یاسادانانیش یانی ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی و ئەنجومەنی پیرانیان لە ئەستۆ بوو. هیچ بەڵگە و هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی ئەم گاردە بەگژ ناپلیۆندا بچێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پێویست بوو هەر لە سەرەتاوە ڕاستییەکان بشارنەوە و بیانوو نەدەنە دەست باڵی ژاکۆبن، یانی باڵە چەپە پێنجسەد کەسییەکەی ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی کە لە دەموساتی یەکلاکردنەوەی نەخشەکەدا، ئەوان سەربازەکان گاز بکەن فریای کۆمار بکەون و بیپارێزن. هەرچۆنێک بێ، کاروبارەکە وەها ڕێک خرا، کە بە ڕواڵەت وای دەنواند ئەنجومەنەکانی یاسادانان بۆخۆیان بۆناپارتیان بانگ کردووەتەوە کە دەسەڵات بە دەستەوە گرێ. هەر بۆناپارت لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەژدەی برۆمەردا دوو سەرداری باوەڕپێکراوی خۆی یانی "مۆرا" و "لۆکلێرک" کە زاواشی بوون، لەگەڵ بێرنادۆت و ماکدۆنالد و چەند کەسێکی دی و کۆمەڵێکی زۆر لە ئەفسەرەکانیش کە خۆی بانگی کردبوون، لە دەوری خۆی کۆی کردنەوە، ئاگاداری کردنەوە کە ئێستا ئەو ڕۆژە بەڵێندراوەیە کە دەبێ

بۆ ڕزگارکردنی کۆمار ڕاپەڕن. سەردار و ئەفسەرەکان هەموان بۆناپارتیان لە سەربازەکانیان دڵنیا کردەوە. تابووری سەربازەکان لەبەر دەرگای ماڵی بۆناپارت ڕێکوپێک ڕیزیان بەستبوو. بۆناپارت چاوەڕێی پەسندکرانی گەڵاڵەیەک بوو کە هاوڕێ و مۆرەکانی ئەو خستبوویانە بەردەم ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی پیرانیش هەر ئەو ڕۆژە بانگ کرابوو دەسبەجێ کۆ ببێتەوە.

جا چونکە بەشی هەرە زۆری ئەنجومەنی پیران لە نوێنەرانی بۆرژوای نێونج و گەورە پێک هاتبوو، یەکێکیان بە ناوی کۆرنێ کە لە گیانفیداکانی بۆناپارت بوو، "پیلانێکی سامناکی پیاوکوژەکان"ی لەقاو دا و گوتی: "کۆمار، ئەگەر بەردەوامیش بێ، لاشەکەی دەکەوێتە دەست کۆمەڵێک لاشخۆرەوە، کە لەسەر ئەندامە بێگوشتەکەی ئەویش تێک بەردەبن و پێک وەردەبن." ئەو قسە ناڕوون و پڕ لە نیگەرانیانە کە هیچیان لێ هەڵنەدەهێنجرا و ناوی کەسیشی نەهێنابوو، بوو بە هۆی ئەوەی ئەنجومەن دەسبەجێ گەڵاڵە پێشنیارکراوەکە پەسند بکا کە بە هۆی ئەو گەڵاڵەیەوە ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی بەبێ ئەوەی ڕا و بۆچوونیشیان وەرگرن، ڕادەگوێزرانە سەنت کلۆود و، سەرکوت و داپڵۆسینی مۆرە و فەرماندەرانی ئەو "پیلانە سامناکە" بە ژەنەراڵ بۆناپارت دەسپێردرا کە کرابووە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی پایتەخت و دەوروبەری. ئەو گەڵاڵەیە هەم لەلایەن ئەو کەسانەوە کە دەیانزانی چییە و هەمیش لەلایەن ئەو کەسانەوە کە بەلایانەوە تەواو چاوەڕواننەکراو بوو، بەپەلە پەسند کرا. هیچ کەس نەیوێرا ناڕەزایەتی دەربببڕێ. دەمودەست بۆناپارت لە یاسا پەسندکراوەکە ئاگادار کراوە.

بۆچی بۆناپارت بەر لەوەی هەردوو ئەنجومەنەکەی یاسادانان کپ بکا، بە پێویستی زانیبوو لەپێشدا ڕایانگوێزێتە سەنت کلۆود؟ چونکە هەرچۆنێک بێ، دەبوایە بیرەوەری و ئەو نەریتەی کە میراتی سالانی پڕشکۆی شۆڕشی فەرەنسا بوو لەبەرچاو بگرێ. لە بیرەوەریی ئەو وەچەیەدا، هێشتا بیرەوەریی ئەو دەموساتە سامناک و هەر بەڕاستی تەریکبوونە نەسڕدرابوونەوە کە جەماوەری چینی سێیەمی دەوروبەری شار لە بەردەم هەموو زوڵم و زۆرێکدا ڕادەپەڕین و ئەم قسانەیش لە زاری نوێنەرانی میللەتەوە کە هەڕەشەی پەرشوبڵاوبوونیان لەسەر بوو، دەبیسران: "بە ئاغا و سەروەرەکانتان بڵێن، ئێمە بە ویست و ئیرادەی میللەت لێرە کۆ بووینەتەوە و بە زەبری سەرنێزەیش نەبێ ناچینە دەرێ." جا چونکە "سەروەر"ەکە نەیوێرابوو سەرەنێزەیان لێ ڕاست بکاتەوە و لێیان ڕاسێ، سەرەنێزەکان بەرەو باستیل وەرسووڕان، هێشتا لەبیریان مابوو کە چۆن میللەت کۆتایی بە پادشایەتییەکی سەرەڕۆی 1500 ساڵە هێنابوو و ژیرۆندنەکانی تێک شکاندبوو و چۆن بۆ دواین جار لە پرێریاڵی ساڵی 1795دا سەری یەکێک لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی کۆنڤانسیۆنیان بەسەری نێزەوە کردبوو و پێشانی باقی ئەندامە زراوچووەکانی ئەو ئەنجومەنەیان دابوو کە لە ترسان وشک هەڵاتبوون... بۆناپارت سەرەڕای ئەو هەمووە باوەڕ و متمانەیەی بەخۆی هەبوو، دەیزانی ئەو کارەی بڕیاری داوە ڕاپەڕێنێ، لە پاریسدا مەترسییەکانی زیاترە هەتا گوندێکی بچووک کە تاقە باڵەخانە گرینگەکەی ئەوێ کۆشکی پادشایەتیی هاوینەی پادشاکانی فەرەنسا بوو.

کارەکان بەو جۆرە ڕێک خرابوون کە بۆناپارت دەیویست: ڕوالەتە یاساییەکە پارێزرابوو و ئەو بە پێی یاسای پەسندکراو یەکەکانی ئاگادار

کردەوە کە لەمەودوا لەژێر فەرمانی ئەودان و دەبێ تا سەنت کلۆود لەگەڵ هەردوو ئەنجومەنەکە بڕۆن.
ئەو لەپێشدا سەربازەکانی بردە کۆشکی تۆیلری کە بنکەی ئەنجومەنی پیران بوو، کۆشکەکەی گەمارۆ دا و لەگەڵ چەند بەردەستێکی تایبەتی خۆی چووە نێو هۆڵی کۆبوونەوەکە. ئەو هەرگیز، نە پێش ئەو کاتە و نە دواتریش نەیدەتوانی لەنێو کۆڕێکدا وتار بدا، مەگەر بۆ سەربازان. هەر بۆیە بە چەند ڕستەیەکی پچڕپچڕی سەروگوێ شکاو گوتی: "ئێمە کۆماریکمان دەوێ کە لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و بنەما پیرۆزەکانی دەسەڵاتی میللەت دامەزرابێ و سوێندیش دەخۆم ئەوەمان دەبێ." ئیتر لەو دەمەدا کاریگەریی پەیڤ و وتار گرینگ نەبوو. ئەودەم گفت و لفتی پەرلەمانی کە دەوریکی وەها مەزنی لە فەرەنسای شۆڕشگێڕدا گێڕابوو، بۆ ماوەیەکی زۆر مەحکووم بە بێدەنگی کرابوو. هەر بۆیەش لەگەڵ هاتەوە شەقام، پێشەنگ و یەکەکانی خۆی دیت کە بە هورڕا و قریوەی شادی سڵاویان لێ کرد. لەو دەمەدا ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو قەوما: "یەکێک بەناوی بۆتۆ کە باراس ناردبووی، لێی چووە پێشێ و پێی گوت، باراس زۆر لەوە نیگەرانە کە ناپلیۆن هێشتا داوای نەکردووە."
بۆناپارت هەر چاوی بە بۆتۆ کەوت، ئەم قسانەی کە لە ڕاستیدا لەگەڵ دیرکتوار بوو، بە تووڕەییەوە کردن: "ئێوە چیتان بەسەر ئەو فەرەنسایە هێناوە کە من بەو کەشم و نەشم و شکۆیەوە بۆتانم بەجێ هێشتبوو؟ ئاشتەواییم بۆ جێ هێشتبوون و ئێستا جەنگ دەبینم. ملیۆنان ملیۆن پارەی ئیتالیام بۆ بەجێ هێشتبوون و ئێستا کۆمەڵێک یاسای تاڵانچیان و هەژار و نەبوونی دەبینم. ئێوە چیتان بەسەر ئەو سەدەهەزار فەرەنسیە ئاشنا و مایەی شانازییەی من هێناوە؟ هەموو مردوون."

ئینجا گوتی، دەیەوێ کۆمار لەسەر بنەمای "یەکسانی و ئەخلاق و ئازادیی تاکەکەس و لێبوردەیی سیاسی" دامەزرێ.
دیرکتوار یانی ئەندامی بالای دەسەڵاتی جێبەجێکەری کۆمار بەبێ هیچ کۆسپ و لەمپەرێک و بەبێ ئەوەی کوشتن یان قۆڵبەستکردنی کەسی پێویست بێ هەڵوەشێنرایەوە. سیەیس و ڕۆژێدکۆ دەستیان لە پیلانەکەدا هەبوو. گۆهیە و مۆلین کە دیتیان هەموو شتێک لە کیس چووە، بەدوای سەربازەکاندا چوونە سەنت کلۆود. تەنیا باراس مابوو کە بۆناپارت تالیرانی ڕاسپارد قایلی بکا دەسبەجێ دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ئیمزا بکا. باراس کە زانیی بۆناپارت لەسەر لێخستنەکەی سوورە، دەسبەجێ چییان لێ داوا کردبوو، کردی و ڕاشیگەیاند حەزی لێیە واز لە سیاسەت بێنێ و لە ژێر چاودێریی پشتمێر(حیمایە)یەکی سوارچاکدا بنێردرێتەوە نشینگە تازەکەی خۆی. بەو جۆرە پیاوێک کە تا ئەو ڕۆژە کڵاوی نابووە سەر هەمووان، کتوپڕ کڵاوی چۆوە سەری و بۆ تا هەتایە لە گۆڕەپانی سیاسەت دەرپەڕێنرا.
دیرکتوار هەڵوەشابوو. ئێوارەی ڕۆژی 18ی برۆمەر، ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنەکە ڕاگوێزرابوونە سەنت کلۆود. جا ئێستا دەبوو هەردوو ئەنجومەنەکەش هەڵوەشێنرێنەوە. ئەگەرچی ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی پێنجسەدکەسی لە گەمارۆی نارنجۆکهاوێژ و سوارچاکانەی بۆناپارتدا و تەواو لە چنگی ئەودا بووون، بەڵام ئەو دەیویست کارێکی وا بکا هەردوو ئەنجومەنەکە خۆیان دان بە ناکارامەبوون و بێکەلکیی خۆیاندا بنێن و بۆخۆیان خۆیان هەڵوەشێننەوە و جڵەوی دەسەڵاتەکە بە بۆناپارت بسپێرن. دیارە ناپلیۆن لەوانە نەبوو کە حەزی لێ بێ نەخشە و پلانەکانی بەخۆی بە شێوەی یاسایی جێبەجێ بکا، بەڵام ئەمجارەیان نەدەکرا و تا کۆتاییش

دڵنیا نەبوو لەوەی ئەگەر بە زەبروزەنگ دەزگای یاسادانان هەڵوەشێنێتەوە، سوپاکەی دڕدۆنگ نابێ و ناشێوێ. هەر بۆیە وا پێویست بوو کاروبارەکان بەخێرایی و ئاسانی بکا بەبێ ئەوەی دەست بۆ زەبروزەنگ بەرێ. بەڵام ئەگەر ئەم کارە لەو دەمەدا بەبێ زەبروزەنگ جێبەجێ نەبوایە، ناچار دەستی بۆ شمشێر و نێزە دەبرد. 30000 کەس لە هاوسەنگەرانی بۆناپارت لە میسر بوون و ئەو وڵاتەیان لەبندەستدا بوو. سەربازی شەڕەکانی ئیتالیا هەموو لەوێ نەبوون. کەوابوو ناچار بوو پشت بەو سەربازانە ببەستێ کە ئەویان نەدەناسی و خۆیشی ئەوانی نەدەناسی.

فەرمانەکانی بۆناپارت بۆ بڵاوکردنەوە و زیادکردنی سەرباز لە نێوان پاریس و سەنت کلۆود، لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەوە جێبەجێ کرابوون. خەڵکی پاریس گوێقوڵاخ بوون و سەیری ڕۆیشتنی یەکە سەربازییەکان و ڕیزی دوورودرێژی ئەو گالسکە و ڕێبوارییانەیان دەکرد کە لە نێوان پاریس و کلۆوددا بەڕێوە بوون. ڕاپۆرت لەبارەی وەزعی کرێکارانی گوندەکانی دەوروبەرەوە دەهات کە وەک ڕۆژان خەریکی کاروباری خۆیانن و هیچ هەژان و کەفوکوڵێکیان پێوە دیار نییە. لە گەڕەکەکانی ناوەندی شار جاروبارە دەنگی "بژی بۆناپارت" دەبیسرا.

لەسەر یەک خەڵک لەسەرهەست و چاوەڕوان بوون. هێشتا زۆری مابوو تا هەموو نوێنەرەکان لەو ڕۆژەی هەژدەیەمدا بچنە سەنت کلۆود، چونکە زۆرینەیان ڕۆیشتنەکەیان خستبووە ڕۆژی 19ی برۆمەر کە ڕۆژی یەکەم کۆبوونەوە بوو.

لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی دووەم و کۆتایی کودەتاکە بوو، هۆکاری ڕاستەقینە بۆ نیگەرانکردن و ترساندنی ژەنەڕاڵ بۆناپارت لە ئارادا بوو. بە دڵنیاییەوە ئێوارەی ڕۆژی هەژدەی برۆمەر لە سێ

دامەزراوەی حکوومەت دووانیان هەڵوەشێنرابوونەوە. دیرکتوار ئیتر نەمابوو و ئەنجومەنی پیرانیش ملکەچ ببوو کە خۆی هەڵوەشێنێتەوە. بەڵام هێشتا مابوو ئەنجومەنی نوێنەرانی میللەت یانی ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی کە هەڵوەشێنرێتەوە. لەو ئەنجومەنەدا کە 200 کورسی ئی ژاکۆبنەکان یانی ئەندامانی "جەماوەری لایەنگری ئازادی و یەکسانی" بوون، کە بە دەستی سیەیس هەڵوەشێنرابۆوە. لە ڕاستیدا تاقمێکیان ئامادە بوون خۆیان بە پارە بفرۆشن یان لە ترسان خۆیان بە دەستەوە بدەن. بەڵام پیاوی واشیان تێدا بوو کە ئاوها نەبوون و لە وەچەی تۆفان و لافاوە گەورەکانی شۆڕش بوون و بە باوەڕی ئەوان گرتنی باستیل و ڕووخاندنی پادشایەتیی سەرەڕۆیانە و خەبات دژی خیانەتکاران و دەستەواژەکانی "یان ئازادی و یەکسانی یان مەرگ" کۆمەڵێک وشەی پڕوپووچ نەبوون، کەسانێک بوون کە ژیانی خۆیانیان زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو و دەیانگوت هەر کاتێک هەل هەڵکەوێ دەبێ سەری تاکبڕیار و سەرەڕۆیەکان بدرێتە بەر گیوتین و ئەگەر نەشکرا بە خەنجەرەکەی بروتوس* لەنێویان بەری.

بەیانیی ئەو ڕۆژە بۆناپارت لە گالسکەیەکی سەرئاوەڵادا و لە نێو ئاپۆرای کۆمەڵێک پشتمێری سوارچاکدا و لەگەڵ هاوڕێ گیانی گیانیەکەی خۆی لە پاریسەوە بەرەو سەنت کلۆود کەوتە ڕێ.

هەر گەیشتە ئەوێ ئاگادار بۆوە کە لە جەرگەی ئەنجومەنە پێنجسەد کەسیەکەدا زۆر کەس هەن نایشارنەوە کە بێزارن و پێیان ناخۆشە یەکە چەکدارەکان لە دەوری کۆشک کۆ بوونەتەوە و، بە تووڕەییەوە

---

*بروتوس زڕکوڕی قەیسەری ڕۆمایە کە لەگەڵ کاسیۆس پیلانێکی لە باوکی خۆی گێڕا و وەختێک قەیسەر لەنێو بکوژەکانیدا دیتی، گوتی: "کوڕم، ئەتۆش؟" ئینجا خەنجەری بروتوس ئیدیۆمە بە مانای خیانەت و ناپاکیی ئازیزەکان و خزم و کەسوکاری یەکێک، واتە دەستوەشاندن لە پشتەوەڕا.

ناڕەزایەتی دەردەبڕن کە بۆچی ئەنجومەنەکان ڕاگوێزراونەتە گوندی سەنت کلۆود و ئەوەیان پێ کارێکی گەمژانە و بێ مانایە. ئەوانە بە دەنگی بەرز دەیانگوت ئەوە تازە لە نەخشەکەی بۆناپارت تێگەیشتوون. تەنانەت دەیانگێڕایەوە کە بە ناوی دز و سەرەڕۆ و زاڵم و زیاتر بە چەتە ناوی دێنن. بۆناپارت لەپێشدا نیگەران بوو، بەڵام پاش ئەوەی لە بەردەم یەکە سەربازییەکانیدا خۆی ڕانا(سانی دی)، دڵی داکەوت.
سەعات یەکی دوانیوەڕۆ، هەر دوو ئەنجومەنەکە هەر کامە و لە تەلارێک کۆبوونەوەی خۆیان ساز دا. بۆناپارت و هاوڕێکانی لە ژوورەکانی تەنیشتیانەوە بوون بۆ ئەوەی هەر دوو ئەنجومەنەکە ئەو گەڵاڵانە پەسند بکەن کە تێیاندا ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتێکی مەرجداری نوێ دەخرایە ئەستۆی ناپلیۆن و ئینجا هەڵوەشێنەوە. بەڵام کات تێدەپەڕی و ئەنجومەنی پیران بڕیارێکی نەدەدا و وردەوردە هەرچەندە درەنگتر و بە ترس و لەرزیشەوە بوو، ئیتر ئارەزووی دژایەتیکردنی ئەو نەخشە نایاساییانە دەردەکەوت.
ئێوارەی نۆڤەمبەر بەسەردا دەهات. بۆناپارت دەبوو دەسبەجێ بڕیارەکەی بدا ئەگینا نەخشەکانی دەبوونە بڵقی سەر ئاو. سەعات چواری دوانیوەڕۆ کتوپڕ چووە نێو هۆڵی ئەنجومەنی پیران و لە بێدەنگییەکی مەرگباریدا وتارێکی دا، کە زۆر لە وتارەکەی دوێنێی بێجێتر و بێسەروبەرتر بوو. کۆی نێوەرۆکی وتارەکەی ئەوە بوو، کە ئەو دەیەوێ دەسبەجێ بڕیار بدرێ و ئێستا هاتووە یارمەتییان بدا بۆ ئەوەی لەو مەترسیانەیان ڕزگار بکا کە بەسەر سەریانەوە دەخولێنەوە و گوتیشی: "کۆمەڵێک بوختانیان پێ کردووم و منیان هێناوەتە هاوشانی قەیسەر و کرۆمۆڵ." جا ئێستا من بەپێچەوانەی ئەوان دەمەوێ ئازادی ڕزگار بکەم، چونکە ئیتر حوکمەت نەماوە. "من گێرەشێوێن نیم، ئێوە من

دەناسن... ئەگەر من خیانەتکار بم، ئێوە هەموتان لێم ببنە بروتوس..."
و بەو جۆرە پێی دەگوتن ئەگەر ئەو نیازێکی خراپی بەرانبەر کۆمار هەبێ بە خەنجەر بیئەنجنن، هەمووان بە هات و هەرا وەڵامیان داوە و ئەویش پاش ئەوەی هەڕەشەی لێ کردن و وەبیری هێنانەوە کە چەکداری لەگەڵە، لە تەلاری ئەنجومەنی پیران هاتە دەرێ بەبێ ئەوەی مەبەستە دڵخوازەکەی خۆی واتە پەسندکرانی ئەو گەڵاڵەیەی دەسەڵاتی بەو دەسپارد، بەدەست هێنابێ. کارەکە خەریک بوو بەباریێکی خراپدا دەکەوت و لەوانەبوو لەوەش خراپتر بێ. ئەو دەبوو مەبەستەکەی خۆی بۆ ئەنجومەنە پێنجسەد کەسیەکە باس بکا، ئەگەرچی هێشتا لەوانە بوو خەنیمێکی ڕاستەقینە "بروتوس"، لە نێو باڵە ژاکۆبنەکەی ئەو ئەنجومەنە قوت بێتەوە.
بۆناپارت دەستەیەک لە نارنجۆکهاوێژەکانی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بەڵام ژمارەیان زۆر لەوە کەمتر بوو، کە ئەگەر هێرشێک کرابایەتە سەر فەرماندەکەیان، بەرگریی لێ بکەن و ڕزگاری بکەن. یەکێک لەو سەردارانەی لەگەڵ بۆناپارت بوو، ژەنەڕاڵ ئۆژرۆ بوو کە لە گرتنی ئیتالیادا لەبەردەستی ئەودا بوو. کە چوونە نێو هۆڵی ئەنجومەن، لەپڕ ئاوڕێکی لە ئۆژرۆ داوە و گوتی: "ئۆژرۆ، ڕووداوەکەی ئارکۆڵ بیر خۆت بێنەوە." بۆناپارت خۆی ئەو دەموساتە سامناکەی لەبیر مابوو کە لە ژێر ڕەهێڵەی ئاگری تۆپخانەی نەمساییەکاندا ڕکێف کوت بۆ گرتنی پردەکەی ڕاکۆڵ ئەسپی خۆی تاو دابوو. لە ڕاستیدا ئێستا وەها ساتێک نزیک ببۆوە. دەرگای تەلارەکەی کردەوە و لە لاشیپانەی دەرگاکەدا خۆی نیشان دان.
بە نەڕەنەڕ و زەنازەنای پڕ لە تووڕەیی و هەڵچوونەوە پێشوازیی لێ کرا: "مەرگ و نەمان بۆ چەتە و ڕێگر، بمرێ دیکتاتۆر، بڕۆ هەی زۆڵ،

ئێمە ئێستا دەنگ دەدەین کە تۆ چیتر لە پەنای یاسادا نیت." تاقمێک لە نوێنەران ئامبازی بوون و دەستیان لێ بەرز کردەوە و هەندێکیان بەرۆکیان گرت و هەندێکی دی هەوڵیان دا قورقورۆچکەی بگرن. یەکێک لە نوێنەرەکان بە هەموو تین و تاقەتی خۆی مستێکی لە شانی دا.
بۆناپارت کە پیاوێکی وردیلە بوو و قەتیش هێزی شانوباهۆی خۆی تاقی نەکردبۆوە و هەمیشەش تووڕە بوو و تووشی پەرکەم دەبوو، چیی نەمابوو لە بن دەست و پێی نوێنەرەکانی ئەنجومەندا کە تەواو جلّەویان لەدەست دابوو، بخنکێ. چەند نارنجۆکهاوێژێک توانیان دەوری بۆناپارت بگرن کە تێهەڵدانێکی باشی خواردبوو و لە تەلارەکە بیبەنە دەرەوە. نوێنەرەکان کە تەواو دەهری ببوون، چوونەوە جێی خۆیان و بە هاواری پڕ تووڕەیی داوای گەڵاڵەیەکیان کرد کە ژەنەڕاڵ بۆناپارت لە پشتیوانی و پاریزەیی یاسا بێبەری بکا.
سەرۆکی ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی ئەو ڕۆژە لۆسین بۆناپارت، برای ناپلیۆن بوو کە ئەویش لە پیلانەکەدا دەستی هەبوو. ئەو وەزعە، یارمەتیدەری پیلانەکە بوو. بۆناپارت پاش ئەو دیمەنە سامناکە هەر تۆزێک هاتەوە سەر خۆی، مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی بە زەبری چەک ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی ڕامبالّێ: بەڵام لەپێشدا هەوڵی دا براکەی لەوێ بێنێتە دەرێ و زۆر بە زەحمەتیش توانیی ئەوە بکا. کە لۆسین گەیشتەوە لای ناپلیۆن، پێشنیاری بە براکەی کرد بچێ وتارێک بۆ سەربازەکانی بدا و پێیان بڵێ گیانی پێشەواکەیان لە مەترسیدایە و ئەرکداریان بکا کە "زۆرینەی ئەنجومەن" لە چنگی "کۆمەڵێک شێت و شوور" ڕزگار بکەن. ئەگەر سەربازەکان تۆزە گومانێکیشیان لەسەر یاساییبوونی ئەو کارە هەبوو، ئەوەش ڕەوییەوە. دەنگی گرمەی

دەهۆڵەکان هەستا و نارنجۆکهاوێژ بە فەرماندەیی مۆرا پەلاماری کۆشکەکەیان دا و گرتیان.
بە گوێرەی گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان، ئەودەمەی دەنگی تەپڵ و دەهۆڵی هێرش لە کۆشک نزیک دەبۆوە، نوێنەرانی ئەنجومەن هاواریان لێ هەستا کە پێشنیاریان دەکرد خۆڕاگرن تا لەوێ دەکوژرێن.
دەرکە کراوە و نارنجۆکهاوێژ بە سەرەنێزەوە خۆیان بە نێو تەلارەکەدا کرد و تێیدا بڵاو بوونەوە و لە چاوتروکانێکدا هەموویان تێکەوە پێچا. گرمەی بێ پسانەوەی دەهۆڵەکان هەمووانی کپ کردبوو و نوێنەرەکان وێکڕا ڕایان کرد، یانی هەندێ بە دەرکەکاندا و هەندێکیشیان پەنجەرەکانیان شکاند و بەوێدا خۆیان فڕێ دایە نێو حەوشەکە. ئەو دیمەنە لەسەر یەک سێ تا پێنج خولەکی کێشا. فەرمان وابوو نوێنەرەکان نەکوژن، بەڵکوو قۆڵبەستیان بکەن. ئەندامانی ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی پاش ئەوەی بە دەرگا و پەنجەرەکاندا ڕایانکردە حەوشە، سەیریان کرد ئەوە لە گەمارۆی ئەو سەربازانەدان کە لە هەموو لایەکەوە کۆشکەکەیان گەمارۆ داوە. نەڕەی وەک هەورەگرمەی مۆرا کە ساتێک بەسەر گرمەی تەپڵ و دەهۆڵەکانیشدا زاڵ بوو، گوێی نوێنەرانی ئاو دایەوە: "ئەو زبڵ و زاڵانە فڕێ بدەنە دەرەوە" و، ژمارەیەکی زۆریان تا مردیشن ئەو نەڕەیەیان لەبیر نەچۆوە.
ئەو فکرەی کە لەوانەیە پێنشیاری لۆسین بووبێ، بە زەینی بۆناپارتیشدا هات. کتوپڕ فەرمان بە سەربازەکان درا، کە هەندێ لەو نوێنەرانەی بەملاوئەولادا ڕایان دەکرد بگرن و بیانهێننەوە کۆشک. پاش ئەوە بڕیار درا بە ئامادەبوونی ئەو نوێنەرانەی بەو جۆرە قۆڵبەست کرابوون، ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی" کۆبوونەوەیەک ساز بدرێ و ئەمریان پێ بکەن گەڵاڵەی پێکهێنانی حکومەتی کونسوڵی پەسند بکەن. بەو جۆرە

کۆمەڵێک لە نوێنەرەکان کە لە ترسان و لەبەر باران و سەرما هەڵدەلەرزین، لە کۆڵان و قاوەخانەکاندا گرتیانەوە و هێنایانەوە کۆشک. ئەوانە دەسبەجێ ملیان بۆ ئەو شتە ڕاکێشا کە داوایان لێ کردن و پاش ئەوەی دەنگیان بە هەڵوەشانەوەی خۆیان دا، ئازاد کران. دەمەدەمی شەوێ، لە یەکێک لە تەلارەکانی کۆشکی سەنت کلۆود کە تیشکێکی کز ڕووناکی دەکردەوە، ئەنجومەنی پیران بەبێ مشتومڕ گەڵاڵەیەکی پەسند کرد، کە بەپێی ئەو گەڵاڵەیە دەسەڵاتی بەرزی کۆمار بە سێ کەس بەناوی کونسوڵ ئەسپێردرا.

بۆناپارت و سیەیس و ڕۆژێدکۆ کران بە کونسوڵ، چونکە بۆناپارت هێشتا کاتەکەی پێ لەبار نەبوو بۆ ئەوەی جڵەوی دەسەڵاتە بێلەمپەرەکەی بگرێتە دەست، بەڵام سوور بوو لەسەر ئەوەی ئاخری کونسوڵیەکەی خۆی بکاتە دیکتاتۆرییەکی بێ لەمپەر. دەشیزانی دوو هاوکارەکەی بچووکترین ڕۆڵیان لە ئەستۆیە و تاقە جیاوازییەکی لە نێوانیاندا هەبوو ئەوە بوو کە ڕۆژێدکۆ بە ئەقڵە کرچوکاڵەکەی خۆی لەوە تێگەیشتبوو، کەچی سیەیسی لەبنەوەبڕ هێشتا درِدۆنگ نەببوو، بەڵام زۆری نەدەبرد ئەویش ئەوەی لێ ڕوون دەبۆوە.

ئێستا فەرەنسا لەبەر ڕکێفی بۆناپارتدا بوو. سەعات دووی بەیانی، هەر سێ کونسوڵەکە، سوێندی وەفادارییان بۆ کۆمار خوارد. شەو درەنگان بوو کە بۆناپارت لەگەڵ بۆوریەن، بە گالسکەیەک سەنت کلۆودی بەجێ هێشت. زۆر ناڕەحەت و تووڕە بوو و هەتا پاریس بە زەحمەت ورتەیەکی لێوە هات.

یەکەم هەنگاوەکانی دیکتاتۆر 1799 ـ 1800

1

لەو کاتەوە کە مۆرا لە شەوی 19ی برۆمەردا لە سەنت کلۆود ناپلیۆنی ئاگادار کردبۆوە کە هۆڵی ئەنجومەنی پێنجسەد کەسی چۆل کراوە و هەموو شتێک بە مراز و دڵی ئەوانە، ژەنەڕاڵ بۆناپارت تا پازدە ساڵان بوو بە فەرمانڕەوای بێجڵەوی خەڵکی فەرەنسا. ئێستا ناپلیۆن لە پێنج ساڵی یەکەمی دەسەڵاتدارێیەکەیدا، بەخۆی دەگوت کونسوڵی یەکەم و دوای ئەوە ناوی خۆی نا ئیمپراتۆر و ئیتر فەرەنسا کە لە پێشدا پێی دەگوترا کۆماری و دواتریش ئیمپراتۆری، نە لە بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ڕێژیمە تازەکەدا گۆڕانێکی بنەڕەتیی دروست دەکرد و نە لە گەوهەری دیکتاتۆریی سەربازیی ناپلیۆنیشدا. بەو جۆرە دیکتاتۆریی بۆرژوای دژەشۆڕش دامەزرا. ئەو بۆرژوازییەی کە لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا فەرەنسای گەیاندبووە لێواری هەڵدێر، کاتێک هەستی بە مەترسییەکە کرد و سەری لێ شێوا و ئیتر باوەڕی بە "بەهرە سیاسییەکان"ی خۆی نەما، تاقە ئەم ڕێگەچارەیەی بە مێشکیدا هات، کە

تەنیا بە کپکردنی دیموکراسیی شۆڕشگێڕانەوە و تەنیا لە ژێر سێبەری دەسەڵاتێکی بەهێزی لەشکاننەهاتووداید ـ تەنانەت ئەگەر سەرەڕۆ و دیکتاتۆریش بێ و لە نێوچاوانی بۆناپارتدا یانی ئەو شیروەشێنە بەزاکوونەشدا خۆی بنوێنێتەوە ـ کە کۆمەڵگەی بۆرژوا دەتوانێ بەبێ لەمپەر پەرەر بگرێ و گۆڕەپانی تەڕاتێن بۆ سەرمایە تایبەتییەکانی خۆی دابین بکا.

بۆناپارت ئەم بنەما بنەڕەتییانەی حوکمەتە تازەکەی کردە خەم و بەرنامەی خۆی و هەموو توانا و بلیمەتی و بەهرەی خۆی بۆ پتەوکردنەکەی خستە گەڕ و لە پلەی یەکەمدا بەتایبەتی کەڵکی لە هەموو ئەو ئیمکاناتانە وەردەگرت کە بەدەستی دەکەوتن بۆ ئەوەی خۆی بکاتە تاقە فەرمانڕەوای بێجڵەوی ئەو حوکمەتە. ئەو ئەگەرچی ڕێکخراوەکانی تێکەوە دەپێچا و سەرلەنوێ دایدەمەزراندنەوە یان دەیگۆڕین، بەڵام هەرچۆنێک بێ ڕەوگە و ئامانجەکانیان نەدەگۆڕدرا. ئەگەرچی ئەو ڕێکخراوانە دەبوایە دامودەزگای حوکمەت بکەنە ئامرازێکی ڕاپەڕاندنی ویست و ئیرادەی بێجڵەوی ئەو.

دوا ئامانجی ناپلیۆن دامەزراندن و پتەوکردنی دەسەڵاتە بێجڵەوەکەی خۆی بوو و، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش هەموو کەرەستە و ئامراز و ڕێگەیەکی وەک سیاسەتبازی و ڕێککەوتنی کاتی و وازهێنان و دانبەخۆداگری و چاوەڕوانیی دەگرتە بەر. ئەو وردەوردە ئەو بەهرەیەی لەدەست خۆی دا، بەڵام لەیەکەم ساڵەکانی دەسەڵاتیدا، زۆر باش کەلکی لێ وەردەگرت.

ناپلیۆن لەبارەی خۆیەوە دەیگوت، جاری وایە دەبێتە ڕێوی و جاری وایشە دەبتە شێر. بە باوەڕی وی، هەموو نهێنیی دەسەڵات لەوە دایە کە بزانن کەی ببنە ڕێوی و کەنگێ ببنە شێر. بەڵام لە دەورانی کونسولیدا

بوو که ناپلیۆن ئەو داموودەزگا حکومەتیە سەنترالیزمەی دامەزراند، کە لە هیچ حکومەتێکی تاکبڕیاردا شتی وا نەکراوە و، هیچ کام لەو حکومەتانەی پاش ئەو تا ئەمڕۆیش لە فەرەنسا دامەزراون، جگە لە حکومەتی کۆمۆنی پاریس، ئەو شتانەیان پشتگوێ نەخستووە و تەنانەت نەیانویستووە بشیگۆڕن.

هەوڵەکانی کونسوڵی یەکەم تەنیا چاکسازیی ئیداری نەبووە کە بەردەوام سەرنجی بیرمەندانی بۆرژوای لە نێوخۆ و دەرەوەی فەرەنسا بۆ لای خۆی ڕاکێشا و هەرواش ڕایدەکێشێ، بەڵکوو بیرمەندانی گۆرین، لەو ڕووەیشەوە پەسنی ئەو دەدەن کە توانیویەتی هەلومەرجێک بخوڵقێنێ، کە لە سێبەرەکەیدا بازرگانی و پیشەسازی پەرەیان گرت و وڵاتەکە دەوڵەمەند بوو و، بە گشتی هەموو بیرمەندان هەموو ئەو پێشکەوتنانەیان بە سیستەمێکی تەواو ڕۆشن و کاریگەرەوە بەستووەتەوە کە بۆرژوازیی مەزنی فەرەنسا بە ناویەوە توانیویەتی سەرکەوتنەکانی ساڵی 1789 و ساڵانی دواتریش بسڕێتەوە و لەنێوی بەرێ.

ڕۆڵی خوڵقێنەرانەی ناپلیۆن وەک "داهێنەر"ی سیما دەرەکییەکانی حوکمەت و دەسەڵاتی زاڵی ئابووریی بۆرژوازی بەو ئاشکرایی و ڕوونییە تایبەتییەی لە سەردەمی کونسوڵیدا دەرکەوت و ئەوەش نەک هەر لە یەکەم ساڵەکانی حکوومەتی بۆناپارتدا بەڵکوو لە ڕوانگەی مێژوونووسانی بۆرژوازیی ئەم سەردەمە تازەیەیشەوە کە نوێنگەی بۆچوونی چینی سەرکەوتوون، خۆشەویستییەکی لەڕادەبەدەری بۆ ئەو دروست کردووە.

ئیتر، ئەو ژەنەرالە سی ساڵانەی کە تا ئەو ڕۆژە جگە لە جەنگ هیچ کارێکی دیکەی نەکردبوو، ئەو داگیرکەرەی ئیتاڵیا و میسر کە توانیبووی

حکومەتی یاسایی کۆماری بە زەبرێک تێکەوە بپێچێ، لە درەنگانی شەوی 19ی برۆمەردا بوو بە فەرمانڕەوای بێجلّەوی یەکێک لە گەورەترین ولّاتانی ئەورووپا، کە ئەوکات هێشتا بەڕاستی ولّاتەکەی باش نەدەناسی و هێشتا دەرفەتی ئەوەشی بۆ نەڕەخسابوو بیناسێ. ئەو ولّاتە، ئەگەر تەنیا لەسەردەمی کلۆڤیس(یەکەم پادشای فەرەنسا)وە حیساب بکرێ، مێژووەکەی پانزە سەدە بوو. ئینجا ئەو پادشایەتییە 1600 سالّانەی بە دەستی شۆڕش، کە بە زەبرێک سیستەمی دەرەبەگایەتی و پادشایەتیی بێجلّەوی ڕووخاندبوو، تێکەوەپێچرا. لەمەودوا کۆمار دامەزرابوو، بەلّام ئێستا نەجیبزادەیەکی کۆرسی، کە خۆی یەکێک بوو لە سەردارەکانی ئەو کۆمارە، هاتبوو حوکمەتەکەی دەڕووخاند و دەبوو بە تاقانە فەرمانڕەوای ولّاتەکە. لە بەردەمی ئاسەواری کاولکارییەکانی دەسەلّاتی پێش خۆی و خەرمانێک بەرژەوەندیی بەرهەمی شۆڕش لەسەر یەک کەلّەکە ببوون. ئەو بەسەر دنیایەک کاری دەسپێکراوی نیوەچڵ و کاری ڕاگیراودا کەوت، کە هەر هەمووی ئالّۆز و بێسەروبەر کەوتبوونەوە.
لەبارەی کاروباری دەرەوەش، کونسولّی یەکەم بەسەر وەزعێکی زۆر ئالّۆز و نالەباردا کەوتبوو. لەو کاتەدا کە ئەو خەریکی گرتنی میسر بوو، هاوپەیمانیی دووەمی ئەورووپی، ئیتالّیای لە چنگی فەرەنسیەکان دەرهێنابۆوە. لەشکرکێشییەکەی سۆڤڕۆف ڕیسی سەرکەوتنەکانی ناپلیۆنی لە سالّانی 1796ـ 1797دا کردبۆوە خوری. ڕاستە سۆڤڕۆف پاش ئەوەی چیاکانی ئالّپی بڕی، بەگوێرەی پێویست هێز و کەرەستە و تفاقی پێ نەبوو کە فەرەنسای پێ بگرێ، بەلّام هاوپەیمانیەتیی ئەورووپی بەهیچ شێوەیەک بەتەما نەبوو چەک دابنێ و چاوەڕوان دەکرا لە وەرزی بەهاریدا دوژمن دیسان لە کەوشەنەکانی فەرەنسادا

ببینرێن. خەزێنە بەتاڵ بوو. یەکەکانی سوپا چەند مانگ بوو مووچەیان پێ نەدرابوو. سیاسەتمەدارە بە ئەزموونەکان بە زەردەخەنەیەکی گەپجارڕانەوە چاوەڕێ بوون بزانن ئەو گەنجە کۆرسیە، ئەو پیاوەی جگە لە پیشەی سەربازی تا ئەودەم هیچ کارێکی نەکردبوو و هیچی نەدەزانی، چۆن دەتوانێ لەو هەلومەرجە ئاڵۆز و نالەبار و مەترسیدارەدا، بەڕەی خۆی لە ئاو دەربێنێ؟

2

بۆناپارت لە پێشدا دەستی دایە ڕێکخستنی حوکمەتە تازەکە و بە سیستەمکردنی شێوازی دەسەلاتە بێجلەوەکەی خۆی. ناتوانین سەیری هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ سیاسەتمەدارە کۆنەکار و بەئەزموونەکانی وەک سیەیس ـ کە بە خەیاڵی خۆیان دەیانویست ڕۆڵی یەکەم بگێڕن و بە جۆرێک ببنە ڕاهێنەر و ڕێپێشاندەری ئەو گەنجە ـ بکەین و لایەنی گەپجارڕانەی لەبەرچاو نەگرین. ناپلیۆن لەوکاتدا وەک کۆمەڵێک کەسی هاتەرانپاتەرانبێژی چەنەوەڕ و بەئەزموون لە سیاسەتمەدارە لەکڵدەرهاتووەکانی ئەودەمی دەکرد، کە نایانەوێ تێبگەن ئیتر سەردەمی ئەوان بەسەرچووە. بەڵام ژاکۆبنەکان، بۆناپارت هەم ڕقی لێیان بوو و هەمیش لێیان دەترسا و، هەرگیز باسی ڕۆبسپیرەکانی (ئەو دوو برایەی وەک پێشتر باسمان کرد بۆناپارت لەگەڵ برا گچکەکەیان زۆر نزیک و برادەر بوو)، نەدەکرد، بەڵام لێی سوور بوو ئەوانەی ڕۆبسپیریان کوشتبوو و بۆخۆیان لەجێی دانیشتبوون، خۆیان لە چ قوماشێک بوون. سفتەباز و خیانەتکار و چەتە و تاڵانچییە ترمیدۆرییەکان کە بە گفت و

لفت و دەمودوویەکی بێ نێوەرۆک، گزیکەری و ساتوسەوداکانی خۆیانیان دەشاردەوە، هەستی ڕق و بێزارییان لەودا دێنایە جۆش. سیەیس کە بۆناپارت ڕایسپاردبوو گەڵاڵەی نوێی دەستوور بنووسێتەوە، ماندوویینەناسانە کۆمەڵێک بەرنامەی بەمشوور و حەکیمانەی داڕشت کە زۆر لێزانانە ڕێک خرابوون، بێخەبەر لەوەی بۆرژوازیی گەورە، بە شاری و گوندییەکەیەوە، ئێستا دەیانویست ڕژیمێکی پۆلیسیی بەهێز دامەزرێ و مافەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ ئازادیی بازرگانی و پیشەسازیدا دەستەبەر بکرێ. جووتیارە خاوەن زەوییەکان (جووتبەندە)، دەیانویست زەمانەتێکیان بدرێتێ، کە ئەو زەوییانەی تازە بەدەستیان هێناون، لێیان ناسێندرێتەوە. بۆناپارت لەوپەڕی سەرسووڕمانی سیەیسدا، گوتی ئەو گەڵاڵانەی ئامادەت کردوون بەکار نایەن و خۆی ڕێوشوێنی پێشان دا و هەندێ گۆڕانکاریی تێدا کردن.

دەستوورە نوێیەکە، مانگێک پاش کودەتا ئامادە بوو. سێ کونسوڵ جڵەوی کۆماریان بەدەستەوە دەبوو، کە هەموو دەسەڵاتەکان بەدەست کونسوڵی یەکەمەوە دەبوو و دوو کونسوڵەکەی دیکە تەنیا ڕاوێژکار دەبوون. ئەنجومەنی سەنا، کە ئەندامەکانی لەلایەن کونسوڵەکانەوە هەڵدەبژێردران، ئەندامانی لیژنەی یاسادانان و تریبۆنایان لەنێو چەند هەزار پاڵێوراوی هەڵبژێردراوی میللەتدا دەسنیشان دەکرد.

دەستوورە نوێیەکە، وەک لەپێشدا بەڵێنیان دابوو، دەبوایە بخرێتە بەردەم ڕای گشتی، بەڵام ناپلیۆن ڕایگەیاند کە دەستووری نوێ بەبێ ئەوەی چاوەڕێی دەنگ و ڕای گشتی بێ، جێبەجێ دەکرێ. بۆناپارت ئیتر کرا بە کۆسنوڵی یەکەم.

ڕۆژی چوارەمی مانگی "نیوز"، بەرانبەر 25ی دیسەمبەری 1799 دەستوورە تازەکە و دانرانی سێ کونسوڵ خرایە بەردەم ڕای گشتی کە بۆناپارت لەسەرووی هەموانەوە بوو. دەستوورەکە بە دەنگی 3011007 دەنگی بەڵێ لە هەمبەر 10562 دەنگی نەخێردا، پەسند کرا. سوپاش دەنگی دا و لە هەندێ شوێن سەربازەکان دەستەدەستە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و بەکۆمەڵ بەڵێیان بۆ فەرماندەکەی خۆیان گوت. لە گوند و شارەکانیش خەڵک لە ژێر چاودێریی و نیگای وردوتیژی پیاوانی حوکمەتدا دەنگیان دا. لە لایەکەوە جووتیاران و ملکداران و زۆرینەی بۆرژوای شار و تەنانەت بە شایەتیی خەڵکی ئەودەم، کۆمەڵێکی زۆر لە کرێکارانی شارەکانیش ئەودەم کونسوڵی یەکەمیان زۆر پێ باش بوو، چونکە وەک پیاوێک لێیان دەڕوانی کە کۆماری لە شەڕ و بەڵای شاپەرستەکانی 13ی واندەمیر ڕزگار کردووە و توانیوێتی دەستی ئینگلتەرا و نەمسا و ڕووسیاش کورت بکاتەوە کە هێشتا هەڕەشەیان لە وڵاتەکە دەکرد.

جڵەوی دەسەڵاتی بێڵەمپەر کەوتبووە دەست وی. هەموو دامودەزگاکانی دی، جگە لە تارماییەکی بێگیان هیچی تر نەبوون و هەرگیز نە بچووکترین دەسەڵاتیان هەبوو و نە هەوڵێکیشیان دا کە تۆزە دەسەڵاتێکیان هەبێ. سیەیس نیگەران و زویر بوو، بەڵام بۆناپارت پاداشتێکی بەرچاوی پێ دا و بۆ تا هەتایە هیچ پۆستێکی هەستیاری پێ نەدا. ئەو نە پێویستی بە نۆکەر هەبوو و نە بە جێبەجێکەر و نە ڕاوێژکار و نە یاسادانەریش.

ئەو لەسەرەتاوە نیشانی دا کە نێوانی لەگەڵ ڕەخنەگران نیە. بەفەرمانێک لە ڕێکەوتی 27ی مانگی "نیوز"، یانی کەمێک پاش کارکردن بە دەستوورەکەی حوکمەتی کونسوڵی، بۆناپارت ئەمری کرد لەو 73

ڕۆژنامەیەی دەردەچوون، 60یان دابخرێن و، ئەو 13یەی ماشنەوە، زۆریان خۆ نەگرت و کەوتنە بەر چاودێریی چڕی پۆلیس و نۆ ڕۆژنامەی دیکەش پاش ماوەیەک داخران و تەنیا 4 ڕۆژنامە مانەوە. ناپلیۆن خۆی بچووکترین شتێک کە لە ئازادیی چاپەمەنی چووبایە، پێی قبوولّ نەدەکرا. لەو یەکەم هەوڵانەیەوە دیار و ڕوون بوو کە ناپلیۆن چۆن لە دەسەڵاتەکەی خۆی دەڕوانێ. بە ڕای ئەو دەسەڵاتە بێجڵەو و بێسنوورەکەی تەنیا قەرزباری نارنجۆکھاوێژەکانی مانگی برۆمەر بوو. بۆ هیچ شتێک، جگە لە نارنجۆکھاوێژەکان یان جگە لەخۆی، خۆی بەقەرزباری کەس نەدەزانی. ئەو هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕی وابوو هەموو شتێک دەبێ پشت بە یاسای زاڵبوون و سەرکەوتن ببەستێ. یەکێک لەو قسە نەستەقانەی ئەو پێی خۆش بووە ئەوە بوو: "هەمیشە، بەتالیۆنە گەورەترەکان هەقدارن و لەسەر هەقن". هەر ئەو بەتالیۆنە گەورانە بوون کە لە ڕۆژانەی 18 و 19ی برۆمەردا فەرەنسایان بۆ ئەو گرت، وەک چۆن پێشتر بە فەرمانی ئەو ئیتالیا و میسریان گرتبوو و لەمەودواش تەقریبەن هەموو ئەوروپایان گرت. بۆیە بە ڕای ئەو کەس بۆی نەبوو لەو بپرسێتەوە یان چاوەڕوانیی دابەشکردنی دەسەڵاتی لێی هەبێ. سیەیس زۆر زوو و بەوپەڕی بێهیواییەوە ئەوەی بۆ دەرکەوت. باقی نیزکەکانی وی وردە وردە لێی تێگەیشتن و بەدوای ئەوانیشدا خەڵکەکەی دیکەش لێیان ڕوون بۆوە.

هەڵبەت قسەکەی گۆتێ لەبارەی ناپلیۆنەوە زۆر ڕاستە: "دەسەڵات بۆ ناپلیۆن وەک ئامێرێکی مۆسیقی بوو بە دەست هونەرمەندێکی گەورەوە و ئەو هەر کە توانیی بەدەستی بێنێ، دەستی کرد بە ژەنینی." یەکەم ئامانجی ناپلیۆن کۆتاییهێنان بە شەڕە نێوخۆییەکەی ڕۆژئاوای فەرەنسا و ئەو تاڵان و برۆیە بوو کە پێوەندییەکی چڕی لەگەڵ شەڕە

نێوخۆییەکەدا هەبوو و ئەو کات لە باشوور و باکووری فەرەنساشدا ببووە باو. ئەو تیژ و خێرا بوو، چونکە لە ڕاستیدا دەبوایە هەتا پێش بەسەرداهاتنی بەهارێ بەخێرایی ئەو دوو کارە یەکلایی بکاتەوە، چونکە لە بەهارێدا جەنگی نوێ هەڵدەگیرسا.

3

دەستە و تاقمی ڕێگر، کە لە کۆتایی حکومەتی دیرکتواردا جادەوبانی ئەیالەتەکانی باشوور و ناوەندی فەڕەنسایان مەترسیدار کردبوو، ببوونە بەڵایەکی کۆمەڵایەتیی گەورە. ئەو ڕێگرانە بە نوێژی نیوەڕۆ گالسکە و پەیتوونەکانیان لە گەورەڕێگەکاندا ڕادەگرت و بە ڕووتکردنی ڕێبوارانیشەوە نەدەوەستان بەڵکوو زۆربەی جاران دەشیانکوشتن. یان هەڵیاندەکوتایە سەر گوندەکان و دیلەکانیان چەند سەعاتان بە داغکردن و شێوازی جۆراوجۆرە جەزرەبە دەدا بۆ ئەوەی پێیان وەدەرخەن ئاخۆ گەنجینە و سامانەکەی خۆیانیان لەکوێ شاردووەتەوە. هەر بۆیە ئەوانەیان ناو نابوو "تونچی" * و تەنانەت جاری وابوو پەلاماری شارەکانیشیان دەدا. ئەو چەتە و ڕێگرانە بە ناوی بۆربۆنەکانەوە تاڵان و بڕۆیان دەکرد و دەیانگوت تۆڵەی تاج و تەخت و میحرابە تێکەوەپێچراوەکان دەکەنەوە. بە دڵنیاییەوە زۆر کەسیان لەگەڵ بوو کە ڕاستەوخۆ لە شۆڕشەکە زیانیان بەر کەوتبوو. بەپێی دەنگۆیەک کە هێشتا تەواو پشتڕاست نەکرابۆوە، هەندێ لە سەردەستەکانیان بەشێک لە دەسکەوتەکانی خۆیانیان دەدایە پیاوانی پادشایەتی. لەسەر یەک، بێسەروبەرەیی دامودەزگای پۆلیس و ئاسایش لە دوا ڕۆژەکانی

*تونچی: ئەو کەسەی تووندی حەمام نێڵ دەدا. ئەو کەسەی وا سووتەمەنی و ئاوردوو بە تووندی حەمامدا دەکا و ناهێڵێ کڵەکەی دامرکێ.

کۆتایی دیرکتواردا ببووە هۆی ئەوەی کەس نەتوانێ ئەو ڕێگرانە قۆڵبەست بکا و لەسەر تاوانەکانیان سزایان بدا. کونسوڵی یەکەم بڕیاری دا پێش هەموو شتێک ئەو فیتنەیە بنەبڕ بکا. شەش مانگێکی کات پێویست بوو بۆ ئەوەی ناپلیۆن بتوانێ جووقەواری چەتەیی نەهێڵێ. هەڵبەت دەستە و تاقمە ئەسڵییەکان هەر لە یەکەم مانگەکانی بەدەسەڵاتگەیشتنی ئەودا قڕ کران.

ئەو کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تۆندوتۆڵی دانا: بەدیلنەگرتنی چەتە و ڕێگران و دەسبەجێ گوللەبارانکردنیان و کوشتنی ئەو کەسانەش کە داڵدەیان دەدەن یان کەلوپەل و ماڵی دزراو دەکڕنەوە یان بە گشتی هەر چەشنە پێوەندییەکیان لەگەڵیان هەبێ، فەرمانی ئەو بوون. دەستەی تایبەتیی سەرباز ڕاسپێران نەک هەر خەتاکار و کەتنکەر و هاودەستەکانیان دەمودەست لەناو بەرن، بگرە ئەو پۆلیسانەش سزا بدەن کە دڵنیان دەسکیسی ڕێگر و چەتەکانن یان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا کەمتەرخەمییان کردوە و بەگژ ڕێگراندا نەچوونەتەوە. لەو دەرفەتەدا یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ناپلیۆن خۆی نواند: ئەو لە تاوان خۆش نەدەبوو. بە ڕای ئەو هەموو تاوانێک سزای لەسەر بوو و بەهیچ شێوەیەکیش لێخۆشبوون و سووککردنی سزا لەگۆڕێ نەبوو و نەیدەویست هەبێ. دەکرێ بڵێین ئەو لە بنێڕا نکۆڵیی لە چاکە دەکرد و باوەڕی وابوو، چاکەکاری، زیانی بۆ پیاوانی حوکمەت هەیە و خراپە. کاتێک برا چکۆلەکەی خۆی واتە لۆییس کە لە 1806دا بە فەرمانی خۆی کرابووە پادشای هۆڵەندا و بە ناپلیۆنی گوت خەڵکی هۆڵەندا زۆریان خۆش دەوێم، بە تووڕەییەوە قسەکەی پێ بڕی و گوتی: "براڵە، وەختێک کە دەڵێن پادشا کەسێکی باشە، ئەوە بەو مانایەیە کە کەمایەسییەک لە پادشایەتییەکەیدا هەیە."

کاتێک لە ئەپریلی 1811دا یەکێک لە ڕۆژنامەکان ـ لاگازێت دێفرانس ـ هەر بۆ خۆشیرنکردن و بەو بۆنەوەیە کە ناپلیۆن لە خۆشیی
لەدایکبوونی وەلیعەهد(جێنشین) داوای یەکێک لە داواکەرەکانی قبوڵ کردبوو، زۆر ماستاوچیانە و دەمتەڕانە بە "چاکەکاریی" ئیمپراتۆریدا هەڵگوتبوو، ئیتر ناپلیۆن بەوە تووڕە بوو و دەسبەجێ نامەیەکی بۆ وەزیری پۆلیسەکەی نووسی: "بەڕێز دووک دۆرۆڤیگۆ، ئەوە کێ ڕێگەی بە ڕۆژنامەی لاگازێت دێفرانس داوە ئەمڕۆ ئەم وتارە بێنرخە گەمژانەیە لەبارەی منەوە بڵاو بکاتەوە؟" و دەسبەجێ ئەمری کرد سەرنووسەری ڕۆژنامەکە لابەرن، چونکە "ئەو پیاوە زۆر کەرێتی دەکا"... و بە
دڵنیاییەوە ناپلیۆن ئەگەر یەکێک پێی گوتبایە ئاژەڵێکی درندە، باشتری لێ خۆش دەبوو لەچاو ئەو کەسەی بوختانی چاکەکاریی پێ کردبایە.
هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی ناپلیۆن وردەوردە لەگەڵ تێپەڕینی زەمەندا دەرکەوتن، بەڵام قڕکردنی بێبەزەییانە چەتە و ڕێگرەکان دەریخست فەرمانڕەوای تازە بەپێچەوانەی مەسەلە بەناوبانگەکە وای پێ باشترە دە بێتاوان سزا بدا بۆ ئەوەی نەهێڵێ تاقە خەتاباریک لە چنگ سزا دەرباز بێ.
بۆناپارت وێڕای پاکسازیی فەڕەنسا لە چەتە و ڕێگران گرینگیی بە کاروباری ئەیالەتی واندێیش دەدا. لەو ناوچەیەدا نەجیبزادە و پیاوانی ئایین ـ بەهۆکاری جۆراوجۆری ئابووری کە یەکێک بوو لە
تایبەتمەندییەکانی ئەیالەتەکە و بەشی باشووری نۆرماندی کە هاوسنوورن ـ بەردەوامبوون لەسەر ڕاکێشانی بەشێک لە جووتیارەکان و ڕێکخستن و چەکدارکردنیان بەو چەکە تایبەتانەی ئینگلیز لە ڕێگەی دەریاوە دەیگەیاندە دەستیان و دارستان و زۆنگاوەکانیان بۆ جەنگی پارتیزانی لەگەڵ هەموو حوکمەتە شۆڕشگێڕییەکاندا بەکار دێنا.

بۆناپارت بۆ بەرەنگاربوونەوە و سەرکوتی خەڵکی واندێ و دەست و تاقمەکانی "شڤان"، تاکتیکێکی جیاواز لەوەی بۆ چەتەکانی بەکار هێنا، گرتە بەر. ڕێک پێش کودەتاکەی 18ی برۆمەر، واندەییەکان بەراستی کۆمەڵێک سەرکەوتنیان لە شەڕی گەڵ کۆماریخوازەکاندا دەستەبەر کردبوو، شاری نانێتسیان گرتبوو و بە دەنگی بەرز باسی هێنانەوەی بۆربۆنەکانیان دەکرد. بۆناپارت لە لایەکەوە ئەو لەشکرەی بەهێزتر کرد، کە چووبوونە شەڕی ڕاپەڕیو و سەربزێوەکان و لەلایەکی دیکەشەوە فەرمانی لێخۆشبوونی بۆ ئەو کەسانە دەرکرد کە چەکیان دادەنا و بەتایبەتی بە گوێی هەڵێنان کە بەهیچ شێوەیەک دەستدرێژی ناکاتە سەر ئایینی کاسۆلیک. ئاخری قایل بوو بەوەی لەگەڵ سەردەستەی "شڤانەکان" بەناوی ژۆژکادۆدالّ دانوستان بکا و زەمانەتی پێ دا کە ئەنجامی دانوستانەکان هەر شتێک بێ، ئەو تا لە پاریس بژی و ئەگەر بەدڵخوازی خۆیشی بیەوێ بچێتەوە واندێ، تا دەگاتەوە ئەوێ، تەواو پارێزراو بێ.

بەو جۆرە ئەو جووتیارە کۆنەپەرستە "بێرتانی"یە بە قەد و قەڵافەتی دێوەزمەئاسا و بە زیپکوزاکوونی ئەفسانە ییەوە چەند سەعاتێک بەرانبەر ئەو پیاوە وردیلە و ڕەقەڵەیەی ئەوکات پێی دەگوترا ناپلیۆن دانیشت. ئاجودانەکان(ئەفسەری بەردەست)ی ناپلیۆن کە زۆر نیگەرانی گیانی سەروەرەکەیان بوون، لە ژووڕەکانی تەنیشتی کۆ ببوونەوە، چونکە دەیانزانی کادۆدالّ بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی ئامادەیە گیانی خۆیشی بەخت بکا و دەمێکە گیانی لەسەر دەستی داناوە.

بۆچی کادۆدالّ بۆناپارتی نەکوشت؟ چونکە هێشتا ئەو هیوا پووچەی لەدڵا بوو کە بەو زووانە دەبێ ببێتە بڵقی سەرئاو و ناپلیۆن هەر لەسەرەتاشەوە بەو بیانگەیە شاپەرستەکانی هەڵخەڵەتاندبوو.

شاپەرستەکان بەردەوام پێیان وابوو چارەنووس ئەو سەرداڕە گەنج و ناوداڕەی بۆ گێڕانی دەورێک خولّقاندووە کە مۆنێک لە 1660دا لە ئینگلتەرا گێڕابووی، _یانی کەسێک کە یارمەتیی بنەماڵە دوورخراوەکەی پادشایەتیی دابوو بێنەوە سەر تەختی دەسەڵات ـ و کۆمار لەنێو بەرێ. هەڵبەت ناپلیۆنیش کۆمارەکەی ڕووخاندبوو و بارودۆخی چینایەتیی ئەندامانی حوکمەتەکەشی وای دەنواند کە دەیەوێ ڕێگەیەک بۆ هێنانەوەئارای دەسەڵاتی تاکبڕیار و سەرەڕۆ بکاتەوە، بەڵام خەیاڵی ئەوەی کە بنیادەمێک وەک وی قایل بێ پێگەوپلەی یەکەمی دەسەڵات بە یەکێکی دیکە بسپێرێ ـ بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاخۆ شتێکی وای پێ دەکرا یان نا ـ گەمژانەترین هەڵەیەک بوو، کە کادۆدادّ کردی. کادۆدادّ بۆناپارتی نەخنکاند، بەڵام کە لە ژوورەکەی هاتە دەر، دیار بوو لەوانە نییە مل کەچ بکا و ئاشت بێتەوە. کونسوڵی یەکەم وێڕای باقی پێشنیارەکان، تەکلیفیشی لێ کردبوو بیکاتە سەرلەشکر هەڵبەت بەو مەرجەش هەرگیز نەچێتە شەڕی دوژمنە دەرەکییەکان. کادۆدادّ پێشنیارەکەی ڕەد کردەوە و گەڕاوە واندێ. یەکی دیکە لە سەرکردە ئەسڵییەکانی شڤان بەناوی فرۆتێ گیرابوو و گوللەباران کرابوو. کادۆدادّ کە پێشتر لە جانیوەری 1800دا لەبەر هێزەکانی حوکمەت شکابوو، پاش دانوستان لەگەڵ بۆناپارتیش هەر وا لەسەر جەنگ و شەڕەکەی بەردەوام بوو، بەڵام ناچار بوو ماوەیەکی زۆر خۆی بشارێتەوە و هەر بەو هێرشانە قایل بێ کە لەپڕێکدا شەوانە دەیکردە سەر ئەو یەکە بچووکانەی لە هێزە مەزنەکانی کۆماریخوازان دادەبڕان. بەڵام سەرکەوتنی یەکە سەربازییەکان سوپا و بەڵێنی لێبوردنی گشتی و نەرمونیانترکردنەوەی سیاسەتی توندی حوکمەت بەرانبەر پیاوانی ئایین و ئەو هیوایانەی وەک گوتمان بنەماڵەی بۆربۆن و

گیانلەسەردەستەکانیان بە بۆناپارتیان هەبوو، یانی هەموو ئەو شتانە، بایەخی جەنگاوەری و وردەی شڤانەکانی بەشێوەیەکی بەچاو دابەزاندبوو. کادۆدالّ دەیدی کە چەکدارەکانی هەر دێ و کەمتر دەبنەوە. لە واندێ جار بە جار پتر بۆچوون و حەزی چاوەڕوانی تەشەنەی دەسەند و دەیانویست بە دەمتەڕی و ماستاوچێتی سەرنجی سەرۆکە نوێیەکەی کۆماری فەرەنسا بۆ لای شاپەرستەکان ڕاکێشن. بۆناپارت جارێ لەوە زیاتری نەدەویست، چونکە دەبوو لەو چەند مانگەی سەرەتادا یانی نۆڤەمبەر و دیسەمبەری 1799 و نیوەی یەکەمی ساڵی 1800دا کاری زۆر پێویستی دیکە ڕاپەڕێنێ، بەبێ ئەوەی لەو جەنگە بێخەم و خافڵ بێ کە بەهاری هەڵدەگیرسا.

ئەو وێڕای کارێکی زۆر پێویست، کارێکی پێویستی دیکەشی دەکرد (هاوکات دوو کاری پێویستی ڕادەپەڕاند): لە قڕکردنی چەتە و ڕێگرەکانەوە دەپەرژایە سەر واندە و لە وێیشەوە دەپەڕژایە سەر ماڵیاتی مەملەکەت و گرینگیی پێ دەدا، چونکە دەبوایە لەشکرە بەهێزەکەی کە دەویست بۆ بەهارێ کۆک و پۆشتەی بکا، تێر و پڕ و کۆک و پۆشتە و تەیار بکا و خەزێنەی دەوڵەتیش بەتاڵ بوو، داموودەزگا ئیدارییەکەی دیرکتوار گسکی لە خەزێنەی دەوڵەت دابوو. ناپلیۆن پێویستی بە پسپۆڕێکی ئابووری هەبوو، ئەویش پسپۆڕێکی ناودار و زۆری نەخایاند گەودینی دۆزییەوە کە دڵخوازی خۆی بوو و کردی بە وەزیری دارایی.

دەی ئاشکرایە لەو بوارەشەوە وەک باقی بوارەکانی دی، کارەکان لەسەر ئەو بنەمایانەی لەسەرەتای هاتنە سەرکاری بۆناپارتەوە چاوەڕوان دەکرا، چارەسەر کران، بەو مانایەی هەردووکیان یانی دیکتاتۆر و گەودین بڕیاریان دا زیاتر گرینگی بە وەرگرتنی ماڵیاتی

ناڕاستەوخۆ بدەن نەک ماڵیاتی ڕاستەوخۆ. ئەو شێوە ماڵیات و پیتاکوەرگرتنە، کە بەکاربەری دەوڵەمەند و هەژار وەک یەک دەگرێتەوە و ئوتوماتیک دەدرێ، بە ڕای ناپلیۆن ئاسانتر بوو، چونکە کڕینی ئەو شتومەکانەی ڕۆژانە بەکار دەبرێن، هەرچۆنێک بێ، بەبێ ماڵیاتوەرگر ئەنجام دەدرێن و ماڵیات ناڕاستەوخۆ کێشەیەک ناخاتە نێوان ماڵیاتدەر و ماڵیاتوەرگر یان دەوڵەتەوە.

بۆرژوای شار و گوندەکان ئەو سیاسەتە تازە ئابووریییەیان بەکەیف بوو و زۆر ڕازی بوون لە هەندێ هەوڵ و هەنگاوی دیکە لەو بوارەدا، وەک دامەزراندنی ناوەندی چاودێری و ڕێکخستنەوەی ژمێریاری و بواری ماڵی و بەگژداچوونەوەی دزی و گەندەڵی و تاڵان و بەرتیلخۆری. گەندەڵ و بەرتیلخۆرەکان ئەوەندە زۆر ببوون کە جاری وایە مێژوونووس بیر لەوە دەکاتەوە وەک یەکێک لە "توێژ"ە تایبەتەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی ناویان بێنێ.

هەندێ لە سفتەبازەکان و تاڵانکەرانی خەزێنەی گشتی زۆر زوو شریخەی ئەڵماسیان بیست. بۆناپارت یەکێک لە بەڵێندەرانی کەلوپەل و کاڵای حوکمەتیی بەناوی ئۆڤرارد کە ئەوەندەی دزی کردبوو ورد و درشتی وڵات دەیاننناسی، لە سەربانی زیندانەوە فڕێ دایە خوارێ، هەندێکی دیکەی ڕاوەدوو نا و فەرمانی دا دەسبەجێ بە حیسابات و کاروبارە پێوەندیدارەکان ڕابگەن و پێشی بە دانی ئەو پارانە گرت کە پێویست نەبوو بدرێن. جاری واش هەبوو کە دزێتی و گزی و قزیی یەکێک لە کاربەدەستانی بەشی ماڵی ڕوون دەبۆوە و دەسەلمێنرا، جا ئەو کاربەدەستە ئاخۆ توانیبێتی ئاسەواری کەتن و تاوانەکەی بسڕێتەوە یان نا، ئەوا دەیخستە زیندانەوە و ئەوەندەی لە زیندانداا ڕا دەگرت تا

کابرا ماڵە دزراوەکەی دێنایەوە. بەو حاڵەشەوە هێشتا زۆری مابوو دزی و گەندەڵی و بەرتیلخۆری بنەبڕ بکرێ.

4

بۆناپارت شێلگیرانە کەوتە ڕێکخستنەوەی سیستەم و قەوارەی ئیداریی وڵات. دەستی لە دابەشکارییەکانی فەرەنسا نەدا و لێی گەڕا هەر وەک ئەیالەتەکان"دێپارتمان" بمێنێتەوە، بەڵام ئاسەواری هیچ چەشنە خودموختارییەکی ناوچەیی نەهێشت. هەموو ئەو پیشە و ئیشانەی بە هەڵبژاردن وەدەست دەهاتن و تەنانەت ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی شار و گوندەکانیشی هەڵوەشاندەوە. لەمەودوا وەزیری نێوخۆ دەبوو لە هەموو پارێزگا"دێپارتمان"ێک پارێزگارێک دابنێ کە فەرمانڕەوای بێجلەو و ئیمپراتۆرێکی بچکۆلانەی قەڵەمڕەوەکەی خۆی بوو.

پارێزگار، ئەندامانی ئەنجومەنی شار و شارۆچکەی لە شار و گوندەکاندا دەسنیشان دەکرد. ئەو کاربەدەستانە لە هەمبەر پارێزگاردا بەرپرسیار بوون و ئەو دەیتوانی لێیان بخا. لێژنەیەک بەناوی ئەنجومەنی گشتی کە تەنیا ڕاوێژکەر بوون و ملکەچی پارێزگار بوون لەو کارەدا یارمەتییان دەدا و کاری ئەو ئەنجومەنە ئەوە بوو پارێزگار لە پێداویستییەکانی پارێزگا ئاگادار بکاتەوە. وەزیری نێوخۆ ئاگای لە هەست و خوستی شار بوو و دەسەڵاتی ئەو بریتی بوو لە بازرگانی و پیشەسازی و ئەو کاروبارانەی لە بەرژەوەندی گشتیدا بوون، بەڵام ئەو ئەرکانە دواتر لە لایەن بۆناپارتەوە وردە وردە بەسەر وەزارەتخانەکانی دیکەدا دابەش کران.

لە دادگاکانیشدا ڕێفۆرمی پێویست کرا: لە نیوەی مانگی مارسدا بۆناپارت یاسایەکی تازەی بۆ وەزارەتی داد دانا. ئەو پاش گۆڕینی

بیچمی دادگاکان، ڕێکخراوی لێژنەی دادوەرانی هەڵوەشاندەوە:
دەسەڵاتی بێجڵەوی ئەو بەو شێوەیە بوو کە پێی قبوڵ نەدەکرا گوێی لە دەنگی ئازادییەک بێ کە لە کۆمەڵی نێو دامودەزگای دادوەرییەوە بەرز بووەتەوە. بەو حاڵەشەوە هەموو ئەندامانی لێژنەی دادوەریی وێکڕا بەلاوە نەنا.
کە قسە دەهاتە سەر لەنێوبردنی دوژمنە سیاسییەکان، ناپلیۆن هەر گوێیشی بە سەربەخۆیی دەزگای دادوەری و ڕەچاوکردنی بنەماکانی دادگاییکردن نەدەبزووت، بەڵام لە باقی شتەکاندا، وەختێک پیاوێک لەگەڵ پیاوێکی دیکە سکاڵایەکی قانوونییان لەسەر یەکتر هەبوایە، یان یەکێک لەسەر تاوانێک دادگایی کرابایە کە پێوەندیی بە کاروباری سیاسییەوە نەبوایە، ناپلیۆن داوای دەکرد دادگا بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ ڕوانگە و لایەنێکی سیاسی، مافی خۆیان بداتێ. ئەو ڕۆژە یەکەم دادوەرە دانراوەکانی ڕێگە دا بچنە لای و خۆیان بناسێنن، ئەو پێشنیاری پێ کردن کە بەهیچ شێوەیەک گوێیان لەوە نەبێ ئاخۆ ئەو پیاوەی هاتووە دادی بدەن و مافی بستێنن، سەر بە کام حیزب و دەستەیە.
ئەو خاڵە زۆر گرینگە، کە بۆناپارت لە مەسەلەی بەرگری لەو دەسەڵاتە بێجڵەوەدا کە خۆی خولقاندبووی لە هەمبەر دوژمنانی نێوخۆدا، تەواوی کاروبار و دەسەڵاتەکانی بە وەزارەتخانەیەکی گەورە ئەسپارد، کە تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دروست کرابوو و تەواو لە وەزارەتی نێوخۆش سەربەخۆ بوو و وەک باقی ئەو ڕێکخراوە سەربەخۆیانەی ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێریی کونسوڵی یەکەمدا بەڕێوە دەبرێن. ئەو وەزارەتخانەیە وەزارەتی پۆلیس بوو کە هەم لە ڕووی دەسەڵاتەکانی و هەمیش لە ڕووی گوزمەی ماڵیی تەرخانکراوەوە، زۆر لە سەردەمی دیرکتوار دەست ئاوەڵاتر بوو.

ناپلیۆن گرینگییەکی زۆری بە دامەزراوەی پۆلیسی پایتەخت دەدا، سەرۆکی پۆلیسی پاریس ئەگەرچی سەر بە وەزارەتی پۆلیس بوو، بەڵام یاسا و ڕێساگەلێکی تایبەتی پەیڕەو دەکرد، کە ئەوی لە باقی کاربەدەستەکان جیا دەکردەوە، چونکە ئەو ڕاپۆرتەکانی خۆی ڕاستەوخۆ دەدایە کونسوڵی یەکەم و بە گشتی هەر لە سەرەتاوە دەرکەوت کە کونسوڵی یەکەم دەیەوێ وەک کاربەدەستی تایبەتی پشکنین و کۆکردنەوەی زانیاری کەلک لە سەرۆکی پۆلیسی پاریس وەرگرێ بۆ ئەوەی بەو جۆرە کار و کردەوەی وەزیرە زۆر بەزەبروزەنگ و بەدەسەڵاتەکەی پۆلیس، لە ژێر چاودێریی خۆیدا بێ.
بۆناپارت پۆلیسی سیاسیی خۆی بە گشتی لە قەوارەیەکی دیاریکراودا دابەش کرد و بەو جۆرە ویستی نەک تەنیا یەک پۆلیس بەڵکوو دوو و تەنانەت سێ پۆلیسیشی هەبێ و ئەوان نەک هەر چاویان بەسەر تاکەکانی وڵاتەوە بەڵکوو چاویان بەسەر یەکتریشەوە بێ.
فۆشێی کردە وەزیری پۆلیس، کە سیخوڕێکی زۆر لێوەشاوە و گزیکەر و بەدەهۆ و پێکراو و کورتی ببڕینەوە پشکنەرێکی بێوێنە بوو. بەڵام بۆناپارت هاوکات دەیزانی فۆشێ ئەگەر بۆی هەڵکەوێ نەک هەر ئەو، بەڵکو باوکی خۆیشی بە نرخێکی باش دەفرۆشێ، هەر بۆیە بۆ ئەوەی لەو بوارەوە لێی ئارخەیان بێ، کۆمەڵێک سیخوڕی باوەڕپێکراوی لەسەر دانا. بەڵام بۆ پێشبینیکردنی ئەو دەموساتەی کە فۆشێ هەستی دەکرد ئەوا لە ژێر چاودێریدایە و هەوڵی دەدا خەنیمەکانی بکڕێتەوە، بۆناپارت کۆمەڵێک پشکنەری دیکەیشی دامەزراند، کە ئەرکیان ئەوە بوو چاویان بەسەر ئەو سیخوڕانەوە بێ وا لەسەر فۆشێی داناون.
ناپلیۆن هەمیشە بڕوای وابوو کە فۆشێ چاونەترسە و هیچ گوێی لە ناوزڕان و حەیاچوون نییە. سالانی دواتر کە ناپلیۆن لەمێژ بوو تاجی

ئیمپراتۆریی لەسەر نابوو و فۆشێ لە جلوبەرگی مەلیلەچنی کۆبەگیراوی زێڕکفتی وەزارەتی پۆلیسدا نوقمی میدالّ و نیشان دەدرەوشایەوە، ڕۆژێکیان خاوەنشکۆی کە تەواو دەهری ببوو، ویستی بیشکێنێتەوە و پێی بڵێی هەموو دەهۆ و فێڵ و گزە و دووڕوویەکانی ئەوی لەبیرە. لەو حاڵەدا کتوپڕ پێی گوت: "تۆ هەر ئەو کەسەی کە دەنگت بە سەرپەڕاندنی لۆیسی شانزەیەم دا." فۆشێ پێی گوت: "ڕاست وایە و ئەوە یەکەم خزمەتێک بوو کە من توانیم بە جەنابی خاوەنشکۆ ئیمپراتۆری بکەم." ئەی لەو مشتومڕە پڕ مانایە. فۆشێ بەو وەڵامە، وەبیری ئیمپراتۆری هێنایەوە کە بنج و بناوانی بەختەوەریی هەردووکیان لە شۆڕش دایە، بەو جیاوازییەوە کە یەکێکیان شۆڕشی خنکاندووە بۆ ئەوەی جێی لۆیسی شانزەیەم بگرێتەوە و ئەوی دیکەش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی یارمەتیی داوە. جا لە ڕاستیدا فۆشێ لە ساڵی 1799دا بەتایبەتی زۆر سوودی بۆ بۆناپارت ببوو، چونکە هاوڕێ لەمێژینەکانی خۆی کە خیانەتی لێ کردبوون و هەمووانی بە ئاغا تازەکانی فرۆشتبوو، زۆر باش دەناسی.

بۆناپارت هەر لە یەکەم زستانەوە کە بەدەسەڵات گەیشت، دامەزراوەیەکی حکوومیی تۆکمە و سەنتراڵی دامەزراند، کە لە هەموو بوارەکانەوە کامڵ بوو و کۆمەڵێک کاربەدەستی پایەبەرز لە پاریس هەڵیاندەسووڕاند. دوا مەبەست لە دانانی "دەستوور"ە نوێیەکە ئەوە بوو، دەسەڵاتی بێجڵەو بدرێ بە کونسوڵی یەکەم.

بۆناپارت جارێکیان گوتی، دەستوور دەبێ "کورت و ناڕوون" بێ و، بەو جۆرە بنەما گشتییەکەی خۆی دەچەسپاند، کە وەختێک بیانەوێ لەمپەری یاسایی بۆ دەسەڵاتی بێجڵەو دروست بکەن، دەبێ چەندی بۆیان دەلوێ ڕستەکانی یاسا کورتتر و ناڕوونتر بنووسن. لە دنیادا ئەگەر

فەرمانڕەوایەکی سەرەڕۆ هەبووبێ کە هیچ چەشنە بەرتەسککردنەوە و سنووردارکردنێکی قبووڵ نەکردبێ، ئەوە ناپلیۆن بووە.
هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی پاش کودتاکەوە، ئەو گومانە ساویلکەیانەیە لە دڵی هەموو پشتیوانانی بۆناپارتدا بەتایبەتی سیەیس ڕەوییەوە کە هەتا پێش ڕووداوەکەی بڕۆمەر خۆیان پێ خەڵەتاندبوو. وەختێک سیەیس گەڵاڵەیەکی خستە بەردەم بۆناپارت کە بە پێی گەڵاڵەکە ئەو(ناپلیۆن) بکرێتە سەرکۆمار و ناز و نیعمەتی بەسەردا بڕژێ و، ئەرکی دەسەڵاتداریێتی و هەڵسووڕاندنی حوکمەت بە کەسانێکی دی بسپێرێ کە خۆیان هەڵیانبژێرێ بەڵام سەربەخۆ بن. بۆناپارت گوتی: "من هەرگیز ئاماده نیم دەوریێکی وا گەپجاڕانە بگێڕم." ئینجا ڕاشکاوانە گەڵاڵەکەی سیەیسی ڕەت کردەوە. سەیس ویستی پێ بچەقێنێ و مکوڕ بێ و ویستی چەلەحانێی لەگەڵ بکا. ئیتر فۆشێ چووە سەردانی و بە زمانێکی زۆر خۆمانە و نهێنی تێی گەیاند کە بۆناپارت جڵەوی دەسەڵاتی هەموو هێزە چەکدارەکانی بەدەستەوە گرتووە، کەوابوو دانوستان لەگەڵ وەها کەسێک نەک هیچ سوودێکی نیە بگرە زیانیشی لێ دەکەوێتەوە. وێدەچێ سیەیس بەو قسانە دڵی داکەوتبێ، چونکە ئیتر لەمەودوا متەقی لێوە نەهات "دەستووری سالّی هەشتەمی کۆماری" (ئاوا بوو ناوی ئەو یاسا حکومیەی کە لە ژێر چاودێریی ناپلیۆندا نووسرابۆوە)، لەگەڵ ئەو بنەمایەی ناپلیۆن کردبوویە دروشمی خۆی زۆر باش یەکی دەگرتەوە. دەسەڵاتی بێجڵەو کەوتبووە دەستی کۆسنولّی یەکەم و دوو کونسوڵەکەی دی تەنیا تەگبیر و ڕاوێژیان پێ دەکرا. بۆناپارت بۆ ماوەی دە سالاّن وەک کونسوڵی یەکەم دەسنیشان کرابوو. کونسوڵی یەکەم خۆی ئەندامانی ئەنجومەنی سەنای کە 80 کەس بوون، هەڵدەبژارد. هەموو خاوەن پلەوپایە بەرزەکانی حوکمەت و سوپا و

وەزیرەکانیش هەر خۆی دایدەنان و ئەو کاربەدەستانەش کە وەزیرەکان دایاندەمەزراندن، بەتایبەتی لە هەمبەر ئەودا بەرپرسیار بوون. دوو ڕێکخراوی دیکەش دامەزران، کە نوێنگەی دەزگای یاسادانان بوون: یەکەم تریبۆنا، دووەم لیژنەی یاسادانان و، ئەندامەکانی ئەو دوو لیژنەیەش بە ویست و دڵی ئەنجومەنی سەنا ـ یانی لە ڕاستیدا هەر لە لایەن کونسوڵی یەکەمەوە ـ لە نێو ئەو چەند هەزار پاڵێوراوەدا کە خەڵک هەڵیان دەبژاردن و لە ڕێگەی تیروپشکێکی ئاڵۆزەوە هەڵدەبژێردران. جا ئەگەر وای دانێین ئەو چەند هەزار پاڵێوراوەی خەڵک هەڵیاندەبژاردن، تەنیا 400 کەسیان لایەنگری دەوڵەت بوایەن، بە دڵنیاییەوە هەر ئەو چوارسەد کەسە بۆ پڕکردنەوەی کورسیە بەتاڵەکانی تریبۆنا هەڵدەبژێردران. کەوابوو کەس چاوەڕوان نەبوو، ئەو کەسانەی بەوجۆرە هەڵدەبژێردران، سەربەخۆ بن و دەنگی سەربەخۆیان هەبێ. ئینجا مەسەلەکە هەر بەوەندەش نەدەبڕایەوە. جگە لەو ڕێکخراوانە، ئەنجومەنێکیش بەناوی ئەنجومەنی حوکمی دروست بوو، کە ئەندامەکانی بەتەواوی و بەتایبەتی لەلایەن حکومەتەکەی کونسوڵی یەکەمەوە دەسنیشان دەکران.

ئەو دەزگایەی یاسادانان، دەبوایە بەو شێوازە هەڵسوکەوت بکا: دەوڵەت داوای لە ئەنجومەنی دەوڵەتی دەکرد، گەڵاڵەیەکی یاسایی دابڕێژن. ئەنجومەن گەڵاڵەکەیان ڕێک دەخست و پێشکەشی تریبۆنای دەکرد. تریبۆنا مافی ئەوەی هەبوو بە شێوەی زارەکی ڕای خۆی لەبارەی گەڵاڵەکەوە بڵێ، بەڵام مافی ئەوەی نەبوو هیچ بڕیارێکی لەسەر بدا. تریبۆنا پاش ئەوەی بەو جۆرە ئەرکی خۆی ڕادەپەڕاند، گەڵاڵەکەی دەنارد بەردەم لیژنەی یاسادانان. لیژنەی گۆرین مافی ئەوەی نەبوو مشتومڕی لەسەر بکا، بەڵام بۆی هەبوو بڕیاری لەسەر بدا. پاش ئەوە،

گەڵاڵەکە دەچووە بەردەم کونسوڵی یەکەم و دەبووە یاسا. ئەو مەکینەی "یاسادانانە" کە لەسەر یەک بێجێ دروست کرابوو، لە درێژایی پادشایەتیەکەی ناپلیۆندا ڕێکخەری بێزمانی ویست و نیەتەکانی ئەو بوو. لەلایەکەوە بۆناپارت دواتر لە 1807دا بۆی دەرکەوت کە تریبۆنا شتێکی بێسوود و زیادەیە و هەڵیوەشاندەوە: ڕوون و ئاشکرایە کە کردەوەکانی ئەو دوو ئەنجومەنە لە ڕووی ئیداریییەوە دەبێ تەواو نهێنی و پارێزراو بن ـ هەر واش بوو ـ کونسوڵی یەکەم بۆ ئەوەی کاروبارەکان خێرا ڕاپەڕن، دەیتوانی گەڵاڵەکەی خۆی ڕاستەوخۆ بەرێتە سەنا و، ئیتر ئەو، هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئەو بڕیارەی دەیویست وەک "بڕیارەکانی سەنای ڕۆما" دەریدەکرد و ئیتر پێویستی بەو دابودەستوورە نەدەبوو. بەو جۆرە دەزگای یاسادانان و ڕاپەڕاندن بەتەواوی لە چنگی بۆناپارتدا بوو.

بەو شێوەیە، لە ساڵی 1800دا، دیکتاتۆرییە تازەکە توانیبووی نەخشە بەپەلەکانی خۆی جێبەجێ بکا: ئەو بیچمێکی یاسایی بە سیستەمە تازەکەی حوکمەت بەخشیوە، ئەو تاقم و دەستە چەتە و ڕێگرەی ئەمان و ئاسایشیان لە ڕێگەوبانەکانی وڵات هەڵگرتبوو، بنەبڕی کردبوون، بڕیاری کاتی و خێرای بۆ لاوازکردنی پێگەی بەرهەڵستکار و دژبەران لە واندێ دەرکردبوو و، جڵەوی داموودەزگای ئیداریییەکانی خستبووە بەردەستی خۆی و یاسا و ڕێسای زۆر توندی بۆ پێشگرتن لە گەندەڵی و دزی و تاڵان و بڕی سفتەبازان و گەندەڵەکان دانابوو و جێبەجێی کردبوون. تۆڕێکی بەربڵاوی سیخوڕیی پۆلیسی کە زۆر شارەزایانە چنرابوو، لە ژێر چاودێریی فۆشێدا سەرانسەری وڵاتەکەی تەنییەوە. ئەگەر وەها بۆچوونێک ڕەوا بێ، دەبێ بڵێین ژۆزێف فۆشێ هەر زگماک سیخوڕ بوو. لە ڕۆما باو بوو دەیانگوت: "بنیادەم بە شاعیری لە دایک

دەبێ و دەبێتە وتاربێژ". فۆشێ داهێنەری سیستەمێکی تایبەتی پیلانگێڕی و سیخوڕی بوو کە قوتابی و لاساییکەرەوەکانی ئەو، یانی کەسانی وەک دێلکاریتۆی ئیتالیایی و بێنێکێندرۆڤ و دوبێلتی ڕووسی و سیدێلنیکی نەمسایی هەوڵیان دا لاسایی بکەنەوە و نەیانتوانی. ناپلیۆن لەو بوارەدا گۆڕەپانەکەی تەواو بەو ئەسپاردبوو، بەڵام چونکە دەیزانی بەهرەی جۆراوجۆری تێدایە و دەهۆ و دووڕوویی و گزی و فزی هەر لە خوێنی دایە، وەک باسمان کرد بۆ پێشگرتن لە هەر ئەگەرێک، کۆمەڵێک پشکنەر و چاودێری لەسەر دانابوو کە فۆشێ پێی نەدەزانین. بۆناپارت باش دەیزانی کە پێش ئەوەی بەهارێ بەرەو بەرەی جەنگێکی دوورەدەست بکەوێتە ڕێ، دەبێ لەو سیاسیانە دڵنیا بێ کە بەجێیان دەهێڵێ و، لەو ڕووەوە هەموو "دەستوورە تازەکەی سالّی هەشتەمی کۆماری"، پووشێکی نەدێنا، بەڵام وەزارەتی پۆلیس زۆر گرینگ و بەنرخ بوو. هەر بۆیە بۆناپارت تەنیا بەوەندە قایل نەبوو کە پێگە و بایەخێکی بێوێنە بدا بە وەزارەتی پۆلیس و هەوڵەکەشی هەر ئەوە نەبوو کە ئیدارە نوێیەکەی پۆلیسی پاریس و شارۆچکەکان پڕ بکا لە خەڵکی چالاک، بەڵکوو مستێکی پۆڵاینی لە دەمی ئەو 13 ڕۆژنامەیەش دا کە پاش داخستنی لەناکاوی 60 ڕۆژنامەکەی پێشوو هەر دەردەچوون. ناپلیۆن کە بەرەو شەڕگە کەوتە ڕێ، ئەو مەکینەی سەرەڕۆیی و تاکبڕیاریێەی دایمەزراندبوو، بە وەزیرەکانی دەسپارد و پاراستنی ئەو سەقامگیری و ڕێککارییەی ـ لەو کاتەدا کە خۆی لە گۆڕەپانەکانی جەنگ لەگەڵ هاوپەیمانیی دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا خەریک شەڕ بوو ـ لەوان دەویست.

بەڵام مانگێک پێش ئەوەی لە ئەپریلی 1800دا ناپلیۆن بچێتە بەرەی جەنگ، فۆشێ بە کۆمەڵێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە، ڕێکخراوێکی

هاوبەشی ئینگلیزی و شاپەرستەکانی هەڵنا و ئاشکرای کرد کە لەگەڵ برا دوورخراوەکانی لۆییسی شانزەیەمدا ،واتە کۆنت دێپرۆڤانس و شارڵ کۆنتدارتۆڤا ڕاستەوخۆ لە پێوەندیدا بوون بۆ ئەوەی بە یارمەتیی ئینگلیزەکان و باقی هێزە دەستێوەردەرەکان، دەسەڵات بگرنە دەست.
بۆناپارت کە لە جانیوەری 1800دا، ئەودەمەی پێشنیاری دانوستانی بە ژێرژ(جۆرج)ی سێیەم دا، ئەم ڕاستیەی لێ ڕوون بۆوە کە ئینگلیزەکانیش پشتیان بە شاپەرستەکانی فەرەنسا بەستووە و ئەمانە ئامادەبوون هەموو ئیمتیازێکی ئابووری و سیاسی بە بۆرژوای بازرگان و پیشەگەرەکانی ئینگلیز بدەن، تەنیا بەو هیوایەی بۆربۆنەکان بگەڕێنەوە سەر تەختی دەسەڵات، چونکە جۆرجی سێیەم لە وەڵامی پێشنیارەکەی ناپلیۆندا ڕاشکاوانە و بە فەرمی ناپلیۆنی ئامۆژگاری کردبوو و گوتبووی: دەبێ بۆربۆنەکان بەریتەوە سەر تەختی پادشایەتیی فەرەنسا....
کونسوڵی یەکەم لێبڕاوانە هاتە سەر ئەو باوەڕە کە یەکێک لە هەوڵە بنەڕەتییەکانی ئەو لە ململانێ و شەڕی نێوخۆدا، سەرکوتی بێبەزەییانەی شاپەرستە ناپاکەکانە و لە دەرەوەی وڵاتیش ئەرکی سەرەکیی ئەو جەنگ دژی ئینگلتەرا دەبێ. فەرمانی پێویست بە فۆشێ کرا بۆ بەرەنگاربوونەوەی شاپەرستەکان و ئەمر کرا چالاکیی شاپەرستەکان بە وردی بخرێتە ژێر چاودێری و قۆڵبەستیان بکەن و لە دادگایان توند بکەن. ناپلیۆن زۆر جاران ئەم قسەیەی کە دەرخەری باوەڕی لێبڕاوانەی ئەو بوو، دەگوتەوە: "بە دوو پاڵهێز دەکرێ پیاو بجووڵێنی، ترس و تەماح". مەبەستیشی لە تەماح تەنیا زێڕ و زیو نەبوو، بەڵکو بەرزەفڕی و پلە و پایەپەرستی و دەمارگرژی و دەسەڵاتخوازییشی دەگرتەوە. چۆن دەبوو بەگژ شاپەرستەکاندا

بچێتەوە؟ شیاوی سەرنجە کە ناپلیۆن بە گوێرەی کات هەر جارە و بە شێوەیەک بەرەنگاریان دەبۆوە: وەختایەک بە نانەوەی ترس و تۆقاندن و کاتێکی دی بە خەڵەتاندن و دەسخەرۆکردنیان لە ڕێی سۆز و پارە و پلەوپایەوە.

بەهاری ساڵی 1800، چونکە ناپلیۆن پەلەی ئەوەی بوو زوو بگاتە لەشکرەکەی، کاتی ئەوەی نەبوو، بە شێوەیەکی دی جگە لە کوشتاری بێبەزەییانە بەرەنگاری خیانەتکاران بێتەوە.

ئەرکە سەرەکییەکەی دیکەی بۆناپارت یانی جەنگ دژی ئینگلتەرا، دەبوایە نەک لە کەناراوەکانی ئینگلیز و لە هەمبەر هێزە دەریاییەکەی ئەو وڵاتەدا بکرێ، بەڵکو وەک ڕابردوو دەبوایە لە وشکارۆ"کیشوەر"ی ئەوروووپادا دژی هاوپەیمانەکانی ئینگلتەرا و لە پلەی یەکەمیشدا دژی ئیمراتۆریی نەمسا ئەو شەڕە بکرێ.

ئیتر ناپلیۆن کاتێک لە 8ی مانگی مای 1800دا بۆ یەکەم جار پاش کودەتاکە پاریسی بەرەو شەڕگە بەجێ دەهێشت، باش دەیزانی چارەنووسی حکومەتە دیکتاتۆرییەکەی ئەو بەسەر فەرەنسادا تەواو بەستراوەتەوە بە ئاکامی ئەو جەنگەوە، یان باکووری ئیتالیای لە نەمساییەکان دەستاندەوە، یان سوپا یەکگرتووە هاوپەیمانەکان جارێکی دیکەش لە سەر سنوور و کەوشەنەکانی فەرەنسا دەبینرانەوە.

6

مارنگۆ. پتەوکردنی دیکتاتۆریی یاسادانانی کونسوڵی یەکەم

1800 ـ 1803

1

ناپلیۆن ئەو عادەتەی نەبوو کە پێشوەختە و بە وردەکارییەوە نەخشە جەنگییەکانی خۆی باس بکا. ئەو جگە لە ئامانجە بنەڕەتییەکان و ئەو خاڵەگشتییە بەرهەستەکان و ڕەچاوکردنی یەک لە دوای یەکی ڕووداوەکان هەڵبەت بە مەزەندە و جیا لە هێڵەگشتییەکانی عەمەلیاتەکە باسی هیچی نەدەکرد. لە ڕاستیدا لە گەرمەی شەڕدا نەبێ بیری لە جەنگ نەدەکردەوە و لێشی نەدەترسا. ڕێک لەو دەمەشدا بڕیارەکانی خۆی نەک لەسەر بنەمای ئەو ئامانجانەی بۆخۆی دەسنیشان کردبوون، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ و جاری واش هەبوو سەعات بە سەعات بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخ و بەتایبەتی ئەو زانیارییانە دەگۆڕی، کە پەیتاپەیتا لەبارەی جووڵەی دووژمنەوە پێی دەگەیشتن. بنەمایەکی نەگۆڕ کە ئەو بڕوای پێی هەبوو، ئەوە بوو کە تا ئەو کاتەی

نەسەلمێنرابێ، نابێ دوژمن بە گەمژە و لەخۆت سووکتر سەیر بکەی و پێت وابێ دوژمن لە تۆ ژیرانەتر ناجوولێتەوە.
ئەو دەبێ بەرەنگاری سوپا لە ڕادەبەدەر بەهێز و کۆک و پۆشتەکەی نەمسا بێتەوە، کە باکووری ئیتالیای واتە ئەو شوێنەی پار سۆڤڕۆف فەرەنسیەکانی لێ دەرکردبوو، بەدەستەوە بوو. بەڵام ئیتر سۆڤڕۆف لە نێو نەمساییەکان نەبوو و ناپلیۆن ئەوەی زۆر بەلاوە گرینگ بوو. ئەو دەیزانی ڕووسیا ئێستا لە هاوپەیمانێتیی ئەوروپی هاتۆتە دەرێ بەڵام هێشتا ئاگای لەوە نەبوو کە هەر لەو مانگی ئۆگۆستەی 1800دا کاتێک ئەو بۆ سڕینەوەی ئاسەواری سەرکەوتنەکانی سۆڤڕۆف دەچووە نێو ئیتالیاوە، جەندەکی سۆڤڕۆف لە دێری ئالکساندرنێڤسکی لە سەنت پێترزبۆرگ نێژرابوو. چیتر سۆڤڕۆفێک لە هەمبەر ناپلیۆندا نەبوو، بەڵکو تەنیا مێلاس مابوو، کە مۆسیقارێکی پایەبەرز و ئەفسەری ئەرکانی سۆپا و یەکێک لە سەردارە لێوەشاوەکان بوو، کە ناپلیۆن پێش ساڵی 1800 و دوای ئەویش چەند جاران پەیتاپەیتا بەتوندی تێکی شکاندبوو، بەڵام ئەو هەموو کاتێ کۆڵنەدەرانە دەویست بیسلەمێنێ بۆناپارت بەپێی بنەما و یاسا و ڕێساکانی شەڕ ناجوولێتەوە. ناپلیۆن کە لەسەر ئەو بنەمایانەی خۆی باوەڕی پێیان بوو، پێداگر بوو، وەها هەڵیکوتایە سەر مێلاس، کە دەتگوت مێلاس ناپلیۆنە و مێلاسیش وەها پەلاماری ناپلیۆنی دا، دەتگوت ناپلیۆن مێلاسە.
نەمساییەکان هێزەکانی خۆیان لە بەشی باکووری شەڕگەکەوە بەرانبەر بەندەری ژێن کۆ کردبۆوە. مێلاس بە مەحاڵی دەزانی ناپلیۆن بتوانێ بەلای سوویسرا و بە زینوێی سێنبێرناردا ئەستەمترین ڕێگە ببڕێ و هەر بۆیە لە تووندوتۆڵکردنی ئەو باڵەی کەمتەرخەم بوو. جا بە ڕێکەوت، کونسوڵی یەکەم ڕێک ئەو ڕێگەیەی گرتە بەر. وەیشوومە و

سەرماوسۆڵی لووتکە بەفرگرتووەکان و هەڵدێرە سامناکەکان کە لە ژێر پێی سەربازەکانەوە زاریان داپچڕیبوو، هەرەس و ڕنوو و باوبۆران و پشووەدانی یەک لە دوای یەک لە نێو بەفر و بۆراندا، ئەو کوێرەوەری و تاڵی و سوێرانە بوون کە سەربازەکانی بۆناپارت لە 1800دا چێشتیانن، هەر وەک چۆن ساڵی 1799 هەموو ئەوانە بەسەر سەربازەکانی سۆڤڕۆف و سەربازەکانی ئانیباڵ لە دووهەزار ساڵ پێش سۆڤڕۆفیش هاتبوون، جگە لەوەی ئیتر وەک سەردەمی ئانیباڵ ئەوەی هەڵدەدێردرانە تەرکی بنی هەڵدێرگەکانەوە ئیتر فیل نەبوون، بەڵکو لوولەی تۆپ و عارەبانەی تۆپەکان بوون. ژەنەڕاڵ لان پێشەنگی لەشکرەکە بوو و بە دوویدا لەشکرەکەی ناپلیۆن کە سەروبنی دیار نەبوو بە نێو دیوارە بەردینەکان و لێواری هەڵدێرگەکاندا ڕێیان دەبڕی. ڕۆژی 16ی مای دەستیان کرد بە پەڕینەوە بە چیاکانی ئاڵپدا و ڕۆژی 21ی مای ناپلیۆن بە لەشکرەکەیەوە گەیشتبووە ملەی سەنت بێرنار، لە حاڵێکدا لە گەردنەی یاڵەکەی بەرانبەریانەوە لە خاکی ئیتالیادا تیمی پێشەنگ لەگەڵ یەکەیەکی لاوازی نەمسایی تێکهەڵچووبوو. نەمساییەکان تێک شکێنران و بەدوایاندا فەرەنسیەکان بە خێرایی بەرەو باشوور داگەڕان و لە ناکاو هەموو سوپاکەی بۆناپارت لەشکر بە لەشکر لە ڕەوگە و ڕێڕەوەکانی باشووری ئاڵپ هاتنە دەرێ و لە پشتەوەی یەکە سەربازییە نەمساییەکانەوە جێگیر بوون و بڵاو بوونەوە.

ناپلیۆن بەبێ ئەوەی تاقە سەعاتێکیش لە کاتەکەی خۆی بە فیڕۆ بدا، ڕاستەوخۆ هەڵیکوتایە سەر میلان و ڕۆژی دووی جوونی 1800 چووە نێو پایتەختی لۆمباردی. ئینجا "پاڤی" و "کرێمۆن" و "بریێچیا" و باقی شار و گوندەکانی ئەو ناوچەیەی گرت و لە هەموو شوێنێکەوە نەمساییەکانی دەرپەڕاند کە هیچ چاوەڕوان نەبوون لەوێوە پەلامار بدرێن. سوپای

مێلاس هێشتا لەلای "ژێن" بوو، کە وای دانابوو چەند ڕۆژ دواتر ئەو ناوچانە لە چنگی فەرەنسیەکان دەربێنێ، بەڵام دەرکەوتنی بۆناپارت لە لۆمباردی هیوای ئەو سەرکەوتنەی لە نەمساییەکان کردە بڵقی سەر ئاو. مێلاس کتوپڕ و بە هەڵپە خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی فەرەنسیەکان ئامادە کرد کە ئاوا کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو لە باکوورەوە دەرکەوتبوون. لە نێوەندی دەشتێکی پان و بەریندا کە کەوتووەتەوە نێوان "ئەلکساندرێ" و تێرتۆن، گوندی مارەنگۆ هەڵکەوتووە. هەر لە سەرەتای زستانی ساڵی 1800ـەوە بۆناپارت لە کۆشکەکەی خۆیدا لە پاریس بە سەری پەنجە ئەم ناوچەیەی لەسەر نەخشە ورد و پوختەکەی باکووری ئیتالیا پێشانی سەردارەکانی دابوو و گوتبووی: "ئێمە دەبێ لێرە نەمساییەکان تێک بشکێنین." هەر لەو شوێنەش بوو لە 15ی جووندا سوپاکانی دوژمن بەرەنگاری فەرەنسیەکان بوونەوە. ئەو شەڕە بە گشتی کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لە سەر ڕەوتی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی لە سەر ڕۆڵی میژوویی ناپلیۆن دانا. کەشێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ باڵی بەسەر پاریس و هەموو فەرەنسادا کێشابوو. شاپەرستەکان ڕۆژ بە ڕۆژ چاوەڕوانی ئەوە بوون هەواڵی لەنێوچوونی بۆناپارت لە زینوێ و گەردەنەکانی ئاڵپتدا ببیستن و هەمووانیش دەیانزانی سوپای نەمسا لە ڕادەبەدەر بەهێزە و تۆپخانەکەشی زۆر لە تۆپخانەی سوپای فەرەنسا تەیارتر و بەهێزترە. دەنگۆ داکەوتبوو کە شڤانەکانی یانی کادۆدالّ و هاوڕێکانی گەڕانەوەی بۆربۆنەکانیان بە شتێکی مسۆگەر دەزانی، تەنیا چاوەڕوانی هەواڵی مەرگی بۆناپارت یان تێکشکانی لەشکرەکەی فەرەنسا بوون. لە ئەوروپا تەنانەت لە وڵاتە بێلایەنەکانیشدا، بە نیگەرانی و بەپەرۆشەوە سەیری ڕەوتی ڕووداوەکانیان دەکرد. لەوێیش تەنیا چاوەڕوانی

سەرکەوتنی نەمساییەکان بوون، بۆ ئەوەی بێنە نێو هاوپەیمانیی دژی فەرەنساوە. بۆربۆنەکان خۆیان ڕێک دەخست بۆ ئەوەی بەرەو ئەوروپا وەڕێ بکەون.
ناپلیۆن و سەرداران و ئەفسەر و سەربازەکانی ئەو خۆیان بۆ ئەگەرەکانی دۆڕاندنی ئەو قوماڕە ئامادە کردبوو، چونکە نەمساییەکان ئەمجارە زۆر زۆر ژمارەیان لەوان زیاتر بوو و لەو کاتەدا کە سوپای ناپلیۆن بەو هەمووە کوێرەوەری و زەحمەتە تاقەتپڕووکێنانەوە گەردەنە و زینوێکانی سەنت بێرناردی دەبڕی، ئەوان تەواو حەسابوونەوە و بێخەم و خەیاڵ لە شار و گوندەکانی ئیتالیادا پشوویان دابوو. بۆناپارت لەسەر یەک 20000 سەربازی هەبوو و، لەو تۆپخانەیەی وا مانگی مای بە ملە و گەردەنەی سەنت بێرناردا لەگەڵ خۆی هێنابووی، تەنیا بەشێکی کەمی بەدەستەوە مابوو، چونکە بەشی هەرە زۆری تۆپخانەکەی بۆ گەمارۆدان و گرتنی ئەو قەڵا پتەوە بەجێ هێشتبوو کە لە چیاکاندا پشتیوانی نەمساییەکان بوو و پێشڕەوییەکەی ئەوانی وەدرەنگ خستبوو، کەچی مێلاس لەشکرێکی 30000 کەسی و سەد تۆپی بە هەموو تفاقێکەوە بەدەستەوە بوو. جگە لەوەش، بۆناپارت بەشێک لە تۆپخانە لاوازەکەی خۆی بە ژەنەڕاڵ دیزیاکس ئەسپاردبوو، ئیتر بۆ بەرپەرچدانەوەی سەد تۆپی نەمسایی، نەیدەتوانی لە 15 تۆپ زیاتر لەگەڵ خۆی بێنێ.
ئەو شەڕەی کە بەرەبەیانی ڕۆژی14ی جوونی 1800 لە نزیک مارەنگۆ ڕووی دا، دەسبەجێ دەسەڵات و هێزی یەکە نەمساییەکانی دەرخست. فەرەنسیەکان بە پەلامار و پاشەکشێ و وەشاندنی زەبری گورچوبڕ لە دوژمن ئەویش بە نرخی زیانی زۆر قورس، دەکشانەوە. بەرەبەری سەعات 2ی دوانیوەڕۆ وێدەچوو جەنگەکە بەشێوەیەکی قەرەبووەهەڵنەگر

بەرەو شکست چووە. سێ سەعات لە نیوەڕۆ لای دابوو، مێلاس کە سەرکەوتنەکەی خۆی بە مسۆگەر دەزانی، پەیکێکی بۆ ڤیەننا نارد و سەرکەوتنی بێ ئەملاوئەولای نەمساییەکان و تێکشکانی بۆناپارتی کۆڵنەدەری پێ ڕاگەیاندن و تەنانەت ژمارەی دەسکەوت و خەنیمەتەکان و دیلەکانیشی بۆ نووسین. سوپای فەرەنسا تووشی ئاڵۆزی و پشێوی ببوو، بۆناپارت هێشتا خۆی شلوێ نەکردبوو و پەیتاپەیتا دەیگوت دەبێ هەر خۆ ڕاگرین، چونکە هێشتا جەنگ کۆتایی نەهاتووە. بڕێک لە سەعات سێ لای دابوو، کتوپڕ لە سۆنگەی هاتنەوەی لەشکرەکەی دێزایکسەوە دۆخەکە بەباریکی دیکەدا کەوت. دێزایکس لە پێشدا بۆ ئەوەی هێڵی پاشەکشەی دوژمن بەرەو ژێن بپچڕێنێ، بەرەو باشوور ڕۆیشتبوو و ئێستاش کتوپڕ و لەو دەموساتە هەستیارەدا گەیشتبووە شەڕگەکە و بە تۆپخانەکەی خۆی نەمساییەکانی ئاگرباران کرد

نەمساییەکان ئەوەندە لەسەرکەوتنەکەی خۆیان دڵنیا بوون، کە لەو دەمەدا هەندێ لە یەکە سەربازییەکانیان بەتەواوی خۆیان بۆ نانخواردن و پشوودان ئامادە دەکرد. سوپای نەمسا لە بەر ڕەهێڵەی ئاگری لەشکرە حەساوەکەی دێزایکسدا کە هەڵیکوتابووە سەریان، تەواو تێک شکا. سەعات 5ی دوانیوەڕۆ نەمساییەکان ڕایاندەکرد و سوارچاکی فەرەنسی سەریان لە دوو نابوون. دێزایکس هەر لە سەرەتای هێرشەکەدا کوژرا و بۆ شەوێ کە یەکێک لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن بوو لە هەموو ژیانیدا، بە چاوی پڕلە فرمێسکەوە گوتی: ... حەیف... حەیف بۆ دێزایکس... ئاخ، چەندە خۆش دەبوو ئەگەر من لەم شەوەدا و لە نێو شەڕگەکە توند لە ئامێزم گرتبایە." ـ "... باشە بۆچی من مافی گریانم نییە؟..." و ئەوەش ئەو قسانە

بوون که چەند سەعات لەوەپێش لە جەنگە و گەرمەی جەنگەکەدا کاتێک هەواڵی کوژرانی دێزایکسیان بە ناپلیۆن گەیاند، لێی بیسرابوو.
هاوسەنگەرانی ناپلیۆن تەنیا دوو جار پاش تەواوبوونی شەڕ فرمێسکی ئەویان دیت. جاری دووەم چەند ساڵ دواتر بوو کە مارشاڵ لان لە حاڵێکدا گوللەی تۆپێک هەردوو قاچی پەڕاندبوو، لە ئامێزیدا گیانی دا.
شادی و خۆشی لە سۆنگەی ئەو هەواڵەوە کە مێلاس بۆ دەرباری ڤیەننای ناردبۆوە گەیشتبووە لووتکە، کە لەناکاو پەیکێکی دیکە گەیشتبووە ئەوێ و هەواڵی ئەو کارەساتەی پێ گەیاندبوون کە پاش سەرکەوتنەکان لێیان قەومابوو. دیار بوو دیسان نەمساییەکان بێ ئەملاوئەولا ئیتالیایان لەدەست دابوو و دیسان دوژمنە سامناکەکەیان سەرکەوتبوو.
یەکەم هەواڵەکانی جەنگە گەورەکەی ئیتالیا شەش ڕۆژ پاش ڕووداوەکە، یانی لە ڕێکەوتی 20ی جوون ـ سەرەتای مانگی مسیدۆر ـ گەیشتنەوە حوکمەتی پاریس، بەڵام ئەو هەواڵانە لە پێشدا کۆمەڵێک دەنگۆی ناڕوون بوون. لە پاریس هەمووان بەوپەڕی نیگەرانییەوە چاوەڕوانی هەواڵی نوێ بوون. لە زاری هەندێ سەرچاوەوە دەگوترا کە فەرەنسیەکان شکاون و بۆناپارت کوژراوە. لە ناکاو بەرەبەری نیوەڕۆ گرمەی تۆپێک و ئینجا بەدوویدا تۆپێکی دیکەش گوێی ئاو دانەوە.
پەیکێک گەیشتبووە شار و هەواڵی دروستی بۆ هێنابوون: نەمسا تەواو تێک شکاوە، نیوەی تۆپخانەکەی لەدەست داوە و هەزاران نەمسایی بە دیل گیراون یان کوژراون و ئێستا ئیتالیا کەوتووەتەوە دەست بۆناپارت.
ئەمجارە خۆشی و شادی نەک لە کووچە و کۆڵانی دەوڵەمەندان بەڵکوو لە کۆڵانی کرێکارانیش گەڕا و بوو بە قریوە. دەمێک بوو گوندەکەی

سەنت ئانتوان وەها شادی و خۆشییەکی بەخۆوە نەدیتبوو. کرێکار هێشتا نەیاندەتوانی پێشبینیی ئەوە بکەن کە فەرمانڕەوا تازەکەیان، لە چنگە پۆلاییەکەیدا ڕێکیان دەگوشێ و "کتێبۆکەی کار"یان بۆ دادەنێ بۆ ئەوەی بە دەست بەستراوی بیانخاتە بەردەستی خاوەنکارەکان، نەیاندەزانی ئەو پادشایەتییەی تازە خۆری هەڵاتووە، بێ ئەملاوئەولا شۆڕشەکە کپ دەکا و دەرگای سەردەمی پتەوکردنی بەردەوام و بە دسیپلینی سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی تازە دەخاتە سەر پشت، کە لەسەر بنەمای کارپێکردن و چەوساندنەوەی بێپسانەوە و بە ڕواڵەت یاسایی سەرمایە لە کارکردن دارێژراوە.

لە پاریس، لە دەوروبەری ناوەندی بۆڕسە، لەبەردەم کۆشکەڵەی بانکەکان و لە نێو ئاپۆڕای ئەو خەڵکە تازەپێگەیشتووەی هاتبوونە شەقامەکانەوە، شادمانییەکە خەستتر بوو، ئەویش لەبەر خاتری بۆناپارت کە لە ڕۆژانی 18 و 19ی برۆمێردا هەناسەی لە شۆڕشەکە بڕیبوو و ئێستاش لە مەیدانی جەنگ تەواو شوێن پێی خۆی پتەو کردبوو و دەرەتانی ئەوەی ڕێکخستبوو کە لە لایەکەوە بە مستێکی پۆلاێین پشێوی و بێسەروبەری بنەبڕ بکا و ڕێگەی دەستدرێژی بۆ سەر ملکدارەکانی نەهێشتبوو و لە لایەکی دیکەوە نەشگەڕابۆوە سەر فەرمانڕەوایی سەرەڕۆیانەی دەرەبەگایەتییەکەی جاران.

چەند کەسێک لەو ژاکۆبنانەی کۆڵیان نەدەدا، ڕق و تووڕەیی خۆیان لە بێدەنگییەکدا حەشاردابوو و شاپەرستەکانیش بڕستیان لێ بڕابوو، بەڵام ئەو دوو دەستەیە لەگەڵ شەپۆلی بەتەوژمی هەژان و کەفوکوڵی خەڵکی پاریس و شارەکانی دی بەلاوە نران.

سەرخۆشبوونی پڕ لە شانازیی کەفوکوڵی نیشتمانپەروەرانەی سەربازی، یانی ئەو جۆشوخرۆشە تایبەتەی تا ئەوکات بەسەر ژیر و

پیاوماقوولانداز ڕۆبوو لەگەڵ ئەو شادی و خۆشیانە تێکەڵ دەبوو. ئەو کەفوکوڵ و هەژانە کاتێک گەیشتە لووتکەی خۆی کە کونسوڵی یەکەم گەڕایەوە پاریس. لە نێو ئەو ئاپۆڕایەدا کە بە پیر ناپلیۆنەوە چوون، تۆزە نیشانەیەکی ساردوسڕی بەرانبەر بۆناپارت هەست پێ کرابایە ئەوە شاپەرستەکان بوون. ئیتر خەڵک هەر ماڵێکیان دیتبایە چرای کوژاندووەتەوە، لێیان دەقریواند: "ئەم ماڵە لایەنگرانی دەرەبەگایەتیی تێدا دەژین ئەگینا بۆچی ماڵەکەیان چراخان نەکردووە؟" بۆیە دەسبەجێ دەرگا و پەنجەرەی ماڵە گومانلێکراوەکەیان دەشکاند، خەڵکێکی زۆر ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ لە دەوری کۆشکی تۆیلری کۆ بوونەوە و بە هاواری شادی و هوڕاکێشان داوایان کرد بۆناپارت ببینن، بەڵام ئەو نەهاتە بەر هەیوان.

2

پاش شەڕەکەی مارەنگۆ، بۆناپارت دەبوایە دیسان لەگەڵ نەمساییەکان پەیمانێک مۆر بکاتەوە. لەمەودوا دەیویست لەگەڵ ئینگلتەرا و بە گشتی هاوپەیمانیی ئەوروپی ئاشت بێتەوە و، دواجاریش دەیویست کاروباری یاسادانانەکەی کە بە دوای کودەتاکەی برۆمێردا دەستی پێ کردبوو و بە هۆی شەڕەکەی ئیتالیاوە پەکی خستبوو، دەست پێ بکاتەوە و تەواوی بکا.

بەڵام شتێکی دیکە هێشتا مێشکی ناپلیۆنی بەخۆوە خەریک کردبوو، خەیاڵێک کە بە درێژایی قۆناغی کونسوڵی نەیهێشت بەلای ئەرکە سەرەکییەکانیدا بچێ، ئەویش داپڵۆسینی ژاکۆبنەکان و شاپەرستەکان بوو. فۆشێ لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە هەڕەشەی شاپەرستەکان جیددیتر و خێراترە، بەڵام بۆناپارت لەگەڵ ئەو بۆچوونەی فۆشێدا

نەبوو و پێی وابوو فۆشێ لە ترسی گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن کەمتر هەست بە مەترسیی کۆنە هاوڕێکانی خۆی دەکا و حەز ناکا زۆر چاودێرییان بکا و ڕاوەدوویان بنێ، جگە لەوەش ژاکۆبنەکان هیوایەکیان لەدڵدا نەمابوو بگەنەوە دەسەڵات، بەڵام پاش شەڕەکەی مارەنگۆ کونسوڵی یەکەم هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە ژاکۆبنەکان دوژمنێکی مەترسیدارترن.

ناپلیۆن هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دیکتاتۆرییەکەی خۆیەوە بەپێویستی زانی پاکانە حیسابێک لەگەڵ دوژمنە چەپ و ڕاستەکانی، واتە ژاکۆبنەکان و شاپەرستەکاندا بکا، هەڵبەت نەدەکرا وەک یەک بەرەنگاری ئەو دوو دەستەیە ببێتەوە.

چونکە دەیویست لەگەڵ شاپەرستەکان ئاشت بێتەوە و نەیدەشاردەوە کە دەیەوێ لەگەڵیان دانوستان بکا. حکومەتی کونسوڵی، شاپەرستە ناسراوەکانی دادەمەزراند و بە کردەوە پێشانی دەدا کە ئەگەر لە دەرباری بۆناپارتدا خزمەت بکەن، لێیان خۆش دەبێ. لەلایەکەوە بۆناپارت بە دەرکردنی لێخۆشبوونی گشتی بۆ هەندێ لە شاپەرستەکان نیشانی دابوو ئامادەیە لە زۆر شت خۆش بێ و زۆر شتیش لەبیر بکا. بەڵام لەبارەی ژاکۆبنەکانەوە، شتەکە زۆر جیاواز بوو. بۆناپارت لە ڕاستیدا زۆریان لێ بێزار بوو و ئازاریشی دەدان. ئەو هەرگیز پیاوێکی شۆڕشگێڕ نەبوو. دۆستایەتییەکی کاتی لەگەڵ براکەی ڕۆبسپیر و ژاکۆبنەکان، تەنیا بۆ دەسەڵاتخوازی و پلەپەرستی بوو و هیچی دی.

ناپلیۆن کە هەر لە گەوهەری خۆیدا پیاوێکی سەرەڕۆ و تا مۆخی ئێسقان دیکتاتۆر بوو و، پاش کودەتاکەی 18ی بڕۆمێر بە ئانقەست و بە ئاگاییەوە دەیویست هەرچۆنێک بێ حکومەتێکی سەرەڕۆ و تاکبڕیار بە دڵی چینی سەرەوەی بۆرژوازی دامەزرێنێ، بەهیچ شێوەیەک بایەخ

و نرخی ڕاستەقینەی ئەو خزمەتە مەزنە مێژوویییەی نەدەدی کە ژاکۆبنەکان لە ڕابردوودا بە شۆڕشەکەیان کردبوو. جگە لەوەش، چونکە ناپلیۆن لەگەڵ ئەو بۆرژوازییە مەزنەی کە هەر خۆیشی بەرژەوەندییەکانی دەپاراستن ڕێک کەوتبوو، تەنیا لایەنی زەبروزەنگی دیکتاتۆریی ژاکۆبنەکانی لەبەرچاو بوو، بەڵام باسی ئەوەی هەر نەدەکرد، کە (دیکتاتۆریی ژاکۆبنەکان) بۆچی دەبوو وەها خەسڵەتێکی هەبێ و نەیدەگوت ئاخر، ئەو دیکتاتۆرییە فەرەنسای شۆڕشگێڕی ڕزگار کرد. وەک لە 1812دا وەختێک ویستی ڕۆستۆپشین * سەرکۆنە بکا چونکە ناپلیۆن پێی وابوو ئەو مۆسکۆی ئاگر داوە، بەتووڕەییەوە پێی گوت: هەی "مارا**ی ڕووسی". بەو جۆرە بۆناپارت، "مارا"ی _واتە ئەو پیاوەی گیانی لە ڕێی شۆڕشی فەرەنسادا دانابوو_ هێنایە ڕیز و هاوشانی ملکداریکی دەرەبەگی مۆسکۆیی کە کۆمەڵێک بەندەجووتیاری لەبەردەست بوو، کە ڕزگارکردنی ڕووسیا لە ڕوانگەی ئەوەوە "ڕۆستۆپشن"، بە واتای پاراستنی ڕێژیمەکەی "سێرواژ" بوو و، بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان، تەنیا کۆمەڵێک "پلاکارد" و لافیتەی هەڵدەگرت کە هەر لە قۆشمە و لێبووک و بەندبازی بازاڕی دەوەشاوە. پیاوێک کە هەر لەخۆوە و بەبێ هۆ سەرپێچیی کۆتۆزۆفی دەکرد و لەلای قەیسەریش خراپەی دەگوت. لە ڕووی سیاسییەوە، بۆ ناپلیۆن وا باش

---

* ڕۆستۆپشین، پیاوێکی سیاسیی ڕووس، کە ساڵی 1812 ئەودەمەی ناپلیۆن هێرشی کردە سەر ڕووسیا، حاکمی مۆسکۆ بوو و وەختێک سوپای فەرەنسا ویستیان بچنە نێو شارەکەوە، مۆسکۆی ئاگر دا.

** مارا فیزیازان و سیاسەتمەتدار و شۆڕشگێڕی ئیماندار و ئەندامی ئەنجومەنی کۆنڤانسیۆن و یەکێک لە سەبەبکارانی کوشتارەکانی مانگی دیسبەمبەر بوو. مارا لە دادگاییکردنی لوێسی شانزەیەمدا زۆر بێبەزە بوو. ئاخری بە دەستی کابرایەک بە ناوی شارلۆت کۆردی کوژرا.

بوو، که گەنجەکان تەنیا یەک وێنەی دیکتاتۆریی ژاکۆبەکانیان لە زەیندا هەبێ: "وەڕێخستنی لافاوی خوێن و دەستبردن بۆ هەموو خراپەیەک." بەڵام لە زەینی ڕوون و زیرەکی خۆیدا، نەیدەتوانی ئاوا سووک و ئاسان نکۆڵی لە بەها و سوودی دیکتاتۆرییەکان بکا. ناپلیۆن لە ژاکۆبنەکان بێزار بوو، بەڵام جارێکیان لە ساڵی 1793دا کە باسی دیکتاتۆریی ژاکۆبنەکان هاتە گۆڕێ، ڕاشکاوانە گوتی، ئەوە ئەنجومەنی کۆنڤانسیۆن بوو کە فەرەنسای ڕزگار کرد. لەلایەکیشەوە بەدڵ وەک هەموو شتێکی لاواز لۆیسی شانزەیەمی پێ سووک و بێقیمەت بوو، وەک جارێکیان کە ئاگادار کرایەوە ئەوە مادام دۆستاڵ لە تەلارەکەیدا قسەی زل زل دەکا، گوتی: "بەو ژنەتیوە بڵێن، من لۆیسی شانزەیەم نیم ها." جا چونکە دەیزانی سەرسەختترین و قین لەدڵترین دوژمنەکانی وی ـ بە شاراوەییش بێ _ لە نێو ژاکۆبنەکاندان، بێبەزەییانە ئەو تاقمەی سەرکوت کرد و دایپڵۆسین.

کوشتاری ژاکۆبنەکان کە پاش 18ی بڕۆمێر دەستی پێ کردبوو، لە ڕاستیدا سەرەڕای ئەوەی چەند جارێکیش دەستی لێ ڕاگرتن، هەتا کۆتایی ئیمپراتۆریی هەر ڕانەوەستا و بەردەوام بوو. دەستبەسەرکردنی ژاکۆبنەکان یان ئەو کەسانەی گومانی پێوەندیی نیزیک لەگەڵ ئەوانیان لەسەر بوو، لە پایتەخت و لەوەش تووندتر لە شارەکان بەردەوام بوو. ئەو دەرەبەگانەی وەک خۆیان مابوونەوە، ئەو پەنابەرانەی بەر لێخۆشبوون کەوتبوون و دەگەڕانەوە وڵات، چینی بۆرژوای تێروپڕ و چینی نوێی جووتیارە خاوەن ملک و زەوییەکانی دێهات، هەمووان هەڵسووڕێنەرە خۆجێیەکانی پێشووی یانە و کلوبی ژاکۆبنەکانیان باش دەناسییەوە کە لەسەردەمی ڕۆبسپیردا کاربەدەستی حوکمەت بوون، جا ئێستا بەوپەڕی بێبەزەییەوە و بە سەد قات تۆڵەی خۆیانیان لێ

دەکردنەوە. کاتێک بە هەوڵ و تێکۆشانی پیلانگێڕانی پۆلیسی سیاسی توانیان ڕووداوەکەی دەی ئۆکتۆبری 1800 (کە بەتەمابوون بۆناپارت بکوژن) زووتر لەکاتی دیاریکراو ڕوو بدا، کە تێیدا چوار کەس بە خەنجەر دەیانویست خۆیان بگەیەننە شوێنی کونسوڵی یەکەم و بیکوژن، هەر لە ئۆپێراکەدا گرتیانن، نەک هەر چوار کەسەکەیان ئیعدام کرد، بگرە لە هەموو فەرەنساشدا کەوتنە قۆڵبەستکردنی ژاکۆبنەکان و دوورخستنەوەیان و زۆربەی ئەو تاقمە یان هەتا هەتایە نەیانتوانی بگەڕێنەوە نیشتمانەکەیان، یان ئەوانەی گەڕاشنەوە، پیر و زورهان ببوون. ژمارەیەکیان لە زیندانەکاندا تێداچوون. ئەو کات خۆکوشتنی زیندانییەکان شتێکی باو بوو. هەندێکیشیان لە "کیاننێ" کە کۆلۆنییەکی فەرەنسیەکان بوو لە ئەمریکای لاتین و دوورخراوە و تێکدەرە سیاسییەکانیان دەنارد ئەوێ، گیانیان لەدەست دا. مانگێک پاش ئەو "هەوڵی کوشتن"ـە لە ڕێکەوتی 18ی نۆڤەمبەری 1800دا فۆشێی پۆلیس، سوارچاکێکی بەناوبانگی ژاکۆبنی لە حاڵێکدا گرت کە خەریکی دروستکردنی بۆمبێک بوو. دیسان لێشاوی گرتن و ڕاوەدوونان و دوورخستنەوە لەسەرانسەری وڵاتدا دەستی پێ کردەوە. ڕەشبگیر بوو. ئەگەرچی ئەوانەی گیرابوون سوارچاکەکەیان هەر نەشدەناسی و ئاگایان لە مەحموودی بێزەواد نەبوو. جگە لەوەش وەختێک لە دیسەمبەری ئەو ساڵەدا هەوڵێکی دیکە درا بۆ کوشتنی کونسوڵی یەکەم، کە ژاکۆبنەکان هەر ڕۆحیشیان ئاگادار نەبوو، ناپلیۆن ئەوەشی کردە بیانویەک و دیسان لە جاران توندتر دایپلۆسینەوە.

هەر کەس بیەوێ بە ناخ و گەوهەری ناپلیۆندا ڕۆبچێ و بزانێ هەر بەراستی چیی لە زەیندا هەبوو، هەرگیز نابێ بەو پێداهەڵگوتن و ماستاوچێتیانە تێبکەوێ و بخەڵەتێ کە لە کتێبە بێهەژمارەکاندا

لەبارەیەوە نووسراوە و تێیدا ویستوویانە وەک پیاوێکی "نیوە شۆڕشگێڕ" بیناسێنن، هەر وەک لەپێشدا دوژمنەکانی و ئینجا پەسنبێژەکانی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا ناویان نابوو "رۆبسپیری سوارچاک". ئەو هەرگیز نەبوو بە ڕۆبسپیر. ئەو کە زگماک سەرەڕۆ و کەللەڕەق بوو و بە نرخی ڕۆژ نانی خۆی دەخواردوەک کورد دەڵێ: لە کام لاوە بای هاتبایە، شەنی دەکرد)، لە یەکەم ڕۆژەکاندا ناچار بوو مل بۆ هەندێ دامەزراوەی تەواو ڕووکەشیانەی کۆماری کەچ بکا، بەڵام هەر دەرەتانی بۆ ڕەخسا، هەموو ئاسەوارەکانی کۆماری ڕامالّی و تەواوی تین و توانای خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد کە فەرەنسا بکاتە وڵاتێکی سەربازیی دیکتاتۆریی و ئەوروپاشی کردە کۆمەڵێک وڵات و کۆڵۆنی کە خۆی دایناببوون و ئەوانیش کۆیلەئاسا گوێڕایەڵی ئەو حکومەتە سەربازییە دیکتاتۆرییە بوون. لە فەرمانڕەوایی بێجڵەوی ناپلیۆندا، نە ژاکۆبنەکان جێیان دەبۆوە و نە ئایدۆلۆژیاکەیان کە ناپلیۆن لێی بێزار بوو لەگەڵ خەونی زێڕینی "کۆمارییەکانی برا" و خولیای یەکسانی و ئازادی. ئێستا ئینگلیس مێژووی "زەماوەندی ناپلیۆن و شازادەخانی نەمسایی" ناو ناوە ڕۆژێکی مێژوویی و هەقیشێتی، چونکە ئیتر لەو ڕێکەوتەوە ئیمپراتۆرییە سەرەڕۆکەی ناپلیۆن، هەموو هێما و تایبەتمەندیی پادشایەتییە سەرەڕۆ و میراتییە کۆن و نوێیەکانی وەرگرت. ئاشکرایە فۆرمە نوێ و کۆنەکانی فەرمانڕەوایی سەرەڕۆیانە هەم لەگەڵ نەریتی پاڵەوانێتیی ژاکۆبنەکان و هەمیش لەگەڵ ئاسەوار و هێماکانی کۆماری بۆرژوازی ـ ئەگەر زۆر کەمیش بووبێ ـ و تەنانەت لەگەڵ بیرەوەرییەکانیشیاندا دوژمنایەتییەکی قەستەسەری هەبوو. گوشاری وەحشیانە و تەواو سەرەڕۆیانە بۆ سەر ژاکۆبنەکان بەبێ ئەوەی تەنانەت بە ڕوالّەتیش هەندێ لە یاسا دانراوەکان ڕەچاو بکرێ،

یەکێک بوو لە بەرچاوترین و زەقترین تایبەتمەندییەکانی فەرمانڕەوایی ناپلیۆنی. فۆشێ وەک سەروەرەکەی خۆی، لە کودەتای 18ی برۆمێرەوە لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە ئێستا ئیتر ژاکۆبنەکان هێندەی شاپەرستەکانی لایەنگری گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن مەترسیدار نین. بەهەڵە نەچووین ئەگەر بڵێین فۆشێ لە سۆنگەی پێگە پۆلیسییەکەیەوە لە ناپلیۆن وردبینتر بووە. با ئەوەش بڵێین کە کۆنت دێپرۆڤانس کە داوای تەخت و تاجی فەرەنسای دەکرد لەگەڵ شارڵی برای و هەموو سەرکردەکانی پەنابەرانی پاش ڕووداوەکەی برۆمێر دڵنیا بوون لەوەی سەرکەوتنی کودەتا و دامەزرانی دیکتاتۆری نیشانەی ڕەخسانی دەرفەتێکی لەبار و پێویستە بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی پادشایەتیی سەرەڕۆیانە. ئەگەر وا بوایە، ئەرێ وا باشتر نەبوو فەرەنسا لەبری ئەوەی گوێڕایەڵی کابرایەکی کۆرسیی سەرچڵ بێت، هەر گوێڕایەڵی پادشا تاکبڕیارە لەمێژینەکەی خۆی بوایە؟ شۆڕش پاش دە ساڵ پەلەقاژەی نیوەگیان لە ڕۆژانی 18 و 19ی برۆمێردا کوژرابوو. لەمەودوا ئەو کەسەی لە نۆڤەمبەری 1799دا لە کۆشکی سەنت کلۆود زەبرە گورچوبڕەکەی لە دیرکتوار وەشاندبوو، ئیتر هیچ کارێکی نەدەما جگە لەوەی لۆیسی هەژدەیەم، ئەو پادشا زۆر باوەڕدارەی ئایینی مەسیح کە هێشتا پێی دەگوترا کۆنت دێپرۆڤانس بێنێتەوە سەر تەختی پادشایەتیی باب و باپیرانی. دیار نییە ئاخۆ کۆنت دێپرۆڤانس، ماوەیەک پێش جەنگی مارەنگۆ یانی سێ مانگ و نیو پاش کودەتاکەی برۆمێر، خۆی ئەو بڕیارە سەیروسەمەرەی دا یان شارڵی برای لە گوێی خوێند کارێکی وەها بکا. هەرچۆنێک بێ، لۆییس لە ماڵەکەی ئەو کاتی خۆیەوە نامەیەکی بۆ کونسوڵی یەکەم نووسی و داوای لە بۆناپارت کرد بنەماڵەی بۆربۆن بەرێتەوە سەر تەختی پادشایەتی. پێشنیار بە

بۆناپارت کرابوو که خۆی و هاوڕێیانی هەر شتێکیان بوێ، بۆیان دابین دەکرد و پێشی داگرتبۆوە که نەوە و وەچەی دواڕۆژ دوعای بەخێری بۆ دەکەن. بۆناپارت وەڵامی نەداوە. ئینجا پەیام و پێشنیار و کۆمەڵێک نامەی دیکە بۆ ئەو و ژۆزفین نێردران.

هاوینی 1800 پاش گرتنی مارەنگۆ، کە ئیتر ڕوون بۆوە ناپلیۆن جڵەوی دەسەڵاتی هەموو فەرەنسای لە چنگدایە، دیسان لۆییس ئەو داوایەی لە کونسوڵی یەکەم کردەوە. ئیتر بۆناپارت بۆ یەکەم و ئاخرین جار لە وەڵامی داواکەری تەخت و تاجەکەدا نووسیی: "بەڕێز، نامەکەتم پێ گەیشت و سپاس بۆ لوتف و کەرەمت. تۆ نابێ بە هیوای ئەوەی بی بێیەوە سەر تەختی پادشایەتی، ئەگینا دەبێ بەسەر سەدان هەزار تەرم و لاشەدا تێپەڕی. بەرژەوەندیی خۆت بکە بە قوربانی خۆشی و بەختەوەریی فەرەنسا. مێژوو پاداشتت دەداتەوە."

ژاکۆبنەکانیش سەرەتا ئەو خەیاڵەیان لێ پەیدا بوو، بەڵام وەک پێشتر باسمان کرد، بەو پیلانە سەرکەوتووانەیەی فۆشێ لێی گێڕان، ئەوان تێکەوەپێچران. فۆشێ کە لە ڕێگەی پشکنەرەکانی خۆیەوە ئاگادار کرابۆوە خەریکن هەوڵی کوشتنی ناپلیۆن دەدەن و هەواڵی باوەڕپێکراویشی بۆ هاتبوو کە ئەو هەوڵە وا دانراوە لە شەوی دەی ئۆکتۆبەردا لە ئۆپێرا بدرێ، بکوژەکانی لەو کاتەدا قۆڵبەست کرد کە بە چەکەوە دەیانویست خۆیان بگەیەننە شوێنی کونسوڵی یەکەم. دواتر پشتڕاست کرایەوە کە هەر فۆشێ خۆی چەکەکەی پێ دابوون. ئەوانەی هەوڵی کوشتنەکەیان دا ئیعدام کران و لەو سۆنگەیەشەوە فۆشێ پێگەکەی پتەوتر بوو. مۆرەی پیلانگێڕەکان چالاکیی بێوێنەیان دەنواند و هەوڵیان دەدا سەر بە هەموو شوێنێکدا بکەن هەر لە هۆڵی چینە باڵاکانەوە تا مەیخانەی تۆڕەکانی هەرە خوارەوەی کۆمەڵگە.

ڕۆژی 3ی نیوز. 25ی سێپتەمبەری 1800 کاتێک کونسوڵی یەکەم دەیویست بە کۆڵانی سەنت نیکایزدا بچێتە ئۆپێرا، تەقینەوەیەکی گەورە ڕووی دا. گالسکەکەی بۆناپارت ڕێک دە چرکە پێشتر بە لای ئەو ئامرازە دۆزەخییەدا تێپەڕیبوو. سەنگچنی شەقامەکە پڕ بوو لە کۆژراو و بریندار و هاوکات گالسکەکە، کە نیوەی شکابوو، بۆناپارتی بە ساغ و سڵامەتی گەیاندە ئۆپێرا. ئەو چووە سەر جێ تایبەتییەکەی و هیچ خۆی شلوێ نەکرد، بۆیە خەڵکی نێو هۆڵی ئۆپێراکە تاوێک دواتر زانیان چ قەوماوە. ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان کە دەسبەجێ دەستی پێ کردبوو، هیچی لێ نەکەوتەوە، چونکە هیچ کەس لە شوێنی پیلانەکە دەسبەسەر نەکرابوو. بۆناپارت دڵنیا بوو کە ئەمجارە ژاکۆبنەکان دەستیان لێ وەشاندووە. فۆشێی تۆمەتبار کرد بەوەی چونکە زیاتر ئاگای لە شاپەرستەکانە، ئیتر ئاگای لە ژاکۆبنەکان نەماوە، بۆیە بڕیاری دا بەرهەڵستکار و دژبەرەکان بەتەواوی تێکەوەپێچێ. فەرمانێک دەرکرا کە لیستەی ناوی 130 کەس لە سەرکردەی ژاکۆبنەکان یان ئەوانەی تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ ئەوانیان لەسەر بوو ئامادە بکرێ. دەسبەجێ ئەو ژمارەیە دەسبەسەر کران و زۆربەشیان دوور خرانەوە بۆ گۆیان و سێیشێل کە دەگمەن کەسانێک لەوێوە دەیانتوانی بگەڕێنەوە.

پارێزگارەکان لە شارەکاندا هەموو ئەو کەسانەیان ڕاوەدوو دەنا کە لەسەردەمی شۆڕشدا بە قسە یان کردەوە خۆیان بە لایەنگری خەباتی شێلگیرانە یان کۆنەپارێز نیشان دابوو.

ئەو کۆنەپارێزانەی ئەو کات لە ئەشکەنجە دەرباز ببوون، ئێستا تۆڵەیان لێ دەکرایەوە. ژمارەیەکیان کە ناویان لە یەکەم لیستەی فۆشێدا نووسرابوو، دوور نەخرانەوە بەڵکوو بەبێ دادگایی و لێپرسینەوە خرانە

نێو زیندانەکانەوە و تەنانەت پاش ئەوەی ڕاستییەکانیش دەرکەوتن هێشتا ئازادیان نەکردن.
ئەوەی پیلانەکەی ئاشکرا کرد، هەر فۆشێ بوو و ئەو کارەش ڕێک ئەو کاتە کرا کە ژاکۆبنەکانیان دەنارده زیندان یان دووریان دەخستنەوە. لە ڕاستیدا ئەو یەکەم کەسێک بوو کە زانیی ژاکۆبنەکان دەستیان لەو پیلانەدا نەبووە و تەنیا بۆ پێخۆشبوونی ناپلیۆنی ڕقئەستوور دووری دەخستنەوە.
ڕێک دوو حەفتە پاش ڕووداوی هەوڵی کوشتنەکە، لە جەنگەی ڕاوەدوونان و جەزرەبەی ژاکۆبنەکاندا، کەسێک بە ناوی کاربۆن دەسگیر کرا و پاش ئەو نۆرەی کەسانێک بەناوی سەنت ڕێژان و بۆرمۆن و دە دوازدە شاپەرستی دیکە هات کە بە یاسایی یان ڕێگەپێنەدراوی لە پاریس دەژیان. کاربۆن و سەنت ڕێژان ئەوانەی هەوڵی کوشتنی ناپلیۆنیان دابوو، دەسبەجێ ددانیان بە تاوانەکەیاندا نا. پیلانەکە ڕێک لە لایەن شاپەرستەکانەوە ڕێک خرابوو بۆ ئەوەی بۆناپارت بکوژن و بنەماڵەی بۆربۆن بێننەوە سەر تەختی پادشایەتی. ئەو ئاشکرابوونە هیچ لە تەوژمی بڕیارەکەی پێشوو دژی ژاکۆبنەکانی کەم نەکردەوە و هاوکات بڕیار درا کە هاوکات ئاوا زۆر بۆ شاپەرستەکانیش بێنن. بەو جۆرە بۆناپارت وەک لە سیاسەتدا دەڵێن بە بەردێک دوو نیشانی شکاند. زۆر دواتر کە پێیان گوت فۆشێ تەواو دڵنیایە کە ژاکۆبنە دوورخراوەکان بێتاوانن، لە وەڵامدا گوتی: "ئەی لە فۆشێ... ئەو هەمیشە هەر وا بیر دەکاتەوە. هەرچۆنێک بێ ئیتر گرینگ نییە. خۆ شەڕی ئەوانم لە کۆڵ بووەتەوە."

جا مەبەستی ئەو لە "ئەوان" ژاکۆبنەکان بوو. هەرچۆنێک بێ شاپەرستە پیلانگێڕەکانیان بردە بەر گیوتین و ئەوانی دی وەک ژاکۆبنەکان دەستە دەستە دوور خرانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەوکات ئەوەندەی چاوەڕوان دەکرا ناپلیۆن هێندەی ڕق لە شاپەرستەکان نەبوو، ئەوەشمان لەو زۆر و گوشارانەوە بۆ دەردەکەوێ کە لە ڕووداوی تەقینەوەکەدا دەیخستە سەر ژاکۆبنە بێتاوانەکان. باری دەروونیی دەوروبەرییەکانی ناپلیۆن تەنیا لەو قسەیەدا ڕەنگ ناداتەوە کە گوتویانە: "ئەو لە یەکەم ڕۆژەکاندا هەرچی ڕقی هەیبوو بەسەر ژاکۆبنەکانیدا ڕشت و ئیتر ڕق و بوغزێکی لە دڵیدا نەمابوو تا بە شاپەرستەکانی بڕێژێ." ناپلیۆن زۆر باش دەیتوانی لە کاتی پێویستدا بێبەزە بێ و هاوکات خۆشی شلوێ نەکا. کەوابوو مەسەلە ئەوە نەبوو، بەڵکو بە تەمابوو ئەو بەشە لە شاپەرستەکان کە پێدەچوو ڕاستگۆیانە لەگەڵ سیستەمە نوێیەکەی فەرەنسادا ئاشت ببنەوە، لە بۆربۆنەکان هەڵاوێرێ. بە جۆرێکی دیکەی بڵێین، ئەو شاپەرستانەی دەسەڵاتەکەی ئەو یانی ناپلیۆنیان بە یاسایی دەزانی و بەبێ بۆڵەبۆڵ و ڕەخنە گوێڕایەڵی دەبوون، ئەو ئامادەبوو وەریانبگرێ و لە گوناحیان خۆش بێ، بەڵام سوور و مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی بێبەزەییانە بەگژ ئەو کەسانەدا بچێتەوە کە دەستیان هەڵنەدەگرت، لەگەڵ ئەوانەی جگە لە هێنانەوەی بۆربۆنەکان هیچ خولیایەکیان نەبوو.

پێش شەڕی مارەنگۆ کونسوڵی یەکەم فەرمانی بە فۆشێ کردبوو لیستەی ئەو پەنابەرانەی بۆ ڕێک بخا کە دەکرا ڕێگەی گەڕانەوەیان بۆ فەرەنسا پێ بدرێ و ئامادەکردنی ئەو لیستەیەیش سەرەڕای تەقینەوەی بۆمبەکە هەروا بەردەوام بوو. ڕیزەناوی یەکەم بریتی بوو لە ناوی 100000 کەس کە لەو ژمارەیە 52000 کەسیان بە ئەمری ڕێکەوتی یەکەمی واندەمیر ـ

20ی ئۆکتۆبەر ی ڕابردوو گەڕابوونەوە. لە لیستەی نوێی ڕێزپەڕەکاندا، ژمارەی ئەوانەی گەڕانەوەیان قەدەغە کرابوو، یەک و نیو هێندەی ئەو ژمارەیە بوو کە پێشتر نووسرابوو. لە 145000 پەنابەر، 141000 کەسیان ڕێگەیان درا بێنەوە فەرەنسا بەو مەرجەی لە ژێر چاودێریی پۆلیسدا بن. تەنیا 3,373 کەس لەوانە لێخۆشبوونە گشتییەکە نەیگرتنەوە و بێبەش کران. بەڵام بۆناپارت بەوەندەش نەوەستایەوە: بەپێی فەرمانێک کە لە 1802دا دەرکرا، هەر پەنابەرێک سوێندی وەفاداریی بۆ ڕێژیمە تازەکە دەخوارد، ڕێگەی دەدرا بێتەوە فەرەنسا. کۆمەڵێک لە پەنابەرەکان کە لە دەرەوە ژیانێکی ئەستەمیان هەبوو، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە زێد و نیشتمانەکەیان، ملکەچی ئەو بڕیارە بوون
ماوەیەک، هەوڵەکانی کوشتن ڕاوەستان. بۆناپارت بە تین و گوڕێکی دووهێندەی جارانەوە کەوتە ڕێکخستنی کاروبارە سیاسییەکان. هەرگیز، نە پێشتر و نە دوای ئەویش هێندە لەگەڵ هاوپەیمانیی ئەوروپیدا تاسەباری ئاشتەوایی نەبوو. ئەو پێویستی بەو ئاشتیە هەبوو بۆ ئەوەی هەم باری ئابووریی‌یەکەی ڕێک بخاتەوە و هەمیش لەبەر ئەوەی زۆرینەی خەڵکی فەرەنسا ڕوون و ئاشکرا تینووی ئاشتی بوون. ئیتر لەو ڕوانگەیەوە لایەنگری ئاشتی بوو، بۆ ئەوەی هەوڵە نیوەچڵ و ڕاگیراوە ئیدارییەکان و ئەو ڕیفۆرمەی بەتەمای بوو، دەست پێ بکاتەوە

3

بۆناپارت وەک چۆن لە هەڵبژاردنی پۆلیسی سیاسیدا توانیبووی کەسێکی لێوەشاوەی وەک فۆشێ هەڵبژێرێ کە لە پیلانگێڕان و سیخوڕیدا کەس دەسکی لە دوو نەدەکرد، ئاواش ڕاوێژکارێکی سیاسیی هەڵبژارد. چونکە پرێنس تالیران دەریخست کە لە هونەری دیپلۆماسیدا

پیاوێکی لێهاتووە. بەڵام تێڕوانینی کونسوڵی یەکەم بۆ ئەو دوو پیاوە جیاواز بوو. ناپلیۆن فۆشێ و دامەزراوەکەی ئەوی بەکار دێنا کەچی بە پیاوێکی خراپەکاریشی دەزانی و واشی ناو دێنا. ئەو لەبەر ئەوەی متمانەی بە فۆشێ نەبوو، پۆلیسە تایبەتییەکەی خۆی لەسەر دانابوو کە چاوی بەسەریەوە بێ، ئەگەرچی لەو کێبەرکێیەدا دیارە باشاری وەزیرەکەی خۆی نەدەکرد. لەو ڕوانگەیەوە نەک ناپلیۆن، بگرە ئەسکەندەری ماکدۆنیش باشاری فۆشێی نەدەکرد، چونکە فۆشێ لە چاوتروکانێکدا پەتەی ئەو سیخوڕانەی دەخستە سەر ئاو، کە ناپلیۆن لەسەر ئەوی دادەنان. لە بواری پۆلیسیدا، ناپلیۆن پێویستی بە فۆشێ و بەهرەکانی وی بوو، چونکە خۆی لەو بوارەدا تۆزی پێی فۆشێی نەدەشکاند و ناچار بوو پشتی پێ ببەستێ. لە هونەری دیپلۆماسیدا بە پێچەوانە ناپلیۆن هیچی لە تالیران کەمتر نەبوو و تەنانەت لە هەندێ بواردا لەویش لێوەشاوەتر بوو، ئەگەرچی تالیران وەک وەزیری دەرەوە زۆری ڕێز لێ دەنرا، بەڵام ئەوە ناپلیۆن خۆی بوو کە فەرمانە پێویستەکانی بە تالیران دەدا و هەر خۆیشی بوو کە هەموو دانوستانەکانی ئاشتەواییە گرینگەکانی هەڵدەسووڕاند و تالیران تەنیا دەوری ڕاوێژکار و نووسەرەوەی یاداشتە سیاسییەکان و گەڵاڵەی شێوازە گونجاوەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلی دڵخواز هەبوو. یەکێک لە گەورەترین سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن بە دڵنیاییەوە ئەو گۆڕانەیە کە لەسەر دەستی وی لە سیاسەتدا بەدی هات. ئەو ئیمپراتۆر پۆلی ڕووسیای کە لەگەڵ فەرەنسا لەشەڕدا بوو، ئاگادار کردەوە، کە ئامادەیە هەموو ئەو دیلە ڕووسیانەی پاش بەزینەکەی کۆرساکۆڤ لە پاییزی 1799دا لە چنگی فەرەنسیەکاندا مابوونەوە، دەسبەجێ و بەبێ هیچ بەرانبەرێک بنێرێتەوە ڕووسیا، چونکە ئەوکات هیچ دیلێکی

فەرەنسی لە ڕووسیادا نەمابوو. هەر ئەم هەوڵە پۆلی شاد کرد و بۆ بڕاندنەوەی ئەو مەسەلەیە ژەنەڕاڵ سپێرنگپۆرتێنی نارده پاریس. سپێرنگپۆرتێن لە نێوەڕاستی دیسەمبەری 1800دا گەیشتە پایتەخت. بۆناپارت هەر لەو چاوپێکەوتنەی یەکەمدا بەگەرموگوڕییەوە هەست و ڕێز و حورمەتی خۆی بەرانبەر ئیمپراتۆر پۆلی ڕووسیە دەربڕی و باسی ئەو جوامێری و شکۆمەندییەی کرد کە بە باوەڕی ئەو لە گەوهەری قەیسەردا هەبوو. کونسوڵی یەکەم نەک هەر فەرمانی ناردنەوەی هەموو دیلە ڕووسیەکانی دەرکرد کە 6000 کەسێک دەبوون، بەڵکو ئەمری کرد لەسەر خەرجی دەوڵەتی فەرەنسا جلوبەرگی سەربازیی نوێ بە شێوازی یەکەکانی خۆیانیان لەبەر و پێڵاوی نوێیان لەپێ بکە و چەکەکانیشیان بدەنەوە.

بە دوای ئەو هەڵسوکەوتە دۆستانەیەی کە لە نێوان سەرکردەکانی دەوڵەتانی دوژمندا پێشتر لەوێنەی نەببوو، نامەیەکی تایبەتیش لە لایەن ناپلیۆنەوە بۆ ئیمپراتۆر پۆل نێردرا کە تێیدا کونسوڵی یەکەم بە دڵ و گیان نووسیبووی، هەر کاتێک پۆل، باڵوێزێکی متمانەپێکراوی خۆی بنێرێتە پاریس، لە ماوەی 24 سەعاتدا پەیماننامەی ئاشتیی نێوان فەرەنسا و ڕووسیا دەبەسترێ. پۆل هەر بە ڕاستی شاگەشکە بوو. ئەو کە دوژمنی قەستەسەری فەرەنسا بوو، لە ناکاو بوو بە دۆست و لە نامەیەکی دەسبەجێدا وەڵامی بۆناپارتی دایەوە و لە پێشەکیی نامەکەیدا پەیمانی ئاشتییەکەی قبووڵ کرد و ئارەزووی دەربڕی کە لەگەڵ کونسوڵی یەکەم "ئاشتی و ئارامی" لە ئەوروپادا سەقامگیر بکەنەوە. ناپلیۆن لە کاتی پێشوازی لە سپێرنگپۆرتێنی، نوێنەری پۆلدا پێی گوت: "من و سەرۆکەکەی تۆ هەڵبژێردراوین بۆ ئەوەی ڕووخساری دنیا بگۆڕین."

ناپلیۆن پاش ئەو یەکەم سەرکەوتنە، بڕیاری دا نەک هەر پەیمانی ئاشتی بگرە یەکیەتییەکی سەربازییش لەگەڵ ڕووسیادا پێک بێنێ. بیری هاوپەیمانی لەگەڵ ڕووسیا لەسەر دوو تێبینی بوو: یەکەم هیچ ناکۆکی و دژیەکییەک لە بەرژەوەندییەکانی دوو دەوڵەتەکەدا نەبوو. دووەم: بەشکم بۆی بڕەخسێ لە داهاتوودا هەموو هێزەکانی کۆ بکاتەوە و بتوانێ لە ڕێگەی باشووری ڕووسیا و ئاسیای ناوەندییەوە هەڕەشە بخاتە سەر دەسەڵاتی ئینگلتەرا بەسەر هیندوستاندا. لەو کاتەوە کە لەشکری بردبووە سەر میسر و تا دوا سااڵنی فەرمانڕەوایی ناپلیۆن بۆ تاقە ساتێکیش چییە خەیاڵی هیندوستانی لە مێشکی نەچووە دەرێ. ئەو فکرە بنەڕەتییە، کە نەک ئەوکات و نە دواتریش بوو بە نەخشە و گەاڵڵەیەکی دەسنیشانکراو، هەروا لە زەین و مێشکیدا ڕەگاژۆی کردبوو. ئەو فکرە، لە 1798دا پێوەندیی بە خولیای گرتنی میسر و لە 1801دا بە دۆستایەتییە لەناکاوەکەی لەگەڵ قەیسەر و لە 1812یش لەسەرەتای شەڕەکەی لەگەڵ ڕووسیادا پێوەندیی بە هێرشکردنە سەر مۆسکۆوە هەبوو. لە هیچ کام لەو سێ بابەتەدا ئەو ئارەزووە شیرین و نەبڕاوەیە هەر بەکردەوە نەکرا، بەاڵم وەک ئێستا دەبینین مەسەڵەکە وای لێ هات، وەک بووبێ ئاوا بوو.

لەگەڵ پێشکەوتنی خێرا و سەرسوورهێنەری پێوەندیی دۆستانەی ئیمپراتۆر پۆل لەگەڵ ناپلیۆن بۆناپارتدا، پۆل ڕقێکی ئاوای لە ئینگلتەرا داگرت کە هەتا دوێنێ لە جەنگی دژ بە فەرەنسادا هاوپەیمانی بوو. ئێستا ناپلیۆن بە گشتی بیری لە جێبەجێکردنی ئەو پلانە دەکردەوە کە یەکەیەکی فەرەنسی لە ژێر فەرمانی خۆیدا بەرێتە باشووری ڕووسیا بۆ ئەوەی لەوێ بگەنە لای سوپای ڕووس و ئینجا هەر دوو سوپاکە بەو پەڕی ئاسیای نێوەڕاستدا هێرش بکەنە سەر هیندوستان. پۆل بە

خۆشحاڵییەوە پێشوازیی لە هێرشکردنە سەر ئینگلیزەکان لە نێو هێندوستاندا کرد و تەنانەت لە یەکەم هەنگاوەکانی وەدیهێنانی ئەو پلانەدا پێش ناپلیۆنیش کەوت: "ماتوێ ئیڤانۆڤیچ پلاتۆف، ئەو فەرماندە قەزاقیەی کە شەش مانگ بوو بە فەرمانی قەیسەر دیاریش نەبوو لەسەر چی، لە قەڵای پێتروپۆلدا بەند کرابوو، لەناکاو ئازاد کرا و یەکەوڕێ بردیانە ژووری ئیمپراتۆر و ئەو بەبێ پێشەکی ئەم پرسیارە سەمەرەیەی لێ کرد: "ئەرێ ڕێگەی هیندوستان شارەزای؟" پلاتۆف کە نەیزانی مەبەست چییە، بەڵام بە زیرەکیی خۆی تێگەیشتبوو بێت و بڵێ نەخێر، یەکسەر دەیبەنەوە زیندان، بە پەلە وەڵامی داوە: بەڵێ گەورەم، شارەزام. ئیتر دەسبەجێ کرا بە فەرماندەی یەکێک لەو چوار لەشکرەی سوپای دۆن و، فەرمان بە هەموو ئەو سوپایە کرا کە 32500 کەس بوون، دەسبەجێ بەرەو هیندوستان بکەونە ڕێ. هەر چوار لەشکرەکە لە ڕێکەوتی 27ی فێبریوەری 1801دا لە دۆن هاتنە دەرێ بەڵام ڕێگەبڕینەکەیان زۆری نەخایاند...

ئەوروپا کە ڕۆژ بە ڕۆژ نیگەرانتر دەبوو، ئاگای لە دۆستایەتی و بەینی خۆشی فەرمانڕەوای فەرەنسا و ئیمپراتۆرەکەی ڕووس بوو. هەر جارێکی هاوپەیمانێتیی نێوان ئەو دوو وڵاتە بەهێزە پتەو دەبوو، هەردووکیان دەبوونە فەرمانڕەوای هەموو وشکارۆی ئەوروپا و، ئەوەش نەک هەر باوەڕی ناپلیۆن و پۆل، بەڵکوو بۆچوون و ڕای هەموو سیاسەتمەدارە ئەوروپییەکانی ئەوسەردەم بوو. ئینگلتەرا بەڕاستی ترسی لێ نیشت. خۆ ڕاستە چەکوچۆڵی جەنگیی فەرەنسا زۆر زۆر لە چەکوچۆل و ئامرازە جەنگییەکانی هێزی دەریایی ئینگلتەرا لاوازتر بوون و هێزی دەریایی ڕووسیاش هەر حیسابی لەسەر نەدەکرا، بەڵام نەخشەکانی بۆناپارت لەبارەی هیندوستانەوە و ناردنی

چاوەڕوانەکراوی لەشکرەکانی ڕووس بەرەو ئەوێ، ویلیام پیتی سەرۆک وەزیرانی ئینگلتەرای مەزنی تەواو تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و تووڕەش کرد. لە هەموو کابینەکانی ڕاوێژکاری و لە تەواوی دەربارەکانی ئەوروپادا بە ترس و لەرزەوە چاوەڕوانی ئەوە بوون بەهاری 1801 بەسەردا بێ، چونکە لەو وەرزەدا دوو هاوپەیمانە گەورەکەی داهاتوو دەیانتوانی هەنگاوی یەکلاکەرەوە و لێبڕاوانە هەڵگرن. بەڵام یەکەم ڕۆژی بەهار، یانی ڕۆژی 11ی مارس دیمەنێکی دیکەی هێنایە پێش.

کاتێک هەواڵی کوژرانی پۆلی یەکەم، ئیمپراتۆری ڕووسیا لەناکاو گەیشتە پاریس، ناپلیۆن هەر لەداخان شێت بوو. هەرچی لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا سەرکەوتووانە و لێزانانە ڕستبووی، لێی بۆوە بە خوری. بە تووڕەییەوە نەڕاندی: "ئەو تیرەی ئینگلیزەکان لە سێیەمی مانگی نیوزدا لە پاریس پێیانەوە نام، (ئاماژەیە بە هەوڵی کوشتنەکەی لە کۆڵانی ئەنت نیکز"دا)، سەری کرد، بەڵام لە پێترزبۆرگ ئامانجەکەی پێکا. ئەو هیچ گومانی لەوەدا نەبوو کە پۆل بە دەسکیسیی ئینگلیزەکان کوژراوە. هاوپەیمانێتی لەگەڵ ڕووسەکاندا لەو شەوەی مانگی مارسدا کە پیلانگێڕان چوونە نێو ژوورەکەی ئیمپراتۆرەوە، هەڵوەشایەوە. کونسوڵی یەکەم دەبوو دەسبەجێ نەخشە دیپلۆماسییەکانی خۆی لە بنەوەڕا بگۆڕێ، جا لەو بوارەشدا وەک چۆن گورج و بەدەستوبرد تۆپەکانی دەخستە گەڕ، ئاوا مێشکی خۆی وەکار بخا.

4

لەمەودوا، دەبێ بەجۆرێکی دیکە بەرەنگاری دۆخەکە بێتەوە: ئیتر دریژەدان بە جەنگ لەگەڵ ئینگلتەرا لەگۆڕێ نەبوو، بەڵکو دەبوایە

پەیمانی ئاشتی ببەستن. بەڵام خۆ دەمێک بوو لەگەڵ نەمسادا دانوستانەکانی ئاشتی دەستیان پێ کردبوو: لە ڕێکەوتی 9ی فێبریوەری 1801دا کۆبێنتزل، وەزیری دەسەڵاتپێدراوی نەمسا پەیماننامەی ئاشتیی لۆنێڤیلی مۆر کردبوو. دانوستانەکانی ئاشتی لەلایەن ژۆزێف بۆناپارتی بڕای کونسوڵی یەکەم و تالیرانی وەزیری دەرەوە کرابوون، بەڵام ئەو دووانە جگە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ناپلیۆن کە لێهاتووانە سوودی لە دۆستایەتیی کتوپڕی خۆی و پۆل وەرگرت، هیچ کارێکی دیکەیان نەکرد. نەمسا چونکە لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە لەبەردەم ئەگەری هێرشەکاندا بوو، ناچار ملی بۆ هەموو مەرجەکانی ئاشتی ڕاکێشا. پاش شەڕی مارەنگۆ و سەرکەوتنێکی دیکەی فەرەنسیەکان بەسەر نەمسادا لە ئالزاس کە لەوێ مۆرۆ نەمساییەکانی لە شوێنێک بە ناوی هۆهێنلایندێن تێک شکاندبوو، ئیتر خۆڕاگری مەحاڵ بوو. ناپلیۆن بە بەستنی پەیماننامەی لۆنێڤیل توانیبووی ئەوەی دڵی دەیەوێ لە نەمساییەکانی بستێنێ: دابڕینی بەلژیکا بەتەواوی لە نەمسا و ئەسپاردنەوەی لۆکزامبۆرگ و هەموو خاکە داگیرکراوەکانی ئەڵمانیا لە کەناری چەپی یەکاوی ڕاین، دەسنیشانکردنی کۆماری باتاو "هۆڵەندا" و کۆماری هێڵۆتیک"سوویسرا" و کۆماری سیزالین و لیگۆری و ژێن و لۆمباردی، کە هەر هەموویان هەر ملکی فەرەنسا بوون و هیچی تر. سەبارەت بە پیەمۆنیش، ئەم ویلایەتە کە لە پێشدا لە چنگی سوپای فەرەنسادا بوو، هەروا لەبەردەستیاندا مایەوە. کۆبێنتزل لە نامەیەکدا بۆ فەرماندەکەی خۆی واتە کۆلۆرێدۆ، بەوپەڕی خەم و پەژارەوە نووسیی: "ئەوەش ئەو پەیمانە پڕ لە شوورەییەی بەناچاری مۆرم کردووە. ئەم پەیمانە، لە فۆرم و ڕێوڕەسمدا حەیابەرەیە."

کۆبێنتزل، هەقی بوو لەوەش تووڕەتر بێ، چونکە دەیزانی تالیران وێڕای دانوستانەکان لەگەڵ دەرباری نەمسادا توانیوێتی بە دزیەوە دەستودیارییەکی زۆر وەرگرێ، بەبێ ئەوەی هیچ کارێکی بە سوودی نەمسا کردبێ، چونکە پەیماننامەکە لە ئەوەڵەوە تا کۆتایی بە دەستی ناپلیۆن نووسرابۆوە.
هەرچۆنێک بێ جارێ کاروباری گەڵ نەمساییەکان بڕابۆوە. بەڵام ڕوون بوو کە ئیمپراتۆری نەمسا پاش قبوولکردنی ئەو هەمووە زیانە قورسانە چاوەڕوان بوو هەلێکی بۆ هەڵکەوێ و بارودۆخەکەی خۆی ڕێک بخاتەوە. ڤیەننا بە هیوای بارێکی لەبارتر ملی بۆ قەدەر و چارەنووس ڕاکێشا.
بەو جۆرە هاوکات لەگەڵ مەرگی پۆل، ئینگلتەرا تاقە وڵاتێکی بەهێز بوو کە هێشتا لەگەڵ فەرەنسادا لەشەڕدا بوو. بۆرژوازیی بازرگان و پیشەسازیی ئینگلیز لە بواری ئابووورییەوە لە ئەوروووپادا کەسی بە خەنیم و ڕکەبەری خۆی نەدەزانی. شۆڕشی پیشەسازی و تەکنیکیی سالانی کۆتایی سەدەی هەژدەیەم لە بواری ئابووریدا، پێگە و پلەی یەکەمی بۆ ئینگلتەرا لە نێو دەوڵەتە مەزنەکانی دیکەدا دەستەبەر کردبوو و یەکێک لە هۆکارەکانی تووڕەیی بۆرژوازیی فەرەنسا لە سیاسەتی ڕێژیمەکەی پێشوو بەستنی پەیمانە بازرگانییەکەی سالی 1786ی نێوان فەرەنسا و ئینگلیز بوو کە لە ئاکامی ئەو پەیماننامەیەدا بازاڕی نێوخۆی فەرەنسا کەوتبووە بەر تەوژم و بندەستی پیشەسازیی ڕستن و چنین و کانزاکانی ئینگلیزەوە. پیشەسازانی فەرەنسا بە گەرموگوڕییەوە پێشوازییان لە هەموو هەوڵەکانی کۆنڤانسیۆن و دیرکتوار دژی بازرگانیی ئینگلیز کردبوو. جەنگی نێوان ئینگلیز و فەرەنسا لە سەردەمی شۆڕشدا چ لە ئینگلتەرا و چ لە فەرەنسا وەک

جەنگی بازرگانان و پیشەسازانی ئینگلیز لەگەڵ بازرگان و پیشەسازانی فەرەنسا سەیری دەکرا.
هەر هەوڵێکی سیاسی درابایە و هەر ڕێکخراو و یەکیەتییەکی ئەوروپی دژی فەرەنسا پێک هاتبایە، لە بن سەری ویلیام پیتی سەرۆک وەزیرانی ئینگلتەراوە هەڵدەستا. ئەو پیاوە لەکاتی دەسەڵاتداریێتیی خۆیدا، بە دڵاواییەوە یارمەتیی پرۆس و نەمسا و پیەمۆن و ڕووسیا و ئینجا دووبارە یارمەتیی نەمسا و ناپلێشی دەدا، چونکە بە ڕوونی تێگەیشتبوو کە لە بواری ئابووریییەوە بەهێزبوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی فەرەنسا لە ئەوروپادا بە چ مانایەکە.
بەڵام نە یارمەتییە داراییەکانی سوودێکیان بە یەکیەتییە ئەوروپاییەکان گەیاندبوو و نە یارمەتییە کاریگەرەکانیشی وەک کەشتی و پارە و چەک و تەقەمەنی دژی شۆڕشگێڕانی ڤاندێ. هەر بۆیەش لە ساڵی 1801دا وردەوردە ئەو باوەڕە لە ئینگلتەرا پەرەی دەسەند کە واباشترە لەگەڵ فەرمانڕەوا تازەکەی فەرەنسادا ڕێک بکەوێ. بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە پیشەسازانی ئینگلتەرا و ئەو بازرگانانەی کە بەرژەوەندییەکانیان لە شەڕێکی درێژخایەندا ڕاستەوخۆ بەسترابۆوە بە لێکێشانەوە لە کۆلۆنییە فەرەنسی و هۆڵەندییەکان، ئاوایان بیر نەدەکردەوە. بەڵام ئەو بازرگانانەی بە بازرگانیی ئەوروپاوە بەسترابوونەوە، خوازیاری ئاشتی بوون. چینی کرێکار هاواری ڕق و بێزاریی خۆی لە چەوساوەیی و ئەو ژیانە برسێتییەی بەسەریدا سەپابوو، بەرز دەکردەوە و کرێکارەکان ئەو تووڕەییەی خۆیانیان نەک بە لەکارخستنی مەکینەکان بەڵکوو زۆر جار بە پەلەقاژە و هەوڵی ناچارەکییش هەر دەردەبڕی.
ئیتر، کاتێک بۆناپارت پەیمانێکی تەواو بەسوودی لەگەڵ نەمساییەکان بەست کە لە ئاکامی ئەو پەیمانەدا خاکێکی زۆر و زەوەندی ئەڵمانیا و

ئیتالیای دەکەوتە بن دەست و، کاتێک پاش مەرگی پۆل پەیمانی لەگەڵ ئەلکساندری جێنشینی بەست و پێشنیاریشی کرد لەگەڵ ئینگلتەرایش وەها پەیمانێک ببەستێ، دەسەڵاتدارەتیی ئینگلتەرا کە لەودەمەدا ئیتر لە تێکشکاندنی فەرەنسا بێهیوا ببوو، بڕیاری دا لەگەڵی بکەوێتە دانوستانەوە. ویلیام پیت ڕێک پێش کۆژرانی پۆل دەستی لەکار کێشابۆوە و لۆرد هاکسبێریی وەزیرە تازەکەی دەرەوەی کابینەکەی ئەو ڕایگەیاند، کە ئینگلتەرا دژی بەستنی پەیمانەکە نیە.

دانوستانی ئاشتی لە شاری ئامیەنس دەستی پێ کرد و پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئینگلتەرا لە ڕێکەوتی 26ی مارسی 1802 لەو شارەدا مۆر کرا. بەپێی ئەو پەیمانە ئینگلتەرا جگە لە سەراندیب "سەیلان" و ترینیتێ، هەموو ئەو شوێنانە ڕادەستی فەرەنسا بکاتەوە کە لە ماوەی 9 ساڵ شەڕ لەگەڵ ئەو وڵاتەدا توانیبووی لە چنگی دەربێنێ بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی فەرەنسا خۆی حوکمەتی بۆ پێکهێنابوون. دوورگەی مالتیش دەبوایە بدرێتەوە بە تاقمی سوارچاکانی مالت.

ئینگلتەرا ئەستۆکەچ دەبوو کە هەموو ئەو شوێنانەی لە جەنگەی جەنگدا لە دەریای ئادریاتیک و دەریای سپیی نێوەڕاستدا دەستی بەسەردا گرتبوون، چۆل بکا. فەرەنساش ئەستۆکەچ دەبوو کە لە میسر بچێتە دەرێ. لەشکرەکەی لە ڕۆماوە بانگ بکاتەوە و باقی ملکەکانی دەرباری پاپاش ڕادەستی بکاتەوە. ئەوە بوو مەرجە سەرەکییەکانی پەیمانی ئاشتی. بەڵام گرینگترین بابەتەکان ئەوانە نەبوون. ئاخۆ هەر لەبەر ئەوە بوو کە نەجیبزادە و بۆرژوازیی ئینگلتەرا لە ماوەی 9 ساڵدا ملیۆنان لیرەی بۆ سەربازەکانی خۆی و سەربازی باقی وڵاتەکان خەرج کردبوو و چەک و جبەخانەکانی خۆی لە هەموو زەریاکاندا خستبووە جوولە؟

ئەوەی لە هەموو شتێک بۆ دەستەی بەڕێوەبەریی ئینگلتەرا بەژانتر بوو، ئەوە بوو کە نەیتوانیبوو تەنانەت یەک بستۆکەش لەو شوێنە ئەورووپیانەی بۆناپارت گرتبوونی لە بن دەستی وی دەربێنێ. بەلژیکا و هۆڵەند و ئیتالیا و کەناری چەپی ڕووباری ڕاین و پیەمۆن هەروا ڕاستەوخۆ لە بندەستی بۆناپارتدا مابوونەوە. هەموو ئەو مەملەکەتانە تەواو داگیرکراو یان نیوەداگیرکراوانەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی ناپلیۆن باڵی بەسەردا کێشابوون، بازاڕگەلێک بوون بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی پیشەسازیی ئینگلیزی و کاڵاکانی کۆلۆنییەکانی ئینگلتەرا کە ئێستا ئیتر لەکیس چووبوون. هەموو هەوڵی نوێنەرە دەستئاوەڵاکانی ئینگلتەرا لە ئامیەنس بۆ داڕشتنی گرێبەستێکی بازرگانی بوون کە هەرنەبێ تا ڕادەیەک بە سوودی ئینگلتەرا بێ، کەچی شکستیان هێنابوو. کەوابوو پێش هەموو شتێک بازاڕ پڕ بەرەکەتەکەی نێوخۆی فەرەنساش وەک سەردەمی پێش بۆناپارت هەروا بە ڕووی ئینگلتەرادا دادەخرا.

بە تایبەتی لە ڕووی سەربازی و سیاسیشەوە، ئەمنیەتی ئینگلتەرا لە هەمبەر مەترسیی هێرشی فەرەنسیەکان هێشتا جێی دڵنیایی نەبوو. تا ئەو کاتەی بۆناپارت بەسەر بەلژیک و هۆڵەندادا زاڵ بوو، زۆرجاران دەیگوت: "بەندەری ئانۆرس، دەمانچەیەکی لەسەر پێیە، کە سێرەی لە دڵی ئینگلتەرا گرتووە."

پەیمانی ئامیەنس لەوانەبوو بەردەوام بێ، چونکە ئینگلتەرا ئەوەندەش خۆی بە زیانلێکەوتوو نەدەزانی. بەڵام وەختایەک خەڵک لە پاریس و شارەکانی دی هەواڵی مۆرکرانی پەیمانی ئامیەنسیان بیستەوە، هەر لەخۆشیان شاگەشکە بوون. وەک بڵێی سامناکترین و سەرسەختترین و قەستەسەرترین دوژمنی فەرەنسا دانی بە شکستی خۆیدا نابێ و هەموو

سەرکەوتن و داگیرکەرییەکانی بۆناپارتی پشتڕاست کردبێتەوە. ئەم جەنگە درێژخایەن و مەینەتبارە لەگەڵ ئەورووپا لە هەموو بەرەکاندا سەرکەوتنی لێبڕاوانەی لێ کەوتبۆوە.

5

چارەنووس وەها بوو کە لە سەردەمی ناپلیۆندا فەرەنسا و ئەورووپا ماوەیەکی زۆر ئاشتی و هێمینیی بەخۆوە دی. بەڵام ئەو دووسالّە لە بەهاری 1801ـەوە یانی ڕێکەوتی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ نەمسا تا بەهاری 1803 کە پاش ئاشتییە کورتەکەی ئامیەنس دیسان جەنگی گەل ئینگلتەرا دەستی پێ کردەوە، ناپلیۆن ماندوویی نەناسانە خەریکی ڕێکخستنەوەی وڵات و یاسادانان بوو. ئەو پاش ئەوە دەیتوانی هەموو توانای خۆی بۆ یاسادانان تەرخان بکا، کە بڵێی و نەڵێی تا ئەو ڕۆژە وەدرەنگێی خستبوو. بە دڵنیاییەوە پاش شەڕەکەی مارەنگۆ ئەو خەیاڵەی کەوتبووە سەری. بەڵام ئیتر کە پەیمانی ئاشتییەکی لێبڕاوانە و یەکلاکراوە لەگەڵ نەمسا و ئینگلتەرا نەبەسترابوو و، پێوەندییەکەی لەگەڵ ئیمپراتۆر پۆلی ڕووسی دەبووە هۆی ئەوەی زەینی بەردەوام بە جەنگی تازە و پڕ دەردیسەر و سەرکەوتنی دوورەدەستی دیکەوە سەرقاڵ بێ، نەدەپەرژا ئەو شتانە بخاتە سەرووی کارەکانیەوە.
ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو کە ئەو بتوانێ زنجیرەیەک کاروباری ئیداری و ئابووری و دارایی یان پێوەندیدار بە یاسادانانی مەدەنی و سزادان تاوتوێ و چارەسەر بکا. وەختایەک ناپلیۆن پێویست بوایە بە کارێکی حکوومی ڕابگا کە لێی شارەزا نەبوو، بەو جۆرە دەجوولایەوە: بۆناپارت خۆی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دەوڵەتیی کە هەر خۆیشی دایمەزراندبوون بەڕێوە دەبرد و پاش ئەوەی ڕاپۆرتی وەزیرەکانی

دەبیست، فەرمانی دەکرد ئەو کەسانەی بێننە لای کە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتەکانیان دابڕشتووە، ئینجا ڕوونکردنەوەی تێر و تەسەلی لێیان دەویست. ئەو دواندنی پسپۆڕان و لێفێربوونیانی لە هەموو شتێک بەلاوە خۆشتر بوو. ئۆژن دێبۆهارنێی زرکۆڕی کە دواتر بوو بە جێنشینی پادشای ئیتالیا، ئامۆژگاری دەکرد کە بنیادەم لە شارێکی نامۆدا، لەبری ئەوەی کاتی خۆی لەخۆوە بەفیڕۆ بدا، باشترە بچێ لەبارەی ئەو شارەوە شت فێر بێ، چونکە کێ چووزانێ ڕۆژێک ناچار نابێ ئەو شارە بگرێ. ناپلیۆن هەموو شتێک لەم ڕستەیەدا کورت دەکاتەوە: "کۆکردنەوەی زانیاری بۆ ئەوەی بە کردەوە بەکاریان بێنێ." ئەو کە باسی وردەکاریی بارکردنی کەشتیەڤ فەرەنسی و ئینگلزییەکان و جیاوازیی نێوان پەت و گوریسی ئەو کەشتییانەی بۆ کەشتیەوانە بەریتانییەکان دەکرد، تووشی سەرسووڕمانی دەکردن.

وەک دواتر دەبینین، ناپلیۆن گرینگییەکی زۆری بە ئابووری دەدا (ئابووری لەو سەردەمدا بریتی بوو لەو پرسانەی پێوەندییان بە گەشەی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییەوە هەبوو) و، هێشتا دوو ساڵ لە فەرمانڕەواییەکەی تێنەپەڕیبوو کە وەها لە بابەتەکانی بەرهەمهێنان و بازاڕەکانی فرۆشتن و قەوالّەکانی گومرک و کرێی هێنان و بردنی دەریایی و وشکانی شارەزا ببوو، کە وەک بازرگانەکانی لیۆن دەیزانی کە مەخمەر(قەدیفە)ی لیۆن بۆچی گران یان هەرزان بووە و، دەیزانی ئەو بەڵێندەرەی لە دوورترین شوێنی ئیمپراتۆرییەکەی ئەو خەریکی لێدانی جادە و ڕێگەوبان بوو، ئاخۆ گزیی کردووە یان نا. جا نەک دەشیتوانی بە لێهاتوییەوە کێشەیەکی سنووری چارەسەر بکا و کۆتایی بە کێشەی دەولّەتانی ئەلّمانی و ئەیالەتە خودموختارەکان لەسەر خاک و زەوی بێنێ، بەلّکو دەشیتوانی پێشینەی مێژوویی ئەو

کێشە سنووریانە و داواکارییانەی خاک و زەوی، بکاتە بەڵگە و پاڵپشتی قسەکانی خۆی.
ناپلیۆن بە وردی گوێی دەدایە قسەی هەموو ئەو کەسانەی کە پێی وا بوو شتێکیان لێ فێر دەبێ، بەڵام هەمیشە خۆی بڕیاری دەدا. ئەو بەپێی عادەتێکی دەیگوت: "سەرکەوتووی جەنگ ئەو کەسە نییە کە ئامۆژگاریی باش دەردەکا، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە بەرپرسیارەتیی ئەو ئامۆژگارییە باشە دەگرێتە ئەستۆ و فەرمان دەردەکا. ئاخر لەوانەیە لە نێو ئەو هەمووە ڕا و بۆچوونەی کە فەرماندەی گشتی کۆی کردوونەتەوە هەر یەکێکیان ڕاست بێ، جا دەبێ بتوانی ئەو بۆچوونە ڕاستە هەڵبژێری و کاری پێ بکەی. لەبارەی ڕیفۆرمی یاسادانان و ستراتژیی سیاسەتی نێوخۆییش هەر وەهایە. دەرکردنی فەرمان بە مانای کۆتایی کار نییە، بەڵکوو دەسپێکی کارەکەیە. ناپلیۆن باوەڕی وابوو کە لە هەڵسووڕاندنی مەملەکەتدا، چاودێری بەسەر جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا، هێندەی دەرکردنی فەرمانەکان گرینگە. کاتێک فەرمانێک جێبەجێ نەدەکرا، یان لە جێبەجێکردنیدا خۆیان دەگنخاند، بە ئەرکی بێ ئەملا و ئەولای سەرشانی وەزیری دەزانی لێی بکۆڵێتەوە و بە دیاریکراوی دەسنیشانی بکا ئاخۆ کێ بەرپرسیارە. ئەو کارمەندە بەتەمەنانەی لە بندەستیدا خزمەتیان کردبوو، دەیانگێڕاوە کە کارمەند لە دامودەزگای ئەودا دەبێ درەنگ بخەوێ و زوو هەستێ. بە باوەڕی وی دەوڵەت دەبێ بتوانی چەندی بۆی دەلوێ کار بە کاربەدەستی خۆی بکا و ئەگەر لەو سیستەمەدا خەڵک زۆر نەدەژیان، بۆ دەوڵەتەکە زۆر گرینگ نەبوو. تەنانەت زۆر ڕاشکاوانە ڕای خۆی لەم بارەیەوە بەو ڕستەیە دەردەبڕی: "نابێ بهێڵی پیاوەکان پیر بن." و، بە ڕای ئەو نهێنیی فەرمانڕەوایی لەو ڕستەیەدا بوو. ئەو هەوڵی دەدا مز و مووچەی

پێویست بە کارمەندەکانی دەوڵەت بدا، بەڵام لەبەرانبەردا چەندی توانیبای کاری پێ دەکردن. ئەو خۆی شەو و ڕۆژ کاری دەکرد و تەنیا چەند سەعاتێکی بۆ خەو تەرخان دەکرد و چارەگە سەعاتێکی بۆ نانی نیوەڕۆ و لەوەش کەمتری بۆ نانی بەیانی دانابوو. ناپلیۆن بە پێویستی نەدەزانی پتر لە خۆی ڕەچاوی حاڵی خەڵک بکا و ڕێک بەو شێوەیەیش لەگەڵ سەرباز و ئەفسەرەکانی دەجوولایەوە و بۆ ئەوەی کارمەندەکان ناچار بکا خۆیان بە کارەکەوە بکوژن، تەنیا پەنای بۆ دەرکردن و سزادان و دادگایی نەدەبرد. تێرمۆکی پیر کە لە سەردەمی ناپلیۆندا وەک کارمەندی ڕاوێژکاری باڵا و دواتریش لە پۆستی ژمێریاری لە ئەنجومەنی دەوڵەتیدا ماوەیەکی زۆر نیری خزمەتی لە ئەستۆیدا ببوو، دەیگێڕاوە، کە ناپلیۆن دەیتوانی لەگەڵ نزمترین کارمەندی خۆیدا وەها خۆمانە بدوێ وەک بڵێی لەگەڵ هاوشانێکی خۆی قسە دەکا و بەو کارەش ئاگری پیرۆزی ئەشق لە دڵیاندا هەڵاییسێنێ و بەو هونەرەی خۆی وەک چۆن سەربازەکانی شێت و شەیدای خۆی دەکرد، کارمەندەکانیشی ئاوا لێ دەکرد. کارمەند هێندەیان کار دەکرد لە پەلوپۆ دەکەوتن، هەر وەک چۆن سەربازەکان لە شەڕگەدا دەمردن.

بەردەستەکانی ئەو چ لە کاروباری ئیداریدا و چ لە مەیدانی جەنگدا بۆ وەرگرتنی نیشانێکی شانازی یان هەر زەردەخەنەیەک لە گەورەکەی خۆیان ئامادە بوون خۆیان بە کوشت بدەن.

بە گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی کە پاش بەستنی پەیماننامەی ئامیەنس بەپەلە ڕێک خرا و لە سۆنگەی فەرمانەکەی ڕێکەوتی 12ی ئۆگۆستی 1802 کە بۆ پشتڕاستکردنەوەی "ویست و داخوازییە گشتییەکان" دەرکرا، ناپلیۆن بۆناپارت بە هێنانەوەی 3568885 دەنگی ئەرێ لە هەمبەر 8374 دەنگی نەخێردا، کرابوو بە کونسوڵی هەمیشەیی کۆماری

فەرەنسا. ئیتر بەو دەسنیشانکرانەدا ڕووون و ئاشکرا دیار بوو فەرەنسا بووەتە حکومەتێکی سەرەڕۆی تاکبڕیار و زۆر ناخایەنێ کونسوڵی یەکەم ڕایدەگەنێ کە پادشا یان ئیمپراتۆرە.
ئەو هەر وەک چۆن لەگەڵ دیکتاتۆریی "کۆماری"یەکەی خۆی جووڵابۆوە، ئێستایش دەیویست تەختی پادشایەتییەکەی ئایندەی خۆی لەسەر کۆڵەکەی پتەوی بۆرژوازیی مەزنی شار و گوندەکان و تویژی دەوڵەمەند واتە بازرگان و پیشەسازە گەورەکان و نەجیبزادە ملکدار و جووتبەندەکان دامەزرێنێ. مافی ملکداریی بێسنوور بنەمای سیستەمە نوێیەکەی ئەو بوو. لە لایەکەوە هەموو مافێکی لەمێژینەی ملکایەتیی دەرەبەگەکان "سینیۆرەکان" بەسەر ئەو زەوی و زارانەدا کە لە قەدیمەوە ئی باب و باپیران بووە بۆ تا هەتایە هەڵوەشێنرابوونەوە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە مافی خاوەندارێتیی ئەوانەی ملکەکانیان کڕیبۆوە و خاوەنی ملکە دەسبەسەرداگیراوەکانی پەنابەران و کلێسا و دێرەکانی سەردەمی شۆڕش بەبێ ئەوەی لەبەرچاوی بگرن خاوەنەکەی ئێستایان کێیە، بەتەواوی و بێ گەڕاندنەوە چەسپێنرابوو.
لە بابەتی بازرگانی و پیشەسازیەوە، لەلایەکەوە مافی بێ ئەملاو ئەولا بە خاوەنی دامەزراوە بازرگانی و پیشەسازییەکان دەدرا کە لەسەر بنەمای "گرێبەستی دوولایەنە" لەگەڵ کارمەند و کرێکارەکان پێوەندیی بازرگانی دروست بکەن، یانی سەرمایەدارەکان دەستیان ئاوەڵا بوو چۆنی پێیان خۆشە سەرمایەکانیان بخەنە گەڕ و کرێکاران بچەوسێننەوە بەڵام کرێکارەکان لە هەموو ماف و دەرەتانێکی خەباتی بەکۆمەڵ دژی چەوسێنەرەکانی خۆیان بێبەش کرابوون. لەلایەکی دیکەوە زەمانەت بە بازرگان و پیشەگەرانی فەرەنسی درا، کە حکومەتی ناپلیۆن دەیەوێ و دەتوانێ سەرکەوتووانە ببێتە پشتیوانی بازاڕی

نێوخۆی فەرەنسا لە هەمبەر کێبەرکێی دەرەکیدا و بەشێک لە ئەورووپا و لەوانەشە هەموو ئەورووپا بکاتە گۆڕەپانی بەهرەوەرگرتنی سەرمایە بازرگانی و پیشەسازییەکانی فەرەنسا. ناپلیۆن دڵنیا بوو کە ئەو ڕێژیمەی بە دەستی خۆی دامەزراوە و پتەو کراوە و سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکەی ئەو، وا دەکا بۆرژوای بازرگان و پیشەساز و جووتبەندەکان(جووتیاری خاوەن زەوی)یش چاوپۆشی لە هەموو دەستدرێژی و زوڵمێکی ئەو بکەن و بەلای چالاکیی سیاسی و ئیداری و یاسادانانەوە نەچن و مل بۆ هەرچەشنە تاکبڕیارییەک تەنانەت ئەگەر لە سەرەڕۆییەکەی سەردەمی لوێسی چواردەیەمیش تووندتر بێ ڕاکێشن و ڕازی بن بە فیداکاری و گیانلەسەردەستی و ئەو سەربازگیریانەی کە تەنانەت لە تاریکترین قۆناغەکانی ڕێژیمەکەی پێشووشدا شتی وایان نەدیتبوو.

6

جا چونکە ناپلیۆن لێبڕابوو هە کۆسپ و لەمپەرێکی بێتە سەر ڕێگەی سەرکەوتنی پێوەندییە سەرمایەدارییەکان و هەر کەسیش کۆسپ و تەگەرەی بخاتە سەر ڕێ لەناوی بەرێ، تەنیا بە لێبوردن لە پەنابەران و دانەوەی بەشێک لە ملکەنەفرۆشراوەکان ڕانەوەستا، بەڵکوو دەراوی بۆ ئاشتبوونەوەی فەرمیی دەوڵەتی فەرەنسا لەگەڵ کلێسای کاسۆلیکیش خۆش کرد. لە 18ی برۆمەرەوە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە ئایینیەکان ئازاد کرابوون. ئینجا ناپلیۆن ڕێگەی دابوو ئایینی یەکشەممانیش بەڕێوە بچێ و زۆربەی قەشە دوورخراوەکانی گێڕابۆوە و هەندێکیشیانی لە زیندان ئازاد کردبوو. پادشان ناپلیۆن دەرگای دانوستانی لەسەر کۆمەڵێک مەرج لەگەڵ پاپا خستە سەر پشت، کە لەو سۆنگەیەوە

ئایینزای کاسۆلیکی وەک "ئایینی زۆرینەی نەتەوەی فەرەنسا" بە فەرمی دەناسی و کلێسای کاسۆلیکی دەخستە بەر سێبەری پشتیوانیی دەوڵەتەوە.

ئەو دانوستانانە، مۆرکرانی ڕێککەوتننامە بەناوبانگەکەی کۆنکۆرداتی لێ کەوتەوە، کە بە ڕای مێژوونووسانی بۆرژوازی "شاکاری زیرەکیی دەوڵەت" بوو.

لە ڕاستیدا ئەم ڕێککەوتننامەیە بە مانای پاشەکشە لە بەشی هەرە زۆری ئەو ئیمتیازاتانە بوو کە شۆڕشی فەرەنسا بە قازانجی ئازادیی بیر و ڕا لە کلێسای زەوت کردبوون. لە حاڵێکدا شۆڕش دەسەڵاتی فەرمیی پیاوانی ئایینی کاسۆلیکی بەسەر میللەتی فەرەنسادا مەحاڵ کردبوو، ئێستا ناپلیۆن ئەو دەسەڵاتەی دەدانەوە. ناپلیۆن لەبەر چی ئەوەی دەکرد؟ وەڵامەکە ڕوونە و هیچ گومانێکی تێدا نییە.

بە دڵنیاییەوە ناپلیۆن کافری موتڵەق نەبوو، بەڵام دەکرێ بڵێین ئیمانێکی سووک و ناڕوونی بەخوا هەبوو. لە هەموو ژیانیدا کاتێکی زۆر کەمی بۆ مشتومڕ و چەلەحانیە مەزهەبییەکان تەرخان کرد. قەت نەبوو بە ڕەهایی تەوەکول بکا بەو خوایەی خواپەرستەکان بۆیان باس دەکرد و هەرگیز وای نەنواند کە تۆزێکیش چییە ئارەزووی عیرفانیی تێدا هەیە. ئیتر هەرچۆنێک بێ، ئەو نەجیبزادە ئیتالیاییەی، یانی کۆنت کیارامۆنتێی کە ساڵی 1799 ببوو بە پاپا، بە جێنشینی پێترۆسی حەواری یان جێنشینی خوا لەسەر زەوی نەدەزانی، بەڵکوو بە پیرەپیاوێکی فێڵبازی دەزانی کە بە دڵنیاییەوە ئامادەبوو بۆ گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن بۆ سەر تەختی دەسەڵاتی فەرەنسا، بەگیان و دڵ پیلان بگێڕێ بۆ ئەوەی ملک و ماڵە زەوتکراوەکەی کلێسا لەسەردەمی شۆڕشدا وەرگرێتەوە، بەڵام لە بۆناپارت تۆقیبوو، چونکە هەموو ئیتالیا لە بندەستی

فەرەنسیەکاندا بوو و پاش شەڕەکەی مارەنگۆش شاری ڕۆما و پاپا ئیتر کەوتبوونە بن چنگ و ڕکێفی کونسوڵی یەکەمەوە.

"پیوس"ی حەوتەم هەر زراوی لە ناپلیۆن چووبوو و وەک دەستدرێژیکەر و چەتەیەک لێی دەڕوانی. ناپلیۆنیش کە بڕوای بە تاقە یەک قسەی پیوس نەبوو، ئەوی بە پیاوێکی فێڵباز و درۆزن و پیلانگێڕ دەزانی. هەر دووکیان ئاوا سەیری یەکتریان دەکرد و ئەو باوەڕەشیان هەم پێش دەسپێکی دانوستانەکانی ئاشتی و هەم پاش بەستنی پەیماننامەکە هەر پاراست و دواتریش دیارە هیچ کامیان تا سەرەمەرگیش لەو بۆچوون و باوەڕەی خۆیان دڕدۆنگ نەبوون.

کەسایەتیی پاپا زۆر مەسەلە نەبوو، بەڵام دامەزراوەی کلێسای کاسۆلیک لە ڕوانگەی ناپلیۆنەوە هێزێک بوو، کە پشتگوێخستنەکەی مەحاڵ بوو. نەک هەر لەبەر ئەوەی کە ئەگەر کلێسا هەر لەبەرەی دوژمندا بێ، لەوانەیە زیانی گەورەی لێ بکەوێتەوە، بەڵکوو زیاتر لەو ڕوانگەیەوە کە ئەگەر بیهێنێتەوە بەرەی خۆی، دەکرا زۆر سوودی باشی لێ بەرهەم بێ. ناپلیۆن کە کالیۆستروی سەرچڵ و کانتی فەیلەسووفی بە عارەبانەیەک دەگرت، دەیگوت: قەشەکان لە کالیۆستروکان و کانتەکان و هەموو خەیاڵکەرە ئەڵمانییەکان بەنرختترن."

جا لەو قسەیەی خۆی زیاد دەکرد و دەیگوت، چونکە گەوهەری بنیادەم وەهایە کە حەزیان لێیە بڕوا بە کەرامات و پەرجۆ بکەن، وا باشترە ڕێگەی کلێسایان بۆ بخەینە سەر پشت بۆ ئەوەی بچن و گوێ لە ئاموژگارییە ئایینیە دروستکراوەکان بگرن، بەڵام ڕێگە نەدەین زۆر فەلسەفە لێدەن.

ناپلیۆن دەیگوت بۆ ئەوەی خەڵک تووشی مێکوتە و خرۆێلکە نەبن، پێکوتەیان لێ دەدەن. بە جۆرێکی دیکەی بڵێین، ڕێککەوتن لەگەڵ ئەو

پیرە فێڵبازە یانی کۆنت کیارامۆنتێ کە خۆی ناونابوو پاپای حەوتەم و خەڵکەکەش لە بنێڕا ئەوەندە گەمژە و گەلحۆ بوون، کە بڕوایان دەکرد ئەو نوێنەر و جێنشینی خوایە لەسەر زەوی و وای پێ باشتر بوو، پۆلیسە ڕەشپۆشە لەژمارەنەهاتووەکانی "پاپا پیوس"ی حەوتەم شان بە شانی جەندرمە و پۆلیسەکانی فۆشێ ئەرک بگرنە ئەستۆ، نەک ئەوەی لێگەڕێ دوژمنان یانی بۆربۆنەکان ئەو خێڵی پێشنوێژ و قەشەیە بەکار بێنن، یان خەڵکی بندەستەڵاتەکەی خۆی بخاتە باوەشی خەیاڵکەران و فەیلەسووفگەلێکەوە کە هیچ کەس نەیدەزانی دەڵێن چی و، لەو ڕێگەیەوە ئازادیی بیروڕا هانیان بدەن. جگە لەوەش، ناپلیۆن باش دەیزانی ئەو پۆلیسە ڕەشەی کاسۆلیک بۆ کاملکردنی سەرکوتی ئایدۆلۆژیی سەدەی ڕۆشنگەریی هزر و شۆڕش، کە لە ڕوانگەی ئەوەوە(ناپلیۆن) تا بڵێی قێزەون بوو، لە هەموو هۆکارێک بەسوودترە.
ڕێککەوتننامەکەی نێوان پاپا و ناپلیۆن کە بە کۆنکۆردات بەناوبانگە، لە جانیوەری 1801دا مۆر کرا و لە 15ی ئەپریلی 1802دا ئەو یاسایە دەرکرا، کە لە سۆنگەی ئەم ڕێککەوتننامەیەوە کاری پێ دەکرا و ڕێکخراوە تازەکەی کلێسای کاسۆلیکی لە فەرەنسادا دەسنیشان دەکرد. با بێینە سەر هەندێ لە بنەماکانی ڕێککەوتننامەی گۆرین:
ناپلیۆن ئایینزای کاسۆلیکی بە ئایینزای "زۆرینەی هەرە زۆری فەرەنسیەکان" دادەنا، نەک بەو جۆرەی لە پێش شۆڕشدا ئایینزای فەرمیی دەوڵەتی فەرەنسا بوو. ئەو ڕێگەی دەدا لە سەرانسەری وڵاتدا ڕێوڕەسمەکانی ئەو ئایینزایە ئازاد بن. لە بەرانبەردا پاپا ئەستۆکەچ دەبوو کە هەرگیز داوای وەرگرتنەوەی ئەو ملکانەی نەکاتەوە کە لەسەردەمی شۆڕشدا دەستیان بەسەردا گیرابوو. ناپلیۆن بە ئارەزووی خۆی وردە ئۆسقۆفەکان و ئۆسقۆفە مەزنەکانی هەڵدەبژارد و پاش وی،

پاپا بڕیارە شەرعییەکانی بۆ دەردەکردن. ئینجا ئەو قەشانەی لەلایەن ئۆسقۆفەکانەوە دادەنران، هەتا دەوڵەت دەسنیشانکرانەکەیانی پەسند نەکردبایە، نەیاندەتوانی پۆستەکەیان وەرگرن. لە فەرەنسادا، ئەو فەرمان و حوکمانەی ناوەندی پیاوانی ئایین و پاپاش دەریاندەکردن، ڕێگەپێدراو نەبوون، مەگەر ئەوەی بۆ هەر شتێکی دیاریکراو مۆڵەتیان وەرگرتبایە. ئەوانە بنەماکانی ڕێککەوتننامەی کۆنکۆردات بوون، کە زیاتر لە سەد ساڵ پاش ناپلیۆنیش هەر لەجێی خۆیان مانەوە. ناپلیۆن لە لێکدانەوەکانیدا بەسەهوو نەچووبوو، چونکە پاش ڕێککەوتننامەکە زۆری نەبرد (لە سەردەمی ئیمپراتۆریدا) پیاوانی ئایینی کاسۆلیک لە هەموو مەدرەسەکانی فەرەنسادا فێرکردن و گوتنەوەی وانە شەرعییەکانیان کردە زۆرەملی، کە تێیاندا ئەم بنەمایانە وشە بە وشە گونجێنرابوو و قوتابییەکان دەبووایە ئەزبەریان بکەن: " 1. خوای گەورە ئەو ـ واتە ناپلیۆن ی وەک نوێنەر و نوێنگەی خۆی لە دنیادا هەڵبژاردووە. 2. هەر کەس ئەرکی سەرشانی خۆی بەرانبەر ناپلیۆن بەتەواوی ڕانەپەڕێنێ، بێ ئەمریی خوای کردووە و دەبێ بەر تووک و لەعنەتی تاهەتایی بکەوێ." ئەو وانە شەرعیانە زۆر ڕاستیی دیکەی لەو چەشنەشی فێر دەکردن. لە بۆنە ئایینیەکاندا و لەسەر مینبەرەوە مەوعیزەیان دەکرد کە "ڕۆحولقودووس" وای ویستووە، بە شێوەی کاتی لە جەستەی ناپلیۆندا دەرکەوێتەوە بۆ ئەوەی پشێوی و ڕەشبینییەکانی شۆڕش بنەبڕ بکا و لە ڕاستیشدا مانای سەرکەوتنە پەیتاپەیتاکانی کونسوڵی یەکەم "دواجار ئیمپراتۆر" بەسەر هەموو دوژمنە دەرەکییەکاندا لە سایەی هاوکاریی ڕاستەوخۆی "ڕۆحولقودووسە" لە کاروباری سەربازی و ستراتژیدا. لە مانگەکانی نێوان سەرەتاکانی ئیمزای پەیماننامەکەی نێوان پاپا و ناپلیۆن و پەسندکرانی یاسای کۆنکۆردات، ناپلیۆن دەستی دایە

دروستکردنی نیشانی لۆژیۆن دێهۆننۆر کە ئێستاش لە فەرەنسادا باوە. ئەو لەسەرتای ساڵی 1801دا کەوتبووە بیری ئەوەی نیشانێکی شانازی بۆ پاداشتی لەشکری و نێوخۆیی دروست بکا. ئەو نیشانە دەبوایە دەرەجەی جۆراوجۆری لەخۆ گرتبایە و بەخشینەکەشی تەنیا بە ویست و فەرمانی فەرمانڕەوای بێجڵەو بێ.

لە سەردەمی ناپلیۆندا، بنەما و بنچینەکانی فێرکاریی گشتی کە هەتا ئێستاش هەر وەک خۆی ماوەتەوە داڕێژرا. ڕاستە ئەو سیستەمە هێشتا قوتابخانە سەرەتاییەکانی نەدەگرتەوە، بەڵام لە بواری ڕاهێنان و پەروەردەی ناوەندی و بەرزدا هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا نەهاتووە.

لە سەرووی هەموشیانەوە، زانکۆیە لە ژێر ئەمری مامۆستای مەزندا، نازناوێک کە ئێستاش بە وەزیری ڕۆشتنبیری و کولتووری دەدرێ. زانکۆی سەردەمی ناپلیۆن ئەم بەشانەی لەخۆ دەگرت: 1. پەروەردە و فێرکاریی ئابووری. 2. دواناوەندییەکان.

ئەرکی سەرەکیی قوتابخانە پسپۆڕییە گەورە و تایبەتییەکان کە لە سەردەمی ناپلیۆندا دامەزران، ئەوە بوو کە پسپۆڕی تەکینکی و ئەندازیار و پارێزەر و دادوەر و کارمەندی ئیداری و دارایی پەروەردە بکا. دسیپلینی توندوتۆڵی ئەو قوتابخانە وەک ئی سەربازی وابوو و تاقیکارییەکانیشیان زۆر ئەستەم و گران بوو. بەڵام دوا ناوەندییەکان بەتایبەتی لە ئەستۆیان بوو ئەفسەر پەروەردە بکەن. قوتابی هەر لە دواناوەندی دەرچووبایە تاقیکردنەوەیەکی کاملّکەر، دەرگای قوتابخانەی تایبەتیی سەربازیی بۆ دەخستە سەر پشت. قوتابییە کۆنەکانی دواناوەندییەکان دەیانتوانی ڕاستەوخۆ ببنە کارمەندی ئیدارەکانی وڵات، بەڵام ئیتر نەیاندەتوانی ئەو پوان و ئیمتیازانەیان هەبێ کە دەرچووی

کۆلێژەکان وەریاندەگرت، یان بگەنە ئەو پۆست و پلە بەرزانەی ئەوانی دی پاش تەواوکردنی دواناوەندی و فلّان و فیسار کۆلێژی بالّا پێی دەگەیشتن.
ناپلیۆن حەزی لێ بوو خۆی وەک پشتیوانی زانست و زانیاری نیشان بدا. پشتی بیرکاریزان و کیمیازان و گەردوونناس و فیزیازانەکانی دەگرت و بەتایبەتی گرینگیی بە زاناکانی شارەزای میسر(میسرناسەکان) دەدا، چونکە میسرناسین بە چەمکە زانستییەکەی، لەو کاتەوە پەیدا ببوو، کە ئەو لەشکری کێشایە سەر کەنارەکانی نیل. بەلّام ئەو ئەنجامی باشی لە زانست دەویست و تەنیا ڕێزی لە لایەنە سوودمەندەکانی دەگرت. ئەو لە نامەیەکدا کە ساڵی 1812 لە شاری ڤیێنسکی ڕووسیاوە بۆ لاپلاسی زانا و گەردوونناسی فەرەنسیی نارد، ڕاشکاوانە داوای لێ کرد زانست پێش هەموو شتێک دەبێ لە پێناو شانازییەکانی ئیمپراتۆریدا بخرێتە کار. لەو هەلومەرجەدا تەنانەت زانستگەلی ڕووتی وەک گەردوونناسیش دەتوانن بەشی خۆیان خزمەت بکەن. بەلّام ئەو حەزی لە زانستە تیۆرییەکان نەبوو و باوەڕی پێ نەدەکردن. بۆ وێنە چاوی بە تاسیتی مێژوونووسی ڕۆما هەلّنەدەهات، لە سۆنگەی ئەو بێڕێزییانەی بە قەیسەرەکانی ڕۆمای کردبوو.
فەلسەفەی سەدەی ڕۆشنگەری (مەبەست سەردەمی شۆڕشە) بۆ ئەو لە ئایدۆلۆژیایەکی قێزەون بەولاوە هیچ نەبوو. لە ئابووریی سیاسیدا بەتایبەتی لە تیۆریی فیزیۆکراتەکاندا جگە لە شەڕلاتانی و شەڕانشۆیی بەولاوە هیچی نەدەدی و وەک شەڕانشۆیەکیش سەیری کانتی دەکرد. لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا بنەما و ئامانجی پەروەردە لە زانکۆ و قوتابخانەکانی دواناوەندیدا سوودگەیاندن و تەکنیک بوو.

ئامانجی هۆشیارانەی ناپلیۆن پێش هەموو شتێک، نەک سڕینەوەی هەموو جۆرە بیرەوەرییەکی سەردەمی تازەپشکووتنی شۆڕش و ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی بوو، کە بەلای ئەوەوە تەواو قێزەون دیار بوو، بەڵکوو دەیویست یادی ڕووداوە مێژوویییەکانی ئەو سالانەش لەبیر خەڵکی بەرێتەوە. نووسین لەبارەی شۆڕشەوە تەنانەت ئاماژەکردنیش بە شۆڕش و پیاوەکانی ئەو سەردەم تەواو قەدەغە بوو. نە ڕۆبسپیرێک لەدایک ببوو و نە مارا و بابۆف و نە تەنانەت میرابۆش. کاتێک لە 1807دا پیاوێک کە بەرانبەر داموودەزگای دەوڵەت زۆریش نیازپاک بوو، هەر بە ڕێکەوت ناوی میرابۆی هێنا، ناپلیۆن تووڕە بوو و نامەیەکی بۆ وەزیری پۆلیس نارد و گوتی: "لە سەرۆکی ئەنجومەنێکی زانستی ناوەشێتەوە ناوی میرابۆ بێنێ." تەنانەت وشەی "شۆڕشیش لە میدیاکاندا سڕدرابۆوە. ناپلیۆن لە کاتی هاتنە سەر دەسەڵاتەوە ـ وەک پێشتریش دیتمان ـ بیری کۆنەپەرستانەی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە کە هەڵسوڕاندنی میدیا پێویستی بە قەمچی و خەرەزەن هەیە، جێبەجێ کرد. ئەو ڕێک دوو مانگ و بڕێک پاش ڕێکەوتی 18ی برۆمەری ڕابردوو بەپێی فەرمانی ڕێکەوتی 27ی نیوز، شێست ڕۆژنامەی بەبێ هیچ ڕێوشوێن و دادگاییەک داخستبوو و تەنیا 13 ڕۆژنامەی هێشتبۆوە. ئەو 13 ڕۆژنامەیەش زۆری نەبرد 4یان لێ مایەوە. ئەو 4 ڕۆژنامەیەش کە ئینگلیزەکان لە سۆنگەی بچووکیەکەیانەوە پێیان دەگوتن دەسرەی گیرفان، جگە لە بابەتگەلی سادە و بێتەرخ هیچیان بڵاو نەدەکردەوە، هەر بۆیە کەس نەیدەخوێندنەوە. ناپلیۆن تەنانەت نەیدەویست ڕێگە بەوەندە ڕۆژنامەیەش بدا بەپێی بنەما شۆڕشگێڕییەکان ململانێ بکەن، بە واتایەکی دی، هەر نەیدەویست خوێنەران وەبیریشیان بێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو بنەمایانە لەدایک

بوون. هەر بۆ وێنە دەرچوونی هێندێ ڕۆژنامەی ئەلمانی کە خەباتێکی شێلگیرانەیان دژی ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕی گرتبووە بەر و سەری ناپلیۆنیان گەیاندبووە کەشکەلان لەبەر ئەوەی شۆڕشەکەی کپ کردبوو، لە ئیمپراتۆرییەکەی خۆیدا قەدەغە کرد. ئەو ڕۆژنامانەی بۆیە قەدەغە کرد چونکە نەیدەویست لەو ڕێگەیەشەوە ڕەعیەت و بندەستەکانی هیچ شتێکیان لە شۆڕشەکە بیر بکەوێتەوە. تەنانەت زۆر بە توندی دەفتەرۆکەی ڕێنیشاندەر و ڕووبەڕووبونەوەکانی پێوەندیدار بە نەخشەهەڵگرتنەوەشی کە تێیاندا ئاماژە بە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕش کرابوو، قەدەغە کرد و ئەوەی پێش ئەو چاپ و بڵاو ببۆوە، بە پشکنین و چاودێری هەمووی کۆ کردنەوە. تەنانەت وەبیرهێنانەوەی ئەوەش کە سەردەمانێک لە سوویسرا و هۆڵەندا سیستەمی کۆماری هەبووە لە وتار و نامیلکەکاندا باسکردنیان قەدەغە بوو، ئەگەرچی ناپلیۆن تا ساڵی 1806 کۆمارەکەی هۆڵەندای هەر نەڕووخاند.
ساڵی 1810 کەسێک بەناوی باروێل بێوقێر هەوڵی دا کتێبێک بەناوی "کردەوەی فەیلەسووفان و کۆماریخوازان" بنووسێ. ئەو پیاوە کە لە کتێبەکەی خۆیدا چیی جنێوی پیس و قسەی ساردوسووکە بە شۆڕشگێڕەکانی دابوو و بە شوورەییترین ڕاوێژ کەوتبووە ماستاوچێتیی ناپلیۆن، دڵنیا بوو کە بەبێ هیچ کێشەیەک کتێبەکەی چاپ دەکرێ. بەڵام ئەو ڕێک لەوەدا بەسەهوو چووبوو.: کتێبەکە قەدەغە کرا و دەستی بەسەردا گیرا و لە بڕیاری فەرەمیی دەسبەسەرداگرتنەکەشدا گوترا: "بیرەوەرییە بەژانەکانی ڕابردووی زیندوو کردووەتەوە."
"ژاکۆبینیزمی نهێنی" تاوانێک بوو کە ناپلیۆن هەرگیز لەسەری لە ئەدیبان خۆش نەدەبوو و نیشانەی ئەو ژاکۆبینیزمە نهێنییەش لە ڕووی هێماگەلی سەیروسەمەرەوە دەسنیشان دەکرا: بۆ وێنە ئەگەر

نووسەرێک پەسنی ڕەوشتبەرزی و داوێنپاکیی ئاریستیدێ یان پاکی و مەزنیی کاتۆنی دابایە، دەسبەجێ گومانی لێ دەکرا، چونکە ئەسینا و ڕۆما کۆماری بوون و، ئەی ئەو نووسەرەش هەر بەو مەبەستە پەسنی دەسەڵاتە کۆمارییەکانی نەداوە؟

ناپلیۆن چاپەمەنیی وڵاتە داگیرکراوەکانیشی سەرکوت کرد. بچووکترین ئاماژە بە بندەستیی نیشتمانەکەیان نەک دەبووە هۆی داخرانی ڕۆژنامە و کتێبەکە، بگرە بڵاوکەرەوە یان نووسەرەکەیشی دەکەوتە مەترسییەوە. چارەنووسی پاڵما، ئەو کتێبفرۆشەی بە ویستی ناپلیۆن لە نۆرنبێرگ گوللەباران کرا بە تاوانی ئەوەی ئامادە نەببوو ناوی نووسەری ئەو نامیلکەیە ئاشکرا بکات کە ناپلیۆن بە خوێندنەوەکەی تێک چوبوو، دەیسەلماند بێت و نووسەر و بڵاوکەرەوەکانی وڵاتانی داگیرکراو تۆزێک دڵسۆزی بۆ نیشتمانە زوڵملێکراوەکەیان بنوێنن، تووشی چ چارەنووسێک دەبن.

سڕینەوەی هەموو جۆرە بیرەوەرییەکی ڕووداو و بنەماکانی شۆڕشگێڕی لە فەرەنسا، ئەویش بە سەرکوت و ڕاوەدوونان و لەنێوبردنی هەرچەشنە هێما و ئاماژەیەک بە ڕزگاریی نەتەوەیی و مافی خۆبەڕێوەبەریی نەتەوەکان لە ئەوروپای داگیرکراودا، ڕەوت و ڕێبازی سیاسەتی ناپلیۆن بوو بەرانبەر بە چاپەمەنییەکان.

7

دوو مانگ پاش مارەنگۆ و چەند حەفتەیەک پاش گەڕانەوەی لە ئیتالیا، کونسوڵی یەکەم بەپێی فەرمانێک کە لە 12ی ئۆگۆستی 1800دا دەریکرد، لێژنەیەکی ڕاسپارد کە "یاسا مەدەنییەکان" دارێژن بۆ ئەوەی کۆمەڵە یاسایەک دابنێن کە دەبوایە ببێتە بەردی بناغەی ژیانی

دادوەریی فەرەنسا و هەموو وڵاتە داگیرکراوەکان. لە سۆنگەی ئەو کێشە گەورانەوە کە لە کاتی جێبەجێکردنی کارەکەدا هەبوو، ناپلیۆن ئەندامانی لیژنەکەی کردە چوار کەس، چونکە ئەو تاقەتی نەبوو لێژنەیەکی قەرەبالّغ چەلەحانێ و مشتومڕ بکەن و ئەویش دانیشێ و گوێیان لێ بگرێ. بەڵام ئەو چوار کەسە هەموویان یاسازانی دیار و گەورە بوون.

ئەو کۆمەڵە یاسایە دواتر بە ناوی "یاسا ناپلیۆنییەکان" ناوی دەرکرد و بەپێی فەرمانێک لە 1852دا پەسند کرا، ئەگەرچی ئێستا ئیتر پێیان دەڵێن "کۆمەڵە یاسای مەدەنی"، بەڵام ناوی "یاسا ناپلیۆنییەکان" هێشتا بە فەرمی نەگۆڕدراوە.

لە کۆمەڵە یاسا مەدەنییەکاندا کە بە ویستی ناپلیۆن دەنووسرانەوە، دەبوایە مەبەستی یاسادانەر دەستەبەرکردنی یاسایی ئەسڵی زاڵبوونی بۆرژوازی بەسەر ڕژیمی فیۆدالّی و دەرەبەگایەتیدا بێ و ئەو پێگەیەیش کە خاوەندارێتیی تایبەت دەبوایە لە کۆمەڵگە نوێیەکەدا بەدەستی بێنێ، بەشێوەیەکی پتەو دابین و دەستەبەر بکرێ و بنەمای خاوەندارێتیی بێسنوور و بێ لەمپەری بۆرژوازی لە هەمبەر هەرچەشنە پەلاماریّک لە هەر لایەکەوە چ لە لای دەرەبەگایەتییەوە کە پێیەکی لەسەر لێواری گۆڕ بوو و نەیدەویست بنێژرێ و چ لە لایەن کرێکارانەوە بێ کە دەیانویست زنجیر بپسێنن، زامن بکرێ.

ناپلیۆن باوەڕی وابوو کە دیاردەی شۆڕش لە فەرەنسادا لەبەر ئەوە نەبووە کە فەرەنسا خوازیاری ئازادی بووە، بەڵکوو لەبەر ئەوە بووە خوازیاری یەکسانی بووە و بە باوەڕی وی یەکسانی بریتی بوو لە یەکسانی لە مافە مەدەنییەکاندا، نەک لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ژیانی کەسەکاندا. جا ئەو بڕیاری دا بە یاساکانی خۆی ئەو

یەکسانییە لە مافە مەدەنییەکاندا بۆ هەمیشە بگونجێنێ و دابینی بکا. ئەو لەبارەی شۆڕشەوە ڕای خۆی ئاوا دەردەبڕی: "ئازادی، هەر دەسکەلایەک بووە و هیچی دی." ئینجا پاش ئەوەی ئازادیی سیاسیی تەواو لەنێو برد، "یەکسانی"یشی بەو مانایەی کە خۆی لێی تێ دەگەیشت دەستەبەر کرد و کردی بە یاسا.
لە ڕووی ڕوونی"شەفافیەت" و ڕۆحی دسیپیلین و لۆژیکێک کە بۆ بەرگری لە دەوڵەتی بۆرژوواییدا بەکار هاتووە، لەوانەیە یاساکانی ناپلیۆن شیاوی پەسن و ئەو پێداهەڵدانە بێ کە یاسازانەکانی ولاتانی سەرمایەداری بۆی دەکەن و هێشتاش هەر پێیدا هەڵدەڵێن. بەڵام زاڵترین ڕەخنەگریش ناتوانێ حاشا لەوە بکا کە ئەو یاسایە لەچاو یاساکانی شۆڕشی بۆرژوازیی فەرنسا بە داکشان و گەڕانەوە بەرەودوا دادەنرا، ئەگەرچی لەچاو یاسای باقی ولاتانی وشکارۆی ئەورووپا بەپێشڤەچوون دادەنرا. گرینگ ئەوەیە لەو یاسایەدا چاوپۆشی لە زۆربەی سەرکەوتنەکانی شۆڕش کرا.
ژن لە یاساکەی ناپلیۆندا ملکەچی پیاوە، بە تایبەتی لە ڕووی مافی میراتەوە لەخوار براکانیەوەیە و لەوانی کەمتر پێ دەبڕدرێ. یاساکانی شۆڕش کە لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستی نووسرابوونەوە و "زۆڵ" و "حەڵاڵزادە"کانی وەک یەک دادەنا، هەڵوەشێنرانەوە. "مەرگی کۆمەڵایەتی Mort Civil" (یەکێک لە سزاکانی پێش شۆڕش، کە تێیدا حوکمدراو سزاکەی ئەوە بوو، بە سەری زیندوو، لە هەموو مافە کۆمەڵایەتیەیکان بێبەری دەکرا و سامانەکەی وەک میرات دابەش دەکرا و ژنەکەشی بە تەڵاقدراو لەقەڵەم دەدرا بۆیە حیسابی مردووی بۆ دەکرا)، و باقی سزاکانی ڕەزیلکردن سەرلەنوێ لەسەر حوکمدراوانی کاری تاقەتپڕووکێن جێبەجێ کرانەوە، ئەگەرچی ئەو سزا تونداتە کە پاشکۆ و

کاملّکەری سزا ئەسڵیەکان بوون، لە یاساکانی شۆڕشدا
هەڵوەشێنرابوونەوە. ناپلیۆن بۆ بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەیەکی نوێ هەموو
ئەو شتانەی لەبەرچاو دەگرت کە بۆ دابینکردنی ئازادیی تەواوی
چالاکیە ئابووریەکانی بۆرژوازیی مەزن پێویست بوون و، هەر
شتێکیش ڕەنگدانەوەی ئارەزووی دیموکراتیکی وردەبۆرژوا بوایە
ڕایدەماڵی. شیاوی لێ ڕامانە کە ئاخۆ لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە
مەزنەی وا دانانی یاسا مەدەنییەکانی لێ کەوتەوە، هیچ ناڕەزایەتییەکیش
دەربڕدرا و هیچ هەوڵێک درا بۆ ئەوەی لە نووسینەوەی یاسا تازەکاندا
بەرچاوڕوونی و بەربڵاوییە شۆڕشگێڕییەکەی پێشوو بپارێزرێ یان نا؟
بە دڵنیاییەوە بەڵێ. کاتێک یاسا قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆی لە
دامودەزگاکانی یاساداناندا تێدەپەڕاند، ڕێگە بە کەسانێکی نێو
ئەنجومەنی تریبۆنا درا بە ئەدەبەوە ناڕەزایەتی دەربڕن. بەڵام هیچ
کەس گوێی بەو بۆڵەبۆڵانە نەدەبزووت.
ئەو ناڕەزایەتییانەش کە باسمان کردن، زۆر سادە و ساکار چارەسەر
کران، بۆناپارت ئەنجومەنی تریبۆنای وەها پاکسازی کرد، کە لە 50
کەسی بێ سەروزمانی پتر تێدا نەهێشتەوە و ئەمری کرد لەمەودوا
ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە لەوە زیاتر نەبن. وەختێک لە ئەنجومەنی
یاساداناندا ئەو ڕیفۆرمە کرا، ئیتر هەموو شتێک بە مرازی دڵی خۆی
چووە سەر. لە مانگی مارسی 1803دا کۆمەڵە یاسای ناپلیۆنی کە
پێشتر لە ئەنجومەنی دەوڵەتیدا مشتومڕی لەسەر کرابوو خرایە بەردەم
لیژنەی یاسادانان و ئەو کە بۆی نەبوو هیچ قسەیەکی لەسەر بکا،
بەبێدەنگی سەرلەبەری پەسند کرد. یاسای گۆرین کە لە مارسی
1804دا ناپلیۆن ئیمزای کردبوو، بوو بە بنەمای یاسای دادوەری لە
فەرەنسادا. ئێستا بۆرژوازیی مەزنی فەرەنسا دەیدی خەون و

ئاواتەکەی وەدی هاتووە: شۆڕشی بۆرژوازی پاشی مەرگ بەر و بووی خۆی دابۆوە و ئیتر ئەمجارە ڕوون و دیار بوو کە پاش 18ی برۆمەر مەحاڵە باسی بەردەوامبوون و درێژەدانی شۆڕش لە فەرەنسادا بکرێ. بەڵام هیچ میژوونووسێک مافی نیە ئەم خاڵە لەبیر بکا کە ئەو یاسایە هۆکارێکی گەورە بوو بۆ پێشکەوتنی ئەو وڵاتە ئەوروپیانەی ناپلیۆن گرتبوونی.

وردەوردە یاسای دیکەش خرایە سەر کۆمەڵە یاساکە، کە بە پشتبەستن بەوان ناپلیۆن کرێکارانی بە شێوەیەکی دڵنیاتر لە جاران خستە بندەست و ڕکێفی خۆیەوە. نەک هەر یاسای شاپێلیەر کە ئاشتیخوازانەترین مانگرتنەکان و تەنانەت وازهێنانی بەکۆمەڵی لەکارکردن وەک تاوانێکی شیاوی سزادان لە دادگاکاندا دادەنا، وەک خۆی مایەوە، بگرە جیا لەوە "دەفتەرۆکەی کار"یش دروست کرا کە بەدەست خاوەنکارەوە دەبوو و بەبێ ئەوە کرێکار نەیدەتوانی لە هیچ شوێنێک کارێکی تازە وەربگرێ. لەسەر دەفتەرچەکە، خاوەنکاری پێشوو ڕا و بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەو کرێکارەوە دەنووسی کە وازی لە خزمەتی ئەو دێنا و تەنانەت هۆکاری دەرکرانەکەیشی دەنووسی. دەکرێ بە ئاسانی بزانین خاوەنکارەکان بۆ بێبەشکردنی کرێکاران لە هەق و مزی ڕۆژانە و پارووە نانێکی مەمرە و مەژی، چەندەیان سوودی خراپ لەو ئازادیە بێسنوور و لەمپەرەی خۆیان وەرگرت.

یاساکانی بازرگانییش کە هەر لەسەرەتاوە بە فەرمانی ناپلیۆن نووسرابوونەوە، کۆمەڵە یاسا مەدەنیەکەی لەگەڵ زنجیرەیەک ڕێسا و ڕێوشوێن بۆ ڕێکخستن و دەستەبەرکردنی مافەکانی ساتوسەودای بازرگانی و کاروباری بۆرسە و بانک و یاساکانی سەرافی و مافی بەناوکردن"تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە کاروباری بازرگانیەوە هەبێ"

کاملّتر کرد. ئیتر ناپلیۆن بە دانانی یاسای سزادانی گشتی، کاروباری یاسادانانەکەی تەواو کرد. ئەو سزای سێدارەی هێشتەوە، سزای قەمچی لێدان لەسەر هێندێ تاوانی کە لەسەردەمی شۆڕشدا هەڵوەشێنرابۆوە، دانایەوە و، سزای داغکردن بە ئاسنی سوورەوەکراوی بووژاندەوە و سزای زۆر قورسی دانا بۆ ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەر مافی خاوەندارێتی. بێ ئەملاوئەولا دەبێ یاساکانی سزادانی سەردەمی ناپلیۆن لە چاو یاساکانی سەردەمی شۆڕش، بە داکشان و بەرەودواگەڕانەوە دابنێین.

ئەو کارە مەزنەی یاسادانان هێشتا تەواو نەبڕابۆوە کە لە مارسی 1803دا دیسان لەگەڵ ئینگلتەرا تووشی شەڕ بوونەوە. ناپلیۆن دیسان شمشێری هەڵکێشا و ئیتر تا کۆتایی حەماسە خوێناوییەکەی خۆی لە کالانی نەخستەوە.

دەسپێکی جەنگی نوێ لەگەڵ ئینگلتەرا و تاجلەسەرنانی ناپلیۆن

1804 ـ 1803

1

پاش وچانێکی کورت، شەڕە مەزنەکە دیسان دەستی پێ کردبۆوە و خەنیمەکان بە ڕووبن و ئاشکرایی کێشەکانیان بەدی دەکرد. لە هەمبەر ناپلیۆندا، فەرەمانڕەوای فەرەنسا و بەشی هەرە زۆری ئیتالیا و بەشێک لە شار و سەرزەمینەکانی ڕۆژئاوای ئاڵمان و بەلژیک و هۆڵەندا، ئەو هێزانە ڕاوەستابوون کە هەم لە ڕووی ژمارە و ڕێژە و هەم لە ڕووی جۆراوجۆرییەوە تا بڵێی سامناک و ترسێنەر بوون. ناپلیۆن لە هەموو ژیانی خۆیدا ناچار بوو بە گژ هاوپەیمانییەکی پێکهاتوو لە حکوومەتە سەرەڕۆ و دواکەوتوو و نیوەفیۆدااڵکاندا بچێتەوە کە دەوڵەتێکی بەهێز و پێشکەوتوو لە بواری ئابووورییەوە سەرکردایەتیی دەکردن و لەوکاتدا پێگەی یەکەمی نێو دنیای سەرمایەداریی هەبوو. جەنگە ناپلیۆنییەکان تەنیا بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانی دەوڵەتی بۆرژوای فەرەنسا بوو، کە دەیویست ئەو کۆمەڵگا کۆنانەی هێشتا فیۆدااڵی و سەرەڕۆ بوون و لە

ڕووی سیستەمی ئابووریییەوە بە دواکەوتوو هەژمار دەکران، بخاتە بن ڕکێفی خۆیەوە. هاوکات ئەو شەڕە بێبڕانەوانە، شەڕێکی تەن بە تەن بوون، لە نێوان فەرەنسادا کە تازە کەوتبووە سەر ڕاستەڕێی پێشکەوتنی پیشەسازی و سەرمایەدا لەگەڵ ئینگلتەرا کە زۆر پێش وی پێی نابووە ئەم ڕێگەیەوە و لەم بوارەدا سەرکەوتنەکانی لەگەڵ فەرەنسا بەراورد نەدەکران.

لێرەدا پێویستە شتێکیش لەبارەی جەنگە ناپلیۆنییەکانەوە بڵێین کە هەر لە سەرەتاوە زۆر لە جەنگەکانی سەردەمی شۆڕشی فەرەنسا جیاواز بوو: لنین لەو بوارەوە نووسیوێتی: "جەنگێکی نیشتمانی لەوانەیە ببێتە جەنگێکی ئیمپریالیستی و بە پێچەوانەشەوە. بۆ وێنە جەنگەکانی شۆڕشە مەزنەکەی فەرەنسا لە پێشدا بەشێوی جەنگی نیشتمانی دەستیان پێ کرد و لە ڕاستیشدا نیشتمانی بوون. ئەو جەنگانە شۆڕشگێڕانە بوون، چونکە بۆ بەرگری لە شۆڕشە مەزنەکەیان لە هەمبەر یەکیەتی و هاوپەیمانیی حکوومەتە دیکتاتۆرە دژەشۆڕگێڕەکان دەکرا. بەڵام کاتێک ناپلیۆن ئیمپراتۆریی فەرەنسای بە ملکەچکردنی کۆمەڵێکی زۆر لە دەوڵەتە نیشتمانییەکانی ئەوروپا کە زۆر لەوەپێش دروست ببوون، پێک هێنا، جەنگە نیشتمانییەکانی فەرەنسا بوونە جەنگی ئیمپریالیستی و ئەوەش کۆمەڵێک جەنگی نیشتمانیی دیکەی بە مەبەستی ئازادیی نەتەوەکان لە کۆت و نیری ئیمپریالیزمی ناپلیۆن لێ هەڵگیرسا."

لێرەدا مەبەستی لنین لە ئیمپریالیزم بەگشتی، تاڵانی وڵاتانی دیکەیە و مەبەست لە جەنگی ئیمپریالیستیش "جەنگی تاڵانکەرانەیە بۆ دابەشکردنی وەها پاروویەک." وەک لەبارەی سەردەمی ناپلیۆن و هەندێ بواری دیکەشەوە ڕاوبۆچوونی خۆی ئاوا دەردەبڕی.

سەرمایەداریی ئینگلتەراش بە نۆرەی خۆی لە شەڕە بێبەزەییانە و خوێناوییەکەیدا لەگەڵ خەنیمەکەی خۆی، یانی لەگەڵ سەرمایەداریی فەرەنسا کە ڕۆژ بە ڕۆژ هێزی پتر دەبوو، پیشەسازییەکی زۆر پێشکەوتوو و سەرچاوەی زۆروزەوند و خاوەنی کۆمەڵێک کۆلۆنی بوو، کە بەرهەمەکانیان لێ دەکێشرایەوە(دەچەوسێنرانەوە) و پێوەندییەکی بازرگانیی زۆر بەربڵاویشی هەبوو کە هەموو گۆی زەویی داگرتبوو. لەو جەنگەدا، ئینگلتەرا بۆ ماوەیەکی زۆر، لێهاتووانە سوودی لە خزمەت و یارمەتییەکانی دەوڵەتانی سەرەڕۆ و نیوەفیۆداڵ(دەرەبەگ) و لە ڕووی ئابووریییەوە دواکەوتوو وەردەگرت و سوپاکانی ئەوانی بە خەرج و تفەنگی خۆی چەکدار و تەیار دەکرد. کاتێک ویلیام پیتی گەنج، ملیۆنان لیرەی وەک یارمەتی دەدا بە ڕووسیا و نەمسا و پرۆس بۆ ئەوەی دژی شۆڕشی فەرەنسا یان دژی ناپلیۆن دنەیان بدا، ڕێک ئەو کارەی دەکرد کە چل ساڵ لەوەپێش باوکی خۆی ئەوەی لەگەڵ هۆزی ئیرۆکیۆس و باقی هۆزە سوورپێستەکان کردبوو، بۆ ئەوەی لە کەنادا بە گژ ئەم فەرەنسیانەیاندا بکا. هەڵبەت تەنیا ئاست و ڕێژەی عەمەلیات و تێچووی شەڕەکانیان جیاواز بوو.

بۆچی ئەو پەیماننامەیەی ئینگلتەرا لە مانگی مارسی 1802دا لە ئامیەنس لەگەڵ فەرەنسا بەستی، تەنیا وازهێنانێکی یەکسااڵنە لە جەنگ بوو؟ چونکە لەگەڵ دامرکانەوەی هەژان و قریوەی خۆشییەکانی بڕانەوەی جەنگە خوێناوییەکە، زۆربەی بۆرژوا و نەجیبزادە خاوەن زەوییەکانی ئینگلتەرا تەواو لێیان ڕوون بۆوە کە جەنگەکەیان دۆڕاندووە و بۆناپارت سەرکەوتووە. بۆناپارت نەک ڕێگەی نەدەدا کاڵاکانی ئینگلتەرا بچنە نێو بازاڕە بەرفرەوانەکانی فەرەنساوە، بگرە لەبەر ئەوەی بەلژیکا و هۆڵەندا‌شی بەدەستەوە بوو، بەردەوام دەیتوانی

کەناراوەکانی ئینگلتەرا ڕاستەخۆ بخاتە مەترسیەوە. بەتایبەتی پاش 1802 دەیتوانی بەبێ هیچ لەمپەرێک "هاوپەیمانێتی" لەگەڵ فەرەنسا بەسەر زۆربەی ئەو وڵاتانەدا بسەپێنێ کە هێشتا سەربەخۆ بوون. بۆناپارت لەکاتی بەستنی پەیمانی ئاشتیی ئامیەنسدا زۆر لەو کاتەی لۆیسی چواردەیەم ترسناکتر و مەترسیدارتر بوو کە لە لووتکەی دەسەڵات و بەهێزیدا بوو، چونکە هەموو ئەو خاک و پێگەڕانەی لۆیسی چواردەیەم لە بەری چەپی ڕووباری ڕاین خستبوویە سەر وڵاتەکەی خۆی، لەچاو ئەوەی ناپلیۆن لەو بەشەی ئەڵماندا دەستی بەسەردا گرتبوو، هەر هیچ نەبوو. سەپاندنی دیکتاتۆریی سەربازیی فەرەنسا بەسەر ئەوروپادا زۆر باش دەیتوانی پێشەکییەک بێ بۆ هێرشکردنە سەر ئینگلتەرا.

شیاوی بیرهێنانەوەیە کە ناپلیۆن لە ئاشتیە کاتییەکەی ئامیەنس لێهاتووانە بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی قولەڕەشەکانی سەنت دۆمینگ کەلکی وەرگرتبوو، چونکە لەسەردەمی دیرکتواردا، تۆوسەینت لۆڤێرتور ڕێبەری لێوەشاوەی ڕەشپێستەکانی ئەو دوورگەیە جڵەوی دەسەڵاتی گرتبووە دەست و وێڕای ئەوەی بە ناو دەسەڵاتی فەرەنسیەکانی بەسەر دوورگەکەدا قبووڵ بوو، بەڵام وەک فەرمانڕەوایەکی سەربەخۆ دەجووڵاوە.

لە مەسەلەی کۆڵۆنیەکانیشدا، ناپلیۆن تەواو بۆچوونی جووتیارانی فەرەنسیی ڕەچاو دەکرد، کە بە هیچ نرخێک نەیاندەویست ئازادیی کۆیلەکان قبووڵ بکەن، کە لە سەردەمی شۆڕشدا لە ئەنجومەنی کۆنڤانسیۆن پەسند کرابوو. ناپلیۆن بەپێی پەیماننامەی ئاشتیی ئامیەنس، ئەو کۆڵۆنییە فەرەنسیانەی ئینگلتەرا گرتبوونی (سەینت دۆمینگ و دوورگەکانی ئانتیلی بچووک و دوورگەکانی ماسکارۆنی و گۆیان)ی

هەموو وەرگرتبۆوە و خۆی لە کۆیلەداریتی لەو شوێنانەی هەڵوەشێنرابوونەوە پاراست، بەڵام لەو شوێنانەی کۆیلایەتی لە سۆنگەی سەرکەوتنی کاتیی ئینگلیزەکانەوە هێشتا هەڵنەوەشێنرابۆوە، پەسندی کرد. ناپلیۆن بۆ سەرکوتی شۆڕشەکەی تۆوسەینت لۆڤێرتور لە 1802دا دەستەیەک چەکوچۆڵی جەنگی و لەشکرێکی 10000 کەسیی ڕێک خست. تۆوسەینت لۆڤێرتور کە بە دەهۆ و خیانەت بانگ کرابووە ئۆردووگای فەرەنسیەکان، لە 7ی جوونی 1802دا گیرا و نێردرایە فەرەنسا. پاڵەوانی خەبات لە پێناوی ئازادیی ڕەشەکاندا هەر گەیشتە ئەوێ، ناپلیۆن فەرمانی کرد بە دزییەوە لە یەکێک لە سیاچاڵەکانی قەڵای ژۆکسدا زیندانیی بکەن. ئاو و هەوا ناخۆشەکەی ئەو ناوچە شێدار و کوێستانییە و زەبروزەند و بێبەزەیی زیندانەکەش کە ڕێگەی بە تۆوسەینت لۆڤێرتور نەدەدا چاوی بە خزم و کەسانی بکەوێ و نەیاندەهێشت لە جێی خۆی ببزوێ و ئەو هەڵسوکەوتە نامرۆڤانەیەی لەگەڵی دەکرا، لە ماوەی دوو مانگدا بڕستی لێ بڕی. ناپلیۆن بۆ ڕێکخستنەوە و چەوساندنەوەی کۆڵۆنیەکانیش پلانگەلێکی هەبوو، بەڵام دەسپێکردنەوەی سەرلەنوێی جەنگ لەگەڵ ئینگلتەرا لە بەهاری ساڵی 1803دا ناچاری کرد واز لە سیاسەتی بەربڵاوی کۆڵۆنییەکانی خۆی بێنێ. تەنانەت لەبەر ئەوەی لە سۆنگەی پچڕانی ڕێگە و پێوەندییەکانی دەریاوە، نەیدەتوانی بە ملکە دوورەدەستەکانی میسی سیپی لە "ئەمریکای باکوور" ڕابگا، ناپلیۆن ناچار بوو هەموو ئەو بەشانەی لۆیزیانا کە هێشتا بە دەست فەرەنسیەکانەوە مابوون، بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بفرۆشێتەوە.(30ی ئەپریلی 1802). ئەو لقەی بۆرژوازیی ئینگلیزی "باشترین لقەکەی"، کە لە بەهاری ساڵی 1803دا بە دەنگی بەرز هاواری شکاندنی پەیمانەکەی ئامیەنسی بەرز

کردبۆوە، لەگەڵ کۆمەڵێک بەڵگەدا ئەم بەڵگەیەشی دێناوە کە، دەبێ نەهێڵن ناپلیۆن هەروا کۆڵۆنییە قەدیمییەکانی فەرەنسای لەبندەستدا بمێنێ و نەشهێڵن شوێنی تازە داگیر بکا. بەڵام بۆ شکاندنی پەیمانی ئامیەنس هەر لەندەن نەبوو کە فیتنەی دەگێڕا و پێشێڵی دەکرد، بگرە لە پاریسیشەوە وایان دەکرد. ناپلیۆن پێی وابوو هەر ئەو پەیمانە ئیمزا بکرێ، ئیتر ئینگلیزەکان واز لە دەستێوەردان لەکاروباری ئەوروپا دێنن و تەواو ملکەچی فەرمانڕەوایی لێبڕاوانەی ئەو بەسەر ئەوروپادا دەبن، کەچی لەناکاو دەرکەوت هیچ وا نییە و ئینگلتەرا بەهیچ شێوەیەک ڕازی نابێ دەست لەسەر دەست دابنێ و قەناعەتی بێ بەوەی ناپلیۆن لە ئەوروپادا دەیکرد.

دانوستانێکی دیپلۆماسییانەی زۆر ئاڵۆز دەستی پێ کرد. هەردوولایەن نە دەیانویست و نە دەشیانتوانی هەندێ ئیمتیاز بە یەکتری بدەن و هەردووکیشیان ئەوەیان تەواو لێ ڕوون بوو. لە سەرەتاکانی ساڵی 1803ـەوە ئەو دانوستانانە دەستیان پێ کردبوو کە چاوەڕوان دەکرا زۆر زوو بگەنە بنبەست. لە لەندەن و پاریس هەر دوو لایەنەکە دڕدۆنگ بوون. وەزیرە ئینگلیزەکان بەهیچ شێوەیەک هاوڕا نەبوون لەسەر ئەوەی وڵاتەکەیان خۆی بخاتە نێو جەنگێکی مەترسیدارەوە کە سەرەتا بەبێ هاوپەیمان و پشتیوان بمێنێتەوە، چونکە فەرەنسا لەو کاتدا پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ هەموو دەوڵەتە بەهێزەکاندا بەستبوو. لەلایەکی دیکەوە بۆناپارت دەیزانی کە بۆرژوازیی بازرگانی پاریس و لیۆن و وەستاکارانی کاڵاکانی جوانکاری و ڕازاندنەوە چەندە پێشنیار و ڕاسپاردەی هەر کام لەوی دیکە سەرنجڕاکێشتر و بەسوودتریان لە ئینگلتەراەوە پێ گەیشتووە، دەیزانی لە مانگەکانی یەکەمی پاش ئاشتیی ئامیەنسدا، هاتنی 15000 گەشتیاری دەوڵەمەندی ئینگلیزی،

بازرگانییەکەی فەرەنسای بووژاندووەتەوە. ئینجا دەشیزانی ئەو دەتوانێ تەنانەت لەسەردەمی ئاشتیشدا ڕێگە نەدا کاڵای ئینگلیزی بێتە نێو فەرەنساوە و بەو جۆرە لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی پیشەسازە فەرەنسیەکانیشەوە جەنگ لەگەڵ ئینگلتەرادا هیچ سوود و قازانجێکی پێوە نەبوو، ڕاستە کە ئەگەر جەنگ هەڵاییسابایەوە، دەیانتوانی سیستەمی گەمارۆکە تۆندوتۆڵتر بکەن و بیکێشنە وڵاتە تازەکانیشەوە و ناپلیۆن زۆر هیوای بەوە بوو، بەڵام دڕدۆنگیش بوو.
دیمەنی بەناوبانگی تووڕەیی قەستینەکەی ناپلیۆن لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕێگەی دابوو باڵیۆزی ئینگلیز بێتە کۆشکی تۆیلری چاوی پێی بکەوێ، کە بەناچار تووشی شەڕی کرد، بە ئەقڵی خۆی دواین هەوڵ و تاقیکردنەوە بوو بۆ ترساندنی خەنیمەکەی.
لەو بوارەیەوە خراپ نییە باسێکی ئەو تایبەتمەندییە دیارەی ناپلیۆن بکەین کە زۆر جاران دەبووە هۆی سەرسووڕمانی ئەو کەسانەی لەلای دانیشتوون. گومان لەوەدا نییە کە ئەو کابرا لووتبەرز و مرچومۆن کە دەسبەجێ وەک شیر هەڵدەچوو و سووکایەتیی بە هەموو کەسیش دەکرد، خۆی جاری وابوو کە تووڕە دەبوو هەموو گیانی دەلەرزی.
بەڵام با ئەو لایەنەشی ببینین کە ئەو بە گشتی زۆر بەسەر خۆیدا زاڵ بوو. ناپلیۆن فرانسوا ژۆزێف تاڵمای تراژیدین و ئەکتەری شانۆی زۆر خۆش دەویست چونکە زۆر شتی لێ فێر ببوو. جا زرۆ جاران لە کاتی شانۆ و نواندنەوەی هەستە بەرزەکانی مرۆییدا، پێی دەگوت فلانە جوولە و نواندنی ئەکتەرەکانت واقعی نین و زێدەڕۆییان پێوە دیارە. ئیمپراتۆر پێی دەگوت، کە زۆر جاران لە کاتی هاتنیدا بۆ دەربار تووشی ئەو شازادە خانمانە دەبێ وا ئاشقەکانیان لەدەست داوە، ئەو فەرمانڕەوایانەی وڵاتەکەیان دۆڕاندوە، ئەو پادشایانەی لە سۆنگەی

جەنگەوە تەخت و بەختیان وەرگەڕاوە، ئەو سەردارانەی بە هیوای گەیشتن بە تەختی پادشایەتی یان داواکردنی تەخت و تاج هاتوون سواڵ بکەن. پێی دەگوت تۆ دەتوانی لە دەوروبەری خۆت، شکۆمەندی(عیزەتی نەفس)ی تێکشکاو و پێخوستکراو و کێبەرکێی توند و کارەساتی سامناک و خەم و پەژارەی شاراوەی قوواڵایی دڵەکان ببینی و لەو ئازارانە ورد بیتەوە کە لە ڕوخساری خەمبارەکاندا بەدی دەکرێ. ئینجا دەیگوت، دەربارەکەی من پڕە لە تراژیدیا، تەنانەت من خۆم گەورەترین تراژیدیای سەردەمی خۆمم. بەاڵم ئاخۆ قەت وا بووە من و ئەکتەرەکانی ئەم شانۆیانە بەرەو ئاسمان دەست هەڵبڕین؟ یان لە جووڵە و هەڵسوکەوتی خۆمان ورد بینەوە؟ ئاخۆ قەت وا هەبووە هەڵسوکەوت و جووڵەی سەیروسەمەرە بکەین و خۆمان مەزن و بە شەخسییەت پێشان بدەین یان بنەڕێنین؟ بە دڵنیاییەوە نا. ئێمە هەموومان سروشتی و وەک بنیادەمێک قسە دەکەین کە بەرژەوەندی یان ئارەزوو دەیجووڵێنێ. هەموو ئەو کەسانەش کە هاتوونەتە سەر سەکۆی شانۆی جیهان و لەسەر تەختی پادشایەتی دەوری تراژیکیان گێڕاوە، هەر بەو شێوەیە جووڵاونەتەوە. ئینجا هونەرمەندە تراژیدیاکارەکەی ئامۆژگاری دەکرد کە دەرس لەو نموونانە وەرگرێ. ناپلیۆن هەمیشە بەسەر خۆیدا زاڵ بوو. ئەو تەنیا خاڵێکی لاوازی هەبوو، ئەویش تووڕەییەکەی بوو، کە هەمیشە نەیدەتوانی جڵەوی بکا. نیشانەکانی تووڕەیی وەها بە ڕواڵەتیەوە دیار بوون، دەوروبەرییەکانی دەتۆقاند. بە شێوەیەک، کە لەو ساتانەدا، بەجەرگترین و ئازاترین پیاوەکان ئەژنۆیان دەشکا. بەاڵم زۆر جاریش وا هەڵدەکەوت هەر بە قەستی و بە مەبەستێکی تایبەت وەها هونەرمەندانە خۆی تووڕە دەکرد و دەوری دەگێڕا، کە تەنیا ئەو کەسانەی لە ناخ و دەروونی شارەزا

بوون دەیانزانی ئەوە دەور دەگێڕێ، ئەویش هەمیشە نا، چونکە ئەو کەسانەش زۆر جار لەوەدا بەهەڵە دەچوون.
ویزۆرس، باڵوێزە نوێیەکەی ئینگلتەرا لە فەرەنسا هەر لەسەرەتاوە ئیتر بڕوای وابوو ئاشتەوایی لەگەڵ بۆناپارتدا بەردەوام نابێ، ئەوەش نەک هەر لەبەر ئەوەی فەرەنسا بە پەیمانی ئامیەنس کۆمەڵێک خاڵی بەدەست هێنابوو، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە دواتر کونسوڵی یەکەم لەو بەشەی ئەورووپای هاوسنووری فەرەنسادا وەها هەڵسوکەوتی دەکرد، وەک بڵێی هەموویان گوێڵەمستی ئەون. بۆ وێنە لە پاییزی ساڵی 1802دا بۆناپارت سوویسرای ئاگادار کردەوە کە دەیەوێ لەوێ دەستوورێکی تازە بنووسرێتەوە و حکوومەتێک پێک بهێنرێ کە دۆستی فەرەنسا بێ. ڕوونکردنەوەی ئەو بۆ سویسرییەکان ئاوا بوو، کە وڵاتەکەیان لەسەر نەخشەی جوگرافیا کەوتووەتە نێوان فەرەنسا و ئیتالیاوە کە حوکمەتەکەی گوێڵەمستی خۆیەتی. جا بەو تێبینییە جوگرافیاییانەوە لەشکرێکی 30000 کەسیی بە فەرماندەیی "نێی" لە سنووری سویسرادا جێگیر کرد. سویسرا ملی بۆ ئەم فەرمانە ڕاکێشا و دواتریش هەر نیشانی دا گوێڕایەڵی فەرمانەکەیەتی. هەر لەو سەروبەندەشدا بوو کە ناپلیۆن بەشێک لە خاکی پیەمۆنی خستە سەر فەرەنسا. وڵاتە بچووک و میرنشینەکانی ئەلمان کە پاش پەیمانی ئاشتیی لۆنێڤیل لە 1801دا ئیتر هیچ هیوایەکیان بە یارمەتیی نەمسا نەمابوو، لە هەمبەر ناپلیۆندا ئەژنۆیان دەلەرزی و وەک نۆکەر و بندەستێک لە بەردەستیدا دەجووڵانەوە. هۆڵەنداش تەواو لە چنگی ناپلیۆندا گرفتار بوو و تەواو ڕوون بوو کە ئیتر ناتوانێ قوتار بێ و خۆی ڕزگار بکا.
ئینگلتەرا نە دەیویست و نە دەشیتوانی مل بۆ ئەو دۆخە ڕاکێشێ. ناپلیۆن لە یەکەم دانیشتنەکانی خۆیدا لەگەڵ باڵیۆزی ئینگلتەرا لە 18ی

فێبریوەری 1803دا کردیە هەرا و فەرتەنە و خۆی تووڕە کرد و بە ئاشکرا هەڕەشەی کرد. خۆی بەهێزەکانیەوە هەڵکێشا و گوتی ئەگەر ئینگلتەرا بوێرێ جەنگ هەڵاییسێنێ، ئەوا خۆی کوشتووە. گوتی، ئینگلتەرا لەخۆوە دڵخۆشیی خۆی دەداتەوە کە هاوپەیمانێک دەدۆزێتەوە و نەمسا ئیتر دەوڵەتێکی بەهێز نییە. بۆناپارت بە لەبزێکی وەها زبر و تووڕە قسەی دەکرد و وەها دەینەڕاند کە ویزۆرس لە نامەیەکدا بۆ لۆرد هاکسبریی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرای نووسی: "پێم وابوو گوێم لە نەڕەی فەرماندەیەکی لیوای سوارچاکانی دراگۆن دەبێ نەک قسەی سەرۆکێکی بەهێزی دەوڵەتێکی ئەورووپی." ناپلیۆن زۆر لەسەر ئەو باوەڕەی خۆی پێداگر بوو، کە دەکرێ ئینگلتەرا بترسێنێ و دەتوانێ بەو کارە هەم پەیمانی ئاشتییەکە بپارێزێ و هەم سەروەری ئەورووپاش بێ. بەڵام خەنیمەکەی زۆر کەللەڕەق و کۆڵنەدەر بوو. سەرەڕای ئەو جیاوازییە زەقەی لەوکاتدا و لە زۆر بوارەوە لە نێوان چینی بۆرژوا و نەجیبزادەکانی ئینگلتەرادا هەبوو، هەردوولا لەسەر ئەوە هاوڕا بوون کە نابێ ڕێگە بدەن ئەورووپا ببێتە کۆیلەی ناپلیۆنی دیکتاتۆر. لە وەڵامی هەڕەشەکەی ناپلیۆندا کە گوتبووی "یەک کرۆر" لەشکر کۆ دەکەمەوە، دەوڵەتی ئینگلتەرا کەوتە تەیارکردن و پۆشتەکردنی کەلوپەلە جەنگییەکەی خۆی و لە ڕووی سەربازییەوە هەموو ئەگەرێکی ڕەچاو کرد.

لە 13ی مانگی مارسدا، ناپلیۆن دوا شانۆی خۆی گێڕا و ئینجا گوتی: "ئەوە ئێوە بڕیاری شەڕتان داوە؟ دیسان دەتانەوێ سانزە سالاّن شەڕ بکەن و ناچارم دەکەن بیکەم؟" ئەو داوای لە ئینگلتەرا دەکرد دوورگەی مالّت بداتەوە بە "سوارچاکەکانی مالّت"، کە پێش بەستنی پەیمانی ئامیەنس داگیری کردبوو و دواتر بەڵێنی دابوو ڕادەستیان بکاتەوە،

بەڵام ئینگلتەرا بە پشتبەستن بەوەی ناپلیۆن پێچەوانەی پەیماننامەکە جووڵاوەتەوە، هیچ پەلەی نەبوو لە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەیدا. ئەو بەدەنگی بەرز ڕایدەگەیاند: "ئینگلیزەکان جەنگ هەڵدادەیسێنن. بەڵام بێت و ئەوان دەسپێشخەری بکەن و شمشێر هەڵکێشن، من دواین کەس دەبم کە شمشێرەکەی لە کالان دەخاتەوە. ئێوە دەتانەوێ خۆتان پۆشتە بکەن، منیش خۆم چەکدار و پۆشتە دەکەم... لەوانەیە ئێوە بتوانن فەرەنسا لەنێو بەرن بەڵام هەرگیز ناتوانن بیترسێنن. قوڕ بەسەر ئەوانەی پەیمانەکان پێشێل دەکەن. ئەگەر ئەوان دەیانەوێ ئەوێ (مالّت) ڕاگرن و ڕادەستی نەکەن، بەدڵنیاییەوە جەنگ هەڵدادەیسێ."

ئینجا لە هۆڵی میوانەکەیدا کە باڵوێزی دەوڵەتانی ئەورووپایی و کەسایەتییە گەورەکانی میوان بوون، چووە دەرێ.

لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی مای 1803دا ویزۆرس پاریسی بەجێ هێشت و بەو جۆرە جەنگی نێوان ناپلیۆن و ئینگلتەرا کە دەبوو تا کۆتایی فەرمانڕەواییەکەی بخایەنێ، دەستی پێ کرد.

2

لە ئینگلتەرا دەیانزانی ئەو جەنگە ئەستەم و مەترسیدار دەبێ. هەر لە سەرەتای جەنگەکەوە، ویلیام پیت کە لە ساڵی 1801ەوە لێ خرابوو، دیسان جلّەوی کاروباری دەوڵەتی گرتەوە دەست، چونکە لێخستنەکەی ئەو لەبەر ئەوە بوو، چونکە چینی دەسەڵاتدار واتە بۆرژوازی و نەجیبزادەکانی ئینگلیز پێیان وابوو دەکرێ و پێویستیشە لەگەڵ بۆناپارت بکەونە دانوستان و پەیمانبەستن.

ئێستا واتە ساڵی 1803 دیسان سەردەمی ویلیام پیت بەسەردا هاتبۆوە. ئەو پیاوە کە نۆ ساڵی ڕێک ملی لەبەر ملی شۆڕشی فەرەنسا

نابوو، لەمەودوا دەبوایە بەرپرسیارەتیی جەنگێک دژی ناپلیۆن بگرێتە ئەستۆ، کە زۆر لە جەنگەکانی پێشوو مەترسیدارتر بوو، بەڵام ئەگەرچی ویلیام پیت پێی وابوو جەنگ لەگەڵ ناپلیۆن لە جەنگ لەگەڵ دەوڵەتە شۆڕشگێڕەکانی پێشوو ئەستەمترە، لەسەر ئەو باوەڕەش بوو ئەو جەنگە تازەیە هێندەی جەنگەکانی پێشوو لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسا لەنێوخۆدا نیگەرانیی سیاسیی لێ ناکەوێتەوە. بە دڵنیاییەوە فەرەنسا لە ساڵی 1803ـەوە بەشێوەیەکی بەرچاو خاک و پێگەڕی بندەستی خۆی پان و بەرینتر کردبۆوە و زۆر دەوڵەمەنتر ببوو و سوپایەکی زۆر لە سوپاکەی جاران کۆک و پۆشتەتری هەبوو و سەردارێکی مەزن و بلیمەتیش سەرۆکایەتیی دەکرد. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەو "ڤایرۆسە شۆڕشگێڕیە"یش لەنێو چووبوو، کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی خەڵکی کرێکاری نێو ناوەندە پێشەسازی و کانگاکانی بەردەخەڵووز، وردە وردە خەریک بوو بە ئاشکرا دامودەزگا جەنگیهەکەی خاوەنشکۆ پادشای ئینگلتەرایشی دەتەنییەوە. پێت هێشتا ڕاپەڕینی مەلەوانەکانی لە ساڵی 1797دا بەجوانی لەبیر بوو. ئێستا لە فەرەنسا، فەرمانڕەوایەکی سەرەڕۆ دەسەڵاتدار بوو کە زۆر درندانە ژاکۆبنەکانی قەڵتوبڕ کردبوو و هیچ ئاسەوارێکی ئازادیی سیاسیی نەهێشتبۆوە و ئەوەش هەمووی ڕاستییەک بوو. بەڵام هەژدە مانگی یەکەمی ئەو جەنگە تەن بە تەنەی ئینگلتەرای بەتەنێ بەرەنگاری فەرەنسا دەکردەوە، دنیایەک ڕووداوی ترسێنەر و سامناکی تێدا بوو.

پاش ئەوەی چینی بۆرژوای بازرگان و پیشەگەری ئینگلیز بەو جۆش و خرۆشەوە پێشوازیی لە پەیمانی ئاشتیی ئامیەنس کرد، وەک پێشتریش باسمان کرد، لە ماوەی چەند مانگێکدا لێی ڕوون بۆوە کە بۆناپارت بەهیچ نرخێک نایەوێ پەیمانێکی بازرگانی لەگەڵ ئینگلتەرا مۆر بکا و

ناشهێڵێی کاڵای ئینگلیزی نەک هەر بچێتە نێو فەرەنساوە، بگرە بچێتە ئەو وڵاتە ئەوروووپاییانەشەوە کە لەبندەستی خۆیدان. بەڵام نەجیبزادەی ئینگلتەرا سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی هەموو شتەکان خوازیاری جەنگ بوو، چونکە بەبێ جەنگ یان دەبوو بە سوودی چینی بۆرژوا چاکسازیی بنەڕەتی لە هەڵبژاردنەکاندا بکا و ملکەچیان بێ یان مل بۆ جەنگێکی نەبڕاوەی نێوخۆیی زۆر مەترسیدار ڕاکێشێ. ئەوە ڕاستیەکە، کە سەلمێنراوە و حاشای لێ ناکرێ. جگە لەوەش، تارمایی مەترسیداری ڕاپەڕینێکی کرێکاریش هەردوو چینەکەی کە تا ئاستی سەردانان بۆ جەنگێکی نوێ ئامادە ببوون، نیگەران کردبوو.

ویلیام پیت، لیبڕابوو سەری خۆی دابنێ بەڵام نەهێڵێی ناپلیۆن پێی بگاتە کەنار و بەژی ئینگلتەرا.

ناپلیۆن سەرەتا، سەرانسەری هانۆڤێری گرت، کە یەکێک بوو لە ئەیالەتە گەورەکانی ئەڵمان و ملکی شەخسیی پادشای ئینگلتەرا بوو و پادشاش پێی دەگوترا ئلیکتێر هانۆڤێر (یانی ئەو شازادانەی مافیان هەیە ئیمپراتۆری ئەڵمان دەسنیشان بکەن). ئینجا ناپلیۆن فەرمانی کرد ئەو شوێنانەی باشووری ئیتالیاش بگرن کە هێشتا سوپای فەرەنسا نەگەیشتبوونە ئەوێ. ئینجا فەرمانی بە هۆڵەندا و ئیسپانیا کرد بۆ ئەوەی کەلوپەلی جەنگی و سوپاکەی خۆیان بخەنە بندەستی فەرەنسیەکانەوە. زۆری نەبرد، فەرمانی دەرکرد هەرچی کاڵای ئینگلیزی لە وڵاتە بندەستەکانیدا هەیە کۆ بکرێنەوە و ئەوانەش کە خەڵکی ئینگلتەران دەسبەسەر بکرێن تا ئەو کاتەی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئینگلتەرادا دەبەسرێ. ئینجا لە بەندەری بۆلۆنی بەرانبەر کەناراوەکانی ئینگلتەرادا، ئۆردووگایەکی گەورەی دروست کرد، کە دەبوایە سوپایەکی گەورەوگران لەوێوە بچن لە نێو ئینگلیز دابەزن. ئەو لە جوونی

1803ـدا، مانگێک پاش دەسپێکی جەنگەکە، گوتی، تەنیا پێویستی بە سێ ڕۆژ هەوای تەمومژاوی هەیە بۆ ئەوەی دەستی بگاتە لەندەن و پەرلەمان و بانکی ئینگلتەرا.
تەدارەک و ڕێکخستنی ئۆردوگای بۆلۆنی لە 1803ـدا و لەوەش زیاتر لە 1804ـدا زۆری پەلە لێ کرا. لە هەموو بەندەرگە و کارگە دەریاییەکانی فەرەنسادا پەلەپەل و جموجۆڵەکان خێرا بوون. سێ ڕۆژ هەوای تەمومژاوی، ئەو دەرەتانەی بۆ ئامرازە جەنگییەکەی فەرەنسا دەڕەخساند بۆ ئەوەی خۆیان لە چاوی گەلەکەشتییە جەنگییەکەی ئینگلتەرا بشارنەوە و سوپای فەرەنسا لە کەنارەکانی ئینگلتەرا دابەزێنن، ئینجا ناپلیۆن هەموو کۆسپەکانی سەر ڕێگەی لادەبرد و یەکەوڕێ هەڵیدەکوتایە سەر لەندەن و دەچووە نێو پایتەختەوە. ئیتر ناپلیۆن و زۆربەی خەڵکی ئینگلتەراش وایان بیر دەکردەوە.
زۆربەی خەڵکی ئینگلیزی ئەوکات، دواتر گوتیان کە لە یەکەم مانگەکاندا دەیانویست گاڵتە بە پلانی دابەزینی بۆناپارت بکەن، کەچی لە کۆتایی ساڵی 1803ـدا و بەتایبەتی 1804 ئیتر ئینگلیزەکان زەردەخەنەیەکیشیان نەدەهاتە سەر لێوی. ئینگلتەرا لەو کاتەوە کە لە ساڵی 1588ـدا چاوەڕوانی گەیشتنی ئارمادا، کەشتییە گەورەکەی ئیسپانیا بوو، تا ئەو ڕۆژە تووشی مەترسیی وا گەورە نەببۆوە. ناپلیۆن بە سەرانسۆی بەندەر و شارە کەنارییەکانی باکووری ڕۆژئاوای فەرەنسا، ڕەوتی عەمەلیاتەکەی خێراتر دەکرد و لە قسەکانیدا، دوورەدیمەنی شادیبەخشی سەرکەوتن بەسەر خەنیمە هەمیشەییەکەیدا دێنایە پێش چاوی خەڵکی ناوچە بازرگانییەکان. هەواڵی زۆر پڕ لە دڵەڕاوکێ و گەورەکراو لەبارەی تەدارەک و ئامادەکارییە جەنگییەکانی ناپلیۆن دەگەیشتە حوکمەتی ئینگلتەرا. ئەو هەواڵانە وایان دەخواست کە

ئینگلتەرا هەنگاوی شێلگیرانە بنێ. پیاوێک کە لە 1798دا توانیبووی بە هێزێکی دەریایی بەتوانا و لەشکرێکی بەهێزەوە خۆی لە دامودەزگا و کەلوپەلە جەنگییەکانی ئینگلیز بدزێتەوە کە لە هەموو دەریای سپیی نێوەڕاستدا سەریان لە دوو نابوو، ئاخری توانیی لە میر دابەزێ و لە سەر ڕێیەکەی خۆیشی دوورگەی مالٓت بگرێ، وەها پیاوێک زۆر باش دەیتوانی کەلک لەو تەمومژە وەرگرێ کە لە دەریای سپیی ن ێوەڕاستدا زۆر دەگمەن بەلآم لە مانش زۆر زۆر بوو، ئیتر ئەمجارە زەمانی بەئاکامگەیاندنی نەخشە و پلانەکەی ئەو، مانگ و حەفتە نەبوو، بەلٓکوو چەند سەعاتێک یان ئەوپەڕەکەی چەند ڕۆژێک بوو. ئەی دەبوو چ بکەن؟

دوو ڕێگە چارە هەبوو: یەکەم ئەوەی لوێچ لوێچ ئالٓتوون هەلٓڕێژن و بەپەلە و خێرا هاوپەیمانیەتییەکی ئەورووپی پێک بێنن بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەلٓاتەوە پەلاماری ناپلیۆن بدەن و بەو جۆرە لە گرتنی ئینگلتەرا بیگێڕنەوە. بەلآم نەمسا کە لەبەر ناپلیۆن بەزیبوو و لە پەیمانی لۆنێڤیلدا ئەو هەمووە غەرامە و قەرەبووەی لێ ئەستێنرابوو، هێشتا نەیتوانیبوو هەستێتەوە سەر پێ. نەمسا جەنگی دەویست بەلآم بڕیاری نەدابوو خۆی تێوەربدا. پرۆس دڕدۆنگ بوو و ڕووسیەش مەسەلەکەی سەنگوسووک دەکرد. دانوستانەکان بەردەوام بوون. پیت لە پێکهێنانی هاوپەیمانی بێهیوا نەدەبوو و ئەگەرچی لەسەرکەوتنی خۆی دلٓنیا بوو، بەلآم کارەکان هێندە بە خاووخلیسکی دەچوونە پێشێ کە لەوانەبوو کارەکە بگاتە کەپەنکی پاش باران.

بۆیە ڕێگەچارەی دووەم دەمایەوە. ویلیام پیت و هاکسبری دەمێک بوو دەیانزانی کە جۆرج کادۆدالٓی دەمارگرژ و ئەندامی دەستەی شڤانەکان لە لەندەن دەژی و پێوەندیی لەگەلٓ کۆنت دارتۆڤا هەیە و بە گشتی

دەیانزانی پەنابەرە فەرەنسیەکان پیلانێکیان بەدەستەوەیە. زۆری نەبرد کە دەوڵەتی ئینگلتەرا ئاگادار کرایەوە لە چۆنێتی و وردەکاریی ئەو پیلانانەی شاپەرستە ڕاکردووەکان لە لەندەن بەدەستیانەوە بوو. شاپەرستەکان لە سۆنگەی شکانی ڕاپەڕینەکەی ڤاندێوە تەواو دڵنیا ببوون کە مەحاڵە بە ڕاپەڕین بتوانن بۆناپارت بڕووخێنن، بۆیە بڕیاریان دابوو بیکوژن و بۆ ئەو مەبەستەش ئەو پیلانەی کە لە کاتی تەقینەوەی بۆمبەکەی ساڵی 1800 چارەنووس کردبوویە بڵقی سەر ئاو، دووبارەی بکەنەوە.

کۆمەڵێک ڕۆچنەی هیوا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەسەر ویلیام پیتدا کرابوونەوە. دەوڵەتی ئینگلتەرا دەیویست بەوپەڕی لێوەشاوەییەوە دەست بەرێتە نێو ئەو کارەوە. باشترین ڕێگە ئەوە بوو، وەک چۆن ساڵی 1801 ئیمپراتۆر پۆڵی یەکەمی ڕووسیا بەتەمای گرتنی هیندوستان بوو، ئێستاش ئاوا بکەن، یانی لە پشت پەردەوە یارمەتیدەری پیلانەکە بن، بەڵام لە ڕواڵەتدا دابودەستوورەکان ڕەچاو بکەن و ئەو هەڵە لە دەست نەدەن کە بە ڕواڵەت پرسە و سەرەخۆشی بکەن. وەک چۆن پێشتریش لە ڕووداوی "خوێنبەربوونی مێشک"ی قەیسەر لە ژووری خەوتنەکەیدا کاتێک قۆرۆنتسۆڤی باڵیۆزی ڕووسیا بەریتانییەکانی بە فەرەمی لەو ڕووداوە دڵتەزێنە ئاگادار کردەوە، ئەوان سەرەخۆشییان لێ کردن. بەڵام بوارخۆشکردن بۆ "دڵ ڕاوەستان" لە ساڵی 1804 لە کۆشکی تۆیلریدا زۆر ئەستەمتر و ئاڵۆزتر بوو لەوەی لە کۆشکی "میشل" لە پێترزبۆرگدا بۆ پۆڵی یەکەمیان ڕێک خست. ناپلیۆن نە گاردی پاراستنەکەی لە ئەفسەری ناڕازی و تووڕە پێک هاتبوو و نە کۆنت پاڵێن و بنیگسۆن و پلاتن زۆبۆفێکیشی لە دەور بوو، کە کارێکی وا بکەن تووشی "خوێنبەربوونی مێشک"ی بکەن. ئەم جارە

مەسەلە ئەوە نەبوو کە بە یارمەتیی دارایی خانمێکی جوان و ناسکی نەجیبزادەی وەک ئۆلێگا ئەلسکاندرۆنا ژێربستۆڤای خوشکی پلاتۆن زۆبۆڤ ـ کە ویزۆرسی باڵیۆزی ئەوکاتی ئینگلتەرا لە پێترزبۆرگ لە ڕێگەی ئەوەوە نیگەرانی و کەسەری خۆی لە وەزعی خراپی ئیمپراتۆر پۆل دەربڕیبوو ـ بێنە نێو پێوەندییەکانەوە، بەڵکوو دەبوایە فەلاحێکی سەرشێتی برۆتۆنی تێوەگلێنن، کە نە لە قسەی بەتوێکڵ و پێچوپەنا تێدەگەیشت و نە هیچ و هەر نەشیدەزانی مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە کونسوڵ بڕفێنرێ. بە واتایەکی دی، کادۆدالّ باش تێنەدەگەیشت کە چۆن دەکرێ سەری سەرۆکی دەوڵەتێک لە پایتەختەکەیدا بە گۆمێدا بکەی. ئەو هەر شارەزای ئەو زمانبازییانە نەبوو و، بەو لاقە زل و چەکمە گەورانەی ڕاوکردنەوە نەیدەتوانی بە جوانی بەسەر عەرزی ڕێک و بریقەداری هۆڵ و تەلارەکانی دیپلۆماسیدا هەنگاو هەڵێنێتەوە. لەکاتی ئەو دانوستانانەدا دەستەواژەی "رفاندن"ی بۆناپارت هەر ئەو مانا وردەی هەبوو کە لە کۆبوونەوە نهێنییەکەی شەوی 12ی مارسی 1801ی نێوان پاڵۆن و ئەلکساندردا گوترا "داوا لە ئیمپراتۆر پۆل بکرێ دەست لەکار بکێشێتەوە" .

ویلیام پیتی گەنج سەرەڕای ئەوەی ڕووسیی نەدەزانی، ڕێک بەپێی مانای شاراوەی نێو ئەو پەندە بەناوبانگە دەجوولّایەوە "سەد قسە کردەوەیەک ناهێنێ" و ئەوەش سیاسیترین پەندی ئەو زمانەیە.

پیلانەکە ڕێک خرا و گەڵاڵەکەی لە لەندەن دارێژرا. جۆرج کادۆدالّ دەبوو کونسوڵی یەکەم لەنێو بەرێ. ئەویش ئەو کاتانەی کە ناپلیۆن بەپێی عادەت لە دەوروبەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەی لە مالمزۆن دەچووە گەشت و سەیرانی سوارچاکی، ئەوان بە چەند پیاوی چەکدارێکەوە خۆی بەسەردا بدەن و بیڕفێنن و بیکوژن.

جۆرج کادۆدالّ تا بلّێی پیاوێکی کۆنەپەرست و دەمارگرژ بوو. زۆر جاران لە ڤاندێ گیانی خۆی خستبووە مەترسییەوە و لە زۆر ڕووداوی سەرکێشیکەرانە و سەرچلّانەی سەمەرەدا بەزیندوویی دەرچووبوو. ئێستا بەبێ ترس و درِدۆنگی ئامادە بوو بۆناپارت بکوژێ، چونکە ئەوی بە نوێنگەی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە دەزانی کە زۆر لێی بێزار بوو و جگە لەوەش بە داگیرکەری تەخت و تاجی لۆیس دێ بۆربۆن پادشای یاسایی فەرەنسای دەزانی.

شەوێکی تاریکی مانگی ئۆگۆستی 1803، کادۆدالّ و هاوڕێکانی بە کەشتییەکی ئینگلیزی لە نۆرماندی دابەزین و لەوێوە یەکەوڕێ چوونە پاریس. پیلانگێڕان هەم پیاویان هەبوو و هەم پارەی زۆر و زەوەند و هەمیش پێوەندی لەگەلّ کەسانێک لە پایتەختدا و هەم ئادرەس و شوێنی نهێنی و حەشارگەی قایم. بەلّام سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش دەبوایە پێوەندیی بەو کەسەشەوە بکەن کە پاش لەنێوبردنی ناپلیۆن دەمودەست جلّەوی دەسەلّات بگرێتەوە دەست و بۆربۆنەکان بێنێتەوە سەر تەختی باب و باپیرانیان.

شاپەرستەکان پێیان وابوو ژەنەڕالّ مۆرۆ بۆ ئەو کارە زۆر باش و گونجاوە و ژەنەڕالّێکی دیکەش بەناوی پیشگرۆ بوو بە ئالّقەی پێوەندیی نێوان مۆرۆ و کادۆدالّ. پیشگرۆ پاش ڕووداوەکەی 18ی فرۆکتیدۆر دوورخرابۆوە بۆ گۆیان و لەوێ توانیبووی ڕا بکا و ساڵی 1803 بە نهێنی لە پاریس دەژیا. ئەو کە بە خیانەتکارێکی حاشاهەڵنەگر ناسرابوو و بەو مەرجە دوور خرابۆوە کە مافی چوونەدەرەوەی نەبێ، ئیتر هیچی نەبوو لەکیسی بدا. بەلّام ژەنەڕالّ مۆرۆ شتێکی دیکە بوو و پێگە و بارودۆخەکەی زۆر لە ئی پیشگرۆ جیاواز بوو. ئەو یەکێک بوو لە لێوەشاوەترین سەردارەکانی سوپای فەرەنسا و زۆریش

پلەوپایەپەرست بوو، بەڵام پلەپەرستێکی بێ وڕە. دەمێک بوو لە ناپلیۆن بێزار بوو، چونکە بۆناپارت وێرابووی لە 18ی برۆمەردا کارێکی وا بکا کە ئەو خۆی نەیوێرابوو بیکا و، ئیتر لەو کاتەوە بە دزییەوە دوژمنایەتیی بۆناپارتی دەکرد. هەندێ لە ژاکۆبنەکان ئەویان بە کۆماریخوازێکی خەست دەزانی و ئەو شاپەرستانەی لە نزیکەوە دەیاننناسی، دڵنیا بوون کە ئەو لە سۆنگەی ئەو بێزاری و ڕقەی لە ناپلیۆن هەیەتی، یارمەتییان دەدا.

لە ڕاستیدا ڕق و بێزاری لە ناپلیۆن هاندەری سەرەکیی ئەو بوو، بەڵام تەنیا ئەوە هۆکار نەبوو کە وا بزانن ئەو ئامادەیە بۆربۆنەکان بێنێتەوە سەر تەختی پادشایەتی. بەو حاڵەشەوە هەر ئەوەندەی کە ئەو ئاگای لە پیلانەکە بووە و ئاشکرای نەکردووە، تێوەی دەگلاند. پیشگرۆ کە بەردەوام پێوەندیی لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلتەرا هەبوو، ئینگلیز و شاپەرستەکانی دڵنیا دەکردەوە، کە مۆرۆ ئامادەی هاوکارییە، بەڵام مۆرۆ خۆی لە قسەکردن لەگەڵ کادۆدااڵ دەپاراست و ڕاشکاوانە بە پیشگرۆی گوت، ئامادەیە دژی بۆناپارت کار بکا، بەڵام حەز ناکا خزمەتکاری بۆربۆنەکان بێ. سەرەتاکان کە ئەو دانوستان و کۆبوونەوە نهێنییانەی پیلانگێڕان ڕێک دەخران، پۆلیسی ناپلیۆن لە بۆسەدا بوون و هەر شتێکیان دەدۆزییەوە، ڕۆژاوڕۆژ بۆ کونسوڵیان دەنارد‌ەوە.

ڕۆژی 15ی فێبریوەری 1804 ژەنەراڵ مۆرۆ لە ماڵەکەی خۆیدا قۆڵبەست کرا و هەشت ڕۆژ دواتریش لە نیوەی شەوێدا پیشگرۆ گیرا: باشترین هاوڕێی ئەو کە دااڵدەی دابوو، بە 300000 فرانک بە پۆلیسی فرۆشتبوو. لێپێچینەوەی پەیتاپەیتا دەست پێ کرا، بەڵام پیشگرۆ ئامادە نەبوو هیچ نهێنییەک بدرکێنێ. بە ناوی بۆناپارتەوە بەڵێنیان بە مۆرۆ دا، کە ئەگەر پێ لەوە بنێ کە لەگەڵ کادۆدااڵ قسەی کردوە، لێی خۆش

دەبن و ئازادی دەکەن. مۆرۆ ملی بادا. پیشگرۆیان چل ڕۆژ پاش دەسبەسەرکرانی بە مردوویی لە زیندانداا دۆزییەوە، کە بە بۆینباخەکەی خۆی هەڵواسیبوو. ئیتر لەمەودوا دەنگۆ داکەوت کە خۆی نەکوشتووە، بەڵکوو بە ئەمری سەرووتر کوشتوویانە. دواتر ناپلیۆن بە ڕاوێژێکی گاڵتەجاڕانەوە ئەم دەنگۆیانەی وەدرۆ خستەوە و گوتی: "من هەم دادگام هەبوو دادگایی بکەم و هەمیش سەرباز بۆ ئەوەی گوللەبارانی بکەم. من لە ژیانمدا کاری قۆڕم نەکردووە."
هەرچۆنێک بێ ئەم دەنگۆیانە دەراوی ئەوەیان بۆ ڕەخسا بە ڕاست لە قەڵەم بدرێن، چونکە چەند ڕۆژێک پێش مەرگی گوماناویی پیشگرۆ ڕووداوێکی زۆر چاوەڕوانەکراو کۆڕ و کۆبوونەوەی بەرزی نەجیبزادەکانی فەرەنسا و ئەورووپای ڕاچڵەکاند و ئەویش لە سێدارەدرانی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی بۆربۆن بوو بە ناوی دووک دانگین.
لە کاتی دەسبەسەرکرانی مۆرۆ و پیشگرۆوە کە بە دوای ئەوەدا کۆمەڵێک خەڵکی دیکەشیان بە تۆمەتی دەستێدابوون لە پیلانەکەدا قۆڵبەست کرد، هێشتا گنجی نێوچاوانی ناپلیۆن نەدەڕەوینەوە. ئەو جگە لە بەشداریی ئینگلیزەکان، لێی ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەو پیلانانە لە بن سەری بۆربۆنەکاندان و ئەوان سەرکردایەتیی دەکەن. ئەو دەیزانی ئینگلیزەکان جۆرج کادۆدالیان هێناوە و لە خاکی فەرەنسادا دایانبەزاندووە، دەیزانی کادۆدالّ ئێستا لە پاریسە و هەر ئێستا نا تاوێکی دی دەتوانێ لەگەڵ پیاوە گیانفیداکانی هەوڵی کوشتنی بدەن.
بۆناپارت جارێکیان بە تووڕەییەوە گوتی: "ئەگەر بۆربۆنەکان پێیان وایە من ناتوانم تۆڵەی ئەو هەوڵی کوشتنانەیان لێ بکەمەوە، زۆر بە سەهوو چوون." تالیران کە ئەم قسەیەی لێ بیست، هەر بۆ خۆنواندن و بۆ

ئەوەی بەبێ مەترسی تۆڵەی خۆی لە شاپەرستەکان بکاتەوە کە بەخوێنی سەری تینوو بوون، گوتی: "دیارە بۆربۆنەکان پێیان وایە خوێنی تۆ وەک خوێنی ئەوان سوور نییە." ئەو قسەیە ناپلیۆنی تەواو دەهری کرد. لەو کاتەدا بوو کە بۆ یەکەم جار دووک دانگین ناوی کەوتە سەر زار و زمانان. ناپلیۆن کە ئیمانی نەمابوو، بە پەلەپەل فەرمانی دا ئەنجومەنێکی تایبەت دامەزرێنن، کە تێیدا فۆشێ و تالیرانیش بەشدار بوون و ئەو ئەنجومەنە دەنگی بە قۆڵبەستکرانی دووک دانگین دا. بەڵام دوو کێشە لەگۆڕێ بوو: یەکەم ئەوەی کە دووک لە فەرەنسا نەدەژیا، بەڵکوو لە وڵاتی باد"ئەڵمان" دەژیا، دووەم ئەوەی کە ئەو ڕۆحیشی ئاگای لەو پیلانە نەبوو. کێشەی یەکەم لە ڕوانگەی ناپلیۆنەوە هیچ نەبوو، چونکە ئەو لەو کاتدا لە ئەڵمانی باشوور و ڕۆژئاواشدا وەک مااڵی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد. کێشەی دووەمیش زۆر گرینگ نەبوو، چونکە ئەو پێشتر بڕیاری دابوو لە ئەنجومەنێکی جەنگیدا کە زۆر گوێی نەدەدایە بەڵگە و شایەت، دادگایی بکا. دەسبەجێ فەرمانەکە دەرکرا. دووک دانگین لە یەکێک لە شارەکانی وڵاتە بچووکەکەی "باد" بە ناوی ئێتێنهێیم دەژیا و هیچ ئاگای لەو مەترسییە ترسناکە نەبوو کە بە ژوور سەریەوە دەخولایەوە. شەوی 14 لەسەر 15ی مارسی 1804 لیوایەک پۆلیسی سوارچاک سنوورەکانی "باد"یان بەزاند و دووک دانگینیان قۆڵبەست کرد و دەسبەجێ هێنایانەوە فەرەنسا. وەزیرەکانی وڵاتی باد خۆشحاڵ بوون لەوەی کە ئەوانیشیان لەگەڵ دووک دەسگیر نەکردووە و بەرپرسە حکومییەکانی بادیش لە درێژایی ئەو عەمەلیاتەدا هەر متەقیشیان لێوە نەهات. لە بیستەمی مارسدا دووکیان هێنایەوە پاریس و لەوێوە دەسبەجێ بەڕێی قەڵای ڤینسێن کرا. ئێوارەی ڕۆژی بیستەمی مارس ئەنجومەنی جەنگی بۆ دادگایی دووک دانگین پێک هێنرا کە تۆمەتی

موچەخۆریی ئینگلتەرا و ڕاپەڕینی چەکداریی لەسەر بوو. دوو سەعات و سێ چارەگ پاش نیوە شەو حوکمی سێدارەی بۆ دەرکرا. دووک نامەیەکی بۆ ناپلیۆن نووسی و داوای کرد نامەکەی بدرێ بە کونسوڵی یەکەم.
سەرۆکی ئەنجومەنی جەنگ بەناوی هۆڵن کە یەکێک بوو لە پاڵەوانانی گرتنی باستیل، دەیویست بەناوی دادگاوە داوای کەمکردنەوەی سزا بۆ دووک بکا، کەچی ژەنەڕاڵ ساڤاری کە بەتایبەتی لە کۆشکی تۆیلریەوە نێردرابوو، قەڵەمەکەی لە چنگی ساڤاری دەرهێنا و گوتی: "ئیتر ئەم کارە پێوەندیی بە منەوە هەیە." سەعات سێی پاش نیوەشەو دووک دانگینیان بردە خەرەندەکەی پەنا قەڵا و هەر لەوێ گوللەبارانیان کرد
کە ناپلیۆن لە نێوەرۆکی نامەکەی دووک دانگین ئاگادار بۆوە، گوتی، بێت و نامەکەی زووتر پێ گەیبایە، لێی خۆش دەبوو. ئەوێ ڕۆژێ ئەو زۆر مات بوو و هیچ کەس نەیوێرا قسەی لەگەڵ بکا. بەڵام دواتر گوتبووی هەقی بووە دووک دانگینی لەسێدارە داوە، چونکە بەرژەوەندییەکانی وڵات وایان ویستووە و دەبوو بۆربۆنەکان چاوترسێن بکرێن.
ئیتر چەند ڕۆژێک پێش لەسێدارەدانی دووک دانگین، کادۆدالێش گیرابوو. وەختێک دەیانویست لە شەقام بیگرن، بێهیوایانە دەستی کردەوە و چەند پاسەوانێکی کوشت و بریندار کردن. ئەو و هاوەستەکانیان بردە بەر گیوتین و ژەنەڕاڵ مۆرۆش لە فەرەنسا دوور خرایەوە.

3

لە مانگی مارسدا، پاش لەسێدارەدانی دووک دانگین و وێڕای ئەوەی خەریک بوون دادگاییکردنی کادۆدالێیان ڕێک دەخست، لە پاریس و شارەکاندا دەنگۆ داکەوت کە دووک دانگین هەر ئەو کەسە بووە وا

کادۆدالّ و هاوده‌سته‌کانی ده‌یانویست پاش کوشتنی کونسولّی یه‌که‌م ته‌خت و تاجی فه‌ره‌نسای پێ بسپێرن. ئه‌و ده‌نگۆیه درۆ بوو، به‌ڵام خزمه‌تێکی گه‌وره‌ی به ناپلیۆن کرد. ئه‌نجومه‌نی تربۆرنا و لێژنه‌ی یاسادانان و سه‌نا، که به ڕواڵه‌ت نوێنه‌رانی میلله‌ت بوون، به‌ڵام هه‌موویان کۆمه‌ڵێک داردەستی کونسولّی یه‌که‌م و گیانفیدای ئه‌و بوون، کۆ بوونه‌وه و ڕاشکاوانه و به‌بێ یه‌ک و دوو باسی یه‌کلاکردنه‌وه و کۆتاییهێنانی دۆخێکیان کرد، که ئاسایش و هێمنیی میلله‌تی له ژیانی تاقه‌کەسێکدا به‌دی ده‌کرد و به‌رده‌وامیش دوژمنانی فه‌ره‌نسای هان ده‌دا هیوایان به کوشتنی ئه‌و که‌سه بێ. ئاکامی ئه‌و دانوستان و ڕاوێژانه ڕوون بوو: هه‌موان پێیان باش بوو، پێگه‌ی کونسولّیی تاهه‌تایی بکه‌ن به پادشایه‌تیی بێجلّه‌وی میراتگرانه.

به‌و جۆره پاش بنه‌ماڵه‌ی مێرۆڤینژین که له سه‌ده‌ی پێنجه‌مه‌وه تا هه‌شتم پادشایه‌تیان کرد، پاش کارۆلنژینه‌کان که له سه‌ده‌ی هه‌شته‌مه‌وه تا ده‌یه‌م له جێی ئه‌وان دانیشتن و پاش بنه‌ماڵه‌ی کاپێتینسه‌کان که دوو لقی ڤالڤاکان و بۆربۆنه‌کانی لێ که‌وته‌وه و له کۆتایی سه‌ده‌ی ده‌یه‌مه‌وه تا 1792 ته‌ختی پادشایه‌تیی فه‌ره‌نسایان داگیر کرد و له‌و ساڵه‌دا لۆیسی شانزه‌یه‌م یان لۆیس کاپێ که له‌سه‌رده‌می شۆڕشدا به‌و ناوه بانگیان ده‌کرد، لێ خرا و له سێداره درا، یانی پاش ئه‌و سێ بنه‌ماڵه‌ی پادشایه‌تی ده‌بوایه بنه‌ماڵه‌یه‌کی چواره‌میش له فه‌ره‌نسادا پادشایه‌تی بکا، ئه‌ویش بنه‌ماڵه‌ی بۆناپارت بوو.

کۆمار، که له ڕێکه‌وتی 10ی ئۆگۆستی 1792ـه‌وه پێک هاتبوو، ده‌بوایه دیسان جێی خۆی بداته ته‌ختی پادشایه‌تیی بێجلّه‌و.

له‌گەڵ ئه‌وه‌شدا بنه‌ماڵه تازه‌که‌ی بۆناپارت نه‌ده‌بوو نازناوی پادشایه‌تیی بنه‌ماڵه‌کانی پێش خۆیانیان له‌سه‌ر بێ، هه‌ر بۆیه پادشای تازه ویستی

پێی بڵێن ئیمپراتۆر. وەک چۆن لە ساڵی 800ی زایینیدا شارلمانی کە تاجی لەسەرخۆی نابوو، بۆ یەکەم جار ئەو ناوەشی لەخۆی نابوو. هەزار ساڵ پاش ئەو ڕێکەوتە یانی لە 1804دا ناپلیۆن ڕاشکاوانە ڕایگەیاند بە لاسایی شارلمانی، دەبێتە ئیمپراتۆری ڕۆژئاوای جیهان. ئەو ئیتر خۆی بە جێنشینی پادشاکانی پێش خۆ نەدەزانی، بەڵکوو دەیگوت جێگرەوەی ئیمپراتۆر شارلمانیم.

جگە لەوەش، دامەزراندنی ئیمپراتۆریی شارلمانی هەوڵێک بوو بۆ زیندووکردنەوە و دریژەدانی ئیمپراتۆرییەکی زۆر گەورەتر یانی ئیمپراتۆریای ڕۆما. ناپلیۆنیش خۆی بە میراتگری ئەو ئیمپراتۆرییە و هۆکاری یەکخستنی ئەو وڵاتانە دەزانی کە شارستانیەتی ڕۆژئاواییان هەبوو. ئەو دواتر توانیی پێگەڕێکی زۆر پانوبەرینتر لەو کەوشەنەی شارلمانی هەرگیز پادشایەتیی تێدا نەکردبوو، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وەک وڵاتانی ژێر فەرمان و گوێڕایەڵ بخاتە بندەستی خۆیەوە.

پێش جەنگی ڕووسیاش لە 1812دا دەسەڵاتە تۆقێنەرەکەی ناپلیۆن لە ئەوروپا، جگە لەو شوێنانەی ڕۆمییەکان لە باکوور و ئاسیای بچووکدا گرتبوویان، دەستی بەسەر گەلێک وڵات و سەرزەمینی ئاوەدانتر و پانوبەرینتر لەوی ڕۆمادا گرتبوو. بەڵام وەختێک ئەوروپا بۆ یەکەم جار هەواڵی ئەم گەڵاڵەیەی پێ گەیشت کە ناپلیۆن دەیەوێ ئیمپراتۆریی شارلمانی بژێنێتەوە، زۆربەیان گوتیان ئەوە لەخۆباییبوونێکی گەمژانەیە و هانە و دەنگی ئازایانەی سەرکەوتوویەکی هەوسارپچڕاوە، کە دەیەوێ بە گژ دنیای شارستانیدا بچێتەوە.

باڵوێزی هەموو دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەوروپا بە وردبینی و نیگەرانییەوە سەیری ئەو گۆڕانە چاوەڕوانەکراو و لەناکاو و

بەپەلەیەیان دەکرد، کە پاش لەقاودانی پیلانەکەی کادۆدالّ و ئیعدامی دووک ئانگین بە ئاشکرا دەیەویست پادشایەتیەکی بێجلّەو(رەها) لە فەرەنسادا دامەزرێنێتەوە. کە خەلّکەکە تێگەیشتن ئەو پیلانە لە بن سەری شاپەرستەکاندا بووە، هەر کاس و گێژ بوون. کاتێ لە ڕەوتی لێپرسینەوەکاندا وردەوردە ڕاستییەکان ئاشکرا دەبوون و لە کۆبوونەوەی مەحکەمەدا لەقاو دەدران، ئیتر بە ئاشکراییش دەرکەوت، کە بۆرژوازیی گەورە و ملّکدارەکان و ئەوانەی سامانی نیشتمانیان هەبوو، بە دلّ ئارەزوویان دەکرد زۆر خێرا ئەو سیستەمە حکوومەتییە دامەزرێ و پتەو بێ کە وا ناپلیۆن بناغەکەی دانابوو، بۆ ئەوەی گیان و مالّیان لە دەهۆ و پیلانی ملّکدارانی ڕابردوو یانی نەجیبزادەکان پارێزراو بێ. لە 18ی برۆمەری 1804دا ئەنجومەنی سەنا فەرمانێکی دەرکرد کە بەپێی فەرمانەکە، نازناوی ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان بە پاشگری میراتداریێتیەوە بە ناپلیۆن دەبەخشرا. دابودەستووری گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی، ئەم جارەیان زۆر ئاسانتر لەوی سالّی 1799ی پاش ڕووداوەکەی برۆمەر بەڕێوە چوو.

بیر و ڕای گشتی کاس و وڕ بوو، ئەگەرچی لە 1802ـەوە هەموان چاوەڕوانی وەها ڕووداوێک بوون و بۆرژوازیی مەزنی فەرەنسا کە بە هەموو هێزەوە پشتیوانی سیاسەتی ناپلیۆن بوو، پێی وابوو هەر دەبێ بگەڕێنەوە سەر سیستەمی فەرمانڕەوایی بێجلّەو. دیارە کۆماریخوازە خەستەکان نەیاندەتوانی مل بۆ ئەو دۆخە ڕاکێشن. هێشتا یادی ڕۆژانی شۆڕش و خەونی زێڕینی ئازادی و یەکسانی و ئەو جنێو و نەفرەتانەیان هەر لە زەیندا مابوو کە بە سەرەڕۆکانیان دەدان.

هێندێکیان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ناپلیۆن بە زیادکردنی نازناوی "خاوەنشکۆ" لە ناوەکەی خۆی، ناوێک کە هەتا بنی دنیا ڕۆیشتبوو،

شانازییەکانی خۆی سووک کردووە. پاول لۆیس کۆریەر، ئەو کات گوتبووی: "بنیادەم بۆناپارت بێ و خۆی ناوبنێ خاوەنشکۆ، وا دیارە ئەو کابرایە دەیەوێ پلەوپایەی خۆی نزم بکاتەوە." بێتهۆڤن کە لەوپەڕی هۆگری و خۆشویستنی ناپلیۆندا "سەمفۆنیای پاڵەوانێتی"یەکەی خۆی پێشکەشی ئەو کردبوو، کاتێک زانیی "بۆناپارتی خۆوڵاتی" بووە بە ئیمپراتۆر، پێشکەشییەکەی وەرگرتەوە. لەو کاتدا کە کۆمەڵێک دەوڵەمەند و نەجیبزادەی مەملەکەت و سەردار و خاتوونەکانی دەربار لە جلوبەرگی زێڕکفت و بە ئارایشتی دڵڕفێنەوە یەکەم جار لە تەلارەکانی کۆشکی تۆیلریدا کڕنۆشیان بۆ ئیمپراتۆری نوێ دەبرد و پیرۆزباییان لێ دەکرد، تەنیا چەند کەسێک لە مەحرەمی ڕازی خواوەندەکان دەیانزانی کە فەرمانڕەوای نوێ هێشتا پێی وایە دابودەستووری ڕووداوی ئیمپراتۆربوونەکەی تەواو نەبووە و لەخۆوەش نیە کە ناوی شارلمانیی هێناوە. ناپلیۆن حەزی لێ بوو پاپاش بۆخۆی بەشداری تاج لەسەرنانەکەی بێ، هەر وەک چۆن دە سەدە لەوەپێشیش پاپا خۆی لە 1800دا تاجی لەسەر شارلمانی نابوو. بەڵام بۆناپارت دەیویست گۆڕانێکی پڕواتا لە شێوازی ئەم دابودەستوورەدا بەدی بێنێ، بەو مانایە کە شارلمانی خۆی چووبووە ڕۆم بۆ لای پاپا بۆ ئەوەی بە دەستی ئەو تاجەکە لەسەری بنرێ، کەچی ناپلیۆن دەیویست پاپا خۆی بێتە پاریس بۆ لای ئەو.

پاپا پیوسی حەوتەم بە تووڕەیی و ترسلێنیشتوواییەوە لە ویست و ئارەزووەکەی ناپلیۆن ئاگادار کرایەوە. ئەوانەی لێی نزیک بوون هەوڵیان دا نموونە و بەڵگەی مێژووی بۆ بێننەوە و دڵخۆشیی بدەنەوە. بۆ وێنە وەبیریان هێنایەوە کە لە نیوەی سەدەی پێنجەمدا کاتێک بارودۆخەکە تەواو تێک دەچوو، پاپا لیۆنی یەکەم بڵێی و نەڵێی ئامادە

بوو به پێشوازی ئاتیلای سەرداری هەیاتڵەوە بچێ، ئەگەرچی ئاتیلا لە ڕووی ئەدەب و نەزاکەت و پەروەردە و دابودەستوورەوە بە تۆزی پێی ئیمپراتۆرە تازەکەی فەرەنسیەکانیش نەبووە. جگە لەوەش، ملبادان مەحاڵە، چونکە سوپای فەرەنسا کە بەشی باکووری ئیتالیا ئۆردوویان خستووە، هەڕەشە لە خەڵک دەکەن.
کاتێک پاپا بیری لێ کردەوە، دەسبەجێ ملی بۆ ویست و داخوازییەکانی ناپلیۆن ڕاکێشا، بەڵام لە چەلەحانێش نەکەوت و هەوڵی دا لەبری ئەوە بەشێک لە ملکەکانی پاپایەتی لە باکوور کە ناپلیۆن لێی زەوت کردبوون تەنانەت ئەگەر زۆر کەمیش بێ، لێی وەرگرێتەوە. بەڵام پاپا پیوسی حەوتەم و کاردینااڵ کۆنسالیڤی و هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی مامۆستایانی ئایین کە پاپایان هەڵدەبژارد نەیاندەتوانی وەک ناپلیۆن ڕۆڵی سیاسەتمەدارێکی هەڵکەوتوو و لێوەشاوە بگێڕن. پاپا لەخۆوە چاوقایمێتیی کرد، ئینجا کەوتە لاڵانەوە و پاڕانەوە و کڕووزانەوە.
دیسان چاوقایمێتیی کردەوە و دیسانەکەش کەوتەوە لاڵانەوە و پاڕانەوە و کڕووزانەوە و، ئیتر کە زانیی ئەو ساتوسەودایانە هیچیان لێ شین نابێتەوە، بە هاندانی ناپلیۆن کە بەشکم لە پاریس شتێکی بداتێ، هەستا چوو. بەڵام لە پاریسیس دەست لە گونان دریژتر گەڕاوە. ناپلیۆن پێش تاجلەسەرنان و لە ڕەوتی تاجدانانەکەدا مەراییەکی سەیروسەمەرەی کرد. ئەو لە لایەکەوە پێویستی بە پاپا هەبوو چونکە ئەوکات سەدان ملیۆن خەڵکی سەر ئەم گۆی زەوییە و بەتایبەتی زۆرینەی فەرەنسیەکان باوەڕێکی ئایینیان بە پاپا هەبوو. بۆیە پاپا یەکێک بوو لە ئامرازە هەرە پێویستەکانی تاجدانان. بەتایبەتی کە باسی زیندووکردنەوەی ماف و داخوازییەکانی شارلمانی لەگۆڕێدا بوو. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ناپلیۆن پاپای پێ کابرایەکی قۆڵبڕی چاوبەستی فێڵباز

بوو و وەک ئەو کەسانەی سەیر دەکرد کە بە بانگەشەی ئەوەی خوا هاتۆتە نێو جەستەی مەسیحەوە و بە پەرەپێدانی خۆرافات و پڕوپووچ لە کلێسادا بە ئانقەست خەڵک گەمژە دەکەن و کەلک لە گەمژەییەکەیان وەردەگرن. لە کاتی بانگهێشتنی پاپادا بەڵێنی بە کاردینالەکان دابوو بە پیریانەوە بچێ و بە پیریشیانەوە چوو، بەڵام بە جلوبەرگی ڕاوەوە و لە حاڵێکدا کۆمەڵێک ڕاوچی و مەیتەر و تاژی بەخێوکەر و گەلەتاژییەک دەوریان گرتبوو، لە دارستانەکەی پۆنتاینێبلیۆ چەند هەنگاوێک لەولای کۆشکەکەی خۆیەوە لە قەراغ پاریس کە ئەوکات لەوێ دەژیا، چاوی بە پاپا کەوت. کاروانەکەی پاپا ڕاوەستا و داوایان لە پاپا کرد لە گالسکەکەی خۆی دابەزێ و بەپێیان بچێتە ئەوبەری جادە و سواری گالسکەی ئیمپراتۆر بێ. لە حاڵێکدا ئیمپراتۆر تەنانەت خۆی زەحمەت نەدا داشبەزێ. لەو ماوەیەشدا کە پاپا لە پاریس بوو، هەر بەو جۆرە لەگەڵی هەڵسوکەوتی کرد.

ڕۆژی دووەمی دیسەمبەری 1804، دابودەستووری تاجدانانی ناپلیۆن لە کلێسانی نۆتێردام دوپاری بەڕێوە چوو. کاتێک ڕێزێکی دووروودرێژی گالسکەی زێڕین هەموو دەربارییەکان و سەرداران و کەسایەتییە پایەبەرزەکانی وڵات و پاپا و کاردینالەکانی ئەویان دێنایە کلێسا، جەماوەرێکی زۆر ڕاوەستابوون و سەیری ئەو کاروانە شکۆمەندەیان دەکرد. دەڵێن ئەوێ ڕۆژێ، قسەیەکی زۆر بەناوبانگ کرا، کە ئەفسانەکەی دەدەنە پاڵ کەسایەتیی جۆراوجۆرەوە و، زۆر وێدەچێ لە قسەی یەکێک لە پیرلەشکرە کۆماریخوازەکان بێ کە لە وەڵامی ناپلیۆندا وای گوتبوو و ئیتر کەوتبووە سەر زار و زمانان. دەڵێن ناپلیۆن لێی دەپرسێ: "ئاخۆ ئەم دابودەستوورەت بە دڵ بوو؟ ئەویش دەڵێ: "بەڵێ خاوەنشکۆ، زۆرم بەدڵ بوو، بەڵام حەیف جێی ئەو 300000 پیاوە

لێرە بەتاڵە کە گیانی خۆیان دانا بۆ ئەوەی نەهێڵن وەها دابودەستوورێک بێتەوە گۆڕێ." زۆر کەس دەڵێن ئەو قسە ئەفسانەییە، لە بارەی واژۆی کۆکۆردات "پەیماننامەکەی نێوان ناپلیۆن و پاپا بۆ گێڕانەوەی قەشەکان بۆ فەرەنسا" کراوە. هەرچۆنێک بێ بۆ هەر کامەیان کرابێ، زۆر پڕ مانایە.

بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی پاپا و بەپێچەوانەی ئەو بەرنامەیەی لەوەپێش دارێژرابوو، ناپلیۆن گۆڕانێکی پڕمانای دیکەشی لە دابودەستووری تاجدانانەکەدا کرد. لەو دەموساتە پڕشکۆیەدا کە پاپا پیوسی حەوتەم بە نەریتی هەمیشەیی تاجی پادشایەتیی هەڵگرت بۆ ئەوەی لەسەر ئیمپراتۆری بنێ ـ هەر وەک چۆن دە سەدە لەوەپێش پاپای پێش خۆی لەسەر کورسییەکەی پێتر حەواری بۆ شارلمانیی دانابوو ـ کتوپڕ ناپلیۆن تاجەکەی لە چنگ پاپا ڕفاند و لەسەری خۆی نا. ئینجا ژۆزفینی ژنی لە هەمبەر ئیمپراتۆردا ئەژنۆی دادا و ئەو تاجێکی بچووکتری لەسەر ژنەکەی نا. ئەو هەڵسوکەوتە مانایەکی بەتوێکڵی هەبوو. ناپلیۆن نەیدەویست لەو دابودەستوورەدا زۆر گرینگی بە "تەبەڕوک"ی پاپا بدرێ. ئەو نەیدەویست جگە لە دەستی خۆی، تاج لە دەستی هیچ کەسێک وەرگرێ، چ بگا لە دەستی پێشەوای ڕێکخراوێکی ئایینی کە ناپلیۆن تەنیا پێی باش ببوو لەو ڕێوڕەسمەدا بەشدار بێ، ئەگینا نە خۆشی دەویست و نە هیچ نرخێکیشی بۆ دادەنا.

جێژن و خۆشی و شادمانی لە دەربار و پایتەخت و شارەکاندا لەگەڵ چراخانکردنی شار و تەقاندنی گوللەتۆپ و لێدرانی ناقووسەکان و مۆسیقای بێ پسانەوە چەند ڕۆژێک بەردەوام بوو، لە جەنگەی ئەو جێژن و بەزم و ئاهەنگە پەیتاپەیتایانەدا ناپلیۆن هەر لە ئێستاوە ئەو مەترسییە تازەیەی دەدی کە بۆسەی بۆ ئیمپراتۆر دانابۆوە.

پێش ڕێوڕەسمی "تەبەڕوک"ی تاجلەسەرنان، کۆمەڵێک زانیاریی پێ گەیشتبوو کە دەیسەلماند پاش تێکشکاندنی پیلانەکەی کادۆدالّ، ویلیام پیت هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆی چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی هاوپەیمانیەتییەکی دیکە، کە لە جەنگەکانی شۆڕشەوە پێی دەگوترا هاوپەیمانیی سێیەم، دژی فەرەنسا پێک بێنێ: ئێستاش ئەو هاوپەیمانیەتییە بە کردەوە پێک هاتبوو.

شکستی هاوپەیمانیی سێیەم

1805 ـ 1806

1

یەکەم هاوپەیمانیی گەورەی دەوڵەتە بەهێزەکانی ئەورووپایی دژی فەرەنسا یانی ئەو هاوپەیمانیەتییەی سااڵی 1792 پێش دەرکەوتنی ناپلیۆن، شەڕی فەرەنسای کردبوو تێک شکابوو و سااڵی 1797 لەگەڵ بەستنی پەیمانی ئاشتیی کامپۆفۆرمیۆ کە لە نێوان نوێنەرە دەستئاوەاڵکانی نەمسا و ژەنەڕاڵ بۆناپارتدا ئیمزا کرا، هەڵوەشابۆوە. هاوپەیمانیی دووەم کە ئەو دەمی ناپلیۆن لە میسر بوو، فەرەنسای بەچۆکدا هێنابوو، پاش گەڕانەوەی ناپلیۆن لە میسر لەبەر ناپلیۆن شکابوو و پاش دەست لەکارکێشانەوەی "پۆلی یەکەم" و پاش ئەوەی نەمسا ناچار ببوو پەیمانی ئاشتی کۆنێڤیل لە 1801دا مۆر بکا، لێک هەڵوەشێنرابۆوە. لە 1805دا ناپلیۆن کەوتبووە بەر پەالماری هاوپەیمانیی سێیەمی دەوڵەتە مەزنەکانی ئەورووپا. دیسان هێزەکان لە

هەردوو بەر خەریک بوون خۆیان بۆ خۆتاقیکردنەوەیەکی دیکە ڕێک دەخستەوە.
ناپلیۆن لە ساڵی 1804 ـ 1805دا بیری لە جەنگێکی ئیمپریالیستی لەگەڵ ئینگلتەرا و گرتنی لەندەن و بانکەکانی ئینگلتەرا دەکردەوە. بەڵام ناچار بوو ساڵی 1805 نەک لە لەندەن بەڵکوو لە پشت دەروازەکانی نەمسا ئەم شەڕە لەگەڵ ئەو خەنیمەیدا ببڕێنێتەوە.
ویلیام پیت کە لوێچ لوێچ زێڕی هەڵدەڕشت، هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیەتیی سێیەم چڕ کردبۆوە. ترسێکی ڕاستەقینە بەسەر ئینگلتەرای لەخۆباییدا زاڵ ببوو. هۆردووگای بۆلۆنی کە ناپلیۆن دروستی کردبوو، لە کۆتایی ساڵی 1804 و نیوەی یەکەمی ساڵی 1805دا بووە سەربازگەیەکی سامناک. سوپایەکی مەزن و شکۆمەند و کۆک و پۆشتەتر لەوی جاران، تەنیا چاوەڕێی فەرمانێک بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ تەمومژ دەریای مانشی داپۆشی لە نێو ئینگلتەرا دابەزێ. لە ئینگلتەرا هەوڵ دەدرا سەربازگیری بکرێ. بەو جۆرە هەموو هیوای ئینگلیزەکان بە دامەزراندنی هاوپەیمانیەتییەکی ئەوروپی بوو.
نەمسا بە چاوێکی وردبینانەوە چاوەڕێی هەڵایسانی جەنگەکەی دەکرد. ئەو فیداکارییانەی لە ئاشتیی لۆنێڤیلدا بە ناچاری شانی دابووە بەری و بەتایبەتی ناپلیۆن لەوکاتەوە وەها بەسەر وردە دەوڵەتەکانی ئەڵمانی ڕۆژئاوا و باشووردا فەرمانڕەوایەتیی دەکرد، کە ئیتر نەمسا تەنیا هیوای بە جەنگێکی تازە بوو بۆ ئەوەی ڕزگاری بکا و نەهێڵێ بکەوێتە ڕیزی دەوڵەتە پلەدووەکانەوە و ئیستاش بە پارەی ئینگلتەرا ئەو دەرفەتە لەبارەی بۆ ڕەخسابوو. ویلیام پیت لەو کاتەدا کە لەگەڵ دەوڵەتی نەمسا لە دانوستاندا بوو، دانوستانی لەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیاشدا دەست پێ کرد.

ناپلیۆن دەیزانی ئینگلتەرا تەواو هیوای بە شەڕێکی چەکدارانە هەیە کە تێیدا ڕووسیا و نەمسا لەبەر خاتری ئەو لە وشکارۆی ئەوروپادا شەڕ بکەن. دەشیزانی چونکە پاش ئاشتییەکەی لۆنێڤیل بەشێک لە خاکی ئەڵمانی ڕۆژئاوای خستووەتە سەر فەرەنسا، ئیتر نەمسا لێی تووڕەیە و تۆقیویشە، بۆیە بەگیان و دڵ گوێ لە پێشنیارەکانی ئینگلتەرا دەگرێ. لە ساڵی 1803ـەوە بەپێی ئەو قسانەی جاروبارە کونسوڵی یەکەم دەیکردن دیار بوو کە تا ئەو کاتەی هاوپەیمانە گریمانەییەکانی ئینگلتەرا یان وەک زۆر جاران بە سووکایەتییەوە دەیگوت تا بەکرێگیراوانی ئینگلتەرا ورد نەکا و لەناویان نەبا، ناتوانێ بەسەر ئینگلتەرادا سەرکەوێ. بە تالیرانی گوت: ئەگەر نەمسا خۆ لە جەنگەکە وەربدا، بەو مانایەیە کە ئینگلتەرا خۆی حەز دەکا فەرەنسا هەموو ئەوروپا داگیر بکا.

ئیمپراتۆر ئەلکساندر هەر لەسەر تەختی پادشایەتیی ڕووسیا دانیشت، کۆتایی بە هەموو ئەو پەیمانانە هێنا کە باوکی لەگەڵ فەرەنسا دەستی پێ کردبوون. ئەو خۆی لە هەموو کەس باشتر دەیزانی کە ئەو "جەڵتەی دڵ"ـەی پۆلی یەکەمی کوشت، پیلانەکەی چۆن داڕێژرابوو، چونکە خۆی ڕۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی لە داڕشتنەکەیدا هەبوو.

قەیسەری گەنج ئەوەشی دەزانی کە ئەو نەجیبزادە ڕووسیانەی وا لە ئینگلتەرا کەرەستەکانی کشتوکاڵ و گەنم و ملکەکانی بۆ دەفرۆشن، چەندەیان حەز لە دۆستایەتیی ئەو وڵاتەیە. خاڵێکی دیکەش کە زۆر گرینگ بوو، دەخرایە سەر ئەم تێبینیانە: لە بەهاری 1804دا هیوایەک هەبوو ئینگلتەرا و نەمسا و وڵاتی پادشایەتیی ناپڵ ـ هەرچۆنێک بێ ئەودەم وای بۆدەچوون ـ و پرۆس کە ئەویش لە پەلاماری دەستدرێژیکەرانەی ناپلیۆن لە بیاقی ڕاین تۆقیبوو، هاوپەیمانیەتییەک

پێک بێنن. بۆ مەگەر ڕووسیاش بۆ شەڕ لەگەڵ دیکتاتۆرەکەی فەرەنسادا دەرفەتی لەوە باشتری چنگ دەکەوت؟ بە چی ڕا دیار بوو ناپلیۆن بۆ بەرەنگاریی ئەو هەمووە دوژمنە، هێز و کەرستەی تەواوی هەبێ؟

لەسێدارەدرانی دووک دانگین هەموو ئەوروپای پادشایەتیخوازی کە ئێستا بۆ جەنگ خۆی لە دەسک نابوو، هێنایە سەر ئەو بڕیارەی کە زۆر کاریگەرانە دژی "دێوزمەکەی دوورگەی کۆرس"، ڕاپەڕن کە خوێنی یەکێک لە شازادەکانی بنەماڵەی بۆربۆنی ڕشتبوو. بڕیاریان دا ئەو ڕووداوە کە لە وەختێکی زۆر باشدا قەومابوو، زۆر بەباشی بقۆزنەوە و سوودی لێ وەرگرن. هەر کامەو دووکی مەزنی "باد"یان ئامۆژگاری دەکرد بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە ناڕەزایەتی دەربڕێ لەسەر ئەو دەستدرێژییەی بۆ گرتنی دووک دانگین کرابووە سەر ولاتەکەی، بەڵام ئەو فەرەمانڕەوایە کە زەندەقی لە ناپلیۆن چووبوو، متەقی لێوە نەهات، بگرە بە دزییەوە و بە هەڵەداوان ڕایسپارد بزانن ئاخۆ ناپلیۆن لە هەڵسوکەوتی بەرپرسانی "باد" ڕازی بووە یان نا؟ ئاخۆ ئەوەی پۆلیسە فەرەنسیەکان ویستوویانە، ڕێک ئەوەیان بۆ کردوون یان نا؟ پادشاکانی دیکەش لە کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەتیدا بە ئازایەتییەکەوە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە کەوشەنی نێوانیان لەگەڵ فەرەنسادا هەبوو، ناڕەزایەتی و بێزاریی خۆیانیان دەربڕیبوو [*]. جا بۆیەش دەموڕاوێژی ئیمپراتۆری ڕووسیا بۆ ناڕەزایەتی لە هەمووان پاراوتر بوو، چونکە دوورتر بوو. ئەلکساندر لە یاداشتێکی تایبەتدا ناڕەزایەتیی بەرانبەر بە

[*] مەبەست ئەوەیە: هەر وڵاتێک چەندی سنوورەکەی لە سنووری دەرباری فەرەنساوە دوورتر بووبێ، ئازایانەتر بێزاریی خۆی دەربڕیوە و ئازایەتیەکەیان پێوەندیی بەو دووری و نزیکیەوە بووە.

دەستدرێژیکردنە سەر وڵاتی "باد" دەربڕی و لە ڕوانگەی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە هۆشداریی لە دەرکەوتەکانی ئەو دەستدرێژییە دا. ناپلیۆن وەڵامێکی بەناوبانگی بۆ وەزیری دەرەوەی خوێندەوە کە بۆ ئەلکساندری بنووسێ و بینێرێ و ئەلکساندر هەرگیز ئەو جوابەی لەبیر نەکرد و لێشی خۆش نەبوو، چونکە لە ژیانیدا کەس ئاوا بێبەزەییانە سووکایەتیی پێ نەکردبوو. وەڵامەکە کورت و پوخت ئەوە بوو: "دووک دانگین لە سۆنگەی پیلانێکەوە گیرا، کە دژی ناپلیۆن دایڕشتبوو. باشە بۆ وێنە ئەگەر قەیسەر ئەلکساندر ئاگادار کرابایەوە کە قاتڵەکانی باوکی خوالێخۆشبووی واتە ئیمپراتۆر پۆل لە دەرەوەی وڵاتن و دەشتوانێ دەسگیریان بکا و ئینجا ئەلکساندر بە ڕاستی ویستبایەی بیانگرێ، ناپلیۆن هەرگیز ڕێگەی بەخۆی نەدەدا لەسەر وەها دەستدرێژییەک بۆ سەر خاکی بێگانان لۆمەی بکا و ناڕەزایەتی دەربڕێ.." ئیتر لەوە ڕوونتر نەدەکرا بە ئەلکساندر بڵێ خۆت باوکتت کوشتووە. هەموو ئەورووپا دەیانزانی پیلانگێڕەکان، ئیمپراتۆر پۆلیان بە ڕەزامەندیی کوڕەکەی کوشتووە و قەیسەری گەنج پاش ئەوەی لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشتبوو، هەر نەیوێرابوو تاقە تاڵە موویەکیش لەسەری "پاڵۆن و بنیگسۆن و زۆبۆڤ و تالیزین" و ئەوانی دی کەم بکاتەوە، ئەگەرچی ئەوانە هەموویان نەک بڵێی لە وڵاتێکی دەرەوە، بەڵکوو لە پێترزبۆرگ بە ئاسوودەیی دەژیان و ڕێگەیان دەدرا بچنە کۆشکی زستانیی قەیسەریشەوە.

ئاگری قین و دوژمنایەتی لە دڵی ئەلکساندردا بەرانبەر پیاوێک کە ئاوا سووکایەتیی پێ کردبوو، بڵێسەی سەند و لە کۆڕ و کۆبوونەوەی نەجیبزادە و دەرەبارییەکاندا کە پێشتر باسی باری دەروونیانمان کرد، زیاتر ڕەنگی دایەوە.

ئەلکساندر کە ئامادە بوو بچێتە نێو هاوپەیمانیەتیی سێیەمەوە، بە مەبەستی پەرەپێدانی بنەما و شێوازی هەوڵە سەربازییەکانی خۆی و بە ڕاکێشانی هەستی هاودەردیی کۆڕ و کۆمەڵە ئازادیخوازەکان، ڕاشکاوانە بە قسە و نووسینیش ڕایگەیاند کە دژی ئەوەیە ناپلیۆن بەسەر جیهاندا زاڵ بێ و گوتیشی بەداخە بۆ ڕووخان و نەمانی کۆماری فەرەنسا. ئەوەیان خۆی درۆ و مەراییەک بوو کە باش دانەپۆشرابوو. چونکە ئەلکساندر لە سەر چارەنووسی کۆماری فەرەنسا مێشێکیشی میوان نەبوو، بەڵام زیرەکی و مشووری ئەوەی هەبوو کە گۆڕینی حوکمەتی فەرەنسا لە کۆمارییەوە بۆ ئیمپراتۆری زیان لە پێگەی مەعنەویی ناپلیۆن دەدا هەم لە فەرەنسا و ئەورووپا و هەمیش لە هەندێ کۆڕ و کۆمەڵ و لای ئەو کەسانەی کە کۆمار هێشتا لایان خۆشەویستە. ئەو ڕەخنە ئازادیخوازانەیە لە سەرەڕۆیی ناپلیۆن لەلایەن فەرمانڕەوایەکی سەرەڕۆوە کە ئیمپراتۆرییەکەی خۆی لەسەر بنەمای سیستەمی "سێرواژ" بەڕێوە دەچوو، سەمەرەترین ڕووداوی پێش پەلاماری هاوپەیمانیی سێیەم بۆ سەر ئیمپراتۆریای فەرەنسا دێتە ئەژمار. ویلیام پیت ڕازی بوو بەوەی بە مااڵی دنیا پشتی ڕووسەکان بگرێ و لەوەشی ئارخەیان کردن کە ئامادەیە یارمەتیی مااڵیی نەمسا و ناپڵ و پرۆس و هەموو ئەو دەوڵەتانەش بدا، بۆ ئەوەی شەڕی ناپلیۆن بکەن. لە جەنگەی ئەو ڕووداوانەدا ئیمپراتۆری فەرەنسا چیی دەکرد؟ بە دڵنیاییەوە ئەو ئاگاداری گەمەی دیپلۆماسیی دوژمنەکانی خۆی بوو، بەڵام چونکە سەرەڕای هەوڵەکانی پیت، هاوپەیمانیەتییەکە زۆر بە خاو و خلیسکی پێک دەهات و چونکە ناپلیۆن پێی وابوو نەمسا تا پاییزی سااڵی 1805 ناتوانێ خۆی بۆ جەنگ ئامادە بکا، ناچار لە لایەکەوە خەریکی ڕێکخستنی هێرش بۆ سەر ئینگلتەرا بوو، لە لایەکی دیکەشەوە

جۆرێک هەڵسوکەوتی دەکرد، هەر دەتگوت ئەو ئەورووپایە لەوی زیاتر تێدا نیە. بۆ وێنە وای پێ باش بوو پیەمۆن بخاتە سەر فەرەنسا و کردی. پێی باشتر بوو شارەکانی ژێن و لیوک بخاتە سەر فەرەنسا و کردی. بە پێویستی زانی خۆی بە پادشای ئیتالیا لەقەڵەم بدا و لە میلان تاجی پادشایەتی لەسەر بنێ و ئەوەشی کرد (28ی مای 1805) و، وای پێ باش بوو هەندێ وردە وڵاتی ئەڵمانی پێشکەشی هاوپەیمانەکان یان باشتر بڵێین نۆکەرە ئەڵمانییەکانی خۆی و یەک لەوان باڤیر بکا، ئەوەشی کرد.

شازادە ئەڵمانییەکان، کە ملکەکانیان کەوتبووە ئەورووپای ڕۆژئاواوە و نەمسا پاش پەیمانی ئاشتیی لۆنێڤیل بەتەواوی لەوێ دەرکرابوون و، هیچ هیوایەکیان لە ناپلیۆندا بەدی نەدەکرد ڕزگاریان بکا. هەمووان دەستە دەستە دەهاتنە پاریس و هرووژمیان دێنایە ژوورەکانی چاوەڕوانیی کۆشکەکانی پادشایەتی و وەزارەتخانەکان و خۆشخزمەتیی خۆیانیان دەسەلماند و سواڵی چەند بستۆکەیەک زەوی و زارەکانی خۆیانیان دەکرد و لە پشتەملێ خراپەی یەکتریان دەگوت و سیخوڕییان لە سەر یەکتری دەکرد و بە دەوری دەوروبەرییەکانی ناپلیۆندا هەڵدەخولان و بە عەریزە و داواکاری و بەرتیل تالیرانیان وەئامان دێنا و سنووری ماستاوچێتی و بەندایەتیان تێدەپەڕاند. دەربارییەکانی ناپلیۆن لەپێشدا بە سەرسوورمانەوە لێیان دەڕوانین و دواتر بەبێ ئەوەی هەڵسوکەوتی نۆکەرانە و کۆیلانەی یەکێک لە شازادە ئاڵمانییەکانیان بەلاوە سەیر بێ، کە لە پشت مۆبڵەکەی ناپلیۆنەوە ڕادەوەستا و وەختایەک ناپلیۆن کۆنکانی دەکرد و دەستی بەرز دەکردەوە، ئەو تەواو خۆی دەنوشتاندەوە و پشتی دەستی ئیمپراتۆری ماچ دەکرد و ناپلیۆن هەر حیسابیشی بۆ نەدەکرد.

2

پاییزی ساڵی 1805 بەسەرداهات و ناپلیۆن دەریاوانەکانی خۆی ئاگادار کردەوە، کە نەک سێ ڕۆژ، بەڵکوو تەنیا دوو ڕۆژ و تەنانەت یەک ڕۆژ هێوربوونەوەی دەریای مانشی بەسە، بۆ ئەوەی لەبەردەم گەلەکەشتیە جەنگییەکەی ئینگلیزدا، لە خاکی ئینگلتەرادا دابەزێ. وەرزی مژ و تەمتومانە مەزنەکە نزیک دەبۆوە. ناپلیۆن دەمێک بوو فەرمانی بە دەریادار ڤیلێنێڤی دابوو، لە دەریای سپیی نێوەڕاستەوە بێتە زەریای ئەتڵەس، بۆ ئەوەی بگاتەوە گەلەکەشتیە جەنگییەکەی فەرەنسا لە دەریای مانشدا. ئەو دواتر دەبوو بە تەنگەڵانی مانشدا تێپەڕێ و دابەزینی سەربازەکان لە خاکی ئینگلتەرادا دەستەبەر بکا. بەڵام کتوپڕ و لە ڕۆژێکدا دوو هەواڵی زۆر گرینگ بۆ ئیمپراتۆر هات کە لە ئۆردووگای بۆلۆنی و لە نێو یەکەکانی خۆیدا بوو: یەکەم ئەوەی کە دەریاوان ڤیلێنێڤ ناتوانێ لەو ماوە کەمەدا ئەمرەکەی ئەو بەجێ بگەیەنێ. دووە ئەوەی کە لەشکری ڕووس وەڕێ کەوتووە بۆ ئەوەی بگاتە لای سوپای نەمسا کە خۆی ئامادە کردبوو هەڵکوتێتە سەر ناپلیۆن و هاوپەیمانە ئەڵمانییەکان و ئێستا هێزەکانی دوژمن وا بەرەو لای ڕۆژاوا دێن.

ناپلیۆن دەمودەست و بەبێ درەنگی بڕیارێکی دیکەی دا. چونکە سەیری کرد ئەوا ویلیام پیت سەرەڕای هەموو کێشەکانی، توانیوێتی ئینگلتەرا ڕزگار بکا و ئیتر مەسەلەی چوونە نێو خاکی ئینگلتەرا هەڵوەشاوە و، دەسبەجێ کۆمەڵێک ڕێوشوێنی گرتە بەر کە لەوەپێش بۆ جەنگێکی تازە دژی نەمسا و ڕووسیا ـ نەک ئینگلتەرا ـ دایڕشتبوون و

فەرمانی بە ژەنەرالّ داروی کارگێڕی گشتیی سوپا کرد، فەرمانەکانی بگەیەنێتە یەکەکان. ئەو ڕووداوە لە 27ی مانگی ئاگۆستدا بوو.
ئیتر ئۆردووگای بۆلۆنی و ئەو دوو ساڵە ڕەنج و زەحمەتەی بۆ ڕێکخستنی کێشرابوو، لەگەڵ هەموو خەون و خولیاکانی سەرکەوتن بەسەر دوژمنێکی سەرسەخت و لەشکاننەهاتوودا کە لەوبەری دەریاوە خۆی مەڵاس دابوو، کۆتایی هات.
ناپلیۆن تەنانەت پێش ئەوەی ئەم هەواڵانەی پێ بگا کە ئەم گۆڕانە بنەماییانەیان بەسەر نەخشە و پلانەکانیدا هێنابوو، گوتبووی: "ئەگەر پێش دوازدە ڕۆژی دی لە لەندەنیش نەبم، لە سەرەتای نۆڤەمبەردا لە ڤیەننا دەبم." ئێستا لەندەن ڕزگار ببوو، بەڵام ڤیەننا دەبوو بکرێتە قوربانیی ڕزگاریی لەندەن. ناپلیۆن چەند سەعاتان گەڵاڵە جەنگییەکانی خۆی خوێندەوە، بۆ ئەوەی بینووسنەوە. فەرمان بەرەو هەموو لایەک نێردرا بۆ ئەوەی دەست بکەن بە سەربازگیریی تازە بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی یەدەگ و پشتیوان و خۆراک و تفاقی سوپاش کە لە دەرەوەی خاکی فەرەنسا و باقیر بۆ بەربەرەکانێی ئەو دوژمنەی بەڕێوە بوو، دابین بکرێ.
کۆمەڵێک پەیک بەپەلە، فەرمانی تازەی دیپلۆماسی و بە هەڕەشە و وابکە و وامەکە و پێشنیار و بەڵێنی خەڵەتێنەرانەیان گەیاندە بێرلین و مەدرید و دریسدێ و ئامستردام. ئالّۆزی و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ باڵی بەسەر پاریسدا کێشابوو. ڕاپۆرت بۆ ناپلیۆن دەهات کە بازرگانەکان و بۆرسەباز و پیشەگەرەکان لە بنەوە ناڕازین لە سیاسەتی دەرەوەی و لەوەی کە هیچ کۆسپ و لەمپەرێک ناناسێ و خەتا و بەرپرسیارەتیی ئەو ڕاپەڕینە تازە و سامناکەی هەموو ئەورووپا لە دژی فەرەنسا

دەخەنە ئەستۆی وی. ڕاستە کە ئەوان هەر پرتە و بۆڵەیان بوو، بەڵام خۆ دەیانکرد.
ناپلیۆن لە ژێر تیشکی ئەو ڕێکخستنە سەربازییە بەرچاوەی دروستی کردبوو، توانیی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا سەربازگە مەزنەکەی بۆلۆنی کۆ بکاتەوە و سوپاکەی وەک هێزی ئامادە و لەسەرپێ بخاتە ڕێ و ئەو لەشکرەی لەوێ چڕ ببۆوە، بەهێزتر بکا. ئینجا بەدەم دەریای مانشدا کەوتە ڕێ و پاش بڕینی سەرانسەری خاکی فەرەنسا، گەیشتە سەرزەمینی باڤیر کە هاوپەیمانی بوو.
ناپلیۆن زۆر خێرا دەڕۆیشت و بە دەوری هێزەکانی نەمسا کە لە کەناری دانووب جێگیر کرابوون و قەڵا پتەوەکەی ئۆلم لای چەپیانی قایم دەکرد، سووڕایەوە.
یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەوەی کە بۆچی هاوپەیمانیەتیی سێیەم کە بڕیاری پێکهێنانەکەی لە 1804دا بە زەینی ئەندامە سەرەکیەکانیدا هاتبوو، تا پاییزی ساڵی 1805 یانی ساڵ و نیوێک دواتر نەهاتە نێو شەڕگەکەوە، ئەوە بوو کە ئەوان ئەمجارە دەیانویست چەندی بۆیان دەلوێ لە هەموو بواریکەوە خۆیان کۆک و پۆشتە بکەن و لە سەرکەوتنی خۆیان تەواو دڵنیا بن. یەکەکانی ژێر فەرماندەیی ماک ڕاسێپردرابوون یەکەم جار لە گژ پێشەنگەکانی لەشکری ناپلیۆن ڕۆبێن و زۆریشیان هیوا بەو یەکانەیان بوو. زۆربەی شتەکان پێوەندییان بەو یەکەم تێکهەڵچوونەوە هەبوو. لە نەمسا و ئینگلتەرا و ڕووسیا و لە سەرانسەری ئەوروپادا چاوەڕوانی سەرکەوتنی مسۆگەری ماک بوون و ئەو چاوەڕوانییەش نەک هەر لە سۆنگەی تفاق و کەرستە و چەکوچۆڵ و یەکە زۆر باشەکانییەوە بێ، بەڵکوو سەرکردەی هاوپەیمانیەتی پێیان وابوو ناپلیۆن یەکجێ هەموو سەربازگەی بۆلۆنی

کۆ ناکاتەوە و لەوێوە بەهەموو هێزەکەیەوە پەلاماری باشووری ڕۆژهەڵات نادا و ئەگەر وای دانێین واشی کرد، ناتوانێ هەموو ئەو هێزە بێنێ و بە خێرایی لەوێ جێگیری بکا.
ماک کە چووە نێو باڤیر، دڵنیا بوو لەوەی لەوێ تووشی ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان دەبێ. بێلایەنیی ولاتانی پلەدوو چ پێش ناپلیۆن و چ پاش ئەویش لەسەر کاغەز نەبێ، لە هیچ کوێی دیکە نەبووە. شازادە ئەلکتۆری باڤیر لە نێوان هەڕەشەکانی هاوپەیمانیەتیی بەهێزی نەمسا و ڕووسیادا کە ئینگلتەرا سەرۆکایەتیی دەکردن و خوازیاری ئەوە بوون لەگەڵیان بکەوێ و هەڕەشەکانی ناپلیۆن کە ئەویش دەویست باڤیر بکاتە هاوپەیمانی خۆی، بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێدا بوو و نەیدەزانی چ بکا. شازادە ئەلکتۆر لەپێشدا پەیمانێکی نهێنیی لەگەڵ هاوپەیمانان مۆر کرد و بەڵێنی دا لەو جەنگەدا بە هەموو هێزەوە پشتی نەمسا بگرێ، بەڵام پاش چەند ڕۆژێک وردبوونەوە و تێڕامان، بە بنەماڵە و وەزیرەکانییەوە ڕایکردە ڤۆرتسبۆرگ کە یەکێک لە لەشکرەکانی فەرەنسا بە سەرکردایەتیی بێرنادۆت و بە فەرمانی ناپلیۆن بەرەو ئەوێ دەچوو و، ئیتر بە چەک و تفاقی خۆیەوە چووە نێو هۆردووی ناپلیۆنەوە.
شازادە ئەلکتۆری ڤۆرتمبێرگ و دووکی مەزنی "باد"یش ئاوا خێرا و دەمودەست پشتیان لە هاوپەیمانەکان کرد و وەک کتێبە دەرسییە تازەکانی ئەڵمان بەتایبەتی لە قوتابخانەی دواناوەندی بە داخ و کەسەرەوە باسی ئەو ڕووداوانەیان کردووە، " لە حاڵێکدا ددانیان بە جەرگیاندا دەگرت، فەرمانیان بە بانگی دڵە ئەڵمانییەکەیان دا بێدەنگ بێ."
شازادەکانی ئەلکتۆر و باڤیر و ڤۆرتمبێرگ لە پاداشتی ئەوەدا کە جوابی هاوار و بانگی "دڵە ئاڵمانییەکەیان"یان نەدابۆوە، بە فەرمانی ناپلیۆن کرانەوە پادشای ولاتی خۆیان و وەچە و تۆرەمەشیان تا شۆڕشی

نۆڤەمبەری 1918 ئەو پۆست و نازناوەیان هەر هەبوو. دووکی گەورەی بادیش کە وەک ئەو دوو پادشایە تازە بە دەسەڵات گەیشتبوو، لەسەر حیسابی نەمسا کەوشەنەکانی خۆی بەرینتر کردەوە. ئەو پادشایانە داوای پارەشیان لە ناپلیۆن کرد، بەڵام ئەو جوابی نەدانەوە. جادەی باقیر کراوە بوو. سەرداڕە فەرەنسیەکان ئەمریان پێ گەیشت کە خێراتر بن و ئەوانیش لە هەموو لایەکەوە مەوداکانیان بڕی و بەرەو دانووب داگەڕان. بێرناردۆت، داڤۆ و سۆ و لان و نێی و مارمۆن و ئۆژرۆ بە یەکەکانیانەوە و مۆراش بە سوارچاکەکانی خۆیەوە وەک یەکێک لە چاودێرە سەربازییەکانی پرۆس گوتوویەتی وەک میکانیزمی کاتژمێر ئەمر و فەرمانەکانی ئیمپراتۆریان جێبەجێ کرد. سێ حەفتە تەنانەت 20 ڕۆژیشی نەخایاند کە ئەو سوپایەی لە سەردەمی خۆیدا زۆر گەورە بوو، بەبێ زیانی نەخۆشی و پەککەوتە لە دەریای مانشەوە گەیەنرابووە کەنارەکانی دانووب. ناپلیۆن وێڕای شیکردنەوەی تەکنیکەکانی جەنگ، جارێکیان گوتی: دەبێ کارێکی وا بکرێ کە سوپا "بە لێکبڵاوی بژی و شانبەشان بجەنگێ." سەرداڕەکان چاویان بەسەر هەموو ئەو ڕێگەوبانە جۆراوجۆرانەوە بوو کە ئیمپراتۆر لەپێشدا دەسنیشانی کردبوون و ئەوەش بەبێ ئەوەی کۆسپێکیان بێتە سەر ڕێ، تفاق و خۆراکی بۆ دابین دەکردن بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاودا هەموویان بگەنە قەڵای ئۆلم. بۆ قەڵای ئۆلم کە ماک بە بەشی هەرە زۆری سوپاکەوە لەوێدا بوو، وەها گەمارۆ درا، دەتگوت لە تووڕەکەیەکدا پێوە بوون.

ناپلیۆن لە 24ی سێپتەمبەردا پاریسی بەجێ هێشت و لە 26ی ئەو مانگەدا گەیشتە شتراسبۆرگ و دەسبەجێ یەکەکان لە ڕاین پەڕینەوە. ناپلیۆن کە بە شتراسبۆرگدا تێدەپەڕی، بە دەسپێکردنی ئەو جەنگە بۆ

دواجار سوپاکەی خۆی ڕێک خست، کە لێرەدا پێویستە چەند قسەیەکی لەبارەوە بکەین:

ئەو سوپایەی دەچووە جەنگی نەمسا، بۆ ئەوەی لە باقی یەکە تایبەتییەکانی لیوا یان هێزە داگیرکەرەکانی ناوچەگەلی دوورەدەست جوێ بکرێتەوە، ناوی نرا سوپای مەزن. سوپای مەزن کرابووە حەوت قۆشەن"لەشکر"، کە هەرکامە یەکێک لەو سەردارە لێوەشاوانە سەرکردایەتییان دەکردن کە پاش تاجلەسەرنانی ناپلیۆن پلەی مارشاڵییان پێ درابوو. ئەو حەوت قۆشەنە لەسەر یەک 18600 سەربازیان هەبوو.

هەر کام لەوان پێکهاتبوون لە سەربازی پیادە و سوارچاک و تۆپخانە و باقی ئەو بەشانەی کە سوپایەک دەبێ هەیبێ، بۆیە هەر قۆشەنێک وەک ناپلیۆن دەیگوت بەتەنێ سوپایەکە. کۆی هێزەکانی سواڕە و تۆپخانە لە ژێر فەرمانی هیچ کام لە مارشاڵەکاندا نەبوون و بەشێکیش نەبوون لەو سوپایانە، بەڵکوو ڕێکخستنێکی تەواو جیاوازیان هەبوو و ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی ناپلیۆندا بوون. بۆ وێنە مارشاڵ مۆرا کە ناپلیۆن کردبوویە فەرماندەی گشتیی هێزی سوارچاک و هێزەکەی لەسەر یەک 44000 کەس بوو، لە ڕاستیدا خۆی هەر بەردەستێکی ناپلیۆن و جێبەجێکەری فەرمانەکانی وی بوو. ناپلیۆن هەر کاتێک ویستبای دەیتوانی بە دڵی خۆی هەموو تۆپخانە و هێزی سوارچاک بنێرێتە یارمەتیی یەکێک لەو حەوت سوپایە.

جگە لەو سوپایانە و لەو هێزە پشتیوانەی تۆپخانە و سواڕە، گاردی تایبەتیی ئیمپراتۆریش هەبوو کە 7000 سەربازی بەوەج و هەڵکەوتە بوون، دواتر ژمارەی سەربازەکانی گارد زیاتر کران و لێرەدا تەنیا باسی سالّی 1805 دەکەین. گاردی ئیمپراتۆر لە یەکەکانی

نارنجۆکهاوێژ و نیشانەشکێنی پیادە و سوارچاک و دوو یەکەی پۆلیسی سواڕە یەکەیەکی تایبەتیی سوارچاک کە ئەو مەمالیکانە بوون وا لە میسر بەکرێ گیرابوون و ئینجا "لیوایەکی ئیتالیایی"یش. چونکە ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەرەنسا، بە پادشای ئیتالیای باکوور و نێوەڕاستیش دادەنرا کە بە دەستی خۆی گرتبوونی. لە نێو "یەکە ئیتالیایی"یەکە واتە گاردی تایبەتدا، سەربازی فەرەنسی لە ئیتالیایی زیاتر بوون چونکە لە گارددا، ئیمپراتۆر تەنیا ئەو سەربازانەی دادەمەزراند کە ئازایەتی و بەوەجبوونی خۆیانیان سەلماندبوو. مووچەی باش و خواردنی خۆش بۆ ئەو سەربازانە دابین دەکرا و لە تەنیشت ئەرکانی ئیمپراتۆرەوە شوێنیان بۆ چێ کرابوو، جلوبەرگی سەربازیی ڕێک و پۆشتەیان لەبەر دەکرد و کڵاوی بەرزی کوڵکنیان لەسەر دەنا. ناپلیۆن خۆی کۆمەڵێکی زۆر لەو سەربازانەی دەناسی و شارەزای باری ژیان و خزمەتیان بوو. ئیمپراتۆر گرینگیی زۆر بە پێکهاتە و ڕێکخستنی کادری فەرماندەیی خۆی دەدا و بەبێ دڕدۆنگی و گومان، فەرمانی ژەنەڕاڵی و سەرلەشکریی بۆ ئەو کەسانە دەردەکرد کە هێشتا تەمەنیان نەگەیبووە 40 ساڵان. تەنانەت هەندێکیان لە 34 ساڵیدا پلەی مارشاڵی واتە سوپاسالارییان وەرگرتبوو. لە سەردەمی ناپلیۆندا گەنجێتی خاڵێکی بەهێز بوو بۆ سەرکەوتن نەک کۆسپ، بەپێچەوانەی هەموو سوپاکانی ئەو کات کە بێ ئەملاوئەولا تێیاندا گەنجبوون کۆسپی سەر ڕێی سەرکەوتن بوو.

ئەو دیسیپلینەی ناپلیۆن دایڕشتبوو، لایەنێکی تایبەتیی هەبوو، ئەو لە سوپادا ڕێگەی نەدەدا کەس بە جەستە تەمبێ بکرێ. ئەنجومەنی جەنگی بۆ تاوانی گەورە حوکمی سێدارەیان دەردەکرد یان زیندان یان

بێگارییان دەبڕییەوە، بەڵام بۆ کەتن و تاوانی بچووک بەندیخانەی سەربازییان هەبوو.
شوێنێکی دیکەشیان هەبوو بەناوی دادگای شەرەف، کە زۆر دەستڕۆیشتوو و دەستئاوەڵا بوو. ئەو دادگایە بە پێی هیچ یاسایەک پێک نەدەهات، بەڵکوو بە ڕەزامەندیی ناپلیۆن لە سوپای مەزندا کاری دەکرد. با قسەی شایەتحاڵەکانی پێوەندیدار بەو دادگاییە لێرەدا باس بکەین:
دوو سەرباز لە لیوایەکدا کە هیچ کام لە هاوڕێکانیان لە شەڕگەدا نەیاندیتبوون، دوای شەڕ پەیدا دەبنەوە و بیانوویەک بۆ دیارنەمانەکەیان دێننەوە. لیواکە کاتێک دڵنیا دەبێتەوە کە ئەو دوو سەربازە لە ترسان خۆیان شاردووەتەوە، دەسبەجێ لە نێو سەربازەکان سێ کەس هەڵدەبژێرێ و دەیانکاتە دادوەر. ئەو دادگایە، پاش ئەوەی گوێ لە بەرگریی تۆمەتباران دەگرێ، حوکمی سێدارەیان بۆ دەردەکا و دەسبەجێ هەر لەوێ گوللەبارانیان دەکەن. فەرماندەکان ئاگادار دەبنەوە بەڵام خۆی تێهەڵناقوتێنن و کارەکە بەو شێوەیە دەچێتە پێشێ. هیچ ئەفسەرێک نابێ ببێتە دادوەر و تەنانەت نابێ ئاگاداری بەڕێوەچوونی حوکمەکەش بێ، هەر نەبێ بە فەرمی.
فەرمانڕەوای دیکتاتۆر کە خۆی کردبووە ئیمپراتۆری میراتی و تاجلەسەرنانەکەی خۆیشی بە دەستی پاپا متفەڕک کردبوو و لە ساڵی 1810ـەوە ژنێکی لە بنەماڵەی پادشایەتیی نەمسا دەخواست، توانیبووی سەربازەکانی خۆی بێنێتە سەر ئەو باوەڕە کە هەموان وەک جاری جاران لە هەمبەر بۆربۆنەکان و دەستێوەردانە دەرەکیەکاندا بەرگریکەری نیشتمانن و خۆیشی هەتا هەیە هەر سەربازەکەی جارانی فەرەنسایە. لە ڕاستیدا سەرباز لە ڕوانگەی ئەوەوە تەنیا گۆشتی

بەردەمی تۆپ بوونە و ئەوەش دەستەواژەیەک بوو کە ئەو گەلێ جاران دەیگوتەوە. بەڵام سەربازەکانیش بڕوایان بەو بوو و کوێرانە وەدووی دەکەوتن. زۆربەشیان بە نازناوی خۆمانە و خۆشەویستانە ناویان دێنا. ئەو قەیسەرە سامناکەی ئەورووپا لە ترسانی دەلەرزی و پادشاکان خۆیان بەسەر پێڵاویدا دەکێشا، بەڵای ئەوانەوە سەربازێکی ئەوەندە سادە بوو کە لە نێو خۆیاندا بە ئەفسەرە وردیلە و کەچەڵە ناویان دێنا. ئینجا لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ناپلیۆن لە خۆڕا نالێ، "هەموو سەربازێک، گۆچانی سوپاسالاربوونی بە پشتوێنەکەیەوە هەڵواسیوە"، و بە خۆشحاڵییەوە دەیانهێنایەوە بیر خۆیان کە سەردارگەلێکی وەک مۆرا و بێرنادۆت و لۆفێڤرێ و گەلێ ئەستێرە پڕشنگداری دیکەش بە چ دەرەجەیەکەوە سەربازیی خۆیانیان دەست پێ کردووە.
ناپلیۆن متمانەی تەواوی بە ئەفسەر و سەربازەکانی خۆی هەبوو، بەڵام متمانەی بە هەموو ژەنەڕاڵ و مارشاڵەکانی نەبوو، ئەگەر هەشیبوایە متمانەی تەواوی پێیان نەبوو. لە بارەی دەوری لەشکریی مارشاڵەکاندا دەبێ بڵێین ناپلیۆن کۆمەڵێک لە دیارترین پیاوە شەڕکەرەکانی لە خۆی کۆ کردبۆوە. ئەو کەسایەتییانە تاقە خاڵێکی هاوبەشیان پێکەوە هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە هەمووان لە ڕاگواستن و هەڵسەنگاندنی شوێن و پێگە و ئازایەتیی بڕیاراندا بەدەستوبرد و بەتوانا بوون و ئەو تێگەیشتنە خێرا لەشکرییەیان هەبوو کە بە چاوتروکاندنێک ڕێگەی ڕزگاربوون لە تێگیراوی و تەنگاوی بدۆزنەوە و لە کاتی پێویستدا لاسار و پێداگر بن و بەتایبەتی ناپلیۆن فێری کردبوون کە بە ئاماژەیەک لە مەبەستی وی تێ بگەن و ئینجا بە مرخ و بەهرەی خۆیان جێبەجێی بکەن.

بلیمەتیی ناپلیۆن لە داڕشتنی ستراتیژی سەربازیدا، مارشاڵەکانیشی وا ڕاهێنابوو کە بەبێ ئەوەی لە شەڕگەدا لە دەستوبرد بکەون، وردورد ویست و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن. شیروەشێنێکی نەخوێندەواری بەجەرگی وەک لۆقێرێ، نەجیبزادەیەکی کەللەڕەق و مرچومۆنی وەک داڤۆ و سوارچاکێکی نەترسی وەک مۆرا و ئەفسەرێکی وەک بێرتیەر کە هەر دەتگوت زگماک بە نەخشەکێش و ئەفسەری ناوەندی
لەشکر(ئەرکان) لەدایک بووە، هەر هەمووان تاکتیکزانی بێوێنە و لەخۆبایی بوون. ئازا و کۆڵنەدەرانی وەک نێی یان لان لەو بوارەوە هیچ شتێکیان لە بێرنادۆتی فێڵباز و وردبین و ماسنای بیرتیژ و ورد و ڕێک و لە مارمۆنی مرچ و مۆن و بەپارێز کەمتر نەبوو. بە دڵنیاییەوە ئازایەتیی تاکەکەس بەلای ئەوانەوە زۆر پێویست بوو، بەڵام دەبوایە خۆیان ببنە سەرباشقەی ئەوانی دی. هەرکامە و بە شێوازێکی جیاواز نموونەی ئازایەتیی سەربازی بوون. جارێکیان کە تاریفی لانیان دەکرد و خۆشی لەوێ بوو، دەیانگوت زۆر جاران بەخۆی و سوارەکانیەوە بەبێ ترس خۆیان بە دوژمندا داوە، کەچی دەرهەڵبوو و گوتی:
"سوارچاکێک لە تەمەنی سی ساڵیدا نەکوژرێ، سەرباز نیە." ئەو لەودەمەدا سی و چوار ساڵان بووە و دوو ساڵ دواتر لە شەڕگەدا بە نارنجۆکێک کوژرا. لان نەک هەر سواریکی چاونەترس بوو، بگرە سەردارێکی لێوەشاوەش بوو. ئاوا بوون ئەو ئەفسەرانەی ناپلیۆن خۆی هەڵیبژاردبوون و گەیاندبوونی بە بەرزترین پلەکانی لەشکری.
هەموو ئەو سەردارانە لە 1805دا، لە دەستپێکی جەنگ دژی هاوپەیمانیی سێیەمدا بەشدار بوون، جگە لە دێزایکس، کە لە جەنگی مارەنگۆدا کوژرابوو. یەکێکی دیکە لەو سەردارانەی لەوێ نەبوو، واتە مۆرۆ کە ناپلیۆن لە هەموان زیاتری ڕێز دەگرت، دوورخرابۆوە و لە

ئەمریکا بوو. بە یارمەتیی ئەو ئەفسەرانە بوو کە ناپلیۆن لەوکاتدا لە لووتکەی بلیمەتیدا دەدرەوشایەوە.
یەکەکانی ژێر ئەمری سۆ و لان و سوارچاکانی مۆرا لە دانوب پەڕینەوە و کتوپڕ لە پشتەوەی هێزەکانی ماک قوت بوونەوە. بەشێک لە سەربازەکانی نەمسا هەر هەستیان بە مەترسییەکە کرد، توانییان بەرەو ڕۆژهەڵات ڕابکەن، بەڵام زۆرینەی لەشکرەکە کەوتنە بەر پەلاماری نێ و بەرەو قەڵای ئۆلم ڕادران. ئەڵقەی گەمارۆکە لە هەموو لایەکەوە بە دەوری ماکدا وێک دەهاتەوە. هێشتا ڕێگەیەکی ڕاکردن مابوو، بەڵام سەرداڕە نەمساییەکە بە قسەی ئەو سیخوڕە فێڵبازانە هەڵخەڵەتا کە ناپلیۆن بۆی ناردبوو، یەک لەوان شولمێستێر بوو کە لە هەمووان بەناوبانگتر بوو. ئەو سیخوڕانە ماکیان هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە وا باشترە بەرگری بکا و گوتیان ناپلیۆن ناچارە شەڕەکە ڕاگرێ چونکە لە پاریس ڕاپەڕینێک دژی دروست بووە. جا چونکە ماک لە قسەکانی سولمێستێر بەگومان بوو، ئەو سیخوڕە لەشکرگەی فەرەنسیەکانی لەو دڕدۆنگیە ئاگادار کردەوە و ئەوانیش ژمارەیەکی تایبەتیی ڕۆژنامەیەکی پاریسیان بۆ نارد کە تێیدا هەواڵی درۆیینی ڕاپەڕینەکەی پاریسی تێدا چاپ کرابوو. شولمێستێر ڕۆژنامەکەی بۆ ماک هێنا و ئەو خوێندیەوە و دڵنیا بوو.
ڕۆژی پانزەیەمی ئۆکتۆبەر، نێ و لان لووتکەکانی دەوری قەڵای ئۆلمیان گرت. ئیتر ماک وەزعی شڕ بوو. ناپلیۆن نوێنەرێکی نارده لای و پێشنیاری کرد خۆیان بەدەستەوە بدەن و هەڕەشەشی لێ کرد کە ئەگەر خۆ بەدەستەوە نەدەن و ئەو ناچار بێ قەڵاکە بگرێ، دوایی کەسیان بە زیندوویی ناهێڵێ. ڕۆژی 20ی ئۆکتۆبەری 1805 قەڵای ئۆلم خۆی بەدەستەوە دا و لەشکرەکەی ماک کە شەقڵی نەشکابوو، بە هەموو

چەکوچۆڵ و تفاقێکەوە و بە تۆپخانە و ئاڵاکانییەوە بەبێ مەرج خۆی ڕادەستی سەرکەوتوو کرد. ناپلیۆن ماکی ئازاد کرد و دیلە نەمساییەکانی بۆ کاروباری جۆراوجۆر بەڕێی فەرەنسا کرد

تاوێک دواتر ئاگادار کرایەوە کە مۆرا توانیویەتی ئەو 8 هەزار سەربازەی پێش خۆبەدەستەوەدانی ئۆلم خۆیان دەربازکردبوو، خافڵگر بکا و بە دیلیان بگرێ.

پاش شکستە سامناک و حەیابەرەکەی ئۆلم، لە ڕاستیدا هاوپەیمانێتیی سێیەم شەڕەکەی دۆڕاندبوو، بەڵام تەنیا چەند ئەفسەرێک لە جەرگەی ئەرکانی سوپای نەمسا و ڕووسدا دەسبەجێ لەو ڕووداوە تێگەیشتن. ناپلیۆن و سەردارەکانی ئەو بەبێ ئەوەی لە ئۆلم خۆیان بگنخێنن، بە لای ڕاستی دانوبدا یەکەوڕێ بەرەو ڤیەننا کەوتنە ڕێ. فەرەنسیەکان لەگەڵ ڕاوەدوونانی ڕاکردووەکان کۆمەڵێکی دیکەشیان لێ بە دیل گرتن. لەگەڵ ئەوانەی لە شەڕەکانی پێش گرتنی ئۆلمدا بە دیلی کەوتبوونە دەست فەرەنسیەکان، ژمارەی دیلەکان خۆی لە 29000 کەس دەدا و، 32000 دیلی قەڵای ئۆلمیشیان لێ زیاد بوو، زیانی نەمساییەکان گەیشتە 61000 دیل. لێرەدا کوژراوان و ئەو بریندارانەی زامەکەیان قورس بوو و ئەوانەی توانیبوویان لەچنگی دوژمن ڕابکەن و بێسەروشوێنەکان هەر حیساب نەکراون.

ناپلیۆن لە ڕاگەیەنراوێکدا کە تێیدا یەکەم ئەنجامەکانی ئەو شەڕەی خستبووە ڕوو، بە یەکەکانی خۆی گوت: "دووسەد تۆپ بە شوێنەکەیانەوە و نەوەد ئاڵا و هەموو فەرماندەکانیان کەوتوونەتە دەستمان. لەو سوپا گەورەیە، پانزەهەزار کەسیش نەیانتوانیوە دەرباز بن."

فەرەنسیەکان بەخێرایی بەرەو ڤیەننا پێشڕەوییان کرد، بەڵام لەشکری کۆتزۆف توانیی لە 11ی نۆڤەمبەردا لە نزیک دۆرنشتاینی بەری چەپی ڕووباری دانووب هێرش بکاتە سەر یەکەکانی ژێر فەرماندەیی مۆرتیە و بە توندی تێکی شکاندن. ڕۆژی سێزدەیەمی نۆڤەمبەر، ناپلیۆن کە سوارچاکانی مۆرا لە پێشیەوە دەڕۆیشتن و گاردە تایبەتییەکەی لە دەوروبەری بوون چووە نێو ڤیەننا و کۆشکی پادشایەتیی شۆنێبرۆنی کردە نشینگەی خۆی. فەرەنسوای ئیمپراتۆری نەمسا پێش ئەوەی کتوپڕ لە پایتەختەکەی خۆی ڕابکا، کۆمەڵێک پێشنیاری بۆ ناپلیۆن نارد کە واز لە شەڕ دێنێ، بەڵام ناپلیۆن لێی قبوڵ نەکرد.
دوای ئەوە، هاوپەیمانیی سێیەم هەموو هیوایەکی بە سوپای ڕووس و قەیسەر بوو و ئەویش دڵی بەوە خۆش کردبوو پرۆس بێتە نێو هاوپەیمانییەکەیانەوە، بەڵام زۆری نەبرد هەموو ئەو هیوایانەش بوونە بڵقی سەر ئاو.

3

هەر لەو ڕۆژانەی ئۆکتۆبەری 1805دا کە ماک لە قەڵای ئۆلمدا گەمارۆ درابوو و خۆی بۆ خۆبەدەستەوەدان ئامادە دەکرد و ئاخریەکەیشی خۆی بەدەستەوە دا، ئەلکساندری یەکەم لە بەرلین بوو و زۆری بۆ فردریک ویلهۆلمی سێیەمی پادشای پرۆس دێنا کە جەنگ دژی ناپلیۆن ڕاگەیەنێ. فردریکیش ڕێک ئەو ترسەی لەدڵدا بوو کە لە دڵی شازادەکانی ئەلکتۆری ئاڵمانی باشووردا بوو و پێشتر باسمان کرد. فردریک چەندە لە ئەلکساندر دەترسا، ئەوەندەش لە ناپلیۆن تۆقیبوو، تەنانەت ئەلکساندر تا ئەو جێیەیش چووە پێش کە بە هەڕەشە تێی گەیاند، سوپای ڕووس دەتوانێ بە زەبر و زۆر لە سەرووی خاکی

پرۆسەوە ڕێگەی خۆی بکاتەوە، بەڵام چونکە پادشای پرۆس بە پێچەوانەی چاوەڕوانی زۆر پێداگر و مکوڕ بوو و ئامادەی بەرەنگاربوونەوە بوو، ئەلسکاندر وای بە باش زانی بە زمانی خۆش بچێتە پێشێ. بە ڕێکەوت هەواڵێک هات کە بۆ نەخشە و پلانەکەی ئەو خێری پێوە بوو، ئەویش گوتیان ناپلیۆن ئەمری بە ژەنەڕاڵ بێرنادۆت کردووە کە بەرەو نەمسا دەچێ، بە دووک نشینی ئانشپاخ واتە یەکێک لە ئەیالەتەکانی باشووری سەر بە پرۆسدا تێ دەپەڕێ و ئەو کارەش پێشێلکردنی بە ئاشکرای بێلایەنییەکەی پرۆس بوو. پادشای پرۆس کە لە لایەکەوە لەم هەوڵە سەرەڕۆیانەیەی ناپلیۆن زویر ببوو و لەلایەکی دیکەشەوە پێی وانەبوو "سوپای مەزن" سەردەکەوێ، پێش گەمارۆدرانی ئۆلم وردە وردە ملی ڕاکێشا بۆ ئەوەی لەو جەنگەدا شان بە شانی هاوپەیمانیەتیی سێیەم بەشدار بێ. بە پێی پەیمانێکی نهێنی کە ئاخرییەکەی لە نێوان فردریک ویلهۆڵم و ئەلکساندردا مۆر کرا، پرۆس ئەو ئەرکەی کەوتە سەر شانی، کە قسەی ئاخری خۆی لەگەڵ ناپلیۆندا بکا. ئینجا دیمەنێک هاتە پێشێ، کە ئەنجامێکی گاڵتەجاڕانەی هەبوو: فردریک ویلهۆڵم و شاژن لۆڤیزی هاوسەری و ئالسکاندر چوونە ژێرزەمینی گۆڕەکەی فردریکی دووەم و لەسەر گۆڕی ئەو سوێندیان خوارد کە هەتا هەتایە دۆستی یەکتر بن و پشتی یەک بەر نەدەن. بە سەرنجدان بەو شێوازە هەست دەربڕینەی لەوکاتدا باو بوو، گاڵتەجاڕییەکەی ئەو دیمەنە لەوەدا بوو کە ڕووسیا سەردەمانێک هەر لەگەڵ ئەم فریدریکی دووەمە شەڕێکی حەوت ساڵانەی هەڵاییساندبوو، کە تێیدا جارێک فردریک ڕووسەکانی دەشکاند و جارێک ڕووسەکان ئەویان بەچۆکدا دێنا، تەنانەت جارێکیان ڕووسەکان بەرلەنیشیان گرت و کارێکی وایان کرد چیی نەمابوو فردریک خۆی بکوژێ. پاش ئەو

دیمەنە گاڵتەجارانەیە و ئەو خۆنواندنە بەکەفوکوڵە بە ئەشق و برایەتیی تاهەتایی ئەڵمانی و ڕووسەکان، ئەلکساندر بەرلینی بەجێ هێشت بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ بچێتە شەڕگە لە نەمسا.
لە ئینگلتەرا و نەمسا هەمووان شاگەشکە ببوون. ڕۆژنامەکان بە کەفوکوڵەوە هەواڵی پەیمانی دڵهەژێنی دۆستانەی ڕووس و پرۆسیان لەسەر گۆڕەکەی فردریکی مەزن دەگواستەوە و دەیانگوت هەر ئەوەندەی سوپای پرۆس چیاکانی متالیک ببڕێ و خۆی بگەیەنێتە گۆڕەپانی شەڕەکە، ناپلیۆن یەکدابەدوو تێدا دەچێ.
ناپلیۆن هەرچۆنێک بووە دەبوایە تا گەیشتنی پرۆس، هاوپەیمانیەتییەکە تێک بشکێنێ. دەسبەجێ پاش گرتنی ڤیەننا فەرەنسیەکان توانیبوویان بەبێ شەڕ و بەرەنگاری ئەو پردە گەورەیە بگرن کە ڤیەننای بە بەری چەپی دانووبەوە دەبەستەوە و تاقە پردێک بوو کە هێشتا نەمساییەکان تێکیان نەدابوو. بەسەرهاتی گرتنی ئەو پردە نەقڵ و حەقایەتی ئەفسانەیی لێ کەوتووەتەوە کە یەکێکیان ـ بە ناڕاستی و تێکەڵکراو بە ئەفسانە ـ لە بەشی دووەمی ڕۆمانی "جەنگ و ئاشتی"دا هاتووە و ڕووسەکان خوێندوویانەتەوە و باش لێی ئاگادارن. ڕاستیەکە ئاوا بوو: مۆرا و لان و بێرتران و بەرپرسێکی تیمی ئەندازیاری بەناوی دۆدێ پاش ئەوەی بەوپەڕی لێوەشاوەیی و لێزانی لیوایەکی نارنجۆکهاوێژ لە نێو دەوەندە بەرزەکان و دڕووەڵانەکاندا مات دەدەن و بۆسەیان پێ دەنێنەوە، خۆیان قیت و قۆز و بە ئاشکرا بەرەو سەر پردەکە، کە توند کرابوو ڕۆیشتن و بە نەمساییە سەرسووڕماوەکانیان کە فەرمانیان پێ کرابوو هەر دوژمنتان دیت پردەکە بتەقێننەوە، گوت، هەر ئێستا پەیمانی ئاشتی ئیمزا کراوە. جا چونکە لە سۆنگەی ئەو فێڵەوە بەبێ لەمپەڕ لە پردەکە پەڕینەوە، داوایان کرد چاویان بە کۆنت ئاوێرشپێرگی سەردارى

نەمسایی بکەوێ و درۆیەکەی خۆیان بۆ ئەویش پاتە کردەوە. ئینجا بەر لەوەی کۆنت ئاوێرشپێرگ بتوانێ وەڵامیان بداتەوە، کتوپڕ
نارنجۆکهاوێژە فەرەنسیەکان بە دیتنی هێمای دیاریکراو، لە نێو دەوەن و دڕووەڵانەکان دەرپەڕین و هەڵیانکوتایە سەر ئەو جبەخانە و تۆپ و چەکانەی نەمساییەکان کە لەسەر پردەکە دابەستڕابوون. پردەکە دەسبەجێ گیرا. نەمساییەکان ویستیان بەرگری بکەن، بەڵام تێک شکێنران.
ناپلیۆن کە مۆرا لەو ڕووداوە سەمەرەیەی ئاگادار کردبۆوە، دەسبەجێ و بەبێ خۆگنخاندن ئەمری بە یەکە فەرەنسیەکان کرد لە پردەکە بپەڕنەوە و یەکەوڕێ هەڵکوتنە سەر ڕووسەکان.
سوپای ڕووس کەوتنە بارگرژی و تەنگاوییەکی زۆرەوە. ناپلیۆن لە ڤیەننا بە زۆرینەی سوپاکەیەوە لە دانووب پەڕیبۆوە و بەتەما بوو ڕێگەی پاشەکشەی ڕووسەکان بگرێ کە بە هەڵەداوان بەرەو باکوور دەکشانەوە. کۆتزۆف فەرماندەی گشتیی هاوپەیمانان لێی ڕوون بوو کە تاقە ڕێگەی ڕزگاری لەوەدایە بەپەلە لە کرێمسەوە بەرەو ئۆلخان لە باشووری ئۆلموتز بکشێنەوە. ئەو 45000 سەربازی پێ بوو و ناپلیۆنیش کەمتر لە 100000 کەس. لە نێو لەشکری ڕووسدا ڕاشکاوانە بە گومانەوە سەیری مەسەلەی گیرانی پردەکەی ڤیەننا دەکرا و لەوێ ڕاشکاوانە باسی خیانەتیان دەکرد و، بەلایانەوە لەدەستچوونی پردی گۆرین، ئەوەندە گاڵتەجارانە و ناماقوڵ بوو کە دەیانگوت نەمساییەکان لە بنەوە لەگەڵ ناپلیۆن ڕێک کەوتوون و، ئەو ڕووداوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە ناپلیۆن خێرا و بەبێ زیان بەسەر بەری چەپی دانووبدا زاڵ بێ و لە ئاکامی وەها خیانەتێکدا هەموو سوپاکەی ڕووس تێدا دەچێ.

پاش شەڕ و بەرگریی توندی هێزی پشتپارێز(پاشکۆپارێز) [*] کە تێیدا کۆتزۆف بۆ پاراستنی خۆی و ڕەخساندنی هەلی پاشەکشێ بۆ زۆرینەی هێزەکانی خۆی، ناچار بوو ژمارەیەکی زۆر قوربانی بکا و پاش ئەوەی لە کۆی 45000 سەرباز، نزیک 12000 کەسی تێدا چوو، ئاخری توانیی لەگەڵ باقی سەربازە بڕستلێبڕاوەکانی خۆی لە شوورەیی بەدیلگیران ڕزگاریان بێ و لە چنگ ناپلیۆن ڕا بکا کە کون بە کون بە شوێنیدا دەگەڕا و باقی سەربازەکانی بگەیەنێتە ئۆلموتز کە پێشتر هەردوو ئیمپراتۆرەکە واتە ئەلکساندر و فەرەنسواش لەوێ بوون.

لەو کاتدا وەزعەکە بەو شێوەیە بوو: بە سەربازەکانی گارد و باقی هێزەکانی پشتیوانەوە کە تازە لە ڕووسیاوە هاتبوون و چووبوونە گەڵ سوپاکەی کۆتزۆفەوە، ژمارەی هێزە ڕووسیەکان لە 75000 کەس زیاتر بوو. نەمساییەکان 15 تا 18 هەزار سەربازیان مابوو. لەبیرمان نەچێ کە لەشکرێکی گەورەی نەمسایی بەر لە گیرانی ڤیەننا بە دەستی ناپلیۆن تەفروتوونا ببوو و لەشکرێکی دیکەی لەویش زیاتر و کۆک و پۆشتەتر لە ڤێنیسیا لەگەڵ لەشکرەکەی ماسنا کە ناپلیۆن ئەمری پێ کردبوو ڕۆژهەڵاتی ئیتالیای باکوور لە دوژمن پاک بکاتەوە لە شەڕدا بوو. بەو جۆرە، هاوپەیمانان لە باشترین هەلومەرجدا 90000 سەربازیان لە دەوروبەری ئۆلموتز بە دەستەوە بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا وەک چۆن کۆتزۆف لە هەموو کەس باشتر دەیزانی، ئەستەم بوو ئەو 75000 سەربازە ڕووسیەی کە تەنیا لەسەر لاپەڕەی

[*] ئەو هێزەی تەرخان دەکرێ بۆ پاراستنی پشتەوەی لەشکر، چ ئەو کاتەی سوپا لە پێشڕەویدایە بۆ ئەوەی لە پشتەوەڕا پەلامار نەدرێ، چ ئەو کاتەی پاشەکشە دەکا، دەبێ پشتەوە بپارێزێ.

کاغەز هەبوون، بتوانن لە شەڕگەدا دەست بکەنەوە. هەر بۆیە کۆتزۆف زەندەقی لە جەنگ چووبوو و بڕوای وابوو کە پاش پەڕینەوەی کتوپڕی ناپلیۆن لە دانووب، ئەوان دەبێ هەروا بەرەو ڕۆژهەڵات پاشەکشە بکەن و جەنگەکە درێژ بکەنەوە و هەل بۆ پرۆسیەکان بڕەخسێنن تا لێبڕاوانە بڕیار دەدەن کە بێنە نێو جەنگەکەوە و فریایان بکەون، بەڵام ئەلکساندر پێداگرنە بەرپەرچی داوە، چونکە ئیمپراتۆر دەیویست دەسبەجێ بچێتە نێو جەنگەکەوە.

ئەلسکاندری یەکەم کە هیچ شتێکی لە تاکتیکی جەنگ نەدەزانی بەڵام شێت و شەیدای شانازی و ناوبانگ بوو و لەلایەکیشەوە پێی وابوو سەرکەوتن مسۆگەرە، لەبەر ئەوەی دڵنیا بوو کە پرۆس خۆی لە جەنگەکە وەردەدا (پاش بەڵێن و پەیمانەکەی سەر گۆڕی فردریک)، ئیتر لە جەنگ زیاتر هیچ ئاواتێکی نەبوو. بە ڕای قەیسەر، پاش ئەوەی یەکەی حەساوە و گاردی پشتیوان بەهاواریانەوە چووبوون، ئیتر بەو هەمووە سەربازەوە، چەند مانگ ڕاکردن لەبەر ناپلیۆن بەو کوێستان و شوێنە بێ بەروبووانەدا، ئەوپەڕی شەرم و شوورەیی بوو. بەردەستە خۆشەویست و گەنجەکەی ئیمپراتۆر، شازادە پیەر دۆلگرۆکۆڤ وەک زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەرەکانی گارد، لەو سۆنگەیەوە خۆی لەلای قەیسەر خۆشەویست کردبوو، کە هەرشتێکی گوتبایە، ئەو وەبااڵی بۆ دەکێشا و دەیگوت وایە. کۆتزۆف دەیزانی قەیسەر خۆی و شازادە دۆلگرۆکۆڤ و هەموو ئەو دارودەستەیە لە ڕووی سەربازییەوە نەزان و ڕەشۆکن، جا وای دانێ لە هەندێ بواری دیکەوە زۆریش زیرەک بن، بەڵام کۆتزۆف سەرەڕای ئەوەی دڵنیا بوو کە سوپای ڕووس بێت و لەگەڵ ناپلیۆن تێکهەڵچێ، باوەش بە کارەساتێکی گەورەدا دەکا و دەبێ بەبێ خۆگنخاندن خۆیان لە زەبری ناپلیۆن بپارێزن و خۆ بەدەستەوە

نەدەن و کارێکی وا بکەن بەهیچ شێوەیەک بەرەوڕووی نەبنەوە، بەڵام نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ لە فەرمانی کەللەڕەقانەی قەیسەر مل بادا، چونکە قەیسەر فەرمانڕەوای تاکبڕیار و بێجڵەو بوو.
جا چونکە کۆتزۆف تاقە شەڕکەری ڕاستەقینەی ئۆردووی نەمسا و ڕووسیا بوو، تاقە سەردارێک بوو شارەزای پیشەکەی خۆی بوو (لەوانەی کەم تا زۆر بۆچوونەکانیان بەهەند وەردەگیرا) کە هەندێ قسەیان لێ وەردەگرت. بەڵام لێرەدا شتێک هاتە گۆڕێ کە ئیتر کۆتزۆف نەیدەتوانی مل بادا و بڵێ نا، ئەگەرچی تەواو لێی ڕوون بوو ناپلیۆن فێڵی لێ کردوون.
ناپلیۆن کە سەری لە دووی ڕووسەکان نابوو، لەگەڵ ئەوەی ئەوان پاشەکشەکردنەکەی خۆیانیان ڕاگرت، ئەویش ڕاوەستا و لە برۆننی نزیک ئۆلموتز گیرسایەوە. تاقە شتێکی ناپلیۆن لەوکاتدا لێی تۆقیبوو ئەوە بوو کە ڕووسەکان مل نەدەن و شەڕەکە درێژ بکەنەوە. ناپلیۆن چونکە لە فەرەنسا دوور کەوتبۆو و دەیزانی هۆگۆیتز بە ڕێگەوەیە بۆ ئەوەی دوا هەڵوێستی پرۆسی پێ ڕابگەیەنێ، زۆری حەز لێ بوو شەڕی یەکلاکەرەوە هەڵاییسێ و ئەوەندەش لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیابوو، کە باوەڕی وابوو لە یەکەم هێرشدا هەموو شتێک یەکلا دەکاتەوە.
لەو کاتدا بەهرە دیپلۆماسی و شانۆییەکانی ئەو لە لووتکەی درەوشاوەییدا بوون: بە مەزەندە دەیزانی لە ئەرکانی سوپای ڕووسەکاندا چ دەگوزەرێ و وەزعیان چۆنە، ئیتر قۆڵی هەڵماڵی بۆ ئەوەی یارمەتیی نەخشەکانی ئەلکساندر بدا لە هەمبەر هەوڵە لاوازەکانی کۆتزۆفدا کە دەیویست بە پاشەکشەیەکی لەناکاو لەشکرەکەی ڕووسیا لە تێداچوون ڕزگار بکا. ئەو دەبوو کارێک بکا خەنیمەکانی بێنە سەر

ئەو باوەڕەی کە ئەگەر ئێستا باشترین و لەبارترین دەرفەت نەبێ بۆ ئەوەی بە ئاسانی هێزەکانی فەرەنسا تێک بشکێنن، ئیتر هەرگیز پێی ناوەستن، بۆ ئەوەی هانیان بدا شەڕ بکەن. بۆ جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەش لە پێشدا فەرمانی بە پێشەنگەکانی خۆی کرد پاشەکشە بکەن، ئینجا بەردەستە تایبەتەکەی خۆی واتە ژەنەڕاڵ ساڤاریی ناردە لای ئەلکساندر کە پێشنیاری پێ بکا شەڕەکە ڕاگرن. تەنانەت ئەمری بە ئاڤاری کرد لە زمانی ئەوەوە داوا لە ئەلکساندر بکا بە تایبەتی چاوی پێی بکەوێ و ئەگەر قەیسەر قبوولّی نەکرد تکای لێ بکا
متمانەپێکراوێکی خۆی بنێرێتە لای ناپلیۆن بۆ دانوستان. لە ئۆردووگای ڕووسەکاندا هوڕا و قریوەی سەرکەوتن بەرز بۆوە: "بۆناپارت ترساوە. بۆناپارت بەزیوە و لەنێو چووە، با جارێ نەهێلّین ڕا بکا."
ئەو مانۆڕانەی ناپلیۆن لەگەلّ ڕەوتی کردەوەکانی ناتەبا بوون و بەلای خۆشیەوە ئەوەندە نائاسایی و پرسووکایەتی بوو، کە پێی وابوو ئیمپراتۆری لەخۆبایی و یەکەم سەرداری جیهان، بێت و پێویست نەبێ هەرگیز نابێ دەست بۆ شتێکی وا بەرێ. کۆتزۆف سەرەڕای هەموو ترس و دڵەڕاوکێکانی تەواو سووک بوو و ڕەتێنرا. ئەلکساندر قبوولّی نەکرد چاوی بە ناپلیۆن بکەوێ، بەڵام شازادە دۆلگرۆکۆفی ناردە لای. ناپلیۆن سالّانێک دواتریش هەر گالّتەی بەو ژەنەڕاڵە گەنجە دەربارییە دەهات کە لە نووسینە فەرمیەکانیدا ناوی نابوو "هەتیوە لووسکەلّە"کە.
دۆلّگرۆکۆڤ بە ڕاوێژێکی ئەمرکەرانە و وەک کەسێکی لەگەلّ بندەستەکەی خۆی قسە بکا، ئاوا لەگەلّ ناپلیۆن جوولّایەوە و وەک ناپلیۆن کە دواتر زۆر جاران بە تەشەرەوە باسی قسەکانی خۆی و ئەو گەنجەی دەکرد: "دەتگوت لەگەلّ نەجیبزادەیەکی ڕووسیی کە حوکمی دوورخرانەوەی بۆ سیبریا درابێ، قسە دەکا." ناپلیۆن بە هەژانەوە ئەو

دیمەنە کۆمیدیەی دریژە دا و ڕۆڵی کابرایەکی لێقەوماوی زراوچووی گێڕا. بەڵام چونکە هاوکات دەشیزانی نابێ لە گێڕانی ئەو ڕۆڵە گاڵتەجاڕانەیەدا زێدەڕۆیی بکا و هەموو شتێک تەنانەت گەمژەیی شازادە دۆلگرۆکۆڤیش سنووریکی هەیە، کۆتایی بە دانوستانەکە هێنا و گوتی ئامادە نیە پشێنیارەکان قبوڵ بکا. دۆلگرۆکۆڤ گوتبووی دەست لە ئیتالیا و باقی ئەو شوێنانە بەربدا کە گرتوونی، بەڵام ئەم پێشنیارانە بە ڕاوێژێک ڕەت کرانەوە کە ترس و گومان بەرانبەر ناپلیۆن نەک نەڕەوییەوە، بگرە بەهێزتریش بوو.

پاش ئەو ڕاپۆرتە ورەبەخشەی دۆلگرۆکۆڤ لە بارەی تێگەیشتنەکانی خۆیەوە خستیە ڕوو، ئیتر هاوپەیمانان هیچ گومانێکیان لە دڵیدا نەما و بڕیاریان دا دەسبەجێ هەڵکوتنە سەر ناپلیۆن کە بە لاوازی و هیوابڕاوییەوە خەریک بوو پاشەکشەی دەکرد و لەناوی بەرن.

ڕۆژی دووەمی دیسەمبەری 1805 ڕێک ساڵێک پاش متفەڕککردنی تاجلەسەرنانەکەی ناپلیۆن بەدەستی پاپا، لە چیاکانی بانووی پراتزێن کە لە ڕۆژئاوای گوندی ئۆستێرلیز و 120 کیلۆمەتریی باکووری ڤیەننا هەڵکەوتووە شەڕێکی خوێناوی قەوما، ئەو شەڕەی لە ڕووی گرینگییەوە یەکێکە لە گەورەترین شەڕەکانی مێژوو و یەکێکە لە سەمەرەترین شاکارەکانی حەماسەی ناپلیۆنی.

ناپلیۆن لە سەرەتاوە تا کۆتایی شەڕەکە، خۆی سەرکردایەتیی کرد. هەموو مارشاڵەکانی ئەو لە شەڕگەکەدا ئامادە بوون. شکستی ڕووس و نەمساییەکان هەر لە یەکەم سەعاتەکانی بەیانیدا مسۆگەر بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەردارەکانی سوپای ڕووس نەکەوتبایەنە ئەو تەڵەیەوە کە ناپلیۆن بۆی نابوونەوە، لانیکەم ئەو کارەساتەی بەرۆکیانی گرت هێندە گەورە نەدەبوو. ناپلیۆن پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە ڕووسی و

نەمساییەکان لێدەبڕێن ڕێگەی پێوەندیی ئەو لەگەڵ ڤیەننا و ڕووباری دانووب ببڕن بۆ ئەوەی گەمارۆی بدەن یان بەرەو باکوور و نێو چیاکان ڕای بدەن. هەر بۆیە بە ڕواڵەت ئەو لایەی سەنگەرەکانی خۆی چۆل و بەتاڵ هێشتەوە و زۆرینەی باڵی چەپی سوپاکەشی هەر چۆل کرد. کاتێک ڕووسەکان بەرەو ئەوێ پێشڕەوییان کرد، ناپلیۆن بە ئاپۆرای یەکە بەوەجەکانی خۆیەوە کە چیاکانی پراتزێنیان بەدەستەوە بوو تێکیان شکاندن و سەربازانی فەرەنسی دوژمنیان بەرەو زەلکاو و گۆلە نیوەبەستووەکان ڕادا. لیوا لیوا سەربازانی ڕووسی لەو گۆل و زەلکاوانەدا خنکان یان بە ئاگری تۆپخانەی فەرەنسیەکان لەنێو چوون و ئەوی مانەوە چەکیان دانا. سوارچاکی گاردی ڕووسی لەو گەرمەی جەنگەدا پاش تێکهەڵچوونێکی سەخت لەگەڵ نارنجۆکهاوێژەکانی گاردی ناپلیۆن بەتەواوی تێداچوون. مارشاڵە فەرەنسیەکان وێڕای ستایشی بوێریی سەربازانی ڕووسی، سەریان لە مانۆڕی بێجێی سەردارانی ڕووس(جگە لە کۆتزۆف) و نەزانیی ئەوان و ناشارەزاییان لە کاروباری جەنگی و شڵەژان و بێقیمەتییەکەیان سووڕ مابوو. بەتایبەتی هەر پێیان سەیر بوو کە دیتیان بۆخۆدۆنی فەرماندەی باڵی چەپی ڕووسەکان بە 29 لیوا و 22 یەکەی سوارچاکەوە لەبری ئەوەی بچێتە هانای هێزەکانی ڕووس کە خەریک بوون تێدا دەچوون، تا کۆتایی هەر خۆی بە هێرشکردنە سەر شوێنێکی بێنرخی شەڕگەکەوە خافڵاند کە لەوێدا هێزێکی بچووکی فەرەنسیەکان دەیانتوانی چەند سەعاتان بیخافڵێنن. ئاخریەکەیشی ئەو سەرداڕە کاتێک بڕیاری پاشەکشەی دا، هێندەی دڕەنگ بیر لێ کردبۆوە و ئەوەندەش ناشارەزایانە ئەو کارەی کرد، کە چەند هەزار کەس لە یەکەکانی ئەو کەوتنە نێو گۆل و زۆنگاوەکانەوە و خنکان، چونکە ناپلیۆن کاتێک ئەو وەزعەی دیت، فەرمانی دا سەهۆڵ و

بەستەڵەکەکە بدەنە بەر ڕەهێڵەی تۆپان. ئەوانەی بە زیندوویی دەرچوون، بەدیل گیران.
ئیمپراتۆرەکان یانی فرانسوا و ئەلکساندر زۆر پێش کارەساتەکە لە شەڕگە ڕایانکردبوو. دەوروبەریەکانیشیان بە شڵەژاوی و بێسەروبەرەیی بۆی دەرچووبوون و لەکاتی ڕاکردندا سەرۆکەکانیان بەجێ هێشتبوو. ئەو دوو ئیمپراتۆرە تاوێک دواتر لێک هەڵبڕان و ئەسپەکانیان هەڵیانگرتن و هەرکامەیانی بەرەو لایەک بردن.
ئەو ڕۆژە کورتە زستانییە خەریک بوو کۆتایی دەهات. خۆر کە لە بەیانییەوە ساتێکیش چیە لە درەوشانەوە نەکەوتبوو، ئاوا دەبوو و ئەلسکاندر و فەرەنسوا لە پەنای تاریکیدا و لە ترسی بەدیلگیران ڕایان دەکرد. ئەلکساندر کە هەر ئاگای لەخۆی نەمابوو، چەقوچۆ دایگرت و هۆڕهۆڕ دەگریا. چەند ڕۆژان دواتریش هەر وا بە خێرایی ڕایکرد. کۆتزۆف کە بریندار ببوو، بە زەحمەتێکی زۆرەوە توانیی خۆی ڕزگار بکا و بەدیل نەگیرێ.
شەو کە بەسەردا هات هەموو شتێک بڕابۆوە. ناپلیۆن لە حاڵێکدا هەموو مارشاڵەکانی گارد و بەردەستەکانی لە دەوری کۆ ببوونەوە و سەربازەکان لە هەموولایەکەوە بەرەولای دەهاتن و بە قریوەی خۆشییەوە سڵاویان لێ دەکرد، بە سواری ئەسپەکەی بە دەشتە پان و بەرینەکەی شەڕگەدا دەگەڕا و لە هەر هەنگاوێکیدا بەسەر جەندەکی پیاوان و لاشەی بێ ئەژماری ئەسپاندا دەکەوت کە کەوتبوون. ئاکامی سەرکەوتنەکە بریتبوو لە 15000 کوژراوی ڕووسی و نەمسایی و 20000 دیل و گرتنی هەموو تۆپخانەکەی دوژمن و بەتایبەتی لەنێوبردنی بەتەواوەتیی سوپاکانی نەمسا و ڕووسیا کە ئەوانەی بەزیندوویی دەرچوون هەرچی تۆپ و تەقەمەنی و تفاق و خۆراک

بوو بەجێیان هێشتبوو و بۆخۆیشیان بە سەرلێشێواوی ڕایان دەکرد. فەرەنسیەکان لە 80000 کەسەکەی هێزەکەیان، کەمتر لە 9000کەسیان لێ کوژرابوو.
بۆ سبەینێ فەرمانی لەشکریی ناپلیۆن لە هەموو یەکەکاندا بەو جۆرە خوێنرایەوە: "سەربازەکان، من لێتان ڕازیم. ئەمڕۆ لە ئۆسترلیتز سەلماندتان کە چاوەڕوانییەکەم لە ئازایەتی و بەجەرگیی ئێوە بێجێ نەبووە. ئێوە ئالا هەڵۆنیشانەکانی خۆتان بە شانازییەکی ئەبەدی ڕازاندەوە. سوپایەکی ژێر فەرماندەیی ئیمپراتۆرەکانی ڕووسیا و نەمساتان لە کەمتر لە چوار سەعاتدا تێک شکاند و لەنێوتان برد و ئەوەی لە ڕق و قینیشتان دەرباز بوو، لە گۆلەکاندا خنکان.
ئیمپراتۆر فەرەنسوا دەسبەجێ بە ئەلکساندری ڕاگەیاند کە درێژەدان بەو جەنگە ئەوپەڕی شێتیە. ئەلکساندر بۆچوونەکەی قبووڵ کرد. ئیمپراتۆری نەمسا نامەیەکی بۆ ناپلیۆن نووسی و داوای چاوپێکەوتنی تایبەتیی لێ کرد و ناپلیۆن لە ئۆردووگا تایبەتییەکەی خۆی لە دەوروبەری ئۆسترلیتز پێشوازیی لێ کرد. بە ئەدەبەوە لەگەڵ فەرەنسوا جووڵایەوە بەڵام لە پێشدا داوای لە ئیمپراتۆر کرد پاشماوەی سوپای ڕووس دەسبەجێ لە نەمسا بڕۆنە دەرێ و بۆشی دیاری کردن چەندە دوور بکەونەوە. ئینجا ڕاشیگەیاند کە جگە لەگەڵ نەمسا، لەگەڵ هیچ لایەنێک دانوستان ناکا. ئیتر فەرەنسواش دیارە هەموو مەرجەکانی قبووڵ کرد تەمەنی هاوپەیمانیەتیی سێیەم کۆتایی هات.

4

لە درێژایی نیوەی دووەمی مانگی نۆڤەمبەر و لە یەکەمین ڕۆژەکانی مانگی دیسەمبەری 1805دا ویلیام پیت بەوپەڕی دڵەڕاوکێ و

نیگەرانییەوە چاوەڕێ بوو هەواڵێکی جەنگە گشتییەکەی پێ بگا.
سەرۆکی حوکمەتی ئینگلتەرا کە بناغەدانەری هاوپەیمانیی سێیەم دژی ناپلیۆن بوو دەیزانی کە ئینگلتەرا لەمەودوا تا ماوەیەکی زۆر لە دەستدرێژی پارێزراو دەبێ، چونکە لە 21ی ئۆکتۆبەری 1815دا لە شەڕی دەریایی ترافالگاردا نێلسۆنی دەریاوان هەڵیکوتابووە سەر کەلوپەل و دامودەزگا جەنگییە هاوبەشەکەی فەرەنسا و ئیسپانیا و تەفروتوونای کردبوون. خۆیشی لەو جەنگەدا کوژرابوو. ناپلیۆن ئیتر کەشتیی جەنگیی نەبوو، بەڵام ویلیام پیت لە لایەنی دیکەوە دەترسا. ئەو و هەموو بۆرژوا بازرگان و پیشەسازەکانی ئینگلیز لێیان سوور بوو کە هێشتا شتەکە کۆتایی نەهاتووە، چونکە ناپلیۆن بەتەمایە بازرگانە بەریتانییەکان لە بازاڕەکانی بازرگانیی ئەو وڵاتە ئەورووپاییانەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەبندەستی خۆیدان، بکاتە دەرێ. بەتایبەتی چونکە وڵاتە بەپیت و بەرەکەتەکانی وشکارۆی ئەورووپا بە لەنگەرگە و کارگە دەریاییەکانیانەوە لە بەردەستی ئەودان، بۆیە زۆر باش دەتوانێ کەلوپەلی جەنگیی تازە دروست بکا و ئۆردووگای بۆلۆنی ببووژێنێتەوە.
کارەساتی خۆبەدەستەوەدانی ماک لە ئۆلم و چوونی ناپلیۆن بۆ نێو قیەننا و گرتنی پردەکە لە لایەن فەرەنسیەکانەوە و پاشەکشەی ڕاکردن ئاسای کۆتزۆف لەبەر لەشکرەکانی ناپلیۆن، زۆریان کار کردبووە سەر ویلیام پیت و ناڕەحەتیان کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕازیبوونی لێبڕاوانەی پرۆس بەوەی کە بێتە نێو هاوپەیمانیەتییەکەوە دیسان بڵێسەی هیوای لە دڵیدا گەشاندبۆوە. لە وڵاتی دوورەدەستی مۆراوی لە دەوروبەری ئۆلموتز دەبوایە ئەو مەسەلە ئاڵۆزە یەکلا بکرێتەوە، کە ئاخۆ دەسەڵاتە

دیکتاتۆرییەکەی ناپلیۆن بەسەر نیوەی ئەورووپادا دەڕووخێ، یان نیوەکەی دیکەی ئەو وشکارۆیەشی دەکەوێتە بندەستی؟
ئاخری، یەکەم ڕۆژنامەگەلێک کە ئەم هەواڵە بڵێفەڕەیان تێدابوو ـ ڕۆژنامە هۆڵەندییەکان ـ گەیشتنە لەندەن: هاوپەیمانیی سێیەم لە شەڕگەکەی ئۆسترلیتزدا وەها شەڵاڵی خوێن و ڕیسوا کرابوو، کە بەهیچ شتێک هەڵنەستێتەوە. لە کۆڕ و کۆبوونەوە پەرلەمانییەکاندا، ویلیام پیتیان لەسەر ئەو خولیا بێ ئاکامانەی لۆمە و سەرکۆنە دەکرد. نوێنەرە بەرهەڵستکارەکان داوایان دەکرد دەست لە کار بکێشێتەوە و پێداگرانە داواکار بوون ئابڕووی ئینگلتەرا کە خەریک بوو پاکی دەڕۆیشت و زێڕ و سامانی ئینگلتەرا کە ملیۆن ملیۆن بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکە هەڵڕژابوو، و ئەویش لە سایەی سەری سەرداره فسۆسەکانەوە فشۆڵ دەرچووبوو، بگەڕێنرێتەوە. پیت کە لەبەر ئەو بێمرادی و ناکامیانەدا تاقەتی لێ بڕابوو، نەخۆش کەوت و چەند حەفتە دواتر لە 23ی جانیوەری 1806دا مرد و بەمجۆرە ناپلیۆن کەللەڕەقترین و مکوڕترین و بەوەجترین دوژمنی لە کۆڵ بۆوە. کابینەی تازە کە بە سەرۆکایەتیی فۆکس پێک هات، بڕیاری دا پێشنیاری ئاشتی بداتە ناپلیۆن.
سەرکەوتنەکەی ناپلیۆن بێ کەمایەسی بوو. ئەو خۆی مەرجەکانی ئاشتیی دادەڕشت و هەموان چ ئەوانەی بەزیبوون و چ ئەوانەی خۆیان لە جەنگەکە نەدابوو، خاکەڕایانە پێملی دەبوون. ئەو بەوپەڕی لێوەشاوەیی سوودی لە سەرکەوتنە پڕشنگدارەکەی خۆی وەردەگرت. هۆگۆیتزی دیپلۆماتی پرۆسی و هەڵگری پەیامی قسەی ڕاشکاوانە و لێبڕاوانەی فردریک ویلهۆڵم کە لە ڕێگە زۆری پێچووبوو، گەیشتە ڤیەننا و یەکەم شتێکی کە هەوڵی دا لەبیر خۆی بەرێتەوە، نێوەرۆکی

پەیامەکەی بوو. ئەو بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە چووە هەنتەشی ناپلیۆن و کڕنۆشێکی برد سەری گەیشتە عەرزی و بە بۆنەی ئەو زەبرە گورچوبڕەی ئیمپراتۆر لەو خێڵی "هەرچیوپەرچی"یەی وەشاندبوو، پیرۆزبایی لێ کرد. هۆگۆیتزیش وەک پادشاکەی خۆی کە بە ترس و خۆفەوە دەیدی کاتی ئەوەی هاتووە باجی کەرێتییەکانی ئەو دواییانەی و ئەو سوێندی هاوپەیمانیەتییەی بدا کە لەسەر گۆڕەکەی فردریکی مەزن خواردبووی، هەر زەندەقی چووبوو.

هۆگۆیتز ئاوا دەستی بە قسەکردن کرد: "من پیرۆزبایی لەو خاوەنشکۆیە دەکەم بۆ سەرکەوتنەکانی..." بەڵام ئیمپراتۆر قسەکەی پێ بڕی و گوتی: "چارەنووس، بەردەنگی پیرۆزباییەکەتی گۆڕیوە". (ئەگەر چارەنووس نەبایە، ئەو پیرۆزباییەت بە یەکێکی دی دەگوت).

ناپلیۆن لە پێشدا دەستی کرد بە هات و هەرا و گوتی ئاگام لە هەموو فێڵ و تەڵەکە و گزییەکانی پادشای پرۆس هەیە. بەڵام دواتر ئامادە بوو لە تاوانی خۆش بێ و ڕابردوو لەبیر بکا بەو مەرجەی دەوڵەتی پرۆس لەسەر ئەم مەرجانەی خوارەوە پەیمان ببەستێ: پرۆس دووکنشینی ئانشپاخ بداتە باڤیر و شازادەنشینەکانی نۆشاتل و کلێڤێس بە شاری وێزێڵەوە بداتە فەرەنسا. لە بەرانبەردا ناپلیۆن ئەیالەتی هانۆر کە لە 1803ـەوە هێزە فەرەنسیەکان دەستیان بەسەردا گرتووە و بە قەبالە ملکی پادشای ئینگلتەرایە دەیداتە پرۆس. جگە لەوەش، پرۆس بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ بووەتە هاوپەیمانی فەرەنسا، دەبێ شەڕ دژی ئینگلتەرا ڕابگەیەنێ. هۆگۆیتز هەموو مەرجەکانی قبوولْ کرد و پادشاکەشی پەسندی کردن و خۆشحاڵ بوو کە ئاوا سووک و سانا ڕزگاریان بووە. باڤیر کە هاوپەیمانی فەرەنسا بوو، ئەیالەتی تیرۆڵی لە نەمسا و دووکنشینی ئانشپاخی لە پرۆس وەرگرت، بەڵام ناوچەی زێڕوەشان و

پیشەسازیی بێرگی دایە دەست ناپلیۆن. ئیتر نەمسا سەرانسەری ئەیالەتی ڤێنیسیا و خاکەداگیرکراوەکانی ئەوێی واتە فریۆڵ و ئیستری و دالّماسیی ڕادەستی ناپلیۆنی پادشای ئیتالیا دەکرد. بەو جۆرە نەمسا لەسەر یەک، یەک لەسەر شەشی خەڵکەکەی واتە لە 24 ملیۆن کەس 4 ملیۆن و یەک لەسەر حەوتی داهاتی وڵاتەکەی و کەوشەنێکی پانوبەرینی لەدەست دەدا، جگە لەو غەرامەت و قەرەبووەی بایی 40 ملیۆن فلۆرن ئاڵتوون کە دەبوو بیداتە سەرکەوتوو.

پەیمانی ئاشتییەکە لە ڕێکەوتی 26ی دیسەمبەری 1805دا لە پرێسبۆرگ مۆر کرا. چەند ڕۆژ پێش ئەو هاوپەیمانیەتییەکی بەرگریی زۆر توندوتۆڵ لە نێوان ناپلیۆن و باڤیر و ڤۆرتمبێرگ و باد مۆر کرابوو. کاروانی بێ بڕانەوەی ئەو دەستکەوتانەی لە نەمسا وەرگیرابوون بەرەو فەرەنسا و ئیتالیا کەوتنە ڕێ. یەکێک لە دەستکەوتەکان 2000 تۆپ و زیاتر لە 100000 تفەنگ بوو کە یا لە جبەخانەکان یان لە مەیدانەکانی شەڕ لە دوژمنیان ئەستاندبوون. بەڵام ناپلیۆن کارێکی دیکەی یەکلا نەکردەوە، وازی لە نەمسای بڕست لێبڕاو نەهێنا. لە ئۆکتۆبەری 1805دا پاش جەنگی ترافالگار، فێردینان پادشای ناپڵ و کارۆلینی ژنی بەو خەیاڵە خۆشەوە کە ناپلیۆن ئاخرییەکەی هەر بەچۆکدا دێ پێوەندییان لەگەڵ ئینگلتەرا و ڕووسیا پێک هێنابوو. بنەماڵەی بۆربۆنەکانی ناپڵ هەر بە ئازار و کوێرەوەرییەوە نیری یەخسیریی ناپلیۆنیان لەسەر ئەستۆیان ڕاکێشابوو و زۆری لێ بێزار بوون. ماری کارۆلینی شازادەی ناپڵ و ماری ئانتوانتی خوشکی دەمێک بوو لە فەرەنسا و ناپلیۆن بێزار بوون و تەنانەت لە هەنتەشی ئالکیوری نوێنەری فەرەنسادا بەبێ ترس دەیگوت: "بە ئاواتەوەم وڵاتی پادشایەتیی ناپڵ ببێتە شقارتەیەک و سووتمانێکی گەورەی لێ

بکەوێتەوە." نێردەی ناپلیۆن یەک جار وەڵامی داوە، کە لە وەها حاڵەتێکدا سووتمانەکە هەر شتێکی لێ بکەوێتەوە، لە پێشدا هەر شقارتەکە دەسووتێنێ. لە ڕاستیدا پاش سەرکەوتنەکەی ئۆسترلیتز، ئەم شقارتەیە لە چاوترووکانێکدا سووتا: دەرباری ناپڵ کەفاراتی هەڵەکەی خۆی بەشێوەیەکی دڵتەزێن دایەوە. ناپلیۆن ڕایگەیاند کە "بنەماڵەی پادشایەتیی بۆربۆن لە ناپڵ جووقەواریان بڕاوە" و دەسبەجێ فەرمانی دەرکرد لەشکری فەرەنسا هەموو وڵاتەکە داگیر بکەن. بۆربۆنەکان لە پەنا و پشتیوانیی گەلەکەشتییەکی جەنگیی ئینگلیزدا ڕایان کردە سیسیل و زۆری نەبرد ناپلیۆن ژۆزێفی برای کردە پادشای ناپڵ. ئینجا پاش ئەوەی بە پارە و مەدالیا و بەرزکردنەوەی پلە و پایە پاداشتی هەموو ئەو سەرباز و ئەفسەر و سەردارانەی دایەوە کە لە شەڕەکەدا ئازایەتیان نواندبوو و تەنانەت پلەی هێندێکیانی دوو و سێ هێندە بەرز کردەوە، لە ڤیەننەاوە بەرەو پاریس کەوتە ڕێ و لە 26ی جانیوەری 1806دا لە حاڵێکدا خەڵکێکی ئێجگار زۆر بە شادمانییەوە بە پێشوازییەوە هاتبوون، گەیشتەوە کۆشکی تۆیلری. تاوێک دواتر ئاگادار کرایەوە کە دوژمنە قەستەسەرەکەی، سێ ڕۆژ پێش ئەوەی ئەو بگاتەوە پاریس مردووە و ئینگلتەرا خوازیاری ئاشتییە. لەمەودوا ئیتر ناپلیۆن دەیتوانی بەتەواو مانا خۆی بە شارلمانیی ئیمپراتۆری ڕۆژئاوا بزانێ. بەزم و ئاهەنگ و میوانداری و شەونشینیی پەیتاپەیتا لە دەرباری ناپلیۆن بەرپا بوون. خێڵی ماستاوچیی دەربار کە بە ئاواتەوە بوون ناپلیۆن ئاوڕێکی بەخێریان لێ بداتەوە، ئەویان وەک خوا دەپەرست و بە جامەلۆسکێ و ماستاوچێتیی بێشەرمانەی خۆیان دەیانلاواندەوە.

پاش مەرگی ویلیام پیتیش ناپلیۆن هەر نەیدەتوانی هیوایەکی بە گۆڕانی سیاسەتی ئینگلتەرا هەبێ. بەڵام کاتێک فۆکس کە لە بواری پێوەندییەکانی دەرەوەدا خەنیمی هەمیشەیی پیت بوو، جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، وردە وردە لە ئەوروپا باسی ئاشتەوایی بەم زووانەی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا هاتە گۆڕێ. دانوستانەکان دەستیان پێ کرد و فۆکس، لۆردیارمۆتی بۆ دریژەدانی ئەو دانوستانانە نارده پاریس. ناپلیۆن بەهیچ شێوەیەک بڕوای نەدەکرد بتوانێ هیوایەکی بە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئینگلتەرا هەبێ. لە فێبریوەری 1806دا پرۆسی ناچار کردبوو پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئینگلتەرادا ببڕێ. ئەو لە هەوڵدا بوو کە پرۆس نەک هەر لە ئینگلتەرا بگرە لە ڕووسیاش دابببڕێ بۆ ئەوەی زەبرێکی گورچوبڕی لێ بدا.

پادشای پرۆس هەر لە سەرەتای ساڵی 18-6هەوە وردە وردە زانیی قامکی لە چ هێلانە زەرگەتەیەک وەژاندووە. بەدڵنیاییەوە ناپلیۆن لێی خۆش ببوو و تەنانەت پێشی خۆش ببوو کە پرۆس لەگەڵی ببێتە هاوپەیمان و بەڵێنی ئەیالەتی هانۆڤری پێ دابوو. بەڵام کاتێک ئینگلتەرا ناڕەزایەتیی دەربڕی و جەنگی دژی پرۆس ڕاگەیاند، ناپلیۆن هانۆڤێری بەجێ نەهێشت و هێزەکانی خۆی لەوێدا هێشتەوە. ئەوکات کتوپڕ فردریک ویلهۆلم ئاگادار بۆوە کە لۆردیارمۆت بۆ پەیمانی ئاشتی لە پاریسە و زانیشی کە ناپلیۆن نوێنەرەکەی ئینگلتەرای تێگەیاندووە کە ئەگەر دەوڵەتەکەی ئامادە بێ مەرجەکانی من بۆ ئاشتی قبووڵ بکا، ویلایەتی هانۆڤێر دەدەمەوە بە ئینگلتەرا. دەربار و دەوڵەتی پرۆس سەیریان کرد چەندە خەڵەتاندوویانن. تووڕەیی و بێزاری بەتایبەتی لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا کە بە دریژایی ساڵی 1805 لە خۆڕا زۆریان بۆ

فریدریک هێنابوو تا بچێتە پاڵ هاوپەیمانیی سێیەم، هەر شەپۆلی دەدا. ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە دەیانگوت ئەگەر وایان کردبایە ئەوا دەیانتوانی پێشی کارەساتەکەی ئۆسترلیتز بگرن و پرۆس لەو کارە ڕزگار بکەن کە بەتەنیایی لە هەمبەر ناپلیۆندا کردی.
لەوکاتدا ناپلیۆن بڕیاری دا بە دامەزراندنی هاوپەیمانیی ڕاین بیچم و ڕوخسارێکی یاسایی بە دەسەڵاتە بێجڵەوەکەی بەسەر ڕۆژئاوا و بەشێک لە ئاڵمانی نێوەڕاستدا ببەخشێ و پتەوی بکا. لە نێوەڕاستەکانی ساڵی 1806دا ئەو هاوپەیمانیەتییە تەواو پێک هات و ئەساسنامەکەی لە 12ی جوولایدا لە لایەن ئەو دەوڵەتە ئەڵمانییانەوە کە ناپلیۆن فەرمانی پێویستی لەوبارەیەدا پێ کردبوون، مۆر کرا. ئەو دەوڵەتانە بریتی بوون لە: باڤیر، ڤۆرتمبێرگ، ئۆسقۆف نشینی ڕاتیسبن.
دووکنشینە گەورەکانی باد و هەس و دارمشتات و بێرگ و ناسۆ و هەشت شازادەنشینی دیکەی ئەڵمانییش.
هاوپەیمانیی گۆرین ئیمپراتۆر ناپلیۆنی وەک پشتیوانی خۆی هەڵبژارد و بۆ ئەمەگداریش لە هەمبەر قبوولکردنی ئەو پۆستە بالایەدا ئەستۆکەچ بوون کە ئەگەر جەنگێک هەڵاییسێ 63000 سەربازی بخەنە بەردەستی. بەشێکی زۆر لە ئەمیرنشینە سەربەخۆکان کە لە ئیمپراتۆرەکانی بنەماڵەی هابسبۆرگ کەسیان بە فەرمانڕەوای ڕاستەوخۆی خۆیان نەدەزانی، لەمەودوا بوونە پاشکۆی ئەو دەوڵەتانەی نێو هاوپەیمانیی ڕاین، کە ملک و ئەمارەتەکەیان لە خاکی ئەواندا بوو. بەو جۆرە فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆرەکانی نەمسا بەسەر ئەڵمانی هەزار پارچە و بەسەر شازادە سەربەخۆکانیدا کە ناویان نرابوو ئیمپراتۆریی پیرۆزی ڕۆما و ژەرمەن، بە کردەوە هەڵوەشانەوە و فەرەنسوا

ئیمپراتۆرەکەی نەمسا لە 1806دا لەسەر داوای ڕاشکاوانەی ناپلیۆن ئەم نازناوەی کە ڕێک هەزار ساڵ بوو هەیانبوو، بەلاوە نا.
ئەم دەستدرێژییە تازەیەی ناپلیۆن کە کۆمەڵێک سەرزەمینی تازەی دەخستە سەر ملکەکانی خۆی، دەربار و دەوڵەتی پرۆسی زۆر نیگەران و تووڕە کرد. هاوپەیمانیەتیی ڕاین لە ڕاستیدا ناپلیۆنی لە نێو جەرگەی ئەڵمانیادا جێگیر دەکرد و هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆش بوو بۆ سەر یەکپارچەیی پرۆس. بەتایبەتی مەترسییەکە لەوەدا خەست ببۆوە کە ناپلیۆن وێڕای دروستکردنی هاوپەیمانیەتیی ڕاین دەستی کردبوو بە دانانی کۆمەڵێک دەوڵەتی تازە، کە جگە لە بەربڵاوترکردن و پەرەپێدانی بەخشکەی ئیمپراتۆریی فەرەنسا لەسەر خەرجی دەوڵەتە تازەکان هیچ مانایەکی دیکەی نەبوو. لە پانزەی مارسی 1806دا مۆرا، کرا بە دووکی مەزنی کلێڤێ و بێرگ. هەر لە 30ی ئەو مانگەدا ژۆزێف بۆناپارت کرا بە پادشای ناپڵ و مارشاڵ بێرتیە کرا بە دووکی نۆشاتڵ. لە پێنجەمی جووندا یەکێکی دیکە لە براکانی ناپلیۆن ـ لۆیس بۆناپارت ـ کرا بە پادشای هۆڵەندا و تالیرانی وەزیری دەرەوەش کرا بە شازادەی بێنێڤێنت و مارشاڵ بێرنادۆتی کردە شازادەی پۆنتێکۆرڤۆ لە باشووری ئیتالیا. ئەو پادشا و شازادانە تەنانەت ئەمیری ژێرچاودێرییش نەبوون، بەڵکو ڕاشکاوانە جێگری پادشا یان حاکمێک بوون کە ناپلیۆن دابنابوون و هەموو ئەوروپاش ئەوەی دەزانی.
لەو ماوەیەدا، دیسان ناپلیۆن خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکردەوە. لە مانگی جووندا پاش پێکهێنانی هاوپەیمانیی ڕاین، بە لیژنەی یاسادانانی ڕاگەیاند کە ئێستا سوپایەکی 450000 کەسیی هەیە و تفاق و کەلوپەلی حەواندنەوەشیانی هەیە بەبێ ئەوەی پێویستی بە قەرزکردن بێ یان تووشی کەمایەسی بێت. ناپلیۆن بە پێویستی زانی 200000

سەرباز لە هەردووبەری ڕووباری ڕاین لە ئالزاس و لۆرن و وڵاتی هاوپەیمانەکانی ڕایندا جێگیر بکا. دەنگۆیەکی شوم داکەوتبوو کە ئیمپراتۆری فەرەنسا ئامادەیە و دەیەوێ ئەو سەرزەمینە تازانە بخاتە سەر وڵاتەکەی خۆی.
لە 6ی جوولایدا دیپلۆماتێکی ڕووسی بەناوی دۆبریل کە ئەلکساندر بە بیانووی دەسپێکی دانوستانی تایبەت لەسەر ڕێژگەی کەنداوی کاتارۆ ناردبووی، بەڵام لە ڕاستیدا هاتبوو بزانێ ئاخۆ بە ڕاستی هیوایەک بە بەستنی پەیمانی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا هەیە یان نا، گەیشتە پاریس. بەڵام دوو حەفتەیەک پاش هاتنی ئەو، تالیران بە هەوڵ و هەڵسوکەوتێکی لێوەشاوانە توانی پەیمانێکی سەرەتایی ئاشتی لەگەڵ ڕووسیادا پێ مۆر بکا. لەمەودوا ئیتر هەموو شتێک بەسترابۆوە بە ئاکامی دانوستانەکانی نێوان تالیران و لۆردیارمۆت، چونکە ئەلکساندر تەنیا چاوەڕێی یەکلابوونەوەی ئەو مەسەلەیە بوو تا بزانێ ئاخۆ ئەو پەیمانە ئاشتییەی لە پاریس دۆبریل مۆری کردووە ڕایگەیەنێ یان نا. بەڵام بەستنی پەیمان لەگەڵ ئینگلتەرا مەحاڵ بوو. بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی چینی دەسەڵاتداری ئینگلیز بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ دیکتاتۆریی ناپلیۆن کە نیوەی ئەوروپای لەبندەستدا بوو، یەکی نەدەگرتەوە. ناپلیۆن لە ڕەوتی دانوستانەکاندا نەک ئامادە نەبوو هیچ ئیمتیازێک بدا، بەڵکوو بەردەوام باسی چاوەڕوانیی تازەی لە میسر و سووریا دێنایە گۆڕێ.
ئینجا هەواڵی مەرگی فۆکسی، وەزیری دەرەوەی بریتانیا کە لە هەموو ئینگلتەرادا تاقە پاڵەوانی ئاشتی لەگەڵ فەرەنسا بوو، لە یەک ڕۆژدا هەموو ئەوروپای تەنییەوە. (13ی سێپتەمبەر).

لە پرۆس، ئەو حیزبەی کە خوازیاری بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژییەکانی ناپلیۆن بوو، قوت بۆوە. تەواو ڕووبەر و دیار بوو کە لەمەودوا نە ئینگلتەرا ئامادە دەبوو لەگەڵ ناپلیۆندا پەیمانی ئاشتی مۆر بکا و نە ڕووسیاش. فردریک ویلهۆڵم کە لە سەرەتای سێپتەمبەردا بەردەوام لە نێوان ترس و تووڕەییدا دەژیا، بەبێ ئەوەی بزانێ ئاخۆ دەبێ چ بڕیارێک بدا، شاگەشکە بوو کە دیتی هیوایەک بە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی تازە هەیە. ڕێک ڕۆژی مەرگی فۆکس وەختایەک پادشای پرۆس هێشتا ئاگای لە چارەنووسی بێفەڕی نەخۆشییەکەی وی نەبوو، بڕیاری دا سوپاکەی خۆی بەرێتە نێو ساکس. سێ حەفتە دواتر ئاگادار کرانەوە کە ئیسپانیا تەواو ئامادەیە بەو مەرجەی لە سەرکەوتن دڵنیا بێ، بێتە نێو ئەو هاوپەیمانیەتییەوە کە هیوادار بوون پێک بێ و دانوستانی نهێنی لە نێوان دەرباری ئیسپانیا و فردریک ویلهۆڵمدا دەستیان پێ کرد.

نەجیبزادە و بەشێک لە بۆرژواکانی پرۆس دەهری ببوون و هەژابوون. پادشایان بە ترسنۆک و دەستەوستان و هۆگۆیتزیان بە خیانەتکار ناو دەبرد. نەجیبزادەکان قینێکی زۆریان لە ناپلیۆن بوو و ئەویان بە هۆکاری نەمانی سیستەمی پێشووی دەرەبەگایەتی لەسەر بنەمای "سێرواژ" دەزانی. بۆرژوازی بەوپەڕی دڵەڕاوکێوە سەیری ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی دەکرد کە ناپلیۆن لە نێوان وڵاتەکانی سەر بەخۆی و پرۆسدا دایدەنان و ئەو بەرنامە وردانەی بە قازانجی پیشەسازیی فەرەنسا و بە زیانی پیشەسازیی خەڵک دایدەڕشتن. گیانی ئازایەتی و کەفوکوڵی تۆڵەکردنەوەی ئەو سووکایەتییانەی ناپلیۆن بە هەر بیانوویەک بە پرۆسی دەکرد و ئەو خیانەتانەی لێیان کرابوو، بەبەر جەستەی ئەفسەر و سەردارەکاندا هاتبۆوە. شاژن لوویز سەرۆکی ئەو

حیزبە دەرەبەگانە و سەربازییە بوو. لە ئینگلتەرا و ڕووسیاوە کە ئەوکات سەرقاڵی کۆمەڵێک دانوستانی بێسوود بوون لەگەڵ ناپلیۆن، هەموو جۆرە هەواڵێکی هاندەرانە و دڵگەرمکەرانە و هیوادەرانە دەهات... ئەوەی لە بنەڕەتڕا پادشای هان دا هەنگاوێکی لێبڕاوانە بنێ ئەوە بوو کە هەر ئیمتیازێکیشی دابایە بە ناپلیۆن، ئەو جەنگەکەی هەر هەڵدابیساند. بۆیە بڕیار درا نامەیەک بۆ ناپلیۆن بنووسن و داوای لێ بکەن بۆیان ڕوون بکاتەوە بەتەمایە چۆن لەگەڵ پرۆس بجوولێتەوە. ئیمپراتۆر وەڵامی نەدانەوە.

سوپای پرۆس جوولێنرا. لیواکان، کە بەرەو ڕۆژئاوا کەوتبوونە ڕێ، یەک لە دوای یەک بە بەرلین و ماگدبۆرکدا تێدەپەڕین و سروودی نیشتمانپەروەرانەیان دەچڕی و شاژن لوویز بە پێشوازییانەوە دەچوو و ئیلهامی بە خۆڕانان و خۆپێشاندانەکان دەبەخشی. فردریک ویلهۆلمی پادشای پرۆس وەڕێکەوت بۆ ئەوەی بگاتە سوپاکەی، کە لە دەوروبەری ماگدبۆرگ و ڕۆژئاوای ئەوێ جێگیر ببوو. لەوێوە یادداشتێکی دیکەی بۆ ناپلیۆن نارد و داوای لێکرد یەکە فەرەنسیەکان لە خاکی پرۆس بکشێنەوە و بچنە دەرێ. ناپلیۆن لە وەڵامی ئەودا کەوتە پێش سوپاکەی خۆی و بە سنوورەکانی ساکسدا کە پرۆسییەکان ئێستا لەوێ بوون، تێپەڕی.

شکستی پرۆس و ملکچەبوونی ئەڵمان

1807 ـ 1806

1

ناپلیۆن لە 8ی ئۆکتۆبەری 1806دا فەرمانی گرتنی ساکسی دەرکرد کە هاوپەیمانێکی پرۆس بوو و، سوپای مەزن، کە لە سەردەمی ئاشتییەکەی پرسبۆرگەوە لە باڤیر جێگیر ببوو، بوو بە سێ تابوور و دەسبەجێ سنووری بڕی. یەکەی سوارچاکی مۆرا لە پێشەوەی تابووری نێوەڕاستەوە دەڕۆیشت و ناپلیۆنیش بە هێزە گەورەکەی خۆیەوە بە دوویدا دەڕۆیشت. سوپای مەزن لەو کاتدا 195000 کەس پتر بوو، یانی بڕێک زیاتر لە نیوەی هەموو هێزە چەکدارەکانی ناپلیۆن. چونکە ئەو بەناچار 70000 کەسی لە ئیتالیا و تەقریبەن ئەوەندەشی لەو شوێنانە بەجێ هێشتبوو کە گرتبوونی. دیارە ئەو 195000 کەسە دەبوایە پشتیان بەو کەسانە ئەستوور بکرێ کە بەسەرباز گیرابوون و

بەپەلە لە ئۆردووگاکانی پشتەوەی شەڕگەدا ڕادەهێنران. هێزی پرۆس لە هەمبەر ناپلیۆندا بڕێک کەمتر یانی لە نێوان 175 تا 180 هەزار کەسدا بوو.

بۆ تێگەیشتن لەو کارەساتە هەورەتریشقەئاسا و قەرەبووهەڵنەگرەی چارەنووس دابنابوو لەماوەی چەند ڕۆژ دواتردا بەسەر پرۆسدا بێ، نە پێویستە ئاماژە بکەین بەوەی کە سوپای مەزن تۆزێک لەوان زیاتر و بەهێزتر بوو، نە ئاماژە بە بلیمەتیی سەربازی و جەنگیی سەرداری گشتیی فەرەنسیەکان و نە هەڵبژاردنی لێهاتووانەی فەرماندە بەوەجەکانیشی. لەو کاتدا بەریەککەوتنی دوو سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی جیاواز، دوو ڕێژیمی سیاسی، دوو تاکتیک و دوو ڕێکخراوی سەربازیی جیاواز بوو کە سەر بە دوو کۆمەڵی لێکدژ و ناتەبا بوون. ڕێژیمێک بە تایبەتمەندیگەلێکی تەواو دەرەبەگایەتی و سەرەڕۆ و لە ڕووی پیشەسازی دواکەوتووانە و خاوەنی تەکنیکی تەواو سەرەتاییەوە بەرەنگاری سیستەمێک بۆوە کە بە یارمەتیی شۆڕشێکی بۆرژوایی، گۆڕانێکی قوولّی بەسەردا هاتبوو و دەورودووکانی دەرەبەگایەتی و سێرواژی لە ڕێکخراو و داموودەزگاکەی وەرگێڕابوو و تێکەوەی پێچابوو.

ئێمە پێشتر باسی سیستەمی سەربازیی ناپلیۆنمان کرد، بەڵام سوپای پرۆس ئاوێنەی بالّانوێنی ئەو سیستەمە بوو، کە لەسەر بنەمای سێرواژ دانرابوو. سەربازی پرۆسی جووتیاریّک بوو کە بە زەوی و زارەوە بەسترابۆوە و ئیتر لە قەمچی و دارکاریی ئاغا ڕزگار ببوو و کەوتبووە بەر زەبری قەمچیی و پشتەشمشێری ئەفسەرەکەیەوە، کۆیلەیەک بوو کە بە مستەکۆڵە و شەق و نووکەپۆستاڵی بالّادەستەکانی بڕستی لێ بڕابوو و ئەرکی سەرشانی بوو وەک کۆیلە گوێڕایەڵی فەرماندەکانی بێ.

ئەو باش دەیزانی چەندەش ئازا و سەربەرزانەیش بژی، نابێ چاوەڕوان بێ هیچ گۆڕانێکی باش بەسەر چارەنووسیدا بێت. ئەفسەر تەنیا بەو مەرجە دەکرایە ئەفسەر کە نەجیبزادە و خانەدان بێ و هەندێکیان زۆر بە زەبر و توندوتیژانە لەگەڵ سەربازەکانیان دەجووڵانەوە چونکە پێیان وابوو دیسیپلینی ڕاستەقینە بە تێهەڵدان نەبێ، نابێ. لە لایەکیشەوە، ئەفسەر هەتا پیر و کەنفت نەبوایە، بەبێ پشتیوانیی مەزنەکان یان بنەچە و ڕەچەڵەکی بەرزی خۆی پلەی سوپاسالاریی پێ نەدەدرا.
هەتا نیوەی سەدەی هەژدەیەم کە دابودەستووری ڕێژیمە کۆنەکە نەک هەر لە سوپای پرۆس بەڵکوو لە باقی سوپاکانی دیکەشدا هەر هەبوو، فردریکی دووەم توانیبووی لە زنجیرە شەڕەکانی حەوت ساڵەدا، فەرەنسی و ڕووسی و نەمساییەکان بشکێنێ، ئەگەرچی بۆخۆشی جاری وابوو بەشێوەیەکی حەیابەرانە دەشکا. فردریکی دووەم تێگەیشتبوو کە تەنیا دیسیپلینێکی بێبەزەییانە دەتوانێ سەربازە مەزڵووم و ڕقئەستوورەکان ناچار بکا بچنە شەڕگە. جارێکیان بە سەردارێکی نزیکی خۆی گوتبوو: "سەیرترین شت لام ئەوەیە کە من و تۆ لە نێو دڵی لەشکرگەکەی خۆماندا مەترسیمان لەسەر نیە." چل ساڵ پاش ئەو ڕۆژە، پرۆس هێشتا هەر ئەو سیستەمەی جاران بوو و تاقە جیاوازییەکی هەیبوو ئەوە بوو کە ئیتر فردریکی یەکەم نەمابوو و لەبری ئەو دووک دێ برینسویکی تووکنەرم و نەشیاو و باقی ژەنەڕاڵە کەللەڕەقەکان فەرمانڕەوا بوون، کە لە هەژاریی مەعنەوی بترازێ هیچ تایبەتمەندییەکیان نەبوو.
مەگەر لە کۆڕ و کۆبوونەوەی فەرمانڕەوایانی پرۆس لەم سەردەمە بیڤەڕەدا، یانی کۆتایی هاوین و لە یەکەمین ڕۆژەکانی پاییزی ساڵی 1806، چ شتێک قەومابوو؟ فردریک ویلهۆڵمی سێیەم کە ساڵێک پێشتر

زەندەقی چووبوو لەوەی بچێتە بەرەی ئینگلیز و نەمسا و ڕووسیاوە دژی ئیمپراتۆرە سامناکەکەی فەرەنسیەکان، ئەوە چۆن بوو ئێستا وەها چاوقایم ببوو کە بەتەمای شەڕکردن بوو؟ دەبێ ئەو چاوقایمییە پێش هەموو شتێک بەرینەوە سەر بێهیوابوونەکەی، چونکە لەو بارودۆخەی ئەوی تێیدا بوو، دڵنیا بوو ئەو تەواو گوێڕایەڵیش بێ هەر ڕزگار نابێ و ناپلیۆن هەر پەلامار دەدا. بەڵام ئەفسەر و ژەنەڕاڵ و نەجیبزادە پلە یەکەمەکانی پرۆس خۆشحاڵیی خۆیان نەدەشاردەوە و بە فڕوفیشاڵەوە دەیانگوت، ئەو سەرچڵە کۆرسییەی دووک دانگین و فەرماندەی "بێ بندرەپێکان"ی کوشتووە، دەکەنە پەندی مێژوو. ئەوانە دەیانپرسی چما ناپلیۆن تا ئێستا کەسی شکاندووە؟ نەمساییەکانی بەزاندووە کە خەڵکێکی ترسنۆکن و لە نەژادی جۆراوجۆر پێکهاتوون. تورکە وەحشییەکانی عوسمانی و مەمالیکی میسری شکاندووە؟ ئیتالیاییە ترسنۆکەکان؟ ڕووسەکانی شکاندووە کە لە وەحشیگەریدا هیچیان لە عوسمانییەکان کەمتر نیە؟ تۆ بڵێی شانازییەکانی ئەو لەیەکەم بەریەککەوتنی لەگەڵ سوپای فردریکی مەزندا چۆن ببنە تۆزی بانان؟ دەرباری پرۆس و ئەفسەر و فەرماندە پایەبەرزەکان و خانەدان و دەرەبەگەکان و شاژن لۆییز و دەوروبەریەکانیشی لە سۆنگەی خەیاڵپڵاو و فڕوفیشاڵ و سەرسەریەتییەکەیانەوە هەر دەبوو تێدا بچن. ئەوان ئامادە نەبوون لەو واقیعە تێ بگەن کە تەنیا فەرەنسا سەرچاوەی هێز و سامانی ناپلیۆن نیە، بەڵکوو ئەو هێز و دەسەڵات لە چەندین وڵاتی گەورە و دەوڵەمەندی گوێڕایەڵ و دەسنیشانکراوی خۆیشی وەردەگرێ. ئەوان بڕوایان وابوو لەگەڵ ئەوەی سوپای پرۆس بە یەک پەلاماری ئازایانە ناپلیۆن تێک بشکێنێ، دەسبەجێ شاپەرستەکان لە پاریس ڕادەپەڕن و بە ناوی بۆربۆنەکانەوە تەخت و بەختی وەردەگێڕن.

دووک دۆبرۆنسویک فەرماندە گشتییەکەیان یانی ئەو کەسەی کە ساڵی 1792 سەرکردایەتیی دەستێوەردانێکی چەکدارانەی دژی فەرەنسیەکان گرتبووە ئەستۆ و بە پێی ئاوات و ئارەزوو و بە خۆڕانانێکی گەمژانە و هەڕەشەکردنەوە ببووە هۆی خێراتر ڕووخانی بۆربۆنەکان، ئێستا وەک ئاغایەکی کە یادگاری سیستەمە کۆنەکە بێ، ئاوا ڕقی لە فەرەنسیەکان واتە ئەو شۆڕشگێڕە بێشەرمانە بوو. بەڵام ئەو لە ناپلیۆنی نەبەز تۆقیبوو و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو کەشوهەوای شادی و پڕ لە هیوای سەرکەوتنە نەبوو کە لە دەوروبەری شاژن و شازادە لۆیس خولابوو. لە کلێسەکانی شاری بەرلین و شارۆچکەکاندا، قەشەکان بەش بەحاڵی خۆیان دڵنیایان دەکردنەوە کە خوای میری مەزن وەک هەموان بڕوایان پێیەتی لەوەتەی هەیە پشت و پەنای بنەماڵەی هۆهنزۆلێرن بووە و دەشبێ. هەموان بەوپەڕی بێئۆقرەیی چاوەڕێی هەواڵەکانی شەڕگە بوون. کەس نەیدەزانی کام لایەن زووتر لە سنوور دەپەڕێتەوە.

سێ تابووری سوپای ناپلیۆن بە سەرووی دارستانەکانی فرانکۆنیدا بەرەو یەکاوی ئالب ڕۆیشتن بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە پشتەوەی سەرلەشکرەکانی پرۆس تا هێڵی پێوەندیەکانیان لێک دابڕن.

یەکەم جەنگ لە نزیک شلایتس لە ڕۆژی نۆی ئۆکتۆبەردا واتە سبەینێی ئەو ڕۆژەی ناپلیۆن گەیشتە ساکس، ڕووی دا. پێشقەراوڵەکانی لەشکری فەرەنسا بە فەرماندەیی سەردار مۆرا و بێرنادۆت تووشی یەکەیەکی پرۆس بوون و بە فەرمانی ناپلیۆن پەلاماریان دان. لەو تێکهەڵچوونە کەمبایەخەدا پرۆسییەکان تەفروتونا کران و 700 کەسیان لەدەست دا کە 300یان کوژرابوون. ڕۆژی دەی ئۆکتۆبەر شەڕێکی دیکە کرا، کە لەوەی پێشوو گرینگتر بوو. مارشاڵ لان هەر گەیشتە

دەوروبەری زولفێلد یانی ئەو شوێنەی وا شازادە لۆیس ـ(ڕێبەری ئەو حیزبە شەڕخوازەی بەسەر دەرباری پرۆسدا زاڵ بوو) ـ بە لەشکرێکی 9000 کەسیەوە لەوێ جێگیر ببوو، دەسبەجێ هەڵیکوتایە سەریان و ئەوەشیان سەرکەوتنی فەرەنسیەکانی لێ کەوتەوە. پرۆسییەکان پاش بەرگرییەکی خوێناوی ڕایان کرد و 1500 کوژراو و دیلیان لێ بەجێ ما. لە کۆتاییشدا شازادە لۆیس بە سەرەنێزەیەک کوژرا.

ڕاکردووەکانی زولفێلد گەیشتنە پاڵ هێزە گشتییەکەی پرۆس کە بە فەرماندەیی شازادە هوهێنلۆنێ لە نزیک یەنا جێگیر ببوون. لەشکرێکی گەورەی دیکەی پرۆس بە فەرماندەیی دووک دێبرۆنسویک بەرەو باکوور، بەرەو ناومبۆرگ دەکشانەوە و چارەنووس وابوو هەرگیز نەگەنە ئەو شوێنە.

کاتێک پەیتاپەیتا هەواڵی شەڕەکانی شلاّیتس و زولفێلد و کوژرانی شازادە لۆیس گەیشت، ئیتر هەمووان شلّەژان. لەلایەکەوە، سەیر بوو کە ئەنجامی خراپی دوو جەنگ بەو بچووکییەوە، توانیبێتی وەها شلّەژانێکی گەورە دروست بکا. ئەو فڕوفیشاڵ و خۆڕانانەی پێشتر هەبوو، ببووە ترس و شلّەژان. تەنیا مەلیکە لۆیز بوو کە نەخشانەی خراپی نەدەدا و وێڕای ئەوەی لای دەوروبەرییەکانی پەسنی مەرگی پاڵەوانانەی شازادە لۆیسی دەدا، دڵنیاشی دەکردنەوە کە لەو جەنگە گەورەیەی لە پێشیانە، هەموو شتێک کتوپڕ قەرەبوو دەبێتەوە.

ناپلیۆن پێی وابوو سەرجەم هێزەکانی پرۆس لە دەوروبەری وێیمار کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەرەو بەرلین بکشێنەوە و پێشبینیی دەکرد شەڕی یەکلاکەرەوە لە 15ی ئۆکتۆبەردا لە نزیک وێیمار دەقەومێ. داڤۆی بەرەو ناومبۆرگ بەڕێ کرد و ئەمری پێ کرد چەندی بۆ دەلوێ تەنگ بە پاشکۆی دوژمن هەڵچنێ(لە پشتەوەڕا زۆریان بۆ بێنێ).

فەرمانی بە بێرنادۆتیش کرد خۆی بگەیەنێتە داڤۆ، بەڵام ئەو نەیتوانی فەرمانەکەی ڕاپەڕێنێ. ناپلیۆن خۆی لەگەڵ سۆ و نێی و مۆرا بەرەو یەنا کەوتە ڕێ. ئێوارەی ڕۆژی سێزدەیەمی ئۆکتۆبەر گەیشتە ئەو شارە و وێڕای هەڵنان و هەڵسەنگاندنی ئەو بەرزاییانەی بەسەر شارەکەیاندا دەڕوانی، چاوی بە لەشکرێکی گەورە کەوت کە بە جادەی وێیماردا دوور دەکەوتنەوە. شازادە هوهێنلۆهێ دەیزانی فەرەنسیەکان یەنایان داگیر کردووە، بەڵام پێی وانەبوو ناپلیۆن خۆیشی بە چەند لەشکرەوە لەوێ بێ. شەوی 13 لەسەر 14، هۆهێنلۆهێ ڕاوەستا و ناپلیۆن کە وەها چاوەڕوانییەکی نەبوو، سوور بوو لەسەر ئەوەی پێشوازی لە جەنگەکە بکا.

بەر لەوەی یەکەم تیرێژەکانی خۆر لە ئاسۆ دەربێن، ناپلیۆن بە سواری ئەسپ لەشکرەکەی لە سان دا(سڵاوی سەربازیی لێ کردن) و بە سەربازەکانی خۆی گوت، ئەم شەڕە هەموو پرۆس دەخاتە بندەستی سوپای فەرەنساوە و ئیمپراتۆر هەر وا پشتی بە ئازایەتیی ئێوە گەرمە و، جا بە شێوازەکەی خۆی، هێڵە سەرەکییەکانی شەڕەکەی بۆ ڕوون کردنەوە.

ئاخری ڕۆژی 14ی ئۆکتۆبەری 1806 واتە ئەو ڕۆژەی کە دەبوو چارەنووسی پرۆس یەکلا بکاتەوە، داهات. جەنگ لە یەکەم سەعاتەکانی پاش تاوکەوتن دەستی پێکرد. شەڕێکی خوێناوی و بێبڕانەوە بوو، بەڵام هەر لەسەرەتاوە فەرەنسیەکان توانیبوویان سەرکەوتنێکی وەها دەستەبەر بکەن، کە ئیتر دوژمن بەهیچ هەوڵ و تێکۆشانێک نەیدەتوانی سەربکەوێ. پرۆسی و ساکسییەکان لەپێشدا وردە وردە پاشەکشەیان کرد و هاوکات زۆریش شێلگیرانە بەرگرییان دەکرد. بەڵام ئیمپراتۆر کە لەشکرە بەوەج و دەستکەرەوەکانی سۆ و لان و ئۆژێرۆ و نێی و

سوارچاکەکانی مۆرای بەوپەڕی لێوەشاوەییەوە ڕێک دەخست و بەرەو شەڕگەکەی دەناردن، موو بە موو نەخشەکەی خۆی جێبەجێ دەکرد. کاتێک لەشکری پرۆس شکا و تێی تەقاند، ڕاوەدوونانی بەزیوەکان زۆر کارەساتتر بوو لەوەی پاش شەڕەکەی ئۆسترلیتز بەسەریان هات. پاشماوە شکاوەکەی ئەو سوپایە بەرەو وێیمار ڕای کرد و سوارچاکەکانی مۆرا تەنانەت لە نێو شارەکەش هەر ڕاویان دەنان. سوارەی فەرەنسی کە سەرخۆشی سەرکەوتنەکەیان بوو، دەستیان گەیشتبایەتە هەر کەس دەیاندایە بەر تیغی شمشیر و تەنانەت بەزەییان بەو کەسانەشدا نەدەهاتەوە کە خۆیان بەدەستەوە دەدا. دوژمن تەواو شکابوو. زۆریان توانییان ڕێکخستنەکەیان بپارێزن و ڕا بکەن، کەچی ئەوانی دی لەنێو چوون و بەدیل گیران یان بەشێکی زۆریشیان بێسەروشوێن چوون.

هۆهێنلۆهێ کە لە جەنگەی شەڕەکەدا سەری لێ شێوابوو، ویستی خۆی بگەیەنێتە ناومبۆرگ، چونکە بەهیوا بوو هێزە سەرەکییەکەی بەردەستی دێبرۆنسویک یانی ئەو هێزەی کە لەمەودوا بە تاقە پشتیوانی پرۆس دادەنرا و پادشاشیان لەگەڵ بوو، شەقڵی نەشکابێ و تێک نەچووبێ. بەڵام بەرەبەری ئێواری لەپڕ کۆمەڵێک سەربازی ڕاکردووی دیکە بە زراوچوویی گەیشتنێ و خۆیان گەیاندەوە ڕیزی سەربازە ڕاکردووەکانی یەنا و هەواڵی ئەو کارەساتە تازەیەیان هێنا کە بەرۆکی پرۆسی گرتبوو: دووک دێبرۆنسویک پێش ئەوەی بگاتە ناومبۆرگ لە شوێنێک بە ناوی ئاورشتات 25 کیلۆمەترێک پێش ئەوەی بگاتە یەنا ڕاوەستابوو، چونکە تووشی یەکە فەرەنسیەکانی فەرماندە داڤۆ ببوو. سەربازەکانی ئیمپراتۆر کە لە ماوەی جەنگدا لە شوێنێکەوە گوێیان لە دەنگی تۆپ ببوو، ئیتر تێگەیشتن مەسەلەکە چ بووە. داڤۆ سەرەڕای

ئەوەی سەربازیشی زۆر کەم پێ بوو و بێرنادۆتیش بەهانایەوە نەهاتبوو، توانیی سەرلەبەری سوپای پرۆس بشکێنێ. دووک دێبرۆنسویک لە جەنگەی جەنگەکەدا بریندار بوو. بەو جۆرە ڕاکردووەکانی ئاورشتات لەگەڵ ڕاکردووەکانی هۆهێنلۆهێ تێکەڵ بوون، هەر بەو جۆرەی کە بە لێشاو لە یەناوە بەرەو وێیمار کەوتبوونە ڕێ. بەو جۆرە پادشای پرۆس ئاگادار بۆوە کە لەشکرەکانی ئەو ڕۆژی 14ی ئۆکتۆبەر لە دوو جەنگدا لەبەر ناپلیۆن و داڤۆ بەزیون و تەواو تێداچوون. هیچ کەس لە ئەوروپا تەنانەت دوژمنە قەستەسەرەکانی پرۆسیش چاوەڕوانییان نەدەکرد ئاکامی جەنگەکە ئاوا خێرا یانی لە ماوەی شەش ڕۆژی پاش هاتنی ناپلیۆن بۆ شەڕگە، ڕوون و یەکلا بێتەوە.

کاتێک تێشکاوەکان لە زمانی یەکترەوە ئاگادار بوونەوە کە هەموو شتێک لەکیس چووە و ئیتر سوپایەک نەماوە، ترسێکیان لێ نیشت ئەقڵ نەیدەبڕی.

2

پاشماوەکانی سوپا بەزیوەکەی پرۆس بە شپرێوی و پەرشوبڵاوی هەر وا ڕایان دەکرد. فەرەنسییەکان کە سەریان لەدوو نابوون، ئەو هەمووە خۆراکە زۆروزەوەند و کەلوپەلی ڕاگواستن و ئەسپ و تۆپخانە باشانەی ڕاکردووەکان بەجێیان دەهێشتن، هەڵیاندەگرتنەوە. ناپلیۆن ڕکێفکوت بەرەو بەرلین دەڕۆیشت. لە سەر ڕێگە فەرمانی داگیرکردنی دووکنشینی گەورەی هێس کاسێلی دەرکرد و بنەماڵە پادشایەتییەکەی لێ خست و شارەکانی برۆنسویک و وێیمار و ئێرفۆرت و ناومبۆرگ و هاڵ و ویتمبێرگیشی گرت. شازادە هۆهێنلۆهێ بە 20000 سەربازەوە

که له یەکەی جیاجیا پێکهاتبوون و بێ چەک و بێ دسیپلین و بێ وڕە بوون و ئیتر بە گوێی فەرماندەکەیانیان نەدەکرد و شازادە بە زەحمەت توانیبووی کۆیان بکاتەوە، لەبەر ناپلیۆن ڕایان دەکرد.
بەڵام چونکە ئەو لەشکرە کە بەرەو باکوور ڕایدەکرد بەردەوام دەکەوتە بەر هێرش و پەلاماری سوارچاکەکانی مۆرا و ڕۆژ بە ڕۆژ بێهێزتر دەبوو. هۆهێنلۆهێ پاش ئەوەی لە پرێنزالاو تێپەڕی، لەسەر ڕێگەی شتێتین لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درا و ناچار بوو خۆ بەدەستەوە بدات. چەند ڕۆژ بەر لەو ڕووداوە، قەڵا پتەوەکەی شپانداو بە هەموو عەمبارە پڕ لە تفاق و تەقەمەنییەکانیەوە و بەبێ هیچ بەرگرییەک و لەگەڵ یەکەم هۆشداریی مارشاڵ لان خۆی بەدەستەوە دابوو و تۆزێک پاش خۆبەدەستەوەدانی هۆهێنلۆهێ، ژەنەڕاڵ لاساڵ لەگەڵ سوارچاکەکانی خۆی گەیشتە بەر دیوارەکانی قەڵا سامناکەکەی شتێتین. بەتالیۆنێکی گەورە کە 6000 شەڕکەر بوون، بەرگرییان لەو قەڵایە دەکرد و تۆپخانەیەکی زۆر تۆکمە و پۆشتەیان بە تفاق و تەقەمەنیی باشەوە هەبوو. ئەو قەڵایەش لەگەڵ یەکەم هۆشداریی فەرماندەی سوارچاکەکان کە تەنانەت تۆپێکیشی پێ نەبوو بەبێ تەقە خۆی بەدەستەوە دا. کتوپڕ ترسێکی خەفەتهێن بەسەر هەموو سەردار و ئەفسەر و پاشماوەکانی سەربازانی بەزیوی سوپای پرۆسدا کە چارەنووسیان هەر تێداچوون بوو، زاڵ بوو. ئەو دیسیپلینەی شانازییان پێوە دەکرد، ئاسەواری نەمابوو. سەربازە پرۆسییەکان هەزار هەزار خۆیان ڕادەستی فەرەنسیەکان دەکرد. تەنانەت سەرکەوتووەکانیش چاوەڕوانی ئەو وڕەبەردانەی پرۆسییەکان نەبوون. ئەوان کە دوو حەفتەیەک لەوەپێش وا لەخۆباییانە و بە دڵنیاییەوە خۆیان ئامادە دەکرد ناپلیۆن بەچۆکدا بێنن، ئیتر نەدەناسرانەوە.

لە 27ی ئۆکتۆبەری 1806دا، نۆزدە ڕۆژ پاش دەسپێکی جەنگ و سێزدە ڕۆژ پاش شەڕەکانی یەنا و ئاورشتات، ناپلیۆن بە چوار مارشاڵی خۆیەوە و لە نێو سوارچاکە نارنجۆکهاوێژەکانی گاردەکەیدا سەرکەوتووانە چوونە نێو بەرلینەوە. شارەوان "بۆرگ ماستەر" کلیلەکانی پایتەختی پێشکەشی کرد و تکای لێ کرد زیانێک بە شارەکە نەگا. ناپلیۆن فەرمانی کرد خەڵک دووکانیان بکەنەوە و ژیانی ئاسایی دەست پێ بکاتەوە. خەڵکی شار بە سڵاو و کرنۆش و ترسەوە پێشوازییان لێ کرد کە دیار بوو ئیتر گوێڕایەڵی ئیمپراتۆرن.
ناپلیۆن پاش ئەوەی لە بەرلین گیرسایەوە، پێش هەموو شتێک کەوتە لەنێوبردنی پاشماوەکانی سوپاکەی پرۆس، کە پەرش و بڵاو ببوون. بەگشتی جگە لە سەربازەکانی ژەنەڕاڵ بلۆخێر لێوەشاوەترین شەڕکەری پرۆس، سوپاکە هیچی لێ نەمابۆوە. بلۆخێر کە توانیبووی 20000 کەسێک لە ئەفسەر و سەربازی یەکە شکاوەکانی سوپا کۆ بکاتەوە لە حاڵێکدا کە مۆرا و بێرنادۆت و سۆ و مۆرا بەشوێنیەوە بوون، بەرەو باکوور ڕای دەکرد. وەختێک گەیشتە لوبێک، چاوی بە کەوشەنەکانی دانیمارک کەوت، بەڵام دانیمارک کە لەناپلیۆن تۆقیبوو، بە فەرمی نەیهێشت بلۆخێر بچێتە نێو وڵاتەکەیەوە، هەرچەندە چووبایەتە ئەو وڵاتەش هەر ڕزگار نەدەبوو، چونکە مارشاڵە فەرەنسیەکان لەوێش دەسبەجێ دەکەوتنە ڕاوەدوونانی. ڕۆژی 7ی نۆڤمبەر فەرەنسیەکان گەیشتنە لۆبێک و لە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا هەڵیانکوتایە سەر هێزەکانی بلۆخێر. شەڕێکی هیواکوژ هەڵایسا کە تێیدا 6000 سەربازی پرۆسی کوژران یان بە دیل گیران. بلۆخێر توانیی بە 14000 سەربازەوە ڕا بکا. بەڵام لە نیوەی شەوێدا مارشاڵە فەرەنسیەکان لە دەشتی لۆبێک گەیشتنە سەری و گەمارۆیان دا و بلۆخێر بەو 14000

سەرباز و ئەفسەر و فەرماندەیەوە کە پێی مابوو و بە هەموو تفاق و تەقەمەنیەکەیەوە خۆی بەدەستەوە دا و چەکی دانا.
فەرەنسیەکان هاوکات گەیشتنە بەر قەڵای کۆستڕین کە لەسەر چۆمێک هەڵکەوتبوو. ئەوان سوودیان لەو بارە دەروونییە سەیروسەمەرەیە وەرگرت کە پاش شکستی یەنا بەسەر هەموو پرۆسدا زاڵ ببوو و، ئیتر وا ڕاهاتبوون کە تەنیا چوار لیوای پیادە بەبێ تۆپخانە هاتنە دەوری قەڵاکە و فەرماندەی ئەو یەکە کەمە تەنانەت بەبێ ئەوەی وا بنوێنێ کە قەڵاکەیان گەمارۆ داوە، داوای کرد قەڵا خۆی بەدەستەوە بدا و، قەڵای "کۆستڕین" لەگەڵ یەکەم هۆشداریدا سەرەڕای ئەوەی بەتالیۆنێکی 4000 شەڕکەر و تەواو پۆشتەوپەرداخ و تۆپخانەیەکی زۆر باش و عەمباری پڕ لە خۆراکیشی بەدەستەوە بوو، ئینجا هەر خۆی بەدەستەوە دا. ئەو خۆبەدەستەوەدانە پەیتاپەیتایانەی قەڵا سامناکەکانی پرۆس بەبێ هیچ بەرگرییەک کە لە مێژووی سەربازیدا بێوێنە بوو، لەگەڵ کەوتنی قەڵای ماگدبۆرکدا گەیشتە لووتکە. خۆبەدەستەوەدانی ئەم قەڵایە ڕووداوێکی ئەوەندە سەیروسەمەرە بوو، کە وەختێک ناپلیۆن هەواڵەکەی بیست، بە گومانەوە باوەڕی کرد.
ماگدبۆرگ، قەڵای پلەیەکی پرۆس و تاقانە قەڵای لەشکاننەهاتوو بوو کە تا ئەو ڕۆژە قەت خۆی بەدەستەوە نەدابوو و، جگە لەوەش بە ناوەندێکی بازرگانیی زۆر گەورە و پڕ بەرەکەت لەقەڵەم دەدرا کە تێیدا عەمباری گەورەگەورەی پڕ لە خۆراک و تفاق و تەقەمەنیی تێدابوو و 22000 شەڕکەری تەواو کۆک و پۆشتەی هەبوو کە ژەنەڕاڵ کلایست سەرکردەیان بوو. قەڵای ماگدبۆرک پاش ئەوەی بە بەتالیۆنە 22000 کەسییەکەیەوە خۆی ڕادەستی بلۆخێر کرد، ئیتر دواخاڵێک بوو کە هێشتا بەدەست هێزە چەکدارەکانی پرۆسەوە مابوو. مارشاڵ نێی، لەبەر

دیواری قەڵاکە دابەزی. ئەو هێندەی پەلە کردبوو و ئەوەندەش لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا ببوو، ئیتر لەبیری نەببوو تۆپە قەڵاشکێنەکانی خۆی بێنێ و تەنیا بە سێ چوار خومپارە(هاوەن)هاوێژەوە وەڕێ کەوتبوو. نێی هۆشداریی بە کلایست دا کە دەسبەجێ خۆی بەدەستەوە بدا، ئیتر وەختێک کلایست وەڵامی نەداوە، مارشاڵ فەرمانی دا چەند گوللە خومپارەیەک کە هیچ کاریشی لە دیواری قەڵاکە نەدەکرد، بە قەڵاکەوە بنێن. هەر ئەوەندە بەس بوو: لە 8ی نۆقەمبەردا کلایست بە هەموو سەربازەکانی بەتالیۆنەکەیەوە خۆیان ڕادەستی مارشاڵ نێی کرد و مارشاڵ کە چووە نێو قەڵاکە و دنیایەک خۆراک و تفاق و تەقەمەنیی زۆروزەوەند و عەمباری پڕ لە شتومەکی دەست کەوت. دواتر کلایست دەیگوت، بۆیە وام کردووە چونکە خەڵکی قەڵاکە زراویان لە دەنگی خومپارەی فەرەنسیەکان چووبوو و لەبەری پاڕابوونەوە کە وەک فەرماندەی قەڵاکە دەسبەجێ خۆی ڕادەست بکا، ئینجا ئەویش بە قسەی خەڵکەکە خۆی بەدەستەوە دابوو.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی خۆبەدەستەوەدانی ماگدبۆرگ، ناپلیۆن و وڵاتی فەرەنسا و هەموو ئەورووپاش تێگەیشتن، ئیتر پرۆس گڵۆڵەی کەوتووەتە لێژی. سوپای پرۆس یان لەنێوچووبوون یان بە دیل گیرابوون و قەڵا پتەوەکانی جگە لە دانتزیک هەر هەموویان ساغ و دەستلێنەدراو بەو هەموو خۆراک و تفاق و چەک و تەقەمەنیەوە کەوتووەتە دەستی فەرەنسیەکان و پایتەختی پرۆس و دەکرێ بڵێین هەموو شارەکانیشی لە لایەن فەرەماندە فەرەنسیەکانەوە بەڕێوە دەبرێن و خەڵکەکەش لە هەموو شوێنێک بەبێ هیچ مەرجێک خۆیان گوێڕایەڵ و ملکەچ دەنوێنن.

پادشای پرۆس و شاژن لوییز و منداڵەکانیان و خەڵکی دەربار کە ئیتر شتێکی وایان لێ نەمابۆوە، پاش ئەوەی ماوەیەکی زۆر سووک و ڕیسوا ئاوارەی شاران بوون، ئاخری پەنایان بردە بەر "میمیل" کە لەوپەڕی سنووری پرۆس هەڵکەوتبوو. هەموو هیواکانی فردریک ویلهۆڵم بۆ ڕاگرتنی شەڕ و بەدیهێنانی ئاشتی ببووە بڵقی سەر ئاو، چونکە ناپلیۆن مەرجی گورچوبڕ و کەمەرشکێنی دادەنا. بە فەرمانی ناپلیۆن وتارگەلێک لە ڕۆژنامە فەرەنسیەکاندا بڵاو دەبوونەوە کە تێیاندا هێرشی توند دەکرایە سەر شاژن لوییز و گاڵتەیان پێ دەکرد. لەو وتارانەدا شاژن بە بەرپرسی سەرەکیی ئەو نەهامەتییانە لەقەڵەم دەدرا کە بەسەر پرۆس هاتبوون.

سەرەڕای ئەو دوژمنایەتییانەی ناپلیۆن، هێشتا فردریک ویلهۆڵمی سێیەم نامەیەکی بە ڕێزەوە بۆ نووسی. لە نامەکەدا هیوای خواستبوو خاوەنشکۆ ئیمپراتۆر ناپلیۆن لە کەلوپەل و دامودەزگا خۆش و جوانەکەی کۆشکی پۆتسدام ڕازی بووبێ و هەموو شتێک بە مرازی دڵی ئیمپراتۆر بووبێ، بەڵام ناپلیۆن هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

ناپلیۆن لە ژیانی سەربازیی خۆیدا کە پڕ بوو لە سەرکەوتن، نە پێشتر و نە دواتریش ئەو هێز و دەسەڵاتەی نەبوو کە لە پاییزی 1806دا بەدەستی هێنابوو و هەرگیز نەشیتوانی بگاتەوە ئەو ئاستە. ئەو لە ماوەی مانگێکدا، لە سەرەتای جەنگەوە (9ی ئۆکتۆبەر) هەتا خۆبەدەستەوەدانی ماگدبۆرگ(8ی نۆڤەمبەر) بێ ئەملاو ئەولا یەکێک لەو چوار دەوڵەتە گەورە و بەهێزەی ئەوکاتی ئەوروپای بەردەست کردبوو و ڕووخاندبووی. سەرکەوتنی بەسەر پرۆسدا کاملترین و گورچووبڕترین سەرکەوتنێک بوو کە تا ئەودەم بینرابوو. شلەژان و ترسی حوکمەت و سەردارانی پرۆس کە لەگەڵ یەکەم زەبردا وازیان

هێنابوو و ئیتر دەستیان نەکردبۆوە و ملکەچبوونی دەسبەجێی خەڵکی وڵاتەکە و هەموو بەرپرسانی وڵات، ڕووداوێک بوو کە ناپلیۆن تا ئەودەم شتی وای نەدیتبوو. مەمالیکی میسر دەستیان کردبۆوە و بەرگرییان کردبوو، نەمساییەکان دەستیان کردبۆوە، ئیتالیاییەکان بەگرییان کردبوو و ڕووسەکان شێلگیرانە شەڕیان کردبوو و تەنانەت لە ئۆستلیتز هەندێ لە یەکەکانیان ئەوەندەیان دەست کردبۆوە کە دواتر ناپلیۆن پەسنی دابوون و تاریفی کردبوون، کەچی لەشکرە شایی بەخۆیەکەی فردریکی مەزن، وڵاتێکی ئاوا بە سیستەم و ڕێکوپێک و خەڵکێک کە لە چاوکراوەیی و ڕووناکبیریدا هیچیان لە وڵاتانی دی کەمتر نەبوو، لەپڕێکدا ببووە شتێکی بێ ڕەگ و هەست. سەرانسەری ئەوروپا تووشی سەرسووڕمان و ترسێکی قوڵ ببوون و دەوڵەتە ئەڵمانییەکان هەر کامە و باڵوێزی خۆیان دەنارەد کۆشکی پۆتسدام بۆ لای ناپلیۆن و کێبەرکێی ئەوەیان بوو کامیان گوێڕایەڵترە.

لە ڕۆژانی ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەردا کە ناپلیۆن لە خەرمانەیەکی دڕەوشاوەی دەسەڵات و شکۆدا دەژیا و هەموو ڕۆژێ هەواڵی خۆشی گرتنی قەڵا و خۆبەدەستەوەدانی یەکەیەکی دیکە لە پاشماوەکانی پرۆس دەگەیشتە بەرلین و پۆتسدام، لەو دەمانەدا کە هەمووان لەبەردەمی ئەودا ئەژنۆیان دادەدا و داوای لێبوردنیان دەکرد یان هیواخواز بوون دااڵدەیان بدا، لەو کاتەدا کە شازادەکانی ئەلکتۆر و دووک و پادشاکان مەراییکەرانە گوێڕایەڵیی خۆیانیان ڕادەگەیاند و خۆیان وەک بەندەی وەفادار دەناساند، ناپلیۆن بڕیاری دا زەبرێکی هەورەتریشەئاسا لە دوژمنە قەستەسەرەکەی خۆی واتە ئینگلتەرا بوەشێنێ. لە ماوەی کەمتر لە دوو حەفتەدا پاش گرتنی قەڵای ماگدبۆرگ بەدەستی مارشاڵ نێی، ئیمپراتۆر لە 21ی نۆڤەمبەری 1806دا فەرمانە بەناوبانگەکەی خۆی

بەناوی فەرمانی بەرلین واژۆ کرد کە بریتی بوو لە گەمارۆدانی وشکانیی ئینگلتەرا.

3

گەمارۆدانی وشکانیی ئینگلتەرا لە مێژووی ئیمپراتۆریی ناپلیۆن و سەرانسەری ئەورووپا و تەنانەت لە مێژووی ئەمریکاشدا دەورێکی گرینگی گێڕاوە. ئەم کارە لە هەموو سەردەمە حەماسییەکەی ناپلیۆندا، تەوەری سەرەکیی هەموو ململانێ و شەڕە ئابووری و دواجار سیاسییەکان بوو.

ئەرێ باشە بڕگە بنەڕەتییەکانی فەرمانی بەرلین چ بوون؟ قەدەغەی بازرگانی لەگەڵ ئینگلتەرا لە سەردەمی شۆڕشەوە دەستی پێ کردبوو و تەنانەت لەوپەڕی ڕووندا لە فەرمانەکەی ڕێکەوتی 10ی برۆمەری ساڵی پێنجەم (1796)دا نووسرابۆوە و پەسند کرابوو. لە سەردەمی ناپلیۆندا ئەو فەرمانە نەک هەر پشتڕاست کرابۆوە، بگرە بڕێک دواتر واتە لە 22ی فێبریوەری 1806دا ئیمپراتۆر بە قەدەغەکردنی هاوردەی چنراوە و کەرستەکانی چنین، جارێکی دیکەش پێی لەسەر مەبەستەکانی خۆی واتە پشتیوانی لە پیشەسازیی فەرەنسا داگرتەوە. بە دەرکردنی فەرمانی بەرلین ڕێکەوتی 21ی نۆڤەمبەری 1806 ناپلیۆن جگە لە دریژەدان و پتەوکردنی پاوانکردنی بازرگانیی نێوخۆی ئیمپراتۆرییەکەی، هیچی دیکەی نەکرد، بەڵام بەو کارە دەیویست ئابووریی ئەو وڵاتە تووشی مایەپووچی و ڕووخان بکا و قاتی و قڕی بکەوێتە وڵاتەکەیانەوە و ناچاریان بکا خۆیان بەدەستەوە بدەن. ئەمجارە بەگشتی نەک هەر بە دەرکردن و کورتکردنەوەی دەستی ئینگلیزەکان لە ئیمپراتۆریی فەرەنسا دڵی دانەدەکەوت، بگرە دەیویست

لە هەموو ئەوروپایان دەربکا و لە ڕووی ئابووریيەوە ئیفلیجیشیان بکا و لە هەموو بازاڕە ئەوروپیەکانیشیان بێبەش بکا. مادەی یەکەمی فەرمانەکە ئاوا نووسراوە: "گەمارۆ دەخرێتە سەر دووڕگەکانی ئینگلتەرا". مادەی دووەمیش دەڵێ: "هەر چەشنە بازرگانی و پێوەندییەک لەگەڵ دووڕگەکانی ئینگلتەرادا قەدەغەیە." ئینجا فەرمان درابوو بەریتانییەکانتان لە هەر جێیەک دیت بیانگرن و کاڵاکانیان و بە گشتی سامانەکانیان زەوت بکەن.

ئەگەرچی ناپلیۆن کاتێک باسی هۆکاری گەمارۆی وشکانی لەگۆڕێ بوو، خۆی لە ڕوونکردنەوە نەدەپاراست، بەڵام لەبەر نەبوونی لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەو بارەیەوە هەر ئەوەندە بەسە لە دەقی فەرمانەکە ورد بینەوە بۆ ئەوەی لە واتا مێژوویيەکەی تێ بگەین: گەمارۆی ئابووریی ئینگلتەرا بە مەرجێک سەردەکەوت و ئاکامی باشی لێ دەکەوتەوە کە ئەوروپا بەتەواوی لە بندەستی ناپلیۆن یان هەرنەبێ لە ژێر چاودێریی وردی ئەودا بوایە. ئەگینا هەر ئەوەندە بەس بوو یەکێک لە دەوڵەتەکان فەرمانەکەی بشکێنێ و بازرگانی لەگەڵ بەریتانییەکان ڕانەگرێ، ئیتر فەرمانەکە کاریگەریی نامێنێ، چونکە ڕێک لەو وڵاتە سەرپێچیکەرەوە کالا ئینگلیزییەکان بە مارکەی خۆیەوە و بە ئاسانی و خێرایی بە هەموو ئەوروپادا بڵاو دەبۆوە.

ئاکامەکە ڕوون بوو: ئەگەر ناپلیۆن بەتەمای ئەوە بوو کە بۆ بەچۆکداهێنانی ئینگلتەرا داوا لە هەموو دەوڵەتە ئەوروپییەکان بکا کە ورد و پوخت ڕێوشوێنەکانی فەرمانی گەمارۆی وشکانی جێبەجێ بکەن، ئەوا پێویست بوو ناپلیۆن هەموو ئەوروپا بخاتە بن ڕکێفی خۆی و گوێڕایەڵیان بکا و پێش هەموو شتێکیش هەموو کەناراوەکان بگرێ بۆ ئەوەی دەستی کارمەندانی گومرک و پۆلیسە فەرەنسیەکان لەو شوێنانە

ئاوەڵا بکا و ڕێگە لە قاچاغ بگرن. یەکێکی هاوڕای ناپلیۆنیش نەبوایە هەر دەیزانی کە گەمارۆی وشکانی نەک تەنیا بۆ ئینگلتەرا بەڵکوو بۆ جەماوەری بەرخۆری ئەوروپاییش لێکەوتەیەکی خراپ و بەژانی هەبوو، کە لە سۆنگەی ئەو فەرمانەوە لە بەرهەمەکانی پیشەسازی و بەروبووی کۆڵۆنییەکانی ئینگلیز واتە لۆکە و قاوە و شەکر بێبەری دەکران.

ناپلیۆن لەسەرەتاوە دەیزانی کاری قاچاغ بۆ بازرگانە ئینگلیزییەکان چەندە بەسوود و لە ئاکامدا چەندیش زۆر دەبێ و بۆ بازاڕچی و سەوداکەرە فەرەنسیەکانیش کە کەرەستەکانی خۆیانیان بە ئینگلتەرا دەفرۆشت چەندە سەرنجڕاکێش و پێویستە. بەڵێ ناپلیۆن هەموو ئەو شتانەی پێشبینی کردبوو و ئەو شتانە لای ئەو تەنیا وەڵامێکی ژیرانەی هەبوو، ئەویش دریژەدان بە داگیرکردنی هەموو ئەوروپا بوو، کە ئاوا سەرکەوتوانە دەستی پێ کردبوو، بۆ ئەوەی بتوانێ گەمارۆ وشکانییەکە وەدی بێنێ.

ئەو زۆر زوو لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە لە هەموو ئەوروپادا تەنیا تویژێکی خەڵکەکە واتە بۆرژوای پیشەساز دڵیان بەوە خۆش دەبێ کە لە شەڕی کێبەرکێی ئینگلیزەکان ڕزگار دەبن. کاتێک پاش شکانی پرۆس، دەوڵەتی ساکس هەموو پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی پچڕاند و کەوتە گەڵ ناپلیۆن، پیشەگەرەکانی ساکس بە جۆش و خرۆشێکی لەڕادەبەدەرەوە پیرۆزباییان لە یەکتر کرد، کەچی بازرگان و جووتیار و جەماوەرێکی زۆری بەرخۆر نیگەران بوون و هەستیان دەکرد مالوێران بوون. ناپلیۆن پێشتریش لەو ڕاستییە تێگەیشتبوو کە تەنیا بە زەبروزەنگ و ترسوبەرنان و زۆرەملی

دەتوانێ دەوڵەت و نەتەوەکانی ئەورووپا ناچار بکا ڕێوشوێنەکانی گەمارۆی وشکانی بەوردی جێبەجێ بکەن.
لە ڕۆژی دەرکرانی فەرمانەکەی 21ی نۆڤەمبەری 1806ـەوە ئیتر دامەزراندنی ئیمپراتۆریی شارڵمانی کە پەرەپێدان و پتەوکردنەکەی سەرچاوەی لەو شەڕە ئابووریییەی ناپلیۆن دژی ئینگلتەرادا بوو، بێ ئەملاوئەولا پێویست بوو.
تالیرانی وەزیری دەرەوە بانگ کرایە کۆشکی پۆتسدام بۆ لای ئیمپراتۆر و ئەمری پێ کرا ویست و فەرمانەکەی لەبارەی گەمارۆی وشکانییەوە دەسبەجێ بە هەموو ئەو وڵاتانە ڕابگەیەنێ وا بەتەواوی یان تا ڕادەیەک لەبندەستی ناپلیۆندا بوون.
ئینجا ئیمپراتۆر مارشاڵەکانی خۆی ڕاسپارد ئەوەندەی پێیان دەکرێ هەموو کەنارەکانی دەریای باکوور و باڵتیک بگرن. ناپلیۆن دەیزانی ئەو بڕیارەی داویەتی شتی چەندە سامناکی لێ دەکەوێتەوە. ئەو لە پەیامە فەرمییەکەی خۆیدا بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی ئیمپراتۆریی فەرەنسا لەم بڕیارە نووسیی: "ململانێی پادشاکان بۆ بەرگری لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان ئێمەیان ناچار کردووە پاش ئەو هەموو ساڵە لە ژیانی ژیارییەوە بگەڕێینەوە سەر ئەو بنەمایانەی کە نوێنگەی وەحشیگەریی یەکەم قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤن. بەڵام ئێمە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەی خۆمان و هاوپەیمانەکانمان ناچار بووین ڕێک بەو چەکەوە شەڕی دوژمنە هاوبەشەکەمان بکەین کە ئەو تا ئێستا دژی ئێمە بەکاری هێناوە." ڕێکەوتی ئەم پەیامە ڕێک ڕێکەوتی دەرکردنی فەرمانی بەرلین واتە 21ی نۆڤەمبەری 1806ـە.
ئەورووپا ڕاگەیەنراوەکەی گەمارۆی وشکانیی بە گوێڕایەڵییەکی تێکەڵ بە ترسەوە قبووڵ کرد. هێشتا هیچ کەس لە ترس و سامی زیانەکەی

پرۆس نەهاتبۆوە سەرخۆی و زۆربەیان کە پێیان وابوو بەو زووانە لەنێو دەچن، بە ترس و نیگەرانییەوە چرکەکانیان دەژمارد. ئینگلتەرا تێگەیشتبوو کە ئیتر لەمەودوا شەڕی مان و نەمانی لەپێشە. ئەو جارێکی دیکەش ڕووی کردەوە ئەو دەوڵەتە بەهێزەی کە پێشتر دوو جاران لە ساڵانی 1798 و 1805دا پەنای بۆ بردبوو. دیسان گفت و بەڵێنی ماڵی بە ئەلکساندری یەکەم درا بەو مەرجەی شەڕ دژی ناپلیۆن ڕابگەیەنێتەوە و بەهانای پرۆسەوە بێ. کابینەی ئینگلتەرا نەمساشی هان دا، بەڵام ئەو دەوڵەتە هێشتا لە تێکشکانە سامناکەکەی ئۆسترلیتز هەڵنەستابۆوە و بە لەنێوچوونی پرۆس شاگەشکە ببوو، چونکە نەیوێرابوو لە 1806دا بێتە نێو هاوپەیمانیەتیی سێیەمەوە. لە بەرانبەردا، لە پێترسبۆرگ، بوار بۆ دەسپێکردنەوەی شەڕ خۆش بوو. لە هەموو ولاتان و لە تەواوی پێتەختەکاندا، بەتایبەتی لە پێرسبۆرگ، ناپلیۆن ڕەوەیەکی سیخوڕ لە هەموو جۆرێک بڵاو کردبۆوە کە هەر لە تۆیژەکانی سەرەوە لە کۆنت و شازادە و خانمە بەکەشمونەشمەکانی دەربارەوە بگرە تا دەگاتە کەشتیەوان و دووکاندار و فەڕاش و کارمەندی سادە و پزیشک و پەیکی نامەبەری تۆیژەکانی خوارەوەشیان تێدا بوو. لە ڕێگەی ئەوانەوە ناپلیۆن دەیزانی دانوستانەکانی نێوان ئینگلیز و ڕووسیا چییان تێدا گوتراوە و ئەلکساندر بەتەمای چییە و بۆ ئەوەی ڕووسیا بێتە شەڕەکەوە بەڵێنی چەندەیان پارەی وشکە و زێڕ بە قەیسەر داوە. ئەو پاش ئەوەی بۆ ماوەی کاتی بەرلینی کردبووە پایتەختی خۆی هاوکات دوو کاری گرینگ و مەترسیداری دەست پێ کرد کە هەردووکیان وەک یەک ئەستەم بوون: لەپێشدا بڕیاری پێویست بۆ وەدیهێنانی گەمارۆی وشکانی و، دووەمیان، ئامادەکردنی سوپایەک

بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەشکری ڕووس کە وا دانرابوو بەو زووانە بێ بە هانای پرۆسەوە.
ناپلیۆن فەرمانی کرد هەموو شارە کۆنەکانی کەنار دەریا، یەک لەوان هامبۆرگ و بێرم و لۆبێک کە ناوەندی بازرگانی بوون، داگیر بکرێن. یەکە فەرەنسیەکان بە دەم دەریای باکوور و باڵتیکدا دەڕۆیشتن و شار و گوندەکانی دەم دەریایان داگیر دەکرد و هەر ئینگلیزیەکیشیان کەوتبایەتە دەست، دەیانگرت و کاڵا ئینگلیزیەکانیشیان لێ زەوت دەکردن و لە هەموو جێیەک تۆڕێکی پاسەوانی و پشکنینیان بڵاو دەکردەوە بۆ ئەوەی پێش بە قاچاخی بەریتانییەکان بگرن. پرۆس و ساکس و باقی وڵاتە ئەڵمانییەکان دەبێ "سوپای مەزن" کە تا ئەو کات لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا جێگیر ببوون، بەخێو بکەن. ئەو شارانەی سەر بە ڕێکخراوە بازرگانییە ئەوروپاییەکان بوون، لەمەودوا ناچار بوون خەرج و تێچووی کاربەدەستەکانی گومرک و پاسەوانەکانی کەناراوەکانی فەرەنسا دابین بکەن کە بۆ پێشگرتن لە هاتنی کاڵاکانی ئینگلیز لە کەنارەکانی دەریای باکوور جێگیر کرابوون. هاوکات ناپلیۆن بەوپەڕی تواناوە خۆی ئامادە دەکرد هێرش بکاتە سەر پۆلۆنیا و شەڕێکی تازە لەگەڵ ڕووسەکان بکا کە پێشتر لە سنووورەکانی پرۆسی ڕۆژهەڵاتیدا کۆ ببوونەوە.

4

ئەمجارە ئەلکساندر بۆ دەستێوەردان، بەڵگە و بیانووی زۆر باشتری لە 1805 بەدەستەوە بوو. لە پێشدا ناپلیۆن بە عالەمی ئاشکرا هەڕەشەی لە کەوشەنەکانی ڕووسیا دەکرد، چونکە یەکەکانی ئەو هەر ئێستا لە بەرلینەوە بەرەو ڕۆژئاوا کەوتبوونە ڕێ. دووەم، نوێنەرانی سیاسیی

پۆلۆنیا پەیتاپەیتا دەهاتنە پۆتسدام بۆ ئەوەی داوا لە ناپلیۆن بکەن سەربەخۆیی پۆلۆنیا بە فەرمی بناسێ و ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان کە بە پادشای ئیتالیا و پشتیوانی "هاوپەیمانیی ڕاین" لەقەڵەم دەدرا، پێی ناخۆش نەبوو نازناوێکی تازەی پێوەندیدار بە پۆلۆنیاوە بخاتە سەر سێ نازناوەکەی دیکەی. بەو جۆرە ڕووسیا هەستی دەکرد مەترسیی ئەوەی لەسەرە کە لیتوانی و ڕووسیای سپی و لەوانەیە ئۆکرانیای بەری ڕاستی ڕووباری دێنیپێریش لەدەست بدا. سێیەم، ڕوون و ئاشکرا بوو کە پاش دەرکردنی فەرمانی گەمارۆی وشکانی، ناپلیۆن ئیتر وازی لە ڕووسیا نەدەهێنا و چۆنی بۆی لوابایە ناچاری دەکرد بێتە پاڵ ئەو دەوڵەتانەوە کە پشتیوانی لە فەرمانی گەمارۆی ئابووری دەکەن، لە حاڵێکدا پساندنی بازرگانی لەگەڵ ئینگلتەرا هەم بۆ هەناردەکردنی بەروبووی کشتوکاڵیی ڕووسیا بۆ ئینگلتەرا و هەمیش بۆ سەقامگیریی دراوی ڕووسی کە تازە دەیویست بکەوێتەوە سەرپێ، زیانێکی زۆر گەورە دەبوو. ئیتر بەگوێرەی پێویست بەڵگە و بیانوویان هەبوو کە شەڕ لەگەڵ ناپلیۆن بکەن، جگە لەوەی کە حەزیشیان لێ بوو تۆڵەی شکست و حەیاچوونەکەی ئۆسترلیتزی لێ بکەنەوە و ئەمجارە لە جاری پێشوو زیاتر ملەیان لەگەڵ کردبوو و خۆیان تاقی کردبۆوە. چونکە ڕووسەکان بەوپەڕی نیگەرانییەوە چاویان بەسەر لەنێوچوونی خێرا و دوور لە ئەقڵی پرۆسەوە ببوو و دەشیان زانی دوژمنەکەیان هێز و توانای چەندەیە. جگە لەوەش نەدەبوو چاوەڕێی یارمەتیی کاریگەریان لە هیچ کەس هەبێ، چونکە پرۆس لە کۆتایی ساڵی 1806دا ئیتر بە یەکێک لە دەوڵەتە گەورەکان دانەدەنرا.

لە پێترسبۆرگ بڕیاریان دابوو لە هێڵی پێشەوە سوپایەکی 100000 کەسی بە تۆپخانەیەکی کۆک و پۆشتە و بە چەند لیوا قەزاقەوە بنێرنە

پێش ناپلیۆن. لەشکری گاردیش دەبوایە چەند ڕۆژ دواتر لە پێترسبۆرگەوە وەڕێ بکەوێ.
ناپلیۆن بڕیاری دا دەستپێشخەر بێ. لە مانگی نۆڤەمبەردا فەرەنسیەکان هاتبوونە نێو پۆلۆنیاوە. نەجیبزادەکانی پۆلۆنیا و بۆرژوا کەمەکەی ئەو وڵاتە کە بەتایبەتی بازرگان و پیشەساز بوون، بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە پێشوازییان لێ کردبوون و وەک زیندووکەرەوەی سەربەخۆیی پۆلۆنیا سڵاویان بۆ ناپلیۆن دەنارد. سەربەخۆیی پۆلۆنیا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە پاش دابەشکردنی ئەو وڵاتە بەسەر سێ بەشدا نەمابوو، بەڵام ناپلیۆن بە ساردوسڕی بیری لە سەربەخۆکردنەوەی پۆلۆنیا دەکردەوە. ئەو وەک تاقەسوارەی مەیدان پێویستییەکی بە پۆلۆنییەکان نەبوو، تەنیا بۆ ئەوەی بوون کە ئەگەر لەگەڵ ڕووسیا یان نەمسا لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە تێک هەڵچوون، ئەوا پۆلۆنیا بکاتە بەڵاگیڕ و پێشقەڕەوڵی خۆی. بەڵام ناپلیۆن بۆ ئەو کارە دەبوایە لە سیاسەتی دەرەوەدا شێلگیرانە خۆی وەک درێژەدەری نەریتەکانی شۆڕشی فەرەنسای بۆرژوازی نیشان بدا، لە حاڵێکدا ناپلیۆن قەت وەها ئەرکێکی نەخستبووە سەرشانی خۆی و لەوکاتدا هیچ بەتەمای ڕووخاندنی ئیمپراتۆریی قەیسەرەکان نەبوو. پۆلۆنیا بۆ ئەو تەنیا وەک سەرچاوەی خۆبەهێزکردن و عەمباری خۆراک و تفاقی سوپا پێویست بوو. ئەو بە کەلکوەرگرتن لەو هەست و کەفوکوڵەی لە نێو کۆڕی وردەخانەدانەکان و بۆرژوای شارەکاندا هەبوو و وەک پاڵەوانی ئازادیی میللەتان لە فەرەنسای دەڕوانی، یەکەم ئامانجی خۆی پێکا و لە ڕێگەی زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتنەکانیشەوە توانیی بەشێکی زۆر کەلوپەل و پێداویستیی دیکە لە وڵاتەکە وەرگرێ.

پاش پەیمانی تیلسیت، ناپلیۆن دەبوایە بە سەپاندنی دابەشکردنێکی دووبارە بەسەر پۆلۆنیادا و پێشکەشکردنی بەشێکی هەرەزۆری پۆلۆنیا پرۆس ـ بەناوی دووکنشینە مەزنەکەی وارشۆ ـ بە پادشای ساکس، کێشەی پۆلۆنیا یەکلا بکاتەوە. دووکنشینی گەورەی وارشۆ بریتی بوو لە نیوەی باشووری پۆلۆنیا کە خەڵکەکەی ڕەسەن پۆلۆنی بوون، جگە لە ناوچەی بیێلۆستۆک، کە بەدەست ئەلکساندرەوە مایەوە. جگە لەوەش لەو حاڵەتە هەڵپەسێردراوەی کە تا بەستنی پەیمانی تیلسیت بەردەوام بوو، ناپلیۆن توانیی حیزبێکی لایەنگری فەرەنسا لە نێو خانەدانەکانی پۆلۆنیادا دروست بکا، ئەگەرچی ئەو خانەدانانە لە ترسی ئەگەری تۆڵەکردنەوەی ڕووسیا لەو خزم و کەسانەیان کە لە لیتۆنی و بیلاروسیا و ئۆکرانیا دەژیان و ملکداری گەورە بوون، درێدۆنگ بوون لە بڕیاردان. وەزیری جەنگی دەوڵەتە کاتییەکەی پۆلۆنیا، شازادە ژۆزێف پنیاتۆڤسکی کە دواتر دەبوو ببێتە مارشاڵی فەرەنسا، هەر لە سەرەتاوە گوتی من لایەنگری ناپلیۆن نیم.

سیاسەتی نێوخۆیی ناپلیۆن لە پۆلۆنیا دەبوو گەشەپێدانی ئەو وڵاتە بێ تا دەبێتە وڵاتێکی بۆرژوازی. مادەی یەکەمی ئەو دەستوورەی بۆ دووکنیشنی وارشۆی نووسییەوە، دەیگوت: "سێرواژ هەڵدەوەشێتەوە و هەموو کەس لەبەردەم یاسادا یەکسانن." لەگەڵ ئەوەشدا ئەو یاسایە هەر قسە بوو: چونکە "جووتیاری ئازاد" کاتێک زێد و مەوتەنی خۆی بەجێ دەهێشت، دەبوایە زەوی و زارەکەی بداتەوە بە ئاغا. لە نێو جووتیارە"ڕەشاییەکان"ی بەشی پرۆسیی پۆلۆنیادا، بە لەگوێخوێندن و هاندانی پیاوە سەربەستەکان واتە سەربازانی سوپای فەرەنسا وردە وردە مزگێنیدەری بزووتنەوەیەکی دژە ئاغاواتی دەرکەوت، بەڵام ئەو

بزووتنەوەیە هیچی لێ شین نەبۆوە، چونکە "سەربەست"بوونی جووتیارەکان، دەبووە هۆی ئەوەی ئاغاکانیان دەسەڵاتیان نەمێنێ. لەگەڵ ژیانەوەی ئەو هیوایە کە پۆلۆنیا لە نیری یەخسیریی پرۆس ڕزگار دەبێ، وەک لە داهاتووشدا لە ژێر باری دەسەڵاتی نەمسا ڕزگار دەبێ و بە خەون و خولیای شیرینی پێکهێنانی "یەکیەتی"یی لیتۆنی و ڕووسیای سپی و ئۆکرانیا، لە پۆلۆنیا پشێوازی لە سوپای فەرەنسا کرا. ئەیالەتی پۆزنانی پێشوازییەکی گەرموگوڕی لە مارشاڵ داڤۆ کرد. لە سەرانسەری ئەو ئەیالەتەدا تەنانەت لەو شوێنانەش کە فەرەنسیەکان هێشتا دەستیان پێی ڕانەگەیشتبوو، کاربەدەستە پرۆسیەکانیان لەکار لادا و کاربەدەستی پۆلۆنیان لەجێ دانان. ڕۆڵی سەرکردایەتی لە سەرەتای ئەو بزووتنەوە دژە پرۆسییەدا بە وییکی ئەسپێردرابوو کە یەکێک بوو لە هەڵاییسێنەرانی شۆڕشی کۆچیوزکۆ و تازە لە فەرەنساوە گەڕابۆوە.

بزووتنەوە دژەپرۆسییەکە هەر هات و پتر پەرەی گرت. لە نێو دەستە و تاقمی ئەو لەشکرە ڕاپەڕیوانەی خەریک بوون پێک دەهاتن، لەپێشدا ئەو پارتیزانانەی خانەدانەکان دایاندەمەزراندن و ڕێکیان دەخستن زۆرینە بوون، کەچی لە کۆتایی جانیوەری ساڵی 1807دا لەشکرە ڕێکخراوەکانی "لۆژیۆن"ی ژەنەڕاڵ دێمبرۆڤسکی کە لە ئیتالیاوە هاتبوونەوە و دەچوون دانتزیک بگرن، لە ڕیزی پێش پێشەوە بوون. لە فێبریوەری 1807دا لەشکری ڕێکخراوی پۆلۆنی 30000 کەس دەبوون. ئەوانە لە ژێر فەرماندەیی ئەفسەر و دەرەجەدارەکانی "لۆژیۆنی پۆلۆنی"دا بوون، کە ناپلیۆن لە مەودای جەنگەکانی ئیتالیادا لە 1796ـەوە تا 1797 دروستی کردبوون.

بەڵام لەسەر یەک، فەرەنسیەکان نەیانتوانی لە پۆلۆنیا ڕەشبیگری بکەن بۆ سەربازی و مارشاڵ لان لە پۆلۆنیاوە نامەیەکی بۆ ناپلیۆن نووسی کە لە بەرلین بوو، گوتی، پۆلۆنییەکان خەڵکێکی بێسەرەوبەرن و مل نادەنە هیچ دیسیپلینێک و پێم وانیە بکرێ بە بەردەوامی کاریان لەگەڵ بکەین.

لە کۆتایی مانگی نۆڤەمبەردا ناپلیۆن ئاگادار کرایەوە کە یەکەکانی پێشەوەی سوپای ڕووس گەیشتوونەتە وارشۆ. ئەو فەرمانی بە مۆرا کرد تا دەسبەجێ هێرش بکاتە سەر وارشۆ. مۆرا لە 28ی نۆڤەمبەردا کەوتە پێش سوارچاکەکانی و شارەکەی ـ کە ڕۆژی پێشتر پرۆسییەکان چۆلیان کردبوو و لەگەڵ پاشەکشەی خۆیان بەرەو ڕووباری ویستۆڵ پردەکەیان ڕووخاندبوو ـ داگیر کرد. ئاخریەکەی ناپلیۆن خۆی چووە نێو پۆلۆنیا و لەپێشدا چووە پۆزنان و دوای ئەو چووە وارشۆ. ڕووی کردە خانەدانەکان کە بەپیریەوە هاتبوون و، گوتی، پێش هەموو شتێک دەبێ بگەنە ئاستێک کە شیاوی ئەوە بن سەربەخۆیی پۆلۆنیا دەستەبەر بکەنەوە. ناپلیۆن دەیویست دێکۆچیوتسکۆ، پاڵەوانە نیشتمانییەکەی ئەوکاتی پۆلۆنیا و سەرکردەی خەباتگێڕی دژی دابەشکرانی پۆلۆنیای سەردەمی شاژن کاترین کە لەودەمەدا لە پاریس دەژیا، بێنێتەوە وڵاتەکەی، بەڵام کۆچیوتسکۆ کۆمەڵێک مەرجی بۆ هاتنەوەی خۆی دانا، کە مەبەستی ئەوە بوو پۆلۆنیا لە بندەستی ناپلیۆندا نەبێ و سەربەست بێ، چونکە ئەو وەک فەرمانڕەوایەکی دیکتاتۆر لە ناپلیۆنی دەڕوانی. فۆشێ کە بەرپرسی دانوستانەکان بوو، بە نهێنی لە ئیمپراتۆری پرسی، دەبێ چ وەڵامێکی بداتەوە کە شیاوی بێ. ئیمپراتۆر ڕوون و ئاشکرا پێی گوت، کۆچیوتسکۆ پیاوێکی گەمژەیە. جا چونکە لە لیتۆنی و ڕووسیای

سپیدا ئیتر هیوای به شۆڕشێکی گشتی دژی ڕووسەکان نەمابوو، بڕیاری دا پشت به هێزەکانی خۆی ببەستێ.
جەنگ دژی ڕووسەکان دەستی پێ کردبوو. ناپلیۆن وارشۆی بەجێ هێشت و پەلاماری دان. پاش چەند وردە شەڕ، ئاخری لە ڕۆژی 26ی دیسەمبەری 1806دا لە پۆلتوسکی لە سەر ڕووباری ناریێف جەنگێکی گەورەتر ڕووی دا. فەرماندەی لەشکری ڕووسەکان بنیگسۆن بوو، کە ئەلکساندر ئەویشی وەک بکوژەکانی باوکی ناخۆش دەویست و ڕقی لێی بوو، ئەگەرچی ئەو قاتلانە بەگشتی لەو تاوانەدا هاودەست و هاوکاری خۆی بوون، بەڵام چونکە کەسی شیاوتر لەویان دەست نەکەوتبوو، ئەویان کردبووە فەرماندە.
لان، فەرماندەیی هێزە فەرەنسیەکانی لە ئەستۆ بوو. جەنگەکە کۆتایی هات بەبێ ئەوەی هیچ کامیان سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست هێنابێ و، هەر وەک لەو کاتانەدا باوە، فەرماندەی هەر دوولایەن سەرووی خۆیانیان ئاگادار کردەوە کە سەرکەوتنیان دەستەبەر کردووە. لان بۆ ناپلیۆنی نووسی، کە ڕووسەکان بە زیانێکی زۆرەوە لە پۆلتسۆک دەرکراون و بنیگسۆنیش ئەلکساندەری ئاگادار کردەوە کە ناپلیۆنی شکاندووە، لە حاڵێکدا ناپلیۆن هەر نەهاتبووە پۆلتسۆک و تەنانەت لەوێ نزیکیش نەببۆوە.
بەڵام ئیتر فەرەنسیەکان لە یەکەم تێکهەڵچوونداوە لێیان ڕوون بۆوە، کە ئەمجارە نەک لەگەڵ پرۆسییە نەخۆش و گەندەڵەکان بەڵکوو لەگەڵ کۆمەڵێک ڕووسیی حەساوە بەرەوڕوون کە ئازایانە شەڕ دەکەن.
ناپلیۆن بە خۆی و لەشکرەکەیەوە زستانەکەی لە پۆلۆنیا مایەوە و هێزی پشتیوانیشی لە فەرەنساوە هێنا. قۆشەنی ڕووسیش لە ویلایەتەکانی نێوخۆوە یارمەتیی پێ گەیشت.

ناپلیۆن له پۆلۆنیا لەسەر یەک 105000 سەربازی بەدەستەوە بوو کە لەو ژمارەیە 30هەزار کەسیان لە شارەکاندا جێگیر کرابوون بۆ ئەوەی ئەگەر کتوپڕ هێرشیان کرایە سەر، لەلای مێمێلەوە و لە مەودای نێوان تۆڕن و گرۆدێنز ببنە قەڵغانی فەرەنسیەکان، ئەگەرچی ئیتر فردریک ویلهۆڵم هێزێکی وای بەدەستەوە نەمابوو کە پەلامار بدا.
ئەو جەنگە لە 8ی فێبریوەری 1807دا لە نزیک ئێیلەو "یان پرۆسیش ئێیلەو" کە لە پرۆسی ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە، ڕووی دا. ناپلیۆن خۆی سەرکردایەتیی لەشکری فەرەنسای لە ئەستۆ بوو.
جەنگەکەی ئێیلەو، کە یەکێک لە خوێناویترین جەنگەکانی ئەو کات و لەو سۆنگەیەشەوە لە هەموو جەنگە ناپلیۆنییەکان گەورەتر بوو، بەبێ هیچ ئاکامێکی لێبڕاوانە کۆتایی هات. بنیگسۆن یەک لەسەر سێی سوپاکەی خۆی لەدەست دابوو. ناپلیۆنیش زیانی قورسی بەرکەوتبوو. ڕووسەکان تۆپخانەیەکیان دامەزراندبوو زۆر لەو تۆپخانەیەی فەرەنسیەکان هێنابوویان باشتر و مارشاڵەکانیش لە کاتی خۆیدا نەگەیشتبوونە شەڕگە. یەکەی ژێر فەرمانی مارشاڵ ئۆژێرۆ لەبەر دەم ئاگری تۆپە ڕووسییەکاندا هیچی وای لێ نەمابۆوە. ناپلیۆن خۆی کە لەگەڵ سەربازە پیادەکانی لە گۆڕستانی ئێیلۆ واتە لە نێو جەرگەی شەڕەکەدا بوو، چیی نەمابوو لە ژێر ڕەهێڵەی ئەو تۆپانەدا کە لەدەوروبەری دەکەوتن، تێدا بچێ. لک و پۆی درەخت بە گوللەی تۆپخانە دەپەڕین و فیشەکی تفەنگ سات بە سات و ویزەویز بە پەناگوێیدا تێدەپەڕین.
ناپلیۆن هەمیشە بڕوای وابوو کە فەرماندەی گشتیی هێزەکان مەگەر پێویست بێ ئەگینا نابێ گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە. بەڵام لە ئێیلۆش وەک لۆدی و سەر پردەکەی ئارکۆڵ سەیری کرد پێویستە وا بکا. تەنیا جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە ئەو لە لۆدی و ئارکۆڵ دەبوایە خۆی بەرەو

پردەکە بچێتە پێش بۆ ئەوەی نارنجۆکەهاوێژە دڕدۆنگەکان وەدووی خۆی بدا، لەحاڵێکدا لە ئێیلۆ دەبوایە وەرە بنێتە بەر هێزە پیادەکەی بۆ ئەوەی چەند سەعاتان قورس و قایم لە بەر ڕەهێڵەی ئاگری تۆپخانەی ڕووسدا خۆ ڕاگرن و پەرشوبڵاو نەبن.
ناپلیۆن و دەوروبەرییەکانی بەچاوی خۆیان دیتیان کە تەنیا لەوێ بوونەکەی ناپلیۆن، سەربازە پیادەکانی ناچار کردووە لەو دەموساتە مەرگهێنەدا خۆڕاگرن. ئیمپراتۆر لە جێیەکەی خۆی و لە نێو کۆمەڵێک ئەفسەری پیادەدا ڕاوەستا و لەسەر فەرمانکردن بەو چەند ئاجودانەی توانیبوویان بەزیندوویی خۆ دەرباز بکەن بەرەو شوێنە مەترسیدارەکە بچن. ئەفسەرەکانی ڕیزی پێش پێشەوە وردە وردە لەبەر دەم ئاگری تۆپخانەی ڕووسەکاندا دەتوانەوە. تەقەکەر و نارنجۆکهاوێژەکانی لەشکری گارد و سەربازە زرێپۆشەکان وردە وردە جێی ئەوانیان پڕ دەکردەوە. ناپلیۆن وێڕای ئەوەیکە بەوپەڕی لەسەرخۆییەوە و بەبێ شلۆێبوون فەرمانی دەردەکرد، چاوەڕێی ئەو دەموساتەش بوو کە سوارچاکانی فەرەنسا ئاگر لەسەر پشتی هێزەکانی ڕووس بکەنەوە و لەو حاڵەتە تاڵە ڕزگاری بکەن. ئاخری گۆڕستانەکەی ئێیلەو بەدەست فەرەنسیەکانەوە مایەوە و شوێنێکی دیکە لەو گۆڕەپانە پانوبەرینە بوو بە جەرگەی شەڕەکە.
کە شەو بەسەردا هات، فەرەنسیەکان خۆیان بە سەرکەوتوو دەزانی، چونکە بنیگسۆن مەیدانی چۆل کردبوو. ناپلیۆن لە یادداشتەکانی خۆیدا باسی سەرکەوتنی دەکرد، بەڵام ئەو لە هەموو کەس باشتر دەیزانی کە لەو ڕۆژە خوێناویەدا سەرەڕای ئەو هەمووە زیان و خوێنە، هێشتا سەرکەوتنێکی ڕاستەقینەی دەستەبەر نەکردبوو و دەشیزانی زیانی ڕووسەکان زۆر زیاتر بووە، ئەگەرچی بەپێچەوانەی قسەبەناوبانگەکەی

فەرەنسیان، خۆ زیانەکانی ڕووسیا لە نیوەی هێزەکانیان تێنەپەڕیبوو. ناپلیۆن دەیزانی بنیگسۆن هێشتا کۆمەڵێک هێزی سامناک و دەستکەرەوەی پێ ماوە و نەک دان بە شکست و بەزینەکەیاندا نانێن، بەڵکوو لە هەموو شوێنێکیش تەپڵی سەرکەوتن دەکوتن.
لەو کاتەدا کۆلنکۆر دووک "ڤیسانس" کە بە گشتی نەیدەویست وڕە بەر بدا، دەنووسێ: "لە ماوەی چوارمانگدا فەرەنسیەکان هێشتا هیچ ئاکامێکیان لە شەڕی گەڵ ڕووسیەکان وەرنەگرتووە و هەر خوا دەزانێ کێ بە چ ئەنجامێک دەگا."
پاش جەنگەکەی ئێیلەو، کتوپڕ نرخی پشکە دەوڵەتییەکان لە هەموو بۆرسەی پاریسدا دابەزی. دوور لە فەرەنسا و لە بەرانبەر لەشکری ڕووسدا کە زەبرێکی گورچوبڕی وێکەوتبوو و زەبرێکی گورچوبڕیشی وەشاندبوو، ناپلیۆن دەبوایە خۆی بۆ زەبرێکی یەکلاکەرەوە ئامادە بکا. شکست یان زەبرێکی دی وەک زەبرەکەی ئێیلەو لەوانەبوو ببێتە بەرایی ڕاپەڕینێکی سەرانسەریی ئەوروپا دژی ناپلیۆن.

5

لە زستانە تووش و تەماوییەکەدا، ناپلیۆن ناچار بوو بنکەی لەشکر و سوپاکەی لە پۆلۆنیای کاولکراو و لە پرۆسی ڕۆژهەڵاتدا جێگیر بکا. نەخۆشخانەکان پڕ بوون لەو سەربازانەی لە جەنگی ئێیلەودا بە سەختی بریندار ببوون. بۆگەنی هەزاران تەرم کە لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا کەوتبوون و دادەڕزان، تا چەند کیلۆمەتر دەڕۆیشت و هەواکەی ژەهراوی دەکرد و خەڵکی ناچار دەکرد لەو ناوچانە دوور بکەونەوە. ناپلیۆن بڕیاری دا چاوەڕێی هاتنی بەهار بکا بۆ ئەوەی عەمەلیاتەکانی دەست پێ بکاتەوە و ماندووبینەناسانەش خۆی سەرانسۆی ڕووبەرێکی

تا بڵێی پانوبەرینی دەکرد، سەردانی خەستەخانەکانی دەکرد و ئاگای لە کاروانەکانی خۆراک بوو و جێگە بەتاڵەکانی پڕ دەکردەوە. ئیمپراتۆر دەیزانی کە ڕووسەکان دوو هەنگاو لە سنوورەکانیانەوە دوورن و وەک لە ماڵی خۆیان بن ئاوان، بەڵام ئەو مەودای چەند ولاتی ئەوروپایی لە فەرەنسا دوور کەوتبۆوە و ئەو ولاتانەش ئەگەرچی لێی بەزیبوون و گوێڕایەڵی بوون، بەڵام تا بڵێی ڕقیان لێی بوو. تفاق و خۆراکی پێویست دەبوایە لە دوورەوە بێ. خەڵک، کە لەلایەن سەربازە فەرەنسیەکانەوە تەواو تاڵان و ڕووت کرابوون و ئێستا خەریک بوون لە برسان دەمردن، بە ژن و منداڵەوە لە دەوری ئۆردووگای فەرەنسیەکان دەخولانەوە و سواڵیان لێ دەکردن.

ناپلیۆن هیچ حەزی لێ نەبوو ئەم زستانە بەخێروخۆشی لە شارە گیراوەکان یانی لە پۆزنان و پێرسلاڤ یان کۆشکە شکۆدارەکەی وارشۆدا بەسەر ببا. ئەو دەیویست نموونەیەک بێ بۆ ئەوەی سەربازەکانی لەو جەنگەدا وەریان بەرز بێت. هەر وەک لە بنکە زستانییەکەیەوە نامەیەکی بۆ ژۆزێفی برای کە کردبوویە پادشای ناپڵ، نووسی: جاری وایە 15 ڕۆژان چەکمەکانی داناکەنێ. گوتبووشی، یەکە فەرەنسیەکان لە قوڕ و بەفراودا، بەبێ شەراب و بێ ئارەق و بێ نان دەژین و لە گۆشت و پەتاتە بەولاوە هیچیان پێ نیە بۆ خواردن. بەردەوام لە پێشڕەوی یان پاشەکشەدان بەبێ ئەوەی هیچ دەرەتانێکی ئاسوودەیی ژیانیان هەبێ. بەردەوام خەریکن بە تۆپ و تفەنگ و سەرەنێزە هەڵدەکوتنە سەر دوژمن، بریندارەکان لەسەر عارەبانەی سەرئاوەڵا ڕادەگوێزرێنە پەنجا فەرسەخی پشتەوەی شەڕگە و سەربازەکان بەهەموو تینی خۆیان بێبەزەییانە شەڕ دەکەن.

ئەو چەند مانگەی ناپلیۆن بەناچاری ڕاوەستا، قۆناغێکی تاقەتبڕ بوو. هەر سێ چوار ڕۆژ جارێک پەیکە نامەبەرەکان، لە پاریس و ئامستردام و میلان و ناپڵ و بەرلینەوە ڕاپۆرتی وەزیران یان داواکاریی مارشاڵ و جێنشینەکان یان پەیامی باڵیۆزەکانیان دەهێنا. ناپلیۆن چونکە چەندین ولاتی گەورەی هەڵدەسووڕاند، بەردەوام وەک پادشایەکی تاکبڕیار، هەر خۆی دواییین بڕیاری لەبارەی هەموو شتەکانەوە دەردەکرد.
ئەو جاری وابوو وەک لە ئۆستێرۆد لە عەمبارێکی خەڵە و دانەوێڵەدا دەژیا و جاری وابوو لە کۆلیتێکی دێهاتیدا و لەوێ نامەکانی دەخوێندەوە و فەرمان و بڕیارەکانی دەردەکرد. ئەو لە ڕۆژێکدا هەم فەرمانی پتەوکردن و بەهێزکردنی پشکنینی گومرکەکانی دەردەکرد و هەم ڕێوشوێنەکانی ئەو فێرگەیەی ئیمزا دەکرد کە بۆ کچی ئەفسەرەکان دامەزرابوو، هەمیش نامەی لۆمەکەرانەی بۆ براکەی دەنووسی کە پادشای هۆڵەندا بوو یان داوای لە پادشای پاڤیر دەکرد پاسەوانەکانی تیرۆڵ بەهێزتر بکا، فەرمانی بە بۆربۆنەکانی ئیسپانیا دەکرد پاسەوانی کەناراوەکان پتر زیاتر بکەن، گرینگیی بە ئەدەبیات دەدا و تووڕەیی خۆی لە تیۆرییە ئەدەبییەکانی گۆڤاری مێرکردێفرانز نەدەشاردەوە کە پێی وابوو سواو و گەمژانەن و لەو بارەوە بۆ فۆشێی وەزیری پۆلیسی دەنووسی، دەسبەجێ بە تیۆری و بۆچوونە ئەدەبییەکانی ئەو گۆڤارەدا بچنەوە و چاکیان بکەن و تەنانەت سەرنووسەرێکی دیکەی بۆ بدۆزێتەوە کە لەوەیان ژیرتر بێ. پرسیاری لە دۆخی ئاوریشمی لیۆنیش دەکرد و پێداگر بوو بزانێ بۆچی ژنە ئەکتەرەکانی "شانۆی فەرەنسا" ڕێگەیان پێ دەدرێ دژی یەکتر و بە زیانی هونەرەکەیان بکەونە دنەدان و پیلانگێڕان. فەرمانی دەردەکرد کە مادام دۆستاڵ لەسەر بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی لە پاریس دەربکرێ، بەسەر حیساب و ڕاپۆرتەکانی

وەزارەتی دارایی ڕادەگەیشت و هەڵە و پەڵەی لێ دەدۆزینەوە. لە ئیتالیا کاربەدەستی لەسەر کار لادەبرد یان دایدەمەزراند و فەرمانی دەکرد بەوپەڕی هۆشیارییەوە چاویان بەسەر نەمساوە بێ بزانن لەوێ چ دەگوزەرێ و خۆیان بۆ عەمەلیاتی سەربازی ئامادە دەکەن و فەرمانی دەردەکرد شار و گوندەکانی پرۆس بپشکنن.
ناپلیۆن دەسبەجێ و بێ پێچوپەنا وەڵامی ئەو هەمووە شتەی دەداوە. ئەو تەنیا ئەو شتانەی چارەسەر نەدەکرد کە وەزیر و سەردار و باڵیۆزەکانی پێیان ڕادەگەیاند، بەڵکوو خۆیشی لە زۆر شتی دەپرسی و داواشی دەکرد دەسبەجێ وەڵامی بدەنەوە. پەیک بەرەو هەر لایەک پێویست بوایە وەک بای شەماڵ دەردەچوون و فەرمانەکان جێبەجێ دەکران. ناپلیۆن هەموو ئەو شتانەی شان بە شانی کارە سەرەکییەکەی خۆی کە خۆئامادەکردنی سیاسی و سەربازی بۆ شەڕەکەی بەهارێ بوو، ڕادەپەڕاند.
ناپلیۆن بە شێوەیەکی بەرچاو توانیی بەو ئامانجەی بگا کە لە کۆتایی ساڵی 1806ـەوە لەبەرچاوی بوو: سوڵتانی عوسمانیی ناچار کرد شەڕەکەی دژی ڕووسیا کە ئەوکات هەڵاییسابوو خەستتر بکاتەوە. لە مانگی مارسی 1807_دا نامەیەکی بۆ سوڵتان نووسی کە زۆر توند بوو و پێشریش توانیبووی بەینی سوڵتان سەلیم و ئینگلیزەکان بشێوێنێ و کارێکی وا بکا سوڵتان ڕێوشوێنی زۆر زبر و توند بەرانبەر ئینگلتەرا بگرێتە بەر. بەو جۆرە بەشێک لە هێزەکانی ڕووس لە بەرەی ویستۆڵ و نیەمێنەوە کە دەبوو چارەنووسی جەنگەکە لەوێ یەکلا بێتەوە، بەرەو لایەکی دیکە وەرسووڕابوونەوە. ناپلیۆن ماوەیەک لەگەڵ دەرباری پرۆس کە پەنای بردبووە بەر کۆنیکسبێرگ، دانوستانی کرد. فردریک ویلهۆڵمی سێیەم کە پاش جەنگی ئێیلەو غیرەتێکی بەبەردا

هاتبۆوە، مەرجەکانی ناپلیۆنی زۆر بەلاوە گران و ناخۆش بوو و، پادشای پرۆس لەسەر پێداگریی ئەلکساندر دانوستانەکانی ڕاگرت. ئەم جارە ئەو خۆی کۆمەڵێک مەرجی دانا کە ناپلیۆن ئەگەر بەخراپترین شێوازیش شکابایە، هێشتا ملی بۆ ئەو مەرجانە ڕانەدەکێشا.
ناپلیۆن پێی وا نەبوو لە جەنگدا لەوانەیە شتی زۆر ورد و ناڕوونیش هەبێ. ئەو هەموو شتێکی هەڵدەسەنگاند و پێشبینیی هەموو شتێکی دەکرد و دەیزانی زۆربەی جار لە دەموساتە هەستیارەکاندا، کۆمەڵێک فاکتەری زۆر کەمنرخ ئاکامی جەنگ یەکلا دەکەنەوە. یارمەتی و پشتیوانیی تازە وەک: سەرباز و تۆپخانە و تەقەمەنیی زۆر دەگەیشتە لەشکرگەکانی و ئیمپراتۆر خۆی بەسەر یەکەکانیدا دابەش دەکردن. ئەو لە پێگەکەی خۆیەوە فەرمانی جۆراوجۆری دەردەکرد و کۆمەڵێک پەیمانی بەستبوو کە ئێستا بە سەربازی ئەڵمانی و ئیتالیایی و هۆڵەندی، سوپاکەی ئەویان کامڵ دەکرد.
ئەوروپیەکان وەها لە ناپلیۆن تۆقیبوون کە لەگەڵ هەر کەسدا هەرشتێکی پێخۆش بوایە دەیکرد، تەنانەت لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەشدا کە هەرگیز نە لەگەڵ ئەو و نە لەگەڵ هیچ کەسی دیکەشدا شەڕیان نەکردبوو. بەو جۆرە ناپلیۆن بە مەبەستی بەهێزکردنی سوپاکەی خۆی بۆ ئەو شەڕەی لەگەڵ ڕووسەکان دەبوو بیکا، بڕیاری دا بەبێ هیچ ماف و هۆکارێک داوای 15 هەزار سەرباز لە ئیسپانیا بکا، لە حاڵێکدا ئیسپانیا نە شەڕی لەگەڵ پرۆس هەبوو و نەلەگەڵ ڕووسیا. دەسبەجێ یاداشتێکی بۆ مەدرید نارد و ناپلیۆن سەرنجی گۆدۆی سەرۆک وەزیرانی بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشا کە ئەو 15 هەزار شەڕکەرەی لەخۆیدا شتێکی ئەوتۆش نیە، بەپێچەوانەوە بۆ ئەو واتە ناپلیۆن زۆر بەسوود دەبێ. چونکە نەیدەتوانی هۆکاری دیکەی بۆ باس بکا، هەر ئەم بەڵگاندنە

بۆ حوکمەتەکەی ئیسپانیا قایلکەر بوو بۆ ئەوەی دەسبەجێ 15 هەزار سەربازەکەی بۆ ئامادە بکا و بۆی بنێرێتە پرۆسی ڕۆژهەڵات و ئەڵمانی باکوور. لە مانگی مای 1807دا ناپلیۆن 8 مارشاڵ و هەشت سوپاشی لەبەردەست بوو کە لەسەر یەک زیاتر لە 228000 کەس بوون، جگە لەو 170000 سەربازەی پرۆسیان گرتبوو و هێشتا بانگ نەکرابوونەوە بۆ ئەوەی بەشداری ئەو شەڕە بن کە قەول وابوو بەهارێ ڕوو بدا. لەم وەرزەدا، خۆراک و تفاقیان تەواو بۆ دابین کرا. لە 26ی مانگی مایدا، دانتزیک پاش بەرگرییەکی دڕێژخایەن ئاخری خۆی ڕادەستی مارشاڵ لۆڤەور کرد و لەو قەڵایەدا عەمباری پڕ لە خۆراک و تفاق و کەلوپەلی جۆراوجۆری شەڕیان دەست کەوت.

کۆتایی کارەکە خەریک بوو نزیک دەبۆوە. سوپای ڕووس کە ئەویش پاش جەنگەکەی ئێیلەو لە ڕووی ژمارەوە بەهێزتر کرابوو، بەڵام لە ڕووی کەلوپەلی جەنگییەوە زۆر لە سوپا مەزنەکەی ناپلیۆن لاوازتر بوو. دیارە لە سوپای فەرەنساشدا سوودوەرگرتنی خراپ و بەفیڕۆدان و دەستبڵاوی لەوپەڕی خۆیدا بوو و ناپلیۆن بەرەنگاری دز و تاڵانچی و دراوباز و دەڵاڵ و گەندەڵ و پاوانخوازان دەبۆوە، کەچی دەرەقەت نەدەهات و تەنانەت لە فەرەنسا دەیانگوت ئەو کڵاوچی و گزیکەرانە کە گوێیان لێ دەبوو بە ئیمپراتۆر دەگوترێ "نەبەز و کۆڵنەدەر" بە گاڵتەوە پێی پێدەکەنین. پێشتر گوتمان کە زستانی 1807 فەرەنسیەکان بە چ کوێرەوەرییەکەوە لەو وڵاتە کاولەدا دەژیان، بەو حاڵەشەوە ڕووسەکان وەزعیان زۆر لە دۆخی ئەوان شپرزتر و ناخۆش بوو و سەربازانی ڕووس لە سەرمان و لە برسان وەک مێش بەلادا دەهاتن و دەمردن. ئەلکساندری یەکەم لە ئۆسترلیتزێکی دیکە دەترسا. لە کۆڕی دەستەی بەڕێوەبەری و دەرباری ڕووسیادا دەمێک بوو بیریان لەوە دەکردەوە

که بۆ ئەو جەنگە پێویستە هەموو دەرەتان و توانا مادی و مەعنەوییەکانی نەتەوەی ڕووس بەکار بێنن. ئەم بۆچوونە ئاکامی سەیروسەمەرەی لێ کەوتەوە. بەو مەبەستەش، پەنایان بردە بەر ئەنجومەنی قەشە ئۆرتۆدۆکسەکان و ئەو ئەنجومەنە جا وای لە گوێ خوێنرابوو یان هەر خۆی دەسپێشخەر بوو، بڕیارێکی سەیری دا، کە لەو کاتدا خەڵکێکی زۆری تووشی سەرسووڕمان کرد. لە فتوایەکدا کە پیاوانی ئایین بەناوی هەموو ئیمانداراني مەسیحیی شوێنکەوتووی ئایینزای ئۆرتۆدۆکس دەریانکرد، ناپلیۆن بە پێشەنگی دەجاڵ و دوژمنی لەمێژینەی ئایینی مەسیح و دامەزرێنەری "دادگای شەرعی جووەکان" ناسێنرا و جگە لەوەش ڕایانگەیاند کە ئەو نکۆلیی لە ئایینی مەسیح کردووە و دەیەوێ بچێتە سەر دینی ئیسلام ـ ئاماژە بە جەنگەکانی میسر و سووریا ـ و تەنیا لەبەر ئەوەش شەڕ بە ڕووسیا دەفرۆشێ، چونکە دەیەوێ کلێسای ئۆرتۆدۆکس کاول بکا.
کورتی ببڕینەوە، نێوەڕۆکی ئەو فتوا سەیرەی لەسەر مینبەری هەموو کلێساکانی ڕووسیا خوێنرانەوە ئاوا بوو. بەڵام ئەو بوارخۆشکردنە ئایدۆلۆژیکییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەشکرەکانی دەجاڵ هێشتا بەگوێرەی پێویست بڵاو نەببۆوە، کە دەموساتی دیاریکراو بەسەردا هات.
لە سەرەتای مانگی مای، هەموو ئەو یەکانەی لە شار و گوندەکاندا جێگیر کرابوون بە فەرمانی ناپلیۆن بەڕێی لەشکرگەکان کران و تاوێک دواتر سوپا بەتەواوی ئامادەی شەڕ بوو. بنیگسۆن بێخەبەر لەو بابەتە، بڕیاری دا لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی جووندا دەسپێشخەری بکا.
ئەلکساندری یەکەم کە هاتبووە گەڵ سوپاکە، لە سۆنگەی دڵنیاییدان و فڕوفیشاڵی زێدەبێژانەی ئەو سەردارەوە، زۆری بۆ سوپاکە هێنا بۆ

ئەوەی دەسپێشخەری شەڕەکە بێ، چونکە بنیگسۆن وەها پەسنی خۆی دەدا کە لەشەڕەکەی ئێیلەودا چیی کردووە و چیی نەکردووە، ئیتر قەیسەر بڕوای کردبوو کە لە شەڕەکەی 8ی فێبریوەری ئێیلەودا زەبرێکی گورچوبڕی لە ناپلیۆن داوە و ئێستاش کە زستان بەسەر چووە و هەموو ڕێیەکان کراونەتەوە، نابێ هەلەکە لەکیس بدەن.
سوپای ڕووس لە ڕۆژی پێنجەمی جووندا شەڕەکەی هەڵاییساند. بە ئەمری بنیگسۆن، باگراتیۆن هەڵیکوتایە سەر هێزەکەی مارشاڵ نێی، کە بۆ پاراستنی باڵێکی سوپا، لێیان دوور کەوتبۆوە و هەر لە سەرەتاوە پلاتۆڤ ئەمیری قەزاقەکان لە ڕووباری ئایل پەڕییەوە. "نێی" لە بەردەم ئەو هێزەدا کە چەند هێندەی هێزە 30000 کەسیەکەی خۆی بوو، بە قوونەشەڕ پاشەکشەی کرد. یەکە ڕووسییەکان لە شوێنەکانی دیکەشەوە هێرشیان کرد.
ناپلیۆن بەتەما بوو ڕۆژی دەی جوون شەڕەکە دەست پێ بکا، بەڵام هێرشی چاوەڕوانەکراوی ڕووسەکان ناچاری کرد دەسبەجێ نەخشە و پلانەکانی خۆی بگۆڕێ. وەختێک دەمودەست گەیشتە شوێنەکە، بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە سەیری کرد ئەوە ڕووسەکان بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی دیار بێ وازیان لە هێزەکەی "نێی" هێناوە و ڕاوەستاون و، پاش 24 سەعات ڕاوەستان، بەپێچەوانەی چاوەڕوانی گەڕاونەتەوە و هێرشیان هێناوەتەوە. ئەو دەسبەجێ شەش لەشکری لە سوپاکەی خۆی کردە یەکەیەکی پەلاماردەر و سەربازەکانی گاردیشی خستە گەڵیان و ئینجا بە 125000 سەربازەوە فەرمانی بە مارشاڵەکانی خۆی کرد ئەوانیش هێرش بەرن. بنیگسۆن لەو کاتدا هەندێ دەڵێن 85000 و هەندێکیش دەڵێن 100000 سەربازی شەڕکەری هەبوو.

لە نزیک هایلسبێرگ، بنیگسۆن لە شوێنێکی پتەو ڕاوەستا و ڕۆژی 10ی جوون، پێشەنگەکانی سوپای فەرەنسا نزیک بە 8000 کوژراو و بریندار و ڕووسەکانیش نزیک بە 10000 کەسیان لێ کوژراو و بریندار ببوو. بنگیسۆن خۆیشی بریندار بوو. ناپلیۆن دوو لەشکری نارد سەر ڕێگەی کۆنیکسبێرگ و لە ئاکامی ئەو مشووڕە ستراتژییەدا، بنیگسۆن بەرەو بارتنشتاین یانی باکووری ڕۆژهەڵات کشایەوە.
بنیگسۆن وای لێک دابۆوە شەڕەکەی هایلسبێرگ ناپلیۆن تۆزێک ماتڵ دەکا. ئیمپراتۆر بەشی هەرە زۆری هێزەکەی خۆی بە ڕێگەی ئێیلەودا یەکەوڕێ بەرەو کۆنیکسبێرگ برد. ئەو پێشبینیی ئەوەی کردبوو کە خەنیمەکەی هەوڵ دەدا پایتەختی پرۆسی ڕۆژهەڵات ڕزگار بکا. سەعات 3ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی 14ی جوون، مارشاڵ لان سەیری کرد ئەوا سوپای ڕووس کە ڕۆژی پێشوو هاتبووە نێو شارۆچکەی فریدلەندەوە، بەتەمایە لەوێوە بەرەو کەناری ڕۆژئاوای ڕووباری ئایل بڕوا و هەڵکوتێتە سەر کۆنیکسبێرگ. لان دەسبەجێ دەسڕێژی لێ کردن.
بەوجۆرە شەڕە سامناکەکەی 14ی جوونی 1807 کە کۆتایی بە جەنگەکە هێنا، دەستی پێ کرد. لان، ئەفسەرە بەردەستەکانی خۆی ڕاسپارد ناپلیۆن ئاگادار بکەنەوە و ئەو فەرمانی بە هێزەکەی دا بە تۆپخانەوە بکەونە ڕێ و خۆیشی دەسبەجێ خۆی گەیاندە شەڕگەکە. ئەو زانیی کە بنیگسۆن بە سەهوو چووە لەوەدا کە بەپەلە سوپاکەی خۆی بۆ پەڕینەوە لە ڕووباری ئایل لەم گەوە(لۆفە)یەدا کۆ کردۆتەوە. ئەم ئەرکە مەترسیدارە خرایە سەر شانی مارشاڵ لان، کە هەڵکوتێتە سەر هێزەکانی دوژمن. ڕووسەکان بەتایبەتی سوارچاکانی گارد کە کۆلگریۆژ فەرماندەیان بوو، بە ئازایەتییەکی بێوێنەوە دەستیان دەکردەوە و، ئەو بەشەی هێزەکەی لان کە بە چڕی هێرشی هێنابوو

لەنێو چوو. فەرەنسیەکان کە بە زۆر فریدلەندیان گرتبوو، هەموو پردەکانی ڕووباری ئالیان ڕووخاند.
ناپلیۆن خۆی سەرکردایەتیی شەڕەکەی دەکرد. وەختێک گوللە تۆپێک بەسەر سەریاندا لووراندی، سەیری کرد سەربازێک لە تەنیشتی خۆی گرمۆڵە کردووە و دەلەرزێ. ئیمپراتۆر پێی گوت: "ئەگەر قەدەر وابوایە ئەو گوللەیەک بە نەسیبی تۆ بێ، سەد مەتریش لەبن عەرزیدا بوایەیت، هەر دەیئەنگاوتی." بە کورتی، سەرەڕای ئازایەتیی ڕووسەکان، بەڵام هەڵەی قەرەبووهەڵنەگری بنیگسۆن تووشی چارەنووسێکی تاڵ و شومی کردن. یەکە ڕووسییەکان ناچار بوون بۆ خۆڕزگارکردن لە ئاگری تۆپخانەی فەرەنسیەکان خۆیان بە ڕووبارەکەدا بدەن. بەشێک بە دەم ڕووبارەکەدا ڕایان کرد، بەشێکی دیکەیان چەکیان دانا، بەڵام ژمارەی دیلەکان زۆر کەمتر بوون لەوانەی لە ئاوەکەدا خنکان.
تۆپخانەی ڕووسەکان بەگشتی کەوتە دەست ناپلیۆن. بنیگسۆن کە زیانێکی سامناکی وێکەوتبوو(زیاتر لە 25 هەزار کوژراو و بریندار و دیل)، کتوپڕ بەرەو پرێگلێ پاشەکشەی کرد و فەرەنسیەکان سەریان لەدوو نا. بۆ ئەوەی تەواو تێدانەچن، ڕاکردن تاقە ڕێگەی ڕزگاربوون بوو. بڕێک پاش شەڕەکەی فریدلەند، مارشاڵ سۆ چووە نێو کۆنیکسبێرگەوە و لەو شارەدا بەسەر بڕێکی یەکجار زۆر تەقەمەنی و چەکوچۆڵ و دانەوێڵە و جلوبەرگدا کەوت کە ئینگلیزەکان پێشبینیی ئەوەیان نەکردبوو وا زوو شەڕەکە ڕوو دەدا و بە دەریادا هێنابوویان.
سوپای ناپلیۆن لە ڕۆژی 19ی جووندا، یانی پێنج ڕۆژ پاش شەڕەکەی فریدلەند گەیشتە ڕووباری نیەمێن. پاشماوەی لەشکری ڕووس لە ڕووبارەکە پەڕینەوە. ناپلیۆن گەیشتبووە کەوشەنی ئیمپراتۆریی ڕووسیا یانی تیلسیت.

شەوێ، کە تیپێکی سواڕە پێشەنگی فەرەنسی ئێشکگری کەناری ڕووباری نیەمێن بوو، ئەفسەرێکی سوپای باگراتیۆنیان دیت کە بە ئالایەکی سپییەوە دەهات. ئەو پەیامێکی پێ بوو و دەیویست لە لایەن فەرماندەی سوپاکەیانەوە بیگەیەنێتە مارشاڵ مۆرا: بنیگسۆن پێشنیاری تەقەوەستانی دابوو. مۆرا دەسبەجێ نامەکەی گەیاندە ئیمپراتۆر و ناپلیۆن ڕازی بوو. ئەو جەنگە خوێناوییە کۆتایی هاتبوو.

6

ئەلکساندر تا دوا ساتەکانیش پێی وانەبوو شەڕەکەی دۆڕاندووە. ڕۆژی 12ی جوون، کاتێک هەواڵی شەڕی هایلسبێرگ گەیشتبووە تیلسیت، کە ئاکامەکەی زیانی زۆر قورس و پاشەکشەی هێزەکانی ڕووسیا بوو، کۆنستانتینی برای ئیمپراتۆر ئەلکساندر بە زمانێکی زۆر زبر بە ئیمپراتۆری گوتبوو، دەسبەجێ لەگەڵ ناپلیۆن ڕێک بکەوێ. بە براکەی گوتبوو: "خاوەنشکۆ، ئەگەر ناتەوێ لەگەڵ فەرەنسا ڕێک بکەوی، ئەوا هەر سەربازە و دەمانچەیەکی بدەیە و ئەمر بکە با فیشەکێک لە مێشکی خۆیان بدەن. ئەوکات ئەنجامەکە ڕێک وەک ئەوە دەبێ کە تۆ بتەوێ بچیتە جەنگێکی نوێ و دواپین جەنگێکەوە کە بە دڵنیاییەوە دەروازەکانی ئیمپراتۆریەکەت بەسەر سوپاکانی فەرەنسادا دەخاتە سەرپشت."
ئەلکساندر ئەم قسانەی بەگوێدا نەدەچوو.
ئەو شەوی 13 لەسەر 14ی جوون، واتە ڕێک ئەو کاتەی سوپای ڕووس لە فریدلەند لە شەپۆلەکانی ڕووباری ئاڵدا دەخنکان، بە پێشوازی هێزی پشتیوانی ڕووس لە تیلسیت چووەبووە دەرێ و ڕێک سەرلەبەیانیی 15ی جوون، وردەوردە یەکەم هەواڵەکانی کارەساتەکەی فریدلەند دەگەیشتنە تیلسیت. ئەوکات زانیان کە سێ بەشی هێزەکانی

گاردی ڕووسی تێداچوون و ئەو دەستە و تاقمانەش کە ماونەتەوە پاش شەڕێکی پاڵەوانانە بڕستیان لێ بڕاوە و ئیتر ئامادە نین بچنەوە شەڕ و بنیگسۆن سەری لێ شێواوە و ئیتر نازانێ چ بکا. بە شوێن ئەو دەنگۆیانەدا هەواڵی زۆر باوەڕپێکراو دەبیسرا: سوپای ڕووس لە فریدلەند وەها تێک شکاوە کە چیی وای لە شکانەساماکەکەی 1805 ی ئۆسترلیتز کەمتر نییە و ناپلیۆن و سوپا مەزنەکە ئێستا دەتوانن هێرش بکەنە سەر خاکی ڕووسیا. فەرماندەیی باڵای ڕووس زەندەقی چوو دێنیس داڤیدۆڤ، پارتیزانە بەناوبانگەکەی1812 ئەو کات لەبارەی دۆخی سوپای ڕووسەوە دەسبەجێ پاش شەڕەکەی فریدلەند نووسیویەتی: "من ڕۆژی 18ی جوون گەیشتمە بنکەی ئەرکانی گشتیی سوپای ڕووس. لەوێ خەڵکێکی زۆرم دیت، هەر کام لە ڕەگەزێک چێک چڕژابوون، هەر لە ئینگلیزی و سویدی و پرۆسی و شاپەرستی فەرەنسی و بەرپرسانی وڵات و پایەبەرزەکانی سوپای ڕووس و برۆژوا و ئەو کەسایەتییە بیانییانەی لە سوپادا دامەزرابوون و کارمەندی باقی ئیدارەکانی ڕووس و مشەخۆری بێکاروبار و فیتنەگێڕ و بەکورتی کەربازاڕێک لە دەڵاڵی سیاسی و سەربازی کە لە زەلکاوی ئارەزوو و پیلان و نەخشەی پووچی خۆیاندا نوقم ببوون... هەر کامە و دڵەڕاوکێیەکی تایبەتیان هەبوو، دەتگوت تا نیو سەعاتی دیکە دنیا خراپ دەبێ
ناپلیۆن وەک پێشتریش گوتم، هەر پێشنیارەکەی وەرگرت، قبووڵی کرد. ئیتر بە پێویستی نەدەزانی شەڕ لەگەڵ ڕووسیا درێژە بدا، چونکە بۆ کارێکی لەوچەشنە پێویستی بە لۆجستیک و تەدارەکی دیکە هەبوو. پرۆس لە پەلوپۆ کەوتبوو و ڕووسیا دەیتوانی قایل بێ بەوەی گەمارۆکەی سەر ئینگلتەرا جێبەجێ بکا و بەو جۆرە بێتە نێو دەستە

سیاسییەکەی ژێر ڕکێفی ناپلیۆنەوە. ئێستا ئەو لەوە زیاتر هیچی لە ئەلکساندر نەدەویست.
ڕۆژی 22ی جوون، ئەلکساندر، ژەنەڕاڵ کۆنت لێبانۆڤ ڕۆستۆڤسکیی نارده تیلسیت بۆ لای ناپلیۆن کە ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان پاش فریدلەند لەوێ جێگیر ببوو. ناپلیۆن بەو جۆرە سەری قسەی دانوستانی لەگەڵ لێبانۆڤ کردەوە. چووە لای ئەو مێزەی کە نەخشەیەکی گەورەی جوگرافیایی لەسەر ڕاخرا بوو و، پەنجەی لەسەر ڕووباری ویستۆل دانا و گوتی:
"ئەوە سنووری دوو ئیمپراتۆر. لەوبەرەوە گەورەی تۆ پادشایەتی دەکا و لەم بەریەوە من." بەو جۆرە ناپلیۆن ڕوونی کردەوە کە بەتەمای هەڵوەشاندنەوەی پرۆس و دابەشکردنی پۆلۆنیایە.
ئەلکساندر ئەوکات لە شاڤلی گیرسابۆوە. لەو ڕۆژە سامناکانەدا، لە کاتی واژۆی ئاگربەستەوە تا گەڕانەوەی لێبانۆڤ، باری دەروونیی ئەلکساندر لە دەموساتەکانی پاش شکستەکەی ئۆسترلیتز زۆر خراپتر بوو. ناپلیۆن دەیتوانی دە ڕۆژێک لە ڤیلنۆ بێ. ئەلکساندر نەیدەشاردەوە کە: "ئێمە لە ئەفسەر و سەربازدا زیانی سامناک و گورچووبڕمان وێکەوتووە. هەموو سەردارەکانمان و لەو نێوەشدا هەرە باشەکانیان یان نەخۆشن یان بریندار. بە دڵنیاییەوە پرۆس لە قۆناغێکی تا بڵێی تاڵ و ناخۆش دایە، بەڵام ئیتر مرۆڤ جاری وایە ناچارە پێش هەموو شتێک بیر لە پاراستنی خۆی بکاتەوە و جگە لە یەک بنەما، کە ئەویش خێر و مەسڵەحەتی مەملەکەتە هیچی لەبەرچاو نەبێ." خەیاڵی "خۆپاراستن" کە ئەلکساندر لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتدا لەگەڵ پرێنس کۆراکین لە شاڤلیش باسی کردبۆوە، ناچاری کرد لە ماوەی 24 کاتژمێردا پاش گەیشتنی هەواڵەکانی فریدلەند، گۆڕانێکی بنەمایی لە سیاسەتی خۆیدا وەدی بێنێ،

بڕیاری ڕێککەوتن و ئاشتەوایی بدا و تەنانەت ئەگەر پێویست بێ لەگەڵ ناپلیۆن هاوپەیمانییەتییەکیش ببەستێ. جا ئێستا، ئەگەر لە ئاکامی ئەو وەرچەرخانە چاوەڕوانناکراوەی ڕووسیادا، دەوڵەتی پرۆس بەتەواوەتی لەناو دەچوو یان تەنیا لەتێکی بچووکی لێ دەمایەوە، ئەو شتە ئیتر بابەتێکی لاوەکی و پلە دوو بوو.
دەربارییەکان لە شاڤلی لە دەوری قەیسەر کۆ ببوونەوە و وەک مێژۆکە دەلەرزین و لەترسی زەبری ناپلیۆن زەندەقیان چووبوو.
وەختێک قەیسەر و دەوروبەرییەکانی لێیان ڕوون بۆوە کە ناپلیۆن بە ئاگربەست و بەستنی پەیمان ڕازی بووە، هەر شاگەشکە بوون.
ئەلکساندری یەکەم دەسبەجێ ئەمری کرد کە ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان دڵنیا بکەنەوە لەوەی، قەیسەر بە دڵ و گیان تاسەباری بەستنی پەیمانێکی توند و پتەوە لەگەڵ ناپلیۆن و تەنیا یەکڕیزیی فەرەنسا و ڕووسیا دەتوانێ بەختەوەری و ئاشتەوایی بۆ دنیا مسۆگەر بکا. ئەو پاش ئیمزای گرێبەستی ئاگربەستەکە، گوتی، پێم خۆشە خۆم چاوم بە ناپلیۆن بکەوێ.
ئەلکساندر ئیتر دەبوو بە فریدریک ویلهۆڵمی سێیەم کە تا دوا چرکەساتەکان دڵی بە دۆستایەتیی ئەو خۆش کردبوو، بڵێ، وەزعی خۆم ئاوا شپرزە. قەیسەر ئەوەی پێویست بوو بۆی ڕوون کردەوە و پادشای پرۆسیش داوای ڕاگرتنی شەڕ و دوژمنایەتیی بۆ ناپلیۆن نارد. ئەو دەیویست هاردێنبێرگی وەزیری خۆی کە پیاوێکی نیشتمانپەرست بوو بنێرێتە ئەرکانی گشتیی سوپای ئیمپراتۆر لە تیلسیت، بەڵام وەختێک غیرەتیان نایە بەرخۆیان و ناوەکەیان بە ناپلیۆن گوت، وەها هەڵچوو و نەڕاندی و پێی بە عەرزی دادا، کە ئیتر هیچ کەس ناوی

هاردێنبێرگی بەزماندا نەهاتەوە و ڕاشکاوانەش بە پادشای پرۆسیان گوت، کە ئیمپراتۆر کەیفی بە هاردێنبێرگ نایە.
ڕۆژی 25ی جوونی 1807 یەکەم چاوپێکەوتنی نێوان دوو ئیمپراتۆرەکە ڕێک خرا. بۆ ڕەچاوکردنی مافەکانی پاش گرتنی "نیەمێن"، وا دانرا نە ئەلکساندر پێی بچێتە سەر خاکی بەری فەرەنسیەکان و نە ناپلیۆنیش پێ لەسەر کەناری ڕووسەکان دابنێ، هەر بۆیە کەڵەکێکیان بە دوو خێوەتی قەلەندەرانەوە بۆ ڕازاندنەوە و ڕێک لە نێوەندی ڕووبارەکەدا ڕایانگرت. سەربازەکانی گاردی ناپلیۆن لەم بەرەوە و چەند هاوڕێکەی ئەلکساندریش لەوبەری ڕووبارەکەوە بە ڕیز وێستابوون.
دێنیس داڤیدۆڤ کە ئەو ڕووداوە مێژوویییەی دیتبوو، لە هەموو مێژوونووسێک باشتر بیرەوەریی ئەو کەسانەمان لە زەیندا زیندوو دەکاتەوە کە چاوپێکەوتنەکەی تیلسیتیان دیتووە، ئەو دەڵێ:
"ئێمە دەچووین تا شانازیی ئەوەمان پێ ببڕدرێ، کە ئەو سەردارە مەزنە، ئەو سیاسەتمەدارە بەرزە، ئەو یاسادانەرە، ئەو جیهانگیرە بەتەگبیر و سەرکەوتووە ببینین، کە پاش تێکشکاندنی پەیتاپەیتای سوپاکانی ئەوروپا و دووجاریش بەزاندنی لەشکرەکەی ئێمە ئێستا لە کەوشەنەکانی ڕووسیا بوو. ئێمە دەچووین پیاوێک ببینین، کە دەیتوانی، هەموو ئەو کەسانە ملکەچ و گوێڕایەڵ بکا کە لەگەڵی تێدەکەوتن، پیاوێک کە کارتێکەرییەکی ڕۆحیی بێوێنەی هەبوو."
"... کە گەیشتینە کەناری ئاوەکە، ناپلیۆنمان دیت بە سواری ئەسپێکەوە لە نێوان دوو ڕیز سەربازی گاردە قەدیمییەکەیەوە ڕکێفکوت دەڕۆیشت. قریوە و هەلهەلەی شادی لە دەوری بەرز بوو و لەو دیوی ڕووبارەکە گوێی ئێمەی کەڕ دەکرد. ئەوانەی لەگەڵی بوون بەلانیکەمەوە چوارسەد

سوارچاک دەبوون. لەو دەموساتەدا، هەستکردن بە شکۆی ئەودیمەنە، بەسەر هەموو هەستەکانی دیکەدا زاڵ بوو... هەموان ئاوڕیان داوە و چاویان بڕییە کەنارەکەی ئەوبەر و ئەو قایقەی کە ئەو سەردارە بێوێنەیە و ئەو پیاوە هەڵکەوتەیەی دێنا، سەردارێک کە لە سەردەمی ئەسەکەندەی مەزن و قەیسەرەوە نە هیچ کەس شتی وای دیتووە و نە کەس بیستوویەتی، سەردارێک کە بلیمەتی و پیتۆڵیی جۆراوجۆری خۆی و بەو شانازییەی لە سۆنگەی بەیدەستکردن و گوێڕایەڵکردنی پێشکەوتووترین و شارستانیترین نەتەوەکاندا بەدەستی هێنابوو، وەپێش ئەسکەندەر و قەیسەریش کەوتبوو."

دێنیس داڤیدۆڤ بەهۆی ئەو سانسۆرە تونده‌ی لەسەر چاپەمەنییەکان هەبوو، نەیدەتوانی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژە بەو هەست و کەفوکوڵە بکا کە نەک هەر ئەو، بگرە زۆرینەی ئەفسەرە ڕووسییەکانیش ئەو ڕۆژە بەرانبەر ئەلکساندر هەیانبوو، ئەلکساندرێک کە وەک ئەو دەڵێ، کەفوکوڵەکەی ناخی خۆی لە "ڕواڵەتێکی هێدی"دا شاردبۆوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە ڕێی شایەتیی شایەتحاڵەکانی دواییدا بەو هەست و کەفوکوڵەمان زانی.

لە کۆڕە سەربازییەکانی ڕووسدا هەمیشە پەیمانی تیلسیت"یان بە ڕووداوێکی شوورەییتر لە شکستەکانی ئاوسترلیتز یان فریدلەند لە قەڵەم دەدا و بۆچوونی نەجیبزادە گەنج و ئازادیخوازەکانی نەوەی دواتر لەو مەسەلەیەدا لەگەڵ ئەو پیاوانەی ڕاستەوخۆ لە شەڕەکەدا ببوون، وەک یەک دەرچوو.

لە یەکێک لە شیعرەکانی پووشکین (1824)دا، ئەلکساندر خەون بە ناپلیۆنەوە دەبینێتەوە:

"هەر وەک لە گۆڕەپانی ئۆسترلیتزدا دەرکەوتبوو،
لەو شوێنەی باڵی ڕاستی ئەو، لۆژیۆنەکانی باکووریان ڕاو دەکرد،
ئەو کاتەی ڕووسی تێگەیشت کە چۆن لە مەرگ ڕا بکا و
دیسان بەو جۆرە کە دەستی سەرکەوتوو، ئاشتیی بە شوورەییەوە
پێشکەش دەکرد
لە تیلسیت هاتەوە پێش چاوی قەیسەری گەنج."

تەنیا پاش شۆڕش دەقی بێ کەموکورتیی ئەو شێعرانە چاپ کران. لە
هەموو چاپەکانی پێشوودا دێڕی پێش کۆتاییەکەی ئەو جۆرە
گۆڕدرابوو: "ئاشتی یان شوورەیی..." و ئەوەش لەگەڵ بۆچوونی
پوشکین ناتەبا بوو.
هەرچۆنێک بێ، ئەو پێکەی بۆ دەمی ئەلکساندەریان برد، ئەوەندە تاڵ
نەبوو کە خۆی چاوەڕوانی دەکرد. کە دوو ئیمپراتۆر هاوکات گەیشتنە
تەنیشت سەکۆکە، ناپلیۆن باوەشی بە ئەلکساندردا کرد و هەردووکیان
چوونە نێو یەکێک لە خێوەتەکان و دەسبەجێ کەوتنە دانوستانێکەوە کە
دوو سەعاتی خایاند. هیچ کام لەو دوو ئیمپراتۆرە وردەکارییەکی ئەو
دانوستانەیان لەپاش خۆیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵام دواتر هەندێ قسە
و ڕستەی لێ ئاشکرا بوو و دیارە ڕاوێژی گشتیی دانوستانەکان لەو
پەیماننامەیەدا ڕەنگی داوەتەوە کە چەند ڕۆژ دواتر ئیمزا کرا. ناپلیۆن
پرسیی: باشە ئێمە بۆ دەبێ شەڕ بکەین؟ ئەلکساندریش گوتی:
خاوەنشکۆ، منیش هێندەی تۆ ڕقم لە ئینگلیزەکانە و، لەمەودوا بۆ شەڕی
ئینگلیزەکان پشتیوانت دەبم. ناپلیۆنیش وەڵامی داوە: کەوابوو ئاشتەوایی
نێوانمان مسۆگەرە.

لەو ماوەیەدا کە دوو ئیمپراتۆرەکە پێکەوە لەسەر سەکۆکە بوون، پادشای پرۆس لە بەرە ڕووسییەکەی نیەمێنەوە بەجێ مابوو و هەر چاوەڕێ بوو بەشکم ئەویش بانگهێشت بکەن. ناپلیۆن تا سبەینێکەی ڕێگەی نەدا بێتە نێو کۆڕەکەیانەوە و ببنە سێ کەس و، ئینجا زۆر بە سووکایەتیشەوە پێشوازیی لێ کرد. لەو کاتەدا کە لێک جیا دەبوونەوە، ئیمپراتۆری فەرەنسا، ئیمپراتۆری ڕووسی بانگهێشت کرد نانی نیوەڕۆی لەگەڵ بخوا، بەڵام پادشای پرۆسی خوڵق نەکرد و تەنانەت بە حاستەم سەرێکیشی بۆ لەقاند و ئیتر پشتی تێ کرد. ڕۆژی 26ی جوون ئەلکساندر لەسەر داوای ناپلیۆن لە ڕووبارەکە پەڕیەوە بۆ ئەوەی بێتە تیلسیت و لەو ڕۆژەوە ئەو دووانە هەموو ڕۆژێ یەکتریان دەدی.
سەرەتاکان ناپلیۆن ڕێگەی بەهیچ کام لە وەزیرەکانی نەدەدا بێنە کۆڕەکەیان و بە ئەلکساندری دەگوت: "من سکرتێری تۆ دەبم و تۆش سکرتێری من" و، هەر لەو یەکەم قسانەی ناپلیۆنەوە ڕوون دیار بوو، کە دۆخی پرۆس بە ڕاستی چەندە دڵتەزێن و شپرزە. ناپلیۆن بە ڕاوێژێکی ڕاشکاوانەوە پێشنیاری دابەشکردنی پرۆسی دەکرد، بەو مانایە کە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڕووباری ویستۆل دەدرا بە ئەلکساندر و بەشی ڕۆژئاواشی دەبووە ملکی ناپلیۆن. ئەو تەنانەت نەیدەویست هەر قسەیەکیش لەگەڵ فریدریک ویلهۆڵم بکا و ئەو دەگمەن جاروبارەش کە ڕێگەی دەدا بێتە لای، زیاتر بۆ لۆمە و سەرکۆنەکردن و ڕووشکاندنی بوو، نەک بۆ ئەوەی باسی شتێکی لەگەڵ بکا کە لە نێوانیاندا بێ.
تەنانەت ناپلیۆن کە باسی فردریکی هاوڕێی ئەلکساندریشی دەکرد، هەر بە دەستەواژەی "پادشا سووکوچرووکەکە"، سوپا بێقیمەتەکە و دەوڵەتێک کە هەموو دنیای خەڵەتاندووە و شیاوی ئەوە نیە ئاسەواری بمێنێ" ناوی دێنان. ئەلکساندر لە وەڵامی ناپلیۆندا تەنیا بە ئەدەبەوە

زەردەیەکی شیرینی دەهاتێ، ئەوەندە نەبێ تکای لە ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان دەکرد و دەیگوت، ڕاستە پادشای پرۆس شیاوی هەموو لۆمە و سەرکۆنەیەکە، بەڵام ڕێگەی بدە با هەر نەبێ تۆزێک لە پرۆسی بۆ بمێنێتەوە.
پادشا زەندەقچووەکەی پرۆس ئامادە بوو هەموو شتێک بکا، تەنانەت لاروڵەنجە و جوانیی ژنەکەشی بکاتە تکاکار، هەر بۆیە دەمودەست ئەمری کرد شاژن لوییز کە لە ڕادەبەدەر جوان بوو بێتە تیلسیت. ئەو ژانە هەر ئەو کەسە بوو کە ناپلیۆن لەسەرەتای جەنگی گەڵ پرۆسەوە بە دوژمنی خۆی دەزانی و فەرمانی دابوو میدیاکانی فەرەنسا باسی کردەوەی بێشەرمانەی بکەن و بنووسن. لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرباری پرۆس هەمووان هیوادار بوون کە دیدارێکی نهێنی لەگەڵ ئەو شاژنە سیحربازە تووڕەیی سەرکەوتووە لاسارەکە دەنیشێنێتەوە. هەر بۆیە بە هەڵەداوان شاژنیان بەڕێ کرد، ئەگەرچی چاوەڕوانی ئاکامێکی ئەوتۆ لەو دیدارە نەدەکرا. چونکە هەمووان دەیانزانی ناپلیۆن سەرەڕای ئەوەی دڵیشی دەچووە سەر ژنان، بەڵام ژن کاریان تێ نەدەکرد. هەرچۆنێک بێ دیداری نێوانیان لە کۆشکی تیلسیت ڕێک خرا. شاژن دەبوایە هەوڵ بدا هەر نەبێ ماگدبۆرک و چەند مەڵبەندێکی دیکە بگێڕێتەوە سەر پرۆس. ناپلیۆن کە لەو کاتەدا لە سەیران و ڕاو دەگەڕاوە، هەر بە جلوبەرگە سادەکەی ڕاوکردنەوە و بە قەمچیەکەوە هاتەوە نێو کۆشک و شاژنیش کە خۆی لەگوڵ دابوو، بە کەشم و نەشمەوە بە پێشەوازیەوە هات. ئەو کۆبوونەوە خۆمانەیە زۆری خایاند. کاتێک فریدریک شا کە نەیتوانی لەوە زیاتر خۆی لەبەر نیگای پڕ لە سووکایەتیی دەرباریەکانی ڕابگرێ و غیرەتی وەبەر خۆی نا و لێیان وەژوور کەوت، دانوستانە تایبەتییەکەی ئیمپراتۆر لەگەڵ شاژن پچڕا

بەر لەوەی شاژن دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسابێ شتێکی لێ وەرگرێتەوە... دواتر ناپلیۆن بە گاڵتەوە بە مارشاڵەکانی خۆی گوتبوو: "خۆ ئەگەر پادشای پرۆس تۆزێک درەنگتر وەژوور کەوتبایە، من ماگدبۆرگم پێ دابوونەوە."
پرۆسی قەدیم و پۆمرانی و براندمبۆرگ و سیلزی بە دەست بنەماڵەی پادشایی هۆهنزۆلێرنەوە مایەوە بەڵام باقی ئەیالەتەکانی چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاواوە لێ دابڕێنرا. جگە لەوەش ناپلیۆن بە زیادکردنی ڕستەیەک لە مادەی 4ی پەیمانەکەی تیلسیتدا، کەرامەتی نیشتمانیی پرۆسی تەواو تێک شکاند. نێوەرۆکی ڕستەکەش ئەوە بوو، کە ئەم چوار ئەیالەتەش تەنیا "لەبەرخاتری خاوەنشکۆ ئیمپراتۆری هەموو ولاتی ڕووسیا" دەداتەوە. هەموو ملکەداگیرکراوەکانی پرۆس لە ڕۆژئاوای ڕووباری ئەلب خرایە سەر پێگەڕی پادشایی وێستفاڵی کە ناپلیۆن تازە دایمەزراندبوو و ئیمپراتۆر، دووکنشینی مەزنی "هێس" و هەندێ پاش ئەوە ئەیالەتی هانۆریشی خستە سەری و تاجی پادشایەتیی ئەو مەملەکەتەی لەسەر ژرۆمی برای نا. ئەو خاکانەی پۆلۆنیا کە لە پرۆس دابڕێنرابوون ـ ئەیالەتەکانی پۆزنان و وارشۆ ـ دووکنشینی گەورەی وارشۆیان پێک هێنا و ناپلیۆن پادشای ساکسی کردە فەرمانڕەوای ئەوێ. ئەلکساندری یەکەمیش بەشێکی بچووکی بیەلۆستۆکی ـ لەسەر پێداگریی ناپلیۆن ـ داگیر کرد. پەیمانێکی بەرگری کە بەشێوەی کاتی بەنهێنی دەمایەوە، لە نێوان دوو ئیمپراتۆرەکەدا بەسترا و لە سۆنگەیەوە ڕووسیا کەوتە گەڵ هاوپەیمانێتیی گەمارۆی وشکانی.
لە ڕۆژی 8ی جوولای 1807دا پەیمانی تیلسیت کە بۆ پرۆس و هەموو ئەڵمانیا شوورەیی بوو، بە فەرمی ئیمزا کرا.

له تیلسیت هەتا ئێوارەی ڕۆژی 8ی جوولای یەک پشوو جێژن و بەزم و ئاهەنگ بوو. لەو ماوەیەدا هەر دوو ئیمپراتۆرەکە وەک دوو دۆستی تاهەتایی هەڵسوکەوتیان کرد و ناپلیۆن هەموو هەوڵی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی سۆز و ڕێزی خۆی بەرانبەر ئەو کەسەی کە تا دوێنێ دوژمنی و ئەمڕۆ یەکێک لە هاوپەیمانەکانی بوو، بنوێنێ. ڕۆژی 9ی جوولای ناپلیۆن و ئەلکساندر پێکەوە لەبەردەم گاردی فەرەنسی و ڕووسی خۆیان ڕانا و، کاتێک مالاوایان لێک دەکرد، پاش ماچی مالاوایی لەبەردەم لەشکر و ئەو حەشامەتەی لەمبەروئەوبەری چۆمی نیەمێن کۆ ببوونەوە، جیا لەو دوو ئیمپراتورە و هاوڕازە زۆر نزیکەکانیان، کەس نەیدەزانی لەو چەند ڕۆژەی دانوستانەکانی تیلسیتدا چ گۆڕانێکی قووڵ بەسەر دۆخی جیهاندا هاتبوو.

لە تیلسیتەوە تا واگرام

1807 ـ 1809

ناپلیۆن لە حاڵێکدا، لەسەرانسەری ئەڵمانیادا بە جۆش و خرۆشێکی کۆیلانەوە پێشوازیی لێ دەکرا، لە تیلسیتەوە چۆوە پاریس. ئێستا ئیتر ئەو بە ڕواڵەت گەیشتبووە لووتکەیەک، کە تا ئەوکاتە هیچ فەرمانڕەوایەک لە مێژوودا پێی نەگەیشتبوو. ئەو ئیمپراتۆری تاکبڕیاری ئیمپراتۆرییبێسەروبنی فەرەنسا بوو، کە بریتی بوو لە بەلژیک و ئەلمانی ڕۆژئاوا و پیەمۆن و ژێن و پادشایەتیی ئیتالیا و پشتیوانی ـ لە ڕاستیدا خاوەنی ـ پێگەڕە پانوبەرینەکانی یەکیەتیی ڕاین بوو، کە بەو دواییانە ساکسیشی لێ زیاد ببوو و حاکمی سویسڕایش بوو:

لە هۆڵەندا و لە پێگەڕی پادشایەتیی ناپلیۆن کە لۆیس و ژۆزێفی برای لەسەر تەختی پادشایەتیی ئەو دوو وڵاتە دانابوو، هەر وەک کەوشەنی ئیمپراتۆرییەکەی خۆی دەسەڵاتی بێجڵەوی هەبوو و، لەوێش بەو شێوەیە پادشایەتیی دەکرد وەک چۆن خۆی بە پادشای هەمو ئاڵمانی ناوەندی و

بەشێک لە ئاڵمانی باکوور دەزانی کە بەناوی کەوشەنی پادشایەتیی وێستفاڵی بە ژرۆمی برای بەخشیبوو و ئەو ملکە زۆروزەوەندەی بنەماڵەی هابسبۆرگ کە لە نەمسای دابڕیبوو و بە باقیری ئەسپاردبوو کە خۆی وەک پادشا لەوێی دانابوو. هەروەها بەسەر کەنارەکانی باکووری ئەوروپاشدا کە لەوێ شارەکانی هامبۆرگ و بێرم و لۆبێک و داتزیگ و کۆنیکسبێرگ لەبن دەستی لەشکرەکەی ئەودا بوون و پۆلۆنیا کە سوپایەکی تازە دامەزرێنراوی ئەو بە فەرماندەیی مارشاڵ داقۆ لێی جێگیر کرابوو و پادشای ساکس بە نازناوی دووکی مەزنی هەر بەناو کردبووە پادشای ئەوێ و ئەویش گوێڵەمستی خۆی بوو. ئەو بەسەر هەموو ئەو شوێنانەدا فەرمانڕەوایی دەکرد

جگە لەوانەش، دوورگەکانی ئیۆنیەنز و شاری کاتاور و بەشێک لە کەناراوەکانی دەریای ئادریاتیک لە ڕۆخی شێوەدوورگەی باڵکان ئی ناپلیۆن بوون.

پرۆس کە تەنیا زەوییەکی بەرتەسکی لێ مابۆوە و دەرەتان و چەکوچۆڵەکەشی تەواو بەرتەسک کرابوو و لەبەر باری پیتاک و باجی جۆراوجۆردا بڕستی لێ بڕابوو، زەندەقی چووبوو لەوەی ناپلیۆن قسەیەکی لە دەم بێتە دەرێ. نەمسا کڕوکپ و گوێڕایەڵ ببوو. ڕووسیا پەیمانێکی خۆمانەی لەگەڵ فەرەنسا بەستبوو، تەنیا ئینگلتەرا بوو کە هەروا ملەی لەگەڵ دەکرد.

ناپلیۆن پاش ئەوەی گەڕایەوە پاریس، بە یارمەتیی گۆدۆن وەزیری دارایی و مۆلین وەزیری خەزێنەداری، زنجیرەیەک چاکسازیی گرینگی لە بواری ڕێکخستنەوەی بەشەکانی ئابووری و مالیاتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆدا کرد، کە لە سۆنگەی ئەو چاکسازیانەوە، داهاتی ئیمپراتۆرییەکەی (750 تا 770 ملیۆن فرانک)، کە بەرهەمی چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی میللەتی

فەرەنسا و میللەتە داگیرکراوەکان بوو، تەواو بەشی خەرج و تێچووەکانی وڵاتی دەکرد. بە شێوەیەک کە خەرج و تێچووی ڕاگرتنی سوپا لە سەردەمی جەنگیشدا کە پێشتر بەلاوە نرابوو، لەو حیسابە هەڵگیرابوو. ئەوە خۆی یەکێک بوو لە لایەنە زەقەکانی ئابووریی ناپلیۆنی، کە ئەو خەرج و تێچووی جەنگی وەک بەشێک لە "تێچووە ئاساییەکان" لەقەڵەم دەدا نەک خەرج و تێچووی جیاواز

پێگەی دەوڵەت وەها پتەو ببوو، کە بانکی فەرەنسا ـ کە لەسەردەمی ناپلیۆندا دامەزرابوو و ئێستاش پەیڕەو و پرۆگرامەکەی هەر ماوە ـ لە 4% پتر بەهرەی نەدەدا، لە حاڵێکدا تا ساڵانی 1804 و 1805 هێشتا 10% بەهرەیان دەدا... ئیتالیا وڵاتێک کە هەر بەناو سەربەخۆ بوو، ساڵێ بڕی 36 ملیۆن فرانک زێڕی وەک باج دەدا بە فەرەنسا و ئەوەش پارەیەک بوو کە ناپلیۆن، پادشای بەخشندەی ئیتالیا، لە گەورەیی خۆیەوە وەک دیاری دەیدا بە ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەرەنسا. بەڵام تێچووە ئیدارییەکانی ئیتالیا هەر لە داهاتەکانی وڵات دابین دەکرا.

لەلایەن ناپلیۆنەوە، جێنشینێک حوکمی ئیتالیای دەکرد، کە زۆرکوڕەکەی خۆی واتە ئۆژن دێ بۆهارنێ بوو. پێویست نییە ڕوونی بکەینەوە کە ئەو سوپا فەرەنسیەی لە ئیتالیا جێگیر ببوو، بە خەرجی ئیتالیا بەخێو دەکرا. ئەو مەملەکەتانەی دیکە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ژێردەستی ناپلیۆن بوون، مااڵیاتی لەو چەشنەیان بۆ بەخێوکردنی ئەو لەشکرە فەرەنسیانەی لە وڵاتەکەیاندا بوو، دەدا.

بەو زێڕەی لە پادشا دەسنیشانکراوەکان وەک ماڵیات و باج وەردەگیرا، ناپلیۆن لە فەرەنسا بەردەوام دراوی چاپ دەکرد و ئەو دراوە زێڕەیش دەهاتە نێو گەڕی سات و سەودا و بازاڕەوە. ئەو چاکسازییە

ئابووریيەی لەو کاتەوە دەستی پێ کردبوو کە کونسوڵی یەکەم بوو، لە 1807دا پاش گەڕانەوەی لە تیلسیت کۆتایی هات.
ئەو دەیویست بۆ گەشەپێدانی ئاستی پیشەسازیی فەرەنساش هەندێ هەوڵی جۆراوجۆر بدا، بەڵام لەو بوارەوە دۆخەکە ئەستەمتر بوو، چونکە ئەو چاکسازییانە دەبوایە بە هەماهەنگییەکی زۆر ڕاستەوخۆ و بەبێ ڕاوەستانی فەرمانی گەمارۆی وشکانی جێبەجێ بکرێن. پاش گەڕانەوەی لە تیلسیت زۆری نەبرد، ناپلیۆن کۆمەڵێک هەنگاوی سیاسیی زۆر گەورەی نا، کە بە باوەڕی خۆی بەبێ ئەو هەنگاوانە، وەدیهێنانی گەمارۆی ئابووریی ئینگلتەرا مەحاڵ بوو. جا ڕێک پاش کەوتنەگەڕی ئەو هەنگاوانەش بوو کە ناپلیۆن لە بواری ئابووریدا هەوڵەکانی خۆی خستنە گەڕ. کەوابوو پێش تاوتوێکردنی ئاکامەکانی گەمارۆی وشکانی و کاریگەرییەکەی لەسەر چین و تویژە کۆمەڵایەتییەکانی ئیمپراتۆری و لەسەر سیاسەتی ناپلیۆن، دەبێ لە پێشدا بزانین ناپلیۆن بۆچی نەخشەی گرتنی شێوەدوورگەی ئیبێریی داڕشت.
شیاوی بیرخستنەوەیە کە لە ماوەی پاییزی 1807 و زستانی 1808دا وردەوردە جۆرێک بیروبۆچوونی جیاواز ئەگەرچی هێشتا شاراوە و ناڕوونیش بوون، لە نێوان ئیمپراتۆر و مارشاڵەکان و وەزیر و بەرپرسە پلەبەرزەکانی نزیکیدا دەردەکەوتن. دەرباری ناپلیۆن لە کەشم و نەشمدا نوقم ببوو: نەجیبزادە کۆن و تازەکان و بۆرژوازیی گەورەی تازە و کۆن لە کۆڕ و جێژن و میوانی و شەونشینییەکانی خۆیاندا کێبەرکێی کەشم و نەشم و باق و بریقیان بوو. ئاڵتوون بە لێشاو بوو، چونکە شازادە بیانییەکان و ئەو پادشایانەی خۆی دایناببوون وەختێک دەهاتن خزمەتی خۆیان ڕاگەیەنن، ماوەیەکی زۆر لە پایتەختی دنیا "پاریس" دەگیرسانەوە و پارەیەکی زۆریان خەرج دەکرد. جۆرە بەزم و

ئاهەنگێکی شکۆدار و بێبڕانەوە وەک جێژنە سیحراوییەکانی پەرییان بەردەوام لە کۆشکەکانی تۆیلری و فۆنتنبلۆ و سەنت کلۆد و مالمزۆندا بەرپا بوو. ڕێژیمەکەی پێشوو هەرگیز شکۆ و باق و بریقی لەو چەشنەی بەخۆوە نەدیتبوو و ئەوەندەشی ژن و پیاوی ڕازاوە بە زێڕ و خشڵ و گەواهێراتی تێدا کۆ نەدەبۆوە. بەڵام هەمووان دەیانزانی کە لە یەکێک لە ژوورە بەتاڵەکانی کۆشکدا، لەو شوێنەی دەنگی قریوەی جەژن و هەڵپەڕکێی نەدەگەیشتێ، سەروەریان ئەوا بەسەر نەخشەی شێوەدوورگەی ئێبریدا نوشتاوەتەوە و، زۆربەی ئەو ئەفسەرە بێخەمانەی لەو بەزم و ئاهەنگانەدا نوقمی سەما و خۆشی بوون، لەوانەبوو بە ئاماژەیەکی ئیمپراتۆر دەسبەجێ واز لەو شکۆ و خۆشییانە بێنن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە جەستەیان بکەنە خۆراکی گوللەی تۆپ و تفەنگان. بەڵام لەبەر چی؟

لە ڕۆژی دوای شەڕەکەی ئۆسترلیتزەوە، زۆربەی هاوسەنگەرەکان پێیان وابوو ئیتر کاتی ئەوەیە ئەم جەنگانە ببڕێنەوە و ئیتر فەرەنسا گەیشتوەتە لووتکەی دەسەڵاتێک کە هەرگیز لەو ئاستەدا نەبووە. بە دڵنیاییەوە، خەڵکی هەموو ئیمپراتۆرییەکە بە تەواوی گوێڕایەڵی ناپلیۆن بوون. جووتیار، ملیان بۆ سەربازی ڕادەکێشا و بازرگانەکان بەپێچەوانەی بۆرژوای بازرگانی شارەکانی کەنار دەریا بەتایبەتی پیشەسازەکان، لە خۆشیی گەشە و پەرەگرتنی بازاڕەکان و ئەو پلانانەی بەڕێوە بوون، شاگەشکە ببوون. بەرپرسە باڵاکانی وڵات و مارشاڵەکانیش پاش تیلسیت هەلیان بۆ ڕەخسابوو بیر لەوە بکەنەوە و ئیتر ترسی ئەوەیان نەبوو شۆڕشێکی نێوخۆیی بتوانێ سەقامگیریی کۆمەڵایەتی بخاتە مەترسییەوە. ئەوان دەیانزانی پەنجەی پۆڵاییینی ناپلیۆن دەوروبەرە کرێکارنشینەکانی پایتەختی ڕێک گوشیوە، بەڵام لە

شتێکی دیکە دەترسان: ترسیان لە پەرەگرتنی بێسنووری ملکەکانی ناپلیۆن بوو.
دەسەڵاتە بێجڵەوەکەی ناپلیۆن بەسەر ئەو هەمووە وڵات و نەتەوەیەدا لە کۆنیکسبێرگەوە تا پیرینێ و بگرە ئەولاتریش و لە وارشۆ و دانتزیگەوە تا ناپڵ و برندیزی و لە ئانۆرسەوە تا چیاکانی باکووری ڕۆژئاوای باڵکان و لە هامبۆرگەوە تا کۆرفۆ ئیتر وردەوردە دەوروبەرییەکانی ئەوی نیگەران دەکرد. وردەشارەزاییەکی کە لە زانستی مێژوو هەیانبوو لەگەڵ بانگەوازی ناخیان ئەگەرچی بەکردەوە کپیش کرابوو، پێیانی دەگوت، ئەم جۆرە ئیمپراتۆرییە جیهانییانە زۆر خۆ ناگرن و هەر دیاردەیەکی ناوازە و ڕیزپەڕن. جگە لەوەش چونکە بەرهەمی زەبروزەنگی گەمەی هێزە مێژوونووسەکانن، لە ڕادەبەدەر لەرزۆکن و لەسەر لێواری نەمانن. ئەوان تێگەیشتبوون و تەنانەت وردە وردە دەشیاندرکاند، کە ئەوەی ناپلیۆن لە سەرەتاوە تا پەیمانی تیلسیت کردوویەتی، زیاتر لە موعجیزەیەک دەچێ نەک ڕاستییەکی مێژوویی. تاقمێکیان لەگەڵ تالیران لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە بەردەوامبوون لەسەر تۆمارکردنی ئەو جیهانگیرییە ئەفسانەییانە لە لاپەڕەکانی مێژوودا، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەستەمتر و مەترسیدارتر دەبێ.
ناپلیۆن بەرانبەر هاوکارە سەرەکییەکانی خۆی لە نێو لەشکر و دامودەزگا حکوومیەکانیشدا لە ڕادەبەدەر دەست و دڵ کراوە بوو. پاش تیلسیت ملیۆنێک فرانکی زێڕی وەک پاداشت دایە مارشاڵ لان و مووچەیەکی ساڵانەی بە بڕی 300000 فرانک بۆ مارشاڵ نێی بڕییەوە. بەشی بێتریەش یەک کرۆر فرانک زێڕ و 405000 فرانک مووچەی ساڵانە بوو. باقی مارشاڵەکان و بەشێکی زۆر لە ژەنەڕاڵ و ئەفسەرەکانیش لەو تەخشان پەخشانە بێبەش نەبوون. وزیرەکان یانی

گۆدن و مۆلین و تالیران و فۆشێ هێندەی مارشاڵەکان ئاوڕی بەخێریان لێ نەدرایەوە، بەڵام ناپلیۆن چاکەی لەگەڵ ئەوانیش کرد. هەموو ئەفسەرەکانی گارد و ئەفسەرانی سوپاش کە لە شەڕەکاندا بەشداریی کاریگەریان ببوو، پاداشتیان پێ درا و زۆربەیان موچەی چەور و باشیان بۆ بڕدرایەوە و بریندارەکان سێ هێندەی ئەوانی دیکە پاداشتیان وەرگرت. ئەو دەستئاوەڵایی و تەخشان پەخشانانە تەنانەت زیانی یەک فرانکیشی بۆ خەزێنەی فەرەنسا نەبوو، چونکە جگە لەو باج و پیتاکە زۆروزەوەندەی وڵاتە بەزیوەکان ناچار بوون بە فەرەنسای سەرکەوتووی بدەن، ناپلیۆن مااڵیاتی تایبەتیشی خستبووە سەر ئەو وڵاتانە و تەنانەت هەندێ شار و یەکیەتییە پیشەسازیەکانیش، کە بڕەکەی دەگەیشتە دەیان ملیۆن فرانک. بۆ وێنە پێگەڕی پادشایەتیی وێستفاڵی 40 ملیۆن، مااڵیاتێکی تایبەتیی زەوی کە بۆ هانۆر دەسنیشان کرابوو 20 ملیۆن، ئەوەی لە پۆلۆنیا وەردەگیرا بڕی 30 تا 35 ملیۆن... ناپلیۆن بە کەیفی دڵی خۆی ئەو داهاتانەی بەکار دێنا. پاش تەخشان و پەخشان بەسەر نزیکەکانیدا، هەرچیی لەو پارەیە دەمایەوە، ناپلیۆن لە کون و کاژێرەکانی کۆشکی تۆیلریدا کە شوێنی پاراستنی سندووقە تایبەتییەکانی خۆی بوو، کۆی دەکردنەوە، هەر وەک خۆی دەیگوت لە ساڵی 1812دا زیاتر لە 300 ملیۆن فرانک زێڕ بوو. ئەو بڕە پارەیەی بە فەرمی بۆ دەربار و خزمەتکارانی وڵاتەکەی ئەو تەرخان کرابوو، 25 ملیۆن فرانک بوو، کە لە چاو ئەو لێشاوە زێڕەی دەڕژایە نێو سندووقەکانی ئەوەوە و بەبێ هیچ چاودێرییەک و بە جیا لە بوودجەی وڵات کاری پێ دەکرد، دڵۆپێک لە دەریا بوو. قوڕ بەسەر بەزیوەکان، ناپلیۆن خۆی دەیگوت: "جەنگ خۆی بە جەنگ بەخێو دەکا و ئەو بنەمایەش لە ئیمپراتۆرییەکەی ئەودا زۆر بەتوندی جێبەجێ دەکرا.

بەوجۆرە داهاتێکی زۆروزەوەندی سالانە لە ولاتە داگیرکراوەکانەوە بە ناپلیۆن دەبڕدرا کە خۆی لە ملیۆنان فرانک دەدا و ئەو بەبێ دەستگیڕانەوە بەشێکی بەسەر سوپا و کارمەندەکانی حوکمەتەکەیدا دابەش دەکرد و، لە دڵی خۆیدا دەیگوت، لێگەڕێ با لە ڕۆژانی ئاشتەواییدا چێژ لەو خێروبێر و شانازییانە وەرگرن، خۆ ئەوان تەمەنیان هەر لە جەنگی بێپسانەوەدا تێدەپەڕێ و بەفیڕۆ دەچێ.

هەمووان دەیانزانی ناپلیۆن هێشتا لە تیلسیت نەگەڕاوەتەوە بەتەمایە لەشکر بەرێتە سەر پرتۆگال لەوپەڕی ئیسپانیا. خەڵکەکە زۆربەیان هەر نەیاندەزانی ئەو شەڕە تازەیە لە پێناو چی دایە. لەو بارەیەوە پێویستە جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر گەمارۆی وشکانی، چونکە لە پاش ئەو گەمارۆیەوە ئێمە ناتوانین بەبێ ئاوڕدانەوە لەو مەسەلەیە پاساو بۆ هیچ کام لە کاروکردەوەکانی ناپلیۆن بێنینەوە.

جا چونکە ناپلیۆن شێلگیرانە دەیویست بە گەمارۆی وشکانی ئابووریی ئینگلتەرا کپ بکا، کەوابوو ئەو بەڵگەیەی بۆخۆی دێناوە زۆر ئەقڵانی بوو: ئەو نە دەیتوانی متمانەی بە بنەماڵەی براگانسی پۆرتۆگال هەبێ و نە بە بنەماڵەی بۆربۆنەکانی ئیسپانیا. ئەستەمیش بوو بڕوایان پێ بکا کە ئەو دوو بنەماڵە پادشایەتیە ئامادە بن بە ئانقەست و بە چاوکراوەیی نەهێڵن جووتیار و وردەملکدار و ملکدارە گەورەکانیان خوریی مەرینووس بە ئینگلتەرا بفرۆشن و نەشهێڵن کالا پیشەسازییە هەرزانباییەکانی ئینگلتەرا بێتە نێو ئیسپانیا و پۆرتۆگالەوە و بەوجۆرە خۆیان مایەپووچ بکەن. دەی ڕوون و دیار بوو کە سەرەڕای پشتڕاستکردنەوەی بێ ئەملاوئەولای پەیمانەکەی بەرلین، هەردوو پادشاکە بە ئانقەست خۆیان لێ گێل دەکرد و چاویان لە قاچاخچییەکان دەنووقاند و هەزاران ڕێگەیان دەگرتە بەر بۆ ئەوەی فەرمانی گەمارۆی

وشکانی پێشێل بکەن. بە سەرنجدان بە پانتاییە لەڕادەبەدەرەکەی کەنارەکانی شێوەدوورگەی ئێبری و ئاگاداربوون لەوەی گەلەکەشتیی جەنگیی ئینگلیز وەک چۆن بەسەر هەموو زەریای ئەتلەس و دەریای سپیی نێوەڕاستدا زاڵە ئاواش بەسەر کەنداوی بیسکەیدا زاڵە و لە نێو شێوەدوورگەکەشدا قەڵا ئینگلیزییەکەی جەبەلوتاریق سەری لە ئاسمان دەسوێ، بە دڵنیاییەوە تا ناپلیۆن پورتۆگال و ئیسپانیای بەتەواوەتی نەخستبایەتە ژێر ڕکێفی خۆی، ئەو دوو وڵاتە ڕێوشوێنەکانی گەمارۆی وشکانیان جێبەجێ نەدەکرد. بابەتەکە لە زەینی ناپلیۆندا بەو جۆرە یەکلا کرابۆوە کە هەموو کەنارەکانی ئەورووپا لە باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا دەبێ ڕاستەوخۆ بکەوێتە ژێر چاودێریی وردی فەرەنساوە و هەر کەس مل بۆ ئەو بنەمایە ڕانەکێشێ، تێدا دەچێ. بۆربۆنەکانی ئیسپانیا لە هەمبەر ئەودا خاکەڕایانە درۆیان لەگەڵ دەکرد، چونکە نە دەیانتوانی و نە دەشیانویست کە ئینگلیزەکان تەرە بکەن و دووریان بخەنەوە و بە کردەوە ڕێگە لە بازرگانییەکەیان بگرن. بنەماڵەی براگانس لە پورتۆگالیش هەر وا دەجوولانەوە، یانی وێڕای ئەوەی خۆیان سووک دەکرد و گوێڕایەڵانە کڕنۆشیان بۆ ناپلیۆن دەبرد، بەڵام هەوڵیان دەدا چاوپۆشی لە پێشێلکرانی ڕێوشوێنەکانی گەمارۆکە بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلتەرا کە پاش ڕووداوەکەی تیلسیت کەسی بە دەورەوە نەمابوو، شێلگیرانە بڕیاری دا ململانێ و بەرەنگارییەکەی توندوتۆڵتر بکا. لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی سێپتەمبەری ساڵی 1807دا دەستەیەک گەلەکەشتیی جەنگیی ئینگلیز بە بیانووی ئەو دەنگۆیە کە دانیمارک دەیەوێ بچێتە نێو دەستەی گەمارۆی وشکانیی ئینگلتەراوە، شاری کۆپێنهاگی تۆپباران کرد. هەواڵی ئەو ڕووداوە ناپلیۆنی زۆر تووڕە کرد و شێلگیرتری کرد لەسەر ئەوەی بۆ داگیرکردنی ئیسپانیا و

پورتۆگال پەلە بکا. لە ئۆکتۆبەری 1807ـدا 27000 پیاوی شەڕکەر بە سەرکردایەتیی مارشاڵ ژۆنۆ و بە ئەمری ناپلیۆن بەوپەڕی ئیسپانیادا پەلاماری پورتۆگالیان دا. بڕێک دواتر، سوپایەکی 24000 کەسیی دیکە بە سەرکردایەتیی ژەنەڕاڵ دوپۆن بەدوویدا کەوتە ڕێ. جگە لەوە ناپلیۆن یەکەیەکی پشتیوانییشی کە 5000 شیروەشێن بوون و لە لەشکرەکەی دراگۆن و سوارچاک و کەواندێر(تیرهاوێژ) پێکهاتبوون، نارده شەڕگە. شازادەی جێنشینی پورتۆگال داوای یارمەتیی لە ئینگلتەرا کرد. ئەو هێندەی ناپلیۆن لە ئینگلیزەکان دەترسا، چونکە ئینگلیزەکان دەیانتوانی لە دەریاوە، لیسبۆنیش وەک کۆپێنهاگ کاول بکەن. بە ڕای ناپلیۆن پاش یەکلاکردنەوەی پورتۆگاڵ لە قۆناغی دووەمدا نۆرەی ئیسپانیا بوو. چونکە گوێڕایەڵکردنی ئیسپانیا، لە دوو پێگەی دڵنیاوە یانی لە پورتۆگاڵ و لە باشووری فەرەنساوە ئاسان بوو. ئیمپراتۆر تەنانەت ئەوەندەشی خۆ زەحمەت نەدا کە لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە هۆشداری بداتە ئیسپانیا، بۆ ئەوەی سوپاکەی بە وڵاتەکەیاندا تێپەڕێ. تەنیا ئەمری بە ژۆنۆ کرد کە وەختێک سنوورەکەیان دەبەزێنی، بە پەیکێکدا نامەیەک بۆ مەدرید بنێرێ و ئاگاداری بکاتەوە و مەدرید کە ئاگادار بۆوە، جگە لە ڕەزامەندی و ملڕاکێشان هیچ چارێ نەبوو.

لە دەرباری ناپلیۆندا، کاماسرێس، مۆرهەڵگری ئیمپراتۆریی غیرەتی وەبەر خۆی نا و زۆر بەڕێزەوە ناڕەزایەتیی خۆی لەو کردەوەیە گەیاندە ئیمپراتۆر. بە پێچەوانەوە تالیران کارەکەی ئیمپراتۆری تەواو پێ باش بوو. ئەو سیاسەتمەدارە لە مانگی ئۆگۆستی 1807ـدا پاش پەیمانی تیلسیت دەستی لەکار کێشابۆوە. بیانووی دەست لەکارکێشانەوەکەشی هۆشداریەک بوو کە ناپلیۆن سەبارەت بە بەرتیلخۆری و دانی پاداشت و مووچەی ناڕەوا بە تالیران پێی دابوو،

چونکه تالیران لەو لایەنەوە زۆر لاواز بوو. بەڵام هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی بەراستی ئەوە بوو، کە چونکە تالیران دەیزانی سیاسەتە جیهانییەکانی ناپلیۆن دواجار چیان لێ دەکەوێتەوە، ئیتر بڕیاری دابوو وردە وردە خۆی لە هەموو پۆستێکی هەستیار بپارێزێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە دەرباری ناپلیۆندا ڕێز و حورمەتی هەر هەبوو. بەڵام ئێستا چونکە دیسان دەیویست ئیمپراتۆر ئاوڕی بەخێری لێ بداتەوە، سەرەڕای ئەوەی دەیزانی گرتنی ئیسپانیا کارێکی زۆر مەترسیدار و پڕ چەرمەسەرییە، بەڵام ئیمپراتۆر هەر شتێکی کردبایە، ئەو پشتی دەگرت. سوپای مارشاڵ ژۆنۆ چووە نێو ئیسپانیا و یەکەوڕێ بەرەو پورتۆگال ملی ڕێگەی گرت. سەربازانی فەرەنسی بەسەر ڕێگەی زۆر سەخت و ڕژد و پڕ هەڵدێر و وڵاتێکی کاولدا کەوتن، خۆراک و تفاقیان دەست نەدەکەوت. جووتیارەکانیان تاڵان دەکرد و ئەوانیش لە هەر شوێنێک سەربازێکیان دەست کەوتبایە دەیانکوشت و تۆڵەیان دەکردەوە. ئاخری پاش ڕێگەبڕینێکی دوورودرێژ کە 6 حەفتەی خایاند، لە 26ی نۆڤەمبەری 1807دا ژۆنۆ چووە نێو لیسبۆنەوە. دوو ڕۆژ پێش ئەوە، بنەماڵەی پادشایەتی بە کەشتییەکی ئینگلیزی لە پایتەخت ڕای کردبوو. جا ئەوجار نۆرەی ئیسپانیا بوو.

2

لە ئیسپانیا وەزعەکە بەو شێوەیە بوو: شارڵیی چوارەم، کە پادشای ئەو وڵاتە بوو، پیاوێکی نەفس نزم و زیرەک بوو، کە تەواو لە ژێر کارتێگەریی ژنەکەی و گۆدۆی ئازیزیدا بوو. پادشا و شاژن و گۆدۆی بە ئاشکرا دوژمنایەتیی فێردیناندی میراتگری تەخت و تاجیان دەکرد کە ئەوکات واتە ساڵانی 1805 و 1806 و 1807 نەجیبزادە و تویژی

بۆرژوای ئیسپانیا زۆریان هیوا بەو بوو. بێسەروبەریی داموددەزگای ئیداری و ئابووریی وڵات و پشێوی لە هەموو بوارەکانی سیاسەتی نێوخۆییدا بە زیانی بازرگان و کشتوکاڵ و گەشەی پیشەسازی کە پێشتر لەگەشەدا بوو و ئێستا خەریک بوو بەرەو داکشان و نەمان دەچوو، هەستێکی هاوشێوەی لەنێو بۆرژوا و نەجیبزادەکاندا دروست کردبوو و یەکڕیزی کردبوون: بە ڕای ئەوان، بە خستنی پیاوە خۆشەویستەکەی دەربار یانی گۆدۆی، دەکرا ئیسپانیا ببووژێننەوە. هەمووان بیریان لەوە کردبۆوە کە فێردینانی میراتگری تەخت و تاجی ئیسپانیا لەگەڵ یەکێک لە خزمەکانی ناپلیۆن زەماوەند بکا. بە هیوای ئەو خزمایەتییە لەگەڵ ئیمپراتۆری بەدەسەڵاتی فەرەنسیەکان، پێدەچوو هەرنەبێ پشتیوانێکی بەهێز بۆ وەدیهێنانی چاکسازییەکانیان بدۆزنەوە و وێڕای پاراستنی سەربەخۆییەکەیان دەشتوانن لە هەموو بوارێکی سیاسەتی دەرەوەدا بێخەم بن. فێردینان داوای یەکێک لە برازاکانی ناپلیۆنی کرد، بەڵام داواکەیان قبووڵ نەکرد.

لە ڕاستیدا ئیمپراتۆر نەخشەیەکی دیکەی هەبوو: ئەو دەیویست بنەماڵەی پادشایەتیی ئیسپانیا تەواو لێ بخا و یەکێک لە براکانی یان مارشاڵەکانی خۆی لەسەر تەختی پادشایەتیی ئەو وڵاتە دابنێ. لە زستان و بەهاری ساڵی 1808دا چەندین یەکەی تازەی سوپای ناپلیۆن پەیتاپەیتا لە پیرینێوە تێدەپەڕین و هەڵیاندەکوتایە سەر ئیسپانیا. ئەو تا مانگی مارس سەد هەزار کەسێکی لەو وڵاتەدا جێگیر کردبوو. وەختێک لە هێزەکی خۆیان دڵنیا بوونەوە بڕیاریان دا هەنگاو بنێن و بەو مەبەستەش کەڵکیان لەو دووبەرەکییە وەرگرت کە لە بنەماڵەی پادشایەتیدا هەبوو. مارشاڵ مۆرا بە سەرکردایەتیی سوپایەکی 80000 کەسی هێرشی کردە سەر مەدرید. شارڵیی چوارەم و ژنەکەی و

گۆدۆی لەپێشدا بڕیاریان دا لە پایتەخت ڕا بکەن بەڵام میللەت ڕاپەڕیبوون و لە ئارانخیوزدا ڕایانگرتن. ڕاپەڕیوەکان گۆدۆیان گرت و بێبەزەییانە ئازاریان دا و لە زیندانیان توند کرد و لە لایەکیشەوە پادشایان ناچار کرد تەخت و تاجەکەی بە فێردینان بسپێرێ. ئەو ڕووداوە لە 17ی مارسی 1808دا ڕووی دا و شەش ڕۆژ دواتر یانی لە 23ی مارسدا، مۆرا چووە نێو پایتەختی ئیسپانیا. بەڵام ناپلیۆن پادشایەتیی فێردیناندی بە فەرمی نەناسی و ویستی پادشا تازەکە و پادشای کۆن وێکڕا لەگەڵ هەموو بنەماڵەی پادشایەتی بێنە بایۆن لە وڵاتی فەرەنسا بۆ لای ئەو. بەو جۆرە مافی دادوەریی بەرز و سەلاحییەتی داوەریکردن و بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەو مەسەلەیەدا کە کامیان هەق و کامیان ناهەقن، دا بەخۆی. لە 30ی ئەپریلی 1808دا شارلێی چوارەم و ژنەکەی و فێردیناندی حەوتەم و گۆدۆی پێکەوە گەیشتنە بایۆن. بەڵام ناپلیۆن ویستی هەموو شازادەکانی بنەماڵەی پادشایەتیی ئیسپانیاش لەگەڵی بێنە لای. مەدرید شێوا: وردەوردە مەبەستی ناپلیۆن ڕوون دەبۆوە. ئەو دەیویست پاش ئەوەی بە ناجوامێری تەواوی بنەماڵەی پادشایەتیی ئیسپانیای هێنایە بایۆن، پێیان ڕابگەیەنێ کە تەخت و بەختیان وەرگەڕاوە و ئینجا هەموویان قۆڵبەست بکا و بیانوویەکیان پێ بگرێ و ئیسپانیا بخاتە سەر فەرەنسا. 2ی مانگی مای، خەڵک لە مەدرید لەو هێزە فەرەنسیانە ڕاپەڕین کە شارەکەیان داگیر کردبوو. مۆرا ئەو ڕاپەڕینەی لە خوێن وەردا، بەڵام ئەوە تەنیا سەرەتاییترین بڵێسەکانی ئاگری سامناکی جەنگی نیشتمانی بوو لە ئیسپانیادا.

ناپلیۆن هەر بەوەی زانی، لە کاتێکدا تازە بنەماڵەی پادشایەتیی ئیسپانیا گەیشتبوونە بایۆن و پاش ئەو هەرایەی لە هەنتەشی ئەودا بەرپا بوو و

شارلّیی چوارەم بە گۆچان لە فێردینان ڕاسا، ئیتر ئیمپراتۆر بەو جۆرە وێست و ئیرادەی خۆی پێ ڕاگەیاندن:
شارلّیی چوارەم و فێردینان هەردووکیان دەبێ واز لە تەخت و تاجی ئیسپانیا بێنن و، ئەو مافە تەنیا بۆ ئەو واتە ناپلیۆن بە فەرمی بناسن بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆی بڕیار لەسەر ئیسپانیا بدا. هەر واش بوو، چونکە شارلّیی چوارەم و فێردینان و شاژن لە بندەستی پۆلیس و سەربازە فەرەنسیەکاندا بوون. ئینجا ناپلیۆن گوتی، بۆ پاراستنی گیان و ئەمنیەتی ئەوان، ڕێگە نادا بچنەوە ئیسپانیا، بەڵکوو پادشا و شاژن دەنێرێتە کۆشکی فۆنتاین بلو و، کۆشکی پرێنس دێ تالیرانیش بۆ حەوانەوەی فێردینان و باقی شازادەکانی بنەماڵەی بۆربۆنی ئیسپانیا تەرخان دەکا. ئەو بڕیارە دەسبەجێ جێبەجێ کرا. چەند ڕۆژ دواتر لە دەی مانگی مای 1808دا ناپلیۆن ئەمری بە ژۆزێفی برای کرد کە پادشای ناپڵ بوو، بچێتە مەدرید و لەوێ لەسەر تەختی پادشایەتی دانیشێ، مۆراش کە پێشتر لە لایەن ناپلیۆنەوە نازناوی دووکی مەزنی کلیۆ و بێرگی پێ درابوو، ئەمری پێ کرا بچێتە ناپڵ و ببێتە پادشای ئەوێ
ئیمپراتۆر زۆر بەکەیف بوو کە ئەو عەمەلیاتە بە ڕوالّەت وا سووک و ئاسان و گورج و خێرا بەخێر و خۆشی تەواو ببوو و بۆربۆنەکانی ئیسپانیا ساویلکانە و بە پێی خۆیان کەوتبوونە داوەوە و ئەو بەبێ هیچ زەحمەتێک بەسەر هەموو ئیسپانیادا زاڵ ببوو.
بەڵام کتوپڕ ئاکامێکی چاوەڕواننەکراو نەک بۆ ناپلیۆن بەڵکوو بۆ هەموو ئەوروپا کە بە بێدەنگییەکی پڕ لە ترس و لەرزەوە لە ملهوڕەییە نوێیەکانی ئەویان دەڕوانی، ڕوون بۆوە، بەو مانایە کە لە ئیسپانیا جەنگێکی خوێنمژانە و بێبەزەییانە لە نێوان پارتیزانەکان و داگیرکەرانی فەرەنسادا هەڵایسا.

لەو وڵاتەدا، ناپلیۆن لە پێشدا بەرەوڕووی دوژمنێک دەبۆوە کە لە جسن و جۆرێکی دیکە بوو، دوژمنێک کە پێشتر قەت لەگوێنی نەدیتبوو یان هەر نەبێ لەو ماوە کورتەدا کە لە میسر و سووریاش بوو شتی وای بەدی نەکردبوو. دژی ئەو، جووتیارە ئاستۆرییەکان، تووڕە و خەنجەر بەدەست و شوانەوێڵەی سیرامۆرنا بە تفەنگی ژەنگاوی و پیشەسازانی کاتالۆنی بە سەرەنێزەی ئاسن و ڕمبەوە ڕاپەڕیبوون. ناپلیۆن بە لەبزێکی پڕ لە سووکایەتییەوە ناوی نابوون "بەڕەڵا و خوێڕی". ئەو کە فەرمانڕەوای بێجلەوی ئەوروپا بوو و سوپای کۆک و پۆشتە و ڕێکخراوی ڕووسی و نەمسایی و پرۆسی بەو هەمووە تۆپخانە و سوارچاکانەوە و بە پادشا و فێلدمارشاڵەکانیانەوە لەبەری بەزیبوون، ئەو کە بە یەک قسە ئیمپراتۆرییە قەدیمییەکانی تێک و پێک دەدا و لە جێی ئەوان ئیمپراتۆریی نوێی دادەمەزراند، دەبوایە لە کۆمەڵێک بەڕەڵای ئیسپانیۆڵی بترسێ؟

بەڵام لەو کاتدا نە ئەو دەیزانی و نە هیچ کەسی دیکەش، کە هەر ئەو بەڕەڵڵایانە، دەبنە گۆڕهەڵکەنی ئیمپراتۆریا مەزن و مەحکووم بەنەمانەکەی ناپلیۆن.

کاتێک لە 1808دا ناپلیۆن نەخشەی گرتنی ئیسپانیای کێشا و بە کردەوەش دەستی پێ کرد، بەردەوام بەڵگەیەکی مێژوویی لەبەرچاو بوو، کە بە ڕواڵەت پاساوی بۆ گەشبینییەکەی ئەو دێناوە: ڕێک سەد ساڵ پێش ناپلیۆن، لۆیسی چواردەیەم، فیلیپی نەوەی خۆی کردە پادشای ئیسپانیا و ئەو هەر ئەو کەسە بوو کە بەردی بنەماڵەی بۆربۆنەکانی ئیسپانیای دامەزراند. ئەوکات ئیسپانیۆلیەکان ئەم پادشا تازە و دامەزرێنەرە تازەیەیان قبووڵ کرد و وەک پادشای خۆیان پاراستیان، ئەگەرچی ئەوکات نیوەی ئەوروپا بۆ دەرپەڕاندنی فیلیپ لە

ئیسپانیا بەگژ لۆیسی چواردەیەمدا چوونەوە، کەوابوو بۆچی ناپلیۆن کە زۆریش لە لۆیسی چواردەیەم بەتواناتر و بەهێزتر بوو، ناتوانێ شتێکی وا بکا؟ بۆچی ئەویش ناتوانێ بنەماڵەی "بۆناپارتی ئیسپانیایی" لە ئیسپانیا دامەزرێنێ؟ جگە لەوەی کە پێویستیش نەبوو وەک لۆیسی چواردەیەم لەگەڵ ئەوروپاش شەڕ بکا، چونکە پێشتر ئەوروپای بەیەدەست و گوێڕایەڵ کردبوو و ڕووسیاش وەک هاوپەیمانێک وابوو. بەڵام ناپلیۆن زۆر لەهەڵەدا بوو کە دڵی بەوەها بەراوردێکی ئاوا ڕووکەشیانە خۆش دەکرد. ئەو نەیدەویست لەو جیاوازییە بنەماییە تێ بگا، کە لە نێوان دانانی فیلیپ دێ بۆربۆن (1700) و دانانی ژۆزێف بۆناپارت (1808)دا هەبوو. بازرگانان و دابینکەرانی کەشتییەکان و نەجیبزادە سەرچڵەکانی فەرەنسا، بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازییان لە دانانی فیلیپ بە پادشای ئیسپانیا کردبوو، چونکە ئەوانیش وەک لۆیسی چواردەیەم پێیان وابوو بەو کارە ئیمپراتۆریی کۆلۆنییە پان و بەرینەکەی ئیسپانیا دەبێتە بەشێک لە ملکی فەرەنسا. بەڵام ئەوان زۆر لە هەڵەدا بوون، چونکە جووتیاران و بازرگانانی ئیسپانی بە هاودەنگی، دژی ئەوە بوون سەرمایەی فەرەنسی بێتە نێو کۆلۆنییەکانی ئیسپانیاوە. فیلیپی پێنجەم ناچار ببوو خۆ ببوێرێ لەوەی هاونیشتمانییە فەرەنسییەکانی خۆی لە مافە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانی ئیسپانیا بەشدار بکا، ئەگەرچی حەزیشی لێ بوو بەشدار بن. ئیسپانیا لە ڕووی ئابوورییەوە نەببووە باجدەری فەرەنسا و تەنیا بە نرخی ئەو دانبەخۆداگرتنەش بوو کە فیلیپی پێنجەم و بۆربۆنەکانی ئیسپانیا توانیبوویان لەسەر تەختی پادشایەتیی ئیسپانیا بمێننەوە و بەردەوام بن. لە حاڵێکدا ژۆزێف بۆناپارت لە جلوبەرگی شکۆدارانەی پادشاکانی ئیسپانیادا تەنیا حوکمڕانێکی سادە بوو، کە ناپلیۆن دابنابوو، یانی بە

جۆرێکی دیکە بڵێین کاربەدەستێک بوو کە ئەو دایناببوو و ئەرکیشی ئەوە بوو ڕێوشوێنەکانی گەمارۆی وشکانی لە شێوەدوورگەی ئیبێریدا جێبەجێ بکا و بە کردەوە ئیسپانیا بکاتە کۆلۆنی یەکی تەرخانکراو بۆ بۆرژوازیی فەرەنسا. لە ئیسپانیا باش دەیانزانی کە لە کاتی کودەتاکەی مانگی برۆمەری 1799ـەوە هەزاران سکاڵا و عەریزە لەلایەن خاوەن کارخانەکانی ئاوریشم و چنین و ڕستن و باقی پیشەسازانی فەرەنسیەوە دراوە بە ناپلیۆن و ئەوان بەرنامەی ئابووریی خۆیانیان خستووەتە ڕوو و ناپلیۆنیش تەواو کەوتووەتە گەڵیان و پشتیوانیی لێ کردوون بۆ ئەوەی: 1ـ بازاڕەکانی ئیسپانیا دەبێ لە پاوانی بەرهەمە پیشەسازییەکانی کارخانەکانی فەرەنسادا بن. 2 ـ ئیسپانیا دەبێ خوریيە بێوێنەکەی مەڕی مەرینووس کە ئەوکات لە دنیادا بێ هاوتا بوو، تایبەت بە خاوەن کارخانەکانی فەرەنسی بفرۆشێ. 3ـ ئیسپانیا و بەتایبەتی ئەندەلۆس، دەبێ تەرخان بکرێن بۆ چاندنی پەمۆی جۆراوجۆر کە بۆ پیشەسازیی چنین و ڕستنی فەرەنسا زۆر پێویستە و ناپلیۆن قەدەغەی کردووە لە ئینگلتەرای بگرن. ئەو بەرنامەیە تەواو پێوەندیی بە ناچارکردنی ئیسپانیاوە هەبوو بەوەی هەموو پێوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئینگلتەرا بپسڕێ کە خوریيەکی زۆری بە نرخێکی باش لێ دەکڕی و شێوەدوورگەی ئیبێریش کاڵا بەرخۆرەکانی خۆی بە نرخێکی زۆر هەرزان لێ وەردەگرت.

ئەم بڕیارانە بۆ ئاژەڵداران و بازرگانانی خوری و بەگشتی بۆ هەموو پیشەگەرانی ئیسپانیا و تەواوی جووتیارەکانی ئەو وڵاتە کە بژێوی ژیانیان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندیی بە بەرهەمێهێنانی خوری و ڕستن و چنینەوە هەبوو و لە هەندێ بەشی ئیسپانیاش کە هێشتا دەربەگایەتی مابۆوە و بەتایبەتی لەو شارانەدا کە پێوەندییەکی نزیکیان

لەگەڵ ئینگلتەرا و ڕێژیمی کۆلۆنیالیستی و سیستەمی کشتوکاڵەوە هەبوو، ئەم بڕیارانە بۆ ئەوان وەک مایەپووچبوونی تەواو وابوو. جگە لەوانەش، پێوەندی لەگەڵ ئەو کۆلۆنییانەی ئیسپانیادا لە ئەمریکا کە کانگەی زێڕیان تێدابوو و بە گشتی پێوەندی لەگەڵ باقی کۆلۆنییەکانی ئەو وڵاتە لەوپەڕی دەریاکان بۆ وێنە لەگەڵ دوورگەکانی فیلیپین لە ڕۆژهەڵاتی زەریای هیند، دەسبەجێ دەپچڕا، چونکە هەر وڵاتێکی ئەورووپایی کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کەوتبایەتە گەڵ دەستەی سیاسیی ناپلیۆنەوە، ئینگلتەرا دەسبەجێ جەنگی لە دژی ڕادەگەیاند و هەموو ملک و سامانەکانیشی لەوبەری دەریاکانەوە لێ داگیر دەکرد. هەموو ئەو بەرژەوەندییە ئابووورییانەی چین و تویژە جۆراوجۆرەکان کە لە سۆنگەی هێرشەکەی ناپلیۆنەوە زیانیان بەر دەکەوت، بوونە هۆی ئەوەی ئاگری بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی دژی ئەو جیهانگیرە بەهێزە هەڵاییسێ. جووتیار و پیشەگەرە ڕاپەڕیوەکانی ئیسپانیا هەر لە سەرەتاوە سەلماندیان کە دەتوانن خەباتێکی شێلگیرانە و لەتوانا بەدەر بکەن، بەڵام ئەوکات وا دەهاتە پێش چاو، کە هەموو شتێک بەمرازی دڵی ناپلیۆن دەچێتە پێشێ. بۆربۆنە دەسبەسەرکراوە ئیسپانییەکان لە ژێر چاودێریی پۆلیسی فەرەنسادا بەرەو کۆشکەکانی فۆنتێن بلو و ڤالانسێ کەوتنە ڕێ کە بۆ حەوانەوەیان دیاری کرابوون و ژۆزێف بۆناپارتیش بەرەو مەدرید کەوتە ڕێ.

ڕاستە ناپلیۆنیان لە بچووکترین ڕووداوی ناخۆش ئاگادار دەکردەوە، یەک لەوان، جووتیارە ئیسپانیۆلیەکان غیرەتیان ناوەتە بەرخۆیان کە شەوانە بە دەستە و تاقمی بچووک بچووک لە لەشکرگەی فەرەنسیەکان نزیک ببنەوە و تەقەیان لێ بکەن، کاتێکیش گیراون و گوللەباران کراون، بە بێدەنگی و سووکایەتی و جوێنەوە بە پێشوازی مەرگەوە چوون.

ڕاپۆرتیشیان پێ دەدا، کە ڕۆژی دووەمی مانگی مای، مۆرا بۆ سەرکوتی ڕاپەڕینەکەی مەدرید ئەمری کردووە لە نزیکەوە تەقە لە جەماوەرەکە بکەن، بەڵام خەڵکەکە دەسبەجێ بڵاوەیان نەکردووە، بەڵکوو ڕایانکردووەتەوە نێو ماڵەکانیان و لە پەنجەرەکانەوە تەقەیان لە فەرەنسیەکان کردووە و، کاتێک سەربازە فەرەنسیەکان بە دوویاندا چوونەتە نێو بیناکانەوە، ئیسپانییەکان تا دوا فیشەک بەرگرییان کردووە و ئینجا هەتا تینیان لەبەردا بووە، بە چەقۆ و مست و چنجڕووک دەستیان کردووەتەوە و ئاخری پاش شەڕێکی خوێناوی و پەلەقاژەی سەربازانی فەرەنسی، لە پەنجەرەکانەوە هەڵیانداونەتە سەر سەرەنێزەی هەڤاڵەکانیان. فەرەنسیەکان هەر لە یەکەم هەنگاوەکانیاندا لە ئیسپانیا هەموو ڕۆژێ بەگژی خۆپێشاندانی بەردەوام و ڕق و بێزاری لە داگیرکەردا دەهاتنەوە کە ئەوپەڕی ڕق و دەمارگرژی بەو خۆپێشاندانانەوە دیار بوو. **یەکەیەکی سەربازی فەرەنسی چووە نێو گوندێکی چۆلەوە کە خەڵکەکەی پێشتر ڕایانکردبووە نێو دارستانەکان. لە کۆلیتێکدا ژنێکی گەنجیان بە منداڵە ساواکەیەوە دیتەوە. فەرەنسیەکان خواردنێکیان دەست کەوت. ئەفسەری فەرماندە بەر لەوەی ڕێگە بدا سەربازەکان خواردنەکە بخۆن، چونکە لێی کەوتبووە گومانەوە، لە ژنەکەی پرسی، ئەو خواردنە ژەهری تێنەکراوە؟ ژنەکە سەرەڕای ئەوەی دڵنیاشی کردنەوە، هێشتا ئەفسەرەکە ناچاری کرد لە پێشدا خۆی لێی بخوا. ژنە جووتیارەکە بەبێ دڕدۆنگی لێی خوارد، بەڵام ئەفسەرەکە هەر دڵی دانەکەوت و ئەمری کرد ژنەکە لەو خواردنە بە منداڵەکەشی بدا. دایکە بە قسەی کرد. جا ئەوجار سەربازەکان دەستیان کرد بە خواردنی. تاوێک دواتر دایک و منداڵەکە و ئەو سەربازانەی لێیان خواردبوو بە ئازارەوە گیانیان دەرچوو. فێڵەکە کاری خۆی کردبوو**

لە یەکەم ڕۆژەکاندا، ئەم جۆرە ڕووداوانە فەرەنسیەکانیان تووشی سەرسوورمان دەکرد، بەڵام دواتر ئەوەندە ئاسایی ببۆوە کە هیچ کەس لە سەردەمی شەڕەکانی ئیسپانیادا سەری لێی سوور نەما. ناپلیۆنیش سەرەتا ئەو ڕووداوانەی زۆر پێناخۆش بوو و زۆری خایاند تا بزانێ ئەو جەنگانە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوت کە لە نیوەی هاوین بەدواوە وردە وردە هەندێ لە دەوڵەتە بەزیوەکان بە چاوی هیواوە لە بڵێسەکانی ئەو ئاگرە دەڕوانن وا لەوپەڕی چیاکانی پیرنێوە هەڵدەستان. دەنگۆی چەکدرابوونەوەی نەمسا دیسان کەوتبۆوە سەر زار و زمانان... سێ ساڵ بەسەر جەنگی ئۆسترلیتزدا تێپەڕیبوو. نەمسا پشووی هاتبۆوە بەر و بریندی شکانەکەشی ساڕێژ ببوو. لە دەرباری ڤیەننا و لە دڵی نەجیبزادە و تۆێژی بازرگاندا ڕۆژ بە ڕۆژ هیوای داڕنینی نیری یەخسیریی ناپلیۆن بەهێزتر دەبوو. شیاوی بیرخستنەوەیە کە لە ڕووسیا و نەمسا و هەنگاریا و بۆهۆم، چینی نەجیبزادە لە هەموو شتێک زیاتر لەوە تۆقیبوون کە دەسەلاتی زاڵی ناپلیۆن هەر وا بەردەوام بێ و نەمسا ناچار بێ یاسا مەدەنیەکانی ناپلیۆن قبوڵ بکا، چونکە ئیتر ئەوە بەو مانایە بوو کە ڕێژیمە کۆنەکەی دەرەبەگایەتی بەتەواوەتی ڕووخاوە.

ناپلیۆن هەستی دەکرد کە پێویستە بە کردەوە هێزی هاوپەیمانی ڕووس و فەرەنسا نیشان بدا، بۆ ئەوەی لەو کاتەدا کە سەرقاڵی سەرکوتی ڕاپەڕیوانی ئەوپەڕی پیرنێیە، خۆی لە هەرچەشنە هەنگاوێکی چاوەڕوانەکراوی نەمسا بپارێزێ.

لە ڕۆژنامە ئەوروپاییەکاندا بە لەبزێکی ڕێزدارانەوە دەیاننووسی: "خاوەنشکۆ ئیمپراتۆر بەو زووانە لات و بەڕەڵڵا کێوییەکانی ئیسپانیا

ئاقڵ دەکا." بەڵام زۆربەی خوێنەرانی ئەو ڕۆژنامانە لە پرۆس و نەمسا و هۆڵەندا و ئیتالیا و شارەکانی دیکەی هاوپەیمانیی ئەورووپایی و ئەیالەتی وێستفاڵی و وڵاتانی هاوپەیمانیی ڕاین بەبێ ئەوەی غیرەتیان ئەوەیان بێ کە لە وەدیهاتنی ئارەزووەکانیان دڵنیا بن، بە سرتە بەیەکتریان دەگوت: "ئەو چەتەیە، ئاخری تووشی گونڕەشی خۆی دەبێ". ئیتر باری دەروونیی خەڵکەکە ئاوا بوو، هەتا ئەوەی کتوپڕ گوتیان، ئیمپراتۆرەکانی فەرەنسا و ڕووسیا لە پاییزی 1808دا لە ئێرفورت چاویان بەیەکتر دەکەوێ.

3

دەمێک بوو ناپلیۆن دەیویست پێوەندییە پتەوەکەی فەرەنسا و ڕووس پێشانی دنیا بدا. بەڵام لە نێوەڕاستی مانگی جوولایدا ڕووداوێکی چاوەڕوانەکراو هاتەپێش کە ناپلیۆنی ناچار کرد بۆ چاوپێکەوتن و دانوستانی گەڵ قەیسەر پەلە بکا. ژەنەڕاڵ دۆپێن کە ڕاسپێردرابوو باشووری ئیسپانیا بگرێ، گەیشتبووە ئەندەلۆس و پاش گرتنی کۆردۆ پێشڕەویی کردبوو بەڵام کتوپڕ دەبینێ بەبێ تفاق و خۆراک لە دەشتێکی کاکی بەکاکی و گەرمدا ماوەتەوە کە لە هەموو لایەکەوە پۆل پۆل گوندییە پارتیزانەکان گەمارۆیان داوە و پەلاماری دەدەن. لە ڕێکەوتی 20ی جووندا، دۆپێن لە نزیک شوێنێک بەناوی بایلێن چەکی دانابوو و بە هەموو یەکەکانی‌یەوە خۆیان ڕادەست کردبوو. دیارە ئەو خۆبەدەستەوەدانە هێشتا بە مانای ڕزگاربوونی ئیسپانیا لە نیری یەخسیریی فەرەنسیەکان نەبوو، بەڵام کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەسەر هەموو ئەوروپا دانا. سوپا نەبەز و لەشکاننەهاتووەکانی فەرەنسا شکابوون، شکانەکە گشتی نەبوو، بەڵام هەرچۆنێک بێ

مسۆگەر و دیار بوو. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، ناپلیۆن تووڕە بوو و دۆپێنی دایە دادگای ئەوکاتی جەنگ. ناپلیۆن تێگەیشتنێکی تایبەت بەخۆی بۆ ئەخلاق و پێچەوانەی ئەخلاق هەبوو. بە ڕای ئەو گەورەترین کاری پێچەوانەی ئەخلاق قبوولکردنی کارێکە کە ئەو کەسەی قبوولی دەکا بە گوێرەی پێویست شیاوی ڕاپەڕاندنی ئەو کارەی نیە. جا کاتێک سەردارێکی نەشیاو شان دەداتە بەر ئەرکی پێوەندیدار بە جەنگەوە، ئەو "پێچەوانەی ئەخلاق"ـە دەبێتە تاوان. دۆپێن تا هەتایە لە پێش چاوی کەوت.

ناپلیۆن دەسبەجێ زانیی کارەساتەکەی بایلێن لێکەوتەی چەندە خراپی دەبێ. ئەو بەبێ ئەوەی خۆ شلوێ بکا و وێڕای ئەوەی کە دەیگوت بایلێن لە هەمبەر مەزنیی سەرچاوەکانی ئیمپراتۆریای ئەودا هەر هیچ نییە، تەواو لەسەرهەست بوو و دەیزانی ئەو ڕووداوە لە نەمسادا کە شێلگیرانە خەریکە خۆی کۆشک و پۆشتە دەکاتەوە چ کاریگەرییەکی دەبێ. نەمسا دیتبووی کە ناپلیۆن کتوپڕ ناچار بووە لەبری بەرەیەک لە دوو بەرەدا بجەنگێ و ئەو بەرەی باشوور کە لە ئیسپانیادا دروست ببوو، بەشێوەیەکی بەرچاو ئەوی لە بەرەی دانووب لاواز دەکرد. بۆ ئەوەی نەمسا هەوای جەنگ لەسەری نەدا، دەبوو تێی بگەیەنێ کە ئەلکساندری یەکەم هەموو ملک و زەوییەکانی باشووری ئەورووپای لێ داگیر دەکا و هاوپەیمانەکەی ئەویش واتە ناپلیۆن لەلای ڕۆژئاواوە هەڵدەکوتێتە سەر ڤیەننا. ئەوە بوو مەسەلەی سەرەکیی ڕانان و نیشاندانی دۆستایەتییەکەی نێوان دوو ئیمپراتۆرەکە لە ئێرفۆرت. ئەلکساندر پاش تیلسیت ڕۆژگارێکی تاڵی تێپەڕاندبوو. هاوپەیمانێتی لەگەڵ ناپلیۆن و ئەو ئاکامانەی لێی دەکەوتەوە، یانی پچڕانی پێوەندی لەگەڵ ئینگلتەرا زیانێکی گورچوبڕی لە بەرژەوەندی ﷺ ئابووریەکانی

نەجیبزادەکان و تویژی بازرگانی ڕووسیا دەدا. شکستەکانی فریدلەند و تیلسیت تەنیا وەک نەگبەتییەکی سادە سەیریان نەدەکرا، بەڵکوو حەیاچوون و شوورەییش بوون.
قەیسەر بە پشتگەرمیی بەڵێنەکانی ناپلیۆن هیوادار بوو کە دەستی بە بەشێک لە خاکی عوسمانی ڕابگا و لەگەڵ تێپەڕینی کات و بە پشتیوانیی هاوپەیمانێتیی فەرەنسا و ڕووس، کارێک دەکا دەربارییەکان و گاردی پادشایەتی و تویژی نەجیبزادە و خانەدانەکان ناڕەزایەتییان نەمێنێ و دامرکێنەوە. بەڵام ڕۆژگار تێدەپەڕی بەبێ ئەوەی ناپلیۆن لەو بوارەدا هەنگاوێک بنێ. بەپێچەوانەوە وردەوردە لە پێترسبۆرگ دەنگۆ دادەکەوت کە ناپلیۆن دنەی تورکەکان دەدا بۆ ئەوەی لەو شەڕەدا کە لەگەڵ ڕووسەکاندا هەیانبوو خۆڕاگرتر بن و بەرگری بکەن. لە ئێرفۆرت هەردوو هاوپەیمانەکە، فەرەنسا و ڕووس دەیانویست زۆر لەو وەرەقە دیپلۆماسییانەیان دڵنیا بنەوە کە بە دەستیانەوە بوو. دوو هاوپەیمانەکە یەکتریان دەخەڵەتاند و هەردووکیشیان لەوە ئاگادار بوون، ئەگەرچی هێشتا تەواو دڵنیا نەبوون. هەردووکیان لە هەموو شتێکدا لە یەکتر دڕدۆنگ بوون و پێویستیشیان بە یەکتر بوو.
ئەلکساندر ناپلیۆنی بە کابرایەکی لەڕادەبەدەر زیرەک دەزانی و ناپلیۆنیش هەر پەسنی زیرەکی و تێگەیشتوویی ئەلکساندری دەدا. ئیمپراتۆری فەرەنسا لەبارەی ئەلکساندرەوە دەیگوت، ئەو "یۆنانییەکی زیرەکی ئیمپراتۆریای بیزەنتیۆمە". ئیتر دوو ئیمپراتۆرەکە لە ڕێکەوتی 27ی سێپتەمبەری 1808دا لە ئێرفۆرت هەر چاویان بە یەکتر کەوتەوە، لەبەرچاوی خەڵک یەکتریان ڕاموسی و لە ماوەی ئەو دوو حەفتەیەدا کە پێکەوە بوون ساتێکیش لێک دانەدەبڕان و هەموو ڕۆژێ لە ڕانان و نمایشی لەشکر و کۆڕی سەما و میوانی و شانۆ و ڕاو و

سەیرانەکاندا پێکەوە دەردەکەوتن. مەبەست لەو خۆنواندن و خۆڕانانە ئەوە بوو لە نێو خەڵکدا وا بڵاو بێتەوە ئەگینا بێت و بە گوێی نەمساییەکان نەگەیشتبایەتەوە، بەڵای ناپلیۆنەوە ئەو شتانە هیچ بەهایەکیان نەبوو و بێت و نەگەیشتبایەتەوە گوێی تورکەکانیش، بەڵای ئەلکساندرەوە بێنرخ بوو.

لەو ساڵەدا کە لە نێوان تیلسیت و ئێرفۆرت تێپەڕی، ئەلکساندر دڵنیا بۆوە کە ناپلیۆن وەختێک بەڵێنی پێداوە ڕۆژهەڵات بداتە ئەو و ڕۆژئاواش بۆخۆ بپارێزێ، هەر کڵاوی لەسەر ناوە و خەڵەتاندوویەتی. ئێستا لێی ڕوون ببۆوە کە ناپلیۆن نەک ناهێڵێ قەیسەر دەستی بە قوستەنتەنیە ڕابگا، بەڵکو نایەوێ والاشی و مۆڵداڤیش بۆ قەیسەر بهێڵێتەوە کە ناپلیۆن بەتەما بوو نەهێڵێ ببنە مووڵکی تورکان. لە لایەکەوە قەیسەر دەیدی کە سەرەڕای ئەوەی دوازدە مانگی ڕەبەق بەسەر پەیمانەکەی تیلسیتدا تێپەڕیوە ناپلیۆن هێشتا دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە لەشکرەکانی خۆی لەو بەشەی پرۆس بەرێتە دەرێ کە دابوویەوە بە فردریک ویلهۆڵم، بەڵام بەڵای ناپلیۆنەوە ئەوە گرینگ بوو کە تا کۆتایی بە شەڕی پارتیزانە ئیسپانییەکان دێنێ، ڕێگە نەدا نەمسا دەستدرێژی بکاتە سەر فەرەنسا. ئەلکساندریش بۆ ئەوەی لەم مەبەستەدا یارمەتییەکی دابێ، دەبوو بەڵێن بدا ئەگەر نەمسا بڕیاری شەڕی دا، ئەوا ڕووسیە بەوپەڕی دەستوبردەوە دژی نەمسا وەخۆ بکەوێ. جا ئەلکساندریش نە دەیویست وەها گفتێک بدا و نە جێبەجێیشی بکا. ناپلیۆن ئامادە بوو لە پێناو ئەو یارمەتییە سەربازییەدا، لە ئێستاوە زەوییەکانی گالیسی تا کارپات لە ئەلکساندر بکڕێتەوە. دواتر، نوێنەرەکانی بزووتنەوەی دۆستانی ئێسلاڤ و نوێنەرانی ئەنجومەنی دیرۆکنووسیی نیشتمانی و نەتەوەیی ڕووس، ئەلکساندریان

زۆر سەرکۆنە و لۆمە کرد کە بۆچی پێشنیارەکانی ناپلیۆنی قبوولْ نەکردووە و وەها دەرفەتێکی زێڕینی لەکیس خۆی داوە کە هەرگیز بۆی ناڕەخسێتەوە. بەڵام ئەلکساندر پاش تۆزە خۆڕاگرییەک ئاخری ملی بۆ دەسەڵاتی زاڵی چینی خانەدانی ڕووس کەچ کرد، چونکە ئەو چینە هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ناپلیۆن کە دوو جار لە 1805 و 1807دا سوپای ڕووسی شکاندبوو، ـ نەک هەر بە سەرشۆڕی و شوورەیی دەزانی، چونکە دەکرا ئەو پەڵەی شوورەییە بسڕدرێتەوە ـ بەڵکو بە مایەپووچبوونیان لەقەڵەم دەدا. کۆمەڵێک نامەی بێ ئیمزا، چارەنووسی پاولی یەکەم، باوکی ئەلکساندریان بیر دەخستەوە کە ئەویش پەیمانی لەگەڵ ناپلیۆن بەستبوو بۆیە وای بەسەرهاتبوو، ئیتر ئەو نامانە وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر کاریان تێکرد.

لەگەڵ ئەوانەشدا ئەلکساندر لە ناپلیۆن دەترسا و بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست پێوەندیی خۆی لەگەڵ بپسڕێنێ. ئەو بە دنەدانی ناپلیۆن کە بەتەما بوو سوید تەمبێ بکا لەسەر ئەوەی هاوپەیمانی ئینگلتەرایە، لە مانگی فێبریوەری 1808ـەوە شەڕی دژ بە سوید ڕاگەیاندبوو و هەموو وڵاتی فینلاندی هەتا دەگاتە ڕووباری تۆرنیۆ لەو وڵاتە دابڕیبوو و خستبوویە سەر ڕووسیا.

ئەلکساندر دەیزانی کە تەنانەت بە گرتنی فینلاندیش نەیتوانیوە تووڕەیی و نیگەرانیی ملکداڕە گەورەکان بڕەوێنێتەوە، چونکە ئەو خەڵکە بەرژەوەندییە ئابووریەکانی خۆیانیان زۆر لە سەرووی هەرچەشنە بەرینکردنەوەیەکی خاکی وڵات بەرەو شوێنە بەفرگرتووە بێخێروبێرەکان دادەنا. هەرچۆنێک بێ گرتنی فینلاند بەڵگەیەکی تازەی بەو دا کە بیسەلمێنێ پچڕانی پێوەندیی دەسبەجێ لەگەڵ ناپلیۆن مەترسیدار و زیانبارە.

تالیران له گفتوگۆیەکی نهێنیدا لەگەڵ ئەلکساندر بۆ یەکەمجار لە ئێرفۆرت خیانەتی لە ناپلیۆن کرد و ئامۆژگاریی ئەلکساندری کرد کە لە بەردەم بەرزەفڕی و زێدەخوازییەکانی ناپلیۆندا بوەستێتەوە، تالیران دواتر ئاوای ڕوون کردەوە کە ئەو لە ترسی چارەنووسی فەرەنسا ئەو کارەی کردووە و هەستی کردووە زێدەخوازیی لە ڕادەبەدەری ناپلیۆن سەری فەرەنسا دەخوا. ئەو گزیکەرە پیرە ساتوسەودا نهێنییەکەی خۆی بەو قسە مەراییکەرانەیە دەست پێ کرد: "نەتەوەی فەرەنسا شارستانییە، بەڵام فەرمانڕەواکەی وا نیە، فەرمانڕەوای ڕووسیا شارستانییە بەڵام میللەتەکەی وا نیە، بۆیە فەرمانڕەوای ڕووسیا دەبێ لەگەڵ نەتەوەی فەرەنسا هاوپەیمان بێ."

دەیانگوت تالیران لە هەموو ژیانیدا "کڕیارەکانی خۆی فرۆشتبوو". ئەو سەردەمانێک دیرکتواری بە ناپلیۆن فرۆشتبوو و ئێستاش لە ئێرفۆرت ناپلیۆنی بە ئەلکساندر دەفرۆشت و دواتریش ئەلکساندری بە ئینگلیزەکان فرۆشت. بەڵام ئەگەر ئینگلیزەکانی بە کەس نەفرۆشت لەبەر ئەوە بوو کە ئینگلیزەکان تاقە کەسێک بوون کە ئەویان نەکڕیبوو، ئەگەرچی ئەو زۆر جاران بە نرخێکی گونجاو خۆی پێشکەش کردبوون. پێویست نیە لێرەدا باسی هۆکارەکانی تالیران بکەین کە دواتر هەق و مزی خۆی لە ئەلکساندر وەرگرت، هەڵبەت ئەوەندەشی پێ نەدا کە چاوەڕوان بوو. بەڵام پێویستە و گرینگە ئەو دوو خاڵە بیر بێنینەوە: یەکەم ئەوەی کە تالیران لە هەموو کەس بەرچاوڕوونتر ئەو ڕووداوانەی دەدی کە لە 1808ـەوە وردەوردە زۆربەی مارشاڵ و بەرپرسە باڵاکانی تا ڕادەیەک نیگەران دەکرد و ئێمەش پێشتر ئاماژەمان پێ کردن. دووەم ئەلکساندریش لێی ڕوون بۆوە کە ئیمپراتۆریی ناپلیۆن بە پێچەوانەی ئەوەی بەدی دەکرا، نە ئەوەندە لەشکاننەهاتوویە و نە هێندەش تاهەتایی. هەر بۆیە داواکەی ناپلیۆنی

قبوولْ نەکرد کە ئەگەر شەڕێکی تازە لەنێوان فەرەنسا و نەمسادا هەڵگیرسا، ئەوا ڕووسیا هێرش بکاتە سەر نەمسا. لە یەکێک لەو مشتومڕانەدا کە ناپلیۆن کلاوەکەی خۆی بە عەرزیدا دا و بەوپەڕی تووڕەییەوە شەقێکی لێ دا، ئەلکساندر لە وەڵامی ئەو هەڵچوونەیدا گوتی: "تۆ کابرایەکی تووڕەی و منیش پیاوێکی لاسار... یان بە بەڵگە و ئەقڵ قسە دەکەین یان من دەڕۆم."

هاوپەیمانییەکە هێشتا بە فەرمی مابوو، بەڵام ناپلیۆن لەوە زیاتر نەیدەتوانی دڵی پێ خۆش بکا. لە ڕووسیا بەوپەڕی دڵەڕاوکێوە چاوەڕوان بوون بزانن ئاخۆ دیمانەکەی ئێرفۆرت بەخێروخۆشی گوزەراوە یان نا. ئاخۆ ناپلیۆن وەک چوار مانگ لەوەپێش بۆربۆنەکانی ئیسپانیانی پەلکێش کردبووە بایۆن و دەسبەسەری کردبوون، ئەلکساندریش دەسبەسەر ناکا؟ کاتێک قەیسەر لە ئێرفۆرتەوە گەڕاوە، ژەنەڕاڵێکی پیری پرۆسی ڕاشکاوانە و بە لەبزێک کە ئەلکساندر پێشی ناخۆش بوو گوتی: "خاوەنشکۆ، کەس بەتەما نەبوو ئەو بهێڵێ بگەڕێیتەوە." کاروبارەکان بە ڕوالەت ڕێک و بێ کێشە بوون: لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەی ئێرفۆرتدا، پادشا دانراوەکان و باقی ئەو فەرمانڕەوایانەی لەگەڵ ناپلیۆن بوون، لە خۆشی دۆستایەتی و نێوانخۆشییەکەی ناپلیۆن و قەیسەر شاگەشکە بوون. بەڵام ناپلیۆن کە ئەلکساندری بەجێ هێشت مات و خەمبار بوو. ئەو دەیزانی پادشا دانراوەکانی بڕوایەکیان بە بەردەوامیی ئەو هاوپەیمانیەتییە نیە و نەمساش بڕوای پێی نیە. کەوابوو دەبوایە دەسبەجێ ئیسپانیا یەکلا بکاتەوە.

4

ناپلیۆن کە تا ئەو کات 100000 شەڕکەری لە ئیسپانیا هەبوو، ئەمری کرد 150000 سەربازی دیکەش بۆ ئەوێ بەڕێ بکرێ. ڕاپەڕینی

جووتیارەکان مانگ بە مانگ بەربڵاوتر دەبۆوە. دەستەواژەی ئیسپانیایی "گەریلا" کە بە مانای وردەشەڕ دێ، مانای ئەو ڕووداوانەی بەتەواوی ڕوون نەدەکردەوە کە لە وڵاتەدا ڕوویان دەدا. ئەو جەنگە کە لەگەڵ جووتیار و پیشەگەر و شوانکارە و چێودارەکان هەڵاییسابوو، زۆر لە شەڕە گەورەکان زیاتر ناپلیۆنی تووشی دڵەڕاوکێ کردبوو. پاش ملکەچکردنی کۆیلانەی پرۆس، بەرگریی سەرسەختانە و کۆڵنەدەرانەی ئیسپانیا زۆر سەیر و چاوەڕواننەکراو بوو و بەو حاڵە ناپلیۆن بەهیچ شێوەیەک پێی وا نەبوو ئەو سووتمانە ئیسپانیاییە وەها بتەنێتەوە. ئەو ڕووداوە لەوانەبوو بە جۆرێک کار بکاتە سەر کەسێکی وەک ژەنەڕاڵ بۆناپارت کە لە پەیژەی لەخۆیاییبوونەکەی بیهێنێتە خوارێ، بەڵام سەربزێویی "کۆمەڵێک لات و بەڕەڵای قوونڕووت" کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ئیمپراتۆر ناپلیۆنی داگیرکەری ئەوروپا دانەدەنا. ناپلیۆن چونکە متمانەی بە یارمەتیی ئەلکساندر نەبوو و تا ڕادەیەکیش دڵنیا ببوو کە نەمسا پەلاماری دەدا، لە کۆتایی پاییزی 1808دا لە حاڵێکدا کە ئیتر لە داخی ڕاپەڕینی ئیسپانییەکان، ئەو "گوندی"یە تووڕە و چڵکنانە، ئەو نەزانە سەربزێوانە تەواو دەهری ببوو، بۆیە خۆی بەپەلە چووە ئیسپانیا. لەو ماوەیەدا ئینگلیزەکان توانیبوویان لە لیسبۆنی پایتەختی پورتۆگال دابەزن و فەرەنسیەکان لەو شارە دەرپەڕێنن. پورتۆگاڵ ئیتر بنکەیەکی فەرەنسی نەبوو، بەڵکوو ئینگلیزی بوو. ئیتر فەرەنسیەکان جگە لە باکووری ئیسپانیا تا ڕووباری ئێبرێ هیچ کوێیان بەدەستەوە نەمابوو و لەوپەڕی ڕووبارەکەوە ئیتر فەرەنسیەکی لێ نەمابوو. ئیسپانیا سوپایەکی چەکدار بە چەکی ئینگلزی هەبوو. ناپلیۆن هەڵیکوتایە سەر ئەو سوپایە و لە ڕێکەوتی 10ی نۆڤەمبەری 1808دا لە بۆرگۆس ئیسپانییەکانی زۆر پیس تێک شکاند. لە دوو شەڕی دیکەدا

که ڕۆژەکانی دواتر ڕوویان دا، ئیتر سوپای ئیسپانیا تەواو پەرش و بڵاو ببوو. لە 30ی نۆڤەمبەردا ناپلیۆن هێرشی کردە سەر مەدرید کە بنکەیەکی بەهێز بەرگریی لێ دەکرد. خراپ نیە ئەوەش بڵێین کە ناپلیۆن بۆ گوێڕایەڵکردنی ئیسپانیا لۆژیۆنی پۆلۆنیی کە ساڵی 1807 پاش گرتنی پۆلۆنیا خۆی دروستی کردبوو، هێنایە ڕیزی لەشکرەکەیەوە.
پۆلۆنییەکان بە ئەمری ئیمپراتۆر ئیسپانیوللییەکانیان بە ئازایەتییەکی شێتانە دەکوشت، دەتگوت بیر لەوە ناکەنەوە کە لە سەرکوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی خەڵکی ئیسپانیادا چ ڕۆڵێکی پڕ لە شوورەیی دەگێڕن. ناپلیۆن پێی دەگوتن، بۆ ئەوەی دڵی بە سەربەخۆیی پۆلۆنیا ڕازی بێ، دەبێ لێوەشاوە و لێهاتوو بن و ئێستا پۆلۆنییەکان هەوڵیان دەدا بەداگیرکردنی ئیسپانیا، بیسەلمێنن کە شیاوی ئەوەن نیشتمانەکەی خۆیان ڕزگار بێ. لە 4ی دیسەمبەری 1808دا ناپلیۆن هاتە مەدرید. پایتەخت، بە بێدەنگییەکی مەرگهێن پێشوازی لە داگیرکەر کرد. ناپلیۆن دەسبەجێ لە مەدرید و سەرانسەری وڵاتدا باری نائاسایی ڕاگەیاند و دادگای سەربازیی پێک هێنا. ئینجا ئیمپراتۆر هێرشی کردە سەر ئینگلیزەکان. ژەنەڕاڵ مۆری ئینگلیزی سەرکوت کرا و کوژرا و فەرەنسیەکان پاشماوەی لەشکرەکانی ئینگلیزیان ڕاو نا.
وێدەچوو ئیسپانیا دیسان سەربەخۆییەکەی لەدەست چووبێتەوە، بەڵام چەندی بارودۆخی ئەو خەڵکە سەربزێوە خراپتر دەبوو، بەرەنگارییەکەیان چڕتر دەبۆوە.
ساراگۆس کە کەوتبووە گەمارۆی فەرەنسیەکانەوە، چەند مانگان بەرگریی کرد. مارشاڵ لان کە دەوروبەری شارەکەی دابووە بەر پەلامار لە 27ی جانیوەری 1809دا چووە نێو شارەکە. ئینجا ئەوەی لە شارەکەدا قەوما، لە هیچ گەمارۆیەکدا شتی وا بەدی نەکرابوو. هەر

ماڵێک ببووە قەڵایەک. ناچار بوون هەموو کادێن و گەورِ و ژێرزەمین و عەمباریک بە جەنگی دەستەویەخە و تەن بە تەن بگرن. ئەو کوشتارە سامناکە سێ حەفتەی تەواو لەو شارە داگیرکراوەدا لەو شارەدا کە هێشتا دەستی دەکردەوە درێژەی کێشا. سەربازەکانی لان دەستیان بە هەر کەس ڕاگەیشتبا، تەنانەت ژن و منداڵیش بەبێ چاوتروکاندن دەیانکوشتن، بەڵام ژن و منداڵیش هەر دەستیان گەیشتبایەتە سەربازێک، لەنێویان دەبرد. فەرەنسیەکان 20000 کەسیان لە بنکە سەربازییەکە و زیاتر لە 32000 کەسی مەدەنیان کوشت. مارشاڵ لان، ئەو سوارچاکە نەترسەی لە دنیادا لەهیچ شتێک نەدەترسا، ئەو ئەفسەرەی لە سامناکترین شەڕەکانی ناپلیۆندا بەشدار ببوو و هەر نەیدەزانی بەزەیی و دەمارگرژی چییە، وەختێک ئەو هەمووە تەرمەی لە کۆڵان و ماڵ و شەقامەکاندا دیت و سەیری کرد تەرمی ژن و منداڵ لە جۆگە و خەندەقەکاندا کەوتوونە سەر خوێناو، هەموو گیانی لەرزی و کاتێک بە کۆڵانە خوێناوییەکانی شارە مردووەکەدا تێدەپەڕی، بە هاوڕێکانی خۆی گوت: "پەکوو لەو شەڕە، پەکوو وەڵاهی خەڵکی ئاوا ئازا، ئەگەر شێت و بێ ئاوەزیش بن، حەیفە بکوژرێن. ئەو سەرکەوتنە لە خەم و پەژارە زیاتر چ بەرهەمێکی هەیە؟"

گەمارۆ و کەوتنی ساراگۆس کاریگەرییەکی قوواڵی لەسەر ئەوروپا و بەتایبەتی لە نەمسا و پرۆس و باقی شارە بە ڕەچەڵەک ئەڵمانییەکان دانا. بەراوردکردنی ئازایەتیی ئیسپانییەکان و گوێڕایەڵیی کۆیلانەی ئەڵمانییەکان، بنیادەمی شەرمەزار دەکرد.

لەگەڵ ئەوانەشدا، عەمەلیاتی چەتەییانە و جیهانگیرییەکانی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکەی ناپلیۆن نەیدەتوانی کارێک بکا چینی بۆرژوای وڵاتە بەزیوەکان تا هەتایە هەر بێدەنگ و بێ کاردانەوە بن. بۆرژوای

ئەوروپای کۆت و بەندکراو کە بەدەستی ناپلیۆن بووژابۆوە و لە کۆت و بەندی سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕزگار ببوو و کەوتبووە سەر ڕاستەڕێی گەشە و پەرەگرتنی ئازادانەی سەرمایەداری، ئیتر دەبوایە ڕێگەیەکی نوێ بۆ ڕزگاربوون لەو لەمپەرە ئابووریییە بدۆزێتەوە کە سیاسەتی ناپلیۆنی لە هەردوو جەمسەرەوە وێکی دەنا و ڕێکی دەگوشی. وردەوردە کە بزووتنەوە ڕزگاریخوازیە نیشتمانیەکان دژی ناپلیۆن چڕ دەبوونەوە، ئەو ڕێگایانە خۆبەخۆ دەدۆزرانەوە. لە ساڵانی 1803 و 1809 و 1810دا دەبنیرا کە لێرە و لەوێ ئەو بزووتنەوانە سەر هەڵدەدەن، بەڵام لە 1813دا بڵێسەی ئەو ڕاپەڕینانە لە هەموو ئەو وڵاتانەی لە بن نیری ناپلیۆندا پشتیان چەماندبۆوە، وەک سووتمانێکی سامناک بەرز بوونەوە.

ناپلیۆن لە ساڵی 1806 و تەنانەت پێش شکستی پرۆسیش نیشانی دابوو کە بێت و هەرچەشنە گیانێکی ناڕەزایەتیی نیشتمانی لە دڵی نەتەوەی ئەڵمانیدا ببزوێ، چۆن بەرەنگاری دەبێتەوە. پاش تیلسیت ناپلیۆن پێی وابوو دەتوانێ نەک لە باقیر و لە مەملەکەتەکانی هاوپەیمانیی ڕاین بەڵکو لە هامبۆرگ و دانتزیگ و کۆنیکسبێرگ و بریسلاڤ و بە گشتی هەموو ئەڵمانیشدا چۆنی دڵی دەخوازێ وا هەڵسوکەوت بکا.

ناپلیۆن نەیدەزانی کە فەیلەسووفی ئەڵمانی یۆهان فیختێ لە بەرلین وێڕای وانەگوتنەوە کۆمەڵێک ئیدیۆمی نیشتمانپەرستانەی دەخستە نێو وانەکانیەوە، نەیدەزانی لە زانکۆکانی ئەڵمانیادا قوتابیەکان کۆڕ و کۆبوونەوەگەلێک دەگرن کە ئەگەرچی هێشتا ناوێڕن ڕاشکاوانە باسی ڕاپەڕین دژی ئەو فەرمانڕەوا دیکتاتۆرەی جیهان بکەن، بەڵام بە

دزییەوە ڕق و قین و دوژمنایەتییەکەیان بەرانبەر ئەو خەستتر دەکەنەوە.
ئەو بەهیچ شێوەیەک بەلای ئەو ڕاستیەدا نەدەچوو کە ئەگەرچی بۆرژوای وڵاتە ئەڵمانییە گوێڕایەڵەکان(ئەوانەی خۆی پادشای بۆ دانابوون) بە یاسا مەدەنییەکانی ناپلیۆن و ڕووخانی سیستەمی دەرەبەگایەتی خۆشحاڵن، بەڵام نیری سیاسی و ئابووریی فەرەنسا و "پیتاکی خوێن" واتە سەربازگیری بۆ پڕکردنەوەی ڕیزە بەتاڵەکانی سوپای مەزنیان لە چاو ئەوچاکەیە زۆر لە سەرشان قورس بوو. بەڵێ ناپلیۆن ئەوەی نەدەزانی و نەشیدەویست بیزانێ. لە ئێرفۆرت، پادشا ئەڵمانییەکان و ژنەکانیان، بە گوێرەی ئەو کەسەی بەچاوی خۆی دیتوویەتی، لە هەنتەش(حزوور)ی ناپلیۆندا وەک نۆکەر و کارەکەری ئاغایەکی تووڕە و تۆسن هەڵسووڕابوون، ئاغایەک کە ئەگەر ئەم نۆکەر و کارەکەرانە زانیبایان لەکاتی خۆیدا دەستی ماچ بکەن، زۆر بەخشندە و دڵاوا بوو.
گۆتێ، یەکەم شاعیری مەزنی ئەڵمان داوای کردبوو بچێتە لای ئیمپراتۆر و ئاخرییەکەی کاتێک ناپلیۆن لە ئێرفۆرت وەریگرت و ئینجا لەبیریشی نەبوو کورسییەک بۆ ئەو پیرەنووسەرە دابنێ کە لەسەری دانیشێ، بەڵام پەسنی کتێبەکەی "وێرتێر"ی دا و گۆتێ لە خۆشییان شاگەشکە بوو. بە کورتی چینی سەرووی کۆمەڵگەی ئەڵمانیا کە ناپلیۆن تەنیا پێوەندیی بەردەوامی لەگەڵ ئەوان هەبوو، ئەوکات هیچ ناڕەزایەتییەکیان دەرنەبڕی. میللەت کپ و گوێڕایەڵ بوو، بەڵام لە بەرانبەردا ئەو هەواڵانەی لە نەمساوە دەهاتن، جاربەجار ترسناکتر بوون.

لە نەمسا باوەڕیان وابوو کە ئەمجارە ئیتر ناپلیۆن ناتوانێ بە دەستێک شەڕ بکا، چونکە ناچارە بە دەستەکەی دیکەی شان بداتە بەر باری قورسی جەنگەکەی ئیسپانیا. لە نەمسا دەیانزانی ناپلیۆن بەهیچ نرخێک ئامادە نیە واز لە ئیسپانیا بێنێ. چونکە ئەو تەنیا لەبەر حەز و ئارەزووە جیهانگیرییە بێهەوسارەکانی نییە کە ئەو ولاتەی خۆش دەوێ، بەڵکوو ڕەگێکی دیکەی هەیە، هەر بۆیە تا ماوەیەکی زۆر ئیتر لەوێدا چەقیوە. ئەوکات، گەمارۆی وشکانی بە دەرکردنی فەرمانی تازە و کاملّکەر و هەنگاوی تازەی پۆلیسی و ڕەچاوکردنی سیاسەتی تازەی ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەکرا. وازهێنان لە شێوەدوورگەی ئێبری، لەوکاتەدا کە ئینگلیزییەکان لەوێدا خەریک بوون گەشەیان دەکرد، بە مانای دەستبەردان بوو لە گەمارۆی وشکانی، یانی کۆڵەکەی هەموو سیاسەتەکانی ناپلیۆن.

5

خیانەت، یان ئەو گومانەی ناپلیۆن لە تالیرانی پارەپەرست و فۆشێی سیخوڕ واتە ئەو دوو بێنرخە بێشەڕەفەی هەبوو کە ناپاکیی لێ بکەن، بە دڵنیاییەوە هێندەی ئەو جەنگەی لەوانەبوو لەگەڵ نەمسا هەڵگیرسێ، مێشکی ئەوی سەرقاڵ نەدەکرد. بەڵام چونکە مشووری لەو مەسەلەیەش دەخوارد، لە جانیوەری 1809دا ئیسپانیای بۆ مارشاڵەکانی خۆی کە بەبێ وی نیوەی بەها سەربازییەکەیان لەدەست دەدا و بەهیوای شا ژۆزێفی برای کە بەبێ وی قەت بایی پووشێک نەبووە، ئەسپارد و گەڕاوە پاریس و ئەمری بە کاربەدەست و وەزیرەکانی کرد تا لە کۆشکی تۆیلری کۆ ببنەوە و ئینجا ڕۆژی 28ی جانیوەری 1809 بەوپەڕی تووڕەییەوە لە تالیران خوڕی و لۆمەی

کرد. ئەو ڕۆژە بەم ڕستانە دیمەنێکی بەسەر تالیراندا کردەوە کە هێشتا زیندووە و دەبینرێ: "کوڕە هەی دز، تۆ دزی. تۆ پیاوێکی بێ باوەڕی. تۆ باوەڕت بە خوا نیە. تۆ لە ژیانتدا قەت ئەرکی خۆتت ڕانەپەڕاندووە. تۆ گزەت لە هەمووان کردووە و هەموانت خەڵەتاندووە و ناپاکیت لە هەمووان کردووە. لە ئایینی تۆدا هیچ شتێک پیرۆز نییە. تۆ ئەگەر پێت کرابایە باوکیشتت دەفرۆشت... باشە ئەمن بۆچی تۆم بە ئاسنەپەرژینەکانی گۆڕەپانەکەی کێڕۆسێلەوە هەڵنەواسی؟ بەڵام خۆ هێشتا نەچووە بچێ. تۆ ڕێک وەک سلەگوویەک وای، کە لە گۆرەویی ئاوریشمیان کردبێ." ئەو ئەگەرچی تا ڕادەیەک دەیزانی تالیران ـ کە لە 1807ـەوە لادرابوو ـ خیانەتی لێ کردووە، بەڵام دیار بوو ئاگای لە وردەکارییەکانی نەبوو ئەگینا دەیگوت دەسبەجێ گوللەبارانی بکەن. بەڵام ئەو کاری زۆر گرینگتری لە هەڵدانەوە و ئاشکراکردنی فێڵ و گزەکانی ئەو گەندەڵە زگماکە هەبوو. جەنگ لەگەڵ نەمسا، نەیهێشت هەڕەشەکەی بەرێتە سەر.

لە ئیسپانیادا کە لە بەر زەبری گورچوبڕی ناپلیۆندا بڕستی لێ بڕابوو، ئاگری ڕاپەڕینە جووتیارییەکان و ڕاپەینی شارەکان دیسان لە هەموولاوە بلێسەی سەند بۆ ئەوەی ئیتر قەت نەکوژێتەوە. ئەو خەڵکە ئازایەی بەکەس دەستەمۆ نەدەکران، دەتگوت وەک شینکە لە زەوی سەردەردێنن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە خاکدا خۆ بشارنەوە و هێشتا نیوەی زیاتری یەکە هەرە باشەکانی سوپا 300000 کەسیەکەی ناپلیۆنیان لە ئیسپانیادا تووش کردبوو. بەڵام ئیمپراتۆر نیوەکەی دیکەی بەپەلە ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بچنە شەڕێکی تازە و زۆر ئەستەمەوە لەگەڵ نەمسا. بە سەربازگیرییەکی کتوپڕ لە فەرنسا 100000 سەربازی تازەی بۆ کۆ کرایەوە. جگە لەوەش فەرمانی دەرکرد تا وڵاتە

ئەڵمانییەکانی بندەستی خۆی 100000 سەربازی دیکەی بۆ کۆ بکەنەوە و ئەوانیش بەبێ هیچ ورتەورتێکی ناڕەزامەندی فەرمانەکەیان ڕاپەڕاند. ئینجا لە نێو سەربازە کۆنەکانی خۆیدا کە بەتایبەتی متمانەی تەواوی پێیان هەبوو، 110000 کەسی هەڵبژارد و 70000 کەسی دیکەشی نارد ئیتالیا کە لەوانەبوو نەمساییەکان لەوێوە هێرش بکەن. بەو جۆرە، ئەو لە بەهاری 1809دا هەندێک زیاتر لە 300000 سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەمسا لەبەردەست بوو، بەڵام نەمساش هەموو هێزەکانی خۆی کۆ کردبۆوە. دەرباری ڤیەننا و بەگزادە و خانەدانەکان کە هەڵایسێنەری ئەو جەنگە بوون، هەموویان هاوڕا بوون. نەجیبزادە هەنگارییەکانیش ئەمجارە ئەوپەڕی وەفاداریی خۆیانیان بۆ تاج و تەختەکە دەربڕیبوو. لە ڕاستیدا مەسەلەی بەرگری و پتەوکردنی ئەمانەتێکی پیرۆز لەگۆڕێ بوو، کە لە نێوان هەموویاندا هاوبەش بوو، ئەو ئەمانەتە پیرۆزە، سیستەمی سێرواژ بوو، کە ئێستا گۆڕەپانەکەی لەسەر نەخشەی جوگرافیادا زۆر بەرتەسک کرابۆوە و لە ڕووی سیاسیشەوە لە سۆنگەی سێ جەنگی 1796 ـ 97، 1800 و 1805دا کە بۆ نەمسا خراپ تەواو ببوون، تەواو لەرزۆک ببوو و ئاوەدانترین ملکی بنەماڵەی هابسبۆرگ خرابووە سەر فەرەنسا. بۆرژوای پیشەساز کە گەمارۆی وشکانی بە قازانجی بوو، لە ئیمپراتۆریای نەمسادا جگە لە بۆهێم، هێشتا زۆر کەم بوون. بۆرژوای بازرگان و جەماوەری بەرخۆر و بەکاربەر بەدەست فەرمانەکەی بەرلینەوە ئازاریان دەچێشت. هەر بۆیە ئەو جەنگەی لە 1809دا دەرباری نەمسا هەڵیداییساند، لە سێ جەنگەکەی پێشوو جەماوەریتر بوو. لە نەمسا و ئەڵمانیا دووپاتەیان دەکردەوە: "ئاخریەکەی، تیرێژی خۆر لە ئیسپانیاوە دەرکەوت."

دنیا هەست و خوستی لەخۆ بڕیبوو. ناپلیۆن لەگەڵ سێ کەس لە مارشاڵە هەرە باشەکانی خۆی یانی داقۆ و ماسنا و لان لەسەر هەست بوون(ئامادەباش بوون). ئەو چاوەڕێ بوو کە لە پێشدا نەمسا "هێرش" بێنێ، چونکە نەمسا بەو جۆرە بەڵگەیەکی دیکەی بۆ دانوستانە جیددییەکەی ئەو کە لە ئێرفۆرت لەگەڵ ئەلکساندر دەستی پێ کردبوو بەڵام بێ ئاکام مابۆوە بۆ ئەو دەستەبەر دەکرد: یانی ناپلیۆن هێشتا بەهیوا بوو کە ڕووسیا دژی نەمسا بێتە نێو جەنگەکەوە.

لە 14ی ئەپریلی 1809دا ئارشیدۆک شارڵ باشترین سەرداری نەمسایی هاتە نێو باویرەوە. ناپلیۆن کە بەرەو شەڕگە وەڕێ دەکەوت ڕایگەیاند، بە دڵنیاییەوە تا دوو مانگی دی نەمساییەکان ناچار دەکا چەک دابنێن و ئەوکات ئەگەر پێویست بکا، دیسان دەچێتەوە ئیسپانیا. بێگومان ناپلیۆن پشتی زۆر بەو 100000 ئەڵمانییە گەرم نەبوو کە بە نابەدڵی ببوونە سەربازی ئەو و یەک لە سەر سێی سوپاکەی ئەویان پێک دێنا. ئەو دەیزانی ئەو یەکە شەڕکەرانەی لە جەنگەکاندا خارابوون و ببوونە کۆڕی مەیدان، ئێستا لە ئیسپانیا ماتڵ ماون و سوپای فەرەنسا چەندە سەربازی بە ئەزموون و شەڕکەری لەو وڵاتەدا لەدەست دەچێ. بەڵام هەر ئەو نەبوو کە بەو مەسەلەیەی دەزانی. نەمساییەکان ئەمجارە بە ئازایەتی و تەوژمێکی بێوێنەوە دەجووڵانەوە. یەکەم شەڕی گەورە لە نزیک ئانێنسبێرگ لە باویر قەوما. نەمساییەکان سەرکوت کران و زیاتر لە 13000 کەسیان تێداچوون. ئەوان لەم جەنگەدا زۆر ئازایانەتر و بوێرانەتر لە جەنگی ئارکۆڵ و مارەنگۆ و ئۆسترلیتز دەستیان کردەوە. شەڕی دووەمیش یانی شەڕی ئەکمۆڵ لە 22ی ئەپریلدا هەر ناپلیۆن بردیەوە. ئارشیدۆک شارڵ بە زیانێکی زۆر قورسەوە ڕاو نرایە ئەوبەری دانووب. لەو جەنگەدا مارشاڵ لان بە

کاملکردنی مانۆڕەکەی خۆی، پەلاماری ڕاتیسبۆنی دا. ناپلیۆن کە ڕێنوێنی گەمارۆکە بوو، لە جەنگەی جەنگەکەدا لاقی بریندار بوو. چەکمەکەی ئیمپراتۆریان لە لاقی دەرهێنا و بەپەلە بریندەکەیان پێچا و ئەو دەسبەجێ فەرمانی کرد سواری ئەسپەکەی بکەنەوە و پێداگرانە قەدەغەی کرد باسی بریندارببوونەکەی بکرێ نەکا سەربازەکان تووشی دڵەڕاوکێ بن. کە چووە نێو شارە گیراوەکە، بەبێ ئەوەی وەسەرخۆی بێنێ کە چ ئازارێکی بەژانی هەیە، بە زەردەخەنەوە سڵاوی لە سەربازەکانی کرد کە هوڕایان بۆ دەکێشا و دەیانقریواند. شەڕەکانی ئاکمۆڵ و ڕاتیسبۆنیش زیانی 50000 کوشتە و بریندار و بێسەروشوێنیان بۆ نەمساییەکان بەدواوە بوو، ناپلیۆن لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە پێنج جەنگدا سەرکەوتبوو.

ناپلیۆن وێڕای ڕاوەدوونانی یەکە شکاوەکانی ئارشیدۆک شارڵ بەرەو ئەوبەری چۆمی دانووب، لە شوێنێک بەناوی ئێبێرسبۆرگ خۆی گەیاندێ و لەوێش تێکی شکاند و بەزاندی. شارەکەی ئاگر دا و بەشێک لە خەڵکەکەی، وەک نەمساییەکان باسی دەکەن نیوەی خەڵکەکەی لە ئاگردا سووتان. ژەنەڕاڵ ساڤارای دووک دۆرۆقیگۆ لەبارەی تێپەڕینی چوارچاکە فەرەنسیەکان بە نێو کاولاشەکانی ئێبێرسبۆرگدا دەنووسێ: "ئێمە بە نێو گۆشت و خوێنی بنیادەمدا دەڕۆیشتین. سمی ئەسپ لەو تێکەڵەی گۆشت و خوێنە بێزارکەرەدا کە هەموو کۆڵانەکانی داگرتبوو، ڕۆدەچوو. ئەو ڕووداوە لە 3ی مانگی مایدا قەوما. ناپلیۆن ڕۆژی 8ی مای دیسان وەک ساڵی 1805 لە کۆشکی ئۆینبروندا خەوت و ڕۆژی 13ی مای شارەداری ڤیەننا (بۆرگماستەر) کلیلەکانی پایتەختی نەمسای بۆ ناپلیۆن هێنا. وێدەچوو جەنگ کۆتایی هاتبێ، بەڵام شارڵ سەربازەکانی خۆی ڕزگار کردبوو و دەرفەتی بۆ ڕەخسابوو بە سەر

پردەکانی ڤیەننادا بیانپەڕێنێتەوە بەری چەپی دانووب و ئینجا پردەکان بسووتێنێ. لەو کاتدا ناپلیۆن بڕیاری دا کارێکی زۆر ئەستەم بکا. لە نیو کیلۆمەتریی بەری ڤییەنای دانووسدا "بەری ڕاست"، تیرەگێکی لم لە ئاوەکەوە هاتۆتە دەرێ و دەگاتە سەر دوورگەی لۆباو. ناپلیۆن بڕیاری دا پردێک بە کەشتی هەتا سەرەتای ئەو تیرەگە لەسەر چۆمەکە دروست بکا و هەموو هێزەکەی کە لە سۆنگەی شەڕ و دانانی بنکە لەسەر ڕێیەکان زۆر کەم ببۆوە بەو پردەدا بپەڕێنێتەوە. چونکە ئەو باوەڕی وابوو سەربازەکانی زۆر بە ئاسانی دەتوانن بەو تیرەگە لمەدا بپەڕنەوە کە دوورگەی لۆباوی لە بەری چەپی یەکاوی دانووب "بەری ڕاست" جوێ دەکردەوە. پەڕینەوە بۆ دوورگەی لۆباو ڕۆژی 17ی مای دەستی پێ کرد. ئینجا ناپلیۆن فەرمانی دا پردێکی دیکە بە کەشتی لە دوورگەکەوە بۆ بەری چەپ دروست بکەن. سەرەتا یەکەی فەرماندە لان پێیدا پەڕیەوە و بەدووی ئەودا ماسنا. ئەو دوو مارشاڵە دوو گوندەکەی کەنار واتە ئاسپێرن و ئێسلینگیان داگیر کرد. بەڵام کتوپڕ ئەو دوو یەکەیە و یەکەکانی دیکەی سوپای فەرەنساش کە بەدوویاندا هاتبوون، کەوتنە بەر هێرشی ئارشیدۆک شارڵ. شەڕێکی سامناک قەوما و لەو کاتەدا کە لان بە سوارچاکەکانیەوە ڕکێفکوت هەڵیدەکوتایە سەر نەمساییەکان بۆ ئەوەی لە کاتی پاشەکشەی ڕێکوپێکیاندا بیانداتە بەر دوخی شمشیر، ئەو پردەی شکاند کە بەری ڕاستی چۆمەکەی ـ بەری ڤیەننا ـ ی بە چەند دوورگەوە دەبەستەوە و کتوپڕ سەربازانی فەرەنسا لەو تەقەمەنی و تفاقە بێبەش بوون کە تا ئەو کات بەتەما بوون لەوێوە پێیان بگا. ناپلیۆن فەرمانی بە لان دا دەسبەجێ بکشێنەوە و ئەو شەڕ و پاشەکشەیە زیانی زۆری لێ کەوتەوە. لە شەڕەکەدا تۆپێک مارشاڵ لانی پێکا و هەردوو قاچی پەڕاند. لان لە باوەشی

ناپلیۆندا گیانی دەرچوو و بۆ دووەم جار هەمووان فرمێسکیان بە چاوی ناپلیۆنەوە دی. سوپای فەرەنسا کشایەوە دوورگەی لۆباو و سەرەڕای ئەوەی ناپلیۆن دڵخۆشیی خۆی دەداوە کە لەو جەنگەدا لە 10000 کەس زیاتریان زیان بەر نەکەوتووە، هەڵبەت زۆر لەوەش زیاتر بووە، و ئارشیدۆک شارڵ 35000 ی لێ کوژراوە، _لە ڕاستیدا 27000 کەس_ ئەم جارە ئیتر ئەو گومانە ڕەوییەوە کە فەرەنسیەکان ناشکێن و ناکشێنەوە. ئەم ڕووداوە لە ڕۆژانی 21 و 22ی مایدا قەوما. دەربار و دەوڵەتی نەمسا کردیانە شایی و گۆڤەند و خەریک بوون خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی دیسان پایتەخت کە لەوێ ڕایانکردبوو بگرنەوە. ئارشیدۆک شارڵ کە پیاوێکی شەڕکەر و بەنرخ و گران و سەنگین بوو، نەک لەخۆبایی نەبوو، بگرە لەو زێدەبێژییانە تووڕە بوو. بەڵام هەرچۆنێک بێ ئەو ڕووداوە وەک گەمارۆکەی عەکا لە 1799دا و تەنانەت شەڕاگرتنی وێیلەو لە 1807دا نەبوو. ئەوە سێیەمین شکانی زۆر قورس و بەرچاوی ناپلیۆن بوو. ناپلیۆن دەیزانی لە ئەڵمان عەگیدێکی پرۆسی بەناوی شیل بە لیوایەکی سوارچاکەوە دژی فەرەنسیەکان دەستی کردووە بە کردەوەی پارتیزانی و جووتیارێکی تیرۆڵیش بەناوی ئاندریاس هۆفێر لە چیاکانی تیرۆڵ شتێکی وای هەڵایساندووە. دەیزانی ئیتر ئەمنیەت و هێمنی لە ئیتالیادا نەماوە و لە ئیسپانیاش کە سێسەد هەزار سەربازی لە هەرەباشەکانی سوپای مەزن بەجێ هێشتووە شەڕێکی سامناک و قورس هەڵگیرساوە. هەواڵی شەڕی "ئیسلینگ" کە گوایا ناپلیۆن لە دوورگەی لۆباو گیری خواردووە و قەتیس ماوە ـ لە زمانی خەڵکی ئەورووپاوە کە ئەوە ئاوات و ئارەزوویان بوو ـ دەبوایە گیانێکی تازە وەبەر ئەو خەباتگێڕانەدا بێنێتەوە کە لە هەموو لایەکەوە ڕادەپەڕین و شۆڕشیان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا ناپلیۆن نە خۆی شلۆێ کرد و نە ترسیشی ڕێنیشت. بە ڕواڵەت تاقە خەم و پەژارەی ئەو لەو ڕووداوە سامناکەدا مەرگی مارشاڵ لان بوو نەک بەزین لە شەڕێکی بچووکدا. ئەو دەیزانی نەمساییەکان لە ئێسلینگ زیانێکی قورس و گورچوبڕیان وێکەوتووە و لە قۆناغی یەکەمی جەنگی پێش ڤیەننا زیاتر لە 50000 کەس یانی زۆر زیاتر لە فەرەنسیەکانیان سەرباز لێ کوژراوە. ئەو وێڕای بەهێزکردنی سوپاکەی و داڕشتنی پلانی تازەی سەربازی و تاوتوێکردنی زۆر وردی ئەو ڕاپۆرتانەی هەموو ڕۆژێ لە چوارقوڕنەی ئیمپراتۆرییە پان و بەرینەکەیەوە بۆی دەهات، هەموو هۆکارەکانی لەبەر چاو دەگرت. ئەو بەوپەڕی سەرسوورمانەوە دەیزانی کە پاپا "پیوس"ی حەوتەم و کاردینالەکانی وێڕای وتار و ئامۆژگاریەکانیان وەک سزایەکی یەزدانی و غەزەبی خوا باسی جەنگەکەی ئێسلینگ دەکەن کە بۆ زاڵمەکەی جیهان و دیکتاتۆرەکەی سەردەم و سووکایەتیکەر و ئازاردەرەکەی کلێسای مەسیح نازڵ بووە. ناپلیۆن سەرەڕای ئەو هەمووە گرفتاری و چەرمەسەرییە، ئەو مەسەلەی لەبیر نەکرد و پلانێکی بۆ نوێنەرەکەی خوا لەسەر زەوی، داڕشت. لە سەرانسەری هاوینی ساڵی 1809دا هەواڵی زۆر ناخۆش لە لای ئینگلتەراوە بۆ ئیمپراتۆر هاتن، کە ئینگلیزەکان لەشکرێکی زۆر گەورەیان بۆ کردنەوەی بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە باکووری بەلژیکا پڕچەک کردووە. 40000 سەرباز و 30000 مەلەوان لە دوورگەی والشێرێن دابەزین. ئینگلیزەکان توانییان ماوەیەکی کورت فلێسینگ بگرن بەڵام ئەو هەوڵە شکستی هێنا و ئینگلیزەکان کە زۆر پیس تەمبێ کرابوون، بەرەو ولاتەکەی خۆیان کلکیان لەگەڵۆزیان نا و چارۆگەی کەشتییەکانیان هەڵدا.

ناپلیۆن بەردەوام لە نێوان ڤیەننا و کۆشکی شوێنبرون و دوورگەی لۆباو لەهاتوچوودا بوو. ئەو زۆر زوو توانیی سەربازەکانی دڵنیا بکاتەوە کە بەو زووانە سەرکەوتنێکی باش دەستەبەر دەکەن: لە نیوەی مانگی جووندا سوپا حەسابۆوە و بەهێزیش کرابوو و دوورگەی لۆباویش بەشێوەیەکی بەرچاو پتەو کرابوو. ئیمپراتۆر ئەرخەیان ببوو کە ئارشیدۆک شارڵ لەو ماوەیەدا دەستەوەستان دانیشتووە و ناتوانێ هێرش بکا و ئێستا تەنیا ئەو واتە ناپلیۆن توانای ئەوەی هەیە فەرمانی شەڕێکی یەکلاکەرەوە بدا.

پاش ئەوەی لەو ڕێکخستنە سەربازییانە بۆوە، ناپلیۆن لەو چەند ڕۆژەدا کە دەبوایە پشوو بدا، لە پێشدا مشوورێکی لە پاپا خوارد. پاپا پیوسی حەوتەم ناچار بوو کەفارەتی زیرەکی و پێش هەموو شتێک سزای هەڵپەکەی خۆی بداتەوە کە گوتبووی شەڕەکەی ئێسلینگ غەزەبی خوا بووە بۆ ئەو زاڵمە. جگە لەوەش، لە 17ی مای 1809دا یانی پێش دەسپێکی شەڕەکە، شاری ڕۆما و هەموو ملکەکانی کلێسا بە فەرمان و ئیمزای ناپلیۆن خرابووە سەر ئیمپراتۆریای فەرەنسا.

ئەو فەرمانە کە لە بنەوەی نووسرابوو: "لە لەشکرگەی ئیمپراتۆریی ئێمەوە ـ ڤیەننا، ئیمزا ناپلیۆن"، ئەو ملکانەی لە چنگ پاپا دەرهێنا، کە پاپا بە پشتبەستن بە "هوببەنامە" کە بەڵگەیەکی دەستکردی پاپاکانی سەدەکانی ناڤین بوو دەستی بەسەرداگرتبوون و ئیمپراتۆریای قوستەنتەنیەی مەزنیش لە سەرەتاکانی سەدەی چوارەمدا دابووی بە پاپا سیلۆستەری یەکەم.

پاش ئەو فەرمانە زۆری نەبرد سوپای فەرەنسا لە ڕێکەوتی 10ی جووندا ڕۆمای بەتەواوی داگیر کرد و دامودەزگای پاپای لە هەموو ئەو ملک و سامانانە بێبەری کرد کە لە 1500 ساڵ لەوەپێشەوە

بەدەستیەوە بوون. پاپا پیوسی حەوتەم لەژێر چاودێریدا نێردرایە ساڤۆنێ لە بیڤیریای ئیتالیا.
ناپلیۆن پاش ئەوەی تۆڵەی لە پاپا کردەوە، مشووری لە دواییین ئامادەکاری و تەدارەکە سەربازییەکانی خۆی خوارد. لە ڕۆژانی 2 و 3 و 4ی جوولایدا، ئیمپراتۆر لەشکری تازەی بردە نێو دوورگەی لۆباو و زیاتر لە 550 عارەبانە تۆپی هێنایە ئەوێ. لە پێنجەمی جوولایدا فەرمانی دا بپەڕنەوە بۆ بەری چەپی چەمەکە. ماکدۆنالّدیش کە لە ئیتالیاوە بانگ کرابوو، گەیشتە لەشکرە بەهێزکراوەکەی ئەو. ئەو شەڕەی لە پێنجەمی جوولای 1809دا ڕووی دا، بەو جۆرە نەبوو کە ئارشیدۆک شارڵ چاوەڕوانی بوو، لەو شوێنەشەوە پەلامار نەدران کە ئەو پێی وابوو هەر لەوێوە دەبێ. ناپلیۆن باوەڕی وابوو کە هەرگیز نابێ وەک دوژمن چاوەڕوان دەکا، ئاوا بجوولّێیتەوە، ئەو قسەیەی کردبووە بنەمایەکی نەگۆڕ بۆ شەڕەکانی خۆی. فەرەنسیەکان لە نێوان 550 تا 560 تۆپ و نەمساییەکانیش زیاتر لە 500 تۆپیان پێ بوو و هەردوولایش چک و تەقەمەنییان بەگوێرەی پێویست کۆ کردبۆوە. زۆر بە ڕێکوپێکی لە دانوب پەڕینەوە. خوێناویترین شەڕ ڕۆژی پێنجەم و بەتایبەتی شەشەمی جوولای دەموساتێکی مەترسیداری بەسەر ناپلیۆندا هێنا. ئەو لە نێودڵی سوپاکەیدا بوو. مارشاڵەکانی ئەو یانی داڤۆ و ماکدۆنالّد و ماسنا و ژەنەڕاڵ درۆیۆ فەرماندەی تۆپخانە، بە وردبینییەکی بێوێنەوە کە لەو جۆرە شەڕانەدا پێویستە دەجوولّانەوە پاش بۆردوومانێکی خەست، تابوورەکەی ماکدۆنالّد کە 26 بەتالیۆن بوو، بە شێوەیەکی چوارگۆشەیی کە هەر لاگۆشەیەکی1000 کەس بوو، دڵ و چەقی نەمسای بە زیانێکی قورسەوە تێک شکاند. هێزە پشتیوانەکەی دوژمنیان ڕاو نا. هەندێ دوورتر لە باکوورەوە مارشاڵ داڤۆ کە ناپلیۆن ناردبووی گوندی واگرام بگرێ کە

لەسەر گردێکەوە بوو، بە شەڕێکی قورس خۆی گەیاندە گوندەکە و گرتی و بەو جۆرە هێزەکانی نەمسا بەتەواوی تێک شکان. لە شەوی شەشەمی جوولای 1809دا هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو. نەمساییەکان لە شوێنەکانیان دەرکرابوون. بەڵام هێشتا تەواو پەرش و بڵاو نەببوون و بەشێک لە یەکەکانیان بە ڕێکخراوی و ڕێکوپێکی پاشەکشەیان کرد. شکستی نەمساییەکان لە واگرامیش زۆر سامناک بوو و لە شکستەکەی ئۆسترلیتز کەمتر نەبوو. چونکە لە دووەم ڕۆژی جەنگەکەدا نزیک بە37000 کەس کوژراو و بریندار و دیلیان هەبوو. ئەگەرچی فەرەنسیەکان زیانیان لە بەزیوەکان کەمتر بوو، بەڵام زیانی ئەوانیش قورس بوو. سەرکەوتنەکە بە نرخێکی زۆر گران بەدەست هاتبوو.
ڕاونانی سەربازە شکستخواردووەکانی نەمسا لە حەفتەکەی دواتریشدا هەر نەبڕایەوە. ناپلیۆن سوارچاکەکانی خۆی وەشوێن دوژمن خستبوو بۆ ئەوەی لەناویان بەرن. لە 11ی جوولایدا کاتێک ناپلیۆن چووە نێو زێنایم، تێ گەیشت کە شازادە لیختنشتاین ئاجودانی گشتیی ئیمپراتۆر فرانسوا، تازە گەیشتووە و داوا دەکا بچێتە لای ئیمپراتۆر. ئیمپراتۆری نەمسا داوای ڕاگرتنی شەڕی کردبوو. ناپلیۆن بە کۆمەڵێک مەرجی زۆر قورس لێی قبووڵ کرد: تەواوی ئەو بەشانەی خاکی نەمسا کە سەربازی فەرەنسی تەنانەت یەکەیەکی بچووکیش لە کاتی شەڕاگرتندا داگیریان کردوون، دەبێ هەتا ئیمزاکردنی پەیماننامەی یەکلاکەرەوە وەک بەڵگە و بارمتەیەک بەدەست فەرەنسیەکانەوە بمێنێتەوە و نەمساییەکان دەبێ دەسبەجێ ئەو شوێنانە چۆل بکەن. لیختنشتاین هەموو مەرجەکانی قبووڵ کرد دانوستان دەستی پێ کرد. ئیمپراتۆر فرانسوا کە وەرەی ڕووخابوو و ئێستا تف و لەعنەتی لەو کەسانە دەکرد کە لە سااڵ و نیوێک پێشەوە هانیان دابوو وەها جەنگێکی بێفەڕ و ئاقیبەت شڕ بکا (جەنگێک کە

نەمسا لە سەردەمی جەنگەکانی سی سالانەوە تا ئەودەم لەوە خوێناویتری نەکردبوو)، ئێستا ئامادە بوو مل بۆ فیداکاریی گەورەتر ڕاکێشێ. ئەو سزایەی ناپلیۆن پێش جەنگی واگرام بۆ پاپای دیاری کردبوو و ئێستا بە ترس و لەرزەوە باسیان دەکردەوە و دەیانگوت ئەی بڵێی پاش جەنگی واگرام چ بەسەر نەمسا بێنێ؟

چاوەڕوانییەکانی ناپلیۆن زۆر لە چاوەڕوانییەکانی پاش جەنگی ئۆسترلیتز زیاتر بوون. ئەو ئەیالەتە تازەکانی نەمسا یانی کارینتی و کارنیۆل و ئیستری و تریيەست و دەوروبەرییەکانیان و بەشێکی گەورەی ملکەکانی نەمسا لە ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئەو ئیمپراتۆرییە و هەروەها چەند بەشێکیش لە گالیسیی دەویست لەگەڵ باجێک بە بڕی 134 ملیۆن فلۆرن زێڕ. نەمساییەکان چەندی خۆیان هێنا و برد و پارانەوە و مشووریان خوارد، دادی نەدان. جیهانگری سەرکەوتوو بێبەزەیی و دڵڕەقیی نواند. ئەو تەنیا ئامادە بوو باجەکە بکاتە 85 ملیۆن و تۆزێکیش لەو خاکانەی نەویست کە داوای کردبوون. لە ماوەی دانوستانەکەدا، ناپلیۆن لە کۆشکی شوێنبرۆن دانیشتبوو. گوێڕایەڵی بەسەر ڤیەننا و هەموو نەمسای داگیرکراودا زاڵ بوو. بڵێسەی هیوایەک کە لە سۆنگەی شەڕەکەی ئێسلینگەوە لە نەمسا و ئەڵمانیادا هەڵگیرسابوو، دامرکایەوە. ناپلیۆن لە ڕەشنووسی گرێبەستی ئاشتییەکەدا ئەوەشی گونجاند کە نەمسا بۆی نیە زیاتر لە150000 سەرباز ڕاگرێ و ئیمپراتۆر فرانسوا ئەم مەرجەشی قبوڵ کرد

لە 12ی ئۆکتۆبەردا ناپلیۆن لە پێش کۆشکی شوێنبرۆن، گاردەکەی خۆی ڕانا. ئەو جۆرە سان و ڕانانە، بەتایبەتی لە ڕۆژانی جەژندا، خەڵکێکی زۆری لەوانەی تاسەباری دیتنی ناپلیۆن بوو لە ڕێی دوورەوە هێنابووە ڤیەننا، چونکە خەڵک لە هەموو جێیەک حەزیان لێبوو بزانن ناپلیۆن

کەسێکی چۆنە. ئیمپراتۆر پێی خۆش بوو ئەو خەڵکە هاتوونە مەیدانی نمایش و ڕانانی سەربازەکانی، بەتایبەتی کەیفی بە شاری ڤیەننا دەهات کە ئاوا گوێڕایەڵی ئەون. سان و ڕانانی سەربازەکان ڕۆژی دوازدەی ئۆکتۆبەر سات بە سات نزیک دەبۆوە کە کتوپڕ گەنجێکی تەڕپۆش توانیبووی خۆی بخزێنێتە نێو هاوڕێکانی ناپلیۆنەوە لە حاڵێکدا کوتە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو لە ئیمپراتۆر چووە پێشێ. بەر لەوەی گەنجەکە دەرفەتی ئەوەی بێ چەقۆ تیژ و زلەکە لە گیرفانی دەربێنێ، گرتیان کە سان و ڕانان(نمایشی سەربازی) تەواو بوو، ناپلیۆن وێستی گەنجە دەستبەسەرکراوەکە ببینێ. گەنجەکە کە ناوی شتاپس بوو، یەکێک لە قوتابیەکانی ناومبۆرگ بوو. ئیمپراتۆر لێی پرسی: "بۆچی دەتویست بمکوژی؟"

ـ چونکە باوەڕم وایە تا خاوەنشکۆ مابێ، وڵاتەکەی من و دنیاش ئاشتەوایی و ئازادی بەخۆیانەوە نابینن.

ـ کێ تۆی هان داوە؟

ـ هیچ کەس.

ـ ئاخۆ لە زانکۆکانتاندا ئاواتان پەروەردە دەکەن؟

ـ نەخێر خاوەنشکۆ.

ـ ئەتۆ دەتویست ببیتە برۆتۆس؟ (زۆرکوڕەکەی قەیسەری ڕۆما، کە لە پشتەوەڕا بە خەنجەر لێی دا).

دیارە قوتابییەکە وەڵامێکی نەداوە و وەک ناپلیۆن دواتر باسی کردبوو گۆیا هەر نەشیزانیوە برۆتۆس کێیە.

ـ دەی باشە، من ئەگەر ئێستا ئازادت بکەم چ دەکەی؟ ئاخۆ دیسان هەوڵی کوشتنی من دەدەی؟

شتاپس پاش تاوێک بێدەنگبوون گوتی: "بەڵێ خاوەنشکۆ."

ناپلیۆنیش بێدەنگ بوو و بە ڕوخساریکی مرچومۆن و بیرکەرەوانەوە لە ژوورەکەی چووە دەرێ. هەر ئەو شەوە دادگای سەربازیی بۆ پێک هێنا و سبەی شەوەکەی گوللەباران کرا.

دوو ڕۆژ پاش ئەو ڕووداوە کە ناپلیۆن قەدەغەی کرد ڕۆژنامەکان باسی بکەن، یانی لە 14ی ئۆکتۆبەری 1809دا فرانسوای یەکەم، ئیمپراتۆری نەمسا بڕیاری دا پەیمانی ئاشتیی شوێنبرون واژوو بکا. ئاشتییەک کە زاڵمانە ملک و سامانەکەی لێ زەوت دەکرد و دەسەڵاتێکی بێسنووری بە دیکتاتۆرەکەی ئەوروپا دەبەخشی.

نەمسا سزای ئەو هەوڵەی وەرگرت کە بۆ داڕنینی نیری یەخسیریی ناپلیۆن لە ئەستۆی ئەویش بە نرخی گیانی سەدان هەزار مرۆڤ و کاولبوونی وڵات و غەرامەیەکی کەمەرشکێن و لەدەستدانی یەک لەسەر سێی ئاوەدانترین ئەیالەتەکانی و دابڕانی چەند ملیۆن دانیشتوو و گوێڕایەڵی و خۆبەدەستەوەدانێکی زیاتر لە بەرانبەر ناپلیۆن، دابووی.

لووتکەی دەستڕۆیشتوویی

1810 ـ 1811

1

پاش ئیمزای پەیمانی ئاشتیی شوێنبرون، زۆر نەخایاند کە ناپلیۆن ڤیەننای بەجێ هێشت و چەند ڕۆژ دواتر وەک ڕۆژانی پاش شەڕی میسر و مارەنگۆ و پاش ئوسترلیتز، سەرکەوتووانە گەڕاوە پایتەختەکەی خۆی.
ئیمپراتۆریا پان و بەرینەکەی ئەو جارێکی دیکەش سنوورەکانی خۆی هەراوتر کردبۆوە. خزمەتکاری وەفادار پاداشتی باشیان وەرگرتبوو و کۆمەڵێک چاوقایمیش بێبەزەییانە سزا درابوون. ملکەکانی پاپا زەوت کرابوون. ڕاپەڕیوانی تیرۆڵ قەڵتوبڕ کرابوون و پارتیزانەکانی عەمید شیل بە فەرمانی ناپلیۆن لە دادگایەکی جەنگیی پرۆسدا حوکم درابوون و گوللەباران کرابوون. لە ئینگلتەراوە هەواڵی مایەپووچبوون و خۆکوشتنی بازرگانان و پیشەسازە ناڕازییەکان دەهات. گۆیا گەمارۆی وشکانی ئامانجەکانی خۆی پێکابوو.

وێدەچوو ئیمپراتۆریی جیهانی گەیشتبێتە لووتکەی دەستڕۆیشتوویی و سامان و شانازی و پێگەی خۆی.
ناپلیۆن دەیزانی کە ئەوروپای تەنیا بە شەق و زۆرەملی خستووەتە بەر فەرەمانی خۆیەوە و بە ترسوەبەرنانیش نەبێ ڕاناگیرێن. بەڵام ئینگلتەرا ملی دانەدەنواند. ئیمپراتۆری ڕووسیش بە ئاشکرا گزەی دەکرد، چونکە لەو جەنگەدا کە تازە تەواو ببوو، هیچ یارمەتییەکی نەدابوو و تەنیا وای نواندبوو کە شەڕی لەگەڵ نەمسادا هەیە.
ئیسپانیۆلیەکان کە دەکوژران و لەنێو دەبران، هەروا بەرگرییان دەکرد و کۆڵنەدەرانە خەباتیان دەکرد بەبێ ئەوەی وەک ڕابردوویان، سەرکەوتنەکانی واگرام یان هەر سەرکەوتنێکی تازەی ئیمپراتۆر یان پێگە و ئابڕووی ئیمپراتۆری جیهان کە جار بە جار زیاتر و پتەوتر دەبوو، تۆزێکیش چییە کاریان تێ بکا.
دەوروبەری ناپلیۆن پڕ بوو لەو مارشاڵە گیانلەسەردەستانەی وەک ژۆنۆ و کەسانی هەلپەرست و زیرەکی وەک بێرنادۆت و خیانتکاری زیرەک و نەجیبزادەی وەک تالیران و دەرۆیش و مریدی دەمارگرژی وەک ساڤاری کە ئامادە بوون بە ئاماژەیەکی ناپلیۆن باوکی خۆیشیان گوللەباران بکەن. دەوری پڕ بوو لەو حاکم فەرماندەی بەزەبروزەنگی وەک داڤۆ کە ئەگەر پێویست بوایە ئامادەبوون بۆ خۆشیرنکردن بەبێ تۆزەگومانێکیش شاری پاریس ئاگر بدەن و ئینجا تاقمێکی هەلپەرستی زێدەخوازی لووتبەرز و تووکنەرم و بێئەخلاقی وەک خوشک و براکانی ئیمپراتۆر کە بە ئەمری ئەو کرابوون بە پادشا یان شاژنی ئەو وڵاتانەی گرتبوونی بەڵام بەردەوام و هەر جارە و بە بیانوویەک گلەییان هەبوو و خۆیان لە هەموو کێشەیەک وەردەدا و بۆ ئیمپراتۆر هەر ژانەسەر و چەرمەسەر بوون و هیچی دی.

نەک هەر ناپلیۆن، بگرە هەموو کەسێک لە فەرەنسا دەیزانی و لێی سوور بوو کە قۆناغ و سەردەمی جەنگ وازوو نابڕێتەوە، بەڵام لەوانەش بوو ئەو گوللەیە دروست کرابێ کە دەبوایە ئیمپراتۆر سەکەت بکا. ناپلیۆن جیاوازییەکی زۆری دەخستە نێوان ئەو شتەی لە فەرەنسا و بۆ فەرەنسا یانی بۆ ئەیالەتە قەدیمیەکانی فەرەنسای دەکرد لەگەڵ ئەوەی وەک ئیمپراتۆری ڕۆژئاوا و پادشای ئیتالیا و پشتیوانی یەکیەتیی مەملەکەتەکانی ڕاین دەیکردن. یەکەمیانی بە بەشێک لە کاری بەردەوامی خۆی دەزانی کە چەندین سەدە هەر دەمایەوە و، دووەمیانی بە مانەوەی خۆیەوە گرێ دابوۆە(دەیزانی لەگەڵ نەمانی خۆی ئەوانیش نامێنن). پێویست بوو پادشایەتییەکەی بکاتە بنەماڵەیی و جێنشینێکی هەبێ کە ژۆزفین نەزۆک بوو و نەیدەتوانی بۆی بخاتەوە، بۆیە دەبوایە ژنێکی دیکە بێنێ.

ئێستا کە بریتی شەڕەکەی ڕاتیسبۆن و خەنجەرەکەی شتاپس بەردەوام وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕاستییە بوون کە ئەوەی ناپلیۆن دایڕشتووە هەمووی بە مووێک بەندە، ئیتر لە ڕوانگەی ئەوەوە بنەماڵەییکردنی پادشایەتیەکەی ببووە بنەمایەکی نەگۆڕ. مێژوونووسە فەرەنسیەکان سەدان بەرگ کتێبیان لەبارەی ژۆزفین و بەسەرهات و سەربردەکانی ئەو و زەماوەندەکەی و بوورانەوەی لەو کاتەدا کە ناپلیۆن بۆ یەکەم جار پێی گوتبوو دەبێ تەڵاقی بدا و ژنێکی دیکە بێنێ کە ئاواتەکەی بێنێتە دی، نووسیوە. ئەو ڕووداوە بۆ ئێمە سەرنجڕاکێش نیە، جگە لەوەی ئاڵقەیەکە لەو زنجیرە ڕووداوە سیاسییانەی پاش واگرام بەردەوام ڕوویان داوە، هەر بۆیە ئێمە زۆر بە کورتی ئاوڕێکی لێ دەدەینەوە:

ئەگەر ناپلیۆن ژنێکی لەدڵەوە و بە ئەشقێکی بێوێنەوە خۆش ویستبێ، بەدڵنیاییەوە ئەو ژنە هەر ژۆزفین بووە ئەویش لە یەکەم ساڵەکانی زەماوەندیاندا، ئەگەرچی ئەو شەش ساڵ لە ژنەکەی گەنجتر بووە. پاش ئەو، ناپلیۆن دڵی نەچووەتە سەر هیچ ژنێک تەنانەت ئاوا ئاشقی کۆنتس ڤالۆسکاش نەبووە، چ بگا بەو ژنانەی کە پێوەندییەکی تا ڕادەیەک بەردەوامیشی لەگەڵیان هەبووە. بەڵام ئێستا چەند ساڵان بەسەر شەڕەکانی ئیتالیا لە ساڵانی 1796 و 1797دا تێپەڕیوە کە لەوێوە نامەی پڕ سۆز و ئاگرینی بۆ ژۆزفین دەنارد. ناپلیۆن دەیزانی ژۆزفین لە نەبوونی ئەودا خەریکی ڕابواردن بووە بەڵام هەر لێشی جیا نەبۆوە و ئەگەرچی ئاگری ئەشقی ژنۆفین لەدڵیدا دامرکابۆوە، بەڵام هێشتا خۆشی دەویست. ساڵان ڕادەبرن و ئەو بە ترسی مێردەکەیەوە دەژیا. تەنانەت ناپلیۆن قەدەغەی کردبوو کە ژنەکەی داوای لێ بکا لە کەسێک خۆش بێ. لەو کاتانەدا وێڕای ئەوەی کەسەکەی لەکۆڵ خۆی دەکردەوە، بە ژنەکەشی دەگوت: "ڕوون دیارە کە نێوبژیوانییەکەی خاتوون هیچ سوودێکی بۆ ئەو نەبوو." ئەو بێزار بوو لەوەی ژنان خۆیان لە کاروباری مەملەکەت هەڵقورتێنن.

ناپلیۆن کێشەی لەگەڵ ئەوە نەبوو کە ژۆزفین نوێنگەی سەرسەریبوون و حەکەداری بێت و لە ئارایشت و خشڵ و بەرموور و سەما و شەونشینی و ڕابواردن بەولاوە بیر لە هیچ شتێک نەکاتەوە. هەر لە سەرەتاکانەوە لە کۆڕ و کۆبوونەوان دەگوترا، ناپلیۆن لە بەر ئەوە گوشاری نەخستووەتە سەر مادام دۆستاڵ چونکە بیرو باوەڕی ئازادیخوازانە و ڕۆحێکی سەرکەشی هەیە و لە دامودەزگاکەی هەڵگەڕاوەتەوە ـ چونکە لەوانەبوو لەو جۆرە شتانە خۆش بێ ـ بەڵکوو ڕێک لەبەر ئەوە زۆری بۆ هێناوە چونکە ئەو ژنێکی خوێندەوار و

زیرەکە و بە ڕای ناپلیۆن ئەو تایبەتمەندییانە لە ژناندا مەترسیدار و زیانبارن. بەڵگە مێژوویییەکان و یادداشتی کەشکۆڵنووسەکان هەموویان لەسەر ئەو مەسەلەیە هاوڕان کە ناپلیۆن پێی خۆش نەبوو ژۆزفین تەڵاق بدا.

ئەو لە نۆڤەمبەری 1809دا کە مەسەلەی تەڵاقەکە لەگۆڕێ بوو، بە ژۆزفینی گوت: "سیاسەت دڵی نیە، تەنیا مێشکی هەیە." لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆشی دەویست و ڕۆژانە هەر پێکەوە بوون. ئاخریەکەی لە پانزەی سێپتەمبەری 1809دا تەڵاقنامەکە بە ئامادەبوونی هەموو بەرپرسە باڵاکانی ئیمپراتۆریا و تەواوی ئەندامانی بنەماڵەی پادشایەتی ئیمزا کرا. ئیتر ئەو جووتە لێک جوێ ببوونەوە، بەڵام ناپلیۆن لە ڕۆژانی دواتردا نامەیەکی پڕ لە سۆزی بە ناونیشانی کۆشکی مالمزۆن کە پێشکەشی ژۆزفینی کردبوو و ئێستا لەوێدا تەریک و تەنیا دەژیا، نارد. داوا لە پاپا کرا تەڵاقەکە بەناوی کلێسای کاسۆلیک کە لەم بارەیەوە زۆر خۆپارێزە، پەسند بکا. کۆمەڵێک قەشەی دیکە لەبری پاپا پیوسی حەوتەم ئەم ئەرکەیان گرتە ئەستۆ و، لەبەر ئەوەی داواکار لە ڕاستیدا زۆر دەسترۆیشتوو بوو، دەسبەجێ یەکلایان کردەوە.

ئەنجومەنێکی تایبەت کە بەپەلە لە بەرپرسانی پلەبەرزی دەربار پێک هاتبوو، پاش تاوتوێکردنی ئەو مەسەلەیە بڕیاری دا داوا لە خاوەنشکۆ بکا لە پێناو بەرژەوەند ێھ باڵاکانی ئیمپراتۆریدا ژنێکی دیکە بێنێ. بە دڵنیاییەوە زۆرینەی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە دەیانزانی ناپلیۆن بەتەمای چیە. لەلایەکیشەوە بژیو و ژیانی ماددیی ئەوان پێوەندیی بە مانەوە و بەردەوامبوونی ئیمپراتۆریاوە بوو و ئەوان لە خوایان دەویست ئەم سیستەمە بە ناوی بنەماڵەی بۆناپارتەوە تاهەتایە هەر هەبێ، چونکە لە گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن تۆقیبوون و پێیان وابوو تەنیا بە

لەدایکبوونی میراتگرێکی تاج و تەختەکە، فەرەنسای نوێ سەقامگیر و هەرمان دەبێ. لەلایەکی دیکەوە تەنانەت تالیرانی ناپاکیش پێش شەوەی بکەوێتە بەر ڕق و غەزەبەوە، هەر بە ئاواتەوە بوو ناپلیۆن لەگەڵ یەکێک لە دوو دەوڵەتە بەهێزەکەی نەمسا یان ڕووس نەک هەر لە ڕووی سیاسییەوە نزیک بێتەوە بگرە ببێتە خزمیشیان و، ئەو خزمایەتییەی بۆ ئامرازێک بۆ بڕانەوەی جەنگە نەبڕاوەکان و خۆپاراستنی لەو مەترسییانە دەزانی کە لەو جەنگانە دەکەوتنەوە. تاقمێک، کە فۆشێ سەرۆکایەتیی دەکردن، حەزیان لێ بوو ناپلیۆن لەگەڵ دووشیس ئاناپاڤلۆنای خوشکی ئەلکساندر زەماوەند بکا. ئەوانی دیکە ئارشیدۆشێس ماری لۆیزی کچی فرانسوای ئیمپراتۆری نەمسایان پێ باشتر بوو. ئیتر پاش تەڵاقەکە دەمودەست ناپلیۆن کەوتە هەڵبژاردنی دەسگیرانێک.

جا ناپلیۆن لەو بوارەشەوە بەوپەڕی بەرچاوڕوونییەوە خێرا بڕیاری دا. هیچ پێویست نەبوو کاتی خۆی بەفیڕۆ بدا بۆ ئەوەی چاوی بەو هەمووە کچەشازادەیە بکەوێ و لە ڕاستیدا پێویستیش نەبوو زۆر بگەڕێن. جگە لە ئیمپراتۆریای مەزنی فەرەنسا، تەنیا سێ دەوڵەتی مەزنی دیکە هەبوون کە شیاوی ئەوە بوون ناوی ئیمپراتۆریایان لەسەر بێ، کە بریتی بوون لە ئینگلتەرا، ڕووسیا، نەمسا. بەڵام فەرەنسا ئێستا لەگەڵ ئینگلتەرا لە شەڕی مان و نەماندا بوو. کەوابوو تەنیا ڕووسیا و نەمسا دەمانەوە. ڕووسیاش بێگومان لە نەمسا بەهێزتر بوو کە لە سێزدەسالّ شەڕدا بۆ چوارەمین جار لەبەر ناپلیۆن بەزیبوو و توند شکابوو. کەوابوو لەپێشدا دەبوو بچنە ڕووسیا و داوای یەکێک لەو دوو دووشێسە مەزنە کە خوشکی ئەلکساندر بوون بکەن. جا ئێستا دەبێ کامیان هەڵبژێرن؟ ئەو بابەتە لە پلەی دووەمدا بوو. چونکە ناپلیۆن خۆ

هیچیانی نەدیتبوو. بەڵام دەرباری ڕووسیە بەپەلەپەل یەکێک لەو دوو خوشکەی واتە ئەکاتریناپاڤلۆنای لە جۆرجدۆلدێنبۆرگ مارە کرد.
باڵیۆزی فەرەنسا لە پێترسبۆرگ ڕاسپێردرا لەسەر خوشکەکەی دیکەی ئەلکساندر واتە ئانا لەگەڵ قەیسەر بکەوێتە دانوستان.
لە دیسەمبەری 1809 و جانیوەری 1810دا دەرباری ڕووسیا زۆر سەیر هەژا. لە پێترسبۆرگ ئەلکساندری یەکەم بەوپەڕی زمانچەوری و مەراییەوە کۆلنکۆری دڵنیا دەکردەوە لەوەی کە :"زۆر تاسەبارە و بەدڵ پێی خۆشە خوشکەکەی خۆی بدا بە ناپلیۆن، بەڵام شاژنی دایک(ماریا فێدۆرۆنا) دەڵێ ئانا هێشتا منداڵە و نەبووەتە حەڤدەسااڵنیش..."
لە پاڤلۆڤسک، شاژنی دایک، یانی ماریافێدۆرۆنا بە هەموو تواناوە دژی ئەو زەماوەندە بوو و بەشێکیش لە دەرباریەکان لایەنگری بوون. ڕق و بێزاریی هەموو نەجیبزادەکان و بەتایبەتی نەجیبزادەی ملکدار لە ناپلیۆن لەگەڵ تۆندوتۆڵتربوونی گەمارۆی وشکانی خەستتر دەبۆوە.
لە 28ی جانیوەری 1810دا ناپلیۆن لە کۆشکی تیلری کۆڕێکی شکۆمەندی بۆ بەرپرسانی باڵا پێک هێنا، کە لەسەر مەسەلەی تەاڵقەکە و ژنهێنانەوە تەگبیریان پێ بکا. تاقمێکیان کە کامباسرێسی مۆرهەڵگری پادشایەتی و مۆرای پادشای ناپڵ و فۆشێی وەزیری پۆلیس لەسەرووی هەمووانەوە بوون، دەنگیان دا دووشێس ئاناپاڤلۆنا بخوازێ و ئەوانی دیکەش لەگەڵ ئەوە بوون ئاشیدۆشێس ماری لیزی کچی ئیمپراتۆر فرانسوای نەمسا بێنێ. بەڵام ناپلیۆن کە زۆر لە تەفرەدان و دەسخەرۆیی ڕووسیا تووڕە بوو، ڕاشکاوانە گوتی پێم خۆشە نەمساییەکە بخوازم. ئەنجومەن بڕیارێکی یەکالکەرەوەی نەدا.
نۆ ڕۆژ دواتر، لە پێترسبۆرگەوە هەواڵ هات کە دایکی دۆشێسی مەزن پێی باشە، دەرفەتێکیان بدرێتێ، چونکە کچەکەی هێشتا زۆر منداڵە. هەر

ئەو ڕۆژە مترنیخی باڵێۆزی نەمسا لە پاریس بانگ کرا کە ئاخۆ ئیمپراتۆری نەمسا ڕازی دەبێماری لۆیزی کچی بداتە ناپلیۆن؟ مترنیخ دەسبەجێ و بەبێ ئەەی تۆزێکیش گومانی هەبێ _چونکە ئەو کاتی لە دەرباری ڕووسیادا خەریکی خوازبێنی بوون، دەرباری نەمسا بیری لەوە کردبۆوە _ ڕایگەیاند کە ئەگەرچی تا ئێستا هیچ هەنگاوێکی فەرمی نەنراوە ـ هیچ پێویستی بە هەنگاوی فەرمییش نەبوو ـ دەرباری نەمسا ئامادەیە کێژۆڵە ئارشیدۆشێس بداتە ناپلیۆن. هەر ئەو ڕۆژە لە کۆشکی تۆیلریدا کۆبوونەوەیەکی دیکە گیرا و ئێوارەی ڕۆژی 6ی فێبریوەری بە کۆی دەنگ زەماوەندی ناپلیۆنی لەگەڵ دەسگیرانە نەمساییەکەی پەسند کرد.

بۆ سبەینێ واتە 17ی فێبریوەری 1710، مارەنامەکە نووسرابوو. ئەو کارە زۆر ئەستەم نەبوو، چونکە مارەنامەی پادشای پێش ناپلیۆن واتە لۆیسی شانزدەیەم لەگەڵ ماری ئانتوانت، ئارشیدۆشێسێکی دیکەی نەمسایی و پووری ئەم ماری لۆیزەی دەسگیرانی ناپلیۆن لە ئەرشیڤەکە هێنرایە دەرێ و لێیان هەڵگرتەوە.

مارەنامەکە دەسبەجێ نێردرا بۆ ئیمپراتۆری نەمسا و ئەویش دەسبەجێ پەسندی کرد. پاریس لە ڕۆژی 21ی فێبریوەریدا لەو مەسەلەیە ئاگادار بۆوە و ڕۆی 22ی فێبریوەر، مارشاڵ بێرتیەی سەرۆک ئەرکانی سوپای فەرەنسا وەک بریکاری زاوا واتە ناپلیۆن بەرەو ڤیەننا کەوتە ڕێ بۆ ئەوەی لە ڕێوڕەسمی مارەکردنەکەدا کە دەبوو لە دەرباری نەمسادا بێ، بەشدار بێ.

لە ڤیەننا بە شادی و خۆشییەوە پێشوازی لەو بڕیارە کتوپڕەی ناپلیۆن کرا. پاش شکستە سامناکەکان و ئەو هەمووە زیانە کارەساتبارەی ساڵی 1809 ئەم زەماوەندە وەک ڕێگەیەکی ڕزگاربوون سەیری دەکرا.

هەندێ وردە ڕووداوی نەخوازراو کە ئەو کات سێبەرێکی تاڵی خستە سەر شادی و خۆشیەکەی پایتەختی نەمسا، پشتگوێ خران. ئیتر، لە جەنگەی جێژنەکانی پێش ڕێوڕەسمی ماڕەبڕینەکە، ناپلیۆن فەرمانی دەرکرد سەردەستەی ڕاپەڕیوەکانی تیرۆڵیان کە ئاخریەکەی لە داو کەوتبوو، گوللەباران کرد. هۆفێر پێش ئەوەی بە گوللەی دەستەی ئیعدام بکوژرێ ـ لە مانتۆ گوللەباران کرا ـ دەرفەتی ببوو کە هاوار بکا و بڵێ: "بژی فرانتز، ئیمپراتۆرە م یهرەبانەکەی ئێمە." بەڵام فرانتز ئیمپراتۆری میهرەبان، کە هۆفێر لە پێناویدا گیانی خۆی دانابوو، پێداگرانە گوتی، کەس بۆی نییە ناوی ئەو جووتیارە بێناوە ترۆڵیە بێنن کە لەوانەبوو بەو فیداکاریە زێدەڕۆیانە و بە نیشتمانپەروەرییە ناوەختەکانی خۆی، ببێتە هۆی ئەوەی سەرانسەری نەمسا بکەوێتە بەر ڕقی ناپلیۆن.
لە 11ی مارسی 1810دا لە کلێسای گەورەی ڤیەننا کە خەڵکێکی زۆری لە دەور کۆ ببوونەوە، ڕێوڕەسمی ماڕەبڕینی ئاشیدۆشێس ماری لۆیزی 18 ساڵان لەگەڵ ناپلیۆن بەوپەڕی کەشم و نەشم و شان و شکۆوە و بە ئامادەبوونی هەموو بنەماڵەی پادشایەتیی نەمسا و دەرباریەکان و نوێنەرە سیاسییەکانی دەوڵەتانی بیانی بە جلوبەرگی فەرمییەوە و خانەدان و نەجیبزادە و بەرپرسە پلەبەرزە ئیداری و سەربازییەکان بەڕێوە چوو. بووک قەت زاوای نەدیتبوو و تەنانەت لە ڕۆژی ماڕەبڕینیشدا نەیتوانی ببینێ، چونکە وەک پێشتر گوتمان ناپلیۆن بە شتێکی زیادەی زانیبوو کە تەنانەت بۆ زەماوەندەکەیشی خۆی زەحمەت بدا و بچێتە ڤیەننا. کەچی دەرباری ڤیەننا بەوەش ڕازی بوو. مارشاڵ بێرتیە و ئارشیدۆک شارڵ بەوپەڕی دابودەستوورەوە هەموو ئەو ڕێوڕەسمانەیان بەڕێوە برد کە زاوا خۆی دەبوو بیانکا.

به دڵنیاییەوە خوێنەر ئەگەر سەریشی سوورڕنەمێنێ، هەر دەپرسێ باشە چۆن دەکرێ دوو کەس جێی زاوایەک بگرنەوە کە خۆی لەوێ نییە؟ ئەو مەسەلەیە بۆ ئەو هاوچەرخانەش کە لەگەڵ نهێنیی زەماوەندی شایانە ئاشنا نەبوون، جێی سەرسوورڕمان بوو. بێتریە لەلایەن ناپلیۆنەوە نێردرابوو تا بە وەکیلایەتیی ئیمپراتۆر بە فەرمی خوازبێنی لە ماری لۆیز بکا، کەچی ئارشیدۆک شارڵ لەسەر داوای ناپلیۆن و بە بانگهێشتیی فەرەمیی ئەو دەبوایە لەبری ئەو لە کلێسا ئامادە بێ. جا چونکە بێرتیە دەستی ماری لۆیزی لە دەستی ئارشیدۆک شارڵ نا و ئەویش بە نوێنەرایەتیی زاوا ـ وەک چۆن تا ئەو کاتە بێرتیە ئەو دەورەی گێڕابوو ـ بووکی بردە بەر ئەو میحرابەی ڕێوڕەسمی پیرۆزکردن و باقی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی مارەیی تێدا جێبەجێ دەکرا و تا تەواویش بوو لەگەڵی بوو. دوای ئەوە، شاژنی نوێی فەرەنسا بەوپەڕی ڕێزەوە و لەگەڵ کۆمەڵێک نێردەی هاوشانی خۆی هێنرایە فەرەنسا.

کە بە ولاتەکانی سەر بە فەرەنسادا ـ وەک باویر ـ تێدەپەڕین، پێشوازییەک لە ماری لۆیز کرا کە شیاوی هاوسەری جیهانگرەکەی ئەورووپا بوو. ناپلیۆن هەتا سەر جادەکەی کۆمپینی لە نزیک پاریس بە پیر بووکەوە هات و ژن و مێرد بۆ یەکەم جار لە ژیانیاندا چاویان بە یەکتر کەوت.

ئەو ڕووداوە کاریگەرییەکی قوولّی لەسەر ئەورووپا دانا و لە زۆر لایەنەوە لێک درایەوە. بازرگانی شارەکانی یەکیەتیی ئەورووپا "هانزێ ئاتیک"، کە پێیان وابوو ئینگلتەرا پاش بێبەریکران لە پشتیوانیی نەمسا لە ئەورووپادا ناچار دەبێ لەگەڵ فەرەنسا ڕێک بکەوێ، دەیانگوت: "ئیتر لەمەودوا قۆناغی شەڕەکان تەواو بووە و ئەورووپا هاوسەنگ بووە و

سەردەمی بەختەوەری و خۆشبژێوی داهاتووە." بەڵام
سیاسەتمەدارەکان پاش یەکەم ڕاوێژی بەرپرسە باڵا فەرەنسیەکان
گوتبوویان "ئەو تا چەند ساڵێکی دیکەش، هەر وڵاتێکی ئامادە نەبێ
دەسبەجێ دەسگیرانێکی بداتێ، شەڕی پێ دەفرۆشێ."
بە سەرنجدان بە ناسەقامگیریی دۆخی جیهان، ڕوون دیار بوو کە
هەرچەشنە نزیکی و یەکیەتی هەکی پتەو لە نێوان ناپلیۆن و ڕووسیادا
هەڕەشەیەک بوو لەسەر ئیمپراتۆری نەمسا و هەرچەشنە نزیکایەتیەکی
ناپلیۆن و نەمساش، ئەوی بەرانبەر ڕووسیا دەست ئاوەڵا دەکرد.
هەندێ لە خانەدانە نەمساییەکان و یەک لەوان شازادە مترنیخ، باپیرەی
مترنیخی باڵیۆزی نەمسا لە پاریس، کە ئەو هەواڵەیان بیستەوە،
فرمێسکی شادی لە چاویان گەڕا. کلێمان مترنیخی کوڕیشی کە ئێستا
ناوبانگی دەرکردبوو، خۆشییەکەی خۆی پێ نەدەشاردراوە. لە کۆشکی
شوێنبرونیش پەیتاپەیتا دەبیسرا کە "نەمسا ڕزگار بوە."
پشێوی و سەرلێشێواوی بەسەر پێترسبۆرگدا زاڵ بوو. "ماریا فێدۆرۆنا"
لە خۆشیی ئەوەی لەبری کچەکەی خۆی، کچی ئیمپراتۆری نەمسا خۆی
داوەتە دەست ئەو مینۆتۆرەوە، هەر خەنی و شاگەشکە ببوو، بەڵام
ئەلکساندری یەکەم و ڕۆمیانتسۆف و کۆراکین و تەنانەت شێلگیرترین
دوژمنەکانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ فەرەنساش هەر دڵەڕاوکێیان بوو.
ئەوان پێیان وابوو نەمسا بێ ئەملا و ئەولا دەچێتە نێو بازنەی
سیاسەتی ناپلیۆنیەوە و لە سەرانسەری ئەورووپادا ڕووسیا بەتاقی
تەنێ لە بەرانبەر جیهانگیرە بێزراوەکەدا دەمێنێتەوە.
دەسبەجێ پاش زەماوەندەکە، ناپلیۆن هەوڵەکانی بۆ دڕێژەدانی
سیاسەتە ئابووریەکانی خۆی چڕتر کردەوە.

2

بەبێ تێگەیشتن لە بنچ و بناوانی سیاسەتە ئابووریییەکەی ناپلیۆن، مەحاڵە لێمان ڕوون بێتەوە ئیمپراتۆرییەکەی ئەو لەسەر چ بنەمایەک بووە و ناتوانین وەڵامێکی شیاو بەو پرسیارەش بدەینەوە کە هۆکاری ڕووخانەکەی چ بوو، گەمارۆی وشکانی تەنیا بەشێکی بچووکە لەو یاسا ئابووریییەی کە ناپلیۆن دایڕشتبوو.

سیاسەتی ئەو لەو بوارەدا لەگەڵ شان بە شانی سیاسەتە گشتییەکانی بوو. ئەو کە لە سۆنگەی زنجیرە جەنگێکی سەرکەوتووانەدا لە ئیمپراتۆری فەرەنسیەکانەوە خۆی کردبووە ئیمپراتۆریای ڕۆژئاوای جیهان و دەیویست میسر و هیندوستانیش بخاتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتەکەی خۆیەوە، ئیتر لە سیاسەتەکانی خۆیدا بە زەبروزەنگ "ئەیالەتە تازەکان"ی دەکردە پاشکۆی ئەیالەتە کۆنەکان، یان بە واتایەکی دیکە پاشکۆی بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا، یانی دەیکردنە پاشکۆی ئەو وڵاتەی کە لە 18ی برۆمەردا بەدەستی هێنابوو و خۆی کردبووە فەرمانڕەوای بێجەڵەوی ئەوێ. چ جیاوازییەک لە نێوان "ئەیالەتە کۆنەکان" و "ئەیالەتە نوێیەکان"دا هەبوو؟ فەرقێکی بەرچاو: "ئەیالەتە کۆنەکان" بە ئانقەست و بە هۆشیاریەوە و بە شێوازێکی ڕێکوپێک لەلایەن ناپلیۆنەوە کرابوونە دەسەڵاتێکی چەوسێنەر کەچی "ئەیالەتە نوێیەکان" وەک وڵاتە چەوساوەکانیان لێ هاتبوو و، بۆ پاراستنی ئەو پێگەیەش پێویست بوو بە زەبری چەک ڕێگە لە گەشەی ئابووریی وڵاتە داگیرکراوەکان بگیردرێ.

ناپلیۆن لە یەکەم ساڵی دەسەڵاتداریێتیی خۆیەوە ڕێبازێکی تەواو دیاری هەبوو، کە هەتا کۆتایی دەسەڵاتەکەی بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک هەر بەردەوام بوو. بە باوەڕی ئەو، هەندێ بەرژەوەندی هەبوون کە

"نیشتمانی" بوون و هەندێ بەرژەوەندیش کە پێوەندییان بە خەڵکەکەی دیکەوە هەبوو، ئەم بەرژەوەندییانە نەک هەر پاشکۆ بەڵکوو لە ڕاستیدا دەکرانە قوربانیی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان. بەڵام سنووری ئەو "نیشتمانیبوونە" تا کوێ بوو؟ لە باکوورەوە دەگەیشتە بەلژیک و لە ڕۆژهەڵاتەوە نەک تا چۆمی ڕاین بەڵکوو تا ئەو سنوورە دەکشا کە فەرەنسای کۆنی لە ئەڵمانی بەری چەپی ڕاین جوێ دەکردەوە، لە ڕۆژئاواوە دەچۆوە سەر دەریای مانش و زەریای ئەتڵەس و لە باکوورەوە دەگەیشتەوە چیاکانی پیرنێ. جا ناپلیۆن چەندی کەوشەنەکانی خۆی هەراوتر دەکردەوە، بەو ئەندازەیە هەوڵی دەدا چەمکی "بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان" چڕتر بکاتەوە و پێگەڕی جوگرافیایی ئەو وڵاتە ڕیزپەڕە یانی "فەرەنسای قەدیم" لە بواری بەرژەوەندیی ئابووریییەوە بەرتەسکتر بکاتەوە. مەسەلەکە زۆر ڕوون بوو: "لە زەینی بۆرژوای گەورەی پیشەسازی و بۆرژوای بازرگانیدا کە ناپلیۆن پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی، واتە تالانی وڵاتەکانی دیکەی کردبووە بەردی بناغەی سیاسەتەکانی خۆی، ئەو دوو بۆچوونە تەواو پێکەوە بەسترابوونەوە و هەر ئەو بەرژەوەندییانەش بوون کە ناپلیۆن ناوی نابوون "نیشتمانی".

هەر ئەو وڵاتی بەلژیکە و سەرزەوییەکانی بەری چەپی ڕاین کە بە ئامانجێکی تاهەتایی داگیر کرابوون و ڕاستەوخۆ خرابوونە سەر فەرەنسا و وەک فەرەنسا کرابوونە ئەیالەت ئەیالەت لە چوارچێوەی "نیشتمانی"ـەکەدا نەبوون، بەڵکوو وەک خەنیمی بۆرژوایی فەرەنسا حیسابیان بۆ دەکرا کە دەبوایە بسڕدرێنەوە بۆ ئەوەی وڵاتەکەیان ببێتە گۆڕەپانی چالاکی و جوولەی سەرمایە فەرەنسیەکان، هەر وەک چۆن ئەم بنەمایە پیەمۆن و هۆڵەندا و شارەکانی یەکیەتیی ئەوروپایی

"هانزێ ئاتیک" و ئەیالەتەکانی ئیلیریی نەمساشی گرتەوە کە دواتر خرابوونە سەر ئیمپراتۆریا. هەموو ئەو ولاتانەی ئیمپراتۆریا گرتبوونی، چونکە دەبوایە سەرباز و مالیات بدەن و سەربازەکانی ئیمپراتۆر بەخێو بکەن، بەشێک بوون لە ئیمپراتۆریا، بەڵام ئەگەر پێویست بوایە پێشی چالاکیی کارخانەکانی ئاسنەوالە و کانزا و ڕستن و چنین و
مەشروبسازە ئەڵمانی و بەلژیکی و هۆڵەندیەکان بگیردرێ و نەهێڵن نە لە فەرەنسای قەدیم و نە ولاتەکەی خۆشیاندا کە بەدەست ناپلیۆنەوە بوو کێبەرکێی فەرەنسیەکان بکەن، ئیتر ئەوانە بەشێک لە ئیمپراتۆرییەکە نەبوون و بێگانە بوون.
ڕوون و ئاشکرایە کە ئەو ولاتە گیراوانەی ناپلیۆن لە زەینی خۆیدا لە فەڕەنسای هەڵداواردن: بۆ وێنە ئیتالیا کە ناپلیۆن خۆی پادشای ئەوێ بوو، سویسرا کە ئەو "نێوبژیوانی" بوو، هاوپەیمانیی ڕاین (باڤیر و ساکس و وۆرتمبێرگ و باد) کە ناپلیۆن وەک "پشتیوانی" ئەوان ناوی ڕۆیبوو، ولاتی پادشایەتیی وێستفالی یانی گرووپی دەولەتەکانی ئالمانی ناوەندی و باکووری کە ئەو ژرۆمی برای کردبووە پادشایان و پۆلۆنیا کە کەسێکی گوێڕایەڵی خۆی یان پادشای ساکسی لەسەر دانابوو، هەر هەموویان دەبوایە ببنە بازاڕی فرۆش یان سەرچاوەی بەرهەمهێنانی کەرەستەی سەرەتایی بۆ پیشەسازیی فەرەنسا. ئەو کەسانەی هەرچەشنە داهێنانێکی تەکنیکیی پێویستیان بە دزییەوە هێنابایە ئیتالیا، زیندانی دەکران، چونکە ئەو کارە لەلایەن ناپلیۆنی "پادشای ئیتالیا"وە بۆ سوودگەیاندن بە پیشەسازانی فەرەنسا کە لە سێبەری ناپلیۆنی

ئیمپراتۆری فەرەنسادا [*] بوون، تەواو قەدەغە کرابوو. ئەو، بەوپەڕی هۆشیاری و پێداگرییەوە لەسەر سیاسەتەکانی خۆی سوور بوو: بۆ وێنە، هێنانی کێردی سۆلینگنی بۆ فەرەنسا و هۆڵەندا و ئیتالیا و هێنانی قوماشی ساکسۆنیی بۆ وێستفاڵی قەدەغ کردبوو، هەناردەکردنی ئاوریشمی خاوی لە ئیتالیا و ئیسپانیاوە قەدەغە کردبوو، چونکە دەبوایە کەرەستەی خاو بۆ کارخانەدارانی ئاوریشم چنینی لێون دابین بکرێ. گومرکی تایبەتی دەخستە سەر ئەو کاڵایانەی بە ترانزیت لە ئیلیریەوە بە وڵاتانی پاشکۆدا بەڕێی دەرەوە دەکران، بەڵام گومرکی نەدەخستە سەر کاڵایەک کە بەو وڵاتانەدا تێپەڕیبایە وا ڕاستەوخۆ لە بندەستی خۆیدا بوون. لە نووسینگەی ئیمپراتۆرەوە هەموو ڕۆژێ بە لێزمە فەرمان و بڕیاری قەدەغەکردن و ئەمر و سەرکۆنەی پێوەندیدار بەو مەسەلانە بەسەر ئەوروپادا دەبارین. ئەم سیاسەتە، سامان و سەقامگیریی بە بۆرژوای مەزنی فەرەنسا دەبەخشی و دەسەڵاتی ناپلیۆنیشی لە فەرەنسادا پتر دەچەسپاند، بەڵام سروشتییە کە بۆرژوای پیشەساز و بازرگان و جەماوەری بەرخۆری هەموو ناوچە پان و بەرینەکەی ئیمپراتۆریای، جگە لە "ئەیالەتە کۆنەکان" تووڕە و مایەپووچ دەکرد و وەزاڵەی دێنان.

ناپلیۆن دامەزرێنەری ئیمپراتۆریای ڕۆژئاوا لە ڕووی ئابووریییەوە تەنیا فەرمانڕەوایەکی نیشتمانی و درێژەدەری ڕێگەی لۆیسی چواردەیەم و پانزەیەم و وەدیهێنەری ئاوات و ئامانجە جۆراوجۆرەکانی کۆلبێرت

[*] ناپلیۆنی پادشای ئیتالیا و ناپلیۆنی ئیمپراتۆری فەرەنسا، هەر ناپلیۆنە کە هاوکات پادشای ئیتالیا و ئیمپراتۆری فەرەنساش بوو. خۆی کردبووە پادشای ئیتالیا و جاری وا هەبوو لە کیسەی ئیتالیەکان پاداشتێکی گەورەی بۆخۆی دادەنا و دەیگوت: ناپلیۆنی پادشای ئیتالیا پاداشتی داوە بە ئیمپراتۆری فەرەنسا.

بوو. ئەو هاوتەریب لەگەڵ بەرژوەندییەکانی چینی بۆرژوای پیشەسازی فەرەنسا لە ماوەی چەندین ساڵدا، بینای دەسەڵاتە بێجڵەوە جیهانییەکەی خۆی مەزنتر کردەوە. ڕوون و ئاشکرایە ئەو بینا مەزنە بەبێ شۆڕشی نەتەوەیی خەڵکی فەرەنسا یان سووتمانەکەی مۆسکۆ یان خیانەتەکەی مارمۆن لە بەر دیوارەکانی پاریس، یان درەنگ گەیشتنی گرۆسی بۆ شەڕگەکەی واتێرلۆش درەنگ یان زوو هەر دەڕووخا، چونکە وزە و هێزی بەرهەمهێنەری وڵاتە ملکەچکراوەکانی تەواو کپ کردبوو، بە کورتی تەنانەت ئەگەر پلانە سیاسی و سەربازییەکانی ئەو جەنگە مەزنانەی ناپلیۆن لە هەموو ژیانیدا دایڕشتن و جێبەجێی کردن، لە ساڵانی کۆتایی فەرمانڕەواییەکەیشیدا هەر ئاوای دارشتبانەوە، دیسان هەر ئەو چارەنووسەی دەبوو.

بەجێ نییە ئەگەر پێمان وابێ ناپلیۆن تەنیا جێبەجێکەرێکی ویستی ئەو بۆرژوازییە گەورەیە بووە کە ئەوی کردبووە فەرمانڕەوا و جڵەوی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکەی بەو ئەسپاردبوو. ڕاستە ئەو بەرژەوەندییەکانی بۆرژوای مەزنی فەرەنسای کردبووە بەردی بناغەی هەموو سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیویست ئەو بۆرژوایە گوێڕایەڵی ویست و ئیرادەی خۆی بێ و ناچاری بکا خزمەتی دەوڵەت بکا. ئەو دەوڵەتەی وا ئەو "ئامانجێکی شەخسی"ی تێدا بەدی دەکرد و، ئەو کۆیلایەتییە ئابووریییەی ئێمە ئێستا باسی دەکەین، لە بنێڕا بە سوودی ئەو دەوڵەتە بۆرژوایییەی فەرەنسا، لەلایەن ناپلیۆنەوە بەسەر ئەوروپادا دەسەپێنرا. ڕوون و ئاشکرایە کە هەندێک لە چینەکانی بۆرژوا ئەو دۆخەیان پێ قبوولْ نەدەکرا و بە سەرپێچیکردن لەو ئەمر و فەرمانانەی پێیان وابوو زاڵمانەن و بە گرتنەبەری ڕێگە و کاری نایاسایی جۆراوجۆری وەک قۆڕخکردن و

گرانکردنی نرخەکان، خەباتێکی شێلگیرانە و بێدەنگیان دژی دۆخەکە دەکرد.
لێرەدا ناکرێ هۆشداریيە ورد و کاریگەرەکەی مارکس لە کتێبی "خێزانی پیرۆز"دا لەبیر بکەین، چونکە بەبێ گرینگیدان بەو کتێبە هۆکارەکانی ڕووخانی ئیمپراتۆرییە مەزنەکەی ناپلیۆنمان لێ ڕوون نابێتەوە. ئەو فەیلەسووفە نووسیویەتی:
"لە ڕاستیدا "نێچیر"ەکەی ناپلیۆن لە کۆدەتای 18ی برۆمەردا بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی نەبوو، بەڵکوو بۆرژوای ئازادیخواز بوو.."
لە جێیەکی دیکەدا نووسیویەتی: "لەلایەکەوە، بۆناپارت لە گەوهەری "دەوڵەتی نوێ" تێگەیشتبوو و دەیزانی بناغەی ئەو دەوڵەتە لەسەر گەشەکردنی بەبێ ڕاوەستانی کۆمەڵگەی بۆرژوایی و ئازادیی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان دامەزراوە. ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەم بنەمایە بە فەرمی بناسێ و بیخاتە بن باڵ و سێبەری خۆیەوە. ئەو کابرایەکی خەیاڵپڵاو نەبوو کە لایەنگری تیرۆر و تۆقاندن بێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە دەوڵەتی بە "ئامانجێکی کەسی" دەزانی و وەک "خەزێنەدار و مۆرە"یەکی خۆی لە کۆمەڵگەی بۆرژوای دەڕوانی، خەزێنەردارێک کە نەوێرێ بەبێ ئەو پەل ببزێوێ. ئەو بنەمای ترس و تیرۆری لەبری شۆڕشی بەردەوام بە جەنگی بێبڕانەوە کامڵ دەکرد. هەستی نەتەوایەتیی فەرەنسای خەست کردەوە و تێری کرد، بەڵام هاوکات داواشی لە بۆرژوا دەکرد ئەگەر پێویست بێ کاروبارەکانی خۆیان، چێژ و خۆشڕابواردنەکانیان، ماڵ و سامانی خۆیان بخەنە خزمەت ئامانجە سیاسییە جیهانگیرییەکانی ئەوەوە. ئەو سەرەڕۆیانە حەز و مەیلی ئازادیخوازانەی کۆمەڵگەی بۆرژوای ـ کە ئایدیالیزمی سیاسیی ژیانی ئەو کاتی کۆمەڵگەکە بوو ـ کپ دەکرد و

ئەگەر بێت و بنەماییترین بەرژەوەندیی مادیی ئەو کۆمەڵگەیە واتە بازرگانی و پیشەسازییش تۆزێک لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئەو ناتەبا بوایەن، لەنێوی دەبردن. تێڕوانینی پڕ سووکایەتیی ئەو بەرانبەر بازرگانەکان لە ڕاستیدا کاملّکەرەوەی ئەو هەستەی بوو کە بەرانبەر بناژۆخوازەکان هەیبوو و لە بنەوە بەربەرەکانێی کۆمەڵگەی بۆرژوای دەکرد و بە دوژمنی دەوڵەتی دەزانی و دەوڵەتیش هەر ئەوە بوو کە لەخۆیدا کۆ ببۆوە و ئامانجێکی شەخسیی تێدا بەدی دەکرد. بۆ وێنە بە ئەنجومەنی دەوڵەتی ڕاگەیاند کە پێی قبوولّ ناکرێ ملّکدارە گەورەکان چۆنی دڵیان دەخوازێ مامەڵە بە ملّکەکانیانەوە بکەن و ئازاد و سەربەست بن. لە بارەی بازرگانیشەوە ئامانجی ئەوە بوو کە بە قۆڕخکردنی کەرەستەکانی ڕاگواستن، بازرگانی بخاتە بن دەسەڵاتی دەوڵەتەوە. بازرگانە فەرەنسیەکان بە دروستکردنی ڕووداوێک بۆ یەکەم جار دەسەڵاتی ناپلیۆنیان لەرزۆک کرد: قۆڕخکەرە پاریسییەکان قاتوقڕییەکی ڕوالّەتییان دروست کرد و ناپلیۆنیان ناچار کرد جەنگی ڕووسیا دوو مانگ وەدرەنگێ بخا و بەو جۆرە جەنگەکە کەوتە وەرزێکی سالّ، کە ئیتر زۆر درەنگ ببوو."

ئەوە بوو تاوتوێکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسیی کەسایەتیی ناپلیۆن کە لە نێو هەڵسەنگاندنە جۆراوجۆرەکانی مارکس لە کتێبی "بنەماڵەی پیرۆز"دا لە بارەی بۆناپارتەوە بەدی دەکرێ. بەو جۆرە ئەو بیرمەندە بەشێوەیەکی بەرچاو پێشانمان دەدا کە هەر مێژوونووسێک کە بنەمای کۆمەڵایەتیی سیاسەتێکی دیاریکراو تاوتوێ دەکا هاوکات نابێ کەسایەتی و ئەخلاقی کەسەکە و تایبەتمەندیی ئەو کەسانە پشتگوێ بخا کە سیاسەتەکانی جێبەجێ دەکەن. کاتێک مارکس دەڵێ بۆرژوای ئازادیخواز(لیبرالّ)، بووەتە "نێچیر"ی ناپلیۆن، مەبەستی

هەڵوەشاندنەوەی بنەمای سیاسیی ئەو بەشە لە بۆرژوازییە بە دەستی ناپلیۆن کە حوکمەتی ئایدیالی خۆی لە دیکتاتۆریی پەرلەمانیدا بەدی کردووە و ویستوویەتی دەسەڵاتی بێجڵەو بە ناپلیۆنێکی دیکتاتۆر بێ و ئەو هەمووە "ئازادی"یەی لە شۆڕشە بۆرژواییەکەی 1789ـەوە بەناوی ئەوانەوە دەستی پێ کردبوو نەمێنێ. مارکس وەبیرمان دێنێتەوە کە ئەو لیبرالیزمی بۆرژواییەی کە لە ئەنجومەنی دامەزرێنەرانی 1791دا هەبوو، هەر لە سەرەتاوە یانی لە ڕەوتی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمیتەی ڕزگاریی نیشتمانیدا تێک شکا و ئەو هەوڵەش کە لەسەردەمی حکوومەتی دیرکتواردا بۆ بووژاندنەوە و سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی درا، لە ئاکامی کودەتاکەی بۆناپارت لە 18ی برۆمەردا کپ کرا.

لە هەردووکیاندا، ئەوەی بۆ دابینکردنی گەشە و پەرەپێدانی سەرمایەداریدا پێویست بوو گونجێنرابوو، یانی بۆرژوازی پشتیوانیی لە دیکتاتۆریی ژاکۆبنەکان کردبوو کە بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی سیستەمی فیۆدالی(دەرەبەگایەتی) پێویست بوو و ئینجا دیکتاتۆرییەکەی ناپلیۆنیشی وەک سیستەمێک کە دەیتوانی دەسەڵاتی سەرمایە زاڵ بکا و شیاوترین حوکمەتیش بوو بۆ جەنگی جیهانگرانە، پاراستبوو.

ناپلیۆن بەکردەوە، بەپێی بەرژەوەندیی بۆرژوازی حوکمەتی دەکرد، ئەو بەرژەوەندییانەی کە خۆی نرخی پووشێکیشی بۆ دانەدەنان، تا ڕادەیەک کە پێی دەگوتن پلۆتوکراسی واتە خراپترین شێوەی خانەدانی و، ئەو قسەیە یەکێک لە قسە بەناوبانگەکانی ئەو بوو و زۆر جار پاتەی دەکردەوە: "مااڵ و سامان لەسەردەمی ئێمەدا، بەرهەمی دزی و تااڵنە."

دیکتاتۆریی ناپلیۆن کە سەرلەبەر لە خزمەت دەوڵەتی بۆرژواییدا هەڵدەسووڕا و ئامانجیشی ئەوە بوو لەسەر خەرج و گیرفانی نەتەوە دراوسێکان کەوشەنی دەسەڵاتەکەی پان و بەرین و هەراوتر بکاتەوە،

زۆربەی جاران لەگەڵ حەز و پێداویستیەکانی هەندێ تۆپێ کۆمەڵگەی بۆرژوازی ناتەبا دەبوو. ئەو دیکتاتۆرییە وەک گەنجینەیەک سەیری بۆرژوازیی دەکرد کە قەت تەواو نابێ و دەبێ لە پێناوی ئەو ئامانجە سیاسییانەدا سوودی لێ وەرگیرێ کە لەگەڵ بەرژەوەندییە
تایبەتییەکانی خۆی یەک دەگرنەوە. ئەو بەشەی بۆرژوازیی فەرەنسا کە لە ڕووی سیاسییەوە بە دواکەوتوو دادەنرا و زۆر دەستپێوەگر بوو، زۆر جاران بەرهەڵستی ناپلیۆن بۆوە و مارکس بەتایبەتی دەڵێ، کە لە ڕۆژی پێش دەسپێکردنی شەڕەکەی ڕووسیادا بیروڕا ناکۆکەکان زۆر زەق دەرکەوتبوون و ئەو ناکۆکییانەش وەک دەڵێن ڕوونکەرەوەی ئەو کەلێنە قوواڵە بوو کە دەبوایە نەک ئیمپراتۆریی ناپلیۆن بەڵکوو هەموو ئەو ئابوورییە سەرمایەدارییەش بڕووخێنێ کە پشتی بەو بەستبوو. بەو جۆرەیە کە وێڕای باسکردن لە هۆکارەکانی ڕووخانی ئیمپراتۆریای ناپلیۆن ناچار دەبێ ئەو بارودۆخانەیش بیر بخەینەوە.

3

پێش ئەوەی پەردە لەسەر دوا دیمەنی ئەو تراژیدیا مەزنەی مێژوو لابچێ و لەو دەمەدا کە هەمووان لە هەنتەشی ئەو فەرمانڕەوا بەدەسەڵاتەدا کە پادشاکان خاکەڕایانە لەبەرپێی نێوچاوانیان لە عەرز دەخشاند، کەوتبوونە لەرزین و جگە لە جووتیار و پیشەسازە شڕ و ڕەشوڕووتەکانی ئیسپانیا لە وشکارۆی ئەوروپادا هیچ کەس نەبوو دریژە بە خەبات بدا، یەکەم شنەی تۆفانێک کە خەریکی هەستان بوو، بەسەر ئیمپراتۆریادا هات، بەو مانایە کە قەیرانێکی ئابووری دروست بوو. ئەو ڕووداوە لە 1811دا بوو و پیاوێک کە بە ڕواڵەت لە چەقی ڕووداوەکانی جیهاندا بوو نەیتوانی بزانێ ڕەوگە و ئاراستەی

ڕاستەقینەی ئەو تۆفانە لە کامە لاوەیە. قەیرانەکە لە قۆناغی دووەمدا واتە لە قۆناغی قوولّبوونەوەی گەمارۆی وشکانیدا بەتەوژمتر بوو و ئێمە دەبێ بە کورتی قسەیەکی لێ بکەین:
گەمارۆی وشکانی لە ساڵانی 1810 ـ 1811دا ئیتر ئەوە نەبوو کە لە ساڵی 1806دا یەکەم جار بە دەرکردنی فەرمانی بەرلین دەستی پێ کرا و داهێنەرەکەیشی تەنیا ئەو پیاوە نەبوو کە فەرمانەکەی نۆقەمبەری 1806ی لە کۆشکی پۆتسدام واژوو کردبوو.
لە نیوەی دووەمی ساڵی 1809ەوە، پاش جەنگی واگرام و بەستنی پەیمانی ئاشتیی شوێنبرون، دوو باوەڕ لە مێشکی ناپلیۆندا کە لە جەنگی ئۆسترلیتز گەڵاڵە سەرەتاییەکەیان داڕێژرابوو، هەردەهات و خەستتر دەبۆوە و پاش جەنگی یەنا و گرتنی بەرلین تەواو بیچمی گرت و قەدەر وابوو کە لە فریدلەند و تیلسیتەوە ڕێبازی سیاسیی ناپلیۆن دیاری بکا: یەکەم "بەچۆکداهێنان"ی ئینگلتەرا تایبەت لە ڕێگەی مایەپووچکردنی ئەو وڵاتە کە هەر بە جێبەجێکردنی گەمارۆی وشکانی مەیسەر دەبێ.
باوەڕی دووەمیش لەم وشانەدا کورت دەبۆوە: "من هەموو شتێکم لەدەست دێ." و ئاکامی ئەقڵانیی ئەوەش، سەرهەڵدانی ئەم هزرە بوو کە "کەوابوو من دەتوانم پلانی گەمارۆی وشکانی جێبەجێ بکەم، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەوروپاش بخەمە سەر فەرەنسا و ژێر ڕکێفی خۆمەوە." جیهانگر چیی ویستبایە دەیکرد. ئاتیلا لە سەدەی پێنجەمی زاییندا، کچی هەر کام لە وردە شازادە بێهەژمارەکانی هۆزە نیوە کێوییەکانی ژەرمەنی ویستبایە بە زۆرەملێ ڕایدەکێشایە
حەرەمسەراکەی خۆی، کەچی هەر بە یەک ئاماژەی ناپلیۆن، کچۆڵەی ئیمپراتۆری نەمسایان، کە شازادەخانمی یەکێک لە لووتبەرزترین و سەرکێشترین بنەماڵەکۆنەکانی پادشایەتیی ئەوروپا بوو، بۆ نارده

پاریس و هەموو خەڵکیش ئەو ڕووداوەیان بۆ وڵاتێک کە کرابووە چەند لەت و بەشی بچووک بچووک و ناپلیۆن دەسەڵاتی بنەماڵەی هابسبۆرگی تەنیا لەو چەند شارەدا قەتیس کردبۆوە، بە شانازییەکی گەورە دەزانی.
جا لەبەر ئەوەی وشکارۆی ئەورووپا، ئەوەندە کۆیلانە خۆی گوێڕایەڵ نیشان دەدا، ئیتر یەکلاکردنەوەی کاری ئەو تاقە دوژمنە واتە ئینگلتەرا زۆر ئاسان دیار بوو. باقی دوژمنەکان بایی ئەوە نەبوون هەر باسیشیان بکرێ.
ئیسپانیاییەکان یان ناپلیۆن واتەنی "ئەو چەتە قوونڕووتانە" هەر بنیادەم نەبوون و ئەو ئامادە نەبوو بە "خەنیم"یان بزانێ و ئەو شانازییەیان پێ ببڕێ. تەنانەت پاش ئەو کوشتارە تازەیەی لە ساڵانی 1809_ 1810دا لێی کردن، هەر وای دەنواند کە هیچ شەڕێکی لەگەڵیان نیە و تەنیا ئەمری دەکرد بیانگرن و گوللەبارانیان بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نەیتوانی زۆر دڵی بەو خەیاڵپڵاوەی خۆش بکا: چونکە جەنگی پارتیزانەکان یان وەک دەگوترا "گەریلا"، هەر بەردەوام بوو. کەچی لەوێیش ئیمپراتۆر دەیزانی ئەو ئاگرە لە گۆڕی ئینگلیزەکانەوە هەڵداییسێ، چونکە یارمەتیی ئەوان بە ئیسپانیەکان تەنیا ناردنی چەک و تەقەمەنی نەبوو، بەڵکو لیوای سەربازیشیان بۆ دێنان.
ئێستا تەنیا ئینگلتەرای لەسەر ڕێ مابوو. ئەو جەنگی تەن بە تەنەی نێوان ناپلیۆن و ئینگلتەرا، تەنیا بە لەنێوچوونی یەکێکیان دەبڕایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناپلیۆن لەخۆوە هەوڵی دەدا هەموو وشکارۆی ئەورووپا دژی ئینگلتەرا لەو شەڕە وەربدا. وردەوردە کە گەمارۆی وشکانی درێژەی دەکێشا، زیانی هەم بۆ ئینگلتەرا و هەمیش بۆ وشکارۆی ئەورووپا بەدوودا دەهات. ناپلیۆن ئەوەشی دەزانی، بەڵام

وەک سەردەمی پێش تیلسیت نیگەرانی نەدەکرد، بەڵکوو لە ڕادەبەدەر تووڕەی دەکرد.
ئەو لەو ساڵانەدا داخی دڵی خۆی بەسەر کەسانێکدا هەڵدەڕشت کە بە دزییەوە ڕێساکانی گەمارۆی وشکانیان دەشکاند. لە سەرانسەری وشکارۆی ئەوروپادا کەس سەرپێچیی نەدەکرد، جگە لەو شۆڕشەی ئیسپانیەکان کە لەوپەڕی باشووری شێوەدوورگەی ئیبێریدا هەر بەردەوام بوو. سزای ئەو سەرپێچیانە خراپ بوو، یانی قاچاخچییەکانیان گوللەباران دەکرد و هەموو کاڵا زەوتکراوە بەریتانیەکانیان دەسووتاند و ناپلیۆن ئەو پادشایانەی کە هاوکار و هاودەستی قاچاخچیەکان بوون، لێ دەخست.
لە 1806دا ناپلیۆن برا چکۆلەکەی خۆی واتە لۆیسی کردبووە پادشای هۆڵەندا. پادشای تازە دەیزانی بێت و بەتەواوەتی پێوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ ئینگلتەرا بپسێنێ، ئەوا چینی بۆرژوای بازرگان و جووتیارەکان و دامەزراوەکانی کەشتیەوانیی هۆڵەندا تەواو مایەپووچ دەبن و هۆڵەندا لە هەموو وڵاتەکانی تر زیانی پتر بەر دەکەوێ. چونکە لەو کاتەوە کە ئینگلیزەکان دەستیان بەسەر کۆلۆنییەکانی ئەو وڵاتەدا گرتبوو (پاش ئەوەی فەرەنسیەکان دەستیان بەسەر هۆڵەندا گرت) ئیتر زیانی بازرگانیی هۆڵەندا بەشێوەیەکی بەربڵاو بەسترابۆوە بە هەناردەکردنی مەشرووب و پەنیر و قوماشی ناسک بۆ ئینگلتەرا و هاوردەکردنی کاڵای کۆلۆنییەکانی ئینگلیز. ئەو تێبینیانە، وایان لە لۆیس بۆناپارت کردبوو تا خۆ لە ساتوسەودا و بازرگانیی قاچاخی نێوان کەناراوەکانی هۆڵەندا و ئینگلتەرا گێل بکا.
ناپلیۆن پاش ئەوەی چەند جاران هەڕەشەی ئەوەی لێ کرد کە لە پادشایەتیی دەخا، ئیتر ڕایگەیاند، وڵاتێک بەناوی هۆڵەندا نەماوە و بە

فەرمانێکی تایبەتیی ئیمپراتۆری خستیە سەر فەرەنسا و کردی بە کۆمەڵێک وردە ئەیالەت و هەر ئەیالەتەش خۆی حاکمێکی بۆ دانا. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی دەهاتن کە دەیانگوت شارەکانی یەکیەتیی ئەورووپا "هانزێ ئاتیک" واتە هامبۆرگ و بێرم و لۆبێک لە بەرەنگاربوونەوەی قاچاخدا شێلگیر نین و بۆرینی نوێنەری ئەو لە هامبۆرگ بەرتیل وەردەگرێ بۆ ئەوەی زۆر گوێ نەداتە قاچاخچییەکان، ناپلیۆن دەسبەجێ بۆرینی لا برد و شارەکانی یەکیەتییە ئەورووپاییەکەیشی خستە سەر ئیمپراتۆرییەکەی.

ئەو، هەموو وردە فەرمانڕەوا ئەڵمانییەکانی کە وڵاتەکانیان لە دەم دەریا بوو، لەسەر کار لابرد، نەک بڵێی هەڵەیەکیان کردبێ، بەڵکوو تەنیا لەبەر ئەوەی ناپلیۆن لەخۆی بەولاوە متمانەی بە هیچ کەس نەبوو. ئەو دووک دۆلندێنبۆرگی لە بنکەی فەرمانڕەواییەکەی دەرکرد و بە بڕیارێک دووکنشینەکەی خستە سەر ئیمپراتۆریاکەی خۆی، ئەگەرچی ئەو کارە ئەلکساندری خزمی دۆلدێنبۆرگی زوێر کرد.

گەمارۆی وشکانی، زیانێکی زۆری بۆ جەماوەری بەرخۆر و بەکاربەری هەموو ئەورووپای نێوەڕاست هەبوو و دەبووە هۆی مایەپووچبوونی بۆرژوای بازرگان و خاوەن کەشتییەکانی شارەکانی یەکیەتیی هانێزێ ئاتیک و هەموو کەنارەکانی باکوور. نارەزایەتییەکان تەنانەت لەو چاپەمەنیانەشدا ڕەنگی دەداوە کە سانسۆری وڵاتە پاشکۆکانی ئیمپراتۆرییان لەسەر بوو. لە ڕاپۆرتێکدا کە بە ناوی وەزارەتی پۆلیس لە 1810دا بڵاو بووەتەوە بە کورتی ئاماژە بەوە کراوە، کە ئەو وتارە سیاسییانەی لە چاپەمەنییەکانی ئەڵمانیادا بڵاو دەبنەوە، لە لایەن دەوڵەتی فەرەنساوە گرینگیان پێ دەدرێ. لەو ڕاپۆرتەدا گوتراوە، تاکی ئەڵمانی جگە لەوەی حەزی لە خوێندنەوەی نامیلکە و شانۆنامە و ئەو

ڕۆمانانەیە کە تێیاندا نووسەرە بەتواناکان، "یەکیەتیی ڕاین" بە نیشانەیەکی کۆیلەیی و گوێلەمستی و، ڕێککەوتنەکەی فەرەنسا و نەمسا بە ئاکامی لاوازیی هەردوولایەن و ئینگلتەراش بە خەنیمێکی کۆڵنەدەر و لەشکاننەهاتوو و ڕووسەکانیش بە میراتگری حکوومەتی بێجڵەوی دنیا پێناسە دەکەن، بەڵام حەزی لە مشتومڕی سیاسیشە و گۆڤار و حەفتەنامە و ساڵنامە و وەرزنامەکانی وڵاتەکەشی بە تاسە و حەزەوە دەخوێنێتەوە. دۆخی هۆڵەنداش کە لە سۆنگەی گەمارۆی وشکانییەوە تەواو مایەپووچ ببووو لەوە باشتر نەبوو، چونکە شادەماری ئابووریی ئەو وڵاتە بازرگانی بوو. لە هۆڵەنداش ئەو عەیب و کێشەیە بەدی دەکرا کە لە ئەڵمانیای باکور هەبوو و ئێمە لە ڕاپۆرتێکی دیکەی وەزارەتی پۆلیسدا دەبینین نووسراوە: "لەوێ ڕۆژنامە زۆرن."

هیچ شتێک بۆ ناپلیۆن لەوە ئاسانتر نەبوو کە چاپەمەنییەکان تەمبێ بکا و لەوەشدا قەت دەستی نەدەلەرزی. بەڵام مسۆگەرکردنی ئەو بابەتە کە گەمارۆی وشکانی بەشێوەیەکی تەواو کاریگەر جێبەجێ بکرێ، کارێکی ئەستەمتر بوو.

کێشەکانی ئەو کارە لە هەموو لایەکەوە بەرۆکی ناپلیۆنیان گرتبوو. دۆزینەوەی دە هەزار کاربەدەستی گومرک و پۆلیس و ئەفسەری دەست و داوێنپاک و شێلگیر لە هەموو چین و توێژ و پلەیەک بۆ پاراستنی هەموو کەناراوەکانی ئەرووپا، کە ئەرکی سەرشانی بەوپەڕی تواناوە ڕاپەڕێنێ، زۆر لە تەمبێکردنی پادشاکان و ئەو فەرمانڕەوایانە ئاسانتر بوو کە لەگەڵ دز و قاچاخچیەکاندا هاودەست بوون. بەکاربەرە ئەوروواپییەکان قاوە و کاکاو و بیبەر و بەهاراتیان، پێنج و هەشت و بگرە دوازدە هێندە گرانتر دەکڕی لەچاو سەردەمی پێش گەمارۆی وشکانی، ئینجا هەر تۆزێکیشیان دەست دەکەوت. جۆڵا و

قوماشچنەکانی قوماشی لۆکە و کەتان و چیتی فەرەنسی و ساکسۆنی و بەلژیکی و چێکی و ڕێنانی خم و پەمۆیان بە دە قات گرانتر دەکڕی و بەبێ ئەوانەش ناچار بوون کارخانەکانیان دابخەن و ئەوانیش بڕێکی کەمیان لەو کەرستانە دەست دەکەوت. ئەی باشە ئەو هەمووە قازانجە زۆر و ناشەرعییەی پێیان دەبڕدرا، چیی لێ دەهات؟ پێش هەموان دەچووە گیرفانی ئەوانەی باری کەشتییەکانیان وەردەگرت لەگەڵ قاچاخچییە ئینگلیزەکان و دوای ئەوانیش گومرکچیەکان و پۆلیسە فەرەنسیەکان. کاتێک بڕەپارەیەکی هێندەی مووچەی پێنج ساڵیان دەدایە کەشتییەکی ئێشکگر یان کاربەدەستێکی گومرک بۆ ئەوەی شەوێک بە ئارامی بخەون، یان تۆپێک قوماشی تەنکیان بە ئێشکگرێکی پۆلیس دەدا کە بایی پێنسەد فرانک ئاڵتوون بوو بۆ ئەوەی شەوێ خۆی بکاتە خەو و بایی ئەوەندەشیان شەکر دەدایە بەو مەرجەی سێ سەعاتێک بچێتە سەیران لە شوێنێکی دوور دووری کەناراوە، ئیتر پیاوی دەویست خۆی ڕاگرێ و وەرنەگرێ.

ناپلیۆن ئەوەی دەزانی و دەیدی کە سەرکەوتن لەو بەرەیەدا زۆر ئەستەمترە لە شەڕگەکەی ئۆسترلیتز و یەنا و واگرام و پشکنەر و چاودێری ئاسایی و تایبەتیشی دادەنا و دەیناردن بەڵام هیچ سوودی نەبوو، چونکە ئەوانیشیان دەکڕی. ئەو ئەوانیشی لا دەبرد و لە دادگای توند دەکردن، کەچی جێنشینەکانیان لاسایی کاربەدەستە لادراو و حوکمدراوەکەیان دەکردەوە، بەو جیاوازییەوە کە هەوڵیان دەدا پتر پارێز بکەن. ئینجا ئیمپراتۆر کەوتە چارەسەرێکی دیکە. کەوتە زەوتکردن و دەستبەسەرداگرتن، ئەویش نەک هەر لە شار و گوندەکانی کەنار بەڵکوو لە دوورترین شوێنەکان تا نێو جەرگەی ئەورووپا لە دووکان و عەمبار و نووسینگە بازرگانییەکانیش. هەرچی کاڵای

ئینگلیزی هەبوون دەستیان بەسەردا دەگیرا، یان دەبوو خاوەنەکانیان بیسەلمێنن ئەو کالاّیانە ئینگلیزی نین. خاوەنی کالاّی کۆلۆنییەکانی ئینگلیز کە زیاتر گومانی چاقاخیان لێ دەکرا، مایەپووچ دەرچوون و بە تووڕەییەوە هەوڵیان دەدا بیسەلمێنن کالاّکانیان ئەمریکین نەک ئینگلیزی و لە ڕاستیدا ئەمریکیەکان مۆرکی بازرگانیی خۆیانیان لە کالاّ ئینگلیزیەکان دەدا و بە کەشتییەکانی خۆیان بۆیان ڕادەگواستن و سوودێکی باشیان دەکرد.

ئینجا ناپلیۆن یاسا گومرکییەکانی تریانۆنی لە 1818دا دانا کە تێیدا بازرگانیی بەرهەمی کۆلۆنییەکانی لە هەموو شوێنێکەوە قەدەغە کرد. لە سەرانسەری ئەورووپادا بڵێسەی ئاگر بەرز بوونەوە، جا چونکە ناپلیۆن متمانەی بە گومرکچی و پۆلیس و جەندەرمە و بەرپرسە ئیدارییەکان لەسەرەوە تا خوارێ و بە پادشا و حاکم و ئێشکگر و پاپۆڕە نەفەرهەڵگرەکان نەمابوو، فەرمانی دەرکرد کە هەرچی کالاّی زەوتکراوە لەبەرچاوی خەڵک بیسووتێنن. خەڵک مات و خەمبار بەپێی ڕاپۆرتی شایەحالاّن بەچاوی خۆیان دەیاندی تۆپ تۆپ چیت و قوماشی تەنک و کۆڵوانەی کشمیری و بەرمیلی شەکر و قاوە و کاکاو و سندووقی چا و فەردەی پەمۆ و دەزوو و سندووق سندووق بیبەر و دارچین لەسەر یەک هەڵدەڕێژران و ئاگریان دەدان و ئەو هەمووە کالاّیە لەپێش چاویان دەبووە دووکەڵ. ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان لەژێر کاریگەریی ئەو دیمەنانەدا یان لە سۆنگەی ئەو هەواڵانەوە کە لەوبارەیەوە پێیان دەگەیشت، دەیاننووسی: "قەیسەر تێک چووە." ناپلیۆن گەیشتبووە ئەو ئاکامە کە تەنیا بە سڕینەوە و لەنێوبردنی سەرلەبەری ئەو کالاّ گرانبایانەی هاوردە کراون، دەتوانێ کاری قاچاخچێتی بکاتە کارێکی تەواو زیانهێن و نەک هەر ئەوانەی لە

شەوێکی تاریک و شوێنێکی چەپەکدا کالاّی قاچاخ لە کەناراوێکی چۆل بەتالّ دەکەن و دەیهێنن، بەلّکو بازرگانە دەولّەمەندەکانی پایپزیگ و هامبۆرگ و شتراسبۆرگ و پاریس و ئانۆرس و ئامستردام و ژێن و مۆنیچ و وارشۆ و میران و تریست و ڤێنیساش کە بەبێخەمی لە پشت میّزی نووسینگە بازرگانییەکانیانەوە دانیشتبوون و ئەو کالاّیانەیان لە دەستی دوو و سێ دەکرێوە، بخاتە بەر مەترسییەکی جیددیەوە.
هەندێ لە توێژەکانی بۆرژوا هەم لە ئیمپراتۆریای فەرەنسا و هەمیش لە ولاّتانی پاشکۆی ئیمپراتۆریادا توانییان سوودێکی زۆروزەوەند وەرگرن و قازانجێکی باش بکەن و تەنانەت لەو دۆخانەشدا هەر پەسنی گەمارۆی وشکانیان دەدا و هەمو هەولّەکانی ئیمپراتۆریان لە بواری پێشگرتن لە هاتنی کالاّ ئینگلیزییەکانی بە قاچاخ، بەرز دەنرخاند.
بەتایبەتی خاوەنی پیشەسازییە کانزایەکان ڕازی بوون، بەلاّم خاوەنەکانی پیشەسازیی ڕستن و چنین پەسند و تاریفەکانیان تێکەڵ بە گلەیی و گازاندە بوو، چونکە دروستکردنی قوماشی چیت بەبێ لۆکە و ڕەنگردنی قوماش بەبێ خم مەحاڵ بوو.
بەلاّم لە کۆڕ و کۆبوونەوەی بۆرژوای بازرگان و ئەوانەی کەرستەی جوانکارییان دروست دەکرد، گلەیی و سکالاّ گەیشتبووە لووتکە، چونکە ئەوانە ئێستاش بە داخ و حەژمەتەوە باسی چەند مانگەکەی پاش پەیمانی "ئامیّین" (1802 و 1803)یان دەکرد، کە چۆن هەزاران ئینگلیزیی دەولّەمەند ڕوویان لە پاریس کرد و هەرچی لە سندووقی گەوهەرفرۆشان و عەمبارەکانی مەخمەر و قوماشی ئاوریشمی لیۆندا هەبوو هەموویان ڕامالّی و، سکالاّیان بوو لەو هەمووە جەنگە بێبڕانەوەیە کە مشتەری و کڕیارە ئەوروپاییەکانی جارانیانی تووشی مایەپووچی کردبوو. ناڕەزایەتیی جەماوەری بەرخۆر لە سۆنگەی

گرانبوونی سەرسوورهێنەری قاوە و شەکر و ئەو کالاّیانەی ئیتر بەروبووی ئینگلیزی کێبەرکێی نەدەکردن و لە ئاکامدا گرانتر دەبوون، لەوەش پتر بوو.
ئیتر، لەو بارودۆخەدا بوو کە قەیرانی بازرگانی و پیشەسازیی ساڵی 1811 سەری هەڵدا.

4

لە کۆتایی پاییزی 1811ـەوە وردەوردە فرۆشتنی کالاّ فەرەنسیەکان دابەزی و کاتێک ئەو دۆخە بەخێرایی پەرەی گرت، سەرانسەری ئیمپراتۆریا و بەتایبەتی "پاریزگا قەدیمییەکان" یان بەواتایەکی دیکە نێو فەرەنساشی داگرتەوە. پیشەساز و بازرگانەکان بە نەزاکەتەوە سکاڵا و گلەییان دەکرد کە گەمارۆی وشکانی تەنیا زیانی بۆ گیرفانی ئینگلیزەکان نییە بەڵکوو ئەوانیش زیانمەند دەبن، دەیانگوت خۆیان کەرستەی خاویان نییە و خاوەنشکۆش بە چەوساندنەوەی ولاّتە بەزیوەکان (هەڵبەت گلەییەکان لەوەش بەنەزاکتتر بوون) وای کردووە کرِیار هیچی پێ نەکرِدرێ و بە زەوتکردنی زۆردارانەی کالاّ عەمبارکراوەکان و رِێخۆشکردن بۆ کاری نایاسایی و هەلپەرستی و سوودوەرگرتنی خراپی بەرپرسە سەربازییەکان و کاربەدەستانی گومرک (هەڵبەت وشەی نەرمتر لەو دەستەواژانەیان بەکار دێنا) لەوانەیە زیان بە دۆخی ئاسایی ئیعتبار و دراو بگەیەنێ کە بەبێ ئەو ئیتر پیشەسازی و بازرگانی نامێنن.
قەیرانەکە مانگ بە مانگ قوولّتر دەبۆوە. بۆ وێنە لە دامەزراوەکانی رِستن و چنین و چیت و رِیشاڵۆنۆیز کە پێش قەیرانەکە 3600 ژن و پیاوی جۆلاّ و 8822 قوماشچن و 400 رِەنگرِێژی چیت یانی لەسەر

یەک 12000 کرێکاریان هەبوو، ئەگەر ناپلیۆن ملیۆن و نیوێک فرانکی ئاڵتوونی وەک یارمەتیی تایبەت پێ نەدابان، دەبوو نیوەی کرێکارەکانیان دەربکەن. هەرچۆنێک بێ، مایەپووچی بە دوای مایەپووچیدا دەهات و تۆمار دەکران. لە مانگی مارسی 1811دا ناپلیۆن فەرمانی دەرکرد کە بڕی ملیۆنێک فرانک بدرێ بە کارخانەدارەکانی ئامیەن و کاڵایەکی زۆریش لە کارخانەکانی ڕوان و سەنکانتن و کان بکڕدرێ. یارمەتییەکی باشیش تەرخان بکرێ بۆ کارخانەکانی لیۆن، بەڵام سەرلەبەری ئەو یارمەتییانە دڵۆپێک لە هەمبەر دەریای قەیرانەکە بوون.
لە نێو ئەو بەڵگەنامانەدا کە نووسەری ئەم کتێبە لە ئەرشیڤی نیشتمانیی فەرەنسادا دۆزیونیەتەوە و ڕوونی دەکەنەوە قەیرانەکە چەندە بێوێنە گەورە بووەتەوە، لە هەموویان سەرنجڕاکێشتر ئەوانەن کە خشتەی گشتیی قەیرانەکەیان دەسنیشان کردووە.
وەزیری نێوخۆ لە ڕێکەوتی 19ی ئەپریلی 1811دا بە ناپلیۆنی گوت، کرێکارەکانی بەشی هەرە زۆری یەکەکانی پیشەسازی لە بێکاری وەزاڵە هاتوون و تەنانەت دڵنیاین لەوەی بەشێکی هەرە زۆریان وڵات بەجێ دێڵن. بێکاری لە ڕوان ئەوەندە زۆر ببوو و مایەپووچبوونی کارخانەکانیش وەها مسۆگەر ببوو، کە ناپلیۆن ناچار بوو، بۆ گرتنەوەی کارخانەکان لەسەر لێواری هەڵدێر، بڕی15 ملیۆن فرانکیان بۆ تەرخان بکا
بەرپرسە پایەبەرزەکان غیرەتێکیان وەبەر هات، بەڕێوەبەری بانکی فەرەنسا لە ڕێکەوتی 7ی مای 1811دا ڕاشکاوانە بە ئیمپراتۆری ڕاگەیاند کە وڵاتە بەزیوەکان تەواو مایەپووچ بوون و کاڵای فەرەنسی بەر لە گرتنی مەمالیک زۆر بەبرەوتر بوو تا پاش گرتنی و لە پاریس ئەو پیشەسازانەی خەریکی دروستکردنی کاڵای جوانکارین وا لە برسان دەمرن و بەکاربردن لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەشێوەیەکی بەرچاو

دابەزیوە... ناپلیۆن یارمەتیی ماڵیی دەدانێ بەڵام دەستی لە گەمارۆی وشکانی هەڵنەدەگرت. کاڵای ئینگلیز (هەموو کاڵای کۆلۆنییەکانیش بە ئینگلیزی لەقەڵەم دەدران)، هەر وا زەوت دەکران. بازاڕی بیوکەیر لە هاوینی ساڵی 1811دا کەوتە بەر هێرشێکی لەناکاوی پۆلیس و یەکسەر هەڵوەشێنرایەوە و پۆلیس سەرانسەری کۆڵانێکی کە تێیدا عەمباری شەکر و بەهارات و خم و شتی دیکەی تێدابوو، گرت و زەوتی کرد.

ناپلیۆن جگە لە ملیۆنان فرانک، کە وەک یارمەتی و دەستگرتنی کارخانەدارەکان بۆی تەرخان کردن لە ساڵی 1811دا کۆمەڵێک ڕاسپاردەی مەزنی لە سەر حیسابی خەزێنەی دەوڵەت خستە بەردەمیان: بۆ وێنە داوای ژمارەیەکی زۆری "ماهووت" کرد بۆ سوپا و کۆمەڵێک ڕاسپاردە و داوای گرینگی دیکەش بۆ قوماشی ئاوریشمی و مەخمەر کە کارخانەکانی لیۆن بۆ کۆشەکەکانی دروست بکەن و ئەمری کرد دەربارەی فەرمانڕەوا دەسنیشانکراوەکانیش لە لیۆنی بکڕن. ئەو بەو جۆرە توانیی کۆمەڵێک دامودەزگای ئاوریشم چنین لە لیۆن کە لە جوونی 1811دا 5630 کارخانە بوون، لە نۆقەمبەری ئەو ساڵەدا بکا بە 8000 کارخانە. زستانی ئەو ساڵە زۆر تووش و ئەستەم بوو. جموجۆڵێکی بێوێنە لەو سەردەمەدا لە دەوروبەرە کرێکارنشینەکەی پاریس و باقی ناوەندە پیشەسازییەکان دەستی پێ کرد. بەدڵنیاییەوە، سیخوڕەکانی پۆلیس گوێیان لە هەموو قسەیەک نەدەبوو و دنەدەرانیش هەمیشە نەیاندەتوانی کرێکارەکان ناچار بکەن بە متمانە و دڵنیاییەوە قسەی دڵیان بکەن. هەرچۆنێک بێ ساڵی 1811 باری دەروونیی خەڵکەکە لە ناوەندە کرێکارییەکاندا ئەوەندە لەبار نەبوو کە مێژوونووسەکانی ئەوکات و دێرۆکنوسە تازەکانیش باسی دەکەن.

ناپلیۆن زۆربەی جاران دەیگوت: "تاقە شۆڕشی مەترسیدار، شۆڕشی برسییەکان ـ یان خۆی وتەنی شۆڕشی زگە بەتاڵەکانە."
شاپتاڵ، وەزیری ئەوکات لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: "ناپلیۆن زۆرجاران پێی گوتووم کە کرێکار کاریان نییە هەر بۆیەش ئاژاوەگێڕان دەتوانن دنەیان بدەن. من لە شۆڕشێکی کە لەسەر بنەمای بێ نانی هەڵایسابێ پتر تۆقیوم تا سوپایەکی 200000 کەسی."
ئەگەرچی نیشانەکانی تووڕەیی و بێئۆقرەیی و بێهیوایی لە لایەن پیاوانی پۆلیس و چاودێرە تایبەتیەکانیشەوە بەدی دەکرا، بەڵام هەرگیز وای لێ نەهات ئاژاوەی گەورە بخرێتە نێو جەماوەری کرێکاری پایتەخت و شارەکانەوە.
ئەگەرچی دەکرا پەند لە قەیرانە ئابووریییەکەی ساڵی 1811 وەرگیرێ، بەڵام ناپلیۆن پەلەی کرد بۆ ئەوەی بە سوودی خۆی لێکی بداتەوە و تەفسیری بکا. بە ڕای ئەو، مادام گەمارۆی وشکانی، ئینگلتەرای بەچۆکدا نەدەهێنا و دەریاش بەسەر فەرەنسیەکاندا نەدەکراوە، کەوابوو دۆخی پیشەسازی و بازرگانیی فەرەنسا هەروا بەخراپی دەمایەوە و هەمیشە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی قەیرانێکی دیکە هەبوو. بەوپێیە دەبوو کاری گەمارۆ وشکانییەکە یەکلا بکاتەوە و تەنانەت ئەگەر بۆ ئەو کارە پێویست بوایە مۆسکۆ بگرێ، ئەوا دەبوو بیگرێ.
ناپلیۆن جوان لەبیری بوو کە خاوەن کارخانەکانی ئاوریشم چنینی لیۆن دەیانگوت ئەو قەیرانە ئابووریییە بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە ڕووسیا وازی لە کڕینی ئاوریشمەکەیان هێناوە، چونکە لە سۆنگەی دانانی یاسای نوێی گومرکی بە ئەمر و ئیمزای ئیمپراتۆر ئەلکساندر لە دیسەمبەری 1810دا باجێکی زۆر قورس خرابووە سەر کەلوپەلی جوانکاریی و ڕازێنەرەوەی وەک قوماشی ئاوریشمین و مەخمەر و

شەرابی دەرەجە یە و ئەو شتانەی لە فەرەنساوە هاوردەی ڕووسیا دەکران.
ناپلیۆن ئەو مەسەلەیەشی بە حیسابی ئەو زویربوونەی ئەڵکساندر دانا کە لە ڕووداوەکەی ئێرفۆرتەوە هەر دەهات و خەستتر دەبۆوە و لە سەرانسەری ساڵی 1811دا ئەو بۆچوونە لە مێشکی ئەودا گوورا و بەهێز بوو، کە هەرچۆنێک بێ دەبێ ئەم حیسابە یەکلا بکرێتەوە و یەکلاکردنەوەکەشی لە مۆسکۆ نەبێ مەحاڵە.
ناپلیۆن لە هەمبەر ئەو هێما نیگەرانکەرانەدا کە نیشانەی دۆخی نائاسایی ئابووریی ئیمپراتۆریا بوون، چ کاردانەوەیەکی نواند؟
دەمێک بوو بوار بۆ قەیرانەکە ڕەخسابوو و ناپلیۆن بە چاوی خۆی دیتبووی کە سات بە سات لێی نزیکتر دەبێتەوە. ئەو تا ئەوێ ڕۆژێ لە بواری کاروباری دارایی وڵاتدا تووشی گەلێ قۆناغی قەیراناویی ببوو، وەک هەڵاوسانی نرخەکان، پێویستبوونی لەچاپدانەوەی دراو بەبێ پاشخانی ئاڵتوون و لەگەڵ ئەوانەشدا پیلانی سەرمایەدارە گەورەکان کە هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی قەرزی گوماناوییەوە و بە مەرجی زۆر قورس و سوودی زۆر، خەزێنەی دەوڵەت ڕامااڵن. هەر لەسەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنەکەیەوە (1799- 1800) و لە ساڵی 1805 و سەرەتای 1806یشدا بارودۆخی ئەو ئاوەها بوو، بەاڵم ئەو جارێک بە هێنانی ملیۆنان غەرامەتی جەنگی "باجی جەنگ" و جارێ بە سەپاندنی ماڵیات و باجی قورس بە ناوی جۆراوجۆرەوە بەسەر وڵاتە بەزیوەکاندا، جگە لەو پیتاک و باجەی کە دەوڵەتی ئەو وڵاتانە پێیان دەدا و ئینجا بە کێشانەوەی بەشێکی زۆر پارەی دزێتی لە قورگی سەرمایەدارە گەورەکان بەتایبەتی لە ساڵی 1806دا توانیبووی بەسەر ئەو کێشانەدا زاڵ بێ. لە کۆتایی جانیوەری 1806دا کە ناپلیۆن تازە لە

شەڕی ئۆسترلیتزەوە گەڕابۆوە پاریس، ویستی ڕاپۆرتێکی لەسەر باری ئابووری و دارایی فەرنسا پێ بدەن و سەیری کرد ئۆڤراردی ملیۆنەری بەناوبانگ و سەرمایەداری چاوبرسی کۆمپانیایەکی بازرگانی بەناوی "یەکیەتیی بازرگانان" کە لە ژێر چاودێریی ئەودا بەڕێوە دەچوو، بە زنجیرەیەک ساتوسەودای زیرەکانە و گزی و فزیی بە ڕواڵەت یاسایی توانیویانە پارەیەکی زۆروزەوەند لە خەزێنەی دەوڵەت بکێشنەوە و زیانێکی قورس لە سامانی گشتی بدەن. ناپلیۆن ئۆڤرارد و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای "یەکیەتیی بازرگانان"ی بانگ کردە کۆشکی تۆیلری و ڕاشکاوانەوە و بەبێ منگەمنگ ئەمری کرد چیی بەو دواییانە لە خەزێنەی دەوڵەتیان دزیوە، بیهێننەوە. ئۆڤرارد زۆری هەوڵ دا پێشنیاری مامەڵە و ساتوسەودای تازە و بەسوود بۆ خەزێنەی دەوڵەت بێنێتە گۆڕێ و تەماح وەبەر ناپلیۆن بنێ و گوتیشی دڵنیام خاوەنشکۆ ئەم پێشنیارانە قبووڵ دەکا، کەچی خاوەنشکۆ ڕاشکاوانە گوتی، بەسوودترین مامەڵە و سەودا بۆ خەزێنەی دەوڵەت ئەوەیە دەسبەجێ ئۆڤرارد و هاوکارەکانی لە قەڵای ونسۆن بەند بکرێن و لە دادگایەکی تاواندا دادگایی بکرێن. بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی بازرگانان بەگوێرەی پێویست گرینگیان بەو بۆچوونەی ئیمپراتۆر دا و بەو پێیەی شارەزای باری دەروونیی ئیمپراتۆر بوون، دیتیان بەڵگەهێنانەوەکەی قایلکەرە. چەند ڕۆژ دواتر 87 ملیۆن فرانک ئاڵتوونیان خستەوە نێو خەزێنەی دەوڵەت و بەبێ پێداگریی قەرزدەر و بەبێ هیچ فەرمانێکی ڕوونی لێپرسینەوە یان دادوەری لەوەها مامەڵەیەکی بەژاندا، گوناحەکەیان لە ئەستۆی خۆیان پاک کردەوە. ناپلیۆن لە نامەیەکدا بۆ ژۆزفی برای کە ئەوکات پادشای ناپڵ بوو، ئاوا باسی ئەو ڕووداوە دەکا: "دە دوازدە

دزی گزیکەرم ناچار کرد، هەرچی لە خەزێنەی دەوڵەت دزیبوویان، بیهێننەوە."
دۆخی دراو سەقامگیر بوو، بەگوێرەی پێویست ئاڵتوون لە سندووقەکانی خەزێنەی دەوڵەتدا هەبوو و دیار بوو سیستەمی بەرهەمهێنانی دارایی و ئابووریی ئەو وڵاتانەی خراونەتە سەر ئیمپراتۆریا و تەواوی فەرمانڕەوا گوێڕایەڵەکان، بەشی چەندین ساڵی فەرەنسایان دابین کردووە.
کتوپڕ کەلێنێکی خراپ کەوتە ئەو بینا چیائاسایەوە: ناپلیۆن کە پەندی لە ئەزموونەکەی ساڵی 1811 وەرگرتبوو، تێگەیشت بەرەنگاربوونەوەی قەیرانێکی گشتیی ئابووری چەندە ئەستەمترە لە چارەسەرکردنی کێشەی دارایی و پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی خەزێنە چەندە ئاسانترە لە دۆزینەوە و بەتایبەتی چارەسەری ئەو کەمایەسییانەی کاریگەرییان کردووەتە سەر کۆی سیستەمی ئابووری و سیستەمی ژیانی ماددیی ئەو ئیمپراتۆریا مەزنە. وەها ژانێک، نە بە ماڵیات و باجی نوێ چارەسەر دەکرا، نە بەو ملیۆنان فرانکەی کە لە قورگی سەرمایەدارە تاڵانچییەکان دەکێشرایە دەرێ و نە بە ژمێریاریەکی نموونە و نە بە کاملکردنی ئەو مەکینەی ئیدارییەی ناپلیۆن پێکیەوە نابوو. قەیرانەکەی ساڵی 1811 پێش هەموو شتێک قەیرانی بازاڕی فرۆشتنی بەرهەمە بازرگانی و پیشەسازییەکان بوو کە پێش هەر شتێک فەرەنسایان دەوڵەمەند دەکرد، دیارە هۆکارەکەیشی هەر قەیران نەبوو، بەڵکوو زۆر هۆکاری دیکەیشی هەبوو. بەڵام ئیتر ئەو شاکارە بەناوبانگانەی گەوهەرسازە فەرەنسیەکانیان بەکێ فرۆشتبا و بە کێیان ساغ کردبانەوە؟ ئەو مۆبلە گرانبایانەیان، کە سێ لەسەر چواری شارۆچکەی سەنت ئانتوانت لە کارخانەکەیدا کاریان دەکرد، بە کێ

فرۆشتبایە؟ ئەو بەرهەمە تیماجە بێوێنانەیان کە خەڵکی شارۆچکەی سەنت مارسۆ و گەڕەکە گەورەکەی مۆفتار لەسەری دەژیان، بۆ کوێ ناردبایە؟ ئەو جلوبەرگە جوان و تازە مۆدە و داکەوتووانەی ژنانە و پیاوانەیەیان کە کارگە و بەرگدروودەکانی "پایتەختی جیهان"
دووریبوویانن و دەبوو بیانفرۆشن، بۆ کوێ هەناردە دەکرد؟ چۆن دەیانتوانی نرخی قوماشی ئاوریشم و مەخمەری لیۆن و ماهووتە بەکوالیتیەکانی سێدان و مۆری و هومایی تەنکانەی لە لێیل و ئامیەن دەچنران و ئەو ڕۆب و گوڵچنە گرانبایانەی لە والانسین دەچنران، جۆرێک ڕاگرن کە زەرەر نەکەن؟
هەموو ئەو کاڵا ڕازێنەرەوە و جوانکارییە فەرەنسیانەی کە نەک هەر بۆ بازاڕە نێوخۆییەکان بەڵکوو بۆ هەموو دنیایان دروست دەکردن و ئێستاش بازاڕی جیهان بۆ بەرهەمە فەرەنسیەکان زۆر بەرتەسک کرابۆوە، چونکە ئینگلتەرا و ئەمریکای باکوور و باشوور و جووتیارە دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵە دوورگەی ئانتێیل و کارێینی هەموویان لێی کشابوونەوە. بە گشتی دنیایەک کڕیاری دەوڵەمەند یانی خەڵکی ئەو وڵاتانەی بە ئاوی سوێر لە وشکارۆی ئەوروپا دابڕاون لە فەرەنسا کشابوونەوە، چونکە هەموو ئەو ئاوانە لە بن دەستی ئینگلتەرادا بوون. لە وشکارۆی ئەوروپاش دۆخەکە زۆر لەبار نەبوو، چونکە ئەو وڵاتانەی ناپلیۆن گرتبوونی، مایەپووچ ببوون و وڵاتە بەزیوەکانیش ئەگەرچی بەتەواوی داگیر نەکرابوون، بەڵام ناچار ملیان بۆ یاساکانی گەمارۆی وشکانی ڕاکێشابوو، هەر بۆیە دراوەکەیان توانای کڕینی نەمابوو. لەو کاتەوە کە ملکدارە گەورەکانی ڕووسیا ئیتر نەیاندەتوانی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵیی خۆیان هەناردەی ئینگلتەرا بکەن، ئاڵتوونی ئینگلیزی کە کاڵای ڕازێنەر و جوانکاریی پاریسییان پێ

دەکرێ، دەست نەدەکەوت. پاش ڕووداوەکەی تیلسیت نرخی ڕۆبڵی ڕووسی هاتبووە سەر 26 کۆپێک. لە مەملەکەتەکانی ئەڵمانی ڕۆژئاوا و باشوور و ناوەند و باکوور، دەرەبەگە ملکدارەکانیش ئاوا کتوپڕ بەسەر هەژاری و نەداریدا کەوتبوون و ئەو دۆخەش تەنیا بەرهەمی گەمارۆی وشکانی نەبوو، بەڵکوو لەرزۆکبوونی سیستەمی سێرواژ و لە هەندێ شوێنیش هەڵوەشاندنەوەکەی دوو ئەوەندە خراپتری کردبوو.
مەسەلە هەر هەژارکەوتنەوەی چینی خانەدان نەبوو کە لە سێبەری سیستەمی سێرواژدا ماڵ و سامانیان دەست دەکەوت، بۆرژوایی نوێیش کە لەگەڵ گەشەی سەرمایەداریی تازە دروست ببوو، لەسەر پێشکەوتنەکانی خۆی هەر بەردەوام بوو و خەریک بوو گەورە دەبۆوە و لە هەموو وڵاتانەدا کە ناپلیۆن گرتبوونی و لە سەرانسەری ئەورووپای پاشکۆ و نیوەپاشکۆدا دەکەوتە سەر پێ و هیچ فرتوفێڵێکیش نەیدەتوانی ئەو پێشکەوتنە پیشەسازییە کپ بکا کە لە سەرانسەری ئەڵمانی ڕۆژاوا و بەشێک لە ئەڵمانی ناوەندی و بۆهێم و بەلژیک و بەشێک لە سیلزیدا کەوتبووە گەڕ و ئەوانەش ئەوکات یەکێک بوون لە پیشەسازترین شوێنەکانی ئەورووپا. ئەو کێبەرکێیە ـ بێ لەبەرچاوگرتنی قاچاخچیە ئینگلیزەکان ـ تەنانەت ئەو کاڵا فەرەنسیانەشی پەراوێز خستبوو کە هیچ ناوێکی ڕازێنەرەوە و جوانکاریشیان لەسەر نەبوو. بۆ ماهووت و قوماشی دەزوو"سووف"ی ئاسایی و بەرهەمی کانزایی و وردکردنەوەی کاڵای زۆر پێویست، هێشتا بازاڕە نێوخۆییەکانی "ئەیالەتە کۆنەکان" هەر مابوون کە ئیمپراتۆر نەیدەهێشت هیچ کام لە ڕەعیەتەکان واتە بەلژیکی و ئەڵمانی و ئاوریشمکارە ئیتالیاییەکانی بێنە نێو ئەو بازاڕەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بواریکی بەرهەمهێنانی زۆر گرینگ هەبوو کە لەمێژ بوو لە سێبەری پشتیوانیی ناپلیۆندا بوو و تاقە بواریک بوو کە بەرتەسککرانەوەی بازاڕەکانی فرۆشتن هێشتا تەنگی پێ هەڵنەچنیبوو، بەڵکوو بە دەست گەشە

سەرسوورهێنەرەکەیەوە وەزاڵە هاتبوو. ئەو بوارەیش پیشەسازیی قوماش بوو. لە ئاکامی قەدەغەکردنی هاوردەی بەرهەمی کۆلۆنییەکان، نرخی لۆکە گەیشتبووە ئاستی ئاڵتوون. قاتی و نەمانی کەرەستەی خاو گەیشتبووە ئاستێک کە لە 1811دا کارخانەدارەکان ناچار بوون، بەرهەمەکانی خۆیان بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بکەنەوە. لە هەمبەر هەڕەشەی بێکاری و برسێتیەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەڕەکە کرێکارنشینەکان و لیۆن و ڕەواندا ڕۆژ بە ڕۆژ چڕتر دەبۆوە و لە بەرانبەر مایەپووچبوونی ئەو ئەیاڵەتانەدا کە شەرابیان بەرهەم دێنا، ناپلیۆن ناچار ڕێگەی دا تا ڕادەیەک ڕێساکانی گەمارۆی وشکانی بشکێنرێ. بۆ وێنە ڕێگەی دا هەندێ کەسی دیار و خاوەن مۆڵەت بایی بڕە پارەیەکی دیاریکراو "کاڵا قەدەغەکراوەکان" هاوردەی فەرەنسا بکەن، بەو مەرجەی هاوسەنگی کاڵا هاوردەکراوەکان، کاڵای فەرەنساش بە دەرەوە بفرۆشن. ئەو مۆڵەتانە لە سۆنگەی خڕوقاتی ئەو کاربەدەستانەوە کە مۆڵەتەکانیان دەردەرکرد زۆر گران دەکەوتن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو کەسانەی وەریاندەگرت، قازانج و سوودێکی زۆریان هەبوو. ئەو ئیمتیازە نیشانەی ئەوەیە کە قەیرانەکەی 1810 ـ 1811 ناپلیۆنی چەندە نیگەران کردبوو. ڕاستە مۆڵەتە فەرەنسیەکان سوودێکی ماددیی ئەوتۆیان بۆ ئینگلتەرا نەبوو، بەڵام ئیتر لادان بوو لە بنەماکان. دیارە ئەو مۆڵەتانە وەک بەرەنگاربوونەوەی قەیران کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر گەشەی بازاڕەکانی فرۆشتن دانەدەنا. کارێکی ئەوتۆیشی نەکردبووە سەر بڕیار و ویستی ناپلیۆن کە بڵێ خەڵکی دەربار و کارمەندە پلەبەرزەکانی دەبێ بەنرختترین و گرانباییترین و شیاوترین جلوبەرگ لەبەر بکەن و ئەوەندەی بۆیان دەلوێ زوو زوو خۆیان ڕێک بخەن و ئارایشت بکەن.

ئەو ئەمر و فەرمانانەی ناپلیۆن نەیدەتوانی بۆ پیشەسازییەکی ئەوەندە گرینگ و مەزنی وەک پیشەسازیی کەلوپەلی ڕازێنەرەوە و جوانکاری بازاڕێکی گەورە دابین بکا. ئەگەرچی بارودۆخی دەربار لە سەردەمی ناپلیۆندا تەنانەت پێش ساڵی1811یش لەوپەڕی شکۆ و مەزنیدا بوو، بەڵام لەمەودوا لە سۆنگەی ئەو فەرمانانەوە کە هەموو ڕۆژێ ئیمپراتۆر دەریدەکردن و ئەمری دەکرد لە گەوهەرفرۆشییەکانی پاریس و کارخانەکانی ئاوریشم سازیی لیۆن چەندی دەکرێ کەلوپەل بکڕن و میوانیی سەدکەسی لە دەربارەدا بدرێ و تێیدا شامپانیا و شەرابی دەرەجە یەک بەپێی فیلان بخورێتەوە و نێو دەرباریش بە مۆبل و قەنەفەی گرانباییتر و سەرنجڕاکێشتر بڕازێتەوە و نەک هەر جلوبەرگەکانی خۆی بگرە جلوبەرگی خزمەتکار و کارەکەرەکانیشی بە تۆڕە تەنکەکان بڕازێننەوە و گالسکەی جوان داوا بکرێ و... ناپلیۆن خۆی لە 1811دا زنجیرەیەک ڕاسپاردەی زۆر گرینگ و گرانبایی خستە بەردەم پیشەساز و پیشەگەرانی لیۆن کە بۆ کۆشک و باقی بینا دەوڵەتییەکانیان دروست بکەن لە 1811یشدا وەک ساڵی 1806 کە بازاڕ تەواو کز ببوو، ناپلیۆن هەر لەسەر ئەو بنەمایە مایەوە کە دەمێک بوو باسی دەکرد. ئەو دەیگوت مەبەستی ئەوە نیە پێشی مایەپووچبوونی بازرگانەکان بگرێ، چونکە خەزێنەی دەوڵەت بەشی وەها مەبەستێک ناکا، بەڵکوو بۆ پێشگرتنە لە داخرانی فلان و فیسار کارخانە. کاتێکیش وەزیری نێوخۆ دەستی یەکێکی دەگرت، ناپلیۆن داوای دەکرد مۆڵەتی ئەو خەرجکردنە پێشان بدا و بیسەلمێنێ یارمەتیی کارخانەیەکی داوە کە ئەوەندە کرێکاری هەیە و ئەگەر یارمەتیی نەدرابایە هەڕەشەی داخرانی لەسەر بوو.

لە سەرەتای زستانی 1811 ـ 1812 قەیرانەکە وردە وردە کەم بۆوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناپلیۆن ئاگای لێ بوو کە هیچ کام لە هۆکارەکانی

قەیرانەکە لەنێو نەچوون و زۆر ناخایەنێ کە قەیرانەکە بەشێوەیەکی قوولْتر سەر هەلْدەداتەوە. دەشیزانی تەنیا جەنگ لەگەلْ ئینگلتەرا و گەمارۆی وشکانی لەمپەری بەردەم باشبوونەوەی بارودۆخی ئابووریی ئیمپراتۆریەکەیە. کەوابوو پێش کۆتاییهێنان بە گەمارۆی وشکانی دەبوایە کارێک بکا کە ئینگلتەرا چەک دابنێ(خۆی بەدەستەوە بدا). بە ڕای ئەو، ئێستا لە هەموو کاتێک پێویستتر بوو پەلە بکا بەسەر ئینگلتەرادا زاڵ بێ و ئەوەشی بە ڕێگەیەکی سەرەکیی پتەوکردنی ئیمپراتۆرییەکەی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوە دەزانی. لە هەموو کاتێکیش پتر هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە ئینگلیزەکان توانیویانە کەلێنێک بخەنە نێو دیواری گەمارۆی وشکانیەوە و ئەلکساندریش فێڵی لێ دەکا و دەیخەڵەتێنێ و لە سەرانسەری سنووری پانوبەرێنەکەی ڕۆژاوای ڕووسیە و لە ڕێگەی پرۆس و پۆلۆنیا و نەمسا و لەوپەڕی هەزاران کون و کەلێنی سنوورییەوە کالا ئینگلیزییەکان هاوردەی ئەورووپا دەکرێن. ئەوەش ناهێڵێ گەمارۆی وشکانی کاریگەریی بمێنێ و لە ئاکامدا تاقە هیوای "بەچۆکداهێنانی ئینگلتەرا" دەبێتە بڵقی سەرئاو. ناپلیۆن دەیزانی و لە هەموو لایەکیشەوە هەواڵی بۆ دەهات کە کالای ئینگلیزی بە قاچاخ نەک هەر دەهێنرێتە ئەورووپای بندەسەڵاتی ئەو، بگرە دەگەیەنرێتە فەرەنسا واتە "ئەیالەتە قەدەمییەکان"یش و، ئەو کالایانەش بە "کەنارەکانی باکوور"ی وشکارۆی ئەورووپادا دەهێنرێن. ئەو نیگایەی بڕیبوویە لەندەن و لە هەموو ژیانیدا بەردەوام جارێک بەرەو ئاڵپ و جارێک بەرەو ڤیەننا یان بەرلین و جارێکیش بەرەو مەدرید وەردەسووڕا، بێت و تۆزە ڕاوەستانێک لە جەنگەکانی ئەورووپادا بەدی کرابایە شێلگیرانە دەچۆوە سەر لەندەن، بەڵام

ئەمجارە وردە وردە ئەو نیگایە لە لەندەنەوە بەرەو دوورترین پایتەختەکانی ئەوروپا وەرسووڕا.
"کەنارەکانی باکوور"ی ئەوروپا، لە ژێر حوکم و فەرمانی ئەو یۆنانیە گزیکەرەی ئیمپراتۆریای بیزەنتیۆم واتە قەیسەری ڕووسیادایە... باشە واز لە جەنگی ئینگلتەرا و لە سەرکەوتنی مسۆگەر و لەنێوبردنی هێزی ئابووریی ئینگلتەرا بێنێ، یان قورگی ئەلکساندر بگرێ و ناچاری بکا ئەو گفت و بەڵێنانەی بیر بخاتەوە کە لە تیلسیت دابووی؟ ئەوە بوو ئەو پرسیارەی کە ناپلیۆن لە 1810ـەوە وردەوردە لەخۆی دەکرد.
لە ڕاستیدا لە 1810ـەوە ناپلیۆن فەرمانی کردبوو تەواوی ئەو کتێبانەی بۆ بێنن کە زانیارییان لەسەر ڕووسیا و مێژووەکەی و تایبەتمەندییەکانی ئەو وڵاتە تێدایە.
لەو قسانەوە کە جاروبار لە دەمی ناپلیۆن دەهاتنە دەرێ و لەسەر بنەمای ئەو زانیاریە ناتەواوانەی دەوروبەرییەکانی پێیان دەدا، لەسەرەتای پاییزی 1810ـەوە وردە وردە بیری لەوە کردبووەوە کە تەنیا دەتوانێ لە مۆسکۆ زەبرێکی یەکلاکەرەوە و بروسکەئاسا لەو دوژمنە قەستەسەر و لاسار و دوورەدەستە واتە ئینگلتەرا بوەشێنێ کە نە لە قاهیرە توانیبووی بەچۆکیدا بێنێ و نە لە میلان و لە ڤیەننا و نە لە بەرلین و نە لە مەدرید و، ئەو فکر وخەیاڵەش مانگ بە مانگ لە مێشکیدا پتر تەشەنەی دەکرد.
هاتنی سوپای مەزن بۆ نێو مۆسکۆ، بەمانای گوێڕایەڵکردنی ئەلکساندر و بەڕێوەچوون و جێبەجێی گەمارۆی وشکانی بەبێ سەرپێچی و لە ئاکامدا سەرکەوتن بوو بەسەر ئینگلتەرادا و کۆتاییهاتنی جەنگ و قەیران و بێکارییەکان و پتەوکردنی بنەمای ئیمپراتۆریی جیهانی بوو لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. دواجار قەیرانەکەی 1811 فکر و خەیاڵی

ئیمپراتۆری بەولایەدا خست. دواتر لە ویتبێسک، لە سەرەتای لەشکرکێشانەی سەر مۆسکۆدا کۆنت دارو ڕاشکاوانە بە ناپلیۆنی گوت، سوپا و بەشێکی زۆر لە دەوروبەرییەکانی ئیمپراتۆر هیچ تێناگەن و نازانن ناپلیۆن بۆچی ئەم لەشکرکێشیە تاقەتپڕووکێنە دەکاتە سەر مۆسکۆ، چونکە بایی زەحمەتەکەی نییە کە تۆ بچی لە ولاّتی ئەلکساندردا شەڕی کالاّی ئینگلیزی بکەی. بەلاّم ئەو بەلّگاندنانە لە ڕوانگەی ناپلیۆنەوە ماقوولّ نەبوون. ئەو تاقە ڕێگەی دەستەبەرکردنی مانەوەی ئەو ئیمپراتۆرە مەزنەی کە خۆی دایمەزراندبوو، لەوەدا دەدی کە بەپێی ئەو بەرنامە ڕێکوپێکەی تا ئێستا لەسەری سوور بووە، ئابووریی ئینگلتەرا کپ بکا و لەنێوی بەرێ. لەگەلّ ئەوەشدا ڕوون و ئاشکرا لەبەرچاوی بوو کە هاوپەیمانی لەگەلّ ڕووسیا تەنیا لەبەر ئەوە هەلّنەدەوەشایەوە کە ئەلکساندر لە مەسەلەی پۆلۆنیا ناڕازییە و لەسۆنگەی داگیرکردنی باکووری ئەلّمان تووڕەیە، بەلّکوو پێش هەموو شتێک لەبەر ئەوە بوو کە ڕووسیا لە ئایندەدا هیوایەکی زۆری بە ئینگلتەرا هەبوو، هەر وەک چۆن ئینگلتەراش هیوای بە ڕووسیا بوو. بەلاّم ناپلیۆن ڕاستەوخۆ دەستی نەدەگەیشتە ئینگلتەرا، هەر بۆیە دەبوو ڕووسیا داپلّۆسێ.

تارمایی خوێناویی پێکدادانێکی چەکدارانەی تازە و سامناک لە ئاسۆی جیهاندا خەریک بوو سەری دەردێنا و قوت دەبۆوە.

پساندنی پێوەندی لەگەڵ ڕووسیا

1812 ـ 1811

1

ئەلکساندر، پاش ئێرفۆرت لە حاڵێکدا گەڕایەوە پێترسبۆرگ کە بڕیاری دابوو هاوپەیمانیەتییەکەی فەرەنسا و ڕووس بپارێزێ و بەو زووانەش لە خولگە و ڕێڕەوی سیاسەتی ناپلیۆنی لانەدا. ئەگەر ڕۆژێک مێژوویەکی تێروتەسەلی زانستییانە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بۆ ڕووسیای دەسپێکی سەدەی نۆزدە بنووسرێتەوە، ئەوا مێژوونووسانی ئایندە بە دڵنیاییەوە بەشێکی هەرە زۆری کارەکەیان و زۆربەی لاپەڕەکانی کتێبەکەیان بۆ ساڵە سەیروسەمەرەکانی نێوان ئێرفۆرت هەتا هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر ڕووسیا لە 1812دا تەرخان دەکەن. دەبینین کە لە ماوەی ئەو چوارساڵەدا ململانێیەکی زۆر ئاڵۆز کەوتووەتە نێوان هێز و لایەنە دژبەرەکان و لە ڕووی مێژووییەوە کارێکی کردووە پێویست بێ کەسایەتییەکی وەک سپێرانسکی دەرکەوێ و لەنێو بچێ.

ڕوون و ئاشکرایە کە مەسەلەی ڕیفۆرمی ئیداریی ئیمپراتۆریی ڕووسیا لەوکاتدا بەشێوەیەکی بەردەوام لە ڕۆژەڤدا بووە. شکستەکانی ئۆسترلیتز و فریدلەند و تیلسیت کۆمەڵە هۆکارێک بوون بۆ ئەوەی زۆر کەس بیر لە پێویستبوونی چاکسازی بکەنەوە. بەڵام لە لایەکەوە شکستە سامناکەکانی ڕووسیا لە دوو جەنگدا 1805 ـ 1807 جگە لە حەیاچوونەکەی تیلسیت، بەستنی پەیمانێکی بەسوودی لەگەڵ جیهانگر و تاوێک پاش ئەویش گرتنی وڵاتی پان و بەرینی فەنلاندی بەدوودا هات. دەی ڕوون و ئاشکرایە کە قەیسەر هیچ بە پێویستی نەدەزانی تەنانەت لە ئاستێکی ڕووکەش و نابنەماییشدا چاکسازییەک بکا، تەنانەت هێندەی ئەو چاکسازییەی پرۆسیش کە پاش ڕووداوەکەی یەنا دەستی پێکردبوو. هەر لەو سەردەمەدا بوو کە سپێرانسکی لە کاتێکی زۆر گونجاودا دەرکەوت. ئەو پیاوە زیرەک و بە ئەزموون و شیاو و دووربینەی کە یەکێک بوو لەوانەی لە ئێرفۆرت لەگەڵ ئەلکساندر ببوو و لەوێوە هاتبۆوە، تەواو هۆگری ناپلیۆن ببوو. سپێرانسکی هیچ گۆڕانێکی تەنانەت ڕووکەشیانەشی لە سیستەمی سێرواژدا نەکرد و بەپێچەوانەوە هەوڵی جێگیرکردنی ئەو مەسەلەیەی دا کە هیچ جۆرە وێکچوونێک لە نێوان سێرواژ و کۆیلایەتیدا نیە. تەنانەت دەستی لە هیچ کام لە داموودەزگاکانی کلێسای ئۆرتۆدۆکسیش نەدا و لە هەموو بۆنەیەکدا پەسنی دەدان. ئەو لەپێشدا نەک نەیویست هیچ سنووورێک بۆ دەسەڵاتی بێجڵەوی قەیسەر دابنێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە فەرمانڕەوایی تاکڕۆیانەی قەیسەرەکانی بە بنەمای سەرەکیی ئەو گۆڕانکارییانە دەزانی کە خۆی دەستی پێ کردبوون. ئامانجی ڕاستەقینەی ئەو گۆڕانکارییانەش ئەوە بوون کە پادشایەتیی تاکڕۆیانە و هەوسارپچڕاو و نیوە ڕۆژهەڵاتیی ڕووسیا ـ کە ببوو بە تیولی(زەوی و زارێک کە بە

خەڵات بەخشرابێ و باجی لەسەر نەبێ) بنەماڵەی هۆلشتاین گۆتۆرپ و بنەماڵەی گۆرین نازناوی کۆنە بنەماڵە خانەدانەکەی ڕۆمانۆفیان لەخۆیان نابوو ـ بکاتە دەوڵەتێکی نوێی ئەورووپی بە دامودەزگای ئیداریی کارا و دادوەری و دامودەزگایەکی ڕێکوپێکی دارایی و بەڕێوەبەری، کە تێیاندا لە جێی حاکمە تاکڕەوەکان، کارمەندی خوێندەوار و شیاو و پارێزگای بەرپرسیار کار بکەن. کورتی ببڕینەوە دەیویست لە وڵاتی ڕووسیاش ئەو دیسیپلینە دروست بکا کە پێی وابوو فەرەنسای کردبوو بە یەکێک لە بەهێزترین و بەدەسەڵاتترین وڵاتانی دنیا. بەڵام ئەلکساندر و سپێرانسکی حیسابیان بۆ ئاغاکەی خۆیان نەدەکرد: "کۆنەفیۆدالەکان و خانەدانەکانی چینی ناوەند کە گۆڕانکارییان لە ڕێچکە و ڕەوگەی خۆیاندا دەدی، دوژمنەکەی خۆیانیان لەودیو دەمامکی ڕیفۆرمخوازی و ڕوالەتی گۆڕانخوازییەوە ناسیبۆوە. ئەوان بە غەریزە تێگەیشتبوون کە سپێرانسکی دەیەوێ حکوومەتی تاکڕەوی دەرەبەگایەتی بکاتە دەوڵەتێکی تاکڕەوی بۆرژوایی و دیسیپلینێکی تایبەت بۆ زەوی و زار دابنێ، کە لەگەڵ دۆخی دەرەبەگایەتی و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ڕووسیا و سیستەمی بۆرژواییەکەی کە لەسەر بنەمای سێرواژ دامەزراوە، ناکۆک و ناتەبا بێ.

ئەو کەسایەتییانە وەک یەکەیەکی یەکگرتوو بەرەنگاری سپێرانسکی بوونەوە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەوڵەکانی وەزیر نەک بە ڕێکەوت، بەڵکوو بەپێی پلانێکی ورد بوو کە پێوەندیی بە هۆگریی ئەو بە هاوپەیمانیی فەرەنسا و ڕووس و دۆستایەتیی لەگەڵ دیکتاتۆرەکەی فەرەنسا و ئەورووپاوە هەبوو.

ملکدارە گەورەکانی ڕووسیایش نەک بە ڕێکەوت بەڵکوو لە ڕووی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی ورد بوو کە دەیانگوت ئەو قەشەزادەیە

ـ(که بۆ دامەزراندنی کارمەندان کێبەرکێ و تاقیکردنەوەی دادەنا و دەیویست خانەدانەکان لە دامودەزگا دەوڵەتیەکان وەدەر بنێ و بیداتە دەست لات و بەڕەڵا و قەشە و بازرگانانەوە) ـ لەگەڵ ناپلیۆن ـ (کە ئەم خانەدانە ڕووسیانەی بە بڕیاری گەمارۆ وشکانییەکەی خۆی مایەپووچ دەکرد و قەیسەریش وەک چۆن باب و باپیرانی لەمێژینەی بۆ نیشاندانی گوێڕایەڵیی خۆیان چووبوونە ئۆردووی تەتەرەکان، ئەویش ئاوا لەگەڵ دەوروبەرییەکانی بەپیر ناپلیۆنەوە چووبووە ئێرفۆرت) ـ هاوەدەستە *.

هەر ئەوەش بوو هۆکاری سەرەکی و بەرچاوی دژایەتیکردنی دەربارییەکان و خانەدانەکانی ڕووس لە پێترسبۆرگ و مۆسکۆ لە ساڵانی 1808 و 1812ـدا و، ئەو دژایەتیکردنەی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەوەی قەیسەر و وەزیرەکەی ئاشکراتر دەردەکەوت.

هەر ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی نەهێڵێ هاوپەیمانیی فەرەنسا و ڕووس لەوەزیاتر بەردەوام بێ. لە هۆڵەکانی بەگزادان ئەوەیان مەحکووم دەکرد کە فەنلاند لە سوید دابڕێنراوە و خراوەتە سەر ڕووسیا، تەنیا لەبەر ئەوەی بە فیتی ناپلیۆن ئەو کارە کراوە و تەنانەت ئەگەر لەبری ئەو پشتیوانییەی کە ساڵی 1809 دژی نەمسا لە ناپلیۆنی بێزراویان کرد، وڵاتی "گالیسی"یشیان پێ درابایە، هێشتا وەریاننەدەگرت. ئەوان وردە وردە ساغ بوونەوە لەسەر ئەوەی لەگەڵ کۆلنکۆری باڵیۆزی فەرەنسا ساردوسڕ بن و چەندی قەیسەر لەگەڵی نەرمونیان و خۆمانەتر دەبوو، کۆڕ و کۆمەڵە نوێیەکانی بەگزادەکانی

*داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم. ئەم ڕستەیە چونکە دوو ڕوونکردنەوەی لە هەناویدایە، یەکێکیان لەبارەی سپێرانسکی و دووەمیان لەبارەی ئەلکساندرەوە، بۆیە زۆر دوورودرێژ کەوتووە. ئەگینا خۆی ڕستەکە ئەوەندەیە: " ملکدارە گەورەکانی ڕووسیاش نەک بە ڕێکەوت بەڵکوو لە ڕووی هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکی ورد بوو کە دەیانگوت ئەو قەشەزادەیە لەگەڵ ناپلیۆن هاوەدەستە."

پێترسبۆرگ و بەتایبەتی کۆنەبەگزادەکانی مۆسکۆ دوژمنایەتییەکەی خۆیانیان ئاشکراتر و زەقتر بۆ دەنواند.
ئاخریەکەی لە کۆتایی ساڵی 1810دا ئەلکساندر لە هەمبەر ئەو ڕەوتە بەهێزەدا خۆی نەگرت و دەستی بەرداوە. پێش هەموو شتێک، وەک چۆن ئەلکساندر ڕاشکاوانە تێگەیشتوو بەسەهوو چووە، بەڵێنەکانی ناپلیۆن لەبارەی پەرەپێدانی دەسەڵتی ڕووس لە ڕۆژهەڵاتی جیهان و تورکیادا هەر بەڵێن و قسەی بەتاڵ بوون. جگە لەوەش، ناپلیۆن لە پرۆس نەدەچووە دەرێ و هەر لەوێ بوو و بەتایبەتی وێڕای ئەوەی هێشتا بیری لە بووژاندنەوەی سەربەخۆیی پۆلۆنیا دەکردەوە، پۆلۆنییەکانیشی دەسخەڕۆ دەکرد و تەفرەی دەدان و ئەو دۆخەش هەڕەشەی لە یەکپارچەیی و سنووورەکانی ڕووسیا دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا مەترسیی ئەوەی لێ دەکرا کە لیتوانی لەدەست بچێ.
سەرەڕای ئەوشتانەش ناڕەزایەتییەکان و پێشێلکردنی گەمارۆی وشکانی لەلایەن ڕووسیاوە بەلای ناپلیۆنەوە سووکایەتی بوو. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەلکساندر زۆر تووڕە ببوو و تۆقیبووش لەوەی کە لە ناپلیۆن لە ساڵانی 1810_ 1811دا بە نووکەقەڵەمێک کۆمەڵێک وڵاتی تازەی خستە سەر فەرەنسا. دەسەڵاتی بێسنووری ناپلیۆن هەڕەشەیەک بوو بەسەر فەرمانڕەوا دانراوەکانی خۆیەوە و ئەڵکساندریش دەیزانی کە پاش ڕووداوەکەی تیلسیت هەمووان ئەو بە گوێلەمست و دەسنیشانکراوێکی ناپلیۆن دەزانن. هەمووان گاڵتەیان بەو چاکە و پیاوەتیە بێنرخانەی ناپلیۆن بەرانبەر ئەڵکساندر دەکرد کە ساڵی 1807 شاری پرۆسیی "بیەلۆستۆک" و ساڵی 1809 پەڵە زەوییەکی نەمسای لەسەر سنووری گالیسی پێ دابوو و، دەیانگوت ناپلیۆن جۆرێک لەگەڵ ئەڵکساندر هەڵسوکەوتی کردووە، وەک چۆن

قەیسەرەکانی پێشووی ڕووس لەگەڵ دەربارییە وەفادارەکانیان دەجوولانەوە و لە چاکەی خزمەتەکانیاندا کۆمەڵێک ڕەعیەتیان دەخستە بندەستیان.
کە پلانی زەماوەندی ناپلیۆن لەگەڵ دۆشێسی مەزن ئاناپاڤلۆنا پووچەڵ کرایەوە، یەکەم جار لە هەموو ئەوروپادا باسی ئەوەیان کرد کە بەم زووانە نێوانی دوو ئیمپراتۆرەکە تەواو دەشێوێ. زەماوەندی ناپلیۆن لەگەڵ کچی فرانسوای ئیمپراتۆری نەمسا بەو جۆرە لێک درایەوە کە هاوپەیمانیی فەرەنسا و نەمسا جێی هاوپەیمانیی فەرەنسا ڕووسی گرتەوە.
زانیارییە وردەکان ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکەنەوە کە ناپلیۆن لە جانیوەری 1811ـەوە پاش ئەوەی لە دۆخی پسوولەی نوێی گومرکی ڕووسیا ئاگادار کرایەوە، نەک هەر بە ئاشکرا باسی ئەگەری هەڵگیرسانی جەنگێکی لەگەڵ ڕووسیادا دەکرد، بگرە شێلگیرانە لەو بوارەشەوە خەریکی تاوتوێکردن و خوێندنەوە بوو. ئەو پسوولەی باجە گومرکییەکانی شەراب و قوماشی ئاوریشم و مەخمەر و باقی کاڵاکانی ڕازێنەرەوە و جوانکاریی بەشێوەیەکی بەرچاو گرانتر دەکرد. ناپلیۆن ناڕەزایەتیی نواند. وەڵامیان داوە کە بارودۆخی کەسەرباری ڕووسیا وای لێکردووین ئەم بڕیارە بدەین. پسوولەکە وەک خۆی مایەوە.
سکاڵاکان لەسەر هاتنی بێلەمپەری کاڵای کۆلۆنییەکانی ئینگلتەرا بۆ ڕووسیا بەو پاپۆڕانەی کە بە ڕواڵەت ئاڵای وڵاتانی بێلایەنیان هەڵکردبوو و لە ڕاستیشدا ئینلگیزی بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبوون. ناپلیۆن دڵنیا بوو لەوەی ڕووسەکان ڕێگە دەدەن کاڵای ئینگلیزی بە نهێنی بێتە نێو ڕووسیاوە و بەشێکی زۆریشیان لە وڵاتانی ئەڵمان و

نەمسا و پۆلۆنیادا بڵاو دەکرانەوە و لە ئاکامی ئەوەشدا گەمارۆی وشکانی پەکی کەوتبوو.
ئەلکساندریش چونکە پێی وابوو ئیتر جەنگەکە هەر هەڵدەگیرسێ، بە شوێن هاوپەیماندا دەگەڕا و لەگەڵ بێرنادۆت، مارشاڵی ناپلیۆن کە ببووە جێنشینی سوید و دوژمنی ئاغاکەی پێشووی خۆی، کەوتە دانوستانەوە. ڕێکەوتی پانزەی ئۆگۆستی 1811 لە میوانییەکی فەرمیدا بە بۆنەی جێژنی ناپلیۆن کە نوێنەرانی بیانییش بانگهێشت کرابوون، ئیمپراتۆر لەبەردەم شازادە کۆراکینی باڵیۆزی ڕووسیا ڕاوەستا و بە ڕاوێژێکی زۆر توند و پڕ هەڕەشەوە قسەی لەگەڵ کرد و ئەلکساندری بە پێشێلکەری پەیمانەکەی نێوان فەرەنسا و ڕووس و کردەوەی دوژمنانە تۆمەتبار کرد و بە تووڕەییەوە پرسیی: "ئەو سەرۆکەی تۆ خۆی پێ چییە؟" و ئینجا پێشنیاری بە پرێنس کۆراکین کرد، ڕێککەوتنێک ئیمزا بکا کە هەموو خراپ لێکتێگەیشتنەکانی نێوان ڕووسیا و ئیمپراتۆریای فەرەنسای دەڕەواندەوە. کۆراکین بە شڵەژاوییەوە گوتی من دەسەڵاتی ئەوەم پێ نەدراوە. ناپلیۆن نەڕاندی: "دەسەڵاتی تەواوت نییە؟ زۆر باشە، داوای لێ بکە... من خوازیاری جەنگ نیم و ناشمەوێ پۆلۆنیا سەربەخۆ بێتەوە، بەڵام ئێوە دەتانەوێ دووکنشینەکانی وارشۆ و دانتزیگ بخەنە سەر ڕووسیا... تا نەخشە و پلانە نهێنییەکانی دەربارەکەی ئێوە ڕوون نەبێتەوە، منیش هەروا ئەو سوپایەم کە لە ئەڵمانیایە بەهێزتر دەکەم." ئینجا ئیمپراتۆر بەبێ ئەوەی گوێ لە ڕوونکردنەوەکانی کۆراکین بگرێ، کە هەوڵی دەدا ئەو تۆمەتانە وەدرۆ بخاتەوە، بە لەبز و ڕاوێژێکی تا بڵێی ناخۆش باسی ویست و ئارەزووەکانی خۆی کرد.

پاش ئەو دیمەنە، هەموو ئەوروپا دڵنیا ببووەوە کە بەو زووانە جەنگەکە هەڵدایيسێ.
ناپلیۆن وردە وردە سەرانسەری ئەڵمانی دەکردە گۆڕەپانێکی پان و بەرین بۆ کۆکردنەوە و جێگیرکردنی هێزە پەلامارەرەکان. ئەو هاوکات بڕیاری دا پرۆس و نەمسا یانی دوو دەسەڵاتەکەی وشکارۆی ئەوروپا کە هێشتا سەربەخۆ مابوونەوە بە زۆرەملی بکاتە هاوپەیمانی خۆی، ئەگەرچی پرۆس لە ڕووسی سیاسییەوە تەواو دەسنیشانکراو گوێڕایەڵی ناپلیۆن بوو. ئەو هاوپەیمانییە سەربازییە دەبوایە دەسبەجێ پێش هێرشکردنە سەر ڕووسیا بەکردەوە بکرێ.

2

پرۆس لەبەر نیری ناپلیۆندا ڕۆژگار و سەردەمێکی تاڵی تێپەڕاندبوو، بەڵام ئیدی ترسێکی وەک ترسەکەی پاش شکانی واگرام و دوای زەماوەندەکەی ناپلیۆن و شازادەی نەمسا و تەنانەت سەردەمی پاش تیلسیت (1807 ـ 1808) بەسەر ئەو وڵاتەدا زاڵ نەببووەوە. لە یەکەم ساڵەکاندا، لە سۆنگەی دەستڕۆیشتوویی "شتاین" و حیزبی ڕیفۆرمخوازانەوە ئەگەرچی ڕێژیمی سێرواژ بەتەواوی لە پرۆسدا هەڵنەوەشێنرابۆوە، بەڵام بنەما یاساییەکەی تەواو لەرزۆک ببوو و کۆمەڵێک چاکسازیی دیکەشیان لەو وڵاتەدا کردبوو.
ئەو نیشتمانپەروەرە بەکەفوکوڵە واتە شتاین، کە نەیدەشاردەوە شۆڕشەکەی ئیسپانیای بەدڵە و پێی باشە، سەرنجی پۆلیسی ناپلیۆنی خستبووە سەر خۆی، چونکە یەکێک لە نامەکانی ئەو کە بە ڕێکەوت ئاشکرا ببوو، بە ڕای ناپلیۆن نیازخراپیی ئەو پیاوەی دەردەخست و ئەو فەرمانی بە فردریک ویلهۆڵمی سێیەم کرد دەسبەجێ شتاین لە

ولاتەکەی دەربکا. پادشای پرۆس بۆ سەلماندنی گوێڕایەڵیی خۆی نەک فەرمانەکەی ناپلیۆنی جێبەجێ کرد، بەڵکوو دەستی بەسەر ماڵ و سامانی ئەو سیاسەتمەدارە غەزەب لێگیراوەشدا گرت.
چاکسازی لە پرۆسدا شل بۆوە بەڵام ڕانەوەستا. شارنهۆرستی وەزیری جەنگ و گنایزێنەو(مارشاڵی پرۆسی) و کەسانی خوار ئەویش بەهەموو هێز و توانایانەوە هەوڵیان دەدا سوپای پرۆس ڕێک بخەنەوە. سوپای پرۆس بە ئەمری ناپلیۆن نەدەبوایە لە 42000 سەرباز پتری هەبێ، بەڵام دەوڵەتی پرۆس بە هەزار فرتوفێڵ و بە کەمکردنەوەی ماوەی سەربازی، توانیی ژمارەیەکی زۆر سەربازی تازە ڕابێنێ و
پەروەردەیان بکا. بەو جۆرە پرۆس وێڕای ئەوەی کە کۆیلانە لە هەمبەر ناپلیۆن سەری دادەنواند و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوو و ماستاوی بۆ دەگرتەوە و لای ئەو خۆی بچووک دەکردەوە، بەڵام بە نهێنی خۆی بۆ داهاتوو ئامادە دەکرد و بەهیوا بوو ئاخری ڕۆژێک لە بن ئەو بارە ناڵەبار و تاقەتپڕووکێنەی کە لە سۆنگەی شکستە سامناکەکەی 1806 و پەیمانی تێلسیت (1807) بەسەریدا هاتبوو، ڕزگار بێ.
کاتێک لە 1809دا شەڕی نێوان ناپلیۆن و نەمسا هەڵایسا، هەوڵێکی تاکەکەسی و دەکرێ بڵێین پەلەقاژەیەک کرا بۆ ئەوەی نیری یەخسیریی دوژمن لە ئەستۆی پرۆسیەکان دابڕنرێ: عەگید شایل بە بەشێک لە سوارچاکەکانیەوە جەنگێکی پارتیزانیی دەست پێکردبوو بەڵام لە ئاکامدا شکابوو و خۆی کوژرابوو و هاوسەنگەرەکانیشی لە دادگایەکی سەربازیی پرۆسیدا حوکمدرابوون و بە ئەمری ناپلیۆن گوللەباران کرابوون. پادشای پرۆس لە ترسی ناپلیۆن، وەها لە شایل تووڕە ببوو کە ئاگای لەخۆی نەمابوو، بەڵام ناپلیۆن بەو چەند ئیعدامە و تووڕەبوونی دڵنیاکەرەوانەی فردریک ویلهۆڵم دڵی داکەوتبوو. پاش

ئەوەی نەمسا لە واگرام دیسان تێک شکایەوە و پاش بەستنی پەیمانەکەی شوێنبرۆن و زەماوەندی ناپلیۆن لەگەڵ ماری لۆیز، ئیتر پرۆس دوا هیواشی لەدەست دابوو، چونکە ئیتر وا وێدەچوو کە نەمسا بۆ تاهەتایە چووبێتە سەر ڕێبازی سیاسەتی ناپلیۆنی. پرۆس ئەمجارە دڵ بە کێ خۆش بکا و پشت بە کێ ببەستێ؟ بەو نێوان ناخۆشییەی وردەوردە دەکەوتە نێوان ناپلیۆن و ڕووسیاوە؟ بەڵام ئەو دووبەرەکییە زۆر خاو و لەسەرخۆ بوو و پاش ڕووداوی ئۆسترلیتز ئیتر دەسەڵاتی ڕووسیا زۆر جێی متمانە و باوەڕ نەبوو.

لە یەکەم ڕۆژەکانی ساڵی 1810ـەوە وردە وردە هەندێ دەنگۆی ناخۆش بڵاو دەبوونەوە: دەیانگوت ناپلیۆن بەتەمایە بەبێ جەنگ و تەنیا بە فەرمانێک پرۆس لەنێو بەرێ و بەسەر ئیمپراتۆریی فەرەنسا و کەوشەنی وێستفاڵی "ژرۆم بۆناپارت" و دەوڵەتە گوێڕایەڵەکەی ساکسدا دابەشی بکا و بنەماڵەی پادشایەتیی هۆهنزۆلێرن لەوێ دەربکا و یەکێک لە خزمەکانی یان مارشاڵێکی خۆی بکاتە فەرمانڕەوای ئەوێ. کاتێک لە نۆی جوونی 1810ـدا ناپلیۆن بە دەرکردنی فەرمانێک هۆڵەندای خستە سەر فەرەنسا و بە دابەشکردنی ئەو وڵاتە نۆ ئەیالەتی تازەی خستە سەر ئیمپراتۆرییەکەی، کاتێک شاری هامبۆرگ و بریێل و لۆبێک و دووکنشینەکانی لاقنبۆرگ و واولدێنبۆرگ و سالْم ـ سالْم و ئارنبێرگ و زۆر وردە دەوڵەتی دیکەش ئاوا دەسبەجێ خرانە سەر فەرەنسا، کاتێک پاش گرتنی هەموو خاکی باکووری ئەڵمان لە هۆڵەندا وە تا هۆلشتاین، ژەنەڕاڵ داقۆ لە ڕاگەیەنراوێکدا وەک دڵدانەوەیەک بە دانیشتووانی ئەو وڵاتانەی ڕاگەیاند، کە سەربەخۆییەکەیان هەر خەون و خەیاڵێک بووە و هیچی دی، ئینجا پادشای پرۆس تێگەیشت کە کۆتایی پادشایەتییەکەی بەسەردا هاتووە. سەربەخۆییەکەی ئەویش درۆیین بوو و دەیزانی

ناپلیۆن له تیلسیت به فەرمی گوتبووی تەنیا لەبەر خاتری ئیمپراتۆری هەموو ڕووسیایە کە وڵاتی پرۆس لەسەر نەخشەی جۆگرافیایی ئەوروپا ناسڕێتەوە. بەڵام لە ساڵانی 1810 ـ 1811دا پێوەندیی نێوان ناپلیۆن و قەیسەر هەر دەهات و خراپتر دەبوو و ئیتر مەسەلەی خاترگرتن لەگۆڕێ نەمابوو. لە کۆتایی ساڵی 1810دا ناپلیۆن بەبێ ئەوەی گوێ بداتە هیچ کەس و هیچ شتێک، دووک ئۆلدێنبۆرگی، سەرەڕای ئەوەی میراتگری تەخت و تاج بوو و لەگەڵ ئەکاترینا پاڤلۆنای خوشکی ئەڵکساندر زەماوەندی کردبوو، لە وڵاتەکەی خۆی دەکرد و وڵاتەکەی خستە سەر فەرەنسا.
پرۆس لە ساڵانی 1810 ـ 1811دا لەبەردەم لەنێوچوونda بوو. خۆ هەر فردریک ویلهۆڵمی سێیەم ـ کە قەت جارێک ئازایانە دەرنەکەوتبوو. لەو چارەنووسە نەتۆقیبوو، بەڵکو کۆڕ و کۆمەڵی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازیش وەک ئەنجومەنە نهێنییەکەی توگێندبۆند کە ئەوکات هەست و خولیای بەشێک لە گەنجانی بۆرژوای ئاڵمان تێیدا ڕەنگی دابۆوە و بە ئاواتەوە بوو خۆی لە کۆتی کۆیلەیی ئەو زاڵمە بێگانەیە ڕزگار بکا و ئاڵمانێکی نوێ و سەربەست بنیات بنێ، هەر ئاگایان لە دنیا نەبوو. تۆگێندبۆندیش کە شتێکی ناوازە نەبوو، بەڵام یەکێک بوو لە باشترین کۆمەڵە نایاساییەکانی ئەڵمان، ئیتر دەنگی هەڵنەدەبڕی و لە ساڵی 1810ـەوە تا 1812 جار بە جار نائومێدتر و هیوابڕاوتر ببوو. وێدەچوو هیچ هیوایەک نەمابێ. یەکێک لە وەزیرەکان بەناوی هاردێنبێرگ کە پێشتر باوەڕی بە بەرگری و خۆڕاگری هەبوو و هەربۆیەش بەپێداگریی ناپلیۆن لە دەرباری پرۆس دەرکرابوو، بە فەرمی پەشیمانیی خۆی ڕاگەیاند و لە نامەیەکدا سەنتمارسانی باڵیۆزی فەرەنسای ئاگادار کردەوە کە بیروباوەڕەکانی خۆی بەتەواوی گۆڕیوە

و بۆ ژەنڕاڵ شانرن هۆرستیشی نووسیبوو: "ڕزگاربوونمان تەنیا بە ناپلیۆنەوە بەستراوەتەوە." هەر ئەو هاردنبێرگە لە مانگی مای 1810دا ئەم داوا پڕ لە شوورەییەی بۆ نوێنەرە سیاسییەکەی فەرەنساش نووسی: "هیوادارم خاوەنشکۆ ئیمپراتۆری فەرەنسا ئاوڕێکی بە ڕەحمەتم لێ بداتەوە و ئەو ئەرک و ڕۆڵەم بخاتە سەر شان کە لە ڕاییکردنی کاروبارەکاندا دەتوانم ڕاپەڕێنم، چونکە وەها فەرمانێک نیشانەی ئەوەیە ئیمپراتۆر ئاوڕی بەخێری لە پادشای ئێمە داوەتەوە." ناپلیۆن لە هاردنبێرگ خۆش بوو و ڕێگەی بە فردرێک ویلهۆڵمیش دا بیکاتە ڕاوێژکاری مەزنی خۆی. ئەو ڕووداوە لە پێنجی جوونی 1810دا ڕووی دا و لە حەوتەمی جووندا ڕاوێژکار تازەکەی پرۆس بۆ ناپلیۆنی نووسی: "خاوەنشکۆ، دڵنیام تاقە ڕێگەی وەرگرتنەوەی یەکپارچەیی و دابینکردنی بەختەوەریی پرۆس لەوەدایە کە سەربەرزانە ڕێبازی تۆ بگرێتە بەر... ئینجا بەو پێیەی کە هیچ شانازییەک بۆ ئەم گیانفیدایەی تۆ لەوە گەورەتر نییە کە جێی متمانەی تۆ بم، بەوپەڕی ڕێز و حورمەتەوە تا هەم گوێڕایەڵترین و گیانلەسەردەستترین بەردەستی ئەو خاوەنشکۆیەم دەبم.
بارۆن هاردنبێرگ، ڕاوێژکاری مەزنی دەوڵەتی پادشایی پرۆس..."

ماڵیاتەکان لە کاتی خۆیاندا دەدران، گەمارۆی وشکانی بە چڕی جێبەجێ دەکرا، پادشا لە ترسان ڕۆحی لەبەردا نەبوو و کڕنۆشی بۆ ناپلیۆن دەبرد و هاردنبێرگ ماستاوچێتیی دەکرد و خۆی سووک و زەلیل دەکرد، بەڵام ناپلیۆن هێزەکانی خۆی لە قەڵا پتەوەکانی پرۆس نەدەبردە دەرێ و هیچ بەڵێنێکی هیوابەخشیشی نەدەدانێ. سەرەڕای ئەوانەش سەیر نییە کە وەختێک ئیمپراتۆر خۆی بۆ جەنگی ڕووسیا ئامادە

دەکرد، کتوپڕ داوای کرد سوپای پرۆس یارمەتییەکی کاریگەری بکا، پرۆس لە پێشدا تۆزێک دڕدۆنگ بوو، بەڵام بە زەبرێکی ئیمپراتۆر ملی کەچ کرد: مەسەلەکە ئاوا بوو، ناپلیۆن لە 14ی نۆڤەمبەری 1811دا ئەمری بە مارشاڵ داڤۆ دەکرد بە یەک ئاماژەی ئەو بێتە نێو پرۆس و داگیری بکا. لە 24ی فێبریوەری 1812دا گرێبەستێک لە فەرەنسا واژۆ کرا کە دەیکردە سەر پرۆس تا لە هەر شەڕێکدا کە ناپلیۆن بیکا، پشتیوانی ناپلیۆن بێ.

ناپلیۆن پاش پرۆس دەسبەجێ ڕووی لە نەمسا کرد.

لەولایەشەوە کاروبارەکان زۆر بەزحمەت کەوتن. دەوڵەتی نەمسا پاش جەنگی واگرام و پەیمانی شوێنبرون زەندەقی چوبوو. پاش زەماوەندی ناپلیۆن لەگەڵ ماری لۆیز، مترنیچ و باقی سیاسەتمەدارە بەرچاوەکانی نەمسا وایان پێ باش بوو ملکەچی سیاسەتی ناپلیۆن بن و باوەڕیان وابوو بەو جۆرە دەتوانن لەبری ئەو ئەیالەتانەی لەدەستیان چووە، هەندێ پاداشتی لێ وەرگرن. ناپلیۆن دەیتوانی لە باکوور و ڕۆژئاواوە یانی لە باڤیر و ساکس و لە باشوورەوە یانی لە شارەکانی ئیلری و کارنیۆڵ و کارینتی و لە وڵاتی پادشایەتیی ئیتالیاشەوە، بەسەر نەمسادا بدا. دەشیتوانی لە گۆشەی ڕۆژهەڵاتی نەمسا و لە ڕێگەی گالیسی پۆلۆنیاشەوە بێتەوە. ئیمپراتۆریی ناپلیۆن و وڵاتە گوێڕایەڵکراوەکانی لە هەموو لایەکەوە دەوری نەمسایان تەنیبوو و ڕێکیان گوشیبوو.

ترس لە هێرش و هیوا بە چاکە و پیاوەتیی زاوا بەدەسەڵاتەکە واتە ناپلیۆن، وای لە ئیمپراتۆر فەرانسوا کردبوو، کە ئەویش وەک فردریک ویلهۆڵمی ترسنۆک گوێڕایەڵ بێ. هەر بۆیەش ناپلیۆن لەو سااڵنەدا لە ڤیەننا جگە لە مەرایی و ماستاوچێتی هیچ شتێکی گوێ لێ نەدەبوو. کاتێک لە 1811دا شاژن ماری لۆیز کوڕێکی خستەوە، کە دەبووە

میراتگری ئیمپراتۆرییەکەی ناپلیۆن، لە ڤیەننا بۆخۆشیرینکردن لای دەربار، پوولێکی پۆستەیان چاپ کرد کە تێیدا مەریەمی پاکیزە لە شێوەیەی ماری لۆیز کۆرپەکەی خۆی "عیسا مەسیح"ی لە باوەش گرتبوو کە لە پادشاکانی ڕۆما دەچوو و بە ژوور سەریشیانەوە سابۆسی خوای لەشکران بە نێو هەورەکاندا دەفڕی و شێوەکارەکە خوای گۆرینی لەسەر بیچمی ناپلیۆن کێشابۆوە. کورتی ببڕینەوە، ئیتر هیچ کارێکی سووک و حەیابەرانە و هیچ پێداهەڵگوتنێکی کۆیلانە و بتپەرستانە و هەستەربڕینێکی شێتانە نەمابوو لە هەمبەر دیکتاتۆرە پاریسیەکەدا نەیکەن.

ئەقڵ و وارسکە"غەریزە" بە هەموو سیاسەتمەدارەکان و لەسەرووی هەمووشیانەوە بە مترنیخی کە لە هەمووان زیرەکتر و سیاسیتر بوو، دەگوت، ئیمپراتۆر ناپلیۆن دیاردەیەکی تێژتێپەڕە. بەڵام لە ساڵانی 1810 ـ 1812دا تەنانەت کامیان لەهەمووان بەگومانتر بوو، وردە وردە دەهاتە سەر ئەو باوەڕە کە بەو زووانە مەحاڵە شەڕێکی سەرکەوتوانە دژی ناپلیۆن هەڵگیرسێ.

ئینگلتەرا بە کۆلۆنییەکانی و ئەو دەریایانەوە کە لەبەردەستیدا بوون هەروا بەرگریی دەکرد. بەڵام زۆربەی کات هەواڵی مایەپووچی و بێکاری و شۆڕشی هەڕەشەکەر لەوێوە دەهاتن و لەسەر یەک دەریاندەخست کە دوورگەکانی ئینگلتەرا خەریکن لە چەمبەری گەمارۆی وشکانیدا دەپڵیشێنەوە. لەگەڵ گەیشتنی هێزە فەرەنسیەکاندا، شوانە لێقەوماوە ئیسپانیۆلیەکان پەنایان دەبردە لووتکەی چیا و کوێستان و لێڕەوارەکانی خۆیان و لەوێوە درێژەیان بە خەباتەکەیان دەدا. بەڵام نەمسا نە دەیتوانی و نە دەیویست خەباتێکی وا وەڕێ بخات. بەڵام ڕووسیا بە ڕواڵەت زۆر لە ناپلیۆن لاوازتر بوو. ئەو وڵاتە کە

پشتیوانییەکی بێ ئاکامی لە نەمسا کردبوو و لە جەنگی ئۆسترلیتزدا سەرشۆڕانە شکابوو، لە تیلسیت خیانەتی لە پرۆس کردبوو و ئێستا ناچار بوو بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامی هەوڵەکانی، شان بە شانی ناپلیۆن بچێتە پێشێ. هەر بۆیە کاتێک پرۆس لە فێبریوەری 1812دا ناچار بوو پەیمانێک لەگەڵ ناپلیۆن ببەستێ، ئیمپراتۆر داوای لە نەمساش کرد بێتە نێو ئەو هاوپەیمانێتییەوە و دەرباری نەمسا بەبێ دڕدۆنگی و تەنانەت بەبێ ئەوەی داوای پاداشتێکیش بکا، داواکەی قبووڵ کرد.

لە 14ی مارسی 1811دا لە پاریس پەیمانێک لە نێوان فەرەنسا و نەمسادا مۆر کرا کە بەپێی ئەو پەیمانە نەمسا دەربەست دەبوو 30000 شەڕکەر بخاتە بندەستی ناپلیۆنەوە. ئیمپراتۆریش زەمانەتی دەدایە، ئەیالەتەکانی مۆڵداوی و والاشی کە ئەودەم بەدەست هێزەکانی قەیسەرەوە بوون، لەرووسیا بستێنێتەوە. جگە لەوەش گفتی دا ئەیالەتەکانی گالیسی، یان خاکێکی هێندەی ئەو وەک پاداشت بدات بە نەمسا.

ناپلیۆن بۆ بەهێزترکردنی سوپای مەزن پێویستی بەو دوو هاوپەیمانە نەبوو، بەڵکوو بۆ چەواشەکردنی بەشێک لە هێزەکانی ڕووس بوو بۆ ئەوەی ئاگایان لە باکوور و باشووری ڕێگەی ڕاستەوخۆی "کۆڤنۆ و ویلینا و ویتبێسک" و "سمۆلنێسک و مۆسکۆ" نەمێنێ، کە دەبوایە پەلاماریان بدا.

بۆ ئەو لەشکرکێشیە گەورەیە، پرۆس بەڵێنی دابوو 20000 و نەمساش 30000 سەرباز بخاتە بندەستی ناپلیۆن. جگە لەوە پرۆس لەبری باجێک کە مەحاڵ بوو خۆی لێ بدزێتەوە، ناچار بوو 20000 تۆن

جۆی ڕەش و 40000 تۆن گەنم و زیاتر لە 40000 سەر مانگا و 70 ملیۆن بوتڵ ئارەق بۆ سوپاکەی ناپلیۆن دابین بکا.
تەدارەک و ئامادەکاریی سیاسی بۆ جەنگ لە سەرەتای بەهاردا تەواو ببوو. لە سۆنگەی خراپبوونی بەروبوو و دەغڵ و دانی ساڵی 1812ـەوە هێندێ ناوچەی فەرەنسا لە کۆتاییەکانی زستانی ئەوێ ساڵێدا و لە یەکەم مانگەکانی سەرەتای ساڵی 1812دا تووشی قات و قڕی ببوون و ئەو دۆخەش لە هەندێ شوێن و دێهاتاندا هەرای نابۆوە و ترسی ئەوە هەبوو کە بتەنێتەوە شوێنەکانی دیکەش و، هەر ئەو ڕووداوە لەشکرکێشان و هێرشەکەی ناپلیۆنی مانگ و نیو تا دوو مانگ وەدوا خست. فرتوفێڵ و دەستێکەڵکردنی قۆڕخکاران و سەفتەبازانیش ئەوەندەی دیکە گوندەکانی نیگەران و تووڕە کردبوو و ئەو دنەدان و هاندانانەش هۆکارێکی دیکەی دواکەوتنی ناپلیۆن بوو. مارکس لە کتێبەکەی "بنەماڵەی پیرۆز"دا ئاماژە بەو مەسەلەیە دەکا و بە ڕاستی جوانی لێک داوەتەوە کە دەڵێ: کردەوەی قۆڕخکاران کاریگەریی لەسەر سەرنەکەوتنی لەشکرکێشان بۆ سەر ڕووسیا و وەلەرزەخستنی بناغەی ئیمپراتۆریی فەرەنسا هەبووە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە سەربازگیری - کە لەو شەش ساڵەی دواییدا پاش شەڕەکەی ئۆسترلیتز زۆر بە زحمەت ببوو - ئەمجارە لە 1811 و سەرەتای ساڵی 1812دا ببووە هۆی سەرپێچیی خەڵکێکی زۆر. ئەوانەی بانگ کرابوون بۆ سەربازی، ڕایاندەکردە نێو دارستانەکان و خۆیان ون دەکرد و خۆیان دەشاردەوە. ئەو کێشە ئابووریانەی لە سۆنگەی جەنگەکانەوە دروست ببوون - بەتایبەتی جەنگە بێ بڕانەوەکانی ئیسپانیا - لەگەڵ ماڵیاتە قورسەکان، گوشارێکی زۆریان خستبووە سەر جەماوەری جووتیار و ئەو ناڕەزایەتی و ناڕەحەتیانەش ڕۆژ بە ڕۆژ خەستتر دەبوونەوە و بە

خۆدزینەوە لە سەربازی پتر دەردەکەوتن. جووتیارە خاوەن زەوییەکانیش وردە وردە ناڕەزایەتیی خۆیانیان دەردەبڕی و سکاڵایان دەکرد کە لە سۆنگەی بردنی ئەو هەمووە کرێکارەی کشتوکاڵەوە بۆ سەربازی، ئیتر کرێکاریان بە هەرزانی دەست ناکەوێ.
ناپلیۆن ناچار بوو تابووری گەڕۆک بخاتە ڕێ بۆ ئەوەی سەربزێو و فەرمانشکێنەکان تەنانەت لە نێو جەنگەڵەکانیشدا بگرن و بە زۆر بیانهێننە سەربازی. لە سۆنگەی ئەو زۆرداری و زوڵم و زۆرانە و سەرەڕای ئەو هەمووە کێشە و گرفتە، سەربازگیریی پێش دەسپێکی جەنگەکەی 1812 بەگوێرەی پێویست ئەوەندە سەربازەی بۆ ناپلیۆن دابین دەکرد کە دەیویست.
لە کۆتایی بەهاری 1812دا لەشکر لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە تەواو ڕێک خرابوو و لە هەندی ڕووەوە وردەکارییەکان تەواویش ببوون. هەموو ئەوروپای گوێڵەمست ئامادە بوو بۆ ئەوەی کۆیلانە بۆ جەنگی ڕووسیا بکەوێتە ڕێ. ئیمپراتۆر بڕیاری دابوو ئیسپانیا دابەش بکا. هەر بۆیە سالای 1811 پیشەسازترین ئەیالەتی ئیسپانیا واتە کەتەلۆنیای لە ژۆزفی برای کە خۆی کردبوویە پادشای ئەوی، ئەستاندەوە و خستییە سەر فەرەنسا و کردیشی بە چوار ئەیالەت.
بەو کارە کە دەبووە هۆی دەوڵەمەندبوونی بازرگانیی فەرەنسا، ناپلیۆن ویستبووی ئیسپانیای ڕاپەڕیوی شۆڕشگێڕیش سزا بدا. بەڵام ئەو شۆڕشە هەم لە ئەیالەتە تازەکانی کەتەلۆنیای سەر بە فەرەنسا و هەمیش بە باقی خاکی ئیسپانیادا کە بە ناو ئاڵای پادشایەتیی سەربەخۆی ژۆزف بۆناپارتی تێدا دەشەکاوە و بە فەرمیش لە بندەستی فەرەنسیەکاندا بوو، هەر بەردەوام بوو. مارشاڵە گەورەکانی ئەو وەک "سۆ" و مارمۆن و سۆشی هەر وا لە ئیسپانیا سەرکردەی لەشکرە

مەزنەکانی فەرەنسا بوون و بە ڕای ناپلیۆن ئەوانە بەس بوون بۆ بەرپەرچدانەوەی گوشاری ئینگلیزەکان کە بە فەرماندەیی ولینگتۆن لە شێوە دوورگەکەدا لەگەڵ فەرەنسیەکان بەشەڕ دەهاتن و پێی وابوو باشاری ئەو شەڕکەرە پارتیزانە ئیسپانیاییانەش دەکەن کە چوار ساڵ بوو جەنگی مان و نەمانی خۆیان دەکرد.

ئینگلتەرا هەر وا لە پشت سەنگەرەکانی خۆیەوە بۆسەی نابۆوە، بەڵام وێنەدەچوو کە جارێ هیچ مەترسییەکی بۆ سەر فەرەنسا هەبێ چونکە جگە لە دۆخە قەیراناوییەکەی نێوخۆی وڵاتەکەیان و ئەو مایەپووچییەی لە سۆنگەی گەمارۆی وشکانیەوە تووشی ببوون، کرێکارە بێکارکراوەکانیش بزووتنەوەیەکیان وەڕێ خستبوو دژی ئەو مەکینە زەبەلاحانەی تازە پەیدا ببوون و هەڵیاندەکوتایە سەر ناوچە پیشەسازییەکان و مەکینەکانیان دەشکاند. لەو دەموساتانەدا ناپلیۆن بە سیاسەتێکی حەکیمانە، کۆمەڵێک ئیمتیازی بازرگانیی بە ئەمریکاییەکان دا و ڕێگەی دان هەندێ یاسای بازرگانییش پێشێل بکەن و بەو کارە ئاگری شەڕەکەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلتەرای خۆشتر کرد.

ڕۆژی پانزەی جوونی 1812، واتە نۆ ڕۆژ پێش ئەوەی ناپلیۆن بچێتە نێو خاکی ڕووسیاوە، سەرکۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو جەنگەی دژی ئینگلتەرا ڕاگەیاند و بە دڵنیاییەوە شەڕی چەکدارانەی ئینگلتەرا لەگەڵ ئەمریکییەکان، ئەو وڵاتەی بۆ شەڕی گەڵ فەرەنسا لاواز دەکرد.

جا ئەمجارە لە پشتەوە ئارخەیان و ئەمین و ڕێگەی پێشەوەشی کراوە بوو. ناپلیۆن هێزێکی بەدەستەوە بوو کە لە ڕووی چەندایەتییەوە چەندین هیندەی هەموو ئەو هێزانە بوو کە لە جەنگەکانی پێشوودا پێی

بوو، جگە لەوەش دوژمنێکیشی لە پێش بوو کە چەند جاران لەبەری بەزیبوو.
سیاسەتمەدارەکان پێشبینیی کارەساتێکی گەورەیان دەکرد، بەڵام زۆربەیان و یەکێکی هەرە زیرەکیان وەک مترنیخ و ئەوی هەرە دوورببینیان وەک هاردنبێرگ و یەکی وەک ژۆزف دۆمستەریش کە دوژمنی قەستەسەری ناپلیۆن بوو، باوەڕیان وابوو ئەو کارەساتە بەڵایەکی گەورە دەبێ بۆ ڕووسیا و تۆفانێکی بەسەردا دێنێ کە لە مێژووی ڕووسیادا لە سەردەمی هێرشی تەتەرەکانەوە شتی وای بەخۆیەوە نەدیتبێ.
ئەو سوپایەی ناپلیۆن بۆ ئەم لەشکرکێشانە پێویستی بوو بە نیو ملیۆن مەزەندە دەکرا و هەڵبەت ئەو 50000 کەسەی کە وا دانرابوو دەوڵەتەکانی نەمسا و پرۆس بۆی ئامادە بکەن حیساب نەکرابوو. لەو ژمارەیەش دەبوو 200000 کەس دەوڵەتە گوێڕایەڵکراوەکانی وەک ئیتالیا و ئیلری و وڵاتی پادشایەتیی وێستفاڵی و باڤیر و دووکنشینی گەورەی وارشۆ دابینی بکەن. بەڵژیک و هۆڵەندا و شارەکانی یەکیەتیی ئەوروپایی (هانزێ ئاتیک) بە وڵاتی گوێڕایەڵکراو لەقەڵەم نەدەدران بەڵکوو وەک بەشێک لە ئیمپراتۆریی فەرەنسا حیسابیان لەسەر دەکرا. وردێ، ژنەڕاڵی باڤیری پاش ئەوەی هەواڵی ئەو خۆڕێکخستنانەی بیستەوە، ئەوەندەی غیرەت وەبەرخۆی نا کە خاکەڕایانە لە ناپلیۆنی پرسیی: "ئەرێ باشە بەو هەمووە بێنە و بەردەیەوە وا باشتر نییە خۆت لە جەنگی ڕووسیا بپارێزی؟ بەڵام ئیمپراتۆر وەڵامی داوە: "من تا سێ ساڵی دیکە، دەبمە خاوەنی هەموو دنیا."

3

ڕۆژی نۆی مانگی مای 1812 سەعات 6ی بەیانی لەگەڵ شاژن ماری لۆیز لە کۆشکی سەنت کلیۆ هاتە دەری بۆ ئەوەی خۆی بگەیەنێتە سوپای مەزن کە بە ڕێگەی جۆراجۆردا و بە سەرووی ئاڵماندا بەرەو پۆلۆنیا کەوتبووە ڕێ و وردە وردە لە دەم ڕووبارەکانی ویستۆڵ و نیەمێن دەگیرساوە. ڕۆژی 16ی مانگی مای ئیمپراتۆر لەگەڵ پادشای ساکس کە ڕۆژی پێشتر بە پێشوازییەوە هاتبوو گەیشتە نێو درێسدێ. پادشاکان و دووکە گەورەکانی وڵاتە گوێڕایەڵکراوەکان هەموویان لە پایتەختی ساکس کۆ ببوونەوە بۆ ئەوەی ڕێز لە سەرۆکە مەزنەکەی خۆیان بگرن و فردریک ویلهۆڵمی سێیەمیش لە نێو ئەو پادشایانەدا بوو. فرانسوا، ئیمپراتۆریی نەمساش لەگەڵ شاژن هاتبوو.

ناپلیۆن 15 ڕۆژ لە درێسدێ مایەوە و لەو ماوەیەدا ئەوانەی بەپێشوازیەوە هاتبوون وێکڕا گوێڵەمستانە لە خزمەتیدا بوون. هەموو ئەو شا و شازادانە تەنانەت خەزووریشی واتە ئیمپراتۆری نەمسا لە هەنتەشیدا کڵاوەکەیان دادەگرت. تەنیا ناپلیۆن کڵاوە بچووک و بەناوبانگەکەی خۆی لەسەر بوو. ناپلیۆن لەسەر یەک بە ڕووخۆشی و کەرەمەوە لەگەڵیان دەجووڵاوە و جاروبارەش بە گوێچکەبادانێک ئاوڕی بەخێڕی لێ دەدانەوە و لەو کاتەدا ئەوان ئیدی خەنی و شاگەشکە دەبوون، یان سوعبەتێکی لەگەڵ دەکردن و دەستێکی لە پشتی ئەوی هەرە ماقوولّتریان ڕادەکێشا یان لە بەرچاوی گەورەکان یەکێکیانی سەرکۆنە دەکرد. بەلام ئەو لۆمە و سەرکۆنەکردنانە لە درێسدێ کەمتر ڕووی دەدا. لەو کاتانەدا ماستاوچێتی ئەوەندە خەست و بێتام دەبوو و سنووری دەبەزاند، کە تەنانەت یەکێکیان لەوەشی تێپەڕاند و پلە و پێگەی خوایەتیی بە ناپلیۆن بەخشی. ناپلیۆن هەموو ئەو سەرە تاجدار و

بێتاج و تەواوی ئەو ماستاوچیە ئەڵمانی و نائەڵمانییانەی کە لە دەربارەکەی ئەو لە درێسدێ کۆ ببوونەوە وەک نۆکەر و خوڵام و ڕەعیەتێک سەیر دەکرد و دەیزانی هەموویان زەندەقیان لێی چووە. هەرچەندە متمانەی بە ڕاستگۆیی هیچ کامەشیان نەبوو، بەڵام هەڵسوکەوتی ئەوان لە درێسدێ هەرنەبێ سەلمێنەری ئەوە بوو کە هەموویان دڵنیان لەوەێ ئەو لە جەنگی ڕووسیادا سەر دەکەوێ. ئەو باوەڕە ئەو کات، بەسەر هەموو دنیادا واتە بەسەر ئەوروپا و ئەمریکا و دەربارەکان و نووسینگەی کاری بەڕێوەبەرە گرینگەکان و ژووری بازرگانانیشدا زاڵ بوو. تەنیا ئینگلتەرا بوو کە بەبی ئەوەی گوێ بە هیچ شتێک بدا، یان حیسابێک بۆ 600000 شەڕکەرەکەی ئەو بکا یان بیەوێ هاوپەیمانی لەگەڵ قەیسەر ببەستێ، هەر وا چاوەڕێی گەیشتنی دەموساتی دیاریکراو بوو. جووتیارە ئیسپانیۆلیەکان و ڕەشوڕووتانی شارەکان هەروا گیانلەسەردەست شەڕیان دەکرد و کاتێک بە دەستی شەتەکدراوەوە دەیانبردنە پشت گۆڕەپانەکە بۆ ئەوەی گوللەبارانیان بکەن، تفیان لە نێوچاوی ئەفسەرە فەرەنسیەکان دەکرد. تەنیا ئینگلتەرا و ئیسپانیا بوون کە لە جێژنە شکۆمەندەکانی درێسدێ و خۆڕانانی لەشکری و میوانی و شانۆی سەیروسەمەرەی سەرکزی و کۆیلایەتیی مرۆیی و سووکترین شێوەی ماستاوچێتی و ترسدا هیچ نوێنەرێکیان نەبوو.

ئەو باوەڕە جیهانیە بەسەرکەوتنی ناپلیۆن تەواو بەجێ و ماقوولّ دیار.بوو سوپایەک بە لیوای بێ هەژمارەوە دەچووە جەنگی ڕووسیا، کە زۆر کامڵ و ڕێکوپێک و پۆشتە بوو و سەردارێکیش سەرکردایەتیی دەکرد کە بلیمەتی و لێهاتوویی سەربازیی ئەو زۆر لە بلیمەتی و پیتۆڵیی ئەسکەندەری ماکدۆنی و ئانیبالّ و قەیسەر زیاتر بوو و تا سالّی 1812

ئەوەندەی سەرکەوتنی پڕشنگداری گەورە و بچووک دەستەبەر کردبوو، کە هەرگیز بە نەسیب ئەو سەردارانەی پێش خۆی نەببوو.
"هاوپەیمانیی" ناپلیۆن لەگەڵ نەمسا و پرۆس و سەردەستبوونی ئەو لە وشکارۆی ئەوروپادا، یەکینەکانی ئەویان لە ڕووی ژمارەوە بەهێزتر دەکرد و پشتەوەشی ئەمین دەکرد. خەنیمی ناپلیۆن لەو جەنگەدا ڕووسیا بوو کە بۆ بەرگری لەخۆی یەک لەسەر سێی لەشکرەکەی ئەوی دێنایە مەیدانی شەڕ و فەرماندەیی ئەو لەشکرانەش لە ئەستۆی سەردارگەلێک بوون کە پێشتر چەند جاران لە ناپلیۆن و سەردارەکانی بەزیبوون. ناپلیۆن خۆی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ڕووسەکان جگە لە شازادە باگراتیۆن سەردارێکی بەکارهاتوویان نییە و هەموو ئەوروپاش هەر لەسەر ئەو بڕوایە بوون.
لەم سەردەمەدا ناپلیۆن لە ڕادەبەدەر بەخۆیدا دەپەرموو [*]. هەڵبەت لە ساڵی 1812دا بیروبۆچوونەکانی گۆڕانێکی هەستپێکراویان بەسەردا هات. ئەو لە سمۆلنسک شتێکی دەگوت و بە دیتنی پەنجەرەکانی کۆشکی کرملین و سووتمانەکەی مۆسکۆ شتێکی دیکەی دەگوت و لەکاتی پاشەکشەدا شتێکی جیاوازتر. بەڵام ئەوکات لەسەرەتای لەشکرکێشانەکەدا لە نێوان دریسدێ و پەڕینەوە لە چۆمی نیەمێن، فکر و خەیاڵی زیاتر لای خەون و ئاواتە شیرینەکانی واتە لای ڕۆژهەڵاتی جیهان و گرتنی هیندوستان بوو و ئەو نەخشە و پلانانەی بیر دەکەوتەوە کە لە ڕێکەوتی 20ی مای 1799دا یانی ئەو دەمەی فەرمانی وازهێنان لە گەمارۆی عەکا و چۆلکردنی سووریا و گەڕانەوەی بۆ میسر دا، بەناچاری وازی لێ هێنابوون. دەی وەختێک

[*] بەخۆداپەرموون: لەخۆڕادیتن. متمانەبەخۆبوون. باوەڕبەخۆبوون.

ئەسکەندەری ماکدۆنی لە شوێنێکی هێندەی مۆسکۆ دوورەوە، خۆی گەیاندبووە چۆمی گەنگی هیندوستان، بۆ دەبێ ئەو نەتوانێ خۆی بگەیەنێتێ؟ هەڵبەت ناپلیۆن ئەو قسانەی بۆ یەکێک لە مەحرەمەکانی خۆی بەناوی ناربۆن کە زۆرجاران پرێسکەی دڵی بۆ دەکردەوە، کردبوو. کاتێک مۆسکۆ دەگیرا و ڕووسیا تێک دەشکا و قەیسەر ملی بۆ ئاشتی ڕادەکێشا و لە سۆنگەی کودەتایەکی دەربارەوە دەکوژرا، ئیتر ئەوکات کێ دەیتوانی ڕێگە لە سوپای فەرەنسا و هێزی پشتیوانی بگرێ، کە نەگەنە چۆمی گەنگ؟ هەر ئەوەندە شمشێری فەرەنسیەکان بگاتە ئاوی چۆمەکە، ئیتر بینای مەزنی حکوومەتی کۆلۆنیالیستی ئینگلیز دادەڕمێ. بە پێکگرتنی بیرەوەرییەکانی ناربۆن و بەڵگەی باوەڕپێکراو، لێمان ڕوون دەبێتەوە قسەکانی ڕاستن. چالاکیی سیاسیی ناپلیۆن لە تورکیا و ئێران و میسر هەرگیز وەک ساڵانی 1811 ـ 1812 چڕوپڕ نەبووە. چونکە هەر لەو ساڵانەدا بوو کە نیرسیای کۆنسوڵی فەرەنسا هەموو سووریا و میسر گەڕا، چونکە ناپلیۆن بە فەرمی ڕایسپاردبوو و کۆمەڵێک ئەرکی نهێنیشی خستبووە سەرشانی. ئەو دەبوو بۆ لەشکرکێشانی داهاتووی فەرەنسیەکان بۆ سەر ئەم ناوچانە ورد ورد لە هەموو شتێک بکۆڵێتەوە. میسر و سووریا دەبوو بکرێنە خاڵی دەسپێکی لەشکرکێشان بۆ سەر هیندستان. خۆشە ئەوەش بزانین کە هەر ئەم کۆنت دۆناربۆنەی ناپلیۆن پێ گوتبوو ئەگەر بەسەر ڕووسیادا سەرکەوت، ئەوا لەشکر دەباتە سەر هیندوستان، لەلایەن ئیمپراتۆرەوە ڕاسپێردرا لە درێسدێوە بچێتە لای ئەلکساندر کە ئەو کات لە ویلنا بوو، بەشکم بتوانێ ئاشتەوایی ڕزگار بکەن(شەڕ نەکرێ). جگە لەوەش ناربۆن دەیزانی دوای ئەوە چ ئەرکێکی پێ دەسپێردرێ و لێی ڕوون بوو کە دەبی بە دانوستانی بێئاکام پێش بە ئەگەری هێرشی ڕووسیا بۆ

سەر وارشۆ بگرێ و وەدرەنگی بخا. هەوڵەکەی ناربۆن بێئاکام مایەوە و لەوەش زیاتر چاوەڕوان نەدەکرا چونکە ناپلیۆن خۆی بۆ جەنگەکە یەکلا کردبۆوە و سوپا 400000 کەسییەکەی ئەو هەر لە ئێستاوە بەوپەڕی خاکی پرۆسدا بەرەو نیەمێ دەچووە پێش و تەنیا چاوەڕێی فەرمان بوو بۆ ئەوەی بچێتە نێو خاکی ڕووسیاوە.

ناپلیۆن لە دریسدێوە چووە بۆزنان و چەند ڕۆژێکیش لەوێ گیرسایەوە. خانەدانە پۆلۆنییەکان پێشوازییەکی گەرموگوڕتریان لە پێشوازییەکەی 1807 لێ کرد. چونکە پێش هەموو شتێک بە هیوا بوون ئەمجارە پۆلۆنیا بە سنوورەکانی جارانەوە و هەر نەبی بە وەرگرتنەوەی لیتوانی و ڕووسیای سپیەوە لە ڕووسیا بستێنڕێتەوە و سەربەخۆ بکرێتەوە. دووەم ئەوەی کە ئیتر هیچ ترسی ئەوەیان لەدڵدا نەبوو زەوی و زارەکانیان بەسەر جووتیاراندا دابەش بکرێ. تەنانەت باسی ژیانی جووتیارانی پۆلۆنیاش کە سالای 1807 بەبی زەوی ئازاد کرابوون، لەگۆڕێ نەبوون، کەوابوو پێشوازیی گەرموگوڕی پۆلۆنییەکان لە ناپلیۆن پاساوهەڵگر بوو.

بەڵام ئیمپراتۆر لە ڕادەبەدەر تووڕە و ناڕەحەت بوو و هەموو هۆش و گۆشی بەلای جەنگەوە بوو، بۆیە نەیدەتوانی لەو نەجیبزادە و خانەدانە تەڕپۆشانە ڕازی بێ کە خۆیان تیفتیفە دابوو و بە قژی لوولدراوەوە هاتبوون وەفاداریی خۆیانی پێ ڕابگەیەنن. هەر بۆیە کاتیک خانەدانەکان بە سەرکردایەتیی گۆرزێسکی قەشەی مەزن لە 28ی مای 1812دا لە پۆزنان بە پیریەوە چوون، ناپلیۆن پێی گوتن: "باشتر وابوو بە چەکمە و مامزە و شمشێرەوە بتانبینم، هەر وەک چۆن باب و باپیرتان لە کاتی هێرشی تەتەرەکاندا وا دەرکەوتن، چونکە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژیین کە دەبی چەکدار و لەسەرپێ بین و بەردەوام دەستمان لەسەر مشتووی

شمشێر بێ." خانەدانە پۆلۆنییەکان ئەو قسانەیان بە ڕووبینی و مجامەلە لێک داوە، لە حاڵێکدا ناپلیۆن بەتایبەتی لە سەردەمی جەنگدا هەرگیز پیاوی نەزاکەت و ڕووبینی نەبوو.
ئەو لە پۆزنانەوە چووە تۆڕن و لەوێوە چووە دانتزیک و چوار ڕۆژێک لەو شارە مایەوە و تا توانیی تابووری زیاتری بۆ بەرەی جەنگ بەڕێ کرد. لە دانتزیکەوە چووە کۆنیکسبێرگ و پێنج ڕۆژ یانی لە 12ـەوە تا 17ی جوون لەو شارە مایەوە و خەریکی ڕێکوپێککردنی کاروباری سوپا و دابینکردنی تفاق و خۆراک بوو. ڕۆژی 20ی جوون چووە نێو گۆمبینێن و ڕۆژی 22 گەیشتە نێو لیتوانی و لە شاری ویلکۆویە ڕاگەیەنراوە بەناوبانگەکەی خۆی بۆ سوپای مەزن دەرکرد و واژووی لەسەر کرد:
"سەربازەکان، جەنگی دووەمی پۆلۆنیا دەستی پێ کراوە. جەنگی یەکەم لە فریدلەند و تیلسیت کۆتایی هات. ڕووسیا سوێندی خواردبوو هاوپەیمانێکی تاهەتایی فەرەنسا بێ و دژی ئینگلتەرا شەڕ ڕاگەیەنێ بەڵام ئەمڕۆ پەیمانەکەی دەشکێنێ و هیچ ڕوونکردنەوەیەکیشی نییە، جگە لەوەی کە بۆچی هەڵۆکانی فەرەنسا نەکشاونەتەوە ئەوبەری چۆمی ڕاین و هاوپەیمانەکانی فەرەنسایان بەتەمای خوا بەجێ نەهێشتووە.
نەگبەتی بەرۆک و داوێنی ڕووسیای گرتووە و دەبێ چارەنووسەکەی یەکلا بکرێتەوە. ئاخۆ ڕووسەکان پێیان وایە ئێتر ئێمە بەزیوین؟ چما ئێمە هەر سەربازەکانی ئۆسترلیتز نین؟ ڕووسیا دەستی ئێمەی ئاوەڵا کردووە کە لە نێوان سەرشۆڕی و جەنگدا یەکێکیان هەڵبژێرین و دڵنیاشین کە ئێمە دەزانین کامیان هەڵدەبژێرین. کەوابوو بۆ پێشەوە، با لە چۆمی نیەمێن بپەڕینەوە و جەنگەکە بەرینە وڵاتی ئەو. جەنگی

دووەمی پۆلۆنیا بۆ سوپای ئێمە شانازییەک دەبێ بەڵام ئەو پەیمانی ئاشتییەی دەیبەستین زامن و دەستەبەرێکی پتەو دەبێ و کۆتایی بە دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا دێنێ کە پەنجا ساڵە دەست لەکاروباری ئەوروپا وەردەدا."

ڕاگەیەنراوەکەی ناپلیۆن وەک ڕاگەیاندنی جەنگ لێک درایەوە.

دوو ڕۆژ دواتر، شەوی 24ی جوونی 1812 بەپێی ڕۆژژمێرە کۆنەکە12ی جوون، ناپلیۆن فەرمانی کرد دەست بکەن بە پەڕینەوە لە چۆمی نیەمێن و 300 سوار لە بەتالیۆنی سێزدەی پۆلۆنیا یەکەم کەسانێک بوون کە لە چۆمەکە پەڕینەوە. هەر ئەو ڕۆژە و ڕۆژەکانی دواتر، گاردی کۆن و نوێ سەرلەبەر و ئینجا سەربازی سوارەی مۆرا و بەدوای ئەویشدا مارشاڵەکانی ناپلیۆن لە پێش یەکینەکانی خۆیانەوە بە تابوورێکی بێبڕانەوە گەیشتنە بەری چەپی چۆمی نیەمێن. پاش دیارنەمانی پێشقەڕەوڵەکانی قەزاق، هەر ئەو ڕۆژە 24ی جوون، ئیتر فەرەنسیەکان لەو دەشتە پان و بەرینەدا لە کەناری نیەمێنەوە تا چاو هەتەری دەکرد ڕۆحلەبەرێکیان نەدی. یەکێک لەو کەسانەی پاش ئەو لەشکرکێشانە بەزیندوویی دەرچووبوو، گێڕاویەتەوە: "لە پێشمانەوە تا چاو هەتەری دەکرد بیابانێکی قاوەیی و زەردباوی پڕ لە گیای وەک ئەستێرە و بەرەو ئاسۆش هەتا چاو دەیدی هەر لێڕەوار بوو" و ئەو دیمەنە بە شتێکی شوم و بێفەڕ دانرا.

بەڵام ناپلیۆن هیچ نیشانەیەکی لەو جۆرەی نەدەدی کە بە نەگبەت و شومی بزانێ و وەک هەمیشە لە سەردەمی جەنگدا چۆن شادتر و بەکەیفتر دەبوو، ئاوا بوو. ئیتر گەورەترین جەنگ لە ژیانیدا دەستی پێ دەکرا و ئەو بەپێی خۆڕێکخستن و ئامادەکارییەکانی، ئەوەی لێ ڕووبوو. هیچ دوور نەبوو ئەوە دواین جەنگی ئەوروپایی و یەکەم جەنگی

ئاسیایی ئەو بێ. هەروەها لەوانەش بوو ناچار بێ لەو ساڵەدا شەڕەکە لە سمۆلنسک ڕاگرێ و درێژی شەڕەکە یانی شەڕی مۆسکۆ و پێترسبۆرگ بخاتە ساڵی دادێ و ئەو خۆی پێشبینیی هەردوو گریمانەکەی کردبوو. لەگەڵ ناربۆن باسی هیند و گەنگی دەکرد و لەگەڵ مارشاڵەکانیشی باسی ئۆردووگا زستانییەکانی سمۆلنسکی دەکرد. هەرچۆنێک بێ ناپلیۆن کە مارشاڵەکانی و خەڵکێکی ئێجگار زۆری بەدەورەوە بوون و سوارەی مۆراش لە پێشیەوە دەڕۆیشتن، بەبێ ئەوەی تووشی هیچ کۆسپ و بەرگرییەک بێ، یەکەوڕێ و ڕکێفکوت بەرەو ویلنا دەڕۆیشت.

هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر ڕووسیا

1812

1

ناپلیۆن لە هەر هەموو جەنگەکانی خۆیدا گرینگیی بە دوو خاڵی سەرەکی دەدا: یەکەم بە کەسایەتیی سەرلەشکری دوژمن. دووەم بە پێکهاتەی فەرماندەیی دوژمن لەسەر یەک. ئینجا پێش هەموو شتێکیش لەو دوو مەسەلەیە ورد دەبۆوە کە: ئاخۆ فەرماندەی گشتیی هێزەکانی بەرانبەر کەسێکی بەهێزە؟ ئاخۆ بەتەواوەتی دەستی ئاوەڵایە؟
گۆیا ناپلیۆن لەو بوارە تایبەتەدا دەیتوانی وەڵامێکی قایلکەر بەخۆی بداتەوە: ڕووسەکان جگە لە ژەنەرالێکی باش و ڕاستەقینە واتە باگراتیۆن، سەرداریێکی دیکەیان نەبوو بەڵام ئەویان لە شوێنی نزم و بێکەلک دادەنا. یەکێکی دیکەیان واتە بنیگسۆن کە قەت نەدەگەیشتە ئاستی باگراتیۆن، بەڵام لە کەللەڕەقی و بڕیاراندا لەو نەدەمایەوە و بڕشت و بڕیارتوندییەکەی خۆی نەک لە خنکاندنی ئیمپراتۆر پۆلدا

بەڵکوو لە بەرگرییە پڕشنگدارەکەی جەنگی ئێیلەودا سەلماندبوو. بەڵام بنیگسۆنیش کاری سووکتری پێ دەسپێردرا. ئەی کۆتوزۆف؟ ناپلیۆن ئەو سەردارەشی لە ئۆسترلیتز شکاندبوو، بەڵام قەت بەکەمی نەگرتبوو. ئەو کۆتوزۆفی بە فەرماندەیەکی گزیکەر و بەپارێز دەزانی. بەڵام کۆتوزۆفیش ئیتر فەرماندە نەمابوو. سەبارەت بە بارکلەی دۆتۆلیی فەرماندەی گشتی و وەزیری جەنگ، چونکە ناپلیۆن هیچ بەڵگەیەکی نەبوو بڵێ ئەمە لەوانی دی گرینگترە، ناچار پێی وابوو ئەویش هاوشانی ژەنەڕاڵە ئاسایی و بێنرخەکانی ڕووسیایە. وەڵامی پرسیاری دووەمیش زیاتر گەشبینیی دەخولقاند: سیستەمی فەرماندەیی لە سوپای ڕووس و پێکهاتەکەی هەرگیز یەکدەست و یەکڕیز نەبوو و هەر شیاوی ئەوە نەبوو ڕەخنەشی لێ بگری. لەوەش باشتر نەدەبوو، چونکە ئەلکساندر سەرۆکی سوپا بوو و دەستی لە هەموو بڕیارەکانی بارکلەی وەردەدا. ناپلیۆن وێڕای پێشڕەوی بەرەو ویلنا لەو وەزعە تێگەیشتبوو و لە ویلنا داخوازییەکانی خۆی بە زمانێکی گاڵتەجاڕانە بە ژەنەڕاڵ بالاشۆڤی ئاجودانی ئەلکساندر کە قەیسەر بۆ یەکەم و ئاخرین پێشنیاری ئاشتی ناردبوویە لای ناپلیۆن ڕاگەیاند و گوتی: "ئەرێ ئەوانە خەریکی چین؟ فاوڵ پێشنیاری ئاشتی دەکا بەڵام ئارمفیڵد دژە. بنیگسۆن خەریکی تاوتوێ و لێکدانەوەیە و بارکلەی کە بەرپرسی جێبەجێکردنە نازانێ چ بڕیارێک بدا و بەو جۆرە کاتی هەمووان بەفیڕۆ دەچێ."

ئەو بەشە لە یادداشتەکانی بالاشۆڤ سەبارەت بە دانوستانەکانی لەگەڵ ناپلیۆن تەواو باوەڕپێکراون، چونکە بەڵگەکانی دیکەش پشتڕاستی دەکەنەوە. بەڵام لەسەر یەک دەبێ بە درۆنگی و پارێزەوە لەو بەشەی ڕاپۆرتەکەی ژەنەڕاڵ بالاشۆڤی وەزیری پۆلیسی ڕووسیا بڕوانین کە ئەلکساندر پاش بیستنی هەواڵی پەڕینەوەی سوپای فەرەنسا لە چۆمی

نیەمێن بە پێشنیاری ئاشتییەوە ناردبوویە لای ناپلیۆن، بەتایبەتی لەو بەشەدا کە بالاشۆڤ وێڕای قسەکردن لەگەڵ ناپلیۆن باسی ڕووداوی ئیسپانیا و ڕووداوەکەی پۆلتاڤا دەکا. "ڕاپۆرتەکەی بالاشۆڤ لە بەرگی چوارەمی دەستنووسەکەی "مێژووی کونسوڵی و ئیمپراتۆری"ی نووسینی تیەرسدا هاتووە و تۆلستۆی وشە بە وشەی لە دیمەنێکی بەشکۆی "جەنگ و ئاشتی"یەکەیدا هێناوەتەوە). جا بۆیەش دەبێ لێی دڕدۆنگ بین، چونکە وەزیری پۆلیس قەت بە کەسێکی ڕاستگۆ نەناسراوە و دوور نیە ئەو هۆشداریییە بوێرانەیەی دواتر لە ڕاپۆرتەکەی زیاد کردبێ. مێژوونووس دەبێ هەمیشە ئاگای لەو جۆرە پاشکۆ و لێزیادکردنانە بێ. کتێبێکی هێرسلێتی ئەڵمانی هەیە بەناوی "قسەخۆشە پەیژەییەکان لە مێژوودا"، کە باسی ئەو جۆرە "قسە مێژووییە" دروستکراوانە دەکا، ئەو قسانەی هەرگیز نەکراون بەڵام دروستکەر پاش ماڵاوایی "لەسەر پەیژەکان" بە خەیاڵیدا هاتووە کە ئەگەر بۆ وێنە ئاوای گوتبایە و وای نەگوتبایە زۆر باشتر بوو و ئیتر دواتریش گوتوویەتی ئەوانەی گوتووە. کورتی ببڕینەوە ناپلیۆن چوار ڕۆژ پاش پەڕینەوەی لە چۆمی نیەمێن بەبێ ئەوەی تووشی هیچ بەرگرییەک بێ چووە نێو ویلنا و لەلایەن خانەدانە پۆلۆنییەکانی ئەوێوە پێشوازییەکی گەرموگوڕ و وەفادارانەی لێ کرا، جا چونکە لێی ڕوون بوو هێزەکەی هێزێکی داپڵۆسێنەرە، بەفەرمی بالاشۆڤی جواب کرد و تەنانەت لەوانەیە بە زمانێکی زۆر زبر و ناخۆشیش جوابی کردبێ. ناپلیۆن 18 ڕۆژی ڕێک لە وێلنا ماتڵ بوو و مێژوونووسانی بواری سەربازی دواتر ئەو ماتڵبوونەیان بە یەکێک لە هەڵە گورچوبڕەکانی ئەو لەقەڵەم دا. بەڵام ناپلیۆن لە ویلناش وەک درێسدێ چاوەڕێی هاتنی یەکینەی پشتیوانییە تازەکان بوو کە بەڕێوە بوون بیگەنێ. لەو 685000 سەربازەی کە بۆ

جەنگی ڕووسیا لەبەردەستی بوون، جارێ ناچار بوو 235000یان لە فەرەنسا و ئەڵمانی گوێڕایەڵکراودا بەجێ بهێڵێ و تەنیا فەرمانی بە 420000 سەرباز کرد کە لە سنوور بپەڕنەوە و ئەو 420000 سەربازەش وردەوردە دەگەیشتنێ و دەچوونە نێو ڕووسیا. لە ویلنا بوو کە ناپلیۆن لە یەکەم دەرکەوتەی خراپی جەنگ ئاگادار بۆوە: ئەسپەکان لەبەر بێ تفاقی پۆل پۆل سەکەت دەبوون. ڕووداوی کارەساتباری دیکەش دەقەومان: پۆلۆنییەکانی لیتوانی و ڕووسیای سپی بەگوێرەی پێویست هێزیان ئامادە نەکردبوو. وردە وردە ناپلیۆن لەکاتی مانەوەی لە ویلنا باشتر لەوکاتەی هێشتا سنووری نەبەزاندبوو و تەنانەت باشتر لەو کاتەش کە لە درێسدێ بوو، تایبەتمەندی و کێشە و گرفتەکانی ئەو کارە قورسەی لێ ڕوونتر دەبۆوە کە شانی وەبەر دابوو. ئەو مەسەلەیە کاردانەوەی دەسبەجێی لە سیاسەتی ئەودا هەبوو. سەرەڕای چاوەڕوانیی پۆلۆنییەکان، ئەو لیتوانیی نەخستە سەر پۆلۆنیا ـ ئەوکات ڕووسیای سپیشیان بە بەشێک لە لیتوانی دادەنا ـ بەڵکوو ئەو ئەیالەتەی خستە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی حکوومەتێکی کاتییەوە. ئەو هەنگاوە بەو مانایە بوو کە ئەو هێشتا نایەوێ کارێکی وا بکا کە ببێتە لەمپەری ئاشتی لەگەڵ ئەلکساندر. لەو کاتەوە دووڕەهەندییەکی تایبەت لە هەنگاو وپلانەکانی ناپلیۆندا دەرکەوت کە کاریگەریی لەسەر ئاکامی جەنگەکە دانا. ئەو خۆی پێی وابوو ئەلکساندر لەو جەنگەدا تەواو تێک دەشکێ و گوێڕایەڵ دەبێ و بەو جۆرە ڕووسیا دەبێتە وڵاتێکی گوێڕایەڵ و داردەست کە بۆ درێژەدانی شەڕ لەگەڵ ئینگلتەرا لە ئەوروپا و لەوانەیە لە ئاسیاشدا بەکار دێ. وردە وردە کە کێشەکان گەورە دەبوونەوە، ناپلیۆن جار بە جار دەهاتە سەر ئەوەی کە ئەم جەنگە تەنیا بیچمی "جەنگی سیاسی" بەخۆوە دەگرێ ــ ماوەیەک دواتر

خۆی دەستەواژەی جەنگی سیاسیی داهێنابوو ـ و وەک لەسەدەی هەژدەیەمدا باو بوو، دەبووە جەنگی کابینەکان، یانی تەنیا جۆرە دانوستانێکی سیاسی لەگۆڕێ دەبێ کە بە یارمەتیی زنجیرەیەک "شەڕی سەربازی" تا ماوەیەک دەخایەنێ و دواجار لایەنەکان لەسەر کۆمەڵێک شت ڕێک دەکەون. بە دڵنیاییەوە هۆکاری سەرەکیی ئەو هەڵانە ئەوە بوو، کە ئەو هیچ شتێکی لەبارەی نەتەوەی ڕووسەوە نەدەانی و هەر نەیناسیبوون. نەک ناپلیۆن بەڵکوو لە ڕاستیدا هیچ کەس لە ئەوروپاشەوە پێشبینیی نەدەکرد کە نەتەوەی ڕووس بۆ بەرگری لە نیشتمانەکەیان لە هەمبەر دەستدرێژیکردنێکی بێشەرمانە و بێهۆ چەندە دەتوانێ پاڵەوانانە وەدەست بێ. هیچ کەس پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد کە جووتیارانی ڕووس چۆن ناوەندی وڵاتەکەیان دەکەنە بیابانێکی گڕگرتوو و بەهیچ نرخێک ئامادە نابن مل بۆ دوژمنی داگیرکەر شۆڕ بکەن و ناپلیۆن زۆر زۆر درەنگ لەو ڕاستییانە تێگەیشت.

وردەوردە کە کێشەکانی جەنگ دەردەکەوتن، ئەو وێنایەی ناپلیۆن سەرەتا سەبارەت بەو جەنگە لە زەینیدا هەیبوو، کاڵ دەبۆوە و وێنەیەکی دیکە جێی دەگرتەوە. ئەو سەرەڕای ئەوەی 420000 سەربازی بەدەستەوە بوو، لە حاڵێکدا ڕووسیەکان لە 225000 سەرباز پتریان نەبوو، باش دەیزانی سەربازەکانی لە کۆمەڵێک یەکینە پێک هاتوون کە هەموویان وەک یەک و لە ئاستێکدا نین. سوپای مەزن کە 355000 سەربازی فەرەنسیی هەبوو کە دیارە هەموشیان بە ڕەچەڵەک فەرەنسی نەبوون و ئەوانەش هەموویان وەک یەک جێی متمانە نەبوون، چونکە سەربازی تازە لەگەڵ ئەو کۆنە سەربازانەی بەشداری هەموو شەڕەکانی ئەو ببوون، وەک یەک نەبوون. سەبارەت بە سەربازانی وێستفاڵی و ساکسۆنی و باڤیری و ڕێنانی و خەڵکی

شارەکانی یەکیەتیی هانزەئاتیک و ئیتالیایی و بەلژیکی و هۆڵەندی ـ جگە لە سەربازی ئەو وڵاتانەی بە زۆری کرابوونە هاوپەیمانی وی، وەک نەمساییەکان کە ناپلیۆن هەر بەدووی خۆیدا پەلکێشی دەکردن بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی دەیانێرێتە ڕووسیا و پێشوازی مەرگ لە حاڵێکدا ئەوان هیچ ڕقێکیان لە ڕووسیا نیە بگرە لە ناپلیۆن بێزارن ـ دەبێ بڵێین بەهیچ شێوەیەک چاوەڕوانییان لێ نەدەکرا پاڵەوانانە و بە دڵ شەڕ بکەن. جا ئەو چونکە مێژووی سەربازیی زۆر باش دەزانی، لەبیری بوو کە ئەو هەموو میللەتەی پادشاکانی ئێرانی کەونارا داگیر و گوێڕایەڵیان کردبوون و خەشایارشا لە هەرکام لەو میللەتانە کۆمەڵێک سەربازی هێنابووە نێو سوپاکەیەوە، بە دڵ و گیان لەگەڵ یۆنانییەکان شەڕیان نەکردبوو. ناپلیۆن تۆزێک حیسابی زیاتر لەسەر پۆلۆنییەکان دەکرد، چونکە ئەوان بەرگرییان بۆ سەربەخۆیی خۆیان دەکرد. بەڵام لەوێیش ناپلیۆن وەک دەگێڕنەوە چاوەڕوانیی لە پۆلۆنییەکان هەبوو سەربازی زیاتری بدەنێ.

ناپلیۆن دەیزانی ناوەندی ژووری فەرماندەیی ڕووسیەکان چەندە بێسەروبەر و شڵەژاوە و لە ویلنا ئاگادار ببۆوە کە وازیان لە پلانەکەی یەکەمیان هێناوە کە بەتەمابوون لە کەنار چۆمی دڤینا لە قەڵا پتەوەکەی دریسادا بەرگری بکەن، چونکە بارکلەی ترسابوو لەوەی نەکا فەرەنسیەکان قەڵاکە گەمارۆ بدەن و ئەوەش خۆبەدەستەوەدانی ڕووسەکانی لێ بکەوێتەوە، ئینجا ئاگاداریش کرابۆوە کە سوپای ڕووس بە دوو تابوور بەرەو نێو وڵات دەکشێتەوە. تابوورەکەی بارکلەی بە هێڵی ویتێبسکدا پاشەکشەی دەکرد. ناپلیۆن بە بەشێکی هەرەزۆری هێزەکەی خۆیەوە سەری لە دووی بارکلەی نا. بەڵام بارکلەی بەپەلەتر و خێراتر پاشەکشەی کرد و فەرمانی بە فەرماندەی هێزەکانی پشتەوەی

خۆی واتە ئۆسترمان تۆلستۆی کرد کە تۆزێک پێشڕەویی فەرەنسیەکان بوەستێنێ. ئۆسترمان ئەو فەرمانەی بە تێکهەڵچوونێک لە ڕۆژانی 25 و 26ی جوولایدا لە سترڤنۆ جێبەجێ کرد. ناپلیۆن کە گەیشتە ویتێبسک، بارکلەی نەدیی، چونکە ئەو بەپەلە و هەڵەداوان بەرەو سمۆلنێسک ڕایکردبوو. لەو جەنگەیەدا مارشاڵ داۆۆ لە ویلناوە ڕێکفکوت بەرەو مینێسک دەڕۆیشت و پێی ئەسپێردرابوو کە ڕێگەی پاشەکشە لە باگراتیۆن بگرێ و پێش ئەوەی بگاتەوە هێزەکانی بارکلەی، لەنێوی بەرێ، بەڵام شانس و بەختی باگراتیۆم، ژرۆم بۆناپارتی برای ناپلیۆن کە هیچ بەهرەیەکی سەربازی و لە ڕاستیدا هیچ بەهرەیەکی دیکەشی نەبوو، نەیتوانی هیچ کام لەو فەرمانانەی پێی کرابوون جێبەجێ بکا و بە یەکەکانی خۆیەوە درەنگ گەیشتە شوێنەکە. کاتێک لە 23ی جوولایدا لە باشووری مۆهیلێڤ داۆۆ و باگراتیۆن پێکیان دادا، سەرداری ڕووس پاش ئەوەی سەرکەوتووانە بەرپەرچی چەندین هێرشی دوژمنی دایەوە، توانیی بەبێ هیچ شەڕ و لەمپەرێکی دیکە لەلایەن دوژمنەوە بەرەو سمۆلنێسک پاشەکشە بکا.

بارکلەی کە هەواڵی جەنگەکەی مۆهیلێڤی بیستەوە و زانیی باگراتیۆن لە نۆڤی بیخۆڤەوە لە چۆمی پیرنێی داوە و پەڕیوەتەوە، بڕیاری دا لە خوار سمۆلنێسکەوە لەگەڵ باگراتیۆن یەک بگرنەوە و بە ڕێگەی ڕۆدنیادا بەرەو ئەو شارە ڕۆیشت. ناپلیۆن کە پلانی کارەکەی خۆی وا دارشتبوو لەپێش شارێ ویتبێسک شەڕێکی گەورە لەگەڵ بارکلەی بکا و هێزەکانی لەنێو بەرێ، کتوپڕ لە 28ی جوولایدا کە پێگەکانی خۆیانی بەسەر دەکردەوە، ئاگادار کراوە سوپاکانی ڕووس مەودایەکی زۆر بەرەو ڕۆژهەڵات دوور کەوتوونەتەوە. ئەوەش ئیمپراتۆری دڵسارد و بێهیوا کرد. ئۆسترلیتزێکی دیکە لەبەر دیوارەکانی ویتبێسک لەوانەبوو بە

زەبرێکی گورچوبڕ کۆتایی بە جەنگەکە بێنێ و ئەڵکساندر ناچار بکا داوای ئاشتی بکا. سەربازەکان لە سۆنگەی ڕێگەبڕینی تاقەتپڕووکێن و گەرمای سامناکەوە بڕستیان لێ دەبڕدرا و سەربازە کۆنەکانیش بۆ دڵدانەوەی سەربازە تازەکان هیچ قسەیەکیان پێ نەبوو جگە لەوەی بڵێن هەوای بیابانەکانی میسر زۆر لەوە گەرمتر بوو. تفاق و لەوەڕ دەست نەدەکەوت. هەندێ لە سوارەکان لە ویلناوە ئەسپەکانیان لەدەست دابوو. نیشانەکانی لێکترازان و ڕاکردن و خۆدزینەوەی سەربازەکان بەشێوەیەکی بێوێنە دەردەکەوتن.

2

دەبوایە بە دوای بارکلەی و باگراتیوندا کە هەر کام بە ڕێگەیەکدا بەرەو سمۆلنێسک دەڕۆیشتن، بەرەو نێو ڕووسیا پێشڕەوی بکرێ. ئیمپراتۆر ناچار بوو دوو یەکە لە باڵی چەپ(باڵی باشوور)ی سوپاکەی کە بەرەو سمۆلنێسک بەغار دەڕۆیشت، بنێرێتە لای پێترسبۆرگ بەرەو چۆمی دڤینا بۆ بەرپەرچدانەوەی سەربازەکانی ویتگنشتاین و دیسان ناچار بوو بۆ ڕاونانی لەشکرەکانی ڕووس کە دەسبەجێ پاش ئاشتییەکی چاوەڕواننەکراوی ڕووس لەگەڵ عوسمانی بەپەلە لە تورکیاوە بانگ کرابوونەوە، چەند لەشکرێک لە باڵی چەپی سوپاکەی جیا بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژی ڕابردوو لە شەڕەکەی سمۆلنێسکدا ناپلیۆن هێزێکی زۆر زۆر زیاتر لە هێزی ڕووسەکان بەدەستەوە بوو. پاش وردە تێکهەڵچوونێک لە کراسنۆئێ (14ی ئۆگۆست) لەگەڵ لەشکرەکەی نێقێرۆڤسکی پێکیان دادا کە زۆر ئازایانە خۆی لەبەر زەبرە قورسەکانی مارشاڵ نێ و مۆرا ڕاگرت و لەو شەڕەدا یەک لەسەر سێی هێزەکانی لەدەست دان، ئیتر ناپلیۆن گەیشتە بەر دیوارەکانی سمۆلنێسک.

باگراتیۆن ژەنەراڵ ڕایڤسکیی ڕاسپارد فەرەنسیەکان ڕاگرێ و لە چەند شەڕ و تێکهەڵچوونێکدا ڕایڤسکی ئەوەندە کۆڵنەدەرانە شەڕی کرد، کە چیی نەمابوو مارشاڵ نێی یەخسیر بکرێ. باگراتیۆن پێداگربوو لەسەر ئەوەی سمۆلنێسک بەبێ شەڕێکی گەورە بەر نەدا، بەڵام ئەو شەڕە گەورەیە نەقەوما. بەشی هەرە زۆری سوپا و هێزەکانی ڕووس پاش ئەوەی لەپێشدا وای نواند کە دەیەوێ بەرەو سمۆلنێسک بڕوات بەرەو ڕۆژهەڵات پاشەکشەی کرد. بارکلەی سەرەڕای ئەوەی باوەڕی وابوو ئەو جەنگە بێسوودە، بەڵام ئامادەش نەبوو شارەکە بەبێ جەنگ بداتە دەست دوژمنەوە. سەعات 6ی بەیانیی ڕۆژی 16ی ئۆگۆست ناپلیۆن فەرمانی کرد شاری سمۆلنێسک بۆردومان بکرێ و هێرشیش بکەنە سەری. شەڕی خوێناوی هەڵایسا و تا سەعات شەشی ئێوارەی خایاند. فەرنسیەکان گوندەکانی دەوری سمۆلنێسکیان داگیر کرد بەڵام نەیانتوانی بگەنە نێوەندی شارەکە. یەکەی دۆختۆرۆف کە بەرگریی لە شارەکە دەکرد بە پشتیوانیی لەشکرەکەی کۆنۆڤنیتسین و شازادە ڤۆرتمبێرگ، ئەوەندە سەرسەختانە و ئازایانە شەڕیان دەکرد، فەرەنسیەکان سەریان لێی سووڕ مابوو. شەوێ ناپلیۆن بانگی مارشاڵ داڤۆی کرد و فەرمانی پێ کرد سبەینێ بەهەر نرخێک بووە سمۆلنێسک بگرێ. ئیمپراتۆر لەو سەرەتایانەوە بەوهیوایە بوو کە هەموو سوپای ڕووس لە شەڕی سمۆلنێسکدا بەشدار دەبێ ـ چونکە ئاگادار کرابۆوە کە بارکلەی و باگراتیۆن ئاخری گەیشتوونەتەوە یەک ـ و ئەو شەڕەش هەر ئەو دوا شەڕە دەبێ کە ڕووسەکان تا ئەو کاتە بەشێکی زۆری وڵاتەکەی خۆیان بەبێ بەرگری بەدەستەوەدابوو، بەڵام خۆیان لەوەها شەڕێک پاراستبوو. ڕۆژی 17ی ئۆگۆست شەڕەکە دەستی پێ کردەوە. ڕووسەکان پاڵەوانانە بەرگرییان دەکرد: سەربازەکان فەرمانی

پاشەکشەی سەرکردەکانیان جێبەجێ نەدەکرد و نەدەکشانەوە و ناچار فەرماندەکان بۆ کشاندنەوەیان لەبەریان دەپاڕانەوە یان هەڕەشەیان لێ دەکردن."

شەوی دوای ئەو ڕۆژە خوێناوییە بەسەردا هات. بە فەرمانی ناپلیۆن شارەکە هەر وا تۆپباران دەکرا. کتوپڕ لە چەقی شەرەکەدا گرمەی کۆمەڵێک تەقینەوەی سامناک عەرزی لەرزاندەوە. شارەکە کتوپڕ بوو بە تۆڵەپەیەک گڕ. ڕووسەکان باڕووتەکانیان تەقاندبۆوە و شارەکەیان ئاگردابوو. بارکلەی فەرمانی پاشەکشەی دا. بەیانی، پێشەنگەکانی سوپا ڕایانگەیاند کە شارەکە چۆل کراوە و داڤۆ بەبێ جەنگ چووە نێو سمۆلنێسکەوە.

کۆڵانەکان پڕ بوون لە تەرمی بنیادەم و کەلاکی ئەسپ. شارەکە کە بەشێکی هێشتا دەسووتا، پڕ بوو لە ناڵە و نووزەی هەزاران بریندار و نیوەزیندوو کە هەروا بەجێ هێشرابوون. ناپلیۆن لەگەڵ دەوروبەرییەکانی وردەوردە بە کۆڵانەکانی سمۆلنێسکا گەڕا و فەرمانی کرد ئاگرەکان بکوژێننەوە و ئەو تەرمانەی خەریک بوون دەپووان و دەتوڵانەوە لابەرن و بریندارەکان کۆ بکەنەوە و لیستەیەک لەو خۆراک و تفاقە هەڵگرنەوە کە لە شارەکە دەستیان کەوتبوو. شایەتحاڵەکانی ڕووداوەکە دەگێڕنەوە کە ئیمپراتۆر بێتاقەت و گرژ بوو و لەگەڵ هیچ کام لەوانەی لەگەڵی بوون قسەی نەدەکرد. کاتێک پاش ئەو گەڕانە چووە نێو ئەو خانووەوە کە بەپەلە بۆ پشوودانی ئەویان ئامادە کردبوو، شمشێرەکەی تووڕ هەڵدا و گوتی: "جەنگی 1812 کۆتایی هاتووە."

بەڵام لە سمۆلنێسک ناچار بوو پاشگەز بێتەوە لەو فکرەی کە بەتەمابوو هەر لەو شارە بمێنێتەوە و پاشکۆی لەشکرەکەی لە پۆلۆنیا و لیتوانی و

ڕووسیای سپیدا پتەو بکا بۆ ئەوەی لە بەهاری 1813دا دیسان بەرەو مۆسکۆ یان پێترسبۆرگ بکەوێتەوە ڕێ.
ڕووسەکان دیسان پێشیان بۆ چۆل کردبوو. ناپلیۆن ئاگای لەو کێشە و گرفتانە نەبوو کە ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بەرۆکی بارکلەیان دەگرت و نەیدەزانی هەر جارێکی فەرمانی پاشەکشە دەردەکا، شەپۆلێکی ناڕەزایەتی هەڵدەستێ و تۆمەتی خیانەت دەدرێتە پاڵ فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ڕووس و دەرباریش تووشی سەرلێشێواوییەکی قورس بووە. ئەو تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە، ئەویش ئەوەی کە چونکە بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی ڕووسەکان لە جەنگی گەورەوە بگلێنێ، کەوابوو دەبێ زیاتر بەرەو ڕۆژهەڵات و مۆسکۆ بڕواتە پێشێ. جا چەندی بەرەو ڕۆژهەڵات غاری دەدا، کۆتاییهێنان بەو شەڕە بە ڕێککەوتنێکی سیاسی ئەستەمتر دیار بوو. ئیتر ناپلیۆن لە سمۆلنێسک بیری لەوە نەدەکردەوە ڕووسەکان تەواو تێک بشکێنێ و بەسەریاندا زاڵ بێ، بەڵکوو لەمەودوا زۆربەی شتەکان جیاواز لەو حاڵەتانە دەهاتنە پێش چاوی کە سێ مانگ لەوەپێش لەکاتی پەڕینەوەی لە چۆمی نیەمێندا بیری لێ کردبوونەوە.
خۆ دەردەکە هەر ئەوە نەبوو کە سوپاکەی ناپلیۆن چونکە دەبوایە هێڵێکی پێوەندیی پانوبەرین بپارێزێ و لە سۆنگەی پاراستنی عەمبارەکانی خۆراک و تفاق و تەقەمەنی و وردەتێکهەڵچوونی پەرش و بڵاو بەڵام ئەستەم و خوێناوی و لە سۆنگەی گەرمای تاقەتپڕووکێن و شەکەتی و نەخۆشییەوە نیوە ببوو، بەڵکوو ئەو شتێکی دیکەشی بەچاوی خۆی دەدی، ئەویش ئەوەی کە سەربازەکانی ڕووس ئەمجارە باشتریش لە شەڕگەکەی ئێیلەو دەستیان دەکردەوە و هیچ کام لە سەردارەکانی ڕووس وەک ئەو بیری لێ دەکردەوە و لە دانوستانەکانیدا

لەگەڵ بالاشۆڤ لە ویلنا باسی کردبوون، پووچ و سەرسەری نەبوون ـ هەڵبەت ئاوەها بیری لە باگراتیۆن نەکردبۆوە ـ ناپلیۆن بەگشتی توانا و بەهرەکان بەتایبەتی بەهرەی سەربازیی ئەوانی زۆر دروست و جوان هەڵدەسەنگاند و بۆ وێنە باوەڕی بەو مەسەلەیە هەبوو کە ڕایڤسکی و دۆختۆرۆف و تۆچکۆف و کۆنۆڤنیتسین و نۆڤێرۆڤسکی و پلاتۆف، ئەرکی سەرشانی خۆیان وەها ڕاپەڕاندووە کە لەوانەیە باشترین مارشاڵەکانی وی لێی شەرمەزار بوایەن. بە گشتی دۆخی جەنگەکە ماوەیەک بوو وردەوردە ئەو و دەوروبەرییەکانی نیگەران کردبوو. سوپای ڕووس بە پاشەکشەی ڕێکوپێکی خۆی جگە لە بیابانێکی قاقڕ هیچی لەپاش خۆی بەجێ نەدەهێشت. لە سمۆلنێسک دوژمن نەک هەر هەوڵی دابوو گوند و شارەدێیەکان بەڵکوو هەموو شارەکەش کە ناوەندێکی بازرگانی و ئیداریی گەورە بوو بسووتێنێ، ئەوەش یانی ئەوەی کە دوژمن بەتەمایە بێبەزەییانە بەرەنگاری داگیرکەر بێتەوە. ناپلیۆن وەبیری هاتەوە کە لە جەنگەکانی ڕابردوودا ئیمپراتۆری نەمسا پاش ڕاکردن لە ڤیەننا فەرمانی بە بەرپرسە باڵاکانی شار دەکرد هەموو ئەمر و فەرمانی فەرەنسیەکان وردە وردە جێبەجێ بکەن و پادشای پرۆسیش کە ئاوا پایتەختەکەی خۆی جێ هێشتبوو و لە نامەیەکی تایبەتیدا بۆ ناپلیۆن هیوای بۆ خواستبوو خاوەنشکۆ لە کۆشکەکەی پۆتسدامدا خۆشی لێ بگوزەرێ.

بەڵام لە ڕووسیا، جووتیاران ماڵ و حاڵی خۆیانیان بەجێ دەهێشت و کۆلیت و عەمبارەکانی خواردەمەنی خۆیان ئاگر دەدا و شارەکەیان دەکردە پووشی سووتمان و، هەموو ئەو شتانەش نیشانەی ئەوە بوون کە جەماوەر و بارکەی وەزیری جەنگ و شازادە باگراتیۆن و لە سەرووی هەمووشیانەوە ئەلکساندر ئەم جەنگە بە جەنگی مان و نەمان

دەزانن. ناپلیۆن لەو ڕۆژانەدا کە لە سمۆلنێسک مایەوە، بەردەوام لەگژ فکر و خەیاڵی بێبڕانەوە ڕۆدەچوو. ئەو بەبێ ئەوەی هەموو هێزەکەی خۆی کە لە سمۆلنێسک ڕایگرتبوو بحەسێنەوە، وەڕێ بخا، فەرمانی بە مۆرا کرد بە سوارەسەربازەکانی خۆیەوە بارکلەی ڕاو بنێ کە ئێستا کرابوو بە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ڕووس و باگراتیۆن پاش ئەوەی خۆی گەیاندبۆوە بارکلەی کەوتبووە بندەستی ئەو و بە جادەی مۆسکۆدا دەکشانەوە. پاش مۆرا، نێی و داقۆیش کەوتنە ڕێ. لە ڕۆژانی 18 و 19ی ئۆگۆستدا جەنگەکانی ڤالۆتیناگۆرا و لۆبین ڕوویان دا و بەدوای ئەوانەدا لە سۆنگەی نالێهاتوویی ژۆنۆوە کە بۆ هێرشکردنە سەر باڵەکەی بارکلەی مانۆڕێکی هەڵەی کردبوو، بارکلەی توانیی هەروا بەرەو ڕۆژهەڵات بکشێتەوە. ئەو تێکهەڵچوونانە بە نرخی گیانی 7000 سەربازی بارکلەی تەواو بوون، هەڵبەت ئەو زیانە لە ئی فەرەنسیەکان کەمتر بوو.

ناپلیۆن شەوی 24ی ئۆگۆست بە گاردەکەی خۆیەوە سمۆلنێسکی بەجێ هێشت و بەرەو دۆرۆگۆبۆژێ ئەسپی لینگدا، بەڵام بارکلەی کە وەختی دەرچوونی لە دۆرۆگۆبۆژێ بەهۆی خراپوونی کەشوهەواوە تەنانەت قوونەشەڕیشی نەکردبوو، هەروا بەرەو ڕۆژهەڵات ئەسپی خۆی لینگ دا و ڕای کرد. ئەو لە هێڵی ڤیازما و گژاتسک و تساریڤۆ زایمیشچاوە دەکشایەوە و ناپلیۆن بەهەموو هێزەکەیەوە هەنگاو بە هەنگاو بەو ڕێگەیەدا بەدوویەوە بوو کە ڕووسەکان کاولیان کردبوو. هەر جارێکی ڕووسەکان تۆزێک خۆیان دەگنخاند، ناپلیۆن هیوایەکی لەدڵی دەگەڕا و دەیگوت جا ئەمجارە جەنگە مەزنەکە دەکەم... ئەو هیوایە چەند جارێک لە دۆرۆگۆبۆژۆ و ڤیازما و گژاتسک لە دڵی گەڕا. لە ناوەندی گشتیی سوپای باگراتیۆنەوە بە ڕاوێژێکی بەدفەڕانەوە بۆ

پێترسبۆرگیان نووسی: "جەنای وەزیر، واتە بارکلەی، میوانەکەی خۆی یەکەوڕێ دەباتە مۆسکۆ."
ترسێکی ئەژنۆشکێن وردە وردە بەسەر هەموو کۆڕ و کۆمەڵەکانی سەرووی ڕووسیادا زاڵ دەبوو. ئاخۆ هەر بەڕاست هەموو شتێک لەکیس چوبوو؟ ئاخۆ دەبوایە وڵاتی ڕووسیا بەبێ بەرگری ڕادەستی دوژمن بکرێ؟ تۆ بڵێی ئەو بارکلیە بە ڕەچەڵەک ئەڵمانیە خیانەتی نەکردبێ؟
ئەڵکساندر خۆی چەندی پێی دەکرا بە قسەی بارکلەی نەدەکرد، و بە دڵ و گیان ببووە زمانحاڵی ئەمریتۆمان پلاتۆف دژی بارکلەی کە پاش چۆلکردنی سمۆلنێسک لەبەردەم ژەنەڕاڵ ویلسۆنی کۆمیسەری دەوڵەتی ئینگلتەرا بە بارکلەی گوتبووی: "دیتووتە من جلوبەرگی مەدەنیم پۆشیوە، چونکە پاش ئەو سەرشۆڕییە، ئیتر ئامادە نیم جلی سەربازی لەبەر بکەم."
ئەلکساندر لە تاڵترین ڕۆژەکانی تەمەنیدا بوو. دەربارییەکان خەریک بوون شێت دەبوون. ترس سات بە سات قورستر دەبوو. لە کۆڕی وردەبۆرژوا و لە نێو جووتیاراندا چیی قسەی ساردوسووک بوو بە قەیسەر و ناپلیۆن دەدرا. دەمێک بوو هیچ دیار نەبوو خەڵک چۆن بیر لە ناپلیۆن دەکەنەوە. تا مانگی جوونی 1807 لەسەر مینبەرەکانەوە تەکفیریان دەکرد و ناتۆرەی "دەجاڵی مەسیحکوژ"یان لێ نابوو. لەوەش خراپتر خەڵک لە قسەوباسی ڕۆژانەی خۆیاندا ڕێک ئەویان بە مەسیحکوژ دەزانی، بەڵام لەو مانگەوە ئیتر کتوپڕ و بەبێ هیچ بەراییەک و بەبێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک ئەو دەجاڵە مەسیحکوژە ببوو بە دۆست و هاوپەیمانی قەیسەر. ئێستا کە دیسان ببۆوە بە دەجاڵی مەسیحکوژ، ئیتر نیوەی وڵاتی ڕووسیای بەبێ هیچ بەرگرییەکی ئەوتۆ داگیر

کردبوو. کەوتنی سمۆلنێسک وڕەی هەموانی ڕووخاندبوو. خەڵک لە یەکەم مانگەکانی جەنگدا دەیانگوت: "قەیسەر و کۆنستانتینی برای، ئەو پیاوە دڵناسکەیان تووڕە کردووە." بەڵام ئەو شتەی کە ئەم پیاوە "دڵناسکە" دەیویست، هێشتا شاراوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە ئاگری ڕق و قین و سووکایەتی و تاسەی تۆڵەیەک لە دڵی میللەتی ڕووسدا هەڵگیرسابوو کە دەیانگوت داگیرکەر دەبێ سزای ئەم تاوان و دەستدرێژی و تاڵانانەی وەرگرێتەوە و، لەسەر یەک ئەم هەست و کەفوکوڵانە کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەستتر دەبوونەوە، بوونە هەوێنی بەرگرییەکی مەرگهێن، کە دواجار سوپا مەزنەکەی ناپلیۆنی لەنێو برد. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕە بوون بێت و ناپلیۆن سەرکەوێ، تەنیا هەڕەشەی جێبەجێکردنی گەمارۆی وشکانیان لەسەر نابێ، بەڵکوو سیستەمی سێرواژیش هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام خۆ ناپلیۆن هیچ مشووری لە هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سێرواژی وڵاتەداگیرکراوەکان نەدەخواردو بەپێچەوانەوە بە زەبری چەک سەرهەڵدان و بزووتنەوەی ئەو کرێکار و جووتیارانەی سەرکوت دەکرد کە دەیانویست لە نیر و کۆتی ئاغاکانیان ڕزگار بن. هەرچۆنێک بێ، بە ڕای قەیسەر و خانەدانەکان مەحاڵ بوو بەبێ جەنگ مۆسکۆ ڕادەستی دوژمن بکرێ. کاتێک سوپای ڕووس پاش چۆلکردنی گژاتسک لە ڕێکەوتی 29ی ئۆگۆستدا گەیشتە تساریۆزایمیشچا، فەرماندەیەکی تازەی بۆ دانرابوو، چونکە ئەلکساندر لەبری بارکلەی، کە ئیتر ماوەیەک بوو تەواو لێی بێزار ببوو، کۆتوزۆفی کردە فەرماندەی گشتی، لەبەر ئەوەی کەسێکی شیاوتری دەست نەدەکەوت. متمانەی بە باگراتیۆنیش نەبوو، چونکە ئەویش وەک بارکلەی ناوەکەی ڕووسی نەبوو.

بەدڵنیاییەوە کۆتوزۆف دەیزانی بارکلەی هەڵە نیە و دەشیزانی ئەو شتەی کە بڕست لە ناپلیۆن دەبڕێ و لەپێی دەخا، دوورکەوتنەوەیەتی لە پێگە و بنکەکانی، کە وای لێدەکا ئیتر نەتوانێ لەسەر جەنگێک بەردەوام بێ کە چەند ساڵان بخایەنێ یان هەر نەبێ چەندین مانگ لە هەزاران کیلۆمەتریی فەرەنسا لە وڵاتێکی چەتوون و ئەستەم و بێ بەروبوو و بێ تفاق و خۆراک و تەقەمەنی و کەشوهەوایەکی ناخۆشدا بجەنگێ. بەڵام کۆتوزۆف ئەوەشی لێ ڕوون بوو کە سەرەڕای ئەوەی ناوەکەی ڕووسی بوو، بەڵام ئەویش وەک بارکلەی ڕێگەی نادرێ بەبێ جەنگێکی قورس مۆسکۆ بەدەستەوە بدا.

ناچار بڕیاری دا وەک لە ئۆسترلیتز بەپێچەوانەی باوەڕی خۆی ئەو شەڕە بێسوودەی کردبوو. بەو جەنگەی کە لە ڕوانگەی سەربازییەوە شتێکی زیادە بوو و لە ڕووی باری دەروونی و سیاسی و وەشەوە دەبوو هەر بکرێ. لە ڕوانگەی ناپلیۆنەوە، گۆڕینی بارکلەی کە پێشقەڕەوڵەکانی ئەو هەواڵەیان بۆ هێنابوو، بەو مانایە بوو کە ئاخری ڕووسەکان بڕیاریان داوە جەنگێکی گەورە بکەن.

ناپلیۆن بەرەبەیانی ڕۆژی 4ی سێپتەمبەر فەرمانی بە نێ و مۆرا کرد تا لە گژاتسکەوە بەرەو گریدنێڤۆ ئەسپی خۆیان لینگ بدەن. سوپای ڕووس وردە وردە پاشەکشەی خۆی شل کردبۆوە و ئینجا ڕاوەستابوو و پاشکۆی لەشکرەکەیان پاڵیان بە سەنگەرەکانیانەوە دابوو. قەڵای هەرە بەرچاوی بەردەم پێشڕەویی فەرەنسیەکان قەڵایەکی پتەو بوو کە ڕووسەکان لە گوندە بچکۆلەکەی شێڤاردینۆ دروستیان کردبوو. ناپلیۆن کاتێک بە گاردەکەی خۆیەوە گەیشتە گریدنێڤۆ، دەسبەجێ کەوتە تاوتوێکردن و بەراوردی ئەو دەشتە کاکی بە کاکیەی لەبەردەمی بوو و سەربازەکانی لەوێدا جێگیر ببوون. ڕاپۆرتێکیان بۆ هێنا کە لە قەڵای

شێڤاردینۆ هێزێکی گرینگ جێگیر بووە. لە دوورەوە سەنگەری ڕووسەکان لەوبەری ڕووبارە وشکبووەکەی کلۆچاوە دەبینرا.
پێشقەڕەولّەکانی سوپای فەرەنسا ئێوارەی ڕۆژی 4ی سێپتەمبەر هەوالّیان بۆ ناوەندی گشتیی ئیمپراتۆر هێنا کە دوو ڕۆژە ڕووسەکان سەنگەریان گرتووە و لە نزیک گوندێکەوە کە لە دوورەوە دیارە، سەنگەری دیکەشیان قایم کردووە. کە ناوی گوندەکەیان پرسی، گوتیان ناوی بۆرۆدینۆیە.

3

شەڕەکەی بۆرۆدینۆ زۆر جار سەرنجی مێژوونووس و پسپۆڕانی سەربازی و نووسەر و شێوەکارە مەزنەکانی بۆلای خۆی ڕاکێشاوە. بەو حالّەوە، چارەنووسی ئیمپراتۆریاکەی ناپلیۆن نەک لە پێدەشتەکانی بۆرۆدینۆدا بەلّکوو لە ڕەوتی لەشکرکێشانەکەی بۆ ڕووسیا یەکلا بۆوە، چونکە لە ڕاستیدا بۆرۆدینۆ تەنیا پەردەیەکی ئەو شانۆ تراژیدیایە بوو نەک هەموو تراژیدیاکە. جەنگی ڕووسیاش کۆتایی هەموو شتێک نەبوو، بەلّکو دەسپێکی کۆتاییەک بوو، کە هێشتا زۆر دوور بوو.
خەلّکی ئەم دەوروزەمانە و پێشینیانیش هەر بیریان لە دەشتەکانی بۆرۆدینۆ دەکردەوە کە چەند مانگ هەزاران تەرمی تێدا کەوتبوو و کەس بەلایانەوە نەدەچوو.
ئیتر ئەو کاتە بەسەردا هاتبوو کە ئەوەندە چاوەڕوانیان دەکرد و ناپلیۆن لە پاش دریسدێوە، لە پێشدا لەسەر چۆمی نیەمێن و دواتر لە ویلنا و ویتبێسک و سمۆلنێسک و ڤیازما و گژاتسک بەردەوام خەونی پێوە دەدی. لە کاتی نزیکبوونەوە لەو شوێنانەی قەدەر وابوو ببنە گۆڕەپانی سامناکترین کوشتارەکانی مێژوو لەسەرتاوە تا ئەو ڕۆژە،

ناپلیۆن یەک لەسەر سێی ئەو سەربازانەی بەدەستەوە مابوو کە لەگەڵ خۆی هێنابوونی بۆ نێو خاکی ڕووسیا.
نەخۆشی و زیانی سەربازی و ڕاکردن و پێویستبوونی بەهێزکردنەوەی باڵەکان و پاشکۆ بەجێماوەکان لەلایەکەوە بەلای ڕەیگا و پێترسبۆرگ و لەلایەکی دیکەوە بەلای باشووردا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو هێزانەی لە تورکیاوە گەڕابوونەوە و هەروەها پتەوکردنی هێڵێکی تەواوی پێوەندی لە نیەمێنەوە تا شێڤاردینۆ هەر هەمووی لەسەر یەک ئەو هۆکارانە بوون کە بەشێوەیەکی سامناک ژمارەی سوپا و سەبازەکانی ناپلیۆنیان کەم کردبۆوە. ناپلیۆن کە گەیشتە قەڵای شێڤاردینۆ 135000 سەرباز و 587 تۆپی پێ بوو. یەکینە ڕێکوپێکەکانی ڕووس 103000 سەرباز و 540 تۆپیشیان پێ بوو و 10000 سەربازی پارتیزانیشیان دەهاتە پاڵ. تۆپخانەی ڕووسەکانیش وەک تۆپخانەی فەرەنسیەکان پتەو بوو و ژمارەشی لە ئی ئەوان پتر بوو. سوپای ناپلیۆن ئەسپیان زۆر لێ تۆپیبوو و بە زەحمەت توانیبوویان ئەو هەمووە تۆپە لە مۆهیلێڤ و ویتبسێک و سمۆلنێسکەوە بەجادەی مۆسکۆدا لەگەڵ خۆیان بێنن.
لە کاتی شەڕەکەی بۆرۆدینۆدا ناپلیۆن، ناوەندی عەمەلیاتی گشتیی سوپاکەی خۆی لە گوندی ڤالۆیڤۆ دانابوو. ئەو لە سەرکەوتنی خۆی دڵنیا بوو و سەرەتای شەڕەکەش ئەو باوەڕەی ئەوی پتەوتر کرد. ڕۆژی پێنجی سێپتەمبەر فەرمانی هێرش بۆسەر قەڵای شێڤاردینۆی دەرکرد. پاش ئەوەی مۆرا بەشێک لە سوارچاکەکانی ڕووسی تێک شکاند و تۆپخانە سەنگەرەکانی دوژمنی بۆردومان کرد، ژەنەڕاڵ کۆمپان بە پێنج لیوای پیادەوە هێرشی کردە سەر قەڵاکە و پاش شەڕێکی قورسی دەستەوئێخە قەڵاکەی گرت. کە بتڵێک لە شەو ڕاشکا، فەرەنسیەکان بە سەرسووڕمانەوە دەیانگێڕاوە کە تۆپچییە ڕووسەکان

کاتێک هێرشبەرەکان بەسەریاندادان و چوونە نێو قەڵاکە دەیانتوانی ڕا بکەن، کەچی لەبری ئەوەی گیانی خۆیان ڕزگار بکەن، ئەوەندە مەردانە دەستیان کردەوە کە هەموویان کوژران. بەیانیی 6ی سێپتەمبەر ناپلیۆن سواری ئەسپەکەی بوو و ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ هەر دانەبەزی.
ڕووسەکان چەند کیلۆمەترێک لەوڵای شێڤاردینۆوە سەنگەریان گرتبوو و ناپلیۆن لەوە دەترسا نەکا پاش کەوتنی قەڵاکە دیسان پاشەکشە بکەن. بەڵام ترسەکەی بێجێ بوو، چونکە کۆتوزۆف لەجێی خۆی نەدەبزووت. ناپلیۆن وەها لە پاشەکشەیەکی دیکەی ڕووسەکان و ڕاکردنیان تۆقیبوو، کە هەر لەو ترسانە بوو کاتێک داڤۆ پێشنیاری کرد بە هێزێکی باشەوە لە لای ئۆوتیتساوە باڵی چەپی دوژمن گەمارۆ بدەن، لێی قبووڵ نەکرد، چونکە پێی وابوو لەوانەیە ئەو خۆڕانان و مانۆڕە کۆتوزۆف بترسێنێ و ناچاری بکا ڕا بکا و مەیدانەکە چۆل بکا.
پاش ڕووداوی سمۆلنێسک کە ناپلیۆن لەوێ بڕیاری دابوو نەهێڵێ جەنگەکە دوو ساڵ بخایەنێ و هەر ئەو ساڵە یەکلای بکاتەوە، ئێستا ئامانجە بنەڕەتی و خێراکەی ئەو، ببوو بەوەی کە بگاتە مۆسکۆ و لەوێ پێشنیاری ئاشتی بخاتە بەردەم قەیسەر. ئەو سەرەڕای ئەوەی زۆر تاسەباری گرتنی مۆسکۆ بوو، بەهیچ نرخێک نەیدەویست ئەو سەرکەوتنە بەبێ جەنگ دەستەبەر بکا. ئەو ئامانجەی ناپلیۆن دەیویست بەهەر نرخێک بێ پێی بگا، ئەوە بوو کە سوپای ڕووس لەنێو بەرێ، یانی لەبەردەم دەروازەکانی مۆسکۆ شەڕێکی گەورە بکا، نەک ئەوەی سوپاکەی کۆتوزۆف تەنانەت لەودیوی مۆسکۆ و لای ڤلادیمیر و ڕیازان یان دوورتریش ڕاو بنێ. ڕێک لەبەر ئەوە بوو کە بارکلەی و کۆتوزۆفیش نەیاندەویست ئەو شەڕە بکەن کە ئارەزووی دڵی ناپلیۆن بوو. بەڵام بارکلەی کە کەوتبووە بەرفەرمانی کۆتوزۆف ئێستا متەقی

لێوە نەدەهات و کۆتوزۆفیش کە نەیدەتوانی خۆی لەو بەرپرسیارەتییە گرینگە بدزێتەوە، یانی پاشەکشە بکا و مۆسکۆ بەبێ شەڕ و بەتەمای خوا بەجێ بهێڵێ و تەنیا سوپاکەی ڕزگار بکا، ئیتر کپ و بێدەنگ مابۆوە.

ڕۆژی شەشەمی سێپتەمبەر، یانی ڕۆژی دوای کەوتنی قەڵای شێڤاردینۆ، بەبێ ئەوەی ناپلیۆن لەگەڵ دوژمن تووشی پێکدادان بێ، شەوی بەسەردا هات. ئەو فەرمانی کرد، سەربازەکان پشوو بدەن و دوو هێندەی بەشەخۆراکی ئاساییان پێ بدرێ، ئینجا نەخشەی عەمەلیاتی سبەینێی بە تێروتەسەلی داڕشت و ئەرکی هەر کام لەو ژەنەڕاڵ و مارشاڵانەی دەسنیشان کرد کە لەو ڕێگەبڕینە دووبەدووەدا لەگەڵی ببوون. سەربازی سادەی فەرەنسییش وەک ئیمپراتۆر و ژەنەڕاڵەکان بەردەوام چاویان لەسەر ئەو ڕەشماڵە ڕووسیانە بوو کە لە دوورەوە دیار بوون و لەخۆیان دەپرسی: ئاخۆ کۆتوزۆف ڕاینەکردووە؟ بەڵام گیانلەبەرێک نەدەبزووت و یەکەی ڕووسی لە سەنگەرەکانیاندا مابوونەوە.

ئەگەرچی ناپلیۆن لە ماوەی ئەو ڕۆژە پڕ لەکەفوکوڵ و هەژانەدا بەدەست هەڵامەتەوە وەزاڵە هاتبوو، بەڵام هیچ نیشانەیەکی شەکەتی و ماندوویەتیی بە ڕوخساریەوە دیار نەبوو.

شەو بەسەردا هات. سەرباز زۆر زوو خەوتن، چونکە دەیانزانی کەڕەی بەیانی شەڕەکە دەست پێ دەکات. ناپلیۆن سەرەڕای ئەوەی بەجەستە و ڕۆح ماندوو ببوو، بەڵام خەوی لێ نەکەوت. لەخۆوە هەوڵی دەدا دڵەڕاوکێکەی بشارێتەوە، بەڵام تەنیا ئەمجارە پێی نەشێردرایەوە و کاتێک ئاجودان(ئەفسەری بەردەست)ـەکانی قسەیان لەگەڵ دەکرد، جوان دەیانزانی کە ئەو هۆشی لە شوێنێکی دیکەیە و هەر گوێشی لێیان نییە.

ئەو هەموو جارێک لە خێوەتەکەی خۆی دەهاتە دەرێ تەنیا بۆ ئەوەی بزانێ ئاخۆ ئاگری لەشکرگەی ڕووسیەکان هەر داییسێ یان نا. هێشتا تاو هەڵنەهاتبوو کە ناپلیۆن فەرمانی کرد هێرش بەرن و بە ئەمری ئەو ئۆژن و دۆبۆهارنێی جێنشینی ئیتالیا بە لەشکرەکەی خۆیانەوە هێرشیان بردە سەر گوندی بۆرۆدینۆ کە باڵی چەپی ڕووسیەکانی لێ بوو. داڤۆ و نێ و مۆراش بەدووی یەکدا کەوتنە ڕێ بۆ ئەوەی ئەو سەنگەرانەی باگراتیۆن لە گوندی سێمێنۆڤسکۆی، لە نێو دڵی باڵی سوپای ڕووسدا دروستیان کردبوو، بگرن. لە هەردووڵاوە گرمەی گوێکەرکەری تۆپ هەستا، کە تەنانەت ئەوانەی لە جەنگەکانی ئێیلەو و واگرامیش بەشدار ببوون، گوێیان لەوەها شریخەو گرمەیەک نەببوو. ئەو ڕۆژە درێژەی مانگی سێپتەمبەر کە هەواکەی هێشتا تا ڕادەیەک گەرم بوو، بە وتەی شایەحاڵەکان دوو هەستی جیاواز بەردەوام فکر و گیانی ناپلیۆنیان داگرت: کاتی تاوهەڵات، ئەودەمەی خۆر وردە وردە بەرز دەبۆوە، ئەو شاد و دەم بە پێکەنین گوتی: "ئەوەش خۆرەکەی ئۆسترلیتز"، ئەو بەیانییە هەر ئاوا بە وردە بوو. بە ڕواڵەت یەکەکانی ئەو وردەوردە و بەوپەڕی کۆڵنەدەری ڕووسەکانیان لە سەنگەرەکانیان دەدەپەڕاند.

بەڵام لەگەڵ یەکەم هێرشی بەتەوژمی فەرەنسیەکان بۆسەر قەڵای ئێڤاردینۆ، وردە وردە ڕاپۆرتی دڵەڕاوکێ خولقێن لەگەڵ هەواڵی هاندەرانەی پێشڤەچوون دەهاتە ناوەندی فەرماندەیی فەرەنسیەکان کە ناپلیۆن لەوێوە چاودێری شەڕەکە بوو. بەو جۆرە ناپلیۆن لە یەکەم سەعاتەکانی سەرلەبەیانیدا ئاگادار بۆوە کە یەکێک لە باشترین ژەنەڕاڵەکانی بەناوی پلۆزۆن، فەرماندەی هێڵی سەدوشەش چووەتە نێو ئاوایی بۆرۆدینۆ و شەڕکەرە ڕووسیەکانی لەوێ دەرپەڕاندووە

بەڵام ڕووسەکان دواتر بەشێک لە سەربازەکانی ئەویان لەنێو بردووە و پلۆزۆن و تاقمێک لە ئەفسەرەکانیشیان کوشتووە. دەسبەجێ یارمەتی و پشتیوانی بۆ فەرەنسیەکان نێردرا و گوندی بۆرۆدینۆ هەروا بەدەستیانەوە ماوە. بەڵام بە کوژرانی پۆلۆزۆنڕا دیار بوو کە ڕووسەکان ئەو ڕۆژە چەندە شێلگیرانە شەڕیان کردووە. ئینجا ئاجوودانێک خۆی گەیاندە ناپلیۆن و هەواڵی بۆ هێنا کە هێرشەکەی مارشاڵ داۆ سەرکەوتووانە بەردەوامە و دەسبەجێ ئاجوودانێکی دیکە گەیشتێ و گوتی، لەشکرەکەی کۆمپان یانی باشترین یەکەی داۆ کەوتووەتە بەر ئاگری تۆپخانەی دوژمن و کۆمپانیش زۆر توند بریندار بووە و ئەفسەرەکانی کوژراون، بەڵام ڕێک لەو دەمەدا مارشاڵ داۆ فریای کەوتووە و ئەو تۆپخانە ڕووسیەی لەنێو بردووە کە سەربازەکانی کۆمپانی بۆردومان دەکرد و تۆپچییە ڕووسیەکان وەک دوو ڕۆژ لەوەپێش لە ئێڤاردینۆ هەتا دوا هەناسە لەسەر تۆپەکانیان ماونەتەوە و لەوێ کوژراون و گوللەتۆپێک ئەسپەکەی داۆی ئەنگاوتووە و مارشاڵیش کەوتووەتە بن ئەسپەکەی و ئێستا هەموو گیانی کوتراوە و بریندار و بێهۆش کەوتووە.

ناپلیۆن هێشتا بەتەواوی گوێی لەو ڕاپۆرتانە نەببوو و فەرمانێکی تازەشی دەرنەکردبوو، کە ئاگاداریان کردەوە مارشاڵ نێی بە سێ لەشکرەوە سەنگەرەکانی باگراتیۆنیان کە کۆمەڵێک نارنجۆکهاوێژی ڕووسی بەرگریان لێ دەکردن، گرتووە و ئێستاش لەوێیە، بەڵام دوژمن جار بە جار بەتەوژمەوە هێرش دێنێتەوە. ئاجوودانێکی دیکە هەواڵی هێنا کە لەشکرەکەی نێێرۆڤسکی تاوێک دواتر، یەکەکانی مارشاڵ نێی لەو سەنگەرانە دەرپەڕاندۆتەوە. چەند ساتێک دواتر دیسان نێی بەسەر سەنگەرەکاندا زاڵ بۆتەوە، بەڵام شازادە باگراتیۆن هەروا شەڕی مان و

نەمان دەکا، یەکێک لە سەنگەرەکان کە لە هەمووان گرینگتر بووە، هەر کەوتووەتە دەست بێژۆ، ڕووسەکان تووڕە و دەهری بە سەرەنێزە هەڵیانکوتاوەتە سەری و بە زیانێکی زۆرەوە دەریانپەڕاندۆتەوە، بەڵام ئاخریەکەی مۆرا توانیوێتی بە زیانێکی قورسترەوە ئەو سەنگەرانە بگرێتەوە.

لە هەموولایەکەوە هەواڵ بۆ ناپلیۆن دەهات کە ڕووسەکان سەرەڕای ئەوەی زۆر لە فەرەنسیەکان پتر زیانیان وێکەوتووە، بەڵام خۆ بەدەستەوە نادەن و لەو هێرشە پێچەوانانەدا کە بۆ گرتنەوەی شوێنەکانیان دەیکەنەوە، تا دواییں کەس خۆیان بە کوشت دەدەن. فەرەنسیەکان بۆ ئەوەی بتوانن ڕێگەیەک بۆ سوارچاکەکانیان بکەنەوە، ناچار بوون بە زەحمەت و کوێرەوەرییەکی زۆر خۆیان بگەیەننە سەر ئەو گردانەی نێوەندی شەڕگەکەیان دابەش دەکرد و گرتنی ئەو بەرزاییانە زیانێکی زۆری بۆ فەرەنسیەکان پێوە بوو. لەشکری ڕایڤسکیش کە خۆی زیانێکی زۆری بەرکەوتبوو، وەها زەبرێکی گورچوبڕ و سامناکی لە لەشکری نێ و مۆرا دا، کە ئەو دوو مارشاڵە ناچار بوون هەرچی هێزی هەیانە بەگژیدا بکەن. دەربەندی سێمنۆفسکۆی و گوندەکەشی چەند جاران دەستاودەستیان پێ کرا. ئاخریەکەی مارشاڵەکان داوای یارمەتییان لە ناپلیۆن کرد. ئەوان دەیانگوت ئەگەر دەربەندەکە و ئاوایی سێمنۆفسکۆی لە چنگی باگراتیۆن دەربێنن، سەرکەوتنەکە دەستەبەر و مسۆگەر دەکەن.

ناپلیۆن لە لەشکرێک زیاتر بۆی نەناردن، چونکە بەپێی خەستبوونی شەڕەکە لێی ڕوون ببۆوە کە بەپێچەوانەی نێ و مۆرا ـ کە پێیان وابوو ڕووسەکان خەریکن شەڕگەکە جێ دێڵن ـ نەخێر پاشەکشە ناکەن و مەترسیی ئەوە هەیە کە لەکاتی هێرشی یەکلاکەرەوەدا فەرەنسیەکان

هەموو هێزە پشتیوانیەکەیان لەدەست بدەن. بەڵام دەموساتی هێرشی یەکلاکەرەوە هەر نەدەهات. ئەو ڕۆژە لەشکری مۆراند بە پەلاماڕێک، تۆپخانەکەی ڕایۆڤسکیی گرتبوو کە لە نێوان بۆرۆدینۆ و سمنۆفسکۆێ بوو و، دیسان تۆپخانەکەیان بە دانانی نرخ و زیانێکی زۆر لە مۆراند ئەستاندبۆوە و مۆراند لە شەڕگەدا کوژرابوو.

ئەو دوو هەواڵە کە ڕووسەکان تۆپخانە قورسەکەی خۆیان ئەستاندووتەو و باگراتیۆن شەڕی مان و نەمان دەکا بۆ دەرپەڕاندنەوەی نێ و مۆرا لەو سێ سەنگەرەی کە ژەنەڕاڵە فەرەنسیەکان بەو هەمووە شەڕە گرتبوویان، هاوکات گەیشتنە ناپلیۆن. سەربازانی باگراتیۆن بۆ وەرگرتنەوەی سەنگرەکانی سێمنۆفسکۆی هێرشێکی سامناکیان دەست پێ کرد و لە ماوەی چەند سەعاتێکدا ئەو سەنگەرانە چەندین جاران دەستاودەست گەڕان. لەو ناوچەیەدا زیاتر لە 700 تۆپ کە 400یان ئی ناپلیۆن و 300یان ئی ڕووسەکان بوون، دەیانگرماند. ڕووسی و فەرەنسیەکان چەند جاران ناچار بوون بکەونە شەڕی دەستەوئێخە و تۆپخانەش کە دۆست و دوژمنی لێک نەدەکردەوە، جاروبار هەردووک لای تۆپباران دەکرد.

ئەو مارشاڵانەی ئەوێ ڕۆژێ لەو شەرەدا بەشدار بوون، تا مردیشن هەر پەسنی ئازایەتیی سەربازەکانی ڕووسیایان دەدا کە لە سەنگەرەکانی سێمنۆفسکۆیدا چەندە بە جەرگ بوونە. فەرەنسیەکان لە ئازایەتیدا هیچیان لە ڕووسیەکان کەمتر نەبوو. لەوێ بوو کە باگراتیۆن پێش مردنەکەی کاتێک نارنجۆکەهاوێژە فەرەنسیەکانی دی کە بەبێ تەقەکردن و تەنیا بەسەرەنێزە بە بن ڕەهێڵەی ئاگری تۆپخانەکەدا هێرش دەبەن، بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ هاواری کردبوو "ئەی بژین و لەمنتان کەوێ". چەند خولەک دواتر شازادە باگراتیۆن کە بە ڕای

ناپلیۆن باشترین سەرداری ڕووسیەکان بوو، بە سەختی بریندار بوو و لە ژێر ڕەهێڵەی گوللەبارانەکەدا لە شەڕگەکەی بۆرۆدینۆ بردرا دەرەوە. ئیتر نیوەڕۆ داهاتبوو. باری دەروونی ناپلیۆن زۆر خێرا گۆڕابوو. ئەو گۆڕانە بەپێچەوانەی بۆچوونی مێژوونووس و ژیاننامەنووسە کۆنەکانی ئەو، هیچ پێوەندیی بە هەڵامەتەکەیەوە نەبوو، بەڵکوو لەبەر ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوەی نێ و مۆرا پەیتاپەیتا داوای هێزی پشتیوانیان لێ دەکرد یان ئەوەی کە گاردەکەی خۆی بنێرێتە هانایان بەڵام پێی وابوو ناکرێ، نەک لەبەر ئەوەی خۆی وتەنی لەو دەمەدا نەیدەویست گاردەکەی لەدووری چەند هەزار کیلۆمەتری فەرەنسا بخاتە مەترسییەوە، بەڵکوو لەبەر شتێکی گرینگتر بوو: لەو دەمەدا سوارەی ڕووس و بەتایبەتی قەزاقەکانی ئۆوڤارۆڤ و پلاتۆف کتوپڕ هەوساریان بەرەو باروبنەی سوپا و ئەو لەشکرە وەرسووڕاندبۆوە کە بەیانی بەشداری گرتنی قەڵای بۆرۆدینۆ ببوون. دیارە هێرشەکەیان بەرپەرچ درابۆوە بەڵام هەر ئەو ڕووداوە وای کردبوو بەشداربوونی گارد لە شەڕەکەدا مەحاڵ بێ، چونکە یەکینە فەرەنسیەکان کە زۆر لە پاشکۆی سوپا بەجێ مابوون، ئیتر لەخۆیان ئەمین نەبوون. سەعات 3ی دوانیوەڕۆ ناپلیۆن فەرمانی هێرشێکی تازەی بۆ سەر تۆپخانەکەی ڕایۆڤسکی دەرکرد. ئەو شوێنە پاش زنجیرەیەک هێرشی سامناک گیرا. ناپلیۆن لە مارشاڵەکانی خۆی باشتر لە گرینگیی ئەو زیانە سامناکانە تێدەگەیشت کە لە هەردوولایەنەوە بۆی دەهاتن.

خەریک بوو ڕۆژ ئاوا دەبوو کە هەواڵێکی گرینگیان بۆ ئیمپراتۆر هێنا: باگراتیۆن بە سەختی بریندار ببوو، هەر دووک تۆچکۆڤەکە کوژرابوون، لەشکرەکەی ڕایۆڤسکی تەقریبەن لەنێو چووبوون و ئیتر ڕووسەکان وێڕای بەرگرییەکی مان و نەمان خەریک بوون سێمنۆڤسکۆیان چۆل

دەکرد. ناپلیۆن ئەسپەکەی بەرەو سێمنۆڤسکۆی تاو دا. هەموو ئەوانەی لەو دەمەدا لێی چووبوونە پێشێ و قسەیان لەگەڵ کردبوو، یەکدەنگ دەیانگوت ئیتر مەحاڵ بوو ئیمپراتۆر بناسیتەوە. ئەو بە بێدەنگییەکی خەمبارانەوە سەیری تەرمی مردوو و کەلاکی ئەسپەکانی دەکرد و لە هەمبەر ئەو ئەو هەمووە پرسیارە مکوڕانەدا کە هەر ئەو دەیتوانی وەڵامیان بداتەوە، متەقی لێوە نەدەهات. یەکەم جار بوو دەیاندی ئاوا تاساوە و سڕ بووە، دەتگوت سەری لێ تێک چووە.
تاریک داهاتبوو. یەکینە ڕووسیەکان لەسەرخۆ پاشەکشەیان دەکرد و 300 تۆپی فەرەنسی وێکڕا ئاگریان لەسەر پشتی کردنەوە. بەڵام ئەو گوللەبارانکردنە، بەو جۆرەی چاوەڕوان دەکرا هیچ بەرهەم و کاریگەرییەکی نەبوو: سەربازەکان دەکەوتن بەڵام کەس ڕاینەدەکرد.
ناپلیۆن گوتی: "وا دیارە دیسان گوللەیان دەوێ، بێبەشیان مەکەن." ئیتر بەو قسەیە فەرمانی کرد ئاگری تۆپخانەکە خەستتر بکەن. ڕووسەکان پاشەکشەیان دەکرد و وەڵامی تۆپەکانیشیان دەداوە و بەو جۆرە شەو بەسەر هەردووڵادا هات.
کاتێک کۆتوزۆف داوای کرد ڕاپۆرتە سەرەتاییەکانی بۆ بێنن و سەیری کرد نیوەی سوپای ڕووس لەو شەڕە مەرگبارەی 7ی سێپتەمبەردا تێدا چووە، ئیتر بڕیاری دا ئەو نیوەیەی دیکە ڕزگار بکا و بەبێ شەڕێکی دیکە مۆسکۆ بەدەستەوە بدا. بەڵام ئەو بڕیارەش لەمپەر نەبوو لەبەر ئەوەی شەڕەکەی بۆرۆدینۆ بە سەرکەوتنی خۆی بزانێ، ئەگەرچی گیانێکی لەبەردا نەمابوو. لە ڕاستیدا ئەو لە ڕووی مەعنەوی و دەروونییەوە سەرکەوتبوو. جا لە ڕووی ڕووداوەکانی دواتری دەکرێ داوەری بکەین کە ئاخۆ لە ڕووی ستراتیژی سەربازییشەوە ڕووسەکان لە فەرەنسیەکان سەرکەوتووتر بوون.

کاتێک لە شەوی پاش شەڕەکە ناپلیۆنیان ئاگادار کردەوە کە 47 کەس لە مارشاڵەکانی کوژراون یان زۆر بەتوندی بریندار بوون و دەیان هەزار سەربازیشی کوژراون یان بریندار بوون و لە شەڕگەکە کەوتوون و کاتێک بەچاوی خۆی دەیدی کە هیچ کام لەو شەڕە گەورانەی تا ئەودەم کردوونی لە ڕووی بێبەزەیی و خوێنڕێژییەوە لەگەڵ جەنگەکەی بۆرۆدینۆ بەراورد ناکرێن (ئەگەرچی ئەویش خۆی بەسەرکەوتووی ئەم شەڕە دەزانی)، ئەو کە لە ژیانیدا گەلێک سەرکەوتنی ڕاستەقینەی دەستەبەر کردبوو، لێی ڕوون بۆوە، کە ئەگەر بیەوێ ناوی سەرکەوتن لە ڕووداوەکانی لۆدی و ڕیڤۆلی و ئەهرامی میسر و لەئێوبردنی هێزی عوسمانی لە ئەبوقیڕ و مارەنگۆ و ئۆسترلیتز و یەنا و فریدلەند و واگرام بنێ، ئەوا دەبێ ناوێکی دی بۆ بۆرۆدینۆ بدۆزێتەوە. چاوەڕوانیی دەکرد کۆتوزۆف دیسان لەبەردەم دیوارەکانی مۆسکۆ شەڕێکی دیکە بکاتەوە، بەڵام ئەمجارە بڕیارەکەی کۆتوزۆف نەدەگۆڕدرا. ناپلیۆن هیچ شتێکی لە بارەی ئەو ئەنجومەنە جەنگیەوە نەبیستبوو کە لە فیلی پێک هاتبوو، بەڵام دوو ڕۆ پاش شەڕی بۆرۆدینۆ، لە ڕووی کۆمەڵێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگرەوە تێگەیشت کە ڕووسەکان بڕیاریان داوە بەبێ شەڕ شارەکە بەدەستەوە بدەن.

ڕۆژی نۆی سێپتەمبەر ناپلیۆن چووە نێو مۆژائیسک و بۆ سبەینێ شازادە ئۆژن، جێنشینی ئیتالیا هاتە ڕۆزا. ناپلیۆن سەرلەبەیانیی ڕۆژی 13ی سێپتەمبەر کە ڕۆژێکی تاووساو بوو، لەگەڵ هاوڕێیەکانی(هاوڕێ لێرەدا واتە ئەوکەسانەی لەگەڵی دەبوون) گەیشتە پۆکلۆنایاگۆرا و ئەویش وەک دەوروبەرییەکانی نەیتوانی سەری لە جوانیی دیمەنەکانی ئەوێ سوور نەمێنێ و پەسنی نەدا. ئەو شارە گەورەیە کە لەپێش چاوی بوو و لەبەر تاوەکە دەدرەوشایەوە، ئیتر لای وی ئەو شوێنە

بوو که دەیتوانی بە سەربازەکانی بڵێ پشوو بدەن با تینێکتان بێتەوە بەر و بحەسێنەوە و خۆ ڕێک بخەنەوە. لەوەش گرینگتر ئەوە بەڵگەیەک بوو کە بێ ئەملاوئەولا ئەلکساندری ناچار دەکرد داوای ئاشتی بکا. ئەو دیمەنە، دیمەنە سامناکەکانی بۆرۆدینۆی لەبیر هەمووان بردنەوە.

4

ڕۆژەکەی چواردەی سێپتەمبەر، سوپای ڕووس کە هەروا ڕای دەکرد و سوارچاکی پادشای ناپڵ بەدوویەوە بوو، ئاخری وەک شەپۆلێکی بێ ڕاوەستان بەنێو مۆسکۆدا تێپەڕی، بۆ ئەوەی بە جادەکانی کۆلۆمنا و ڕیازاندا لە پاشەکشەکەی خۆی بەردوام بێ. میلۆرادۆڤیچ کە فەرماندەی پێشەنگایەتییەکەی لە ئەستۆ بوو، توانیبووی بەڵێن لە مۆرا وەرگرێ ڕێگەی بدا یەکەکانی ڕووس لەسەرخۆ لە شارەکە بچنە دەرێ.
پاشکۆپارێزەکانی ڕووسیا بە فەرماندەیی ڕایڤسکی، سەرلەئێوارێ لە گوندی ڤیازۆڤسکاکە شەش کیلۆمەترێک لە سنووری کۆلۆمناوە بوو، گیرسانەوە. هەر لەو سەرەتاوە، سوارچاکی فەرەنسی کە لە ڕێی ئارباتەوە هاتبوون و بەو شارەدا تێپەڕیبوون، پێشقەڕەولەکانی خۆیانیان هەتا گوندی کاراچارۆڤۆ بردبووە پێشێ.
لە شانزەی سێپتەمبەردا، سوپای کۆتوزۆف مۆسکۆی بەجێ هێشت و بەڕێگەی ڕیازاندا ملی ڕێگەی گرت و پاش ئەوەی شەوەکەی لە ئۆردووگایەکی نزیک گوندی کۆلاکۆڤایا ڕۆژی کردەوە، بەیانییەکەی بەبێ ئەوەی بهێڵێ ناپلیۆن پێ بزانێ، بەرەو لای ڕاست ڕێگەی گۆڕی، ئینجا بە دەم ڕووباری پاخرادا بەرەو سەر چوو و لە بەری چەپی ئەو چۆمەدا و لە شوێنێک بەناوی کراسنایاپاخرا لەسەر کۆنەڕێگەکەی

کالۆگا سەنگەری گرت. بەو جۆرە سوارچاکی ڕووس تاقە ڕێگەی پێوەندیی ناپلیۆنیان لەگەڵ سمۆلنێسک دابڕی.
لە سنووری دۆرۆگۆمیلۆڤۆوە، دەنگۆی سەیروسەمەرە لە نێو گاردەوە دەبیسرا: بۆ وێنە دەیانگوت مۆسکۆ چۆل کراوە و کەسی تێدا نەماوە و بەپێچەوانەی چاوەڕوانیی ئیمپراتۆر، هیچ نوێنەرێک نایە بۆ ئەوەی کلیلە زێڕینەکەی شاری ڕادەست بکا. دەنگۆکان دواتر پشتڕاست کرانەوە.
بەیانیی ڕۆژی شانزەی سێپتەمبەر سووتمانەکە بەتەوژمتر بوو و لەبەر ئەوەی ڕۆژ بوو، ئاگرەکە جوان دیار نەبوو، بەڵام شەوی 16 لەسەر 17ی سێپتەمبەر ڕەشەبایەک هەڵی کرد کە زیاتر لە 24 سەعات نەکەوت. دەریایەک گڕ ناوەندی شارەکە یانی دەوروبەری کۆشکی کرملین و گەڕەکەکانی زامسکۆڕچیە و سۆلیانکای هەڵلووشی.
بەشەکانی دیکەی شارەکەش کە زۆر دوور بوون بوونە پارووەخۆشەیەکی ئاگرەکە.
کاتێک هەوالّی یەکەم سووتمانەکان بە ناپلیۆن گەیشتەوە، ئیمپراتۆر لەپێشدا زۆری بەلاوە گرینگ نەبوو، بەڵام کاتێک سەرلەبەیانیی ڕۆژی 17ی سێپتەمبەر بە کۆشکی کرملیندا دەگەڕا و لە پەنجەرەکانی کۆشکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، هەر چاوی بەو دەریای ئاگرە کەوت، بە شایەتیی سێگیۆر و دکتۆر مێتیۆیر و ئەوانەی لەلای بوون، دەڵێن ڕەنگی بە ڕوخسارەوە نەما و پاش ئەوەی تاوێکی باش هەر وا چاوی بڕییە ئاگرەکە، گوتی: "ئەی لەو دیمەنە سامناکە... ئەوە کاری خۆیانە... ئەی لەو بڕیارە سەیرە، ئەوانە خەڵکێکی سەیرن. ئەوانە قەومی "سیت"ـن." لەو دەمەدا ئاگرەکە جار بە جار پتر هەڕەشەی لە کۆشکی کرملین دەکرد و بەشێک لە شورەی کۆشکەکە "برجی سیانە" دەسووتا،

وای لێ هاتبوو لە هەندێ دەرگاوە کەس نەیدەتوانی بچێتە دەرێ، چونکە بایەکە لە هەموولاوە ئاگرەکەی دێنا.
مارشاڵەکان پێداگرانە تکایان لە ئیمپراتۆر کرد دەسبەجێ بچێتە کۆشکی پێترۆفسکۆیە لە نزیک دەروازەکانی شار. ناپلیۆن لەپێشدا ڕازی نەبوو و هەر ئەوەش چیی نەمابوو بەنرخی گیانی تەواو بێ. ئاخری کاتێک لەگەڵ دەوروبەرییەکانی لە کۆشکی کرملین دەچووە دەرێ، تۆفانێکی بڵێسە و دووکەڵی خنکێنەر ئەو و هاوڕێیانی دەوروبەری تێکەوەپێچا. یەکێک لەوانەی لەگەڵ ناپلیۆن بوون گوتوویەتی: "ئێمە بەسەر زەوییەکی گڕگرتوودا دەڕۆیشتین، ئاسمانی ژوورسەرمان ئاگری دەباراند و دەوروبەریشمان دارودیوار ئاگری لێ دەبۆوە."
ئەو سووتمانە سامناکە لە ڕۆژانی 17 و 18ی سێپتەمبەردا حەشری دەکرد، بەڵام لە ئێوارەی ڕۆژی 18دا تۆزێک دامرکایەوە. بایەکە کەوتبوو و باران دەباری. ڕۆژانی دواتریش ئاگر لێرە و لەوێ هەر دەبینرا، بەڵام لە چاو تۆفانە سامناکەکەی 15 تا 17ی مانگ کە بەشە هەرە گرینگەکەی شاری لەنێو بردبوو، هەر هیچ نەبوو.
ناپلیۆن هیچ گومانی لە هۆکاری ئەو کارەساتە چاوەڕوانەنەکراوە نەبوو و دەیزانی کە ڕووسەکان شارەکەیان ئاگر داوە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست سەرکەوتووەوە. جا ئەوەی کە دەیانگوت ڕۆستۆپچین هەموو پەمپت و باقی کەرەستەکانی ئاگرکوژێنەوەی لەگەڵ خۆی بردبوو و سووتمانەکەش هاوکات لە چەند شوێنێکی شارەوە سەری هەڵدابوو و قسەی ئەو کەسانەی کە تاوانبار بوون بە هەڵگیرساندنی ئاگرەکە و سووتاندنی شار و شایەتیی ئەو سەربازانەی کە گوتبوویان ئاگرکەرەوەکانیان بە مەشخەڵانەوە دیتووە، سەرلەبەر قسەکەی ناپلیۆنیان پشتڕاست دەکردەوە. وەک هەموان دەزانن، ڕۆستۆپچین

جاری وابوو شانازیی ئەوەی بەخۆیەوە دەکرد کە دەستی لە سووتمانەکەی مۆسکۆدا هەبووە و جاری واش بوو حاشای لێ دەکرد، ئینجا دیسان لە شوێنێکی دیکە وەک نموونەیەک لە نیشتمانپەروەریی خۆی شانازیی بەو کارەوە دەکرد و دیسان نکۆڵیی لێ دەکردەوە(بەپێی ناميلکەیەک کە بەتایبەتی لەم بارەیەوە نووسراوە).

ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوەی لێرەدا بۆ کتێبەکەی ئێمە گرینگە، ئەوە نیە کە ئەو ئاگرە بۆ کەوتەوە و کێ خستیەوە کە زۆر کەس بە گریمانەوە باسیان کردووە، بەڵکوو بەتایبەتی دەرکەوتە و ئاسەوارەکانیەتی لەسەر ورە و دەروونی ناپلیۆن و ڕووداوەکانی دواتر.

بەپێی قسەی شایەتحاڵان، ناپلیۆن لەو ماوەیەدا کە لە کۆشکی پێترۆفسکۆیەدا بوو و دواتریش کە پاش دامرکانەوەی ئاگرەکە چۆوە کۆشکی کرملین، زۆر زۆر نیگەران و دڵەدوا بوو. جاری وابوو دەهری دەبوو و قین و ڕقی خۆی بەسەر سەربازەکان و دەوروبەریەکانیدا هەڵدەڕشت و جاری واش بوو چەند سەعاتان لەگڵ فکر و خەیاڵان ڕۆدەچوو. لە مۆسکۆوە هەر وا فەرمانڕەوایی بەسەر ئیمپراتۆریەکەیدا دەکرد، ئەمر و فەرمان و بڕیاری دانان و لەسەرکارلابردن و گۆڕانکاری و نیشان و مەدالیابەخشین و لەکارلادانی پلەبەرز و نزمەکانی واژۆ دەکرد. لە مۆسکۆش دەیویست ئاگای لە هەموو شتێک بێ و خۆی بە ورد و درشتی کارەکان ڕابگا. بۆ وێنە شتێکی سەیرتان بۆ دەگێڕمەوە، پەیڕەو و پرۆگرامی شانۆی "کۆمێدیای فرانسز" کە هەتا ئێستاش بەبێ دەستکاری ماوەتەوە لە کۆشکی کرملیندا هێنایان ناپلیۆن ئیمزای بکا و هێشتاش بەناوی "فەرمانەکەی مۆسکۆ" بەناوبانگە.

بەڵام خەمێکی تاقەتپڕووکێن ناپلیۆنی ئازار دەدا. ئەی لەمەودوا چ بکا؟ دیارە سووتمانەکە هەموو خۆراک و تفاقی مۆسکۆی لێ نەکردبووە

خۆڵەمێش و هێشتا کۆمەڵێک عەمبار مابوون کە بڵێسەی ئاگریان نەگەیشتبوویە. بەڵام ئەو دەستە سەربازانەی بەشوێن تفاقدا دەنێردرانە دەرەوەی شاری، بەدەستبەتاڵی دەگەڕانەوە. سەرباز فیزمالکیان دەدا و ڕایان دەکرد و ون دەبوون. دیسیپلین و ڕێکخستن خەریک بوو دەشێوا. بە دڵنیاییەوە دەکرا وەک هەندێ ژەنەڕاڵ و مارشاڵەکان پێشنیاریان دەکرد لەشکرگە زستانییەکانی مۆسکۆ تووندوتۆڵ و سەقامگیر بکەن، بەڵام دەنگێک لە ناخەوە بە ناپلیۆنی دەگوت کە ئیمپراتۆریە پان و بەرینەکەی وی زۆر پتەو نیە و وەفاداریی هاوپەیمانەکانیشی ئەوەندە تۆکەمە نییە کە بتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا دوور بێ و بە نێو پێدەشتە پڕ بەفر و بارنەکاندا ڕکێفکوت ئەسپ تاو بدا.
ئەرێ هەر بەراست هەروا کۆتوزۆف ڕاو بنێ، کە نە خۆی دیار بوو و نە سوپاکەشی؟ بەڵام کۆتوزۆف دەیتوانی تا نێو چەقی سیبریا و تەنانەت لەویش دوورتر بکشێتەوە. ئیتر ئەسپەکان نەک هەزار هەزار بەڵکوو دەهەزار دەهەزار بەلادا دەهاتن و دەتۆپین. ئەگەرچی ناپلیۆن بە کەمکردنەوەی نەفەرەکانی سوپای مەزن، کۆمەڵێک بنکەی سەربازیی لەسەر ڕێگەکان دامەزراندبوو، بەڵام هێڵەپێوەندییە دوورودرێژەکەی بەگوێرەی پێویست دابین و ئەمین نەبوو، بەتایبەتی سووتمانەکەی مۆسکۆ کە تەواوکەری زنجیرەیەک سووتمانی دیکە لە شار و گوندەکانی ڕووسیا بوو و جیهانگیر(فاتح) لە هەموو شوێنێک بەسەر ئەو دۆخەدا کەوتبوو و ڕاوەدوونانی بارکلەی و باگراتیۆن لە نیەمێنەوە تا سمۆلنێسک و لەوێشەوە تا بۆرۆدینۆ کە ناپلیۆن لەکۆتایی ژیانیدا بە "سامناکترین جەنگ" ناوی هێنابوو، ڕوون و جوان دەریاندەخست کە ئیتر ئەمجارە خەنیمەکە سووڕە لەسەر ئەوەی تا دواهەناسە شەڕ بکا.

تەنیا ڕێگەیەکی لەبەر دەم بوو، ئەویش ئەوەی کە ناپلیۆن ئەلکساندر تێ بگەیەنێ کە ئامادەیە پەیمانێکی سادە و دادپەروەرانە و سەربەرزانەی ئاشتیی لەگەڵ ببەستێ کە زۆریش قورس نەبێ. لەمەودوا جگە لە بەستنی پەیمانی ئاشتی لە مۆسکۆ بە نازناوی ڕوالّەتیانەی "جیهانگر" و گەڕانەوەیەکی بێ چەرمەسەری لە ڕووسیاوە بە لەشکرەکانیەوە، ناپلیۆن هیوایەکی دیکەی لەدڵدا نەمابوو. ئەو ئامادە بوو تەنیا لەسەر بەڵێنێکی ئەلکساندر حیساب بکا و تەنانەت هەندێ ئیمتیازیشی بداتێ. ئیتر باسی گوێڕایەڵبوون و ملکەچیی ئەلکساندر هەر لەگۆڕێ نەبوو. بەڵام ناپلیۆن پاش ڕووداوەکەی ویلنا و پاش ئەوەی بە زمانێکی زبر و ڕوویەکی ناخۆشەوە بە ژەنەڕاڵ بالاشۆڤی گوتبوو بچۆوە بە ئەلکساندر بڵێ پێشنیاری ئاشتیم هیچ قبوولّ نییە و ئێستاش هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئەلکساندر نەبوو و نەشیدەتوانی هەیبێ، ئەی باشە چۆن ئەوەی پێ ڕاگەیاندبا؟ ناپلیۆن سێ جار ویستی نیازپاکی و ویستی ئاشتیخوازانەی خۆی بگەیەنێتە قەیسەر.

لە مۆسکۆ، ماژۆر ژەنەڕاڵ تۆتۆلماین، بەڕێوەبەری خانەی هەتیوان و بێسەرپەرشتان داوای لە بەرپرسە سەربازییە فەرەنسیەکان کردبوو کە دەست بۆ ئیدارەکەی ئەو نەبەن و گیانی ئەو منداڵە هەتیو و بێسەرپەرشتانە بپارێزن. ناپلیۆن بانگی کرد و ماوەیەکی باش قسەی لەگەڵ کرد و پێی گوت کە زۆر زۆر لە سووتمانە سامناکەکەی مۆسکۆ و وەحشیگەری و تاوانەکەی ڕۆستۆپچین تووڕەیە و دڵنیاشی کردەوە لەوەی پایتەخت و خەڵکە ئاساییەکەی بەهیچ شێوەیەک نابێ نیگەران بن و لە ئیمپراتۆر بترسن.

تۆتۆلماین داوای کرد ڕێگەی بدەن تا شاژن ماری لە بارودۆخی خانەی بێسەرپەرشتان کە ئەو سەرۆکی شانازیی دامەزراوەکە بوو، ئاگادار

بکاتەوە. ناپلیۆن نەک هەر ڕێگەی دا، بەڵکو کتوپڕ ئەم قسەیەشی پێ گوت:
- "تکایە وێڕای ئەم کارەت، ئیمپراتۆریش کە هێشتا لای من زۆر ڕێزی هەیە ئاگادار بکەوە، کە من خوازیاری ئاشتیم."
هەر ئەو ڕۆژەی 18ی سێپتەمبەر بوو کە ناپلیۆن فەرمانی کرد ڕێگە بە یەکێک لە کارمەندانی خانەی بێسەرپەرشتان بدرێ تا پەیامەکەی تۆتۆلماین بۆ قەیسەر بەرێ.
هیچ وەڵامێک لە قەیسەرەوە بۆ ناپلیۆن نەهاتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی ڕاوەستێ، بڕیاری دا هەوڵێکی دیکەش بداتەوە.
یەکێک لە خانەدانە دەوڵەمەندەکانی ڕووس بەناوی ئەیاکۆڤلۆف، باوکی ئەلکساندر هێرزێن کە ئەویش بۆ کارێکی زۆر پێویستتر لە کارەکەی تۆتۆلماین ناچار ببوو لە مۆسکۆ بمێنێتەوە، هاتبووە لای بەرپرسانی فەرەنسی و داوای یارمەتی و پشتیوانیی لێ کردبوون. داواکەی ئەیاکۆڤلۆف درایە دەست مارشاڵ مۆرتیە کە پێشتر لە پاریس یەکتریان ناسیبوو و ئەویش گەیاندیە دەست ئیمپراتۆر. ناپلیۆن فەرمانی کرد تا ئەیاکۆڤلۆفی بەرنە لای. هێرزێن لە کتێبەکەی خۆیدا "بیرەوەری و بۆچوونەکان" دەقی گفتوگۆکەی نێوان باوکی و ئیمپراتۆری ئاوا هێناوەتەوە: "ناپلیۆن نەیشاردەوە کە زۆر لە ڕۆستۆپچین تووڕەیە، چونکە پێی وابوو ئەو ئاگرەکەی لە مۆسکۆ بەرداوە و بە کارێکی وەحشیانەشی ناو برد و وەک هەمیشە باسی ئەوەی کرد لە ڕادەبەدەر حەزی لە ئاشتەواییە و گوتیشی ئەم جەنگە لە سۆنگەی دوژمنایەتی لەگەڵ ئینگلتەرایە نەک ڕووسیا. ئینجا شانازیی بەوەوە کرد کە خانەی بێسەرپەرشتان و هەتیوان و کلێسای ئاسۆمپسیۆنی پاراستووە و گلەیی لە قەیسەر کرد کە دەوروبەرییەکانی خەڵکێکی خراپن و لێی ناگەڕێن

قەیسەر لە ویستی ئاشتیخوازانەی ئەو ئاگادار بێتەوە." ئینجا ناپلیۆن تاوێک دالّغەی ڕۆیشت و کتوپڕ پرسیی: "ئەگەر من نامەیەک بۆ قەیسەر بنووسم، ئاخۆ دەتوانم دلّنیا بم کە نامەکەی بەدەست دەگا؟ ئەگەر وابێ، من ئەمر دەکەم مۆلّەتی ڕۆیشتن بە خۆت و هەموو خزم و کەسەکەت بدرێ.

ـ من بە دلّ و گیان پێشنیارەکەی خاوەنشکۆ قبوولّ دەکەم بەلّام هیچ بەرپرسیارەتییەک ناگرمە ئەستۆم."

ناپلیۆن لە نامەیەکدا پێشنیاری ئاشتیی بۆ ئەلکساندر نارد و دایە دەست ئەیاکۆڤلۆف. ئەیاکۆڤلۆفیش بەلّێنی بە ئیمپراتۆر دا بە هەوو تواناوە هەوڵ بدا نامەکە بگاتە دەست ئیمپراتۆر. لەو نامەیەدا کە بە ڕاوێژێکی ئاشتیخوازانەوە نووسراوە، ڕستەیەکی تیدایە کە ئەستەمە ئی ناپلیۆن بێ: "من بەبێ هیچ ڕق و دوژمنایەتییەک، شەڕی خاوەنشکۆم کردووە." و سەرەڕای ئەو ڕووداوانەی قەومابوون، گۆیا ناپلیۆن دلّنیا بووە لەوەی کە ناکرێ هیچ کەس ڕقی لەو بێ و، ئەوە خۆیەتی کە بۆی هەیە لە خەلّک تووڕە بێ."

ئەم نامەیەش بێ وەلّام مایەوە. ئینجا ناپلیۆن بۆ سێیەمین جار و دواین جار هەوڵی دا خەنیمەکەی ڕازی بکا بۆ ئاشتەوایی.

ڕۆژی چوارەمی ئۆکتۆبەر، مارکی دۆلێریستۆن"ی کە پێشتر بالّیۆزی فەرەنسا بوو لە دەرباری ڕووسیا، نارده تارۆتینۆ بۆ لەشکرگەی دۆلێریستۆن. ناپلیۆن پێی خۆش بوو ئەم کارە بخاتە ئەستۆی ژەنەڕاڵ کۆلێنکۆر دووکدۆڤیسانس ـ کە ئەویش پێش لێریستۆن لە دەرباری ڕووسیادا بالّیۆزی فەرەنسا بوو ـ بەلّام کۆلێنکۆر بە بیانووی ئەوەی کە لەوانەیە بەو کارە، ڕووسەکان بزانن وەزعی سوپای فەرەنسا شپرزەیە، بۆیە پێداگرانە ویستبووی ناپلیۆن پاشگەز بکاتەوە. ناپلیۆن

چونکه ڕاهاتبوو کەس قسەی لە قسەیدا نەکاتەوە، وەک هەموو ئەو کاتانەی کە دەیزانی بەرانبەرەکەی ڕاست دەکا و پێی دەهری دەبوو، ئەمجارەش تووڕە بوو. جا چونکە لێریستۆنیش قسەکانی کۆلێنکۆری پشتڕاست دەکردەوە، ئیمپراتۆر مشتومڕەکەی ڕاگرت و ئەم فەرمانەی لێبڕاوانە دەرکرد: "من ئاشتیم دەوێ، ئاشتی، من بێ ئەملاوئەولا خوازیاری ئاشتیم. ئێوە تەنیا ئابڕووی من ڕزگار بکەن." و فەرمانی بە لێریستۆن کرد دەسبەجێ بچێتە لەشکرگەی ڕووسەکان.
بە گەیشتنی لێریستۆن بە بنکەی پێشڕەوڵەکانی ڕووسەکان، تۆفانێکی ڕاستەقینە لەشکرەکەی کۆتوزۆفی داگرت. کۆتوزۆف دەیویست بەپیر لێریستۆنەوە بچێتە بنکەی پێشڕەوڵەکان و دانوستانی لەگەڵ بکا، بەڵام ڕوون بۆوە کە لە ناوەندی فەرماندەیی لەشکرەکەیدا، خەڵکێکی لەخۆی نیشتمانپەروەرتر هەن کە بە کەوتنی مۆسکۆ زۆر لەو بریندارتر بوون. یەکێک لەوانە، ویلسۆن، ڕاوێژکارە سەربازییەکەی دەوڵەتی ئینگلیز لە سوپای ڕووسیادا و شازادە وینتزینگێرۆد پەنابەرەکەی یەکیەتیی ڕاین و دووک ڤۆرتمبێرگ و دووک ئۆلدێنبۆرگ و بەشێکی دیکە لەو بیانییانە بوون کە لەوێ بوون و تەنیا لەبەر ئیرەیی کەوتبوونە شوێن کۆتوزۆف. بنیگسۆن کە زۆری ڕق لە کۆتوزۆف بوو و لەکاتی خۆیدا قەیسەری ئاگادار کردبۆوە کە هیچ پێویست نییە مۆسکۆ بەبێ بەرگری و جەنگ چۆل بکرێ، لەگەڵ ئەوانەی دی هاودەنگ ببوو. ویلسۆن بەناوی میللەتی ڕووس و سوپای ڕووس ـ کە دیارە هەر ئەوانە نوێنەریان بوون ـ چووە لای کۆتوزۆف و بە تووڕەییەوە بە سەرلەشکری گوت، ئەگەر دەوێرێ بچێتە بنکەی پێشڕەوڵەکان و لەگەڵ لێریستۆن بکەوێتە دانوستانەوە، ئەوا ئەم سەرپێچیی لێ دەکا. کۆتوزۆف کە گوێی لەم قسانە بوو، بڕیارەکەی خۆی گۆڕی. لێریستۆنی

بانگ کردە بارەگاکەی خۆی، بەڵام دەرگای دانوستانی لەسەر ئاگربەست نەکردەوە و تەنیا بەڵێنی دا پێشنیارەکەی ناپلیۆن بگەیەنێتە ئەلکساندر.

قەیسەر وەڵامی نەداوە. ناپلیۆن هێشتا ڕێگەیەکی دیکەشی لەبەر بوو و، ئەویش ئەوەی کە شۆڕشێکی جووتیاران لە ڕووسیادا بەرپا بکا، بەڵام نەیتوانی بڕیار بدا. هەڵبەت ئەو کارەش مەحاڵ دیار بوو چونکە ناپلیۆن پاش ئەوەی نەک چالاکیی شۆڕشگێڕانە، بەڵکوو تۆزە سەربزێوییەکی جووتیارانی لیتوانیشی بەرانبەر ئاغاکانیان بێبەزەییانە سەرکوت کردبوو، ئیتر نەیدەتوانی کتوپڕ خۆی بکاتە ڕزگارکەری جووتیارانی ڕووسیا.

پاش گرتنی مۆسکۆ، چینی دەرەبەگی ڕووسیا لەوپەڕی نیگەرانیدا بوون و ڕاپۆرت بۆ ئەلکساندر دەنێردرا کە چپەچپ و باس و خواسی ئازادی نەک لە جووتیاران بەڵکوو لە نێو سەربازانیش دەبیسرێ و دەنگۆ داکەوتووە کە ئەلکساندر بە دزییەوە داوای لە ناپلیۆن کردووە بێتە ڕووسیا بۆ ئەوەی جووتیارەکان ڕزگار و ئازاد بکا، چونکە لەکەس شاراوە نەبوو کە قەیسەر خۆی لە ئاغا گەورەکان تۆقیبوو. تەنانەت لە پێترسبۆرگیش دەیانگوت ناپلیۆن کوڕی کاترینی دووەمە و هاتووە تەخت و تاجی ڕووسیا کە میراتی یاسایی خۆیەتی لە ئەلکساندر بستێنێتەوە و ئیتر پاش ئەوە جووتیارەکان ئازاد دەکا. کەسێکیشیان بەناوی شێبالین لەسەر ئەو قسانە دادگایی کردبوو. ئێمە لەسەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە ئاگادارین کە ساڵی 1812 جووتیاران چەند جارێک زۆر بە توندی لە ئاغاکانیان ڕاپەڕیون.

ناپلیۆن ماوەیەکی زۆر دڕدۆنگ بوو: جارێک کتوپڕ ئەمری دەکرد لە نێو ئەرشیڤی مۆسکۆدا زانیاری لە بارەی پۆگاچێڤەوە بدۆزنەوە ـ و شتی

واش هەر دەست نەکەوت ـ جارێک فەرمانی بە دەوروبەریەکانی دەکرد ڕاگەیەنراوی هاندەرانە بۆ جووتیارانی ڕووس دارێژن، جارێک بۆ ئۆژن دۆبۆهارنێی زرکوڕی دەنووسی، وا باشە شۆڕشێک بە جووتیارەکان بەرپا بکەی، جارێک لە خاتوونێکی فەرەنسی بەناوی مادام ئۆبێرشالمێی کە لە مۆسکۆ دووکانی هەبوو دەپرسی، ئاخۆ ڕای سەربارەت بە ئازادکردنی "جووتیارە ڕەشاییەکان" * چیە و، جارێکیش تەواو لەو پلانەی پاشگەز دەبۆوە و کۆمەڵێک شتی لەبارەی تەتەر و قەزاقەکانەوە لێ دەپرسی.

بەو حاڵەشەوە، ناپلیۆن فەرمانی دەرکرد لە ڕووداوی بزووتنەوەکەی پۆگاچێڤی ئاگادار بکەنەوە، هەر ئەوە خۆی ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو زۆر واقیعبینانە دەیزانی بێت و ڕاستەوخۆ شۆڕشی جووتیارەکان بەرپا بکا چ کاریگەرییەکی دەبێ. بڵێی و نەڵێی، خانەدانەکانی ڕووسیا زۆر لە گەمارۆی وشکانیەکەی ناپلیۆن پتر لەوە تۆقیبوون کە بتوانێ جووتیارەکان ڕزگار بکا، چونکە بە هەڵوەشاندنەویە سیستەمی "سێرواژ" کارەساتێک دەکەوتەوە، کە ئەوان لە پرۆسی پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی هۆهانزۆلۆرن درینا دیتبوویان، ئەوەش یان بەو جۆرە ڕیفۆرمە دەبوو کە شتاین و هادێنبێرگ پاش بەستنی پەیمانی ئاشتیی پرۆس لەگەڵ ناپلیۆندا "لە سەرەوەڕا" کردبوویان (ئەو چاکسازیەی کە خانەدانەکانی ڕووس بەهیچ شێوەیەک ملیان بۆ ڕانەدەکێشا) یان بە شێوەی شۆڕشێکی نوێ و سامناک کە شۆڕشی

---

* جووتیار لە سیستەمی دەرەبەگایەتیدا دوو جۆر بوون، "جووتبەندە" و "ڕەشایی". جووتبەندە خۆیان زەویوزارێکیان هەبوو کاریان لەسەر دەکرد، بەڵام ڕەشایی ئەوانە بوون کە لەسەر زەویوزاری دەرەبەگەکان کاریان دەکرد و لەگەڵ زەویوزارەکەش دەفرۆشران و دەکڕدران و لە ڕووسیا پێیان دەگوترا "موژیک". (و.ک)

گشتیی جووتیارانی ڕووسیای لێ دەکەوتەوە و ئەوان بە زەبری چەک و بە ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە کۆتاییان بە سیستەمی سێرواژ دێنا. ناپلیۆن تەنانەت نەیویست یەک هەنگاویش بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانەی بنێ. ئیمپراتۆری بۆرژواکانی ئەوروپایی تەنانەت بۆ خەبات دژی حکوومەتی تاکڕەو و دەرەبەگایەتیی ڕووسیاش پێی قبوولْ نەدەکرا "موژیکەکان" ڕاپەڕن، خۆ ئەگەر وەها ڕاپەڕینێک تاقە هیوای سەرکەوتنیش بوایە بەسەر خەنیمەکەیدا.

هەروەها ناپلیۆن جارێکیان لە کرملین هاتە سەر ئەوەی لە ئۆکرانیا شۆڕشێک لە نێو تەتەرەکاندا بەرپا بکا، بەڵام هەموو ئەو گەڵاڵانە بەلاوە نران. ئەوەش زۆر ماناداراە، کە مێژوونووسەکانی فەرەنسای ئەمڕۆ، پەسنی ناپلیۆن دەدەن لەبەر ئەوەی لە نێو خۆڵەمێشەکانی ڕووسیاشدا بەگیان و دڵ پابەند و وەفاداری بنەما کۆنەکانی کۆنەپارێزی(کۆنسەرڤاتیزم) بووە.

ئێدوارد دریو، نووسەری هەشت بەرگ کتێبی ئەستوور، کە تایبەتن بە لێکۆڵینەوە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ناپلیۆن و بەو دواییانە چاپ و بڵاو بووەتەوە، لەو بارەیەوە دەنووسێ، ناپلیۆن بەتەما بوو تەتەرەکانی قازان ڕاپەڕێنێ و بەو مەبەستەی فەرمانی کردبوو لە شۆڕشی قەزاقەکانی پۆگاچێف بکۆڵنەوە. ئەو هیچ زانیارییەکی لەسەر ئۆکراین نەبوو.... و بیری لە مازێپا دەکردەوە.... بەڵام وەڕێخستنی شۆڕش لە ڕووسیادا بە ڕای ئەو کارێکی تا بڵێی گرینگ بوو. ناپلیۆن بەبێ ترس لە نهێنیی ترسناکی لێڕەوارەکانی نەدەکۆڵییەوە. ئەو خولْقێنەری شۆڕش نەبوو، بەڵکوو کەسێک بوو کە شۆڕشی خنکاندبوو. ئەو پیاوی زەبروزەنگی و زۆرداری بوو و هەست و وارسکەی دەسەڵاتخوازی لە هیچ کەسدا هێندەی ئەو خۆی نەنواندبوو. ئەو زۆر ڕقی لە بزووتنەوە

جەماوەرییەکان بوو و لەو بوارەوە هەر ئیمپراتۆر مایەوە بەبێ ئەوەی خۆی بێنێتە ئاستی سازشکارێک.
ئەو ڕۆژەی مانگی ئۆکتۆبەر کە ناپلیۆن لە کۆشکی پێترۆفسکۆیەدا بەگومان بوو ئاخۆ فەرمانی ئازادیی مۆژیکەکان دەربکا یان نا، لەگەڵ خۆی لە شەڕ و ململانێیەکی خەستدا بوو. بۆ سەردارێکی بیست و پێنج ساڵان کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی تۆلۆنی سەرکوت کردبوو، بۆ هاوڕێی ڕۆبسپیر و پیاوێک کە ماکیزمیلیانی خۆش دەویست و تەنانەت بۆ کەسێک کە دواتر بوو بە دانەری یاسا مەدەن Yیە ناپلیۆنیەکان، ئەو بابەتە کە ئاخۆ دەبێ لێگەڕێ جووتیارەکان هەر وا یەخسیری "سالتیاکۆڤ"ـە نێر یان مێیەکان بن، ئەو بابەتە بەبێ هیچ گومانێک یەکلا دەکرایەوە. ناپلیۆن تەواو لێی ڕوون بوو کە بارودۆخی سێرواژ لە ڕووسیادا زیاتر لە کۆیلایەتیی قولەڕەشەکان دەچێ نەک وەک سێرواژی وڵاتە تاکڕەوەکانی ئەوروپای بندەستی خۆی، چونکە لە ڕووسیا تۆڕێکی سیخوڕیی بڵاو کردبۆوە و دنیایەک زانیاریی جۆراوجۆری کۆ کردبۆوە. بەڵام دەمێک بوو ئیتر ئەو سەردارە شۆڕشگێڕە نەمابوو و ئەوەی لە کۆشکی پێترۆفسکۆیەدا سەروژووری دەکرد و ئاجوودانەکانی لە بنەوە ئاگایان لە هەڵسوکەوتەکانی بوو و لە دەریای فکر و خەیاڵەکانی خۆیدا نوقم بوو، خاوەنشکۆی بەهێز و دەسەڵات، ناپلیۆن ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان و پادشای ئیتالیا و سوڵتانی بێجڵەوی هەموو وشکارۆی ئەوروپا و زاوای ئیمپراتۆری نەمسا و پیاوێک بوو، کە زۆر کەسانی بەڕێی بەر گیوتین کردبوو یان لە زیندان و ئۆردووگاکانی دوورخراوەییدا ڕزاندبوونی، کەچی ئەو کەسانەش وەک خۆی دۆست و هاوڕێی ماکزیمیلیان و ڕۆبسپیری برای

بوون و غیرەتی ئەوەیان هەبوو لەسەر بیروباوەڕەکەیان سوور و پێی وەفادار بن.
بە ڕای تاقمێک لە دەوروبەریەکانی ئیمپراتۆر، بە فەرمانێکی ناپلیۆنی جووتیارەکان لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە سەربازەکانی ئەو داگیریان کردبوون ئازاد دەبوون و هەواڵەکەشی لە نێو سەربازانی ڕووسدا کە زۆربەیان موژیک بوون و بە زۆرەملی بردبوویانەنە سەربازی بڵاو دەبۆوە و لەوانەبوو جەماوەری موژیکەکان بجووڵێنێ و پشێوی بخاتە نێو سوپا و لەشکری قەیسەرەوە و هەر نەبێ شۆڕشێکی وەک شۆڕشەکەی پۆکاچێف بەرپا بکا. لە ڕاستیدا ڕووسیا تاقە وڵاتێک بوو کە سی و پێنج، سی و شەش ساڵ پێش هێرشەکەی ناپلیۆن جەنگێکی جووتیاریی سامناکی تێدا هەڵگیرسابوو و ماوەیەکی زۆریش جارێک سەر دەکەوت و جارێک دەشکا و هەر بەردەوام ببوو و ڕاپەڕیوەکان لەو شوێنانەی تۆپخانەکەیان لە تۆپخانەی سوپای قەیسەر بەهێزتر بوو، کۆمەڵێک شاریان گرتبوو و سەرکەوتوانە پێشڕەوییان کردبوو و خاکێکی زۆریان گرتبوو و ماوەی چەندین مانگ بناغەی ئیمپراتۆریای ڕووسیایان لەرزاندبوو. ناپلیۆن تەنیا لە ڕووی بەڵگەکانی پێوەندیدار بە سێسەدساڵ لەوەپێشەوە ئاگای لە شۆڕشی جووتیارانی ئەڵمان هەبوو، کەچی لەبارەی ڕاپەڕینەکەی پۆگاچێڤەوە دەیتوانی زانیاری لەو شایەتحاڵانە وەرگرێ کە زۆریش بەتەمەن نەبوون. جگە لەوەش ژیانی جووتیارانی ڕەشایی(موژیک)ی ڕووسیا هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبوو. لەبری "سالتیچیچا، کە جووتیارەکانی بەزیندووی فڕێ دەدایە سەر پەنگر و پشکۆ، ئیسماعیلۆفەکان و کامێنسکیەکان جێیان گرتبوونەوە کە ژووری ئەشکەنجە و حەرەمسەرایان هەبوو و بازاڕی کۆیلەفرۆشیی لە چەشنی بازاڕەکانی سەردەمی کاترین لە نیژنێی

نۆقگرۆد لە باکوور و لە کرێمنچۆگ کرابوونەوە، کە لە هەموو شوێنەکانی ڕووسیاوە بۆ کڕینی کۆیلە بەتاک و کۆ دەهاتنە ئەوێ و منداڵیان لە باوەشی دایک و باوکان دەردێنا، تاقە جیاوازیەکی لەچاو ئەودەم هەبوو ئەوە بوو ئێستا سوپای فەرەنسا لە نێوەندی وڵاتەکەدا جێگیر ببوو و لەوانەبوو پاڵپشتێک بێ بۆ ڕاپەڕینی جووتیارەکان.
ئێستا ئیتر لێمان ڕوونە دوورەدیمەنی وەها ڕاپەڕینێک لە 1812دا چ ترسێکی خستووەتە دڵی خانەدانەکانی ڕووسیاوە. ئێستا ئاماژەمان بەو ورتەورت و دەنگۆیانە کرد کە لەگوندەکاندا بڵاو ببوونەوە و ئەو تەقینەوانەی لێرە و لەوێ دەکران و بێتوانایی فەرمانڕەوایانی ڕووس لە هەمبەر ئەو تۆفانەدا کە خەریک بوو هەڵدەستا. دەشزانین کە وەختێک هەواڵی کوشتارەکەی بۆرۆدینۆ و هاتنی ناپلیۆن بۆ نێو مۆسکۆ گەیشتە پیترسبۆرگ، خەڵک بە چ بێدەنگییەکی مەرگهێن پێشوازییان لە ئەلکساندر کرد، کە لەودەمەدا دەهاتە کلێساکەی قازان و ڕەنگی مردووانی لێ نیشتبوو.
ئەی چ شتێک دەست و پێی ناپلیۆنی بەستبوو؟ بۆچی ئامادە نەبوو بڕیار بدا جەماوەری بەربڵاوی جووتیارەکان بەرەولای خۆی ڕاکێشێ؟ کاتێک خۆی هۆکاری ئەوەی ڕوون کردووەتەوە، ئیتر ئێمە بۆچی مێشکی خۆمان هەڵگڵۆفین؟ ئەو زۆر دواتر گوتوویەتی کە نەیدەویست "تۆفانی ڕاپەڕینی جەماوەر بخاتە ڕێ" و، نەیویستووە دۆخێک بێنێتە گۆڕێ، کە ئیتر "هیچ کەس نەمێنێ" پەیمانێکی لەگەڵ ببەستێ. بە کورتی، ئیمپراتۆری حکوومەتە تاکڕەوەکەی بۆرژوازی، سەرەڕای هەموو ئەو شتانەش خۆی لە سەرۆکی دەوڵەتی فیۆدااڵی ڕۆمانۆفەکان ـ کە لەسەر بنەمای سێرواژ دانرابوو ـ بەنزیکتر دەزانی تا لە هێزەکانی بزووتنەوەی جووتیاری. هەروەک ئەزموونی تیلسیت دەریخستبوو، ئەو

دەیتوانی لەگەڵ یەکەمیان ئەگەر دەسبەجێیش نەبێ تۆزێک درەنگتریش بێ هەردەتوانێ خێرا ڕێک بکەوێ، کەچی قەت نەیدەتوانی لەگەڵ دووەمیان بکەوێتە دانوستانەوە. وەختێک شۆڕشگێڕە بۆرژوواییەکانی فەرەنسا لە هاوین و سەرەتاکانی پاییزی ساڵی 1789دا لە ڕاپەڕینی جووتیارە فەرەنسیەکان تۆقیبوون، ئیتر چۆن لە 1812دا ئیمپراتۆرەکەی بۆرژوازی، هەوڵ نادا ڕۆحی پۆگاچۆڤ لە گۆڕەکەی بێنێتە دەرێ؟

5

ناپلیۆن چونکە بیری هەڵگیرساندنی شۆڕشی جووتیارانی بەلاوە نابوو و، هاوکات لەوەش پاشگەز ببۆوە کە ناوەندی فەرماندەیی زستانەی خۆی لە مۆسکۆدا جێگیر بکا، دەبوایە دەسبەجێ بڕیار بدا ئاخۆ پاش بەجێهێشتنی مۆسکۆ بەرەو کام لا بچێ. ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەلکساندر پاش بێدەنگەکردن لە پێشنیار و داوا نێردراوەکانی ناپلیۆن، لەپێشدا لەڕێی تۆتۆلماین و دوای ئەو لە ڕێی ئەیاکۆڤلێڤ و ئاخرین جار لە ڕێگەی لێریستۆنەوە، خۆی لە هەموو دانوستانێک دەپاراست.
ئاخۆ هێرش بکرێتە سەر پێترسبۆرگ؟ ئەوە یەکەم فکرێک بوو بە زەینی ناپلیۆندا هات. پاش گرتنی مۆسکۆ، ترس بەسەر پێترسبۆرگدا زاڵ ببوو: خەڵک هەر لە ئێستاوە کەوتبوونە خۆپێچانەوە و ڕایان دەکرد. ماریافیدرۆڤنای دایکی ئەلکساندر، سەرەڕای ئەو هەمووە ڕق و بێزارییەی لە ناپلیۆن، لە هەموان پتر دەست و پێی خۆی لێ ون ببوو و زراوی چووبوو و دەیویست تا زووە پەیمانی ئاشتییەکە ئیمزا بکرێ. کۆنستانتینیش ئاشتیی دەویست. ئاراکچێڤیش کە زەندەقی چووبوو، زۆر

تاسەباری ئاشتی بوو و، وەڕێکەوتنی ناپلیۆن بەرەو پێترسبۆرگ ئەو ترسەی خەستتر دەکردەوە. بەڵام دەرکەوت ئەو کارە مەحاڵە.
ڕاستە کە سەربازەکان لە مۆسکۆی نیوەزیندوودا پشوویەکیان دابوو و ئاهێکیان بە بەردا هاتبۆوە و خۆیان ڕێکخستبۆوە، بەڵام بێ ئەسپییان ئەوەندە پێوە دیار بوو کە تەنانەت هێندێ لە مارشاڵەکان پێشنیاریان دەکرد بەشێک لە تۆپخانەکە بەجێ بهێڵن.
لە مۆسکۆ کا و یۆنجە دەست نەدەکەوت. جا چونکە جووتیارانی گوندە کاولکراوەکانی دەوری مۆسکۆ بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبوون ئالیف و تفاقیان بدەنێ، بۆیە ئەوان سەرەڕای ئەوی پەیتاپەیتا خۆیان دەچوونە سەر گوندەکان، کەچی هیچیان دەست نەدەکەوت. جگە لەوەش ئیتر وەرە و باری دەروونیی سوپای فەرەنسا ئەوەندە بەهێز نەبوو کە بتوانێ لەو شوێنە دوورەدەستانەی باکوور شەڕێکی تازە دەست پێ بکا. هێرشی چاوەڕوانەکراوی سوپاکەی کۆتوزۆف بۆسەر مۆرا کە لەدەم چۆمی چێرنیچیا بەرانبەر تارتینۆ چاوی بەسەر لەشکرگەکەی کۆتوزۆفەوە بوو، ناپلیۆنی ناچار کرد بەپەلە بڕیار بدات. ئەم هێرشە کە لە 18ی ئۆکتۆبەردا کرا، لە شەڕێکی ڕاستەقینە دەچوو، کە لەو سۆنگەیەوە مۆرا تا ئەوبەری گوندی سپاسکۆپلیا ڕاو نرا. ئەم تێکهەڵچوونە لە ڕاستیدا پێکدادانێکی بچووک بوو، بەڵام دەریدەخست کۆتوزۆف پاش شکانەکەی بۆرۆدینۆ بەهێزتر بووە و دەبێ چاوەڕێی پەلاماری دیکەشی بن. لە ڕاستیدا شەڕەکەی تارۆتینۆ بەپێچەوانەی ویستی کۆتوزۆف کرابوو و بنیگسۆن لە فەرماندەی گشتیی هێزەکان تووڕە بوو کە بۆچی بەگوێرەی پێویست سەربازی نەخستووەتە بەردەستی.
ئاخری ناپلیۆن بڕیارەکەی دا. بڕیارەکەی هیچ شتێکی چاوەڕوانەکراوی تێدا نەبوو، تەنانەت ئەو کاتەی کە ناچاریش ببوو لە پێشڕەوی بەرەو

پێترسبۆرگ پاشگەز بێتەوە، بڕیارەکەی زۆر بە ئاسایی لەقەڵەم دەدرا. ئەو پاش ئەوەی بەتالیۆنێکی بە دە هەزار شەڕکەرەوە بە فەرماندەیی مارشاڵ بێتریە لە مۆسکۆ بەجێ هێشت و بڕیاری دا بە باقی لەشکرەکەیەوە بە کۆنە ڕێی کالۆگادا هەڵکوتێتە سەر کۆتوزۆف. ئەو دەیزانی لەشکرەکەی کۆتوزۆف هێزی پشتیوانی بۆ هاتووە، بەڵام لەو ماوەیەدا ئەویش هێزی پشتیوانی بۆ هاتبوو و ئێستا زیاتر لە سەد هەزار سەربازی بە دەستەوە بوو کە بیست و دوو هەزاریان ئەفسەر و سەربازەکانی گاردەکەی خۆی بوون. لە 19ی ئۆکتۆبەردا فەرمانی جووڵەی دا و هەموو سەربازەکانی فەرەنسا جگە لە یەکینەکەی مۆرتیە بە کۆنەڕێی کالۆگادا کەوتنە ڕێ.

ژمارەیەکی زۆر عارەبانەی جۆراوجۆری پڕکراو لەو میوە و خۆراکانەی لە تاڵانی مۆسکۆدا بەدەست هاتبوو، بەشوێن لەشکرەکەدا دەڕۆیشتن. بێسەروبەرەیی گەیشتبووە ئاستێک کە مارشاڵ داقۆ وازی لە گوللەبارانکردنی ئەو کەسانە هێنابوو کە بە ناوی جیاجیاوە کەلوپەلی بەنرخ و گرانبایی خەڵکیان دەدزی و دەیانهێنان سواری عارەبانەکانیان دەکردن و بارەکەیان قورستر دەکرد، ئەگەرچی ئەسپیان بۆ ڕاگواستنی تۆپخانەکەشیان دەست نەدەکەوت. سوپا کە ئەم باروبنە زۆروزەوەندە دەست و پێی دەگرت، لە ڕێزێکی درێژ و نارێکدا لەبەر یەک ڕەویبۆوە. هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بە شایەتیی ئەو کەسانە بکەین کە خۆیان دیمەنەکەیان دیتوە: پاش ڕۆژێک ڕێگەبڕینی بێ ڕاوەستان، سوپا و باروبنەکەی بە جادەی کالۆگادا کە هاوکات هەشت گالسکە و عارەبانە دەیانتوانی وێکڕا پێیدا برۆن، هێشتا سەرەتاکەی لەو سەری شارەوە نەهاتبووە دەرێ.

ناپلیۆن بەو نیگا تیژ و وردبینە سەربازیەی خۆیەوە دەسبەجێ لێی ڕوون بۆوە کە بێت و کاروانەکە بەوشێوەیە بڕوا، لەوانەیە تووشی کۆمەڵێک مەترسی بێ و دەیزانی پاراستنی ئەو ڕیزە دوورودرێژە لە پەلاماری دوژمن چەندە ئەستەمە، بەڵام چونکە جارێ هەر دەیویست فەرمانەکانی دەربکا، هیچ بڕیارێکی نەدا. ئەو سوپایە ئیتر سوپاکەی جاران نەبوو. پاش ئەو هەمووە تاڵی و سوێرییە چونکە دەیزانی ئێستا لە دۆخێکی نالەبار دایە و چ تاڵی و سوێرییەکی لەسەر ڕێیە، ئەقڵ و وارسکە پێی دەگوت بۆ پاراستنی گیانی خۆی لە وڵاتێکی بێگانە و دوژمندا یەکپارچەیی و یەکڕیزییەکەی بپارێزێ، ئەگەرچی لە ڕوانگەی پیرەسەربازە فەرەنسیەکاندا ناپلیۆن هەر پاڵەوانەکەی جاران بوو، بەڵام سەربازی وڵاتە بەزیوەکان لەوانە بوو ببنە نموونەیەکی خراپ، چونکە هیچ ڕێزێکی ناپلیۆنیان لەبەر نەبوو کە لەکاری خراپ بیانگێڕێتەوە. ئەو تابووڕە لێک بڵاو و بێ سەرەتایە، ناپلیۆنی لە ڕادەبەدەر نیگەران کردبوو و لەوە خراپتر ئەوە بوو کە ئەو زانیبووی دسیپلینی سوپاکەی تێک چووە و شێواوە، لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بووبێ کە کتوپڕ ئەو نەخشەیەی چەند سەعات لەوەپێش دایڕشتبوو و بەو پێیە مۆسکۆی چۆل کردبوو، گۆڕی و لە پەلاماردانی کۆتوزۆف پاشگەز بۆوە، چونکە ئەگەر ئەو جەنگە سەرکەوتنێکی وەک بۆرۆدینۆشی لێ کەوتبایەتەوە، هیچ شتێکی لەو ئەسڵی بابەتەکە یان ئەو شتەی لەو ساتەدا ئەو پێی بنەما و ئەسڵ بوو ـ واتە چۆلکردنی مۆسکۆ ـ نەدەگۆڕی. ئەو پێشبینیی ئەوەی دەکرد کە ئەم پاشەکشەیە چ کاریگەرییەکی لەسەر ئەوروپا دەبێ و لێشی تۆقیبوو. بەڵام ناپلیۆن لەو ساتەدا کە بڕیاریدا لە تێکهەڵچوون لەگەڵ کۆتوزۆف خۆ بپارێزێ، دەسبەجێ پلانێکی دیکەی داڕشت و بەپێی ئەو نەخشەیە کۆنە ڕێگەی کالۆگای گۆڕی و بەرەو

لای ڕاست لای دا و خۆی گەیاندە جادەی بۆرۆڤسک و بە باشووری ڕۆژئاوادا و بەو گوندانەدا کە لە شەڕی گەڵ حاکمی کالۆگا بەساغی دەرچووبوون، خۆی گەیاندە سمۆلنێسک.
ناپلیۆن هێشتا لە دریژەدانی جەنگەکە پاشگەز نەببۆوە و بەتەما بوو ئەگەر لە ڕێگەی مالۆیارۆسلاڤێتز و کالۆگا تووشی هیچ کۆسپێک نەیە و بگاتە سمۆلنێسک، لەوانەیە ئەو زستانە لە یەکێک لەو دووشارە یان لە ویلنا بگیرسێتەوە یان هەر نەبێ ڕێگەیەکی دی بگرێتە بەر. بەڵام پێش هەموو شتێک دەبوایە بڕیاری لێبڕاوانە بدا کە مۆسکۆ چۆل بکا. شەوی بیستەمی ئۆکتۆبەر لە ناوەندی فەرماندەییەکەی خۆی لە ترۆیتسکۆیەوە فەرمانێکی بۆ مارشاڵ مۆرتیە نارد بۆ ئەوەی لە پاش خۆی کۆشکی کرملین بتەقێنێتەوە و خۆیشی بە هێزەکەیەوە دەسبەجێ بگاتەوە سوپا گەورەکە.
ئەم فەرمانە لەکات و ساتی خۆیدا جێبەجێ نەکرا، چونکە لە بێنەوبەردەی ئەو پاشەکشە بەهەڵپەیەدا مۆرتیە دەرفەتی ئەوەی نەبوو فەرمانەکە بەگوێرەی پێویست ڕاپەڕێنێ. ناپلیۆن جارێکیان لە وەڵامی تۆمەتێکدا کە دابوویانە پاڵی و پێیان گوتبوو کە پێشگرۆی لە زیندانداِ خنکاندووە، گوتبووی: "من هەرگیز کاری قۆڕ ناکەم." بەڵام فەرمانی کاولکردنی کۆشکی کرملین کارێکی تەواو ناشارستانی و قۆڕ و گۆیا وەڵامێک بووە بە بیدەنگەکردنی ئەلکساندر لە سێجار داواکەی ئەو بۆ ئاشتی.
بەو جۆرە سوپای فەرەنسا بەپێی فەرمانەکانی ناپلیۆن کتوپڕ لە کۆنە جادەکەی کالۆگا لای دا و ملی بە جادەیەکی تازەوە نا و ڕۆژی بیست و سێیەمی ئۆکتۆبەر سوپاگەورەکەی گەیشتە بێبۆرڤێسک. بەشێک لە سەربازەکانی دێلزۆنس مالۆیارۆسلاڤتزیان تالان کرد. کۆتوزۆف کە

نەخشە و پلانەکەی ناپلیۆنی خوێندبۆوە، بڕیاری دا جادە تازەکەی کالۆگای لێ بگرێ. بەرەبەیانی 24ی ئۆکتۆبەر ژەنەڕاڵ دۆختۆرۆف و پاش ئەو ڕایۆیسکی پەلاماری شاری مالۆیارۆسلاڤێتزیان دا کە لە شەوی پێشووەوە بەدەست دێلزۆنسەوە بوو. چونکە هێزەکان هەر دەهاتن و لە شەڕگەکەدا پتر کۆدەبوونەوە شەڕێکی خوێناوی هەڵگیرسا کە هەتا ئێوارێی خایاند و تێیدا هەشت جاران مالۆیارۆسلاڤێز دەستاودەست کرا هەتا ئەوەی کەی دواجار بەدەست فەرەنسیەکانەوە مایەوە، بەڵام زیانی هەردوولایان زۆر قورس بوو. فەرەنسیەکان هەزاریان لێ کوژرابوو و لەو شارەدا کە ببووە کۆگایەکی خۆڵەمێش، سەدان سەربازی ڕووسی و فەرەنسی لە بڵێسەکانی ئاگردا گیانیان دابوو و ژمارەیەکی زۆریش بریندار هەر بە زیندوویی سووتابوون. سبەینێکەی کەڕەی بەیانی ناپلیۆن لە کاتێکدا لەگەڵ یاوەرانی خۆی لە گوندی گرۆدنیا دەچووە دەرێ بۆ ئەوەی بزانێ شوێن و سەنگەری ڕووسەکان لە کوێیە و چۆنە، کتوپڕ دەستەیەک قەزاق بە شمشێرەوە پەلاماری سوارەکانی ناپلیۆنیان دا. دوو کەس لە مارشاڵەکانی گەڵ ناپلیۆن "مۆرا و بێسیبرێز" و ژەنەڕاڵ ڕاپ و چەند ئەفسەرێک ئیمپراتۆریان لە نێوان خۆیان گرت و بوون بە قەڵغانی. سوارچاکی چەکسووکی پۆلۆنی و ڕاوچییەکانی سوارەی گاردی ئیمپراتۆر بە لینگدان گەیشتنە یارمەتییان و ئیمپراتۆر و یاوەرەکانیان ڕزگار کرد. مەترسیی مەرگ یان یەخسیرکردنیان ئەوەندە بوو، کە ئەقڵ نایبڕێ ئەو زەردەخەنەیەی تا ڕەوینەوەی مەترسییەکە هەر لەسەر لێوی ئیمپراتۆر بووە شتێکی سروشتی بووبێ، بەڵام هەموویان ئەو زەردەخەنەیەیان دیتبوو و ئەو ڕۆژە و زۆر دواتریش زۆر بە تاوخوێوە باسیان دەکردەوە: جا گۆیان ئیمپراتۆر بۆیە پێدەکەن. شەوێ دکتۆر ئیڤانی

پزیشکی گاردی بانگ کرد و ئەمری کرد ژەهرێکی توندی بۆ بکاتە کەپسوولەحەب، بۆ ئەوەی ئەگەر جارێکی دی کەوتەوە مەترسیی یەخسیربوون، بیخوا.
ناپلیۆن پاش ئەوەی شوێنی ڕووسەکانی هەڵنا و ورد تاوتوێی کرد، ئەنجومەنێکی جەنگیی لە گرۆدنیا پێک هێنا. بە ڕوالەت شەڕەکەی مالۆیارۆسلاڤێتز سەلماندبووی کە ئەگەر ناپلیۆن نایەوێ شەڕێکی دیکەی وەک بۆرۆدینۆ بکاتەوە، ئەوا ڕووسەکان خواخوایەکیانە بیکەنەوە و ئیمپراتۆریش بەبێ وەها جەنگێک ناتوانێ ڕێگەی خۆی بەرەو کالۆگا بکاتەوە.
ئەنجومەنەکەی جەنگ بە هاودەنگی ئەم بۆچوونەیان پشتڕاست کردەوە و ئاخریەکەی ناپلیۆن خۆیشی لەگەڵیان هاوڕا بوو، چونکە فەرەنسیەکان ئیتر نەدەبوو بیر لە جەنگێکی گشتی بکەنەوە، ناچار دەبوو دیسان ڕێگەی سمۆلنێسک بگرنەوە بەر کە بەتەواوی تێک درابوو، بۆیە هەتا ڕووسەکان شاری بێ بەرگریی مۆژائیسکیان لێ نەگرتبوون و هێشتا ڕێگەی پاشەکشەی فەرەنسیەکانیان تەواو نەگرتبوو، دەبوایە بەوپەڕی خێرایی پاشەکشە بکەن. ناپلیۆن پاش کۆکردنەوەی ئەفسەرەکانی لەپێشدا بەتەما بوو پێیان ڕابگەیەنێ کە جارێ بڕیاری لێبڕاوانە نادا و بە ڕای ئەو جارێ پێویستە شەڕێک لەگەڵ کۆتوزۆف بکرێ و بە زەبر و شەڕ ڕێگەی کالۆگا بکەنەوە. ئاخری لە 26ی ئۆکتۆبەردا کاتێک ناپلیۆن ئاگادار کرایەوە کە ڕووسەکان سوارچاکانی پۆنیاتۆڤسکیان لە شاری مێدین دەرپەڕاندووە، ئیتر گومانەکانی تەواو ڕەوینەوە.
ئەو پاش شەڕەکەی مالۆیارۆسلاڤێتز بڕیاری دابوو کە بەبێ ئەوەی زۆر بۆ ناپلیۆن بێنێ، لێی گەڕێ پاشەکشە بکا. کاتێک بێگانە ئینگلیز و ئەڵمانییەکان کە بە ئەمری ئەلکساندر و بۆ سیخوڕی لەسەر

کاروکردەوەی فەرماندە گشتییەکان هێنرابوونە ناوەندی فەرماندەیی کۆتوزۆف، بەردەوام ئەو فەرماندەیەیان بێزار دەکرد و تۆمەتی بێجوولّەیی و دەستەوستانیان لێ دەدا، ئەو کتوپڕ چنگ و چنجڕووکی لێ ڕاست دەکردنەوە و تێی دەگەیاندن کە مەبەستیان چیە و دەیگوت دەزانم بۆچی تۆقیون لەوەی جەنگی ڕووس و ناپلیۆن "بەر لە کاتی خۆی" ببڕێتەوە.

6

ڕۆژی بیست و حەوتەمی ئۆکتۆبەر، سوپا لە بۆرۆڤسکەوە و بە ڕێگەی ڤێرێیا و مۆژائیسک و دۆرۆگۆبۆژێ و دواجار سمۆلنێسکدا پاشەکشەکەی خۆی دەست پێ کرد. تابووری سەربازەکان لە ڕادەبەدەر دووڕودرێژ و باریک ببۆوە و ناپلیۆن فەرمانی کرد هەموو گوند و شارۆچکە و مزلّەکانی سەر ڕێگەیان بسووتێنن. هەلّبەت لە مۆژائیسکەوە، ئیتر شوێنێک نەمابوو بۆ سووتاندن، چونکە هەموو ئاوەدانییەکانی ئەو ناوچەیە پێش جەنگی بۆرۆدینۆ بە شێوەیەکی سامناک کاول کرابوون. شاری مۆژائیسک زیندەوەری تێدا نەمابوو و جگە لە گردێکی خۆلّەمێشی هەر هیچی لێ نەمابۆوە. کە بە شەڕگەکەی بۆرۆدینۆدا تێدەپەڕین و دەیاندی هێشتا تەرمی سەربازە فەرەنسیەکان کەوتوون و خەریکن دادەڕزێن و کەس مشووری کۆکردنەوە و شاردنەوەی نەخواردوون، ناپلیۆن فەرمانی کرد هەنگاویان خۆشتر بکەن بۆ ئەوەی زۆر خێرا لەو ناوچەیە دوور بکەونەوە چونکە دەیزانی ئەو دیمەنە سامناکانە کاری خراپ دەکاتە سەر وڕە و باری دەروونیی سەربازەکانی، بەتایبەتی کە ئێستا دەیانزانی شەڕەکەیان دۆڕاندووە.

لە 30ی ئۆکتۆبەردا کاتێک گەیشتنە گژاتێسک، یەکەم سەرمای زستان هەڵیکرد و ئەوش چاوەڕوانەکراو بوو، چونکە بە پێی ئەو زانیارییانەی ناپلیۆن کۆی کردبوونەوە، لە ساڵی 1811دا پێش هێرشەکەی ئەو، سەرما و تۆف و بەندی ئەم ناوچەیەی ڕووسیا هەتا کۆتایی دێسەمبەر هەڵینەکردبوو. زستانی ساڵی 1812 زووتر لە کاتی خۆی دەستی پێکرد و زۆر توند بوو. کۆتوزۆف پێ بە پێی وەدووی خەنیمەکەی دەکەوت. قەزاقەکان تابووری فەرەنسیەکانیان وەزاڵە هێنابوو. لە پێش ڤیازما سوارچاکی ڕێکوپێکی ڕووس هێرشیان کردە سەر سوپای فەرەنسا، بەڵام کۆتوزۆف سەرەڕای ئەوەی بەردەوام لە هەموو لایەکەوە دنەیان دەدا، خۆی لە بەرەنگارییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ دوژمن دەپاراست.
لەڕوانگەی ئەو کۆنە سەربازەوە ئامانجەکە هەر ئەوە بوو ناپلیۆن لە خاکی ڕووسیا بکرێتە دەرەوە، کەچی بە ڕای ویلسۆن و دارودەستە ئەڵمانییەکەی و پەنابەرە فەرەنسیەکان کە لە دەوری کۆ ببوونەوە، گەڕانەوەی ناپلیۆن نەک کۆتایی گێچەڵەکە بەڵکوو دەسپێکی بوو، چونکە ئامانجی ئەوان ئەوە بوو ناپلیۆن بۆ تاهەتایە لەکۆڵ بکەنەوە و ئاسوودە بن و ئەوەش تەنیا بەبێ شکاندنی یەکجارەکی یان یەخسیرکردن یان کوشتنی ئەو مەحاڵ بوو. بە ڕای ئەوان ئەگەر وا نەکرێ، هیچ گۆڕانێک لە ئەوروپادا ناکرێ و ناپلیۆن هەروا فەرمانڕەوای فەرەنسا تا چۆمی نیەمێن دەبێ. بەڵام ئەمجارە کۆتوزۆف گوێی نەدانێ.
وردەوردە کە بەستەڵەک و وەیشوومەی سەرما تووندتر دەبوو و قەزاق و پارتیزانەکان ـ فیگنەر و سسلاڤین و داڤیدۆڤ ـ پەیتاپەیتا هەڵیاندەکوتایە سەر باروبنەی فەرەنسیەکان و هێرشەکانیان جار بە بەزەبرتر دەبو، سوپای فەرەنسا بەشێوەیەکی کارەساتبار بڕستی لێ دەبڕا، هەتا وای لێهات، کاتێک لە شەشی نۆڤەمبەردا گەیشتنە

دۆرۆگۆبۆژێ، ئەو سەربازانەی مابوون و چەکیان پێ هەڵدەگیرا، لە پەنجاهەزار کەس تێنەدەپەڕین.
ناپلیۆن سەختی و تاڵی و سوێرییەکانی پاشەکشەکەی وەسەرخۆی نەدێنا و وەک جاران هەوڵی دەدا لە ڕووی ورە و باری دەروونیەوە نموونە و سەرباشقەیەکی باش بێ بۆ سەربازەکانی. بە گۆچانێکەوە چەندین سەعات بەپێیان ڕێگە پڕ بەفرەکانی دەبڕی و سەربازەکانی دەوروبەری خۆی دەدواند. هێشتا نەیدەزانی ناوەندی زستانیی لەشکرەکەی لە سمۆلنێسک دابنێ یان لە شوێنێکی دی، تەنانەت لێی ڕوون نەبوو ئاخۆ لە شارەکەدا زۆر دەمێننەوە یان کەم، بەڵام لە دۆرۆگۆبۆژێ هێندێ هەواڵی لە فەرەنساوە پێ گەیشت، کە مکوڕی کرد دەسبەجێ سمۆلنێسک بەجێ بهێڵێ.
لە ڕاستیدا ئەو هەواڵانە ئەوەندە چاوەوڕوانەکراو بوون، کە ناچار پەیکێکیان لە پاریسەوە ناردبووە دۆرۆگۆبۆژێ بۆ ئەوەی ناپلیۆنیان لێ ئاگادار بکاتەوە: ژەنەڕاڵ مالێ، یەکێک لە کۆنە کۆماریخوازەکان کە دەمێک بوو لە پاریس بەند کرابوو، توانیبووی لە زیندان ڕا بکا و خۆی گەیاندبووە سەربازگەیەک و بە سەربازەکانی گوتبوو ناپلیۆن لە ڕووسیا مردووە. ئینجا فەرمانێک کە خۆی ساختەی کردبوو، بەناوی فەرمانی سەنات بۆیان دەخوێندەوە بەو مانایە کە حکوومەتی کۆماری ڕاگەیەنراوە، ئینجا ساقاریی وەزیری پۆلیس دەگرێ و بە دەمانچە وەزیری جەنگیش دەکوژێ. پشێوییەکە دوو سەعاتی خایاندبوو، تا دەمامکی فێڵ و گزە لە ڕوخساری لادەچێ و ئاشکرا دەبێ و ئینجا دەیگرن و لە دادگایەکی سەربازیدا دادگایی دەکەن و دەسبەجێ لەگەڵ یازدە کەسی دیکە لەبەر ئەوەی بڕوایان بە فەرمانەکەی کردبوو

گوللەبارانی دەکەن، لە حاڵێکدا مالێ لە زیندان هەر خۆی ئەم پیلانە دادەڕێژێ.
ئەو ڕووداوە سەرەڕای سەیروسەمەرەبوونەکەی، زۆر کاری لە ناپلیۆن کرد و ئەو هەستی کرد کە پێویستە لە پاریس بێ. لە پێشدا لە دۆرۆگۆبژێ و ئینجا لە سمۆلنێسک کە لە 9ی نۆڤەمبەردا گەیشتبووە ئەوێ ئاگادار کرایەوە کە چیچاگۆف بە لەشکرێکی ڕووسیەوە تازە لە تورکیاوە گەڕاوەتەوە و ئێستا ڕکێفکوت بەرەو بڕێزینا دێ. ئینجا ئاگاداریش کرایەوە کە شازادە ئۆژن لە قوونەشەڕەکانی خۆیدا لەگەڵ قەزاقەکان زیانێکی قورس و گورچوبڕی لێ دراوە و لەوەش ئاگادار بۆوە کە یەکەکانی سوپای ویتگێنشتاین شاری ویتبێسکیان داگیر کردووە. ئیتر نابێ بیر لەوە بکاتەوە لە سمۆلنێسک بمێنێتەوە و دەبێ بەر لەوەی ڕووسەکان ڕێگەی گەڕانەوەی لێ ببڕن، بە زینوێی بڕێزینادا بپەڕێتەوە ئەگینا خۆی و پاشماوەی سوپاکەی مەترسیی یەخسیربوونیان لەسەرە.
سەرماکە ڕۆژ بە ڕۆژ سەختتر دەبوو. سەربازەکان کە لە سمۆلنێسک دەهاتنە دەرێ، ئەوەندە کز و لاواز ببوون ئەژنۆیان دەنووشتاوە و نەیاندەتوانی هەستنەوە و لەوێ دەبوونە سەهۆڵ. جادەکە پڕ بوو لە تەرمی سەربازان. کەمتەرخەمییان کردبوو و لە مۆسکۆ بەبێ دابینکردنی جلی زستانی هاتبوونە دەرێ. ناچار بەشێکی زۆر لە چەک و تەقەمەنی و تۆپخانەکەیان بەجێ هێشت و لیواکانی سوارە بەبێ ئەسپ مانەوە، چونکە ئەسپەکانیان وەک مێش و مەگەز بەلادا دەهاتن.
پارتیزان و قەزاقەکان ڕۆژ بە ڕۆژ چاوقایمتر دەبوون و پەلاماری پاشکۆ و ئەو یەکینانەیان دەدا کە لەپشتەوەڕا دەهاتن و دەیانویست بگەنەوە سوپاکە. وەختێک لە سمۆلنێسک هاتنە دەرێ زیاتر لە سی و

شەش هەزار کەس وەڕێ کەوتبوون، جگە لەو چەند هەزار کەسەی لە دواوە مابوون و وردە وردە دەگەیشتنەوە سوپا، هەر سی و شەش هەزار کەسی پێ مابوو. ئینجا ئەو بڕیارەی کە لەکاتی هاتنەدەر لە مۆسکۆ نەیدابوو، لێرە دای و فەرمانی کرد هەموو عارەبانە و کەلوپەلەکان بسووتێنن بۆ ئەوەی بتوانن تۆپەکان بەدووی خۆیاندا ڕاکێشن. ڕۆژی 16ی نۆڤەمبەر ڕووسەکان لە کراسنۆئێ هێرشیان کردە سەر لەشکرەکەی ئۆژن دۆبۆهارنێ و زەبرێکی گورچوبڕیان لێ وەشاند. بۆ سبەینێ شەڕەکە دیسان دەستی پێ کردەوە. فەرەنسیەکان پاشەکشەیان پێ کرا. لە حاڵێکدا هەر لەو دوو ڕۆژەدا زیاتر لە 14000 کەسیان لە دەست دا کە 5 هەزاریان کوژرابوون یان بریندار ببوون. باقی چەکیان دانابوو و خۆیان ڕادەست کردبوو. بەڵام ڕووداوەکەی کراسنۆئێ هەر بەوەندە نەبڕایەوە، نێی کە پێوەندیی لەگەڵ سوپا گەورەکەدا پچڕابوو و زیانێکی زۆریشی بەرکەوتبوو (لە 7ی هەزار کەس، هەر سێ هەزاری پێ مابوو) لە دەم چۆمی دنیپێر کەوتە گەمارۆی هەموو لەشکرەکەی کۆتوزۆفەوە. ئەو لە نیوەشەوێدا توانیی بە باکووری کراسنۆئێدا بەسەر سەهۆڵێکی ناسکدا لە چۆمەکە بپەڕێتەوە و لەو پەڕینەوەیەشدا زۆر سەربازی کەوتنە نێو ئاوەکە و خنکان: مارشاڵ نێ، خۆی لەگەڵ کۆمەڵێک سەرباز ساغ و بێوەی لە ئۆشا گەیشتنەوە سوپاکەی ناپلیۆن.

ناپلیۆن بە هەموو تواناوە هەوڵی دەدا ڕێکی و دیسیپلینی سەربازییەکەی بپارێزێ و خۆراک و تفاقیان بۆ دابین بکا، بەڵام بەگوێرەی پێویست هێڵی پێوەندییەکەی لەلای مینسکەوە نەپاراستبوو. لە دۆبرۆڤکا تێگەیشت کە ئەو پۆلۆنیانەی لەسەرتای جەنگەکەوە پاراستن و چاودێری مۆهیلێڤ و مینسکیان پێ ئەسپێردرابوو، ئەرکەکەی خۆیان

بەتەواوی ڕانەپەڕاندووە: ژەنەڕاڵی پۆلۆنیایی دێمرۆڤسکی کە فەرمانی پێ کرابوو بەرەو بۆریسۆڤ بڕوا، یارمەتیی ژەنەڕاڵ برۆنیکۆڤسکیی نەدابوو و لە ئاکامدا مینسک لە 16ی نۆڤەمبەردا کەوتبووە دەست چیچاگۆڤەوە. ڕووسەکان لەو شارەدا ژمارەیەک زۆر عەمباری خۆراکیان دۆزیبۆوە کە ماریێ و دووک باسانۆ بە ئەمری ناپلیۆن کۆیان کردبۆوە و ئیمپراتۆر پشتی زۆر بەوان گەرم بوو. سەهۆڵەکان وردە وردە دەتوانەوە.

سەرماکە تاقەتبڕ بوو. لە کەناری چۆمی دۆینا لە باکوورەوە، وێتگێنشتاین کە مارشاڵ ئۆدینۆ و مارشاڵ وێتکۆر نەیانتوانیبوو پێشی بگرن، بەرەو بڕێزینا پێشڕەویی دەکرد. چیچاگۆڤیش لە باشوورەوە لە پێشڕەویدا بوو و ڕۆژی 22ی نۆڤەمبەر پاش ئەوەی دەمبرۆڤسکیی لە بۆریسۆڤ دەرپەڕاند، خۆی چووە نێو شارەکەوە.

کە ناپلیۆنیان لەوە ئاگادار کردەوە، ڕەنگی بە ڕوخسارەوە نەما. قەزاقەکانی پلاتۆف و یەکەکانی ئێرمۆلۆف کە پەشقەڕەوڵی کۆتوزۆف بوون، ڕێگەی یەک دوو ڕۆژیان مابوو بگەنە ناپلیۆن، کەوابوو مەترسیی گەمارۆدران و بەیەخسیرگیران کەوتبووە سەر فەرەنسیەکان. ناپلیۆن دەسبەجێ فەرمانی کرد شوێنێک لە چۆمەکەدا بدۆزنەوە کە بکرێ پردی لێ هەڵبەستن.

بۆریسۆف بە پردێکی جێگیر بەوبەری چۆمەکەوە بەسترابۆوە و، کاتێک ناوەندی گشتیی فەرماندەیی ئیمپراتۆر ئاگادار کرانەوە کە ئەو پردە تێک دراوە، کەسانی هەرە ئازا و بە جەرگیشیان زراویان چوو. بەڵام ناپلیۆن زوو بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی ژەنەڕاڵ کۆرببینۆ بڕیاری دا لە شوێنی ستۆدیانکا لە باکووری بۆریسۆفەوە کە نێزەوەشێنە پۆلۆنیاییەکان دەراوێکیان لەوێ دۆزیبۆوە، لە چۆمی

بڕێزینا بپەڕنەوە. بەرینایی ئەو دەراوەی بڕێزینا 25 مەتریش نابێ، بەڵام هەر دوو کەنارەکەی قوڕ و لیتەیە، بەشێوەیەک کە ناچار بوون پردێکی بەسەردا لێ بدەن، سێ هێندەی بەرینایی چۆمەکە. ناپلیۆن زیرەکانە چیچاگۆفی خەڵەتاند، یانی وای نواند کە سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتەکان دەیەوێ لە برۆیسۆفەوە لە چۆمەکە بدا. ڕۆژی 23ی نۆڤەمبەر، مارشاڵ ئۆدینۆ کۆنت پاڵنی کە فەرماندەی پێشقەڕەوڵی چیچاگۆڤ بوو تێک شکاند و تا بۆریسۆف ڕاوی نا و چیچاگۆفیشی ناچار کرد شاری بۆریسۆف بەجێ بهێڵێ کە تازەی گرتبوو. بەڵام چیچاگۆڤ لە وێتگێنشتاین نزیک بوو بە ڕکێفکوت بەرەو باکوور دەهات. ناپلیۆن نە دەیویست و نە دەشیتوانی لەو شوێنەی چۆمەکەوە بپەڕێتەوە. ناچار بە کۆمەڵێک خۆڕانانی لێهاتوانە و لێزانانە توانیی چیچاگۆڤ وا تێبگەیەنێ کە هەر لە بۆریسۆف یان خوراووی شارەکەوە لە چۆمەکە دەپەڕێتەوە، کەچی خۆی سەرلەبەیانیی ڕۆژی 26ی نۆڤەمبەر لە ستۆدیانکا بوو.

وەستای پردسازی فەرەنسی دەسبەجێ دەستیان پێ کرد و لە حاڵێکدا لە نێو قارچکارە سەهۆڵدا هەتا نێوقەدیان لەئاودا بوو، توانیان دوو پردی لۆتکە(قایق)یی بەسەر چۆمەکەدا هەڵبەستن و تاوێک دوای نیوەڕۆ یەکەکانی ئۆدینۆ دەستیان کرد بە پەڕینەوە لە بڕێزینا. لە ڕۆژانی 26 و 27دا پەڕینەوە. ئەو ڕووسیانەی لە بەری ڕاستی چۆمەکەوە جێگیر کرابوون، هەوڵیان دا لە شوێنی دەراوەکە هێرش بکەنە سەر فەرەنسیەکان، بەڵام سەربازەکانیان کە ژەنەڕاڵ چاپلیتز فەرماندەیان بوو، کەوتنە بەر هێرشی سوارەی زرێپۆشی گاردی ئیمپراتۆری و پاشەکشەیان پێ کرا. وێتگێنشتاین درەنگ گەیشتە شەڕگەکە. چیچاگۆڤ کڵاوی ناپلیۆنی چووبووە سەری و پاشماوەکەی سوپای فەرەنسا لە

مەترسیی یەخسیرکران ڕزگار بوو. ژەنەڕاڵ ئاپۆختین، یەکێک لە میژوونووسە سەربازییەکانی ڕووس لەم بارەیەوە دەڵێ:
"بە هیچ شێوەیەک نابێ سەرداڕە لێنەهاتووەکانی وەک چیچاگۆف و وێتگێنشتاین سەرکۆنە بکەین کە بۆچی نەتانوێراوە بەتەنیایی بەرەنگاری ناپلیۆن ببنەوە."
بە ڕێکوپێکی دەپەڕینەوە و سوپای فەرەنسی لەوبەری ڕووبارەکە هیچ مەترسییەکیان لەسەر نەبوو، کەچی لەناکاو 14000 سەربازی بەجێماو لە تابوورەکە کە قەزاق سەریان لەدوونابوون، هروەژمیان بۆ پردەکە هێنا بپەڕنەوە. ئەو ئاپۆڕایە، کە ترسێکی ئەژنۆشکێنیان لێ نیشتبوو، بێسەروبەر خۆیان بە پردەکاندا دا، بەڵام دوا یەکەکانی مارشاڵ ڤیکتۆر کە بەڕێکوپێکی دەهاتن و هێشتا لە پردەکە نەپەڕیبوونەوە، بە زەبری سەرەنێزە کشاندیاننەوە. کۆتوزۆف کە قەزاقەکان ئاگاداریان کردبۆوە لەوەی ناپلیۆن بە دەراوی ستۆدیانکادا خەریکە لە چۆمی بریزینا دەپەڕێتەوە، دەسبەجێ چچیاگۆفی ئاگادار کردبۆوە. لەو دەمەدا ئەو پردەی تۆپخانەکەی بەسەردا دەپەڕێنراوە، شکا. پردسازەکان بەپەلە هەڵیانبەستەوە. ئەگەر چیچاگۆڤ تۆزێک زیرەک بوایە، کارەساتێکی قەرەبووهەڵنەگر دەقەوما، بەڵام ئەو بە ئانقەست یان بە هەڵە، زۆر درەنگ یانی وەختێک گەیشتێ، کە ناپلیۆن بە پاشماوەی سەربازەکانیەوە گەیشتبووە ئەوبەری چۆمەکە. بەشی هەرە زۆری بەجێماوەکان (10هەزار لەو 14هەزارەی) کە بە زەبری سەرەنێزەی سەربازەکانی مارشاڵ ڤیکتۆر لە پردەکە دوور خرابوونەوە، لە کەنارەکە بەجێ مان و زۆربەیان بە دەستی قەزاقەکان کوژران و بەشێکیشیان بەدیل گیران. هەر سەربازەکان پەڕینەوە، ناپلیۆن فەرمانی کرد پردەکان بسووتێنن، بێت و ئەو فەرمانەی نەکردبایە، لەوانەبوو سەربازە

بەجێماوەکانیش توانیبایان خۆیان ڕزگار بکەن. بەڵام هەلومەرجە سەربازییەکە وای دەخواست کە ڕووسەکان لە ئامرازی پەڕینەوە بێبەری بکرێن و گیانی دە هەزار بەجێماو، نەبووە لەمپەر کە ناپلیۆن ئەم فەرمانە دەرنەکا. ئەو تەنیا ئەو کەسانەی بەلاوە بەسوود بوو کە دیسیپلین و ڕیزەکانیان نەدەشێواند، ئەوانەی بەسەرباز نەدەزانی کە وەک میگەل ڕێیان دەبڕی و بە هەر بیانوویەک بەجێ دەمان، جا بەهۆی نەخۆشی بوایە یان لەگۆچوونی دەست و پێیان. ناپلیۆن تەنیا وەختێک ئاوڕی لە نەخۆش و بریندارانی دەداوە، کە ئەو ئاوڕدانەوەیە زیانێکی بە شەڕکەرەکانی دی نەگەیاندبایە. لەوەشدا پێویست بوو دەسبەجێ پردەکان بسووتێنرێن و ئەویش بەبێ درەنگی سووتاندنی.

بە ڕای ئیمپراتۆر و مارشاڵەکانی و بە بۆچوونی زۆر میژوونووسی سەربازیی کۆن و نوێ، پەڕینەوە لە ڕووباری بریزینا یەکێکە لە شاکارە سەربازییەکانی ناپلیۆن. دەستەیەکی دیکە، ئەو هەڵکەوتە باشە بەتایبەتی بە بێمێشکیی چیچاگۆف و وێتگێنشتاین و ئەو بێسەروبەرییەوە دەبەستنەوە کە ئەلکساندر دروستی کردبوو: با ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ئەلکساندر بەبێ ڕاوێژ و تەگبیر بە کۆتوزۆف، لە پێترسبۆرگ نەخشەیەکی گەمارۆدانی ناپلیۆنی بۆ ژەنەڕاڵەکان ناردبوو، کە کۆتوزۆف بە شتێگی گەمژانەی لەقەڵەم دا. خارکێڤیچ، میژوونووسی سەربازیی ڕووسی لە 1894دا ناميلکەیەکی تایبەتی لێکۆڵینەوەی بەناوی "بریزینا" دەرکردووە، کە ئێستاش بە یەکێک لە لێکۆڵینەوە نموونەییەکان دادەنرێ. ئەو لە دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێ، کۆتوزۆف نەیویستووە پلانەکەی ئەلکساندر جێبەجێ بکا و بە ئانقەست پەلەی نەکردووە کە بگاتە بریزینا، لە حاڵێکدا هەموو دەرەتانێکی لەبەر دەست بووە لە کاتی گونجاودا بگاتێ. تاوتوێکردنی وردی بەڵگەنامە

بەجێماوەکانی چیچاگۆڤ و ئێرمۆلیێف و دێنیس داڤیدۆف و کۆتوزۆف، منی هێنایە سەر ئەو ئەنجامەی کە زۆر ئەستەمە بتوانی بۆچوونەکەی خارکێڤیچ ڕەد بکەیەوە. خارکێڤیچیش وەک ئاپۆختین لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ترس و زەندەقچوون لە ناپلیۆن، وێتگێنشتاین و چیچاگۆڤی وەها لەدەست و پێ خستبوو، کە ئەوەی دەبوایە بیکەن، نەیانکرد.
لەلایەکیشەوە خارکێڤیچ مانۆڕ و خۆڕانانەکانی ناپلیۆن بەشتێکی تەواو بەجێ و دروست لەقەڵەم دەدا.
هەرچۆنێک بێ، پاشماوەکەی سوپای مەزنی فەرەنسا ڕزگار بوو و بەرەو ویلنا ملی ڕێی گرت. بەڵام توانەوەی کاتیی سەهۆڵەکان کە فەرەنسیەکانی ناچار کردبوو پردێک بەسەر بڕێزینادا هەڵبەستن، کتوپڕ بوو بە سەرما و بەستەڵەک. سەرماکە گەیشتە 15 پلەی خوار سفر و ئینجا 20 و 26 و 28 و، دە کەس دە کەس و سەد سەد سەرباز دەکەوتن. ئەوانەی مابوون، خۆیان دەپاراست نەکا بەر مردوو یان نیوەزیندووان بکەون، ئینجا دیسان ڕیزەکانیان وێک دێناوە و ملی ڕێگەیان دەگرتەوە. ئەوان لە هەموو ماوەی پاشەکشە شومەکەدا، قەت تووشی وەها سەرما و وەیشوومەیەک نەببوون. کۆتوزۆف پێ بە پێ بەدوویانەوە بوو. سەربازەکانی ئەویش ئەگەرچی جلوبەرگیان لە ئی فەرەنسیەکان باشتر بوو، بەڵام لە سەرما وەزاڵە هاتبوو. هەر ئەوەندە بەسە بڵێین، کاتێک کۆتوزۆف پاش جەنگی بۆرۆدینۆ سەربازەکانی خۆی بەهێز کردبۆوە و لە مانگی ئۆکتوبەردا لەپێشدا لە تارۆتینۆوە چووبووە مالۆیارۆسلاڤێتز و ئینجا سەری لەدووی ناپلیۆن نابوو، زیاتر لە 97000 شەڕکەری پێ بوو، لە حاڵێکدا لە نیوەی مانگی دیسەمبەردا کەمتر لە 27000 سەربازی لەگەڵ خۆی هێنایە ویلنا. لە 662 تۆپیش کە تارۆتینۆ پێی بوو، لە ڕێگە 425 تۆپی لەدەست دابوو. بەشێوەیەک

که له ویلنا له 200 تۆپی زیاتر بەدەستەوە نەمابوو. ئیتر ئەوە بوو کۆیرەوەری و نەگبەتییەکانی ئەو پاشەکشە بێبڕانەوەیە لە زستانێکی وەها تووش و سەختدا کە لەوێنەی نەبووە.
پێویستە ئەوەش بڵێین کە ناپلیۆن تەنیا زەندەقی لەوە چووبوو کە نەکا کۆتوزۆف بە هەموو هێزەکەیەوە هێرشی بکاتە سەری. ڕاستە قەزاقەکان بە تاڵانکردنی باروبنەی سوپای فەرەنسا و وەزاڵەهێنانی پاشکۆپارێزەکانی، تەنگیان پێ هەڵچنیبوون، بەڵام ئیتر دیارە قەزاقەکان بەتەنیایی نەیاندەتوانی شەڕێکی قورس لەگەڵ سوپای فەرەنسی بکەن. ئەوان لە کراسنۆیە دەوریێکی گرینگ بەڵام یارمەتیدەرانەیان گێڕابوو. هەڵبەت فەرەنسیەکان هێندەی لە قەزاقەکان تۆقیبوون ئەوەندە لە پارتیزانەکان نەدەترسان. ئەوان دەستە و تاقمی چەند کەسێک، بۆ وێنە داروودەستەی داڤیدۆف، ئینگنەر و دۆرۆخۆف و سێسلاڤین و ڤادبۆسکی و کۆداشۆف و دوو سێ کەسی دیکە بوون. فەرەنسیەکان هێندەی لە دەستە و گرووپە ڕێکخراوەکان دەترسان ئەوەندەیان حیساب بۆ ئەوان نەدەکرد و کەسیشیان لێ یەخسیر نەدەکردن، بەڵکوو دەسبەجێ گوللەبارانیان دەکردن. پارتیزانەکانیش هەر وایان دەکرد و پێیان باش بوو ئەو دوژمنەی دەکەوێتە بەرچنگیان، دەسبەجێ بیکوژن. دەیانگوت فیگنەر لە هەموو سەردەستەکانی دیکە زاڵمتر و خوێنڕێژترە. لە نێو پارتیزانەکاندا، هەم لەو ئەفسەر و سەربازانە هەبوون کە فەرماندەکانیان ئازادیان کردبوون و هەمیش خەڵکی خۆبەخش. لە بیرەوەریی فەرەنسیەکاندا هیچ ئاماژەیەک بە پارتیزانەکان نەکراوە، کەچی زۆر باسی قەزاقەکان دەکەن و دەیسەلمێنن کە ئەو سوارچاکە گورجوگۆڵانە لەناکاو هێرشیان دەکردە سەر ئەو سوپایەی لە پاشەکشە بوو و زەبری قورسیان لێ دەوەشاندن و دەمودەست ونیش دەبوون. پارتیزانەکان

زیاتر هەڵیاندەکوتایە سەر ئەو یەکانەی خەریک بوون لێک دەترازان و ئیتر لەنێویان دەبردن.
جا ئەو وێنە زیندووە بخەینە ڕوو کە دێنیس داڤیدۆفی پارتیزانی بەناوبانگ لە یەکێک لە دیمەنەکان کێشاویەتی: "ئاخری ئەو گاردە قەدیمییەی ناپلیۆن لە نێوەڕاستیانەوە بوو، دەرکەوت... ئێمە دەسبەجێ خۆمان خستە سەر خوانی زین و لە دەم گەورە ڕێگەکە خۆمان لێ مات دان. سەربازەکانی دوژمن کاتێک هەرا و قریوەی دەستە لێکبڵاوەکانی ئێمەیان دی، لەخۆباییانە و لە حاڵێکدا تفەنگەکانیان خستبووە سەر پێ، بەبێ ئەوەی هەنگاویان خۆش بکەن، لە ڕۆیشتنەکەیان بەردەوام بوون... ئێمە لەخۆوە هەوڵمان دەدا تەنانەت ئەگەر سەربازێکیش بووبێ، لەو ڕیزە چڕەی دوژمن کە دەتگوت پارچە بەردێکی خارای نەشکێنن و گاڵتەیان بە هەوڵەکانی ئێمە دەکرد، دەرکێشینە دەرێ.
من هەرگیز قورس و قایمی و پتەویی جەنگاوەرانە و هەیبەتی ترسهێنی ئەو جەنگاوەرە نەترسانەم لەبیر ناچێتەوە کە زۆر جاران مەرگیان بەزاندبوو. بەو کلاوە بەرزە کوڵکنانەوە و بە یونیفۆرمی شینەوە، بە یەخەی کۆبەگیراو و سەرقۆڵی چەرمینی سپی و سەرشان و پەڕەکلاوی سوورەوە، دەتگوت هەڵاڵەن لە نێوەندی ئەو دەشتە بەفرگرتووەدا ڕواون... هەرچی هێرشی ئاسایی ئێمە بوو، کاری نەدەکردە سەر ئەو سیستەمە چڕە ئەوروپیە... تابوورەکان لە حاڵێکدا بە تەقەی خۆیان ئێمەیان لێک بڵاو دەکرد و گاڵتەیان بە جلیتبازی و هەڵسووڕانی ئەسپەکانی ئێمە لە دەوروبەریان دەهات و پێمان پێدەکەنین، بەدووی یەکتردا ملی ڕێگەیان گرتبوو. بەو حاڵەشەوە ئەو ڕۆژە ئێمە بڕێکی زۆر چەکوچۆل و ژەنەڕاڵێک و حەوسەد یەخسیرمان لێ گرتن. بەڵام گاردەکەی ناپلیۆن وەک گەلەکەشتیەکی جەنگیی کە سەد

تۆپی لەسەر بێ و بە نێو کۆمەڵێک قایقی ماسیگرتندا تێپەڕێ، بە نێو ئاپۆرای ئیمەی قەزاقدا تێپەڕی."
دەبێ باسی ئەوەش بکەین کە ئەو ڕۆژە پارتیزانەکان شان بە شانی قەزاقەکان شەڕیان کرد، بۆیە توانیبوویان حەوسەد کەس یەخسیر بکەن. بەڵام ئیشکگرانی ڕێ لێوەشاوە بوون، کە زۆربەی کات هەواڵی زۆر بە نرخیان بۆ کۆتوزۆف و ژەنەڕاڵەکانی دێنا. ئێستا بەجێیە هەندێک باسی جەنگە "نیشتمانی"یەکەی ساڵی 1812 بکەین:
"جەنگی نیشتمانی" لە ڕووسیا تۆزێک جیاواز بوو لەوەی لە ئیسپانیا ڕووی دا، ئەگەرچی لە زەبروزەنگ و توندوتیژییەکەیدا، ئیسپانیای بیر ناپلیۆن دێناوە.
لە ڕووسیا مانگ بە مانگ ڕقی خەڵک لە داگیرکەر خەستتر دەبۆوە. سەرەتای جەنگەکە نەتەوەی ڕووس لە یەک شت زیاتری نەدەدی: دوژمنێکی بێبەزە و تێکدەر هاتبووە ڕووسیا کە گوندەکانی کاول دەکرد و خەڵکی تاڵان دەکرد. ئەو هەست و تێگەیشتنە بەرانبەر بە وڵاتە لەتوپەتکراوەکەیان، تاسەی تۆڵەی شارە کاولکراوەکان و گوندە سووتێنراوەکان و مۆسکۆی خاپوور و تاڵانکراو و تۆڵەی ئەو هەمووە کارەساتەی لەو دەستدرێژیە کەوتبۆوە و هەست و تاسەی بەرگری لە ڕووسیا و تەمبێکردنی داگیرکەری بێبەزە، دڵی هەموو نەتەوەی ڕووسی داگرتبوو. جووتیار پۆل پۆل لێک کۆ دەبوونەوە و بەجێماوەکانی سوپای فەرەنسایان دەگرت و بێبەزەییانە دەیانکوشتن. هەر فەرەنسیەکان بۆ پەیداکردنی گەنم و تفاق پەیدا دەبوون، جووتیارەکان هەمیشەی خوا وێکڕا دەستیان دەدایە چەک و ئەگەر ئەو هێزە فەرەنسیە لەوان بەهێزتر بوایە و دەرقەتی نەهاتبان، ناچار

ڕایاندەکردە دارستانەکان و گەنم و تفاقیشیان سەرلەبەر دەسووتاند و ئەوەش بۆ دوژمن بەڵایەکی گەورە بوو.
لە ڕووسیا جاروبار جووتیارەکان دەستەدەستە یەکیان دەگرت و هەڵیاندەکوتایە سەر یەکەکانی دوژمن، بەتایبەتی لە کاتی پاشەکشەکەی ناپلیۆندا ئەوە زۆرجار ڕووی دەدا، ئەگەرچی هیچ ئاگایان لەو ڕووداوانە نەبوو کە لە ئیسپانیا دەقەومان و نەیاندەزانی لەوێ جووتیارەکان بەبێ یارمەتیی سوپا، دەچوون سوپای فەرەنسایان گەمارۆ دەدا و ناچاریان دەکردن خۆبەدەستەوە بدەن. بەڵام لە ڕووسیا، جووتیارەکان بەوپەڕی حەز و تاسەوە لە یەکە پارتیزانیەکاندا خۆیان ناونووس دەکرد، لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتییان دەدان و ڕێگەیان پێشان دەدان و زانیارییان لەسەر یەکەکانی سوپای فەرەنسا بۆ کۆ دەکردنەوە و خواردنیان بۆ دابین دەکردن.
بەتایبەتی نەتەوەی ڕووس لە جەنگەکانی سمۆلنێسک و کراسۆیە و بۆرۆدینۆ و مالۆیارۆسلاڤێتز و زۆر قوونەشەڕ و وردەتێکهەڵچوونی دیکەدا پێداگری و ئازایەتیی خۆی بۆ بەرگری لە نیشتمانەکەی سەلماندبوو. فەرەنسیەکان بەچاوی خۆیان دەیاندی کە لە ڕووسیا لەگەڵ جەنگێکی تەواو نیشتمانی لەو شێوەیەی لە ئیسپانیا هەبوو بەرەوڕوو نین، لەبەر ئەوەی سوپای ئیسپانیا بە دەستی ناپلیۆن تەواو هەڵوەشابۆوە و تەنیا جووتیارەکان بوون کە چەند مانگ لەسەر یەک دەیانتوانی شەڕ بکەن، کەچی لە ڕووسیا سوپای ڕووس هەرگیز بەتەواوی لەنێو نەچوو. بەو جۆرە ڕق و قینی نەتەوەی ڕووس لە دوژمنی داگیرکەر و ویست و ئیرادەری دەرپەڕاندنی ئەو دوژمنە لە وڵاتەکەیان لەوانە بوو ببێتە حاڵەتێکی ڕێکخراوتر و یەکڕیزتر لە نێو ڕیزەکانی سوپادا. ئێمە بەپێی بەڵگەکان ئاگادارین کە وەختێک لە

1812دا جووتیارەکانی تامبۆڤیان بانگ کرد ببنە سەرباز، لە خۆشیان سەمایان دەکرد، لە حاڵێکدا سەربازی لە کاتە ئاساییەکان بۆ ئەوان ناخۆشترین ئەرک بوو.
ئەو پیاوانە کاتێک دەچوونە سەربازی لە خۆشیان هەڵدەپەڕین و لە جەنگە خوێناوییەکاندا دەستیان دەکردەوە و پاڵەوانانەش گیانیان دەبەخشی.
پاش ئەوەی فەرەنسیەکان مۆسکۆیان چۆل کرد، پاش شەڕی مالۆیارۆسلاڤێتز، پاش یەکەم سەرما و وەیشوومە و پەرشوبڵاوبوونی وردەوردەی سوپاکەی فەرەنسا کە یەکەکانی کۆتوزۆف شان بە شان بەدوویانەوە بوون، ڕووداوێک قەوما، کە دواتر هاوچەرخەکان ناویان نا "جەنگی نیشتمانی". پارتیزانەکانی فیگنەر و داڤیدۆف و سێسلاڤین و کۆداشۆف و ڤابۆلسکی و ئەوانی دی هەموویان ئەفسەری سوپا بەدیسیپلینەکەی ڕووس بوون کە پێیان ئەسپێردرابوو تاقمی "راوچی" پێک بێنن و لەو سەرباز و خۆبەخشانە پێک هاتبوون کە دەبوایە لەناکاو خۆ بە باروبنەی سوپا و یەکە بەجێماوەکانیان و ئەو شوێنانەی سوپاکەی فەرەنسادا بدەن کە دڵنیا دەبوون سەرکەوتنیان تێیدا مسۆگەرە و بەو جۆرە فەرەنسیە پاشەکشەکەرەکان وەزاڵە بێنن. لەو ڕێکخراوە پارتیزانیانەدا، سەرباز و قەزاق و شەڕکەری ئاسایی و جووتیاری خۆبەخش شان بە شانی یەک بوون.
من لە کتێبەکەی دیکەمدا بە ناوی "هێرشی ناپلیۆن بۆ سەر ڕووسیا" بە تێروتەسەلی باسی هەموویانم کردووە.
لە ڕووداوەکەی بڕێزیناشەوە سوپای فەرەنسا هەر لێی هەڵدەوەری و ئەوەش نەک هەر لە سۆنگەی ساردوسەرماکەوە بەڵکوو زیاتریش لە سۆنگەی لەنێوچوونی لەشکرەکەی پارتۆنیۆوە بوو، کە ناپلیۆن فەرمانی

پێ کردبوو بۆ چەواشەکردن و خەڵەتاندنی چیچاگۆف لە دەوروبەری بۆریسۆف بمێنێتەوە و، ئیتر کاتێک لەشکرەکەی کۆتوزۆف پەلاماری دا لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درا و لە ماوەی دوو ڕۆژ شەڕکردندا نیوەی هێزە چوار هەزار کەسەکەی تێداچوون و ئاخریەکەی ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدا.

لە ویلنا، پاشماوەی سوپای فەرەنسا بەروالّەت لە نەمان ڕزگار ببوو. کاتێک سەربازانی فەرەنسی گەیشتنە بەر دیوارەکانی ئەو شارە، لەوەزعێکدا بوون هەر ناگێڕدرێتەوە و هەموویان سەرما و شەکەتی لەپێی خستبوون و بڕستی لێ بڕیبوون. تەنیا چەند یەکەیەک توانای بەرگرییان تێدا مابوو. لە نزیک ویلنا مارشاڵ نێ و مالّشاڵ مزۆن، ڕووسەکانیان کە زۆریان بۆ هێنابوون دایە بەر ڕەهێڵەی تۆپ و وایان لێ کردن چەند ڕۆژێک واز لە ڕاوەدوونانیان بهێنن.

لەوپەڕی بێسەروبەریدا چوونە نێو ویلنا و تەنانەت مەترسیی ئەوە دەکرا سەربازە فەرەنسیەکان لە یەکتریش بدەن، چونکە دەسبەجێ بەشوێن پەناگە و خۆراکدا خۆیان بەشارەکەدا کرد و دەستیان کرد بە تالّانکردنی عەمبار و دووکانەکان. لە دە تا دوازدەی دێسەمبەر سوپا لە پاشەکشەی خۆی بەرەو کۆڤنۆ بەردەوام بوو و هێشتا دەیتوانی ئەو قەزاقانە لەخۆی دوور بخاتەوە کە بەدوویانەوە بوون. کۆتوزۆف بە هەموو هێزەکەیەوە هێشتا لە نزیک ویلنا بوو. باقی سوپاکە بەبێ ئەوەی لە کۆڤنۆ خۆیان بگنخێنن، بەسەر سەهۆڵەکەی چۆمی نیەمێندا پەڕینەوە. ئیتر شەڕە سامناکەکەی مۆسکۆ کۆتایی هاتبوو. لەو 420000 شەڕکەرەی کە لە 1812دا سنووریان بڕیبوو و لەو 150000 کەسەی دواتر وردەوردە لە ئەوروپاوە گەیشتبوونە گەلّیان، لە مانگی دیسەمبەردا تەنیا ئەو چەند یەکینە بچووکە پەرشوبلّاوە مابۆوە کە

ئێستا ئاوا بەو پەڕی شپرزەیی و پەرشوبڵاوی لە نیەمێن دەپەڕینەوە. بەو چەند یەکینەیە و بە گشتی بەو یەکینانەی کە لە شەش مانگی ڕابردوودا وەک پاریزەری ڕاست و چەپی لەشکر مابوونەوە و بەشداری هێرشەکەی مۆسکۆ نەببوون، دواتر توانیان لەشکرێکی 30000 کەسی پێکەوە بنێنەوە. ئەوانی دیکە یان تێداچووبوون یان یەخسیر کرابوون. بەپێی لێکدانەوەیەکی گەشبینانە، یەخسیرکراوەکان ژمارەیان لە سەدهەزار کەس زیاتر نەبووە، ئەوانی دی یان لە شەڕگەکان کوژرابوون، یان لە ڕۆژانی پاشەکشەدا بە سەرما و لە برسان و بە نەخۆشی تێداچووبوون.

حەفتەیەک پێش ئەوەی سوپا لە سنوورەکانی ڕووسیا بچێتە دەرێ، یانی لە شەشی دیسەمبەری 1812دا لە شارۆچکەی سمۆرگنی، ناپلیۆن سوپای بەسەر کۆلنکۆر و دورۆک و لیوبۆ و ئەفسەرێکی پۆلۆنی بەناوی وێنسۆویچدا بەجێ هێشت و فەرماندەییەکەیشی بە مۆرا ئەسپارد.

کاتێک ناپلیۆن بە مارشاڵەکانی گوت بەتەمایە بەجێیان بهێڵێ، ویستیان بەڕێزەوە ناڕەزایەتی دەربڕن، بەڵام ئەو بۆی ڕوون کردنەوە کە ئیتر سوپاکە وەک سەردەمی پێش پەڕینەوە لە بریزینا مەترسیی گەمارۆ و یەخسیرکرانی لەسەر نیە و ئەویش ئەوەندەیان لێ ڕادەبینێ کە لەوێیش نەبێ، سەربازەکان بگەیەننەوە خاکی پرۆس کە وڵاتێکی هاوپەیمانە.

گوتیشی پێویستە ئەو لە پاریس بێ، چونکە جگە لە خۆی کەس ناتوانێ بە ڕەشبگیریەک بۆ سەربازی سوپایەکی 300000 کەسی پێکەوە بنێتەوە بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو دوژمنەی کە لەوانەیە لە وەرزی بەهارێدا بەسەریاندا بدا. مارشاڵەکان بۆ پاشگەزکردنەوەی گوتیان ترسی ئەوەیانە سوپاکە پاش ئەو هەمووە تاڵی و سوێرییە، لە نەبوونی

ئەودا لێک بڵاو بێ، چونکە تەنیا حزووری ئیمپراتۆر تا ئێستا پێکەوەی ڕاگرتووون.
ناپلیۆن لە کاتی قسەکردن لەگەڵ مارشاڵەکانیدا زۆر لەسەر خۆ بوو. ئەوان باش دەیانزانی ئیمپراتۆر لە ترسی گیانی نیە کە سوپاکە بەجێ دێڵێ. چونکە ئیتر مەترسییەکی لەسەر نەبوو و زۆر جاریش بەچاوی خۆیان دیتبوویان کە ئەو بەبێ ئەوەی نێوچاوانی گرژ بکا، بە پێشوازیی زۆر مەترسیی گەورەوە چووبوو. ئەو بە بێ ئەوەی تۆزێکیش شلۆێ بێ، باسی ئەو شەڕە گەورەیەی بۆ دەکردن کە دەستی پێکردبوو و باسی تێداچوونی سوپای مەزنی بۆ دەکردن، ڕووداوێک کە بە دڵنیاییەوە دڵتەزێن بوو بەڵام دەبێ هۆکارەکەی بە بێفەڕی و بێشانسی بگێڕیتەوە نەک هەڵە، دەیگوت هەوای ئەو وڵاتە خەڵەتێنەر بووە و ئەو شتانە... بەوحاڵەش بەهیچ شێوەیەک دانی بەوەدا نەدەنا کە خۆیشی هەڵەی کردووە و بەسەهوو چووە: بۆ وێنە لەخۆوە لە مۆسکۆ خۆی زۆر گنخاندبوو. بەکورتی، هاوڕێیانی ناپلیۆن لەومشتومڕەدا تۆزێکیش چییە ناڕەحەتی و بێهیواییان تێدا نەدی. ئەو بەفەرمی داوای لە مارشاڵەکانی کرد، هەواڵی گەڕانەوەکەی بەنهێنی ڕاگرن، چونکە زۆر پێویست بوو کە لەو مەودایەدا کە چەند ڕۆژێکیان مابوو بگەنە نیەمێن، نەهێڵن وەرەی سەربازەکان بڕووخێ و لەوەش واجبتر ئەوەی کە پێش ئەوەی هەواڵی تێداچوونی سوپای مەزن بڵاو بێتەوەو ئاشکرا بێ و پێش ئەوەی هیچ کەس بزانێ کە ئیمپراتۆر بەبێ پشتمێر دەڕوا، دەبێ ئەو لە ئەڵمان دەرباز بووبێ.
مارشاڵەکان هیچ گومانێکیان لەوە نەبوو کە ئیمپراتۆر دەچوو سوپایەکی تازە کۆ بکاتەوە و ئەو کارەشی زۆ بەخێرایی دەکرد و

دیسان ئەوانی چەند جاری دیکەش بەو سوپایەوە دەبردەوە بەر ڕەهێڵەی گوواللەباران.
کاتێک مارشاڵەکان تا لای گالیسکەکەی بەڕێیان کرد و دیتیان لەگەڵ کۆلنکۆر سوار دەبوو، ڕێک بەو ڕادەیەک مەندو هێمن دیتیان، کە چوار مانگ دواتر بە لەشکرە تازەکەیەوە بۆ سەرکوتی ئەوروپای ڕۆژهەاڵت لە فەرەنسا دەهاتە دەرێ. تێیاندا ئەو پیاوە شەڕکەرانە دەبینران، کە لە یەکەم شەڕی سەرکەوتووانەی ناپلیۆنەوە لە ئیتالیا هەتا شەڕەکەی ڕووسیا بەشدار ببوون و پێیان وابوو هەرگیز جارێکی دیکە شەڕێکی سامناکتر لە شەڕەکەی بۆرۆدینۆ نابیننەوە، بەاڵم قەت بیریشیان بەالی جەنگی الیپزیکدا نەدەچوو. گالسکەکە وەک بای شەماڵ بەنێو تەومژی سەهۆڵینی ئەو ئێوارەیەی دیسەمبەردا لەچاوان ون دەبوو و پیاوێکی لەگەڵ خۆی دەبرد، کە مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی بەبێ شەڕێکی مان و نەمان، تاقە بستێک لەو وڵاتە ئەوروپاییانە لەدەست نەدا کە داگیری کردبوون.

ڕاپەڕینی ئەورووپای کۆیلە لە ناپلیۆن

"جەنگی نەتەوەکان" و سەرەتای لەنێوچوونی "ئیمپراتۆریای مەزن" 1813

1

ناپلیۆن لەپێشدا بە پەیتوون و ئینجا بە گالیسکە، بە 12 ڕۆژان پۆلۆنیا و ئەڵمانیای بڕی و سەرلەبەیانیی هەژدەی دیسەمبەری 1812 گەیشتەوە کۆشکی تۆیلری. ئەو چونکە دەیزانی لەو ڕۆژە ڕەشانەدا چ هەڕەشەیەکی لەسەرە و خۆیشی نەدەخەڵتاند و دەیزانی ئەڵمانییەکان چەندەیان ڕق لێیەتی، بۆیە سەفەرەکەی تەواو نهێنی بوو.
کۆلنکۆر کە لەم سەفەرەدا لەگەڵ ناپلیۆن بووە، باسی ئازایەتی و توانایی دەرچوون و شێلگیربوونی لەسەر خەباتەکەی و خۆشلوێنەکردنەکەی دەکا. ئیمپراتۆر وێڕای باسکردن لەو جەنگەی تازە کۆتایی هاتبوو، بە کۆلنکۆری دەگوت، کە ئەو نە لە دەسنیشانکردنی

دوائامانجی شەڕەکە بە سەهوو چووە و نە لەوەشدا کە پێگە سیاسییەکەی بە لەبار زانیوە، بەڵکو لە شێوەی بەڕێوەبەردن و ئیدارەدانیدا بەهەڵە چووە و بە باوەڕی خۆی ئەگەر لە ویتبێسک ماباوە، ئێستا ئەلکساندر خۆی بەسەر پێڵاوەکانیدا کێشابوو. مەبەست ئەوەیە، ئەو لەو مشتومڕانەدا لە پاڵەوانێکی شەترەنجباز دەچوو کە پاش دەستێک دۆڕان و پێش دەستکردنەوە بە یارییەکی دیکەی کە دڵنیایە دەیباتەوە، ڕەخنە لە هەڵەکانی خۆی دەگرێ. ئەو تۆزێکیش چییە هەستی بە سەرکزی نەدەکرد و هیچ نیگەرانی ئەوە نەبوو کەسایەتی و ڕێزی شکابێ و تەنانەت تۆزێکیش چییە ئاسەواری ئەو دالّغە و گرژیە دەروونییەی پێوە دیار نەبوو کە لە سالّانی 1810 ـ 1811دا ئەودەمەی لە لووتکەی دەستڕۆیشتوویی و سەرکەوتنیدا بوو، زۆر جار بەشێوەیەکی بەرچاوی پێوەی دەبینرا. جەنگ وەها ببووە بەشێک لە ژیانی، کە وەختێک خەریکی تەدارەک و ئامادەکردنی یەکەم هەنگاوەکانی دەبوو، بەردەوام وەها دەردەکەوت کە لێوانلێوە لە ژیان و بە سینگێکی فرەوانەوە هەناسە دەکێشێ و لەوساتەدا کە لەگەڵ کۆلنکۆر سواری پەیتوونەکە بوو، تاقە شتێکی زەینی ئەوی بەخۆوە خەریک کردبوو، بیری جەنگەکەی ئایندە و تەدارەکی بواڕە سیاسی و سەربازییەکانی بوو. ئاخۆ لەمەودواش وەک ئێستا جگە لەگەڵ ڕووسەکان لەگەڵ کەس شەڕ ناکا؟ ئاخۆ ئەوروپای داپڵۆسێنراو ڕاناپەڕێ؟ ئەی کام وڵات لە هەڵدانی ئالّای سەربزێویدا دەسپێشخەر دەبێ؟ چۆن و بە چ دەرەتانێک دەکرا پێشی ئەو سەرهەڵدانانە بگرێ؟ چەند مانگی دەخایاند تا سوپایەکی نوێی تەیار دەکردەوە؟
لە سەر ڕێ، لە وارشۆ بانگی ئابێدۆپراتی کرد کە لە دەرباری پادشای ساکسدا وەزیر موختاری ئەو بوو. بە لەسەرەخۆیی و

شلۆێنەبوونەکەی، ئەویشی تووشی سەرسوورمان کرد. کە ئەو پیاوەی دەدواند، ئەم قسە بەناوبانگانەی کرد: "مەودای نێوان لووتکەی سەربەرزی و گاڵتەجاڕیی ئەم و ئەو، هەنگاوێکە" و، "نەوەی داهاتوو داوەری لەسەر ئەوە دەکا" و ئینجا دەسبەجێ گوتی، زۆر ناخایەنێ بە لەشکرێکی سێسەدهەزار کەسیەوە دێتەوە سەر کەوشەنەکانی ویستۆڵ و ڕووسەکان دەبێ سزای سەرکەوتنەکانیان کە قەرزباری سروشتن نەک ئازایەتیی خۆیان، بە قورسی وەرگرنەوە. کێ هەیە لە ژیاندا نەشکابێ؟ بەو حاڵەشەوە نەیشاردەوە کە هیچ کەس ئاوەها نەشکاوە و وەک دەڵێن: "ئەوی سەربانی پتر بێ، بەفری زیاترە و، ئیتر ئەم شکستانەش قەرەبوو دەکرێنەوە.

کاتێک ناپلیۆن وەک باسمان کرد لە هەژدەی دیسەمبەردا هاتەوە پاریس، دەسبەجێ زانیی وەری میللەت تەواو ڕووخاوە. ئەو دەنگۆ شومەی کە دەمێک بوو بڵاو ببۆوە، لە دوو ڕۆژی پێش گەیشتنەوەی بۆ پایتەخت، بە دەرکردنی ڕاگەیەنراوەکەی بیست و نۆی مانگ، کە تێیدا ئیمپراتۆر ڕاستگۆیانە باسی شەڕەکەی ڕووسیا و شێوەی کۆتاییهاتنەکەی کردبوو، پشتڕاست کرایەوە. ئەو پەژارە و تازیەبارییەی بەرۆکی سەدان هەزار بنەماڵەی فەرەنسیی گرتبۆوە، وڵاتەکەی تەواو کپ و خنکێنەر کردبوو.

ڕۆژانی دواتر، ناپلیۆن وەزیرەکانی و ئەندامانی ئەنجومەنی حکوومەتیی سیناتی کۆکردەوە و زۆر بەتوندی بەپرسانی پێوەندیداری سەرکۆنە کرد کە چۆن لە مەسەلەکەی ژەنەڕاڵ مالێ کەمتەرخەم بوونە و داوای لێکردن ئاگایان لە هەڵسوکەوتیان بێ، بەڵام سووک و سادە بەسەر مەسەلەکەی ڕووسیادا تێپەڕی و بەپێویستی نەزانی بچێتە نێو وردەکارییەکانیەوە.

بەرپرسە بالاکان و دەربارییەکان، وەک جاران خاکەڕایانە و ماستاوچیانە پێشوازییان لە ئیمپراتۆر کرد. لاسێپێدێ، سەرۆکی ئەنجومەنی سینات بەوپەڕی کەفوکوڵی نۆکەرانە و گوێڵەمستانەیەوە داوای کرد ڕێوڕەسمی تاجلەسەرنانی جێنشین(وەلیعەهد) کە هێشتا تەمەنی نەببووە ساڵ و نیوێک، وەک نوێنگەی "بەردەوامبوونی پادشایەتیی بنەماڵەی بۆناپارت" ڕێک بخرێ و ئەندامانی سیناتیش کە ڕووبەڕووی ئیمپراتۆر دانیشتبوون، خۆیان نوشتاندەوە. لە ڕاپۆرتەکەی ناپلیۆندا بۆ سینات بە قسەکانیەوە دیار بوو کە ئەو هێشتا خەیاڵی خاوی ئاشتەوایی لەگەڵ ڕووسیای لە مێشک دایە، خەیاڵێک کە ئەودەمی فەرمانی بە ژەنەڕاڵ مۆرتیە کرد کۆشکی کرملین بتەقێنێتەوە، لە مێشکی خۆی دەرهاوویشتبوو. ئەو پێی وابوو هێشتا دەرەتانی ئەوە هەیە بە ئەلکساندر بڵێ هیچمان لە هیچ و وەرە پەیمانی ئاشتی مۆر بکەین. ئەو بە سیناتی گوت: "ئەو شەڕەی لەگەڵ ڕووسیا هەمە شەڕی سیاسییە. من بەبێ هیچ ڕق و قینێک ئەو شەڕەم هەڵاییساندووە و حەزم دەکرد ئەو گرفتاری و کێشانە لەکۆڵ ڕووسیا بکەمەوە کە خۆی بۆخۆی دروستی کردوون. من دەمتوانی بە ڕاگەیاندنی ئازادیی جووتیاران بەشی هەرە زۆری جەماوەری ڕووس دژی دەوڵەتەکەی ڕاپەڕێنم... زۆربەی گوندەکان داوایان لێ کردم وا بکەم بەڵام من خۆم پاراست لە کارێک، کە لەوانە بوو مەرگی هەزاران خێزانی لێ بکەوێتەوە."
لە ڕاستیدا ناپلیۆن لە ڕێی سیناتۆرەکانیەوە ڕووی قسەی لە مەزنەکانی ڕووسیا و پێش هەموویان ـ بە دەردی قەیسەرەکانی دواتر ـ لەگەڵ نیکۆلا پاڤلۆڤیچی برای ئەلکساندری یەکەم و شەخسی قەیسەری بوو. ئێستا ناپلیۆن بەو قسانە داوای لە قەیسەر و مەزنانی ڕووسیا دەکرد ئەمەگداری بن و سپاسی بکەن کە ڕاپەڕینێکی لەگوێی سەرهەڵدانەکەی

پۆگاچێف لێ وەڕێنەخستوون، وەک بڵێی بۆ وێنە بیری لە وەها شتێکیش کردبێتەوە کە چەکێکی ئاوا بەکار بێنێ. تەواوی ئەو کرێوشانەی مەزنان و ئەندامانی دەوڵەت و ئەو گاڵتەجاڕییە درۆیین و گوێلەمستانەیەی وا ناپلیۆن لە سەر تەختی ئیمپراتۆرییەکەیەوە بە درۆیەی بزۆزانە و پڕ لە شووڕەیی وەڵامی دەدانەوە، خۆڕانان و مانۆڕێک بوو بەگوێرەی بارودۆخەکە و بۆ چەواشەکردنی بیر و زەینی خەڵکی فەرەنسا و ئەوروپا لە ڕاستییەکان. دوو ئامانجی بنەڕەتی و سەرەتایی ئیمپراتۆر بریتی بوون لەوەی کە لەپێشدا سوپایەکی تازە ڕێک بخاتەوە و دوای ئەوەش لە یارمەتی یان هەر نەبێ بێلایەنیی نەمسا و ئەگەر بکرێ پرۆسیش دڵنیا بێتەوە.

ئامانجی یەکەمی بەخێرایی جێبەجێ بوو: ناپلیۆن ئەو کات کە هێشتا لە ڕووسیا بوو فەرمانی کردبوو تا ئەوانەی لە 1813دا یانی ساڵێک دواتر کاتی سەربازیکردنیان دێ، بانگ بکەنە بن سێبەری ئاڵا. لە بەهاری ئەو ساڵەشدا ڕاهێنانی ئەوانە کۆتایی هاتبوو. بەو شێوازە، بە زەحمەت 140000 کەسێکیان بەسەرباز گرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ناپلیۆن هەر لە سەرەتای ساڵی 1812ـەوە فەرمانی پێکهێنانی دەستە و تاقمی "گاردی نیشتمانی"ی دەرکردبوو و ئێستا کاتەکەی بەگونجاو دەزانی بۆ ئەوەی پێیان خۆش بێ یان ناخۆش هەموویان بێ ڕیزپەڕ بێنێتە نێو سوپاوە، ئەگەرچی ئەرکی "گاردی نیشتمانی" تەنیا پاراستنی دیسیپلین و سەقامگیریی نێوخۆیی ئیمپراتۆری بوو. لەو ڕێگەیەشەوە 100000 سەرباز دابین بوو. لە مانگی جوونی 1812دا ناپلیۆن لە فەرەنسا و ئاڵمانی پاشکۆکراودا، 250000 سەربازێکی بەجێ هێشتبوو و ئێستا دەیتوانی لەسەر ئەوانیش حیساب بکا. بەکورتی چەند هەزارێکیشی لە سوپاکەی ڕووسیا بۆ مابۆوە، کە دواتر دەرکەوت 30

هەزار کەسێک دەبوون. لە ڕاستیدا ئەو یەکەیەی ناپلیۆن لە باڵی باکووری خۆی (بەری ڕێگا و پێترسبۆرگ)ی دابڕیبوو و ئەو یەکەیەی لە باڵی باشووری خۆی (گرۆدنۆ)ی جیا کردبۆوە، زۆر کەمتر لەوانە زیانیان دیتبوو کە لە بۆرۆدینۆ شەڕیان کردبوو و ئینجا لە دوو مانگ پاشەکشەدا لە مۆسکۆوە تا نیەمێن هەڵوەریبوون.

بۆیە ئیمپراتۆر جێی خۆی بوو هیوادار بێ کە لە بەهاری 1813دا سوپایەکی نەک 300، بەڵکو 400 تا 450 هەزار کەسیی بەدەستەوە بێ. هەرچەندی پێمان وابێ ئەو لێکدانەوانە بە گەشبینییەوە کراون، بەڵام ناپلیۆن هیچ گومانی نەبوو لەوەدا کە دەیتوانی زۆر زوو سوپایەکی مەزن کۆ بکاتەوە. بە دڵنیاییەوە دەبوایە زۆر بە دەستوبرد و چالاکانە بکەوێتە دابینکردن و وەسەریەکنانی خۆراک و تفاق و تەقەمەنی و چەکوچۆڵ و پێداویستییەکانی ئەندازیاری و تۆپخانە و هەموو لۆجستیکێکی سوپاکەی. ناپلیۆن ڕۆژ تا ئێوارێ خەریکی دابینکردنی پێداویستییەکان و ڕاهێنانی سوپا بوو.

جا چونکە ئەلکساندر وەک پاییزی ساڵی 1812 کە گوێی لەو نامانە خەواند وا ناپلیۆن بە تۆتۆلماین و ئەیاکۆڤلۆف و لێریستۆندا بۆی ناردبوو، لە بەهاری 1813یشدا گوێی نەدایە ئاماژە ئاشتیخوازانەکەی بۆ سینات، ئیتر ناپلیۆن تەواو دڵنیا بوو لەوەی کە لە کەناری ڕووباری ویستۆل تووشی ڕووسەکان دەبێتەوە و تێکوپێکیان دەشکێنێ. ئەو دەیزانی کە زستانەکەی 1812 بۆ کۆتوزۆفیش گورچوبڕ بووە، بەڵام هێشتا لێی ڕوون نەبوو ئاخۆ خەینمەکەی لەو دوومانگەدا کە لە تارۆتینۆوە تا نیەمێن وەشوێنی کەوتبوو، دوو لەسەر سێی سەربازەکانی یانی سەدهەزارکەس زیاتر و دوو لەسەر سێی تۆپخانەکەی لەدەست داوە. بە لەبەرچاوگرتنی خراپیی لە ڕادەبەدەری

ڕێگەکان و ڕەوتی کاروبارەکان لە حکوومەتێکدا کە بە سیستەمی سێرواژ ئیدارە دەکرێ، ناپلیۆن لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کۆتوزۆف ناتوانێ بەخێرایی بۆشایی شەڕکەرەکانی لە سوپادا پڕ بکاتەوە و تۆپخانەکەشی ڕێک بخاتەوە، هەر بۆیە بەبێ ئەوەی پێویست بێ هەڵەکانی کاتی هێرشکردنە سەر ڕووسیا پاتە بکاتەوە، ئەوەندەی بەس بوو بە دڵنیاییەوە لە کەنار ویستۆل و نیەمێن چاوەڕێی ڕووسەکان بێ و لەوێ تێکیان بشکێنێ.
لەگەڵ ئەوەدا کێشەیەکی ترسناکی دیکە لەخۆوە قوت ببۆوە و ئەویش ئەوە بوو ئاخۆ ڕووسەکان بەتەنێ و بێ پاڵپشت دەبوون؟ لە دیسەمبەری 1812دا یۆرک، ژەنەڕاڵی پرۆسی کە لە بەردەستی مارشاڵ ماکدۆنالددا بوو (چونکە ئەو کات پرۆس هاوپەیمانی ناپلیۆن بوو) کتوپڕ چووبووە ڕیزی ڕووسەکانەوە. ڕاستە فردریک ویلهۆڵم لە ترسی ناپلیۆن بەپەلە کارەکەی یۆرکی شەرمەزار کرد، بەڵام ناپلیۆن دەیزانی پادشای پرۆس باری نالەبارە و ئەگەر لای ڕووسەکان نەگرێ، ئەوان دەتوانن تەخت و تاجی لێ تێک بدەن، لەلایەن ڕەعیەتەکانیشیەوە وەها هەڕەشەیەکی لەسەر بوو. ئینجا ناپلیۆن دەشیزانی، گەمژەییە ئەگەر پێی وابێ پرۆسییەکان کە بەدەستی خۆی ورد و بڵاوی کردوون بێت و لەشکری ڕووس بگاتە خاکەکەیان سەرهەڵنادەن و ڕاناپەڕنەوە و بۆ خۆڕزگارکردن لە کۆت و نیری فەرەنسا ڕاناپەڕن.
کۆتوزۆف دژی دریژەدانی جەنگەکە بوو و ئەو دژایەتییەشی لەبەر ئەوە نەبوو کە پێی وابێ هەڵەیە خوێنی سەربازی ڕووسی بۆ ئازادیی پرۆس و باقی دەوڵەتە ئەڵمانییەکان بڕژێ، بەڵکوو تەنیا لەبەر ئەو هۆکارە ڕوون و سادەیە بوو، کە پێشبینیی دەکرد بێت و بەو ژمارە کەمە سەربازە شەکەت و ماندووەوە دیسان لەگەڵ ناپلیۆن تێک

هەڵبچێتەوە، چ مەترسییەکی تووش دەبێ. بەڵام ئەلکساندر ببڕای ببڕ ئامادەی ئاشتی نەبوو و باوەڕی وابوو کە ئەگەر دەرفەت بە ناپلیۆن بدرێ وەک ئەوەیە ئەوروپا وەک جاران لە بندەستی ئەودا بمێنێتەوە و مەترسیی هەڕەشەی ئەو لەسەر نیەمێن تا هەتایە هەر بمێنێ، لە حاڵێکدا ئەگەر سوپای ڕووس کە ئێستا هاتووەتە نێو خاکی پرۆسەوە بەهێزتر بکرێ، ڕوون و ئاشکرایە پادشای پرۆس ناچار دەبێ دژی ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان دەست بداتە چەک.

جگە لەوەش هەڵسوکەوتی نەمسا وا گۆڕابوو کە ئیتر بە دڵی ناپلیۆن نەبوو. ئیمپراتۆر فەرانسوای خەزووری و مترنیخ کە لەو کاتدا سیاسەتی نەمسای هەڵدەسووڕاند لەگەڵ ڕووسەکاندا گرێبەستی "شەڕاگرتن"ی ئیمزا کردبوو، چونکە نەمسا لە ساڵی 1812ـەوە بە ڕواڵەت وەک هاوپەیمانێکی ناپلیۆن لەگەڵ ڕووسیادا لەشەڕدا بوو و ئاشکرایە کە ئیمپراتۆری نەمسا لە سۆنگەی خزمایەتییە تازەکەیەوە لەگەڵ ناپلیۆن بەچاوی خۆی دەیدی زاواکەی چیی بەسەر هاتووە و، ئەوەشی بە نیعمەتێکی چاوەڕوانەکراوی چارەنووس دەزانی کە لەوانەبوو لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕزگاربوونی نەمسای لەو کۆت و نیرە لێ بکەوێتەوە کە لە جەنگی واگرام و ئاشتیی شوێنبروونەوە لەئەستۆیدا بوو

لەو دۆخە ئەستەمەدا، ئیمپراتۆری فەرەنسیەکان وەبیری هاتەوە کە پاش داگیرکردنی شاری ڕۆما لە 1809ـدا پاپای دەسبەسەر کردبوو و دووری خستبۆوە بۆ ساڤۆن و ئینجا لە 1812ـدا پێش ئەوەی بەرەو مۆسکۆ وەڕێ بکەوێ ئەمری کردبوو ڕایگوێزنە کۆشکی فۆنتبلو. لە لایەکەوە وای نواندبوو کە ئەو پۆلیسانەی دەوری گالیسکەکەی پاپایان گرتووە پشتمێرن بۆ ڕێز لە پاپا و لەو ماوەیەشدا کە پاپا لە کۆشکی فۆنتنبلوو بوو، جۆرێکی لەگەڵ نەدەجوولانەوە کە خەڵکی گومانی

ئەوەی لێ بکەن زیندانییە: ئەو لەو کۆشکەدا میوانی خاوەنشکۆ ئیمپراتۆر بوو و تەواو. بەو حاڵەشەوە پاپا هەر ناڕازی بوو کە بۆچی ناپلیۆن شاری ڕۆمای لە چنگ دەرهێناوە و داوێتی بە کوڕیژگەکەی خۆی "پادشای ڕۆما" و بۆچی ئەویان لە زیندان کردووە. بە سەرنجدان بەو بابەتانە بوو کە ناپلیۆن لە 19ی جانیوەری 1813دا بەبێ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە چووە سەردانی بەندییەکەی. لە ڕاستیدا ئیمپراتۆر هەر جۆرێک بوایە دەبوو لەگەڵ کاسۆلیکەکان کە لە 1809ەوە کەوتبوونە دژایەتیکردنی، ئاشت بێتەوە. بەڵام ئەم چاوپێکەوتنە و ئەو دۆستایەتی و سۆزەی ئیمپراتۆر و پاپا بۆ یەکتریان دەربڕی، هیچی لێ نەکەوتەوە. ناپلیۆن، پاپا پیوسی حەوتەمی ناچار کرد کۆمەڵێک گرێبەستی نوێی لەگەڵ ئیمزا بکا، بەبێ ئەوەی شاری ڕۆمای بداتەوە. گرێبەستە نوێیەکە لەسەر یەک هەر خاڵ و مەرجەکانی گرێبەستەکەی 1802 بوون. ناپلیۆن ڕانەهاتبوو هیچ بدا، جگە لەوەی هەر حەزی لە ئیمتیازدان نەبوو، نەشیدەزانی. ئەو تۆزە خۆشیرینکردنەیشی لە جانیوەری 1813دا لای پاپا، کاتێک کۆتایی هات کە لێی ڕوون بۆوە کاردیناڵ دیپێترۆ، چووەتە کەلەشی پاپاوە و ئامۆژگاریی دوژمنانەی دەکا و ئیتر ناپلیۆن دەسبەجێ کاردینالّی دەسبەسەر کرد و لە قۆنتنبلووی دوور خستەوە.

جارێکیان قسەیەکی سەرنجڕاکێش لەسەر ئەو هەوڵە بێسوودەی ئاشتەوایی لەگەڵ پاپادا لە دەمی ناپلیۆن دەرپەڕی، گوتی: "جارێ دەبێ واز لە ڕۆما بێنی..." بەڵگەی پێوەندیدار بەو قسەیە، لە سندووقخانەدا شێردرابۆوە و تا لە داوێنەکانی ئەلب یان ویستۆڵ بەسەر دوژمندا سەرنەکەوتبایە، دەرنەدەهێنرا. لە ڕاستیشدا وەک دەبینین ناپلیۆن لە ساڵی 1813 و ساڵانی دواتریشدا بەو هیوایەی کە سەرکەوتنێکی مەزن

دەستەبەر دەکا، لەگەڵ دوژمنەکانی هەر ئاشت نەدەبۆوە. سالانێک بوو شانس و بەخت دەرگای بۆ خستبووە سەر پشت. بەو حاڵەشەوە جەنگەکەی 1812 لەچاو قۆناغی ژیانی سەربازیی ناپلیۆن و ئەو هەمووە کارە پڕشنگدار و بێوێنەیەی لە سەرکەوتنی تۆلۆنەوە لە 1793 تا دامەزراندنی ئیمپراتۆریەکی مەزنی جیهانی کە هێزەکانی خۆی لە نیەمێن پەڕاندبۆوە، وەک پەڵەیەکی ڕەش وابوو بەسەر ڕووپەڕێکی پان و بەرین و پڕشنگداری سەرکەوتنەوە.

پرۆس ئامادە بوو پەیمانەکەی بشکێنێ: پادشای پرۆس داوای لە ناپلیۆن کردبوو، بنکە سەربازییەکانی هەر نەبێ لە چەند شوێنێک کۆ بکاتەوە و داوای ئەو 94 ملیۆن فرانکەی دەکردەوە کە دەبوایە لە خزێنەی ئیمپراتۆر بۆ بەخێوکردنی سەربازەکانی لە پرۆس بدرێتە ئەو دەوڵەتە، بەڵام لێی قبووڵ نەکرا. ئینگلتەراش دەیویست داگیرکردنی ئیسپانیا بەدەستی فەرەنسیەکان بە فەرمی بناسێ و ناپلیۆن کە لە 14ی فێبریوەریدا کۆبوونەوەیەکی بە دەستەی یاسادانان ساز دەدا، بە فەرمی ڕایگەیاندبوو کە "بنەماڵەی فەرەنسی بوونەتە پادشای ئیسپانیا و هەر پادشاش دەمێننەوە." مترنیخ لە مانگی مارسدا ڕایگەیاندبوو کە پێی خۆشە مەرجەکانی ناپلیۆن بۆ ئاشتییەکی گشتی قبووڵ بکا، بەڵام وەڵامێکی ڕوونی وەرنەگرتبۆوە. ئەو لە هەمبەر هەموو ئەو کێشانەدا چۆن لەگەڵ پاپا جووڵابۆوە، هەر پێی وابوو بە سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر کەنارەکانی چۆمی ویستۆڵ یان نیەمێندا، هەموو ئەو کێشانە چارەسەر دەکا. ئەو لە ڕاگەیەنراوەکەی 14ی فێبریوەریدا ئەوە دەستەبەر دەکا کە سەرلەبەری خاکی ئیمپراتۆری بە دەستلێنەدراوی دەمێنێتەوە و گراندۆشێی وارشۆش هەر بەو کەوشەنانەی ئێستایەوە دەمێنێتەوە. مترنیخ کە هێشتا نەیدەویست لەو دەمەدا نێوانی لەگەڵ

ناپلیۆن تێک بدا، بە باڵیۆزی فەرەنسای لە ڤیەننا "ئۆتۆ"، دەگوت، کە ئیمپراتۆر بەو قسانەی خۆی کارێک دەکا ئاشتی لەگەڵ ڕووسیا و ئینگلتەرا و پرۆس مەحاڵ بێ.
لە دەرباری ئینگلتەرا و ئەلکساندریش هەر ئەو وەڵامە بە نێردەکانی نەمسا درایەوە، یانی پێیان گوترا، کە ئەگەر ناپلیۆن هیچ ئیمتیازێک نەدا، ئەوا تەنیا جەنگەکە یەکلا دەکاتەوە و تەواو. ئاخری پادشای پرۆس کەوتە لای ئەلکساندر و هاوپەیمانەتییەکی لەگەڵ بەست. ناپلیۆن بە سەربازگیرییەکی تازە، وەڵامی ئەو کارەی دایەوە. ساکس و باڤیر و ڤۆرتمبێرگ و باد هێشتا گوێڕایەڵ بوون.

2

ڕۆژی 15ی ئاپریلی 1813 ناپلیۆن لە ئێرفۆرت گەیشتەوە سوپاکەی و هەڵیکوتایە سەر ڕووسی و پرۆسییەکان. ئەو سوپا تازەیە بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش کۆک و پۆشتە کرابوو. لە مانگەکانی سەرەتای ئەو ساڵەدا ناپلیۆن بێ پشوودان بۆ پێکهێنان و ڕێکخستنەکەی هەوڵی دابوو و شەوانەش تا درەنگانی شەو هەر خەریکی دابینکردنی بودجەکەی بوو. بە شێوەیەک کە یەکەکان لە هیچ شتێکیان کەم نەبوو و هەر شتێکیان پێویست بوایە دەیانتوانی بە پارەی وشک بیکڕن، چونکە ئەم خاڵە زۆر گرینگ بوو کە کاسبکار و جەماوەری دەوڵەتەکانی ئەڵمان مادام هەر هاوپەیمان یان لانیکەم سەر بە ئیمپراتۆری بوون، ناڕەحەت و مایەپووچ نەبن.
ناپلیۆن 200000 سەربازی چەکداری ئامادەی هەبوو و ئەوەندەشی وەک یەدەگ ڕاگرتبوو و خەریک ڕاهێنان و ڕێکخستنیان بوون.
کۆتوزۆف ڕێک پێش دەسپێکی جەنگەکە مردبوو و لە سەرەتای

هێرشەکاندا، ڕووس و پرۆسییەکان سەرلەشکریان نەبوو. لە یەکەم تێکهەڵچوونەکاندا ناپلیۆن سەرکەوت. ڕووسەکان لە ویسێنفێلس دەرپەڕێنران و، ئینجا شەڕەکانی یەکەم و دووەمی مانگی مای هەر لە نزیک ئەو شارە و لە لوتزێن ڕوویان دا. سەرکەوتنی ناپلیۆن لەو جەنگانەدا سەرکەوتنێکی تەواو بوو. لە ویسێنفێلس مارشاڵ بسیەیەر کە لە تەنیشت ئیمپراتۆر و چەند هەنگاوێک لە پێش سوپاکەوە بوو، گوللەتۆپێک سینگی لێک بڵاو کرد و مرد. ناپلیۆن گوتی: "مەرگ لێمان نزیک دەبێتەوە" و، ڕێک لەو دەمەدا تەرمی مارشاڵیان لەپێش چاوی ئەو لە پاڵتۆ مارشاڵیە دریژەکەیەوە دەپێچا بۆ ئەوەی لە شەڕگەکە بیبەنە دەرەوە. جەنگەکەی لۆتزێن زۆر قورس و خوێناوی بوو. ناپلیۆن بە سواری ئەسپ لەم باڵەوە سەری باڵەکەی دیکەی دەدا و سەرانسۆی هەموو عەمەلیاتەکەی دەکرد. ئەلکساندر و فردریک و یولهۆڵم لە نزیک شەڕگەکە ڕاوەستابوون بەڵام لە نێو شەڕەکەدا نەبوون. ڕووسی و پرۆسییەکان لە حاڵێکدا 20000 کەسیان لێ کوژرابوو، پاشەکشەیان پێ کرا، زیانی فەرەنسیەکانیش لەوە کەمتر نەبوو. چەند ڕۆژ دواتر ناپلیۆن هاتە نێو دریسدێ.

پاش شەڕەکەی لۆتزێن، مترنیخ نێوبژیوانیی کرد، بۆ ئەوەی بەو مەرجانەی خوارەوە ناپلیۆن و بەرەی یەکگرتوو پەیمانی ئاشتی ئیمزا بکەن و هاوپەیمانیەتییەکەی گەڵ نەمساش هەر لەجێی خۆی دەبێ: ناپلیۆن دەست لە گراندۆشێی وارشۆ و وڵاتانی بندەستی یەکیەتیی ڕاین و شارەکانی هانزێ ئاتیک ـ یەکیەتییە بازرگانییەکەی ئەوروپا ـ و ئەیالەتی ئیلیری بێنێ، لە بەرانبەردا باقی بەشەکانی ئەوروپا یانی بەلژیک و هەموو ئیتالیا و هۆڵەندا و وڵاتی وێستفاڵی هەر وا بەشک بن لە ئیمپراتۆرییەکەی. ناپلیۆن ئەم مەرجانەی قبووڵ نەکرد و بە ژەنەڕاڵ بۆبنای نێردەی ڤیەننای

ڕاگەیاند: "من پێویستیم بە نێوبژیوانیی چەکدارانەی ئێوە نیە. ئێوە دەتانەوێ لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن..." و ئینجا بە ڕاوێژێکی گاڵتەجاڕانەوە گوتی، هیچ ئەیالەتێک بە گوڵباران و گوڵاوپڕژاندن ناگیرێ. ئیتر
نەمساییەکان بە داواکردنەوەی ئیلیری نێوانەکەیان تێک دابوو و دیارە پاش ئەو ڤێنیسیا و ئینجا ملان و دواتریش تۆسکانیان دەویستەوە و ئەوەندە چاوقایم دەبوون تا ناچاری بکەن جەنگەکە بکا. کەوابوو شەڕ لە شۆ، نەک لە تۆ *... ئیمپراتۆر ئەنجامی قسەکانی خۆی ئاوا لێک داوە، کە ئەگەر بەتەمان هێندێ ئەیالەتی لە چنگ دەربێنن، دەبێ شمشێر ڕاکێشن، بڕیاری دا دیسان و تا هەتایە هەر شەڕ بکا و هیچ بەدەستەوە نەدا. لە هامبۆرگ شۆڕشێک دژی ناپلیۆن وەڕێ کەوتبوو. ئیمپراتۆر، ژەنەڕاڵ داڤۆی نارد شارەکانی هانزێ ئاتیک سزا بدا لە سۆنگەی ئەو بەرگرییەی لە بەرانبەر پۆلیس و گومرکچییە فەرەنسیەکاندا کردبوویان. هۆکاری ئەو سەرهەڵدانە ئەوە بوو کە گومرکچییە فەرەنسیەکان یاسا و ڕێساکانی گەمارۆی وشکانیان تووندوتۆڵتر کردبوو و بەوەش بازرگانەکانی یەکیەتیی بازرگانیی ئەوروپا مایەپووچ ببوون. ناپلیۆن فەرمانی بە داڤۆ کرد ژمارەیەک لە سیناتۆرەکانی هامبۆرگ و سەرکردەی شۆڕشە دژە فەرەنسیەکان و چەند ئەفسەرێکیان لێ گوللەباران بکا و پێنسەد کەسیش لە پیاوانی
دەستڕۆیشتوو و قسەڕۆیشتووی شاریش کە تۆمەتی پشێوینانەوەیان لەسەر بوو قۆڵبەست بکا
پاش ئەو کردەوانە، ناپلیۆن بە سوارەی گاردەکەیەوە لە دریسدێ هاتە دەر بۆ ئەوەی بگاتەوە سوپاکەی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو بۆتزێن لە

*ئیدیۆمە. واتە شەڕێک کە دەبێ ساڵێکی تر بکرێ، ئەمڕۆ بکرێ باشترە... شەڕی ئەمڕۆ لە ئاشتیی سبەی چاکترە.

کەناری چۆمی شپرێی بەڕێوە بوو. لە جادەی درێسدێ بەرەو بڕێسلاو، چوار لەشکرەکەی نێ و مارمۆن و ئۆدینۆ و بێتران لەگەڵ ناپلیۆن بوون. هێزەکانی بەرەی یەککرتوو بە فەرماندەیی وێتگێنشتاین و بارکلەی، دۆتۆلی و میلۆرادۆڤیچ و بلۆخێر هاتبوون. شەڕی بۆتزێن کەلە 20ی مانگی مایدا هەڵگیرسا، لە ئێوارەی ڕۆژی 21دا کۆتایی هات. ناپلیۆن مارشاڵ نێی ناردبوو کە بەلای ڕاستدا بسووڕێتەوە و پشت لە دوژمن بگرێ، بەڵام نێی کە گوێی نەدابووە ڕاسپاردە و ئامۆژگارییەکانی ژۆمینیی سەرۆکی ناوەندی فەرماندەییەکەی، زۆر درەنگ گەیشتە شەڕگەکە. بەرەی یەککرتوو بە ڕێکوپێکی کشانەوە. ئەو شەڕەش وەک شەڕەکەی لۆتزێن خوێناوی بوو. هەردوو لا سی هەزار کوژراو و بریندارییان هەبوو. دیسان ناپلیۆن سەرکەوت و ئەو بەتەمابوو یەکەوڕێ تا بەرلین ڕکێفکوت ئەسپەکەی لینگ بدا و ڕووسی و پرۆسیەکان ببەزێنێ. بەرەی یەککرتوو بە قوونەشەڕ دەکشانەوە و کاری ڕاونانەکەیان لێ خاو دەکردەوە. لە 22ی مانگی مایدا ناپلیۆن لە گۆرلیتز هەڵیکوتایە سەر پاشکۆپارێزانی سوپای بەرە و تێکی شکاندن. ئێوارە، کاتی کۆتاییهاتنی شەڕەکە، لەو کاتەدا کە دوژمن دەکشاوە، دوورووک لە ناپلیۆن چووە پێشێ و هەندێ قسەی لەگەڵ کرد، ئیتر بەجێی هێشت و بە خەمبارییەوە چووە لای کۆلنکۆر و گوتی: "هاوڕێ گیان، ئیمپراتۆرت دیتووە؟ ئەو ئێستاش پاش ئەو هەمووە شکستانە، هێشتا کۆمەڵێک سەرکەوتنی دەستەبەر کردووەتەوە و بە ڕای من ئیتر پێویستە دەرس لە شکستەکانی وەرگرێ... بەڵام وەک دەبینی هیچ نەگۆڕاوە... و لە شەڕ تێر نابێ. ئەو ڕووداوە ئاخری خێر نابێ." مارشاڵ ئەجەلی هاتبوو: گوللەیەک ئەو دارەی پێکا کە ناپلیۆن لە نزیکیەوە ڕاوەستابوو و کەوانەی کرد و دوورووکی لە عەرز دا... مارشاڵ هەر

ئەوەندەی لە دەم هاتە دەر کە بە ناپلیۆنی گوت، هیوادارم بتوانی ڕێککەوتنێکی ئاشتی مۆر بکەیت. ناپلیۆن لە وەڵامیدا گوتی: مالّاوا هاوڕێ، ئێمە دیسان یەکتر دەبینینەوە... لەوانەشە بەم زووانە."
مەرگی دوروک _یەکێک لەو پیاوە دەگمەنانەی کە ناپلیۆن خۆشی دەویست و تەواو متمانەی پێی بوو_ زۆری خەمبار کرد. دەسبەجێ لەسەر کۆتەڕەی داڕێک دانیشت و لە حاڵێکدا پڕیشکی هاونی پاشکۆپارێزانی سوپای پرۆس لە دەوروبەری دەکەوتن، ماوەیەکی زۆر نوقمی فکر و خەیاڵەکانی بوو. لە ماوەی شەڕەکانی 1813دا زۆر جاران گیانی خۆی بەتایبەتی لە هەندێ کاتدا خستە مەترسییەوە کە هیچ پێویست نەبوو، پێشتر قەت شتی وای نەکردبوو و لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەویش لەبارەی پێگەی سەرلەشکری جەنگەوە تەواو ناتەبا بوو.
تەنانەت دەوروبەریەکانیشی لێیان ببووە پرسیار کە ئەو لە ناخەوە ئیتر لە گیانی خۆی تێر بووە، بەڵام ئەو حەزی مردنە دەشارێتەوە. لەو ماوەیەدا کە ڕووسی و پرۆسییەکان دەکشانەوە و پاشەکشەکەی خۆیان بە ڕەهێڵەی ئاگر دەپاراست، ئەو لە پێشەوەی سوپاکە و بە مەترسیدارترین شوێندا دەڕۆیشت، بەبێ ئەوەی لە باری سەربازییەوە هیچ پێویست بکا.
پاش شەڕەکەی بۆتزێن و چەند ڕۆژ ڕاونانی دوژمن، هەردوو لایەنی دژ، پێشنیارەکەی نەمسایان کە یەکێک لە پلانەکانی مترنیخ بوو قبووڵ کرد و لە چواری جوونی 1813دا ڕێککەوتنی ئاگربەستی پلێیسویتزیان مۆر کرد.
لە کاتی مۆرکردنی ڕێککەوتنی شەڕاگرتنەکەدا، نە بەرەی یەکگرتوو حەزیان لێ بوو ئەو ڕێککەوتنە بگات بە ئاشتی و نە ناپلیۆنیش،

ئەگەرچی هەردوولایەن لەسەر پێشنیاری مترنیخ ڕازی بوون کە نوێنەری دەسەڵاتپێدراوی خۆیان بۆ دانوستانی ئاشتی بنێرنە پراگ. بەرە دەیانزانی ناپلیۆن پێش شەڕی لۆتزێن و بۆتزێن ئامادە نەبووە هیچ ئیمتیازێک بدا، جا بۆیە پاش ئەو دوو سەرکەوتنە هەر هیچ ئیمتیازێکی لەچنگ دەرنایە. بەڵام قەیسەر بۆیە ڕێککەوتنی شەڕاگرتنەکەی قبووڵ کردبوو، چونکە بارکەلەی و دۆتۆلی بە فەرمی پێیان گوتبوو، سوپای ڕووس پاش ئەو هەمووە شکانە پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە و دەبێ بە دیسیپلینێکی نوێ دامەزرێتەوە و بەهێزیش بکرێتەوە. ناپلیۆنیش بۆیە ڕازی ببوو، بۆ ئەوەی سوپاکەی کۆک و پۆشتەتر بکاتەوە و بە زەبرێک، بەرەی یەکگرتوو داپڵۆسێ. ئەو هەڵەیەکی گەورەی کرد کە بەو شەڕاگرتنە ڕازی بوو، چونکە شەڕاگرتنەکە بە قازانجی دوژمنان بوو نەک ئەو، بەتایبەتی بووە هۆی ئەوەی نەمسا ئیتر واز لە نێوبژیوانی بێنێ و بکەوێتە گەڵ بەرە.
ئەو خاڵەش پێویستە بگوترێ کە بەرەی یەکگرتوو لەو کاتەدا ئەم هەڵەیەی ناپلیۆنیان هیچ لێ دەرنەکەوتبوو، ئەگەرچی سااڵنێک پاش ئەو ڕێکەوتە، سەرداڕەکانیان ـ ڕووسی و پرۆسی و بێرنادۆت و جێنشینی سوید ـ بەخۆڕانانەوە دەیانگوت هەر لەسەرەتاوە شارەزایانە کەلکیان لە شەڕاگرتنەکە وەرگرتووە و لێی ڕازی بوون. بەو حاڵەشەوە ئێمە بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەفسەرێکمان بەناوی عەگید ڤیلادیمیر ئیڤانۆڤیچ لۆڤێنشترێن بەدەستەوەیە کە بەپێی ئەو بەڵگەیە لێمان ڕوون دەبێتەوە ناوەندی فەرماندەیی سوپای بەرە لەو کاتدا چۆنیان بیر کردووەتەوە. ئەو عەگیدە دەنووسێ: "لە سوپای بەرەی یەکگرتوودا لە پرۆس و لە وڵاتانی ئەڵمانی زماندا، ئەم شەڕاگرتنە بە گەورەترین چارەڕەشی دەزانن و لێی بەداخن." لۆڤێنشترێن، ئەو ئەفسەرە ئەڵمانییەش بە داخ و

کەسەرێکی گاڵتەجارانەوە باسی دەکا و دەڵێ: "ئاخ و مخابن ئەی ئاوەزی ئینسان." یادداشتەکانی لۆڤێنشترێن یەکێکن لە بەنرختترین و بێلایەنانەترینی ئەو بەڵگانەی لەبارەی مێژووی جەنگەکانی 1813ـەوە لەلایەن بیرەوەرینووسانی فەرەنسی و پرۆسی و ڕووسی و نەمسایی و سویدیەوە نووسراون و زۆر شتیان بە ئانقەست یان نە هەڵە تێدا هەڵبەستوون.

بەو جۆرە، گرێبەستی شەڕاگرتنەکە ئیمزا کرابوو، بەڵام ناپلیۆن پێی وانەبوو پەیمانی ئاشتیەکەیشی کە ئەو هەمووەی بە ئاواتەوە بوو لێ بکەوێتەوە و، پێداگر بوو کە جگە لە پەیمانی ئاشتی هیچ پەیمانێکی دیکە مۆر نەکا.

یان هەموو شتێک، یان هیچ شتێک. ئەوە بوو دروشمی ناپلیۆن لەو کاتەدا کە جەنگەکانی 1813ی دەست پێ کرد و هەر بەو دروشمانەشەوە درێژەی پێ دان. تەنانەت لە سەنت هێلێنیش، پاش ئەوەی هەموو شتێکی تەنانەت ئازادیی خۆیشی لە دەست دا، ئیمپراتۆر هەرگیز خەفەتی لەو هەڵەیەی خۆی نەخوارد، چونکە بە ڕای ئەو هیچ هەڵەیەک نەکرابوو و بە گاڵتەجارییەوە دەیگوت، ئەگەر خۆی نەبوایە و نەوەکەی بوایە، لەوانەبوو بە شکاوی و بەزیوی بگەڕێتەوە و پاش ئەو هەمووە شکستە دیسان لەسەر تەختی پادشایەتییەکەی بەردەوام بێ. زۆر جاریش ئەو خەیاڵەی دەدرکاند و باسی ئەو لێکدڕییەی دەکرد کە لە شێوازی پادشایەتیی ئەو و پادشایەتییە میراتییەکاندا هەبوو.

پاش شکستەکانی لە شەڕی مۆسکۆ کە تەقریبەن هەموو مۆسکۆی ماتەمبار کردبوو، پاریس بەوپەڕی گوێڕایەڵییەوە پشێوازیی لە ناپلیۆن کرد. خۆ ئەگەر پاش شەڕە درەوشاوەکانی بەهاری 1813یش جۆرێک گەڕابایەتەوە فەرەنسا، کە جگە لە ئەیالەتی چەپەک و دوورەدەست و

بێکەلکی ئیلیری ـ کە کەوتبووە پشت چیاکانی بالکانەوە. هەموو ئەو خاکانەی پاراستبایە کە گرتبوونی و تەنیا گراندۆشێی وارشۆ و وڵاتانی یەکیەتیی ڕاینی کردبایەتە قوربانی، کە ئەوانیش نەک خۆی بەڵکوو کاربەدەستە گوێڕایەڵەکانی خۆی تێیاندا پادشایەتیاین دەکرد و بەشێکیش نەبوون لە ئیمپراتۆرییەکەی، ئەوا دیسان هەر بەو شکۆ و مەزنیەوە، خەڵک گوێڕایەڵی دەبوونەوە و پێشوازیی لێ دەکرا. بەڵام ئەو دەیزانی ئەم ئیمتیازانە و وازهێنان لە کاملکردنی گەڵاڵەی دامەزراندنی ئیمپراتۆرییەکی جیهانی، بە مانای سەرکەوتنی ئابووری و سیاسیی ئینگلتەرایە و ئەو ئەرکەی کە ئەو خستبوویە سەر شانی خۆی بەنیوەچڵی دەمایەوە و بازرگانی و پیشەسازیی فەرەنسا لەبەر بارزگانی و پیشەسازیی ئینگلتەرا دەبەزی و قەیرانەکەی ساڵی 1811 قوولتر دەبۆوە و بێکاریشی لێ دەکەوتەوە و شۆڕشی "زگە برسیەکان" کە لە فیشەکیش ناترسێن، لە ناوەندەکانی کرێکاریی پایتەخت و شارەکاندا بەرپا دەبوو. بەڵام بۆرژوازی کە ئەو لە ململانێی ئابووریی گەڵ ئینگلتەرادا ڕێبەری بەدەسەڵات و بەوەفایان بوو، ئیتر سوودێکی لەوڕا پێ نەدەگەیشت. لەوەودوا بۆرژوازیی فەرەنسا بە چ ئەشقێکەوە ئامادە دەبوو مل بۆ تاکڕەویی بێجڵەوی ئەو کەچ بکا؟ ئەگەر قەرار بوایە جۆرێکی دیکە حوکمڕانی بکا، نە دەیویست و نە دەشیتوانی. لەسەر ئەو بنەما و تێبینیانە بوو کە کاتێک مترنیخ هەوڵی دا قایلی بکا کە واز لە هامبۆرگ و بێرم و لۆبێک بێنێ، ئەو بە فەرمانی لێبڕاوانەی گوللەبارانکردنی بەرهەڵستکاران و زەوتی ماڵ و سامانەکەیان داڤێی نارده ئەو شوێنانە. هەر بۆیەش لەبری ئەوەی بیر لە ئاشتی و گەڕانەوە بۆ پاریس بکاتەوە، خەیاڵی جەنگێکی تازەی لە کەنارەکانی ویستۆڵ و نیەمێن لە میشکیدا دێنا و دەبرد و لە سۆنگەی ئەو خەیاڵانەوە،

دانوستانەکان پراگ ببوون بە دیمەنێکی گاڵتەجاڕانە. پێشنیاریان دەکرد دەست لە هامبۆرگ هەڵگرێ، کەچی ئەو بیری لە داگیرکردنی نیەمێن دەکردەوە، پێشنیاریان دەکرد واز لە ئەیالەتی ئیلیری هەڵگرێ، کەچی ئەو هێشتا نێردە و چاودێرانی خۆی لە وڵاتانی تورکیای عوسمانی و ئێران و سووریا و میسرەوە کە پێش هێرشکردنە سەر ڕووسیا ناردبوونی، بانگ نەکردبۆوە. کێشە و ناکۆکییەکان تەنیا بە گوللەتۆپێک یەکلا دەبۆوە نەک بە خۆگونجاندنی دیپلۆماسی.

سیاسەتی نەمسا بەشێوەیەک بوو کە نە پێی خۆش بوو ناپلیۆن لێبڕاوانە بەسەر بەرەی یەکگرتوودا سەرکەوێ و نە حەزیشی لێ بوو کە بەرە ناپلیۆن بشکێنێ، چونکە لەو حاڵەدا داڤۆ دەکەوتە دەست قەیسەر. مترنیخ پێی خۆش بوو ناپلیۆن ناچار بکا ئەو ئیمتیازانە بدا، هەر بۆیە ڕۆژی 28ی جوونی 1813 هەر گەیشتە شوێنی مانەوەی ئیمپراتۆر لە دریسدێ، دەسبەجێ چووە کۆشکی ئیمپراتۆر.

ناپلیۆن کەوتە هەڕەشەکردن و ڕاشکاوانە نەمسای تاوانبار کرد بەوەی کە بە بیانووی نێوبژیوانی بەتەمایە لە ڕیزی بەرەدا جێی خۆی بکاتەوە. لەو بارەیەوە بە مترنیخی گوت: "ڕاست بڕۆ، دەتانەوێ شەڕم لەگەڵ بکەن؟ کەوابوو بنیادەمەکان قەت ئاقڵ نابن. هیچ کات پەند وەرناگرن. ڕووسەکان و پرۆسییەکان سەرەڕای ئەزموونە تاڵەکانیان و بە سەرکەوتنەکانی زستانی ڕابردوویان غیرەتیان هاتە بەر و هاتنەوە سەرم و منیش تێکم شکاندن، ئەگەرچی پێچەوانەی ئەوەیان بە ئێوە گوتووە. کەوابوو ئێوەش هەر ئەو چارەنووسەتان دەوێ. زۆر باشە. پێتان دەڵێم دنیا بەری بەکوێوەیە. لە مانگی ئۆکتۆبەردا یەکتر دەبینینەوە، لە ڤیەننا." مترنیخ بەوپەڕی نەزاکتەوە بەڵام بە ڕاوێژێکی پتەوەوە گوتی، کە نەمسا بەو تەمایە نیە، بەڵکوو دەیەوێ ئاشتییەکی

سەقامگیر هەبێ. ئینجا مەرجەکانی ئاشتییەکەی خستە ڕوو و گوتی: "ئەگەر ئیمپراتۆر واز لە ئیلیری و هامبۆرگ و بێرم و لۆبێک و گرانۆشێ و وارشۆ بێنێ و نازناوی "پشتیوانی یەکیەتیی ڕاین"یش بەلاوە بنێ، باقی خاک و پێگەڕەکانی دەمێنێ. ناپلیۆن تووڕە بوو و گوتی: "بەڵام من دەزانم چیتان لەبن سەریدایە و چیتان لە دڵیدایە... ئێوە نەمساییەکان هەموو ئیتالیاتان دەوێ، دۆستە ڕووسیەکانتان پۆلۆنیایان دەوێ، پرۆسییەکان ساکسیان دەوێ و ئینگلیزەکانیش هۆڵەندا و بەلژیک و، ئەگەر من ئەمڕۆ لەبەرتان دانوێنم، سبەینێ پێداگرانە داوای هەموو ئەو شتانەم لێ دەکەن، بەڵام بۆ ئەستاندنی ئەو شتانە دەبێ ملیۆنان کەس بێننە بن سێبەری ئالاتان و "چەکداریان بکەن" و خوێنی چەند نەوە بڕێژن و چەندین پەیمان لەگەڵ من لە داوێنی گردەکانی مۆن مارتێردا واژوو بکەن." مترنیخ وەڵامی داوە، کەس وەها چاوەڕوانییەکی لێی نییە و ئەو ئاشتیەیش کە خراوەتە بەردەمی، ئاشتییەکی سەربەرزانە و پڕ شانازییە. ئینجا ناپلیۆن هۆکارەکەی پێ گوت: "دانی بچووکترین ئیمتیازیش بۆ من سەرشۆڕییە." و ئینجا گوتی: "گەورەکانتان، چونکە لەسەر تەختی پادشایەتی لەدایک بوون، تێناگەن چ هەستێک هاندەری منە. ئەوان شکستیش بخۆن، هەر دەگەڕێنەوە پایتەختەکانیان و هیچ لە شکۆیان کەم و زیاد نابێ. من سەربازم و پێویستیم بە شەرەف و شانازییە. من ناتوانم بە سەرکزی و سەرشۆڕی بگەڕێمەوە نێو میللەتی خۆم و دەبێ هەمیشە سەربەرز و شکۆدار و سەرکەوتوو بم." مترنیخ وەڵامی داوە، جا ئەگەر وابێ، جەنگ هەرگیز کۆتایی نایە و هەموو ئەوروپا و فەرەنساش بەو جەنگە لە بڕست دەکەوێ، کەوابوو پێویستیان بە ئاشتییە. ئینجا گوتی:"خاوەنشکۆ، من هەر ئێستا سڵاوم لە سەربازەکانی تۆ کرد و سەیرم کرد هەموو منداڵکارن. ئێوە بە زۆر

هێناوتانن ژێر سێبەری ئاڵا و نەوەیەکتان چەکدار کردووە کە هێشتا پێنەگەیوە. بێت و ئەم نەوەیە لەم جەنگەدا تێدا بچێ، ئاخۆ ئێوە ئەوانە دەکەنە سەرباز کە هێشتا کاتی سەربازییان نەهاتووە؟ ئاخۆ دەتوانی نەوەیەکی لەوەش گەنجتر بکەیتە سەرباز؟
مترنیخ لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەگێڕێتەوە، کاتێک ئەو قسەیەم کرد، ناپلیۆن لە داخان سپی هەڵگەڕا و کڵاوەکەی توند لە عەرزی ڕاکێشا و نەڕاندی: "ئێوە کەسێکی لەشکری نین بەڕێز. ئێوە وەک من ڕۆحێکی سەربازیتان نییە، ئێوە لە لەشکرگەکان نەژیاون. ئێوە فێر نەبوون لە کاتی پێویستدا گاڵتە بە گیانی خەڵک و خۆیشتان بکەن... دووسەد هەزار بنیادەم بۆ من چییە؟" ناپلیۆن لە یەکێک لەو هەڵچوونانەدا کە بۆ سووکایەتی بە بەرانبەرەکەی قسەی زۆر تاڵی دەکرد، ئەم قسانەی کرد و ئینجا گوتی: "جگە لەوانەش، ئەو فەرەنسیانەی تۆ لێرە بەرگرییان لێ دەکەی، هێندەی ئێوە لە من بەگلەیی نین. ڕاستە من 200000 کەسم لە ڕووسیا لەدەست داوە کە 100000 کەسیان بەوەجترین سەربازانی فەرەنسی بوون و من زۆریان بۆ بەداخم... بەڵام باقیەکەی ئیتالیایی و پۆلۆنی و زۆربەشیان ئەڵمانی بوون." و، ئەو دوا وشەیەی بە گاڵتەجاڕییەوە گوت. مترنیخ وەڵامی داوە: "زۆر باشە، بەڵام خاوەنشکۆ وەبااڵم بۆ دەکێشێ، کە ئەوە بۆ کەسێکی ئەڵمانی نابێ بە هۆکار و بەڵگە."
پاش ئەم قسەیە ئیتر دیار بوو کە باسەکە هیچی لێ شین نابێتەوە. ناپلیۆن بە لەبزێکی زۆر گاڵتەجاڕانە بەگوێی دادا، کە نەمسا هێزە سەربازییەکانی خۆی زۆر هەڵدەکێشێ ها. جا چونکە مترنیخ تکای لێ کرد ڕێگەی بدا بۆ ئەوەی بەو مەرجانەوە ببێتە نێوبژیوان، ناپلیۆن نەڕاندی: "ئاخ، ئێوە هێشتا هەر پێداگرن؟ تۆ دەتەوێ فێرە یاسام بکەی؟

جەنابی مترنیخ، ئینگلتەرا چەندی پارە پێداون بۆ ئەوەی شەڕی من بکەن؟ زۆر باشە، ئێوە شەڕتان دەوێ، کەوابوو مالاوا تا لە ڤیەننا یەکتر دەبینینەوە." ئینجا لەوهەڵچوونەدا تەنانەت لە مترنیخی پرسی کە ئینگلتەرا چەندی پارە داوەتێ بۆ ئەوەی دژایەتیی ئەو بکا.
کاتێک مترنیخ لە لای ناپلیۆن هاتە دەرێ، مارشاڵ بێتریە کە زۆر تاسەباری ئاشتی بوو و مەرجە پێشنیارکراوەکانی مترنیخی زۆر پێ ماقوواڵ و سەربەرزانە بوو، لێی پرسی دانوستانەکان بە کوێ گەیشتن؟ مترنیخ وەاڵمی داوە: "سوێندت بۆ دەخۆم سەرۆکەکەتان ئەقڵی تێک چووە."
سەرەڕای ئەو دیمەنەی کە تێیدا ناپلیۆن گوتی، بە خواستنی ماری لۆیز، چاکەیەکی گەورەی لەگەڵ نەمسا کردووە و "کەریتی"یشی کردووە کە هێناویەتی، بەاڵم ئاخری بەبێ ئەوەی هیچ بەڵێنێکی فەرمی بدا، نێوبژیوانییەکەی نەمسای قبووڵ کرد. لەو کاتەدا کە نوێنەرە دەستئاوەاڵکانی ڕووس و پرۆس و نەمسا لە 12ی جوولای 1813دا لەسەر بانگهێشتی مترنیخ لە پراگ کۆ ببوونەوە و کاتی خۆیان بە دانوستان و مشتومڕی بێسوود بەفیڕۆ دەدا، ناپلیۆن خەریکی ڕێکخستن و بەهێزکردنی سوپاکەی خۆی بوو، بەاڵم بارودۆخی سیاسیی ئەوروپا ڕوون و ئاشکرا هەر دەهات و خراپتر دەبوو. لەو ماوەیەدا هەواڵی شکان و بێ ئاکامیی فەرەنسیەکان لە بەرەکانی جەنگی ئیسپانیاوە دەهات: "ئینگلیزەکان و شەڕکەرە پارتیزانەکانی ئیسپانیا، فەرەنسیەکانیان تا چیاکانی پیرنێ ڕاو نابوو و ولینگتۆن لە ویتۆریا سەرکەوتبوو.
ناپلیۆن کە هەر لەپێشدا دەیزانی دانوستانەکانی پراگ هیچیان لێ شین نابێتەوە و نەشیدەویست هیچ ئەنجامێکی هەبێ، کاتی دەکوشت. نوێنەرە

دەستئاوەڵاکانی ڕووس و پرۆس و مترنیخ خۆیشی بەو خۆڕانان و تەفرەدانانە زۆر تووڕە و زوێر ببوون. ئەوان لە 12ی جوولایدا لە پراگ بوون، کەچی هێشتا فەرەنسیەکان نەهاتبوون و جگە لەوە چەتیشیان لە دانوستانەکان دەخست*. پاش دانوستانەکەی مترنیخ لەگەڵ ناپلیۆن ئیتر نەمساییەکان گومانیان لێ بوو بە یەقین. مترنیخ بەوپەڕی ڕاشکاویەوە بە ناربۆنی نوێنەری دەستئاوەڵاکراوی فەرەنسای گوت، ئەگەر کۆنگرەی پراگ تا کۆتایی کاتی دیاریکراوی شەڕڕاگرتن یانی تا مانگی ئۆگۆست نەبەسترێ، نەمسا دەکەوێتە گەڵ بەرەی یەکگرتوو. ئەو دانوستانانە هیچ هیچیان لێ شین نەبۆوە. ناپلیۆن وەک کۆمەڵە فەرمانێکی سەرەتایی بە کۆنت دۆناربۆنی گوتبوو، کە یەکەم: چەندی پێی دەکرێ دانوستانەکان درێژ بکاتەوە بۆ ئەوەی نەهێڵێ کۆنگرەکە بگیردرێ. دووەم: ئەگەر نەیتوانی پێشی کۆنگرەکە بگرێ، هیچ ئیمتیازێک نەدا و ئەو بنەما دیپلۆماسییە ڕەچاو بکا کە بەرهەمی ئیدیۆمە ئیتالیاییەکەی "ئەوەی لە چنگتدایە بەری مەدە"یە.

ناربۆن، کۆلنکۆر و فۆشێ و ساڤاری و بێتریە و هەموو مارشاڵەکانی دیکەی ناپلیۆن داوایان لێ کرد ئەو گرێبەستی ئاشتییە قبوڵ بکا، بەڵام هەوڵەکانیان بێسوود بوو. ساڤاریی وەزیری پۆلیس کە ناپلیۆن نازناوی دووک دۆرۆڤیگۆی بەشانازی پێدابوو، غیرەتی وەبەر خۆی نا و بە ئیمپراتۆری گوت، ئیتر میللەتەکەمان لە ژێر بارستایی ئەو هەمووە جەنگە بێبڕانەوەیەدا بڕستی لێ بڕاوە و وەزاڵە هاتووە و مەترسیی ئەوە دەکرێ ئاخریەکەی لە ئیمپراتۆرە خۆشەویستەکەی خۆی ڕاپەڕێ.

---

*چەت تێخستن: واتە تێکدان. تێکدان بە فرتوفێڵ و ئانفەست... زۆرم هەوڵ دا، هات سەر بگرێ، کەچی فلانەکەس چەتی تێ خست.

ئینجا ناپلیۆن فەرمانی بە وەزیری پۆلیسەکەی کرد بێدەنگ بێ و خۆ لە کارێک وەرنەدا کە لێی نازانێ.
شەڕاگرتن لە 10ی ئۆگۆستدا تەواو بوو و لە 11ی ئۆگۆستدا مەترنیخ ڕایگەیاند، نەمسا شەڕ لە دژی ناپلیۆن ڕادەگەیەنێ.
شادمانی و خۆشی وێکڕا لەندەن و لەشکرگەی ڕووس و پرۆسی تەنییەوە. لەمەودوا هێزەکانی بەرەی یەککرتوو تەواو پێیانەوە دیار بوو لە سوپای ناپلیۆن بەهێزترن.

3

بەرەو کۆتایی جەنگەکەی 1813 دەچین. لە ڕووسیا و پرۆس و نەمسا پەیتاپەیتا گەنجان بەسەرباز دەگرن، یەدەگەکان بانگ دەکەن بێنەوە و هەموو هێزەکانی خۆیانیان کۆک و پۆشتە دەکرد. ئینگلتەرا دیسان سەری تووڕەکەی بۆ کردبوونەوە و بۆ پتەوکردنی بناغەی یەککرتنەکە تەخشان و پەخشانی بە ئاڵتوونەوە دەکرد، بە شێوەیەک کە ولینگتۆنیش لە ئیسپانیا پشکی خۆی پێ بڕدرا. ئێستا بەرە، بە هێزی یەدەگەوە"هێزی بەرگری"، نزیکەی 850000 سەربازی هەبوو و ناپلیۆنیش بە حیسابکردنی هێزی یەدەگەوە نزیک لە 550000 سەربازی هەبوو.
شوارتزێنبێرگ فیڵدمارشاڵی نەمسایی کرابووە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی بەرەی یەککرتوو. ناپلیۆن هیچ لێی نەدەترسا. ڕووسەکان ئیتر کۆتوزۆف و باگراتیۆنیان نەبوو و ئیمپراتۆر هەر وەک ساڵی 1812 باقی سەردارەکانیانی بە پووشێکیش دانەدەنا. هێندێ حیسابی لەسەر کۆمەڵێک سەرداری ڕووس دەکرد کە لە سمۆلنێسک و بۆرۆدینۆ شەڕیان کردبوو، بەڵام ناوەندی فەرماندەیی سوپای ڕووسی هەر پێ هیچ نەبوو، بەتایبەتی ڕەخنەی لە شێوەی سەرکردایەتیی

عەمەلیاتەکەیان هەبوو، لەو دەمەیدا کەخۆی لە مۆسکۆ دەکشایەوە. هەتا مردیش گەلێ جاران باسی دەکردەوە و باوەڕی وابوو کە تەنیا ڕووبەری بێبڕانەوە و پان و بەرینیی لەڕادە و بێبنی ناوچەکە و سووتمانەکەی مۆسکۆ و بەسەرداهاتنی زستانە تووش و ساردەکە و ئەو هەڵەیەی کە خۆی لە گرتنی مۆسکۆ و خۆگنخاندنەکەی لەوێدا بوونە هۆی لەو جەنگەدا بشکێ، ئینجا لەو کاتەدا سەردارەکانی ڕووس و پسپۆڕانی سەربازی و تاکتیکزانەکانیان نەیانتوانیبوو کەلک لەو هەلە لەبارە وەرگرن کە ئاوا بۆیان ڕەخسابوو. بەو حاڵەشەوە ئەو سەربازی ڕووسی ساڵی 1813ی لە سەربازە ڕووسییەکانی ساڵی 1807ی جەنگی ئێیلەو و باقی سەربازانی بەرەی یەکگرتوو پێ باشتر بوو. بەڵام سەبارەت بە پرۆسییەکان، ناپلیۆن لە نێو ئەوانیشدا وەک نەمساییەکان کەسێکی پێ شک نەدەهات شان لە شانی بدا و لە جەنگەکەدا ترسناک بێ، بەڵام دەشیزانی لەسەر ڕاسپاردەی بێرنادۆت کە لە 1813 بەدواوە وەک جێنشینی وڵاتی سوید هاتبووە ڕیزی دوژمنەکانی ئەو، ئەڵکساندری یەکەم و سەرۆکی وڵاتەکانی بەرەی یەکگرتوو، داوایان لە سەرداری لێوەشاوە ژەنەڕاڵ مۆرۆ کردبوو بێتە یارمەتییان. ئەو پیاوە هەر ئەو کەسە بوو کە ساڵی 1804 بە تاوانی بەشداربوون لە پیلانەکەی جۆرج کادۆداڵ و پیشگرۆدا دەسبەسەر و دادگایی و ئینجا بە فەرمانی ناپلیۆن دوور خرابۆوە و لەو کاتەوە لە ئەمریکا دەژیا. مۆرۆ کە دوژمنی قەستەسەری ناپلیۆن بوو، ڕێک لە کاتێکدا گەیشتەوە لەشکرگەی ئەلکساندر، کە عەمەلیاتە جەنگییەکەی پاش بێئەنجام کەوتنەوەی دانوستانەکانی کۆنگرەی پراگ دەستی پێ کردبۆوە.

یەکەم ئامۆژگاریی مۆر بۆ ئەلکساندر و هاوبەرەکانی ئەوە بوو کە "هەرگیز پەلاماری ئەو شوێنەی لەشکرەکە مەدەن کە ناپلیۆن خۆی لەوێیە، بەڵکو هێرش بکەنە سەر ئەو شوێنانەی کە مارشاڵەکان لەوێوەن." بەو حاڵەشەوە کابرای دوورخراوە، بە ئازاری ویژدانەوە دەتلایەوە، ئەگەرچی بەو بیانووە دڵی خۆی دەداوە کە ئەو شەڕی لەگەڵ فەرەنسا نییە بەڵکوو شەڕی لەگەڵ سەرۆکە تاکڕەو و دیکتاتۆرەکەیەتی. شازادە ڕێپێنینی سەرداری ڕووس ئەو دیمەنە هەژێنەرەی بەچاو دیتووە: مۆرۆ کاتێک چاوی بە پیرە سەربازێکی فەرەنسی کەوت کە یەخسیر کرابوو، دەسبەجێ دواندی، بەڵام سەربازەکە هەر مۆرۆی ناسیەوە و زانیی ڕۆژێک فەرماندەی لەشکری فەرەنسیەکان بووە و ئێستا خزمەتی دوژمن دەکا، لێی دوور کەوتەوە و نەڕاندی: "بژی کۆماری"، پیرە سەربازەکە ئەو ژەنەڕاڵەی کۆماری بە خۆفرۆشێکی ناپاک دەزانی، بۆیە نەیدەویست قسەی لەگەڵ بکا. ئەلکساندری یەکەم، ئاوڕی بەخێری لە مۆرۆ دایەوە و مەراییکەرانە ڕێزی دەگرت و زۆری حەز لێ بوو ڕۆڵی یەکەمی شەڕگەکە بەو بسپێرێ. ئیمپراتۆری ڕووس لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە پێش هەموو شتێک مۆرۆ لە سۆنگەی لێزانی و شارەزاییەکەیەوە لە بواری سەربازیدا، خەنیمێکی لێوەشاوەی بۆناپارتە و دەتوانێ بەرەنگاری ناپلیۆن بێتەوە و دوای ئەوەش بوونی ئەو لە نێو ناوەندی فەرماندەیی سوپای بەرەی یەکگرتوودا لەوانەیە گومان و دڕدۆنگی بخاتە نێو سەربازانی فەرەنسیەوە، چونکە مۆرۆ تا ئەو کات وەک سەربازێکی بێخەوشی کۆماری خۆی هەر پاراستبوو و دەیانگوت لەخۆوە لە پیلانەکەی کادۆدۆاڵیان وەرداوە و بێهۆ دەسبەسەر و دادگایی کراوە و دوور خراوەتەوە.

بەڵام ئەو کاتە لە ڕوانگەی سەربازی فەرەنسی و یەکەکانی سوپاوە، وڵاتی فەرەنسا و ئیمپراتۆریا و ئیمپراتۆر خۆی و نیشتمان، هەموو یەکەیەک بوون کە بەرانبەرەکەیان دوژمن و بێگانەی دەستێوەردەر و شاپەرست و پەنابەرەکان بوون، هەر بۆیە قەیسەر خراپی لێک دابۆوە. ئەو کەسەی ئەو خستبوویە بن باڵی، تەنیا بۆیە هاتبووە بەرەی دوژمنەوە، چونکە ئیتر بەلای سەربازی فەرەنسیەوە ئەو هەر نەمابوو. ئەلکساندر زۆری پێخۆش بوو کە لە بری شوارتزێنبێرگ، مۆرۆ بکاتە فەرماندەی گشتیی هێزەکانی بەرەی یەککرتوو، بەڵام مۆرۆ پێشنیاری دەکرد ئەلکساندر خۆی فەرماندەیی گشتیی هێزەکان بگرێتە دەست و ئەو یانی مۆرۆ وەک سەرۆکی ناوەندی فەرماندەیی کار بکا، یانی لە ڕاستیدا فەرماندەیی گشتیی هێزەکان بەو جۆرە بگرێتە ئەستۆ، بەڵام چارەنووس دەورێکی دیکەی گێڕا.

یەکەم جەنگی مەزن، پاش درێژکردنەوەی دوژمنایەتییەکان، شەڕی درێسدێ بوو(27ی ئۆگۆستی 1813). ناپلیۆن لەو شەڕەدا یەکێک لە پڕشنگدارترین سەرکەوتنەکانی خۆی تۆمار کرد.

بەرەی یەککرتوو لەو شەڕەدا نزیک 25000 کوژراو و بریندار و بێنداری هەبوو و زیانی ناپلیۆنیش گەیشتبووە 10000 کەس. سوپای بەرە چەند یەکەیەکی نەبێ کە لە شەڕگە ڕایان کرد و سوارەی فەرەنسی ڕاویان نان، ئەویدیکەی بە ڕێکوپێکی کشانەوە.

لە دوولاوە تۆپخانەی بەهێز کەوتبووە گەڕ و شەڕەکە لەبەر ئاگری 1200 تۆپدا کە بێپسانەوە گرمەیان دەهات، لەگەڕدا بوو. لە گەرمەی شەڕەکەدا کاتێک باڵی چەپی دوژمن تەواو تێک شکابوو و ناپلیۆن خۆی لە نێو دڵی سوپاکەوە ئاگری تۆپخانەکەی ئاراستە دەکرد، کتوپڕ لە گردی ڕۆنیکساوە و لە نێو ڕیزەکانی دوژمنەوە چاوی بە

دەستەیەک سواڕە کەوت و تۆپخانەکەی تێگرتن. ئەلکساندر و ژەنەڕاڵ مۆرۆ لە نێو دڵی سوارچاکەکاندا بوون کە ژەنەڕاڵ بۆ یەکەم جار فەرماندەیی گشتیی هێزەکانی بەرەی گرتبووە ئەستۆ. یەکێک لە یەکەم گوللە تۆپەکانی تۆپخانە کە ناپلیۆن پێی دەگوتن ڕووبان لە کوێ بێ، بەو دەستە سوارەوە نرا و هەردوو پێی مۆرۆ پەڕین و چەند ڕۆژ دواتر گیانی سپارد. لە لەشکرگەی فەرەنسیەکان و لە ئۆردووی بەرەی یەکگرتووشدا ئەم ئەفسانەیە داکەوت کە ناپلیۆن بە دووربین لە نێو ڕیزی دوژمناندا "خیانەتکار"ی ناسیوەتەوە و بە تۆپێک کە خۆی پێوەی ناوە، کوشتوویەتی. هەرچۆنێک بێ شکاندنی هێزەکانی بەرەی یەکگرتوو لە دڕێسدێ و کوشتنی لەناکاوی مۆرۆ یانی لێوەشاوەترین پسپۆڕی سەربازیی ئەوان، زەبرێکی گورچووبڕ بوو کە لە وڕەیان و دەروونیان درا .

بەرە، کاتێک لە دڕێسدێ تێک شکان، بە ڕێگەی جیاجیادا بەرەو بەرزاییەکانی متالیک کشانەوە. ڕۆژانی دواتریش مارشاڵە فەرەنسیەکان، مارمۆن و ڤیکتۆر و مۆرا و سەنسیر و ژەنەڕاڵ ڤاندام کە ڕاکردووەکانیان ڕاو نابوو، چەند هەزار کەسێکیان لە ڕووسی و پرۆسی و نەمساییەکان بەدیل گرت، بەڵام ڤاندام کە لەخۆشیی سەرکەوتنەکە ئاگای لە خۆی نەمابوو، هێڵی پێوەندییەکەی لە پێشقەڕەوڵەکانی سوپای فەرەنسا پچڕا(لێیان دابڕا) و هێزەکانی بەرە لە ڕۆژانی 29 و 30ی ئۆگۆستدا لە کۆڵم هێزەکەی ئەویان تێک شکاند و بۆخۆیشی بریندار بوو و لەگەڵ کۆمەڵێک لە سەربازەکانی یەخسیر کران

ئەو سەرکەوتنە، وڕەی بە بەرەی یەکگرتوو بەخشییەوە کە پاش شکانەکەی دڕێسدێ تەواو وڕەیان ڕووخابوو. بەرگری و ملڕانەکێشان بۆ ئاشتی لەگەڵ ناپلیۆن تەنانەت لە شکانیشدا، یەکێک بوو لەو

ئامۆژگارییانەی کە مۆرۆ پێش مەرگە ناوەختەکەی خۆی فریا کەوتبوو بە قەیسەری بدات. بەرە دەیانزانی، ئەگەرچی ناپلیۆن بلیمەتییە سەربازییەکەی هەر ماوە، بەڵام سەربازەکانی، سەربازی جاران نین. منداڵۆچکەی 18 ـ 19 ساڵان نەیاندەتوانی جێی لۆژیۆنە نەبەزەکان و ئەو سوپا پۆڵاییەنە پڕ بکەنەوە کە بۆناپارت لە میسر و سووریا بەوانەوە شەڕی کردبوو و ئەوروووپای داگیر کربدوو. تەنانەت نەیاندەتوانی تۆزی ئەو سەربازانەش بشکێنن کە ئەو وەپێشیان کەوتبوو بۆ مۆسکۆ و ئێسک و پرووسکیانی لە شەڕگەکاندا چاندبوو. ناپلیۆن خۆیشی ئەوەی دەزانی و لێی دیار بوو کە کێشەیەکی دیکەشی لەبەردەمە: بەپێی ئەو ڕێسایەی کە بۆخۆی دانابوو و پاش ئەویش ببووە بنەمایەک و لە هەموو نامیلکەکانی وانە و تاکتیکی سەربازی و لەشکرکێشیدا دەگوترانەوە، نهێنی و تاکتیکی جەنگ لەوەدا بوو کە شەڕکەر لە کاتی دڵخواز و شوێنی خۆیدا لە خەنیمەکەی بەهێزتر بێ، ئێستاش کە هەموو شتێک بە جەنگی ساکسەوە بەسترابۆوە، خۆی ئەم ڕێسایەی دەشکاند. داڤۆ یەکێک لە سەرداڕە هەرە باشەکانی ئەو لەودەمەدا بە سوپا بێهەژمارەکەیەوە لە کوێ بوو؟ لە هامبۆرگ خەریکی گوللەبارانکردنی بازرگانان بوو.

ئەو هەمووە لەشکرە پیادە و سواڕە و تۆپخانەیەی کە لە شەڕە یەکلاکەرەوەکەی ئایندەدا ئاوا پێویست بوو، لە کوێ بوون؟ لە دانتزیگ و ئەڵمانی باکووری و ئیتالیای باشووری و ناوەندی و ئیسپانیا. خۆ ئەگەر بانگی کردبایەن، ئەوا بەدەستی خۆی ئەو ئیمپراتۆرییە مەزنەی بە زەبروزەنگ نەبایە ڕانەدەگیرا، تێک دەدا و بانگیشی نەکردبانەوە ئەوا ئەو شکانە ناعیلاجەی لێ دەکەوتەوە کە بەرەی یەکگرتوو بەسەریان دێنا، بەرەیەک کە ئەگەرچی پاش کوژرانی مۆرۆ سەردارێکی

لێوەشاوەیان نەبوو، بەڵام دوو هێندەی سەربازەکانی ناپلیۆنیان سەرباز کۆک و پۆشتە کردبوو.
ناتەباییە قوواڵ و بێچارەسەرەکان، زۆرییان بۆ ڕۆح و مێشکی ناپلیۆن هێنابوو. ڕێگەی بەرلین نارێک و نالەبار دیار بوو. بێرنادۆت بە لەشکرە سویدیەکەیەوە بۆلۆ بە بەشێک لە سەربازە پرۆسییەکانیەوە کە ژمارەیەکی زۆریان باڤاریایی و ساکسۆنی و بەگشتی ئەووڵاتانە بوون کە ناپلیۆن فەمانڕەوای بۆ دانابوون، پاشەکشەیان بە فەرەنسیەکان کردبوو. ئەو وڵات داگیرکراوانە، ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر متمانەیان پێ دەکرا و ڕۆژ نەبوو سەد کەس سەد کەس سوپاکەی ناپلیۆن بەجێ نەهێڵن و ئامادە نەبوون لەپێناو گەڵاڵە و خەریتە نارووونەکانی ناپلیۆندا، شەڕی هاونیشتمانییە ئەڵمانییەکانی خۆیان بکەن. لە 23ی ئۆگۆستدا لە گرۆسبێرن، بەرەی یەکگرتوو، مارشاڵ ئۆدینۆیان بەرەو بەرلین کشاندەوە. ماکدۆنالدیش لە کاتسباخ لەسەر ڕێگەی سیلزی شکابوو. لە چوارەمی سێپتەمبەردا مۆرا هێرشی کردە سەر بلۆخەر و بەزاندی، نەڵام نەیتوانی سوپاکەی لەنێو بەرێ. نێی لە شەشی سێپتەمبەردا لە دێنێویتز شکا. لەمەودوا ئیتر ناپلیۆن نەیدەتوانی پشت بە سەربازە ئەڵمانییەکانی خۆی بسپێرێ، چونکە نێی تەنیا لەبەر ئەوە پاشەکشەی کردبوو، کە سەربازە ساکسۆنییەکانی نێو لەشکرەکەی، لە یەکەم تێکهەڵچووندا ڕایان کردبوو. ناپلیۆن لە مارشاڵەکانیشی ناڕازی بوو و لەم بارەیەوە لە ڕێکەوتی 8ی سێپتەمبەری 1813دا بۆ وەزیری جەنگ واتە کلارکێی نووسیوە: "بەڵام ژەنەڕاڵ و ئەفسەرەکان لە جەنگ ماندوو بوونە و ئیتر ئەو کەفوکوڵ و خرۆشەیان نەماوە کە جاران ئەوانی کردبووە کەڵەپیاو." ئینجا فەرمانی پێ کردبوو کە قەڵاکانی ڕێنانی لە ڕووی نەفەر و تفاقیشەوە بەهێزتر بکا.

مانگی سێپتەمبەر بەبێ ئەوەی هیچ ڕووداوێک بێتە گۆڕێ، تێپەڕی. بەڵام ناپلیۆنیش وەک بەرەی یەکگرتوو هێشتا حەزی لێبوو پێش ئەوەی زستانی بەسەردابێ، شەڕێکی گەورە بکا و هێزەکەی خۆی تاقی بکاتەوە. بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی هەموو ئەڵمانیای تەنیبۆوە. دەستە دەستە پارتیزنانی تۆگێنبۆند و باقی ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکان وردە وردە سەریان هەڵدەدا. گەنجانی بۆرژوا و قوتابیانی پرۆسی و ساکسۆی و قوتابیی وڵاتانی یەکیەتیی ڕاین و وێستفاڵی ئێستا بە تاسە و حەزەوە هەوڵیان دەدا ئەڵمان لە ژێر کۆت و نیری بێگانەیەک ڕزگار بکەن.

ناپلیۆن چالاکانە خۆی بۆ جەنگی پاییزێ ئامادە دەکرد، بەڵام لەپێشدا لێیان ڕوون بوو کە ئەگەر سەریش بکەوێ، جەنگەکە وا زوو نابڕێتەوە، چونکە ئەو سوور و پێداگربوو کە هیچ ئیمتیازێک نەدا و دەیزانی بەرە، بەو هەمووە پاشەکەوت و یەدەگەوە کە هەیانە ئەگەر تێکیش بشکێن، هێشتا دان بە شکانەکەیاندا نانێن. ناچار بڕیاری دا 280000 گەنجی دیکە لە وڵاتانی سەر بە ئیمپراتۆری بکاتە سەرباز کە لەو ژمارەیە 160000 کەسیان تا 1815 نەدەبوایە ببنە سەرباز و هێشتا خەتیان لێ نەدابوو. پێشگۆییەکەی مترنیخ وەڕاست دەگەڕا: "دەرگای سەربازخانەکان بۆ کەسانێک دەخرایە سەر پشت کە هێشتا منداڵ بوون."

لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی ئۆکتۆبەرەوە دیار بوو کە سوپاکانی دوژمن دەستیان کردووە بە کۆمەڵێک خۆڕانان و مەشقی ئاڵۆز و قوونەشەڕ، لە هەندێ شوێن هێرشیان دێنا و لە هەندێ شوێن دەکشانەوە، ئەو ڕۆژانە کە بۆ ناپلیۆن ڕۆژانێکی زۆر ڕەش و شوم بوون، هەر بە ڕاستی چالاکییەکانی ئەو سەرسوورهێنەر بوون کە خۆی سەرانسۆی

سوپاکەی دەکرد و چاوی بەسەریانەوە بوو و هەموو ڕۆژێ نەخشەی تازە و فرتوفێڵی جەنگیی تازەی دێنا و دایدەڕشت.
ئەوکات، ڕووسەکان، وڵاتی پادشایی وێستفاڵیان گرت و ژرۆم لەوێ ڕای کرد. باڤیر پەیانی شکاند و کەوتە گەڵ بەرە. ناپلیۆن دەبووایە دەسبەجێ ئاگری شەڕێکی گشتی و گەورە هەڵگیرسێنێ و تێیدا بووکی سەرکەوتن لە ئامێز بگرێ. ئەو لەخۆی دەپرسی کە باشە بۆچی وڵاتە پاشکۆکراوەکانی(ئەو وڵاتانەی خۆی پادشای بۆ داناون)بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی ئاکامی جەنگەکانی ئایندە بکەن خیانەتیان لێ کردووە؟ هەڵبەت مەحاڵ بوو وەڵامی پرسیارەکەی نەزانێ.
لە شانزەی ئۆکتۆبەری 1813دا لە دەشتی لایپزیگ، گەورەترین جەنگی حەماسەی ناپلیۆن کە ئەوکات لە ئاڵمان ناویان نا "جەنگی میللەتان" ڕووی دا. لە ڕۆژانی 16 و 18 و 19ی ئۆکتۆبەردا ناپلیۆن لە لایپزیگ لە گژ بەرەی یەکگرتوو واتە ڕووسی و نەمسایی و پرۆسی و سویدییەکان ڕۆچوو.
جگە لە فەرەنسیەکان، پۆلۆنی و ساکسۆنی و هۆڵەندی و ئیتالیایی و بەلژیکی و ئەڵمانی و خەڵکی وڵاتانی یەکیەتیی ڕاینیش لە سوپاکەیدا بوون. ناپلیۆن لە سەرەتای جەنگەکەدا 155000 و بەرەی یەکگرتوو 220000 سەربازیان هێنایە مەیدان. سەر لە ئێوارێ هەردوو خەنیمەکە توند و پتەو چەقیبوون و هێشتا چارەنووسی جەنگەکە ناڕوون بوو. یەکەم ڕۆژ ناپلیۆن 30000 کەسی لەدەست دابوو، لە حاڵێکدا بەرە 40000 کەسی تێداچووبوو.
هەموان چاوەڕوان بوون بزانن سبەینێ چ دەقەومێ. ئەو شەوە تا بەیانی ناپلیۆن و بەرەی یەکگرتوو هێزی پشتیوانیان بۆ دەهات، بە شێوەیەک کە ڕۆژی دووەم ناپلیۆن 15000 کەسی هێزی پشتیوان پێ

گەیشتبوو، کەچی بەرە، 11000 کەسیان لە سوپای باکوورەوە بە فەرماندەیی بێرنادۆت و بنیگسۆن بۆ هاتبوو. لە بەرەبەیانیەوە، ناپلیۆن لەگەڵ مۆرا سەرێکی شەڕگەکەی دوێنێیان دا و مۆرا وەبیری هێناوە کە تەنانەت لە بۆرۆدینۆش کوشتاری وا نەکراوە. بەیانیی ڕۆژی 17ی ئۆکتۆبەر ناپلیۆن کتوپڕ خەیاڵی پاشەکشەی بەمێشکیدا هات، بەڵام دواجار بڕیاری دا لەجێی خۆی نەبزوێ. فەرمانی کرد ژەنەڕاڵە نەمساییەکە، ژەنەڕاڵ مێرقێلدی بۆ بێنن کە دوێنێ یەخسیر کرابوو. هێنایان و باسی ئاشتیی لەگەڵ هێنا گۆڕێ. مێرقێلد گوتی، دەزانم ئێستا نەمسا پێی خۆشە ڕێک کەون و ئاشتی بکرێ، جا ئەگەر ناپلیۆن "خێر و چاکەی دنیا و فەرەنسا"ی لەبەرچاو بێ، ئەوا لەوانەیە دەسبەجێ پەیمانی ئاشتییەکە ببەسترێ.

ڕۆژی حەڤدەی مانگ، هەتا ئێوارێ هەر خەریکی کۆکردنەوەی بریندار و خۆڕێکخستنەوە بۆ جەنگ بوون. ناپلیۆن پاش دڕدۆنگیەکی زۆر، بڕیاری دا تا هێڵی سائاڵ بکشێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەرفەتی ئەو مانۆڕەی بۆ بڕەخسێ، سەرلەبەیانیی هەژدەی ئۆکتۆبەر، ئاگری جەنگەکە هەڵایساوە. دیسان هێزی بەرە ژمارەیان پتر ببوو. ئەوان پاش ئەوەی لە شانزەی ئۆکتۆبەردا چل هەزار کەسێکیان لەدەست دابوو، ڕۆژی حەڤدە و هەژدە هێزێکی زۆریان هاتە پشتیوانی، بە شێوەیەک کە ئەو ڕۆژە وەختێک شەڕەکە دەستی پێ کردەوە، ژمارەی سەربازانی بەرە دوو هێندەی هێزەکانی ناپلیۆن بوو. شەڕەکەی ڕۆژی هەژدەیەم لە ئی ڕۆژی حەڤدەش قورستر و سامناکتر بوو. لە جەنگەی جەنگەکەدا، هەموو ئەو سەربازە ساکسۆنیانەی کە بەنابەدڵی لە ڕیزی سوپای ناپلیۆندا بوون، ڕایانکرد و کەوتنە گەڵ هێزەکانی دوژمن و دەسبەجێ سەری تۆپەکانیان بەرەو ئەو شوێنە وەرسووڕاند کە تا چەند ساتێک

لەوەپێش هاوپەیمان و هاوسەنگەریان بوون، یانی ڕووی تۆپەکانیان کردە فەرەنسیەکان، سەرەڕای ئەو دۆخە ناخۆشەش، ناپلیۆن بەشێوەیەکی درندانە درێژەی بە جەنگەکە دا.
کاتێک سەر لە ئێوارە ئاگری جەنگەکە دامرکاوە، هەردوو لا لە بەرانبەر یەکتردا ڕاوەستابوون و هێشتا ئاکامی جەنگەکە ڕوون نەبوو، بەڵام ئەو ئەنجامە لە شەوی نێوان 18 و 19ی ئۆکتۆبەردا ڕوون و یەکلا بۆوە. پاش ئەو زەبرە قورسەی لە سوپای ناپلیۆن داربوو، پاش ناپاکیی ساکسۆنیەکان ئیتر ناپلیۆن خۆی ڕانەدەگرت و بەرگریی پێ نەدەکرا و بڕیاری دا بکشێتەوە. پاشەکشەکە لە نیوەی شەوێدا دەستی پێ کرد و ڕۆژی 19ی ئۆکتۆبەر تا ئێوارێ هەر کشانەوە و ناپلیۆن لایپزیکی چۆل کرد و لە حاڵێکدا کە هێزەکانی بەرە زۆریان بۆ دێنا، ئەو بە قوونە شەڕ بەرەو ڕۆژئاوا کشایەوە.
جەنگەکە لە هەموو کاتێک خوێناویتر بوو، چونکە لە کۆڵانەکانی شار و لە گوندەکاندا تەرمی ئەو سەربازانەیان لەسەر یەک کەڵەکە دەکرد کە لە پاشەکشەدا بوون. ناپلیۆن فەرمانی دەرکردبوو پردەکان لە دوای خۆیان بڕووخێنن، کەچی ئەندازیارەکان بە هەڵە زووتر لە کاتی دیاریکراو کە هێشتا 27000 سەرباز بەتایبەتی پۆلۆنییەکان نەپەڕیبوونەوە پردەکانیان ئاگر دا. سەرلەشکری پۆلۆنیەکان، مارشاڵ پۆنیاتۆڤسکی کە بریندار ببوو، بە ئەسپەوە لە چۆمی ئلستێری دا و خنکا. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاوەدوونانیان زوو کۆتایی هات. ناپلیۆن بە سوپاکەیەوە بەرەو چۆمی ڕاین کشایەوە.
فەرەنسیەکان لە 16 و 19ی ئۆکتۆبەردا لەسەر یەک 65000 کەسیان لەدەست دابوو و بەرەی یەکگرتووش 60000 کەس. چەند ڕۆژ دواتریش لە دەوروبەری لایپزیک نالّە و هاوار و نووزەی سامناکی

بریندارانو بۆگەنی ئەو تەرمانەی خەریک بوو دەتوڵانەوە، دنیای پڕ کردبوو. کەس نەبوو شەڕگەکان پاک بکاتەوە و پزیشکێک نەبوو فریای بریندار و نقوستانبووەکان بکەوێ.

4

ناپلیۆن لە لایپزیگەوە تا فەرەنسا یانی تا هێڵی ڕاین کە فەرەنسای لە ئیمپراتۆریی ئەڵمانیای پێش ئەودەمەی ناپلیۆن دەست بەگرتنیان بکات، جیا دەکردەوە، کشایەوە. شێوەکارە فەرەنسیەکان گەلێ جاران لە ناپلیۆن خۆی و ئەو دەموساتە بێفەڕ و شومانەی سەرەتای ساڵی 1814 ئیلهامیان وەرگرتووە. پەڕەموچ و قەڵەم فڵچە سیحراوییەکەی مێسۆنیەر، توانیویەتی باری دەروونیی ناپلیۆن لە تابلۆیەکدا وێنا بکا: شێوەکارەکە، ئەوی لە حاڵەتێکدا وێنا کردووە، کە بە سواری ئەسپەکەی هێدی هێدی لە نێوەڕاستی سەربازەکانیەوە دەڕوا و نیگا خەمبارەکانی بڕیوەتە شتێک، کە سەربازەکانی نایبینن. لە کۆتایی ئۆکتۆبەر و یەکەم ڕۆژەکانی مانگی نۆڤەمبەری 1813دا، لە مەودای نێوان کۆتایی جەنگی ساکس و سەرەتای جەنگی فەرەنسادا، شەڕێکی سامناک و دڵتەزێن لە ناخی ئەو پیاوەدا هەڵاییسابوو، شەڕێک کە خۆی لای هیچ کام لە یاوەرەکانی و ئەو کەسانەی لە ڕیزی دەگمەنی نارنجۆکهاوێژەکانی سوارەی گاردی کۆندا ڕێگەیان دەبڕی، باسی نەکرد، بەڵام لە ڕوخسارە گرژەکەی و چاوە ماتەمبارەکانیدا جوان دیار بوو.

ناپلیۆن بۆ یەکەم جار دەبوایە لێی ڕوون بووبێتەوە، کە کۆشکی ئیمپراتۆرییە مەزنەکەی خەریکە دادەڕمێ. ئەم "گیراوە" ناڕێک و پێکنەگونجاوەی وڵاتان و میللەتان کە بە زەبری ئاگر و ئاسن لە ماوەی چەند ساڵاندا و زۆریش بە زەحمەت کرابوونە نێو دەفری یەک وڵاتەوە،

لەتوپەت دەبوو. هەر لە ئێستاوە، مۆرا، مارشاڵە ئازیزەکەی، ئەو فەرماندە سوارچاکەی کە پاڵەوانی شەڕەکانی بوو و بە دەستی خۆی کردبووی بە پادشای ناپڵ، پشتی تێ دەکرد. مۆرا دەڕۆیشت و ناپلیۆن دەیزانی بۆیە دەڕوا تا ناپاکیی لێ بکا، دەیزانی ئەو لە بنەوە چووەتە ڕیزی بەرەی یەکگرتۆوە بۆ ئەوەی تەخت و تاجەکەی خۆی بپارێزێ. ژۆزفی برای لەلایەن ئینگلتەرا و ڕاپەڕیوە ئیسپانیۆلیەکانەوە لە شێوەدوورگەی ئیبری دەرپەڕێنرابوو. براکەی دیکەشی، واتە ژرۆم پادشای وێستفاڵی لە کاسڵ ڕای کردبوو. داڤۆ لە هامبۆرگ کەوتبۆوە گەمارۆی ڕووسی و پرۆسییەکانەوە. دەسەڵاتی فەرەنسا بەسەر هۆڵەنددا لەرزۆک ببوو. ئینگلتەرا و ڕووسیا و نەمسا و پرۆس، ئۆقرەیان نەدەگرت هەتا فەرەنسایان نەکشاندبایەتەوە نێو کەوشەنە کۆنەکانی خۆی. ئیمپراتۆریی مەزن کە شاکاری ناپلیۆن بوو، لە کۆتایی تەمەنی نزیک دەبۆوە، یانی لە هەموو لایەکەوە هەڵدەوەری.

ئەو هێشتا سەدهەزار سەربازێکی بەدەستەوە بوو، کە 40000 کەسیان شەڕیان پێ دەکرا، دەبوایە باقیەکەی چەکدار بکرێ و ڕێک بخرێتەوە. هێشتا لە دانتزیک و هامبۆرگ و هەندێ شوێنی ئەورووپادا کە هێشتا پێی وەفادار بوون، چەند بەتالیۆنێک مابوونەوە کە لەسەر یەک 150 تا 180 هەزار کەس دەبوون. سەربازە منداڵکارەکانی 1815 کە لە ساڵی 1813ـدا بەسەرباز گیرابوون، بەپەلە لە لەشکرگەکاندا ڕادەهێنران و مەشقیان پێ دەکرا.

ناپلیۆن ئاواش چەکی دانەدەنا. هێشتا بیری لە قۆناغە تازەکانی جەنگ نەدەکردەوە و کاتێک بێدەنگیی دەشکاند و قسەی لەگەڵ مارشاڵەکانی دەکرد، کە بەتەما بوو فەرمانی تازەیان پێ بکا. لەو دەموساتانەدا بوو

که پاپای گەڕاندەوە ڕۆما و ڕێگەی دا فێردیناند پادشا پێنج سالانەکەی ئیسپانیاش ـ کە لە فەرەنسا دەژیا ـ بگەڕێتەوە ولاتەکەی.
بە کوژرانی 125000 سەربازی هەر دوو لایەن لە لایپزیک و بەتایبەتی پاشەکشەی پاش ئەو کوشتارە، ئیتر ناپلیۆن دەبوو لێی ڕوون بێتەوە، کە ناتوانێ بە زەبرێکی یەکلاییکەرەوە هەموو ئەو ڕووداوانە قەرەبوو بکاتەوە کە لە جەنگی بۆرۆدینۆ و سووتمانەکەی مۆسکۆ و بە لەنێوچوونی سوپای مەزن لە بەفرەکانی ڕووسیا و پەیمانشکێنیی پرۆس و نەمسا و ساکس و باڤیر و ولاتانی وێستفالی بەسەری هاتبوون و ئاسەواری ڕووداوەکانی لایپزیگ و ئەو جەنگەش بشواتەوە کە ئیسپانیا لەگەڵی دەیکرد و ولینگۆتن و سەربازەکان بەدەم دەریادا بدا.
تا مانگەکانی جوون و جوولای و ئۆگۆستی ئەو ساڵە سامناکەی 1813، هێشتا ئەو دەیتوانی بەسەر مترینخدا بنەڕێنێ و پێ بەعەرزیدا بکێشێ و بە سووکایەتییەوە لێی بپرسێ ئاخۆ چەندی پارە لە ئینگلتەرا وەرگرتووە و جوێن بە ئیمپراتۆر فرانسوا بدا و نەمسا ئەزیەت بکا و دانوستانەکانی ئاشتی بێئاکام بهێڵێتەوە و تەنیا لەسەر ئەوەی داوای ئەیالەتی ئیلیرییان لە باشوور و شارەکانی هانزێئاتیک لە باکوور لێ کردووەتەوە دەهری بێ و هێشتا دەیتوانی کاڵا دەسبەسەرداگیراوە بەریتانیەکان بسووتێنێ و سیناتۆرە هامبۆرگییەکانی گوللەباران بکا و، بە کورتی جۆرێک هەڵسوکەوت بکا وەک بڵێی لە 1812دا سەرکەوتوانە لە ڕووسیاوە گەڕاوەتەوە و لە 1813یشدا هیچ کێشەیەکی نییە جگە لەوەی پرۆسی یاخی و سەربزێو سزا بدا.
بەڵام پاش ڕووداوەکەی لایپزیک، کاتێک لە کەوشەنەکانی پێشووی فەرەنسا نزیک دەبۆوە و لۆژیۆنە بێهەژمارەکانی دوژمنیش سەریان لە دوو نابوو، دەبوایە بە هەموو لێکدانەوە سیاسییەکانی خۆیدا بچێتەوە.

ئێستا هێرشی دوژمن هەڕەشەی لە فەرەنسا دەکرد و مەسەلەی بەرگری لە وڵات و نیشتمان لەگۆڕێدا بوو.
ئیمپراتۆر بەر لەوەی بگاتە ڕاین،_ ڕۆژی 30ی ئۆکتۆبەر_ ناچار بوو لە هانەوڕا بە زەبری چەک و بە نێوەڕاستی لەشکری هاوپەیمانە باڤاریایی و نەمساییەکانی جارانی خۆیدا ڕێگەیەک بکاتەوە. کاتێک لە 2ی نۆڤەمبەری 1813دا گەیشتە مایانس، پتر لە 40000 سەربازی شەڕکەری بەدەستەوە نەمابوو. ژمارەیەکی زۆر پیاوی بێچەکی لە پشتەوە لێ بەجێ مابوون و بەدوایدا خۆیان پەلکێش دەکرد و ئەوانە حیسابی سەربازیان لەسەر نەدەکرا، بەڵام هێشتا ناویان لە لیستەی سوپادا بوو، کە بە شارەکە وەربوون.
لە نیوەی نۆڤەمبەردا، ناپلیۆن لە پاریس بوو. جەنگەکەی 1813 تەواو ببوو و جەنگی 1814 دەستی پێ دەکرد. فەرەنسا هەر سەیرێکی ئامارەکەیانی کردبایە، لێی ڕوون دەبۆوە کە دەبێ سەد هەزار کەس لەوانەی ساڵی 1813 کرابوونە سەرباز و تێداچووبوون، بخرێتە سەر ئەو نیوملیۆن سەربازەی کە ساڵی 1812 تێداچووبوون.
بەڵام جەنگ هەروا گەرم بوو و هەر لە ئێستاوە گرمەی تۆپ، لە سنوورەکانی فەرەنساوە دەهات. وڵات بە دەست قەیرانێکی تازەی وەک قەیرانەکەی نیوەی یەکەمی ساڵی 1811ەوە دەینااڵند، بەڵام ئەم جارە باسی ئەوە نەبوو کە بەشێک لە بێکارییەکە بە یارمەتیی دارایی حوکمەت چارەسەر بکرێ، هیچ هیوایەکیش نەبوو کە قەیرانەکە وا زوو ببڕێتەوە. ساڵی 1813، کاتێک ناپلیۆن لە ئەڵمانیا سەرقاڵی شەڕ بوو، پۆلیسی پاریس وردە وردە دیتی دیاردەیەک دەردەکەوێ کە ساڵی 1811 بە نهێنی و شاراوە باسی دەکرد، کەچی ئێستا لە ڕاپۆرتەکانیدا ناوی دێنێ: ئەویش ئەوە بوو، کە کرێکاران بە ئاشکرا کەوتبوونە

ورتەورت و ناڕەزایەتییەکانی خۆیانیان دەردەبڕی و قسەی "تێکدەرانە"یان دەکرد.
دەوروبەرە کرێکارنشینەکانی پاریس، کە تا ئێستا لەژێر نیری پۆلایینی تاکڕەویی سەربازیدا پشتیان چەماندبۆوە و زیاتر لە 18 ساڵ بوو ـ لە پاش ژێرمینالّ و پرێریالّی 1795ـەوە ـ هیچ ڕاپەڕینێکیان وەڕێ نەخستبوو، ئێستا وردەوردە هاواری پڕ سکالاّی خۆیانیان لە بن زەبر و زۆری تاقەتپڕووکێنی هەژاریدا بەرز دەکردەوە، بەو حاڵەشەوە کارەکە قەت سەرهەڵدانێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە کە تەنانەت لە دووریشەوە شۆڕش و ڕاپەڕینە مێژوویەکانی ژێرمینالّ و پرێریالّ بیر خەڵک بخاتەوە یان هەر نەبێ خۆپێشاندانێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە.
هۆکارەکەش هەر ئەوە نەبوو کە سیخوڕی لە سەردەمی فۆشێدا گەیشتبووە لووتکەی خۆی و لە سەردەمی جێگرەوەکەی ئەودا واتە ساڤاری دووک دۆرۆڤیگۆش هەر وا بووە، لەبەر ئەوەش نەبوو کە پۆلیس هەموو ولاّتی تەنیبوو و بە سوارە و پیادە شەو و ڕۆژ دەگەڕان و گەڕەکە کرێکارنشینەکانی سەنت ئانتوان و ئەنت مارسۆ و گەڕەکی تامپڵ و شەقامی مۆفتاریان سەنگ و سووژن دەدا، هەڵبەت بە هۆی ئەوەشەوە نەبوو کە جەماوەری کرێکار هیچ ڕقێکیان لە حوکمەت نەبێ. هەڵبەت ئەو شتانە هەموو هەبوون، چونکە ناپلیۆن داهێنەری "دەفتەرۆکی کرێکاران" بوو، کە کرێکارانی بێ ئەملاوئەولا دەخستە بەردەستی خاوەنکار و ژێر نیری ئەوانەوە. ئەو هەموو ساڵێ باج و پیتاکی خوێنینی دەویست و لە پێشدا ئەم باجەی تەنیا لە پیاوە پێگەیشتووەکان دەستاند، بەڵام ئێستا مێرمنداڵی 18 ساڵانەشی دەبرد بۆ ئەوەی تەرمی دەستەی سەدهەزار کەسیی ئەوان بکاتە هێزدەری خاکی کوشتارگە و شەڕگەکانی ولاّتە دوورەدەستەکان. ناپلیۆن کە

کرێکارەکانی لە هەموو ئامراز و ڕێگەیەکی بەرگری لە بەرانبەر خاوەنکارە چەوسێنەرەکانیان بێبەری کردبوو، هیچ مافی ئەوەی نەبوو پشت بە پشتیوانیی چینی زەحمەتکێشی کۆمەڵگە ببەستێ.
بەڵام ئێستا مەترسیی هێرشی دوژمن وەک سەرەتاکانی شۆڕش خەریک بوو دەگەیشتە سەر سنوورەکانی فەرەنسا و داگیرکەران بەتەمابوون دیسان خانەدانەکان بکەنەوە فەرمانڕەوای وڵات و "بۆربۆن"ـەکان بێننەوە سەر تەختی پادشایەتیی فەرەنسا، بۆیە کرێکار نیگەران بوون و زەندەقیان چوبوو. تارمایی خوێناویی تاکڕەوێکی دیکتاتۆر، کە لە دەسەڵاتی تێر نەدەبوو، کتوپڕ کاڵ بۆوە و لەبەر چاویان خێڵی ناتەرز و کرێتی شاپەرستەکان و ئەو پەنابەرە ناپاکانە زەق بوونەوە، کە دیسان بەرەو فەرەنسا و پاریس دەهاتنەوە و لە گالسکەی بێگاناندا تخێڵ ببوون و بەتەمای دامەزراندنەوەی سیستەمەکەی جاران و نەهێشتن و سڕینەوەی هەموو ئاسەوارەکانی شۆڕش بوون.
ئەی چ بکەن؟ لە پشتەوەڕا لە ناپلیۆن ڕاپەڕن و بەو جۆرە ڕێگە بۆ دوژمن خۆش بکەن، کە فەرەنسا گوێڕایەڵ بکا و بۆربۆنەکان بێنێتەوە؟ جەماوەری کرێکار لە کۆتایی ساڵی 1813 و سەرەتای ساڵی 1814دا ڕانەپەڕین، ئەگەرچی بە درێژایی دەسەڵاتەکەی ناپلیۆن هێندەی ئەو ساڵە کوێرەوەرییان نەچێشتبوو.
بەڵام چینی بۆرژوا ڕێک بەپێچەوانە بیری دەکردەوە.
خاوەنی پیشەسازییەکان هێشتا حەزیان لێ بوو پشتیوانی لە ناپلیۆن بکەن. ئەوان لە هەموو کەس باشتر دەیانزانی ئینگلتەرا بەتەمای چییە و چ چاوەڕوانییەکی هەیە و، بێت و ناپلیۆن بشکێ، کێبەرکێ لەگەڵ پیشەسازیی ئینگلیز چ لە دەرەوە و چ لەنێوخۆ چەندە ئەستەم دەبێ.

بازرگانە کۆفرۆشەکان و بانکدار و خاوەن بۆرسەکان دەمێک بوو سکالّایان بوو بەدەست ژیانی ئەستەم و کارکردن لە سەردەمی ئەو هەمووە جەنگە بێبڕانەوەیە و لە ژێر سێبەری دەسەلّاتێکی دیکتاتۆردا. دەمێک بوو بازاڕەکانی دەرەوە بەشێوەیەکی کارەساتبار کەم دەبوونەوە و بازاڕەکانی نێوخۆیش لەوان زیاتر بەرتەسک دەبوونەوە. پارە هەبوو، بەلّام "خۆی دەشاردەوە" و، چاودێری جۆراوجۆر ئەم دیاردەیەیان دەدی. دەلّاّل و سەوداکەری بەکۆ، لە ژێر دەسەلّاتی ناپلیۆندا ئیتر لە بڕانەوە و کۆتایی شەڕ بێهیوا ببوون. پاش کارەساتی لەنێوچوونی سوپای مەزن لە ڕووسیا و بەتایبەتی پاش بێئاکامبوونی کۆنگرەی پڕاگ و ڕووداوەکانی لایپزیگ، ئیتر هەموویان لێیان سوور بوو کە ئیمپراتۆر تەواو دەشکێ، بۆیە کەس بیری لە سەقامگیریی دراو و پەرەپێدانی ساتوسەودای بازرگانی و داواکردن و وەرگرتن یان پێدانی کالّا و کڕینی شتی گرینگ نەدەکردەوە. بێئۆقرەیی و بێهیوایی و تووڕەیی، بالّی بەسەر ئەم بەشەی بۆرژوادا کە زۆر جێی سەرنجیش بوون، کێشابوو و زۆر بەخێرایی لە ناپلیۆنی دادەبڕی.
ناپلیۆن هێشتا لە گوندەکاندا دەیتوانی پالّپشتێک بۆخۆی دەستەبەر بکا. ئەو بە سەربازگیریی بەردەوام و مژینی خوێنی جووتیاران بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستییەکانی سوپا، گوندەکانی فەرەنسای لەسەر ساجی عەلی دانابوو: بەو حالّەشەوە، جەماوەری جووتیاری جووتبەندە، جگە لە "ڤاندێ"، هەموویان پتر لەو گۆڕانکارییە سیاسیانە تۆقیبوون کە هێرشەکە بەدووی خۆیدا دێنان، نەک لە ناپلیۆن. بەلای زۆرینەی جووتیارەکانەوە، بۆربۆنەکان واتە نوێنگەی دامەزرانەوەی سەرلەنوێی سیستەمی دەرەبەگایەتی و گەڕانەوەی دەسەلّاتی ئاغاکان بەسەر خەلّک و زەوی و زارەکان و دەرکردنی ڕەعیەت لە ملّکەکانی کلێسا و ئەو

ملٚکانەی پەنابەرەکان کە دەستیان بەسەردا گیراوە و لە سەردەمی شۆڕشەکەدا بە جووتیاران و بۆرژواکان فرۆشرابوون. ترسی لەدەستدانی ئەو مافانەی بەو هەمووە زەحمەتەوە بەدەستیان هێنابوو و لەدەستدانی خاوەندارێتیی تەواوی ئەو پەڵە زەویەی بەدەستیانەوە بوو، وای لە جووتیار دەکرد کە هەموو دەرکەوتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ناپلیۆن قبوولٚ بکا کە لەسەر بنەمای بەرینکردنەوەی ولٚات و تالٚان دامەزرابوون. ئیتر ئەوان ناپلیۆنیان لەو ڕێژیمە دەرەبەگایەتییە پتر دەویست کە بۆربۆنەکان دیسان دایاندەمەزراندەوە.
ئیتر، تویژی کەم بەلٚام دەسترۆیشتووی خانەدانە کۆن و نوێیەکانیش هەبوون. کۆنەخانەدانەکان و تەنانەت ئەوانەی لەو چینەشدا خزمەتی ناپلیۆنیان دەکرد، هەمیشە خۆیان لە بۆربۆنەکان پتر بەنزیک نەدەزانی. بەلٚام تازەخانەدانەکانیش یانی مارشالٚ و دووک و کۆنت و بارۆنەکانی ئیمپراتۆریا کە ئاغا ئاوڕی بەخێری زۆر لێ دابوونەوە و گەلێ ئالٚتوونی پێ دابوون، بەهیچ شێوەیەک نەدەبوونە پالٚپشتێک بۆ ناپلیۆن. ئەوان لەو ژیانەی ناپلیۆن بۆی دابین کردبوون، وەڕەز ببوون و تاسەبار و تینووی ئەوە بوون کە چۆن شیاوی شان و شەوکەتی خانەدانێکە، ئاوا چێژ لەو هەموو سامانە وەرگرن و باقی ژیانیان بە خۆشی و کۆک و پۆشتەیی بەرنە سەر و سەردەمی سەربازی و گیانبازییەکانی جارانیان بە کەوشەنی بیرەوەرییەکان بسپێرن. ئیمپراتۆر جارێک بەوپەڕی تووڕەییەوە پێی گوتبوون: "بەڕێزان، هەست دەکەم ئیتر ناتانەوێ شەڕ بکەن. بێرتیە دەیەوێ لە ملٚکەکەی خۆی لە گرۆسبۆیس بچێتە ڕاو و ڕاپ لە هوتێلە جوانەکەی خۆی لە پاریس لێی تخێلٚ بێ." ڕاپ بە ڕاوێژێکی ناخۆش وەلٚامی دابۆوە: "خاوەنشکۆ، من ئەوەت لێ ناشارمەوە... ئاخر من زۆرم خۆشڕابواردنەکانی پایتەخت نەدیتووە..."

ژیان لە خێوەتەکانی سەربازی و لە نێو مەترسیی بەردەوامی دوژمن و لە ژێر ڕەهێڵە و گوللەباران و بەزینی بەردەوام و گەمەکردن بە مەرگ، وای کردبوو، ئەوی هەرە ئازا و بەوەج و خۆڕاگریان وەک مادۆنالّد و نێ و ئۆژێرۆ و سباستیانی و ڤیکتۆر و ئەوی هەرە گیانلەسەردەست و فیداکاریان وەک کۆلنکۆر و ساڤاری تا ڕادەیەک شەکەت بن، کە وردەوردە گوێیان لە پچەپچ و لەگوێخوێندنەکانی تالیران و فۆشێ دەگرت، کە دەمێک بوو بە دزیەوە خەریکی خیانەت و پیلانگێڕان بوون. بارودۆخ و وەزعی دەروونیی چینە جۆراوجۆرەکان ئاوا بوو، ئەو کاتەی ناپلیۆن پاش شکستەکەی لایپزیک لە ڕۆژانی 16 و 19ی ئۆکتۆبەری 1813دا یانی پاش ئەو جەنگە بەهاریەی کە دەسپێکێکی پڕشنگداری هەبوو، گەڕایەوە پاریس بۆ ئەوەی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی هەوسارپچڕاوی دوژمن بۆ سەر فەرەنسا، خۆی ڕێک بخاتەوە.

5

"با بچین باپیرە فرانتز داپڵۆسین"، ئەوە قسەیەک بوو کە پادشا بچکۆلانەکەی ڕۆما بە لەبزی پتەوی منداڵێکی سێ ساڵانە دەیکرد و پاتەی دەکردەوە و لە ناپلیۆنی باوکیەوە کە زۆری خۆش دەویست، فێری ببوو. ئیمپراتۆر کە گوێی لێ دەبوو ئەو منداڵۆچکەیە بەبێ ئەوەی بزانێ دەڵێ چی، وەک تووتی ئەو قسەیە پاتە دەکاتەوە، قاقای دەکێشا. لەو دەمانەدا "باپیرە فرانتز" کە سەربازەکانی وردە وردە لە ڕاین نزیک دەبوونەوە، جاربەجار دڕدۆنگتر دەبوو و مشوورخۆرەکەیشی واتە مترنیخ وەک ئەو دەکەوتە گومانەوە.

بە دڵنیاییەوە ئەو گومانە هیچ پێوەندییەکی بە خزمایەتییەکەی نێوانیانەوە نەبوو کە ناپلیۆن زاوای ئیمپراتۆری نەمسا و کوڕەکەیشی

واتە نەوەی فرانسوای یەکەم، میراتگری تەخت و تاجی ناپلیۆن بوو. هۆکارێکی دیکە لە گۆڕێ بوو، کە دیپلۆماسیی نەمسای ناچار دەکرد، بۆ گەیشتن بە ئاکامەکانی ئەو جەنگە وەک ئینگلتەرا یان ئەلکساندری یەکەم یان فردریک ویلهۆڵمی سێیەمی پادشای پرۆس شێلگیر نەبێ. بە لای ئینگلتەراوە ناپلیۆن قەستەسەرترین و مەترسیدارترین دوژمنێک بوو کە لە 15 سەدەی مێژووی خۆیدا لەگەڵی بەرەوڕوو ببوو. دەی هەتا ناپلیۆن پادشا بووایە، مەحاڵ بوو ئاشتییەکی سەقامگیر لە نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرادا بێتە ئاراوە. ئەلکساندر تەنیا دەیویست تۆڵەی ئەو سووکایەتییە بکاتەوە کە پێی کرابوو، بەتایبەتی ناپلیۆنی بە تاقە پادشایەک دەزانی کە دەیتوانی لەکاتی پێویستدا پۆلۆنیا ببووژێنێتەوە و قەیسەریش گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەگەر ناپلیۆن لەسەر تەختی پادشایەتی بمێنێتەوە، ئامراز و کەرەستەی پێویستی سیاسی و سەربازی بۆ وەشاندنی زەبری گورچووبڕ لە دوژمن و خەنیمەکانی خۆی دەستەبەر دەکا.

ئەم هۆکارە لە هەموو شتەکانی دیکە پتر فردریک ویلهۆڵمی سێیەمی دنە دەدا و ناچاری کردبوو کە لە مانگی مارسی 1813دا دژی ناپلیۆن بێتە بەرەی جەنگەوە و ئیتر لەو کاتەوە تا شەڕەکەی لایپزیکیش کۆتایی هات، ساتێک نەبوو زەندەقی لە ناپلیۆن نەچووبێ. ئەو تا ڕادەیەک لە ناپلیۆن تۆقیبوو، کە بەتایبەتی پاش شکستەکانی بەرەی یەکگرتوو لە لۆتزێن و بۆتزێن و درێسدێ، چەند دیمەنێکی گاڵتەجاڕانەی ئەو ترسەی بۆ ئەلکساندر ئاشکرا دەکرد و بێهیوایانە هەر دەیگوت و دەیگوتەوە: "ئەها دیتت دیسان منی تا ئەوبەری ویستۆڵ ڕاونایەوە؟" و تەنانەت جەنگی لایپزیکیش ترسەکەی نەڕەواندەوە. ئەو ترسە زراوبەر و شێوەخوڕافاتە لە ناپلیۆن، پەتایەک بوو ئەوکات هەموو جێیەکی

گرتبۆوە. تەنانەت پاش لاییزیک و پاش ئەوەی ناپلیۆن هەموو ئەو وڵاتانەشی لەدەست بۆوە کە گرتبوونی و تەنیا بە فەرەنسایەکی بڕستلێبڕاو و لەپێکەوتووەوە مابۆوە و لە پشتەسەری دەنگی ناڕەزایەتی بەرز ببۆوە، کەچی ناپلیۆن وەها ببوو بە مۆتەکەی سەرشانیان، کە فردریک ویلهۆڵمی سێیەم نەیدەزانی ئاخۆ بێت و ڕۆژی پاش شەڕەکە، وڵاتانی بەرە بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان، ئەو کە پادشای پرۆسە قوڕی کوێ بەسەر خۆیدا بکا و چۆن بتوانێ لە دراوسێیەتیی ناپلیۆن بژی.

بەپێچەوانەی ئینگلتەرا و ئەلکساندر و فردریک و ویلهۆڵمی سێیەم کە پێیان وابوو بێت و ئەمجارە وڵاتانی بەرە لە ناپلیۆن گەڕێن هەروا لەسەر تەختی دەسەڵات بێ، ئەوا هەموو ئەو خوێنانەی لە 1812 و 13دا ڕژاون بەفیڕۆ چوون، نەمسا وای بیر نەدەکردەوە. مترنیخ بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست ڕووسیا لە تای تەرازووی ئەوروپادا پارسەنگێکی کاریگەر بێ. ئەو دەیویست ناپلیۆن بە بێ ئەوەی لەمەودوا ترس و کێشە بۆ نەمسا بنێتەوە، هەر بەهێز بێ و ئەگەر بلوێ، هەر وا وەک هاوپەیمانی بنەماڵەی هابسبۆرگەکان مووی لووتی ڕووسیا بێ. مترنیخ و فەرەنسوای یەکەم دیسان هەوڵیان دا لەگەڵ ناپلیۆن سازش بکەن و ئەو وەزیرە کە زۆر جوان دەیتوانی بە هەڕەشەی هاتنە دەرەوەی نەمسا لە بەرە، بە بلوێری خۆی هەڵیانپەڕێنێ، توانیی ئینگلتەرا و ڕووسیا و پرۆس قایل بکا، کە بۆ دواییین جار ئەم مەرجانە بۆ ئاشتی بخەنە بەردەم ناپلیۆن: ناپلیۆن دەست لەو زەوییانە هەڵگرێ کە تا ئێستا لەدەستی داون و کۆتایی بە شەڕەکە بێنێ و فەرەنسای بەو کەوشەنێکی تۆزێک جیاوازتر لەوەی وا ساڵی 1810 لە پەیمانی ئاشتیی لۆنێڤیلدا بۆی دەسنیشانکرابوو، بەدەستەوە بێ.

لەو کاتەدا سەرکردەی ولاتانی بەرە لە فرانکفۆرت بوون. مترنیخ، بانگی ساینت ئاینان وەزیرە دەستئاوەلاکەی جارانی فەرەنسای لە وایمار ـ کە ئێستا لە فرانکفۆرت بەندکرابوو ـ بانگ کرد و لە هەنتەشی لۆرد ئێبردین نوێنەری ئینگلتەرا و نێسێلرۆدی نوێنەری ڕووسیا کە بە نوێنەرایەتیی هاردنبێرگی مەزنەڕاوێژکاری پرۆسیش قسەی دەکرد، دیپلۆماتە فەرەنسیەکەیان ڕاسپارد دەسبەجێ بچێتە لای ناپلیۆن و پێشنیارەکانی بەرەی یەکگرتووی بخاتە بەردەمی.
پەیمانی ئاشتیی لۆنێڤیل لە کاتی خۆیدا بەرهەمی جەنگێکی سەرکەوتوانە بوو. کەوابوو ناپلیۆن، ئەو ولاتە مەزنەی بۆ دەمایەوە کە لە ساڵی 1801دا پاش جەنگی مارەنگۆ و هۆهنلیندن دایمەزراندبوو. لەسەر لێواری هەڵدێر و پاش شکستە سامناکەکانی 1812 و 13 و هێرشی بەرەی یەکگرتوو لە ئایندەدا بۆ سەر فەرەنسا، دەرگایەکی چاوەڕوانەکرا بۆ ناپلیۆن خرابووە سەر پشت کە پێیدا دەرباز بێ و ئیتر ئەو هەروا پادشای ولاتێکی پلە یەکەم دەبوو.
ساینت ئاینان لە 14ی نۆڤەمبەری 1813دا بە پێشنیارەکانی بەرەی یەکگرتۆوە گەیشتەوە پاریس.
ناپلیۆن کە بۆ سەربازگیرییەکی تازە و تەدارەک و ئامادەکاریی بنەمایی شەڕێکی نوێ، لە پڕجۆشوخرۆشترین و بزێوترین چالاکییەکانی خۆیدا بوو، نەیویست دەسبەجێ بڕیار بدا. لەگەڵ ئەوەشدا بەنابەدڵی و وێڕای ئەوەی بەوپەڕی تواناوە هەوڵی ڕێکخستنەوەی سوپاکەی خۆی دەدا، قایل بوو دەست بە دانوستان بکەن.
ئەو لە حاڵێکدا لە نووسینگەکەیدا دەهات و دەچوو، بەبێ ئەوەی ڕووی قسەی لە کەسێکی تایبەت بێ، دەیگوت: "ڕاوەستن، ڕاوەستن. بەو زووانە لێتان ڕوون دەبێتەوە کە من و سەربازەکانم پیشەکەی

خۆمانمان لەبیر نەچووەتەوە. ئێمەیان لە نێوان چۆمەکانی ڕاین و ئەڵبدا شکاند و بە خیانەت شکاندیانین، بەڵام لە نێوان ڕاین و پاریسدا ئیتر کەس نیە خیانەت بکا."

ئەو قسانە بە هەموو فەرەنسا و ئەورووپادا بڵاو بوونەوە.

ئەوانەی ناپلیۆنیان دەناسی، هیچ کامیان لە بەرەوپێشچوونی دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ بەرەی یەکگرتوو گەشبین نەبوون. هەموو ڕۆژێ ڕیزێکی نوێی سەرباز لە بەر چاوی تیژبین و وردی ناپلیۆندا خۆیان ڕادەنا و مەشقیان دەکرد و بەرەو ڕۆژهەڵاتی ڕاین دەکەوتنە ڕێ. کۆتایی تراژدیا گەورەکە نزیک دەبۆوە.

شەڕەکەی فەرەنسا و یەکەم دەستلەکارکێشانەوەی ناپلیۆن

1814

1

ناپلیۆن ساڵی 1814یش هەر وەک جەنگەکەی 1813ی خۆی دژی ئەورووپا، جگە لە هێزی چەک پشتی بەهیچ شتێک گەرم نەبوو، لەگڵ ئەوەشدا دەیزانی پاش شکستەکەی لایپزیک و لە سەروبەندی هێرشی بەرەی یەکگرتوو بۆ سەر فەرەنسا، ئیتر دەرەتانی ئەوەی نییە کە وەک جوولای و ئۆگۆستی 1813 کە دانوستانەکانی کۆنگرەی پراگی پەک خستبوو، هەڵسوکەوت بکا.
لەو دەمەدا ڕازی بوون بەوەی کە وێڕای فەرەنسا، هەموو ئەو وڵاتانەشی بدەنەوە کە گرتبوونی. یانی جگە لە ئەیالەتی ئیلیری و شارەکانی هانزێ ئاتیک و نازناوی "پشتیوانی یەکیەتیی ڕاین" چەند شوێنێکی ئەڵمانیاشی بە هەموو پاشناو و نازناو و ئیمتیازەکانیەوە پێ

بدەنەوە. ئەو بەو هیوایە پەکی دانوستانەکانی خستبوو، بەشکم بتوانێ بە زەبرێکی گروچووبڕ بەرەی یەکگرتوو بەچۆکدا بێنێ.
بە دڵنیاییەوە ئەو پێشنیارانەی خرابوونە بەردەمی، خراپتر بوون، بەڵام ئەو دەیزانی کە جووتیار و کرێکار و چینی بۆرژوای بازرگان و پیشەساز و ئەو فەرمانبەرانەی خۆی دایمەزراندبوون و بە گشتی جگە لە کۆمەڵێک کەس، هەموو چین و توێژەکانی ئەورووپا لە جەنگ وەزاڵە هاتبوون و تاسەباری ئاشتی بوون.
بەو جۆرە ناپلیۆن بەبێ ئەوەی ڕاشکاوانە ئەو پێشنیارانە ڕەد بکاتەوە کە ساینت ئایلان بۆی هێنابوو و، لەگەڵ ئەوەشدا خۆ نواندن بەوەی کە ئەویش خوازیاری ئاشتییە، دوو مانگ ـ لە 15ی نۆڤەمبەری 1813ـەوە کە پێشنیاری ئاشتییەکەی پێ کرابوو ـ بابەتەکەی گنخاند و تەفرەی دا. ئەو هەر بە ڕاست پێی وابوو بەرەی یەکگرتوو خۆیان لەو مەرجە پێشنیارکراوانەیان پاشگەز دەبنەوە و ئەودەم بەرپرسیارەتیی هەڵگیرسانی شەڕ و دوژمنایەتییەکە دەکەوێتەوە سەرشانی خۆیان. ئەو دەیزانی جگە لە نەمسا هیچ کام لەو دەوڵەتانەی لە شەڕەکەدا بوون نایانەوێ دەسەڵاتەکەی ئەو بمێنێ و، بەتایبەتی ئینگلتەرا هەر ڕازی نەدەبوو چونکە بەندەری ئانۆرس بەدەست ناپلیۆنەوە دەمایەوە، کەچی بەپێی ئەو پێشنیارانەی لە فرانکفۆرتەوە بۆی دەهاتن، نەک هەر ئانۆرس بەڵکوو هەموو بەلژیکیش هەر وەک بەشێک لە فەرەنسا دەمێنێتەوە. جگە لەوە، لەم خاڵەش بێئاگا نەبوو کە چەندی دانوستانەکان بەقووندا بخا، زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە کە لۆردکاستلێریی وەزیری دەرەوەی ئینگلتەرا ئەو پێشنیار و مەرجانە ڕەد بکاتەوە کە لۆرد ئێبردین لە سەرەتای نۆڤەمبەر و لە ژێر گوشاری مترنیخدا لە فرانکفۆرت پەسندی کردبوون.

لەو ماوەیەدا ناپلیۆن دەبوایە وا بنوێنێ کە خۆی هیچ کۆسپێک ناخاتە بەردەم بەرەوپێشچوونی دانوستانەکانی ئاشتی و ئەگەر دەستیشی کردووەتەوە بە ڕاهێنانی سەربان، ئەوا بۆ جەنگ نییە بەڵکوو بۆ پاراستنی ئامانجی ئاشتیخوازانەیە. ئەو لە 19ی دیسەمبەری 1813دا وێڕای وتارێک کە لەسەر تەختی پادشایەتییەوە پێشکەشی سیناتۆرەکانی کرد، گوتی: "من هیچ دژی سەقامگیریی ئاشتی نیم و کۆسپی ناخەمە بەر. من دەزانم فەرەنسیەکان چ هەستێکیان هەیە و هاوهەستی ئەوانم و دەڵێم فەرەنسیەکان، چونکە هیچ فەرەنسیەک نیە بە نرخی شکۆ و شەرافەتی خۆی خوازیاری ئاشتی بێ. بەداخم لەوەی فیداکاری و قوربانیی تازەم لەو میللەتە جوامێرە دەوێ، بەڵام چ بکەم کە ئەوە پاکترین و ئازیزترین بەرژەوەندییەکانی میللەتن کە داوای ئەو فیداکارییە دەکەن. من ناچار بووم بە سەربازگیریی تازە سوپاکەم بەهێز بکەمەوە. میللەتان ئەگەر هەموو هێزەکانیان تۆکمە و بەهێز نەکەن، پارێزراو نابن." بەو قسانەیڕا دیار بوو کە ئەو ئاشتیی ناوێ: "... بۆ ئەوەی ئەوان ــ واتە نەوەکانی ئایندە ـ نەڵێن کە ئێمە سەرەکیترین بەرژەوەندییەکانی وڵاتمان کردووەتە قوربانی و ملمان بۆ یاساگەلێک ڕاکێشاوە کە ئینگلتەرا پاش 14 سەدە خەبات هەر نەیتوانیبوو بەسەر فەرەنسایاندا بسەپێنێ."

وتارەکەی ناپلیۆن لەسەر تەختی پادشایەتییەکەیەوە، کە وەڵامی ئەو پێشنیارانەی ئاشتی بوو وا مانگێک لەوەپێش دەوڵەتانی بەرە خستبوویانە ڕوو، بەم ڕستانە تەواو دەبوو.

لە جانیوەری 1814دا سەدودە هەزار سەرباز بانگ کرابوونە سەر ئەرکەکانیان و بڕیاریش وابوو سەربازی تازەش وەرگرنەوە. ناپلیۆن سیناتۆرەکانی بۆ هەموو شوێنێکی فەرەنسا ناردبوو بۆ ئەوەی

بەرپرسە خۆجێیەکان هان بدەن سەرباز و مااڵیاتی باو و ناباو بۆ پاراستنی سوپاکە کۆ بکەنەوە.
لە جانیوەری 1814ەوە ئیتر هەواڵ دەهات کە سوپای دوژمن لە ڕاین پەڕیوەتەوە و شەپۆلی هێرشەکە ئەیالەتەکانی ئالزاس و فرانشکۆنتێی گرتۆتەوە. لەوبەرێشەوە ولینگتۆنیش لە چیاکانی پیرنێی بڕیبوو و لە باشووری فەرەنساوە بەرەو پێشەوە دەهات. ئیمپراتۆر بەو سیناتۆرانەی بۆ ئەیالەتەکانی ناردبوون، گوت: " من لێتان ناشارمەوە پێتان بڵێم کە زۆرم شەڕ کردووە و گەلێ پلان و نەخشەی بەربڵاوم لەمێشدا هەبوو، یانی دەمویست ئیمپراتۆریای جیهان بۆ فەرەنسا دەستەبەر بکەم، بەاڵم لە هەڵەدا بووم، چونکە ئەو نەخشە و پلانانە لەگەڵ هێزی ئەو جەماوەرە کەمەی وااڵتەکەماندا یەکی نەدەگرتەوە. دەبوایە هەموو خەڵکەکە بکەمە سەرباز و، من دەزانم پێشکەوتنی باری کۆمەاڵیەتی و ناسکبوونەوەی ڕۆح و ژیان و دابونەریتەکان ڕێگە نادا هەموو میللەت بکەیە ئاپۆرایەکی چەکدار." خۆ ئەگەر سیناتۆرەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ناپلیۆندا غیرەتی قسەکردنیان لەدەست نەدابوایە، دەیانتوانی وەاڵمی بدەنەوە کە جەنابیان خۆیان بەکەم گرتووە، ئەگینا جگە لە ژنان و منداڵ و پیر و پەککەوتەکان، هەموو میللەتی کردووە بە سەرباز.
ئیمپراتۆر ئاوا لەسەر قسەکانی ڕۆیشت: "من دەبێ سزای ئەو تاوانەم کە شاییم بە بەخت و شانسی خۆم بوو بچێژم و ئەو سزایەش وەردەگرم... ئەوە من بووم لە هەڵەدا بووم و من دەبێ ئازار بچێژم. ئەو خوێنی خۆی بەبێ چاوەڕوانی بەمن بەخشیوە و لە هیچ فیداکاری و قوربانییەک نەپرینگاوەتەوە..." ئەو ڕێککەوتنی ئاشتیی بە فیداکاری و خۆقوربانیکردن دادەنا و لەو بارەیەوە دەیگوت: "بەاڵم خۆم، تەنیا ئەو

شانازییە بۆخۆم دەپارێزم کە غیرەتێکی لەتوانام بەدەر بنێمە بەرخۆم، بۆ ئەوەی واز لە گەورەترین هەستی زێدەخوازیم بێنم و ئەو بەرزەفڕییانەم ـ کە تەنیا بە هەوڵی میللەت وەدی دەهاتن و ئیتر من نامەوێ داوای ئەو هەوڵە لە میللەتەکەم بکەم ـ بە قوربانی ئەو بکەم".

ناپلیۆن جگە لەو مەسەلە تایبەت و دەگمەنە، هەرگیز ئاوا ڕاشکاوانە قسەی نەکردووە. ئەو تۆزە متمانەیەکی بە سیناتۆرەکانی هەبوو و، بە کورتی، بەو جۆرە لە سیناتۆرەکانی دەڕوانی: "ئەوانە، خولامەکانی ئەمڕۆ و خیانەتکارەکانی سبەینێن." ئەو ئیتر تەواو دڵنیابوو کە تالیران خیانەتی لێ کردووە. پاش جەنگی لایپزیک لە نۆڤەمبەری 1813دا هەر گەیشتەوە پاریس، لە یەکێک لە کۆبوونەوە گشتیەکانیدا، چووە بەردەم تالیران و بەسەریدا نەڕاندی: "بۆچی هاتوویە ئێرە؟ من دەزانم تۆ ئەم خەیاڵەت لەسەریدایە، کە ئەگەر من نەمێنم تۆ دەبیتە سەرۆکی وڵات. ئاگات لەخۆت بێ بەڕێز. هیچ کەس لە ململانێی گەڵ مندا قازانج ناکا. چاوی خۆت خورد کەوە، ئەگەر دەردی بێدەرمانیش بگرم، تۆ هەر لەپێش مندا دەمریت."

لەگەڵ ئەوەشدا بەو جۆرەی پیرەڕێوی ماوەیەکی زۆر هەر بەترسەوە ژیا، بەڵام ناپلیۆن گوللەبارانی نەکرد: هەڵبەت لە جانیوەری 1814دا کاتێک ناپلیۆن پێشنیاری پێ کرد لەگەڵ کۆلنکۆر بچێ و لە دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ بەرەی یەکگرتوودا ئاگای لێی بێ و ئەو"تالیران" قبووڵی نەکرد، ئیمپراتۆر وەک هەڕەشەیەک بە مست لێی ڕاسا.

ئەو متمانەی بە "فۆشێ"یش نەبوو و بە مارشاڵەکانیشی. ئەو تەنیا متمانەی بە سەربازەکانی هەبوو، ئەویش نەک بەو مندااڵانەی کە لەو دوو ساڵەی دواییدا لە کۆشی دایکیان هێنابوونیە دەر، بەڵکوو بە

کۆنەسەربازەکانی، ئەو کۆنەسەربازانەش زۆریان نەمابوون: شەڕگەکانی ئەوروپا، بانووی مەدرید و دەوروبەری ئۆرشەلیم و جادەکەی مۆسکۆ بەرەو بڕێزینا و شەڕگەکانی لایپزیگ بە ئێسک و پرووسکی ئەوان داپۆشرابوون. ئەو ناچار ببوو ژمارەیەک لەو یەکە قەدیمییانەی هێشتا مابوون بەپەلە لە ئیسپانیا و هۆڵەند و ئیتالیاوە بانگ بکاتەوە، چونکە دەیویست دیسان شەڕ بکاتەوە و نەیدەویست هیچ باسی ئاشتی بکا.

لە لایەکیشەوە، پاش دوو مانگ ماتڵبوونی بێئاکام، کاتێک هێزەکانی بەرە کە ئیتر هاتبوونە نێو فەرەنساوە و دڵنیاش ببوونەوە لەوەی خەڵک تەواو لە جەنگ بێزار بووە و سەربازە تازەکانیش بەشێوەیەکی ترسناک دەستیانکردبوو بە ڕاکردن و خۆدزینەوە، ئیتر مکوڕ بوون لەسەر ئەوەی جگە لە کەوشەنەکانی فەرەنسای ساڵی 1790، هیچ شتێک بەدەست ناپلیۆنەوە نەهێڵنەوە، یانی بەلژیک و هۆڵەند و ساڤۆا و بەری چەپی چۆمی ڕاینیشی کە لەسەردەمی شۆڕشدا گیرابوو، لێ بستێننەوە و، ئەوەش زۆر لە پێشنیارەکانی نۆڤەمبەری 1813 کەمتر بوو، بەڵام ئەمجارە هەمووان تەنانەت لۆردکاسلیریش کە گەیشتبووە ناوەندی فەرماندەیی بەرە، بەو بڕیارە قایل بوون.

کۆنگرەی ئاشتی لە شاتیۆن کۆ بۆوە، بەڵام دانوستانەکان هیچیان لێ شین نەبۆوە. ناپلیۆن لە وەڵامی کۆلنکۆری نوێنەری خۆیدا لە کۆنگرە کە نووسیبووی: "قبووڵکردنی پێشنیارەکانی بەرە، دوا ڕۆچنەی هیوایە بۆ پاراستنی تەخت و تاجی ئیمپراتۆری و گەڕاندنەوەی بۆربۆنەکان بە یارمەتیی هێزەکانی بەرە"، نووسیی:

"بەو گەڵاڵەیەی بۆت ناردووم، وەها بەخۆمدا شکاومەتەوە، کە هەست دەکەم شکۆی من شکاوە کە وەها پێشنیارێک بە تۆ کراوە. ئێوە هەر

باسی بۆربۆنەکان دەکەن. من پێم باشترە بەکۆمەڵێک مەرجی ماقوول بۆربۆنەکان بێنەوە فەرەنسا، نەک ئەوەی پەڵەی شوورەیی ئەو پێشنیارانە بەنێوچاوانمەوە بدەم کە تۆ بۆت ناردووم."

جەنگ، بەڵێ، تەنیا جەنگ دەبێ چارەنووسی هەموو شتێک یەکلا بکاتەوە. ئەندامانی کۆنگرە بەبێ ئەوەی هیچیان لەدەست بێ، بڵاوەیان کرد و ناپلیۆن بەو حاڵەوە بێهیوایانە بەگژ بەرەی یەکگرتوودا هاتەوە. شەوی نێوان 24 و 25ی جانیوەری 1814، ناپلیۆن چووە لەشکرگەکەی. ماری لۆیز، ئیمپراتریسی فەرەنسای کردە جێنشینی خۆی و گوتی: ئەگەر مردم، کوڕەکەم، پادشا بچکۆلانەکەی ڕۆما دەسبەجێ لەسەر تەختی پادشایەتی دابنێن و هەر ماری لۆیز نوێنەری پادشایەتی بکا. ناپلیۆن منداڵەکەی ئەوەندە خۆش دەویست، لە ژیانیدا کەسی هێندە خۆش نەویستبوو. ئەوانەی ئیمپراتۆریان باش دەناسی، قەت پێیان وانەبوو ڕۆژێک ئەو بتوانێ کەسێکی ئەوەندە خۆش بوێ. کاتێک ئیمپراتۆر لە ژووری کارەکەیدا و لە بەر سۆبەکە دادەنیشت و خەریکی نووسین و خوێندنەوە دەبوو، منداڵەکە لەسەر کۆشی نەدەهاتە خوارێ و، وەک مێنێژاڵ، یەکێک لە سکرتێرەکانی ناپلیۆن دەیگێڕێتەوە، منداڵەکە پێی خۆش نەبوو لە ژوورەکە بێتە دەرێ و داوای لە باوکی دەکرد بە سەربازە قورقوشمینەکان یاریی لەگەڵ بکا. لە نێو هەموو دەربارییەکاندا تەنیا ئەو منداڵە بوو کە هیچ لە ئیمپراتۆر نەدەترسا و لە ژووری کارەکەی ئەودا، خۆی بە فەرمانڕەوای بێجلەو دەزانی. ناپلیۆن ئەو ڕۆژەی 24ی جانیوەری تا ئێوارێ لە ژوورەکەیدا هەر خەریکی ڕێکخستنی کاروبارە بەپەلەکان بوو، کە دەبوایە پێش ئەوەی بچێتە جەنگی یەکلاکەرەوە و ئەو دوئێلە سامناکە لەگەڵ هێزەکانی ئەوروپادا بەلایەکیاندا بخا. منداڵەکەش وەک هەمیشە بە ئەسپەدارینەکەی خۆی

لای ئیمپراتۆر بوو. جا چونکە دیتی باوکی هەر وا سەرقاڵی کاغەز و شتەکانە و ئاگای لێی نیە، بێتاقەت بوو و داوێنی گرت و کێشای. ئیمپراتۆر هەڵیگرت و چەند جارێک هەڵیهاویشت و گرتییەوە. پادشا بچکۆلانەی ڕۆما کە خەنی ببوو، باوکی ماچباران کرد. شەوێ بردیان خەواندیان. سەعات سێی بەیانی، ئەو پەرستارەی کە ئەوشەوە ئێشککگری ژووری جێنشین بوو، کتوپڕ چاوی بە ناپلیۆن کەوت ئەوا بە پێ دزە دێتە ژووری و ئاگای لێ نەبوو کە پەرستار دەیبینێ. لە تەنیشت بێشکەی منداڵەکەوە، کە مستەکانی قووچاندبوو و خەوی لێکەوتبوو، ڕاوەستا و تاوێکی باش بەبێ ئەوەی چاوی لێ بترووکێنێ سەیری کرد. خولەکێک دواتر سواری گالیسکەکەی ببوو دەچووە لەشکرگە. ئیتر چاوی بە کوڕەکەی نەکەوتەوە.

2

هێشتا ڕاهێنانی سەربازە تازەکان تەواو نەببوو، کە سەربازگیری هەروا بەردەوام بوو. ئیمپراتۆر و مارشاڵەکانی زیاتر لە 47,000 کەسی ئامادەی شەڕیان بەدەستەوە نەبوو، کەچی بەرەی یەکگرتوو 230000 سەربازی ئامادەیان هەبوو و ڕێک ئەوەندەشیان وەک پشتیوان لە شوێنە جیاجیاکانەوە بەڕێگەوە بوون و دەهاتن. هەموو مارشاڵەکان و تەنانەت مارشاڵ "نێ"یش بێهیوا ببوون. تەنیا ناپلیۆن بوو کە لێوانلێو بوو لە وزە و جۆشوخرۆش و هەوڵی دەدا ئەو کەفوکوڵە بەوانیش بدا. ئەوانەی بەچاوی خۆیان دیتوویانە دەگێڕنەوە، کە ناپلیۆن وەها بەکەیف و کوڵ بوو، دەتگوت گەنج بووەتەوە.

ناپلیۆن ڕۆژێک پاش ئەوەی گەیشتە ڤیتری، یانی لە 26ی جانیوەریدا، بە هەموو هێزەکەیەوە، بلۆخێری لە ساینت دیزیێر دەرپەڕاند. لەوێوە کە

دیتی پرۆسی و ڕووسەکان بە فەرماندەیی ئۆستێن ساکن خەریکی جموجۆڵن، پەلاماری دان و لە 31ی جانیوەریدا لە بڕێننێ سەرکەوتنێکی تازەی تۆمار کرد و دوژمنەکانی زۆر بە تاڵی و ترسەوە باسی ئەو ڕووداوەیان کرد. ئەو سەرکەوتنە ورەیەکی لە ڕادەبەدەری وەبەر سەبازە بێهیواکانی فەرەنسا نایەوە.

بلۆخێری بەزیو، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە بارسۆراوب، کە سوپا گەورەکەی شوارتزێنبێرگ لەوێ جێگیر ببوون. بەرەی یەکگرتوو لە مەودای نێوان شۆمۆن و بارسوراوبدا 122000 سەربازیان پێ بوو. ناپلیۆن کە 30000 سەرباز یان بڕێک لەوە زیاتری پێ بوو، بڕیاری دا پاشەکشە نەکا و لەگژیان ڕۆبچێ. شەڕی ڕۆتیەر سەرلەبەیانیی یەکەم ڕۆژی فێبریوەر دەستی پێ کرد و تا سەعات دەی پێشنیوەڕۆی خایاند. پاش ئەوە، ناپلیۆن بەبێ ئەوی ڕاوەدوو بنرێ، لە ئۆب پەڕییەوە و ڕۆژی سێی فێبریوەری گەیشتە ترۆوا.

سەرکەوتنەکەی ناپلیۆن لەوەدا کە توانیبووی خۆی لەبەر هێزێکی چوار پێنج هێندەی خۆی ڕاگرێ، ئەوەندە پڕشنگدار بوو، کە فەرەنسیەکان لە ڕۆتیەر تەواو خۆیان بە سەرکەوتوو زانیبوو. بەڵام دۆخەکە هەروا ئەستەم و مەترسیدار بوو، چونکە هێزی پشتیوان زۆر بەخاوی و ئینجا زۆریش کەم دەگەیشتە سوپا. نێ و ماکدۆنالد و بێرتیە و مارمۆن لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە تاقە ڕێگەی ڕزگارکردنی تەخت و تاجی ئیمپراتۆری، دانوستانی ئاشتییە، بەڵام کاتێک کۆنگرەی شاتیۆن هیچی لێ شین نەبۆوە، ئەوانیش تەواو بێهیوا بوون.

بەڵام ناپلیۆن لەگەڵ هەڵکشانی مەترسییەکەدا، هەر دەهات و پڕ وزەتر دەبوو. مارشاڵەکان لە 1812ـەوە شەکەتی و قورسبوونێکیان پێوە دیتبوو کە نیشانەی لاوازبوونی پیتۆڵی و تاکتیکە لەشکرییەکانی بوو،

بەڵام ئەوەی بەچاوی خۆیان لە فێبریوەر و مارسی 1814دا دەیاندی، بڕوایان پێی نەدەکرد و هەستیان دەکرد ئەوە هەر ژەنەڕاڵ بۆناپارتە گەنج و پاڵەوانەکەی ئیتالیا و میسرە. دەتگوت باری پانزە ساڵ پادشایەتی و شەڕە خوێناوییەکان و بەڕێوەبردنی تاکڕەوانەی ئیمپراتۆریا پان و بەرینەکەی خۆی و ئەورووپای گوێڕایەڵکراوی لە ئەستۆی دانرنیوە. وەرەی بە مارشاڵ و سەربازەکان دەدا و، دڵی ئەو وەزیرانەی دەدایەوە کە لە پاریس مابوونەوە. لە دەی فێبریوەریدا پاش چەند ڕۆژ ڕێگەبڕینی خێرا و بەهەشتاو، هێرشی کردە سەر لەشکرەکەی ئۆلسۆفێڤ کە لە شامپۆبێرت مابۆوە و تێکی شکاند. ڕووسەکان زیاتر لە 1500 کەسیان لێ کوژرا و 300 سەربازیان بە فەرماندەکەیانەوە لێ یەخسیر کرا و باقیەکەی ڕایان کرد.

شەوێ، ناپلیۆن بە سەربازەکانی خۆی گوت: "ئەگەر سبەینێیش وەک ئەمڕۆ شانس و بەختم هەبێ، ئەوا لە ماوەی 15 ڕۆژاندا دوژمن تا دەم چۆمی ڕاین ڕاو دەنێم و لە ڕاینیشەوە تا ویستۆڵ هەر چەند هەنگاوێکە."

بۆ سبەینێ، لە شامپۆبێرتەوە بەرەو مۆنمیرای کە بەدەست ڕووسی و پرۆسییەکانەوە بوو، کەوتە ڕێ. شەڕی مۆنمیرای کە لە 11ی فێبریوەریدا دەستی پێ کرد، بە سەرکەوتنێکی پڕشنگداری ناپلیۆن کۆتایی هات. لەو 20000 کەسەی لە ژێر ئاڵای بەرەی یەکگرتوودا شەڕیان دەکرد، 8000 کەس و ناپلیۆنیش کەمتر لە 1000 کەسی لێ کوژرا. بەرەی یەکگرتوو خێرا لە شەڕگەکە دوور کەوتنەوە. ئیمپراتۆر دەسبەجێ هێرشی کردە سەر شاتوتیری کە 18000 ڕووسی و 10000 پرۆسی لەوێ بوون. سالانێک دواتر خۆی دەیگوت، ئەو

ڕۆژانە، دیسان ئەو چەکمانەی دۆزیبۆوە و لەپێی کردبوونەوە کە لەشکری پێ کێشانە سەر ئیتالیا.
ڕەخنەگرانی سەربازی جەنگەکەی 1814ی فەرەنسا بە یەکێک لە پڕشنگدارترین حەماسەکانی ناپلیۆن و باشترینی ئەو شەڕانە دەزانن کە تێیدا پیتۆڵی و بلیمەتیی ئیمپراتۆر لە بواری ستراتیژیی لەشکرییەوە گەیشتووەتە لووتکە.
شەڕی شاتوتیری (12ی فێبریوەری)یش سەرکەوتنێکی تازەی بۆ ناپلیۆن لێ کەوتەوە. ئەگەر مانۆڕێکی هەڵە نەدرابایە و ماکدۆنالد تزێک زووتر گەیشتبایە، دوژمن جووقەواری لێ دەبڕا. لە 13ی فێبریوەریشدا بلۆخر مارمۆنی شکاند و پاشەکشەی پێ کرد، بەڵام بۆ سبەینێ ناپلیۆن بەهانای مارمۆنەوە چوو و دیسان لە ڤەوشان بلۆخێری شکاندەوە.
ژەنەڕاڵی پرۆسی لەو شەڕەدا 9000 سەربازی لێ کوژرا. ناپلیۆن هێزی پشتیوانی بۆ هاتبوو و بەرەی یەکگرتوو چەند جاران لەسەر یەک شکابوو، بەو حاڵەشەوە باری ئیمپراتۆر نالەبار بوو، چونکە هێزی بەرە زۆر لە هێزەکەی ئەو پتر بوو. بەڵام ئەو سەرکەوتنە
چاوەڕوانەکراوانەی هەموو ڕۆژێ ترسێکی وەهای خستبووە لەشکرگەی دوژمنەوە، کە شوارتزێنبێرگ کە هەر بەناویش بێ فەرماندەیی گشتیی هێزەکانی بەرەی لەئەستۆ بوو، یەکێک لە ئاجودانەکانی خۆی نارد لەشکرگەی ناپلیۆن و پێشنیاری کرد بۆ ماوەیەکی کاتی شەڕ ڕاگرن. دوو شەڕی تازە لە مۆرمانس و ڤیلینێڤ کە لەو دووانەشدا فەرەنسیەکان سەرکەوتن، بەرەی ناچار کرد ئەو هەوڵە چاوەڕوانەکراوە بدا. ناپلیۆن قبووڵی نەکرد چاوی بە کۆنت پاری نێردەی شوارتزێنبێرگ بکەوێ، بەڵام نامەی ژەنەڕاڵە نەمساییەکەی وەرگرت و تۆزێک بە درەنگەوە جوابی لێ گێڕاوە.

ئەو لە نامەکەیدا بۆ کۆلنکۆری نووسیبوو:
"من 30 تا 40 هەزار یەخسیر و 2000 تۆپ و کۆمەڵێک ژەنەڕاڵم لێ گرتوون." و دەیگوت ناتوانێ لەگەڵ بەرەی یەکگرتوو ڕێک بکەوێ، مەگەر بەو مەرجەی فەرەنسا "سنووری سروشتییەکانی" خۆی تا (راین ـ چیاکانی ئاڵپ و پیرنێ)ـ هەبێ و بیانپارێزێ. ئیتر پێشنیاری شەڕاگرتنەکەی قبوول نەکرد.
لە 18ی فێبریوەریدا شەڕێکی تازە لە مۆنترێو هەڵایسا کە هێزەکانی بەرە 3000 کەسیان لێ کوژرا و 4000یان لە یەخسیر کرا و پاشەکشەیان پێ کرا.
بە ڕای چاودێران و بیرەوەرینووسەکان ـ تەنانەت ئی دوژمنیش ـ ناپلیۆن لە جەنگەکانی 1814دا کە وێدەچوو کۆتاییەکی هیواکوژیان هەبێ، لووتکەی بلیمەتیی خۆی دەرخست. بەڵام ئەو سەربازی زۆر کەم بوو و مارشاڵەکانیشی "ڤیکتۆر و ئۆژێرۆـ کە تەوا بڕستیان لێ بڕابوو، پەیتاپەیتا هەڵەیان دەکرد، بە شێوەیەک کە ناپلیۆن نەیدەتوانی بەگوێرەی پێویست سوود لە سەرکەوتنە پڕشنگدار و سەرسووڕهێنەرەکانی وەرگرێ. ناپلیۆن زۆر جاران دیار بوو بە تووڕەییەوە لە ئەفسەرەکانی دەخوڕی و لۆمەی دەکردن و بە زۆر کاری پێ دەکردن. جارێکیان بە ئۆژێرۆی گوت: "ئاخ، ئۆژێرۆ، چ بەڵگەیەکی لاوازم بۆ دێنیتەوە. من 80000 سەربازی دوژمنم بەو سەربازە تازانەم کە تەنانەت جلوبەرگ و قایش پشتوێنیشیان نیە، لەنێو بردـ ئەگەر ئەم شەست ساڵ تەمەنە باری سەرشانتە، واز لە فەرماندەیی بێنە." یەکێک لە ژەنەڕاڵەکانی لە بیرەوەریەکانیدا دەنووسێ: "ناپلیۆن بەهیچ شێوەیەک نەیدەویست تێ بگا، کە بندەستەکانی ئەو، ناپلیۆن نین."

شوارتزێنبێرگ، ئەنجومەنێکی جەنگی پێک هێنا و داوای کرد ئیمپراتۆر ئەلکساندر و پادشای پرۆس و ئیمپراتۆری نەم سا بۆچوونی خۆیان دەربڕن و وا دانرا جارێکی دیکەش پێشنیاری شەڕاگرتن بدرێتەوە ناپلیۆن. بەو مەبەستە شازادە لیختنشتاین"یان، کە سەرۆکی یەکێک لە بەناوبانگترین خانەدانەکانی پادشایەتیی نەمسا بوو، نارده لای ناپلیۆن. دیار بوو بەرەی یەکگرتوو زۆر نیگەران بوون و تەنانەت هەندێکیان ئامادە بوون تا زووە ڕێک بکەون و جەنگەکە کۆتایی بێ.
ناپلیۆن لە وەرگرتنی نێردەی بەرەی یەکگرتوو خۆی نەبوارد. لیختنشتاین، بە ڕاوێژێکی زۆر ئاشتیخوازانە ناپلیۆنی دڵنیا کردەوە کە بەرە بەڕاستی خوازیاری ئاشتین و بەتەما نین بۆربۆنەکان بگێڕنەوە فەرەنسا. لەگەڵ ئەوەشدا دانوستانەکان بێ ئەنجام کەوتنەوە. ناپلیۆن لە لووتکەی سەرکەوتنە پڕشنگدارەکانی خۆیدا بوو و خۆی واتەنی، نزیک بە نیوەی سوپای بەرەی لەنێو بردبوو (80000 کەس لە 200000 کەس) و، بە بلیمەتی و لێزانییە سەربازییەکەی خۆیشی دەنازی کە لەو سۆنگەیەوە پەیتاپەیتا خەنیمە بەهێزەکانی خۆی تێک شکاندبوو.
لە پاریسەوە تالیران و هاوکارەکانی دەمێک بوو، لە بنەوە چالاکانە لەگەڵ بەرەی یەکگرتوو ڕێک کەوتبوون و بواریان بۆ گێڕانەوەی بۆربۆنەکان خۆش کردبوو. بەرەی یەکگرتوو زۆر بە پارێزەوە لەگەڵ بۆربۆنەکان هەڵسوکەوتی دەکرد، تەنانەت دوژمنە قەستەسەرەکەی نێویشیان بۆ وێنە ئەلکساندر، بە فەرمانڕەوایی پادشای ڕۆما ڕازی بوو، بەو مەرجەی ناپلیۆن دەستی لە کار کێشابایەوە. بەڵام ئێستا ئیتر باسی دەستلەکارکێشانەوەی ئەویان نەدەکرد. خۆ ئاگاداریشین کە یەکێک لە کۆنە دەرەبەگەکانی فەرەنسا بەناوی بارۆن گۆیهەوی خەڵکی ترۆوا، عەریزەیەکی بۆ لایەنگریی بۆربۆنەکان دابووە ئەلکساندر و ئەلکساندر

وەڵامی دابۆوە کە بەرەی یەککگرتوو هێشتا لەسەر دامەزراندنەوەی بنەماڵەی بۆربۆن لەجێی بنەماڵەی ناپلیۆن هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی نەداوە و، پێشنیاری بە واژووکەرانی عەریزەکە ـ چونکە هەر گۆیەو نەبوو ـ کردبوو، لە کاری وا مەترسیدا خۆ بپارێزن. چەند ڕۆژ دواتر کە ناپلیۆن گەیشتە ترۆوا، گۆیەوی گرت و لە دادگایەکی سەربازیدا حوکم درا و گوللەباران کرا.

ئەلکساندر سالانێک دواتر سەری سووڕ مابوو لەوەی کە لە هیچ گوندێکی فەرەنسیا جووتیارەکان نابینێ بە ئاواتەوە بن لە کۆت و نیری ناپلیۆن ڕزگار بن. بە پێچەوانەوە لە ویلایەتەکانی ڤۆژ و لۆرێن و ژۆرا، جووتیارەکان تەنانەت پەلاماری پاشکۆپارێزانی بەرەی یەککگرتووشیان دابوو و پێشیانیان دابوون کە زۆر لە داگیرکەران بێزارن.

هەڵبەت ئەو کاردانەوەیەی جووتیاران لە سۆنگەی تاڵان و بڕی سەربازانی بەرەی یەککگرتووە بووە و لەلایەکیشەوە ترسی ئەوەیان لەدڵدا بوو کە بۆربۆنەکان بە گالسکەی بێگانان بگەڕێنەوە و سیستەمی دەرەبەگایەتی دامەزرێننەوە. ناپلیۆن زۆر خێرا بەوەی زانی و بۆ مارشاڵەکانی نووسی: "دەبێ دیسان چەکمە بکەینەوە پێمان و بڕیارەکانی ساڵی 93 بدەینەوە."

بەرەی یەککگرتوو سەرەڕای شکانی پەیتاپەیتایان، هێشتا گۆڕەپانەکەیان جێ نەهێشتبوو، چونکە گەلێک بەرژەوەندیی زۆر بەو جەنگەوە بەسترابۆوە. ئەو سەرکەوتنە لەڕادەبەدەر و پڕشنگدار و پەیتاپەیتایانەی بە قسمەت ناپلیۆن دەبوون، ئەویش لە کاتێکدا کە هەست دەکرا ناپلیۆن هەر تێدا چووە، بەرەی یەککگرتووی وا لێکرد، بە دڵەڕاوکێوە لەخۆی بپرسێ، کە ئەگەر ئەو پیاوەی وا لەمێژە بەڕای ئەوان تاقانە سەرداری مێژووی جیهانە لەسەر تەختی پادشایەتیەکەی بمێنێتەوە و هێزەکانی

ڕێک بخاتەوە، چ دەقەومێ و لە یەک دوو ساڵی دیکەدا کێ باشاری دەکا و دەرەقەتی دێ؟
لە سەرەتاکانی مانگی مارسدا، ئیمپراتۆر توانیبووی 75000 سەرباز کۆ بکاتەوە. ئەو لەو ژمارەیە، 40000 کەسیانی تەرخان کرد بۆ ئەوەی ئاگایان لە جموجۆڵی شوارتزێنبێرگ بێت کە لە پاشەکشەدا بوو و، خۆیشی بە 35000ـەکەی دیکەوە بلۆخێری ڕاو نا. بلۆخێر لە سۆنگەی هەڵەیەکی حاکمی سواسۆنەوە کە شارەکەی بەدەستەوە دابوو، ڕزگار بوو ئەگینا تەواو تێدا دەچوو. بەڵام بلۆخێر سەرەڕای ئەوەی نەیهێشتبوو بکەوێتە تەڵەکەوە، بەڵام نەیتوانی خۆی لە تێکهەڵچوون لەگەڵ ناپلیۆن ببوێرێ، چونکە ناپلیۆن ڕۆژی حەوتی مارس لە کراوننێ پێی گەیشت و تێکی شکاند. بلۆخێر پاش زیانێکی قورس پەنای بردە بەر لایۆن و ناپلیۆن هەرچی هەوڵی دا نەیتوانی لەوێ بیکێشێتەوە دەرێ (9 و 10ی مارس). لەگەڵ ئەوەشدا تا ماوەیەکی زۆر شەڕی بلۆخێری لەکۆڵ بۆوە، ئەگەرچی وەک چاوەڕوانی دەکرد نەیتوانیبوو تێکی بشکێنێ. بەڵام ئۆدینۆ و ماکدۆنالد کە ناپلیۆن 40000 سەربازەکەی خۆی بەسەردا بەجێ هێشتبوون بۆ ئەوەی ئاگایان لە جموجۆڵی شوارتزێنبێرگ بێ، لە ناوچەی پرۆڤینس لە لایەن سەرداری گۆرینەوە پاشەکشەیان پێ کرا.
لە نۆی مارسدا، نوێنەری وڵاتانی بەرە، پەیمانێکی نوێنیان لە شۆمۆن پێکەوە بەست و بەپێی ئەو پەیمانە بڕیاریان دا فەرەنسا بگێڕنەوە سنوورەکانی ساڵی 1792 و داوا لە ناپلیۆن بکەن هۆڵەندا و ئیتالیا و ئیسپانیا و سویسرا و هەموو وڵاتانی ئەڵمانیا چۆل بکا و، هەتا ئەوەشی پێ نەکەن، چەک دانەنێن و واز نەهێنن. جگە لەوە، ڕووسیا و پرۆس گرتیانە ئەستۆ، کە هەر کام 150000 سەرباز ئامادە بکەن و

ئینگلتەراش دەربەست بوو کە مادام شەڕەکە هەر بەردەوامە، هەموو ساڵێ 5 ملیۆن لیرەی سترلینگ وەک یارمەتی بداتە بەرەی یەگرتوو. بەرە تەنانەت بە مەزەندەش نەیاندەزانی کەی و چۆن دەتوانن کۆتایی بە بەرگریی پەلەقاژەئاسای ناپلیۆن بێنن، کە هێشتا ئامادە نەبوو باسی سنووورەکانی پێشووی فەرەنسا ببیسێ.

لەو ماوەیەدا، مارشاڵەکانی ناپلیۆن پەیتاپەیتا دەشکان: لە باشوور ولینگتن و سەربازە ئینگلیزەکانی پاش شکاندنی مارشاڵ سۆ و مارشاڵ سۆشێ بەرەو بێردۆ پێشڕەوییان دەکرد و شوارتزێنبێرگیش سوودی لە سەرکەوتنەکانی خۆی بەسەر ماکدۆناڵد و ئۆدینۆدا وەردەگرت. ناپلیۆن پاش شەڕەکەی لان، بەبێ ئەوەی پشوویەک بەخۆی و سەربازەکانی بدا، هێرشی کردە سەر لەشکرێکی ڕووسی و پرۆسی کە کۆنت ساینت پێریک، ئەو ئەفسەرە پەنابەرە فەرەنسیەی خزمەتی ڕووسیای دەکرد فەرماندەیان بوو و شاری ڕێنسی گرتبوو. لە شەڕەکەی ڕێنس (13ی مارس)دا هێزەکانی بەرە نیوەیان تێداچوون و ساینت پێریکیش کوژرا.

بەڵام لەو کاتەوە کە بەرە، بڕیاری یەکلاکەرەوەیان دابوو سازش نەکەن و ناپلیۆنیش مکوڕ ببوو کە مەرجەکانی بەرە قبووڵ نەکا و تەنانەت تەخت و تاجەکەی دابنێ باشترە لەوەی بگەڕێتەوە سەر سنووورەکانی پێشوو، ئیتر ئەو سەرکەوتنە تازانە هیچ شتێکیان لە دۆخەکە نەدەگۆڕی. کاتێک کۆلنکۆر، بە فەرمانی ناپلیۆن بە نوێنەرانی ڕووس و ئینگلتەرا و پرۆس و نەمسای کە لە کۆنگرەی شاتیۆن کۆ ببوونەوە ڕاگەیاند: ئیمپراتۆر لێبڕاوانە مەرجە پێشنیارکراوەکانی بەرە ڕەد دەکاتەوە و دەیەوێ وەک جاران بەری چەپی ڕاین بە شارەکانی کۆلۆن و مایانس و

ئانۆرس و ویلایاتی فیلاندر و ساڤۆئا و نیس هەر لە نێو کەوشەنی ئیمپراتۆریدا بمێننەوە، ئیتر دانوستان پەکی کەوت.
لە 17ی مارسدا، کۆنت دۆڤیترۆڵ، پیاوی بۆربۆنەکان و نێردەی تالیران بەوپەڕی لەشکرگەی ناپلیۆن و پێشقەڕەوڵەکانی ڕووسدا لە پاریسەوە خۆی گەیاندە بەرەی یەکگرتوو و دەسبەجێ ئەلکساندر پێشوازیی لێ کرد. نێردە، پەیامی بۆ ئەلکساندر هێنا کە تالیران پێی وایە بەرەی یەکگرتوو لەبری ئەوەی سەر لەدووی ناپلیۆن بنێن وا باشترە بەرەو پاریس بکەونە ڕێ و دڵنیای دەکردنەوە کە لە پاریس چاوەڕێیانن و هەر بگەنە ئەوێ، دەرەتان بۆ ڕووخانی ئیمپراتۆر و گەڕانەوەی بۆربۆنەکان دەڕەخسێ و کۆنت دۆپرۆڤانس کە دەمێکە بە ناوی لوێیسی هەژدەیەمەوە چاوەڕوانە، لەسەر تەختی پادشایەتی دادەنیشێ.
بەڵام ڤیترۆڵ کە لێی ڕوون بۆوە ئەلکساندر بە ڕاستی دەیەوێ ناپلیۆن بڕووخێ، بەڵام هیچ پێی باش نییە بەرەی یەکگرتوو خۆیان لە دەسنیشانکردنی جێگرەوەکەی هەڵقوتێنن و قەیسەری ڕووسیە تەنانەت دامەزرانەوەی سەرلەنوێی سیستەمی کۆماریش بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو دەزانێ، هەر زەندەقی چوو، تا ڕادەیەک کە نەیدەتوانی بڕوا بەو شتە بکا و، پاش ئەوەی ئاکامی دانوستانەکانی بۆ دەرکەوت، بەوپەڕی سەرسوورمانەوە گوتی: "ئەی هاوار خوایە، ئێمە چیمان بەسەر هاتووە."
ئەلکساندر باوەڕی وابوو، بێت و بەرەی یەکگرتوو ڕێژیمەکەی پێشوو بێننەوە سەر کار و بۆربۆنەکان بگێڕنەوە سەر تەختی دەسەڵات، ئەوا دوژمنایەتییەکە وردە وردە دەبێتە جەنگی بەرگریکەرانەی فەرەنسای پاش شۆڕش دژی بێگانان، جا چونکە باش دەیزانی ئەو مەسەلەیە چەند هەلێکی لەبار بۆ ناپلیۆنی هەمیشە سامناک و بەردەوام سەرکەوتوو دڕەخسێنێ، نەیدەویست فەرەنسا و بەتایبەتی "رەشۆک" بخاتە بەردەم

ئەم ڕێگەچارەیەوە کە یان ناپلیۆن یان بۆربۆنەکان، بەڵکوو دەیویست پێیان بڵێی: یان ناپلیۆن یان کۆماری. ئەوەش تاکتیکێکی لێزانانە بوو کە مێشکە بچووکەکەی ڤیترۆڵ، ئەو دەرباریە شاپەرستە پەنابەرە لێی تێ نەدەگەیشت، هەر بۆیە زۆری پێ سەیر بوو کە قەیسەری ڕووس داوای سیستەمی کۆماریی بۆ فەرەنسا دەکرد. ئەگەرچی ئەلکساندر دڵنیا بوو لەوەی کەسانی وەک بۆربۆنەکان و ڤیترۆڵەکان هیچ شارەزاییەکیان لە بیروڕای گشتیی خەڵکی فەرەنسا نیە، لەگەڵ ئەوەشدا گرینگیی بە ئامۆژگارییەکەی تالیران دا، کە بە ڤیترۆڵدا بۆی ناردبوو. ڤیترۆڵ جگە لە پەیامەکە، یادداشتێکی بێ واژووشی لە تالیرانەوە بۆ هێنابوو، کە بە ئانقەست بە خەتێکی زۆر خراپ و ناخۆش نووسرابوو و تالیران بەو کارە گیانی خۆی خستبووە مەترسییەوە، چونکە لەوانە بوو ڤیترۆڵ بکەوێتە دەست جەندرمەکانی ناپلیۆن و سەرەڕای خەتە ناخۆش و پڕ لە هەڵەکەشی، ئاخری لێی ئاشکرا بێ. تالیران لەو یادداشتەدا شێلگیرانە پێشنیاری بە ئەلکساندر و بەرە کردبوو، ڕاستەوخۆ هێرش بکەنە سەر پاریس و ناپلیۆن سەرەڕای ئەوەی هێشتا نەشکابوو، بەجێ بهێڵن و بیخەنە نێوان خۆیانەوە. خیانەتکارێکی ترسنۆکی خۆپارێزی وەک تالیران، کەسێک نەبوو کە لەخۆڕا گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە. ئەو جوان ئاگای لەو پشێوی و سەرلێشێواوییە سەیروسەمەرەیە بوو کە باڵی بەسەر پاریسدا کێشابوو.

لە بیستی مانگی مارسدا، جەنگی ئارسی سوراوب لە نێوان ناپلیۆن کە ئەوکات 30000 سەربازی هەبوو و بەرەی یەکگرتوودا بەفەرماندەیی شوارتزێنبێرگ هەڵاییسا. شوارتزێنبێرگ لە پێشدا چل هەزار سەربازی هێنابووە شەڕگەکە و تا کۆتایی شەڕەکە، ئەو ژمارەیەی کردە نەوەد هەزار کەس. ئەگەرچی ناپلیۆن خۆی بەسەرکەوتوو زانی و لە ڕاستیدا

لە چەند شوێنیش دوژمنی کشاندەوە، بەڵام ئاکامی جەنگەکە هەر ڕوون نەبۆوە. ناپلیۆن شوارتزێنبێرگی ڕاو نەنا، بەڵکوو لەوبەری ئۆبەوە هاتە ئەمبەری و فەرمانی کرد پردەکان بتەقێننەوە. لەو جەنگەدا فەرەنسا 3000 و بەرەی یەکگرتوو 9000 کەسیان لێ کوژرا، بەڵام ئەمجارەش ناپلیۆن نەیتوانیبوو دوژمن لەناو بەرێ.
بەرەی یەکگرتوو، زەندەقیان چووبوو، لە هەڵاییسانی ئاگری شەڕێکی نیشتمانی و ڕاپەڕینی جەماوەری فەرەنسی، لەو جۆرەی کە لە قۆناغەکانی پاڵەوانێتیی شۆڕشدا بەرپا ببوو و فەرەنسای لە هێرشی بێگانەکان و گەڕانەوەی بنەماڵەی بۆربۆن ڕزگار کردبوو.
خۆ ئەگە ئەلکساندر و فردریک ویلهۆڵمی سێیەم و فەرانسوا و شوارتزێنبێرگ و مترنیخ گوێیان لەو قسانە بوایە کە ناپلیۆن پاش شەڕەکەی ئارسی سۆراوب بە ژەنەڕاڵ سباستیانیی گوتبوون، ئیتر ترسیان دەڕەوی. ناپلیۆن لێی پرسیبوو: "دەی ژەنەڕاڵ، ڕات لەسەر ئەم بارودۆخە چییە؟
ـ من دەڵێم دڵنیام خاوەنشکۆ سەرچاوەی دیکە شک دەبات، کە ئێمەی لێی ئاگادار نین.
+ سەرچاوەی من هەر ئەوەندەیە کە دەیبینی و سەرچاوەی دیکە شک نابەم.
ـ ئەی خاوەنشکۆ بۆچی بیر لەوە ناکەیەوە میللەت دژی بێگانان ڕاپەڕێنی؟
+ ئەوە بیرەوەریی شۆڕشی فەرەنسا و جەنگەکانی ئیسپانیا ئەم خەیاڵە پووچ و خاوەی بە مێشکی تۆدا هێناوە. ڕاپەڕاندنی میللەت لە مەملەکەتێکدا کە لە پێشدا شۆڕش خانەدان و پیاوانی ئایینی لەنێو بردووە و دواتریش من شۆڕشەکەم خنکاندووە؟..."

ناپلیۆن بەوپەڕی بەرچاوڕوونی لە دۆخەکەی دەڕوانی: ئەو کە شێلگیرانە هەموو بیرەوەرییەکی شۆڕشی سڕیبۆوە و تەنانەت بچووکترین هزری شۆڕشگێڕانەشی کپ کردبوون ئێستا ئیتر ئەگەر پێشی خۆش بوایە نەیدەتوانی لەو شەڕە بێهیوایەی خۆیدا بۆ ڕزگارکردنی پاریس، داوای یارمەتی لە شۆڕشەکەی فەرەنسا بکا کە سالانێک بوو سەرکەوتووانە پێخوست و کپی کردبوو.
ئەو قسانەی ناپلیۆن لەگەڵ ژەنەڕاڵ سباستیانی، سێ ڕۆژ پاش دانوستانەکانی ئەلکساندر لەگەڵ ڤیترۆڵ کرابوون: ئیمپراتۆر ڕاپەڕاندنی میللەتی بە وردە و هەستێکی هاوچەشنی ساڵی 1792ـەوە کە دامەزرانی کۆماری لێ کەوتبۆوە، بە خەیاڵی پووچ و خاو دەزانی و ئەلکساندری دوژمنی قەستەسەریشی بە ڕاستی دەیویست بە پشتیوانیکردن لە کۆماری لە پێش چاوی ناپلیۆن، نەهێڵێ پشت بە میللەتی فەرەنسا ببەستێ

3

پاش شەڕەکەی ئارسی سۆراوب، ناپلیۆن هەوڵی دا خۆی بگەیەنێتە پشتەوەی دوژمن، بۆ ئەوەی هێڵی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕاینی لێ بپسێنێ. بەڵام بەرە، دوابڕیاری خۆی دابوو، کە ئیتر بەرەو پاریس مل لێ بنێ. لە نامەکانی ئیمپراتریس ماری لۆیز و ساڤاریی وەزیری پۆلیسەوە بۆ ناپلیۆن کە کەوتبووە دەست قەزاقەکان، ئەلکساندر ئارخەیان ببوو کە باری دەروونیی خەڵکی پاریس بەشێوەیەکە، هیچ بەرگرییەک ناکرێ و هەر سوپای بەرەی یەکگرتوو بگاتە پایتەخت، ئاکامی جەنگ یەکلا دەبێتەوە و ناپلیۆن بێ ئەملاوئەولا دەڕووخێ.
بەرە ئەو دواییەن قەڵەمبازەیان لە ژێر کاریگەریی لەگوێخوێندن و ئامۆژگارییەکانی پیاوێکی خەڵکی کۆرسدا بە ناوی پۆزۆ دۆ بۆرگۆ دا،

که دەمێک بوو بەخوێنی سەری ناپلیۆن تینوو بوو، هەر بۆیە ئەلکساندر ئەوی کردە یەکێک لە نزیکەکانی خۆی. کاتێک پاش شەڕەکەی ئارسی سۆراوب ئەو هەواڵە گەیشتە لەشکرگەی بەرەی یەکگرتوو کە ناپلیۆن دەیەوێ هێڵی پێوەندیی سوپاکەیان لەگەڵ ڕاین بپسێنێ، پۆزۆ دۆبۆرگۆ پێی گوتن: دوا ئامانج، شەڕی پاریسە. مادام ئێوە بەتەمان لەگەڵ ناپلیۆن شەڕ بکەن، مەترسیی شکانتان لەسەرە، چونکە ناپلیۆن لە ئێوە باشتر شەڕ دەکا و لەشکرەکەشی ئەگەرچی ناڕازین بەڵام بەتەمای بەدەستهێنانی شانازی تا دواپین کەسیان شان بە شانی شەڕ دەکەن و خۆیان بە کوشت دەدەن. دەسەڵات و هێزی سەربازیی ناپلیۆن سەرەڕای ئەوەی ڕوو لەداکشانە، هێشتا زۆر گەورەیە و بلیمەتی و پیتۆڵییەکەیشی لە ئێوە سەرترە. بەڵام دەسەڵاتە سیاسییەکەی تەواو ڕووخاوە. ئەمڕۆ زەمەن گۆڕاوە. ئەو تاکڕەوییە سەربازییەی کە سبەینێی شۆڕش وەک نیعمەتێکی خوایی پێشوازیی لێکرابوو، دواتر لە سۆنگەی ئەو ڕوودواو و لێکەوتانەوە کە بەسەر خەڵکی هێنابوو، بەر لەعنەت کەوتووە و خۆشەویست نەماوە... جەنگ، دەبێ لە ڕێگەی سیاسییەوە کۆتایی پێ بێ نەک لە ڕێی سەربازییەوە و، بۆ ئەو کارەش هەر ئەوەندەی کەلێنێک کەوتە ڕیزەکانی دوژمنەوە، ئێوە دەبێ بتوانن پێیدا تێپەڕن و دەسبەجێ سوودی لێ وەرگرن و بڕۆن و پەنجەی خۆتان بگەیەننە پاریس، تەنیا پەنجەتان، هەر ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی دێوەزمەکە بکەوێ. ئەوکات، ئەو شمشێرەی ئەوتان کە ناتوانن لە چنگی دەربێنن، شکاندووە."

پۆزۆ دۆیۆرگۆ دڵنیا بوو لەوەی میللەت بۆربۆنەکانیان لەبیر چووەتەوە و ئەو بۆچوونەی خۆیشی بە بەرە گوت، ئەگەرچی ئەوانیش هاتبوونە سەر ئەو باوەڕە. بەرەش لەگەڵیدا هاوڕا بوون کە پاش ڕووخانی

ناپلیۆن دەرەتان بۆ گێڕانەوەی بۆربۆنەکان دەڕەخسێ. ئەلکساندریش ئیتر بەپێویستی نەدەزانی باسی کۆماری بکا، چونکە دەیدی کە بەبێ ئەو چارەسەرە نابەدڵەش دەکرێ شەڕی ناپلیۆن لەکۆڵ خۆیان بکەنەوە. بەرەی یەکگرتوو بڕیاریان دا خۆیان بخەنە مەترسییەوە و بە کەلکوەرگرتن لە دووربوونی ناپلیۆن کە چووبوو پشتەوەی هێڵەکانی لێ گرتبوون بۆ ئەوەی پاریس لە هێرشی ئەوان بپارێزێ و بە کەلکوەرگرتن لە ناپاکیی کەسانێک کە ئامادە بوون پێش هاتنەوەی ناپلیۆن شارەکەیان ڕادەست بکەن، یەکەوڕێ بەرەو پایتەخت ئەسپ تاو بدەن.

تەنیا مارشاڵ مارمۆن و مارشاڵ مۆرتیە و ژەنەڕاڵ پاکتۆد و ژەنەڕاڵ ئامێ بەرگرییان لە جادەی پاریس دەکرد و لەسەر یەک 25000 سەربازیان پێ بوو. ناپلیۆن بە زۆرینەی سوپاکەیەوە بەرەو ڕۆژهەڵات ڕۆیبوو. بەرەی یەکگرتوو لە 25ی مارسدا لە شوێنێک بەناوی لافێرێ - شامپێنۆ سەرکەوتن و پاشەکشەیان بە دوو مارشاڵەکە کرد و سوپایەکی سەدهەزار کەسیی دوژمن گەیشتە نزیک پایتەخت.

لە 29ی مانگی مارسدا، ئیمپراتریس ماری لۆیز بە کوڕەکەی خۆی ەوە "پادشا بچکۆلانەکەی ڕۆما" پاریسی بەجێ هێشت و ڕووی کردە بلۆیس. فەرەنسیەکان بۆ بەرگری لە پاریس 40000 سەربازیان بەدەستەوە بوو. ترس بەسەر پایتەختدا زاڵ ببوو و یەکەکانی سوپا ورەیان بەردابوو. ئەلکساندر پێی خۆش بوو لە بەر شووراکانی پاریس خۆی لە خوێنڕشتن بپارێزێ، وای دەنواند کە "سەرکەوتوو"یەکی جوامێرە. وێڕای قسەکردن لەگەڵ مسیۆ ئۆرلۆف، دەیگوت: "پاریس ئەگەر لە بەرگریکەر و پێشەوا مەزنەکەی دابڕێ، ئیتر بەرگری ناکا و من تەواو لەوە دڵنیام و بڕوام پێیەتی." بۆیە ئەوی دەست ئاوەڵا کرد کە ئەگەر

پایتەخت بەبێ جەنگ خۆ بەدەستەوە بدا، دەسبەجێ جەنگەکە ڕاگرێ. چەندین سەعات شەڕێک بوو باب فریای ڕۆڵەی خۆی نەدەکەوت کە تێیدا 9000 کەسیان لێ کوژرا لەو نۆ هەزارە 6000 کەسیان ڕووسی بوون، بەڵام ئاخری مارشاڵ مارمۆن لە ترسی شکست و بە لەگوێخوێندنی تالیران سەعات 5ی ئێوارەی 30ی مارس خۆی بەدەستەوە دا.

ناپلیۆن کاتێک ئاگادار بۆوە کە بەرەی یەکگرتوو چاوەڕوانەکراوانە بەرەو پاریس ڕۆیشتوون، کە خۆی لە نێوان ئاینت دیزیە و بارسۆراوبدا خەریکی شەڕ بوو. کاتێک لە 27ی مارسدا ئەو هەواڵەیان پێ دا، گوتی: "ئەوە گەمەیەکی مەزنی شەترەنج بوو و قەت پێم وانەبوو ئەقڵی فەرماندە باڵاکانی بەرەی یەکگرتوو بە وەها یارییەکی باش بشکێ." لەو قسانەڕا، پێش هەموو شتێک دەردەکەوێ کە وێژەر، لە تەکنیک و هونەری لەشکریدا لێزان و پسپۆڕە.

ناپلیۆن بە سەربازەکانیەوە بەپەلە بەرەو پاریس گەڕاوە. کاتێک لە شەوی 30ی مارسدا گەیشتە فۆنتنبلوو، ئاگادار کرایەوە تازە شەڕەکە کۆتایی هاتووە و پاریس بەدەستەوە دراوە.

ئەو وەک هەمیشە پڕپڕ لە وزە و بڕیاردان بوو، هەر بە ڕووداوەکەی زانی، چارەگێک بیدەنگ بوو و ئینجا پلان و نەخشە تازەکەی خۆی بۆ کۆلنکۆر و ئەو مارشاڵانە باس کرد کە لەلای بوون. وا دانرا کۆلنکۆر بچێتە پاریس و لەوێ بە ناوی ناپلیۆنەوە پێشنیاری ئاشتی بەو مەرجانەی لە شاتیۆن باسیان لێوە کرابوو بخاتە بەردەم ئەلکساندر و بەرەی یەکگرتوو. ئینجا بە بیانووی جۆراوجۆر سێ ڕۆژان لە نێوان پاریس و فۆنتنبلوودا بێ و بچێ و لەو سێ ڕۆژەدا ناپلیۆن هەموو هێزەکانی خۆی لە ناوچەی ساینت دیزیە کۆ بکاتەوە و بە پشتیوانیی

ئەوان هێزەکانی بەرە لە پاریس وەدەر بنێ. کۆلنکۆر بە منگەمنگ پرسیی، ئاخۆ ناکرێ بە ڕاستی پێشنیارێکی وا بکەین کە فێڵی جەنگیی تێدا نەبێ؟ ئیمپراتۆر قسەی پێ بڕی و بە هەڵچوونەوە گوتی: "نا، نا، ئیتر سووکایەتی بەسە. من ئاشتیی سەرشۆڕانەم ناوێ." لێرە مەسەلەی شکۆ و شەرەفی فەرەنسا لەگۆڕێیە. لە دواییین شەڕدا، تەنیا شمشێر دەبێ چارەنووس یەکلا بکاتەوە."

کۆلنکۆر دەسبەجێ بەرەو پاریس کەوتە ڕێ و ناپلیۆن دیسان بە کەفوکوڵ و چالاکییەوە کەوتەوە ئامادەکاری بۆ ئەو جەنگەی کە دەبوو چوار ڕۆژی دیکە هەڵیگیرسێنێ. ئەو، ئەمەی بەلاوە گرینگ بوو کە لەو ماوە کورتەدا بەرەی یەکگرتوو نەتوانێ هیچ هەنگاوێکی سیاسی بنێ، کە لە سۆنگەیەوە زەینی خەڵک بشێوێ و بیروڕای دڕدۆنگی خەڵک بەلای ئەواندا بشکێتەوە. هەر بۆیە ئەو دیمەنە گاڵتەجاڕییەی دانوستانی ئاشتیەی بە زەیندا هاتبوو و تەنانەت بەڵێنی دەدا ئەو مەرجانەش قبووڵ بکا کە خۆی دوو حەفتە پێشتر بە سووکایەتی و گاڵتەوە ڕەدی کردبۆوە.

بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو. شاپەرستەکان بە خۆپێشاندان و دەربڕینی شادمانی پێشوازییان لە سەرۆکەکانی دەوڵەتانی یەکگرتوو بۆ پاریس کرد و خەڵکیش گوێڕایەڵ ببوون و هیچیان بەلاوە گرینگ نەبوو، ئیتر دیار بوو پایتەخت ئامادەیە هەر حکوومەتێکی بەسەردا بسەپێنرێ، قبووڵی بکا.

سەرۆکەکانی دەوڵەتە یەکگرتووەکان، لە ڕاگەیەنراوێکدا خەڵکیان ئاگادار کردەوە کە ئامادە نین لەگەڵ ناپلیۆن دانوستان بکەن، بەڵکوو حکوومەتێک بە فەرمی دەناسن، کە خەڵکی فەرەنسا خۆیان هەڵیبژێرن. کەوابوو باسی دانوستانی کۆلنکۆر لەگەڵ بەرەدا هەر لەگۆڕێیش نەبوو.

ئەلکساندر بە فەرمی بە کۆلنکۆری گوت، کە فەرەنسا ناپلیۆنی ناوێ و لێی ماندوو بووە. شوارتزێنبێرگیش بە لەبزێکی تاڵەوە گوتی کە ناپلیۆن لە ماوەی 18 ساڵدا دنیای وەزاڵە هێناوە و هەتا ئەو بمێنێ، کەس ناحەسێتەوە. ئێمە زۆر جار پێشنیاری ئاشتیمان پێ کرد و ئیمپراتۆریەکەشمان بۆ هێشتەوە، بەڵام ئەو نەیویست دەست لە هیچ شتێک هەڵگرێ. بەڵام ئێستا ئیتر زۆر درەنگ بووە. شوارتزێنبێرگ کاتێک ئەو قسانەی دەکرد، نەیدەزانی کە تەنانەت لەو دەموساتەشدا ناپلیۆن هەر ئامادە نیە هیچ ئیمتیازێک بدا و کۆلنکۆری تەنیا بۆیە ناردووە کە سێ ڕۆژی دەرفەت بۆ بڕەخسێ تا لەشکرەکانی دەگەنێ. کۆلنکۆر کاتێک چۆوە لای ناپلیۆن، سەیری کرد دۆخەکە بەم جۆرەیە: یەکەکان وردەوردە دەگەنەوە لای ناپلیۆن و ئیمپراتۆر چاوەڕێ دەکا کە تا 5ی ئەپریل 70000 شەڕکەری بەدەستەوە بێ و بۆ هێرشکردنە سەر پاریس سەرکردایەتییان بکا.

سەرلەبەیانیی 4ی ئەپریل، ناپلیۆن سوپاکەی خۆی لە سان دا و پێی گوتن:

"سەربازەکان، دوژمن بە خافڵگرکردنمان، بەسەر پاریسدا زاڵ بووە. دەبێ لەوێی دەرپەڕێنین. فەرەنسیە زۆڵەکان و ئەو پەنابەرانەی پێشتر بەزەییمان پێیاندا هاتۆتەوە و بەو کارە خاڵی لاوازی خۆمانمان پێشان دابوون، ئەمڕۆ بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ ئینگلتەرا دۆزیوەتەوە و ئاڵای سپییان بۆ هەڵکردووە. تف لەو ترسنۆکە بێغیرەتانە. ئەوان دەبێ نرخی هەق و مزی ئەو خیانەتەیان وەرگرن. وەرن با سوێند بخۆین، یان سەرکەوین و تۆڵەی ئەو سووکایەتییە بکەینەوە کە بە نیشتمان و شمشێرەکەمان کراوە یان بمرین." هەموان وێکڕا و یەکدەنگ هاواریان کرد: "ئێمە سوێند دەخۆین." بەڵام کاتێک ناپلیۆن پاش لە ساندانی سوپا

گەڕایەوە کۆشکەکەی خۆی، لەوێ ورەیەکی دیکەی دیت: "مارشاڵەکان، واتە ئۆدینۆ و نێ و ماکدۆناڵد و بێرتیە و دووک دۆباسانۆ مات و خەمبار و بێدەنگ لەبەردەمی ڕاوەستابوون، بەبێ ئەوەی متەقیان لێوە بێ. ناپلیۆن داوای لێ کردن ڕای خۆیان بڵێن. ئینجا هەموان هاتنە دەنگ و گوتیان، هیچ هیوایەکیان نیە کە سەرکەون، چونکە خەڵکی پاریس وێکڕا بەبێ جیاوازیی بیروبۆچوون ترسی ئەوەیانە ئیمپراتۆر هێرش بکاتە سەر بەرەی یەکگرتوو لە پایتەختەکەی خۆیدا، چونکە ئەم هێرشە بە مانای تێداچوونی هەموو خەڵکی شارەکەیە، چونکە بەرەی یەکگرتوو لە تۆڵەی سووتمانەکەی مۆسکۆ پاریس دەسووتێنن و ئیتر ئەستەمە سەربازەکان ناچار بکەین لە کاولاشەکانی پاریسدا شەڕ بکەن.
ناپلیۆن گوتی: "بڕۆنە دەرێ دەی. من دواتر بانگتان دەکەمەوە و بڕیاری خۆمتان پێ ڕادەگەیەنم." و ئینجا جگە لە کۆلنکۆر و بێرتیە و دووک دۆباسانۆکسی، کەسی نەهێشتەوە. جا بەوپەڕی تووڕەیی و گرژی، لەسەر دڕدۆنگی و ترسنۆکییەکەیان، لۆمەی مارشاڵەکانی کرد کە بۆچی نایانەوێ فیداکاری بکەن. پاش چەند خولەکێک بە مارشاڵەکانی ڕاگەیاند، کە لە پێناوی پادشا بچکۆلانەی ڕۆمادا دەست لە تەختی پادشایەتی هەڵدەگرێ و مافی جێنشینی پادشاش دەداتە ئیمپراتریس ماری لۆیز و، ئەگەر دەوڵەتانی بەرە ڕازی بن و بەو مەرجانەوە پەیمانی ئاشتی ئیمزا بکەن، ئەوا جەنگ کۆتایی هاتووە و ئەویش کۆلنکۆر بەو پێشنیارەوە دەنێرێتە پاریس بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوڵەتانی بەرەدا بکەوێتە دانوستانەوە. ئینجا ڕاگەیەنراوەکەی کە خۆی دایڕشتبوو، ئاوا بۆ خوێندنەوە: "چونکە دەوڵەتانی بەرە گوتوویانە ئیمپراتۆر ناپلیۆن تاقانە کۆسپی سەر ڕێی ئاشتی ە لە ئەوروپادا، ئەوە ئیمپراتۆر ناپلیۆن کە لەسەر ئاد و بەڵێنی خۆیەتی، ڕایدەگەیەنێ، ئامادەیە لە پێناو خێر و

چاکەی نیشتماندا کە بەشێکە لە مافی ڕۆڵەکەی و مافەکانی جێنشین"نایبولسەڵتەنە"ی ئەو واتە ماری لۆیز و ڕەچاوکردنی یاساکانی ئیمپراتۆری، لە تەختی پادشایەتی بێتە خوارێ و فەرەنسا بەجێ بهێڵێ و تەنانەت دەست لە گیانی خۆیشی بشوا."

مارشاڵەکان خەنی خەنی ئەو بەڵگەیەیان بۆ سەلماند. ئیمپراتۆر پاش ئەوەی جارێکی دیکە دەقی ڕاگەیەنراوەکەی خوێندەوە، دەستی دایەوە قەڵەم بەڵام بەر لەوەی ئیمزای بکا، دیسان گوتی: "ئەی هاوار، کوڕە وەرن بڕواتان بە قسەی من بێ. وەرن کەڕەی بەیانی بکەوینە ڕێ، من دڵنیام دیسان دەیانشکێنم." بەڵام مارشاڵەکان کڕ ببوون و هیچ کام ئەو قسەیەیان بۆ نەسەلماند. ناپلیۆن نامەکەی ئیمزا کرد و بە لیژنەکەی کە پێکهاتبوو لە کۆلنکۆر و نێ و ماکدۆنالد، ئەسپارد و لیژنەکە دەسبەجێ بەرەو پاریس کەوتنە ڕێ.

لەو مەودایەدا زۆر ڕووداو لە پاریس قەومابوو. تالیران بەپەلە هەندێ لەو ئەندامانەی سیناتی کۆ کردبۆوە کە متمانەی پێیان هەبوو و ڕووخانی بنەماڵەی بۆناپارت و گەڕانەوەی بۆربۆنەکانی پێ پەسند کردبوون. لەوەش خراپتر، مارمۆنیش خیانەتی لە ئیمپراتۆر کردبوو و بە یەکەکانی خۆیەوە کشابۆوە ڤێرسای و چووبووە پاڵ تالیران و "حکوومەتی کاتی" کە بە سەرۆکایەتیی ئەو بەڕێوە دەچوو.

ئەلکساندر لەپێشدا دڕدۆنگ بوو. نە ئەو زۆر لە پادشایەتیی شا بچکۆلانە ـ ناپلیۆنی دووەم ـ ناڕازی بوو و نە فرانسوا ئیمپراتۆری نەمساش، بەڵام ئەو شاپەرستانەی دەوری دەوڵەتانی هاوپەیمانیان دابوو، پێداگر بوون کە پێشنیارەکەی ناپلیۆن ڕەد بکرێتەوە. کە هەواڵی خیانەتەکەی مارمۆن هات، ئیتر گومانەکەی دەوڵەتانی بەرە تەواو ڕەوییەوە. پەیمانشکێنیی ئەو هێزەی کە دەیتوانی دەسبەجێ بکەوێتە

دەست ناپلیۆن، پێشڕەویی ئەوی بەرەو پاریس مەحاڵ کرد و بەرە بڕیاری دا تاج و تەختەکە ڕادەستی بۆربۆنەکان بکا. کۆلنکۆر کە مالاوایی لە قەیسەر دەکرد، ئەلکساندر پێی گوت: "سەرۆکتان ڕازی بکەن مل بۆ چارەنووس ڕاکێشێ." و پاش ئەوەی جارێکی دیکەش ڕێز و حورمەتی خۆی بۆ ئەو "پیاوە مەزنە" دەربڕی، گوتی: "بۆ پاراستنی شکۆ و ئابڕووی ئەو، هەر شتێک پێویست بێ، دەکرێ."
دەوڵەتانی بەرە، پێش ئەوەی کۆلنکۆر بڕوا، داوایان لێ کرد پێداگرانە داوا لە ئیمپراتۆر بکا و قایلی بکا، کە بەبێ هیچ مەرجێک واز لە دەسەاڵت بێنێ و بەڵێنیان دا هەموو بەرناو و نازناوەکانی بۆ بپارێزن و دوورگەی ئەلبی وەک ملکێک پێ بدەن و پێداگریش بوون، لەسەر ئەوەی خێرا دەقی وازهێنانەکەی ئیمزا بکا. دەوڵەتانی بەرە و شاپەرستەکان کە تالیران سەرۆکایەتیی دەکردن ـ چونکە تالیران بە ئاشکرا کەوتبووە گەڵیان ـ لە هەاڵییسانی ئاگری جەنگێکی نێوخۆیی و ئەو سەربازانەش تۆقیبوون کە هێشتا وەفاداری ناپلیۆن بوون.
دەستەکارکێشانەوەی فەرمیی ناپلیۆن دەیتوانی پێش بە ئەگەری هەرچەشنە ئاڵۆزی و پشێوی‌یەک بگرێ. ئینجا بڕیارەکەی سینات هیچ بەهایەکی مەعنەویشی نەبوو، چونکە وەک نۆکەری ناپلیۆن سەیری سیناتۆرەکان دەکرا، کە بەبێ هیچ گومان و دڕدۆنگیەک خیانەتیان لە سەرۆکەکەیان کردبوو بۆ ئەوەی ملکەچی بێگانان بن. نێ، لەکاتی قسەکردن لەگەڵ ئەلکساندردا بەدەنگی بەرز گوتبووی: "ئەو سیناتە نەگبتە، ئەگەر تۆزێک بەرەنگاری ئارەزووی شەڕخوازانەی ناپلیۆن بووبایەتەوە، ئەم بەاڵیەی ئەمڕۆمان بەسەر نەدەهات. ئەو سیناتە چارەڕەشە، کە هەمیشە پێداگر بوو لەسەر ئەوەی ملکەچی ویست و ئیرادەی پیاوێک بێ کە ئەمڕۆ پێی دەڵێ تاکڕەو، کوا مافی ئەوەی هەیە

ئەمڕۆ دەنگی خۆی بەرز بکاتەوە؟ ئەو، ئەوکاتەی دەبوایە قسە بکا، لاڵ ببوو و ئێستاش کە هەمووان ئەمری پێ دەکەن بێدەنگ بێ، چۆن ڕێگە بەخۆی دەدا قسە بکا؟
تاقە یەک قسە لە زمانی ناپلیۆنەوە، بەڵێ لە زمانی ناپلیۆن خۆیەوە لەوانەبوو کۆتایی بەو چاوەڕوانییە بەئازارە بێنێ و گەردنی ئەو هەموو سەرباز و کارمەند و ژەنەڕاڵە ئازاد بکا لەو پەیمانە دێرینانەی پێیان دابوو. فەرەنسیەکان بە هەموو دەستە و تاقم و چین و توێژێکیانەوە و دەوڵەتانی بەرەش هەر لەسەر ئەو باوەڕە بوون.

4

ئێوارەی ڕۆژی پێنجەمی ئەپریل، کۆلنکۆر و نێ و ماکدۆنالّد لە پاریسەوە گەڕانەوە فۆنتنبلوو و، پاش ئەوەی ڕەوتی دانوستانەکانیان لەگەڵ ئەلکساندر و بەرە بۆ ئیمپراتۆر باس کرد، پێشنیاریان پێ کرد بە چارەنووسەکە ڕازی بێ. ناپلیۆن گوتی، هێشتا سوپایەکی بەدەستەوەیە و سەربازەکانی هەر وەفاداری ئەون و گوتی: "جا ئەوە دەشبینن... جارێ مالّاوا تا سبەی." کاتێک ڕوخسەتی دان بڕۆن، دیسان ناردیەوە بەشوێن کۆلنکۆردا و لە مشتومڕە دوورودرێژەکەی ئەو شەوەدا پێی گوت: "ئاخ کۆلنکۆر، ئاخۆ لە دەست ئەو خەڵکە... مارشاڵەکانی من پێیان شەرمە وەک مارمۆن بکەن، چونکە بە تووڕەیی و بێزاریيەوە باسی ناکەن، بەڵام خەمبارن کە بۆچی هێشتوویانە هاوڕێکەیان لە ڕێگەی بەخت و شانسدا وەپێش ئەوان بکەوێ. ئەوانیش حەز دەکەن بەبێ ئەوەی وەک ئەو حەیایان بچێ، ئەم پلەوپایە و نازناوانە لە بۆربۆنەکان وەرگرن." ئینجا زۆری باسی مارمۆن کرد کە لە دەموساتێکی هەستیاردا خیانەتی لێ کردبوو و گوتی: "ئەو نەگبەتە نازانێ چ بەڵایەکی

بەسەر دێ. تازە بەدناو بوو. بڕوا بکەن من ئیتر خەمی خۆمم نیە، چونکە ئیتر سەردەمی من تەواو بووە یان بڵێین خەریکە تەواو دەبێ. لە لایەکەوە، پادشایەتی بەسەر ئەو دڵانەدا کە لە من بێزار بوون و خواخوایەکیانە خۆیان بخەنە سەر کۆشی کەسانی دی، چ چێژێکی بۆ من هەیە؟ من بیر لە فەرەنسا دەکەمەوە... ئەی هاوار، ئەگەر ئەو کەرانە پشتیان لە من نەکردبایە، بڕوا بکەن من لە چوار سەعاتدا کۆشکی شکۆی خۆمم سەرلەنوێ دروست دەکردەوە، چونکە بڕواتان بێ هێزەکانی بەرە ئەگەر لەبیری خۆپاراستندا بوایەن و پشتیان لە پاریس و ڕوویان لە من بوایە، بە دڵنیاییەوە لەنێو دەچوون. خۆ ئەگەر ویستباشیان بۆ ڕاکردن لەو مەترسیی لەنێوچوونە لە پاریس بچنە دەرێ، تاهەتایە پێیان بەوێدا نەدەهاتەوە. ئەو مارمۆنە نەگبەتە نەیهێشت ئێمە بگەینە ئەو ئاکامە پڕشنگدارە و بە دڵنیاییەوە بە درێژکردنەوەی جەنگەکە ڕێگەیەکمان دەدۆزیەوە کە دیسان پێی هەستینەوە. ئێستا هەواڵم پێ گەیوە کە جووتیارانی لۆرێن و شامپانی و بۆرگۆنی هەڵدەکوتنە سەر یەکە بەجێماوەکانی دوژمن و سەریان دەبڕن. جگە لەوەش بۆربۆنەکانیش خەریکە دێن و هەر خوا دەزانێ ئاخری ئەو کارە چیی لێ شین دەبێتەوە. ئەوان دەستی دەرەکی بەڵام دنەدەری شەڕی نێوخۆیین. ئەوە دەشبینن تا سااڵێکی دی چ بەسەر وڵاتەکەمان دێنن. هەرچۆنێک بێ، جارێ وڵات پێویستی بە شتێکی دیکەی جیا لە منە. ناوی من، وێنەی من و شمشێرەکەی من، هەمووان ترس خولقێنن. دەبێ مل ڕاکێشم. من ئێستا بانگی مارشاڵەکان دەکەم و جا دەشبینی کاتێک بە فەرمانی من لەو سەرلێشێوانە ڕزگار بوون و ڕێگەیان پێ درا بەبێ ئەوەی حەیایان بچێ پێوەندی بە مارمۆنەوە بکەن، چۆن خەنی و شاگەشکە دەبن."

ئەو شەوە ناپلیۆن، بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو شتانەی بە کۆلنکۆر گوت کە دەمێک بوو بیری لێ دەکردەوە. ئەوەی ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەوە بوو کە خەڵکەکە لە ڕادەبەدەر شەکەت ببوو و ئیتر تاقەتی ئەو فەرمانڕەواییە خوێناویە و ئەو سەمای بێبڕانەوە مەرگهێن و کوشتارە بەکۆمەڵە و ئەو هەمووە قوربانییەی نەوە فیداکراوەکانی، ئەویش دیار نەبوو لە پێناوی ئامانجێکدا کە وەدی نایە، نەمابوو.

ناپلیۆن لە 1814دا ڕاشکاوانە دانی بەوەدا نابوو، کە: "من دەویست ئیمپراتۆرییەکی جیهانی بۆ فەرەنسا وەدی بێنم" و، ئەو کات نەیدەزانی کە نەوەکانی داهاتوو، قوتابخانەیەکی مێژوونووسینی نیشتمانپەروەرانەی فەرەنسی دادەمەزرێنن کە هەوڵ دەدات بیسەلمێنێ ناپلیۆن لە ژیانیدا هیڕشی نەکردووەتە سەر هیچ کەس و جگە لە بەرگری لەخۆی هیچ شتێکی نەکردووە و ئەگەر چووەتە میلانۆ و مەدرید و بەرلین و مۆسکۆش، تەنیا بۆ بەرگری و پاراستنی "سنووری سروشتییەکانی" فەرەنسا بووە و لە دەم ڕووباری مۆسکۆ، بەرگریی لە چۆمی ڕاین کردووە. ناپلیۆن خۆی قەت بیری لەو بەڵگەداتاشینە نەکردووەتەوە و لەو بارەیەوە لە هەموو کەس ڕاستگۆتر بووە.

ئەو ئاگای لە ئاماری ڕاست و وردی شەڕەکانی نەبوو و ئەو ئامارە بەو دواییانە کەسێک بەناوی ئالبێرت مێینیەر پاش تۆژینەوەیەکی وردی هەموو ئەرشیڤە فەرمییەکان و باقی سەرچاوە پێوەندیدارەکان ڕێکی خستووە. بەپێی ژمارەکانی ئەو ئامارە، ژمارەی فەرەنسیە کوژراو و بێسەروشوێنەکان لە لەشکرکێشی و شەڕەکانی سەردەمی ناپلیۆندا لە ملیۆنێک زیاترە. 471000 کوژراو بە فەرمی تۆمار کراوە و 530000 بێسەروشوێن بوون و قەت نەدۆزراونەوە. ئەوانەی بریندار یان

نقوستان بوون و نەک لە شەڕگەکان بەڵکوو دواتر لە خەستەخانە سەربازیەکاندا بە برینەکەیان مردوون، لەو ئامارانەدا تۆمار نەکراون. لێکدانەوەکانی مێینیەر، هەموو ئیمپراتۆرییەکەی ناپلیۆنیش لەخۆ ناگرن و تەنیا "فەرەنسای کۆن" یانی ئەیالاتە قەدیمییەکان لەخۆ دەگرێ، یانی تەنانەت هەموو ئەو مەملەکەتەش ناگرێتەوە کە ناپلیۆن لە 18ی بڕۆمەرەوە فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکرد، چونکە بەلژیک و پیەمۆن و باقی ئەو شوێنانەی شۆڕش و ناپلیۆن خۆی پێش کودتاکە گرتوونی لەو ئامارانەدا حیساب نەکراون، هەر بۆیە ئەو ژمارەنە تەنیا فەرەنسای نێو کەوشەنەکانی 1799 دەگرێتەوە. جگە لەوەش، هەموو جەنگەکانی ناپلیۆنیشی تێدا حیساب نەکراون و تەنیا ئەو جەنگانە نەبێ کە لە 1800ـەوە کراون. بە واتایەکی دیکە ئاماری زیانی جەنگەکانی ئیتالیا لە 1796ـەوە تا 1797 و جەنگەکانی میسر و سووریا حیساب نەکراون. ناپلیۆنیش قەت نەیدەتوانی و قەت بە ڕوونی تێنەدەگەیشت کە لە 26 ملیۆن خەڵکی "ئەیالەتە کۆنەکان"ی فەرەنسا بە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەوە، زیاتر لە ملیۆنێکی لە جەنگەکانی ئەودا تێدا چوون. ئەو هەر ئەوەندەی دەزانی گوندەکانی فەرەنسا لە سۆنگەی سەربازگیرییەوە پەیتاپەیتا چۆل دەبن و تەنیا شەڕگە بێ ئەژمارەکانی خۆی دەدی و جاروبارەش هەوڵی دەدا خەڵکەکە هێور بکاتەوە و ـ چونکە خۆی کەمتر دڵی توند دەبوو ـ پێشانیان بدا کە سەربازانی وڵاتە گوێڕایەڵکراوەکان یان "هاوپەیمان"یش بەشێکن لە سوپاکەی ئەو و ئەڵمانی و سویسری و ئیتالیایی و بەلژیکی و هۆڵەندی و فەرەنسی و پۆلۆنی و ئیلیریەکان، پتر لە فەرەنسیەکان دەکوژرێن.

بەڵام تێداچوونی سێ چوار ملیۆن بێگانە کە لە ڕیزی سوپاکەی ناپلیۆندا شەڕیان دەکرد، سووکەدڵدانەوەیەک بوو بۆ تێداچوونی ملیۆنێک

فەرەنسیی ڕەسەن. ملیۆنان دوژمنی کۆژراو و شوێنبزر و نقوستان، بەلای ناپلیۆنەوە قەت بایی ئەوە نەبوون هەر بیریشیان لێ بکاتەوە. لەو شەوە درێژەدا کە ناپلیۆن تا بەیانی لە کۆشکە ڕازاوە و خەملێنیشتووەکەی فۆنتبلوودا پیاسەی کرد و لەبەر چاوی کۆلنکۆر ئامارەکانی خۆی ڕێک خستەوە، ئەنجامێکی بنەڕەتیی لێ ڕوون بۆوە: ئەو فەڕەنسای وەزاڵە هێنابوو و چەقۆی گەیاندبووە ئێسقانی مەملەکەت. بۆربۆنەکان هیچ نرخ و بایەخێکیان نەبوو، بەڵام لەو دەموساتەدا باسی ئەوە نەبوو ئاخۆ کێی لەو باشتر بە کاری وڵات دێ. لەو ڕۆژانەی ئەپریلدا ئاگاداریان کردەوە کە بازرگانانی پاریس و بۆرژوا گەورەکان ئەگەر وەک خانەدانە شاپەرستەکانیش پێشوازییان لە وڵاتانی بەرە نەکردووە، لانیکەم ڕاشکاوانە پێیان گوتوون، کە لە جەنگەکانی ناپلیۆن وەگیان هاتوون و تەواو مایەپووچ بوون. ناپلیۆن ئەو شەوە خەوی لێ نەکەوت. بەرەبەیانی شەشی ئەپریل گزینگی دا. ئیمپراتۆر مارشاڵەکانی بانگ کرد و پێی گوتن: "بەڕێزان، لەسەرخۆ بن. ئیتر نە ئێوە خوێن دەڕێژن و نە سوپاش. من بەبێ هیچ مەرجێک واز دێنم. حەزم لێ بوو، جێنشینیی کورەکەم بۆ ئێوە و بنەماڵەکەی خۆشم مسۆگەر بکەم و پێشم وایە ئەو ڕێگەچارەیە پتر بە قازانجی ئێوە بوو تا خۆم، چونکە ئێوە لە ژێر سێبەری حوکمەتێکدا دەژیان، کە لەگەڵ بنەما هزرییەکان و هەست و بەرژەوەندییەکانتان تەبا و کۆکتر دەبوو. ئەو دەرەتانە هەبوو، بەڵام بێسەروبەرییەکی بێجێ، ئێوەی لەو هەل و پێگەیە بێبەری کرد کە من هیوادار بووم بۆتانی دابین بکەم. ئەگەر پەیمانشکێنییەکەی لەشکری شەشەم (مارمۆن) نەبوایە، ئێمە دەمانتوانی ئەم ئیمتیازە و کۆمەڵێک ئیمتیازی دیکەشمان هەبێ و تەنانەت دەمانتوانی فەرەنساش هەستێنینەوە. بەڵام دۆخێکی دیکە

بەسەردا هات... من ملم بۆ چارەنووسی خۆم ڕاکێشاوە، ئێوەش تەسلیمی چارەنووستان بن. مل بۆ ژیان لە سێبەری پادشایەتیی بۆربۆنەکاندا ڕاکێشن و وەفادارانە خزمەتیان بکەن... ئێوە بە ئاواتی پشوودانێک بوون، ئیتر لەمەودوا دەحەسێنەوە. بەڵام مخابن، خوا بکا پێشبینییەکانی من هەڵە بن. ئێمە نەوەیەک نەبووین کە بۆ پشوودان و حەسانەوە لەدایک بووبێین. ئەو ئاشتییەی ئێوە دەتانەوێ، لە جێوبانی پەڕی قازدا لەوە زیاترتان لێ دەکوژێ کە لە شەڕگەکان لێتان دەکوژرا."
ئیتر دەستی دایە لاپەڕەیەک و ئەوەی بۆ مارشاڵەکانی خوێندەوە:
"چونکە دەوڵەتانی بەرە گوتوویانە ناپلیۆن تاقە کۆسپ و لەمپەری سەر ڕێگەی سەقامگیربوونەوەی ئاشتییە لە ئەوروپادا، ئەوە ئیمپراتۆر ناپلیۆن کە وەفاداری ئاد و پەیمانی خۆیەتی، پێتان ڕادەگەینێ: خۆی و میراتگرەکەیشی دەست لە تەخت و تاجی فەرەنسا و ئیتالیا هەڵدەگرن و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی فەرەنساشدا لە هیچ فیداکارییەک و تەنانەت لە گیانی خۆیشیان دریخی ناکەن." ئینجا چووە پشت مێزەکەی و کاغەزەکەی ئیمزا کرد. مارشاڵەکان کە دڵیان پڕ ببوو، دەستیان ماچ کرد و دەستیان کردەوە بەو ماستاوچێتی و مەراییانەی لە هەموو سەردەمی فەرمانڕەواییەکەیدا بۆیان کردبوو. دەسبەجێ کۆلنکۆر لەگەڵ دوو مارشاڵ نامەی وازهێنانەکەیان بردە پاریس.
ئەلکساندر و دەوڵەتانی بەرە بەوپەڕی دڵەڕاوکێوە چاوەڕوانی ئەنجامەکە بوون. کاتێک بەڵگەی وازهێنانەکەیان بەدەست گەیشت، لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوون. ئەلکساندر ڕازی بوو بەوەی دوورگەی ئەلب وەک ملکێک دەدرێتە ناپلیۆن و زەوی و زارێکیش لە ئیتالیا دەدرێتە پادشای ڕۆما و ماری لۆیزی دایکی.
هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو.

5

لەو دەمەدا ناپلیۆن دیسان خەیاڵێکی کەوتە سەر، کە زۆر جاران لە جەنگەکانی 1814دا بە زەینیدا هاتبوو. ئەو جەنگانەی لە ڕووی ستراتیژی سەربازییەوە زۆر پڕشنگدار بەڵام لە ڕاستیدا هەوڵێکی بێ ئەنجام بوون. لە 1813دا مارشاڵ و ژەنەڕاڵ و ئەفسەر و یاوەرەکانی ئەو و تەنانەت سەربازەکانی گاردیش دیتبوویان کە چۆن ئیمپراتۆر وەک لە جەنگەکانی پێشوو بۆ وێنە لەسەر پردەکەی ئارکۆڵ لە ساڵی 1796 یان لە گۆڕستانەکەی ئیێلەو 1807دا لەخۆوەو بەبێ ئەوەی پێویست بێ، گیانی خۆی تەواو دەخستە مەترسییەوە.

وەک پێشتریش باسمان کرد، لە 1813دا پاش مەرگی دۆروک، ئیمپراتۆر تاوێک بەبێ جوولە لەسەر کۆتەرە داڕێک دانیشت و وەک ئامانجێکی زیندوو لەبەردەم ئەو نارنجۆکانەدا دانیشت کە لە دەوروپشتی دەکەوتن. لە 1814دا دیمەنی ئاوا سەیروسەمەرەی زیاتر لێ بینرا و ئیتر مەحاڵ بوو کەسێک نەزانێ مانای ئەو کارانە چین.

بەتایبەتی لە شەڕەکەی ئارسی سۆراوب لە 20ی مارسدا، کاتێک ناپلیۆن ڕووی کردە شوێنێک کە مەحاڵ بوو بەرگریی لێ بکرێ و چەند ساتێک لەوەپێش بە فەرمانی خۆی سەربازەکانی لەوێ کشابوونەوە، ژەنەڕاڵ ئێکسێلمانس غاری دا بەشکم ڕایگرێ، بەڵام مارشاڵ سباستیانی پێی گوت: "لێی گەڕێ، چما نابینی ئەو بە ئانقەست وا دەکا؟ دەیەوێ خۆی بە کوشت بدا." بەڵام نە ڕەهێڵەی تۆپ و نە دەسڕێژی تفەنگەکان و نە نارنجۆکەکان کاریان پێی نەبوو.

ناپلیۆن هەمیشە پێی وابوو خۆکوشتن نیشانەی ترسنۆکی و لاوازیی دەروونییە و لە ئارسی سۆراوبیش وەک چەند جارەکەی پێشوو لە 1813 و 14دا بە دڵنیاییەوە خۆی دەخەڵەتاند و بەبێ ئەوەی بە ڕوالەت بیەوێ خۆی بکوژێ، بەشوێن مەرگەوە بوو.

بەڵام لە 11ی ئەپریلی 1814دا پێنج ڕۆژ پاش دەستلەکارکێشانەوەکەی، لەو دەمەدا کە لە کۆشکی فۆنتنبلوو خۆیان ئامادە دەکرد بەرەو دوورگەی ئەلب بکەونە ڕێ، ناپلیۆن کۆلنکۆری کە ئەو ڕۆژانە بەردەوام پێکەوە بوون، بەجێ هێشت و چۆوە بینا تایبەتییەکەی خۆی و وەک دواتر دەرکەوت، لە جانتای کەلوپەلە جەنگییەکانی کە قەت داینەدەنا، شووشەیەکی پڕ لە تریاکی دەرهێنا. لە فۆنتن بلوو ویستی خۆی بکوژێ و هەرچی لە شووشەکەدا بوو هەمووی خوارد.

ژانەزگێکی تاقەتپڕووکێنی گرت. کۆلنکۆر هەر لەخۆوە دڵی خەبەری خراپی دابوو، بۆیە چووە ژوورەکەی ئیمپراتۆر و وەیزانی ئیمپراتۆر تووشی نەخۆشییەکی لەناکاو بووە، بۆیە ویستی بانگی پزیشک بکا، بەڵام ناپلیۆن تکای لێ کرد کەس بانگ نەکا و تەنانەت لێبڕاوانە فەرمانیشی پێ کرد کە نابێ هیچ بکا. ئیتر پەلەقاژە و لەرزینەکەی وەها توند ببوو، کە کۆلنکۆر ڕای کرد دکتۆر ئیڤانی بەخەبەر هێنا. ئەو دکتۆرە، هەر ئەو کەسە بوو کە پاش ڕووداوەکەی مالڤارۆسڵاوتێز تریاکەکەی بۆ ئیمپراتۆر گرتبۆوە. دکتۆر هەر شووشەکەی دیت، زانیی مەسەلە چیە. ناپلیۆن دەستی کرد بە گلەیی و بۆڵە، کە گیراوەکە بێهێز بووە یان تێک چووە و فەرمانی بە دکتۆر کرد دەسبەجێ ژەهرێکی دیکەی لەوەی بداتێ. دکتۆر ئیڤان لە ژوورەکە دەرپەڕییە دەرێ و سوێندی خوارد جارێکی دیکە تاوانی ئاوا نەکاتەوە.

ناپلیۆن چەند سەعاتان بە ژان و ئازاری دڵەوە تلایەوە، چونکە دەرمانی دژەژەهری نەدەخوارد و ئەمری کرد ئەم مەسەلەیە شاراوە بمێنێتەوە و، پاش ئەو هەمووە پەلەقاژەیە لە زاری دەرپەڕی و گوتی:
"باوکەڕۆ مەرگ چەندە بەئازارە و مردن لە مەیدانی شەڕدا چەندە خۆشە. ئەی هاوار من بۆچی لە ئارسی سۆراوب نەمردم."
ژەهرەکە گورچوبڕ و بکوژ نەبوو. ناپلیۆن ئیتر ببڕای ببڕ بەلای خۆکوشتندا نەچۆوە.
تەدارەک و ئامادەکاریی سەفەرەکە تەواو دەبوو. بەپێی مەرج و ڕێککەوتنەکان لەگەڵ دەوڵەتانی بەرە، ئیمپراتۆر دەیتوانی لیوایەک لە سەربازانی گاردی قەدیمی لەگەڵ خۆی بەرێتە دوورگەی ئەلب.
لە 20ی ئەپریلی 1814دا هەموو شتێک ئامادە بوو. ئەو گالسکانەی کە دەبوو ئیمپراتۆر و چەند یاوەرەکەی و کۆمیسێرەکانی دەوڵەتانی بەرە وەک یاوەر لەگەڵیدا بەرنە دوورگەی ئەلب، لەبەر دیوارەکانی کۆشک بە ڕیز وەستابوون.
ناپلیۆن ویستی مالاوایی لە گاردەکەی بکا. سەربازانی گارد لە حەوشەی دابودەستووری کۆشکدا ڕیز ببوون. ئەوە ڕێک ئەو حەوشە پانوبەرینە بوو کە ئەو گەشتیارانەی چوونەتە فۆنتنبلوو زۆر باش دەیناسن و بە "حەوشەی مالاوایی" بەناوبانگە.
لە ڕیزی پێشەوەدا، سەربازانی گاردی قەدیم لەگەڵ ئەفسەر و ژەنەڕاڵەکانیان دەستەونەزەر و لە ڕیزی پشتەوەش سەربازە گەنجەکانی گارد ڕاوەستابوون. کاتێک ئیمپراتۆر هاتە دەرێ، ئالاهەڵگرەکەی قەدیم، بە حورمەتی ئەو، ئالاکەی لەبەر پێیدا چەماندەوە. ناپلیۆن بە دەنگی بەرز گوتی:

"ئەی سەربازەکانی گاردی قەدیم، من مالاوایيتان لێ دەکەم. ئەوە بیست ساڵە بەردەوام لە ڕێگەی سەربەرزی و شانازیدا دەتانبینم. ئێوە، هەم ئێستا و هەمیش لەسەردەمی شکۆی ئێمەدا بەردەوام نموونە و سەرباشقەی ئازایەتی و وەفاداری بوونە. تا پیاوێکی وەک ئێوەمان هەبێ، ناشکێین... بەڵام بەرگری، شەڕی نێوخۆی لێ دەکەوتەوە. کەوابوو من بەرژەوەندیی هەموومانم کردە قوربانی بەرژەوەندیی نیشتمان و لێرە دەڕۆم. هاوڕێیانی من، لە خزمەتکردنی فەرەنسا بەردەوام بن... مالاوا ڕۆڵەکانم. حەزم لێ بوو یەک بە یەکتان لە ئامێز بگرم. ئەوە ئالاکەتان ماچ دەکەم..."
لەوە زیاتر قسەی پێ نەکرا. گریان ئەوکی گرت. ئالاهەڵگری لە ئامێز گرت و ماچی کرد و ئالا ئاوریشمینەکەشی ماچ کرد. ئینجا تیژ تێپەڕی و سواری گالسکەکەی بوو. گالسکەکان بە نێو قریوە و هاواری "بژی ئیمپراتۆر"دا کەوتنە ڕێ. زۆربەی نارنجۆکهاوێژەکان وەک منداڵ دەگریان.
ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان کە ئاماژەیان بەو دیمەنە کرد، نووسیان:
"مەزنترین حەماسەی مێژووی جیهان کۆتایی هات: ناپلیۆن مالاوایی لە گاردەکەی کرد."
بەڵام لە ڕاستیدا، ئەو حەماسە بیست ساڵانەیەی کە لە دیسەمبەری 1793دا لە تۆلۆن دەستی پێ کرابوو، لە ئەپریلی 1814دا لە فۆنتنبلوو هێشتا نەبڕابۆوە و کۆتایی نەهاتبوو.
ناپلیۆنیش کە لەو بیست ساڵەدا دنیای فێر کردبوو کە سەریان لە هیچ کارێکی وی سوور نەمێنێ، چارەنووس وابوو، دیسان تووشی سەرسوورمانیان بکاتەوە.

سەد ڕۆژ فەرمانڕەوایی

1815

1

بەر لەوەی بچنە سەر باسی سەرسوورهێنەرترین ڕووداوی ژیانی ناپلیۆن، لەپێشدا دەبێ ئەم خاڵانەمان لەبەرچاو بێ: ناپلیۆن کە گەیشتە دوورگەی ئەلب، یەکەم ڕۆژەکان هیچ پلان و نەخشەیەکی نەبوو. ئیتر پێی وابوو ژیانی سیاسیی ئەو کۆتایی هاتووە و، وەک بەڵێنی دابوو بەتەمابوو مێژووی فەرمانڕەواییەکەی بەدەستی خۆی بنووسێتەوە، یان لە شەش مانگەی یەکەمی حەوانەوەی لە دوورگەکەدا وا دەهاتە بەرچاو. ئەو لەو ماوەیەدا کابرایەکی هێدی و هێمن بوو و خولّق و خوویەکی باش و ڕێکی هەبوو.

کاتێک بە ئەیالەتەکانی باشووردا تێدەپەڕی، شاپەرستەکان لەسەر ڕێی، خۆپێشاندانێکی دوژمنانەیان وەڕێ خست و تەنانەت چەند جارێک گیانیشی کەوتە مەترسییەوە، هەتا ئەوەی لە ڕۆژی سێی مانگی مای 1814 گەیشتە دوورگەی ئالب. ئەو لەمەودوا کەوتبووە پەڵەزەوییەکی

بچووک و دوورەدەست و نێو خەڵکێکی نامۆ، کە بەوپەڕی ڕێزەوە پێشوازییان لە فەرمانڕەوا تازەکەیان کرد.
لە بەهاری ساڵی 1811دا، ڕێک سێ ساڵ پێش ئەوەی لە دوورگەی ئەلب دابەزێ، ناپلیۆن لە کۆشکی تۆیلەریدا چاوی بە ژەنەڕاڵ وریدێ کەوتبوو و، کاتێک ژەنەڕاڵ غیرەتی وەبەرخۆی نابوو و بە ڕێزەوە گوتبووی وا باشترە لەشکر نەباتە سەر ڕووسیا، ناپلیۆن بە تووڕەیەوە قسەکەی پێ بڕیبوو و گوتبووی: "تا سێ ساڵی دی، من دەبمە فەرمانڕەوای هەموو دنیا."
ئێستا سێ ساڵ پاش ئەو مشتومڕە "ئیمپراتۆریا مەزنەکە" ڕووخابوو و ناپلیۆن تەنیا بەسەر دوورگەیەکی بچووکدا فەرمانڕەوایی دەکرد کە چەند هەزار کەسێکی تێدا دەژیان و ڕووبەرەکەی 223 کیلۆمەتری چوارگۆشە و سێ شاری هەبوو. چارەنووس ناپلیۆنی بردبۆوە نزیک زێدەکەی خۆی، چونکە ئەلب هەر 50 کیلۆمەترێک لە دوورگەی کۆرسەوە دوورە. ئەو دوورگەیە تا مانگی ئەپریلی 1814 بەدەست دووک تسێکانەوە بوو، یەکێک لەو ئیتالیاییانەی ناپلیۆن خۆی لەوێی دانابوو و ئیتر دووک لەسەر داوای دەوڵەتانی بەرە ڕادەستی ئیمپراتۆری کرد.
ناپلیۆن بەسەر ملکەکەی خۆی ڕادەگەیشت و میوانداریی لە خەڵکەکە دەکرد، دیار بوو بەتەمایە ماوەیەکی زۆر لەوێ بژی. خزم و کەسەکەی، یەک لەوان لتیسیای دایکی و پرێنسس پۆلین بۆرگزی خوشکی بۆ سەردانی دەهاتنە ئەوێ و ماوەیەکی باش لەلای دەمانەوە. کۆنتس والێوسکاش کە ناپلیۆن لە پۆلۆنیا نێوانی زۆر باش لەگەڵی خۆش کردبوو و ئەو تا کۆتایی ژیانی هەر وا ئیمپراتۆری خۆش دەویست، هاتە سەردانی. بەڵام ماری لۆیز و کوڕەکەی نەهاتن، چونکە باوکی شاژن یانی ئیمپراتۆری نەمسا ڕێگەی نەدەدا و جگە لەوەش شاژن خۆیشی هەوڵی

نەدا بچێتە سەردانی مێردەکەی. مێژوونووسانی فەرەنسی لە باسی ناپلیۆندا باسی خەمساردیی ماری لۆیز و خیانەتکردنی ئەویان کردووە، بێخەبەر لەوەی کاتێک ناپلیۆن لە1810دا خوازبێنیی لەو کرد، نە خۆی بە پێویستی زانی ڕای شاژن وەرگرێ و نە کەسی تریش. دیارە لێردا هەر ئەوەندە بەسە کە باسی ئەو نامەیە بکەین وا ماری لۆیز لە جانیوەری 1810دا پێش ئەوەی بڕیار لە سەر زەماوەندی ئەو لەگەڵ ناپلیۆن درابێ، لە ئۆفیسەوە بۆ یەکێک لە هاوڕازەکانی خۆی ناردووە: "لەوکاتەوە کە ناپلیۆن ژنەکەی خۆی تەڵاق داوە، من هەموو جارێ گۆڤارەکەی فرانکفۆرت لێک دەکەمەوە بەشکم چاوم بە ناوی ژنە تازەکەی بکەوێ... لێتان ناشارمەوە ئەم درەنگخستن و خۆگنخاندنە لە دەسنیشانکردنی ناوی دەسگیرانە تازەکەیدا نیگەرانی کردووم. من چارەنووسی خۆم داوەتە دەست ویستی خوا... بەڵام ئەگەر ئەو نەگبەتییە بەرۆکی من بگرێ، ئەوا ئامادەم بەختەوەریی خۆم بکەمە فیدای بەرژەوەندیی وڵاتەکەم." کەوابوو لە شوێنێک کە دەسگیران و هاوسەری داهاتووی ئیمپراتۆر ئاوا لەو زەماوەندەی ڕوانیبێ، بە دڵنیاییەوە ڕووخانی ناپلیۆن بۆ ئەو، ڕزگاربوون و ئازادی بووە.

خۆ ژنی یەکەمی ئیمپراتۆریش کە مێردەکەی پێش تەڵاقدانی ئەو هەمووەی خۆش دەویست نەهاتە سەردانی: ژۆزفین چەند حەفتەیەک پێش ئەوەی ئیمپراتۆر بگاتە دوورگەی ئەلب، لە 29ی مای 1814دا لە مالمزۆن مالاوایی لە ژیان کردبوو. هەواڵی مەرگی ئەو، چەند ڕۆژان ناپلیۆنی کپ و مات و خەفەتبار کرد.

چەند مانگی یەکەم ئاوا ئارام و یەکهەوا تێپەڕی. ئیمپراتۆر یەک تۆزیش چییە هەست و کوڵی دڵی خۆی بۆ کەس باس نەدەکرد و لای کەس

نەیدەگوت چیی لە دڵدایە. چەندین سەعات یەک پشوو لەگڵ فکران ڕۆدەچوو.
دیارە لە پاش پاییزی 1814 و بەتایبەتی لە مانگی نۆڤەمبەرەوە ناپلیۆن وردە وردە گوێی لە هەواڵەکانی فەرەنسا و ئەو هەواڵانە دەگرت کە پێوەندییان بە کۆنگرەی ڤیەننناوە هەبوو وا بەو زووانە پێک دەهات. هەواڵدەرەکان کەم نەبوون. لە پێۆمبینۆوە، نزیکترین بەندەری ئیتالیایی کە 12 کیلۆمەتر لە دوورگەی ئەلب دوور بوو و لە فەرەنساشەوە ڕاستەوخۆ هەواڵ بۆ ئیمپراتۆر دەهات کە بۆربۆنەکان و دەوروبەریەکانیان هەر کە هاتوونەتەوە سەر تەختی دەسەڵاتی فەرەنسا، هەڵسوکەوتیان زۆر خراپ و نەشیاوەترە لەوەی چاوەڕوان دەکرا.
تالیران کە لە هەموو ئەوانەی خیانەتیان لە ناپلیۆن کردبوو زیرەکتر بوو و لە 1814دا شێلگیرانە هاوکاریی هێنانەوەی بۆربۆنەکانی کردبوو، جارێکیان بە تەوسەوە گوتبووی: "ئەوانە نە هیچیان لەبیر چووەتەوە و نە هیچیش فێر بوون" و، ئەلکساندری یەکەمیش لە یەکێک لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ کۆلنکۆر ڕێک باسی ئەوەی کردبوو و گوتبووی، کە بۆربۆنەکان نە چاک بوون و نە چاکیش دەبن.
لۆیسی هەژدەیەم خۆیشی کە پیرێک بوو بە ئازاری دەردەمیرانەوە دەینااڵند، زۆر بە وردە بوو، بەاڵم کۆنت دارتوای برای و دووک دانگۆڵمی برازای و دووک دۆبرێ و هەموو دارودەستەی پەنابەرەکان کە لەگەڵ بۆربۆنەکاندا هاتبوونەوە، جۆرێک دەجوواڵنەوە وەک هەرگیز شۆڕشێک نەکرابێ و ناپلیۆنێک نەبووبێ. ئەوان بە دڵاوایی و بەخشندەییەوە ڕازی دەبوون کە ڕابردوو لەبیر بکەن و لە تاوانەکانی فەرەنسا خۆش بن، بەو مەرجەی مەملەکەت کەفارەتی گوناحەکانی خۆی بدا و بگەڕێتەوە سەر دینداری و سیستەمەکەی پێشوو. لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای هەموو

کەرێتییەکەیان، هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی کە مەحاڵە ئەو دامودەزگایانەی ناپلیۆن دایمەزراندوون تێک بدەن، هەر بۆیە یەکەی پاریزگاری لە پاریزگاکان و وەزارەتخانەکان و پۆلیس و سیستەمی دارایی و یاساکانی ناپلیۆن و دادگاکان و بە کورتی هەموو کارەکانی ناپلیۆن تا دەگاتە لۆژیۆن دۆنۆر و دامودەزگای ئیداری و سیستەمی سوپا و زانکۆکان و خوێندنی بەرز و دواناوەندی و سیستەمی پیاوانی ئایین و لەسەر یەک هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتی ناپلیۆن وەک خۆیان مانەوە و دەستیان لێ نەدرا، بەو جیاوازییەوە، لەبری ئیمپراتۆرێکی تاکڕەو، پادشایەکی "مەرجدار" فەرمانڕەوایان بوو.

پادشا لەسەر داوای دەوڵەتانی بەرە، بەتایبەتی ئەلکساندری یەکەم، ناچار بوو فەرمانی "مەرجداریێتی" دەربکا، چونکە قەیسەر دڵنیا بوو، کە بۆربۆنەکان بەبێ سیستەمی مەرجداری، ناتوانن دەسەڵاتەکەیان بپارێزن. فەرمانی گۆرین، جگە لە کۆمەڵێک خواپێداو ـ کە لە 28 تا 29 ملیۆن فەرەنسی تەنیا سەد هەزار کەسێکی دەگرتەوە ـ مافی دەنگدانی بە هیچ کەس نەدەدا.

لایەنگرانی گەڕانەوەی تەواو بۆ سیستەمە پادشایەتییەکەی پێشوو، بەو فەرمانە تووڕە بوون. داگیرکەر چەندی چەند سااڵن خۆبڕیارانە پادشایەتی بکا، بەاڵم دەسەڵاتەکانی پادشای یاسایی کە لە سێبەری خوادایە، سنووردار بن؟ جگە لەوەش، زۆر هۆکاری دیکەیان بۆ ناڕەزایەتییەکەیان هەبوو. هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هێنانەوەی بۆربۆنەکانەوە، ئەوانە بەردەوام هاواریان دەکرد، کە ئەو زەوی و زارانەیان بدەنەوە کە لە سەردەمی شۆڕشدا دەستیان بەسەردا گیراوە و بەهەرزانفرۆشی بە جووتیار و بۆرژواکان فرۆشراون. دەی دیارە کەس نەبوو غیرەتی ئەوەی

هەبێ کارێکی وا بکا، بەڵام هەر ئەو قسانە بەس بوون بۆ ئەوەی جووتیارەکان تەواو نیگەران و پەرۆش بن و گوندەکان بشێوێن.
پیاوانی ئایین، کە تەواو لایەنگری داخوازیی کۆنەپەنابەرەکان بوون، لەسەر مینبەری کلێساکان دژی ئەو جووتیارانەی ماڵ و سامانی نیشتمانییان کڕیبۆوە و داگیریان کردبوو، وتاریان دەدا و بە شیاوی ئەوەیان دەزانین بەر غەزەبی خوا بکەون و دەیانگوت دەبێ وەک ژێزابێلی تاوانبار بخرێنە بەردەم سەگی هار.
خانەدانەکان کە لە هەندەران گەڕابوونەوە، بێشەرمی و بێچاووڕوویان گەیاندبووە لووتکە. جووتیارەکان بەبێ ئەوەی مافی دادگاییان بدرێتێ، دارکاری دەکران. ئەو بەشە لە دەرباریەکانی لۆیسی هەژدەیەم کە لە هەموان ژیرتر بوون، هیوابڕاوانە دەیانڕوانیە ئەو ڕووداوانەی لە گوندەکان دەقەومان و دەیانزانی دەنگۆی وەرگرتنەوەی زەوی و زارەکان وەرزێرەکانی چەندە نیگەران کردووە، بەڵام هیچیان لەدەست نەدەهات.
بەڵام چینی بۆرژوا لە ڕۆژانی یەکەمی پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریدا، لەسەر یەک ئاهێکیان بەبەردا هاتبۆوە، چونکە بەهیوا بوون ئیتر جەنگ و سەربازگیری کۆتایی هاتبێ و (لە دوا ساڵەکانی ئیمپراتۆریدا چونکە نێرەوەز زۆر کەم ببۆوە، ئیتر بۆرژواکان کەسیان دەست نەدەکەوت بەپارە لە بری کوڕەکەیان بینێرنە سەربازی) بازرگانی ببووژێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو چینە، کە کۆتاییهاتنی سیستەمی تاکڕەوی زۆر بەزیانی کاروباری بازرگانییەکەیان دەزانی و تەنانەت بۆرژوای مەزنی پیشەسازییش لە ساڵانی 1813و 14ـەوە ئیتر پێیان وانەبوو مانەوەی بە گەشە و پەرەگرتنی کاروبارەکەیان پێویستە.
هێشتا چەند مانگێک بەسەر ڕووخانی ئیمپراتۆری و هەڵوەشانەوەی گەمارۆی وشکانیدا تێنەپەڕیبوو، کە بۆرژوای بازرگان و پیشەسازی

هاواری ناڕەزایەتیی لێ بەرز بۆوە، چونکە دەوڵەتی بۆربۆنەکان سەرەتا تەنانەت غیرەتی ئەوەشی نەبوو کە بیر لە ململانێیەکی تەعرەفە و گومرک لەگەڵ ئینگلیزەکان ـ کە بۆ ڕووخاندنی ناپلیۆن هاوکاریی کردبوون ـ بکەنەوە. ئەگەر لە نێو توێژی بۆرژواکان کەسانێک بەشێوەی تایبەتی لایەنگریی لە بۆربۆنەکان کردووە و تا ماوەیەکی زۆریش لەسەر لایەنگریەکەی سوور بووە، ئەوانە، ئەو ڕووناکبیرانە بوون کە کاری سەربەخۆ و ئازادیانە هەبووە، وەک پارێزەرەکان و پزیشک و ڕۆژنامەنووسەکان. فەرمانی مەرجداری(مەشرووتیەت)ی لۆیسی هەژدەیەم کە زۆر لە تاکڕەوییە پۆلاییەکەی ناپلیۆن نەرمونیانتر بوو، لە ڕوانگەی ئەوانەوە نیعمەتێکی گەورە و گرانبایی بوو. ڕۆژنامە و بڵاڤۆکی بچووک بچووک و کتێب زۆر ببوون، شتێک کە لە سەردەمی ناپلیۆندا هەر باسیشی نەبوو. بەڵام ئەم توێژی ڕووناکبیرە، ئەو قوتابیانەی ڕێبازی نووسەران و فەیلەسووفەکانی سەدەی ڕۆشنگەری کە لە قوتابخانەی ئازادیی بیروباوەڕدا پەروەردە ببوون، لە دەستڕۆیشتوویی بێسنوور و بێجێی پیاوانی ئایین لە نێو دەرباری بۆربۆنەکان و داموودەزگا ئیداریەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا تووڕە بوون. ئازاردانی خەڵک لەسەر هەر شتێکی کە بۆنی بیروباوەڕی ڤۆڵتێری لێ هاتبایە لە سەرانسەری وڵاتدا بە ئاشکرا دەستی پێ کردبوو. کۆنەپەرستەکان لە هەموو شوێنێک بەتایبەتی لە شارەکان کە لە زۆربەیاندا بە ڕاسپاردە و دەسنیشانکرانی کلێسا دەکرانە کارمەند، زۆریان بۆ خەڵک هێنابوو.

بۆربۆنەکان و لایەنگرەکانیان هەستیان دەکرد مانگ بە مانگ جێیان پێ لەق دەکرێ. ئەوان کە نەیاندەتوانی بەتەواوەتی بگەڕێنەوە سەر سیستەمەکەی جارانیان و یاساکانی شۆڕش و ئیمپراتۆری هەڵوەشێننەوە و تەنانەت نەشیاندەتوانی ئەو هەیکەلەش تێک هەڵشێلنەوە کە ناپلیۆن

بنیاتی نابوو، ئیتر بەردەوام بە وتار و قسەوباس و دنەدانی بێسەروبەر و بێچاووڕوویی و چاوقایمێتیی خۆیان، جووتیاران و بۆرژواکانیان تووڕە دەکرد و، هەڕەشە و دنەدانەکانی ئەوان، دۆخی سیاسیی وڵاتەکەی تەواو شێواندبوو، بەتایبەتی گوندەکان هەر تەواو ئاڵۆز ببوون و وەزاڵە هاتبوون. مەسەلەیەکی دیکە کە زۆر گرینگ بوو ئەوە بوو، کە هەرچی سەربازە و بەشێکی زۆر لە ئەفسەرەکان، وەک بەڵایەکی لابەلا سەیری بۆربۆنەکانیان دەکرد، کە لە دەرەوەڕا بەسەریاندا سەپێنرابێن و ناچار بوون لە بەرانبەریاندا دان بە جەرگیاندا بنێن. لەگەڵ تێپەڕینی زەمان، کە بڕیارەکانی سەردەمی شەڕ قەتماغەیان دەکرد و نقوستانی و بیرەوەریی سااڵنی شەڕ و کارەساتەکانی جەنگی ڕووسیا کاڵ دەبوونەوە و لەبیر دەچوونەوە و تارمایی فەرماندەیەک جێی پڕ دەکردنەوە کە ئەوانی بەرەو سەرکەوتنە بێوێنەکان ڕێنوێنیی کردبوو و لە شانازیی تاهەتاییدا نوقمی کردبوون. ئیتر لە ڕوانگەی ئەوانەوە ناپلیۆن نەک هەر پاڵەوانێکی بەناوبانگ و سەردارێکی مەزن و فەرمانڕەوای نیوەی جیهان بوو، بەڵکو هێشتا هەر بەچاوی هاوسەنگەرێک و "سەربازە وردیلە"کەی جاران سەیریان دەکرد، کە یەک یەکیانی بەناوی خۆیانەوە بانگ دەکرد و گوێچکەی بادەدان و بە نیشانەی خۆمانەبوون سمێڵی ڕادەکێشان. هێشتا پێیان وابوو ناپلیۆن ئەوانی خۆش دەوێ، هەر وەک خۆیان ئەویان خۆش دەویست و ئیمپراتۆر توانیبووی ژیرانە، ئەم وێنانەیان لە مێشکیدا بچەسپێنێ.

ئەفسەرەکان هێندەی سەربازەکان ڕقیان لە بۆربۆنەکان نەبوو، چونکە هەر بەڕاستی بەشێکیان لە جەنگ ماندوو و بێزار ببوون و بە ئاواتی حەسانەوە بوون، بەڵام چونکە بۆربۆنەکان لە ڕووی سیاسییەوە هیچ متمانەیان بەوان نەبوو بەتایبەتی پێویستیشیان بە ڕاگرتنی ئەو هەمووە ئەفسەرە نەبوو، کتوپڕ بەشێکی هەرە زۆریانیان بە نیوەموچەیەکەوە

ناردەوە مالێ. ئەوانەش کە مابوونەوە لەچاو ئەو ئەفسەرە گەنجانەی کە تایبەتی خانەدانە شاپەرستەکان بوون و زۆربەیان بەپلەی بەرزترەوە دەکرانە گەورەی ئەوان، بە ڕق و بێزاری و چاوی سووکەوە لێیان دەڕوانین. ئەو ئالا سپیەش کە بۆربۆنەکان لە جێی ئالا سێ ڕەنگەکەی سوپای شۆڕش و ئیمپراتۆر هەڵیانکردبوو، هۆیەکی دیکەی تووڕەیی سەربازەکان بوو. سەربازەکانی ناپلیۆن، ئەم ئالایەیان بە هێمای پەنابەرە خۆفرۆشەکان دەزانی کە لەو دەمەیدا وا پێویست بوو دوژمنی داگیرکەر لە ولاتەکەیان دەرپەڕێنن، ئەو ئالایەیان لەبەردەم خۆیاندا دیتبوو و بەگژیاندا هاتبوونەوە و شکستیان دابوون. ئێستاش ئەو خۆفرۆشە دژەشۆڕشانە هەر بەو ئالایەوە و لە سێبەری سەرەنێزەی ڕووسی و نەمسایی و پرۆسیدا هاتبوونەوە و وەک لە گوندەکاندا دەیاننووسی، بەتەما بوون زەوی و زار لە جووتیارەکان بستێننەوە.
وردە ئەم پرسیارە لە نێو دێهات و سەربازخانە و هەموو چین و توێژەکاندا بڵاو دەبۆوە کە: "ئەو لەکوێیە و کەی دەگەڕێتەوە؟"
ناپلیۆن ئاگای لەو مەسەلەیە و زۆر شتی دیکەش بوو. لە ڕێگەی ئیتالیاوە و ئینجا زۆر سووک و سانا لە ڕێی ڕۆژنامەکانەوە ئاگای لە هەواڵ و ڕەوت و بابەتەکانی کۆنگرەی ڤیەننا بوو، هەوڵی سەرۆکی ولاتان و سیاسەتمەدارەکانی لەبەر چاو بوو کە هەوڵیان دەدا میراتە پان و بەرینەکەی ئەو لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن و نەیاندەتوانی. ئەوەشی دەدی کە ئەو ولاتانەی گرتبوونی و ئێستا لە فەرەنسا دابڕێنرابوونەوە، چۆن ئارەزووی هاوپەیمانەکانی پێشووی ئەویان بزواندووە و لە نێو خۆیاندا تووشی ناتەبایی و کێشەی کردوون. دەیدی کە ئینگلیز و نەمسا لەسەر ساکس و پۆلۆنیا دژی ڕووس و پرۆس وەستاونەتەوە. ئەو یەکڕیزییەی

جارانی دەوڵەتانی ئەوروپایی کە لە 1814دا کۆتایی بە ئیمپراتۆرییە مەزنەکەی ناپلیۆن هێنابوو، ئیتر نەمابوو...
لە دیسەمبەری 1814دا ناپلیۆن کاتێک لە پۆرتۆفێراژۆی ناوەندی دوورگەی ئەلب بە دەوری کۆشکەکەیدا دەگەڕا، لەناکاو لەبەردەم نارنجۆکهاوێژێکدا کە پاسەوانی بوو، ڕاوەستا. ئەو نارنجۆکهاوێژە یەکێک بوو لە سەربازەکانی گاردی قەدیم، کە بە ڕوخسەتی دەوڵەتانی بەرە لەگەڵ ناپلیۆن هاتبوو. ناپلیۆن لێی پرسی: "دەی کۆنە سەرباز، ماندووی؟
ـ نەخێر خاوەنشکۆ، بەڵام وەک جاران بەکەیف نیم.
ـ خەتای خۆتە. دەبێ هەرچۆنێک بێ، کەیفخۆش بی."
ئیتر دراوێکی زێڕی لە مستی دەنێ و دوور دەکەوێتەوە و بە ورتەورت لەبەر خۆیەوە دەڵێ: "ئەو دۆخە هەر وا نابێ."
ئاخۆ کەسی دیکەش ئەم قسانە یان قسەوباسی دیکەی ئاوای کە لە دەمی ناپلیۆن دەردەپەڕین، دەبیستەوە؟ کەس نازانێ. ئەوەندە ڕوون و ئاشکرایە کە مترنیخ و لۆیسی هەژدەیەم و ئەنجومەنی وەزیرانی ئینگلیز زۆر نیگەرانی ئەوە بوون کە ناپلیۆن زۆر لە کەنارەکانی فەرەنساوە دوور نیە. باسی ئەوە دەکرا بۆ شوێنێکی دوورتری ڕاگوێزن. ئەو تەنانەت لەو دوورگە بچووکەشدا هەر سامناک دیار بوو. دەنگۆی ئەوە هەبوو کە دەیانەوێ پیاوکوژی بنێرنە سەری. چەندی بۆربۆنەکان و لایەنگرەکانیان پتر کەڕێتییان دەکرد، سەرۆکی وڵاتان و سیاسەتمەدارەکان لە ڤیەننا نیگەرانتر دەبوون. بەو حاڵەشەوە وردە وردە هەواڵی دڵخۆشکەر لە دوورگەی ئەلبەوە دەهاتن، کە لەگەڵ ئەو دەنگۆ نیگەرانکەرانە زۆر ناکۆک بوون: "دەیانگوت ئیمپراتۆر هەر لە کۆشکەکەی نایەتە دەرێ و لەوپەڕی لەسەرخۆیی و هێمنیدا ملکەچی چارەنووسی خۆی بووە و لەگەڵ کامپبێلی

نوێنەری ئینگلیز بەردەوام خەریکی قسەوباسی خۆشە و پێی دەڵێ: لەمەودوا هیچ جێیەکی هێندەی ئەم دوورگە بچووکەی پێ خۆش نییە."
شەوی حەوتی مارسی 1815، بەزم و ئاهەنگێک لە دەرباری نەمسادا بە خۆشیی سەرۆکی وڵاتان و نێردەی دەوڵەتانی ئەوروپی کە لە ڤیەننا کۆ ببوونەوە، ساز درابوو. بەزمەکە لەوپەڕی خۆشی و شکۆی خۆیدا بوو، کە لەناکاو میوانەکان سەیریان کرد دەوروبەری ئیمپراتۆر فەرەنسوا شڵەژا. دەربارییەکان ڕەنگبزڕکاو و زراوچوو بە پەلەپەل لە پلیکانەکانی کۆشک دەهاتنە خوارێ، دەتگوت گوتوویانە کۆشکەکە ئاگری گرتووە. ئەو هەواڵە دوور لەباوەڕە لە ئانوساتێکدا زار بە زار بە تەلارەکاندا گەڕابوو و هەموویانی ناچار کردبوو بەوپەڕی ترسەوە کۆڕی بەزم و سەماکە بەجێ بهێڵن. پەیکێک هەواڵی هێنابوو کە ناپلیۆن دوورگەی ئالبی بەجێ هێشتووە و هاتۆتەوە فەرەنسا و ئێستا بەبێ چەک، یەکەوڕێ بەرەو پاریس بەڕێوەیە.

2

هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی یەکەمی فێبریوەری1815ـەوە بڕیاری گەڕانەوە بۆ فەرەنسا و بووژاندنەوەی ئیمپراتۆری وردە وردە لە زەینی ناپلیۆندا بیچمی دەگرت و ئەو لای کەس ئاشکرای نەکرد کە چۆن ئەم بڕیارەی دا. لەوانەشە لە کۆتایی 1814 و لە مانگی یەکەمی 1815 بووبێت کە ئەو تەواو هاتبێتە سەر ئەو باوەڕەی نەک هەر سەربازەکانی گارد بەڵکوو تەواوی سوپاکە پێی وەفادار ماونەتەوە و لە بەرانبەر ئەو مارشاڵانەدا کە لە 1814دا بەپێویستیان زانیبوو دەستبەجێ دەست لەکار بکێشێتەوە، کۆمەڵێک مارشاڵی دیکە هەبوون وەک داقۆ و ژەنەڕاڵگەلێکی وەک ئێکسێلمانس و ژمارەیەکی زۆر ئەفسەر کە بە نیوموچەیەک لە دەرەوەی

سوپان یان له سەرکارن، که جگە له ڕق و قین هیچ هەستێکیان بەرانبەر بە بۆربۆنەکان نەبوو و تەواو هاوهەستی سەربازەکانن. لەوەش دڵنیا بۆوە کە تەنانەت زۆربەی ئەو مارشاڵانەی بەدڵ و گیان چوونەوە خزمەتی بۆربۆنەکان بۆ ئەوەی جەنگی بێبڕانەوەیان لەکۆڵ بێتەوە و پشوویەک بدەن، ئێستا لە لۆیسی هەژدەیەم و برا و برازاکانی تووڕە و ناڕازین. ئەو ئاگای لە باری دەروونیی جووتیارەکان و ئەو ترس و سامە هەبوو کە ڕۆژ بەرۆژ لە دێهاتەکاندا خەستتر دەبۆوە و ئەوانەی لەبەرچاو دەگرت. هەواڵێک هات کە ڕووداوەکانی خێراتر کرد.

لە نیوەی مانگی فێبریوەردا ناپلیۆن تووشی یەکێک لە فەرمانبەرە گەنجەکانی ئیمپراتۆریا بوو بەناوی فلۆری دۆشابۆلۆن، کە هاتبووە دوورگەی ئالب و کۆمەڵێک زانیاریی لە لایەن ماریێی وەزیری پێشووی دەرەوەی ناپلیۆن کە ئێستا لە فەرەنسا دەژیا، هێنابوو. ماریێ دووک دۆباسانۆ ئەو گەنجەی ناردبوو بۆ ئەوەی بەتێروتەسەلی بۆ ناپلیۆنی باس بکا کە خەڵک سەرلەبەر ئەو دۆخە ناڕازین و ئەو پەنابەرانەی گەڕاونەتەوە گوندەکانی جارانیان، هەڵسوکەوتیان چەند سووکایەتیکەرانە و حەیابەرانەیە و پێشی بڵێ، سوپا سەرلەبەر لە یەک کەس زیاتر بە فەرماندەی خۆیان نازانن و ئەو کەسەش هەر ناپلیۆنە و ئیتر ناتوانن کۆت و نیری لۆیسی هەژدەیەم و باقی بۆربۆنەکان قبووڵ بکەن. ڕاپۆرتەکە زۆر گرینگ بوو و لە لایەکیشەوە ناپلیۆنیش پێش ئەوەی پەیامەکەی دووک دۆباسانۆی بۆ بێت، ئاگای لە زۆربەی شتەکان بوو. هەرچۆنێک بێ، پاش ئەم دانوستانە بوو کە ئەو بڕیارەکەی خۆی دا.

لەو دەمەدا دایکیشی لەلای بوو. لتیسیا، ژنێکی زیرەک بوو و وردەی بەهێزی پیاوانەی هەبوو و ناپلیۆنیش لە هەموو خێزانەکەی پتر ڕێز دەگرت. هەر بۆیە پێش هەموو کەس بۆ بڕیارەکەی تەگبیری بەو کرد و

گوتی: "من ناتوانم لەم دوورگەیەدا بمرم و تەمەنم لە ئاسوودەییەکدا تێپەڕ کەم کە شیاوی من نییە. سوپا داوای من دەکا و چاوەڕوان دەکرێ هەر من ببینن لەخۆشیان بەرەو لام بفڕن. لەوانەشە لەسەر ڕێگەم تووشی کۆسپێکی چاوەڕواننەکراو بم، لەوانەیە تووشی ئەفسەرێک بم کە وەفاداری بۆربۆنەکان بێ و نەهێڵێ سەربازەکان کەفوکوڵیان دەربڕن و لەو حاڵەدا من لە ماوەی چەند سەعاتێکدا دەکوژرێم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کۆتاییە زۆر باشترە لە مانەوەیەکی دوورودرێژ لەم دوورگەیەدا و ملکەچبوون بۆ داهاتوویەک کە چاوەڕوانمە. کەوابوو دەمەوێ بڕۆم و تاقە جارێکیش بووبێ بەختی خۆم تاقی بکەمەوە. تۆ ڕات چیە دایە؟"

لتیسیا، بەو پرسیارە چاوەڕواننەکراوە وەها دڵی پڕ بوو، کە نەیتوانی دەمودەست وەڵامی بداتەوە، هەر ئەوەندەی گوت: "لێم گەڕێ با تاوێک دایک بم، دوایی ڕای خۆمت پێ دەڵێم." و پاش بێدەنگیەکی زۆر، گوتی: "بڕۆ کوڕم، بڕۆ و وەشوێن چارەنووسی خۆت بکەوە. لەوانەیە هەوڵەکەت بێئەنجام بێ و بڕێک پاش ئەو نامرادیەت، مەرگ بەرۆکت بگرێ. بەڵام تۆ هەر ناتوانی لێرە دانیشی، من بە ئازارەوە ئەم ڕاستییە دەبینم. جگە لەوەش هیوادار بین کە ئەو خوایەی تۆی لەو هەمووە شەڕەدا پاراستووە، جارێکی دیکەش بتپارێزێ."

ئینجا توند کوڕەکەی بە سینگیەوە گوشی.

ناپلیۆن تاوێک پاش ئەو قسانە، بانگی ئەو ژەنەڕاڵانەی کرد کە لەگەڵی هاتبوونە دوورگەی ئەلب. یانی درۆیۆ و بێرتران و کامبروونی بانگ کرد. بەڵام بە درۆیۆی کە گومانی لە سەرکەوتنی ئەو هەوڵە هەبوو، گوت، کە لەمەودوا بە تەمای شەڕ نییە و نایەوێ سەرەڕۆیانە و بەتاکبڕیاری پادشایەتی بکا. بەپێچەوانەوە دەیەوێ میللەتی فەرەنسا بکاتە میللەتێکی ئازاد و سەربەست. ئەوە پێناسەیەکی گشتی بوو لە بەرنامە سیاسییە

تازەکەی، کە ئەگەر نەشیویستبایە جێبەجێی بکا، لانیکەم لە ڕووی تاکتیکییەوە کارەکەی خۆی بە وەها بانگەشەیەک دەست پێ دەکرد. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا فەرمانەکانی خۆی بەهەمووان ڕاگەیاند و گوتی، هیچ بەتەما نیە بە زەبری چەک فەرەنسا بگرێتەوە بەڵکو دەیەوێ لەوێ خۆی پێشانی خەڵک بداتەوە، لە کەشتی دابەزێ، ئامانجەکانی ڕابگەیەنێ و داوای هەقی تەخت و تاجی ئیمپراتۆرییەکەی بکاتەوە. ئەوەندەی باوەڕ بە ڕێز و پێگە و ناوەکەی خۆی هەبوو، کە پێی وابوو وڵات دەسبەجێ و بەبێ هیچ شەڕ و بەرگرییەک کڕنۆشی بۆ دەبا. هەر بۆیە نەبوونی چەکداری بە کۆسپ نەدەزانی و بۆ ئەوەی پێش چوونە نێو فەرەنسا ئاشکرا نەبێ و سەرباز نەیگرن و شوێنبزری نەکەن، بەشی خۆی چەکدار کۆ کردەوە: 600 نارنجۆکهاوێژ و شەڕکەری گاردی قەدیم لەگەڵ ئەو سەد سوارەی کە خۆیان گەیاندبووە لایان و لەسەر یەک 824 کەس بوون، لێی کۆ بوونەوە و ئەوەندەیەش بۆ پاراستنی گیانی ئەو لە یەکەم ساتەکانی گەیشتنەوەیدا بەس بوو. ئیتر لەمەودوا ئەو تووشی هیچ مەترسییەک نەدەبوو. جگە لەوانە لیوایەکی 300 کەسیی پیادەی سەر بە بەتالیۆنی سی و پێنجەمیش کە ئەو خۆی پێشتر وەک بنکەیەک ناردبوونی بۆ دوورگەکە لەگەڵی بوون. کەوابوو ناپلیۆن لەسەر یەک 1100 شەڕکەرێکی لەبەر دەست بوو و بڕیاری دا هەموویان لەگەڵ خۆی بەرێ. بۆ پەڕینەوەش چەند کەشتییەکی بچووک لە بەندەرگەی دوورگەکە بوون. هەموو ئامادەکارییەکان لەوپەڕی نهێنیدا کران. ناپلیۆن فەرمانی بە سێ ژەنەڕاڵەکەی خۆی کردبوو کە هەموو شتێک بۆ ڕۆژی 26ی فێبریوەر ئامادە بێ. پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کتوپڕ هەموو ئەو 1100 سەربازە لە پۆرتۆفراژۆوە بەرەو بەندەرگە کەوتنە ڕێ و بە چەکوچۆڵەوە سواری کەشتییەکان بوون. هیچ کامیان نە دەیانزانی بۆچی سوار دەبن و نە

ئاگاشیان لێ بوو بۆ کوێیان دەبەن. چونکە هیچ شتێکی ئەم نەخشەیەیان لەگەڵ باس نەکرابوو. بەڵام هەمووان پێش ئەوەی سواری کەشتی بن، سۆسەیان کردبوو، هەر بۆیە کاتێک ئیمپراتۆر بە سێ ژەنەڕاڵ و کۆمەڵێک ئەفسەری گاردی قەدیمەوە گەیشتە بەندەرگە، هەمووان بە قریوە و خۆشی پێشوازییان لێ کرد.
لتیسیا لەو کاتەدا کە مالاوایی لە کوڕەکەی دەکرد، بێهیوایانە گریا.
کاتێک هەمووان سوار بوون، کەشتییەکان لە سەعات 7ی دوانیوەڕۆ چارۆکەیان هەڵدا و بە یارمەتیی "با"ی خۆشڕەوت، بەرەو باکوور کەوتنە ڕێ. گەلەکەشتیی جەنگی و کەشتییەکانی هێزی دەریایی پادشایەتیی فەرەنساش کە هەمیشە لە دەوروبەری دوورگەکە دەگەڕان، لەوانەبوو یەکەم مەترسییەک بن کە ناپلیۆن تووشیان بێ. کەشتییەکی فەرەنسی ئەوەندە لە نزیکیانەوە تێپەڕی، کە تەنانەت یەکێک لە ئەفسەرەکانی بە بلّندگۆ بە کەشتیەوانەکەی ناپلیۆنی گوت: "ئەرێ ئەو مەزنە پیاوە وەزعی چۆنە؟" و کەشتیەوان وەڵامی داوە: "قەت وا باش نەبووە." ئیتر تووشی هیچ نەبوونەوە. سەربازەکان خۆیان حەشار دابوو و کەشتیەکەی پادشایەتی کەسی نەدی. تووشی هیچ کەشتییەکی ئینگلیزیش نەبوون. پەڕینەوەیان سێ ڕۆژی خایاند، چونکە ئەو بایەی لە پشتیانەوە دەهات، لاواز ببوو.
سەعات 3ی دوانیوەڕۆی یەکەم ڕۆژی مارسی 1815، کەشتییەکانی ناپلیۆن گەیشتنە نێو ئاوەکانی کەنداوی ژوان لە نزیک بەرزەکی ئانتیپ. لە پێشدا ئیمپراتور دابەزی و فەرمانی کرد سەربازەکانیش دابەزن.
بەرپرسانی بازگەکەی گومرک بەغاردان بۆیان چوون و هەر ناپلیۆنیان دیت، کلّاوەکانیان داگرت و لەخۆشییان کردیانە قریوە. ناپلیۆن کامبرۆنی بە چەند سەربازێکەوە نارد "کان" بۆ ئەوەی خۆراک و تفاق دابین بکا.

خۆراک دەسبەجێ دابین بوو و ناپلیۆن بە هێزە بچووکەکەیەوە دەسبەجێ بەرەو باکوور کەوتە ڕێ و ئەو چوار تۆپەی لە پۆرتۆفراژۆوە لەگەڵ خۆی هێنابووی، لە کەنارەکە بەجێی هێشتن. بڕیاری دابوو بە کوێستانەکان و بەوپەڕی ناوچەی دۆفینێدا بڕوا. لە گراسێ، کۆمەڵێک ڕاگەیەنراو و بەیاننامەی بۆ سوپا و خەڵکی فەرەنسا چاپ کرد. گراسێ و کان بەبێ هیچ بەرگرییەک خۆیان ڕادەستی کرد. ئینجا بەبێ ئەوەی خۆی بگنخێنێ، بە گوندی سێرنۆندا ڕۆیشت و لە ڕێگەی دیگنێ و گابەوە بەرەو گرێنۆبڵ ئەسپی خۆی لینگ دا.
فەرماندەی بنکەی سەربازیی گرێنۆبڵ بڕیاریان دابوو دەست بکەنەوە، بەڵام سەربازەکانی دەسبەجێ و بەدەنگی بەرز گوتیان، هیچ هێزێک لەم دنیایە ناتوانێ ناچاریان بکا ڕووی چەکیان بکەنە ئیمپراتۆر. دیار بوو دڵەڕاوکێ و پشێوی کەوتبووە نێو کۆمەڵگەی بۆرژوواییەکەی گرێنۆبڵەوە. بەشێک لە خانەدانەکانی شار لە بەرپرسانی دەوڵەت کۆ بوونەوە و داوایان لێ کردن بەرگری بکەن، بەشێکیشیان هەر لەوەپێش ڕایان کردبوو.
ڕۆژی حەوتی مارس، ئەو یەکە سەربازیانەی لە پایتەختەوە بەپەڵە نێردرابوون تا پێشی ناپلیۆن بگرن، گەیشتنە گرێنۆبڵ. ئەوانە بریتی بوون لە لەشکر و نیوێکی پیادە بە تۆپخانەوە و لیوایەکی سوارەش.
ئەوە ئیمپراتۆریش هەر دێ و لە شار نزیک دەبێتەوە. ئەو دەموساتەی لە هەموو ساتێک قەیراناویتر بوو بەسەردا دەهات. بە دڵنیاییەوە بەتەما نەبوون بە گژ ئەو هەمووە سەرباز و تۆپخانەیەدا بچنەوە. یەکەکانی پادشایەتی دەیانتوانی هەر لە دوورەوە ناپلیۆن و سەربازەکانی بدەنە بەر تۆپ و لەنێویان بەرن، بەبێ ئەوەی خۆیان کەسیان بکوژرێ. چونکە ناپلیۆن یەک تۆپیشی پێ نەبوو بەرپەرچیان بداتەوە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی حەوتی مارس ناپلیۆن گەیشتە لامۆر. لە دوورەوە، دەستەدەستە سەرباز دەبینران کە ڕێک خراون و ڕێگەی پێشڕەوییان لێ گرتووە و ئامادە بوون پردەکەی پینگەو بتەقێننەوە. ناپلیۆن تاوێکی باش بە دووربین سەیری ئەو هێزانەی کرد کە سەنگەریان لێ گرتبوو، ئینجا فەرمانی بە سەربازەکانی خۆی کرد، تفەنگەکانیان بخەنە بن باڵی چەپیان لوولەی تفەنگەکەشیان بەرەو عەرزی بێ و بەو حاڵەوە فەرمانی کرد پێشڕەوی بکەن. خۆیشی وەپێشیان کەوت و بەرەو لوولەی تفەنگی هێڵی پێشەوەی هێزەکانی پادشایەتی هەنگاو نا.

فەرماندەی لیوا، سەیرێکی سەربازەکانی خۆی کرد. ئینجا ئاوڕێکی لە ئەفسەری بەردەستی خۆی دایەوە و لە حاڵێکدا سەربازەکانی خۆی پێشان دەدا، گوتی: "بەو سەربازانەوە، کە هەر چاویان بەو پیاوە کەوتووە ئەژنۆیان دەلەرزێ و وەک مردوو زەردەهەڵگەڕاون، چۆن شەڕ دەکرێ؟ ئینجا فەرمانی پاشەکشەی دا، بەڵام دەرفەتیان نەما، چونکە ناپلیۆن فەرمانی بە پەنجا سوارچاکی خۆی کردبوو ڕێگەی پاشەکشەیان لێ بگرن. سوارەکانی ناپلیۆن هاواریان دەکرد: "هاوڕێیان، تەقە مەکەن، ئەوە ئیمپراتۆرە دێ." لیواکە ڕاوەستا. ئینجا ناپلیۆن لێیان چووە پێشێ. سەرباز بە چەکی سەرنخوونکراوەوە، وەک بە نیگای ئەو پیاوە سیحریان لێ کرابێ پێیان بەعەرزەوە وشک ببوو و زەق زەق سەیریان دەکرد کە کورتەکە خۆڵەمێشیەکەی لەبەر و کڵاوە بچووکەکەی جارانی لەسەرە. لەو نێوەدا دەنگێکی سامناک هات، کە دەیگوت: "ئەی سەربازانی لیوای پێنج، من ئیمپراتۆری ئێوەم، دەمناسنەوە؟" دەسبەجێ لە ڕیزەکانەوە قریوەی خۆشی هەستا: "بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ."

ناپلیۆن چاکی کورتەکەکەی بەلادا کرد، سینگی پێشان دان و گوتی: "ئەگەر سەربازێکتان لەنێودا هەیە کە بخوازێ تەقە لە ئیمپراتۆری خۆی بکا، با

بێته پێشێ ئەوە سینگی من." ئەوانەی ئەم دیمەنەیان بەچاوی خۆیان دیتبوو، تا زیندووبوون، قریوە و خۆشیی ئەو سەربازانەیان لەبیر نەچۆوە کە ڕیزەکانی خۆیانیان تێک دا و بەرەو ناپلیۆن چوون.
هەموان لە دەوری ناپلیۆن کۆ بوونەوە و دەست و ئەژنۆیان ماچ دەکرد و لە حاڵێکدا وەک شێتانیان لێ هاتبوو، لە خۆشیان دەگریان. پاش ئەوەی هێور بوونەوە، دیسان ڕیزەکانیان ڕێک خستەوە بۆ ئەوەی بەرەو گرێنۆبڵ بچن.
هەموو ئەو یەکینانەی نێردرابوون بەرگری لە گرێنۆبڵ بکەن، کەوتنە گەڵ ناپلیۆن. فەرماندە لابێدۆیەرێ، فەرماندەی یەکێک لەو فەوجانەی کە لە حەوتی مارسەوە لە گرێنۆبڵ جێگیر ببوون، یەکەکەی خۆی لە گۆڕەپانە گەورەکەی شاری کۆ کردەوە و لەحاڵێکدا هاواریان دەکرد "بژی ئیمپراتۆر" لیواکەی خۆی لە سان دا و ئینجا وەپێشیان کەوت بۆ ئەوەی بەپیر ناپلیۆنەوە بچن. ئەو هەر ئاگای لێنەبوو لە لامۆر چ قەوماوە. ناپلیۆن لەگەڵ ئەو فەوجانەی هاتبوونە پاڵی و بەو جووتیارانەوە کە بە داس و کۆنە تفەنگەوە ڕەگەڵی کەوتبوون، گەیشتە گرێنۆبڵ. کرێکاری عارەبانەسازی شا، یەکێک لە دەروازەکانیان بۆ شکاند بۆ ئەوەی ڕێگەی بۆ بکەنەوە. بەرپرسانی ئیداری و شارەوانی، جگە لە کۆمەڵێک فەرمانبەر کە ڕایان کردبوو، هاتنە لای. ناپلیۆن وێڕای وەرگرتنیان، پاتەی کردەوە، کە بڕیاری داوە ئاشتی و ئازادی بۆ میللەتەکەی دابین بکا و دانی بەوەدا دێنا کە پێشتر لە ڕادەبەدەر شێت و شەیدای مەزنی و بەرینکردنەوەی وڵاتەکەی بووە. بەڵام ئیتر لەمەودوا سیاسەتێکی دیکە دەگرێتە بەر. بەتایبەتی دەیگوت لەو حەز و ئارەزووەی جارانی خۆش بن، کە وێستبووی فەرەنسا بکاتە فەرمانڕەوای هەموو جیهان. لەهەموو شتێک سەمەرەتر ئەوە بوو، کە دەیگوت، بۆیە هاتۆتەوە جووتیارەکان لەو مەترسیە ڕزگار بکا، کە

بۆربۆنەکان بەتەمابوون سیستەمی دەرەبەگایەتی دامەزرێننەوە و ڕێگەش نەدا پەنابەرە گەڕاوەکان زەوی و زارەکانیان لێ بستێننەوە. پێداگرانەش ڕایدەگەیاند، کە دەیەوێ بە سەرلەبەری حکوومەتەکەیدا بچێتەوە و ئیمپراتۆری بکاتە سیستەمێکی پادشایەتیی مەرجدار و دەوڵەتێکی ڕاستەقینە دامەزرێنێ کە تێیدا نوێنەرانی خەڵک بڕیاردەر بن. ئەو بەم قسانە ڕاشکاوانە پێی لەوە دەنا کە لیژنەی یاسادانانی سەردەمی پادشایەتییەکەی ئەو، هەموو شتێک بووە بەڵام لیژنەیەکی یاسادانەری ڕاستەقینە نەبووە. جگە لەوەش، بەبێ مەرج لە هەموو ئەو کەسانەش خۆش دەبوو کە دەهاتنە ڕیزی سەربازەکانیەوە و پێداگرانەش دەیگوت، هەر خۆی کاتێک وازی لە تەخت و تاجی فەرەنسا هێناوە ڕێگەی بە دەوروبەرییەکانی داوە بچن خزمەتی بۆربۆنەکان بکەن و بەو جۆرە تاوانی شکاندنی ئەو سوێندەی لەئەستۆ دادەماڵین کە بەناپلیۆنیان دابوو. بەڵام بۆربۆنەکان سەلماندبوویان کە ناتوانن لەگەڵ فەرەنسای نوێ هەڵبکەن.

ناپلیۆن پاش ئەوەی هەموو ئەو یەکانەی "لە سان دا"* کە بەفەرمانی وی لە گرۆنۆبڵ کۆ ببوونەوە، لەو شارەوە بە شەش لیوا سەرباز و تۆپخانەیەکی باشەوە بەرەو لیۆن کەوتە ڕێ. نوێنەرانی گوندەکان لە هەموو لایەکەوە بەهەڵەداوان بەپیریەوە دەهاتن. سوپایەکی 7000 شەڕکەر بە 30 تۆپەوە پێش ئیمپراتۆر کەوتبووە ڕێ. ناپلیۆن خۆی لەگەڵ هێزەکەیدا ڕۆژێک پتر لە گرێنۆبڵ نەمایەوە و لەوێوە کۆمەڵێک ئەمر و فەرمانی بۆ دەوروبەر نارد. ئەو جارێکی دیکەش هەستی دەکرد

*لە ساندان: سان ئەو حاڵەتەیە کە سەرباز ڕیز دەبەستن و فەرماندەی گشتی یان سەرۆکی وڵات دێ و سەری پەنجەکانی دەستی ڕاستی بە لاسەرەوە دەنێت و سڵاویان لێ دەکا.

فەرمانڕەوای فەرەنسایە. لەمەودوا ئەگەر پێویست بوایە دەیتوانی بەرەنگاری سوپای پادشایەتیش ببێتەوە، بەڵام ئەو هەروا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تەنانەت یەک تەقەش پێویست نیە بەتایبەتی کە ڕێژیمی پادشایەتی سەربازی نیە و قەتیش نەیبووە، بەڵکو هەمووی هەر لەشکری خۆی بوون، سەربازی ناپلیۆن، سوپاکەی ئیمپراتۆر کە لە سۆنگەی ڕووداوێکی نەگبەتەوە ناچار ببوون یازدە مانگ لە ژێر ئاڵای سپیدا کە هێمای بێگانانە، بمێننەوە.

ئاپۆرایەکی زۆری جووتیاران کە شایەتحاڵان دەڵێن 3 یان 4 هەزار کەسێک دەبوون، لە هەموو لایەکەوە دەهاتن و دەگەیشتنە ناپلیۆن و بەڕێیان دەکرد. گوندییەکان گونداوگوند ئێشکیان دەگۆڕی و تفاقیان بۆ دێنا و خزمەتی خۆیان ڕادەگەیاند. پیاوەکان گوند بە گوند دەگۆڕان، بەڵام لێیان کەم نەدەبۆوە. تەنانەت ناپلیۆنیش سەرەڕای ئەو هەمووە بڕوایەی بە شانس و بەختی خۆی هەبوو، بەڵام قەت چاوەڕوانیی ئەو پێشهاتەی نەدەکرد.

ئیتر گومانی نەبوو لەوەی کە تا چەند ڕۆژێکی دیکە لە پاریس دەبێ. کێ باشاری دەکرد و دەیتوانی پێشی بگرێ؟ دەروازەی داخراوی شارەکان؟ لە گرێنۆبڵ شاپەرستەکان پێش ڕاکردن هەوڵیان دابوو دەروازەکانی لەسەر داخەن. ڕۆژێک ناپلیۆن گوتی: "هەر بە مۆدنەی بڕنووتەکەم لە دەروازە بدەم، لێم دەکەنەوە" و ئەم قسەیەش زێدەبێژیی تێدا بوو، چونکە پێویستی بەوەش نەببوو و هەر لەگەڵ نزیکبوونەوەیدا دەرگاکانی بۆ دەخرانە سەر پشت. بەو جۆرە ناپلیۆن لە حاڵێکدا فەوجە ڕێک و کۆک و پۆشتەکان لە پێشەوە و دەوروپشتی بەڕێوە بوون، وەک سەرکەوتووەک بەرەو لیۆن دەڕۆیشت، ئینجا بە دەم ڕێگەوە فەرمانیشی دەردەکرد، پەیکی

بۆ دەوروبەر دەنارد، ڕاپۆرتی بۆ دەهاتەوە و فەرماندەی تازەی بۆ یەکەکان دەسنیشان دەکرد و فەرمانبەری نوێی دادەمەزراند.

3

دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجەمی مارس، بە تەلەگراف لۆیسی هەژدەیەم ئاگادار کرایەوە کە ناپلیۆن پێی ناوەتەوە فەرەنسا، هەواڵێک کە ئەقڵ نەیدەبڕی. پاریس هێشتا ئاگای لە مەحموودی بێزەواد نەبوو و شا فەرمانی کرد هەواڵەکە بە نهێنی ڕاگرن (نەهێڵن هەواڵەکە بڵاو بێتەوە). ڕۆژی حەوتی مارس بوو کە ڕۆژنامەکان توانیان ئەو ڕووداوە ڕابگەیەنن. کاریگەریی هەواڵەکە چاوەڕوانەنەکراو بوو. لەپێشدا کەس نەیدەزانی ئاخۆ ناپلیۆن چۆن توانیوێتی ئەو بەشەی دەریای سپیی نێوەڕاست ببڕێ کە بەردەوام دوو دەستە گەلەکەشتیی جەنگی و چاودێری دوورگەی ئەلب چاویان بەسەریەوە بووە. ئینجا چۆن بەتەنیایی یان بەو کۆمەڵە یاوەرە کەمەیەوە پاش دابەزینی لە وشکانی نەگیراوە؟ دەوڵەت لەپێشدا دڵنیا بوو کە چەند ڕۆژێک ناخایەنێ ئەو مەسەلە ئاڵۆز و ناخۆشە چارەسەر دەکا و دیارە ئەو بۆناپارتە چەتەیە شێت بووە، چونکە هەر شێت کاری وا بێجێ دەکا.

لەگەڵ ئەوەشدا پۆلیس لە پاریس زۆر زوو ڕاستییەکی مەترسیداری لێ ڕوون بۆوە، ئەویش ئەوەی کە شۆڕشگان و ژاکۆبن و بێدینەکان و وەچەی شۆڕشی مەزن کە دەمێک بوو یەک یەک ئاشکرا کرابوون و خرابوونە ژێر چاودێرییەوە، ڕاشکاوانە شادیی خۆیانیان دەردەبڕی و بە هاتنەوەی ئەو پیاوە سەرەڕۆ و تاکبڕیارەی کە هەر لەسەرەتاوە شۆڕشەکەی کپ کردبوو و چەندی چەند ساڵانیش لایەنگرانی شۆڕشی ڕاوەدوو نابوو، خۆشحاڵ و بەکەیف ببوون. جا ئەو شادی و

خۆشحاڵییانەش کاتێک ئاشکرا دەبوون کە لە پاریس نە هێشتا کەس ئاگای لە بواری سیاسیی گەڕانەوەی ناپلیۆن بوو و نە هیچ شتێکیان لەو وتارانە بیستبۆوە کە لە گرێنۆبڵ پێشکەشی کردبوون و نە لەو بەڵێنەی بە خەڵکی دابوو کە "ئازادی"یان بۆ دەستەبەر دەکا.

بەو حاڵەشەوە ئەوکات لە پاریس و بەتایبەتی لە ناوەندی بۆرژوا تێڕوپڕەکاندا هەست بە نیگەرانی و ئاڵۆزیەکیی تایبەت دەکرا. پێش هەموو شتێک ترسی هەڵاییسانی شەڕێکی گەورە و ڕاوەستانی بازرگانیان لەدڵ نیشت. ئەو ئازادیخوازانەیش کە دەسەڵاتێکی مەرجداریان دەویست، پێیان وابوو ئەگەر ناپلیۆن سەرکەوێت، ئەوا سیستەمێکی دیکتاتۆریی سەربازی دادەمەزرێتەوە و ئیتر ئەوە کۆتایی هیواکەیانە، کە بەتەما بوون لە سەردەمی پادشایەتیی بۆربۆنەکاندا بەشداری دەسەڵات بن.

بەڵام شاپەرستەکان و بەتایبەتی ئەو پەنابەرانەی لە 1814دا لەگەڵ بۆربۆنەکان گەڕابوونەوە، ترسێکی ئەژنۆشکێنیان بەسەردا زاڵ ببوو. ئەوان هەر شێت ببوون و لە ترسێکی تاریفهەڵنەگردا چاوەڕوان بوون ئەمجارە سەریشیان تێدا بچێ. دێوەزمەکەی کۆرس چیی بەسەر دێنان؟ تارمایی خوێنی دووک دانگین هاتبۆوە پێش چاوی بۆربۆنەکان و دەربارییەکانیان.

بەو حاڵەشەوە شا بڕوای نەدەکرد کە لەو دەموساتەدا مەترسییەکی ڕاستەقینەی لەسەرە. پەیتاپەیتا هەواڵ دەهات کە ناپلیۆن ئەوە بە چیاکاندا بەرەو گرێنۆبڵ دێتە پێشێ. هێشتا بەرپرسان ئاگایان لەو ڕووداوانە نەبوو، بەڵام دیار بوو سەربازەکان جێی متمانە نین. هێشتا مارشاڵ و ژەنەڕاڵەکان هەر لەسەر خزمەتی خۆیان مابوونەوە و لەوانەش بوو ئەفسەرەکان نەکەونە پاڵ ناپلیۆنەوە. بەڵام سەربازەکانی بنکەی پاریس تەنانەت شادمانییەکەی خۆیانیان نەدەشاردەوە.

بڕیاریان دا پیاوێک بنێرنە پێش ناپلیۆن و بەگژیدا بکەن، کە پاش ناپلیۆن لەوانەبوو کەس هێندە لەنێو سوپادا پێگە و کەسایەتیەکی بەرزی نەبووە. ئەو پیاوە مارشاڵ نێی بوو. نێی، بە ڕواڵەت لەگەڵ بۆربۆنەکان ڕێک کەوتبوو و کەسێک بوو کە لە1814دا لە هەمووان پتر لەسەر وازهێنانی ناپلیۆن پێداگر ببوو. بەڵام ناپلیۆن گۆچانی مارشاڵیی پێ دابوو و ئینجا نازناوی دووکی و دوای ئەوەیش پرێنسی بەشانازی پێ بەخشیبوو، جگە لەوانەش ئەوەی لە هەموو شتێک بەلای سەربازەکانەوە گرینگ بوو ئەوە بوو کە ناپلیۆن نازناوی "ئازای ئازاکان"ی پێ دابوو. بێت و وەها پیاوێک ڕازی بوایە فەرماندەییەکە بگرێتە ئەستۆ، تەنانەت دژی ناپلیۆنیش، لەوانەبوو سەربازەکانیش ملیان بۆ ڕاکێشابایە.

نێی بانگ کرایە لای شا. مارشاڵ زۆر دژی هەوڵەکەی ناپلیۆن بوو، چونکە پێی وابوو لە نەگبەتی و چارەڕەشی بترازێ هیچ خێرێکی بۆ فەرەنسا پێوە نییە. ئەو شیروەشێنە بەکەفوکوڵە، ئەو سەربازە تووڕەیە، ملی بۆ زمانچەوری و تکای پەیتاپەیتای پادشا و دەربارییەکان ڕاکێشا و وەفاداربوونی سەربازەکانیشی زەمانەت کرد و گوتی: "خاوەنشکۆ، هیوادارم بتوانم لە قەفەزێکی ئاسندا بیهێنمە بەردەمت." بەڵام پێش ئەوەی مارشاڵ نێ بجوولێتەوە و بەگژ ناپلیۆندا بێتەوە، هەواڵێکی سامناکی دیکە بۆ بۆربۆنەکان هات: "سەربازەکان بەبێ هیچ بەربەرەکانێیەک، دەستەدەستە دەکەونە گەڵ ناپلیۆن، وڵات ئەیالەت بە ئەیالەت و شار بە شار، بەبێ هیچ بەرگرییەک خۆیان بەسەر پێیدا دەکێشن و زۆر شتی دیکەش کە ئەقڵ نەیدەبڕی...

دەبوایە هەرچۆنێک بێ، لێون بپارێزن، چونکە لێون لە ڕووی سامان و ژمارەی دانیشتووان و گرینگی و بەهای سیاسییەوە دووەمین شاری فەرەنسا بوو. کۆنت داراتوای برای شا، کە بێزراوترین ئەندامی بنەماڵەی

بۆربۆن بوو، بەو هیوا ساویلکانەیەوە کە بتوانێ کرێکاری کارخانەکانی ئاوریشم چنینی لیۆن ناچار بکا لەپێناو بۆربۆنەکاندا گیانبازی بکەن، چووە ئەوێ. مارشاڵ ماکدۆناڵدیشیان کە بنەماڵەی پادشا هێندەی نێ متمانەیان پێی بوو، ناردە لیۆن. ماکدۆناڵد پردەکانی گرت و بەپەلە هێندێ هەوڵی دیکەشی دا بۆ بەرگریکردن و بەپێویستی زانی سەربازەکانی لە سان بدا و کۆنت داراتوایان پێ بناسێنێ.

ئەو شانۆ بەشکۆیە ئامادە کرابوو، کە لە ناکاو ژەنەراڵێک هاتە لای ماکدۆناڵد و پێی گوت، بۆ پاراستنی گیانی کۆنت واباشترە تا زووە لێرەی دوور بخەیتەوە. ماکدۆناڵد هیچ گوێی بەو وریاییدانە نەبزووت و لە حاڵێکدا سێ فەوج سەربازی لە گۆڕەپانەکە کۆ کردبۆوە و لەبەردەمیان وتارێکی دا و پێی گوتن بێت و ناپلیۆن سەر بکەوێ، ئەوا شەڕێکی دیکە لەگەڵ ئەوروپادا بەرۆکی فەرەنسا دەگرێ، ئینجا داوای لە سەربازەکان کرد بە هاواری "بژی شا" سڵاو لە نێردەی شا واتە کۆنت داراتوا بکەن، بۆ ئەوەی بەو جۆرە وەفاداریی خۆیان بۆ بۆربۆنەکان بسەلمێنن. بە بێدەنگییەکی مەرگهێن وەڵامی ئەم وتارە درایەوە.

کۆنت داراتوا کە زەندەقی چوبوو، کتوپڕ گۆڕەپانەکەی بەجێ هێشت و بەپەلە لە لیۆن ڕای کرد. ماکدۆناڵد بۆ ڕێکخستنی عەمەلیاتی بەرگری لە لیۆن مایەوە. سەرباز هەموو مات و خەمبار بوون و بەنابەدڵی دەجووڵانەوە. یەکێک لە سەربازانی دەستەی سەنگەرەکان لە مارشاڵ چووە پێشێ و پێی گوت: "جەنابی مارشاڵ، هەموو ئەو کارانە بەلایەک، بەڵام تۆ پیاوێکی شەریف و پاکی، حەق وابوو وازت لە بۆربۆنەکان هێنابایەوە و ڕەگەڵ ئێمە کەوتبای. ئێمە خۆمان دەتبەینە لای ئیمپراتۆر و ئەویش بە دیتنت زۆر خۆشحاڵ دەبێ." ماکدۆناڵد وەڵامی نەداوە.

هاواری "بژی ئیمپراتۆر، مەرگ و نەمان بۆ خانەدان"، لەلایەن ئەو وەرزێرانەوە کە دەچوونە گوندی گیۆتیەر، نیشانەی نزیکبوونەوەی پێشقەڕەولّەکانی ئیمپراتۆر لە شاری لیۆن بوو.
لە ئێستاوە سواڕەی چەک‌سووکی ناپلیۆن و سواڕەی زرێپۆش دەهاتنە نێو شارەوە. ماکدۆنالّد کە هێشتا بەتەمای دەستکردنەوە بوو، بە یەکەکانی خۆیەوە بۆیان چوو، بەلّام لەشکرەکەی و پێش هەمووانیش سواڕەکانی کە لەپێشەوە دەڕۆیشتن، هەر چاویان بە زرێپۆشەکانی ناپلیۆن کەوت بە هاواری بژی بژی ئیمپراتۆر بەپێشوازیانەوە چوون. لە چاوتروکانێکدا هەموو سەربازەکانی مارشالّ کەوتنە گەلّ سەربازانی ئیمپراتۆر و بوون بە یەک. ماکدۆنالّد لە ترسی ئەوەی نەکا سەربازەکانی خۆی بیگرن، ڕکێفکوت لە گۆڕەپانەکە دوور کەوتەوە و ڕووی لە چۆل و بیابان کرد. نیو سەعات دواتر، ناپلیۆن دەهاتە نێو لیۆن و ئەو شارەش وەک هەموو شارەکانی دی بەبێ ئەوەی یەک تەقەش بکرێ، خۆی ڕادەستی دەکرد. ئەو ڕۆژە دەی مارس بوو و نۆ ڕۆژ بوو ئەو لە کەنداوی ژوان دابەزیبوو. بۆ سبەینێ، کە یازدەی مارس بوو، ناپلیۆن بەتایبەتی سوپاکەی لیۆنی، کە ڕێژیمی شا ناردبووی بۆ پشتیوانیی شار و بەرەنگاربوونەوەی ناپلیۆن، لە سان دا. فلۆری دۆشابۆلۆن کە بۆ هەموو شوێنێک لەگەلّ ناپلیۆن بوو، دەنووسێ: "هەموو پرد و بەندەرگە و کۆلّانەکان لەبەر ئاپۆرای ژن و منداڵ و پیر و لاو ڕەش دەچوونەوە. خەلّک خۆیان بە ئەسپی یاوەرانیەوە هەلّدەواسی بۆ ئەوەی ببینن، گوێیان لە دەنگی بێ و لە نزیکەوە ببینن و دەستێک لە جلوبەرگەکەی بخشێنن. کەفوکولّێکی بێوێنە لەناخی خەلّکەکەدا هەبوو." چەند سەعاتان هاواری گوێکەڕکەری "بژی بژی ئیمپراتۆر" لە هەموو لاوە دەهات. ناپلیۆن کە سەرەڕای ئەوەی متمانەی زۆر بەخۆی

بوو، بە پێی ئەو قسانەی کە دواتر لە زاری دەردەپەڕین، قەت چاوەڕوانیی ئەو سەرکەوتنانەی نەدەکرد.
ناپلیۆن کە ڕێگەی دا بەرپرسانی شارەوانیی لیۆن بێنە لای، دیسان ئەو قسانەی پاتە کردەوە کە لە گرێنۆبڵ و پێش ئەوێ و دوای ئەوێش کردبوونی: "لە نێوەوە و دەرەوە، ئازادی بۆ فەرەنسا دابین دەکەم، هاتوومەتەوە بۆ ئەوەی بنەماکانی شۆڕشی مەزن پتەو بکەمەوە، دەزانم کات گۆڕاوە و لەمەودوا هەر بە فەرەنسا قانع دەبم و بیر لەوە ناکەمەوە سنووورەکانی بەرین بکەمەوە." لە لیۆن فەرمانی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی شاری پاریس و ئەنجومەنی نوێنەران واتە ئەو دامودەزگایانەی ئیمزا کرد کە بەپێی دەستووری بۆربۆنەکان دامەزرابوون و هەموو پۆست و پلەوپایەکانی نێو دامودەزگای دادوەریشی کە بە ئەمری بۆربۆنەکان دانرابوون هەڵوەشاندەوە و خۆی دادوەری تازەی دامەزراندەوە. بەڵام زۆربەی پارێزگاکان کە خۆی پێشتر دانابوون و بۆربۆنەکان لە ساڵی 1814دا نەیانتوانیبوو بیانگۆڕن، لەجێی خۆیان هێشتنەوە.
لە لیۆن بە وەرگەڕاندنی تەخت و تاجی بۆربۆنەکان و هەڵوەشاندنەوەی دەستوورەکەیان، بە فەرمی جڵەوی دەسەڵاتی گرتە دەست، ئینجا بە 15000 کەسەوە بەرەو پاریس کەوتە ڕێ. ئەودەمی لە کەناراوەکەی فەرەنسا دابەزیبوو، قسەیەکی کردبوو، کە لێرەش پاتەی کردەوە: "هەڵۆ، بە ئاڵای سێ ڕەنگی نیشتمانییەوە، لەم برجی ناقووسەوە دەفڕێتە سەر برجێکی دیکە بۆ ئەوی بگاتە برجی ناقووسەکانی کلێساکەی نۆتێردام."
ناپلیۆن بەبێ ئەوەی کۆسپێکی بێتە بەردەم، هەروا دەڕۆیشت و سەرکەوتووانە بە ماکۆن و هەموو گوندەکانی نێوان لیۆن و شالۆن سۆرسۆندا تێپەڕی، بەڵام بەر لەوەی بگاتە شالۆن، بێ ئەملاوئەولا دەبوایە بەرەوڕووی مارشاڵ نێی بێتەوە. ناپلیۆن "نێ"ی دەناسی و کەیفی بە

دڵسافیەکەی دەهات و لەبیری بوو کە لە دەموساتی بارانی گوللە و ڕەهێڵەی تۆپدا لە "سێمنۆڤسکۆی" چەندە ئازایانە جووڵابۆوە و قەت پاڵەوانەتییەکانی ئەوی لەبیر نەچووبۆوە لەو کاتانەدا کە لەکاتی پاشەکشەکەیاندا لە ڕووسیاوە فەرماندەی پشتپارێزەکان بوو. کاتێک لە ماکۆن هاتە دەرێ و ئاگاداریان کردەوە کە مارشاڵ نێ لە لۆن لۆسۆنیە سەنگەری گرتووە و دەیەوێ ڕێی لێ بگرێ، ناپلیۆن هیچ لەوە نەترسا ڕووبەڕووی بێتەوە. ئەو لە زۆر جاران بە15000 کەسەوە بەگژ دوژمندا چووبۆوە، بەڵام لێرەدا نەیدەویست خوێن بڕژێ: چونکە زۆری بەلاوە گرینگ بوو کەبەبێ ئەوەی لووتی کەسێک لەخوێن بێ، ببێتەوە بە فەرمانڕەوای وڵات و، بۆ پێشڤەچوونی کارەکانی خۆی، ئەوەی بە باشترین و قایلکەرترین ئیمتیازی سیاسی دەزانی.

نێ، کە ڕۆژی 12ی مارس بە چوار فەوجەوە گەیشتبووە لۆن لۆسۆنیە، هێشتا چاوەڕێ بوو هێزی پشتیوانی بۆ بێ. جا لەسەر ئەو باوەڕەش بوو کە ئێستا بەپێی ئەرکی ویژدانیی خۆی دەجوولێتەوە. چونکە هێشتا پێی وابوو تاقە ڕێگەی فەرەنسای 1814 ئەوەیە ئیمپراتۆر لێ خرابێ. ناپلیۆن بە وازهێنانەکەی، هەر خۆی ڕێگەی بە مارشاڵەکانی دابوو بچنە نێو سیستەمی بۆربۆنەکانەوە. ئێستاش ناپلیۆن پەیمانەکەی لەگەڵ بەرەی یەکگرتوودا شکاندبوو، دوورگەی ئەلبی جێهێشتبوو و دەیویست دیسان لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی فەرەنسا دانیشێتەوە و ناچار جەنگێکی دیکە لەگەڵ ئەوروپادا هەڵگیرسێنێتەوە. نێ، لە قوولایی دڵەوە باوەڕی وابوو کە مافی خۆیەتی لەگەڵ ناپلیۆن شەڕ بکا و دەیزانی کە لەمەودوا لۆیسی هەژدەیەم هەموو هیوای بەوە و شا تەواو پشتی بەو بەستووە.

بەڵام سەربازەکان لەوکاتەشدا کە ئەم فەرماندە خۆشەویستەیان دەیویست قسەیان بۆ بکا، خەمبار و کپ و بێدەنگ بوون. نێ، لە وتارەکەیدا لەبەردەم

یەکەکانی خۆی وەبیری هێنانەوە، کە لە ژیانیدا تەنانەت گیانیشی لەپێناو ئیمپراتۆردا لەسەر دەستی داناوە وئێستاش کە دەبینێ هاتنەوەی ئیمپراتۆر گەلێ زیان و خەساری بۆ فەرەنسا لێ دەکەوێتەوە و لە هەمووشیان گرینگتر شەڕکردنە لەگەڵ هەموو وڵاتانی ئەورووپی، ئەو وڵاتانەی بەهیچ نرخێک ئامادە نین ناپلیۆن دیسان بێتەوە سەر دەسەڵات. بۆیە ئەوانەی بەهەر هۆیەک نایانەوێ شەڕ بکەن، ئێستا سەربەستن کە دەسبەجێ ڕیزەکانی لەشکر بەجێ بێڵن و بڕۆن، ئەو خۆی لەگەڵ باقی سەربازەکان بەرەنگاری ناپلیۆن دەبێتەوە. ئەفسەر و سەرباز متەقیان لەخۆیان بڕیبوو. نێ، تووڕە و پەرێشان گەڕایەوە ناوەندی فەرماندەییەکەی.

شەوی نێوان ڕۆژانی 13 و 14ی مارس، مارشاڵیان لەخەو هەستاند و ئاگاداریان کردەوە کە ئەو تۆپخانەیەی چاوەڕوانی بووی لە شالۆنەوە بێتە پشتیوانیت، لە ڕێگە ڕاپەڕیوە و لەگەڵ سوارەکان کەوتووەتە گەڵ ناپلیۆن. لە کازیوەی دەم بەیانەوە تا ئێوارێ، پەیتاپەیتا هەواڵ دەهات کە شارەکان، بەرپرسەکانی سەر بە شایان دەرکردووە و حکوومەتی ناپلیۆنیان قبووڵ کردووە و ئێستاش ناپلیۆن وا بەرەو لۆن لۆسۆنیە دێ. ئینجا لە جەنگەی ئەو تۆفان و گێژەنە دەروونییەی کە نێی تێکەوتبوو و تووشی بەژانترین دوودڵی و گومانی کردبوو و لە نێوەندی سەربازەکانیدا کە نە دەیانویست وەڵامی بدەنەوە نە قسەشی لەگەڵ بکەن و ئەفسەرەکانی کە خۆیان لە نیگای دەدزییەوە، ڕێک لەو دەمەدا پەیکێک هات و ئەم پەیامەی دایە دەستی: "پێی بڵێن من هێشتا خۆشم دەوێ و وەک بەرەبەیانەکەی شەڕەکەی مۆسکۆ لە ئامێزی دەگرم."

گومان و دڕدۆنگییەکەی نێ تەواو ڕەوییەوە: فەرمانی بە فەرماندەی فەوجەکان کرد دەسبەجێ سەربازەکان کۆ بکەنەوە. ئینجا خۆی چووە بەردەم یەکەکان و شمشێرەکەی بەرز کردەوە و بەدەنیگ بەرز گوتی:

"سەربازەکان، بۆربۆنەکان ئیترتاهەتایە کۆتاییان پێ هاتووە. ئەو فەرمانڕەوا یاساییەی کە فەرەنسا بۆخۆی هەڵیبژاردووە، دێتەوە سەر دەسەڵات... لەمەودوا هەر سەرۆکە خۆشەویستەکەی خۆمان، ئیمپراتۆر ناپلیۆن فەرمانڕەوای وڵات دەبێ." هاواری بژی ئیمپراتۆر، بژی مارشاڵ نێ، دەنگی ئەوی قووت دا. چەند ئەفسەری شاپەرست دەسبەجێ ڕایان کرد و نێ پێشی نەگرتن. یەکێکیان شمشێرەکەی خۆی شکاند و چەند قسەیەکی ساردوسووکی بە مارشاڵ گوت. مارشاڵ وەڵامی داوە: "بە ڕای تۆ چ دەکرا؟ ئاخۆ من دەتوانم بەو دوو دەستەم، خرۆشی دەریا ڕاگرم؟" ئینجا شتێک کە هێندەی ئەوانی دی سەیروسەمەرەیە، ئەوەیە کە نێ، پاش ئەم وەرسووڕانە لەناکاوە، وەک جاری جاران ورد و پوخت فەرمانەکانی ناپلیۆنی ڕادەپەڕاند و، هەموو ئەو چالاکییانەی کە بە فەرمانی ناپلیۆن دەبوایە بە یەکەکانی لۆن لۆسۆنیەیان بکا، ورد ورد ڕایەپەڕاندن. تەنانەت ناپلیۆن پێش ئەوەی لە بڕیارەکەی نێ ئاگادار بکرێتەوە ئەو فەرمانانەی ناردبوو، چونکە هەستی دەکرد نێ، چەک لەو ڕاناکێشێ.

پاریس، لە دەموساتێکدا سێ هەواڵی پێ گەیشت: "ناپلیۆن گەیشتووەتە لیۆن و، ئەوە بەرەو باکوور دێ و، مارشاڵ "نێ"یش چووەتە پاڵ ناپلیۆنەوە. ڕاکردن، یەکەم شتێک بوو کە دەربارییەکان بیریان لێ کردەوە. ڕاکردن بەبێ ئەوەی ببنە خۆراکی مەرگ و وەک تەرمەکەی دووک دانگین لە خەرەندی ڤۆنسندا برزێن. لە دەربار، باوک ئاگای لە ڕۆڵەی خۆی نەمابوو. لۆیسی هەژدەیەم لەپێشدا دژی ئەوە بوو ڕا بکەن و لەدەستدانی تەخت و تاجەکەی بە شوورەیی و سەرشۆڕی دەزانی. بەڵام ئەی دەبوو چ بکا؟

دانیشتن و شێلگیرانە بیریان لەم پلانە سەربازیە کردەوە: "پلانەکە ئەوە بوو کە شا سواری گالسکەیەک بێ و لەگەڵ هەموو پیاوە پایەبەرزەکانی

دەربار و بنەماڵەی پادشایەتی و پیاوە پلەبەرزەکانی کلێسا لە شار بچنە دەرێ. لەودیو دەروازەوە هەموویان ڕاوەستن و چاوەڕێ بن تا داگیرکەر کە وا بەرەو پاریس دێ بگاتێ. کاتێک داگیرکەر، پادشای یاسایی، واتە ئەم پیرەپیاوە کەنەفت و ڕیش چەرمووەی کە خاوەنی تەخت و تاجەکەیە و بەبێ ئەوەی بترسێ هاتووە و لەبەردەم ئەو"ناپلیۆن"دا خۆی کردووەتە قەڵغان و پێشی گرتووە، ئیتر داگیرکەر(ناپلیۆن) شەرم دەیگرێ و پاشەوپاش دەگەڕێتەوە. هەڵبەت لەو مێشکانەی کە لە کاتی حەسانەوە و خۆشیدا هەر بێمشوور بوون، لەم دەموساتی ترس و تەنگانەیەدا بیری لەوە گەمژانەتر چاوەڕوان نەدەکرا.

چاپەمەنییە حکوومییەکانی پاریس یان ئەوانەی سەر بە بەرپرسان بوون، سەرەتا هەر لەخۆوە متمانەیەکیان بەخۆیان هەبوو، ئینجا سەریان لێ شێوا و شپرزە بوون و ئاخری تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەک هاتن کە نەیاندەتوانی بشیشارنەوە. ئیتر لەگەڵ پێشڕەویی ناپلیۆن بەرەو باکوور، ئەوان بە ناوناتۆرەوە ناویان دێنا، جا بۆیە دیارە کێن و سەر بە کوێن:

یەکەم جار: "شینەمارەکەی کۆرس لە کەنداوی ڕوان دابەزیوە."

جاری دووەم: "دێوەزمەکە بەرەو گراس دێ."

جاری سێیەم: "داگیرکەر چووەتە نێو کرێنۆبڵ."

جاری چوارەم: "بۆناپارت لیۆنی داگیر کردووە."

جاری پێنجەم" "ناپلیۆن لە فۆنتنبلوو نزیک دەبێتەوە."

جاری شەشەم: "پاریس شارە وەفادارەکەی خاوەنشکۆ ئیمپراتۆر، ئەمڕۆ چاوەڕوانە پێشوازیی لێ بکا."

هەموو ئەو ناو و ناتۆرە بەرناو و پاشناوە ئەدەبیانە لە ژمارە یەک لە دووی یەکەکانی یەک ڕۆژنامەدا و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا چاپ ببوو کە دەستەی نووسەرانێکی نەگۆڕی هەبوو.

هێشتا چرای هیوایەک داییسا، کە ئەویش زۆری نەبرد و کوژایەوە.
لە پاریس دەیانزانی ناپلیۆن هیچ پارێز ناکا، بۆ وێنە کە سەرکەوتووانە چووەتە نێو لیۆنەوە، لەپێش سوپاکەی و پێش پێشەوەی یاوەرانیەوە بە نێو ئاپۆڕای ئەو خەڵکەدا ڕێگەی بڕیوە کە هەست و کوڵی خۆیان بۆ دەربڕیوە. کەوابوو ئەگەر بڕیارە بنەماڵەی بۆربۆنەکان ڕزگار بکەن، بۆچی بە کێردێک زگی هەڵنەدڕن؟ جا شایەتحاڵەکان دەگێڕنەوە، کە لە پاریس "پۆلیسی نهێنی لە پاریس بەنێو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا دەگەڕان، بۆ ئەوەی ژاک کلێمێنت"یێکی نوێ کەلەپچە بکەن." کەسێک کە ئامادە بوو ناپلیۆن بکوژێ، بە ئاشکرا بەڵێنی پاداشتی گەورەی پێ دەدرا و دەیانگوت، ئەو کارە لە هیچ دادگایەک لێی ناپێچرێتەوە، چونکە کۆنگرەی ڤیەننا ناپلیۆنی بە دوژمنی مرۆڤایەتی و زۆڵ داناوە، واتە کەسێک کە یاسا پشتیوانیی لێ ناکا.
بەڵام لەو چەند ڕۆژەدا کە مابوو هەموو شتێک یەکلا بێتەوە، نەیانتوانی ئەو ژاک کلێمێنتە نوێیە بدۆزنەوە.
شەوی نێوان ڕۆژانی19 و 20ی مارس، ناپلیۆن لەگەڵ دەستەی پشەنگی سەربازەکانی گەیشتە فۆنتنبلوو. سەعات11ی شەوی 19ی مارس پادشا و بنەماڵەکەی لە پاریس ڕایان کرد و بەرەو سنوورەکانی بەلژیکا ڕۆیشتن. سەعات نۆی شەوی 20ی مارسی 1815، ناپلیۆن چووە نێو پاریس. هاوار و قریوەی ئەو لێشاوە خەڵکەی شان بە شانی گالسکەکەی ناپلیۆن دەهاتن، لە دوور دووڕەوە دەبیسرا و ئەو خەڵکەی لە دەوری کۆشکی تۆیلری بوون و قریوەی خۆیان تێکەڵی هوڕای ئەوان دەکرد کتوپڕ یەکجێ خرۆشان و بە پێشوازییەوە چوون. گالسکەکە لە هەمووڵاوە دەوری درابوو و ئیتر نەیدەتوانی بڕوا. سوارەی پشتمێر هەوڵیان دەدا ڕێگەکە بکەنەوە. سەربازانی گارد دواتر دەیانگێڕاوە کە: "خەڵک دەیانقریواند و

دەگریان، خۆیان بە پێ و پەلی ئەسپ و گالسکەکەوە هەڵدەواسی و قسەی کەسیان بەگوێدا نەدەچوو." ئەو خەڵکە هەژاوە هرووژمیان بۆ ئیمپراتۆر هێنا، پاڵیان بە یاوەرانیەوە نا و لەسەر دەست بەرزیان کردەوە و لە گالسکەکە هێنایانە دەرێ و لە جەنگەی قریوە و هورِاکەدا کە نەدەپسایەوە، بە باوەش گەیاندیانە کۆشک و لەوێش تا نێو تەلارەکانی نهۆمی یەکەم هەر دایاننانا.

بەرەبەیانی ڕۆژی مەزنترین سەرکەوتنەکان، ئەو دەمەی لە پڕشنگدارترین شەڕەکان و سەرکەوتنە هەرە بەسوود و گەورەکان دەگەڕایەوە، خەڵکی پاریس هەرگیز وەک ئەو شەوی بیستی مارسەی 1815 پێشوازییان لە ناپلیۆن نەکردبوو. دواتر یەکێک لە کۆنەشاپەرستەکان گێڕابوویەوە، کە ئەوەی خەڵک کردیان، نوێنگەیەک لە بتپەرستییەکی ڕاستەقینە بوو.

کاتێک بە هەزار زەحمەت خەڵکیان قایل کرد لە کۆشک بچنە دەرێ، ناپلیۆن کە سەری هەڵێنا لە ژووڕەکەی جارانی کارکردنی دایە، کە بیست و چوار سەعات لەوەپێش لۆیسی هەژدەیەم لەوێ ڕایکردبوو و ئیتر دەسبەجێ دەستی بە ڕێکخستن و جێبەجێکردنی کاروبارەکانی وڵات کرد کە لەسەر یەک کەڵەکە ببوون.

مەحاڵ، وەدی هاتبوو: ناپلیۆن بەبێ لەشکر، بەبێ ئەوەی فیشەکێک بتەقێ، بەبێ هیچ شەڕێک، لە 19 ڕۆژدا ڕێگەی نێوان دەریایی سپیی نێوەڕاستی هەتا پاریس بڕیبوو و بۆربۆنەکانی دەرپەڕاندبوو و وا لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشتبۆوە.

بەڵام ئەو خۆی لە هەموو کەس باشتر دەیزانی، کە ئەمجارەش ئاشتیی بۆ فەرەنسا نەهێناوەتەوە، بەڵکو شەڕی هێناوەتەوە و ئەوروپا لە هاتنەوەی کتوپڕی وی تۆقیبوو و ئەمجارەش بۆ ئەوەی نەهێڵن هێز کۆ بکاتەوە، "ئەوروپا" چیی لە دەستی بێ دەیکا.

4

ناپلیۆن لە سەرەتای فەرمانڕەواییە تازەکەیدا، وەک لە گرێنۆبڵ و لیۆن و پاریسیش پاتەی کردبۆوە، بە فەرمی بەڵێنی دەدا ئاشتی و ئازادی بۆ فەرەنسا دابین بکا و بەو جۆرە ڕاشکاوانە و لای هەموو کەس دەیگوت، کە یەکەمین فەرمانڕەواییەکەی وی نە ئازادیی بۆ فەرەنسا پێوە بوو و نە ئاشتی. ناپلیۆنی شێت و شەیدای ئازادی بە دڵنیاییەوە لە گوێی فەرەنسا و خەڵکی ئەوروپادا وەک ئەوە بوو یەکێک باسی بڵیسەی سارد یان سەهۆڵی سووتێنەری کردبێ.

ناپلیۆن بە زیرەکی و پیتۆڵییەکەی خۆی کە هەموو شتێکی وەردەگرت و بە بەرچاوڕوونییەوە هەڵی دەسەنگاند، لەوە تێگەیشتبوو، کە ئەگەر لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا تەخت و تاجی فەرەنسای بەبێ چەک و شەڕ وەرگرتووەتەوە، هیچ لەبەر ئەوە نیە کە هەموو خەڵکەکە تینووی ئەو ئازادییە بێسنوور و ئاشتییە پتەوەن کە ئەو بەڵێنی پێ داون. بۆربۆنەکان نە هێشتا دەستدرێژییەکیان کردبووە سەر ئاشتی و نە توانای وەها کارێکیشیان هەبوو. بەڵام شتێکی دیکە وای کردبوو خەڵک ڕوویان لێ وەرگێڕن: ناپلیۆن جوان لێی ڕوون بوو، کە سەرکەوتنەکەی، بەرهەمی ئەو بەڵێنەیە بە جووتیارەکان واتە زۆرینەی هەرە زۆری میللەتی داوە.

ناپلیۆن بە شایەتیی فلۆری دۆشابۆلۆن لە شەوی20ی مارسی 1815دا، یانی ئەو شەوەی گەیشتەوە کۆشکی تۆیلەری، بەردەوام گوتبووی: خەڵکی بێ بیروبۆچوون بوون کە منیان هێنایەوە پاریس. ئەوە دەرەجەدار و سەربازەکان بوون کە ئەم کارەیان کرد. من هەرچی هەمە، قەرزباری میللەت و سوپام. جووتیار هاواریان دەکرد: "بژی ئیمپراتۆر بژی. مەرگ و نەمان بۆ خانەدان. مەرگ و نەمان بۆ قەشەکان. ئەوان شارە و شار بەڕێیان دەکردم، بەڵام نەیاندەتوانی لەوە دوورتر بێن و ئەرکی بەڕێکردنی

منیان تا پاریس بە دەستەیەکی دیکە دەسپارد. پاش پرۆژانسیەکان، "دۆفینی"یێیەکان، دوای ئەوان لیۆنیەکان و دوای ئەوانیش بۆرگینیەکان لەگەڵم هاتن و ئەو پیلانگێڕانانەی وا ئەو هەمووە لایەنگرەیان بۆمن پەیدا کرد، هەر بۆربۆنەکان خۆیان بوون..." و ناپلیۆن ئەو لە ڕۆژەکانی پاش گەیشتنەوەیدا بۆ تۆیلەری، بەو جۆرە باسی ڕێپێوانە سەرکەوتوانەکەی دەگێڕاوە.

قایلکردنی جووتیارەکان تا ڕادەیەک ئاسان بوو: ناپلیۆن بۆ ئەوان نوێنگەری لەنێوچوونی هەموو مافێکی دەرەبەگایەتی و دابینکەری مافی خاوەندارێتیی زەوی و زارەکان بوو. هەر بەڕاستی جووتیار بە ئاواتەوە بوون ئیتر جەنگێک نەقەومێ و منداڵیان بەسەرباز نەگرن و، کاتێک ناپلیۆن دەیگوت ئاشتەوایی دابین دەکەم، هەموان گوێیان قوت دەکرد. بەڵام مەسەلەی ئاشتی، یەکەمین و گرینگترین بابەت نەبوو و، شتێکی گرینگی دیکەش لەگۆڕێ بوو: ناپلیۆن دەیزانی پاش 11 مانگ فەرمانڕەوایی بە ڕووڵەت مەرجدار کە تێیدا چاپەمەنییەکان تا ڕادەیەک ئازادییان هەبووە، ئێستا بۆرژوای شارەکان چاوەڕوانییان لێی هەیە، ئەو ئازادییە ئەگەر کەمیش بێ هەر بمێنێ. ئەو دەبوو دەسبەجێ ئەو پیلان و بەرنامەیەی لە ڕەوتی پێشڕەوی بەرەو پاریسدا وەک سەردارێکی شۆڕش خستبوویە ڕوو، بە کردەوە جێبەجێ بکا. لە گرێنۆبڵ گوتبووی: "هاتوومەتەوە بۆ ئەوەی چەپەڵی و پیسیی پەنابەران لە فەرەنسا بشۆمەوە." لە لیۆن ڕایگەیاندبوو: "من بەرهەمی شۆڕشم." گوتبووشی: "هاتوومەتەوە بۆ ئەوەی فەرەنسییەکان لەو زەلکاوە ڕزگار بکەم، کە قەشە و خانەدانەکان دەیانەوێ لەوێدا بیانخنکێنن.. ئەو تاقمانە دەبێ ئاگایان لە هەڵسوکەوتیان بێ... من پیلان و پلانەکانیان دەکەمە بڵقی سەر ئاو."

لە شارەکانەوە، گەلێک نامەی لەلایەن ئەو کۆنە ژاکۆبنانەوە بۆ هات، کە لە زوڵم و زۆری یەکەم خولی فەرمانڕەواییەکەی بەزیندوویی دەرچووبوون و، ئەوان لەو نامانەدا وەک پاڵەوانی شۆڕش کە دژی بۆربۆنەکان و خانەدان و پێشنوێژ و قەشەکان ڕاپەڕیبوون ناویان هێنابوو و سڵاویان بۆ ناردبوو. لە تۆلۆز ڕۆژێک تا ئێوارێ پەیکەرێکی ناپلیۆنیان بە سروودی "مارسێیەز" بەنێو شاردا گێڕابوو و لە حاڵێکدا هاواریان دەکرد:
"خانەدانەکان لە شیش بدەن" و لە شارەکانیشەوە نامە بۆ مارشاڵ داڤۆ، کە ناپلیۆن زۆی خۆش دەویست و لە کاتی گەڕانەوەی ناپلیۆنەوە کرابوو بە وەزیری جەنگ دەهات، کە لەو نامانەدا داوایان لە ئیمپراتۆر دەکرد وەک ساڵی 1793 حکوومەتی ترس و تیرۆر دامەزرێنێ. ناپلیۆن زۆر باش شارەزای ئەم بارە دەروونییەی خەڵکەکە بوو. شەوی بیستەمی مارس کاتێک سەرکەوتووانە و لەسەر دەستان بردیانە کۆشکی تۆیلری، ئەو بە کۆنت مۆلێی گوت: "هەست دەکەم، خەڵک هێندەی سەرەتای شۆڕش ڕقیان لە قەشە و خانەدانەکانە."
بەڵام هەر وەک لە ساڵی 1812دا لە کۆشکی کرملین ترسابوو لەوەی شۆڕشی جووتیارانی ڕووسیا بکاتە پشتیوانی خۆی، لە کۆشکی تۆیلریشدا نەیدەویست بیر لەوە بکاتەوە کە شۆڕشێکی جووتیاری و وەڕێخستنی ترس و تیرۆر بکاتە پاڵپشتی مانەوەی خۆی. هەر وەک چۆن لە ڕووسیا داوای یارمەتیی لە کەسێکی وەک پۆگاچێف نەکرد، لێرەش پەنای بۆ یەکێک وەک مارا نەبرد و ئەوەش بە ڕێکەوت نەبوو: ئەو چینەی کۆمەڵگەی فەرەنسی کە لە سەردەمی شۆڕشدا سەرکەوتبوو و نوێنەرە ڕاستەقینەکەی ئەو واتە ئەو کەسەی سەرکەوتنەکەی بۆ دەستەبەر کردبوو ناپلیۆن بوو ـ هەڵبەت دەزانن مەبەست لەو چینە بۆرژوای مەزنە ـ ئەوانەش تاقە چینێک بوون کە ناپلیۆن دەیزانی ئاوات و ئارەزووەکانیان

چییە و لەگەڵیان هاوبەرژەوەند بوو. ئەو لە نێو ئەم توێژەدا بەشوێن پاڵپشتی خۆیدا دەگەڕا و بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی ئەوان تێ دەکۆشا. هەر وەک لە 1812دا لەگەڵ دوژمنەکەی خۆیدا واتە ئەلکساندری یەکەم پتر هەستی بە نزیکی دەکرد هەتا جەماوەری جووتیاری ڕووس، لە 1815یشدا تەنانەت بۆ پتەوکردنی خەباتەکەی خۆیشی دژی سوپاکانی دوژمن، هەر نەیدەویست یارمەتی لە شۆڕش وەرگرێ. ناپلیۆن بە بنیامین کۆنستانی نوێنەر و نوێنگەی ئاوات و ئارەزووی بۆرژوای ئەو سەردەمی گوت: "من نامەوێ پادشای شۆڕشی جووتیاری بم." ئیمپراتۆر تۆزێک پاش دانیشتنەوەی دووبارەی لەسەر تەختی دەسەڵات، بنیامین کۆنستانی بانگ کردە کۆشکەکەی خۆی و باسی ڕیفۆرمی ئازادیخوازانەی ڕێکخراوەکانی لەگەڵ کرد بە شێوەیەک کە هەم چینی جۆرژوا ڕازی بکا و هەمیش ئەو ئازادییەی ناپلیۆن حەزی لێی بوو، جگە لەوەش، ئەو ژاکۆبنانەی بۆ هێور بکاتەوە کە تازە ڕاپەڕیبوون. شیاوی باسە، کە ناپلیۆن جوان لەوە تێ دەگەیشت کە تەنیا بزووتنەوەیەکی بەتەوژمی شۆڕشگێڕانە دەتوانێ لەو دەموساتە قەیراناویەدا فریای ئەو بکەوێ، نەک داوای ڕێژیمی مەرجدار و وەک ئازادیخوازێکی میانڕەو دەیەوێ. خۆیشی سالانێک دواتر لە بیرەوەریی ڕووداوەکانی سالی 1815دا گوتبووی: "سیستەمی بەرگریی من هیچ بایەخێکی نەبوو. دەبوایە شۆڕشەکە هەڵگیرسێنمەوە بۆ ئەوەی کەلک لە هەموو ئەو دەرەتانانە وەرگرم کە شۆڕش دەیڕەخساندن. دەبوایە هەرچی کەفوکوڵە بیوروووژێنم بۆ ئەوەی کەلک لە دنەدانی کوێرانە وەرگرم. من بەبێ ئەو کارانە نەمدەتوانی فەرەنسا ڕزگار بکەم." و، ژۆمینی، میژوونووسە سەربازییە بەناوبانگەکەش لەو مەسەلەیەدا تەواو لەگەڵ ئیمپراتۆر هاوڕایە. ناپلیۆن وازی لە بووژاندنەوەی شۆڕشەکەی1793 و

کەلکوەرگرتن لەو هێزە مەزنانە هێنا کە دەیزانی لە شۆڕشدا هەیە و لەبری ئەوە فەرمانی دەرکرد تا حەشارگەکەی بنیامین کۆنستان بدۆزنەوە و بیهێننە کۆشکی تۆیلری.
ئەو نووسەرە سیاسی و هزرڤانە ئازادیخوازە بۆیە خۆی شاردبۆوە، چونکە ڕۆژێک پێش ئەوەی ناپلیۆن بێتەوە نێو پاریس، بەیاننامەیەکی چاپ و بڵاو کردبۆوە و تێیدا گوتبووی گەڕانەوەی ئیمپراتۆر بەڵایەکی گەورەیە بۆ میللەتی فەرەنسا و لەوێدا ناپلیۆنی بە نیرۆن شوبهاندبوو.
بنیامین کۆنستان بە ترس و لەرزەوە چووە لای نیرۆن و کاتێک زانی نەک گوللەباران ناکرێ بەڵکوو پێشنیاری پێ دەکەن دەسبەجێ دەستووری نوێی ئیمپراتۆری فەرەنسا دارێژێتەوە، زۆر دڵخۆش بوو.
کۆنستان ڕۆژی 6ی ئەپریل ڕێگەی درا چاوی بە ناپلیۆن بکەوێ و ڕۆژی 23ی ئەپریل دەستووری ئیمپراتۆریی بەو ناوە سەیروسەمەرەیە دارشتەوە: "پاشکۆی یاسایی دەستووری ئیمپراتۆری" و بەو جۆرە ناپلیۆن دەیویست پێوەندییەک لە نێوان قۆناغی یەکەم و دووەمی فەرمانڕەواییەکەی خۆیدا دروست بکا. بەڵام کۆنستان هەر دەستوورەکەی لۆیسی هەژدەی وەرگرتبوو و تۆزێک لایەنی ئازادیخوازانەی لێ زیاد کردبوو. پیتاکی هەڵبژاردنیش، هەم بۆ دەنگدەران و هەمیش بۆ ئەوانەی خۆیان دەپاڵاوت بەشێوەیەکی بەرچاو کەم کرابوونەوە. یانی، ئەو کەسەی خۆی دەپاڵاوت دەبوایە هەر دەوڵەمەند بێ. ئازادیی چاپەمەنی زیاتر دابین کرابوو. سانسۆرەکەی جارانی سەر چاپەمەنییەکان لابردرابوو و لەمەودوا تەنیا دادگاکان بۆیان هەبوو لە تۆمەت و سەرپێچییەکانی ڕاگەیاندنەکان بکۆڵنەوە. لە سەرووی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە کە سێسەد ئەندامی هەبوو، ئەنجومەنی پیرانیش دروست دەکرا، کە ئیمپراتۆر خۆی ئەندامەکانی

دەستنیشان دەکرد و شتێکی بنەماڵەییش بوو. یاساکان دەبوایە لەلایەن هەردوو ئەنجومەنەکەوە پەسند بکرێن ئینجا ئیمپراتۆر ئیمزای بکا.
ناپلیۆن ئەو گەڵاڵە نوێیەی دەستووری قبووڵ کرد و لە 23ی ئەپریلدا ئیمزای کرد. ئیمپراتۆر هیچ بەرهەڵستی گەڵاڵەی ئازادیخوازانەی کۆنستان نەبۆوە. ئەو تەنیا دەیویست تا کاتێک چارەنووسی جەنگ یەکلا نەبووەتەوە، جارێ هەڵبژاردنی نوێنەران هەر بگنخێنێ و بەدوای بخا، چونکە ئەگەر سەرکەوتبایە، هەر خۆی دەیزانی چ لە نوێنەرەکان و چاپەمەنی و بنیامین کۆنستانیش دەکا و، تا ئەو کات هەر ئەم دەستوورە بۆ هێورکردنەوەی بیروڕای گشتی بەس بوو. بەڵام بۆرژوای ئازادیخواز بەهیچ شێوەیەک بڕوای بە ئازادیخوازیی ناپلیۆن نەبوو و بەردەوام داوای لە ئیمپراتۆر دەکرد بۆ پێکهێنانی دوو ئەنجومەنەکە دەستوبرد بکا. ناپلیۆن پاش چەند ناڕەزایەتییەک ئاخری قایل بوو کە ڕۆژی 25ی مای ڕۆژی کرانەوەی ئەنجومەنەکان بێ. لەگەڵ ئەوەشدا وا دانرا کە لەو ڕۆژەدا دەستوورەکەی ئیمپراتۆر بخرێتە بەردەم ڕای گشتی و ڕێوڕەسمی بەخشینی ئالاش بە گاردی نیشتمانی بخرێتە پێش کرانەوەی ئەنجومەنەکانەوە.
ئاکامی دەنگدانەکە 1552450 دەنگی ئەرێ و 4800 دەنگی نەخێر بوو. بەڵام ڕێوڕەسمی بەخشینی ئالا بە گاردی نیشتمانی، کە زۆر بەشکۆ و هەژێنەر بوو، لەبری ڕۆژی 26ی مای لە یەکەمی جووندا بەڕێوە چوو. ئەنجومەنی نوێنەرانی گەل کە تازە هەڵبژێردرابوون، ئەنجومەنێک کە ناو "کۆڕی یاسادانان" بۆخۆی پاراستبوو، ئەویش هەر لەو یەکەم ڕۆژەی جووندا کرایەوە.
هێشتا حەفتەونیوێک بەسەر پێکهاتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی گەلدا تێنەپەڕیبوو، کە ناپلیۆن لێیان ناڕازی بوو و تووڕەییەکەیشی نەشاردەوە.

ئەو تەنانەت تۆزێکیش چییە قبوولّی نەبوو کە دەسەلّاتە بێجلّەوەکەی بەرتەسک بکرێتەوە و بچووکترین نیشانەی سەربەخۆیی لەبەردەم خۆیدا ببینێ. ئەنجومەنی نوێنەران، کەسێکی بەناوی لانژۆینێ کردە سەرۆکی ئەنجومەن، کە یەکێک بوو لە ئازادیخوازە میانڕەوەکان و لە ژیرۆندنەکانی جاران بوو و ناپلیۆن تۆزێک بەو گەشبین بوو. ئیتر دیارە نابێ کەس لەو هەلّبژاردنە ناڕازی بێ، چونکە لانژۆینێ هەر بەڕاستی ناپلیۆنی لە بۆربۆنەکان پێ باشتر بوو، لەگەلّ ئەوەشدا ناپلیۆن تووڕە بوو و، کاتێک وتاری کۆڕی یاسادانانی بیست کە زۆریش ڕێزدارانە و گوێڕایەلّانەش دارێژرابوو، گوتی: "ئێمە نابێ لە یۆنانییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریای ڕۆما بچین، کە وەختێک مەنجەنیقەکانی دوژمن شوورەی شارەکەیانی دەکوتا، ئەوان خەریکی چەلەحانێ و مشتومڕ بوون." جا بە قسەیە ویستی ئاماژە بە بەرەی یەکگرتووی ئەوروپی بکا، کە لە هەموو لاوە هێرشەکانی خۆیانیان لەسەر کەوشەنەکانی ئەوروپا جێگیر دەکرد.

ناپلیۆن لە 11ی جووندا، وتاری نوێنەرانی گەلیشی بیست و لە 12ی جووندا چۆوە نێو سوپا بۆ ئەوەی شەڕە دێوەزمەئاساکەی لەگەلّ ئەورووپا دەست پێ بکا.

کە دەڕۆیشت دەیزانی ئەوانەی بەجێی هێشتوون، جێی متمانە نین. هەلّبەت بێباوەڕییەکەیشی لە نوێنەرە ئازادیخوازەکانی ئەنجومەن نەبوو، بەلّکوو لەو کەسە بوو کە ناپلیۆن هەر لە دوورگەی ئەلب گەڕابۆوە، وەزارەتی پۆلیسی بەو ئەسپاردبوو. ڕۆژی پێش گەیشتنەوەی ناپلیۆن بە پاریس، ژۆزف فۆشێ بە ئانقەست بۆربۆنەکانی لەخۆی تووڕە کردبوو و بەو فێلّ و دەهۆیە توانیبووی لەگەلّ گەیشتنەوەی ناپلیۆندا پۆستی وەزارەت بۆخۆی دەستەبەر بکا. ناپلیۆن هیچ گومانی لەوەدا نەبوو کە فۆشێ هەموو جۆرە فرتوفێلّ و گزە و خیانەتێکی لێ دەوەشێتەوە، بەلّام لە پێشدا

ئەیالەتی "ڤاندێ" سەربزێویی کردبوو و فۆشێ لەهەموو کەس باشتر دەیزانی چۆن بەرەنگاری سەربزێوانی ڤاندێ بێتەوە. جگە لەوەش ناپلیۆن هیوای بە نێوان ناخۆشییەکەی نێوان فۆشێ و بۆربۆنەکان بوو. لەگەڵ ئەوانەشدا وەک قۆناغی یەکەمی فەرمانڕەواییەکەی، وێڕای کەلکوەرگرتن لە بلیمەتی و بەهرەی پۆلیسی و لێوەشاوەییەکەی لە سیخوڕیی فۆشێدا، کەسێکیشی لەسەر فۆشێ دانا، بۆ ئەوەی بەوپەڕی نهێنیپارێزییەوە ورد ورد چاوی بەسەر کاروکردەوەکانیەوە بێ.
ئیمپراتۆر بۆ ئەم کارە فلۆری دۆشابۆلۆنی کە پێشتریش ناومان هێنا، هەڵبژارد. فلۆری، جارێکیان هەندێ ساتوسەودای نێوان فۆشێ و مترنیخی لەقاو دا و، لە ڕاستیدا ئەگەرچی فۆشێ توانیی بەڕەی خۆی لە ئاوی ئەو گێچەڵە دەربکێشێ، بەڵام ناپلیۆن کە لە مانگی مایدا لەسەر ئەو مەسەلەیە مشتومڕی لەگەڵ کرد، پێی گوت: "فۆشێ، تۆ خیانەتکاری و ئاخریەکەی هەر خۆم لەدارت دەدەم." جا وەزیری پۆلیس چونکە ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی ناپلیۆندا ببوو و تۆزێک لەگەڵ ئەو هەڵچوونانەی ڕاهاتبوو، کڕنۆشێکی بۆ کرد و گوتی:" دەنا من لەو بارەیەوە هیچ لەگەڵ خاوەنشکۆدا هاوڕا نیم."
بەڵام چار چ بوو؟ ئەگەر ناپلیۆن بەسەر بەرەدا سەرکەوتبایە، ئەنجومەن گوێڕایەڵی دەبوو و فۆشێیش یەکێک لە وەفادارە بێمزەڕەتەکانی دەبوو. ئەگینا ئیتر گرینگ نەبوو کێ ئیمپراتۆر بەخاک دەسپێرێ. یانی نوێنەرە ئازادیخوازەکان دەیانناشت یان وەزیرە خیانەتکارەکان؟
ناپلیۆن پشتی بە داڤۆ گەرم بوو کە هەروا فەرماندەی گشتی و وەزیری جەنگ بوو لە پاریس، لەگەڵ کارنۆش. ئەو کۆنە کۆماریخوازەی تا ئەو کاتە هەر خۆی بواردبوو لەوەی خزمەتی ناپلیۆنی تاکڕەوی قاتڵی کۆماری

بکا، لە 1815دا بەپێی خۆی هاتبووە لای ئیمپراتۆر و گوتبووی خزمەتکارم، چونکە بۆربۆنەکانی لە خراپ پێ خراپتر بوو.
ناپلیۆن دڵنیا بوو لەوەی گەڕەکە کرێکارنشینەکانی دەوری پاریس کە ئەوکات لە بەهاری ساڵی 1814یش برسیتر بوون، وەک چۆن لە 1813 و 1814دا ڕانەپەڕیبوون، ئێستاش ڕاناپەڕن، هۆکاری ڕانەپەڕینەکەشیان هەر ئەوە بوو کە کارنۆی ناچار کردبوو بێت و خزمەتی ناپلیۆن بکا و ژاکۆبنەکانیشی ناچار کردبوو ئەو کاتەی ناپلیۆن لە کەنداوی ژوان دادەبەزی، بچنە سڵاوی. ئەو دەیزانی لەو کاتەدا کرێکارانیش وەک کارنۆ و ژاکۆبنەکانی ویلایەتەکان، وەک ئیمپراتۆرێک لەو ناڕوانن کە لەهەمبەر خەنیمێکی دیکەی دەسەڵاتخوازدا داوای تەخت و تاجی خۆی دەکا، بەڵکوو بەڵای ئەوانەوە ئەو سەرداری سوپاکەی فەرەنسای بەرهەمی شۆڕشە، کە دەچێ لە هەمبەر دەستێوەردانی دەرەکی و ئەو بۆربۆنانەی هاتوونەتەوە ڕژیمەکەی پێشوویان دامەزرێننەوە، بەرگری لە نیشتمان بکا. ئەم سەردارە لەبەرچاوی هەموو دنیا، بە دۆست و دوژمنەوە، پاڵەوانی بێوێنەی تاکتیکی شەڕ و بلیمەتترین سەرداری هەموو چاخ و سەدەکان و مامۆستای بێهاوتای لەشکرکێشی و تاکتیکی سەربازی بوو.
وڵاتی فەرەنسا و ئەوروپا کە لە هەمبەریدا قوت ببوونەوە، سەریان لێی سووڕ مابوو.

5

ئەم شەڕە کە دواییین شەڕی ناپلیۆنە، بەردەوام بووەتە بابەتی مشتومڕی پڕکەفوکوڵ و گەلێ سەرچاوەی بۆ بەرهەمی زانا و لێکۆڵەر و ئەدیبان دابین کردووە و هەر هەموشیان تێیدا زنجیرەیەک ڕووداوی شووم و

بێفەڕیان تێدا بەدی کردووە، کە سەرکەوتنێکی تەواو مسۆگەر و ئامادەیان لە چنگی ناپلیۆن دەرهێناوە.

لە ڕوانگەی شیکاری و لێکدانەوەی زانستی و ڕیالیستیانەی ڕووداوەکانەوە، هێنانەبەرباسی لەم چەشنە بۆ ڕەخنەگرانی سەربازی نەبێ، بۆ کەسی دی سەرنجڕاکێش نییە. تەنانەت ئەگەر بەبێ هیچ شتێک ئەم بۆچوونە قبوولْ بکەن کە ناپلیۆن بێت و ئەو ڕووداوە شوم و بێفەڕانە بەرۆکیان نەگرتبایە، بێ ئەملاولا شەڕەکەی واتێرلۆی دەبردەوە، دیسانیس هەر ئەو ئەنجامەی لێ دەکەوتەوە: یانی ئیمپراتۆرییەکە مەحکووم بە نەمان بوو، چونکە ئەوروپا تازە دەستی بە پەرەپێدان و تۆکمەکردنی هێزەکانی خۆی کردبوو، لە حاڵێکدا ناپلیۆن هەموو هێز و خەزێنە و پاشکەوتە سەربازیەکانی خۆی بەکار هێنابوو.

لەو 198000 پیاوەی کە ناپلیۆن لە دەی جوونی 1815دا بەدەستیەوە بوو، یەک لەسەر سێی زیاتری لە شوێنە جیاجیاکانی وڵات پەرش و بڵاو بوون (ئەو ناچار ببوو نزیک بە65000 کەس لە ڤاندێ بەجێ بهێڵێ نەکا شتێک لەوێ بقەومێ). بۆ ئەو جەنگەی لەپێشی بوو، ناپلیۆن تەنیا دەیتوانی پشت بە128000 سەرباز و 344 تۆپ و گاردەکەیشی کە پێنج لەشکر و هەروەها هێزی پشتیوانی سواڕە ببەستێ. هەڵبەت دەبێ سەربازەکانی گاردی نیشتمانی و باقی ئەو ڕێکخراوانەشیان بخەیتە سەر کە بەشێک لە پێکهاتەی سوپا نەبوون و ژمارەیان دەگەیشتە 200000 کەس. نیوەی ئەوانە یۆنیفۆرمی سەربازییان لەبەر نەبوو و یەک لەسەر سێشیان چەکیان نەبوو. ئەگەر جەنگ زۆری خایاندبایە، ئەو دەیتوانی لە سایەی بەهرە و توانای ڕێکخستنی داڤۆی وەزیری جەنگەوە230 تا 240 هەزار پیاوی دیکەش کۆ بکاتەوە. بەڵام لە شوێنێک کە ئینگلیز و پرۆسی و نەمسایی و ڕووسیەکان یەکدابەدوو300000 شەڕکەریان کۆک و پۆشتە

کردبوو و جیا لەو هێزە پشتیوانەش کە لە پاییزێدا ئامادە دەبوون، دیسان دەیانتوانی تا کۆتایی هاوین 300000 کەسی دیکەش چەکدار بکەن، خۆ ئەگەر ناپلیۆن یەکەم جار سەریش کەوتبایە، چون دەکرا شەڕەکە هەر بەردەوام نەبێ؟ بەرەی یەکگرتوو بەو هیوایە بوون لەسەر یەک، زیاتر لە یەک ملیۆن سەرباز بنێرنە شەڕگە.
بەرە لێ بڕابوون کە مەسەلەی ناپلیۆن یەکلایی بکەنەوە. پاش تێپەڕینی یەکەم ساتەکانی ترس و بێهیوایی، هەموو ئەو دەولّەتە زلهێزانەی لە کۆنگرەی ڤیەننادا بەشدار ببوون، کەوتنە جموجۆڵ و چالاکییەکی بێوێنە. ناپلیۆن زۆری هەوڵ دا بە جیا پێوەندییان پێوە بکا و لەگەڵیان بکەوێتە دانوستانەوە، بەڵام هەوڵەکانی هیچیان لێ شین نەبۆوە و ناپلیۆن وەک "دوژمنی مرۆڤایەتی" و کەسێک کە یاسا پشتیوانی لێ ناکا، ناسێنرا.
ئەوەندە بەسەر بڵێین، فەرەنسا دەسبەجێ پاش شەڕەکەی واتێرلۆ، جگە لە سوپای وڵاتانی پلەدوو، هەر لەلایەن سوپای نەمسا(230000 کەس) و سوپای ڕووسیا(250000 کەس) و سوپای پرسی(310000کەس) و سوپای ئینگلیز(100000)یەوە داگیر کرا. ئەو سوپایانە، لەگەڵ بڵاوبوونەوە هەواڵی دابەزینی ناپلیۆن لە باشووری فەرەنسا، دەسبەجێ ڕێک خرابوونەوە.
جگە لەو ڕقەی ئەلکساندر و فرانسوا و فردریک ویلهۆڵمی سێیەم و مترنیخ و کاستلێری لە ناپلیۆنی داگیرکەر و سەرکەوتوویان هەبوو و جگە لەو ترسی کە ئەو پیاوە شەڕکەرە هەمیشە سەرکەوتووە دەیخستە دڵی ئەوانەوە، ئەوەی لەوکاتدا لە هەموو شتێک پتر ئەوانی نیگەران دەکرد ـ(هەڵبەت بەپێی باری دەروونیی کرێکاران و پێشڤەچوونی بزووتنەوە ڕیفۆرمخوازییەکان لە ناوەندی کۆمەڵگەی بۆرژوای وڵاتەکانیاندا وەک

هەموو ناوەندەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستیی ئەورووپا) ـ ئەو شێوازە ئازادیخوازانە نوێیە بوو کە ناپلیۆن پاش گەڕانەوەی گرتبوویە بەر.
لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ئەورووپاییەوە، ئەو دەسرۆکە سوورەی مارا لەسەری دەبەست، زۆر ساماناکتر بوو لەو تاجە زێڕینەی ناپلیۆن لەسەری دەنا و، لە 1815دا ئەوان پێیان وابوو ناپلیۆن دەیەوێ مارا ببووژێنێتەوە تاکوو بۆ خەباتەکەی خۆی کەلکی لێ وەرگرێ. ناپلیۆن وەها بڕیارێکی نەدا، چونکە ئەو خۆی لەوانی پتر لێ تۆقیبوو، بەڵام لە ڤیەننا و لەندەن و بەرلین و پێترسبۆرگ، ترس لەو خەیاڵەخاوە، ڕق و بێزاری بێبەزەییانەی بەرەی بەرانبەر بە ناپلیۆنی خەستتر دەکردەوە.
کە ناپلیۆن گەیشتەوە سوپاکەی، بە کەفوکوڵ و خرۆشێکەوە پێشوازیی لێ کرا، کە لەتاریف بەدەرە. بەڕپرسانی زانیاریی ئینگلتەرا نەیاندەتوانی سەرسووڕمانەکەی خۆیان بشارنەوە و بە ولینگتۆنیان ڕادەگەیاند، کە پەرستنی ناپلیۆن گەیوەتە حاڵەت و ئاستی وڕێنەکردن. ئەو بەڵگانە لەگەڵ ڕاپۆرتەکانی نێردەی بێگانان کە ڕاسپێردرابوون لە باری دەروونیی خەڵکی فەرەنسا بکۆڵنەوە، تەواو یەک دەگرنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نە ولینگتۆن و نە سیخوڕەکانی ئەو نەیاندەزانی کە سەربازەکان چەندە لە ژەنەڕاڵ و مارشاڵەکان نیگەران و بەگومانن و متمانەیان پێیان نییە. سەربازەکان هەر لەبیریان بوو کە چۆن مارشاڵەکان لە 1814دا خیانەتیان لە ئیمپراتۆر کردبوو. ئەوان چونکە باوەڕێکی کوێرانەیان بەناپلیۆن هەبوو، دەیانویست ئیمپراتۆر بەو جۆرە لەگەڵ "خیانەتکارأن" هەڵسوکەوت بکا، کە پێشتر ئەنجومەنی کۆنڤانسیۆن لەگەڵ ژەنەڕاڵە گومانلێکراوەکان جوولابۆوە، یانی ئەو خیانەتکارانەی یەخەی جلەکانیان گەلا بەڕووی لێ دوورابوو، گیوتینیان بۆ هەڵخەن. بەڵام ناپلیۆن وەها بڕیارێکی نەدا. مارشاڵەکان و ژەنەڕاڵەکان هەر وا پلەی فەرماندەییەکەیان پارێزرا. ناپلیۆن وێڕای ئەوەی

لەبەرخۆیەوە دەیگوت، ترسی شۆڕشگێڕانە دووهێندە بەهێزتری دەکا، نە لە پشتەوەی شەڕگەر و نە لەپێشەوەش ئامادە نەبوو شۆڕشەکە هەڵگیرسێنێ.
حزووری ناپلیۆن وڕەی سەربازەکانی بەرز دەکردەوە. سەربازەکان دڵنیا بوون لەوەی کە لەمەودوا ژەنەڕاڵ و مارشاڵەکان دەخەنە ژێر چاودێرییەوە و ئیتر نابێ لە خیانەتی کتوپڕی چەند کەسێک بترسن کە سوپاش لێیان دڕدۆنگە.
ناپلیۆن، ئینگلیزی و پرۆسییەکانی لەپێش بوون، چونکە زووتر لە دەوڵەتەکانی دیکەی بەرە گەیشتبوونە شەڕگە. نەمساییەکان بەهەشتاو و خرۆشەوە دەهاتن. لە مارسی 1815دا یانی ڕێک لە دەسپێکی فەرمانڕەواییە نوێیەکەی ناپلیۆندا، مۆرا کە لە 1814دا ناپلیۆن کردبووی بە پادشای ناپڵ و کۆنگرەی ڤیەننناش ناڕاستەوخۆ بەپادشای لەقەڵەم دابوو، هەر زانیی ناپلیۆن گەیوەتەوە فەرەنسا، دیسان کتوپڕ پەیمانی لەگەڵ بەستەوە و شەڕی دژی نەمساییەکان ڕاگەیاند، بەڵام پێش ئەوەی ناپلیۆن لەگەڵ دەوڵەتانی بەرەدا بکەوێتە شەڕەوە، ئەو شکا، بە شێوەیەک کە لە نێوەی مانگی جووندا ناپلیۆن ئیتر نەیدەتوانی پشت بەو هاوپەیمانەی خۆی ببەستێ کە دەکرا پێشی بەشێک لە هێزەکانی نەمسا بگرێ. بۆیە پێش هەموو شتێک ناپلیۆن دەبوایە ئینگلتەرا و پرۆسییەکان بکشێنێتەوە.
ولینگتۆن بە هێزە ئینگلیزەکانی خۆیەوە لە برۆکسڵ و بلۆخر بە سوپا پرۆسییەکانی خۆیەوە لە دەم ڕووبارەکانی سامبرێ و میوسێ لە نێوان شارلڕوا و لیژ بوو.
لە 14ی جووندا، ناپلیۆن بەهێرشکردنە سەر بەلژیک شەڕەکەی هەڵاییساند. ئەو تیژ و خێرا خۆی بەنێوان ولینگتۆن و بلۆخێردا کرد و پەلاماری بلۆخێری دا. بەڵام مانۆڕەکەی ناپلیۆن لە باڵی ڕاستەوە تۆزێک

خاو بۆوە، چونکە ژەنەڕاڵ بۆرمۆن کە شاپەرست و دەمێکیش بوو سەربازەکانی لێی بەگومان بوون، ڕای کرد و کەوتە گەڵ پرۆسییەکانەوە. پاش ئەو ڕووداوە، سەرباز ئەوەندەی دیکە باوەڕیان بە فەرماندەکانیان نەما. بلۆخێر سەرەڕای ئەوەی بۆرمۆنی قبووڵ نەکرد، تەنانەت پەیامیشی بۆ ئەو ژەنەڕاڵە خیانەتکارە نارد و پێی گوت: "وەک سەگێکی گلاّو" سەیرت دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕووداوەی بە هات و فەڕ لێک دایەوە. کە ناپلیۆنیان لە خیانەتی بۆرمۆنی شاپەرستی ڤاندێیی ئاگادار کردەوە، گوتی: "سپییەکان، هەر سپی دەمێننەوە". (مەبەستی شاپەرستەکان بووە، کە ئالاّکەیان سپی بوو).

ناپلیۆن لە 15ی جووندا فەرمانی بە مارشاڵ نێ کردبوو گوندی کاتێربرا لەسەر جادەی بڕۆکسڵ داگیر بکا بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئینگلیزییەکان بێنە پێشەوە، بەڵام نێ کە هەر خۆی دەگنخاند، ئەو کارەشی بەقووندا خست. لە 16ی جووندا، ئیمپراتۆر لە نزیک لینی شەڕێکی قورسی لەگەڵ بلۆخێر کرد و سەریش کەوت. لەو شەڕەدا بلۆخێر زیاتر لە 20000 سەرباز و ناپلیۆنیش نزیک بە 11000 سەربازی لەدەست دا. بەڵام ناپلیۆن لە سەرکەوتنەکەی خۆی ڕازی نەبوو، چونکە ئەگەر نێ هەڵەی نەکردبایە و لەخۆوە لەشکری یەکەمی لە نێوان کاتێربرا و لینیدا ماتڵ نەکردبایە، ئەو دەیتوانی سوپاکەی پرۆس تەواو لەنێو بەرێ. بلۆخێر کە شکابوو، بەڵام ئیتر لەنێو نەچووبوو و بەرەو شوێنێکی نادیار پاشەکشەی کردبوو.

رۆژی حەڤدەیەم، ناپلیۆن پشووی بە سەربازەکانی دا. ڕەخنەگرانی سەربازی لەسەر ئەوە، ناپلیۆنیان لۆمە و سەرکۆنە کردووە کە بۆچی وەها ڕۆژێکی زێڕینی لەکیس داوە و دەرەتانی بۆ بلۆخێر ڕەخساندووە یەکە لێکترازاوەکانی خۆی کۆ بکاتەوە و ڕێکیان بخاتەوە. بەرەبەری نیوەڕۆ ناپلیۆن 36000 سەربازی لە سوپاکەی جیا کردەوە و بە

فەرماندەیی مارشاڵ گرۆشی وەشوێن بلۆخێری خستن. بەشێک لە سوارەی فەرەنسی، بۆ ئەو ئینگیزانە چووبوون کە لە دوێنێوە هەوڵیان دابوو فەرەنسیەکان لە کاتێربرا دەرەپەڕێنن، بەڵام بارانێکی بەخورِ جادەکانی هەموو کردبووە قورِ و لیتە و نەهیشتبوو برۆن.
ناپلیۆن بە سوپاکەی خۆیەوە گەیشتە نێ و یەکەوڕێ بەرەو باکوور یانی بەرەو برۆکسێل ئەسپی تاو دا. ولینگتۆن بە سوپاکەیەوە لە 22 کیلۆمەتریی برۆکسل کە کەوتووەتە سەر بانووی مۆن ساینت ژان لە باشووری واتێرلۆ، قۆناغ و سەنگەری لێ گرتبوو و دارستانی سوانی کە لە باکووری ئەو گوندەوە هەڵکەوتووە، ڕێگەی پاشەکشەی بەرەو برۆکسڵی لێ گرتبوو.
ولینگۆتن لەسەر ئەو بانووە بەرزە سەنگەری گرت. نەخشەکەی وا داڕشتبوو، کە لەو پێگە بێوێنە پتەوەڕا بەهەر نرخێک بێ، ئەوەندە بەرگری بکا تا بلۆخێر (کە پاش شکانەکەی هێزی پشتیوانی بۆ چووبوو) بێتە هانای.
سیخورِ پەیتاپەیتا هەواڵیان بۆ فەرماندەیی ئەرکانی سوپای ئینگلیز دێنا کە ناپلیۆن سەرەڕای قورِبوونی جادەوبانەکان، هەروا بێ ڕاوەستان بەرەو مۆن ساینت ژان دەڕوا. لە یەکەم سەعاتەکانی دوانیوەڕۆی ڕۆژی 17ی جووندا، ولینگتۆن ئاوای لێک دەدایەوە، کە ئەگەر ئینگلیزەکان بتوانن تا بلۆخێر دەیانگاتێ لەوێ بەرگری بکەن، ئەوا سەرکەوتنیان مسۆگەرە، ئەگینا سوپای ئینگلیز تێدا دەچێ. لەو جەنگەیەدا ژەنەڕاڵ گنێیزناوی سەرۆکی ئەرکانی سوپای بلۆخێر ولینگتۆنی ئاگادار کردەوە کە پرۆسییەکان هەر هێزەکانیان ڕێک بخەنەوە، بەخێرایی دێنە پشتیوانیان. لە دوا ساتەکانی ئەو ڕۆژەدا، ناپلیۆن لە بانووەکە نزیک دەبۆوە، بە شێوەیەک کە لە دوورەوە و لە مژەکەدا، سوپای ئینگلیزی دەدی.

کاتێک سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەژدەی جوون دوو خەنیمەکە یەکتریان دی، ناپلیۆن نزیک 72000 سەرباز و ولینگتۆن 70000 سەربازی پێ بوو. هەردوولا چاوەڕێی هاتنی هێزی پشتیوان بوون و چاوەڕوانییەکەشیان بەجێ بوو: ناپلیۆن چاوەڕوانی گرۆشی بوو کە زیاتر لە 33000 کەسیشی پێ نەبوو و ئینگلیزەکان چاوەڕێی بلۆخێر بوون کە دەبوایە40 تا 50 هەزار سەربازی پۆشتەوپەرداخیان بۆ بێنێ، کە لە 80000 سەربازەکەی شەڕی لینیی بۆی مابوونەوە.

ناپلیۆن لە دواساتەکانی ئەو شەوەدا شەڕکەرەکانی خۆی تەواو ڕێک خستبوو، بەڵام سەرلەبەیانییەکەی نەیتوانی هێرش بکا، چونکە باران زەوییەکەی وا خووساندبوو، ئەستەم بوو بتوانێ هێزەکانی بڵاو بکاتەوە. ئیمپراتۆر بەیانی سەربازەکانی لەسان دا و بەو پێشوازییە گەرموگوڕەی سەربازەکان خەنی بوو. لە ئۆسترلیزەوە قەت وەها جۆشوخرۆشێک نەبینرابوو. ئەو "لەسان دانە" کە دواپین سانی ناپلیۆن بوو، کاریگەرییەکی لەبیرنەکراوی لەسەر خۆی و هەموو ئەو کەسانە دانا کە لەوێ بوون.

ناپلیۆن هەر لە پێشدا ناوەندی فەرماندەیی خۆی لە کێڵگەی کایۆ دامەزراند. سەعات یازدە و نیوی بەیانی دیتیی زەوییەکە کزر بووەتەوە، ئیتر هێمای شەڕی هەڵدا. 84 تۆپ، ئاگری دۆزەخیانەی خۆیان بەسەر باڵی چەپی ئینگلیزەکاندا باراند و بە فەرماندەیی مارشاڵ نێ هێرشەکە دەستی پێ کرد. هاوکات فەرەنسیەکان پەلاماری باڵی ڕاستی سوپای ئینگلیزیشیان دا و هێرشیان کردە سەر قەڵای ئۆگۆمۆن، بەڵام هێرشەکەیان بۆ ئەو قەڵا لەشکانەهاتووە، تووشی بەرەنگارییەکی قورس بۆوە.

هێرش بۆ سەر باڵی چەپ بەردەوام بوو. ئەو شەڕە مەرگهێنە سەعات و نیوێکی خایاندبوو کە لەپڕ ناپلیۆن لە دوور دووری باکووری ڕۆژهەڵاتی

شاپڵ ساینت لامبێرەوە ئاپۆڕایەکی سەربازانی دی وەک تارمایی دەهات. ئەو لەپێشدا وەیزانی گرۆشیە، چونکە چەند جارێک شەوێ و بەیانی پەیامی بۆ ناردبوو کە بەوپەڕی خێراییەوە خۆی بگەیەنێتە شەڕگە. بەڵام گرۆشی نەبوو، بەڵکوو بلۆخێر بوو کە زۆر لێزانانە خۆی لە مارشاڵە فەرەنسیەکە دزیبۆوە و ئێستا دەهاتە هانای ولینگتۆن. کە ناپلیۆن ڕاستییەکەی لێ ڕوون بۆوە، نەشڵەژا، چونکە دڵنیا بوو گرۆشێ وەک سێبەر بە شوێن سەربازانی پرۆسیەوەیە و کاتێک هەردوولا بگەنە شەڕگەکە، پارسەنگەکە دەپارێزرێ، ئەگەرچی بلۆخێر هێزێکی زیاتری هێنابووە پشتیوانی ولینگتۆن. خۆ ئەگەر ناپلیۆن توانیبای دەسپێشخەری بکا و زەبرێکی کاریگەر لە ئینگلیزەکان بوەشێنێ، بەدڵنیاییەوە یارمەتییەکەی گرۆشی، سەرکەوتنەکەی مسۆگەر دەکرد.

ناپلیۆن بەشێک لە سوارەی خۆی بەگژ بلۆخێردا کرد و فەرمانیشی دا مارشاڵ نێ هەروا پەلاماری باڵی چەپ و جەرگەی سوپای ئینگلیز بدا کە لە سەرەتای شەڕەکەوە چەند زەبرێکی سامناکی وێکەوتبوو و چوار لەشکری هێزی ئێرلۆن پەیتاپەیتا بەچڕی پەلاماریان دەدان. لە سەرانسەری ئەو شەڕگەیەدا شەڕێکی خوێناوی هەڵاییسا. ئینگلیزەکان، بە ئاگرێکی دۆزەخی پێشوازییان لەو تابووڕە چڕانە کرد و چەند جاران ئەوانیش هێرشیان کرد. فەرەنسیەکان کە بەردەوام لە جەرگەی شەڕەکەدا بوون، زیانی زۆر قورسیان وێکەوت. لەشکرێکی سوارەی سکۆتلەندی شیریان هەڵکێشا و خۆیان بەنێو ڕیزی فەرەنسیەکاندا کرد و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن. ناپلیۆن کە ئەو پاشەکشەیەی دیت، ڕکێفکوت خۆی گەیاندە شوێنێکی بەرز کە زۆریش لە مەزراکەی بێلئالیاس دوور نەبوو و سوارەی زرێپۆشی میلۆی، کە چەند هەزار کەسێک دەبوون بۆ ناردن، بۆیە سکۆتلەندییەکان بە لەدەستدانی فەوجێک، پاشەکشەیان کرد.

ئەو هێرشە، ڕێکخستنەکەی لەشکری ئێرلۆنی تەواو تێکدابوو. ئیتر باڵی چەپی ئینگلیزەکان لەشکانەهاتوو بوو، ناچار ناپلیۆن پلانەکەی خۆی گۆڕی و هەموو هێزی خۆی بۆ سەر باڵی ڕاست و جەرگەی سوپای دوژمن کۆ کردەوە. سەعات سێ و نیوی دوانیوەڕۆ، مەزراکەی هێی ساینت کەوتە بەردەستی باڵی چەپی لەشکری ئێرلۆن بەڵام ئیتر بەگوێرەی پێویست هێزی نەمابوو کە ئەم سەرکەوتنە بقۆزێتەوە. ناپلیۆن کە ئەوەی دی، چل سواری میلۆ و لێفێڤرێدێنۆتی دا بە مارشاڵ نێ و ڕایسپارد باڵی ڕاستی ئینلگیزەکان لە نێوان هۆگۆمن و هێی ساینت تێک بشکێنێ. قەڵای هۆگۆمن ئاخری کەوتە بەردەستی فەرەنسیەکان، بەڵام ئینگلیزەکان هەروا بەرگرییان دەکرد و هەزار هەزار لەخوێن دەگەوزین.
لەو هێرشە بەناوبانگەدا، سوارەی فەرەنسی کەوتبووە بەر ڕەهێڵەی ئاگری تۆپخانە و پیادەی ئینگلیزەکانەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەمووە زیانەش، ئەوانەی نەدەمردن، لەجێی خۆیان نەدەبزووتن. ولینگتۆن چەند ساتێک پێی وابوو ئیتر هەموو شتێک لەکیس چووە، چونکە وەختێک هەواڵیان بۆ برد کە لە هەندێ شوێن یەکەکان هەر خۆ ڕاناگرن، ئەو لە وەڵامی ئەو ڕاپۆرتە ناخۆشانەی ئەفسەرەکانیدا و وێڕای ئەوەی دوا هێزەکانی پشتیوانی دەنارده شەڕگەکە، دەیگوت: "کەوابوو دەبێ هەمووان لەوێ بکوژرێن، من ئیتر هێزی پشتیوانم پێ نەماوە. ئەگەر تاقیشمان لێ ببڕێ، دەبێ تا بلۆخێر دەگاتێ هەر بەرگری بکەین."
بەڵام ناپلیۆن ئیتر چاوەڕوانی هێزی پشتیوان نەبوو و چونکە جگە لە سوارچاکەکانی هێزی یەدەگی نەمابوو بینێرێتە بەر ڕەهێڵەی ئاگرەکە،37 سوارچاکی کێلێرمانی ڕاسپارد هێرش بکەن. شەو بەسەردا هات. ئاخری ئیمپراتۆر هێزەکانی گاردەکەی خۆی هێنا مەیدان و خۆی سەرکردایەتییەکەی گرتنە ئەستۆ. بەڵام لەو دەمەدا بوو بە قیامەتێک و

باڵی ڕاستی سوپای فەرەنسا کەوتە بەر دەسڕێژی تفەنگ. بلۆخێر بوو کە بە 30000 شەڕکەری حەساوەوە دەهاتە نێو شەڕگەکە. ناپلیۆن ئەوەندە دڵنیا بوو لەوەی گرۆشیش بەدوای بلۆخێردا دەگاتێ، گاردەکەی هەروا هێرشی دەبرد. بەڵام زۆری نەبرد کە ترسێکی ئەژنۆشکێن وەک شەپۆلێکی تۆز و خۆڵ فەرەنسیەکانی داگرت: سوارەی پرۆس پەلاماری گاردی دا و لە هەردووڵاوە ئاگربارانیان کردن. لەو دەمەدا بلۆخێر بە باقی
سەربازەکانیانەوە، ئەسپەکەی خۆی بەرەو مەزرای بێل ئالیانس تاو دەدا کە ناپلیۆن و گاردەکەی ئەوێیان بەردابوو، بۆ ئەوەی لەوێوە ڕێگەی پاشەکشەیان لێ بگرێ. سەعات 8ی شەو بوو بەڵام هێشتا تاریک دانەهاتبوو و ولینگتۆن کە ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ خۆی لەبەر پەلاماری مەرگهێنی فەرەنسیەکان ڕاگرتبوو، فەرمانی کرد هێرش بکرێتە سەر هەموو سەرنگەرەکانی فەرەنسیەکان. گرۆشی هەر سۆراغی نەبوو و ناپلیۆن تا دوایین ساتەکان بێهوودە چاوەڕوانی بوو.
هەموو شتێک کۆتایی هاتبوو، گارد وەک چوارگۆشەیەک چڕ ببۆوە و لەسەرخۆ پاشەکشەی دەکرد و بەنێو ڕیزە چڕەکەی دوژمندا بێهیوایانە دەستی دەکردەوە و تێدەپەڕی. ناپلیۆن لە نێو لیوایەکی نارنجۆکهاوێژدا کە دەیانپاراست، بە سواری دەکشاوە. بەرگریی سەرسەختانە و کۆڵنەدەرانەی گاردی قەدیم، پێشی سەرکەوتووەکانی گرتبوو و چەقاندبوونی. عەگید هاڵکێتی ئینگلیزی ڕووی کردە نیشانشکێنەکانی گارد کە بە فەرمانی ژەنەڕاڵ کامبرۆن هەروا دەستیان دەکردەوە، و لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوو، پێی گوتن: "ئەی فەرەنسیە ئازاکان، خۆ بەدەستەوە بدەن." بەڵام سوارەی گارد مردنیان لە چەکدانان پێ باشتر بوو و کامبرۆن بە جنێوێک وەڵامی دوژمنی داوە. لە شوێنێکی دیکەی شەڕگەکە، بەتایبەتی لە پلانسێنۆیت، کە لەوێ هێزی یەدەگ واتە لەشکرەکەی لۆبۆ شەڕی دەکرد،

فەرەنسیەکان هەروا بەرگرییان دەکرد، بەڵام لە بەردەم هێرشی یەکە حەساوەکانی سوپای پرۆسدا بڕستیان لێ بڕا و پەرش و بڵاو بوون و ڕاکردنیان بە ڕێگەی ڕزگاربوون زانی. تازە شەوی دواتر توانییان بەشێک لە ڕاکردووەکان کۆ بکەنەوە و ڕێکیان بخەنەوە، پرۆسییەکان ئەو شەوە تا بەیانی هەر فەرەنسیەکانیان تا دوور دوور ڕاو نابوو.

7

25000 کەس لە فەرەنسیەکان و 22000 کەس لە ئینگلیز و باقی دەوڵەتانی بەرە کۆژرابوون یان بە بریندار لە شەڕگەکەدا کەوتبوون. پاشەکشەی سوپای فەرەنسا کە دەکرێ بڵێی هەموو تۆپخانەکەیان تێداچووبوو، نزیکبوونەوەی سەدان هەزار سەربازی حەساوەی نەمسایی لە سنوورەکانی فەرەنسا و سەدان هەزار ڕووسی کە دەبوایە بەدوویاندا بگەنێ، ناپلیۆنی شڕ و شپرزە کردبوو و، ئەو لەو کاتەدا کە لە شەڕگەی واتێرلۆ دوور دەکەوتەوە، کتوپڕ لێی ڕوون بۆوە و زانیی ئیتر سەردەمی خوێناویی لەشکرکێشان و سەربازییەکەی خەریکە تەواو دەبێ. ئاخۆ گرۆشی کە بە خۆگنخاندنەکەی ببووە هۆی لەنێوچوونی سوپای فەرەنسا، خیانەتی کردبوو، یان بە سەهوو چووبوو؟ ئاخۆ نێ، لەکاتی هێرشەکەی سوارەی فەرەنسیدا بۆ سەر ئینگلیزەکان، وەک پاڵەوانێک
جووڵابۆوە(بۆچوونی تیەر)، یان وەک شێتێک(بۆچوونی مادڵن)؟ ئاخۆ هەق وابوو ناپلیۆن تا نیوەڕێ ڕاوەستێ، یان دەبوایە هەر بەیانییەکەی پێش ئەوەی بلۆخێر بگاتە شەڕگە، ئینگلیزەکانی لەنێو بردبا؟ هەموو ئەو پرسیارانە و هەزاران پرسیاری دیکە لە ماوەی سەد ساڵدا زەینی هەموو مێژوونووسانیان بەخۆوە خەریک کردووە و سەرنجی هاوچەرخانی شەڕەکەی واتێرلۆیان بۆخۆیان ڕاکێشاوە. بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش

بکەین کە ناپلیۆن لەو دەموساتەدا زۆری گرینگی بەو شتانە نەدەدا. ئەو لە ڕواڵەتدا زۆر لەسەرخۆ بوو و لە مەودای نێوا واتێرلۆوە تا پاریس نوقمی بیرکردنەوە بوو، لەگەڵ ئەوەدا کە ئەمجارە هەرچی هەیبوو لەدەستی دابوو و ئیتر هیوای نەمابوو هیچ شتێکی بێتەوە دەست، بەڵام هێندەی ڕۆژی پاش شەڕەکەی لایپزیک خەفەتبار نەبوو.

ئەو خۆی حەفتەیەک پاش شەڕەکەی واتێرلۆ، بەو جۆرە باسی مانا شاراوەکەی ئەم شەڕەکەی کردبوو: "دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوروپا ئەوشەڕەیان لەگەڵ من نییە، بەڵکوو لەگەڵ شۆڕشەکە شەڕیانە. ئەوان هەمیشە وەک نوێنەری شۆڕش و پیاوی شۆڕش لە منیان ڕوانیوە."

ناپلیۆن چەندیش لە هەندێ لایەنەوە لە شۆڕش دوور بووبێ، بەڵام لایەنگرانی ئازادیی بیر و باوەڕی نەوەکانی پاش خۆی لەسەرانسەری ئەوروپادا ئەویان سەر بەشۆڕش لەقەڵەم دەدا. لێرەدا هەر ئەوەندە بەسە ئاماژە بکەین بە کەفوکوڵی هێرزێن کاتێک سەیری ئەو تابلۆیە دەکا کە تێیدا ولینگتۆن و بلۆخێر لە شەڕگەکەی واتێرلۆ پیرۆزبایی لە یەکتر دەکەن: "ناپلیۆن میللەتانی وەزاڵە هێنابوو و تووڕەیی و ڕقێکی دڕندانەی تێدا گووراندبوون و وای لێکردبوون بڵێن مست لە دڕێشە دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە ئەوان کۆڵنەدەرانە و ڕقئەستوورانە لەپێناو ڕزگاریی خۆیان لەکۆیلایەتی و بۆ بەرژەوەندیی ئاغاکانیان شەڕیان دەکرد. سەرەڕۆیی سەربازی ئەمجارە لەبەر سەرەڕۆیی فیۆدالّی بەزی و بەچۆکدا هات. من ناتوانم بەلای ئەو تابلۆیەدا هەروا بێ بیرکردنەوە تێپەڕم کە تێیدا بلۆخێر و ولینگتۆن لە دەموساتی سەرکەوتنیاندا لە واتێرلۆ پێشان دەدا. هەر جارێکی تاوێک لێی ورد دەبمەوە، لەرز و تەزووەکی سارد و سامناک لە سینەم دەگەڕێ. ولینگتۆن و بلۆخێر شاگەشکە و خەنی سڵاو لەیەکتر دەکەن. جا بۆچی شاگەشکە نەبن؟ ئەوان ڕەوڕەوەی میژوویان لە شارێی خۆی

لاداوە و خستوویانەتە زەلکاوێکەوە کە هەتا نیو سەدەی دیکەش مەحاڵە بێتەوە دەرێ... بەرەبەیان بوو... و، ئەوروپا هێشتا لە خەودابوو، بەبێ ئەوەی بزانێ چارەنووسی گۆڕاوە." هێرزێن ناپلیۆنی تاوانبار دەکرد بەوەی کە بە سەرەڕۆییەکەی خۆی و سووکایەتی بە پێگە و ئابڕوو و بەرژەوەندییەکانی ئەورووپییەکان چەقۆی گەیاندە سەر ئێسقانیان." ناپلیۆن قەت باسی ئەو لایەنەی نەدەکرد، چونکە هەر پێی خۆش نەبوو لەو ڕوانگەیەوە لێکی بداتەوە. بەڵام ئەوەی کە ئەو حکوومەتە بێجڵەوە خانەدانی و فیۆدالّیانەی وا گەلێ جاران تێکی شکاندبوون، تا ڕادەیەک لە واتێرلۆ تۆڵەی خۆیانیان کردبۆوە و فەرەنسای بێشکەی شۆڕش بە گاردی قەدیمەوە لە 18ی جوونی 1815دا پاشەکشەی کردبوو، کە بەپێی قسەکانی ئیمپراتۆر خۆیشی ڕوون و ئاشکرا لەبەرچاوی بووە.

پێویستە سەرنج بدەینە ئەوەش کە دەسبەجێ پاش واتێرلۆ، ئیتر ناپلیۆن یادی ئەو پاڵەوانیەتیە مەزنەی هەر نەکردەوە کە خۆی کۆتایی پێ هێنابوو، جار جار نەبێ، ئەویش وەک بڵێی پاڵەوانی حەماسەکە خۆی نەبووبێ. شتێک کتوپڕ گۆڕابوو. لە گەڕانەوەدا بۆ پاریس، پاش واتێرلۆ، ئەو ئیتر لەپێناو تەخت و تاجدا شەڕی نەدەکرد، بەڵکو وازی لە هەموو پێگەکانی خۆی دێنا و ئەوەش لەبەر ئەوە نەبوو بڵێی ئیرادە و توانا بێوێنەکەی جارانی نەمابێ، بەڵکو بەدڵنیاییەوە لەبەر ئەوە بوو کە بە ئەقڵی خۆی تێگەیشتبوو و لە ناخیشەوە هەستی بەوە کردبوو، کە چاک یان خراپ ئەرکی خۆی ڕاپەڕاندووە و ڕۆڵی ئەو کۆتایی پێ هاتووە. کاتێک 15 مانگ لەمەوبەر، دەستی دابووە قەڵەم بۆ ئەوەی یەکەم دەستەکارکێشانەوەی ئیمزا بکا، کتوپڕی سەری هەڵێنابوو و بە مارشاڵەکانی گوتبووی: "بەیانی وەڕێ دەکەوین و من دڵنیام دەیانشکێنم." هەستی کردبوو هێشتا ڕۆڵی ئەو کۆتایی نەهاتووە و سێ مانگ لەوەپێشیش یانی لە مارسی 1815دا

کارێکی کردبوو که له درێژایی مێژووی جیهاندا کەس شتی وای نەکردبوو، چونکه ئەودەم هێشتا لێوانلێو بوو له متمانەبەخۆیی و له ئەستێرەی بەختی خۆیشی دڵنیا بوو.
بەڵام ئێستا کتوپڕ ئەو ئەستێرەیە بۆ تاهەتایە کوژابۆوە. پاش واتێرلۆ ئیتر ئەو قەت هێندەی شەوەکەی 11ی ئەپریلی 1814 که خۆی دەرماندا کردبوو، بێهیوا نەبوو، بەڵام ئیتر حەز و تاقەتی هیچ کارێکیشی نەمابوو و تەنیا چاوەڕوانی دەکرد بزانێ ڕەوتی ڕووداوەکان چیی بەسەر دێنن و خۆیشی مکوڕ بوو که هیچ دەست له چارەنووسی خۆی وەرنەدا.
له 21ی جووندا، هەر گەیشتەوە پاریس، بانگی وەزیرەکانی خۆی کرد. کارنۆ پێشنیاری کرد داوا له هەردوو ئەنجومەنەکە بکرێ دیکتاتۆریی ناپلیۆن ڕاگەیەنن. داڤۆ تەنیا پێشنیاری کرد کۆبوونەوەی ئەنجومەن دوا بخرێ و ئەنجومەنی نوێنەرانیش هەڵوەشێتەوە. ناپلیۆن ئەو پێشنیارانەی قبوڵ نەکرد. ئینجا نوێنەرانی کۆ کردەوە و بەپێشنیاری لافیت که دیسان هاتبۆوە گۆڕەپانی مێژوو، ڕایگەیاند، که ڕێژیمی مەرجدار تاهەتایە بەردەوام دەبێت.
ناپلیۆن سااڵنێک دواتر گوتبووی، هەر ئاماژەیەکم کردبایە، خەڵک نوێنەرانی ئەنجومەنیان ئەنجن ئەنجن دەکرد و، ئەو نوێنەرانەش که له کاتی ئەم قسەیەی ناپلیۆندا زیندوو بوونە، قسەکانی ئەویان پشتڕاست کردووەتەوە. ئەو جارێکی دیکە دەبوایە مارای لەبەردەم لافایتدا قوت کردبایەوە و له هەمبەر ئەو ئازادیخوازانەی دەیانویست سااڵی 1789 ببووژێننەوە، سااڵی 1793ی زیندوو کردبایەتەوە و له بەردەم بۆرژوادا، جەماوەری گەلی ڕاپەڕاندبایە که چارەگە سەدەیەک لەوەپێش شەڕی ئەورووپای سەرەڕۆی لەکۆڵ فەرەنسا کردبۆوە، بەڵام ناپلیۆن نە پاش واتێرلۆ و نە پاش ئەو کاتیش قەت نەیویست ئەو ڕێگەچارانە بگرێتە بەر.

لە ڕۆژانی 21 و 22 و 23ی جووندا هەواڵی سەیروسەمەرە پەیتا پەیتا لە گەڕەکە کرێکارنشینەکانی پاریسەوە دەهات. ئاپۆڕایەک کە لەوێ کۆ دەبوونەو، بە دەنگی بەرز دژی دەسلەکارکێشانەوەی ئیمپراتۆر دروشمیان دەدا و داوایان دەکرد دژی داگیرکەران درێژە بە خەباتی چەکداری بدرێ.
ڕۆژی 21ی جوون تا ئێوارێ و شەوانی 21 و 22 و ڕۆژی دواتریش، دەستەدەستەی دووروودرێژ لە شەقام و گەڕەکەکانی سەنت ئانتوان و سەن ماڵسڵ و تامپڵ وەڕێ دەکەوتن و بە دروشمی "بژی بژی ئیمپراتۆر، مەرگ و نەمان بۆ نوێنەرانی ئەنجومەن، یان مەرگ یان ئیمپراتۆر، دەست لەکار مەکێشەوە ئیمپراتۆر، خەڵکینە دەست بدەنە چەک، مەرگ بۆ خۆفررۆش و ناپاک" دەگەڕان و دروشمیان دەدا. بەڵام ناپلیۆن ئیتر نەیدەویست فەرمانڕەوایی بکا.
لە پاریس کۆڕ و مەکۆ ئابووری و داراییەکان کە زۆر نیگەران ببوون و ئەندامانی ژووری بازرگانی و بانکداران، کۆبوونەوەی ڕاوێژکارییان گرت. ترسێکی ئەژنۆشکێن بەسەر بۆرسەدا زاڵ ببوو. ناپلیۆن ڕوون و ئاشکرا لەبەر چاوی بوو کە بۆرژوا بەجێ دێڵێ و ئیتر سوودێکی بۆ ئەو چینە نیە بەڵکو مەترسیداریشە. ئینجا ئەو کە لە هەموو سەردەمی
فەرمانڕەواییەکەیدا پشتی بەو چینە بەستبوو و ئێستاش بەچاوی خۆی دەیدی کە هەر ئەو چینە خیانەتی لێ کردووە، ئیتر بڕیاریدا لەپێناویدا شەڕ نەکاتەوە.
ڕۆژی 22ی جوون، لەپێناوی کوڕەکەیدا واتە پادشا بچکۆلانەکەی ڕۆما کە لە بەهاری 1814ـەوە لەگەڵ دایکی لەلای ئیمپراتۆر فرانسوای باپیری دەژیا، دەستی لەکار کێشایەوە بەڵام ئەمجارە ئیتر هیوای بەوە نەمابوو کە دەوڵەتانی ئەوروپی ئامادە بن بۆربۆنەکان بکەنە قوربانیی کوڕەکەی وی.

لەو دەمەدا ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە دەوری کۆشکی ئێلیزێ کە ناپلیۆن پاش گەڕانەوەی لەشەرەکە لەوێدا حەوابۆوە، کۆ ببوونەوە و هاواریان دەکرد: "دەست لەکار مەکێشەوە، بژی بژی ئیمپراتۆر." ئەو خۆپێشاندانانە ئەوەندە چڕ و بەتەوژم بوون کە بۆرژوای گەڕەکەکانی ناوەندی پایتەخت زۆر نیگەران بوون و ترسی ئەوەیان لێ نیشت نەکا ئاگری شۆڕشەکە هەڵاییسێتەوە. تارمایی شۆڕش لەوەیش خراپتر ئەو شۆڕشەی کە ناپلیۆنی دەکردە دیکتاتۆری بێجڵەو، چینی باڵا و تەنانەت بۆرسەبازە
خواپێداوەکانیشی نیگەران کرد و ترسی وەبەر نان. بەڵام هێشتا دەنگۆی دەست لەکارکێشانەوەی ناپلیۆن لە شار نەگەڕابوو، کە سوودی ملکانەی ملکە کشتوکاڵییەکان یەکسەر بەرز بۆوە: بۆرژوا ڕازی بوو دەسبەجێ ئینگلیزی و پرۆسی و نەمسایی و ڕووسیەکان بگەنە نێو پایتەخت، نەک ئەوەی کرێکارانی دەوروبەر بێنە نێو سیاسەتەوە، بەتایبەتی ئەو کرێکارانەی بە ڕواڵەت دەیانویست بەرەنگاری دەستدرێژیی بێگانان ببنەوە. کاتێک لە ئێوارەی 22ی جووندا ڕوون بۆوە کە ناپلیۆن چووەتە مااڵمزۆن و دەست لەکارکێشانەوەکەی مسۆگەرە و پاشگەزبوونەوەی نییە، ئیتر دەستە و تاقمەکان وردە وردە پەرش و بااڵو بوون.
تیشک خستنەسەر باری دەروونی بەشێک لەو کرێکارانەی کەوتبوونە گەڵ ئەو خۆپێشاندەرانەوە، تا ڕادەیەک ئەو ڕاستیە بوو کە بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا هەزاران کرێکاری بیناسازی کە لە شارەچکۆلەکانەوە بە هیوای کاری بیناسازی و بەردەچنکردنی شەقام و کۆاڵنەکان دەهاتنە پایتەخت، وەک "بەردتاش و وەستای سەربانی جزیری و بناغەداڕێژ و دارتاش و تەنەکەساز و...." ئەوانە نەدەگەڕانەوە و لە خەڵکی شارەکە زیاد دەبوون. ئەو کرێکارە وەرزییانە لە کرێکارە پاریسییەکان پتر هۆگری ئەو گوندانە بوون کە لێیانەوە دەهاتن. لەبەر ئەوەی هەم کرێکار بوون و هەمیش

جووتیار، دوو ئەوەندە ڕقیان لە بۆربۆنەکان بوو و لە ناخی ناپلیۆندا پیاوێکیان بەدی دەکرد، کە مەترسیی هاتنەوەی بۆربۆنەکان دەیانپارێزێ. ئەوانە بەتەما نەبوون داکەون و نەیاندەویست بڕوا بکەن کە ناپلیۆن وازی هێناوە. ئەوان دەڕژانە شەقامەکانەوە و تووشی هەر کەسێکی ڕێکپۆش بوایەن، بەو گومانەی کە لەوانەیە "خانەدان بێ" هەتا دەجوولایەوە لێیان دەدا، هەر لەبەر ئەوەی کە بەگزادە و خانەدانەکان وێڕای خەڵکەکە هاواریان نەدەکرد: "دژی دەست لەکارکێشانەوەین". ئەو دەستە و تاقمانە بەردەوام یەکیان دەگرت و دەکەوتنە ڕێ. یەکێک لە شایەتحاڵانی ئەو ڕووداوانەی نەک پێش دەست لەکارکێشانەوەکە، بەڵکو پاش ڕۆژانێ23 و 24 و 25ی جوون لە پاریس ڕوویان دا و تێیاندا هەزاران هەزار کەس دژی ئەو کارە ناڕەزایەتیی خۆیانیان دەربڕی، دەنووسی: "هەرگیز میللەت، میللەتێک کە مافیات دەدا و شەڕ دەکا، هێندە هۆگریی خۆی بۆ ئیمپراتۆر دەرنەبڕیوە."

ئیمپراتۆر لە 28ی جووندا مالمزۆنی بەجێهێشت و بەرەو کەنارەکانی زەریای ئەتڵەس کەوتە ڕێ، بۆ ئەوی سواری یەکێک لە کەشتییەکان بێ و بچێتە ئەمریکا. بە فەرمانی وەزیری دەریاوانی، دوو کەشتییان بۆ ئەو سەفەرەی ئیمپراتۆر تەرخان کردبوو. کاتێک ناپلیۆن سەعات8ی بەیانیی ڕۆژی 3ی جوولای گەیشتە ڕۆشفۆر، کەشتییەکان خەریکی هەڵدانی چارۆکەکانیان بوون، بەڵام دەرچوون لە بەندەرگەکە مەحاڵ بوو، چونکە دەستەیەک لە گەلەگەشتییە جەنگییەکانی ئینگلتەرا گەرووی گەنداوەکەیان گرتبوو. ناپلیۆن چاوەڕوان ما. جوان دیار بوو دەیانەوێ کات بکوژن. بە ڕای نەوەی ڕۆمانتیکی دەوروبەری سالی 1830 "حەماسە پڕ شانازییەکەی ئیمپراتۆر تەنیا قوربانییەکی کەم بوو" و، ئەگەر تاهەتایە وێنەی پڕۆمتێیەکی نوێ کە بەزنجیر لە ڕەوەزەکان شەتەک درابوو لە

زەینی خەڵکدا وێنا نەبووبا، ئەوا ئەفسانەکەی ئیمپراتۆر هێندە گەورە و شکۆمەند نەدەبوو و ناپلیۆن خۆیشی ئەوەندەی ئەوە لێ ڕوون بوو، کە نەیویست کۆتاییەکی دیکە بۆ حەماسە پاڵەوانییەکەی خۆی دیاری بکا.
هەرچۆنێک بێ، ئیمپراتۆر هەرگیز ڕوونکردنەوەیەکی قایلکەری لەسەر هەڵسوکەوتی ئەو کاتە نەخستە ڕوو.
پێشنیاریان پێ کرد لەبری ئەوەی سواری کەشتی بێ، پێویستە بە نهێنی و بە پاپۆڕێکی بچووک بڕوا، بەڵام ئەو ملی بۆ وەها کارێک ڕانەکێشا. لە ڕۆشفۆر ئاشکرا ببوو کە ئەو هاتووە و هەموو ڕۆژێکی چەند هەزار کەس لە بەر پەنجەرەی ماڵەکەی کۆ دەبوونەوە و هەرایان دەکرد: "بژی بژی ئیمپراتۆر." ئاخرییەکەی ڕۆژی هەشتەمی جوولای سواری یەکێک لە کەشتییەکان بوو و کەشتیەکە لە بەندەر چووە دەرێ، بەڵام زۆری نەبرد کە ناچار بوو لە دوورگەی ئەکس لە باکووری ڕۆژئاوای ڕۆشفۆر لەنگەر بگرێ، چونکە گەلەکەشتییە جەنگییەکانی ئینگلتەرا هەموو ڕێگاکانی بەرەو زەریایان گرتبوو.
ناپلیۆن دابەزی و لەوێش هەمووان ناسییانەوە. مەلەوان و سەرباز و ماسیگر و هەموو خەڵکی ئەو دەوروبەرە بەرەو کەشتییەکە غاریان دا. سەربازانی بنکەی دوورگەکە تکایان لە ناپلیۆن کرد لەسانیان بدا و سڵاوی سەربازیان لێ بکا و ناپلیۆن بە قبوولکردنی داواکەیان، خەنی و شاگەشکەی کردن. ئەو سەرێکی لەو سەنگەر و قەڵایانەش دا کە بە ئەمری خۆی لەو دوورگەیەدا دروست کرابوون.
کە گەڕاوە نێو کەشتییەکە، ئاگادار کرایەوە لە پاریسەوە فەرمانیان داوە تا ئەو کاتەی کەشتییە جەنگییەکانی ئینگلیز لەو دەوروبەرانەن، هیچ کەشتییەک لەجێی خۆی نەجوولێ. بەڵام ئینگلیزەکان لە زارکی کەنداوەکەدا دەهاتن و دەچوون و ئامادەی شەڕ بوون.

ئیتر ناپلیۆن دەسبەجێ بڕیارەکەی خۆی دا. ئیمپراتۆر، دووک دۆرۆقیگۆ(ساڤاری) و مۆنتۆلۆن و مارشاڵ بێرتران و لاسکاز و پۆلێک لە ئەفسەرانی سوپای مەزنی لەگەڵ بوون کە دەمارگرژانە وەفاداری بوون. ئەو ساڤاری و لاسکازی نارد لەگەڵ ئینگلیزەکان دانوستان بکەن بزانێ ئاخۆ دەهێڵێن کەشتییە فەرەنسییەکان ناپلیۆن بەرنە ئەمریکا؟ ئەو نوێنەرانە لە کەشتییەکی ئینگلیزیدا بەناوی بێلێرۆفۆن لەلایەن مایتلەندی کەشتیەوانەوە پێشوازییان لێ کرا و ئەو بە وەڵامی بەئەدەبانە بەڵام لێبڕاوانەوە داواکەیانی ڕەد کردەوە و گوتی: "وای دانێ دەوڵەتی ئینگلتەراش ڕێگە بە ناپلیۆن بدات بچێتە ئەمریکا، ناپلیۆن چ زەمانەتێک دەدا کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ناگەڕێتەوە و وڵاتەکەی من و هەموو ئەوروپاش ناچار ناکا ئەوەندەی دیکەش خوێن و قوربانی و باجی شەڕ بدەنەوە؟"

ساڤاری وەڵامی داوە، کە دەستلەکارکێشانەوەی ناپلیۆن لە 1814 و وازهێنانەکەی ئێستای زۆر لێک جیاوازن، چونکە ئەمجارە ئیمپراتۆر بە ویستی خۆی واز لە دەسەڵات دێنێ، لە حاڵێکدا دەشیتوانی هەروا لەسەر تەختی پادشایەتییەکەی بمێنێتەوە و تەنانەت پاش واتێرلۆش لە شەڕکردن بەردەوام بێ. بەڵام ئەو ئەمجارە تاهەتایە واز دێنێ و خەریکی ژیانی تایبەتیی خۆی دەبێ. مەیتلەند وەڵامی داوە: "دەی ئەگەر وایە ناپلیۆن بۆچی داوای پەنابەری لە ئینگلتەرا ناکا؟ لە کۆتایی دانوستانەکاندا، نێردەی ناپلیۆن نەیانتوانی هیچ بەڵێنێک وەرگرن و تەنانەت نەیانتوانی وەڵامی ئەو پرسیارەش وەرگرنەوە کە ئاخۆ ئینگلتەرا وەک دیلێکی شەڕ حیساب بۆ ناپلیۆن دەکەن یان نا؟

کە نێردراوان گەڕانەوە کەشتییەکەی ناپلیۆن و کەشتیەوان و ئەفسەرانی دوو گەلەکەشتیی جەنگیی فەرەنسا ئاگادار بوونەوە کە لەوانەیە ئیمپراتۆر

بکەوێتە دەست ئینگلیزەکان، هەموو ئەوانەی لە کەشتیەکاندا بوون تووڕە بوون و کردیانە هەرا. پۆنێی کەشتیەوان، کە فەرماندەی کەشتییەکی دیکە بوو، بە ژەنەڕاڵ دۆمۆنتۆلۆنی گوت: "من تەگبیرم بە ئەفسەر و کارگێڕانی کەشتییەکەی خۆم کردووە و ئیتر بەناوی ئەوانەوە قسەت لەگەڵ دەکەم".
ئینجا پاش ئەو پێشەکییە پلانەکەی خۆی خستە ڕوو: "کەشتییەکەی ئەو بەناوی "میدۆزێ" لە کاتی شەودا کتوپڕ بەسەر کەشتییەکەی بێلێرۆفۆندا بدات. ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان دوو سەعاتێک سەرقاڵ بن. دەی دیارە کەشتیی میدۆزێ دەبووە قوربانی، بەڵام ئەو دەرفەتە دووسەعاتە، دەرەتانی بۆ کەشتییەکی دیکە بەناوی سائال دەرەخساند ناپلیۆن بە زارکی کەنداوەکەدا دەرباز بکا و دوور بکەوێتەوە، چونکە وەک دەگوترا، باقی کەشتییە جەنگییەکانی ئینگلیز، جگە لە چەند پاپۆڕێکی بچووک کە ئەوانیش نەیاندەتوانی کەشتییەکی جەنگیی وەک سائاڵ ڕاگرن، ئەوانی دی زۆر دوور بوون و ئەفسەرانی کەشتیی میدۆزێ ڕایانگەیاندبوو کە ئامادەن گیانیان فیدای ئیمپراتۆر بکەن.
ناپلیۆن کە ئەو پێشنیارەی بیست، بە مۆنتۆلۆنی گوت، ئەو فیداکارییەی فەرمانبەرانی کەشتییەکە قبووڵ ناکا، چونکە ئیتر ئەو ئیمپراتۆر نییە و ماقووڵ نییە کەشتییەکی جەنگیی فەرەنسیەکان بە هەموو سەرنشینەکانیەوە بکرێتە قوربانیی ڕزگاربوونی کەسێکی ئاسایی. ئینجا ناپلیۆن لە کەشتیی سائال دابەزی بۆ ئەوەی لە دوورگەی ئەکس دابەزێ. چەند ئەفسەرێکی گەنج بەرعۆدە بوون بە کەشتییەکی بچووک و بەنهێنی بیگەیەنن شوێنی مەبەست.
بەڵام ئیمپراتۆر لێبڕاوانە بڕیاری لەسەر چارەنووسی خۆی دابوو. لاسکاز گەڕایەوە لای میتلەندی کەشتیەوان و پێی ڕاگەیاند کە ناپلیۆن ساغ بووەتەوە چارەنووسی خۆی بە ئینگلیزییەکان بسپێرێ. مەیلەند دڵنیای

کردنەوە کە بەبێ ئەوەی هیچ بەرپرسیارەتییەک بگرێتە ئەستۆ، لە سەکۆی کەشتییەکەی خۆیدا پێشوازییەک لە ئیمپراتۆر بکا کە شیاوی شکۆ و پێگەی ئەو بێت.
لە 15ی جوولای 1815دا ناپلیۆن سواری کەشتییەکی چارۆکەداری Epervier بوو کە دەبوایە بیگەیەنێتە کەشتییە ئینگلیزییەکەی بێلێرۆفۆن. ئەو جارێکی دیکەش جلوبەرگە دڵخوازەکەی خۆی، کە یۆنیفۆرمی نیشانشکێنەکانی گارد بوو لەبەر کردبوو و کڵاوە بچووکە بەناوبانگەکەشی لەسەر نابوو. فەرماندەی کەشتییە چارۆکەدارەکە لە پێش ئەفسەرەکانەوە کە لەسەر سەکۆی کەشتییەکەوە ڕیز ببوون و هاواریان دەکرد "بژی بژی ئیمپراتۆر" خۆی بە ناپلیۆن ناساند و چاوەڕوانی فەرمانی ئەوی کرد.
چارۆکەدارەکە چووە تەنیشت بێلێرۆفۆن ڕاوەستا. مەیلەندی کەشتیەوان لە خوار پەیژەی وەژووورکەوتنی کەشتییەکە، بە سڵاوێکی پتەوی سەربازی پێشوازیی لە ئیمپراتۆر کرد. ئیمپراتۆر هەر پێی نایە سەر سەکۆی کەشتییە جەنگیەکەی ئینگلیز، سەیری کرد هەموو ئەفسەرەکان لەپێشی ڕیز بوون و مەیتلەند ئەفسەرەکانی خۆی یەک بە یەک پێ ناساند.
ئینجا ناپلیۆن چووە باشترین ژووری کەشتیەکە، کە مەلەوانی ئینگلیزی بۆی تەرخان کردبوو. ئیتر بەهێزترین و نەبەزترین و ترسناکترین دوژمنێک کە ئینگلتەرا لە میژووی خۆیدا هەیبوو، کەوتبوە بەر چنگی..

سەنت هێلێن

1815 ـ 1821

1

لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمی زایینیدا، یەکێک لە یەکەم گەڕۆکە پۆرتۆگالییەکان کە پاش واسکۆدۆگاما لە ئاوەکانی باشووری زەریای ئەتڵەسدا بە شوێن دۆزینەوەدا وێڵ بوو، دوورگەیەکی بچووکی لە 15.5ی هێڵی پانایی ڕووبەری باشووردا دۆزییەوە، کە هیچ کەسی تێدا نەدەژیا. ئەو دۆزینەوەیە لە 21ی مای 1501دا بوو، جا چونکە ئەو ڕۆژە لە ڕۆژژمێری کلێسادا تایبەت بوو بە یەکێک لەپیاوچاکانی کلێسا بەناوی سەنت هێلێن، دوورگەکەیان بەناوی ئەوەوە کرد. دوورگەی سەنت هێلێن، لە سەدەی هەژدەیەمدا ئی هۆڵەندییەکان بوو ، بەڵام ئینگلیزەکان لە ساڵی 1673دا بۆ تاهەتایە لە چنگیان دەرهێنان و کۆمپانیای ئینگلیزیی هیندی ڕۆژهەڵات ئەو دوورگەیەی کردە بنکەیەک لە نێوان ئینگلتەرا و هیندوستاندا.

کاتێک دەوڵەتی ئینگلتەرا ئاگادار بۆوە کە ناپلیۆن پەنای بردۆتە بەر کەشتیی بێلێرۆفۆن، بڕیاری دا بینێرێتە ئەو دوورگەیە. نزیکترین بەستێنی وشکانیی ئەفریقا لە دوورگەی سەنت هێلێن 2000 کیلۆمەتری مەودا هەیە و بە پاپاپۆڕی چارۆکەداری ئەوکات لە ئینگلتەراوە بە دوو مانگ و نیو تا سێ مانگ دەگەیشتنە ئەوێ. ئەو شوێنە جوگرافیاییە کاریگەرییەکی یەکلاکەرەوەی لەسەر بڕیارەکەی ناپلیۆن هەبوو. پاش فەرمانڕەواییە سەد ڕۆژییەکەی دواجاری، ناپلیۆن هێشتا لە هەموو کات سامناکتر دیار بوو کە ئاخر شاکاری حەماسیی خۆی خولقاندبوو. ئەگەر جارێکی دیکەش لە فەرەنسا دەربکەوتایەتەوە لەوانەبوو دیسان ئیمپراتۆرییەکەی زیندوو بکاتەوە و شەڕێکی گەورە لە ئەوروپادا هەڵاییسێنێتەوە.

سەنت هێلێن لەبەر ئەوەی لە جەرگەی ئۆقیانووسدا هەڵکەوتبوو و زۆر زۆریش لە وشکانییەوە دوور بوو، ئیتر نەگەڕانەوەی ناپلیۆنی دەستەبەر دەکرد.

شاعیرانی ڕۆمانتیک و مێژوونووسانی نیشتمانپەروەری فەرەنسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئینگلتەرا بەتایبەتی ئەو دوورگەیەی بۆ مانەوەی ناپلیۆن دەسنیشان کرد بۆ ئەوەی زیندانییەکەی خۆی زووتر بکوژێ، بەڵام ئەم قسەیە ڕاست نییە. کەشوهەوای سێنت هێلێن زۆر تەندروست و خۆشە. نێونجی گەرمای ڕۆژ لە گەرمترین وەرزی ساڵدا 24 پلەیە و نێونجی سەرماش لە وەرزە هەرە ساردەکەیدا 18 پلەیە و بەرزترین ئاستی ساڵانەیشی 21 پلەیە. ئەمڕۆ دارستانە گەورەکان لەو دوورگەیەدا زۆر کەمتر دێنە بەرچاو، بەڵام لە سەدەیەک لەوەپێشدا جەنگەڵی زۆر بووە. ئاوی خواردنەوەی سەنت هێلێن خۆش و خاوێن و سازگارە و زەوی و زارەکەیشی کە بە گوێرەی پێویست پاراو دەبێ،

گڕ و گیایەکەی چڕ و جۆراوجۆرە و پڕە لە نێچیر. ڕووبەری دوورگەکە122 کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و کەنارە بەردەڵێن نووکتیژەکانیشی کە بەردی کەسکی تۆخی بازاڵتن، هەر دەڵێی لە دڵی ئۆقیانووسەکەوە سەریان هێناوەتە دەرێ.
کە بەناپلیۆنیان گوت دەیبەنە دوورگەی سەنت هێلێن، نارەزایەتیی دەربڕی و گوتی، مافی ئەوەیان نییە وەک دیلێکی شەڕ لەگەڵی بجوولێنەوە. لە کەشتییەکەی بێلێرۆفۆنەوە گواستیانەوە نێو کەشتیی نۆرسومبێرلەند و کەشتیی گۆرین پاش دوو مانگ و نیو بڕینی دەریا لە 15ی ئۆکتۆبەری 1815دا گەیاندیە دوورگەیەک، کە دەبوایە باقی ژیانی لەوێدا بەسەر بەرێ.
خەڵکێکی زۆر کەم لە فەرەنسیەکان ناپلیۆنیان تا دوورگەکە بەڕێ کرد، چونکە دەوڵەتی ئینگلتەرا داوای زۆرینەی ئەو کەسانەی ڕەد کردەوە کە داوایان کردبوو لەگەڵی بچنە دوورگەکە. یاوەرانی ئیمپراتۆر بریتی بوون لە مارشاڵ بێرتران و ژنەکەی، ژەنەڕاڵ کۆنت دۆمۆنتۆلۆن و ژنەکەی، ژەنەڕاڵ گۆرگۆ، لاسکاز و کورەکەی و، لەگەڵ ئەوانەشدا خزمەتکارە تایبەتییەکەی ناپلیۆن کە ناوی مارشان بوو و چەند خزمەتکارێکی دیکەیش و کەسێکی خەڵکی کۆرس بەناوی سانتینی.
لەپێشدا خانوویەکی تەسک و ناخۆشیان بۆ ناپلیۆن تەرخان کردبوو، بەڵام دواتر بردیانە خانوویەکی گەورەتر لەو بەشەی دوورگەکە، ناوی لانگوود.
هەتا مانگی ئەپریلی 1816 دوورگەکە لە ژێر دەسەڵاتی کۆکبرونی دەریاواندا بوو، بەڵام لە ئەپریلی 1816ـەوە تا مرد، کەسێک بەناوی هۆدسن لاو حاکمی دوورگەکە بوو. لاو سەربازێکی تووڕە و تۆسن و بێمێشک و ئەقڵسووک بوو و لەو دنیایەدا هێندەی لە زیندانییەکەی خۆی

دەترسا، ئەوەندە لە هیچ شتێک نەترسابوو. زۆر هەستی بە بەرپرسیارەتی دەکرد و لە ترسی ئەوەی نەکا ناپلیۆن ڕا بکا ڕۆژی لێ تاڵ ببوو. بەڵام بەپێی ئەو فەرمانانەی بە حاکمی دوورگەکە کرابوو، ناپلیۆن ئازاد و سەربەست کرابوو و دەیتوانی بە سواری یان پیادە بۆ کوێی دوورگەکەی پێ خۆش بێ، بچێت و ئازاد بوو میوانداری بکا یان دەرگاکەی خۆی لەسەر خەڵک دابخا. سەرەتاکان ناپلیۆن نێوانی زۆر لەگەڵ هۆدسنلاو خۆش نەبوو و بەگشتی ڕێگەی نەدەدا هاموشۆی بکا و، کە دەعوەتیشی دەکرد بۆ نانی نیوەڕۆ یان ئێوارێ، قبوولّی نەدەکرد، چونکە هۆدسن لاو پێی دەگوت "ژەنەڕاڵ بۆناپارت". (ئینگلتەرا لە 1803ـەوە یانی لەو کاتەوە کە ناپلیۆن هێشتا نەببووە ئیمپراتۆر، لەگەڵی لە شەڕدا بوو).

نوێنەری دەوڵەتانی ئەوروپیش، یەک لەوان فەرەنسا و ڕووسیا و نەمساش لە دوورگەکە هەبوون. ناپلیۆن میوانداریی لە زۆربەی ڕێبوارانی ئینگلیز و ئی نەتەوەکانی دیکەش دەکرد کە بەوێدا بەرەو هیندوستان یان ئەفریقا ڕادەبردن یان لەوێوە دەگەڕانەوە.

دەستەیەک سەرباز بۆ پاراستنی دوورگەکە نێردرابوونە جیمزتاون تاقە شاری دوورگەی سەنت هێلێن کە لە لانگوودەوە دوور بوو. شیاوی ئاماژەیە، کە ئەفسەر و سەربازەکانی ئەو بنکەیە، نەک هەر ڕێزیان لەو دوژمنە قەستەسەرەی ئینگلتەرا دەگرت، بەڵکو زۆر جاران هەست و کوڵی خۆشیان بۆ دەردەبڕی. بۆ وێنە، سەرباز چەپکە گوڵیان بۆ دەنارد و لەبەر دەوروبەرییەکانی دەپاڕانەوە ڕێگەیان بدەن بە دزییەوە چاویان بە ئیمپراتۆر بکەوێ. ئەو ئەفسەرانەی لەبەر خاتری وی ناچار ببوون سااڵنێک لەو دوورگە چەپەک و دوورەدەستەدا بمێننەوە، دواتر کاتێک

باسی بەندییەکەی خۆیانیان دەکرد، خۆیان پێ نەدەگیرا و لەگەڵی هەستیان بە هاوەردی دەکرد و هۆگریی خۆیان دەردەبڕی.
ئەو بارودۆخە سەرنجی کۆمیسێرەکانی وڵاتانی ئەورووپایی کە ڕاسپێردرابوون لە سەنت هێلێن چاویان بەسەر ناپلیۆنەوە بێ، ڕادەکێشا. کۆنت باڵمەین نوێنەری ئەلکساندری یەکەم لەو بارەیەوە گوتی: "لە هەموو شتێک سەیرتر، کاریگەرییەکە، کە ئەو پیاوە زیندانییە، ئەو پیاوەی لە تەخت و تاج بێبەری کراوە و دەوروبەری پڕە لە پاسەوان و ئێشکگر، لەسەر ئەو کەسانەی دادەنێ کە دەچن چاویان پێی دەکەوێ... فەرەنسیەکان کە چاویان پێی دەکەوت، لەبەری دەلەرزن و خزمەتکردنی ئەویان بە شەرەف و شانازییەکی گەورە بۆخۆیان دەزانن: ئینگلیزەکان بە ڕێز و حورمەتەوە لەگەڵی دەجوواڵێنەوە، تەنانەت پاسەوانەکانیشی هەوڵ دەدەن سەرنجی ڕاکێشن و هەر نەبێ قسەیەکی لێ ببیستن. هیچ کەس ناوێرێ خۆی بە هاوشانی ئەو بزانێ."
دەربارە بچووکەکەی ناپلیۆن کە لەگەڵی چوبووە سەنت هێلێن و لە لانگوود جێگیر ببوو، بەردەوام پێکەوە شەڕیان بوو، دەتگوت لە پاریس و لەکۆشکی تۆیلری دان، پیلانیان لە یەکتر دەگێڕا. لاسکاز و مۆنتۆلۆن و گۆرگۆر و بێرتران، ناپلیۆنیان دەپەرست و بە خوای خۆیانیان دەزانی و ئیرەییان بە یەکتر دەبرد. تەنانەت گۆرگۆر لەو پەرستنەدا ئەوەندەی زێدەڕۆیی کرد، کە داوای دۆئێلی لە مۆنتۆلۆن کرد، هەر بە هەڵچوونی ناپلیۆن بەرۆکی یەکتریان بەردا. سێ ساڵ دواتر، ناپلیۆن گۆرگۆری بە بیانووی جۆراوجۆر ناردەوە ئەورووپا و لە ڕاستیشدا لەبەر ئەوە بوو کە ئیتر لە ماستاوچێتی و دەمتەڕی و مەراییە بێسنوورەکانی وەڕەز ببوو. ناچار بوو لە لاسکازیش جیا بێتەوە. لاسکاز قسەوباسەکانی خۆی لەگەڵ ناپلیۆندا دەنووسییەوە و زۆر جار ئیمپراتۆر قسەی بۆ دەکرد و

ئەو دەینووسییەوە و، بەو جۆرە لاسکاز هەموو بیرەوەرییەکانی سەنت هێلێنی یادداشت کردووە. ئەو یادداشتانە سەرنجڕاکێشترین بەڵگەیەکن کە لەو سەردەم ماونەتەوە. کاتێک لاسکاز ناچار بوو دوورگەکە بەجێ بێڵێ، ئیتر ناپلیۆن قەت نەیتوانی سکرتێرێکی ئاوا لێوەشاوە و خوێندەواری دەست بکەوێ، هەر بۆیە زانیاریمان لەسەر دواساڵەکانی ژیانی ناپلیۆن زۆر کەمترە.

2

نە ئەو چەرمەسەرییانەی هۆدسن لاو بۆ ناپلیۆنی دروست دەکردن بە هەموو ناخۆشی و ناڕەحەتیەکانیانەوە دەبوونە هۆی زوێربوونی ئیمپراتۆر (بەتایبەتی کە ناپلیۆن ڕێگەی نەدەدا حاکمی دوورگە هاموشۆی بکا) و، نە ئاوهەوا تەندروست و یەکهەواکەی دوورگەکە ئەزیەتی دەکرد و نە هەلومەرجە مادییەکەی ژیانیش کە بەهیچ شێوەیەک لە هەبوونی ئەو حاکمە خراپتر نەبوو، هیچیان هۆکاری ئەو خەمە قوواڵە نەبوون لە ڕوخساری ئەو نیشتبوون و ئەو هیچ شتێکی لەو خەمە بۆ دەربارییەکانی نەدەدرکاند، بەاڵم ئەوان بە جوانی لێی ئاگادار بوون. ئەوەی ناپلیۆنی ئازار دەدا، بێکاری بوو. کتێبی زۆر دەخوێندەوە، پیاسەی دەکرد، بە سواری دەچووە گەڕان و بیرەوەرییەکانی خۆی دەگوتەوە و لاسکاز دەینووسینەوە. بەاڵم بۆ ئەو کە لە ژیانیدا ڕۆژانە 15 تا 18 سەعات کاری کردبوو، ئەم بێکارییە تاقەتبڕ بوو.

ئەو باری دەروونیی خۆی لە خەاڵکەکە دەشاردەوە و هەوڵی دەدا لەگەاڵیان ڕووخۆش و دەم بە پێکەنین بێ و زۆربەی جارانیش دەیتوانی

شۆێنەواری خەم و پەژارە لە ڕوخساری بڕەوێنێتەوە. ئەو زۆر ئازایانە شانی دابووە بەر بارودۆخە نوێیەکەی ژیانی.
بەدەم ڕێگە دووروودرێژەکەوە لەسەر سەکۆی کەشتییە جەنگییەکەی نۆسمبەرلەند، دەستی کرد بە گوتنەوەی بیرەوەرییەکانی بە لاسکاز و تا ڕۆیشتنی سکرتێرەکەی لە دوورگە هەر وا بەردەوام بوو. قسە و باسەکانی لەگەڵ لاسکاز و مۆنتۆلۆن و گۆرگۆ و بیرەوەرییەکانی ئەو بە ناوی "نامەکانی کاپ" کە خۆی بۆ لاسکازی خوێندوونەوە و ئەو نووسیوبوونیەوە و پێیاندا چووبۆوە و دواتر لاسکاز بە ڕاسپاردەی ئیمپراتۆر و بەبێ ئیمزا بڵاوی کردنەوە، ئەوانە هەموویان کۆمەڵە سەرچاوەیەکن کە ڕووداوەکان نەک وەکوو ڕاستییە بێخەوشەکانی مێژوو، بەڵکو بەو جۆرە پێشانی ئێمە دەدەن کە ناپلیۆن دەیویست بگەنە دەست نەوەکانی داهاتوو.
لە هەموو یادداشتەکانی پێوەندیدار بە گفتوگۆکانی ناپلیۆن یان لەو بیرەوەرییانەی کە دەکرێ بەها و نرخێکیان بۆ دابنرێ (مەبەست بیرەوەرییەکانی لاسکاز و مۆنتۆلۆن و گۆرگۆیە، ئەگینا بیرەوەرییەکانی ئانتۆمارشی و ئۆمێئارا هیچ بەهایەکیان نییە) دەتوانین کۆمەڵە بابەتێکی زۆر بۆ مێژووی "ئەفسانەی ناپلیۆنی" دەربهێنین، بەڵام بۆ ناسینی تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکانی ناپلیۆن و مێژووی فەرمانڕەوایی ئەو، بەڵگەی بەنرخ و قایلکەر زۆر کەم هەیە. "ئەفسانەی ناپلیۆنی" کە وا دانرابوو دواتر دەوڕێکی مێژوویی چالاک بگێڕێ، زۆر پێش ڤیکتۆر هۆگۆ و هانری هاینێ و گۆتێ و زێدلیتز و پووشکین و لۆرمانتۆف و بەلزاک و برانژێ و میکیڤیچ و تۆڤیانسکی، واتە پێش خێڵی ئەو شاعیر و نووسەرە سیاسی و سیاسەتمەدار و مێژوونووسانە پێک هات کە ماوەیەکی ئێجگار زۆر بوو مێشک و دڵیان و بەتایبەتی خەیاڵیان بەو

ڕوخسارە مەزنەوە خەریک بوو، ڕوخسارێک کە پاش جەنگی یەنا بە ڕای هیگڵ، وەک نوێنگەی "ڕۆحی جیهان" و بزوێنەری مێژووی مرۆڤایەتی دەرکەوت. ئەم ئەفسانەیە لە سەنت هێلێنەوە دەستی پێ کردبوو.

بەڵام لەم کتێبەی ئێمەدا تەنیا باسی ناپلیۆنمان کردووە و بەهیچ شێوەیەک کارمان بە مێژووی "ئەفسانەی ناپلیۆن"یەوە نەبووە. بەو جۆرە، ئەو بابەتانەی لە سەردەمی ژیانی دوورخراوەیی ناپلیۆن لە دوورگەکەیدا ماونەتەوە، زانیاریی زۆر کەم و سنووردرامان دەخاتە بەردەست.

"خودا" کۆمەڵێک شتی کۆنکرێتی باس دەکرد و بەندەی وەفاداریشی دەیانووسیەوە. پەرستن و ئەشق و ڕێزگرتنی ئایینی هەست و کوڵێکی وا نین کە شیاوی شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕەخنەگرانە بن. ناپلیۆن هەر شتێکی بە دەوروبەرییەکانی دەگوت، ڕووی قسەی لەگەڵ ئەوان نەبوو، بەڵکو لەگەڵ نەوەکانی ئایندەی بوو و بۆ مێژوو دەیگوتن. ئاخۆ ئەو دەم دڵنیا بوو لەوەی کە بنەماڵەکەی بانگ دەکرێنەوە تا ببنەوە فەرمانڕەوای فەرەنسا؟ ئێمە ئاگادار نین بەڵام ئەو جۆرێک قسەی لەگەڵ دەوروبەرییەکانی دەکرد، وەک بڵێی پێشبینیی ئەو شتەی کردووە. تەنانەت جارێکیان ڕاشکاوانە گوتی، کە کوڕەکەی دەبێتە فەرمانڕەوا. ئەو هەمووە تێبینی و تەفسیرانەی لەبارەی جەنگەکانی ناپلیۆن و بلیمەتیی سەرداڕە مەزنەکانی دیکە و لەسەر یەک لەبارەی هونەر و تەکنیکی جەنگەوە نووسراونەتەوە، بەتایبەتی سەرنجڕاکێش و گرینگن. لە هەر قسەیەکی ئەوڕا بە جوانی بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو لە تەکنیکی لەشکری و سوپاییدا مامۆستا و پسپۆڕ و پیتۆڵ بووە و زۆر ئاشقی پیشەکەی خۆی بووە. جارێکیان گوتی: "جەنگ هونەرێکی سەیرە.

من بەشداری شێست شەڕ بوومە و دڵنیاتان دەکەمەوە لەو شێستە شەڕەدا، هێندەی یەکەم شەڕەکان شت فێر نەبوومە." ئەو زۆری ڕێز لە سەرداڕە گەورە فەرەنسیەکانی سەردەمی لۆیسی چواردەیەم واتە تورێننێ و کۆندێ دەگرت و بەدڵنیاییەوە خۆیشی بە گەورترین سەرداری هەموو چاخ و سەدەکان دەزانی. بەتایبەتی زۆر بە جەنگەکانی ئۆسترلیتز و مۆسکۆ و واگرام و یەکەم جەنگەکانی خۆی لە ئیتالیا لە 1796 ـ 1797 و یەکەم جەنگی پێش دواییین جەنگەکەی 1814ی دەنازی و بەزین و شکانی سوپای نەمسای لە واگرام بە یەکێک لە گەورەترین سەرکەوتنە لەشکرییەکانی خۆی دەزانی. بە ڕای ئەو، ئەگەر تورێننێ و کۆندێ لە واگرام دەبوون، وەک ئەو دەسبەجێ دەیانزانی کلیلی زاڵبوون بەسەر وەزعەکەدا لە کوێیە. ئینجا دەسبەجێ گوتبووی: "بەڵام قەیسەر و ئانیبالّ تێی نەدەگەیشتن." دیسان دەیگوت: "ئەگەر لە جەنگەکاندا تورێننێم لەگەڵ بوایە، دەبوومە فەرمانڕەوای دنیا." بە ڕای ئەو، باشترین سوپا ئەو سوپایەیە کە تێیدا هەر ئەفسەرێک بزانێ لە کاتێکی تایبەتدا دەبێ چ بکا.

جارێکیان داخ و کەسەری خۆی دەربڕی کە بۆچی لە جەنگی مۆسکۆ یان لە کرملین نەکوژرا. بەڵام زۆربەی جاران کە ئەم بابەتەی بیر دەکەوتەوە، دەیگوت خۆزگە و سەد بریا لە دڕێسدێ یان لەویش باشتر لە واتێرلۆ کوژرابایە. لەخۆباییانە و بە شانازییەوە باسی فەرمانڕەواییە سەد ڕۆژەکەی و ئەو خۆشەویستییەی دەکرد کە لەکاتی دابەزینی لە کەنداوی ژوان و پاش واتێرلۆش خەڵک بۆیان دەربڕیبوو.

بەردەوام خەفەتی دەخوارد کە بۆچی میسری بەجێ هێشت و پاش گەمارۆی عەکا لە 1799دا لە سووریا گەڕایەوە. پێی وابوو دەبوایە لە ڕۆژهەڵاتی جیهان مابایەوە و عەرەبستان و هیندوستانی گرتبایە و

دەبووە ئیمپراتۆری ڕۆژهەڵات نەک ڕۆژئاوا. دەیگوت: "ئەگەر عەکام گرتبایە... دەستم دەگەیشتە قوستەنتەنیە و هیندوستانیش." پاتەی دەکردەوە: "یەکێکی میسری بەدەستەوە بێ، دەبێتە خاوەنی هیندوستان." (پێویستە بڵێین، کە ئەو قسانە لەگەڵ ستراتیژیی نوێ تەواو یەک دەگرنەوە). سەبارەت بە دەسەڵاتی ئینگلتەرا بەسەر هیندوستاندا دەیگوت، هەر ئەوەندەم بەسە کۆمەڵێک سەربازی خۆم بگەیەنمە ئەوێ، دەمودەست ئینگلیزەکانی لێ دەردەپەڕێنم. زۆر جاران باسی واتێرلۆی دەکرد و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە ئەگەر ڕووداوی چاوەڕواننەکراوی تێدا نەقەومابایە یان کەسانێکی وەک بێسیەر و لان کە لە شەڕەکانی پێشوودا کوژرابوون، یان مۆرای لەگەڵ بوایە، ئاکامی جەنگەکە شتێکی دیکە دەبوو. بەتایبەتی بیرکردنەوە لەو شتە بۆ وی زۆر بە ئازار بوو کە ئینگلیزەکان لەو دواییەن شەڕەدا سەرکەوتبوون.

پێی لێ دەنا کە هێرشکردنە سەر ئیسپانیا یەکەم هەڵە و لەشکرکێشانە سەر ڕووسیاش کە لەو بەدشومتر بوو دووەم هەڵەی ئەو بووە، هەڵبەت بەرانبەر خۆیشی لێبوردە بوو و دەیگوت، ئەوەی ئەوی بەرەو مۆسکۆ پەلکێش کرد "خراپ تێگەیشتن" بوو و، هاوکات حاشای لە بەرپرسیارەتیی خۆیشی نەدەکرد. ناپلیۆن هاتبووە سەر ئەو باوەڕە کە کاتێک پاش ئەوەی گەیشتە دریسدێ، ئاگاداریان کردەوە کە بێرنادۆت بووەتە وەلیعەهدی سوید و بەتەما نیە لە جەنگی ڕووسیادا یارمەتیی بدا و هەواڵیشی بۆ هات کە سوڵتانی عوسمانی پەیمانی ئاشتیی لەگەڵ ڕووسیادا مۆر کردووە، دەبوایە دەسبەجێ واز لە هێرشکردنە سەر ڕووسیا بێنێ. کە گەیشتە مۆسکۆش، دەبوو دەمودەست ئەوێ جێ بێڵێ و هەڵگوتێتە سەر کۆتوزۆف و سوپاکانی ڕووس لەنێو بەرێ. دەیگوت: "ئەو جەنگە بێفەڕە لەگەڵ ڕووسیا کە من لە سۆنگەی خراپ

تێگەیشتنەوەوە کردم و ئەو کەشوهەوا خراپەی هەموو سەربازەکانمی کردە پارووی مەرگ... و ئینجا ئەو یەککرتنەی دنیا دژی من... ئەرێ باشە ئەوە موعجیزە نەبوو کە من توانیم خۆ لەبەر ئەو هەمووە کێشە و گرفتە ڕاگرم و دیسان بەسەریاندا زاڵ بمەوە و لەو گێچەڵ و هەنگەمەیەدا لە جارانیش بەهێزتر خۆم دەرباز بکەم؟"
ئەو، ئەم مەسەلەیەشی هەر بە هەڵەیەکی خۆی دەزانی کە بۆچی پاش تیلسیت، پرۆسی تەواو لەنێو نەبردبوو. ئێستا دانی بەوەشدا دەنا کە لە 1809دا ویستبووی نەمسا لەناو بەرێ، بەڵام کە لە سلینگ سەر نەکەوتبوو، ئیر دەستی بۆ نەردبوو، بە شێوەیەک کە پاش جەنگی واگرام نەمسا توانیبووی سەرەڕای ئەو هەمووە زیانەیش کە وێی کەوتبوو، هەر وا لەسەر پێ بمێنێتەوە.
زۆر جاران کوشتنەکەی دووک دانگینی بیر دەکەوتەوە بەبێ ئەوەی تۆزێکیش چییە لێی پەژیوان بێ. بەپێچەوانەوە دەیگوت ئەگەر دیسان زیندوو بوایەتەوە هەر دەمکوشتەوە. خراپ نیە ئەوەش باس بکەین کە ئەو کوشتارە سامناکەی ئەوروپا بیست ساڵی ڕەبەق ببوو بە گۆڕەپانەکەی و ناپلیۆن سەرەڕای ئەوەی پێشی خۆش نەبوو، بەڵام خۆی ڕۆڵی سەرەکیی لە چەقی گۆڕەپانەکەدا دەگێڕا، بۆ تاقە جارێکیش چییە خەمباری نەکرد و تەزوویەکی بە گیان و جەستەیدا نەهێنا. بە دڵنیاییەوە ئەو تینووی سەرکەوتن بوو، بەتایبەتی "ئەشقی بێسنووری جەنگ" بەسەریدا زاڵ بوو.
بێتسی بالکۆمی خنجیلانە، کچۆڵەی پەیمانکارێکی ئینگلیزی کە لە دوورگەکە دەژیان، کەوتبووە بەردڵی ناپلیۆن و خۆشی دەویست. ناپلیۆن دەیویست فێری فەرەنسیی بکا و ئەویش زۆر هاموشۆی ماڵی ئیمپراتۆری دەکرد و ڕێگەی پێدرابوو چەندی پێی خۆشە لای ئیمپراتۆر

قسه بکا. کاتێک کچه زۆر لەگەڵ ناپلیۆن تێکەڵ بوو، ڕۆژێکیان کە لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی بەناوی لێگی هاتبووە سەردانی ناپلیۆن، لێی پرسی: "ئاخۆ وەک لە ئینگلتەرا بیستوویانە، ئەوە ڕاستە کە ناپلیۆن بنیادەمخۆرە؟ ئیمپراتۆر قاقایەکی کێشا و گوتی بەڵێ بنیادەم دەخوا و هەر بە گۆشتی بنیادەم دەژی. ناپلیۆن زۆر گاڵتەی بەو مەسەلەیە دەهات، کە چونکە نازناوی "دێوەزمەکەی کۆرس"یان لێ ناوە، ئیتر منداڵ ئەو وشەیەیان بە واتا ڕاستەقینەکەی وەرگرتبوو و پێیان وابوو بەراستی بنیادەمخۆرە. ئەو زۆر پێش ئەوەی بالکۆمە خنجیلانە بناسێ، ئەم دەستەواژەیەی "دێوەزمەکەی کۆرس"ی بیستبوو، بەڵام بەهەندی نەگرتبوو، تەنیا شانێکی هەڵتەکاندبوو.

پاش تەڵاقدانی ژۆزفین و مەرگی لان لە سلینگ و مەرگی دۆرووک لە گرلیتز، ئیتر لەم دنیا پانوبەرینەدا تاقە کەسێک مابوو کە ناپلیۆن خۆشی دەویست، ئەویش کوڕەکەی خۆی، پادشای ڕۆما بوو کە لە 1814ـەوە لەگەڵ ئیمپراتریس ماری لۆیزی دایکی لەلای ئیمپراتۆر فرانسوای باپیرە لە ڤیەننا دەژیان. ناپلیۆن لە 1816ـدا کە تازە هاتبووە سەنت هێلێن، دەیگوت، کوڕەکەی دەبێتە پادشا، چونکە لەمەودوا لەفەڕەنسا جگە لە "جەماوەری خەڵک" مەحاڵ بوو بکرێ پشت بەکەس ببەستێ و، حکوومەت دەبێ یان کۆماری بێ یان پادشایەتیی مەرجدار و، بنەماڵەیەکیش کە کۆمەڵانی خەڵک قبوولیان بێ، هەر بنەماڵەی بۆناپارتە کە بە ویستی گەل هەڵبژێردرابوو.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەو لێکدانەوە ڕاشکاوانەیەی کە لە 1815ـدا ڕێگەی بەخۆی نەدابوو ببێتە سەرکردەی بزووتنەوەی مەزنی جەماوەری و بەرەنگاری بۆربۆنەکان و خانەدان و پیاوانی ئایین بێتەوە، لە سەنت هێلێنیش هەر پێی وابوو کارێکی دروستی کردووە.

ئەوەش، لێکدژییەکی ڕوون بوو، کە بەرهەمی خراپتێگەیشتن بوو لە مەسەلەکان: حکوومەتی بێجڵەوی ناپلیۆن، حکوومەتێکی گەلی و جەماوەری نەبوو، بەڵکو حکوومەتی بۆرژوا بوو و، ئێستا بۆ کوەڕەکەی هەروا بە ئاواتی فەرمانڕەواییەک بوو، کە پشتی نەک بە ویستی گەل و بەرژەوەندیی کۆمەڵانی خەڵک و چینی زەحمەتکێش بەستبێ، بەڵکو لەسەر بناغەی ویست و بەرژەوەندی بۆرژوا دامەزرابێ.

پاش جەنگی واتێرلۆ، کاتێک کە خێڵی کرێکارانی بیناسازی دەوری کۆشکەکەی ئەویان دابوو و دەیانویست ئیمپراتۆر لەسەر تەختی دەسەڵات بمێنێتەوە، گوتی: "ئەوانە چ قەرزێکیان لەسەرمە؟ من ئەوانم بە هەژاری دیت و بە هەژاریشم هێشتنەوە."

هەر ئەودەمیش لە پاریس و دواتریش لە سەنت هێلێن بەردەوام بە کۆنت دۆمۆنتۆلۆنی گوتبوو: ئەگەر ویستبای ئەو ڕقە شۆڕشگێڕانەیەی ساڵی 1815ی خەڵکی کە لەکاتی دابەزینی لە فەرەنسا بەرانبەر خانەدانەکان و پیاوانی ئایین هەیانبوو قۆستبایەتەوە، لەگەڵ "دوو ملیۆن جووتیار" دەگەیشتەوە پاریس، بەڵام پێی خۆش نەبوو ببێتە سەرکردەی تۆڕێژە نزمەکان، چونکە هەر بیریشی لێ کردبایەتەوە، پێی تێک دەچوو.

بە دڵنیاییەوە ناپلیۆن تا مردیش ئەو بیروباوەڕانەی زۆرجاران ئاماژەمان پێکردبوون، هەر مابوو، بەڵام لە کۆتایی تەمەنیدا لە ژێر کارتێکەریی ئەو هەواڵانەی لە ئەوروپاوە و لە ڕێی ڕۆژنامەکان یان بە زارەکی دەگەیشتنە سەنت هێلێن، باسی ئەو کەفوکوڵەیان دەکرد کە ئەڵمانیای گرتۆتەوە و ئینجا ڕاپەڕینی قوتابیەکان و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی ئەو وڵاتەیان تێدا باس دەکرا، ئیتر ئیمپراتۆر کتوپڕ هەڵوێستی گۆڕا و لە1819دا شتی وای بە مۆنتۆلۆنەکەی گۆرین دەگوت، کە زۆر لەگەڵ ئەو قسانەی تا

ئەودەم کردبوونی ناتەبا بوون: "من دەبوایە ئیمپراتۆرییەکەی خۆمم لەسەر بناغەی پشتیوانیی ژاکۆبنەکان دامەزراندبایە." شۆڕشی ژاکۆبنی لە ڕاستیدا گڕکانێک بوو کە بە یارمەتیی ئەو دەکرا پرۆس بتەقێنیەوە. بە ڕای ناپلیۆن لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش لەو وڵاتەدا، پرۆسی دەگرت و "بە زەبری چەک و دەسەڵاتی ژاکۆبنیزم" هەموو ئەورووپای دەگرت. لە ڕاستیدا هەر جارێکی باسی شۆڕشی ئایندەی دەکرد، لە ژاکۆبنیزم یانی بۆرژوای بچووک بەولاوە بیری لە هیچ نەدەکردەوە و نەیدەتوانی بیر لە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی بکاتەوە. جاروباریش شۆڕشی ژاکۆبنی وەک هاوپەیمانێک دەهاتە پێش چاوی، کە ئەو بە هەڵە یارمەتییەکەی ڕەت کردبۆوە

3

ئەم دواپین باس و خواسە لەگەڵ مۆنتۆلۆن سەبارەت بە ژاکۆبنەکان و شۆڕش کە زۆر گرینگە، لە ڕۆژی دەی مارسی 1819دا کرا و دواپین گفتوگۆی ناپلیۆن لەگەڵ دەوروبەرییەکانی بوو.

لەمەودوا، هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ئیمپراتۆر، ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر و ناڕوونتر و ئاڵۆزتر و بێهۆتر دەگەیشتنە ئەورووپا. لاسکاز ئیتر لەوێ نەبوو، چونکە هۆدسن لاو لە دوورگەکە دەریکردبوو و، گۆرگۆش ئیمپراتۆر ناردبوویەوە ئەورووپا. ئۆمرا، پزیشکە ئیرلەندییەکەی ئیمپراتۆر تا ماوەیەک دواتریش هەر لای مایەوە، بەڵام بەگوێرەی ئەرکی سەرشانی سیخوڕییشی بەسەرەوە دەکرد و هەر شتێک لە لانگوود ڕووی دابایە، بۆ حاکمی دەگێڕاوە. یەکێکی دی لە دەوروبەرییەکانی ناپلیۆن، دکتۆر ئانتۆمارشی، پزیشکێکی نەخوێندەوار و بیرەوەرینووس و درۆزنێک بوو، کە بنەماڵەی ناپلیۆن لە ئەورووپاوە ناردبوویان ئاگای لە ناپلیۆن بێ، بەڵام ئیمپراتۆر ئاخرییەکەی وەها لێی

بێزار بوو، ئیتر ڕێگەی نەدا بچێتە لای. تەنیا بێرتران و مۆنتۆلۆن و چەند خزمەتکارێکی، لە دوو ساڵی کۆتایی تەمەنی ئیمپراتۆردا لە هەموو کەس پتر چاویان پێی دەکەوت.

لە 1819 ـەوە جار بە جار ژان و ئازار پتر تەنگیان بە ئیمپراتۆر هەڵدەچنێ. لە 1820ـدا نەخۆشییەکەی لێ توند کرد و لە سەرەتای 1821ـدا پزیشکە بەریتانییەکەی ئەو، دکتۆر ئارنۆڵد کە ناپلیۆن ڕێگەی دابوو بچێتە ژوورسەری، گوتی، بارودۆخی ئیمپراتۆر زۆر خراپە. لەو دەمەدا جاروبار ئیمپراتۆر باشتر دەبۆوە و قۆناغی چاکبوونەوەکەی ماوەیەکی دەخایاند و لەو ماوەیەدا ئیمپراتۆر لە ماڵ دەچووە دەرێ بۆ گەڕان. لە کۆتاییەکانی ساڵی 1820ـدا شەکەتییەکی زیاتری بە ڕوخساریەوە دیار بوو. دەیویست قسەیەک بکا، لە نیوەیڕا قسەکەی دەبڕی و لەگڵ فکر و خەیاڵان ڕۆدەچوو. ئیتر وردە وردە کەمدوو دەبوو، لە حاڵێکدا تا کۆتایی ساڵی 1820 بیرەوەرییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆی بۆ دوو مەحرەمی ڕازەکەی خۆی واتە بۆ لاسکاز تا 1818 و بۆ کۆنت دۆمۆنتۆلۆن لە 1818ـەوە تا 1820 و بەشێکیشی پێش 1818 دەگێڕاوە. ئەوەی گێڕاویەتەوە، هەر نووسینەکانی لاسکاز دوو بەرگی ئەستوورن و نووسینەکانی مۆنتۆلۆن هەشت بەرگن (چاپی 1847)، جگە لەوەی دوو بەرگی ئەو بیرەوەرییانەی مۆنتۆلۆن نووسیونیەوە، تایبەتن بە قۆناغی نیشتەجێبوونی ئیمپراتۆر لە سەنت هێلێن.

لە کۆتاییەکانی ساڵی 1820ـدا، ناپلیۆن وازی لە گەڕان بە پەیتوون"گالیسکەی بچووک" هێنا، دەمێکیش بوو وازی لە ئەسپسواری هێنابوو.

لە مارسی 1821دا ئازارەکانی هەناوی ئیمپراتۆر کە بە دەستیانەوە دەتلایەوە، لێی هەڵدەداوە و جار بە جار لێی توند دەکرد. بە دڵنیاییەوە دەمێک بوو ناپلیۆن هەستی کردبوو تووشی شێرپەنجە بووە، چونکە ئەو نەخۆشییە لە بنەماڵەکەیاندا هەبوو و شارڵ بۆناپارتی باوکیشی لە چل ساڵیدا بەو دەردە چوبوو.

شیاوی ئاماژەیە، کە لە پانزە ساڵی ڕابردوودا لە گۆڤارە پزیشکییە فەرەنسی و ئەڵمانیەکاندا ئەو بۆچوونە باس کراوە، کە ئەو نەخۆشییەی ناپلیۆنی پێ مردووە، شێرپەنجە نەبووە، بەڵکوو نەخۆشییەک بووە تایبەتی ناوچە گەرمەکان کە لە شەڕەکانی میسر و سووریا گەراکەی کەوتووەتە گیانی و دواتر کە گەڕاوەتەوە ناوچە ئیستیوایەکان، لێی بووەتە نەخۆشی.

لە پێنجەمی ئەپریلدا دکتۆر نارنۆڵد، بە خزمەتکار و دەوروبەرییەکانی ناپلیۆنی کە هەر مارشاڵ بێرتران و کۆنت دۆمۆنتۆلۆن بوون، گوت: نەخۆشەکە وەزعی زۆر شپرزە. کە ژانەکەی تۆزێک هێور دەبۆوە، ناپلیۆن هەوڵی دەدا وەرە بە دەوروبەرییەکانی بدا. سەرەڕای نەخۆشییەکەی گاڵتە و سوعبەتی لەگەڵ دەکردن و دەیگوت: "شێرپەنجە، هەر واتێرلۆیە و خزیوەتە هەناومەوە."

لە 13ی ئەپریلدا، فەرمانی بە کۆنت دۆمۆنتۆلۆن کرد و گوتی ئەو وەسیەتنامەیەت پێ دەڵێم بینووسەوە و، خۆی لە 15ی ئەپریلدا بە خەتی خۆی وەسیەتنامەکەی نووسییەوە و ئیمزای کرد. ئەم چەند دێڕەی وەسیەتنامەکەی ئێستا لەسەر کێلە مەڕمەڕینەکەی لە کلێسای ئۆنڤالید هەڵکۆڵراوە: "بە ئاواتەوەم تەرمەکەم لە دەم چۆمی سەن، لە نێو نەتەوەی فەرەنسادا کە ئەو هەموەم خۆش ویستووە، بنێژرێ."

ئەو لەو وەسیەتنامەیەدا مارمۆن و ئۆژێرۆ و تالیران و لافایت بە خیانەتکارانە دادەنێ کە دوو جار یارمەتیی دوژمنانی فەرەنسایان داوە بۆ ئەوەی سەرکەون. دیارە مەبەستی لە خیانەتی "ئۆژێرۆ" ئەو شەڕە قورسە بوو کە لە 1814دا لەگەڵ ناپلیۆنی کردبوو و مەبەست لە خیانەتی لافایتیش داژیەتیکردنەکەی بوو لە 1815دا لە ئەنجومەنی نوێنەران، هەر بۆیە تۆختترین لایەنگرەکانی ئیمپراتۆریش دواتر ئەو دوو داوەرییە دوور لە ئینسافەیان قبوولْ نەبووە، بەڵام مێژوو خیانەتی تالیران و مارمۆنی پشتڕاست کردووەتەوە. باقی ڕێساکانی وەسیەتنامەکە پێوەندییان بەو پارەیەوە هەیە کە ناپلیۆن بە کەسانی دیاریکراو و تایبەتی بەخشیون: یەک کرۆر فرانک بە بێرتران، 400000 فرانک بە مارشان خزمەتکارە تایبەتیەکەی و ئەوەندەش بە لاسکاز و ژەنەڕاڵەکان و ئەو پایەبەرزانەی لە فەرەنسا مابوونەوە بەڵام ئەو دەیناسین و بڕوای بە وەفادارییەکەیان هەبوو... بەڵام بەشێکی زۆری میراتەکەی ئەو کە لەسەر یەک 200 ملیۆن فرانک ئاڵتوون پتر بوو، نیوەی درا بەو ئەفسەر و سەربازانەی لە سێبەری ئاڵاکەی ئەودا خزمەتیان کردبوو و نیوەکەی دیکەیشی بەو بەشەی خەڵکی فەرەنسا کە لە سۆنگەی لەشکرکێشی و شەڕەکانی ئەوەوە لە سالانی 1814 و 15دا زیانیان بەرکەوتبوو. لە وەسیەتنامەکەدا ڕستەیەکیش بۆ ئینگلتەرا و تایبەت بۆ هۆدسن لاو نووسراوە: "ئەمن پێش ئەوەی بەمەرگی خۆم بمرم، بە دەستی ئینگلتەرا و جەللادە بەکرێگیراوەکەی دەکوژرێم. زۆر ناخایەنێ نەتەوەی ئینگلیز تۆڵەی منیان لێ دەکاتەوە." جگە لەوانەش، لە وەسیەتنامەکەیدا ئامۆژگاریی کوڕەکەی دەکا، کە هەرگیز چەک لە فەرەنسا نەخاتە سەرپێ و هەمیشە لەبیری بێ کە "شازادەیەکی فەرەنسی"یە.

ئەو لەو کاتەدا کە دواپین وەسیەتەکانی دەکرد و ئینجا لەو دەمەشدا کە بەدەستی خۆی دەینووسینەوە، وردەیەکی زۆر بەرز و دەروونێکی هێوری هەبوو. سێ ڕۆژ دواتر، دیسان مۆنتۆلۆنی بانگ کرد گوتی نامەیەکت پێ دەڵێم بینووسە، کە دەبێ پاش مەرگم بدرێتە حاکمەکەی دوورگە و، لەو نامەیەدا داوای لە ئینگلتەرا کردبوو کە ڕێگە بدا یاوەر و خزمەتکارەکانی بگەڕێنەوە ئەوروپا.

سەعات 4ی بەرەبەیانی ئەپریل، کتوپڕ بڕیاری دا گەڵاڵەی ڕێکخستنەوەی گاردی نیشتمانیی فەرەنسا بە مۆنتۆلۆن بڵێ کە بینووسێتەوە، بۆ ئەوەی لە پێناو بەرگری لە خاکی نیشتمان لەبەردەم هێرشی بێگانەاندا ژیرانەتر کەلکی لێ وەرگیرێ.

لە دووی مانگی مایدا، دکتۆر ئارنۆڵد و دکتۆر شۆرت و دکتۆر مایکلس، دەوروبەرییەکانی ئیمپراتۆریان ئاگادار کردەوە کە بەو زووانە دەمرێ. ژانەکان ئەوەندە بەتەوژم ببوون، کە شەوی پێنجەمی مای ناپلیۆن بەدەم وڕێنەوە خۆی بە مۆنتۆلۆنەوە نووساند و توند توند بەخۆیەوە گوشی و لەگەڵ ئەو لەسەر تەختی خەوەکەیەوە بەربۆوە و کەوتە عەرزی. خستیانەوە سەر تەختی خەوەکەی و ئیتر نەهاتەوە هۆش خۆی، بەڵام چەند سەعاتێک بەبێ جوولّە و بێ ئەوەی بەحاستەمیش بناڵێنێ، چاوەی زەق و بە مۆڵەق وەستابوون. لە ساماناکترین دەموساتەکانی ژان و ئازاردا هیچ نەیدەنالاند، بەڵام گرژ دەبوو و دەلەرزی. خزمەتکار و دەوروبەرییەکانی ناپلیۆن هەندێکیان لە ژوورسەری و هەندێکیشیان لە لاشیپانەی دەرگاکەدا ڕاوەستابوون. ئەو، لێوی دەبزواند بەڵام هیچ کەس لێی تێ نەدەگەیشت، چونکە ئەو ڕۆژە تۆفانێکی ساماناکیش لە دەریاوە هەستابوو کە داری لە ڕەگەوە دەردێنا، چەند ماڵی کاول کرد و هەموو گەڕەکی لانگوودی تێک وەردا.

هۆدسن لاو و ئەفسەرانی بنکە ئینگلیزییەکەی دوورگە، کە زانیان ئیمپراتۆر لە گیانەڵڵادایە، بەپەلە هاتبوونە ماڵەکەی و لە ژووڕەکانی دیکە چاوەڕوان ڕاوەستابوون. دواین قسەیەک کە خەڵکەکەی ژوور سەری لێی تێگەیشتن: "فەرەنسا... فەرماندەیی سوپا..."
شەوی پێنجەمی مانگی مای 1821، ناپلیۆن گیانی دەرچوو.
مارشان بە شین و گریانەوە ئەو کۆنە بارانپۆشەی کە ناپلیۆن ڕۆژی 14ی جوونی 1800دا لە مارانگۆ لەبەریدا بوو، بەسەر تەرمەکەی هەڵکێشا. حاکم و ئەفسەرەکان هاتنە ژووڕەکەی و لەبەردەم تەرمەکەی سەری ڕێزیان دانواند. ئینجا بێرتران و مۆنتۆلۆن ڕێگەیان بە کۆمیسێری دەوڵەتانی ئەوروپی دا بێنە ژووڕێ و ئەوان لەوەتەی هاتبوونە دوورگەکە، یەکەم جاریان بوو دەهاتنە ماڵی ناپلیۆن، چونکە ئیمپراتۆر قەت ڕێگەی نەدابوون بێنە لای.
چوار ڕۆژ دواتر، تەرمی ناپلیۆنیان بە تابووت لە لانگوودەوە ڕاگواست. جگە لە یاوەرانی ناپلیۆن و خزمەتکارەکانی، هەموو سەربازانی بنکە سەربازییەکە و ئەفسەرەکانیش یونیفۆرمی سڵاو و تەواوی ئەفسەرانی کەشتییە جەنگییەکە و ئەفسەرانی هێزی دەریایی دوورگەکە و هەموو کارمەندانی ئیداریی لەگەڵ حاکم و هەرهەموو خەڵکی سەنت هێلێن هاتن بۆ بەڕێکردنی تەرمەکە. کە تابووتی ناپلیۆنیان لەگۆڕەکە دەنا، گرمەی چەندین توپ وێکڕا هەستا: ئینگلیزەکان ڕێزی سەربازییان لە ئیمپراتۆرە مردووەکە گرت."

ئەنجام

1

ئەو دیاردەی میژوویییەی ناوی نراوە "بۆناپارتیزم" و مارکسیستە سەرەتاییەکان (کلاسیک) وردورد لێیان کۆڵیوەتەوە و هەڵسەنگاندنەکانیان لەو ڕووەوە تەواو تەبا و تەواوکەری یەکترن، پێوەندیی بە ناپلیۆنی یەکەمەوە هەیە. ئەوان کە بەردەوام باسی مەسەلەی "بۆناپارتزیم"یان کردووە، هەم ناپلیۆنی یەکەمیان لەبەرچاو بووە و هەمیش ناپلیۆنی سێیەم و، هەر بەڕاستیش ڕوونیان کردووەتەوە کە بنەما و ڕەچەڵەکی ئەم سیستەمە سیاسییە، ئیمپراتۆری یەکەمی فەرەنسیەکانە. کەچی لە حاڵێکدا کە ناپلیۆنی یەکەم بە مەبەستی پتەوکردنی بنەمای دیکتاتۆریی بۆرژوای مەزن، نەک هەر دژی ژاکۆبنەکان بەڵکوو لەسەرتای فەرمانڕەواییەکەیدا بەتایبەت بەگژ ئەو شاپەرستانەشدا دەهاتەوە کە دەیانویست پادشایەتییە نیوە دیکتاتۆرەکە واتە ڕایژیمە کۆنەکە بێننەوە، لەودەمەدا ناپلیۆنی سێیەم ئیمپراتۆرییەکەی خۆی بەناوی چەکی خەباتی بۆرژوا ـ بەتایبەتی

بۆرژوای مەزن ـ دژی چینی کرێکار و تەواوی حەز و ویستە دیموکراسییەکانی وردە بۆرژوا دامەزراند.
پێش ئەوەی لە چوارچێوەی کتێبەکەی خۆماندا، بچینە سەر بابەتی بۆناپارتیزم لەسەردەمی ناپلیۆنی یەکەمدا، دەبێ تیشک بخەینە سەر ئەو ڕۆڵەی کە ناپلیۆنی یەکەم لە چارەنووسی شۆڕشی بۆرژوای فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا گێڕای.
مێژوونووسیی بۆرژوای قەدیم و هاوچەرخیش دەڵێن ناپلیۆن ڕەوت و کاری شۆڕشەکەی کامڵ کردووە.
بە دڵنیاییەوە وا نییە. ناپلیۆن تەواوی ئەو دەرەتانانەی کە شۆڕش بۆ پەرەپێدانی چالاکیی ئابووریی بۆرژوای مەزنی فەرەنسا ڕەخساندبووی، زەوتی کرد و قۆستیەوە، بەڵام تۆفانی شۆڕشی کوژاندەوە. کەوابوو بەهیچ شێوەیەک ناکرێ وەک کەسێک سەیری بکرێ کە شۆڕشەکەی گەیاندبێتە ئەنجام، بەڵام هەقە بە فەوتێنەری شۆڕشەکە لەقەڵەم بدرێ.
دیکتاتۆریی ناپلیۆنی کە کۆتایی بە شۆڕش هێنا، پێش هەموو شتێک بە مانای سەرکەوتنی بۆرژوای مەزن بوو، بەسەر زەحمەتکێشان و پیشەگەران و پیشەسازان و جەماوەری مەزنی وردە بۆرژوای کەم مایە و توخمە جەماوەرییەکەی چینی سێیەمدا، کە لە 1789ـەوە تا 1794 یانی تا نۆی مانگی ترۆمیدۆر، ئەو دەورە مەزنە شۆڕگێڕانەیەی گێڕابوو.
ناپلیۆن کە، ژاکۆبنەکانی گوللەباران دەکرد و خۆی ببوو بە فەرمانڕەوای بێجڵەو، کۆمارییەکانی دەوروبەری فەرەنساشی دەکردە پادشایەتی و ئەوانی بەسەر برا و زاوا و ژەنەڕاڵەکانیدا دابەش دەکرد هەر ئەو ڕوخسارە ئاشنایەی مێژوویە کە ئیتر هیچ خاڵێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەو پیاوە نییە کە بڵێی تەواوکەری شۆڕشە و، ئەوەش

حەقیقەتێکی بەرچاوە کە تەنیا ئایدیالیزمێکی درۆیین دەتوانێ نکۆڵیی لێ بکا. لەنێوبردنی دیموکراسی و زیندووکردنەوەی بەزەبرترین ڕوخساری دەسەڵاتی تاکەکەسیی ڕاستەوخۆ بە مانای بەرگری لە
بەرژەوەندییەکانی چینی خواپێداو و زاڵ بەسەر هەموو ئەوروپادا، یەکێکە لە لایەنە زۆر ڕوونەکانی کاری ناپلیۆنی یەکەم و نکۆڵیکردن لەو حەقیقەتەش جگە لە چاوپۆشیکردن لە ڕاستییەکانی مێژوو بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوە و چەسپاندنی "ئەفسانەی ناپلیۆنی" هیچ شتێک نییە، ئەفسانەیەک کە لە ڕابردوودا کاریگەریی زۆر خراپی دانا و لە ڕاستیدا بۆ چەواشەکردنی جەماوەری ئەڵسووک و دڕدۆنگ داهێنراوە و بەتایبەتی لە 1830یەوە هەمیشە خزمەتی مەبەستگەلی کۆنەپەرستانە و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کردووە.
هاوکات نکۆڵی لە بلیمەتی و بەهرەی لەڕادەبەدەری ئەو دێوزەمەیەی مێژوو لە هەموو بوارەکاندا و ئاوڕنەدانەوە لە زیرەکی و ئیرادەی پتەوی ئەو، شتێکی ناماقوولە.
خوێنەر وێڕای باقی بابەتەکان، لەم کتێبەدا ئەم هەڵسەنگاندن و تێگەیشتنە زۆر ئەرێنی و لێبڕاوانەیەش دەبینێ کە مارکس و بەتایبەتی ئەنگڵس لەبارەی بلیمەتیی سەربازیی ناپلیۆن و کاریگەریی
سەرکەوتنەکانی ئەو لە ئەوروپای فیۆدالدا خستوویانەتە ڕوو و، ئەو کەسانەی حەزیان لەم بابەتگەلە بێ، هەر جارێکی کۆبەرهەمەکانی مارکس و ئەنگڵس بخوێننەوە، بە تێروتەسەلی ئەم هەڵسەنگاندن و لێکدانەوانەیان بەرچاو دەکەوێ. ئەو دوو کەسە، لەوپەڕی بێلایەنیدا تەنیا نەپەرژاونەتە سەر ڕۆڵی پێشکەوتوانە و بەرهەستی ناپلیۆن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەڵکو تیشکیان خستووەتە سەر ئەو ڕۆڵ و

دەورەش کە ئەو وەک بنیاتنەری ڕێبازی "بۆناپارتیزمی کۆنەپارێزانە" گێڕاوێتی و چرۆی ئازادیی سیاسیی لە فەرەنسادا پێخوست کردووە. مارکس و ئەنگڵس لە سەردەمی ئیمپراتۆریی دووەمدا دەژیان، بەڵام بەدڵنیاییەوە هیچ پێویستیان بەو ئەزموونە تاڵانە نەبوو بۆ ئەوەی ئەم حەقیقەتەیان جوان لێ ڕوون بێتەوە کە "بۆناپارتیزم" وەک سیستەمێکی سیاسیی نێوخۆیی و دەرەکی لەو هەلومەرجەدا کە بەرهەمی گەشەی خێرای سەرمایەداری لە سەدەی نۆزدەیەمدا بووە، لە ڕژیمێکی کۆنەپارێز بەوڵاوە هیچ نەبووە و ئەگەر پەنای بۆ زەبروزەنگی لەڕادەبەدەر و خەڵەتاندنی بەردەوامی ڕەشایی و لەکاتی پێویستدا دروستکردنی گۆنگەڵی سەبازی نەبردبایە، هەرگیز نەیدەتوانی خۆی ڕاگرێ.

2

لە بواری سیاسەتی دەرەوەشدا، حەزی داگیرکەری و ئیمپریالیستی کە ئیلهامی لە بەرژەوەندییەکانی بۆرژوای مەزنی فەرەنسا وەرگرتبوو، ناپلیۆنی دژی ئەوروپا دنە دا و، ئەو دنیا نیوە فیۆدالّەی خەریک بوو لێک دەترازا، نەیتوانی لەبەر یەکەم پەلامارەکانی سەردارێکی گەورەی وەک ئەودا خۆی ڕاگرێ، کە لە یەکەمین شەڕەکانیدا سەلماندی بلیمەتێکی بواری تاکتیک و هونەری جەنگە. هاوکات، ئەو نیر و کۆتەی ئەو خستبوویە ئەستۆی میللەتە بەزیوەکان، بووە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نیشتمانییەکان و ئەو زبرەی ئەو بە سیاسەتە ئابووریەکەی خۆی لە گورچووی سیاسەتی ئابووریی ئینگلتەرای وەشاند، ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاری ئینگلیزی بەشێوەیەکی بەردەوام و شێلگیرانە بەخەبەر هێنا.

بنەما تیۆری و کردەییەکانی ناپلیۆن لە جەنگدا، ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا بۆ لەنێوبردنی ڕێژێمی دەرەبەگایەتیی سەرەڕۆ کە لەسەر بنەمای سێرواژ دامەزرابوو و ئەو سیستەمەش ئەوکات بەسەر هەموو ئەوروپادا زاڵ بوو. ئەو بنەمایانە بەرهەمی شۆڕشی بۆرژوایی بوون، چونکە شۆڕش کۆمەڵێک دەرەتانی ڕەخساندبوو، کە ناپلیۆن توانیی بە بلیمەتیی خۆی بیانقۆزێتەوە. ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵکی هێنایە نێو جەرگەی خەبات و کارێکی وای کرد تابوورەکان بە بەربڵاوی و چڕی ڕێک بخرێن ئەو کەسە ناپلیۆن نەبوو، بەڵکو ئەوە شۆڕش بوو کە بووە هۆکاری هەموو ئەو شتانە و هاوکات دەرەتانیش بۆ پێکهاتنی سوپای مەزنی پێکهاتوو لە سەربازی هۆشیار و چاوکراوە و ڕێوشوێنی نوێی سەربازگیری بڕەخسێ، بەڵام هەر ناپلیۆن بوو سەلماندی کە چۆن و بە چ
ئەنجامێکەوە دەتوانین کەلک لە هەموو ئەو هۆکارانە وەرگرن و، ئەنگڵس کە قوولْ و ورد جەنگە ناپلیۆنییەکانی خوێندووەتەوە و لێی کۆڵیونەوە، دەیسەلمێنێ، تەنیا ناپلیۆن توانیی فێرمان بکا کە چۆناوچۆن دەبێ دەرک بە تەواوی ئەو گۆڕانکاریانە بکرێ و سوودیان لێ وەرگیرێ و هەر ئەویش بوو کە هەمووانی پێکەوە ڕێک خست. لەو دەموساتەدا، پتر لە هەموو بواریک، بلیمەتیی خۆی لە بواری جەنگدا سەلماند و دەریخست لەو بوارەوە کەس دەسکی لەدوو ناکا.
بە ڕای ئەنگڵس، ناپلیۆن، لە سەرووی هەموو ئەو سەردارانەوەیە کە پێش ئەو هەبوون و تەواوی ئەو ژەنەڕاڵە نوێیانەیش کە هاتنە سەر ڕێبازەکەی و وێستیان لاسای بکەنەوە: "بەهای هەرمان و نەمربوونی ناپلیۆن لەوەدایە کە توانیی دروستترین شێوازی تاکتیکی و ستراتیژیی کەلکوەرگرتن لە جەماوەری چەکدار بدۆزێتەوە، خەڵکێک، کە جگە لە هێزی شۆڕش، هیچ هێزێک نەیدەتوانی ئاوا بیخرۆشێنێ. ئەو ئەم تاکتیک

و ستراتژییەی گەیاندە ئاست و لووتکەیەک، کە لەو هونەر و تەکنیکەدا هیچ سەردارێک ناتوانێ تۆزی بشکێنێ و تەنیا هەوڵ دەدەن لە پڕشنگدارترین و سەرکەوتووانەترین عەمەلیاتی خۆیاندا لاسایی ئەو بکەنەوە."

لە بارەی ئەوەوە کە ناپلیۆن تاکتیک و تەکنیکەکانی جەنگی کامڵ و تەواو کردووە، ئەنگڵس دوو هۆکار بە تەوەری سەرەکیی شێوازەکەی ئەو دەزانێ، ئەو دوو هۆکارەش بریتین لە "پێکگونجاویی تەواوی کەرەستەکانی هێرشکردن، واتە بنیادەم، ئەسپ و تۆپ و، ئینجا بەهرە و توانای جووڵاندنی ئەو هەیکەلە پەلاماردەرە."

ئەنگڵس ناپلیۆن بە سەردارێکی زۆر مەزن دەزانێ، تەنانەت لەو جەنگانەشدا کە بەزیوە: "لەنێو بەرگریکردن و هێرشی ڕاستەوخۆدا، لەو جەنگانەی کە ناپلیۆن تایبەت لەحاڵەتی بەرگریدا بووە، ئاماژە بەدوو شەڕی سەرسووڕهێنەری ئەو دەکەین: یەکێکیان جەنگەکەی 1814ی کە بووە هۆی ئەوەی دوور بخرێتەوە بۆ دوورگەی ئەلب و ئەوی دیکەش جەنگی 1815 کە بە شکانەکەی واتێرلۆ و کەوتنی پاریس کۆتایی هات.

لە هەردووک ئەو شەڕە سەرسووڕهێنەرانەدا، سەرلەشکر کە بەتایبەتی هەر لە حاڵەتی بەرگریدا بوو و لە هەموو شوێنەکانەوەو لە هەر هەلێکدا کە بۆی هەڵکەوتبایە هێرشی دەکردە سەر خەنیمەکانی خۆی و سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی نەفەرەوە زۆر لە دوژمنەکانی لاوازتر بوو، باش دەیزانی چۆن هەموو جارێک خۆی لەو بەهێزتر بنوێنێ و، پەلاماری هەر شوێنێکیشی دەدا تێیدا سەردەکەوت." لەو دوو جەنگەدا واتە جەنگەکانی 1814 و 1815، ناپلیۆن لەبەر هەندێ هۆکار کە بەهیچ شێوەیەک پێوەندییان بە پلان و نەخشەکانی و شێوازی

بەجێبەجێکردنیانەوە نەبوو، تێک شکا و شکانەکەشی تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە بەرەی یەکگرتووی ئەوروپی لە ڕادەبەدەر لەو بەهێزتر بوون و میللەتەکەی خۆیشی لە سۆنگەی چارەگە سەدەیەک شەڕەوە بڕستی لێ بڕابوو و ئیتر نەیدەتوانی بەرەنگاری هێرشی دنیایەک بێتەوە کە چەکی لێ هەڵگرتبوو و هاتبووە سەری. ئەنگڵس دەڵێ: "ئۆسترلیتز هەر بە ڕاستی یەکێکە لە مەزنترین سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن و یەکێک لە سەلمێنەرترین بەڵگەکانی بلیمەتیی بێوێنەی سەربازیی ئەو. چونکە، ڕاستە هەڵەکانی بەرەی یەکگرتوو هۆکاری حاشاهەڵنەگری شکانەکەیان بوو، بەڵام ناپلیۆن بەو وردبینی و وریاییەوە توانیی هەڵەی سەردارەکانی دوژمن ببینێ و ئەوەش کە دانی بەخۆیدا گرت تا لە کاتی پێویستدا زەبری گورچوبڕ و یەکلاکەرەوەی خۆی بوەشێنێ و ئەو خێراییە بروسکەئاسایەی کە لە بەچۆکداهێنانی دوژمندا هەیبوو، لە توانای وەسف و تاریفدا نیە. ئۆسترلیتز موعجیزەیەکی هونەر و تاکتیکی لەشکرییە، کە هەتا جەنگ هەبێ، لەبیر ناکرێ."

ناپلیۆن خۆی دەیگوت: "لە ئەوروپا سەرداری باش زۆرن، بەڵام ئەوان لە یەک کاتدا زۆر شت دەبینن، کەچی من تەنیا یەک شت دەبینم و ئەویش ئاپۆڕای مەزنی سوپای دوژمنە، کە هەوڵ دەدەم لەناویان بەرم."

ناپلیۆن لە قۆستنەوەی سەرکەوتن و تەکنیکی لەناوبردنی سەرلەبەری دوژمن ئەویش بە ڕاوەدوونان، بێهاوتا بوو. کۆنت یۆرک قۆن مارتێنبۆرگ مێژوونووسی سەربازیی پرۆسی کە کتێبێکی بەناوبانگی لەبارەی ناپلیۆنەوە هەیە، دەڵێ: "فەرمانەکەی ناپلیۆن بە مارشاڵ سۆ، لە سێی دیسەمبەری 1805دا ـ یانی بەیانیی ڕۆژی جەنگەکەی ئۆسترلیتز ـ تەنیا چەند وشەیەک بوو "هەموو بنەماکانی زانستی ڕاوەدوونان بەوپەڕی هێز و تواناوە". ناپلیۆن لە سەردەمی خۆیدا، بۆ جڵەوکردن و

کارپێکردنی ئاپۆڕا و جەماوەری مەزنی لەشکرەکەی، چ ئەو کاتەی خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکرد و چ ئەودەمەی لە شەڕگەدا بوو و چ ئەو کاتەی ناچاری دەکردن ڕیزەکانیان بەشێوەی جۆراوجۆر و چاوەڕوانەکراو ڕێک بخەنەوە، بێهاوتا و بێوێنە بوو.
باوەڕپێکراوترین مێژوونووسان و مامۆستایانی ستراتژی کە لەبارەی ناپلیۆنەوە ورد بوونەتەوە و لێیان کۆڵیوەتەوە و ئەو کەسانەش کە تەنیا بە ڕێکەوت شتێکیان لەبارەوە نووسیوە، دانیان بەوەدا ناوە کە ناپلیۆن کەڵکی لەو دەرەتانە نوێیانە وەرگرت کە تەنیا شۆڕشی فەرەنسا وەدیی هێنابوون و ئەوانیشی پێکەوە ڕێک خست و لەوکاتدا بە قۆستنەوەی پیتۆڵانەی ئەو نیعمەتە، بوو بە تیۆردارڕێژی هەرە مەزنی ئەو جەنگانەی کە بەرهەمی شۆڕشەکە بوون. جەنگی جەماوەر(ڕەشایی)، جەنگێک بە پاشەکەوت و یەدەگی جۆراوجۆر کەتەنیا دەسەڵاتی حوکمەتێکی بۆرژوا شتی وای پێ دەکرێ و بە قۆستنەوە و بەکارهێنانی کاریگەری ئەو سەرچاوە مەزنە مادی و مرۆییانەی کە لە پشتی جەبهەیەکی ڕێکخراوەوە دابین دەکرێن، لە سەردەمی ناپلیۆندا نەبێ، هەرگیز ئاوا بێ کەمایەسی دەرەتانی بۆ نەڕەخسابوو. ئاپۆڕای چڕی سوپای مەزن بە سەرکردایەتیی ناپلیۆن وەک خۆی دەڵێ: "لە کاتی دیاریکراو و شوێنی دڵخواز"دا هەمیشە خۆیان لە دوژمن بەهێزتر نیشان دەدا."
ناپلیۆن لە نەخشەی جۆگرافیاییشدا لێزان بوو و لە هەموو کەس باشتر، تەنانەت لە سەرۆکی ئەرکانی سوپاکەی خۆی واتە بێرتیەش کە زانا و مامۆستای نەخشەهەڵگرتنەوە بوو، باشتر کەلکی لە نەخشە وەردەگرت و لەو بوارەوە لە هەموو سەرداڕە بەناوبانگەکانی مێژووی پێش خۆی شارەزاتر بوو، بەو حاڵەشەوە هەرگیز خۆی بە نەخشەوە نەدەبەستەوە، کاتێکیش چاوی لە نەخشەکە هەڵدەگرت و دەچووە نێو گۆڕەپانی

شەڕەکەوە و بە وتارەکانی خۆی دەستە و گرووپەکانی دەهەژاند و فەرمانی دەردەکرد و تابووری سامناکی سەربازەکانی دەجووڵاند هەر یەکەمی بێ ڕکابەر بوو و کەس نەیدەتوانی چەلەحانێی لەگەڵ بکا. فەرمانەکانی، ئەو نامانەی کە بۆ مارشاڵەکانی نووسیونی و هەندێ لە وردەقسە و قسە نەستەقەکانی هێشتا وەک یاسا و ڕێسای بنەمایی پێوەندیدار بە سەنگەرەکان و تۆپخانە و ڕێکخستنی پشتپارێز و جووڵەی باڵەکان و هەموو بابەتێکی هونەری سەربازیدا، هەر بایەخیان ماوە.

جگە لە ئەسکەندەری ماکدۆنی، لەوانەیە هیچ پیاوە جەنگاوەرێکی بەناوبانگی مێژوو هێندەی ناپلیۆن لە وەها باریکی لەبار و گونجاودا نەبووە. ئەو نەک هەر دەسەاڵتی فەرمانڕەوایەکی تاکڕەوی هاوکات لەگەڵ توانای زاڵی فەرماندەیەکی گشتیی هێزەکان تێدا هەبوو، بگرە فەرمانڕەوایی بەسەر دەوڵەمەندترین ناوچەکانی جیهانیشدا دەکرد. قەیسەر، کە سەرەتا ماوەیەکی زۆر وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان شەڕی دەکرد و ئەنجومەنی سینات کە حوکمەتی وڵاتی بەدەستەوە بوو و دەرەتانەکانی گرتنی ئەیالەتێکی نوێی لەبەردەست دەنا، لە دواییین ساڵەکانی تەمەنیدا ناچار بوو لەگەڵ دژبەرەکانی خۆیدا بکەوێتە شەڕێکی خوێناوی و نەبڕاوەوە. کەوابوو ئەو قەت ئەو دەرەتانەی بۆ نەڕەخسا کە هەم فەرمانڕەوا بێت و هەمیش سەرکردە و فەرماندەی هەموو لەشکر و سوپای ڕۆما. ئانیباڵ، سەردارێک بوو، گوێڕایەڵی سیناتێکی قرچۆک و بەدەهۆ و فێڵباز و کۆماریکی بازرگان. تۆرن و کۆندێ، ناچار بوون گوێڕایەڵی هەوەس و ئارەزووەکانی دەرباری فەرەنسا بن. سۆڤڕۆف لەپێشدا گوێڕایەڵی کاترین بوو کە هیچ ئاوڕێکی بەخێریشی لێ نەدەداوە، دواتر خۆی خستە بندەستی پاوڵی

یەکەم کە پادشایەکی سەرشێت بوو و ئینجا لە ژێر چاودێری و بە ئەمری دەرباری نەمسا دەجوولایەوە و خزمەتی دەکرد. گۆستاف ئادۆلف و شارلی دوازدەیەم و فردریک ویلهۆلمی دووەمیش ڕاستە فەرمانڕەوای تاکڕەو و تاکبڕیار بوون، بەڵام سەرچاوی مادی و مرۆیی ئەو وڵاتە هەژارانەی کە ئەوان فەرمانڕەواییان دەکردن، زۆر سنووردار بوو.

بەڵام ناپلیۆن تەنیا لە سەردەمی یەکەم شەڕەکانیدا (تۆلۆن، ئیتالیا، میسر، سووریا)دا حوکمەتێکی بەسەرەوە بوو، هەڵبەت زۆریش گوێڕایەڵی ئەو حوکمەتە نەبوو، بەڵام لە 1799 بە دواوە بوو بە پادشای بێجلەوی فەرەنسا و هەموو ئەو وڵاتانە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ملکەچی ببوون و هەندێکیان لە پێشکەوتووترین هەلومەرجە ئابووریەکانی وشکارۆی ئەوروپادا دەژیان: "یەک لەوان، جگە لە فەرەنسا خۆی، هۆڵەندا و ناوچەی ڕێنانی ئەڵمانیا بوو. پاش ڕووداوەکەی 18ی برۆمەر، ناپلیۆن 15ی سالی ڕەبەق وەک فەرمانڕەوایەکی تاکڕەو پادشایەتیی کرد، کەچی ژۆلیۆسی قەیسەر پاش ڕۆبیکۆن تەنیا پێنج ساڵ فەرمانڕەوای بێجلەوی ڕۆما بوو و لەو ماوەیەش دوو ساڵی یەکەمی بە جەنگی نێوخۆیی کە هێزەکانی ئیمپراتۆریای دادەڕزاند، تێپەڕی.

ناپلیۆن بۆ بەکارهێنانی بلیمەتییە سەربازییەکەی خۆی، زیاتر لە هەموو پسپۆڕە جەنگییەکانی پێش خۆی سەرچاوە و هێزی مادی و مرۆیی و کات و دەرەتانی بەدەستەوە بوو و، بە دڵنیاییەوە بلیمەتییەکەیشی لە ئی هەموان بەهێزتر دەرکەوت و درەوشایەوە.

ناپلیۆن بەو بەهرە تایبەت و توانایەی بۆ پێناسە و وەسفی هەموو شتێک هەیبوو، کاتێک باسی تایبەتمەندییەکانی سەردارێکی گەورەی

دەکرد، دەیگوت: سەردار دەبێ "چوارگۆشەیەک بێ، بەرزی و پانییەکەی یەکسان بێ". پانتایی، مەبەستی لە کەسایەتی و ئازایەتی و توانای بڕیاردان بوو. بەرزاییش، مەبەستی زیرەکی و وردبینی و پێدراوە هزرییەکانی دیکە بوو. دەیگوت بێت و سەردار کەسایەتییەکەی لەسەرووی زیرەکی و چاوکراوەییەکەیەوە بێ، ئەوا پەلکێشی شوێنێک دەکرێ کە نابێ بچێ، خۆ ئەگەر زیرەکییەکەیشی لەسەرووی کەسایەتییەکەیەوە بێ، بە گوێرەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکانی خۆی، ئازا و بەغیرەت نابێ.

بێ ئەملا و ئەولا یەکڕیزیی سەرکردایەتیی بە پێویست دەزانی و باوەڕی وابوو هەر سوپایەک فەرماندەکانی یەکڕیز نەبن، مەحکوومە بە شکان و بەزین. ئەو پێی وابوو فەرماندەیەکی خراپ لە دوو فەرماندەی باش باشترە و، لە کاتی گەمارۆکەی تۆلۆن لە 1793دا بۆ هیچ شەڕێک فەرماندەیەکی دیکەی لەگەڵ نەبوو و ناچاریش نەبوو گوێڕایەڵی هیچ کەسی سەرووی خۆی بێ.

لێرەدا با بچینە سەر تۆزێک لە تایبەتمەندییەکانی خۆی:

ناپلیۆن گرینگیی چەکی ساردی(شمشێر و خەنجەر و نێزە و....) هەر نەهێشت، کە خەڵکی دیکە بەتایبەتی لە سەردەمی سۆڤڕۆڤەوە زۆر زۆریان بەلاوە گرینگ بوو، ئەگەرچی سۆڤڕۆڤ بەهیچ شێوەیەک حاشای لە گرینگیی تۆپخانە نەدەکرد. ئیمپراتۆر لە یەکێک لە بەرهەمەکانیدا کە سەبارەت بە قەڵا و سەنگەری جەنگ نووسیویەتی، ڕاشکاوانە دەڵێ: "ئێستا تەنیا ئاگر"گوللە" چارەنووسی جەنگ یەکلایی دەکاتەوە نەک زەبر." ئەو کە لە یەکەم جەنگەکانی خۆیدا درێژەپێدەری تاکتیکی سوپاکانی شۆڕشی فەرەنسا بوو، ڕیزی تفەنگچییەکانی لە ژێر سێبەری ئاگری تۆپخانەدا بەرەو پێشەوە دەنارد و ئەوانیش ڕێگەیان بۆ

تابووڕەکانی پەلامار دەکردەوە. ئەو خۆی بە وردی چاودێر بوو و پێداگرانە بە مارشاڵەکان و بەتایبەتی بە ئۆژن دۆ بۆهارنێی جێنشینی ئیتالیای دەگوت، کە تەنیا بەوەندە مەوەستن سەربازەکانتان فێری تەقە بکەن، بەڵکوو دەبێ فێریان بکەن چۆن نیشان بشکێنن و بێ ئەملاوئەولا ئامانجەکە بپێکن. هەڵبەت ئەو بۆچوونەی ناپلیۆن بەو مانایە نەبوو کە دەکرێ تفەنگچییەکان تا ماوەیەکی زۆر لە پشتیوانیی تۆپخانە بێبەری بکەی، چونکە سەرباز لەوانەیە لە ژێر ڕەهێڵەی ئاگری تۆپخانەی دوژمندا دەسبەجێ وەری بڕووخێ و لە ئاکامدا ڕا بکا. ئەو پێشنیاری دەکرد کە دەبێ تۆپخانە بەوپەڕی تەوژمەوە بخرێتە کار، چونکە تەنیا کاریگەریی مەزنی ئەو ئاگرەیە کە ئاکامی لێبڕاو و یەکلاکەرەوەی لێ دەکەوێتەوە. تۆپخانە لە شەڕەکانی ناپلیۆندا دەورێکی مەزن و زۆربەی جاریش یەکلاکەرەوە دەگێڕێ. وەک چۆن لە فریدلەند 40 تۆپی مەزنی سێنارمۆنت کە پشتیوانییان لە یەکینەکەی ژەنەڕاڵ ڤیکتۆر دەکرد، هەر لەسەرەتای جەنگەکەوە ڕیزی ڕووسەکانی شێواند و سوپای ڕووسیان ناچار کرد بە شپرزەیی و شێواوی بە پێدەشتەکەی فریدلەند و پردەکەی ئۆل ئالیدا پاشەکشە بکەن و هەر ئەو پاشەکشەیەش کارەساتێکی قەرەبووهەڵنەگری لێ کەوتەوە.

شیاوی بیرهێنانەوەیە، کە ناپلیۆن لە ساڵی 1807ـەوە زۆربەی کات کەلکی لە تاکتیکی نوێ و ڕیزبەند و ڕێکخستنی تازە وەردەگرت و ئەوەش ڕێکخستن و ڕیزبەندی زۆر چڕ بوو و زیانیشی زۆر لێ دەکەوتەوە، کە ئەوە لە تاکتیکەکانی نیوەی یەکەمی شەڕەکانی جیاواز بوو، چونکە ئەو کات تەنیا ئەو درزانەی دەکەوتنە نێو ڕیزی کۆنە سەربازەکانی شۆڕش و شەڕکەرە بەئەزموونەکانی میسر و مارەنگۆ و

ئۆسترلیتز، ناچاری دەکرد پەنا بەرێتە بەر چڕکردنەوە و ڕێکخستنەوەی چڕی سەربازەکانی.
نابێ پێمان وابێ ناپلیۆن هیچ گرینگیی بە قەڵا و سەنگەری قایمی دوژمنان نەداوە. ئەو داوای لە مارشاڵ و ژەنەڕاڵەکانی دەکرد، تەنیا ئەم خاڵە باش فێر بن، تەنیا گرتنی قەڵا و سەنگەری دوژمن جەنگ یەکلا ناکاتەوە، بەڵکو لەنێوبردنی هێزە چالاکەکانی دوژمنە کە هەموو شتێک یەکلا دەکاتەوە. ئینجا لەوەشدا بۆ تێگەیشتن و قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانەی کە هەرگیز دووبارە نەدەبوونەوە، لە ڕادەبەدەر تیژبین و زیرەک بوو.
کە لە 1805دا زانیی بە گرتنی قەڵای "ئۆلم" هێزی نەمسا لەنێو دەبا، هەموو هێزەکەی خۆی بردە سەر قەڵاکە. ئەو بۆیە گرینگیی قەڵا و سەنگەری پتەوی خستبووە پلەی دووەمەوە، چونکە باوەڕی وابوو جڵەوداری و داهێنان، دەوری سەرەکی و بنەڕەتی دەگێڕێ. دەیگوت نابێ هیچ شەڕێک هەڵگیرسێنی، تا پێشتر تەواو خۆت بۆ ئامادە نەکردبێ، بەڵام کە شەڕێکیان پێ فرۆشتی، دەبێ بە هەموو تواناوە هەوڵ بدەی داهێنەر و جڵەودار بی.
ئێوارەی ڕۆژە سامناکەکەی شەڕی ئێیلەو لە فێربریوەری 1807دا، سوپاکەی ناپلیۆنیش وەک سوپای ڕووس زەبرێکی وەها قورسی وێکەوتبوو، کە هەندێ لە بەتالیۆنەکانی تەنیا لیوایەک و هەندێکی دیکەیان زۆر لەوەش کەمتریان لێ مابۆوە. ناپلیۆن شەوێ چۆوە خێوەتەکەی خۆی و لە یادداشتێکدا کە بۆ مارشاڵ دۆرووکی نووسی، دانی بە شکستی خۆیدا نا. بەڵام کە سەرلەبەیانیی ئەو ڕۆژە ماتەمبار و بزرکاوەی زستان، ڕوون بۆوە کە بنیگسۆنی فەرمانی سوپای ڕووس نەک هەر پاشەکشەی کردووە، بەڵکوو مەودایەکی زۆریش لە شەڕگەکە

دوور کەوتووەتەوە. ئینجا جڵەوداریيەکە کەوتەوە دەست ناپلیۆن و بەو شێوەیە، ڕۆژەکەی پێشوو(دوێنێ) بۆ ناپلیۆن وەک سەرکەوتنێکی مسۆگەر لەقەڵەم درا، ئەگەرچی ئەو دەیزانی ڕووسەکان هیچ نەشکاون، بەڵام شەڕەکەی ئێیلەوی بە یەکێک لە سەرکەوتنەکانی خۆی دانا.
بنیگسۆن خۆی ڕانەگرتبوو و بەسەر خۆیدا زاڵ نەببوو، ترس بەسەریدا زاڵ ببوو و پێش خەنیمەکەی، شەڕگەی چۆل کردبوو و بەو کارەش جڵەوداریيەکەی بە ناپلیۆن سپاردبوو، کەچی لە بەرانبەر هەر سێ تەرمی ڕووسی، دوو یان سێ تەرمی فەرەنسی لە مەیدانەکە کەوتبوو. جڵەوداری لە سەرکردایەتیی گشتیی جەنگدا، لە هەڵبژاردنی گۆڕەپانی شەڕ و دەسنیشانکردنی دەموساتی دەسپێکی شەڕ و یەکەم عەمەلیاتی تاکتیکیدا کە دەسپێکی هەر شەڕێکە، دەبێ هەمیشە بە دەست سەرفەرماندەوە بێ. بەڵام ناپلیۆن وێڕای ئەوەی پێش دەسپێکی شەڕ کۆمەڵێک فەرمانی بە مارشاڵەکانی دەکرد، کە هەتا ئێستاش دروستی و بەجێبوون و بێ پێچوپەنایی ئەو پلان و فەرمانانە هەر جێی ستایش و پەسنی پسپۆڕانی ئەو بوارەن، کەچی هەرگیز بە ڕوونکردنەوەی وردەکارییە کەمبایەخەکان، کە سەردارانی ڕێبازی کۆنی نەمسایی و پرۆسی و بەریتانی و تەنانەت ڕووسیش(کە ئەمانە کەمتر ڕەچاویان دەکرد) فەرماندەکانی خۆی وەڕەز و زویر نەدەکرد.
ناپلیۆن گرینگیی ستراتیژیی ئامانجەکەی ڕوون دەکردەوە و ئینجا فەرمانی بە فەرماندە و ئەفسەرەکانی دەکرد فلانە شوێنم بۆ بگرن، ئیتر چۆنێتیی گەیشتن بە ئامانجەکەی دەخستە ئەستۆی فەرماندەکە. ئەو لە جەنگەی شەڕدا خۆی وەک دڵ و مێشکی سوپاکە کاری دەکرد.
مارشاڵەکانی ئەویش وێڕای ڕاپەڕاندنی ئەرکە پێئەسپێردراوەکانیان، هێڵی پێوەندییان لەگەڵ ئیمپراتۆر هەر دەپاراست و لە پێشکەوتنەکانی

خۆیانیان ئاگادار دەکردەوە، داوای هێزی پشتیوانیان لێ دەکرد و بەردەوام لە هەموو شتێکیان ئاگادار دەکرد.
ناپلیۆن پێنج مانگێک پاش شەڕەکەی ئۆسترلیتز، وێڕای ڕەخنەگرتن لە ڕاپۆرتی کۆتوتزۆف بۆ ئەڵکساندری یەکەم لەبارەی ئەم شەڕەوە نووسیویەتی: "سوپا مەزنەکەی فەرەنسا تەنیا ئیمپراتۆر سەرکردایەتیی دەکرد و ئامادە بوو وەک یەکەیەکی بچووک کە لەبندەستی فەرماندەکەی خۆیدایە، هەموو فەرمانەکانی ئەو جێبەجێ بکا."
ئەستەمترین شت هەم بۆ هاوچەرخەکانی ناپلیۆن و هەمیش بۆ نەوەکانی دواتر ئەوە بوو، کە بزانن ئیمپراتۆر چۆن ئەو جڵەوی سەرکردایەتییەی دەپاراست، بەبێ ئەوەی داهێنانی فەرماندەکانی پووچەڵ بکاتەوە. دیارە مەبەست لە داهێنانی فەرماندەکان، هەر وردە داهێنان و دەسپێشخەرییە، چونکە جێبەجێکردنی هەر نەخشەیەک تەواو دڕێژەدانی دەسەڵاتی سەرفەرماندە و پاشکۆی داهێنانی ڕێپێشاندەرانەی ئەو بوو و، هەر ئەوەش بندەستەکانی وا ڕاهێنابوو، وەختێک مەترسییەکی زۆریان لەسەر دەبوو و دەنگیشیان بە ئیمپراتۆر ڕانەدەگەیشت، خۆیان هیچ بڕیارێک نەدەن. فەرماندەی ڕاستەقینەی وەک (داڤۆ و ماسنا و ئۆژێرۆ) دەگمەن بوون کە خۆیان سەربەخۆ بجوولێنەوە. ئەوانی دی، ئەرک ڕاپەڕێن و جێبەجێکەری لێوەشاوە بوون، کە سەربەخۆییەکەیان مەرجدار و سنووردار بوو، چونکە تەنیا لە ئاستی شێوەی جێبەجێکردندا سەربەخۆ بوون و هەر جارێکی ناپلیۆن بۆی دەرخسا کە ئاماژەیەک بەو مەسەلەیە بکا، بەداخبوونی خۆی دەردەبڕی کە بۆچی ناتوانێ هاوکات لە چەند شوێنان بێ.
کاتێک لە 1814دا لە دەوری پاریس شەڕی دەکرد، نەک هەر سێسەد هەزار سەربازە بەوەج و شەڕکەرەکەی پاش ساڵی 1808ی ئێسک و

پرووسکیان له شەڕگەکاندا کەوتبوو و بەشێکی دیکەشیان لە ئیسپانیا هەر بەو دەردە چووبوون، نەک ئەو بەشە لە یەکە فەرەنسیەکانیشی لەبەردەست نەبوو کە لە ئەڵمانیا و چەند ناوچەیەکی ئیتالیا خەریکی داگیرکردنی چەند شارێک بوون، بگرە ماسناشی دەمێک بوو لە شەڕێکی بێسوود لەگەڵ ئیسپانیادا گیرۆدە کردبوو و داڤۆیش لە هامبۆرگ گەمارۆ درابوو و مۆراش لە ناپڵ نەدەهاتە دەر بۆ ئەوەی فریای ناپلیۆن بکەوێ. ئەو باشترین سەرباز و لێوەشاوەترین ئەفسەرەکانی خۆی لە چوارقوڕنەی ئیمپراتۆرییەکەیدا پەرش و بڵاو کردبوو و لەو دەموساتەدا کە چارەنووسی یەکلا دەکرایەوە، لەپشتی نەبوون. دیارە ئەم فاکتەرانە، تاقە هۆکاری دواییین شکستی ناپلیۆن لە ساڵی 1814 و 1815دا نین، بەڵام بە دڵنیاییەوە یەکێکن لە هۆکارە گەورەکان.

تا ئەو دەمەی هەمووان لەگەڵی بوون و تا ئەو کاتەی سوپای مەزن بۆ ماوەیەک کە ئاکامەکەی خراپ کەوتەوە، نەببوونە دووبەش کە بەشێکیان لە ئیسپانیای دوورەدەست شەڕ بکا و تێدا بچێ، تا ئەو ساتە ئەو ماوەیەکی زۆر بوو خۆی بە گەورەی بێجڵەو و نەگۆڕی ئەوروپا دەزانی.

سەرکەوتنی ئەو، لە شێوازی داهێنەرانەی سووڕانەوە بە پشت سەنگەرەکانی دوژمن لە قوولاییدا، بەرهەمی هەڵبژاردنی جێبەجێکەر(فەرماندە)ی بەوەج و لێزان بوو و، ژوومینی کە زۆر قوول لە جەنگەکانی ناپلیۆنی کۆڵیوەتەوە و خوێندوونیەوە، سەلماندی لەم کارەدا خاوەن ڕایە. بەڵام ئەوە ناپلیۆن خۆی بوو کە سەلماندی سووڕانەوە بە پشت دوژمندا تەنیا کاتێک بەجێیە، کە لە قۆناغی یەکەمدا بتوانن پشتی سەنگەرەکان لە دوژمن بگرن و هێڵەکانی

پێوەندیی لێ بپچڕێنن، لە قۆناغی دووەمدا، ئەگەر ئەم کارە شەڕی لێ کەوتەوە و شەڕ هەڵاییسا، ئەو تابوورانەی مانۆڕەکەیان ئەنجام داوە، لە شەڕەکەدا بەشدار بن.

یەکێکی دی لە تیۆرداڕێژەکانی سەردەمی ناپلیۆن بەناوی ڤۆن بولۆو باوەڕی وابوو کە خستنەمەترسیی هێڵی پێوەندیی دوژمن بەسە، بەڵام ژوومینی بەپشتبەستن بە هونەری لەشکریی ناپلیۆن باوەڕی وابوو، کە جەنگ ئاکام و بەرهەمی پێویستیی مانۆڕی گرتنی سەرکەوتووانەی پشتەوەی دوژمن و یەکهاتنەوەیە لەگەڵ پلانە دروستەکانی سەربازی. ناپلیۆن باوەڕی وابوو، کە ئەو سەردارەی مانۆڕی گرتنی ئەودیو سەنگەرەکانی دوژمن جێبەجێ دەکا، بێت و دەستوبردی نەبێ، دەکەوێتە بەر کاردانەوەی هێرشی دوژمنەوە. ئەو مارشاڵانەی لە ڕێبازەکەی خۆیدا پەروەردە ببوون، زۆر بە وردی و بەدەستوبرد و بەخیراییەکی دڵخوازەوە و هەمیشەیش سەرکەوتووانە، ئەم مانۆڕەیان بە ئەنجام دەگەیاند.

ئەگەر دوژمن بەهەموو هێزەکەیەوە لە قەڵا یان سەنگەرێکی پتەودا خۆی مات دابوایە، ناپلیۆن ئەو شوێنەی گەمارۆ دەدا و، ئەگەر دوژمن خۆی بەدەستەوە نەدابا، فەرمانی هێرشی دەردەکرد و ئەو جارانەی ناچار دەبوو ئەو ڕێگەیە بگرێتە بەر، بێت و سەرکەوتبایە بەزەیی بە دوژمندا نەدەهاتەوە.

ساڵی 1806 کاتێک بلۆخێر هەوڵی دا لە کۆڵانەکانی شاری لۆبێکدا بەرگری بکا، فەرەنسیە سەرکەوتووەکان کە وەفاداری دابونەریتە کۆنەکان بوون، شارەکەیان تاڵان کرد و خەڵکێکی زۆریشیان کوشت، لە جەنگە ناپلیۆنیەکاندا زۆر نموونە لەو بێبەزەیی و دڵڕەقییانە بەدی کراوە. کاتێک لە جوولای 1799دا لەشکرێکی 12000 کەسیی تەواو

پۆشتەوپەرداخی عوسمانی لە میسر دابەزین و لە قەڵا پتەوەکەی ئەبوقیڕدا سەنگەریان گرت، ناپلیۆن هەستی کرد کۆسپی گەورە لە پشتەوەی قوت بووەتەوە و گرتنی میسری، کە هێشتا تەواو نەبووە خستووەتە مەترسییەوە. چونکە تورک بەپەلە کۆمەڵێک قەڵا و مەتەرێزی پتەویان دروست کردبوو، ئیتر لەنێوبردنیان بە گەمارۆدان مەحاڵ بوو. بەتایبەتی کە لەوانەبوو ئینگلیزەکان لە دەریاوە بەهانایانەوە بێن. هەر بۆیە ناپلیۆن بڕیاری دا هەرچۆنێک بووە بەرەوڕوو هێرشیان بکاتە سەر. ڕۆژی 25ی جوولای 1799 سەعات دووی بەیانی فەرمانی دا هێرش بکرێتە سەر قەڵاکە. لە پێشدا لان و مۆرا چوونە نێو قەڵاکەوە و بەدواياندا هێزی پەلامارەدەر خۆیان بەقەڵاکەدا کرد. سوپای عوسمانی لەنێو قەڵادا ئەنجنران و لەنێو بران. دوو ڕۆژ پاش ئەو سەرکەوتنە ناپلیۆن نووسیویەتی: "ئەم جەنگە، جوانترین شەڕێک بوو کە تا ئێستا دیتوومە. یەک کەسیش لە گەمارۆدراوانی نێو قەڵاکە بە زیندوویی دەرنەچوو." لەگەڵ ئەوەشدا هێرشەکانی مەیدانی شەڕ تەنیا زیانی بە دوژمن نەدەگەیاند، بەڵکو فەرەنسیەکانیش زیانی گیانیی زۆریان وێدەکەوت و ناپلیۆن ئەگەر بە تاقە ڕێگەچارەی نەزانیبایە، خۆی لێ نەدەدا.

ناپلیۆن وێڕای ئەوەی لە شەڕدا، ڕێزی زۆر لە ئازایەتی و بەوەجی و توانا و بەهرەی هەندێ تاک دەگرت، بەڵام بەتەواوی لەسەر ئەو باوەڕە بوو، کە تەنانەت سوارچاکی ئازا و چاونەترسی وەک مەمالیکی میسر و قەزاقەکانی ڕووسیش کە پەرش و بڵاو و بێسەروبەرە شەڕیان دەکرد، ناتوانن خۆیان لەبەر ئاپۆڕای چڕکراوەی سوپایەکی ئەوروپایی ڕاهاتوو و ڕێکوپێک ڕاگرن، ئەگەرچی قەبوولّی بوو کە لەوانەیە لە هەندێ عەمەلیاتدا سەرکەوتنیش دەستەبەر بکەن و حاشاشی لەوە

نەدەکرد کە ئەوان بەهێزترن، بەڵام باوەڕی وابوو ئەوەی چارەنووسی شەڕەکان یەکلا دەکاتەوە، ئاپۆڕا چڕ و ڕێکوپێکەکانن و، ئەوەش ڕاستییەک بوو کە هەمیشە پاتەی دەکردەوە. هونەری سەرفەرماندە بە ڕای ئەو لەوەدایە کە: یەکەم: بتوانێ کۆمەڵێک لیوا کۆ بکاتەوە و چەکداریان بکا و بەخێرایی ڕایان بێنێ، بۆ ئەوەی سوپای مەزنیان لێ دروست بکا. دووەم: کارێکی وا بکا کە لەو کاتەیدا کە دەیەوێ زەبرە گورچوبڕ و یەکلاکەرەوەکە بوەشێنێ، هەموویانی لە شوێنێکی دڵخواز لەبەردەست و فەرمان بێ. سێیەم: لە گەرمەی شەڕەکەدا بزانێ، ئەگەر بەکارهێنانی هەموو لیواکان سەرکەوتن مسۆگەر دەکا، ئەوا قرچۆکی نەکا و دەستپێوەگر نەبێ. چوارەم: پاش کۆکردنەوە و چڕکردنەوەی ئاپۆڕا گەورەکانی لەشکر، هەرگیز خۆی لە جەنگ نەپارێزێ، یان وەدرەنگی نەخا، بەڵکوو هەوڵ بدا تا زووە بەلایەکیدا بخا. پێنجەم کە لە هەمووان ئەستەمترە، هەوڵ بدا خاڵی لاوازی سەنگەرەکانی دوژمن بدۆزێتەوە و زەبری گورچوپڕی لەوێ بوەشێنێ.

ناپلیۆن دەیگوت، بەخت و ڕێکەوت دەورێکی بەرچاو لە جەنگدا دەگێڕن، بەڵام عەمەلیاتی گەورە تەواو بە تایبەتمەندییەکانی سەرفەرماندەوە یانی بە زیرەکی و زانیاری و داهێنان و دەستوبردی ئەو لە بەکارهێنانی هەموو ئەو بنەما تیۆرییانەوە بەستراوەتەوە کە تێکەڵکردنیان بەشێکە لە هێزی داهێنان و توانای خەیاڵیی ئەو. جارێکیان ناپلیۆن گوتی: "لەو کاتانەدا کە بۆ هەمووان چاوەڕوانەکراوە، بوونەوەرێکی بەرپێوار(غەیبی) نایە بە نهێنی بەمن بڵێ چ بکەم و چ نەکەم، ئەوەی پێم دەڵێ هزر و هێزی خەیاڵی منە."

ئەسکەندەری ماکدۆنی و ژۆلیۆسی قەیسەر و ئانیبالّ و گۆستاڤ ئادۆلّف مەزنبوونەکەیان ئی ئەوە نییە بەخت و شانسیان هەبووبێ،

بەڵکو ئی ئەوە بووە کە زانیویانە چۆن بەخت و شانسی خۆیان بخەنە گەڕ و بەکاری بێنن. ئەمانە قسەی کۆتاییەکانی تەمەنی ناپلیۆنن.
پسپۆڕانی لەشکری و تاکتیکی سەربازی کە لە مێژووی شەڕەکانی ناپلیۆنیان کۆڵیوەتەوە، هەموو هاوڕان لەسەر ئەوە، کە لە ساڵەکانی 1813 ـ 1814دا سەرەڕای چەند هەڵەیەکی بەڕێکەوت و هەندێ ئاسەواری شەکەتی، بەهیچ شێوەیەک بلیمەتیی سەربازیی ناپلیۆن وەک هونەری بەکارهێنانی هەموو توانا و دەرەتان و کەرستەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لەچاو ئەو کاتەی لە لووتکەی دەوشانەوەی سەربازیدا بوو، هیچ لاواز نەببوو. تەنانەت لە ساڵی 1815یشدا سەرەڕای ئەوەی هێزەکانی لەچاو هێزی دوژمن هەر زۆر زۆر کەمتر بوون و پێگە سیاسییەکەیشی زۆر لاواز و هیواکوژ بوو و ماوەیەکیش بوو بەدەست نەخۆشییەوە دەینااڵند، ئاواش نەخشە ستراتیژییەکەی ئەو بۆ تێکشاندنی بەتەواوەتیی هێزەکانی دوژمن لەو نەخشەیە کەمتر نەبوو کە ساڵی 1795 لە یەکەم هێرشدا بۆ سەر ئیتاڵیا کێشابووی و سەرکەوتنێکی وەها پڕشنگداری لێ کەوتبۆوە کە نیشانەی بلیمەتیی ئەو بوو.
سەرکەوتنە پڕشنگدارە سەرەتاییەکانی ئەو نەخشە و پلانە ستراتژییە سەربازییە (شکانی بلۆخێر لە لینیە) و تەنانەت بەدوای ئەودا (شەڕی واتێرلۆ کە تەنیا هاتنی بەوەخت و گونجاوی بلۆخێر بۆ شەڕگەکە بووە هۆی ئەوەی ولینگتۆن لە کارەساتێکی مسۆگەر ڕزگاری بێ)
سەلماندیان کە ئەو هێشتا مامۆستای بێهاوتای تەکنیک و هونەری جەنگ بووە.
بەاڵم ناپلیۆن لەو دەمەدا شتێکی کەم بوو، کە بە باوەڕی خۆی، بۆ سەرفەرماندەیەک لە بلیمەتییش پێویستترە و ئەویش دڵنیابوون بوو لە سەرکەوتنی مسۆگەر. چونکە لەوکاتدا ئەو هەستی دەکرد ئیتر کاتی

بەسەرچووە و دواتر وەختێک باسی شەڕەکەی واتێرلۆی بۆ لاسکاز کردبوو، گوتبووی، وەک جاران متمانە و باوەڕی بەخۆی نەمابوو. ئەو دۆڕاندنی متمانەبەخۆییە، بەرهەمی هەڵەکانی ئەو و پێش هەموو شتێک هەڵە سیاسییەکانی بوو. ئامانجە سیاسییە مەزن و مەحاڵەکانی ئەو، کە بریتی بوو لە گرتنی هەموو دنیا، ناپلیۆنی لە بنەما و ڕێساکانی تایبەت بە ستراتیژیی سەربازیی خۆی چەواشە کرد و ڕێی لێ هەتڵە کرد.

بۆ وێنە، هەر ئەوەندە بەسە سەرنج بدەینە تەکنیکی سەرکەوتنی ئەو: چۆن دەکرێ داگیرکەریی سەربازیی ئیمپراتۆریایەکی مەزن کە کەوتبووە چنگ ناپلیۆن، لەگەڵ داگیرکردنی ئەو هەموو زەوییە تازەیەی ڕووسیا و پاراستنی هێڵەکانی پێوەندی، پێکەوە ئاشت بکەیەوە؟ ئەو لەو هەلومەرجەدا لە کوێ دەیتوانی هێزی پێویست بۆ ئەو شەڕانە کۆ بکاتەوە کە بۆ گرتنی ڕووسیا پێویستی بوو؟ چون دەیتوانی خۆی لەگەڵ ئەو ڕێسایەدا بگونجێنێ کە خۆی دابنابوو و دەیگوت: "دەبێ هەمیشە و لە کاتی دڵخواز و شوێنی دڵخوازدا لە دوژمن بەهێزتر بی"... دەبوو چ بکا هاوکات هەم لە پشت دەروازەی مەدریدەوە سەرکەوێ و هەمیش لە مەودای نێوان سمۆلنێسک و مۆسکۆیشدا؟ ناپلیۆن لە عەمەلیاتە مەزنە سەربازییەکەیدا بەردەوام هەوڵی دەدا لە پرەنسیپە بنەماییەکانی خۆی لا نەدا و چەواشە نەبێ، ئەو پرەنسیپەش بریتی بوو لەوەی کە هێڵەکانی پێوەندیی خۆی بەباشی بپارێزێ و هەر بۆ پاراستنی ئەو پرەنسیپەش بوو کە لە ماوەی زەمەنیی لەشکرکێشانی بۆ سەر ڕووسیادا و زۆر پێش پاشەکشەش هێزەکانی خۆی بەوشێوە سامناکە کەم کردەوە. لەو 420000 کەسەی کە لە جوونی 1812دا لەدەم چۆمی نێمەن و لەکاتی بڕینی سنووردا بۆ پەلاماردان

بەدەستیەوە بوو، کە گەیشتە نێو ڕووسیا لە 363000 کەس پتری پێ نەمابوو و باقیەکەی بۆ پاراستنی ئەملاوئەولای خۆی و باکوور و باشووری هێڵی عەمەلیاتەکە تەرخان کردبوو. کە گەیشتە ویتبێسک، ئیتر 363000 کەسی پێ نەبوو، بەڵکو 229000 کەسی پێ بوو و ئەوەشی لە دەوروبەری سمۆلنێسک لێ ببووە 185000 کەس. پاش شەڕەکەی سمۆلنێسک و دانانی بنکەیەکی سەربازی لەو شارەدا کە 156000 کەسی لێ بەجێ هێشت، بەپڕتاو بەرەو گژاتسک چوو و بە 135000 کەسەوە گەیشتە بۆرۆدینۆ و کاتێک گەیشتە مۆسکۆ پتر لە 95000 کەسی پێ نەمابوو. ئەو هەمووە خەڵکەی بە چەکی دوژمن و نەخۆشی و پەتای جۆراوجۆر و کەشوهەوای خراپ لێ کەم نەببۆوە، بەڵکوو سەرەڕای ئەو شتانە، لەبەریەککشان و بەرینبوونەوەی لەڕادەبەدەری هێڵەکانی پێوەندییەکەیشی بەشێکی زۆری سەربازانی سوپای مەزنی لەناو بردبوو. ئەم ژمارەیە، جگە لەو 220000 کەسە بوو کە ناپلیۆن هەتا نێمەنیش لەگەڵ خۆیدا نەهێنابوون، بەڵکوو بۆ پاراستنی ئیمپراتۆرییە مەزنەکەی خۆی جێی هێشتبوون، هەروەها 200000 کەسی و بگرە لەوەش زیاتر کە لە ئیسپانیا شەڕیان دەکرد. ئەو بە لاسکازی دەگوت: "سەرەڕای هەموو ئەو شتانە، دەموساتی وا دێتە پێش، کە فەرماندە ناچارە چەکوچۆلەکەی خۆی بسووتێنێ و هەموو هێزەکەی چڕ بکاتەوە بۆ ئەوەی زەبرێکی گورچوبڕ لە دوژمن بوەشێنێ و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش دەبێ جاروبار هێڵەکانی پێوەندیی خۆی بخاتە مەترسییەوە." دەشیگوت: "لە جەنگەکەی 1805_دا کاتێک لە مۆراوی لە گەرمەی شەڕدا بووم، پرۆس خۆی پۆشتە کردبوو کە هێرشم بکاتە سەر و پاشەکشەش بۆ ئەڵمانیا مەحاڵ بوو، بەڵام من لە 1806 لە ئۆسترلیتز سەرکەوتم... و دەشمدی کە

نەمسا خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر هێڵەکانی پێوەندیی من و ئیسپانیاش هەڕەشەی دەکرد کە بە چیاکانی پیرنێدا دەپەڕێتەوە و فەرەنسا دەگرێ، بەڵام من لە یەنا سەرکەوتم. لە جەنگی 1809دا وەزعەکەم لەوەش مەترسیدارتر بوو، بەڵام من لە واگرامیش سەرکەوتم." ناپلیۆن دەیگوت: هەموو جەنگێک دەبێ بە یاسا و ڕێسا بکرێ، یانی بە قوواڵی بیری لێ کرابێتەوە و تەنیا لەو حاڵەتەدایە کە شانسی سەرکەوتنت هەیە. ئەو بۆچوونی ئەو کەسانەی قبووڵ نەبوو کە دەیانگوت هێرش و تاڵان و بڕۆی چەنگیزخان و ئەمیر تەیموور هەر کۆمەڵێک عەمەلیاتی بێسەروبەر بووە، لەم بارەیەوە بە مۆنتۆلۆنی دەیگوت: "جەنگەکانی چەنگیزخان و ئەمیر تەیموور تەواو بەپێی یاسا و ڕێسا بوونە، چونکە هەڵسوکەوتەکانیان هەڵسەنگێنراو و لەگەڵ بنەما و تاکتیک و هێزی سوپاکەیان گونجاو بووە." ئێستا دەبینین کە مێژوونووسە ڕۆژهەڵاتناسە تازەکان بۆچوونەکانی وی لەبارەی سەرکەوتنەکانی مەغۆلەوە تەواو پشتڕاست دەکەنەوە.

ناپلیۆن گەلێ جاران و لە زۆر کاتدا گوتوویەتی کە هونەر و تەکنیکی جەنگ لەوەدایە فەرماندە بزانێ کە چۆن لە زەمان و شوێنی دڵخوازی خۆیدا، هێزێکی پتر لە ئی خەنیمەکەی کۆ بکاتەوە و، کاتێک گۆهیەری مودیری دیرکتوار بە مەراییکردنەوە تاریفی کرد، کە لە شەڕەکەی 1796 ـ 1797 بە هێزێکی زۆر کەمترەوە دوژمنێکی ئاوا لەخۆی بەهێزتری شکاندووە، ناپلیۆن لە وەڵامدا گوتی: شتی وا نەبووە بەڵکوو هەر هەوڵی داوە وەک بروسکە هەڵکوتێتە سەر هێزە پەرش و بڵاوەکانی دوژمن و دەستە دەستە تێکیان بشکێنێ و هۆکاری سەرکەوتنەکەشی هەر ئەوە بووە کە لە هەرکام لەو وردە هێرشانەدا

لەو کاتەدا لە دوژمنەکەی بەهێزتر بووە، ئەگەرچی دوژمن لەسەر یەک هێز و سوپای زۆر لەو زیاتری پێ بووە.
ئەو زۆر گرینگیی بە وردە و دەروونی سەربازەکانی دەدا. بۆیە تەمبێکردن و دارکاریی سەربازانی کە شۆڕش خستبوویە بەرباس هەڵوەشاندنەوە و نەیسەلماند و ڕەخنەی لە بەریتانییەکان دەگرت کە چۆن دڵیان دێ سەربازەکانیان دارکاری بکەن. دەیگوت: "سەربازێکی تێی هەڵدرێ و ئەتک بکرێ، ئیتر سەربەرزی و شانازیی بەلاوە گرینگ نابێ، سەربازێکی کە لەبەر چاوی هاوڕێکانی دارکاری بکرێ، ئیتر شانازی بە چ شتێکەوە بکا و دڵی بە چی خۆش بێ؟ من لەبری قەمچی دەمەوێ بە نقورچک دەماری غیرەتیان ببزێوم... من پاش هەر شەڕێک، ئەفسەر و سەربازەکانی خۆمم کۆ دەکردەوە و لێیانم دەپرسی، کێ بە کاری مەزن خۆی دەرخستووە؟" ناپلیۆن بە بەرزکردنەوەی دەرەجە، ئەو کەسانەی خەڵات دەکرد کە خوێندەوار بوون و فەرمانی بە نەخوێندەوارەکان دەکرد رۆژێ پێنج سەعات دەرس بخوێنن. کە فێری خوێندنەوە و نووسینیش دەبوون، پلەی سەردەستە و عەریفی و ملازمیی پێ دەبەخشین. هەڵبەت ناپلیۆن، هەر کەس هەڵەی گەورەی کردبایە گوللەبارانی دەکرد بەڵام بە گشتی زیاتر لەسەر پاداش و خەڵات پێداگر بوو نەک تەمبێکردن. پاداشت و هاندانەکانی بریتی بوو لە پارە و پلە و نیشان کە لە فەرمانە سەربازییەکانیشیدا دەگونجێنران و ئەم خەڵاتکردنانەشی بە دەست و دڵ ئاوەڵاییەکی بێوێنەوە بەسەر سەربازەکانیدا دەباراند. لە چواردەی مانگی فلۆریاڵی 1801دا ئەو کاتەی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دەوڵەتدا لەسەر دانانی نیشانی لۆژیۆن ببووە مشتومڕ، ناپلیۆن بە دەنگی بەرز نەڕاندی: "پێتان وایە دەتوانن بە لێکدانەوە و تێوری سەرباز بنێرنە شەڕ؟ هەرگیز! ئەو شتە

هەر بەکاری زانایان دێ ئەویش لە ژووری ئیشکردنەکەیان. سەرباز دەبێ بە مەدالیا و پلەوپایە خەڵات بکرێ. سوپای کۆماری بۆیە توانییان سەرکەوتنی زۆر گەورە دەستەبەر بکەن، چونکە ڕۆڵەی جووتیار و وەرزێرە زەحمەتکێشەکان بوون نەک کۆمەڵێک هەرچی و پەرچی و لات و لووت، چونکە کۆمەڵێک ئەفسەری تازە جێی ئەفسەرەکانی ڕێژیمی پێشوویان گرتبۆوە و هەمووشیان شکۆ و غیرەتیان هەبوو."

بەو جۆرە ناپلیۆن بە زانین و ئەوپەڕی هۆشیارییەوە سەرکەوتووانە توانیی کەرەستەکانی شۆڕش بکاتە ئامرازێکی کاریگەر و بەهێز کە لە دەستە بێهاوتاکانی ئەودا ئەنجام و بەرهەمی بێوێنەی ئەوتۆ دەستەبەر بکەن، لە مێژوودا وێنەی نەبێ.

ئەو لە ناخی خۆیدا، ڕێزی لە خەسڵەتێک دەگرت، کە بە بڕوای خۆی بۆ فەرماندە گرینگترین و بێوێنەترین خەسڵەت بوو، ئەویش بریتی بوو لە: وردی پۆڵایین و غیرەت و ئازایەتییەکی تایبەت. هەڵبەت بەو مانایە نا، کە بە ئاڵایەکەوە هێرش بکەیتە سەر پردەکەی ئارکۆڵ، یان چەند سەعاتان لە گۆڕستانەکەی ئێیلەودا لەبەر ڕەهێڵەی تۆپخانەی ڕووسەکاندا دانیشی، بەڵکوو بەو مانایەی قورسترین بەرپرسیارەتیەکان بگریتە ئەستۆ و ئازایەتیی بڕیاردانت هەبێ. سەرکەوتوو ئەو کەسە نیە کە گەڵاڵەی جەنگی دارشتووە، یان ڕێگەچارەی پێویستی دۆزیوەتەوە، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە بەپرسیارەتیی جێبەجێکردنەکەی گرتووەتە ئەستۆ.

بە ڕای هەموو ڕەخنەگران و هەڵسەنگێنەرانی سەربازی، ناپلیۆن هەم وەک تاکتیکزان واتە سەرکەوتن لە جەنگەکاندا و هەمیش وەک پسپۆڕیی لەشکری یانی تەکنیکی سەرکەوتن لە شەڕەکاندا و هەمیش وەک سیاسەتمەدار یانی دەسەڵاتی سەپاندنی هەموو ویست و ئیرادەی

خۆی بەسەر دوژمنی بەزیودا، پیاوێکی گەورە بوو. هەڵبەت سەپاندنی ویست و ئیرادە بەسەر دوژمنی بەزیودا نەک هەر بە مانای شکاندنی ورە و هێزی بەرگریی بەرانبەر بەڵکوو بە واتای ناچارکردنی بوو بۆ ئیمزای پەیماننامەیەک کە ئەو دەیویست. ئەم سێ تایبەتمەندییە بەتەواوی لەودا هەبوون و هاوئاهەنگ بوون. لە هەر شەڕێکدا هەر سەرکەوتبایە، مۆرا و سوارچاکەکانی ئەوی وەدووی دوژمن دەخست کە لەنێویان بەرن و کاتێک ئەرکەکەی خۆی تەواو ڕادەپەڕاند، بۆ ئەوەی شەڕەکە سەرکەوتنی مسۆگەری لێ بکەوێتەوە، ئەم زۆرهێنان و گوشارە تا سەر مێزی دانوستان و سەپاندنی ویست و چاوەڕوانییە سیاسیەکان هەر بەردەوام دەبوو.

ناپلیۆن لە دەسپێکی هەر شەڕێکدا هەوڵی دەدا لە کەمترین کاتدا و یەکدابەدوو، بە زەبرێک یان دوو بەزبری بروسکەئاسا دوژمن بەچۆکدا بێنێ و ئینجا وای لێ بکا مل بۆ ئاشتی ڕاکێشێ.

هەر ئەم خاڵە دەرەتانی بۆ کلاوسویتز ڕەخساند تا تەکنیک و هونەری سەرکردایەتیی جەنگ بەو مانایە پێناسە بکاتەوە کە ناپلیۆن مەبەستی بوو و لە مێژوودا بە دیاردەیەکی تەواو نوێی لەقەڵەم بدا، کە جەنگی لە "لووتکەی کاملبوون" نزیک کردووەتەوە.

کلاوسویتز دەنووسێ: "... لە سەردەمی بۆناپارتەوە، لەپێشدا لە لایەکەوە و ئینجا لە لایەنەکانی دیکەوە، جەنگ کراوەتە کار و پیشەی هەموو تاکەکانی میللەت، بەو مانایەی لەپێشدا فەرەنسیەکان لە جەنگەی خەبات دژی دەستدرێژیی بێگانان وایان کرد و دوای ئەوانیش ئەو میللەتانەی بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرش و دەستدرێژییەکانی ناپلیۆن ناچار بوون بەرگری لەخۆیان بکەن. بەڵێ، لەو کاتەوە جەنگ شێوازێکی دیکەی بەخۆوە گرتووە یان بەواتایەکی دی، لە گەوهەر و لووتکەی

پێگەیشتنی خۆی نزیکتر بووەتەوە. ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی لە پێناو سەرکردایەتیی جەنگدا دەدرا، لە سۆنگەی زۆربوونی کەلوپەل و کرانەوەی دووریەدیمەنە بەرینەکان و ڕێگە تازەکانی دەستەبەرکردنی سەرکەوتن و بەئاگاهاتنی بیروڕای گشتی بەشێوەیەکی بەرچاو چڕتر بوونەتەوە، لەنێوبردنی خەنیم، بووەتە دوائامانجی عەمەلیاتی سەربازی. ڕاوەستان و دانوستانی ئاشتی لەگەڵ بەرانبەر، تەنیا ئەو کاتەیە کە دوژمنەکەت بەچۆکدا هاتبێ، ئەگینا مەحاڵە."

لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسەنگاندنە وردەکەی کڵاوسویتز لەبارەی سەرکردایەتیی جەنگیی ناپلیۆنەوە، دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵە بنەڕەتییە کامڵ بکرێ، کە ئەو سەردارە مەزنە بەپێی کەوشەنی هەراوی ئامانجە سیاسییەکانی جەنگ و چڕبوونی جەنگەکە، بڕوای بە دوو جەنگ هەبوو، جەنگی دەستدرێژیکەرانە و جەنگی بەرگریکەرانە. بەڵام سنوور یان هێڵێکی دیاری لە نێوان ئەو دوو جەنگەدا دەسنیشان نەکردبوو و تەنیا بەپێی تایبەتمەندیی ئەو جەنگە جۆراوجۆرانە بۆچوونی خۆی دەگوت، کە بەرهەمی بارودۆخی سیاسی و هێزی سەربازی بوون. ناپلیۆن لەسەر بەرهەمەکەی ڕۆینا، کە ساڵی 1816 بڵاو بۆوە، بۆچوون و تێبینیی خۆی ئاوا دەنووسێ: "هەموو جەنگێکی دەستدرێژیکەرانە، جەنگێکی پەلاماردەرانەیە... و هەر جەنگێک کە لەسەر بنەمای یاسا و ڕێساکان سەرکردایەتی بکرێ، جەنگێکی میتۆدیک و ڕێسامەندە.

جەنگی بەرگریکەرانە هیچ لەگەڵ هێرش و دەستدرێژیدا ناتەبا نیە، هەر وەک چۆن جەنگی دەستدرێژیکەرانەیش تەنانەت ئەگەر مەبەست بەزاندنی سنوور و دەستدرێژیکردنە سەر خاکی دوژمنیش بێ، لەگەڵ بەرگریکردن ناتەبا و ناکۆک نییە."

ناپلیۆن پاش ئەوەی بە کورتی ئاماژە بە جەنگەکانی مەزنترین سەردارانی جیهان دەکا، پێی وایە قسەکردن لەسەر بنەما و سیستەمەکانی تەکنیکی لەشکریی ئەوان تەنانەت ئەگەر بەکورتییش بێ، بێسوودە، بەو حاڵەشەوە، ئەویش وەک هەموو سەردارە مەزنەکان هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە دوژمنەکەی داپڵۆسێ و نەیهێڵێ.
بۆچوونی کڵاوسویتز لەبارەی ناپلیۆنەوە کە ئێستا ئاماژەمان پێ کرد، تایبەتی خۆیەتی و لە بەرهەمی خەڵکانی دیکەدا وەک ژوومینیدا بەدی ناکرێ. لەوبارەیەوە پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە ئەنگڵس وێڕای ئەو هەمووە بایەخەی بە بەرهەمەکانی کڵاوسویتزی دەدا، بەڵام ژوومینیی لە سۆنگەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی لە ناپلیۆنی کردووە، لەو پێ باشتر بوو. بۆ نموونە ئەوەی لە 12ی ئەپریلی 1853دا بۆ ژۆزف وێیدێمایەری نووسیوە، لێرەدا دایدەنێینەوە: "بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕەهەند و لایەنەکان، ژوومینی باشترین مێژوونووسی جەنگەکانی ناپلیۆنە و جگە لە چەند بابەتێکی بەنرخی بلیمەتانە، بەهیچ شێوەیەک کڵاوسویتزم پێ باش نییە."

3

ناپلیۆن ڕقی زۆر لە ژاکۆبنەکان بوو، هەر لەبەر ئەوەی ئەوان ویستبوویان جەماوەری چینی سێیەمیش بەشداری بەرهەمی سەرکەوتنەکانی شۆڕشی مەزن بن، "ناپلیۆن" بەوپەڕی بێبەزەییەوە بەرەنگاریان بۆوە.
پشتیوانی لە هەرچەشنە خاوەندارییەتییەک و یەک لەوان خاوەندارێتیی ملکی نێونجی و بچووکی جووتیاری کە لەسەردەمی شۆڕشدا ببووە شتێکی گشتگیر، بەردی بناغەی سیاسەتی نێوخۆی ناپلیۆن بوو،

ئەگەرچی بە قسەی مارکس لە کتێبی "بنەماڵەی پیرۆز"دا، ناپلیۆن هەوڵی دەدا بەرژەوەندیی توێژە جۆراوجۆرەکانی بۆرژوا بکاتە پاشکۆ و ملکەچی بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆرییەکەی خۆی. "ڕەشووڕووتان" واتە کرێکارانی پاریس و لیۆن و ئامیین و ڕوان، ئەویان زۆر نیگەران دەکرد، بەڵام ئەو بە زیرەکییەکەی خۆی تێگەیشتبوو، کە تاقە ئامرازی بەرگری لە بەرانبەریاندا، ئەو سەربازە گەڕۆک و یەکەی لەشکری و پۆلیس و تۆڕی سیخوڕییانەیە، کە فۆشێی وەزیری پۆلیس زۆر لێهاتووانە دروستی کردبوون. ناپلیۆن زۆری هەوڵ دەدا بەرەنگاری ئەو لێشاوی بێکارییە ببێتەوە کە ساڵی 1811 هەزاران کرێکاری برسیی بێ خانە و لان کردبوو و، دەیویست بە گەمارۆی وشکانیی ئینگلتەرا و دادۆشینی وەحشییانەی ئابووری و دانانی یاسا و ڕێسای توندی پاوانکارانە لە هەموو وڵاتە بەزیوەکاندا، ڕێگەیەکی دەربازبوون لەو بنبەستە بۆخۆی بدۆزێتەوە و بازاڕی فرۆش بۆ کاڵا فەرەنسییەکان دەستەبەر بکا و کەرەستەی خاوی هەرزان بۆ پیشەسازیی فەرەنسا دابین بکا.

سیاسەتی ئابووریی ناپلیۆن لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابوو، کە پیشەسازیی فەرەنسا لە هەموو دنیادا یەکەم بێ و لە ئاکامدا ئینگلتەراش لە هەموو بازاڕەکانی ئەوروپادا تەریک و پەراوێز بخا، ئەوانەش دوو فاکتەری لێکدانەبڕاو بوون. بەڵام لە بواری پێوەندیی کرێکاران بە خاوەنکارەکانیانەوە، ناپلیۆن بە دانانی کۆمەڵە یاسایەکی وەک شاپلیەر کە بچووکترین نیشانەکانی مانگرتنی بە نایاسایی لەقەڵەم دەدا، بەتەواو مانا پشتی خاوەن سەرمایەکانی دەگرت، ئینجا بەوەش ڕانەوەستا و بۆ ئازاردانی زەحمەتکێشان "دەفتەرۆکەی کرێکاری"ی داهێنا.

ئەی باشە بۆچی تەنانەت لە قەیراناویترین کات و ساتەکانیشدا کرێکاران لە ئیمپراتۆر ڕانەپەڕین و بۆچی دادگا کارتۆنییەکانی بۆربۆنەکان لە ساڵانی 1816 و 17 و 18 و 19 و 20 و 1821دا کە دیسان پێک هێنرابوونەوە، لە پاریس و شارەکانی دیکە چەندین مانگ زیندانییان بۆ کرێکارەکان دەبڕییەوە هەر بە تاوانی ئەوەی لە کۆڵان و شەقامەکاندا هاواری "سەرچڵانەی" بژی بژی ئیمپراتۆریان گوتووەتەوە؟ من لەم لاپەڕانەدا هەوڵم داوە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، وەڵامەکە ئەوەیە کە زەحمەتکێشانی شار و گوندەکان دڵیان خەبەری دابوو کە ڕێژیمە بۆرژواییەکەی بەرهەمی شۆڕش، ئەو ڕێژیمەی ئیمپراتۆر نوێنەری بوو، سەرەڕای هەموو کەموکووڕییەکانی، هەزار جار لە ڕێژیمە کۆن و داڕزیوە دەرەبەگایەتییەکە یانی پادشایەتیی بۆربۆنەکان باشترە کە بە پشتیوانیی دەوڵەتانی بەرە هاتبوونەوە فەرەنسا. بڵێسەی بیرەوەریی ڕۆژانی پڕ شانازیی شۆڕشی مەزن هێشتا لە دڵی کرێکاران و زەحمەتکێشانی دەوروبەری سەنت ئانتوان و سەن مارسڵ و تامپڵ و مۆفتاردا دانەمرکابۆوە و لە قۆناغی حکوومەتە سەد ڕۆژیەکەدا، ئەوانەی لە هەمووان پتر وەفاداری نەریتە شۆڕشگێڕیەکان بوون، چونکە لە هاتنەوەی ڕێژیمی دەرەبەگایەتیی بۆربۆنەکان تۆقیبوون و پێیان لە هەموو جۆرە حوکمەتێک خراپتر بوو، ئەوانە ناپلیۆنیان بە هەموو شێوازە کۆنەپارێزییەکانیەوە قبوواڵتر بوو.

ئەگەر لە بەرانبەر گەڕانەوەی ڕێژیمە کۆنەکەی دەرەبەگایەتیدا ئەوەمان قبووڵ بێ کە ناپلیۆن نوێنەری سەردەمی نوێی پیشەسازی و لە ڕوانگەی ئابووریەوە کەسێکی پێشکەوتوو بووە، سروشتیە کە دەبێ بڵێین سەرکەوتنەکانی ئەو دەورێکی شۆڕشگێڕانەیان لە داڕمانی کۆڵکەکانی ئەوروپای دەرەبەگایەتیدا هەبووە.

بناغەدانەرانی فەلسەفەی زانستیی دیالێکتیک، گەلێ جاران باسی بایەخی پێشکەوتووانەی کارەکانی ناپلیۆنیان کردۆتەوە و گوتوویانە: "... ناپلیۆن ئیمپراتورە پیرۆزەکەی ڕۆما و ژەرمەنی تێکەوە پێچا و ژمارەی وردە دەوڵەتەکانی ئەڵمانی کەم کردەوە و دەوڵەتی گەورەتری دروست کرد، لەو وڵاتانەدا کە گرتبوونی، یاساکانی خۆی کە لە یاسا کارپێکراوەکانی ئەو وڵاتانە پێشکەوتووتر بوون و لەسەر یەک لەسەر بنەمای یەکسانی و دادپەروەرییەکی زیاتر دارێژرابوون، کردە باو." بە ڕای ئەنگڵس "جووتیاران و چینی بۆرژوای ئەڵمانی بە هەڵە لە ناپلیۆن تێگەیشتبوون. ئەوان کە لە گرانبوونی قەند و شەکر و قاوە و تووتن وەزاڵە هاتبوون، تێنەدەگەیشتن، کە گەمارۆی وشکانیی ئینگلتەرا، هۆکاری سەرەکیی پێشکەوتنی پیشەسازیی ئەڵمانیایە... بەتایبەتی، ئەوان هەر نەیانتوانی لە مەزنیی هەوڵەکانی ناپلیۆن و پلانەکانی تێ بگەن و هەر لەبەر ئەوە جنێویان بە ناپلیۆن دەدا چونکە کوڕەکانیانی دەبرد بۆ شەڕی خانەدان و سەرمایەدارانی ئینگلیز، بەڵام پەسنی ئینگلیزەکانیان دەدا کە لە ڕاستیدا ئەوان هەڵاییسێنەری شەڕەکە بوون... ڕێژیمی تۆقاندن و تیرۆر لە فەرەنسا کاری خۆی کردبوو و ناپلیۆن لە وڵاتانی دیکەش بەشێوەی جەنگ لەسەری بەردەوام بوو و بۆ ئەڵمانیا بەتایبەتی ئەم سیستەمی تیرۆرە زۆر زۆر پێویست بوو..."

ئینجا لە وتارێکیشدا دژی باکۆنین (لە 14ی فێبریوەری 1849)دا دەخوێنینەوە: "لە مێژوودا هیچ کارێک بەبێ دەستوبرد و زەبروزەنگی ئیرادەیەکی پۆڵایین سەرناگرێ و، ئەگەر ئەسکەندەری ماکدۆنی و ژۆلیوسی قەیسەر و ناپلیۆنمان بە پێودانگی ئەو کەسانە هەڵسەنگاندبایە کە بە هەستیاریی خۆڕایی و ترسنۆکیی خۆیانەوە دەچن دڵی

بریگرتە(موکل)ـەی لەخۆیان لاوازتر ڕازی دەکەن، تۆ بڵێی مێژوو چیی بەسەر هاتبایە؟."
لە بارەی بێتوانایی سەرلەبەری هێزە سەربازییەکانی جەنگی ڕۆژهەڵاتی جیهانیش (1853 ـ 1854) ڕای خۆیان دەربڕیوە و دەڵێن: "بڕیار و ئیرادەی ناپلیۆن زۆر "مرۆڤانەتر" بووە لەو هەڵە و نەزانییانەی نەوە بێتوانا و بێبەهرەکانی دواتر تووشی بوون."
لەبارەی گەمارۆی سباستۆپۆلەوە نووسیویانە: "لە ڕاستیدا ناپلیۆنی مەزن، ئەو "قەساب"ـەی ملیۆنان مرۆڤ، بە هەڵسوکەوتی لێبڕاوانە و جووڵەی بروسکەئاسای خۆی لە هەڵسووڕاندن و سەرکردایەتیی جەنگدا، لەچاو ئەم "پیاوە سیاسییە" بیرکۆڵ و بێ ئیرادە و بێبڕیارانەی سەرکردایەتیی جەنگی ڕووسیایان دەکرد، نموونەی بەرزی مرۆڤایەتی بوو..."
ئەنگڵس بەبێ ئەوەی بیەوێ نکۆڵی لە کاریگەریی سەرکەوتنەکانی ناپلیۆن لەسەر ئەوروپا بکا، ئاماژە بەم خاڵەش دەکا، کە ئەو لە کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا وردەوردە دەبوو بە "پادشایەک کە پشت بە یاسا یەزدانی"ـەکان دەبەستێ... گەورەترین هەڵەی ئەو ئەوە بوو کە خزمایەتیی(زەماوەندی) لەگەڵ کۆنە بنەماڵەیەکی دژە شۆڕش واتە بنەماڵەی ئیمپراتۆری نەمسا کرد. ئەو لەبری ئەوەی هەموو ئاسەوارەکانی ئەوروپای کۆن بسڕێتەوە، هەوڵی دەدا لەگەڵیان بسازێ و ڕێک بکەوێ و، جا چونکە دەیویست لە شان و شکۆدا پێش هەموو پادشاکانی ئەوروپا بکەوێ، هەوڵی دەدا چەندی دەلوێ دەربارەکەی خۆی هاوشێوەی دەربارەکانی ئەوروپا لێ بکا. بە ڕای ئەنگڵس ئەوەی دواجار ئەوی لەنێوبرد، هەر ئەوە بوو کە ملی بۆ "پادشایەتیی میرات"ـی ڕاکێشا.

شکانی هەموو وڵاتە پادشایەتییەکان بەدەستی ناپلیۆن، ئاکامی خەباتێکی مەزن بوو، کە دواجار هێزەکانی ئەویشی هەڵوەراند و تێیدا برد. لە تەنیشت ئەوروپاوە کە لە بواڕەکانی ئابووریدا لە فەرەنسای ناپلیۆن دواکەوتووتر بوو، وڵاتە دەریاییەکەی ئینگلتەرا هەڵکەوتبوو کە لەو بواڕەدا زۆر لە خەنیمەکەی خۆی پێشکەوتووتر بوو و، چونکە بەسەر دەریاکانی دنیاشدا زاڵ بوو، لە ڕووی ستراتیژ و تاکتیکیەوە نەکەوتە بەر زەبرە ڕاستەوخۆکانی ناپلیۆن. ناپلیۆن زوو تێگەیشت کە ئەم دوژمنە لە هەمووان مەترسیدارترە و چونکە دەستی بە دەریا ڕانەدەگەیشت، بڕیاری دا لە ڕۆژهەڵات یانی لە میسر و سووریا بەچۆکیدا بێنێ، جا چونکە لەوێ سەرنەکەوت، ئینجا کەوتە بیری پۆشتەوپەرداخکردنی لەشکرگە دەریاییەکەی بۆلۆنی بەشکم لە نێو لەندەن خەنیمەکەی بەچۆکدا بێنێ. هیچ کام لەو دوو هەوڵەی سەریان نەگرت. هاوکات بیری لەوە کردەوە لە سەرانسەری ئەوروپادا بازاڕەکانی ئینگلتەرا لە چنگی ئەو دەوڵەتە بێنێتە دەرێ و، بە کاڵای زۆروزەوەند و باش و هەرزانی فەرەنسیش نەیتوانی ئەوەش بکا، چونکە وەها کارێک مەحاڵ بوو، بۆیە بەناچاری پەنای بردە بەر سەرەنێزە و تفەنگی سەرباز و گومرکچییەکان. بۆ لەنێوبردنی ئینگلتەرا هەر ئەوەندەی بەس نەبوو پیشەسازییەکەی نەهێڵی، بەڵکوو دەبوایە بازرگانییەکەیشی ئیفلیج بکا و زیان بە گەلەکەشتیە بازرگانییەکەیشی بگەیەنێ و هاوردەی کۆلۆنییەکانیشی بنەبڕ بکا. ئەو بە قەدەغەکردنی هێنانی شەکر و پەمۆ و خم و چای هیندوستان و قاوە و بەهارات ئەم هەنگاوەی نا. بۆ جێبەجێکردن و وەدیهێنانی گەمارۆی وشکانیی بەتەواوی، ئەقڵ دەیخواست سەرانسەری ئەورووپا و بەتایبەتی ڕووسیە بەو خەڵکە زۆرەیەوە گوێڕایەڵی ناپلیۆن بن و ئەوەش خۆی بە

مانای دامەزراندنی "فەرمانڕەواییەکی جیهانی" بوو، کە ئەو پاش سەرکەوتنی لە ئۆسترلیتزدا بەناوی "ئیمپراتۆری ڕۆژئاوا" خۆی وا لەقەڵەم دەدا و پاش تیلسیت وردە وردە مەبەستەکەی خۆی ئاشکرا کرد. ئەو بەو جۆرە بیرکردنەوەیە و لە وەها ڕێگەیەکدا نەیدەتوانی جگە لە لەنێوچوون، هیچ چارەنووسێکی دیکەی هەبێ، ئاخرییەکەیشی دیتمان لەنێو چوو.

4

هەموو هەوڵە باوەکان لە پێناوی ئەوەدا کە بڵێن ناپلیۆن بوونەوەرێکی بێهەڵە و پەڵە بووە و بانگەشەی بکەن و بڵێن ئەو فریشتەیەک بووە کە تەنیا بۆ چاکە و خێری مرۆڤ هاتووەتە سەر زەوی و هەوڵدان بۆ ئەوەی بڵێن: ئەو لێشاوە خوێنەی لە ماوەی بیست ساڵ شەڕدا ڕشتوویەتی لە پێناوی "بەرگری لەخۆی"دا بووە و ئینجا خۆماندووکردن بۆ سڕینەوەی چەند پەڵەیەکی شوورەیی لە کارنامەی ناپلیۆن، هەر هەمووی کاری بێهوودەیە، چونکە ناپلیۆن قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان مێشکی خۆی بەو "دڵەڕاوکێ وێژدانییانە" ئاڵۆز نەدەکرد. ئەو لەوپەڕی خۆمانەیی و ڕاستگۆییدا خۆی وەها لە بەرژەوەندییەکانی فەرەنسادا تواندبۆوە، کە بۆ هەر کام لە کردەوەکانی خۆی ئەو عوزر و بیانووەی دێنایەوە گۆڕێ و وێردی سەر زار و زمانی هەمیشە مەزنیی فەرەنسا، بەرژەوەندی فەرەنسا، ئەمنیەتی فەرەنسا و لە سەرووی هەموشیانەوە فەرەنسا بوو.

پێشتریش باسمان کرد، کە وەختێک ناپلیۆن باسی فەرەنسای دەکرد، مەبەستی کام چینی میللەتی فەرەنسا بوو. ئەو کە دەیگوت فەرەنسا، ڕێک مەبەستی چینی بۆرژوای مەزن و تا ڕادەیەکیش جووتیارە وردەمالیکەکان بوو.

بەڵام ئەگەر لایەنی "ئەخلاقی" یان "مۆرالیستی"ی مەسەلەکە بەلاوە بنێین و ئاوڕ لە ڕەهەندە هزرییەکەی بدەینەوە، دەتوانین لە قسەکەی لۆرد ڕۆزێبێری ئینگلیزی تێ بگەین کە لەبارەی ناپلیۆنەوە گوتی: "ناپلیۆن ئەو هێڵەی کە پێش خۆی سنووری زیرەکی و تاقەت و تین و گۆڕی مرۆیی بوو، تا ئەوپەڕی بێسنووری کشاندەوە". کابرایەکی ئینگلیزی دیکە بەناوی پرۆفیسۆر هۆڵەند ڕۆزێ کە هیچ ڕقێکی لە ناپلیۆن نیە و لە زۆر جێیش زۆر بەخراپە هەڵیدەسەنگێنێ، لە سۆنگەی ئەو نیعمەت و پێدراوە بێوێنانەی سروشت لە هەموو بواریکەوە پێی بەخشیبوو و هەروەها لە سۆنگەی ئەو پلەوپایە بەرزەوە کە ئەو پیاوە لە مێژووی جیهاندا هەیەتی، دەیخاتە ڕیزی "پیاوە نەمرەکان"ـەوە و دەڵێ:

ـ ناپلیۆن لە چرکەساتێکدا بڕیاری لەسەر چارەنووسی سەرانسەری ئەورووپا دەدا و بۆ گەیشتن بە ئامانج، بلیمەتیی ڕاستەقینەی خۆی لەگەڵ ئیرادەپۆڵاییەکەیدا تێکەڵ دەکرد."

بێبەزەییەکەی ئەو، بە هەوەس و ئارەزوو نەبوو. ئەوەندە بوو ئەو زۆر گوێی بە بنیادەمەکان نەدەبزوت و هەر وەک کەرەستە و ئامرازێک لێی دەڕوانین و، کاتێک هەستی دەکرد ناچارە زوڵم و فێڵ و سیاسەت بکا، بەبێ پرینگانەوە دەیکرد. هۆش و زیرەکییە خەوشهەڵنەگرەکەی لە هەموو شتێکدا تێی دەخوڕی، کە چەندی دەتوانی بەبێ زوڵم و ناهەقی بەرەو ئامانجەکانت مل بنێ. ئەگەر زانیبای بارودۆخەکە بۆ ئەو شتە لەبارە، دەسبەجێ خۆی لەگەڵ دەگونجاند. ئامانجە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ئەو، کە پاش تیلسیت و بەتایبەتی پاش واگرام گرتبوونیە بەر، هەموویان خەیاڵی و نەکردەنی بوون، بەڵام بیرە تیژ و بەهێزەکەی وی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ڕێگەی جۆروجۆری دەدۆزییەوە و ئامراز و کەرەستەی چاوەڕوانەکراوی دادێنا. بە شێوازێکی ماندووبینەناسانە،

خاڵە بنەڕەتییەکانی دەسنیشان دەکرد و بەبێ ئەوەی هیچ وردەکارییەک پشتگوێ بخا، دەچووە بنج و بناوانی هەموو شتێکەوە. ئەو بەپێچەوانەی مەسەلە بەناوبانگەکە، دەیتوانی هاوکات کە سەیری جەنگەڵ دەکا درەختەکانیش ببینێ و بە درەختەکانەوە لک و پۆ و چڵوچێوەکانیشیان بەوردی لێک جوێ بکاتەوە.

هەستی دەسەڵاتخوازی و دەستەبەرکردنی شانازی تاقە ئاوات و ئارەزووی ئەو بوون و لە ڕوانگەی ئەوەوە دەسەڵات لە سەرووی شانازییشەوە بوو. چالاکیی هزریی بێ کەمایەسی و زیرەکی و هۆشیارییەکی پڕ لە چاوەڕوانی و بەردەوام چالاک، زووهەڵچوون و دڕدۆنگی، بەشێک بوون لە هێڵە بەرچاوەکانی ئەخلاقی ناپلیۆن. ئەو کە ماوەیەکی زۆر لە نێو ڕێز و مەزنایەتییەکی تا ئاستی بتپەرستیدا نوقم ببوو، وردەوردە لەگەڵ پەسن و پێداهەڵگوتن و ڕێزلێنانەکاندا ڕاهات و خووی پێوە گرتن و لە هەموو ڕوویەکەوە خۆی بە شیاوی ئەو شتانە زانی، بەو حاڵەشەوە قازانجەکانی ئەو ڕێز و پەرستنانەی جوان هەڵدەسەنگاند و دەیقۆستنەوە. ناپلیۆن زۆر باش دەیزانی کە پاڵهێز و پاڵنەرە سەرەکییەکانی مرۆڤ ترس و بەرژەوەندییە نەک خۆشەویستی و، لەو بوارەشدا تەنیا سەربازەکانی جیا دەکردەوە، ئەویش تا ڕادەیەک. لەو کاتەدا کە هێشتا فەرمانڕەوای بێجلەوی ئەوروپا بوو، لە دەرباریيەکانی خۆی پرسی، ئاخۆ ئەگەر بمرێ ئەوروپا چۆن باسی مردنەکەی دەکا؟ دەرباریيەکان هەر کامە و دەیویست بە بەربێژی و پێشگۆییکردنی تازیەباریی گشتیدا بکەوێتە پێش ئەوی دی، بەڵام ناپلیۆن بە گاڵتەیەکەوە قسەی بە هەمووان بڕی و هەر ئەوەندەی گوت: "بە باوەڕی من کەس تازیەبار نابێ و ئەوروپا هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵدەمژێ."

ئەو، ئەوەشی دەزانی کە سەربازەکانی خۆشیان دەوێ، بەڵام هێندەی سەربازەکان ئەویان خۆش دەویست، ئەو ئەوەندەی ئەوان خۆش نەدەویست، ئەگەرچی تەواو متمانەی پێیان بوو. هیچ لە مەرگیش نەدەترسا. پاش مردنی، کاتێک تەرمەکەیان دەشوشت، جگە لە شوێنی برینی سەرەنێزە کە یادگاری شەڕەکەی تۆڵۆن بوو و شوێنی گوللەیەک بە قاچیەوە کە لە راتیسبۆن وێی کەوتبوو، زۆر شوێنی برینی دیکەیشی پێوە دیار بوو، کە هیچ کەس لێیان ئاگادار نەبوو. ئەو لە جەنگدا بۆ ئەوەی سەربازەکانی نیگەران نەکا، برینەکانی خۆی دەشاردەوە و بە یارمەتیی یاوەرەکانی خۆی دەرمانی دەکردن و فەرمانیشی پێ دەکردن لای کەس باسی نەکەن. هیچ گومانی لەوە نەبوو کە پاش مردنی، ناوێکی پڕ لەشانازیی لێ بەجێ دەمێنێ. سەربردە و ژیانی خۆی بە شتێکی هەڵکەوتە و پێش هەموو شتێک بە بەرهەمی رێکەوت و بارودۆخێکی تەواو ناوازە و ئەوتۆ دەزانی کە لە هەزار ساڵدا لەوانەیە جارێک شتی وا هەڵکەوێتەوە. ڕۆژێک لە سەنت هێلێن بە لاسکازی گوت: "هەر بەڕاستی ئەو ژیانەی من ڕۆمانێکی سەیرە."

نەمانی ئەو لە گۆڕەپانی مێژووی ئەوروپادا ئەم کاریگەرییەی لەسەر هاوچەرخەکانی دانا، وەک بڵێی تۆفانێکی تووڕە و بەلرفە ماوەیەکی زۆر هەموو وڵاتی تێکوپەکان دابێ و کاولی کردبێ و ئێستاش نیشتبێتەوە. لەو ئەوروپای ئەودەمدا، ڕێک پێش لە بەدەسەڵات گەیشتنی ناپلیۆن، پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، کۆڵەکەی ئەو دەسەڵاتە کۆنەپەرست و سواوانەیان کە چەندین سەدە پشتیوانیان لە فیۆدالیزم کردبوو لەرزۆک کردبوو و بەردی بناغەی داموودەزگا دادوەری و ئیداری و حکوومیەکانیشی کە لە ناخەوە گەندەڵ و کرمێ ببوون بەڵام بە ڕواڵەت شکۆیەکیان مابوو، ڕاتڵەکاندبوو. ناپلیۆن لە چەقی ئەو

تۆفانەدابوو کە بەرەو ئەم ئەوروپا لەرزۆکە هەڵیکردبوو و، ئەو بینا کرمۆڵ و داتوڵاوەی داڕماند، ئەگەرچی ئەو بینا لەرزۆکانە ئەویش نەهاتبایە هەر دەڕووخان، بەڵام ئەو چارەنووسە مسۆگەرەکەیانی خێراتر کرد. ئەو ئەرکی مێژوویی خۆی بەوپەڕی بلیمەتییەوە ڕاپەڕاند و کارێکی ئاوا ئەستەمی، بە ئاسانی جێبەجێ کرد.

پاش ناپلیۆن چەند کەسێک لە پاشماوەکانی قۆناغی دەرەبەگایەتی تا ماوەیەک توانیان لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا پێگەی خۆیان بپارێزن، بەڵام ئەو چەند ریزپەڕەش دەتگوت تەرمێکن و بە زۆر بەسەر پێوە رایانگرتوون. شۆڕشەکەی 1830 لە فەرەنسا و شۆڕشی 1848 لە ئەڵمان و نەمسا، کاری گەسکلێدان و ڕامالّینی ئەو زبڵ و زاڵانەی مێژووی بەشێوەیەکی بەرچاو وەپێش خست. بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سێرواژ لە ڕووسیا، تا ساڵی 1861 هیچ هەنگاوێک نەنرا، ئەویش لەگەڵ تووڕەیی و کاردانەوەی توندی زۆرینەی دەرەبەگەکان بەرەوڕوو بوو. دەرەبەگە ڕووسییە چاونەترسەکان بەهیوا بوون ئەو ئیمتیازانەی لە سۆنگەی بارودۆخە نالەبارەکەوە لەدەستیان دابوو وەرگرنەوە یان هەر نەبێ یاسا و ڕێساکانی هەڵوەشاندنەوەی سێرواژ بە قازانجی خۆیان بگۆڕن و لەو بوارەشەوە هەندێ سەرکەوتنیان دەستەبەر کرد.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ناپلیۆن هەموو توانای خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاسانی شەڕی ئەوروپای فیۆداڵ بکا و بەسەریاندا سەرکەوێ. کۆنەسەردارەکەی شۆڕش، چەندی زیاتر لە کەلەشی ئیمپراتۆری فەرەنسادا خۆی دەشاردەوە و ئینجا ئیمپراتۆرەکەی فەرەنساش چەندی زیاتر دەچووە کەلەشی پادشای بێجلّەوی جیهانەوە، پتر لە ئازادکردنی میللەتان لە کۆت و نیری فیۆدالیزم بەگومان دەبوو،

هەر وەک لە سالانی 1807 ـ 1812دا لە پۆلۆنیا جووتیارەکانی ئازاد کرد بەبێ ئەوەی هیچ زەوی و زارێکیان بداتێ، یانی لە ڕاستیدا ڕێگەی دا سیستەمی سێرواژ هەر بمێنێ. لە 1812دا لە ڕووسیا تەنانەت ئەوەندەشی نەکرد. ئەو ئیتر ئیرادەی پۆلایینی خۆی تەنیا لەپێناوی ئەوەدا دەخستە گەڕ کە میللەتان و دەوڵەتان ناچار بکا گوێڕایەڵی تاکڕەوییەکەی ئەو بن و لەو کاتەدا بوو کە ئەوروپا یەکجێ بۆ خەبات دژی ئازاردەرەکەی جیهان قوت بۆوە.

لە سالانی 1813ـ 1814دا ئەوە هەر چینی فیۆدالْ نەبوون کە پێیان وابوو ئەگەر نیری ناپلیۆن لە ئەستۆیان دانێن ئیتر ڕزگار و سەربەست دەبن، بەڵکو بۆرژوای وڵاتە بەزیوەکانیش کە لەگەڵ زاڵبوونی ناپلیۆن پێشکەوتنیان بەخۆوە نەدیتبوو، هێندەی ئەوان بە ئاواتی شکاندنی ئاڵقەی کۆت و زنجیری کۆیلەیی ئەوەوە بوون. ئەوان دەیانزانی ناپلیۆن تەنیا بۆ دابینکردنی بەرژەوەندیی بۆرژوای فەرەنسا دایاندەدۆشێ و دەیانچەوسێنێتەوە و بەوەش ئازاریان دەچێشت. لە ڕاستیدا کاتێک ڕاپەڕینی نیشتمانی دەرەتانی ئەوەی بۆ جەماوەر ڕەخساند کە نیری ناپلیۆن لە ئەستۆیان دانێن، بەرهەمی دەسبەجێی ئەم سەرکەوتنە بە بۆرژوازی نەبڕا، بەڵکوو کۆنەپارێزی تاکڕەو و دەرەبەگ کەلکی لێ وەرگرت، لەبەر ئەوەی بۆرژوازی لە ئەوروپای ئەودەمدا چینێکی تا ڕادەیەک لاواز بوو و بەجوانییش ڕێک نەخرابوو.

هەر ئەو چینەی کۆمەڵگەی ئەوروپی کە پێشتر سەری "کۆنسوڵی یەکەم"ی دەگەیاندە عەرشی عەزیم و وەک پاڵەوانی بیروڕای ڕزگاریخوازی شۆڕش ناوی دێنا و، لانیکەم وەک باقی توێژەکانی کۆمەڵگە لە ڕێکەوتی 18ی برۆمەرەوە تا ڕاگەیاندنی ئیمپراتۆری هەر

وایان لێ دەڕوانی، ئیتر لە ساڵانی 1813 و 14 و 15دا دژی ئیمپراتۆر ناپلیۆن خەباتی دەکرد.
سیاسەتی ئابووریی ناپلیۆن لە وڵاتە گوێڕایەڵکراوەکان، لەوە پتر، نەیدەتوانی هیچ ئاکامێکی دیکەی هەبێ. ئەو تا دوا ساتەکانی تەمەنیشی نەیویست لەو مەسەلەیە تێ بگا و هەر لە بنێڕا توانای لێ تێگەیشتنیشی نەبوو. پەیکەرە برۆنزییەکەی ئیمپراتۆر کە تاجی شانازیی لەسەر و گۆچانی پادشایەتی بەدەستێکەوە و "گۆ"ی برنجەشی بە دەستەکەی دیکەوەیە و لە نێوەندی پاریسدا لەسەر ئەستوونی ڤاندۆم چەقێنراوە و بەو تۆپانەش دایانڕشتووە کە لە دوژمنیان گرتبوون، نوێنگەی ئەو حەقیقەتەیە کە ناپلیۆن هەتا مابوو، چەندە خەیاڵی خاو و ناماقوواڵی زاڵبوون بەسەر ئەوروپا و ئەگەر بلوێ بەسەر ئاسیاشی لە سەردا بووە و، بەو جۆرەی "گۆ" برنجەییەکە وەک هێمای گۆی زەوی لە دەستیدا دەگوشێ، بەتەما بووە ببێتە فەرمانڕەوای هەموو دنیا و ئیمپراتۆرییەکی جیهانی دامەزرێنێ. بەڵام ئیمپراتۆرییە جیهانییەکە داڕما و لە ئاسەواری ناپلیۆنی تا ماوەیەکی زۆر تەنیا ئەوەندە مایەوە کە پێش دەرکەوتنی ئەو بواریان بۆ ڕەخسابوو و، تەنیا هاندەر و حەزی قووڵی ئابووری و کۆمەڵایەتیش فاکتەری دەسنیشانکەری ئەو ئاسەوارانە بوون.
ڕوخساری ناپلیۆن بۆ تاهەتایە لە زەینی مرۆڤایەتیدا چەسپاوە و ئەو بیرەوەرییە بۆ هەندێ کەس بیرهێنەرەوەی تارمایی ئاتیلا و ئەمیر تەیموور و چەنگیزە و بۆ هەندێکی دیکە بیرهێنەرەوەی ئەسکەندەری ماکدۆنی و قەیسەری ڕۆمایە، بەڵام، چەندی لێکڵۆڵینەوە مێژوونووسەکان بەرەو پێشتر دەچن، ڕەسەنایەتیی بێوێنە و کەسایەتیی پڕنهێنی و سەرسووڕهێنەری ئەو، یوونتر دەردەکەوێ.

مێژووی نووسینی ناپلیۆنی

گەلێ کتێب لەبارەی ناپلیۆنەوە نووسراون، کە ئەگەر کۆیان بکەیەوە کۆگایەکی گەورەیان لێ پێک دێ.
خوێنەرێکی کە حەزی لێ بێ لە فلّان و فیسار لایەنی تایبەتی چالاکییەکانی ئەو بکۆڵێتەوە، دەکرێ ڕایسپێری کۆبەرهەمی کیرشایزن بە ناوی "ناپلیۆنی یەکەم" بخوێنێتەوە کە ناوی نوێترین و کاملّترینی ئەو بەرهەمانەی هێناوە وا لەبارەی ناپلیۆنەوە نووسراون و جگە لە وتارەکان، ئاماژە بە چەندین هەزار کتێب لەو بارەیەوە دەکا.
زۆربەی ئەو بەرهەمانەی تایبەتن بە ناپلیۆن و لە یەکەم ساڵەکانی پاش مردنیدا نووسراون، لە پەسن و پێداهەڵگوتنی نیشتمانپەروەرانە بەولاوە نین و ئەوانەش کاردانەوەن لە هەمبەر لێشاوی ئەو نامیلکە و کتێب و داشۆرین و مێژووی چەواشەکراو و بە ئانقەست نووسراوانەی کە پاش گەڕانەوەی بۆربۆنەکان بە قەڵەمی لایەنگرەکانی ئەوان نووسراون.
ئەوانەش ئەو شاپەرستانە بوون کە ڕق و قینێکی لەبڕاننەهاتوویان لە "داگیرکەر" هەبوو. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو نووسراوە هەجوی و داشۆرینانە بوو کە بیرەوەریگەلی وەک بیرەوەرییەکانی دووشس دابرانتس و بیرەوەرییەکانی شاپتاڵ، کتێبەکەی لاسکاز و سەدان بەرهەمی پەسنبێژانەی دیکە بڵاو کرانەوە و وردەوردە شان بە شانی

ئەو نووسراوانەی لە دژی یان لە پەسنیدا دەنووسران، ئەو بەرهەمانەش دەرکەوتن کە بۆ یەکەم جار لە ڕووی شێوازێکی ورد و تاوتوێ و شیکارییەوە پادشایەتییەکەی ناپلیۆنیان دەخستە بەر باس. لە نێو یەکەمین بەرهەمەکانی لەم چەشنەدا، بەرهەمێک کە لە هەمووان پتر دەنگی دایەوە و زۆر لێزانانە کۆمەڵێک خاڵی تایبەتی خستە ڕوو، کتێبە بەناوبانگەکەی ئادۆف تیەر بوو بەناوی "مێژووی کونسوولّی و ئیمپراتۆری" کە بیست بەرگ بوو و هەندێ بەشی و یەک لەوان باسی وردەکاریی جەنگەکانی ناپلیۆن تا ئێستاش هەر وا باوەڕپێکراون. بەڵام ئەو بەرهەمە بە هەوێنی خەستی نیشتمانپەروەریی نووسراوە و پێداگرانە سوورە لەسەر ئەوەی ناپلیۆن لە هەموو ئەو شەڕانەدا کە سەرکەوتووە، لەسەر هەق بووە. نازناوی "مێژوونووسی سەرکەوتنەکان"یان بە تیەر بەخشیوە. لەبز و ڕاوێژی گشتیی بەرهەمەکە، کەفوکوڵ و جۆشوخرۆشی پێوە دیارە.

جگە لەوەش تیەر لێکۆڵینەوەکەی خۆی لە بوارەکانی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازیدا بەرتەسک کردووەتەوە و هیچ ئاگای لە ئابووری نییە و تەنانەت هەر بە زەینیشیدا نایە کە بۆ تێگەیشتن لە مێژوو، ئابووری چەندە گرینگە. بەو پێیە، کتێبەکەی ئەو کاریگەرییەکی قوڵ و مەزنی داناوە و ڕوونبێژییەکەی دەوڕێکی بەرچاوی لە سەرکەوتنی ئەو بەرهەمەدا هەبووە.

ئەو بەڵگانەی کتێبەکە پشتی پێ بەستوون لاواز و ڕووکەشیانەن و بە گشتی ئەو کتێبە سەرەڕای ئەستووربوونەکەی، دەکرێ بڵێی کتێبێکە تەنیا بۆ خۆخافڵاندن و کاتبەسەربردنە. کتێبێکە لە ئینگلتەرا و وڵاتانی دی پێشوازییەکی گەروگوڕی لێ کرا و وەرگێڕدرایە سەر هەموو زمانە ئەوروپییەکان. لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا "ئەفسانەی ناپلیۆنی"

وەها بەسەر مێژوونووسینی فەرەنسیدا زاڵ ببوو، کە لە دەم چۆمی سێین(Seine)، "والتێر سکۆت"یان بە کافر دەزانی.
نووسەرە سکۆتلەندییەکە، دەیگوت کتێبەکەی من وەڵامدانەوەیە بە شاعیری ئینگلیزی لۆرد بایرۆن، کە 1822 یانی دوو ساڵ پێش مردنی خۆی، پەسنی سەرکەوتنەکانی ناپلیۆنی داوە و لەوبارەیەوە گوتبووی: "بەبێ ئەوەی بە ئیمپراتۆر لەدایک بووبێ، ئیمپراتۆرەکانی وەدووی عارەبانەکەی خۆی دا." والتێر سکۆت، کە خوێ نووسەرێکی ڕۆمانتیک و کۆنەپارێز بوو، لە ناپلیۆن خۆش نەدەبوو لەسەر ئەو زەبرەی لە پەیکەری دەرەبەگایەتیی دابوو.
دواتر باسی داوەرییە سەیروسەمەرەکەی فەیلەسووفی بەناوبانگ هێگڵ دەکەین لەبارەی کتێبەکەی ئەو:
لە 13ی ئۆکتۆبەری 1806 یانی ڕۆژێک پێش جەنگی یەنا، کاتێک لەشکری ناپلیۆن شارەکەی گرتبوو، هێگڵ لە نامەیەکدا بۆ نیتهامێر نووسیی: "من ئیمپراتۆر، ئەو ڕۆحەی جیهانم دیت، کە بۆ ناسینی شارەکە، بەوێدا تێدەپەڕی."
ئەو فەیلەسووفە بەناوبانگە کە پێشتر ناپلیۆنی وەک "بەڵایەکی ئاسمانی" دەدی، پاش خوێندنەوەی کتێبەکەی والتێر سکۆت ئیتر نەیویست ئاوا لە ئیمپراتۆر بڕوانێتەوە. والتێر سکۆت کە لە کتێبەکەی خۆیدا وەک دەوڵەمەندێکی شاری شۆڕشی فەرەنسا و ئیمپراتۆریی ناپلیۆنی هەڵسەنگاندبوو و نووسیبووی: "خواوەند شۆڕشی فەرەنسا و ناپلیۆنی ناردووە تا فەرەنسا و ئەورووپا لەسەر گوناحەکانیان سزا بدەن"، ئەم قسەیە فەیلەسووفە ئەڵمانییەکەی تووڕە کرد و لە وەڵامی والتێر سکۆتدا نووسیی: ئەگەر دادپەروەریی خوا ئەوەی بە پێویست زانیبێ، ئەوە بەومانایەیە کە شۆڕشەکە لە گەوهەری خۆیدا دادپەروەرانە و پێویست

بووە و بە هیچ شێوەیەک پێوەندیی بە زوڵم و تەمبێکردنەوە نەبووە. لە کۆتایی تێبینیەکانیشیدا بە واڵتێر سکۆت دەڵێ: "ئەو کابرایەکی ئەقڵسووکە."

لەو جەنگەیەدا، بەڵگەنامە و دێکۆمێنتەکانی پێوەندیدار بە ناپلیۆن هەر زیاد دەبوون. بیرەوەریی نوێ لەبارەی ناپلیۆن و سەردەمەکەی ئەو پەیتاپەیتا چاپ و بڵاو دەبوونەوە. دەوڵەتی فەرەنسا فەرمانە سەربازی و ئیدارییەکان ئەو نامانەی ناپلیۆن خۆی خوێندبوونیەوە و نووسیبوویاننەوە، لە 23 بەرگی ئەستووردا بڵاو کردەوە و ئیتر لەمەودوا بەڵگەنامەی دیکەشی لێ زیاد کرا و شەرح و لێکدانەوەی لەشکرکێشییەکانی ناپلیۆن و شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی و کاری قانوونداناان و سیاسی و ئیداریی ئەو چ لە فەرەنسا و چ لە ئەڵمان و ئیتالیا و ئینگڵتەرا پەیتاپەیتا چاپ دەبوون.

قوتابخانەی ڕۆمانتیک لە مێژوونووسینیشدا وەک باقی بوارەکانی دی، گرۆیی تایبەتی خۆی بۆ پاڵەوانپەروەری و بەسەرکردەکردنی پاڵەوانان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نیشان دا. کتێبەکەی تۆماس کارلایل بەناوی "پاڵەوان و ئایینی پاڵەوانپەرستی لە مێژوودا" کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ئەو بەرهەمانە دانا کە لەبارەی ناپلیۆنەوە دەنووسران، چونکە ئەگەر قەرار وابوایە یەکێک مێژوونووسەکان ناچار بکا "پاڵەوانپەرستی" بکەن، ئەو پاڵەوانە لە ناپلیۆن بترازێ کەسی دی نەبوو.

یەکەم ناڕەزایەتیی جیددی دژی ئەو شێوە ناسەرکەوتووە، هەڵوێستێک بوو بەرانبەر کتێبەکەی شاراس لەبارەی جەنگی 1815ـەوە، کە ساڵی 1858 لە برۆکسڵ چاپ بوو. شاراس بە ڕەچەڵەک فەرەنسی و دوژمنی بۆناپارت و بۆناپارتخوازی بوو و یەکێک بوو لەو پەنابەرانەی لە بەلژیک دەژیا و مارکس ساڵی 1869 لەبارەیەوە نووسیی: ئەو پیاوە لە

ئایینی ناپلیۆنی کەوتووەتە تەقە." ئەدگار کیونێ"یش دژی "ئەفسانەی ناپلیۆنی" وەستایەوە و هەوڵی دا بیسەلمێنێ کە بیری دامەزراندنی "ئیمپراتۆریی مەزن" بەلای فەرەنسیەکانەوە نامۆیە و سەرچاوەکەی لە ئیتالیاوەیە و لە نەستی هەموو پیاوە سیاسییە مەزنەکانی ئەو وڵاتەدا هەیە. میژووی ناپلیۆن لە پێنج بەرگدا، لە دانانی پیەر لانفرێی کە ساڵی 1867 بڵاو بۆوە و یازدە جار چاپ کرایەوە، دەستەبەرکەری رۆحی لاسارانە و دوژمنایەتییە لەگەڵ ناپلیۆن و نەک هەر ناڕەزایەتییەکە دژی "رێبازی پاڵەوانێتی" بگرە خەباتێکیشە دژی ئایینی فەرەمی و خنکێنەری نەریتە ناپلیۆنیەکانی. دوو بەرگی یەکەمی ئەو بەرهەمە لەسەردەمی ئیمپراتۆری دووەمدا نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە.
لانفرێی ڕقی لە هەردوو ناپلیۆنەکە بوو، هەم لە مام، کە میژووەکەی دەنووسییەوە و هەمیش لە برازا کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا دەژیا. لە ڕوانگەی ئەوەوە ناپلیۆن فەرمانڕەوایەکی تاکڕەوی خۆپەرست و ئازاردەری میللەتان بوو، کە ئازادیی کپ دەکرد و زاڵمێک بوو کە خوێنی بنیادەمانی ڕشت. لانفرێی، کە ئەو مافەی بەخۆی دەدا دژی کەفوکوڵە سنووربەزێنەکەی میژوونووسیی پەسنبێژانەی ناپلیۆنی بوەستێتەوە، خۆیشی تووشی ئەو هەڵانە بووەوە کە خەنیمەکانی دەیانکرد، بەو مانایە کە بە زێدەڕۆیی و زێدەبێژییەوە باسی ڕۆڵی میژوویی ناپلیۆنی لە گشت بوارەکاندا کرد و ئەو ڕۆڵەیشی لە هەموو حاڵەتێکدا هەر بە نەرێنی و خراپ زانی نەک ئەرێنی. لە ڕووی شێوازەوە، ئەویش وەک خەنیمە بێهەژمارەکانی خۆی لە بواری "ڕێبازی پاڵەوانێتی"دا تووشی خۆشباوەڕی و زێدەبێژیی نازانستی ببوو.
پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریی دووەم، ڕەوگە و ڕەوتی نوێ لە بواری میژوونووسیدا سەریان هەڵدا کە بەلامانەوە سەرنجڕاکێشن. لەلایەکەوە

هەر لە یەکەم ساڵەکانی کۆماری سێیەمدا کە هێشتا هەڕەشەی گەڕانەوەی بۆناپارتیزم قورسایی خستبووە سەر شانی وڵات، مێژوونووسە کۆماریخوازەکان دژی ئەفسانەی ناپلیۆنی خەباتیان دەکرد. کتێبەکەی مێژووی ژۆنگ، یەکێک لە دەرکەوتەکانی ئەو خەباتە بوو. لە لایەکیشەوە دەبێ ئاماژە بەو کاریگەریی قوواڵ و گەورەیە بکەین کە بەتایبەتی بەرگی پێنجەمی کتێبی "بنەماکانی فەرەنسای هاوچەرخ"ی هیپۆلیت تێن لەسەر کۆڕ و کۆمەڵی زانکۆکان داینا.
ئەو مێژوونووسە کۆنەپارێزە لە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ترس و رقێکدا کە لە کۆمۆنەکەی 1871ی فەرەنسای هەبوو، ڕووداوەکان و پیاوانی سەردەمی شۆڕشی یەکەمی چەواشە دەکرد و پێچەوانە باسی دەکردن و ناپلیۆنی بە میراتگر و دریژەپێدەری بێبەزەیی و دڵڕەقی و کوشتارەکانی سەردارانی ئیتالیای سەدەکانی چواردە و پانزە و شانزەیەم لەقەڵەم دا کە لەپێناو جەنگ و بۆ جەنگ دەژیان. ئەو بەهیچ شێوەیەک لۆمەی ناپلیۆن ناکا، کە بۆچی شۆڕشەکەی کپ کردووە و کۆمارەکەی لەناو بردووە.
لە ساڵانی 1870 و 1880دا دەست کرا بە بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی "ئەوروپا و شۆڕشی فەرەنسا"ی ئاڵبێر سۆرێل و لە کۆتایی ساڵی 1900دا کۆتایی هات و چوار بەرگی کۆتایی ئەو بەرهەمە بۆ ناپلیۆن تەرخان کراوە. سۆرێل کتێبەکەی خۆی پاش جەنگی 1870 ـ 1871 نووسی. کەفوکوڵی خەستی نیشتمانپەرستانەی ئەو بوو بە ئیلهامبەخشی بنەمایەک، کە هەتا ئێستاش بەسەر مێژوونووسیی فەرەنسادا زاڵە و، ئەویش ئەوەیە کە فەرەنسا پەلاماری هیچ کەسی نەداوە، بەڵکوو هەمیشە بەرگریی لە سنوورە سرووشتیەکانی خۆی واتە ئاڵپ و ڕاین کردووە و جەنگەکانی ناپلیۆن کە بە ڕواڵەت

دەستدرێژیکەرانەن، لە ڕاستیدا لە پێناوی بەرگریدا کراون. ئالبێر سۆرێل کە سیاسەتمەدار بووە، لە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە مێژووییەکانیدا زەوق و مرخێکی ئەدەبیی مەزنیشی دەکار کردووە و سوودی لە زیتی و زیرەکیی تایبەتی ئەو پارێزەر و سیاسەتمەدارە لێزانانەش وەرگرتووە کە لەناخیدا بوون، بۆ ئەوەی ئەم بنەما ناڕاست و ئەقڵنەبڕە بسەلمێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکەی ئەو، زۆربەی ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی ناپلیۆنی ڕوون کردووەتەوە و لەو بەشەدا کە پێوەندیی بە لێکدانەوەی ڕووداوەکانەوە هەیە، کتێبەکەی ئەو زۆر زۆر بەسوودە. ئەو بەوپەڕی کەفوکوڵ و هەژانێکی دەمارگرژانەوە باسی ناپلیۆن دەکا.

یەکێکی دیکە لەو هەوڵە شێلگیر و نوێیانە، بۆ بووژاندنەوەی "ئەفسانەی ناپلیۆنی" و ڕێزگرتنی درۆییەکی وەک نیوەخوایەک لە لایەن ئارتۆر لێڤیەوە بوو کە ساڵی 1894 کتێبێکی ئەستوور و زۆر سەیروسەمەرەی نووسی و زیاتر ئاوڕی لە کەسایەتیی پاڵەوانەکەی داوەتەوە و تێیدا پاڵەوانەکەی خۆی ناوناوە "ناپلیۆنی خۆمانە". ناپلیۆن لەو کتێبەدا وەک کەسێک دەرکەوتووە کە هەموو خەسڵەتە باشە مەعنەوییەکانی هەبووە و تاقە خاڵی لاوازی ئەوە بووە کە لە ڕادەبەدەر دڵنەرم و میهرەبان و بە بەزەیی بووە.

باسی ڕەوشتبەرزیی ئەو "هاوڕێ میهرەبانەی جیهانی مرۆڤایەتی و ئەو پیاوە مەزنە دڵسافە و ئەو مرۆڤدۆستە خێرخواز و ئاشتیخوازە" بە زەحمەت لە 650 لاپەڕەی کتێبی ئەو مێژوونووسە پەسنبێژە هۆگرەدا جێی بووەتەوە... بەو حاڵەشەوە پەسنی زێدەبێژانە و گاڵتەجاڕانەی و دروستکردنی دیمەنی درۆیین لە کتێبەکەی ئارتۆر لێڤیدا، هەم لە کۆڕ و کۆبوونەوەی زانا و نیوەزاناکان و هەمیش لە نێو جەماوەری کەمخوێندەواردا پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێ کراوە.

مێژوونووسێکی دیکە بەناوی فردریک ماسۆن پێش لێڤی و بەتایبەتی دوای ئەویش کە سەرکەوتنەکەی لێڤی لە نێوان سالانی 1890 و 1900 هانی دابوو، چەندین کتێبی لەبارەی ناپلیۆن و تاجلەسەرنانەکەی و بنەماڵە و لەشکر و دەرباری ئەو بڵاو کردەوە. لێکۆڵینەوەکانی ئەو مێژوونووسەش کە لە ئەرشیڤەکان کۆ کراونەوە و زۆریش تێروتەسەلن، بە گیانێکی بتپەرستانە و پەسنبێژانەوە نووسراوە، بەو حاڵەش زۆر بە وردی تیشک دەخاتە سەر ئەو خاڵە سەرەکییانەی پێوەندییان بە ڕووداوەکانەوە هەیە، بەڵام ناکرێ چاوەڕوانیت لە فردریک ماسۆن هەبێ، ڕوانگەیەکی گشتی و بۆچوونێکی تیۆریی زانستی تەنانەت هەڵەش بخاتە ڕوو.

شێلگیرتر لە ماسۆن، ئالبێرت ڤانداڵی قوتابی و دریژەدەر و وەفاداری ڕێبازەکەی سۆرێلە. ئەو پیاوە لە سالانی 1890 ـ 1897 کە لووتکەی پێوەندی و نزیکایەتیی ڕووس و فەرەنسایە، بە ناوی "ناپلیۆن و ئەلکساندر" پەیتاپەیتا سێ بەرگ لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی خۆی بڵاو کردەوە و تێیاندا باسی جەنگەکانی فەرەنسا و ڕووس و هاوپەیمانیەتیی فەرەنسا و ڕووسی سەردەمی ناپلیۆنی کرد و لە بنەوەش هەر بۆچوونەکەی سۆرێلی سەلماند، بەو مانایە کە ناپلیۆن لە شەڕی گەڵ ڕووسەکان و بە گشتی لە هەموو شەڕەکانیدا خەتابار نییە و لە بنێڕا لە کارەکانی دیکەشیدا تووشی هەڵە نەبووە. گومانێک لەوەدا نیە کە ڤاندالیش ناتوانێ حەقیقەتی مەسەلەکان ببینێ، تەنانەت لە دووەم بەرهەمە مەزنەکەیدا بەناوی "دەرکەوتنی بۆناپارت" کە پێنج ساڵ پاش یەکەم بەرهەمی واتە لە 1902دا بڵاو بۆوە، ڤاندال بە سەلیقەیەکی تایبەت بەخۆی (ئەو لە ڕووی ئەدەبییەوە لە سۆرێل و تێنیش باشتر دەنووسێ) مێژووی کودەتاکەی 18ی برۆمەری شی کردووەتەوە و

ڕای خۆی دەربڕیوە کە ناپلیۆن نە بەرپرسیاری دامەزرانی ڕێژیمە تاکڕەوەکەی پاش ئەو کۆدەتایەیە و نە بەرپرسیاری ڕووداوەکانی پاش و پێش بڕۆمەریش. کتێبەکە بە کەفوکوڵ و ڕاوێژێکی هێندە تاسەبارانە بۆ ناپلیۆن نوسراوە، کە لە کتێبی میژوونووسەکانی پێش ئەوتەنانەت لە کتێبەکەی "تێن"یشدا بەرچاو ناکەوێ. بەڵام ئەو هەمووە ڕووداوە، ئەوەندە لێزانانە وەسف کراون، کە کۆمەڵە تابلۆیەکی کامڵ و زیندووی گیانەڵڵا و ڕووخانی دیرکتۆار وێنا دەکەن و ئەوەش وای کردووە خوێندنەوەی کتێبەکە بەسوود بێ. لە ماوەی دە ساڵی پاش بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمیدا، ئەو دوو بەرگە ئەستوورە 540 و 600 لاپەڕەییە، 18 جار لە چاپ درانەوە.

جەنگی یەکەمی جیهانی 1914 ـ 1918 و ساڵانی پاش جەنگ کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دیرۆکنووسیی ناپلیۆنی دانا. هەڵچوونی هەستی نیشتمانپەرستیی زێدەڕۆیانە و خولیای باقوبریقی لەشکری، بووە هۆی چاپ و بڵاوبوونەوەی ژمارەیەکی زۆر کتێبی بچووک و گەورەی زانستی و ڕەشۆکیانە لەبارەی جەنگەکان و ژیانی ناپلیۆن، کە یەک لەوان دەتوانین ئاماژە بە بەرهەمەکەی ئێدوارد درایۆی بەڕێوەبەری گۆڤاری "لێکۆڵینەوەی ناپلیۆنی" بکەین. درایۆ گەلێ بەرهەمی نووسەرانی پێش خۆی بژار کردووە و ڕاستی کردوونەوە، بەو حاڵەشەوە زێدەڕۆیانەترین گرۆ و هەستی نیشتمانپەرستانە و بەتەوژمترین هەستی کۆنەپارێزانە بەسەر ئەو بەرهەمانەدا زاڵە کە بەو دواییە بڵاو بوونەتەوە.

بەگشتی شەپۆلی کاردانەوەی بۆرژوایی کە پاش بەستنی پەیمانەکەی ڤێرسای کەوتبووە ڕێ، لەو کتێبانەدا دەرکەوتن کە بۆ کاروباری نێوخۆیی ناپلیۆن و مانا میژوویییەکەیان تەرخان کراون. لە نێو هەموو

ئەو بەرهەمانەدا من لێرەدا تەنیا ئاماژە بە تازەترینەکەیان دەکەم کە ڕەنگە لە ڕووی بەڵگەمەندییەوە بایەخدارتر بێ ـ لەو بوارەوە کتێبی "ناپلیۆن" لە دوو بەرگدا نووسینی لۆیس مادێلین 1934، یان کتێبە ئەستوورەکەی دیکەی بەناوی "کونسوولّی و ئیمپراتۆری" 1933 لە دوو بەرگدا و ئینجا کتێبەکەی بانقیلیش بەناوی "ناپلیۆن" 1933 زۆر جێی سەرنج و بایەخن. بەڵام دوو بەرگەکەی کە بۆ سەنت هێلێن تەرخان کراون و لە 1935ـدا بڵاو بووەتەوە سەرچاوەیەکی بەنرخە بۆ مێژووی دوا ساڵەکانی تەمەنی ئیمپراتۆر. ئینجا کتێبەکەی ئێدوارد درایۆ کە پێشتر ناومان هێنا بەناوی "ناپلیۆنی مەزن" کە لە 1930ـدا بڵاو بووەتەوە و زۆربەی سەربردەکانی ناپلیۆنی بە کورتی هێناوەتەوە و لە ڕووی فرەیی بەڵگەی پشت پێبەستراوەوە لە کتێبەکانی بانقیل و مادێلین باشترە. مادێلین لە 1936ـەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە گەورەکەی خۆی بەناوی "مێژووی کونسوولّی و ئیمپراتۆری" کە 12 بەرگ بوو و لەو کتێبەدا زۆر تاسەبارانە و بەوپەڕی ڕێزەوە باسی ناپلیۆن دەکا.

ئالبێرت مێینەر کە لە سۆنگەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانی لەبارەی ڕووداوەکەی 18ی برۆمەرەوە ناوبانگی دەرکردووە و ئەو کتێبەیشی لە 1928ـدا بڵاو بووەتەوە لە 1934ـیشدا کتێبێکی تازەی بەناوی "دژ یان لەبارەی ناپلیۆنەوە" بڵاو کردووەتەوە. ئەو لەم کتێبەدا پاش ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر ئەو شتانەی دوژمنانی ناپلیۆن دەتوانن دژی ئەو بیڵێن یان گوتوویانە، دەچێتە سەر وەسفی چاکە و لایەنە باشەکانی ئیمپراتۆر و فەرەنسا و دەرەنجامەکەیشی لە بەرژەوەندی ئەودا لێک دەداتەوە. دەرکەوتنی ئەو کتێبە، نیشانەی ئەو گیانە پەسنبێژەیە کە ئێستا بەسەر مێژوونووسانی ناپلیۆندا زاڵە. کتێبێک کە لە

ڕادەبەدەر واقعیتر و زانستیترە لە باقی بەرهەمەکان، بەرهەمەکەی لێڤێبڤرێیە کە ساڵی 1932 لەگەڵ کۆبەرهەمی "نەتەوەکان و شارستانیەت"دا بڵاو بووەتەوە.

ئەوە کۆی ڕەوتە سەرەکییەکانی سەدەیەک دیرۆکنووسینەوەن لە فەرەنسادا. من لێرەدا باسی فۆرنیەر و کتێبە ئەستوورەکەی کیرشایزنی دیرۆکنووسی سویسری دەکەم کە وەک گوتمان باشترین نووسەری مێژووی ناپلیۆن بووە و کتێبەکەی خۆی لە 1934دا تەواو کردووە. ئەو دوو بەرهەمە گەورەیە هەر پێک بەراورد ناکرێن. کێرشایزن لە کتێبە ئەستوورە 9 بەرگییەکەی خۆیدا بە تێروتەسەلی و سەرنجڕاکێشانە باسی هەر کام لە ڕووداوەکان دەکا و هەر بەرگێکی کتێبەکەی دوو هێندەی بەرگێکی کتێبەکەی فۆرنیەرە. ئەو دوو بەرهەمە کە هەردووکیان لە وڵاتانی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانیدا بڵاو کراونەتەوە و، دووەمیان کە پشتی بە ڕووداوی ناسراو و نەناسراو بەستووە، لەو سۆنگەیەوە کە بێلایەنانە نووسراون و زۆر لە لایەنی زانستیی مەسەلەکە نزیک بوونەتەوە، بەنرخ و پڕبایەخن. ئینگلیزەکانیش کۆمەڵێک کتێبی لێکۆڵینەوەیی و تۆژینەوەییان لەبارەی بابەتەکانی تایبەت بە مێژووی ناپلیۆن بڵاو کردووەتەوە، کە ئەوەی هەرە باشەکەیان کتێبەکەی هۆلەندرزە، ئەوەی وا باسی کرا. ئەوی دیکەیشیان بەرگی نۆیەمی کتێبە مەزنەکەی "مێژووی نوێ"یە کە لە ژێر چاودێریی زانکۆی کەمبریجدا بڵاو بووەتەوە و تایبەتە بە مێژووی ناپلیۆن. ئەو کتێبە بەگشتی و تێروتەسەلی ئاوڕی لە بابەتەکانی سەردەمی ناپلیۆن داوەتەوە. خوێنەرانی وڵاتی سۆڤیەتی دەتوانن سوود لە بەرگەکانی یەکەم و دووەمی "مێژووی سەدەی نۆزدەیەم"ی لاڤیس و رامبۆ وەرگرن کە ساڵی 1938 بڵاو بوونەتەوە.

لەبارەی مێژووی ئابووریی سەردەمی ناپلیۆنیش، لەبەر زۆریی لە ڕادەبەدەری ئەو سەرچاوانەی لە ئەرشیڤی نیشتمانیدان و هێشتا بڵاو نەبوونەتەوە، تا ئەو ساڵانەی دوایی زۆر بەکەمی ئاوڕ لەو بوارەی ژیانی ئیمپراتۆری یەکەم دراوەتەوە و کەم لێیان کۆڵیوەتەوە. جگە لە کتێبەکەی پاول دامستێتەر و کتێبەکەی خۆیشم بەناوی "گەمارۆی وشکانی لە فەرەنسا و ئەورووپا" و لەبارەی "ژیانی ئابووریی ئیتالیا لەسەردەمی ناپلیۆندا" و سەبارەت بە سیاسیەتی کۆلۆنیالیستیی ناپلیۆن و کتێبێکی تازەتری دیکە بەرهەمی سەینتۆیان کە هەر لەو بوارەوەیە و کتێبی زانای سویدی هاکشەر لە بارەی گەمارۆی وشکانییەوە کە وەک خۆی دەڵێ زیاتر پشتی بە نووسینەکانی من بەستووە، جگە لە کۆمەڵێک وردە لێکۆڵینەوەی بێبنەما، هیچ لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لە مێژووی ئابووریی سەردەمی ئیمپراتۆریی ناپلیۆن نەکراوە.

ئابووریی ئیتالیای سەردەمی فەرمانڕەوایی ناپلیۆن کە لەسەر بنەمای بەڵگە بڵاونەکراوەکانی نێو ئەرشیڤەکانی میلانۆ و باقی شارەکانی ئیتالیا، کراون بە کاکڵی سەرەکی و بابەتی لێکۆڵینەوەکەی من لە کتێبی "گەمارۆی وشکانی لە ئیتالیا" (پاریس 1928).

لە کۆتایی ساڵی 1936دا کتێبەکەی لۆیس ڤیلا بەناوی "شۆڕش و ئیمپراتۆری" بڵاو بۆوە کە بەرگی دووەمەکەی ناوی "ناپلیۆن"ـە. ئەو بەرهەمە شیکاری ڕەخنەیی و دێرۆکییە، بە ڕوانگەیەکی گشتی و بەسوود، پەنجەی لەسەر هەموو ئەو هەوڵانەی لە بواری زانست بۆ تیشکخستنەسەر مێژووی ناپلیۆن دراون. بەڵام ڤیلا زانیاریی زۆر و بەربڵاوی لەبارەی مێژووی ئەو وڵاتانەوە نییە کە ناپلیۆن گوێڕایەڵی کردبوون. جگە لەوەش، شێوازی کورتبێژانەی نووسینەکەی ئەو، بۆ نووسینی نامیلکە لەبارترە. بەڵام لە بواری پشتبەستن بە مێژووی

جۆراوجۆری ناپلیۆنەوە زۆر بێ کەمایەسییە. ئەگەر تۆزێک بە کەڵکەڵەتر و درێدۆنگتر و لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە بڕوانینەوە میژووی ناپلیۆن، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە چاو بە زۆربەی ئەو بۆچوونە باو و بە ڕواڵەت دروستانەدا بخشێنینەوە کە لە سەر بنەمای ئامانج و بەرهەمی کارەکانی ناپلیۆن نەنووسراونەتەوە. ئەو کارەش پێش هەموو شتێک دەبێ پشت بەو بەڵگە بڵاونەکراوانە ببەستێ کە لە ئەرشیڤی پێوەندیدار بە ئابووری سەردەمی ئیمپراتۆریدا ڕاگیراون.
لەو بوارەدا ئەوەی پێوەندیی بە پرۆسەوە هەیە، بەرهەمە بەناوبانگەکەی فرانتس مێهرینگە، بەناوی "بەشێک لە میژووی پرۆس"، کە بەرگی یەکەمەکەی لە سەدەکانی نێوەڕاستەوە تا جەنگی یەنا و بەرگی دووەمیش لە تیلسیتەوە تا دامەزرانی ئیمپراتۆری لەخۆ گرتووە. ئەم کتێبە شیکارییەکە لە سەردەمی ناپلیۆن لەسەر بنەمای پرەنسیپە مارکسیستی و جەماوەرییەکان و بەرهەمێکی زۆر بەنرخ و پڕبایەخە، کە چاپە کامڵ و تەواوەکەی لە 1930دا تەواو بووە. بەرگی یەکەمی لە لاپەڕەی 292ەوە تا 380 و بەرگی دووەمیش لە لاپەڕەی یەکەمەوە تا 128 بۆ میژووی پرۆسی سەردەمی ناپلیۆن تەرخان کراوە. ئەو کتێبە لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە بە شێوازێکی زۆر دڵگر و سەرنجڕاکێش نووسراوە. دانەر لەو کتێبەدا نقورچک و چزوو لە داهێنانی نیشتمانپەرستانە و ئەو گەندەڵییە دەگرێ کە لە نیشتمانپەرستیی دەمارگرژانەی پرۆسی و گیانی تاکڕەوانەی بنەماڵەی هۆهانزۆلرێنەوە سەرچاوەی گرتووە و وەک ئەنگڵس زاڵبوونی ناپلیۆنی بەسەر ئەڵمانیادا بە "پێشکەوتنێکی میژوویی" زانیوە.
کتێبەکەی میهرینگ یەکێکە لەو بەرهەمە دەگمەن و بێوێنە مارکسیستیانەی تا ئێستا لەبارەی سەردەمی ناپلیۆنەوە نووسراوە.

هەر وەها، دەتوانین ئاماژە بە چەند لاپەڕەیەکی کتێبەکەی شۆڵتز لەبارەی ناپلیۆنەوە بە ناوی "خوێن و ئاگر" و هەر وەها کتێبەکەی لاوفێنبێرگیش بەناوی "هامبۆرگ لەسەردەمی داگیرکەریی فەرەنسیەکاندا" بکەین. بەڵام سەبارەت بەم شارە و بەگشتی لەبارەی ئەو شتانەوە کە پێوەندییان بە دۆخی ئابووریی ئەڵمانی سەردەمی زاڵبوونی ناپلیۆنەوە هەبێ، دەکرێ ئاماژە بە کتێبە تویژینەوەییەکەی منیش بکەین بەناوی "پێوەندییە بازرگانییەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا لە سەردەمی ناپلیۆندا" (ڤیەننا 1814) کە پشتی بەو بەڵگانە بەستووە هێشتا بڵاو نەکراونەتەوە و ئەو دوو نووسەرە پێیان نەزانیوە.
وەرگێڕانی ئەو کتێبە بە زمانە بیانییەکان و هەڵسەنگاندن و ڕاپۆرت و شیکارییە ڕەخنەییەکان و باقی ئەو دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوانەی کە لە ئینگتەرا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەرەنسا و سوید و نۆرویژ و ئیتالیا لەبارەی چاپە پەیتاپەیتاکانی ئەم کتێبەوە نووسراون، ناڕاستەوخۆ بوونەتە هۆی ئەوەی خەڵک لە ئەورووپا و ئەمریکا سەرنجیان بچێتە سەر لێکدانەوە و شیکردنەوەی مێژوونووسانی سۆڤیەتی لەسەر کارەکانی ناپلیۆن.

کۆتایی
2017/11/23

بەرهەمەکانی وەرگێڕ تا ئێستا

1. رۆمانی ژان (نووسینی مارگریت دۆراس).... (دەزگای موکریانی)
2. پێشەوای رابوون (کتێبێکە لەسەر کۆماری کوردستان) .... (دەزگای موکریانی)
3. ژن لە فەلسەفەی سیاسیی رۆژئاوادا .... (دەزگای موکریانی)
4. کۆیلەکردنی ژنان (نووسینی جۆن ستیوارت میل) .... (دەزگای موکریانی)
5. ئیمیلی ژان ژاک رۆسۆ .... (دەزگای وەرگێڕان)
6. تاعوونی ئەلبێر کامۆ .... (دەزگای موکریانی)
7. دیوی کوێستان) رۆمان، ، یەشار کەمال سێ بەرگ .... (دەزگای موکریانی)
8. سەفەر و ئاسکۆڵەکەی بەختم گوزەل (رۆمانێکی مەحموود دەوڵەت ئابادی) .... (دەزگای موکریانی)
9. سێبەری هەڵۆ (رۆمانێکە ئاوڕی لە نهێنییەکانی ژیانی ناپلیۆن بوناپارت داوەتەوە)... (چاپخانەی رۆژهەڵات)
10. لە لینینەوە بۆ پووتین (مێژووی سیاسیی رووسیا لە 1917ـەوە تا 2001) .... (دەزگای موکریانی)
11. ئیمپراتۆریی بیزەنتی (مێژوو) .... (دەزگای موکریانی)
12. کۆتایی سەدەکانی ناوەراست (مێژوو) .... (دەزگای موکریانی)
13. ئاغاکانی ئاقچاساز (رۆمان، یەشارکەمال) دوو بەرگ .... (دەزگای موکریانی)
14. کیژانی کابول (رۆمان) .... (ناوەندی ئاوێر)
15. یاخی (رۆمان/ یەشار کەمال)...(ناوەندی ئاوێر)
16. کەوتن (رۆمان. ئەلبێر کامو) (دەزگای چینی)
17. ئاسییە (رۆمان).... (دەزگای چینی)
18. یەکەم عەشق (رۆمان) ,,,,,(دەزگای چینی)

19. لافاوە بەهاریيەکان... (دەزگای چینی)
20. گاوان
21. بالوول لە کتێب و هەقایەتاندا.... (دەزگای موکریانی)
22. نان و ماچ (کۆچیرۆک، بەرهەمی هاوبەش لەگەڵ جەواد حەیدەری)
23. فیمینیزم (بەرهەمی هاوبەش لەگەڵ کارزان کاوسێن)
24. راوی مەڕەکێوی (رۆمان. مۆراکامی)... ناوەندی ئاوێر
25. مێژووی گەمژەیی (کارنامەی مێژوو) .... (دەزگای جەمال عیرفان)
26. سەفەر لە ژووری نووسیندا (رۆمان) .... (دەزگای چینی)
27. پێخواسەکان (رۆمان)..... رۆژهەڵات
28 ـ مۆرانە.... (رۆمان..... جەمال عیرفان)
29 ـ زیارەتی ماچ
30. ناپلیۆن.... نووسینی تارلێ. چاپخانەی رۆژهەڵات
31 ـ کۆبەرهەمی ئانتوان چیخۆف (10) بەرگ. 2 بەرگی ئامادەی چاپە (دەزگای جەمال عیرفان)